# واتە

7

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

شوبات ٢٠١١

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

***واتە بۆ ئەوانەیە کە***
***دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان***

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

## ئاوگوست ستریندبێرگ

# ئاگرە گەورەکەی سوێد

فەرهاد شاکەلی

من هەرچییەک لەبارەی گەورەیی و بەهرەی هونەرمەندانەی ئاوگوست ستریندبێرگەوە بنووسم، ناتوانم بە تەواوی بایەخ و جێگەی ئەو لە ئەدەبییاتی سوێدیدا دیاری بکەم. ئەمە تەنیا بە کەسێک دەکرێت کە خۆی بەشێک بێت لە فەرهەنگ و ژیانی فەرهەنگیی سوێد و نەک تەنیا بە هۆی زانیارییەوە لە ستریندبێرگ تێبگات، بەڵکە بە هەست و نەست و بە ڕۆح بیناسێت و چێژی لێ وەربگرێت. دەبێ کەسێکی وا بێت ''میزاجی تێکنەچووی سوێدەواری''ی هەبێت.

سوێدییەکان نەتەوەیەکی بچکۆلەن و وڵاتەکەیشیان چ لە ڕووی جیۆگرافی و چ لە ڕووی سامانی سرشتییەوە بایەخێکی زۆری نییە. بەڵام ڕێژەی بەشداریی سوێدییەکان لە ژیانی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیی دنیای ئەمڕۆدا، زۆر لە قەوارەی خۆیان و وڵاتەکەیان زیاترە. جێدەستی ئەوان بە ژیانی شارستانەتییەوە لە زۆر بواردا دەبینرێت و کاریگەرە. هەر ئەمەیشە وای کردووە کە هەستی نەتەوەپەرستی، یا نیشتمانپەروەری، هەستی ''خۆ بە سوێدی زانین: خۆبەسوێدیزانین'' و شانازی پێوەکردنی لای مرۆڤی سوێدی، لە پلەیەکی یەکجار بەرزدایە. هەندێ جار ئەم هەستە دەگاتە ڕادەی لەخۆباییبوون و ڕەگەزپەرستییش. دیارە تەنیا سوێدییەکان بە تایبەت وا نین، مرۆڤی زۆر گەلی دیکەیش هەر بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە و ڕەوتار دەکەن.

بۆ چەسپاندنی هەستێکی وەها، گەلان لە مێژووی کۆن و تازەی خۆیاندا، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و فەرهەنگی و زۆری دیکەیشدا، هەمیشە بە دوای نیشانەیەکدا، بە دوای سیمبۆڵێکدا دەگەڕێن، بیکەنە بناخەیەک بۆ ئەوەی هیوا و ئامانجەکانی ئەمرۆیانی پێ پەروەردە بکەن و بیکەنە سەرچاوەیەک بۆ بە گەرمی هێشتنەوەی کوانووی بەهرە و توانست و داهێنان. ئاوگوست ستریندبێرگ یەکێکە لەو نیشانانەی کە سوێدییەکان زۆر بە توندی دەستیان پێوە گرتووە و زۆر بە دڵگەرمی دەیپارێزن و مەودا جۆربەجۆرەکانی کەسایەتی و ژیانی پێشکەش دەکەن.

ئەم بەکارهێنانەی نیشانەکان، لێرەدا ستریندبێرگ دەگرێتەوە، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئەرک و ئەو ڕۆڵە سیاسی و نەتەوایەتییەوە کە بۆیان تەرخان دەکرێن. واتە ئەمە پێویستییەکانی ڕۆژە کە دەکرێتە پێوەر بۆ نرخاندنی، یا بۆ نرخاندنەوەی، مێژوو. بەم شێوەیە مێژوو زیندوو دەکرێتەوە، بەڵام نەک بۆ پێشاندانی وەک تۆمارێکی ڕابوردووی نەتەوەیەک و وڵاتێک و باوەڕێک، بەڵکە بۆ سوود لێ وەرگرتنی وەک پاڵپشتێکی مەعنەوی، وەک سەنگەرێک و وەک ئاڵایەک. ئەمە تەرجەمەکردنێکی تازەی ڕابوردووە بە وشە و زاراوەکانی ئێستا. لێرەیشدا تەنیا سوێدییەکان بە تایبەت وا نین.

ستریندبێرگ هەتا لە ژیاندا بوو، چەند ساڵێکی کەمی پێش مردنەکەی لێ دەربچێت، لە لایەن کۆمەڵگایەکەی خۆیەوە، بووبووە ئامانجی تیر و تانە و تەشەر. خەڵکێکی زۆر هەبوون کە بە زۆر شێوە بە دوایەوە بوون و ڕاویان دەنا. هەر نەبێت ئەو خۆی وای هەست دەکرد. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە سوێد بە جێ بهێڵێت و لە وڵاتانی دیکە نیشتەجێ ببێت. ئەم شێوەژیانە و ئەم گوشارە سایکۆلۆگییە قورسە لە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ستریندبێرگدا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوە یا خوێنەر لە بەرهەمەکانی ستریندبێرگ باشتر تێ بگات، دەبێ ئاشنای ئەو پاشخانە بێت و ئەو دەزووەی بەرهەمەکانی پێوە دەبەستێتەوە، بدۆزێتەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ هونەرەکەی ستریندبێرگدا، ئەوەیە کە لە سەردەمەکەیشی تێ بگەین، بە تایبەتیش لە مەودای هونەرمەندانە و ئەورۆپییانەی ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە. ستریندبێرگ وەک خوێنەوار و ڕووناکبیرێک و وەک هونەرمەندێکی گەورەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەشێک بوو لە سیستەمی فەلسەفە و هونەر و داهێنانی ئەو کاتەی ئەورۆپا. بە هۆشیارییەوە لە تەوژمە هونەری و فکرییەکان نزیک دەبووەوە و نرخە مرۆڤایەتی و ئێستێتیکییەکانی وەردەگرت و لە بۆتەی داهێنانێکی بڕشتداردا بە کاری دەهێنان و دەینواندن.

ژیانی تایبەت، ژیانی شەخسیی ستریندبێرگ، لە شکڵپێدانی هەڵوێست و بیروباوەڕ و بەرهەمەکانیدا نەخشێکی یەکجار گرنگی هەیە، بنەچەی کۆمەڵایەتی، هەلومەرجی ناوکۆی خێزانەکەی، ژنهێنان و تەڵاقدانەکانی، ئەفەرۆزکرانی لە لایەن بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی فەرهەنگیی سوێدەوە و وەتاککەوتنی، ئەمانە هەموو هۆکاری بنچینەیی و گرانن و دەکرێت لە بەرهەمەکانیدا بناسرێنەوە و شۆپیان بدۆزرێتەوە.

ژیانی هیچ نووسەرێکی سوێدی هێندەی ژیانی ستریندبێرگ ئاواڵە و فراوان نەخراوەتە بەردەم خەڵکی. ئەو بێجگە لەوەی کە ناخی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەربڕیوە، بەشی هەرە زۆری ژیانی خۆیشی لە کۆمەڵە بەرهەمێکدا وەسف کردووە کە بە هەموویانەوە ژیننامەیەک پێک دەهێنن لە ئەدەبی سوێدیدا نموونەی نییە و لە ئەدەبی ئەورۆپایشدا وێنەی کەمە: **کوڕی کارەکەر، وتاری بەرگریی شێتێک، چیرۆکەکانی وەستای کەرەنتین، دۆزەخ، ئەفسانە و تاک و تەنیا.**

تەنانەت لە نووسینی بیرەوەرییەکانیشیدا ستریندبێرگ هەر شاعیرە. ئەگەرچی ئەو رووداوەکانی ژیان دەگێڕێتەوە و بچووکترین شتیش تۆمار دەکات، بەڵام دیسانیش ئەو وێنەیەی لەبارەی سەردەمێکی رابوردووی ژیانی خۆیەوە پێشکەشی دەکات، دەربڕی هەڵوێستی رووناکبیرانە و هونەرمەندانەی ئەو کاتەیەتی. "کوڕی کارەکەر" سەر بە چینێکی هەژار نەبوو. باوکی، کە فرۆشیاری بەهارات و کارمەندێکی کەشتیی هەڵم بوو، کارەکەرەکەی خۆی هێنا، کە کچی وەستایەکی جلدرووی خەڵکی سوێدەرتێلیە بوو. ئاوگوست ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٨٤٩ لە دایک بوو.

کەواتە ستریندبێرگ لە ماڵێکی وردەشارستانیدا هاتووەتە دنیاوە، لەبەر ئەوەیش بە ئاسانی دەکرێ سرشتی جۆربەجۆری وردەشارستانانەی لە لا بدۆزرێتەوە؛ لە ئەوپەڕی ژیانی بۆهێمیدا هەستی وردی ڕێکوپێکی، هەر لە تەمەنێکی کاڵەوە خۆشەویستیی ژیان و ماڵێکی پڕ لە ئاسایش و گەرم و نەرم و هەستی بەهێزی خێزانداری و چەوساندنەوەی باوکسالارانە.

میراتێکی دیکەی قورستر و گرنگتر ئایین بوو. باوکی، کە مرۆیەکی ڕەق و بێهەست بوو، کلێساخوازێکی نەریتانە بوو، بەڵام دایکی کە هەر زوو مرد و لەویش زیاتر باوەژنەکەی کە زۆری ڕق لێ بوو، سێبەرێکی خەست و تاریکی خواپەرستییان کێشابوو بەسەر ماڵەکەدا، کە لە ژیانی ستریندبێرگدا لە سڕینەوە نەدەهات. ئەو دژ بەمە ڕاپەڕی؛ بە دوای شێوەی نەرمتری مەسیحییەتدا گەڕا، دواتر لە ئایین دوور کەوتەوە، بەڵام بێسوود بوو، چونکە باوەڕیساڵانی منداڵی لە هەموو گومانێک بەهێزتر بوو. ئەو (دەستەڵات)انەی لە قەیرانی (دۆزەخ)دا داگیریان کردووە، هیچ گومانی تێدا نییە کە نموونەیەکن لەو خودا ڕەقە (و لەو باوک ڕەقە)ی لە تەمەنی منداڵی و ڕەواڵیدا لێیان دەترسا. ئەگەر لە هەموو ژیانیشیدا یاخی بووبێت، بەڵام یاخییەک بووە بە ویژدانێکی بریندارەوە. ئەو خۆ لە دەستەڵات ڕزگارکردنەی کە بۆ ئەو و بۆ هەموو سەردەمەکەی ڕۆڵێکی بڕیاردەرانەی هەبوو، لە گرنگترین مەیداندا، لە مەیدانی ئاییندا، شکستی هێنا.

لە سەرەتادا، هەرچۆنێک بێت، یاخیبوونەکەی سەر کەوت. ئەوەی ستریندبێرگی لاو و دڵناسک و تووڕە دەیویست، ئەوە بوو لە هەلومەرجی گوشارهێنی خێزانەکەی دوور بکەوێتەوە و ڕێگەی خۆی لە ژیاندا بدۆزێتەوە و ژیانبینییەکی سەربەخۆ دروست بکات. ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر بوون و خۆیشیان، هەر نەبێ لە سەرەتاوە، دەستکورت بوون. خوێندنەکەی لە زانستگەی ئوپسالا (١٨٦٧، ١٨٧٠-٧٢) نەیگەیاندە ئەوەی بەڵگەنامەی تەواوکردن وەربگرێت؛ هەموو هەوڵدانێکی بۆ ئەوەی ببێتە ئەکتەر بێئەنجام بوو. ئەو پارەیەیش کە کارڵ شای دوازدەیەم وەک خەڵاتێک لەبەر پێشاندانی یەکەم شانۆنامەی _ لە ڕۆما (١٨٧٠)- بۆی بڕیبووەوە، دوای مردنی پاشا، ئەوەیشیان بڕی. تەنیا چارەیەک کە بۆی مابووەوە ئەوە بوو ببێتە ڕۆژنامەوان، ئەگەرچی ئەو دەمە داهاتی ڕۆژنامەوانی یەکجار کەم بوو. لەم ساڵە پڕ مەینەتییانەدا بوو کە (وەستا ئولۆف)ی نووسی (١٨٧٢).

یەکەمین شاکاری درامیی ستریندبێرگ ئەو بزوێنەرە ئیدیال و هونەرمەندانە جیاوازانەی دەردەخست کە لەو ڕۆژگارەدا گیانی ئەویان داگیر کردبوو. ناوەڕۆکە مێژووییەکە خۆی ڕووی لە

ڕابوردوو بوو، لە شانۆی ڕۆمانتیکی شەکسپیر و شیللەرئاسا. بابەتی بنەڕەت، ڕاپەڕینی لاوێکی بیرپەرست دژی درۆ چەسپیوەکان، هەر ئەو شتە بوو کە لە ئامۆژگارییەکانی کیرکەگۆرد و (ئاگر)ی ئیبسندا هەبوو، ئەمانە هەردوو کارێکی بەهێزیان کردبووە سەر ستریندبێرگی لاوی یاخی. بەڵام گەورەییی بایرۆن و ڤیکتۆر هوگۆیش بێ کارکرد نەبوو. لە دوا داڕشتنی کارەکەدا واقیع بەسەر ئایدیالدا سەر دەکەوێت.

(وەستا ئولۆف) نەک تەنیا یەکەمین کاری گەورەی نووسەرە، بەڵکە یەکەمین درامای سوێدییشە کە بەردەوام دەژی. شانۆی سوێدی لە هەموو سەدەی نۆزدەیەمدا گەشەی کردبوو، بەڵام ئەو کارە خۆماڵییانەی پێشان دەدران لەبەر گەلێ هۆی نائەدەبی مابوونەوە، چونکە پڕ بوون لە تراجیدیی مێژوویی، هەستی ئایدیال و نیشتمانپەروەرانە، درامای خێزانی بۆرژوازییانە و کۆمێدی. شانۆنووسانی ئەو سەردەمە دەبوو بەهرەکەیان کەمتر شاعیرانە بووایە و هۆشێکی زیاتریان بۆ شتی درامی، بۆ تەکنیکی نواندن و داڕشتنی گوتوبێژ هەبووایە. ئەمانە هەموو لای ستریندبێرگ هەبوون، لە لایەکەوە ئەو، هەر خۆڕسک، ژیانی وەک شەڕی دەستەڵات، وەک درامایەک دەبینی، و لە لایەکی دیکەیشەوە لە سەگەسەگەی سالانی کاری ئەکتەریدا وە دەستی هێنابوون، توانستی ستریندبێرگ لە بەکارهێنانی شانۆدا گەیاندییە ڕیزی شانۆنووسە گەورەکانی ئەوروپا، یەکێکی وەک شەکسپیر، مۆلییر یا ئیبسن. شانۆنامەیەکی ستریندبێرگ تەنیا کارێکی ئەدەبی نییە و تەنیا بۆ ئەوە نییە بخوێنرێتەوە، دەبێ پێشان بدرێت، ببینرێت، ئازمایشت بکرێت.

وەستا ئولۆف بۆ شانۆی ئەو سەردەمەی سوێد بۆ نواندن نەدەشیا، چونکە، شەکسپیرئاسا، ئازادانە و نانەریتانە لەگەڵ کەسەکانی مێژوودا هەڵسوکەوتی کردبوو، کردبوونی بە خەڵکی سەردەم. شانۆخانەکانیولات هەموویان دەستیان نا بە ڕووی گەورەترین شانۆنووسی سوێدەوە. یەکەم جار ساڵی ١٨٨١ بوو کە وەستا ئولۆف لە تیاتری نوێ لە ستۆکهۆڵم پێشان درا، ئەگەرچی ستریندبێرگ چەند جارێکیش دەستکاریی کردبوو.

ساڵی ١٨٧٤ ستریندبێرگ لە کتێبخانەی پاشایانە کارێکی بچکۆلەی دەست کەوتبوو. لێرە کاتی ئەوەی هەبوو مێژوو بخوێنێتەوە و لێی بکۆڵێتەوە. بەرهەمی ئەمەیش کارێکی گەورە و ناشییانە، بەڵام گرنگ بوو: **گەلی سوێد** (١٨٨١-٨٢) کە یەکەمین مێژووی فەرهەنگیی سوێد بوو. سێ ساڵ لەوەوپاش ئەو ژنەی هێنا کە بوو بە یەکەمین و گەورەترین ئەوینی، کە قووڵترین بەختیاری و تاڵترین ئازاری پێ بەخشی: "سیرین فۆن ئێسسەن"ی فینلاندی.

هەر لە سالانی خوێندکارییەوە لە ئوپسالا، ستریندبێرگ وەک پەخشانووسێک خۆی تاقی کردبووەوە؛ حەکایەتی **جۆگەلەی بۆکسفیک** (١٨٧٢) چەمۆڵە و چرنووکی شێر پێشان دەدات. وەک ڕۆژنامەنووسیش دەبوو بەهرەی سەرنجدانی خۆی ئاودێری بکات و شێوازی نووسینی پەروەردە بکات. چیرۆکەکانی ئوپسالا، **دەفر و جۆگەڕەش** (١٨٧٧) پێشاندەری بەدگومانیی نووسەری لاون بەرانبەر ڕۆمانتیکی خوێندکارانە و ئیدیالیزمی جوانکیلە؛ هەر لەوساوە ڕەخنەی کۆمەلایەتی و هەستی واقیعناسی فەرق پێ دەکرێت، کە **ژووری سوور** (١٨٧٩) دەکەنە یەکەمین ڕۆمانی نوێباوی

سوێدی.

**ژووری سوور** هەجوێکی کۆمەڵایەتییە، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر شێوازی کاریکاتوورانەی چارڵز دیکنز، لەلایەن نووسەرێکی لاوی تووڕە و بێهومێدەوە نووسراوە، کە خۆی دەردی ئەو بۆگەنییەی کێشاوە کە ڕیسوای دەکات، بۆگەنیی دەستگای کارگێڕی و جیهانی بازرگانی، هەروەهاش بۆگەنیی کۆمەڵە ئەدەبی و هونەرییەکان، بێ ئەوەی بەهرەی گاڵتەکردنی لە دەست دابێت. شێوازی ستریندبێرگ هێندە بەهێز بوو، کە نموونەی لە ئەدەبی سوێدیدا نەبینرابوو. زۆر وردبینانە سەرنجی هەموو شتەکانی دەدا و بە زمانێکی پڕ لە وێنە و ڕەنگ و شتی کتوپڕ دایدەڕشتن. ڕاستەوڕاست دەچووە سەر باسەکان و هەموو ئەو ڕووالەتە جوانکار و ناشیرینکارانەی دەنایە لاوە کە سەردەمی ڕۆمانتیک بە میرات بە جێی هێشتبوون. کە پێویست ببووایە سەخت و تیژ و گاڵتەبێژ بوو. ئەمە شێوازێک بوو کە تا ئەمڕۆیش ژیان و بزووتنەوەی لێ هەڵدەقوڵێ و کارێکی گشتلایەنەی کردە سەر سەردەمەکە. هەر ئەوەیش بوو ستریندبێرگی کردە خوڵقێنەری پەخشانی نوێی سوێدی.

ستریندبێرگ نەیدەویست بێدەنگ بمێنێتەوە و لە بێدەنگیدا بتاسێنرێت. ئەو، ئەم دەرسەی لە ڤۆڵتێرەوە وەرگرتبوو. ئەگەرچی **ژووری سوور** ناوزڕان و پشێوییەکی گەورەی نابووەوە، بەڵام ئەمە ڕێگای لە پێشکەوتن نەگرت. دواتر (١٨٨٠-٨٢) کە ژنەکەی وەک ئەکتەر دەستی بە کار کرد، سێ شانۆنامەی دیکەی نووسین: **نهێنیی ئاهەنگەکە، ژنەکەی ئاغای بێنگت و سەفەرەکەی پێری سەرکەوتوو**، کە بێ دواکەوتن پێشکەش کران. وا پێ دەچوو نووسەری لاو کەیفی بەو کۆمەڵگەیە دەهات کە گاڵتەی پێ دەکرد. گەلی سوێد ئەویان دایە بەر ڕێژنەی ڕەخنە و ئەویش بە (**مەملەکەتی نوێ**، ١٨٨٢) وەرامی دانەوە، کە کۆمەڵە گاڵتەپێکردنێکی کاریکاتوورئاسا بوو، خەڵکەکانی تێدا دەناسرانەوە. ئەمە شەپۆلێکی تووڕەیی و ڕقی دروست کرد و بوو بە هۆی ئەوەی ستریندبێرگیش بە تووڕەیی و هەڵشاخانەوە بەرپەرچ بداتەوە، تەنانەت لە دیوانی شۆڕشگێڕانەی **چامەی شیعر و پەخشان** (١٨٨٣)دا. پاییزی ١٨٩٢ بە پەلە سوێدی بە جێ هێشت. لە پێشدا چوو بۆ بەرلین و ماوەیەک لەوێ مایەوە، بە تایبەت کە (ئوولا هانسسۆن)ی نووسەری هاوڕێی کە خەریک بوو وەک نووسەرێک لەوێ خۆی دادەمەزراند، بۆ نیشتەجێبوونی بەرلین هانی دەدا. لە بەرلین ژیانێکی بۆهیمیانە و زۆربائاسا دەژیا، کە ئەودەم ئەمە ژیانێکی نموونەیی بوو لەناو کۆمەڵانی هونەرمەندی ئاڵمانی و پۆڵۆنی و سکاندیناڤیدا. سوێدی بۆیە بە جێ هێشت چونکە ژنەکەی تەڵاق دابوو و ژیانی ئەدەبیی وڵاتەکەی بە لاوە دوژمنانە و بێتام بوو. ماوەیەک دەیویست ببێت بە زانا و کیمیاگەر. هەر ئەم ئارەزووەیش بوو پاڵی پێوە نا کە ساڵی ١٨٩٤ بچێت بۆ پاریس. لەوێ هەندێ لە شانۆنامەکانی، **خاتوو جوولی** و **باوک**، پێشان دران و ماوەیەکی کەم توانیی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵە فەرهەنگی و هونەرییەکانی فرانسیدا دابمەزرێنێت. ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا بتوانێت جارێکی دیکە لە وڵاتەکەی خۆیدا نیشتەجێ ببێتەوە.

ژیان لە دەرەوەی وڵات بۆچوونە ڕادیکالەکانی ستریندبێرگی لە هەموو ڕوویەکەوە تیژتر کرد.

بیری دیمۆکراتانەی بە هۆی چاوپێکەوتنی شۆڕشگێڕانی ڕووسەوە لە سویسرا، ١٨٨٤–٨٥، بوو بەو سۆسیالیزمەی سەرچاوە بوو بۆ کۆمەڵە چیرۆکی **یووتۆپی لە واقیعدا** (١٨٨٥) و ئەو هەستە بەهێزەی چینە هەژارەکان کە لە سەرەتای ژیننامەی **کوڕی کارەکەر** (١٨٨٦–٨٧)دا ڕەنگی داوەتەوە. دوا بەشی ئەم ژیننامەیە، **نووسەر**، کە ساڵی ١٩٠٩ بڵاو کرایەوە، سەرنجڕاکێشترین دانپێدانان بوو لە ئەدەبی سوێدیدا و بەڵگەیەکی یەکجار گرنگی سایکۆلۆگی و مێژوویی بوو.

هێزی داهێنەرانەی ستریندبێرگ لە جاران بەهێزتر تەقییەوە. ڕەخنەی فەرهەنگی واز لێ نەهێنابوو، بەڵام ئەم جارە ڕووی ڕەخنەی لە کێشەیەک بوو کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر سەرنجی ڕادەکێشا و جیهانی بیر و نووسەریی داگیر دەکرد: پێوەندیی نێوان پیاو و ژن، کە ئێستا بزووتنەوەی تازەی ژنان کردبوویە باسێکی گەرم. تەبیعەتی کەللەیی و تینووی دڵسۆزی و گومانکارانەی ستریندبێرگ لەوە دەترسا ئەو ژنە ئازادەی ئەم بزووتنەوەیە، بە پێشڕەویی ماڵی بووکەڵەی ئیبسن، بانگەوازی بۆ دەکرد، ببێتە ڕەقیب و دوژمن. ڕێزگرتنی ژن وەک مرۆڤ و وەک کەسایەتی لەگەڵ سرشتی ئەمدا نەدەگونجا، هەرچەندە وەک خۆشەویست حەزی لێ دەکرد، وەک هاوسەر خۆشی دەویست، وەک دایک ڕێزی دەگرت و وەک مریەمی پاکیزە دەیپەرست. چارەنووسی ئەو وا بوو دڵی هەر لەو جۆرە ژنانە بچێت کە نە دەیانتوانی و نە دەیانویست ئایدیالی خێزانیی بۆ جێبەجێ بکەن و تا کۆتاییش ژیانی هاوبەشیان لەگەڵیدا نەدەبردە سەر.

چیرۆکەکانی ژن و ژنخوازی لە ''ژن دەهێنن، شوو دەکەن''، بەرگی یەکەم (١٨٨٤)دا یەکەمین دەربڕینی ئەم بینینەن لەبارەی ژن و ژنخوازییەوە، کە پێشتریش ئیلهامبەخشی شانۆنامەی ''ژنەکەی وەستا بێنگت'' بوو. شەڕەنووسینی ستریندبێرگ دژی ''خانمانی ڕزگاربوون'' و بۆ ئەرکی ژنان وەک هاوسەر و دایک، بوو بە هۆی تووڕەبوونی تەنانەت کۆمەڵانی کۆنسێرڤاتیڤیش، بە هۆی شێوەی نووسینەکانیەوە. لەژێر کارکردی ڕۆماننووسە گەورەکانی فرانسادا، بەتایبەت زۆلا، ڕیالیزمی ستریندبێرگ بەرەو ناتورالیزم دەچوو. ئەنجامەکەی جۆرە ڕاشکاوییەک بوو کە پێشتر لە ئەدەبی سوێدیدا نەبوو. ئاخاوتنی ڕادیکالانە و دژەمەسیحییانە تووڕەبوونەکەی زیاتر کرد؛ لەسەر ئەمە شکاتی لێ کرا، بەڵام بێتاوان دەرچوو.

دادگاییەکە نوختەی وەرچەرخانێک بوولە ژیانی ستریندبێرگدا؛ ئەمە دابڕانێکی گەورە و بێچارە بوو لەگەڵ کۆمەڵگەی سوێددا. لەم ساتەوە وای هەست دەکرد کە ئەفەرۆز کراوە و ڕاو دەنرێت. کارەکانی تێک دەدران و بیر و مێشکی ورد و خاش دەکرا. نێوانی لەگەڵ ژنەکەیدا بوو بە کارەساتێک، کە ئیلهامبەخشی ڕق لە ژن و دڵڕەقی بوو لە ''ژن دەهێنن، شوو دەکەن''، بەرگی دووەم (١٨٨٦)دا، لە بەرجەستەکردنی هونەرمەندانەی وەسفی ژناندا لە بەشی یەکەمدا، و لە ژیاننووسییەکدا کە هەستی دوژمنایەتی و گومانی نەخۆشانە و تەنانەت هێزی ڕەخنەگرانەی جەرگبڕی تێدا زاڵ بوو. لە کتێبی ''گوتاری بەرگریی شێتێک''دا (١٨٨٧–٨٨، ساڵی ١٨٩٣ چاپ کرا)، کە یەکەمین دەربڕین بوو بۆ ڕقی خۆشەویستی، بۆ شێوەی بینینی ژن وەک دوژمنی سرشتیی پیاو، لای ستریندبێرگ. ئەمەی دوایی لە سەرەتادا بە زمانی فرانسی نووسراوە و

سالآنی ١٨٩٠ کراوەتە ئاڵمانی، کەچی ساڵی ١٩١٤ تەرجەمەی سوێدی کراوە (ساڵی ١٩٧٦، دوای دۆزینەوەی دەستنووسە ئەسڵییەکەی، سەرلەنوێ تەرجەمەی سوێدی کرایەوە). لەم کارەیدا زۆر بە ڕاشکاوی باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات و گەوهەری گێڕانەوەکە ژیانی پڕ لە هەرای خۆی و سیری ڤۆن ئێسسەنی ژنێتی.

تێگەیشتن لە پێوەندیی نێوان پیاو و ژن وەک شەڕی دەستەڵات، کە ئەوی لاوازتر بەوە حوکم دراوە کە دەبێ خۆی بدات بەدەستەوە، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو جۆرە ژیانبینییە بوو کە زانست و داروینیزمی ئەو کاتە و سایکۆلۆگیی پێشنیازکارانە هێنابوویە کایەوە و ستریندبێرگ باوەڕی پێی هەبوو و لەگەڵ هەستی ڕوو لە زیادبووی ڕەشبینی و داڕووخانی ئەودا دەگونجا و هاوئاهەنگ بوو. ئەمەیە پاشخانی دراما ناتورالیستییەکانی "تالآنکەر، باوک، خاتوو جوولی، خاوەنقەرز" (١٨٨٦–٨٨)، کە بە نووسینیان خۆی لە نەریتەکانی شانۆی ڕۆمانتیک و بۆرژوا دابڕی. بە دوو شاکاری "باوک" و "خاتوو جوولی،" ستریندبێرگ نموونەیەکی هاوسەنگی بۆ درامای کۆنی چارەنووس هێنایە کایەوە. ئەمەیش بوو بە هۆی ئەوەی ناوبانگی نووسەریی ستریندبێرگ لە فرانسا و ئاڵمانیا جێگیر ببێت. لە "باوک"دا (١٨٨٧)، باوکێک بەوە هەرەس دەهێنێت کە دەکەوێتە گومانەوە لەوەی خۆی باوکی بیۆلۆگیی منداڵەکانی بێت. ئەمە تراجیدیا کلاسیکەکان بیر دەخاتەوە، هەروەها وەک لیر شا و ئۆتیللۆی سەکسپیر. ژن لێرەدا ئەو هێزە پاڵپێوەنەرەیە کە دەبێتە هۆی کوژرانی عەقڵ. شانۆنامەکە تەرجەمەی فرانسی کرا و ستریندبێرگ نامەیەکی پیرۆزبایی لە زۆلاوە پێ گەیشت. لەگەڵ هەموو ناڕەحەتییە دەروونی و نادەروونییەکانیشیدا هێزی داهێنەرانەی ستریندبێرگ لاواز نەبووبوو. هەر لەو نێوانەدا "دانیشتووانی دوڕگەی هێمس" (١٨٨٧)ی نووسی کە ڕەنگە گەلێرترین کتێبی بێت، و هەروەها چیرۆکەکانی "ژیانی کۆمەڵەدوڕگەکان" (١٨٨٨). ئەم کارانە ئەگەرچی لە ئاڵمانیا و دانمارک نووسرابوون، بەڵام گەواهی بیر و خۆشەویستیی ستریندبێرگ بوون بۆ سرشتی سوێد کە لە سەردەمی لاوێنیدا دەیپەرست.

بەڵام ئەمە ڕووناکییەکی کاتی بوو. ئاشنابوونی لەگەڵ فەلسەفەی نیتشەدا بێزهاتنەوەی توندوتیژی ستریندبێرگی لە مەسیحییەت و دێمۆکراسی بەهێزتر کرد _ پێشتریش بە هۆی تێکەڵاویی لەگەڵ هایدەنشتامی لاودا لە سویسرا ئەمەی لا پەیدا بووبوو- و بەمەیش پاڵپشتێکی دیکەی بۆ "ڕق لە ژن بوون" دۆزییەوە. ئێستا ئیدی ئایدیالی ئەو مرۆڤی سرشتی نەبوو، بەڵکە ئەو سوپەرمرۆڤە ئازادکراوە بوو کە ڕۆح و لاشەی لە هەموو پێشبڕیارێک، بەتایبەت هیی دینی، پاک کراوەتەوە و پێشتر لە "کوڕی کارەکەر"دا دەرکەوتووە و ئاهەنگی سەرکەوتنی بەسەر بێزلێکراوی گێلدا لە چیرۆکی "چاندالا" (١٨٨٨) و درامای "پاریا"دا دەگێڕدرێت.

ساڵی ١٨٨٩ ستریندبێرگ گەڕایەوە بۆ سوێد، بەڵام هەستی نەدەکرد کە لە ماڵی خۆیدایە. دوو ساڵ دواتر، لە دوای پرۆسێسێکی ئازاراوی، لە ژنەکەی جیا بووەوە. ساڵێکیش دوای ئەوە سەرلەنوێ سوێدی بە جێ هێشت و لە ئاڵمانیا نیشتەجێ بوو، و ژیانێکی توندوتیژی بۆهیمییانەی

بە سەر دەبرد و ژنهێنانێکی کورتخایێن و پڕ کێشەی تاقی کردەوە لەگەڵ ژنێکی نەمساوی (ئوتریشی)دا، فریدا ئوول، و ئەمەیشی لە چیرۆکەکانی "وەستای کەرەنتینە" و گەلێ لە دراماکانی سالانی نەوەتدا گێڕاوەتەوە. ئەم سالانە سەردەمی هەڵوەشانەوە بوون: تاریکی، خەم، گومان و دوودڵی و ئەوپەڕی ناباوەڕی. شەش درامای یەکپەردەیی: "وەرز، یەکەم وریاکردنەوە، لە بەردەم مەرگدا، خۆشەویستیی دایک، یاری بە ئاگر، تاقمێک" (١٨٩٢–٩٣) ئەوەیان پێشان دەدا کە بەهرەی درامای هەر ماوە، بەڵام نەدەگەیشتە پلەی کارەکانی جارانی. ئەمە پاشکەوتنێکی ئاشکرا بوو.

ستریندبێرگ بەمەیشەوە نەوەستا و بەو ڕێگایەدا کە گرتبوویە بەر هەر ڕۆیشت. ئەمەیش لە ئەدەبییات دووری دەخستەوە، گەیاندییە ئەزموونی کیمیا و خەیالاتی نادیار و غەیبی و هەرگیز وازی لێ نەهێنا. خەونی بەوەوە دەبینی زێڕ دروست بکات، چونکە ئەمە بە کەڵکی دەهات و، وا هەستی دەکرد بە شێوەیەکی غەیبی لە لایەن ئەو دوژمنانەوە کە لە سوێد و دەرەوە پەیدای کردبوون، ڕاو دەنرێت. ساڵی ١٨٩٤ لە پاریس دەژیا و هەستی بە قەیرانێکی یەکجار سەخت دەکرد. ئەمە لە دۆزەخ [Inferno] و ئەفسانە (Legender) (1897-98)دا دەردەکەوێت. زۆر کەس ئەم حاڵەی ستریندبێرگ بە جۆرە تێکچوون و شێتییەک دادەنێن. کاتێک کە لەم قەیرانی دۆزەخە دەرچوو، پیاوێکی دیکە بوو. نووسەرییەکەیشی نەک هەر بێهێز نەبووبوو، بەڵکە لە جاران دەوڵەمەندتر و قووڵتر بووبوو. دوای دۆزەخ پلەی هونەرمەندیی ستریندبێرگ دەگاتە لووتکە.

ستریندبێرگ لە ڕووی بیروباوەڕەوە کۆمەڵێ گۆڕانی سەیر و بنەڕەتیی بەسەردا دێت. لە نێوان باوەڕی جیاوازدا هاتوچۆ دەکات و هیچیان تینوێتیی ئەو ناشکێنێت. ئەمە لە شێوەی پێوەندییەکەی لەگەڵ دەوروبەر و بیری جیاوازدا دەردەکەوێت، هەر وەک پێوەندییشی لەگەڵ ژنی سێیەمیدا، هارڕیت بۆسسە (١٨٧٨–١٩٦١)، زۆر لە هیی ئەوانەی پێشووی جیاوازە، ئەگەرچی ئەمەیش هەر گەیشتە تەڵاقدان. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەڵچوونی جاروباری هەبوو، ئەو ستریندبێرگە گەیشتووەی کە ساڵی ١٨٩٨ گەڕایەوە بۆ سوێد، پیاوێکی کامڵ و بێفیز بوو. بە پەشیمانی و بە بێزهاتنەوە دەیڕوانییە ژیانی ڕابوردووی خۆی و بە هەموو هێزێکەوە دەیویست ئەوەی خۆی تێکی داوە چاکی بکاتەوە.

یەکەمین کاری دراماتیکیی ستریندبێرگ دوای قەیرانی دۆزەخ، **بەرەو دیمەشق**، بەشی یەکەم و دووەم (١٨٩٨، بەشی سێیەم ساڵی ١٩٠١ نووسرا)، ئاوڕدانەوەیەکی ئاوایە. ئەمە دەبێتە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە دراماتیکی ئەو و دراماتیکی ئەورۆپایشدا بە گشتی. ستریندبێرگ ئیدی نایەوێت ڕاستیی ڕوواڵەتی پێشان بدات، بەڵکە دەیەوێت ڕاستیی ناوەوەی مرۆڤ بنوێنێت، ئەوەی کە لە پشت ڕەوتار و قسەی بێمانای مرۆڤەکانەوە بە ئاستەم دەیبینێت. هەموو شتێک دەبێتە نیشانە و لێکچوون، ڕاستی دەبێتە خەون و شیعر، کە ڕەنگە تاکە شتێک بێت کە ڕاست بێت. کەسەکان دەبنە تیشکدەرەوەی ناخی تایبەتی شاعیر و پاڵەوان. لە **سەمای مەرگدا** (١٩٠١)، دیسان بابەتی لەبەردڵان، کە هەرگیز لە بیر ناکرێت، دەگەڕێتەوە؛ شەڕی نێوان پیاو و ژن، وەک شەڕی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ئەو خۆیەی کە خەونی ژیان دەبینێت.

ئەو بەرهەمداریيە دراماتیکییەی کە ستریندبێرگ لە ساڵانی دەوروبەری سەرەتای سەدەی تازە و بڕێک دواتردا پێشانی دەدات لە ڕووی چەندایەتی و نرخەوە تاکانەیە لە ئەدەبی سوێدیدا و وێنەیشی یەکجار کەمە لە ئەدەبیاتی دنیادا. ئەمە ڕێی ئەوەی لێ نەگرت کە وەک پەخشاننووسێک، داستانەکان (١٩٠٣) و تاک و تەنیا (١٩٠٣)، و وەک شاعیرێکی گەورەیش بێتە پێشەوە.

شیعری ساڵانی هەشتای ستریندبێرگ هێندە پێشکەوتوو نەبوو، خۆیشی هێندە بایەخی پێ نەدەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا بە هۆی کێشی ئازاد و بایەخپێنەدراو و دابڕینی بنجبڕانەیان لە شێوازی شاعیرانەی ڕۆمانتیکی دوادوایی و وێنە شیعرییەکانەوە ڕچەشکێن بوون و بوون بە نموونە بۆ شیعری نوێی نەوەدەکان، کە بە هونەری بەرزی تەکنیک و ڕێکخستنی دەوڵەمەندانەوە شیعری ستریندبێرگی خستبووە لاوە لە لای زۆربەی خوێنەران، بەڵام هاوکاتیش دنەدانێک بوو لە مەیدانێکدا بکەوێتە پێشبڕکێ کە بە ناوەندی ئەدەبییاتی دادەنا. لێرەیشدا ستریندبێرگ هەر وەستا بوو. کۆمەڵە شیعری **یاریی وشە و وردەهونەر** (١٩٠٢-٥) یەکێکە لە کلاسیکەکانی شیعری سوێدی، کە لەو سەد لاپەڕەیەدا دنیایەک بیر و هەست و بینین جێگەی گرتووە.

ئەگەرچی لە بەرهەمی ساڵانی نزیک لە قەیرانی دۆزەخەوە بابەتی قورس و گەورە تا ڕادەیەک بەرچاو ناکەوێت، بەڵام بە گشتی ڕوانینێکی لە جاران نەرمتر و ئاشتییانەتر لەبارەی هەبوونەوە دەبەخشێت. ستریندبێرگ خراپ و ناشیرین هەر وەک جاران بە زەقی دەبینێت، بەڵام دەیەوێت چاوپۆشیی لێ بکات. وردەوردە هەستێکی تازەی تووڕەیی و ناڕەزایی لە لای پەیدا دەبێت. دوای گەڕانەوەی ئەو تێگەیشتن و نرخ پێدانەی نەبینی کە چاوەڕێی دەکرد؛ بە پێچەوانەوە دەیبینی جار لە دوای جار لە لایەن نووسەرانی نوێوە بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنرێت. هەڵوەشانەوەی ژنومێردایەتییەکەیشی لەگەڵ هاڕییت بۆسسەدا هەمدیس کردبوویە پیاوێکی تەنیا، کە هەرچی زیاتر خۆی لە خەڵکی دوور دەخستەوە. ئەو هەستانەی ئەم بارە دروستی کردبوون، ئاخری لە ڕۆمانەکانی **ژووره گۆتییەکان** (١٩٠٤) و بە تایبەتیش لە **ئاڵا ڕەشەکاندا** (١٩٠٤، ساڵی ١٩٠٧ چاپ کرا) کە یەکێکە لە چاکترین بەرهەمە پەخشانەکانی خۆی و ئەدەبی سوێدیش، تەقینەوە. ئەمەیان هەرایەکی گەورەی نایەوە، لەو هەرایەیش گەورەتر کە کاتی خۆی دوای بڵاوبوونەوەی "مەملەکەتی تازە" و "ژن دەهێنن و شوو دەکەن" پەیدا بووبوو. ئەم جارەیان ستریندبێرگ چووبوو بە گژ ڕادیکالەکانیشدا، بێ ئەوەی پشتگیریی کۆنپارێزەکانی بە دەست هێنابێت. ئەمانە هەر بە دوژمنی مابوونەوە. ئەم ئێستاکە بە تەواوی تەنیا بوو.

ستیریندبێرگ ئەگەرچی وە تاک کەوتبوو، لەسەر نووسین هەر بەردەوام بوو. دەستی کردەوە بە نووسینی چیرۆکی مێژوویی و **میناتووری مێژوویی** (١٩٠٥) و **بیرەوەریی والی** (١٩٠٦)ی نووسی. ئەمجار دەستی کردە نووسینی وەسفی سەردەم؛ **ئاهەنگی سەربانگرتن** (١٩٠٦) و **قۆچی قوربانی** (١٩٠٧). لە **کتێبە شینەکاندا** (١٩٠٧-١٩١٢) ویستوویەتی ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئاڵا ڕەشەکان بنووسێت، بەڵام ئەوەی نووسیویەتی جۆرێ ڕۆژنامچەیە و پڕە لە ڕق بەرانبەر مرۆڤ و بیری

زرِەزانستی، بەڵام ژیری و ئاوەزی تەمەنی پیرییش.

تەنیایی و وەتاککەوتنی ستریندبێرگ دوای ئاڵا ڕەشەکان زیاتر بەوەدا دەرکەوت کاتێ ناچار بوو، ساڵی ١٩٠٧، لەگەڵ ئاکتەرێک (هونەرپیشەیەک)ی گەنجدا، ئاوگوست فالک [August Falck]، شانۆیەکی تایبەت دابمەزرێنێت، شانۆی ئینتیما [Intima Teater]، بۆ پێشاندانی شانۆکارییەکانی خۆی، کە لە مێژووی شانۆی سوێددا ئەمە کارێکی ڕچەشکێنانە بوو. لەسەر تەختەی ئەم شانۆیە کۆمەڵێ شانۆگەری پێشکەش کران، یەکێکیان **شارێگە** بوو (١٩٠٩). لێرەدا ستریندبێرگ جارێکی دیکە بە دوژمنەکانیدا هەڵدەشاخێت، بەڵام حەشر بە خۆیشی دەکات و شیعرێک بۆ کێلی گۆڕەکەیشی تێهەڵکێش دەکات.

بەڵام ئەمە دوا وشەی ستریندبێرگ نەبوو. ئەو ناحەزییە ڕەوایەی بەرانبەر ڕەخنەی نەوەتەکان هەیبوو، کە گوێی بە داهێنانە گەورەکانی ئەم نەدەدا و ئەو ئێرەیییە ئاشکرایەی بەرانبەر نووسەرانی نەوەتەکان، کە خوێنەرانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشابوو، هەیبوو، وایان لێ کرد کە ساڵی دواتر، سەرلەنوێ بچێتەوە سەنگەرەوە و ئەو هەرایەی بە شەڕەکەی ستریندبێرگ ناوی دەرکرد بەرپا ببێت. لەم شەڕەدا جارێکی دیکەیش بیرورِا ڕادیکال و دێمۆکراتەکانی خۆی لەمەڕ مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش کردن، ئەگەرچی زۆریش بە نەرمی دەریبڕیبوون. گەرمی و توندوتیژیی دەمەتەقێیەکان لە ڕۆژنامەکاندا ئەوەی دەرخست کە شاعیرانی نەوەتەکان ئێستا پاڵیان دابوو بە کۆنپارێزەکانەوە و ئەمەیش ستریندبێرگی کردە شاعیری سۆسیالدێمۆکراتەکان و لاوانی کرێکار. هەر ئەم بەرەیەیش بوو کە پێشدەستیی کرد و لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢دا ئەو دیارییە نەتەوایەتییە گەورەیەی پێشکەش بە ستریندبێرگ کرد لە شەستوسێیەمین ڕۆژی لەدایکبوونیدا، کە بە ڕێپێوانێکی مەشخەڵدارانەوە ڕێزی لێ گیرا. ستریندبێرگ ئەو کاتە ئیتر بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە بە تەواوی لێ کەوتبوو. هەر بەم نەخۆشییەیش چەند مانگێ دواتر، لە ١٤ی مایسدا، کۆچی کرد.

کۆکراوەی نووسراوەکانی ستریندبێرگ، بەرگی ١–٥٥ لەلایەن جۆن لاندکڤیستەوە بڵاو کراونەتەوە لەنێوان ساڵانی ١٩١٢–١٩٢١دا. لە ساڵی ١٩٨١یشەوە دەست کراوە بە بڵاوکردنەوەی کۆکراوەی کارەکانی، چاپی نیشتمانی، بە سەرپەرشتیی لارش دالبێک. نامەکانی ستریندبێرگیش، کە لە ڕووی ئەدەبی و ناساندنی باری سەردەمەکەیەوە بایەخێکی زۆریان هەیە، لە ساڵی ١٩٤٨ەوە لەلایەن کۆمەڵەی ستریندبێرگەوە بڵاو دەکرێنەوە.

هیچ نووسەرێکی سوێدی لە ژیانی خۆیدا ئەوەندەی ستریندبێرگ دەمەتەقێهەڵسێن نەبووە و ئەوەندە ڕەخنەی لێ نەگیراوە و شەڕی لەگەڵ نەکراوە. ئەو ناحەزییەی چ بە حەق و چ بە ناحەق هێنایە کایەوە، ئێستایش بە تەواوی دانەمرکاوەتەوە. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار و لەبیرچوونەوەی لاوازی و گوناهەکانی ستریندبێرگی مرۆڤ، بالای شاعیرانەی زیاتر هەڵکشاوە. ستریندبێرگ نموونەی هەرە زەلامی ئەدەبی مۆدێرنی سوێدییە و کەسایەتیی ڕچەشکێنانەی ئەو بنەڕەتی هەموو ئەو گەشەکردنەیە کە دواتر لە پەخشان و دراما و شیعردا پەیدا بوو. هەموو ئەوانەی ئێستاکە بە

زمانی سوێدی دەنووسن، بیانەوێت و نەیانەوێت شاگردی ئاوگوست ستریندبێرگن.

گەورەییی ستریندبێرگ وەک نووسەرێک پێش هەموو شتێک لەوەدایە کە چەند بە چڕ و پڕی ژیان ئازمایشت دەکات و لێک دەداتەوە. هیچ کەسێکیش وەک ئەو خۆی بۆ نووسین تەرخان نەکردووە، بەو مەعنایەی کە بە تەواوی لەگەڵ ژیاندا تێکەڵ ببێت. هەموو شتێکیشی لە پێناوی داهێنانی شیعریدا بەخت کرد، چونکە شیعری بە ڕاستییەکی تاکانە دەزانی.

نووسەری دیکەی سوێدی هەبوون کە ژیرتر و ڕەسەنتر و ڕوونتر بوون، بەڵام هیچ کەسێک نەبووە ئەوەندەی دەرد کێشابێت و پشکۆکەی ئەوەندە گەشاوە بووبێت. لە سەرەتای ژیانی نووسەریدا خۆی ئاوای نووسیوە: "من خاوەنی تیژترین بیر نیم _ بەڵام ئاگر؛ ئاگرەکەی من گەورەترین ئاگرە لە سوێددا."

ستریندبێرگ نەک تەنیا هەموو بوارەکانی ئەدەبییاتی تاقی کردەوە، بەڵکە سەروسەودای لەگەڵ هونەری دیکەیشدا هەبوو. ماوەیەک خەریکی مۆسیقا بوو، هەندێکیش خۆی بە وێنەگرتنی فۆتۆگرافییەوە خەریک کرد. لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لەبارەی مێژووی فەرهەنگییەوە شتی نووسیوە و لێکۆڵینەوەی زمانەوانییشی هەیە، بە تایبەتی سەبارەت بە زمانی چینی.

سەرەڕای ئەمانە ستریندبێرگ نیگارکێش بوو، ئەگەرچی هەر لە زووەوە هەوڵی نیگارکێشانی دابوو، بەڵام لە ١٨٩٢ بە دواوە شێوازی هونەریی خۆی بە ڕوونی گەڵاڵە کرد. لە ساڵانی ١٨٧٠دا ڕەخنەی هونەریی دەنووسی و باوەڕە تیۆرییەکانی خۆی لەوێدا تۆمار کردوون کە دواتر لە دیتنە هونەرییەکاندا کارکردیان هەبوو. لە ساڵانی ١٨٨٠دا پێوەندی و هاتوچۆیەکی گەرمی لەگەڵ هونەرمەندانی ڕادیکالی یەوروپایدا هەبوو. ئەمەیش دیسان کاری کردە سەر باوەڕە هونەرییەکانی. تابلۆکانی ستریندبێرگ کە نزیکەی ١٢٠ دانەن، لە سێ قۆناغدا کێشراون: ١٨٩٢–٩٣، موتیڤەکانی لە دوڕگەی دالار وەرگرتوون؛ ١٨٩٤، کە وێنە کاریگەرەی کانی کۆمەڵە دوڕگەی ستۆکهۆڵم لە کۆمپۆزیسیۆنی پەتیدا خۆ دەنوێنن و چەقۆی پالێت تەئسیری ڕێکەوتئاسا دەبەخشێت؛ و سەرەتای سەدەی بیستەم کە کەناری ئارامی زەریا، ئاسۆیەکی نزم و پێشنوێنێکی پڕ لە تاوێر مۆتیڤی سەرەکین.

سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

1-Ny Illustrerad Svensk Litteraturhistoria (Fjärde delen, _ttiotal), Natur och Kultur, Stockholm 1957, s 31-144

2- Tigerstedt, E. N.: svensk Litteraturhistoria (tredje reviderade upplagan), Natur och Kultur, Stockholm 1960, s. 392-405

3- Algulin, Ingmar: A History of Swedish Literature, translated by John Weinstock, The Swedish Institute, 1986, pp115-132

4- Naionalensyklopaedien.

Jag har inte den skarpaste hjärnan men min eld, min eld är den största i Sverige.

AUGUST STRINDBERG

# مێژووی
# حوجره و مەدرەسەکانی کوردستان(*)

محەمەد عەلی قەرەداغی

ئاینی ئیسلام گەیشتبێتە هەر جێگەیەکی جیهان و شوێنپێی تێدا دانابێت پێش هەموو شتێک پەیڕەوانی لە دروستکردنی مزگەوتدا دەستبەکار بوون و، فەرماندە و سەرکردەی ئەو موسڵمانانەی گەییونەتە ئەو جێگە نوێیە دروستکردنی مزگەوتیان لەلا لە هەموو شت لە پێشتر بووە، ئەمەیش ڕێبازی پێغەمبەری موسڵمانان بووە و ئەمە بەسوننەتێکی پەیڕەوکراو بۆ موسڵمانان ماوەتەوە؛ چونکە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دوای کۆچکردنی لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە لە ڕێگەدا کە گەییە (قوبا) و ماوەیەک لەوێ وچانی دا دەستی کرد بەدروستکردنی مزگەوت و ئەوە یەکەم مزگەوت بوو لە ئیسلامدا دروست کرا، هەرکە لە قوبایشەوە بەڕێ کەوت بەرەو شاری مەدینە پێش ئەوەی لە هیچ شوێنێک لابدات جێگەی مزگەوتی مەدینەی دیاری کرد[١].

ئەرکەکانی مزگەوتیش گەلێکن، لە سەروویانەوە فێرکردنی موسڵمانان و شارەزاکردنیان لە کاروباری ئاینیان و پێ وتنی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەرە (د.خ) لێرەوە دەتوانین بڵێین: یەکەم مەدرەسە لە ئیسلامدا لە تەک مزگەوتدا دروست بووە و هەر شوێنێک مزگەوتی تێدا بووبێت ـ بەزۆری ـ مەدرەسەی تێدا بووە.

کوردستانیش لەمە بەدەر نەبووە، سوپای ئیسلام هەر شوێنێکیان رزگار کردبێت مزگەوتیان تێدا دروست کردووە، هەر لەمەیشەوە دەڵێین: یەکێک لەو مزگەوتە کۆنانەی لە کوردستاندا لە سەرەتای فەتحەوە دروست کراون مزگەوتی (خورماڵ)ە، هەروەها مزگەوتەکانی (نگڵ) و (کرمان)[٢].

لەمەوە دەکرێت سەرەتای دروستبوونی مزگەوت و مەدرەسە، کە دوو بەیەکەوە بەستراون، بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتای فەتحی ئیسلام و مەدرەسەکان لەو کاتەوە بۆ مێژوویان بۆ دابنرێت، بەڵام بەداخەوە لە تەک بوونی زانا و خوێندەواریدا و بوونی ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا مێژووی

روون و تۆمارکراوی کۆنی حوجرەمان لە دەستدا نییە.

بەڵام کە کەمێک لە تەک ساڵەکانی مێژوودا هەڵکشێین مێژووی تۆمارکراوی حوجرە و مەدرەسەمان دەست دەکەوێت و دەکرێ مەدرەسەی هەورامان یان تەوێڵە بەیەکەم مەدرەسەی گەورەی ناوچەی هەورامان بزانین کە (١٠٠) قوتابیی تێدا بووە و خەریکی خوێندن بوون[٣]. ئەمە لە دەوروبەری ساڵی (٥٣٠ك ـ ١١٣٥ز) بەڵام ئەگەر بگوێزینەوە بۆ دەوروبەری (آمد) دیاربەکر ئەوە نیشانەی ئەوەمان دەست دەکەوێت کە گەلێ لە پێش ئەو مێژووەوە مەدرەسەی گەورەی هەبووە و کتێبخانەی زۆر گەورەیشیان بەدەمەوە بووە و[٤] لە ساڵی (٤٥٠ك ـ ١٠٦٨ز)دا چەندان زانای گەورە لەو ناوچەدا بوون.

## جۆری مەدرەسەکانی کوردستان

بەسەرنجدانێکی شێوەی مەدرەسەکانی کوردستان لە کۆندا دەکرێ ئەو مەدرەسانە بکەین بە پێنج بەشەوە:

### بەشی یەکەم:

### مەدرەسەی میر و پاشاکانی کوردستان

بەچاوگێڕانێک بە مێژووی میر و دەسەڵاتدارانی کورددا کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا فەرمانڕەواییان کردووە بۆمان دەردەکەوێ ئەو میر و خاوەن دەسەڵاتانە هەرکەس لە عاستی خۆیەوە و لە قەڵەمڕەوی خۆیدا بایەخێکی زۆریان بەمەدرەسە و مزگەوت داوە و، ویستوویانە مەدرەسەی گەورە و، مەلای چاک و فەقێی زۆریان هەبێت، ئەمەیش وەک نەریتێک بە میرات هاتووە و تا ئەم سەردەمەی دوایی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا برەوی پێ دراوە و پارێزراوە و، ئەگەر بمانەوێ ناوی ئەم مەدرەسانە بنووسین زۆری دەوێت، بەڵام هەر بۆ نموونە لا لە چەند جێگەیەک دەکەمەوە:

١ـ لە بەدلیس فەرمانڕەواکانی یەک لە دوای یەک بایەخی زۆریان بەفێرگە و مزگەوت و خانەقا داوە و، لە پەنای مزگەوت و خانەقاکاندا جاری وا هەبووە چەندان فێرگەیان بەیەکەوە دروست کردووە. وەک: فێرگەکانی (شەرەفیە) کە مەولانا خدری بەبی مامۆستای بووە. (ئیخلاصیە) مەولانا محەمەدی شەرانشی مامۆستای بووە. (حاجی بەگیە) مەولانا محەمەدی زەرقی صۆفیی مامۆستای بووە. (ئیدرسیة) مەولانا عەبدوڵڵای رەشک مامۆستای بووە. هەروەها (خەطیبیە) و (شوکریە)، ئەم فێرگانە ساڵی ٩٩٩ ک لە بەدلیسدا دروست کراون[٥].

٢ـ گەلێ لە میرانی کورد لە تەک ئەوەدا بایەخی زۆریان بە مەدرەسە و کتێبخانە و پێویستیی زانست داوە، مەدرەسەی گەورەیان هەبووە، خۆیشیان زانای گەورە و بەتوانا و خاوەنی

دانراوی جۆراوجۆر لە زانستەکانی سەردەمی خۆیاندا بوون، پیاوی وەک عەبداڵ خان کە پتر لە (٧٠) دانراوی خۆی هەبوویێت، دەبێ چ بایەخێکی بە مەدرەسە و فەقێ و مەلا و زانستی سەردەمی خۆی دابێت؟[٦].

٣- میرانی بابانیش بەدرێژاییی فەرمانڕەواییان هەر کامێکیان هاتبێتە سەر دەور و ماوەیەک دەسەڵاتی بەدەستەوە بووبێت، بەگوێرەی دەرەتانی خۆی شوێندەستی خۆی دیاری کردووە و بەخزمەتکردنی مزگەوت و مەدرەسە و فەقێ شوێنەواری خۆی بەجێ هێشتووە، وەک میری وایشیان هەبووە لە تەک ئەوەدا میر بووە خوێندنی مەلایەتیی تەواو کردووە و لەو مەدرەسەدا کە خۆی دروستی کردووە خۆی دەرزی بە فەقێ گوتووەتەوە. دەتوانین میری بابان عەبدوڕەحمان پاشا وەک نموونەیەکی ئەم لایەنە بهێنینەوە[٧].

٤- ئەگەر بۆ میرانی ئەردەڵانیش تەنیا مزگەوت و مەدرەسەی (دار الاحسان)ی شاری سنە باس بکەین کە نموونەیەکە لە تەلارسازیدا کەموێنە و، لە خزمەتکراویدا شایانی بایەخ و جێگەی ڕێز و، لە بەرهەم و شوێنەواری زانا و مامۆستایان و پێگەیاندنی فەقێ و مەلادا مایەی شانازیی گەل و وڵات... ئەگەر تەنیا ئەو نموونە باس بکەین و بڵێین: با ئەوانی تر بمێنن و ئەم شایەتە لە بریی هەموویان، ڕەنگە زیادەڕەویمان نەکردبێت[٨].

٥- خۆ میرانی عیمادییەیش ئەگەر تەنیا مەدرەسەی (قوبەهان)یان بووبێت و، باس لە هەموو کارەکانی تریان لە خزمەتکردنی زانایان و، هاندانیان بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و، دانانی دانراوی بەسوود و، باس لە مەدرەسەکانی تریان و وەقفکردنی باخ و مەزار و دەستخەتی نایابیشیان نەکەین، کەممان نەتوە[٩].

٦- دەتوانرێت لە پەنای ئەم ناوانەدا بگوترێت: میرە زاناکانی کورد لە گەلێ جێگەدا شوێندەستی خۆیان دیاری کردووە و مەدرەسەکانیان زۆر جێگەیان گرتووەتەوە، وەک (ئەبولفیدا) کە لە هەموو زانستەکانی سەردەمی خۆیدا مەلەوان بووە و بارەگا و دیوانی دەسەڵاتی وەک مەدرەسەیەکی گەورە وا بووە و زانایان لە بلیمەتیی ئەو سەرسام بوون[١٠].

بێ سوود نییە ئەگەر لەم بوارەدا بڵێم: تەنانەت ئەو مەدرەسە گەورانەیش کە میرانی سەردەمی خۆیان دروستیان کردوون و لەو سەردەمانەدا ناوبانگی زۆریان هەبووە و بەکەڵەمەلای ئەو چەرخە و فەقێی زیرەکی هەموو ناوچەکانی کوردستان ئاوەدان بوون، گەلێکیان لە ناوەکانیان بەولاوە وەک مەدرەسەی (زینلیە) لە (جولمرج) و مەدرەسەی مەلیک عیزەدین و (العبدلیة) لە شاری (مکس) و (العتیقیة) لە شاری (خیزان) و (المدرسة الجدیدة) لە شاری ڕەواندز و چەندان مەدرەسەی تر هەر ناوەکانیان ماوە و، ئەو دەورەی کە لە کاتی خۆی گێڕاویانە لە خزمەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریدا بەروونی نازانرێت و تەنانەت نازانرێت کەی دامەزراون و دوای چەند ساڵ ئەستێرەی خزمەتگوزارییان کوژراوەتەوە.

وەک مەدرەسەی وایش هەیە دەستخەتەکان ئەوەیان بۆ ڕوونکردووینەتەوە کە چەند ساڵ یان

چەند ماوە خزمەتیان بەردەوام بووە، با جۆر و ئەندازەی خزمەتەکەیش نەزانرێت وەک مەدرەسەی قوببەهان کە بەلای کەمییەوە دەزانین ساڵی (٦٧٠ ک ـ ١٢٨٣ز) مەدرەسە بووە و مەلا و فەقێی تێدا بووە.

هەر لە ڕێگەی دەستخەتەکانەوە دەزانرێت ئەم مەدرەسە تا ساڵی (١١٥٣ک ـ ١٧٤٠ز) خزمەتی ڕۆشنبیریی پێشکێشی خەڵکی کوردستان کردووە و مەدرەسەیەکی ئاوەدان بووە(١١).

## بەشی دووەم:

## مەدرەسەی گەورەی زانایان بووە

ئەم جۆرە مەدرەسە بەدرێژاییی ئیسلام لە کوردستاندا لە شار و شارۆکە جیاجیا و دوور و نزیکەکانیدا بووە و مەدرەسەی وەهایان هەبووە دەیان و سەدان ساڵ یەک لە دوای یەک بە زانای یەک بنەماڵە و بەرەباب بەڕێوە چووە. ئەم جۆرەیشمان زۆر زۆرە، وەک:

١- بنەماڵەی مەلا برایمی بیارە: بەپێی قسەی مامۆستا مەلا عەبدولقادری مودەڕیسی بیارە (٢٥) پشتیان لە بیارەدا بەرودوا دەرسیان گوتووەتەوە زانایان پێ گەیاندووە(١٢).

٢- بنەماڵەی حەیدەرییەکان: کە پتر لە (٣٠٠) زانای خاوەن دانراویان هەبووە و زۆر زیاتر لە (٣٠٠) ساڵیش لە: حسەین ئاباد، ماوەران و بەغدادا خزمەتی زانستیان کردووە و چەندان مەدرەسەی گەورە و ناوداریان بووە کە بەدەیان فەقێ تیایاندا خوێندوویانە(١٣).

٣- بنەماڵەی قەرەداغییەکان کەسانێکی زۆر لە ناوچەگەلی فراوانی کوردستاندا خزمەتی زانستیان کردووە(١٤).

٤- بنەماڵەی مەردۆخییەکان کە لە ئەردەڵان و سلێمانی و بەغدادا بەدرێژاییی ساڵانێکی زۆر پەرەیان بە زانست داوە فەقێیان پێ گەیاندووە و لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا کتێبیان داناوە(١٥).

* هەروەها دەیان بنەماڵەی تری وەک بنەماڵەی زانایانی بەرزنجە و، پێنجوێن و، بنەماڵەی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موسەنیف و، بنەماڵەی جەلیزادە لە کۆیە و...(١٦).

ئەمانە تەنیا نموونەن لە بنەماڵەگەلێک لە کوردستاندا کە ساڵانێکی زۆر خزمەتی زانست تیایاندا نەپساوە و میراتی باوک بۆ کوڕانی تەنیا زانست و مەدرەسە و کتێبخانە بووە.

## بەشی سێیەم:

## حوجرەی سەرەتایی

جۆرێکی تری خوێندن لە کوردستاندا هەبووە کە بنەما و خوێندن بووە و یەکەم هەنگاوی منداڵ بووە - چ کوڕ و چ کچ ـ کە بەرەو فێربوونی خوێندن بووە لە دەستپێکردنی ناسینی پیتەکانەوە.

دەکرێ ناوی (حوجرەی سەرەتایی) بۆ ئەم جۆرە خوێندنە دابنرێت تا لە خوێندنی ناو حوجرەکانی مزگەوت جیا بکرێتەوە.

ئەم حوجرە سەرەتاییانە لەناو مزگەوتدا نەبوون و، هەر مامۆستایەک یان نیمچە خوێندەوارێک توانیویەتی حوجرەی هەبێت و منداڵی کچ و کوڕی تێدا بێت و دەرزیان پێ بڵێت. لەم حوجرانەدا دەرزوتنەوە بەرانبەر شتێکی دیاریکراوی مانگانە، یان ساڵانە، یان تا قورئان پێ خەتمکردن بووە. هەندێ جاریش وا بووە خاوەنی ئەو حوجرانە بەخۆڕایی و لە ڕێی خوادا دەرزیان بە منداڵ وتووە و تا قورئانیان پێ خەتم کردوون و کتێبە وردە فارسییەکانیشی پێ گوتوون(١٧). وەک جاری وایش هەبووە مامۆستای ئەو حوجرانە وەک دەرزیان بەمنداڵەکان گوتووە ئەگەر منداڵی هەتیو و نەدارایان تێدا بووبێت جلوبەرگیشیان بۆ کردوون و بژێوییان بۆ دابین کردوون تا لە خەم ڕەخساون(١٨).

لە سلێمانیدا چەندان لەم حوجرانە هەبووە کە دەورێکی کاریگەریان بووە بۆ ئامادەکردنی منداڵان بۆ ئەوەی دوای خوێندنی قورئان و کتێبە وردەکان ڕێگەی حوجرەکانی مزگەوتەکانی بگرنە بەر و لەوێوە درێژە بەخوێندن بدەن تا دەبن بە مەلا و لە سەردەمێکدا ژمارەی ئەم حوجرانە گەییوەتە ٤٣ حوجرە(١٩).

## بەشی چوارەم:

## مەدرەسە بچووکەکان

جۆرێکی تر لە مەدرەسەکانی کوردستان دەکرێ بەناوی (مەدرەسەی بچووک) ناو ببرێت. ئەم مەدرەسە بەوانە دەگوترێت، کە بەزۆری لە یەک مامۆستا زیاتریان نەبووە و لە شوێنێکی چەپ و دوور لە شاراندا بوون وەک لادێ دوورەدەستەکان، کە کەم لادێی کوردستان لەم جۆرە مەدرەسە بێبەش بووە و، کەم گوند هەبووە مامۆستایەکی تێدا نەبێت کە توانای ئەوەی هەبێت دەرز بە فەقێیان بڵێت و مەدرەسەیەکی بەئەندازەی توانای خۆی و گوندەکە ئاوەدان بە فەقێ و دەرز و خوێندن ڕابگرێت.

ئەم جۆرە مەدرەسانە لە ژماردن نایەن و مەدرەسەی وایشیان هەیە- با گوندەکەیش بچووک بووبێت ـ خوێندن و ئاوەدانی بەحوجرە و مەلا تیایدا بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە.

ئەم مەدرەسانەش کاتی وا هەبووە مامۆستایەک سەرەوکاریی کردووە و دەرزی تێدا گوتووەتەوە و دوای خۆی کەس نەبووە جێگەی بگرێتەوە، وەک واش هەبووە دوای ئەو مامۆستایە کوڕ و کوڕەزا، چەند پشت بەرودوا مەدرەسەکەیان بەئاوەدانی ڕاگرتووە، نموونەی ئەمانەیش لەناو دەستخەتەکانی مامۆستایانی کورددا زۆرە و گەلێ لە نووسەرەوەی ئەو دەستخەتانە لە پێش ناوی خۆیەوە ناوی چەند پشتی نووسیوە، کە دەڵێ: مەلا فلانی کوڕی مەلا فلان... تاد وەک بۆ نموونە لە

کۆتایی دەستخەتی ژمارە (١٦٢١٦ د.ع) وە نووسەرەوەکەی نووسیویە:

«قد تمت قراءة هذا الكتاب عند ملا يحيي أفندي المزوري العامل الكامل إمام المتأخرين قدوة المتقدمين. لو كانوا متأخرين... محمود بن عباس، بن ملا عمر، بن ملا عمر بن ملا خضر الديملاني..."[٢٠].

## بەشی پێنجەم:
## حوجرە کۆچەرییەکان

خەڵکی کوردستان بەشێوەیەک هۆگری خوێندن و خوێندەواری بوون، نەیانویستووە شوێنێک هەبێت خوێندەواریی تێدا نەبێت و تیشکی ڕۆشنبیری نەیگاتێ. بوونی حوجرەی کۆچەری لە تەک گەرمیان و کوێستان و ناو ڕەشدەواری ماڵە ڕەوەندەکان بەڵگەی ئاشکرای ئەم مەبەستەیە.

ئەو جۆرە حوجرە لە زۆر کۆنەوە لە کوردستاندا بووە بە حوجرەکانی مزگەوتەکان دانەکەوتوون و قۆناغ و بەقۆناغ لە گەرمیان و کوێستانی جاف ڕەوەند و خێڵە کۆچەرییەکاندا ئەو جۆرە قوتابخانە باویان زۆر بووە، لە تەک بارگە و بنەبەستن و کۆچ و بارکردن و هەوار گواستنەوەدا ڕەشدەواری خۆیان هەڵداوە و، لە تەک عیوعیوی شوان و، بەعە و بارەی ئاژەڵ و کار و بەرخدا ڕاهاتوون و، ئەم جۆرە خوێندنە لە کۆندا لەناو هۆزەکانی بڵباس و سۆران و خێڵەکانی تردا بەردەوام بووە و، ئەم جۆرە خوێندنە تا ساڵانێک لەمەوپێش درێژەی هەبووە و، ئەوەی ئێمە زانیومانە و لە دەستدایە ئەوەی تا ئەم دواییە دوا قۆناغی ئەو جۆرە خوێندنە ئەوە بووە کە مامۆستا مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا بەڕێوەی بردووە و، لە تەک گەرمیان و کوێستانی جافەکاندا هاتوچۆی کردووە و منداڵانیانی لە تاریکیی نەزانی ڕزگار کردووە[٢١].

### خەرج و دەرامەتی حوجرە و فەقێ و مەلا:

دەرامەتی حوجرە و مەدرەسە و هۆ و خەرجی ژیانی مامۆستایان و فەقێکانیان گەلێ قۆناغی بەخۆیەوە دیوە و دابینکردنی ژیانی فەقێیانیش یەک شێوە نەبووە.

گەلێ لە مەدرەسەکان ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی دەستەڵاتداران و میراندا بوون و، بوویانە میرەکان خۆیان دروستیان کردوون و، ئەوانیش هەر پێداویستییەکیان بووبێت میری خاوەنی مەدرەسەکە بۆی دابین کردوون، نموونەی ئەم مەدرەسانە لە کوردستاندا زۆر بوون و، بەدرێژاییی مێژووی کوردیش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ئەم جۆرە مەدرەسە هەبوون و، دیارە مەدرەسەیەکیش کە میرێ یان پادشایەک دروستی بکات ئەرک و خەرجیشی دەکێشێت و نایەڵێت چ مامۆستا و چ قوتابی دەست لە کەس پان بکەنەوە.

بەڵام بەداخەوە بەوردی ئەوە نازانین چۆن ژیان لەو مەدرەسانەدا بەسەر براوە، بەڵام ئەوەی کە

روونە و بەڵگەیمان لە دەستدایە، ئەوەیە ئەو میر و پادشانە بەباشی خەمی ئەو مەدرەسانەیان خواردووە و، تەنانەت خەمی پاش مردنی خۆیشیان خواردووە و ئەوەندەیان باخ و مەزرا و ئاش و... بۆ ئەو مەدرەسانە وەقف کردووە کە پێویستییان بەهیچ نەبێت.

نموونەی ئەو وەقفنامانە لە گەلێ شوێندا پارێزراوە و، هەریەکێکیان بەشێوەی خۆی و بەپێی دەستەڵاتی خۆی وەقفی بۆ مەدرەسەکانی کردووە، لێرەدا یەکێک لەو وەقفنامانە دەکەم بە بەڵگەی ئەم باسە و، ئەمە تەنیا نموونەیە و وێنەی زۆرە:

«وبعد: فقد وقفت جميع عقاراتي من: البساتين، والرحى، والخانات، والأراضي، والقنوات، والدكاكين، والتيمارات، التي تملكت بالشراء، والاحياء، والإحداث في شهرزور و توابعه، وفي كويسنجق ولواحقه، وفي أربيل ومضافاته، وفي كركوك وما يليه، وفي مريوان وقراه... على مدارس قلعة چوالان، و مدرسيه، وطلابه وجوامعه، والجسر فيه، وفي شهرزور، وعلى الايتام المتعلمين بقلعة چوالان، وعلى المعتكفين في عشر آخر رمضان، والأيام المعدودات، وعلى دار الضيافة، والوعاظ، والمترجمين، والمصنفين فيها، وعلى مدرسة گلعنبر، ومدرسيه، وطلابه، وجامعة، وعلى مدارس و مدرسي قصبة كوى، وعلى مدرسة أربل و ومدرسيه، وعلى المدرستين اللتين بنيناهما بكركوك، وعلى الطلاب والمدرسين، بتفصيل كُتِبَ في الحجج على حدة»(٢٢).

ئەمەیش کە نووسرا لە یەک شوێن و ناوچەدا نەبووە و، وەک نەریتێکی باوی میرانی کوردستان بووە.

**خەرج و دەرامەتی مەدرەسە گەورەکان:**

وەک باسم کرد لە کوردستاندا گەلێ مەدرەسەی گەورە هەبووە کە میران دروستیان نەکردوون و بەناوی ئەوانەوە نەبوون، بەڵام ناوبانگیان وەک مەدرەسەکانی میرەکان وا بووە. وەک مەدرەسەکانی: ماوەران و مەدرەسەی مەلا ئەفەندی و مەدرەسەی جەلیزادە و مەدرەسەی شێخەوڵای خەرپانی و مەدرەسەی مەلا جەلالی خورماڵ و... میرانی بابان و ناوچەکانی تر هەریەکەیان لە عاستی خۆیەوە ویستوویەتی خۆی لەو مامۆستا بەناوبانگانە نزیک بکاتەوە و، بۆ خوا بێت یان بۆ دنیا بێت، دڵیان رابگرن و ڕایان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بۆ ئەمەیش باشترین شت لە ئەستۆگرتنی خەرجی مەدرەسە و مامۆستا و فەقێکانی بووە، لەم رووەیشەوە - دووبارە - شتی وردمان لە دەستدا نییە کە بزانین مووچە و بەراتی تایبەتی بۆ مامۆستا و فەقێکانیان بڕدراوەتەوە یان نا، بەڵام ئەوە بەئاشکرا دیارە کە ئاش و باخ و زەوییان بۆ وەقف کردوون و، ئەوە لایەنێکی خەرجی بەردەوامی ئەو مەدرەسانە بووە(٢٣).

**حوجره و مەدرەسەکانی تر:**

جگە لەو دوو جۆرە مەدرەسە لە کوردستاندا کەم گوند هەبووە مەدرەسە و فەقێی تێدا نەبووبێت، ئەمانەیش زۆریان لەوانە نەبووە کە میر و دەستەڵاتدارانی سەردەم بتوانن خەرجییان بکێشن و باری ژیانی مامۆستا و فەقێیانیان لە ئەستۆ بگرن، شێوەی ژیانی کۆنی ئەم مەدرەسانەش بەنووسراوی لە دەستدا نییە و هەندێ شتی دەماودەم لەم بارانەوە دەگێڕنەوە. بەڵام ئەوەی وەک هەوڵێک بۆ دابینکردنی ژیانی فەقێکان لە ناوچەیەکی دیاردا درابێت ئەوەیە کە:

"لە وەختی خۆیا حەمە پاشای رەواندز- کە بە پاشای کۆرە ناوبانگی دەرکردبوو ـ لە هەموو قەڵەمڕەوی خۆیا ئەمری دەرکردبوو ئەو گوندانەی کە کەمتر نین لە پەنجا ماڵ دەبێ مەلا و مەدرەسە و فەقێیان هەبێ و نان و شیوی ئەم فەقێیانەش دەبێ هەر ماڵێ بۆ خۆی بۆیان بەرێ. لەسەر ئەم رەوشتە ئەوان ڕۆیشتوون..."(٢٤).

ئەم شێوە وەک لە هەموو کوردستاندا نەبووە زۆریش دەوامی نەکردووە و:

"ماڵی وا هەبووە ڕۆژێ لە ڕۆژان وا رێک کەوتووە کەسێکی وای لە ماڵا نەبووە کە نان و شیوەکە بەرێ بۆ فەقێکان، پیاوەکەیان کە بەیانی چووە بۆ ئیش لای داوەتە حوجرەی فەقێکان وتوویە: ئیمرۆ کەسی وامان لە ماڵ نەماوەتەوە نانەکەتان بۆ بێنێ، بەڵکو خۆتان منداڵێک بنێرن بۆ ماڵی ئێمە بیهێنێ، ئەوانیش ناردوویانە. بەرێککەوت ماڵێکی تر وا و، ماڵێکی تر وا... هەتا بەرە بەرە لە ئەنجاما هاتووەتە سەر ئەوە کە بۆ ماڵەکان هەر خۆیان بچن نانەکە بێنن و لە پاشان بووە بەو راتوە..."(٢٥).

لەمەوە (راتوو) یان (راتبەی فەقێ) دامەزراوە و، ژیانی فەقێ لە نان و شەکر و چا و شیو و، هەندێ جار جلوبەرگ و کەلوپەل شۆردن بەسەر خەڵکی لادێکانی کوردستانەوە بووە و ئەو خەڵکەیش ئەوەیان بەلاوە زەحمەت نەبووە و بەئەرکێکی پیرۆزیان زانیوە، بەپێخۆشحاڵییەوە رایان پەڕاندووە. بەڵکو ئەمە هەر لە گوندەکاندا نەبووە و لە شارەکانیشدا بەهەمان شێوە بەڕێوە چووە، لە کوردستانی عێراقدا هەتا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشووی زاینی هەر بەردەوام بوو"(٢٦).

**مەدرەسە کۆچەرەکان:**

شێوەی ژیانی فەقێم لە مەدرەسە کۆچەرەکاندا لە دەستدا نییە و شتێکم بەنووسراوی لەو رووەوە لە دەستدا نییە. ئەوەندە هەیە دوای گەڕان و پشکنینی دەستخەتەکان و شوێنەواری ئەو فەقێیانەی لەو جۆرە مەدرەسانەدا خوێندوویانە گەییمەتە ئەوە کە بەو مەدرەسانە گوتراوە (نجد) بەڵام نازانم ئەم ناوە لە چییەوە هاتووە، ناوی مەدرەسەکانی: "هوار فەقێ بادن نجد بناول ١١٢١ نجد شینی سردشت ١١٤٥، نجد سر ١١٥١ نجد روست ١٢١١، نجد هورن ١٢٤٥"(٢٧).

**شێوەی خوێندن لە کوردستاندا:**

دوور نییە بەدرێژایی مێژووی خوێندن لە سەرتاسەری حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستاندا چەندان جۆر و شێوەی بەخۆیەوە دیبێت و، چەندان ئاڵوگۆڕیشی بەسەردا هاتبێت، بەڵام ـ دووبارە ـ ئەو جۆرە شێوانە بەوردی و بەتۆمارکراوی لە دەستدا نین.

ئەوەی لە دەستدایە ئەوەیە لەملا و لەولا و پەراگەندە لە داوێن و پەراوێزی کتێبە کۆنەکان و سەرچاوە مێژووییەکانەوە بەمەبەست و بێ مەبەست تۆمار کراون و، دەکرێ ئەگەر کۆ بکرێنەوە و بابەتبەندی بکرێن شتێکیان لێ پێک بێت.

**خوێندن لە حەلقەدا:**

یەکێک لەو جۆرانەی خوێندن کە لە سەرچاوە کۆنەکاندا باسی هەیە و ناوی هاتووە خوێندنی حەلقەیە، واتە: چەند فەقێ لە یەک جێگەدا لای مامۆستایەک بۆ خوێندنی دەرز و لە بابەتێک لە بابەتە زانستییەکانی وەک: نحو یان صەرف یان تەفسیر...دا کۆ بوونەتەوە و وەک ئەڵقە دانیشتوون و دەرزیان خوێندووە.

یەکێک لەو شوێنانەی بەو جۆرە دەرزی تێدا خوێنراوە مزگەوتەکانی دیاربەکر بووە، لە یەکێک لەو مزگەوتانەدا لە هەشتا لاوە دەرسی عیلم گوتراوەتەوە. لەو جێگە و حەلقانەدا دەرزی عیلمەکانی: فیقە و تەفسیر و حەدیس و بەلاغە و زانستەکانی تر خوێندراوە[٢٨].

وەک گوتم شوێنی وا هەبووە سەدان ساڵ مەدرەسەی گەورەی تێدا بووە و، هەموو کات ئاوەدان بووە بە فەقێ و مەلا، وەک مەدرەسەی قوببەهان کە بەلای کەمییەوە مێژووی بەردەوامبوونی خوێندنی نزیکەی (٧٠٠) ساڵیمان لە دەستدایە، بەڵام نازانین ئەم ماوە دوور و درێژە چەند چین کۆمەڵ دەرزیان تێدا گوتووەتەوە و چەند ئەڵقەی جۆراوجۆری زانستی تێدا بووە و، چەندان زانا و کەڵەمەلای تێدا گەییوەتە پلەی زانا بەرزەکانی جیهان؟[٢٩].

شان بەشانی عیمادییە و پێش عیمادییە ئەربیل یەکێک لە مەڵبەندە کۆنەکانی زانست بووە و چین لە دوای چین زانایان دەرزیان لە مەدرەسەکانیدا گوتووەتەوە مەلای چاکیان پێ گەیاندووە و، کۆنترین مەدرەسەی ئەربیل بۆ ساڵی (٥٣٢ هـ ـ ١١٣٨م) دەگەڕێتەوە و، دوای ئەوە بەدرێژایی مێژوویەکی زۆر مەدرەسەکانی ئەربیل هەر لە زیادبووندا بوون و، تەنانەت مەدرەسەکان لە مزگەوتەکان جیا بوون و، سەدان ساڵ بەو شێوە ئەڵقەی دەرز خوێندن تیایاندا نەپساوە بووە و یەکێک لە مەدرەسە گەورە و ناودارەکانیشی مەدرەسەی (مظفرية) بووە کە (مظفرالدين كوكوبری) کە فەرمانڕەوای ئەربیل بووە دروستی کردووە[٣٠].

ئەگەر لە هەولێریشەوە بەرەو شارەزوور و هەورامان بینەوە ئەوە دەگەینە مەدرەسەی تەوێڵە کە لە سەردەمێکی کۆنەوە مەدرەسەی گەورەی تێدا بووە و پتر لە (١٠٠) فەقێی تێدا بووە، ئەمانەیش کە بەو ئەندازە زۆر بوون دیارە خوێندنیان بە ئەڵقە و کۆمەڵ کۆمەڵ بووە.[٣١].

**جۆری تری خوێندن:**

ئاشکرایە وەک ئەو جۆرە خوێندنە لە مەدرەسە گەورە و پڕ فەقێکاندا بووە، مەدرەسە بچووکەکان کە فەقێیان کەم تێدا بووە شێوەی خوێندنیش تیایاندا جیاواز بووە و فەقێ یەکە یەکە و، دوو دوو لەلای مامۆستاکانیان دەرزیان خوێندووە و، ئەم جۆرە شێوە خوێندنی زۆربەی مەدرەسەکانی کوردستان بووە و، بە زۆری یەک فەقێ لای مامۆستاکەی دەرزی خوێندووە و، ئەگەر فەقێیەکی تر بەشداریی دەرزەکەی کردبێت ئەوە (سماع)ی کردووە پێی گوتراوە (مستمع) و تەنیا بۆی هەبووە لە کاتی دەرزەکەدا دابنیشێ نە بۆی هەبووە (بەڵێ) بکات و نە بۆشیی هەبووە لە کاتی دەرزەکەدا قسە و پرسیار بکات(٣٢).

**کتێبی خوێندن:**

لە سەردەمی پێشوودا کە چاپخانە نەبووە و کتێب بەدەست نووسراوەتەوە، فەقێیانی کوردستان ئەرکی سەرشانیان بووە کە کتێبی دەرزی خۆیان بنووسنەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش جگە لە کاغەزەکەی کە لە کوردستاندا دروست نەکراوە و لە دەرەوە هێنراوە، کەرەستەکانی تری نووسین لە مەرەکەب و لیقە و، قەڵەم و قەڵەمدان... خۆیان دروستیان کردووە(٣٣).

فەقێ هەر چۆن بووبێت خۆی کتێبی دەرزی خۆی نووسیوەتەوە، تەنانەت ئەگەر دەستیشی ناتەواو بووبێت، وەک: سلێمانە گۆج لە کۆتاییی کۆمەڵە دەستخەتی ژمارە (١٨٢٠٨)دا نووسیویە: "ئەی ئەوانەی تەماشای دەکەن لێم مەگرن؛ چونکە بێ دەست نووسیم، بەدوو دەستی بەئاگر سووتاو لە شاری کۆیە لە مەدرەسەی مەلا ڕەسووڵی (شر) لە ساڵی (١١٣٨)دا نووسیومەوە. خوا لە پاشەڕۆژدا پاداشتم بداتەوە"(٣٤).

لە تەک ئەمەدا سەرچاوەگەلی زۆر بوون بۆ هێنانی دەستخەت و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە گەورەکانی ناو کوردستان، تەنانەت کە باسی کتێبخانەی (آمد) دەکرێت دەنووسن یەک ملیۆن و چل هەزار کتێبی بەزمانگەلی جیاجیا و جۆران پیت و خەت تێدا بووە(٣٥).

سەرچاوەی ئەم سامانە فراوانە جگە لە نووسینەوەی فەقێ و مەلا و کتێبەکانی ئەوان گەلێ سەرچاوەی تری هەبووە، لەوانە میرانی سەردەم و خاوەن کتێبخانەکان بەهەر نرخێکی گونجاو و شێوەی جیاجیا وەک ئەوەی لە وڵاتانەوە دەستخەت بکڕن و بیهێنن، یان خەتخۆش بنێرن لە شوێنان کتێبیان بۆ بنووسنەوە، جگە لەمانەیش خێرومەندان کتێبیان کڕیوە و وەقفیان کردووە بۆ کتێبخانەی مەدرەسە گەورەکان(٣٦).

جگە لەمانەیش و لەوانی تریش گەلێ لە میرانی کوردستان پێش ئەوەی میر و دەستەڵاتدار بن مەلاچاک و خاوەنی بیر و قەڵەم بوون و دانراوی باشیان لە زانستە جۆراوجۆرەکانی سەردەمی خۆیاندا بووە، عەبداڵ خان، شەرەفخان، سلێمان پاشای بابان و عەبدوڕەحمان پاشای بابان چەند نموونەیەکن لە نموونە دیار و فرەکانی ناو خاکی کوردستان(٣٧).

ئەمانە و چەندان هۆی تر بوون بەمایەی ئەوەی کوردستان یەکێک بێت لەو وڵاتانەی جیهان کە سەرچاوەیەکی گەورەی دەستخەت بن و، تا ئێستایش کاتی نووسینی ئەم بابەتە، جگە لە مزگەوت و کتێبخانە ناسراوەکانی لە گەلێ ماڵی خانەوادەی کۆنی زانستدا چەندان دەستخەتی گەورە و نایاب پارێزراون.

لە باسی حوجرە و مەدرەسەکاندا لە سەرەتای هەر بەرگێکەوە ناوی چەند کەس و بنەماڵەم هێناون کە تا ئێستە دەستخەتی نایابیان لەلایە و لە کتێبخانەی تایبەتیی خۆیاندا پاراستوویانن.

**ئەو کتێبانەی دەخوێنران:**

لە کوردستاندا کە خوێندن ئەو برەوەی بووە و مامۆستا و فەقێیانی کورد بەو شێوە شەیدای زانست بوون، هەوڵیان داوە تا لە هەموو زانستەکانی سەردەمی خۆیاندا زانا و شارەزا بن و، هەرچی دەستیان پیایدا بگات بەدەستی بهێنن و بیخوێنن و بە دەرز بەفەقێیانی بڵێنەوە، تا وای لێ هات لە کوردستاندا دوازدە عیلم ناوبانگی دەرکرد و هەر فەقێیەک ئەو عیلمانەی نەخوێندایە شیاوی ئەوە نەبوو ئیجازە وەربگرێت.

لەو عیلمانەیشدا چەندان کتێب دەخوێنران کە ئەمە ناوەکانیانە:

"تصریفي زنجاني، عواملي جرجاني، بناء، سعداللّه، انموذج، اظهار، صمدية، كافية، وضع واستعارة، تصريفي ملا علي، جامي، سيوطي، ايساغوجي، فناری، سيد عبداللّه، كمال، عبداللّه يزدی، شرح شمسي، گلنبوی آداب، گلنبوی برهان، شرح عقائد، مختصر، مطول، جمع الجوامع، تهذيب الكلام، شرح المقاصد، شرح التجريد، خلاصة الحساب، تشريح الافلاك، اسطرلاب، شرح المواقف، چقمینی...".

ئەمانە لە هەموو عیلمەکانایە شتێکی پێویستە فەقێ لەو ڕۆژەوە چووە فەقێتی تا ئەو ڕۆژە لێ دەبێتەوە و ئیجازە وەردەگرێ دەبێ ئەمانە بخوێنێ، بێجگە لەمانەش کتێبی تر هەیە لە بەینیاندا، ئەوە فەقێی وا هەیە دەیانخوێنێ و هی وایش هەیە نایانخوێنێ، بۆ نموونە ناوی چەند دانەیەکیش لەوانە دەنووسین:

"الزبد، الجرومية، مراح الأرواح، شرح المغني، الطلاب، محمد أمين جهة الوحدة، قول أحمد، شرح الشمسية، مختصر المنتهى، شرح المطالع، قاضي اللاري، رسالة الحساب، أشكال التأسيس...".

ئەمە جگە لەوە کە دەیان حاشیە و تەعلیقاتی جۆراوجۆر هەیە هەر لە: قزڵجی، قەرداغی، پێنجوێنی و تا حاشیە لە ژمارە نەهاتووەکانی بنەماڵەی حەیدەری بەسەر هەموو کتێبەکانەوە.

لە شەرعیشدا چەند کتێبێک دەخوێندران، لەوانە:

"فتح القريب، الفتح المعين، منهاج، المحرر " ئەمانە مەتن: " باجوری، اعانة، أنوار، مغني المحتاج، بجيرمي، التحفة..." فەقێی وا هەیە ئەمانە هەموو دەخوێنێ، هی وایش هەیە هەندێکیان.

له تەفسیردا (بیضاوی) دەخوێنێ، له حەدیسدا (صەحیحی موسلیم و بوخاری)[٣٨].

ئەم کتێبانه هەرچەند بەزمانی عەرەبی بوون گەلێکیان کوردێنرابوون، واته کرابوون بەماڵی کورد، چونکه دانەرەکانیان و شاریحەکانیان کورد بوون و بەکوردیش دەیانگوتنەوه و شەرحیان دەکردن[٣٩].

**دوازده عیلم:**

ئەوەی کە لەدوا دواییی خوێندنی حوجرەدا بەدوازده عیلم ناوبانگی دەرکرد کورت کراوه له دەیان زانست و بابەتبوو که له سەردەمی کۆنی مەدرەسەکانی کوردستاندا دەخوێندران وەک:

«صرف، نحو، ادب، انشاء، منطق، أصول، بیان، تأریخی طبیعی، تعبیر، تعویذات، تصوف، جفر، جغرافیا، بەردتاشی، تشریح، حساب، هندسة، هیئة، جبر، مقابلة، تفسیر، حدیث، حقوق، حکمة، دەواسازی، رمل، کیمیاء، جر الاثقال، گیاناسی، فیزیا کە باسی ئەجسامی تەبیعی کردووه. فیزیۆلۆجی. که باسی کاروباری ئەندامی لەشی گیاندارانی کردووه ـ زانیاریی پزیشکی، طلسات، معاني؛ معمي، مناظرة، عروض، قافیة، قیافة، قرأءة، کلام، محاضرات، مساحه، کشتوکاڵ، فقه، فرائض، ئەستێرەشناسی، اسطرلاب، موسیقی..." ئەمانه که پێیان دەڵێن (علومی مدونه) هەموویان لەناو فەقێ و مەلای کورددا خوێنراون و نووسراونەتەوه و، خۆیان تەئلیفیان تیایاندا کردووه، بەڵام ڕۆژگار ورده... ورده لێی کورتکردنەوه و نەخوێنران تا له ئەنجامدا هاتنه سەر ئەوانەی پێیان گوترا دوازده عیلم که برێتین لەمانە[٤٠]:

١ـ النحو.

٢ـ الصرف.

٣ـ البلاغه، بەهەرسێ بەشەوه.

٤ـ الفقه.

٥ـ اصول الفقه.

٦ـ المنطق.

٧ـ الآداب.

٨ـ الکلام.

٩ـ الفلسفه.

١٠ـ الهیئة والفلك.

١١ـ الریاضیات والهندسة.

١٢ـ فقه اللغه[٤١].

**ئیجازە وەرگرتن:**

ئەو کاروانە درێژەی خوێندنی فەقێ کە جاری وا هەبووە (١٨) ساڵی خایاندووە[٤٢] ئەگەر فەقێیەک بەشایستەیی تەواوی کردبێت ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە لای مامۆستایەکی زانای باش ئیجازەی وەگرتووە کە پێی گوتراوە (ئیجازەی مەلایەت) یان (ئیجازەی دوازدە عیلم).

ئەم ئیجازە لە سەردەمی کۆندا ئەمانەتێکی گەورە بووە و[٤٣] بەشان و شکۆیەکی زۆر و ڕێزێکی کەموێنەوە دراوە و وەرگیراوە لە کۆتاییی ئەم باسەدا شێوەی وەرگرتنی ئیجازە و ئیجازە خوێندنەوە دەنووسم.

شێوەی ئیجازە وەرگرتنیش وا بووە: ئەو مەلایە کە ئیجازەکە دەدات یان لە شاردایە یا لە لادێ، ئەگەر لە شاردا بوو خاوەنی مزگەوتەکە یا پیاوماقووڵ و دەسترۆیشتووی ئەو گەڕەکە دەستەبەر دەبن بۆ مەساریفی ئەو ئیجازەیە. خۆ ئەگەر لە لادێش بوو خاوەنی ئەو دێیە دەستەبەری ئەو مەساریفە دەبێ.

مەساریفیش بریتییە لە شەکر و چا و شەکراوی ماوەی ئیجازەکە و، نانانی ئەو عالەمە کە بۆ ئاهەنگی ئەو ئیجازەیە کۆ دەبنەوە ـ ئەم نانە هەر لە لادێ – مێزەر و جوبە یا عەبایەک بۆ ئەو مەلایە کە ئیجازەکە وەردەگرێ، زۆرجار دەستەجلیشی لەگەڵایە، گەلێ جار عەبایەک بۆ ئەو مامۆستایەیە کە ئیجازەکە دەدا، هەندێ پارە بۆ ئەو مەلایە کە ئیجازە وەردەگرێ.

کە بڕیار درا چ ڕۆژێک ئیجازەکە وەربگرێ فەقێیانی ئەو مزگەوتە کە فەقێکەیان ئیجازە وەردەگرێ بانگی فەقێی ئەو شارە، یا ئەگەر لادێ بێ فەقێی ئەو ناوچەیە دەکەن. بە چەند ڕۆژ پێش ڕۆژی ئیجازەکە شادی و ئاهەنگ و هەڵپەرکێیە، فەقێ چاک هەڵدەپەڕێ، دەهۆڵ و زوڕنا نییە، چونکە بەحەرامی دەزانن، بەڵکو یەکێکی دەنگخۆش گۆرانی دەڵێ و ئەوانی تریش هەڵدەپەڕن. کوڕوکاڵی گەڕەک یا گوندیش تێکڵاویان دەبن.

لەم فەقێیانە دەستەیەکی زۆر خەریکی هەڵپەرکێ، گۆرانی وتن، دەستەیەک لەلایەکی ترەوە کۆڕێک دروست دەکەن و خەریکی پرسیار و وەڵام دەبن، دەستەیەکی تر لەلایەکی ترەوە خەریکی خوێندنەوەی (قصیدەی بوردە)ن.

لەم ئاهەنگ و هەڵپەرکێدا سوختە و موستەعید هەموو هاوبەشن، ئەو مەلایەش کە ئیجازە وەردەگرێ ئەویش بۆ هەڵپەرکێ بەشدارە. سەماوەر و قۆریە لە کارایە، چایش هەموودەم لە گەڕایە، ئەگەر شوێنی ئەم ئیجازەیە لە لادێ بێ ئەوە ئەو چەند ڕۆژە کە ئەو فەقێیانە لەوێن نان و خوانی ئەوانە لەسەر ئاغای ئەو گوندەیە و دەبێ لەوێ بن.

ئەم ئاهەنگە گەلێ جار لە سێ ڕۆژەوە تا هەفتەیەک درێژە دەکێشێ، جاری وا هەیە ئەو مامۆستایە ئیجازەی دوو سێ فەقێ دەدا بەیەکا و کۆبوونەوەی ئاهەنگ و ئیجازە هەر یەک دەبێ. کە کەوتە ڕۆژی ئیجازە دەنگی مەلای ئەو شارە و پیاوماقووڵەکان دەکرێ، لە لادێ دەنگی هەموو

ئەو دەوروبەرە دەکرێ، خوێندنەوەی ئیجازەنامە زۆرتر دەکەوێتە دوای عەسر، لە بەرهەیوانە گەورەکەی مزگەوت و ناو حەوشەدا هەموو بەیەکەوە دادەنیشن، مەلاکان و پیاوانی تر کۆڕیان جیایە، دەستەی فەقێ هەموو بەیەکەوە دادەنیشن لەلایەن فەقێکانەوە لە پێشدا دەست دەکرێ بەخوێندنەوەی قەسیدەی بوردیە، جوبە وە یا عەبا و مێزەرێک دەخرێتە ناو بوخچەیەک و لە بەردەمی ئەو مامۆستایەدا کە ئیجازەکە دەدا، دادەنرێ، پاشان ئەو مەلایە کە ئیجازەکە دەدا مەلایەک دەستنێژ دەکا بۆ ئەوە ئیجازەنامەکە بخوێنێتەوە جاری واش هەیە مەلاکە هەر خۆی دەیخوێنێتەوە.

کە هاتە سەر خوێندنەوەی ئیجازەنامەکە ئیتر فەقێکان واز لە قەسیدەی بوردیەکە دێنن، ئەمجا مامۆستایەکی قورئانخوێن هەندێ قورئان دەخوێنێ، پاش ئەوە مەلاکە هەڵدەستێ بەدەنگێکی بەرز ئیجازەنامەکە دەخوێنێتەوە، ئەم ئیجازەنامە بەزمانی عەرەبییە، لەو ئیجازەنامەدا نووسراوە بەزمانی ئەو مامۆستایەی کە ئیجازەکە دەدا دەڵێ: "لەبەر ئەوە پایەی عیلمی شتێکی بەرزە و نوورێکە لە نووری خوایی هەرکەس دەستی پێ بگرێ رزگار و سەرکەوتوو دەبێ لە هەردوو دنیادا"

پاشا بە چاکی و بەهرەی عیلمدا دێت و ئەمجا دەڵێ: "فلان داوای لێ کردم بۆ ئیجازەی تەدریس، منیش ئیجازەم دایە بەو مەرجە ئاگەداری بێ وەکو فلان ئیجازەی بە من داوە" ئینجا بەو زنجیرەیەدا دەڕوا کە کێ لە کێی وەرگرتووە تا دەیباتەوە سەر پێغەمبەر (د.خ) بێ و سەر (جبرائیل).

پاش ئەوە کە ئەم ئیجازەنامەیە خوێنرایەوە هەر ئەو مەلایە کە ئیجازەنامەکەی خوێندووەتەوە دەچێ دەستی ئەو مەلایە کە ئیجازەکەی وەردەگرێ، دەگرێ و دەیهێنێتە بەردەمی مامۆستاکەی، گەلێ جاری وا دەبێ ئەو مامۆستایە کە ئیجازە دەدا بەم مەلایە، مەلای گەورەتر و پیرتر هەیە لە شارەکەدا ئەویش لەو کۆڕەدا دەبێ و بۆ ڕێزگرتن لەو، بوخچەی جوبە و مێزەرەکە لە بەردەمی ئەوا دادەنرێ، بەکورتی جوبە و مێزەرەکە لە بەردەمی چ مەلایەکدا دانرا مەلای ئیجازەوەرگر دەهێننە بەردەمی ئەو کەسە، ئەو مەلایەش هەڵدەستێ مێزەرەکە دەبەستێ بەسەریەوە و جوبەکە دەکاتە بەری و ئەو ئیجازەنامەیە کە خوێنراوەتەوە دەیداتە دەستییەوە، ئەویش دەیخاتە باخەڵی، ئەوا ئەم فەقێیە بوو بەمەلا. ئەمجا لە پێشدا دەستی مامۆستاکەی خۆی لە پاشا یەکە یەکە بە مەلاکاندا دەگەڕێ و دەستیان ماچ دەکا و ئەوانیش پێی دەڵێن: "موبارەک بێ و خوا موەفەقت بکا" لەم کاتەدا شەربەت دەگێڕن و هەموو شەربەت دەخۆنەوە، کۆڕی مەلا بڵاوەی لێ دەکا، فەقێکان ئەو شەوەیش هەر ئاهەنگیانە"[٤٤].

دەقی ئیجازەنامەکان جگە لە پێشەکیی مامۆستای ئیجازەدەر و ناوی چەند مامۆستایەک لە سەرەتای ئیجازەکەوە ـ بە زۆری لەیەکەوە نزیکن – و دوای چەند مامۆستا کە ئیجازەیان لە یەکتری وەرگرتووە ڕشتەی ئیجازە دەچێتە سەر زانایانی بنەماڵەی حەیدەری و، چەند پشت. بێ پچڕان و پسانەوە. ڕشتەی ئیجازەنامەی زۆربەری مەلایانی کوردستان بەو زنجیرەدا دەڕوات[٤٥].

**هەوڵدان بۆ نووسینی مێژووی حوجرە:(*)**

وەک مێژووی گەلێ شت لە کوردستاندا نەنووسراوە، حوجرەیش ئەو بنکە رۆشنبیرییە تەمەن درێژە لای لێ نەکراوەتەوە و ژمارەی حوجرەکان و قوتابیان و شێوەی ژیانیان و رێزی مامۆستا و هەوڵ و کۆششی فەقێ و ماندووبوون و شەونخوونیيان و برسێتی و نەدارییان و لە تەک ئەوانەیشدا سووربوونیان لەسەر خوێندن و کۆڵنەدانیان تا گەیشتن بەئەنجام و ئامانج، شتگەلێکن تا لەسەریان بنووسرێت کەمە و، هەرچەند لەمەوپێش هیچیان بۆ نەکراوە، ئەگەر ئێستەیش ئەوەی دەماودەم دەگەڕێتەوە و ئەوانەی لە پەراوێز و کۆتاییی دەستخەتەکانەوە ماون یەک بخرێت، دەکرێ وێنەیەکی خوێندنی ئەوسای حوجرە ـ با زۆر تۆخ و تێروتەسەلیش نەبێ ـ بکێشرێت.

لەم بوارەدا هەوڵ دەدەم چیم دیوە و بیستووە کۆیان بکەمەوە:

* رەحمەتیی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆی گێڕامەوە فەرمووی: کە بۆ جاری دووەم بۆ خوێندن هاتمەوە خزمەت مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی فەرمووی: رۆڵە جێگە هەیە بەڵام نان نییە، ئەو نانەی دەیدەن بەفەقێکان هەر بەشی خۆیان دەکات.

فەرمووی: نامەت ئەدەمێ بۆ نانەوایەک ئەگەر بەڵێنی ئەوەی دا ڕۆژانە سێ نانت بداتێ، ئەوا جێگەت دەدەمێ. نامەی دامێ بۆ نانەواکە. خاوەنی نانەواکە زۆر مەرد بوو، وتی: مامۆستا کاغەز بنووسێ بۆ من بۆ نان؟! هەی بەسەرچاو.

* دوکتۆر فوئاد مەعسووم لە زمانی باوکییەوە بۆی گێڕامەوە وتی: لە دەوروبەری شاری سنە فەقێ بووین جاری وا هەبوو بە سێ مانگ گۆشتمان نەدەدی. دەچووینە سنە بە بەردەمی کەبابخانەکاندا هاتوچۆمان دەکرد بۆ ئەوەی بۆنی چەکەوری گۆشت و کەبابی برژاو بکەین و بەوە نەختێک حەز و ئارەزووی گۆشتمان بشکێت.

**باسی حوجرە لە شیعری مامۆستایاندا:**

لەناو فەقێیاندا چەندان فەقێی شاعیر و هەست ناسک هەبووە ئەو دیمەنانەی حوجرەیان بە خۆشی و ناخۆشییەوە تۆمار کردووە، دیارە زۆر لەو شیعرانە وەک بەرهەمی تری شاعیرانمان تێدا چووە، بەڵام تاک و تەرا لەملا و لا پارچە شیعر ماوە، ئەو شیعرانە لاپەڕەیەکی زیندووی سەردەمی خۆیان لەبارەی ژیانی حوجرەیانەوە تۆمار کردووە، هەوڵ دەدەم لەم دەرفەتەدا ئەو شیعرانەش بخەمە چوارچێوەی ئەم باسە.

نالی و حوجرەکەی

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومە داو

دوودی سەرمیچی گوڵەنگی لەتلەتی دەسرازە کۆن
بان و دیواری بە میشلی لانکی ئەجزا شکاو
هەر لەسەر بان دار بەداری رایەڵی بژمێرە وەک
لاپەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێ بەناو
ڕۆژ و شەو خۆش خۆش لە باتیی کا گەڵای پێدا دەکەن
وەک گەڵارێزانی پایز یەک یەکی دەڕژێتە ناو
هەر لە ئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرما دەبێ
ڕەنگە ناوی لێ بنێی: چوار طاقی سەرما تێ خزاو
ئاسمان هەورین دەبێ، ئێمەیش بەغەمگینیی دەڵێین:
ئەی خودا چ بکەین لە ژێر ئەم کاولەی کەس تیا نەماو؟!
ڕۆژی هاوینی وەها مشقاڵە ذەڕڕەی پڕ دەبێ
نیمە ذەڕڕێک سێبەری تێدا نییە غەیرەز هەتاو
فەصڵی هاوینی جەهەننەم، فەصڵی ئێستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وا بە تەئثیرە و، جەهەننەم وا بەتاو؟!
نەییری ئەعظەم وەها تاوی دەدا وەک مەنجەنیق
بۆ دەوامی ڕۆژپەرستیی جەمعی حەربای دێتە ناو
دار و بەردی پەنجەرەی وەک نەسجی بەیتی عەنکەبووت
مەنعی هیچ ناکا حەتا مێشیش کە خۆی لێدا بەتاو
ڕۆژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سەرشکێن!
ڕۆژی باران چەن شڕە و بێ عیصمەتە و ئابڕوو تکاو!
ڕۆژی بەفر و با وەکاشە، ڕۆژی باران قوفقەیە!
صاحیبی لازم کەبیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو
کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەڵۆکی دەربدا
سەوڵی بۆیە لازمە نەک جۆگەلە بیبا بەتاو
وەضعی ئاشی گەر نەبێ بۆچیی دەبێ پڕ ئاردەڵۆک؟
طەبعی قوفقەی گەر نەبێ، بۆچیی دەنیشێتە سەراو؟
کاسە وو کەوچک، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەروەکوو
کیسەڵ و ماسی و جلە دێن و دەچن پرژ و بڵاو
ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژەهاژ
شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوەژاو

ئەو دەلاقەی تێ دەخا چشت و مەکی پێدا دەبا
من لەوێ حەیران دەبم وەک ماڵ بڕاو و ماڵ براو
حوجرەکە ئاوس بوو، وەعدەی خۆی بەهارێ بوو بزێ
وەضعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو
خۆ زگی نیشتۆتە ئەرضی و، تومەزا هێشتا وەکوو
نوطفەکەی هەر ئاو بوو، بەریاویت لەبەر هەور و هەڵاو
ئاسمان تەرزەی کەلێدا، بەردەبارانمان ئەکا
سوختەکانمان رادەکەن، پاڵووپساو و قوون دڕاو
ڕادەکەن بۆ جانیبی دوککانی جەڕڕاح و طەبیب
چاک و دامەن هەڵکراو و، سەرشکاو و تەنگەتاو
لوطفی بانگوش بوو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان
گەر بەنی ئادەم بخنکێتن، سەراوە نەک بناو
چونکە نەتکرد قوڕبەسەریا تاوەکوو تەسکین ببێ
مەیدەرە بەر پێ لەقە، تو خودا، بڵا بگری بەتاو[٤٦]

## من كلام امين بن شيخ فتاح

هەتکی ئەم حوجرە دەکەم ئێستە بە ئەشعاری سووار
هەتکی بەو نەوعە نەکا قەط ئەبەدا «با بەدەوار»
چونکە پڕ ترسە بەدایم لە دەر و ژوور و سەری
کۆمەڵەی داوە چقڵ خەیلێ بە خەروار و تەغار
کوهنە وو کون کون و رووخاوە لە هەر شەش طەرەفی
دێتە دەر بێ حەد وو مەر سیسرک و عەقرەب و مار
مەفرەشە شڕشڕەکەی پڕیە لە ئەنواعی سپێ
سەرقەوی و پان و قەڵەو، جوملە وەکو ورچی نزار!
کێچی پڕ پێچی لەگەڵ رشکی وەکوو رەشکە هەیە
مشکی وەک مەشکە عەجەب دێن و دەچن هەر بەقەتار
پڕ دوکەڵ، پیس و چەپەڵ، دایمە وەک توونی حەمام
رۆژی لی کرمە شەوی هەر بەتەمب و گەرد و غوبار

داری سەرمیچی هەموو شینە وەکوو چێوخومی جوو
کەثرەتی بارشی بێ، وەک دەڵەمیز دێتە خوار
چڵکن و بۆر و سیەه، طاقی هەموو پڕ لە کونە
شەپەڕەی بەربوەتۆ هەر لە یەکێ تا بەهەزار
پڕ مەگەز، پڕ خەرەنەز، چیبکەم ئەمن لەم سەقەرە؟
مچی شاخداری هەیە وەک «حەچەکەی مامە غەفار»
نەگبەتێکی هەیە مەشهوورە بە جۆلایی کەرە
چادری مەکر و حیلەی تەندوە تێدا بەقومار
داغی ئەم حوجرەی پڕ جوحرەی خۆش ناکەمەوە
پەپوولەی خۆ شەڕەکا، حەملە دەبا وەک سەگی هار
فەرقی ئەوقاتی لە هیچ نییە بۆ مێشوولەکەی
شارەزوور وەقتی سەبوون کەی بووە وا هودڕەدار!
جرجی مل چرچی عەجەب زۆرە لەگەڵ کیسەڵی کۆن
بەخۆشیی و بەزم و طەرەب هەڵدەپەڕن لەیل و نەهار
مەنزڵی نەملی سولەیمانە، هەموو نەوعی هەیە
(هەرلە) و (پس پس)ەکەی دوورە لە ئەوصاف و شمار
چونکە نمدارە بەدایم بۆتە کانی زەروو
خشک و بۆقی لەگەڵ خەرچەنگی تێدایە بەبار
(زمهریر کە کەکوی حجرەام نارحتە!)
چاڵە کۆنێکە هەمیشە پڕە لە عەقرەب و مار
هەموو قەسراوە لە سەرما طەلەبە، ئەهلی عولووم
چونکە تێدا هەیە دایم یەخ و یەخبەند و سیخوار
مەغزی سەرمان چ نەماوە لە شەڕ و چنگ و کوتەک
خادیمی خانەیی مشکن! هەموو شەبڕەنگ و عەیار
نەظەری لوختی دەکەی بێ شک و بێ شوبهە وەکوو
ئاشکە کۆنێکە هەزار ساڵەی واپڕ خەس و خار
کونە زەنبوورە، دەدەن پوورە لە گوێچکە و سەروچاو
قەدەر و کەثرەتیان وەک مەلەخە سپاسننی پار
نەحس و بەدیومنە بە تەنها ئەمە لەم مەدرەسەدا
سپیی و بەرز و بڵند باقی، هەموو میثلی تەلار

جـوملـه پڕ فــەرش و خــەز و ئەطلـەس و دێبـا وو حـــەریر
سـەقـفـیـان عـووده لەسـەر عـاجـن و گـوڵ مـیـشکی تەتار
مـــەعـــدەنی عـــەطر و عـــەبیـــرن، بەمـــەثەل باغی ئیـــرەم
دوودەریـی ســــیـم و زەڕن پەنجــــەره پڕ نەقش و نیگار
چەمـــەنی پڕ ســــەمــــەن و نەســـتــــەرەنە دەورەکـــەیان
بەخ چەپڕ نـەش و نما جـــــیـلوه نما وەقـــــتی بەهـار!
چەمـەنی غـەمـزە دەکـا فـەصـڵی نەسـیـم وەقـتی سـەحـەر
زۆر خۆشی پێ دەکەوێ نەرگسی چاومەست و خـومـار[٤٧]

نموونەیەک لە ژیانی فەقێکانی کوردستان

لە پێنج خشتەکییەکدا

حـاڵی بەدحـاڵی ئەمن مـەعلوومـە ئیـفـشـای عـالەمـە
دیـده پـڕ ئـاب و، جگـەرداغ و، زوبـانم ئـەبکـەمـــــــە
عـەیش و شـادیم چاوەکـەم! گـریـان و شین و مـاتەمـە
ســاکنی گــۆشـــەی دەروونم پێم مـــەڵێ دەردت کـەمـــە
خۆ لەباتیی لەعلی فەننەر حوجرەکەم مەملووی خەمە
***
طـاقـــەت و صـــــەبر و قــــەرار و هـۆش و ئارامم چووە
مـــەصـلـەحت وایە ســـەری خــــۆم هـەڵگرم تاکـــو زووە
بۆ کـــەسێ دینی ببێ لەم جــێگەنیـــشـتن قـــەط بوە؟!
حـوجـرەکەی ئەمـدیو یەقـینەن هەر دەڵێی قـەبری جـوە
چون لەباتیی لەعل و لەمپا دوود و عـەقـرەب هەمدەمـە
***
قــەط لە باسی خـواردنی ئەم جـێگە هیچ کـەس نادوێ
دۆینەکـەی گـەر بیکەیە صـەحـرا ئیـتـر گیـای ناڕوێ
بێ درۆیە ئەم قـــســـە ئەیکەم بە راســتـــیی بی بێ
ئەر لە بەحثی ئەکل و شوربیش بێمە تەحریر جوزئێ
بێ درۆ نـابێ، لـە فـــەرضـێ، ئەر ببێ عـــەینی ســـەمـــە
***

من لەبەر خـوێندن بە دایم خوێنی جـەرگی خـۆم دەخـۆم
بێ کەس و، رووت و  غـەریب و، عاجز و، دڵ پڕ لە غەم
بەحـتی عـیلمی ئەم زەمـانـەت بۆ بکەم بێ زیاد و کـەم
گـەر قـسـەی راست ئەوێ (بابا) ئەمن عـەرضت بکەم
خـوێندن و تەحـصـیلی ئێـسـتـە باعـیثی دەرد و غـەمـە

***

من فـیـرارم کـرد لـەدەس ئەم جـێگە رێم تێی کـەوتەوە
بەختم هـەڵسـابوو لە خـەو، دووبـارە بۆ خـۆی خـەوتەوە
رەببی وێران بێ بەحـوجـرە و مـەدرەسـە و مـزگـەوتەوە
من خـۆ (مـەحـرووم)م لە چایی و هەم لە دار و نـەوتەوە
بەحتی دەرسیش خۆت دەزانی دەر دوو حەفتە یەک ژەمە[٤٨]

***

ئەم پارچە پێنج خشتەکییە مامۆستا (بابا) رەسووڵی بێدەینی و (مەحرووم) کە نازانم کێیە بەیەکەوە گوتوویانە.

شێخ رەزا و حوجرە

حـــــوجـــــــرەیـێـکـم هـەیـە
حـــوجـــرەیێکم هـەیە بەقـــەدەر لەپێ
رۆژ عـــیـلاجی نەکـــەم بە شـــەو ئەتـەپێ
مـــــەنفـــــەز و درز و ئـاودزی هـەرچـەند
دەیـگـرم، دەیـکـوتم بـە دەسـت و بـە پـێ
شـــەو کـە دێم دەم دەکـاتەوە وەکـوو هار
وا ئـەزانم ســـەگـــە و بە مـن ئـەحـــەپێ
ســــەر و ریشم پڕ لـە رشـک و ســـــپێ
خـــەمی شـــاگـــردەکـــان زیاتر ئەخـــۆم
گەورە هەرچاکە، ئاخ لە دەس دەس و پێ
ژنـی وەســـــتـــــاکــــــە...[٤٩]

**نەخۆشییەکانی خوێندنی حوجرە:**

بەڵێ مێژووی حوجرەمان بەدرێژاییی تەمەنی درێژی نییە، بەڵام بوونی ئەو هەموو زانا مەزنە و هەڵکەوتنی ئەو هەموو کەڵەمەلا لە سەرتاسەری کوردستاندا و ئەو هەموو دانراو و دەستخەتانەی کە بوویانە و، بەشێکی کەمی ـ لە چاو خۆیدا ـ گەییوەتە سەردەمی ئێمە، گوزارش لە مێژوویەکی زۆر باڵا و زێڕین دەکەن.

بەڵام ڕەوتی ئەم مێژووە بێ کۆسپ و تەگەرە نەبووە و ڕەنگە ـ جگە لە جەنگ و هەرا و بشێویی بەردەوامی ناو کوردستان ـ[٥٠] چەندین باری ناهەموار ـ سەرباری برسێتی و نەبوونی ـ هاتبێتە ڕێگەی خوێندنی فەقێیان، بەڵام ئەوان بەبڕوا و ئیرادەی پۆڵاینیان بەسەریاندا زاڵ بوون و ئەمان لە بەڵاکان باڵاتر بوون.

ئەمە لە کۆندا، لەم سەردەمەی دوایی نیو سەدە زیاتردا ئەوەی من دیومە و بیستوومە نەخشەگەلێکی زۆر ورد و شەیتانانە لەلایەنی ئەو کەسانەوە چاویان بەڕەوتی خوێندنی حوجرەدا هەڵنەدەهات دانرا و، زۆر لەوەیش وردتر کار بۆ جێبەجێکردنی کرا.

## بەکورتی هەندێک لەو خاڵانە دەستنیشان دەکەم:

**شیوعییەت:**

دوای بڵاوبوونەوەی شیوعییەت لە جیهانی ئیسلامیدا و، پەلکوتانی بۆ ناوچە دوور و دوورەدەستەکان، هەوڵی سەرەکیی مامۆستایانی ئەم پەتایە ئەوە بوو گەرا و میکرۆبەکانی لە شوێنگەلێکدا دابنێن کە سەدان ساڵ مەڵبەندی ڕۆشنبیری بوون و، حوجرەی گەورەی وەک زانکۆی ئەم سەردەمەیان تێدا بوو، بەدرێژاییی مێژوویان مەلای چاکیان پێ گەیاندبوو، نموونەی ئەمەیش لە مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری و حوجرەی وەک: (بیارە) و (تەکیە)ی قەرەداغ و، (بانی خێڵان) و...

زۆری نەخایاند لەو شوێنانەوە بیری سوور لە بریی نووری خوایی چەکەرەی کرد و سەری هەڵدا و بیر و مێشکی فەقێیان ـ و بگرە مامۆستایانیش ـ کرمن و بۆگەن بوو، لە بریی ئەوەی لەسەر ڕێبازی سەدان ساڵەی حوجرەی مەلای چاک پێ بگەیێنرێت بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی مارکسییەت و ڕووخاندن و هەرەسپێهێنانی کۆشک و تەلاری زانست لە کوردستاندا دەکرا، وردە وردە هەست و هۆشی کەسانی وریا و بلیمەت و هیوای دواڕۆژی گەل سست و بەنج کرا و بەرەو هەڵدێر و ڕێی سەخت و دژواری سیاسەت ڕاپێچ کران، بەجۆرێک تەخت و تەمڵەکی خوێندن بنکەن و لەق کرا و ئیتر جێگەی خۆی نەگرتەوە.

**دەورەی تەربەوی:**

لە ساڵەکانی (١٩٥٧ـ ١٩٥٨)دا نەخشەیەکی تری[٥١] دانرا، ئەمجارەیان بۆ چۆڵکردنی حوجرە و

مەدرەسەكانی كوردستان لە فەقێ – و بگرە لە مەلای كۆنیش – و پێوەدانی دەرگەی حوجرەكان بەتەماعی مشتێ پوول و دینار بوو.

تۆكمە و پتەویی ئەم نەخشە و سەركەوتنی لە چۆڵكردنی مزگەوتەكانی كوردستاندا لە مەلا و فەقێی باش لە دوو خاڵدا ڕوون دەكەمەوە:

یەكەم: مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، كە تا دوا هەناسەی ژیانی ئاواتی ئەوە بوو ژیانی خوێندنی كۆن بۆ حوجرەكانی كوردستان بگەڕێتەوە و مزگەوتەكان بە مەلا و فەقێ ئاوەدان ببنەوە... فەرمووی: ئەوانەی كە چوونە ئەو دەورەوە و ژماردمن ئەوەندەی من زانیم (٦٥٠) كەس بوون وەک فاتیح ـ خوالێخۆشبوو كاک فاتیحی كوڕی مامۆستا ـ و ئەمسالی ئەو.

دووەم: سەرەتای خوێندنی من لە حوجرەی سلێمانیدا كۆتای ساڵی ١٩٥٨ و سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ بوو، كە هاتمە سلێمانی بینیم مزگەوتەكان لە فەقێ و موستەعیدی باش چۆڵ بوون و، تاک و تەرایەک نیمچە موستەعید مابوو، كە ئەوانیش چووبوونە تاقیكردنەوەوە بۆ دەورەكە بەڵام بەختیان نەیبڕیبوو لە تاقیكردنەوەدا دەرنەچووبوون، ئەوانیش سەرگەردان و هیوابڕاو بۆ بەختی رەشی خۆیان دەگریان و هەندێكیان پەنایان دەبردە بەر ئەوە بچن شەربەتفرۆشی و كرێكاری بكەن و، هەندێكشیان شەوان بەدزییەوە ئەچوون لە مەكتەبی شەو دەیانخوێند بەڵكو لەو ڕێگەوە بگەنەوە بەهاوڕێكانیاندا.

**مەعهەدی ئیسلامی:**

دوای ئەو دوو دەردە كوشندە كە خوێندنی حوجرەیان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنا، تاک و تەرا و داڵەواز فەقێی سوختە و بەتەمەن منداڵ لە حوجرەكاندا مابوون و لای مامۆستا بە تەمەنەكان دەیانخوێند، بۆ ئەمانەیش (مەعهەدی ئیسلامی) كرایەوە كە – گوایە – چارەسەری ئەو نەهامەتییەی حوجرە بكات و، بەشێوەیەكی نوێ گوڕ و تینێک بەخوێندنی حوجرە بداتەوە، بەڵام ئەمیش لەسەر بنەما و نەخشەیەكی دروست نەبوو، ئەگەر تاک و تەرایەک لە حوجرەكاندا بووبێ حەزیان لە خوێندن بێت ئەوا لە تەک كەسانێكدا تێكەڵیان كردن ئەو حەز و ئارەزووی خوێندنەیان لە دەروونیاندا مراند و، ئەمانەیشیان دەستەپاچە و كەوەدەن كرد.

بۆ نموونە: بۆ وەرگرتن لەو مەعهەدەدا جگە لە فەقێكانی مزگەوتەكان، قوتابیی پەروەردەیش وەردەگیران، بەڵام كام قوتابی؟ بنەمایەک بۆ ئەوە دانەنرابوو كە قوتابی زرنگ و وریا و لێهاتوو وەربگرێت، بەڵكو بە زۆری ئەو قوتابیانە ڕوویان كردە مەعهەد كە لە قوتابخانەكانی پەروەردەدا شكستخواردوو بوون و، دوو ساڵ و زیاتر لە پۆلەكانیاندا مابوونەوە و، لەوە دەستبڕاو بووبوون كە درێژە بەخوێندن بدەن، ئەمانە بەكۆمەڵێک نەخۆشی و تەمەڵییەوە بوون بە قوتابیی مەعهەدی ئیسلامی و، لەسەر بنەمای واسیطە و كوڕی فڵان نامەی فڵان وەرگیران و، ئەمانیش لە بریی ئەوە

کەلێن پڕ کەنەوە و قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە لە خوێندنی حوجرە دران، بەکۆمەکی هەندێ مامۆستا کە شیاوی ئەوە نەبوون دەرز بڵێنەوە و کران بەمامۆستا، ئەوەندەی تر شەبەق و کەلێنیان خستە جەستەی خوێندنی حوجرەوە.

**مادەی موەقەتە:**

دیارە مزگەوتەکانی کوردستان هەموو کات پێویستییان بەوە هەبووە مەلایان ببێت و پێشنوێژ و وتاربێژیان بۆ دابین بکرێت، لەولایشەوە ئەو برین و کەلێنانەی کرانە جەستەی خوێندنی حوجرە ـ سەرچاوەی پێگەیاندنی مەلا بۆ مزگەوتەکان ـ ئەوەندە قووڵ و بەرین بوون بەئاسانی پڕ نەدەکرانەوە، بۆیە داوودەزگاکان کەوتنە بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگە و شوێن ـ با گونجاویش نەبێت ـ بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی پێ پڕ بکەنەوە.

یەکێک لەو ڕێگەیانەی گرتیانە بەر ئەوە بوو پرۆسەیەکیان داهێنا، ناویان نا (المادة المؤقتة) بە پێی ئەم مادە ئەو فەقێیانەی شتێکیان خوێندبوو نەچووبوونە مەعهەدی ئیسلامی و، هیچ شەهادە و بەڵگەنامەیەکیان نەبوو، کتێبەکانی مەنهەجی خوێندنی حوجرەیان بۆ دیاری دەکرا و، ناو بەناو، هەر یەک دوو مانگ جارێک لە چەند کتێبدا تاقی دەکرانەوە و، قۆناغ قۆناغ پێش دەکەوتن و، وای لێ هات لە ماوەی چەند مانگێکدا شەهادەیەکیان دەدانێ موعادیلی شەهادەی شەشی دواناوەندی بوو و، ئیتر (کولیەی شەریعە) خۆت بگرە و هاتم!

ئەوەی دیاردەی سەرەکی بوو لەم پرۆسەدا– هەرچەند خۆی لە خۆیدا هیچ و پووچ و بێ بناغە بوو ـ: دانانی پرسیاری ئاسان و ناشایستە، گزی و قۆپییە، پرسیار دزین، پرسیار پێگوتنەوە، تەنانەت دەفتەر گۆڕینیش!

بەمەیش دەرگەی خوێندنی ئیسلامی و حوجرە بۆ سوپایەک لە نەخوێندەوار و بێ بەهرە و بێ بروا بەخوێندنی حوجرە خرایە سەرپشت و گۆمەکە لێخنتر و، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر کرا.

**ئیجازەی بەکۆمەڵ:**

ئەوەی من بیستوومە و خوێندوومەتەوە و خۆیشم لەسەریم نووسیوە، ئەوەیە ئیجازەی مەلایەتی لە کۆندا پەیمانێکی زۆر موقەدەس و پیرۆز بوو، نە هەموو کەس دەیتوانی ئیجازە بە فەقێ بدات و ڕێگەی بەمەلابوونی بۆ خۆش بکات، نە هەموو فەقێیەکیش شیاوی ئەوە بوو ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێت، تەنانەت ئەمانەتی ئیجازە ئەوەندە بە گەورە و گران تەماشا دەکرا مامۆستایەک کە ئیجازەی بەفەقێیەک بدایە لە ئیجازەنامەکەدا دەینووسی: "ئەوەندە دەرزی لە سەرەتای توحفە و، ئەوەندە دەرزی لە کۆتاییی مەواقیف و ـ بۆ نموونە ـ ئەوەندە دەرزی لە بەیضاوی... لەلای من خوێندووە. لەسەر ئەو بنەما و بەو ئەمانەتە ئیجازە دەدرا بە فەقێیەک و دەبوو بە مەلا، ئەو ڕووداوە وەک ڕووداوێکی گرینگ ماوەیەک دەنگوباسی کۆڕ و کۆمەڵان دەبوو دێ بە دێ دەرۆیشت.

بەڵام لەم سەردەمەدا و ماوەیەکە وای لێ هاتووە کە مەلایەک خۆی کۆلکەمەلایە و شیاوی ئەوە نییە ئیجازە وەربگرێت، دێت شەش حەوت فەقێ و ـ زیاتریش ـ کۆ دەکاتەوە، کە بە هەموویەوە یەکی شەش حەوت دەرزی راستی پێ نەوتوون، لەناو کۆڕێکی گەورەدا ئیجازەنامەیەکیان بەسەردا دەخوێنێتەوە، کە بەزۆری ئیجازەنامەکەیشی بۆ نووسراوەتەوە و مامۆستای ئیجازەدەر خۆی توانای ئەوەی نییە و هێزی بەسەر ئەوەدا ناشکێت ئیجازەنامەیەکی دروست بە زمانی عەرەبی بنووسێتەوە.

**شەهادەی تەزویر:**

یەکێکی تر لەو پەتایانەی داکەوتووە و دامێنگیری خوێندنی حوجرە و مزگەوت بووە و، کارەساتێکی ئەنجام و شوێنەواری لە گەلێ لە دەردەکانی پێشوو خراپترە (شەهادەی درۆ و تەزویرە).

ئەو پەتایە دەمێکە بڵاو بووەتەوە و، سەرەتاکەی بۆ سەردەمی رژێمی گۆڕکراوی سەدام دەگەڕێتەوە، کە هەر کۆلکەخوێندەوارێک بچووایەتە لای عیزەت دووری و کڕنووشی بۆ ببردایە، بێ گوێدانە توانا و مەرجی خوێندەواری لە خوێندنی باڵا وەردەگیرا. ئەم پەتایە زیاتر تەشەنەی کرد و لەم ماوانەی دواییدا دەیان کەس بێ ئەوەی بەڵگەنامەی سێی ناوەندیشیان هەبێت بەتەزویر بەڵگەنامەی شەشی دواناوەندییان بۆ کرا و، لە زانکۆدا وەرگیران و، بێ ئەوەیش دەوامی زانکۆ بکەن تەنیا لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا ئامادە دەبوون و بەگزی و بەرتیل تاقیکردنەوەکانیان تێ دەپەڕاند و ئیستە بەو فرۆفێڵە هەڵگری بەڵگەنامەی زانکۆن![٥٢].

**میراتی مەلایەتی:**

لە چەند بۆنە و شوێندا باسی ئەوەم نووسیوە کە بنەماڵە زانیارییەکانی کوردستان زۆر زۆر بوون و گەلێ بنەماڵەی وا هەبووە پشتاوپشت بێ بڕانەوە باوک ئاڵای زانیاریی بە میرات داوە بەکوڕی خۆی و کوڕیش ئەو ئەمانەتەی بۆ نەوەی خۆی پاراستووە و، بنەماڵەی وا هەبووە (٢٥) پشت بەو شێوە هەڵگری ئاڵای زانیاری بوون[٥٣].

بەڵام زانیاری و زانست تەنیا شتێکە بەمیرات نابرێت، واتە ناگونجێ باوک زانا و خوێندەوار بێت و کوڕەکەی وا نەبێت و، کوڕەکە دوای مردنی باوکی زانیارییەکەی ئەو بەرێ بۆ خۆی. کەچی هەندێ جار لە کوردستاندا ئەمە ڕووی داوە، واتە دوای مردنی باوک کوڕەکەی ـ با خوێندەوارییەکی ئەوتۆیشی نەبووبێت ـ لە جێگەی باوکی دانراوە و کراوە بە مەلا. ئەمەیش بووە بەهۆی ئەوەی لەو مزگەوت و مەدرەسەدا فەقێ بە ناچاری لای ئەو مەلا ـ ی نامەلا ـ بخوێنن و تووشی چەواشەکاری بن.

**نەبوونی و دەستکورتیی مەلا:**

مامۆستایانی مزگەوت و حوجرە بەشێکیان دنیانەویست بوون و گوێیان بە ژیان نەداوە و تەنیا خزمەتی ئاین و پێگەیاندنی فەقێ و مەلایان مەبەست بووە، بەشێکیشیان خۆیان دارا و خاوەن دەستەلات بوون، بەتوانای خۆیان ژیاون و ژیانی فەقێیانیشیان دابین کردووە. بەشێکیشیان هەبووە ویستوویەتی و حەزی کردووە وەک خەڵکی تر بژی بەلام دەستی نەکەوتووە و بۆی نەلواوە[٥٤].

ئەمە حاڵی بەشی زۆری مامۆستایانی کوردستان بووە، ئەمەیش نەک بۆ لادێ و کوێرەدێ دوورەدەستەکان بگرە شار و شارۆکەکانیش لەمەدا وەک یەک وا بوون، لە نووسینێکدا باسی ئەوەم کردووە کە مووچەی مەلاکانی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٣٠)دا (٩٥) روپیە بووە[٥٥].

گەلێ جار بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پەنا براوەتە بەر هەندێ حەلی گونجاو و نەگونجاو، وەک ئەوەی شکارتە بۆ مەلای دێ کراوە و بەزۆری شکارتەی مەلا وەک شکارتەی شوان و گاوانی گوندەکە وا بووە. یان جگە لە سەرفیترە و زەکات لە جەژنەکاندا پارە بۆ مەلا کۆ کراوەتەوە، ئەمەیش بەشێوەیەکی ناشیرین و قێزەون: پێش نوێژی جەژن یەکێک هەڵساوە کڵاوێکی گرتووە بەدەستیەوە و بە بەردەمی نوێژکەرەکاندا گەڕاوە و داوای پارەی لێ کردوون بۆ مەلا!

ئەمە لەو ڕووەوە نەخۆشیی حوجرە بووە کە کوڕی مەلا دیویەتی باوکی بەو شێوە دەژی لە خوێندن و حوجرە رای کردووە و نەیویستووە لە حوجرەدا بخوێنێ تا بەو جۆرە بژی!

دەبێ لە کۆتاییی ئەم هەوڵەدا بۆ زانینی شتێک لەبارەی حوجرە و مەدرەسە ـ بەگوێرەی توانا و ئەو سەرچاوانەی لە دەستمدان ـ ئەوە لە بیر نەکەم کە ئەم هەوڵە سنوورێکی تەسک و ماوەیەکی کورت دەگرێتەوە و، کەمتر لە سنووری کوردستانی عێراق دەردەچێت و کۆنترین مێژووی مەدرەسەیش کە دەستم کەوتووە بۆ دەوروبەری (٥٠٠) ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە. دیارە بۆ مێژووی حوجرە و مەدرەسەکانی تێکڕای کوردستان بەدرێژاییی مێژووی حوجرە زۆر لەمە زیاتری دەوێت و، ئەمە هەوڵێکی سەرەتاییە بەڵکو لەمەولا و هەوڵی تری بە شوێندا بێت.

پەراوێزەکان:

(*) ئەم بابەتەم پێش دوو ساڵ نووسیوە ناردم بۆ (دائرة معارف بزرگ إسلامي) بەلام بیستم ئەو پرۆژە وەستێنراوە، بۆیە لێرەدا بلاوی دەکەمەوە.

(١) بڕوانە: سيرة النبي (ص) لابي محمد عبدالملك بن هشام، راجع أصولها وضبط غريبها، وعلق حواشيها، ووضع فهارسها المرحوم الشيخ محمد محي الدين عبدالحميد، دار الفكر. بيروت. لبنان، ١٣٥٦، ١٩٣٧، الجزء الثاني، ص: ١١١ـ ١١٤.

(٢) پیرەمێرد لەم بارەیەوە وتوویەتی:

دەورەی ئەصحابان سێ مزگەوت کران:

یەکێ لە (نگڵ) دووەم لە (کرمان)
سێهەم لە (خورماڵ) سەرچاوەی کوردان
هەرسێ ئاساری ئەولاّی هۆمەران
بڕوانە: ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (٦٣٩) ساڵی (١٩٤١).

(٣) ئەمە لە پەنای قورئانێکی دەستخەتدا نووسراوە کە لە (د.ع) لە بەغدا بە ژمارە (١٦٤٢٥) نووسراوە و، قورئانەکە بەقورئانەکەی (سەرگەت) ناسراوە.

(٤) بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، ١٩٧٥، مطبعة الحوادث، بغداد ل: ٣٥.

(٥) بڕوانە: شرفنامەی شرفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە چاپ دراوە، چاپخانەی نعمان، نەجەفی پیرۆز، ١٣٩١ ک ـ ١٩٧٢ز ل: ٦٦٢.

(٦) بڕوانە: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، سیاحتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی ناکام، ١٩٧٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل: ٢٧٨.

(٧) بڕوانە: محمد علي القرداغي دور الأمراء البابانيين في خدمة الثقافة الاسلامية من خلال بقايا مكتباتهم، گۆواری کۆڕی زانیاری. دەستەی کورد. چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغداد. بەرگی سی و یەکەم، ١٤٢٧ك ـ ٢٠٠٦، ل: ٤٤١.

(٨) بڕوانە: تأریخ مردوخ، تألیف فاضل شهیر حضرت آیت اللّه شیخ محمد مردوخ کردستانی، تهران: نشرکارنگ، ١٣٧٩ چاپ اول، ص: ٢٧٨.

(٩) بڕوانە: بایەخدانی میرانی ئامێدی بەڕۆشنبیری لە دەڤەری بادیناندا، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، چاپی یەکەم.

(١٠) مشاهير الكرد وكردستان، محمد أمين زكي، بنكەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٥، ص: ٨٨.

(١١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم ل: ٥١ و ٥٢.

بەداخەوە ئەوە نابوێرم کە پاشماوەی کتێبخانەی ئەم مەدرەسەیە زیاتر لە (٣٠٠) دەستخەتی نایابی کەموێنە بوو لە حەفتاکاندا لە ڕێگەی مەلایەکی ئەو ناوچەیەوە بە پیکابێک گەیێنرایە (دار صدام للمخطوطات)ی ئەوسا و بەپارەیەکی کەم لێی کڕدرا. ئەو دەستخەتانە بە ژمارەکانی (٢٠٧٦٥ تا ٢١٠٨٦) لە کتێبخانەی ناوبراودا پارێزراون.

بڕوانە: مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم: ل: ٢٨٢.

(١٢) بڕوانە: بنەماڵەی زانیاران، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق بەغدا، ١٤٠٤ک ـ ١٩٨٤ز، ل: ٤٢١.

(١٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ١٧٣

(١٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چاپخانەی (الخنساء) بەغدا، ١٤٢٣ ک ـ ٢٠٠٣ز، چاپی یەکەم، ل: ٢٨٠

(١٥) بڕوانە: الموجز في تواريخ حياة الاسلاف الكرام، تألیف: الشيخ عبدالله السنوي، راجعه وعلق عليه وقدم له محمد علي القرداغي، بنكەی ژین، السليمانية، الطبعة الاولى ٢٠٠٧.

(١٦) بڕوانە: بنەماڵەی زانیاران، ل: ٢٥٧.

(١٧) من خۆم قورئانم لای مامۆستایەکی ئافرەت خوێند کە بەرانبەر دەرز پێ وتنم هیچی لێ وەرنەگرتم. بڕوانە: مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، ل: ١١.

(١٨) نموونەی ئەم مامۆستایانەیش لە تەکیەی زادگای مندا بووە و بۆیان گێڕاومەتەوە کاکە عەبدوڵای شێخ حەسەن. خوا لێی خۆش بێت. یەکێک بووە لەو مامۆستایانەی خۆی جووت و گای هەبووە کاسبی و جووتیاریی کردووە و لە بەروبوومی جووت و گای خۆی حوجرەکەی بەڕێوە بردووە.

(١٩) بڕوانە: شاری سلێمانی، ئەکرەمی مەحموودی صاڵی ڕەشە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٧ ل: ١٣٨.

(٢٠) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، لاپەڕە: ٦٤، هەر بۆ نموونە تەماشای لاپەڕەکانی (١٥و ٤٠ و ٥٩)ی هەمان بەرگ بکە، هەروەها لاپەڕە (٤٧)ی بەرگی چوارەمی هەمان سەرچاوە.

(٢١) بڕوانە: شهرزور السليمانية، اللواء والمدينة، للمحامي عباس العزاوي. راجعه وقدم له وعلق عليه محمد علي القرداغي، الطبعة الاولى، مطبعة السالمي، بغداد، ١٤٢٠هـ ـ ٢٠٠٠م، ص: ١٥٣ و: هوية كركوك الثقافية والادارية، محمد علي القرداغي، دار آراس أربيل، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧، ص: ١٤٨.

(٢٢) بڕوانە: الشيخ معروف النودهي، محمد الخال، ص: ١٧.

(٢٣) بڕوانە: الشيخ عبدالله الخرپاني من خلال مخطوطات مكتبته، محمد علي القرداغي، گۆواری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە: ٢/ ٢ ساڵی ١٩٧٤، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا.

(٢٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەکانیانەوە، بەرگی یەکەم ل: ٣٥.

(٢٥) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ل: ٣٦.

(٢٦) بەڵکو لە شارەکاندا لە تەک ڕاتبەشیدا لە پایزاندا (دەقنە) هەبوو کە هەندێ پێداویستی زستانی فەقێکان لە: برنج و ساوەر و پیاز و شتی وشکە کۆ دەکرایەوە و، ئەمەیش شێوە و نەریتی خۆی هەبوو.

(٢٧) بڕوانە: شهرزور. السليمانية، ل: ١٥٣.

(٢٨) بڕوانە: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٩، چاپی یەکەم: ل: ٤١ ـ ٤٤.

(٢٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، ل: ٥١ و ٥٢.

(٣٠) بڕوانە: علماء ومدارس في أربيل، زبير بلال اسماعيل، مطبعة الزهراء الحديثة، موصل، ١٤٠٤ هـ ـ ١٩٨٤ م، ص: ١٨ ـ ١٩.

(٣١) بڕوانە: دەستخەتی ژمارە (١٦٤٢٥) قورئانەکەی سەرگەت.

(٣٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم. ل: ٥٧.

(٣٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم. ل: ٦٤.

(٣٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ل: ٥٢.

(٣٥) بڕوانە: حضارة الدولة الدوستكية، عبدالرقيب يوسف، ج٢، ص: ٤٠٤.
(٣٦) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم ل: ٥٢.
(٣٧) بڕوانە: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، ل: ٢٨٢، في رحاب أقلام وشخصيات كردية، التعريف بمساجد السليمانية، محمد القزلجي، راجعة وقدم له وعلق عليه محمد علي القرداغي، بنكەی ژین، السليمانية، ص: ٤٢.
(٣٨) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، ل: ٦٠، ٦١.
(٣٩) بڕوانە: مراكز ثقافية مغمورة في كردستان وملاحظات ، محمد علي القرداغي، جريدة العراق العدد: ٦٤٤٠، ٢٥/ ١٢/ ١٩٩٧.
(٤٠) بڕوانە: کوردەواری، علاءالدین سجادی، چاپخانەی معارف، بەغدا، چاپی یەکەم، ل: ١١٣.
(٤١) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە: ١١٠، ل: ١٢٣.
(٤٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، ل: ١٦.
(٤٣) لەم ڕووەوە دەگێڕنەوە مامۆستا مەلا (عبدالعظیم)ی سەولاوایی کە ئیجازەی داوە بەفەقێ لەسەر ئیجازەنامەکەی نووسیوە: "بحقيقت مجازاست ن مجاز" و ئەگەر فەقێیەکەی بە دڵ بوویێت و بەشیاوی ئەوەی زانیبێت ئیجازە وەربگرێت (مُجاز)ی بە (ضمة ـ بۆر)ی میمەکە بۆ نووسیوە، ئەگەر وایش نەبوویێت، ئەوە (مَجاز)ی بە (فتحە ـ سەر)ی میمەکە نووسیوە.
(٤٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، ل: ٦٨
(٤٥) بۆ زیاتر ئاگەداری لە دەقی ئیجازەنامەکان بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ل: ٧٠ ـ ٧٣
(*) ئەمەم وەک پاشکۆیەکی بابەتی پێشوو نووسیوە و دەیخەمە پاڵ ئەو بابەتە، بەیارمەتیی خوا لە چاپی دووەمی مێژووی زانایانی کورددا جێگەیان دەکرێتەوە.
(٤٦) بڕوانە: دیوانی نالیی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل: ٣٥٥.
(٤٧) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة)، ١٩٩٣، چاپی یەکەم. ل: ٩٣.
(٤٨) بڕوانە: ژمارە (١٠)ی پاشکۆی عێراق. ساماڵ (محەمەد عەلی قەرەداغی) ١٩٧٧/١٢/٣١.
(٤٩) ئەم پارچە لە دیوانی شێخ ڕەزاکەی شوکور مستەفادایە. لە سەرەتایەوە نووسراوە (حەوشەیێکم) بەڵام لە خوارەوە دەڵێ: لە (م ت)دا (حوجرەیێکم)ە دیارە ئەمەیان ڕاستە؛ چونکە حەوشە سەری نییە تا بتەپێ.
لە دوای بەیتی سێیەمیشەوە وەک نیو بەیت کەوتبێت وایە، لە بەیتی دوای ئەوەیشدا ئاڵۆزی لە بەیتەکان و مانایاندا هەیە.
بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠، ل: ١٢٣.
(٥٠) یەکێک لەو دیمەنانە: مامۆستا مەلا محەمەدی سیوچپی بانەیی (جەفایی) دەفەرموێ: لە ترسی سوپای (طهماسپ) ڕامان کردبوو خۆمان لە گوندی (وژنانە) شاردبووەوە.

ئەم خۆشاردنەوەیەشیان بەوە بووە لە مەدرەسەی ماوەران بوون و ئەو مەدرەسە گەورەیان چۆڵ کردووە.
لەم بارەوە بڕوانە: لاپەڕە ٧١ی بەرگی دووەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایان. هەروەها بڕوانە: لاپەڕە ٣٢٦ی بەرگی چوارەمی هەمان سەرچاوە.

(٥١) ئەم قسەم بە سادە لێ وەرمەگرن و، وای بۆ نەڕوانن کە لە خۆمەوە ئەم نەخشە بە پیلان دادەنێم؛ چونکە لەو کاتەدا لە زۆربەی دێهاتی کوردستاندا مەکتەب و قوتابخانەی سەر بەمەعاریفی ئەوسا و پەروەردەی ئێستە هەبوو، هەموویشیان کەم تا زۆر مامۆستایان هەبوو، بەڵام حوجرەکان کەم بووبوونەوە، ژمارەیان بەپەنجەی دەست دەژمێرا، ئاخۆ نەدەکرا ئەو حوجرانە وەک بنکەی ڕۆشنبیری بمێننەوە و شان بەشانی قوتابخانەکان وەک سالانێ هەر ئەوان مەڵبەندی ڕۆشنبیری بوون بمێننەوە و خزمەتی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بکەن و مزگەوتەکانیش کە بنکەی ئاینی گەلی موسڵمان بوون بێ کادیر مامۆستا و کارمەندی باش نەکرێن؟

لەو کاتەدا کە مانگانەی دانراو بۆ دەرچوویەکی دەورەی تەربەوی لە سنووری ٢٥-٣٠ دیناردا بوو مووچەی ئەو مامۆستایەی ئەوی پێ گەیاندبوو تەمەنی وەک تەمەنی باوکی ئەو دەرچووی دەورە وابوو و سالانێ خزمەتی ڕۆشنبیری و ئاینیی کردبوو لە باشترین و بەرزترین حاڵدا نەدەگەییە (١٠) دینار، بۆ ئەو مامۆستا تا لە مزگەوتدا بوو ئەوەی - بە هەزار زەحمەت - پێ ڕەوا دەبینرا کە لە مزگەوت دەردەچوو پارەی مۆڵی بەپێی ئەو سەردەمە بۆ دەرژێنرا؟

کە دەڵێم: بە هەزار زەحمەت... ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم ئەو یاسای میستەر کووکی ئینگلیزی بۆ مەلای دانابوو جگە لە هیچ و پووچی مووچە و دەرماڵەی مەلاکان لەو یاسادا بنەمایەک بوو تەرفیع و زیادکردنی ئەو مووچە نەبوو، تەنانەت لە ساڵی ١٩٧١دا کە وتارێکم بەناوی خواستە لە ڕۆژنامەی (التآخي)دا بە ناونیشانی (نظرة جديدة حول الأوقاف ورجال الدين)ەوە بڵاو کردەوە (عبدالرزاق فیاض)ی جێگری سەرۆکی دیوانی ئەوقاف ئەوەی دایەوە بە ناوچاوانماندا کە پێشتر ئەگەر مەلایەک بیویستایە تەرفیع بکات دەبوو قەسیدەیەکی (طنانە ورنانە)ی بنووسیایە و پێشکێشی دەستەڵاتی باڵای بکردایە بۆ ئەوەی تەرفیعی پێ بکرێت!.

(٥٢) هەفتەنامەی ئاسۆ بە ژمارە (٥١١) ڕۆژی (٢٢/ ٨/ ٢٠٠٧) ناوی پتر لە (٦٠) کەسی هەڵگری بڕوانامەی تەزویری بەناونیشان و وێنەوە بڵاو کردەوە. فەرمانبەرێکی (کۆلێجی کوردستان)یش پێی ڕاگەیاندم، کە ئەوانیش لیستێکیان لایە کە هەموویان هەڵگری شەهادەی تەزویرن، لە لیستەکەی هەفتەنامەی (ئاسۆ) کەمتر نییە.

(٥٣) بنەماڵەی مامۆستایانی بیارە (٢٥) پشت بێ پسان و بڕانەوە لە مەدرەسەی بیارەدا مامۆستا بوون و کوڕ بە شایستەییەوە جێگەی باوکی خۆی پڕ کردووەتەوە و درێژەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مەلا داوە (بڕوانە: مدرسة بيارة وشيخ عبدالكريم المدرس، الحوار، عدد: ١٧/ ٢٠٠٣).

(٥٤) مامۆستایەکەمان لە دوای نووسینێکەوە نووسیویە:

"بيد حقير فقير پر عجز تقصير حسن جگر بريان از براى يكقران براى خەرجى رمضان بمثال عاشقان از دورى محبوبان ميگداختم" بڕوانە: کەشکۆڵستان، بەرگی چوارەم (دەستخەت) ل: ١٥٢.

(٥٥) بڕوانە: ئاورێک لە ڕابردوو. لە (١٩٣٠)دا مەعاشی هەموو مەلای هەڵەبجە (٩٥) ڕوپیە بووە. محەمەد عەلی قەرەداغی، هاوکاری، ژمارە: ٤٥١، ١٢/٤/ ١٩٧٨

# سەربەخۆیی کوردستان و فراوانبوونی ڕووسیا لە ١٩٤٦

ویلیەم لن وێستەرمەن

لە دوای شەڕی کەنداو، لە پرێکدا، کێشەی کورد زیندوو بووەوە. ئێمەش وامان بە چاک زانی کە گوتارێک پێشکێش بەخوێنەرەکانمان بکەین کە لە ژمارەی تەمووزی ساڵی ١٩٤٦ لە کاروباری دەرەوە Foreign Affairsدا بڵاو کرابووەوە و وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەنی بابەتەکە ماوەتەوە. خوا لێ خۆشبوو دوکتۆر وێستەرمەن کە ئەو گۆتارەی نووسییەوە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، پرۆفیسۆری مێژوو بوو. ئەو بابەتەش لەبەرئەوە نووسراوە، چونکە واشنتۆن لە هەبوونی پێوەندییەکی نێوان شۆڕشی کورد و یەکەتیی سۆڤیەتیدا نیگەران بوو هەر لەبەرئەوەشە کە تایتڵی گوتارەکە وەک خۆی بە کۆنی ماوەتەوە. ڕاستە قەیرانی کۆمارە کوردییەکە لە کۆتاییدا بزر بوو، بەڵام مەقالەکەی دوکتۆر وێستەرمەن هەندێ تێبینی هەندە ژیرانە و پڕ ئەزموونی تێدا هەیە کە زەمەن کۆنی نەکردوونە.

***

١

لە نامەیەکدا کە بە ناوی کۆمەڵەی کورد، لە نیسانی ١٩٤٥، ئاراستەی شاندەکانی کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ کرا، بناخەی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی کوردی، بە فەرمی، دامەزرا.... ڕەنگە خواستەکانی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردی تا ئەو ڕادەیە قەبە کرابێ کە زۆر لەو پەیڕەوی بنەمای لیبرالییان هەبوو، بە ورێنەیان زانیبێ. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ حەقیقەت هەر دەمێنێ. بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی کوردی هەیە. سێ ناوەندی چالاکی پروپاگەندەی هەیە: یەکێکیان لە بەیرووتی سووریا و دووەمیان لە سابڵاغی ڕۆژئاوای ئێرانە. ناوەندی سێیەمیشی لە حزبی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد

«شیوعی» عێراقییە. ئەو کۆمۆنیستانە پرۆگرامێکی چاکسازییان بە تایتڵێکی سەرنجڕاکێشەوە و بە ناوی پەیمانی گەلی کورد The Charter of the Kurdish People بڵاو کردووەتەوە. ئەو ١٧ بڕگەیەی تێیدایە ئەمانە دەگرنەوە: هاریکاریی عەرەبەکانی عێراق و سەربەخۆییی «ڕاستەقینە»ی کورد و عەرەب (ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراق لە بن کۆنترۆڵی ئیستیعماری بەریتانییە) و ئازادی هزری سیاسی و ڕادەربڕین و دابەشکردنی زەوی بە نرخێکی هێمائامێز بەسەر جووتیاران و دڵنیاکردنی بەساڵاچوو و نەساغ و بێ کاران و ئازادی پەرستکاری کەمینە ئاینییەکان و لێرەش بەتایبەتی ناوی تورکمان و یەزیدی و کریستییانە عەرەب و ئاشوورییەکان هاتووە و هاندانی ڕێنوێنی ئاشکرا بۆ هەردوو توخمی نێرینە و مێیینە بۆ ئەوەی هەر کەسە و بە دازمان native ی خۆی بخوێنێ و وانەگوتنەوەش بە زمانی کوردی بێ. ئەمانە هەموو شایانی ڕیزلێنانن ئەگەر یەکێک بتوانێ گرەنتی ئەمە بدا کە سەربەخۆبوونی کوردی کەلکی دەبێ یان لە سوودی بۆ ئاسایشی جیهانییەوە دەبێ.

لە یەنایری ڕابردوو، پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی لە سەرتاسەری ئێران و عێراق و لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا بڵاو کردەوە کە کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆی لە مەهاباد لە ئێران، ڕاگەیاند (لە زۆر لە نەخشەکان بە سابڵاغ نووسراوە) و شارێکە نزیکەی ٢٠ مایلێک لە باشووری دەریاچەی ورمێیە. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کرا کە ئەوانەی ئامادەی ئەو گردبوونەوەیە بوون نوێنەرانی ئەو کوردانە بوون کە لە ئێران و تورکیا و عێراق و سووریادان. لەوەش گرینگتر ئەو ڕاپۆرتانەن باسی ئەو پەلامارانە دەکەن کە لەناو سنووری ئێرانەوەڕا بۆ سەر دەورییەکانی بەرگری عێراقی کراون. دەڵێن سەرکردەی عەسکەری بزووتنەوەکە کوردە و لە عێراق یاخی بووە و ناوی مەلا مستەفایە و لە خێڵی بازانییە و ڕاپۆرتی پتریش هەیە بەیان دەکا کە ئەو بە فەرمی سەرکردایەتی ٣٠,٠٠٠ لەشکری کوردی دەکا. ئەگەر ٥٠ لە سەدی ئەم ڕاپۆرتانە کەم بکەینەوە نەکا گەورە کرابن، هێشتا ئەو بزووتنەوەیە هەر پڕ بایەخە...

ئەو ڕاپۆرتانەی لە چاپەمەنییە ئەمەریکاییەکاندا هەنە دەڵێن کە هۆزە کوردەکان هاوشان لەگەڵ هێزە ئێرانییە یاخییەکان بەخێرایی کۆنترۆڵی ناوچەکانی لای باشووری ڕۆئاوا دەکەن و قەرەبەقەرەی سنووری ئێرانیان لە بەردەستیدا کەوتووە. ئەمەش لەگەڵ زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس دەڕوا کە عێراق و تورکیا لە وڵاتی کۆنی پارس لێک دەکاتەوە. بەم نزیکانە دەگوترا کە سوارانی ئازەربایجانی شارەکانیان گرتووە و لایەنگری چەپەکانیشیان، لە دەوروپشتی زنجانێ زیندانی کردوونە. زنجان لە ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجانی ئێرانە _ ئەگەر هێشتا بشێین پێی بڵێین ئێرانی. سوپای ڕووسی لەوێ جمووجۆڵی هەبووە.... هەموو کات [پیاوە خێڵەکییە کوردە یاخییەکان] لەو کێشانەدا دەستیان هەبووە..

ئەو کوردانە کێن؟ بۆچی یاخین؟ چییان دەوێ؟ ئاشکرایە کە هەندێ لە سەرکردەکانیان جمهورییەتێکی کوردی سەربەخۆیان گەرەکە. بنەمایەکانی بە شەرعی ناساندنی ئەم خواستەیان

چییـە؟ ئەگـەر توانییـان دای بمەزرێـنن، ئایا هۆیەکی باش هەیە باوەڕمـان پێ بێنی کـە دەتوانن بیـهـێـڵنەوە؟ ئێـمـەی ئەمـەریکایی گـەلێکی دڵ گـەورەین و پێـشنیـازی دروشـمی "مـافی چارەی خۆنووسینی گەلانمان" کردووە. بەر لەوەی هـاوسـۆزی خـۆمان بـۆ کوردان بەگڕ بخـەین، ڕەنگە وا چاک بێ چەند شتێک لەبارەیان بزانین.

٢

ڕەنگە لە پێشدا بشێ هەقیـقـەتێک دیـار بکرێ. کوردەکـان دەتوانن داوایەکی باشـتر سـەبارەت بە [پاکی تـوخـم] پێـشکێش بکەن: واتە ڕوونی بکەنەوە کـە نموونە ئیـتنیـیـەکـەی ئەوان یەکگرتووە و تەمەنـی نەریتەکەشیـان لە هـەر ڕەگـەزێک پتر ژیاوە و بـەردەوامتر بووە لەوانـەی ئێستـا لە ئەورووپادا هەن و دەژین. نمـوونە کـولتـوورەکـەیان لە بنـەڕەتدا کـولتـوورێکی خـێـڵـەکی لەوەڕئامـێـزە، بەڵام داواکـەیان بـەو شـێـوە تایبـەتەیەوە، بە چاکی پاکـانەی بۆ دەکرێ. لە ٢٤٠٠ی پ. ز. بە نـاوی گۆتی ناسـراون و لە نـاوەندی ئەو هـەرێمـەدا ژیاون کـە ئێسـتـا پێـیدا بڵاو بوونەتەوە. ئەوێش ناوچـەیەکی سنووردارە و لە هـەردوو لای کێوەکانی زاگرۆسـەوەیە و لەوێشـەوە درێژ دەبێـتەوە و بە ناو ئەنادۆڵدا ڕەت دەبێ و بۆ ناو هـەرێمـە شاخـاوییـەکانی عێراق و سـووریای ئێسـتـا دا دەچێ. چونکە ئەو هۆزە کوردانە ڕەوەندن و فرە گـەڕیدەن بۆیە هەندێکیان چین چینیان لە ئەفغانستان و لە بلوجستـانیشدا دەژین. لە ڕاستیدا دانیشتوانی کورد لە حەلەب و لە دیمەشقیشدا وجوودیان هـەیە.

تاکە بنەمای کـولتـووری کوردی کـە لە ٤٣٠٠ سـاڵـی ڕابردوودا زاندراوە کەی ژیانی کـوردەوەریدا گۆڕابێ، زمـانەکەیە. لە نزیکانێکی سـەدەی دوازدەمـینی پ. ز، کـوردەکـان بنەمای زمـانـی ئێرانییـان لە میـدییـەکـان و پارسـەکانەوە وەرگرت. تا ئێـسـتـاش هـەر ڕقیـان لە داگیـرکـەری خـاکیـانە و هـەر دەستتێوەردانێکی لەنێو کاروباری سـەربەخۆییان بێتە کردن، ئەوان بەتوندی بەرهـەڵستی دەکەن و چۆن لە ٤٠٠ پ. ز. بەرەنگاری زەینەفۆنی یۆنانی بوونەوە و دە هـەزار یۆنانییان بۆ باکور ڕاو نان و لە مێسۆپۆتـامیایـان وەدەر نان و نەیاهێشتن لە گوندەکانی «کاردۆخی»یان بسلەمێنەوە، ئێسـتـاش هـەر بە هـەمـان شێـوە لە بەرانبـەر داگیـرکـەر توندوتیـژن. لەم بوارەشدا بـاشە بڵـێین کە تاکە شتێک لەناو کورداندا گۆڕا بێ، ئەو چەکانە بوونە کە بەکاریان هـێناون. لە ڕاستیدا تـا پێشکەوتنێک کە شـایان بێ لە ژیانی کـورداندا بۆیان تۆمـار بکرێ ئەوەیـە ئەوان پێشـان بە تیـر و کـەوان شـەڕیان کـردووە، وەلێ ئێسـتـا تفـەنگ وەکار دێنن. ئەو مـەیلەی کورد لە سـەردەمـی زەینەفـۆندا هەیانبـوو بۆ ئەوەی سێـرە لەو نیـشـانانە بگرن کـە دەجـوولێنەوە، بەتایبـەتیش ئەگـەر ئەو نیشـانە بزۆزە ئینسـان بێ، ئەو حەزەیان هێشتا هـەر وەک سـەردەمی زەینەفۆن ماوە و نەگۆڕاوە....

ئەو ڕێکخـراوە کۆمـەڵایـەتی و سـیـاسـیـیـانـەی تا ئێـسـتـا لە سـایەیانەوە ژیاوە، هەمـوو کـات خێلەکایەتی بووە. جارێکیان لە سـەدەی دەیەمین بوو کە مەملکەتێکی کوردی بەرفرەیان دامەزراند، بەڵام لەگـەڵ نەمانی سـەرۆکەکە ئیتر مەملەکەتەش نەما. هـەرچـەندە بە بەردەوامی لە بن چەپەڵۆکی

داگیرکەرە لە خۆیان بەهێزترەکانی تری وەک ئیمپایەری کۆنی پارس و تا ١٩١٨ش لە بن دەستی ئیمپایەری تورکیدا بوونە، بەڵام هێشتا کورد توانیویانە تا ڕادەیەکی دیار سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و هاریکاریی داگیرکەران نەکەن و بە تەواوەتی لەگەڵیاندا نیگەتیڤ بن. بەشێوەیەکی تایبەتیش دوو شێوەی سەرکوتکردنیان ڕەت کردووەتەوە و ملکەچیان نەبوونە _ جا نە باجیان داوە و نە سەربازیان بۆ خزمەتکردنی حاکمە دەست نیشانکراوەکانیان ڕەوان کردووە، بەرهەڵستیکردنی ئەم دوو فەرمانە یاخیبوونی لێ کەوتووەتەوە و ئەمەش هەر لە سەردەمی لەمێژینەوەڕا لەناو کورداندا هەبووە.

هەر لە نێوان ساڵانی پەیمانەکەی لۆزان و ١٩٤٢دا، کورد دوو شۆڕشی ڕاستەقینەیان، لە تورکیادا، هەڵگیرساند و سێی تریان لە عێراق و سێی تریشیان لە ئێران بەرپا کرد. ئەو شۆڕشانە ورەیەکی بەرزی موقاوەمەتی نیشان دا بۆ ئەوەی هەموو ناوچە کوردییەکان کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە هەڵەدا دەچین ئەگەر ئەو شۆڕشانە بەو شێوەیە لێک بدەینەوە کە بەڵگە بن بۆ ئەوەی کە هەستێکی نەتەوەییی وریا و چالاک هەبێ بۆ یەکگرتنی نەتەوەی کورد و ئامانجی سەرەکیشیان دامەزراندنی دەوڵەت بێ. یاخیبوونەکەی کوردەکانی تورکیا لە ١٩٣٧ _ ١٩٣٨، هەرچەندە کەمی لە بارەیەوە زاندراوە، بەڵام کارێکی گەورە بوو و پاشان تۆڵەیەکی خوێناوی لە سەرکردە کوردەکان کراوە و بە قسان چەند هەزارێکیشیان لێ کوژرا. دەسەڵاتدارانی تورک چاودێرییەکی لە شەڕ سەختتریان لە سەریان دانا و هەڵسوکەوتی گەلەک توندیش دەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانیاندا دەکەن، بەڵام خۆ گرینگی شۆڕشەکە لە شێوەی ئەو ڕۆکارانەدا دەردەکەوێ کە پاشتر دەستیان پێ کردووە لە دژی کوردان پەیڕەویان دەکەن. هەرێمە کوردییەکان دابەشی ناوچەی بچووک بچووک کران و لەشکرەکانی تورکیش پاسەوانییان دەکردن و ژمارەیان فرە زۆر کراوە و بە فەرمی ناوی کوردییان گۆڕی و بە «تورکە چیاییەکان» ناویان دێن و زۆریان ناچار کراون لە شاخەکان و پاوانەکان و لەوەڕگە هاوینییەکانیان هێنراونەتە خوارێ و لەو دەشتاییانە وەک جووتیاری ئاسایی جێگیریان کردوون.

٣

لە هیچ لەو پارچە جیۆگرافییانەی [کوردستان] کە دەشێ پێیان بڵێین ئەو ناوچانەن کە خێڵە کوردییەکانی تورکیا و عێراق و ئێران لێیان نیشتەجێن، ڕەگەزی کوردی زۆرینەیەکی بەهێزی سەرجەمی دانیشتوانەکانی پێک دێن. لەمیانی ئەو دانووستانەی لە ١٩٢٣ – ١٩٢٦ لە پێش کۆمەڵەی نەتەوەکان League of Nations سەبارەت بە دەسەڵات لە سەر ویلایەتی موسڵ کرا و هەر لەو کاتەوە تا ئێستا تورکەکان هەردەم نکووڵییان لەوە کردووە کە کوردەکان بە توخمە دانیشتوانێکی جودا لە خۆیان بناسن و پێیان خۆشە بە گەلێکی تەواوەیان دابنێن.

هۆزە کوردەکانی ئێران لە ئوستانەکانی ئازەربایجان و کوردستان و کرماشان دەژین. شای

پێشووی ئێران ڕەزا خان خاکەکەیانی داگیر کرد و تا ئەو ڕادەیەش کە بۆی لوا چەکی کردن. کە لە ١٩٤١یش، شۆرەوییەکان بە دەربەندەکانی شاخەکانی زاگرۆس لە ڕۆئاواوە خۆیان گەیاندە بەرزاییەکانی نێو ئێران، سوپای فارس لەو ناوچانەدا شکا. تا گەیشتە سێپتێمبەری هەمان ساڵی لەشکرەکە هەڵوەشاوە و سەربازە ڕەشوڕووتەکانی بەرەو ماڵەکانیان بوونەوە. ئیتر کوردەکان خۆیان گەیاندە کۆگاکانی چەکی سوپا لە ورمێ و سنە و مەهاباد و لەشکرەکەیان پڕ چەک کرد. چونکە ئەو هەموو ئامێرانەیان بە دەست کەوت، ویستیان ئەو ئازادییەیان بژیێننەوە کە دوو دەیەساڵ پێشتر لە دەستیان چوو بوو. بەڵام ئاخۆ ئەگەر بزووتنەوە یەکگرتووەکەی کوردان ببێتە شتێک کە حیسێبی بۆ بکرێ یان لە ناکاوڕا تێک بشکێ و تەفروتۆنا ببێ، ئەمە هەمووی پێوەندیی بەوەوە هەیە ئاخۆ ڕووسیا پشتیوانی لێ دەکا یان ناکا....

٤

ئومێد لاوازە لەوەی ئەگەر پشتیوانییەکی توند لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەبێ. بۆ ئەوەی ئەم چەشنە دەوڵەتە دابمەزرێ دەبێ پارچەی گەورە لە سێ دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراقی بکرێنەوە کە خاوەنی دەسەڵاتن. هەندێ خاکی گرانبەها لە تورکیا دەستێنێ.... کە ئەو چاڵە نەوتانە دەگرێتەوە کە لە لیواکانی موسڵ و کەرکووکی عێراقین و ئێستا لەژێر دەستی بەریتانییەکاندان. ئەگەر پێویست بێ دابمەزرێ، ڕەچاوی ئەوەی لێ ناکرێ لە ناوەخۆیدا ئارام و تا سەر بێ. چونکە کورد هەرگیز گەلێکی یەکگرتوو نەبووە. هیچ نەریتێکی نیشتمانییان نییە و پێشتر قەت یەکگرتوو نەبوونە و ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنیان نییە. هێشتا دەگەڵ ئەمەشدا بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو هیچ سوودێکی نییە، چونکە تا ئێستاش ڕۆهەڵاتی ناڤین لەبەرئەو گرفتانە دەناڵێنێ کە خۆیبوون لە پشتیوانیی ڕووسیای سۆڤییەتی دروستی کردوون. خۆ تەنانەت ئەگەر هەرێمێکی کوردی سەربەخۆ تەنیا لە ئێرانیش دابەمەزرێ، هێشتا بارەکە هەر خراپ دەمێنێتەوە. هۆزە کوردەکانی تورکیا کە بە ژمارە زۆرترینیانن، وەختە گومانی تێدا نەبێ کە دەست لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی وەردەدەن. ئەگەر ئەمەش ببێ، ئەوجا تورکەکان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات کە بە یەکەوەیان چنیوە و نرخێکی گرانی قوربانی و خوێنیان بۆی داوە دەستە بەشەڕ دەکەن. کەس ئینکاری ئەوە ناکات کە کورد شەڕوانی چاکن. ئەوانەی باشتر دەیانناسن، پێیان دەڵێن "شەیدای پەلاپیتکە trigger-happy"ن. خێڵە ئێرانییەکان جۆرە چەکی باش و زۆری ئاوایان بە دەست کەوت کە پێشتر هەرگیز نەیاندیتبوو. هەموو کوردێک ڕقی لەو وڵاتەیە کە هاووڵاتییەتی. ڕق و تەقەمەنی و خەڵکی شەڕزان _ ئەمە ئەو تەقەمەنییەیە کە یەکەتی سۆڤیەت ئێستا گەمە کۆنەکەی قەیسەری پێ دەکا.

(1) Foreign Affars; Summer 1991, Volume 79. Number 3.

# له مێژووی ئەلفەبێی کوردی

تۆسنێ رەشید

گەلی کورد، لە مێژووی دوور و نێزیکی زۆرێک دوژمنی بینیوە، بەڵام ژمارەی دۆستانیشی کەم نەبووە، بۆیە نابێ ناوی ئەو دۆستانەمان لە بیر بچێ.

لەم گوتارە کورتەدا، دەمەوێ دوو دۆستی گەلی کورد بەبیر بێنمەوە کە لە رۆژانی سەخت و دژواردا دەستی یارمەتییان بۆ کوردی قەفقاز درێژ کردووە و کارێکی هێژا و باشیان بۆ پێشڤەبردنی زمان و ئەدەبی کوردی کردوون، بەبێ بەبیرهێنانەوەی خزمەتی ئەو دۆستانە، ناکرێ باسی دەسکەوتەکانی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت لە بواری زمان و ئەدەبدا بکرێ بەتایبەت کاتێ گلەیی لە ساڵانی ٢٠مینی سەدساڵەی رابردوو دەکرێ.

ئەو دوو کەسەش لازۆ (هاکۆب خازاریان) ١٨٦٩–١٩٢٦ و ئیسحاق مارۆگوولۆڤ ١٨٦٨–١٩١٧ بوون.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و دامەزراندنی حکوومەتی سۆڤیەت، لەسەر خاکی ئیمپراتۆریای رووسیا بەفیدراسیۆنی رووسیا بەتەواوەتی بۆ نەتەوەکانی تر کۆمار، کۆماری ئۆتۆنۆمی و ناوچەی ئۆتۆنۆمی هاتنە دامەزراندن.

بۆ کوردانی ئازەربایجانیش ناوچەیەکی ئۆتۆنی دامەزرا کە بەناوی "کوردستانی سوور" ناوداربوو و تەمەنی لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٣٠ خایاند.

هەروەها مافی کولتووری بەو کەمەنەتەوەیانەی کە لەسەر خاکی خۆیان نەبوون درا و کوردانی ئەرمەنستان، گورجستان و تورکمەنستان لەوانە بوون.

لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی مێژووی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت رێگەمان پێ دەدات کە بڵێین، سەرەتا، ئەرمەنستان بووە نێوەندی بزووتنەوەی کولتووری کورد لە سەرتاسەری یەکەتیی سۆڤیە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە کرمانجییەوە: هۆشی خەیرەدین مراد

ت، چونکە حکوومەتی کۆماری ئەرمەنستان هاوکاری کوردی دەکرد و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردیش لەوێ بەهێزتر بوو.

لە کۆتای ساڵی ١٩٢٠ لە ئەرمەنستان، حکوومەتی سۆڤیەت دامەزرا، یەکەمین بڕیاری ئەو حکوومەتە پێدانی مافی پەروەردە بەزمانی زکماکی بوو بۆ گشت کەمەنەتەوەکانی کۆمارەکە، کوردیش یەکێک لەوانە بوو و بەپێی ئەو بڕیارە پێویستە لە گوندە کوردییەکان خوێندنگە بەزمانی کوردی بکرێنەوە.

هاوشان لەگەڵ ئەم بڕیارە پرسی ئەلفەبێ و کتێبی زمانی کوردی هاتە کایەوە.

لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمین، زۆربەی کوردانی موسڵمان لە ئەرمەنستانەوە دەرچوون و بەرەو تورکیایان کۆچ کرد، کوردانی ئێزدیش لە سەرهەدەوە (کوردستانی تورکیا) هەڵاتن بۆ ئەمەرنستانی ئەمڕۆ و بەشێکیان بەهۆی دۆخی خراپی ئابووریان بەرەوە گورجستان روویشتن.

لەو سالانە ژمارەی خوێندەواری لەنێو کوردانی ئەرمەنستاندا کەم بوو و کورد پێویستی بەهاوکاری رۆشنبیران هەبوو، چونکە دەخوازرا ئەلفەبێی کوردی بێتە دانان، کتێب بنووسرێ و چاپ بکرێ و مامۆستای زمانی کوردیش بێنە ئامادەکردن.

لەم دۆخە سەختەدا، رۆشنبیرانی گەلانی تر و پێش هەموویان رۆشنبیرانی گەلی ئەرمەنی دەستی هاوکاری و یارمەتییان بۆ گەلی کورد درێژ کرد.

سەرەتا نووسەر لازۆ (هاکۆب خازاریان) ئەرکی ئامادەکردنی ئەلفەبێی کوردی و نووسینی یەکەمین کتێب بەزمانی کوردی لە ئەستۆی خۆی گرت، لازۆ ئەلفەبێی زمانی کوردی لەسەر بنەمای پیتی ئەرمەنی ئامادە کرد و لە پایزی ساڵی ١٩٢١ حکوومەتی کۆماری ئەرمەنستان لە شاری "ئێچمیادزین" یەکەمین کتێب بەئەلفەبێی کوردیی لەسەر بنەمای پیتی ئەرمەنی بەناوی "شەمس" چاپ کرد، خاوەنی ئەو کتێبەش لازۆ بوو.

بەبۆچوونی من، چونکە لەو کاتە دەتوانین بڵێین کوردانی ئەرمەنستان هەموویان ئێزدی بوون، بۆیە لازۆ ناوی کتێبەکەی کردە "شەمس"، بەمەش دەیویست ئێزدی زیاتر بەرەو خوێندن رابکێشێ.

لە سالانی شەڕی جیهانی یەکەمین بەدەیان هەزار کوردی ئێزدی لە سەرحەد هاتنە کوشتن، دەربەدەر بوون، بوونە پەنابەر و ئەو منداڵانەی لەو نەهامەتییە رزگار بوون هەتیو مان.

حکوومەتی ئەرمەنستان چەندان هەتیوخانەی بۆ ئەو منداڵە هەتیوانە کردەوە کە یەکێکیان لە شاری ئاشتاراک بوو کە نێزیکەی ٦٠ منداڵی کوردی ئێزدی لەخۆ دەگرت، نووریێ پۆلاتۆڤا (خۆشکی شۆڕشگێڕی بەناوبانگ فێریک پۆلاتبێکۆڤ) بەڕێوەبەری هەتیوخانەکە بوو، نووریێ پۆلاتۆڤا لە ماڵباتی سەرۆکی خێلی سیپکی، بەشی ئێزدی بوو، ئەو کچی ئەگیت ئاغا بوو، دواتر نووریێ پۆلاتۆڤا و ئەلیخان شاهینۆڤ خوێندنگەیەکیان لەناو هەتیوخانەکەدا کردەوە، لازۆش یەکەمین جار منداڵی کوردی لەو هەتیوخانەدا بەکتێبی شەمس فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی کرد. لەو سالانە حکوومەتی کۆماری ئەرمەنستان خوێندنگەی لەناو گوندە کوردییەکان کردەوە، خوێندن تێیدا بەو ئەلفەبێیە بوو کە لەلایەن لازۆ هاتبوو ئامادەکردن.

له ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٢٨ له خوێندنگه كوردییه‌كاندا ئه‌لفه‌بێی لازۆ به‌شێوه‌یه‌كی ره‌سمی به‌كار ده‌هێنرا.

* وێنه‌ی لازۆ كه له‌سه‌ر گۆڕه‌كه‌ی له گۆڕستانی ئه‌رمه‌نییه‌كان له شاری تبلیس.

لازۆ (هاكۆب خازاریان) به‌ڕه‌چه‌ڵه‌ك ئه‌رمه‌نیی بازید له باكوری كوردستان بوو، له‌نێو كورددا گه‌وره بووبوو، زمان، فۆلكلۆر و دوونه‌ریته‌كانی كوردی به‌باشی ده‌زانی.

كاتی خۆی، لازۆ له‌نێو ئه‌رمه‌نییه‌كاندا نووسه‌رێكی ناسراو بوو و به‌رهه‌مه‌كانی خۆی به‌ناوی "بایازێتسی" چاپ ده‌كرد، زۆربه‌ی به‌رهه‌مه‌كانی: "گولێ" (١٨٩٠)، "فێرۆر" (١٨٩٢)، "خوینخوار" (١٨٩٣)، "یا دۆست" (١٩٠٤) له‌سه‌ر ژیانی كوردان بوو.

پێویسته بگوترێ، لازۆ هه‌روه‌ها خاوه‌ن سیناریۆی یه‌كه‌مین فیلمی كوردی "زه‌رێ" بوو كه له ساڵی ١٩٢٦ له‌لایه‌ن ده‌رهێنه‌ری ئه‌رمه‌نی "هامۆ به‌كنازاریان" له ستۆدیۆی "ئه‌رمێنفیلم" به‌رهه‌م هێنرا.

له سه‌ره‌تای ساڵی ١٩٢٢ به‌پێشنیازی لازۆ، حكوومه‌تی گورجستان له‌ناو كڵێسای ئه‌رمه‌نییه‌كان له تاخی مه‌یدانی شاری تیبلیس خوێندنگه‌ی ئێواران بۆ منداڵانی كورد كرده‌وه. لازۆ و ئۆلگا خازاریانی هاوسه‌ره‌كه‌ی له‌و خوێندنگه‌دا مامۆستا بوون، ئه‌و خوێندنگه‌یه رۆڵێكی گه‌وره‌ی له مێژووی كوردی یه‌كه‌تیی سۆڤیه‌ت بینی، گه‌لێك رۆشنبیر و سیاسه‌تمه‌داری كوردی سۆڤیه‌ت له‌و خوێندنگه‌یان ده‌ست به‌خوێندن كرد، له‌و خوێندكارانه‌ش ده‌توانین ناوی چه‌ند كه‌سایه‌تیه‌ك بێننه‌وه: زمانزان قه‌ناتێ كوردۆ، زمانزان چه‌ركه‌ز باكایێز، مێرخاسێ یه‌كیتییا سۆڤیه‌ت، سیاسه‌تمه‌دار سه‌مه‌ند سیابه‌ندۆڤ، به‌رپرسی رۆژنامه‌ی "رییا ته‌زه" جه‌ردۆیێ گێنجۆ و گه‌لێك كه‌سایه‌تی تر.

به‌ڵام ئه‌لفه‌بێی كوردی له‌سه‌ر بنه‌مای پیتی ئه‌رمه‌نی له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌رمه‌نستان نه‌هاته په‌سه‌ندكردن. كۆنفرانسی كوردی ئه‌رمه‌نستان له ساڵی ١٩٢٥ داوای له حكوومه‌تی یه‌كه‌تیی سۆڤیه‌ت كرد ئه‌لفه‌بێی له‌سه‌ر بنه‌مای پیتی لاتینی بۆیان ئاماده بكرێ.

ئه‌لفه‌بێی كوردی له‌سه‌ر بنه‌مای پیتی لاتینی له‌لایه‌ن ئیسحاق مارۆگوولۆڤ به‌هاوكاری عه‌ره‌بێ شه‌مۆ له ساڵی ١٩٢٨ هاته ئاماده‌كردن، له هه‌مان ساڵیشدا ئیسحاق مارۆگوولۆڤ و عه‌ره‌بێ شه‌مۆ یه‌كه‌مینیان كتێب به‌زمانی كوردیی به‌ئه‌لفه‌بێی لاتینی "خوه خوه هینبوونا زمانێ كورمانجی" چاپ كرد.

له ساڵی ١٩٢٩ه‌وه سه‌رجه‌م خوێندنگه كوردییه‌كانی كۆماری ئه‌رمه‌نستان به‌شێوه‌یه‌كی فه‌رمی ئه‌لفه‌بێی له‌سه‌ر بنه‌مای پیتی لاتینی به‌كاریان هێنا، ئه‌م ئه‌لفه‌بێیه له‌لایه‌ن گشت كوردی سۆڤیێته‌وه په‌سند ده‌كرا، له كۆماری ئازه‌ربایجان، توركمه‌نستان و گورجستانیش له خوێندنگه كوردییه‌كاندا خوێندی و نووسنی به‌و ئه‌لفه‌بێیه بوو، كتێبی كوردیش به‌و ئه‌لفه‌بێیه چاپ ده‌كران.

له ئاداری ساڵی ١٩٣٠ه‌وه وه‌شانی رۆژنامه‌ی "رییا ته‌زه" به‌و ئه‌لفه‌بێیه ده‌ستی پێ كرد.

له‌و ساڵانه ئیسحاق مارۆگوولۆڤ كۆرس بۆ مامۆستایانی زمانی كوردی كرده‌وه و ئه‌وان فێری

ئەو ئەلفەبێیە نوێیە کرد، بەڵام تەمەنی ئەو ئەلفەبێی درێژ نەخایاند، لە ساڵی ١٩٣٨ ڕێژیمی ستالین ئەو ئەلفەبێیە بە"ئەلفەبێی ئیمپێرالیستان" بەناو برد و قەدەخەی کرد.

حکوومەتی کۆماری ئەرمەنستان لە ساڵی ١٩٤١ بڕیاری دا، بۆ کورد، لەسەر بنەمای پیتی کیریلی ئەلفەبێی نوێ بێتە ئامادەکردن، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک لە پسپۆڕان پێک هێنرا و کاری ئامادەکردنی ئەلفەبێیەکەش بە حەجیێ جندی سپاردەوە، لە ساڵی ١٩٤٤ ئەلفەبێی نوێ، پێشتر لەلایەن کۆمیتەی پسپۆڕان و دواتر لەلایەن حکوومەتی ئەرمەنستانەوە دێتە قەبوڵکردن و لەناو کۆمارەکەدا دەبێتە ئەلفەبێی فەرمی بۆ کورد، کوردانی گورجستانیش ئەو ئەلفەبێیەیان بەکار هێنا، بەڵام لە کۆماری ئازەرباجان و تورکمەنستان خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی لە ساڵی ١٩٣٨ەوە تا ڕوخانی یەکەتیی سۆڤیت قەدەخە بوو.

دوای ڕوخانی یەکەتیی سۆڤیەت لە کۆماری ئازەرباجان چەند کتێب بەزمانی کوردی چاپ بوون، بەڵام لە تورکمەنستان لە ساڵی ١٩٣٨ەوە و تا ئەمڕۆش هیچ بەرهەمێکی کوردی چاپ نەکرایە.

ئیسحاق مارۆگوولۆڤی ئاسووری لە ساڵی ١٨٦٨ لە گوندی "دڤین"ی ئەرمەنستانی ئەمڕۆ لەدایک بووە. دڤین گوندێکی ناوچەی ئارتاشاتە کە دەکەوێتە باشووری شاری یێرێڤان، دانیشتوانانی گوندنەکە تا ڕوخانی یەکەتیی سۆڤیەت هەموویان ئاسووری بوون.

ئیسحاق مارۆگوولۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە تێکەڵی بەکوردان کردووە و فێری زمانیان بوو، ماڵباتەکەی لە وەرزی هاویندا لەگەڵ کورددا دەچووەوە بۆ کوێستانەکانی چیای ئەلەگەز، لە ساڵی ١٩٠٥ەوە مارۆگوولۆڤ لە گوندی "زۆر" لە ناوچەی ئایدری پارێزگەی سورمەلیی دەبێتە مامۆستا، خەڵکی گوندەکە گشتیان کوردی ئێزدی بوون. خوێندن لەو خوێندنگەدا بەزمانی ڕووسی بوو.

بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئیتر ئەو کاتە خوەستەکی ئامادەکردنی ئەلفەبێی کوردی لەلای ئیسحاق مارۆگوولۆڤ دیار دەبێ.

یەکەمین جار، لە ساڵی ١٩١١ عەبدولڕەزاق بەدرخان سەردانی ئەکادیمای زانیاری لە ئیمپراتۆریای ڕووسیا دەکات و داوا لە ڕۆهەڵاتناسان دەکات ئەلفەبێی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی ئامادە بکەن، سەرۆکایەتیی ئەکادیمیای زانیاری ئەو کارە بەرۆهەڵاتناسی بەناوبانگ هۆڤسێج ئۆربێلی دەسپێرێ.

لە هەمان ساڵیشدا ئەکادیمیای زانیاری، هۆڤسێج ئۆربێلی دەرنێرێتە ناوچەی مۆکسێی ویلایەتی وان بەمەبەستی کۆکردنەوەی ماتێریالی لەبارەی زاراوەی ئەرمەنیی لەو ناوچەیە، ئۆربێلی گەلێک ماتێریال لەبارەی زمان و ئەنترۆپۆلۆجیای خەڵکی ناوچەکە، ئەرمەن و کورد، کۆ دەکاتەوە و دواتر زیاتر گرینگی دەداتە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو ماتێریالانە، بۆیە نەیتوانی ئەلفەبێی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی تەواو بکا.

دەبێ ئیمە ناوی دۆستانی گەلی کورد، خزمەتکاری زمان و ئەدەبی کوردی، لازۆ و ئیسحاق مارۆگوولۆڤ لە بیر نەکەین، هیوادارین ڕۆژێک لە کوردستان خوێندنگە بەناوی ئەوان بێنە دروستکردن.

# لەبارەی بەهەشتی باوکمەوە کوردستان

ئاریێل سابار

زۆرینەی خوێنەرەکانی لەبارەی گرینگیی کتێبەکە

پێنج ئەستێرەیان پێی داوە

ئەم کتێبە تەنیا باسی سەربردەی تاکەکەسێک ناگێڕێتەوە؛ بگرە باسی نیشتمانێک دەکا و دەیەوێ بزانێ چۆن بووە و چی بەسەردا هاتووە. باسی مێژووی زمانێک دەکا کە نزیک بوو لەناو بچێ. باوکی نووسەر لە زاخۆ بووە و لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریی جوولەکەدا ژیاوە. ئەو جوولەکانە ٢٧٠٠ ساڵ لە کوردستان لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەئاسوودەیی ژیاون تەنانەت باسی تاڵانکردن و کوشتنی جوولەکەکانی بەغداشیان نەبیستووە کە لە ١٩٤١ قەومابوو. هەروەها باسی قڕکردنی جوولەکەکانی ئەوروپاشیان تا دوای ١٩٤٠ەکان نەبیستبوو. بنەماڵەکان بەزمانی ئارامی ئاخاوتوون؛ ئەو زمانە تا سەدەی ٨ی پ.ز. زمانی هەموو ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناڤین بووە. ڕەنگە زمانی عیساش بووبێ. بەڵام کە عەرەبە موسڵمانەکان لە جەزیرەی عەرەبییەوە لە سەدەی حەوتەم هاتن و ناوچەکەیان داگیر کرد ئیتر ئەم زمانە کەوتە کزی. تا لە ١٩٣٠یەکان وەک زمانێکی نامۆی لێهات و تەنیا لە زاخۆ قسەی پێ دەکرا. پاشتر جوولەکە لە زاخۆش نەمان. لە١٩٣٠ تەنیا ١٤٧١ جوولەکە لە زاخۆ ژیاون؛ زاخۆ ٢٧٠٠٠ کەس بووە. باوکی نووسەری ئەم کتێبە ناوی (یۆنا سابار) بووە و لە١٩٥٠ لە زاخۆ دەرچووە بەهەشتی تایبەتی خۆی بەجێ هێشتووە و چووە منداڵەکانی لە لۆس ئەنجلۆس پەروەردە کردووە. بەماوەی کەمتر لە ساڵێک ١٢٠,٠٠٠ جوو بەباڵەفڕە لە عێراقەوەڕا چوونەتە ئیسرائیل. ئیسرائیل بەتەواوەتی لە کوردستان جودا بووە و جوولەکەکان

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

هەستیان بەو ڕاستییە کردووە کە ئیسرائیل ئەو شوێنە نەبووە کە پێشتر خەونیان پێوە بینیوە. ئەو جوولەکانەی لە کوردستانەوەڕا چوونە، جیاوازییان لە دژیدا کراوە و وەک ئەوانی تر مافیان نەپارێزراوە. جوولەکە کوردەکان بەکەمترین پلەی جوو دانراون و پێیان گوتراوە مزراحیم. یۆنا توانی ڕێگەی خۆی بکاتەوە و پایەی خۆی بسەپێنێ و بچێتە زانکۆی عیبری لە ئۆرشەلیم. زمانەوانێکی شارەزا بووە و پاشان لە زانکۆی یەیل زمانەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤینی تەواو کردووە. بایەخ و پلەی یۆنا لەوەوە بووە کە بەزمانی ئارامی دواوە و زمانەکەی لە نەمان قورتار کردووە. نووسەر هەندێ چیرۆکی تۆمار کردووە کە هەقایەتخوانێکی زاخۆیی گێڕاویەتییەوە.

ئارییێل سابار کتێبەکەی خۆی بەپردێک لە نێوان کۆن و نوێ دادەنێ؛ بەڵام ڕەخنەگران ئەمە بەنەنگیی کتێبەکە دەزانن. چونکە باسەکانی یۆنا هیچ پێوەندییان بەئێستای ئارییێلی کوڕیەوە نییە.

## تێبینییەک لەبارەی ڕێبازی نووسینەوەی ئەم کتێبەوە:

بۆ ئەوەی ئەم پەڕاوەم کنە بکەم، دیمانەم لەگەڵ نزیکەی سەد کەس لە خزم و دۆست و ناسیار و سەیدا و هی تریشدا کرد. لە کونج و کەلێنی کتێبخانە و کۆکراوەی تایبەت و ئارکایڤی میری لە ولاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و شانشینی یەکگرتوودا گەڕام. تا بەچاوەکانی خۆشم هەندێ دەستەڕاستی پڕ بایەخیش ببینم، هەستام سەفەری عێراق و ئیسرائیلم کرد و لە چەندان شار و باژێڕی ولاتە یەکگرتووەکانیش پشکنینم ئەنجام دا. نامەی خێزانی و یاداشت و وێنە و بەڵگەنامەی فەرمیم کۆ کردەوە. دەستنووسی ئەو قسە مێژووییانەی داپیرەم بەزمانی خۆی گێڕابوویەوە و بۆی تۆمار کرابوو، هەموویم خوێندەوە. چەندان سەعاتی بێ ژماریشم لەگەڵ باوکم بردە سەر؛ پرسیاربارانم دەکرد. ئای کە ئازارم چێشت و ماندوو بووم تا توانیم هەموو ئەو خزم و کەس و ناسیاوانەم بدوێنم بۆ ئەوەی مێژووی خانەوادەی خۆمیان پێ ڕوون بکەمەوە.

هەرچەندە زۆربەی زۆری ئەم کتێبە لە خەیاڵ دوورە، بەڵام خۆ هێشتا کە مێژوو و سەربردە -bi ography یێکی فەرمی نییە. ڕۆژنامەنووسینیش نییە. لە هەندێ لەو جێیانەی ئەم چیرۆکەدا کە سەرچاوە سەرەکییەکان یان مردوونە و یانیش ڕووداوەکانیان لە بیر چوونەتەوە، هەستاوم لەسەر بنچینەی ڕاستییە زاندراوەکاندا ڕێکم خستووە و بوارم بەخۆم داوە کە تێهەڵکێشەیەکی تایبەتمەندییەکانی دیمەن و دایەلۆگەکان بەشێوەیەک بکەم کە زۆر لە خۆی بکا.

هەر کەسێک کە کتێبێک لەبارەی خێزانی خۆی بنووسێ شێوە ڕێبازێکی کەسێتی دەگرێ. بەڵام من لە هەر هەموو نموونەیەکدا هەوڵم داوە تا ئەوپەڕ بابەتی بم و هەرچی ڕاستییەک هەیە باسی بکەم و خۆم لە سۆز دوور بخەمەوە.

من ناوی ئەو کەسانەم گۆڕییە کە لە ئیسرائیل تووشی ناکۆکیی خێزانی هاتن، چونکە مردوونە و بواری ئەوەیان نەماوە بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. چەند کارەکتەری لاوەکیم بەخۆم دروست

کردوونە هەر بۆ ئەوەی تەوژمی گێڕانەوەی چیرۆکەکەم نەگۆڕم. سەبارەت بەباروودۆخی نێوەخۆی عێراقیش، بەمەبەستی پاراستنی ئەو کەسانەش کە لەوێ یارمەتییان دام، هەستام ناوەکانیانم گۆڕی.

## بەهەشتی باوکم کوردستان

### بەرکوڵ

چونکە من کوڕە نۆبەرەی باوکێکی کوردم، بۆیە هەردەم پێم دەبێژن ئەرکی منە سەربردەی خانەوادەکەمان بپارێزم و پشتیوانیی شەرەفی ئەم خانەوادەیەم بکەم. منم بەرگری لەنەریتەکانی دەکەم. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تەنانەت بەر لە بوونیشم، بەرپەرچی ئەم قسانەم داوە.

یەکەم بەرەنگاربوونەوەم لەگەڵیاندا، لەسەر ناوەکەم بوو. باوکم ویستی بەناوی ئەو پارچە زەوییە درێژو و کانییەی سوورییەم بکا کە ئەو کۆنە هۆزە ئارامییانەی پێش دوو هەزار ساڵ بەر لە زاینی تێدا نیشتەجێ بوون و ناوم بکاتە (ئارام). کوڕێک کە ناوی ئارام بێ، دەبێتە ئەو دەزوووەی کە لە سێ هەزار ساڵی ناو مێژووەوەرا درێژ دەبێتەوە و بەناو ئیسرائیل و کوردستاندا هەڵدەکشێ تا دەچێتەوە ناو ئەو پارچە زەوییەی نێوان هەردوو ڕووباری خابوور و فورات کە لەوێ زمانە زگماکەکەی باوکم بۆ یەکەم جار بەسەر لێوی مرۆڤدا هات. ئەو کوڕەی کە ناوی ئارام بێ، ناوەکە بۆ کوڕەکەی خۆی دەرباز دەکات ئەویش بۆ کوڕی خۆی و بەم شێوەیە ڕێچکۆڵە دەبەستن و وەک ئەو شازادانەی نێو چیرۆکەکانی پەرییانی لێ دێ.

ڕەنگە باوکم ئەمەی ویستبێ. بەڵام ئەمە ویستی دایکم نەبووە. وا پێ دەچێ بەر لە هاتنە دنیام، دایکم باشتر لە باوکم منی ناسیبێ؛ بۆیە هێندە بایەخی بە ئارام نەدا. چونکە دایکم ئەمەریکایی بوو، بۆیە زانی منداڵان چەند لە دژی ئەو منداڵانە دەبن کە ناوی نامۆیان هەیە. بەباوکی گوتم: (ئارام واتای سەرنەکەوتوو دەدا.)

بەم چەشنە بەر لەوەی یەکەم هەناسەم بدەم، هەستام یەکەم ناکۆکیم ناوە.

ئەمە ململانێی شارستانییەتی بوو. ئەو کوردستانی کۆن بوو. منیش (لاس ڤێیگەس)ی ۱۹۸۰ بووم.

باوکم لە شارێکی تۆزاویی پڕ خشتی، بێ کارەبا و بێ ئاودەست، لە باکوری عێراق پەروەردە بوو. منیش لە ماڵێکی سپیکراو لەلاس ڤێیگەس گەورە بووم. ماڵەکەمان لە لێواری خیابانێکی پڕ گەڵا بوو، پۆلیسی تایبەتی بەئۆتۆمۆبێلێک پاسەوانیی لە ماڵەکانی ئێمە دەکرد کە لەسەریان (بێڵ ئێر پاترۆڵ) نووسرابوو.

لە ۱۹۷۲ گواستمانەوە بۆ لۆس ئەنجلۆس، تەمەنم لەو کات تەنیا یەک ساڵ بوو. لەو ساڵ بوو باوکم لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلۆس بە پرۆفیسۆر دامەزرا. بەڵام هەرگیز هاوچەرخی و

تازەکردنەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات. قاتەکانی خۆی لە بەشە هەرزانکراوەکەی کۆگای (جەی سی پێنی)دا کڕی کە بۆ یاری گۆڵف دروا بوون و ڕەنگیان کاڵ بوو و نووسینیشیان لەسەر کرابوو. ئینجا لەبەری کردن و لە کۆبوونەوەکانی بۆردی زانکۆدا بەشداریی کرد. منیش شۆرت و تیشێرتم بۆ خۆم لە دوکانەکانی (سانتا مۆنیکا)دا کڕی و تەنانەت لە زستانانیش کە دەچوومە کۆنێکتیکت و سەردانی خانەوادەی دایکم دەکرد، وەک یەکپۆش uniform لەبەرم دەکردن.

قژی باوکم بەگڵوازە بوو، شانەیەکی پەنجا سنتی بەمووسی دەکڕی و خۆی سەری خۆی پێ دەتاشی. دایکیشم منی بۆ سالۆنەکانی (بێڤەرلی هیلز) دەبرد و لەوێ جێڵی KMSیان بۆ لێ دەدام. باوکم گوێی لەو لاوک و حەیرانانەی کوردی ڕادەگرت کە بەڕیکۆردەرێکی بێ ناونیشان لێی دەدان و پاترییەکانیشی بەلاستیکێک بەلایەکی ڕیکۆردەرەکەوە قایم کردبوو. منیش بەدەهۆڵی ڕۆک ئەو گۆرانییانەم دەژەنی کە لە (ڕێد هۆت چڵی پێپەرز) تۆمار کرابوون.

باوکم ڕۆژی خۆی لە ژوورێکی ماڵەوە بەسەردەبرد و ڕۆبێکی بەدەست دووراوی لەبەر دەکرد و لەسەر هەندێ کارتۆن بەزمانی ئارامی نووسینی خۆی دەکرد. منیش، لە گۆڕەپانی پشت ماڵەکەمان، ڕۆژم لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم بەسەر دەبرد کە وێکڕا (سکێتبۆرد)مان دەکرد. لە قسەکردندا ئینگلیزییەکەی وەک ئۆتۆمۆبێل دووکەڵی دەکرد. منیش وەک کالیفۆرنییەکان وشەی (ڕاد) و (لەیم) و (مێلۆ)م بەکار دەبرد.

کە کەوتینە بەرانبەر یەکتری، خۆش نەبوو. من جنێوی پیسم پێی دا. ئەویش بەتەنیا پێی گوتم، چۆن دەبێ منداڵ ئاوەها بەرانبەر بەباوکی بوەستێ؛ پاشان دڵی خۆی بەوە دایەوە کە پەروەردەی منداڵ لەئەمەریکا هەر وابووە.

من هەرگاڤ خۆم لێی دوور دەخستەوە. ئەو لە دنیای خۆیدا دەژیا و منیش دنیای خۆمم هەبوو.

لە بیرم نییە کەی بوو، بەڵام لە کاتی رواڵیمدا، چیی تر بانگیم نەکرد پێی بڵێم (بابا). هەر پێیم دەگوت (یۆنا). پیاوێکی سەیروسەمەر بوو دەگەڵ ئێمەدا دەژیا و ڕەنگە باوکم بووبێ و یانیش دەشێ هەر باوکیشم نەبووبێ، ئەمەش پێوەستی بەوەوە هەبوو ئاخۆ کێ بوو پرسیارەکەی لێ دەکردم.

پاش ماوەیەکی کورت ئیتر بایەخی نەما. من بۆ خوێندن لەزانکۆ، چوومە نێو ئینگلەند و لەوێش کارێکم لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا بەدەست کەوت. من هەردەم بەدوای چیرۆکی سەرنج ڕاکێشدا دەگەڕام کێ تووڕە دەبێ؛ کام پۆلیس لە کامە شەقام دەستڕێژی گوللەی لێ کرا؛ کام ئەندامی پەرلەمان دزی لێ ئاشکرا بوو؛ کام کارگە بەشێوەیەکی نایاسایی پاشەڕۆکی کارخانەکەی لە ڕووبارێ دەکا.

باوکم لە ئۆفیسەکەی ماڵەوە خۆی گۆشەگیر کردبوو. کە کوڕەکەشی بۆ خوێندنی زانکۆ لەماڵ دەرچوو، ئیتر ئەویش پتر متووی خۆی خستە سەر توێژینەوەی لەبارەی هۆزە نادیارەکەی خۆیەوە: جوولەکەکانی کوردستان. چەندان ڕۆژی وا هەبوو گومانی ئەوەم دەکرد کە لە ژووری منداڵبووندا تێکەڵ و پێکەڵی هەبووبێ. ڕەنگە ئێستا ئارامە ڕاستەقینەکە، لە شوێنێکی تر بووبێ، ڕەنگە

ئێستاکە باوکێکی نمایندەی کۆمپانیایەکی (هۆلّی وود) کە (پۆرش) لێ دەخورێ، ئەو ئارامە ڕاستەقینەی بەخودان کردبێ و بەکوڕی خۆی بناسێ. ئەگەر دەیتوانێ ئەو کوڕە لەناو ئەو کتێبە بۆگەنەی بەناو (تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان لە دەقە سیحراوییەکانی ئارامی) دەربخا.

بەدرەنگەوە زانیم کە من لە بەرانبەر باوکمدا هەڵە بووم من ڕەنگە بەڕاستی کوڕی ئەو بم. ئەم گۆڕانکارییە لە شەوێکی ساردی دیسێمبەری ۲۰۰۲دا قەوما. لەو شەوی ژنەکەم یەکەم منداڵی بوو. کوڕێک بوو قژێکی تەنکی ڕەشی هەبوو. چاوەکانی وەک چرایەکی کز بوون. دەبێ ڕۆژێک وەک من ئێستا چۆن لەگەڵ باوکمدا ناکۆکم، (سیت)یش ئاوا دەگەڵ مندا ناکۆک بێ؟ دەبێ ئەویش وا بزانێ کە پێویستی بەفێربوون نییە و باوکیشی هیچی پێ نییە تا فێری بکا؟

لەو شەوە تاریکە کە دایکی خستییە نێو باوەشم، وا پێ دەچوو کە (سێت) بەو دوو چاوە داگیرساوانەی تەماشام بکا و لێم بپرسێ: (تۆ کێی؟)

هەرچەندە تەمەنم سی و یەک ساڵ بوو، بەڵام هیچ وەڵامێکم بۆی پێ نەبوو.

پێویستە کۆششی بۆ بکەم تا بتوانم دەگەڵ باوکم و لەگەڵ کوڕەکەشم، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵسوکەوت بکەم. من نە ئەو دڵە پڕ بەزەیییەی (بارنی) دایناسۆرەکەی ناو کارتۆن و نە هی دوکتۆر (فیل)م هەبوو. من هەر بەرگریم لە خۆم دەکرد. ئەوەم لە کن نەبوو کە بچمەوە ماڵەوە و دەست لە ملی باوکم بکەم و بگریێم و داوای لێبووردنی لێ بخوازم.

جا من ئەوەی پتر بەکارێکی سروشتیم زانی ئەوم کرد: خۆم گەیاندە دەفتەری تێبینییەکانی ڕۆژنامەنووسێک. ئەگەر پتر لێکۆڵینەوەم لێ بکردایە و پرسیاری تێروتەسەلم بکردایە، ڕەنگ بوو بگەیشتبامە ئەو خاڵەی کە جیهانی هەردوو لامانی بەیەکەوە دەگەیاند.

باوکم باوەڕی وابوو کە ڕابردوو لە هەموو شتێک بایەخدارترە. گەلەکەی واتا جوولەکەکانی کوردستان کۆنترین جوولەکەی تاراوگە بوون. خۆڵاوی و کارامە و فرە خۆشباوەڕ بوون و لە چەند گوندێکی دابڕاوی ناوچە شاخاوییەکان ۲۷۰۰ ساڵ بوو قەرەبەقەرەی کوردە موسڵمانەکان وێکڕا دەژیان، بەڵام هەرگیز وازیان لە زمانە (ئارامی)یە کۆنەکەی خۆیان نەهێنا. بۆ ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵ، لە ڕۆهەڵاتی ناڤین، ئارامی زمانی لە یەکگەیشتنی نەتەوەزمان جیاوازەکان بوو؛ یان زمانێکی هاوبەش بوو. عیسا قسەی پێ کردووە. بەشێکی ئینجلی پێوەندیی پێیەوە هەیە. ئارامی زمانی فەرمی سێ ئیمپراتۆرییەتی میزۆپۆتامیا بووە. بەڵام تا ئەو سەردەمی کە باوکم لە ۱۹۳۸ بوو، زمانەکە مرد. دوای ئەوەی لەشکری ئیسلام، لە سەدەی حەڤدەم، ناوچەکەی داگیر کرد، جووەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست زمانی عەرەبی ئیسلامە دراوسێیەکانیان بەکار هێنا. ئارامی تەنیا لەسەر لێوی جوولەکە و کریستیانەکانی کوردستان ما.

بەم جۆرە ڕابردوو تەنیا لەناو گەلەکەی باوکمدا دەژیا. زمان ئەو داوە بوو کە بەو کات و شوێنەی دەبەستانەوە کە چیی تر بوونی نەمابوو.

باوکم باوەڕی وابوو کە قولابی ڕابردووی لێ گیر بووە و بێی ئەو ڕێشمەیەی کە بە باپیرانمانەوە دەمانبەستێتەوە، لەو بیاوانەی لاس ڤێیگەسدا، بزر دەبووین. ئەم بۆچوونەی باوکم وای لێ کرد ببێتە باشترین پرۆفیسۆری ئارامی نوێ. ئەم دەستەواژەیەی (ئارامی – نوێ) باوکم خۆی دروستی کرد و زەنگی لەناوچوونی لێ دا. ئەو هەموو کۆششەی بۆ ڕزگارکردنی زمانی دایکی کردی، گەیاندییە بەرزترین پلەی ئەو پرۆفیسۆرانەی کە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلۆس، کاریان دەکرد. ئەو پۆستەش تەنیا بەو کەسانە دەدرا کە لە کاتی بواری پسپۆریی خۆیان پێشکەوتنی گەورەیان وەدەست دەهێنا و ناوبانگیان لە دنیادا دەردەکرد. گەورەترین ئیشی کە لە هەموو ژیانی خۆیدا کردی، ئەو فەرهەنگەی زمانی ئارامی نوێی جوولەکە بۆ زمانی ئینگلیزی بوو کە لە ٢٠٠٢دا چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم فەرهەنگە هاوشێوەی پێشتری نەبووە و گۆڕێکی زێڕینی هەموو وشە مردووەکانی زمانەکەیە.

کۆواری مێدیتێرێنییەن لانگویج ڕیڤیو Mediterranean Language Review بەم جۆرە باسی لە فەرهەنگەکە کرد کە نووسی: (لووتکەی ئەو هەموو کۆششە بێ وچانەیە کە لە ماوەی سی ساڵدا زمانەوانێکی چالاک کردوویەتی... ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین کە بەهۆی کۆچکردنی بەکۆمەڵی جوولەکە کوردستانییەکان لە سەرەتای ١٩٥٠کاندا، دایەلێکتەکانی ئارامی نوێی زمانی جوولەکە هاتبووە سەر لێواری لەناوچوون، ئەو کات دەزانین کە کۆششی دانەر، لە کاتی ڕیکۆردکردنی ئەو زمانەوانی و کەڵتەرەی کە خەریک بوو لە بەین دەچوو، چەندە گرینگ و پڕ بایەخ بووە. چەند خۆشە ئەگەر هەر زمانێکی ئەم زەوینە کە مەترسیی نەمانی لێ دەکرێ، مرۆڤێکی داکزمان native– ی پسپۆڕی شارەزای بۆ پەیدا بێ کە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکا تا لە نەمانی قورتار دەکا. ساڵان هات و چوون، ئیتر زانکۆکانی هارڤارد و یەیڵ و کامبرج و سۆربۆن و چەندان زانکۆی تر لە سەرتاسەری دنیا، بانگهێشتنیان کرد تا بچێ و دەرس Lectureیان لێ بڵێتەوە.

خۆ هەر بەتەنیا ئاکادیمییەکان ڕیزیان لێ نەنا. چونکە ئێمە لە نزیک هۆلیوود دەژیاین، هەندێ جاران بەرهەمهێنەرانی فیلم و تەلەڤزیۆنیش ڕێزیان بۆ دەبەست. گەلێ جاران لە نێوان خۆیاندا پێیان دەگوت: (ئەم پیاوە بەزمانی عیسا قسە دەکا.) باوکم هەوڵی یارمەتیدانی خەڵکی دەدا. کاتێک کە دروستکارانی فیلمی پێشبینییەکی سیلێستاین (The Celestine Prophecy) داوایان لێی کرد کە دەستەواژەی (تێکەڵاوبوونی ناوکی – Nuclear Fusion) بۆ زمانی ئارامیی نوێ بگۆڕێ، باوکم نەختێک بەخاهشکردنەوە وەڵامی دانەوە و گوتی کە زمانی ئارامی بەر لە زانستی ناوکی هەبووە.

بەرهەمهێنەرەکە نەقورچەیەکی خێواندێ و گوتی: (بۆ خۆت شتێک ڕێک بخە.)

باوکیشم وەک ئەوی کرد و گوتی: (چۆنە ئەگەر بڵێی سید مکس؟) بۆی ڕاڤە کردەوە و گوتی: (سید Seed بەرانبەر ناوک و مکسیش Mix بۆ تێکەڵاوبوونە.)

بەرهەمهێنەرەکەش گوتی: (ئەمە بۆچوونێکە.)

له بۆ فیلمی ئۆی! خوایه! Oh! God! له ١٩٧٧، ئەو پرسیارە ئارامییانەی نووسییەوە کە جۆرج بێرنز لە ڕۆڵی سەرەکیدا، بۆ پیاوێکی ئاینیی گوماندار دەسەلمێنێ کە ڕاست و ئەمینە. لەم دوایییانەشدا، بۆ قەف Episode ێکی زنجیرە کۆمێدی HBO بەناوی سۆزی خۆت جەڵەو بکە Curb Your Enthusiasm یارمەتیی یەک لە ئەکتەرەکانی دا تا فێری ئارامی ببێ و بتوانێ بەو زمانە بڵێ: (پێم! پێم! My foot! My foot!)

دەرهێنەرەکە پێی گوت: (بەشێنەیی بیخوێنەوە، با بڵێین وەک ئەوەی پێت لە میخێک نابێ و ئازاری دابیت.)

ئەو کارمەندانەی هۆڵیوود هەرگیز پارەیەکی باشیان بەباوکم نەدا. ئەویش هێندە ساکار و سادە بوو، هەرگیز مامەڵەی وردتری دەگەڵدا نەکردن. ئەو هەر بەوە شادمان بوو لەو لۆس ئەنجلۆسەی کە چەند ساڵە ڕووناکی لە ماڵە کوردستانییەکەیەوە دوور بوو، کەسێک هەبێ کە بەزمانی ئەوەوە بئاخێڤێ.

باوکم کێ بوو؟ چ ئەو هەندە لە وڵاتەکەی خۆی دووری خستەوە؟ بەشێک لەبەر ئەوە ئەو کتێبەم نووسییەوە تا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە. ویستم جیاوازیی ئەو کەلێن و کونە جیۆگرافیایانەی هەر لە تەپۆلکاییەکانی کوردستانەوەڕا تا هایوەیەکانی لۆس ئەنجلۆس بەیان بکەم. بەڵام خۆ هێشتا پرسیارێکی بەهادارتریشم هەبوو: ئاخۆ بەهای ڕابردوومان چییە؟ کاتێک کە ئێمەمانان زمان و چیرۆکەکانی خۆمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازینەوە و لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەی دواتر دەربازیان دەکەین، ئاخۆ بەڕاستی چ دەستکەوتێکمان پێ دەبڕێ؟

ئەوەی لە زۆر لە کوردە جوولەکەکانی هاوزێی باوکمم بیست ئەوە بوو کە دەستکەوتەکە کەم بووە. چونکە لە ئیسرائیل بەچاوێکی کەم تەماشایان دەکرا و زۆربەیان پێوەندییان بەکەڵتەرەکەیانەوە نەما، بۆیە لەلای ئەواندا سوودی نەبووە کە منداڵەکانیان فێری زمانەکەیان بکەن. کەسێک هەیە بتوانێ لۆمەیان بکا؟ ئیسرائیل خەریکبوو ناسنامەیێکی تازەی لەسەر شێوازێکی ئەوروپایی ڕێک دەخست، بۆیە وایان بەچاک زانی کە وڵاتەکەیان پشتگوێ بخەن. بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی ئاڵۆز بوو باوکم نەیهێشت فەرامۆش بکرێ. وای دەزانی ڕابردوو ئەو پەنایەیە کە دەتوانێ خۆی تێدا بشارێتەوە. بۆیشی ڕوون بووەوە ئەگەر ڕابردوو بەبایەخەوە وەربگیرێ و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێ، دەشێ مرۆڤ بەرەو چەندان دنیای نوێ ببات.

کە منداڵ بووم، وام دەزانی زیرەکایەتییە ئەگەر خۆم لە باوکم و لە تەماشاکردنە نامۆیەکەی و ئەکسەنتە accent سەیرەکەی دوور بگرم. بەڵام چ دەبوو ئەگەر من هەڵەبام؟ چ دەبوو ئەگەر ڕابردووم منی دووبارە دروست بکردبایەوە؟ چ دەبوو ئەگەر منی باشتر بکردبایە؟

لەو شێوە خۆپێوەنووساندنەی باوکم بەزمانی دایکی، ئەوەم بەدی کرد کە ئەگەر مرۆڤ بزانێ چ دوگمەیەک دابگرێ، دەتوانێ زەمان بوەستێنێ و ئەو شتانە ڕزگار بکات کە خۆشی دەوێن.

## زاخۆ

### ١- ناو چ نهێنییەکی تێدا هەیە

کابرایە قەڵەوەکە لێی پرسیم: (تۆ کامیانی؟ ئاخۆ تۆ ئارییێل ساباری یان ئارییێل ساباغای؟) بەتاکە چاوە ساغەکەی وا تەماشای کردم، دەتگوت دەمکڕێ، پاشان پرسی: (کامیانی؟)

ئێوارەیەکی ساردی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٥ بوو، کە لە ئۆرشەلیم، سەردانی گەڕەکە ناخۆشەکەی کاتامۆنیمم کرد. کاتامۆنیم گەڕەکی کوردەکانی ئۆرشەلیمەکە لە چەند ڕیز ئەپارتمانی لە شێوەی ئەپارتمانتە سۆڤیەتییەکان دروست کراوە. لە١٩٥٠، ئیسرائیل هەژارترین کۆچبەرەکانی لەوێ نیشتەجێ کرد. زۆربەیان تا ئەو کاتی گۆڕهەڵکەنیش پانەکوردەکانی سەر بەکۆمەڵەی کورد بۆ مردوو شاردنەوە، تەرمەکانیانی بەدارەبازە بەرەو دوا قۆناخی برد، هەر لەو گەڕەکەمانەوە. کراسە ڕەنگاوڕەنگەکان لە بالکۆنەکانەوەڕا بەتەناف هەڵواسرابوون. گەڵای دارمێوەکانیش بەشێوەیەکی نائاسایی، لەو سەرمایە زەرد هەڵگەڕابوون. چوومە ئەوێ تا شارەزاییی پتر لەبارەی خانەوادەکەم وەدەست بێنم. بەتایبەتیش دەمویست پتر لەبارەی باپیرە گەورەمەوە بزانم. ئێفرایم بەگ سەباغا تاکە خمچیی زاخۆ بووە. زاخۆ شارێکی تۆزاویی باکوری عێراقە و لە داوێنی سنووری تورکیادا ڕاکشاوە. ئێفرایم بەو کووپەڵە مەزنەوە بەناوبانگ بوو کە خمی تێ دادەکرد، نەک بەوەی کە هەموو شەوێک هەتا بەیانی لە کڵێسای جوولەکەکان چریکەی دەهات و دەگریا و دەپاڕاوە. خەڵکانێک بەمکوڕی و بەڕشتییەوە پێیان گوتم: (قسەی دەگەڵ فریشتاندا دەکرد.)

هەرچەند ڕۆژێک پێشتر بوو ئەو تاکە وێنەیەیم بەدەست کەوتبوو کە هێشتا نەفەوتابوو. وێنەکە بەقرتەی ژەنگاوی لە دەفتەرە ناسنامەیەکی شێدار درابوو، کە وەزارەتی ناوەخۆی ئیسرائیلی دەری چواندبوو. وێنەکە هی ساڵی ١٩٥١ بوو، ئێفرایم هەینێ لە عێراقەوە هاتبوو. زەردەخەنەیەکی پڕ لە ئومێد ڕوخساری داگرتبوو: چاوەکانی گەشاوە بوون و هەردووک قولینچکە چاوی نەختێک لێژ بووبوونەوە، دەتگوت سەری لە دنیا سوڕماوە؛ زەردەخەنەیەکی ناسکی لەسەر لێوان هەبوو، هەرچەندە تایبەتمەندیی خۆی بوو، بەڵام دەتگوت دەیەوێ بەشی هەموانی لێ بدا؛ هەورییەکەی سەری گوێیەکانی بەشێوەیەکی نائاسایی قیت کردبوونەوە؛ ڕیشی بەنارێکی هاتبووە خوارێ، هەندێ زیوی پێوە هەڵواسیبوو، زیوەکە وەک ئاور دەتروسکایەوە. ڕوخسارەکەی هێندە سەرنج ڕاکیش بوو کە وای لێ کردم تا ماوەیەک سەرنجی جەستەی نەدەم، جەستەکەش تەنیا لە سینگییەوە بۆ هەوراز لە وێنەکە دەرچووبوو، وردیلە بوو، شانەکانی لار بووبوونەوە، سینەشی بەناوەوەدا قوپابوو. هێندە بچووک بوو کە مرۆڤ گومانی ئەوەی دەکرد ئەم جەستەیە توانیبێتی ئەم کەللەسەرە هەڵبگرێ.

هەموو ئەو کوردانەی کە لە ئیسرائیل قسەم لەگەڵیاندا کرد، پێیان گوتم ئەگەر بتەوێ پتر

لەبارەی باپیرە گەورەتەوە بزانی، دەبێ بچی سەردانی زەکی لێڤی بکەی. زەکی لێڤی خەڵکی زاخۆ بووە و ڕێگەی کۆچکردنی جوولەکەکانی ئەو شارەی بۆ ئیسرائیل خۆش کردووە و لەوێش بووە براگەورەی کوردان. کابرایەک بوو فرە ڕای لە خۆی بوو؛ ساڵانێک بوو خواردنی دەگەڵ جەنەراڵ و سیاسەتوانە ئیسرائیلییەکاندا دەخوارد؛ بەڵام کە ناوی دەهێنان، هەرگیز پلەو پایەیانی نەدەگوت. لە هەمووشیان گرینگتر ئەوەیە کە دەیانگوت هیچ شتێکی ڕۆژانی کۆتایی جوولەکەکانی لە زاخۆ لە بیر نەچووبوو.

جا منیش لە ئێوارەیەکی ساردی مانگی شوباتدا، بەپەیژەی ئەپارتمانی لێڤی لە گەڕەکی کاتامۆنیمدا هەڵگەڕام، قادرمەکە بەکزی ڕەوشەن کرابووەوە.

بەچاوێکی پڕ لە گومانەوە سەیری کردم، دووبارە لێی پرسیمەوە: (تۆ کامیانی؟ سەباری یان سەباغای؟) تا وەڵامیم نەداوە لێ نەگەڕا بچمە ژوورێ. ئێستا زانیم چی دەپرسی: ئاخۆ تۆ نەوەی ئافرایم بەگی سەباغای، ئافرایمە خمچییەکەی زاخۆی، یان تۆ ئەو کوڕەی ئەمەریکای کە باوکی ناوی خانەوادەکەی خۆی خاوێن کردەوە؟

گوتم: (سەبار)

لێڤی ڕووی خۆی لێ وەرگێڕام و منیش هەستم بەشەرمەزاری کرد.

گوتی: (باشە، وەرە ژوورێ. با باسی خۆمت بۆ بکەم.)

گەڕێکی بەناو ئەپارتمانەکەیدا پێ دام، وێنەی خۆی لەگەڵ مۆشێ دایان و حاییم وایزمان و چەند ناودارێکی تری ئیسرائیلی پێ نیشان دام. کاتێک کە دیتی زەینی خۆمم داوەتە ئەو چاوەی کە تانەی لەسەر بوو، تێی گەیاندم کە جارێکیان، لە١٩٥٠کاندا، خەریکبوو گوتارێک پێشکێشی کۆبوونەوەیەکی سۆشیالیستەکان بکا، کە کۆمۆنیستە تووڕەکان کۆبوونەوەکەیان بەردباران کرد و بەردێکیش بەچاوی ئەو کەوت. لێڤی بەدەنگێکی گڕەوە گوتی: (بڕیار بوو بنگۆریۆن لە پێشدا قسە بکا، کە بەردێک بۆی هات، خۆی هاوێشتە نێوان ئەو و بەردەکەوە.)

لە دەرگە درا ئەوەی هاتە ژوورەوە شانازیی هەموو کوردەکانی ئیسرائیل بوو پیشەوەر و هۆزان و پارێزەر و سەرۆکی ڕێکخراوی جوولەکەی کوردی ئیسرائیل بوو. لێڤی فەرمووی لێ کردین تا لە دەوری مێزێکی درێژ دابنیشین کە ژنەکەی هەندێ خواردنی سووکی لەسەر ڕێک خستبوو؛ کوبەی زەردی زێڕین و کەبابی ئورجەی تیژ و نووردییەک نان و باینجانی سوورکراوە و سڵقی وردکراو و لیمۆی لە کاری هەڵێنجراوی ئامادە کردبوو. لێڤی شەپێکی هێندە توندی لە مێزەکە دا، هەموو ئامانەکانی لەرزاندنەوە و گوتی: (ئەم خوانە وەک سفرەی سوڵتانەکانی بەغدا وایە! دەڵێی شەوێکی هەزار و یەک شەوەیە!)

ویستم ڕستەیەکی درێژیان لە پرسیار ئاراستە بکەم، بەڵام ئەو پیاوە سینگ بەرمیلە، دفن بچووکە، سمێڵ قەڵەمییە، پێ دەچوو کاری گرینگتری هەبێ. لە کورسییەکی پشت بڵندی لای

سەرەوەی مێزەکە، دانیشت و تێیدا نقوم بوو، تەلەڤزیۆنەکەی هەڵکرد و کەناڵی کوردساتی کردەوە کە لە سلێمانی ناوچەرگەی عێراقی کوردی، دێتە وەشاندن. سکرینەکە ڤیدیۆی میوزیکی کوردی نیشان دا: ئافرەتێک بەجلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە دەتگوت نەرمەسەمایێکی دەکرد لەناو گیای سەوزی بناری شاخێک بەملا و بەولادا لەنجەی دەکرد و بەئینگلیزی لە سەرەوەی سکرینەکەدا نووسرابوو Kurd Live واتا کورد زیندی.

ئاخۆ ئەم هەموو وێنە فۆتۆگرافییە و خواردن و ڕێپێوەرانی کورد و میوزیکی کوردی، هەموو نەریتی خۆم بوون؟ ئاخۆ ئەمانە لە سەباغاوەڕا بۆ من مابوونەوە؟ خۆ هەر هەموو ئەوەی کە من بۆی هاتبووم تەنیا چەند چیرۆکێکی خانەوادەکەم بوو، من مەرامی پترم نەبوو.

دوو سەعات بوو لێڤی نوکتەی بۆ دەگێڕاینەوە تا ئاشنای یەکتری بووین، ئینجا بەچاوە ساغەکەی زەینی خۆی دامێ و پاشان کتوپڕ دەستی پێ کرد و گوتی: (ئافرایمی باپیرە گەورەت کابرایەکی بلیمەت بوو.)

ئەو قسەکانی خۆی دەکرد و منیش دەفتەری تێبینییەکانم دەرێنا.

– (هەر شەوە دەچووە پەرستگە هەرە گەورەکەی زاخۆ. فرە زەبەلاح بوو؛ شەش دۆنم زەوی بوو. میکڤەیێک mikveh لەناو حەوشەکەیدا هەبوو. مێزەکەی ژوورێکی پڕ کردبووەوە. تەورات و ئاوی پیرۆزیشی تێدا بوو.)

لێڤی پارچە کاغەزێکی لە پەڕتووکی تێبینییەکانم دڕی. نەخشەیەکی پەرستگەکەی بۆ کێشام. چوارگۆشەیەکی کێشا؛ ئەمە نەخشەی قاڵییەکی گرانبەهای کوردی بوو. نیشانەی Xی لەو شوێنە دانا کە باپیرە گەورم لێی دادەنیشت. ئافرایم شەوی لەوێ بەسەر دەبرد، دەمێک کتێبی دەخوێندەوە، تاوێک خەوەکوتکەی دەبردەوە و ناوەناوەش قسەی لەگەڵ ئەو ڕوحانەدا دەکرد کە تەنیا خۆی دەیبینین. لێڤی پێی گوتم: (باپیرە گەورەت لە دووی بەیانییەوەڕا دەهات تا بەیانیین دەماوە و کە لە سەعاتی پێنجی بەیانییانیش خەڵکەکە دەهات، هەردەم گوێیان لێی دەبوو دەستی بەقیژەقیژ دەکرد و دەیقیڕاند: (ئیلۆهیم! باروش، باروش، شمۆ!) خوایە! چەندە پیرۆزی!

– (ئاخۆ خەڵکی بەمرۆڤێکی دینداریان دەزانی یان بەشێتیان دادەنا؟)

لێڤی گوتی: (نا! دیندار بوو! وەک پیاوچاکان هەڵسوکەوتی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا مرۆڤێکی سادە و کارامە بوو.)

هەموو کەسێک پێی دەکرا کتێبەی باپیرەم بناسێتەوە؛ چونکە بە پەنجە خماوییەکانی هەندە پەڕەکانی هەڵدابوونەوە هەموو پەڕاوێزەکانیانی ڕەش داگەڕاندبوو.

بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ هاتبووم لە قەراغی کورسییەکەم چەقیبوومەوە و گوتم: (ئێی، مام لێڤی، تکایە چی ترت لە بیر ماوە؟)

بەلام لێڤی پاڵی داوە و بەشێنەییەوە دەستی بۆ هەڵبڕیم؛ وەک ئەوەی کە ستۆپ بگرێ و ئیتر

بێدەنگ بوو. ئاماژەکردنەکەی بۆ من ڕوون بوو: کە زەکی لیڤی بڕیارێکی دا کەس لەلی لێ ناکا. تا خۆی نەیەوێ، باسی زاخۆ ناگێڕێتەوە و کە ویستیشی ڕابوەستێ؛ ڕادەوەستێ.

گوتی: (لییخت، لییخت.) واتا هێدی هێدی.

درەنگانێ کە هەمان ئێوارە لیڤی خۆی بۆ لای ئەو سینییە هێنا کە بادەی فرەچەشنی لەسەر ڕیز کرابوو، بۆ ئەوەی بگاتە شەرابەکان خۆی بەسەر ورگە دەرپەڕیوەکەی دادا.

تەماشای کردم و گوتی: (حەزت لە چییە؟ شەراب؟ کۆکتێل؟ ئارەق؟) پێشتر تامی ئەو بادەیەم نەکردبوو کە تامی ڕازیانەی لێ دەهات. بەڵام خوێندبوومەوە کە کورد لە دوای خواردن ئارەق لە هەموو جۆرە بادەیەکی تر پەسندتر دەکەن و کەسانێکیشیان هەنە کە لە پێش خواردن و لە دوای خواردنیش هەڵی دەقوڕێنن.

گوتم: (ئارەق.)

یەکەم جار بوو لیڤی گرژییەوە. پەرداخێکی زلی بۆ پڕ کردم و چەند پارچە سەهۆڵیشی خستە ناویەوە و پڕووشکیان لێی پەڕاند و ڕەنگی ئارەقەکەیان وەک هەوری سپی لێ کرد.

ئارەقی ماڵوێران ئاگری لە قوڕگم بەردا و ئاکاری گۆڕیم.

لیڤی خەنی بووبوو. گوتی: (ها! ئێستا دەزانم لە نەوەی سەباغای.)

ئا، ئا! ئەگەر ئەوەندە ئاسان دەبوو.

## ٢- دوورگەیەک لەناو ڕووبارێکدا

(ئێستا کە چاوت بە زاخۆ دەکەوێ؛ وەک ئەو زاخۆیە خۆ دەنوێنێ کە لە سەردەمی زێنەفۆندا باسی کراوە.)

ویلیەم فرانسیس ئێینسوێرت

گەشتەکان بەو شوێنانەی دە هەزارە یۆنانییەکە پێیدا چووبوون، ١٨٤٤

تەماشاکردنی شارەکەی ماڵی باوکم و دیتنی ئەو دیمەنەی کە لە ئەفسانەی پەرییان دەچێ، مرۆڤ دەحەپەسێنێ: دوورگەیەکی کۆنە لەناو ڕووبارێک و لە دەشتاییەکی بەریندا، سنووری بەو شاخانە گیراوە کە بەفر تاشیونی. جوولەکەکان لەسەر ئەم دوورگەیەدا ژیان، کە لە شێوەی مانگی یەکشەوەدایە و چوارسەد گەز بە هەشت سەد گەز دەبێ و کەوتووەتە هەرێمێکی هێندە پەڕاوێز کە ئەو ژمارە کەمە میوانە ڕۆئاواییانەی سەردانی ئەوێیان کردووە، فرەجار وایان زانیوە کە لەوێ خێڵێکی ونبووی ئیسرائیلییان دۆزیوەتەوە.

پرۆفیسۆری جوولەکەی ئەمەریکایی وۆڵتەر فیخێڵ پاش ئەوەی لە ١٩٤٠دا سەردانی کوردستانی کردووە نووسیویەتی: (وای لەو جوولەکانە! پیاوەکانیان کەڵەمێری قۆز و ژنەکانیشیان هەوری و هیزاری نەخشکراویان دەسرۆک کردبوون و گوارەیان لە گوێ؛ بازنیان لە قۆڵ؛ خەزێمیان لە دفندا

و ڕوخساری خۆیشیان کوتا بوو ئەوان برا و خوشکی ئێمە بوون!)

زمانەکەیان جێی سەرسوڕمان بوو؛ چونکە لەمێژ بوو خەڵکی ئەو زمانەیان بەمردوو لە قەڵەم دابوو. ئارامی لە سەردەمی خۆیدا وەک زمانی ئینگلیزیی ئێستاکە وابوو؛ زمانێک بوو گەلانی سەرتاسەری ئەوسای ناوەندی شارستانی بۆ پێوەندیکردنی نێوانیان بەکاریان دەهێنا. نووسینە سەرەتاییەکانی ئەم زمانە کە بەزۆری لەسەر بەردی داتاشراودا بۆ خوا و پادشایەکان نووسراونەتەوە، لە نزیک حەلەب لە سووریا دۆزراونەتەوە. مێژووشیان بۆ ١٠٠٠ ساڵ پێش زاین دەچێتەوە. لەو کاتەدا، هۆزێکی ڕەوەندی سامی بێ ناوودەنگ، کە ئارامی بوونە، دەستیان کرد لە سووریاوەڕا بۆ نێو هیلالی خەسیب شۆڕ بوونەوە. ئارامییەکان نە سوودیان لە سامان و نە لە هێز بینیوە؛ چونکە شتێکی ئەوتۆی دیاریان بەدەستەوە نەبووە. هەر ئالوودەی گەڕیدەیی بوونە.

چونکە گەڕیدە دەبوونە و بەگەلێ ناوچەی جیاوازی میزۆپۆتامیای کۆندا پەرتەیان لێ کردووە، زمانەکەیان بووەتە زمانێکی ئەمری واقیعی سەردەم و بڵاو بووەتەوە و بووەتە یەکەم ئیسپێرانتۆی[1] دنیا. زمانی کار بوو. وا پێش دەچێ کە کەس نەیویستبێ خۆی تێوە بگلێنێ. بەهاتنی سەدەی هەشتەمی پێش زاین. بڕیارێکی کارامە دەرچوو کە لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتی ئاشووریدا، زمانی ئارامیی کردە زمانی فەرمیی کارگێڕی. کە ئاشوورییەکان ڕووخان، بابلییەکان زمانی ئارامییان قۆستەوە و کردیانە زمانی فەرمیی ئیمپراتۆرییەتی خۆیان لە میزۆپۆتامیادا. کە بابلییەکانیش کەوتن، پارسەکان زمانەکەیان هەڵگرتەوە.

بەلایەنی کەمیەوە سێ ئیمپراتۆر هاتن و ڕۆیشتن بەبێ ئەوەی هیچ ڕاستییەکی زمانی خۆیان بسەپێنن: ئەوە بوو ئەو زمانە شوێنی دەسەڵات دەکەوت. بەکورتی زمانی ئارامی لەبەر ئەوە نەفەوتا و دەرباز بوو چونکە خودان زمانەکە چاویان لە دەسەڵات نەدەبڕی. مێژوونووسێک نووسیویەتی؛ ئارامییەکان وێڵ و سەرگەردان (بەدەوی بێ نەزاکەت) نەبوونە. لە هەموو شوێنێکدا هەبوونە. بەڵام هێندە نارێک و هەژار و بێ دەسەڵات بوونە، کە هیچ ئیمپراتۆرێک ترسی لە زمانەکەیان نەکردووە. ئەمە بوو وای کرد کە ئارامی بەرپەرچ نەدرێتەوە: زمانێکی تەکنیکیی باڵا بووە. پێشتر زمانی ئەکەدی لە هەموو زمانەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نزیک بڵاوتر بووە. زمانی ئەکەدی بەنووسینی مێخی cuneiforms نووسراوەتەوە و تەختەی قوڕ دەپەسترا تا پیتەکانی لەسەر دەرچێ. کەچی ئارامی دەشیا لەسەر گەڵای زەل (بەردی) بنووسرێتەوە. لە کن بیرۆکراتە ئاشووری و بابلییەکان، نووسینی سەر زەل لە نووسینی سەر بەرد ئاسانتر بوو.

پاشای ئاشووری سەرگۆنی دووەم ئاسانیی زمانی ئارامی لەلا دیار بووە، بۆیە لە نەقشێکی سەر بەردێک کە لە نزیک مووسڵ دۆزراوەتەوە، سەرجۆن بانگهێشتنی ئەوە دەکا کە ئەو هانی خێرا بڵاوبوونەوەی ئارامیی داوە و دەنووسێ: (گەلانی هەر چوار کەناری دنیا، ئەوانەی بەزمانی بیانی و بەشێوەزاری جیاواز دەئاخڤن و لە چیا و لە دەشت نیشتەجێن... من بەرپرسیارێتیم خستە سەر شانم و وام لێ کردن بەیەک زمان قسە بکەن.)

گەلان لە ئاسیا و باکوری ئەفریقیا هەر لە قوقازە و تا دەگاتە میسر و هەر لە رۆئاوای تورکیاوەش تا دەچێتە هیندستان و چین، بەخێرایی فێر بوون بەئارامی بدوێن و پێی بنووسن. وەک هیچ زمانێکی پێش نەبووە؛ هەموو سنوور و بەربەستە ئاینییەکانی بەزاند. نەک تەنیا هەر جوولەکە و کریستیانەکان وەک زمانێکی ڕۆژانەی خۆیان قسەیان پێی دەکرد، بگرە لە سەردەمی جوداشدا، زەردەشتی و بوودی و موسڵمان و مەندایی و مانەوی و تەنانەت بتپەرستەکانیش قسەیان پێی کردووە.

ماوەیەک وا پێ دەچوو کە ئارامی نەمر بێ. چونکە زمانێکی هاوبەشی سەردەمی پەیدابوونی ئاینی مەسیحی و ڕەهەندی جوولەکەی هەندەران بووە؛ بۆیە خزاوەتە نێو دەقە ئاینییەکانەوە. وەرگێڕدراوێکی ئینجیلی عیبری بەئارامی کە پێی دەگوترێ (تەرگوم) واتا وەرگێڕان وەک هێمایەک دەناسرێ. بەشێکی هەردوو کتێبی عیزرا و دانیال بەئارامی داڕشتراوە. جوولەکە بابلییەکان تەلموودیان بەئارامی نووسییەوە. تەلموود کتێبی یاسا و ڕێنوێنییە. شاعیرێکی ئیسپانی لە چەرخی ناڤین، زۆهاری لێ داڕشتەوە. زۆهار بەشێکی سەرەکیی کابالای جوولەکانە. (نووسینە-ڕەسەنەکەی - سەر دیواری) کە پێشبینیی رووخانی بابلی کردووە بەئارامی بووە. حەزرەتی عیساش کە چووەتە سەر خاچ، تا مردووە هەر بەو زمانە هاواری کردووە و گوتوویەتی: (ئیلوا، ئیلوا، لما ساباختنی؟) واتا: (خودایی من، خوایی من، بۆ فەرامۆشت کردم؟)

ئەو زمانە بەهادارە جیهانییەی ئارامی لە کتوپڕێکدا مرد. لە سەدەی حەفتەمین بوو کە موسڵمانەکان لە دوورگەی عەرەبییەوەڕا هاتن و میزۆپۆتامیایان داگیر کرد و زمانی عەرەبی زمانی ئارامیی خنکاند. عەرەبی تا ئێستاش هەروەک گەورەترین زمانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ماوەتەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە جووەکانی تر، تەنانەت ئەوانەش لە شوێنەکانی تری عێراقدا دەژیان، کە گوێیان لە برا کوردەکانیان بوو باوەڕیان بەگوێی خۆیان نەکرد. حسقێل حەداد، کە دوکتۆرێکی جوولەکەی بەغدایی بوو، لەیادداشتەکانی خۆیدا باسی یەکەم جار دەکا کە بەبرا جوولەکە کوردەکانی گەیشتووە و دەنووسێ: (هەرچەندە نە عەرەبی و نە فارسی و تەنانەت عیبریش نەبوو، شتێک لە زمانەکەدا لە ژێیە هەستیارەکەی دام و وشتی کردم. یان لە هەندێک لە تاکە وشەکانی گەیشتم، یانیش هەر مەزەندەم کرد کە تێیان گەیشتم. یەکسەریش زانیم بنج و بنەوانی لە کوێوە گرتبوو. ئەم خەڵکە پەریشانە شرۆڵە بەئارامییەکی داڕشتراو ئاخاوتنیان دەکرد. ئەو زمانەم لە زۆهار وەبەرچاوم کەوتبوو.! زمانێکی شەپرێوی تێکەڵ و پێکەڵی ئاوەژووکراو بوو، بەڵام غەڵەت قبووڵ ناکا کە زمانێکی دیرۆک بوو!)

گوێبیستبوونی ئارامی لە سەدەی بیستەمیندا، مرۆڤ دەحەپەسێنێ. عەرەبیزانی ناوداری یەیل، فرانس ڕۆزینتێل، کە جوولەکەیەکی ئەڵمانیی نەریتپەرستە و هەموو کات ڕاگەیاندنی نەرم دەدا، دەنووسێ: (بەبۆچوونی من، مێژووی ئارامی پاراوترین هێمای سەرکەوتنی مرۆڤە کە توانیویەتی ئەم زمانە تا ئێستا بەم شێوەیە بپارێزێ. زمانی ئارامی چەند ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی گرتووەو

کە ئەوانیش وەبن لێشاوی مێژوو کەوتوونە و بزر بوونە، زمانەکە خۆی ڕاگرتووە و پەنای وەبەر خۆی بردووە و ژیاوە... لەناوچوونی یەکجارەکی ئارامی، فێرمان دەکا کە ڕەنگە چەوساوە هەلی ئاوای بۆ برەخسێ بتوانێ ڕۆڵی گرینگی تێدا بگێڕێ، دەشێ وشەی پاراو و سادە بتوانێ باڵ بەسەر ئیمپراتۆرییەتان دابگرێ و خۆی بپارێزێ و نەهێڵێ بتوێتەوە. دەشێ دەستکەوتی ڕاستەقینەی مرۆڤیش بۆ هەموو کات بژی.)

مانەوەی ئارامی بەهۆی لاچەپی شوێنێکی وەکو زاخۆیە: دوورگەکە لەناو ڕووبارێکی دەوری بەشاخ گیراوە و بووەتە قەڵایەک بەرانبەر بەهەر هەموو دنیادا وەستاوە. لە دوای دوازدە سەدە لە گەیشتنی عەرەب بەم ناوچانە، ئارامی، بەهۆی ئەو بیست و پێنج هەزار جوولەکەی کوردستانەوە بووە کە هێشتا لەم ناوەدا هەر بەڕەهایی ماوەتەوە. ئەو جوولەکانە ڕەگەزێکی لە بیرکراوی پاڵە و ڕەنجدەر بوونە کە خۆیان بەنەوەی هۆزە بزربووەکانی ئیسرائیل ناسیوە.

دەوروبەرەدا دەست پێ دەکات، زاخۆ شوێنی هەولێر و ئامێدی گرتووەتەوە و ناوەندی چالاکیی جوولەکەکانی کوردستانی عێراق بووە. بەڵام خۆ ئەمە زۆری نەدەگەیاند. لەو شارەی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٧٠٠٠ کەس بووە و زۆربەیان کوردی موسڵمان بوونە، تەنیا ١٤٧١ کەسیان جوولەکە بوونە.

جووەکان لەسەر دوورگەی زاخۆدا ژیاون، ئەو دوورگەیە کۆنترین ناوچە و جەرگەی بازرگانیی شارەکە بووە. خانووە خشتە قوڕەکانی کۆڵانی تەسکیان لە نێواندا هەبووە و بەزیگزاگ تا ڕووباری خابوور شۆڕ بووەتەوە. لە کەنارەکانی ئەو ڕووبارەدا منداڵان یارییان کردووە و غاریان داوە و دارەوانان کەڵەکەکانیان بەستاونەتەوە و پیاوانیش لە چایخانەدا فڕیان لە پیاڵەی چایە داوە و قامکی پێیەکانیشیان لەناو تەوژمی ڕووبارە کەفاوییەکەدا فێنک کردووەتەوە. لەودیوی گەڕەکی جوولەکاندا بازاڕێکی کراوە هەبووە و قەڵایەکی کۆنیش هەبووە کە هەم زیندان و هەمیش ئۆفیسی بەڕێوەبەری ناوچەکە بووە. پردی بەردین دوورگەکەی بەگەڕەکەکانی موسڵمانان و گەڕەکێکی بچووکی کریستیانەکان و قوتابخانەی سەرەتاییی کوڕانەوە بەستبووەوە.

تا ئێستاش خانووە نارێکە نەوییەکانی هەر وەک خۆی بەنارێکی ماونەتەوە. هەتا دەگاتە شاخە سەرکەشەکان، هەموو ئەو دەشتایییە لەبەر گەنم و جۆ وەک زێڕ دەدرەوشێتەوە. چیای بێخێر و چیای سپی کە لووتکەکانیان هەزاران پێ لەسەر شارە کە بەرز دەبنەوە، وەک دیوار چەیارە لە دۆڵەکەی ناوەندیان دەکەن.

گەشتیاری بەریتانی ویلیەم فرنسیس ئێینسوێرت یەکێکە لەو چەند گەشتیارە ڕۆئاواییانەی کە لە ناوەڕاستی ١٨٠٠ـەکاندا سەردانی زاخۆیان کردووە و نووسیویەتی: (هەرکە بۆ یەکەم جار پیاو لێی نزیک دەبێتەوە، سەری لەو دیمەنە جوانە لاچەپەی سوڕ دەمێنێ. وەک مووسڵ نییە. زاخۆ شارێکە لە وڵاتێکدا کە تەنیا بەشێکی شارستانییە و سەنگەرێکیشە لە کوردستانی شەڕواندا.)

زاخۆ تەنیا قانێکی بەردەڵانی سەر تخووبی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بووە و نزیکەی شەست

مایل لە باکوری رۆئاوای مووسڵەوە دوورە. لە پاش بەزینی عوسمانییەکان لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا، هێزە ئەوروپاییەکان دووبارە هێڵی نەخشەی رۆهەڵاتی ناڤینیان دارشتەوە و لە کتوپڕێکدا زاخۆ کەوتە نویک سنووری ولاتانەوە: تەنیا پێنج مایل لە سنووری تورکیا و دوازدە مایلیش لە سنووری سووریاوە دوور کەوت. کەوتنە نزیک سنوورەوە بارودۆخەکەی هێشتا لە جاران پەشێوتر کرد. لەو کاتەشدا کە بازرگانیی دەرەکی کە زۆربەی قاچاخە، جۆرە گەشەکردنێکی بەشارەکەدا، لە هەمان کاتیشدا وای لەو شارە کرد کە کەمتر پێویستی بەدەسەڵاتی ناوەندەوە بێت. بەڵام خۆدوورەپەرێز گرتنیش نرخی خۆی هەیە: ئەویش ئەوەیە کە لە کەمینەیەک بترازێ، دانیشتوانەکەی تر هەموو ناچار بوون ئەرکی گران راپەڕێنن و کاری سەخت ئەنجام بدەن و تەندروستییان خراپ بوو و بیرۆکەی خورافیشیان لەناودا بڵاو بووەوە. هەندێک دەڵێن وشەی زاخۆ ئارامییە و مانای (تەلاری سەرکەوتن) دەدا و هی تریش هەنە دەڵێن وشەکە کوردییە و واتای (ڕیبارا خوین) دەدا. لە ڕاستیشدا هەردووکیان ئاماژە بۆ شیمانەی رۆڵی ئەم شارە دەکەن کە لە دێرزەماندا مەیدانی گەلەک شەڕ و کوشتار بووە. وا مەزەندە دەکرێ کە شەروان و مێژوونووسی یۆنانی زێنەفۆن بەخۆی و بە دە هەزار جاشەکەیەوە، لە (٤٠١) پێش زاین. بەزاخۆدا گوزەری کردبێ و لەوێ، لەلایەنی کوردەکان؛ یان وەک خۆی بەکاردۆخی ناویان دەبا، فرە پەلاماری توندی درابێ.

هەندێک ئاماژەیان بۆ مانای تر کردووە کە زۆر سادەیە وەک ئەوەی باسی چیرۆکی پەرییان بێ. دەشڵێن زاخۆ وشەیەکی کوردییە و بە(لاربوونەوەی ڕووبار) ڕاڤە دەکرێ.

### ٣- کتێبێکی لاپەڕە پرشنگدار

منداڵە چکۆڵەکە حەزی بەبانەوە بوو. لە سەربانەکانی شارەکەیانەوە لە کوردستانی عێراقەوە، ئەو منداڵە هەشت ساڵییە قژڕەشە کە ناوی یونا سەیری هەموو دنیای لە خوارەوەی خۆی دەکرد. باوکی لە دوکانەکەی خوارەوەی سنگی دەفرۆشت. لە هەورازتریش بازاڕ بوو، لەوێ باپیری شەرواڵ و شاڵ و شەپکی لە خمی دەنا و ڕەنگی دەکردن. لە حەوشەی ماڵەوەش کە لە نزیک ڕێگە بوو، کابرایەکی خەرفای هەبوو کە یونا فرە خۆشی گەرەک بوو: ئەویش ئەو حەکایەتخوێنە ریش دووفلیقانییە بوو کە بەئەفسانەکانی باسی دێو و درنج و دەرۆزەکەر و پاڵەوانانی دەگێڕایەوە و مێشکی ئەو کوڕەی پێ ئاو دەدا.

ماڵیشیان ڕاست لەو خوارەوە، لە نێوان پەرستگە و دارتووەکەوەیە. دووکەڵێکی چڕ لە حەوشەکەیانەوە هەڵدەستا، هەرچەندە دایکی نەدەدیت، بەڵام بەدووکەڵەکەوە دەیزانی وا خەریکە لەسەر سۆپە ساوار لێ دەنێ و کراسەکەی هێندە گەرم بووە وەختە داگیرسێ.

سنووری دنیای ئەو منداڵە تا چەند هەنگاوێک لە ماڵەکەیانەوە دوور ڕادەکشا و لە لێواری ڕووباری خابوور دەپچڕا. ڕووبار هەردەم وەک بازنە نابن، بەڵێ ئەوەی کە لەزاخۆ بوو وەسابوو.

خابوور له لایێکی شارەکەدا لێک دەبێتـەوە و دەبێتـە دوو لک و لەلایەکەی تریەوە یەک دەگرنەوە: زاخۆ دوورگەیێک بوو لەناو ڕووبارێکدا قیت بووبووەوە. کە منداڵەکە تەماشای هەردوو چۆمـەکانی کرد وەک دوو باسک هـاتنە بەرچاوی کە باوەشیـان لە زاخـۆکێ دابوو. ڕووبارەکە لـەلایەنی دایکی ئاو یمید مایاوە حوکمڕانی دەکرا. یمید مایا فیتـەیەکی ئەنتیکە بوو کە شەوان سـەر ئاو دەبوو تا پرچە ڕەشـە درێژەکـەی دابێنێ. مـالی جـوولەکـەکـان وای لە کـوڕوکـاڵی زاخـۆکێ گـەیاندبوو کـە سەرپێچیکردنی یاسای جوو یمید مـایا دڵتەنگ دەکات. کە شێتی دەیگرێ قامکە بەفرینەکانی لە مـەلەوانـان لوول دەدا و بۆ تاریکاییی خـوارەوەیانی دەبردن تا بخنکێن. ڕۆژێکیـان بـەچاوی خـۆی دیتی چۆن شـاگردە ئاسنگەرەکەی هاوڕێی کاتێک کۆششی بوو هـەندێک ئاومـاڵک بگرێتـەوە، خۆی بۆ نەگیرایەوە و دوای سێ ڕۆژان ئینجا جـەستـە ڕەش داگەڕاوەکەی لە داوێنی ئاوایی لە کـەناری ڕووبارەکەدا دۆزرایەوە.

سـەربانەکان حەشارگە و مەملەکەتی یۆنا بوون. یمید مایا نەیتوانی لەوێ دەستی بگاتێ؛ هەندێ جار لەو بانانەوە خـۆی وەک کوڕە ئاغەیەک دەبینی. خانووەکان هەندە لە یـەکتری نزیک بوون، کە دەیتـوانـی بەســەر هەمــوویانـەوە بڕوا بێ ئـەوەی تەنانـەت بۆ جـارێکیش دەســتی لە زەوی بـدا. لە ســەربانـان غـاری دەدا و هـەڵدەقـۆستـەوە و هـەتا لێـواری کـەنداڵەکـە دەچوو. لەو کـاتـەی ئەویش بەنەشئـەوە دەیڕوانی، لەژێرەوەش پیـادەکـان بەمـشـەوەشی هاتوچۆیان دەکرد؛ مـریشکەکـان گارەگاریان بوو؛ حەمـاڵەکان فەردەی خورمایان لەسـەر عەرەبانەکانیان کەڵەکە کردبوو و پاڵیان پێوە دەنا؛ ئافرەتانیش جلە شـۆراوەکانیـان دەگوشـی. ئینجا کاتێک کە بازی بۆ سـەربانێکی تر دەدا، تۆز لە پێیە خاوسەکانی هەڵدەستا.

دەبێ وریا بیت؛ چونکە یەک لەوانەی کە لە سەربانەکانەوە بازی دەدا و بۆ خـۆیشی دەیناسی، لە بانێکیان کەوتە خـوارەوە و ئەسکوردی لێ هوورد بوو. منداڵێکی تریان هەرزەلی و هـەردووک لاقی شکەست. بەڵام لەو هەموو ساڵانەدا، یونا تەنیا یەک جار ڕەتی برد و کەوت. ئەویش لەو ڕۆژەدا بوو کە زەکەریای هاوڕێی کتێبە پەڕ پرشنگدارەکانی پێ نیشان دا. هـەردوو کوڕەکە لە کەناری ڕووبار دانیشتبوون، پێی خۆیانیـان خستبووە ناو ئاوەوە بۆ ئەوەی فێنکیـان بکەنەوە و سـەیری وێنـەکانی ناو کتێبەکەیان دەکرد: ژن و پیاوی مووزەرد پۆشاکی سەیروسەمەرەیان لەبەردا بوو. سـەیری لێوی ئافـرەتـەکـان بکە! ســەیر! ســەیر! باڵای پیـاوەکـان چەنـدە بەرزە! دەڵێی ژایەنتن! منداڵەکـان هیچ سـەرەدەرییان لە وشـەکان نەکرد، وەلێ زانییان کە وشـەی ئینگلیزی بوون؛ مامۆستـایەک دەسپێکی ئەلفوبێی نیشـان دەدان. پێشتر کوڕەکەیان هـەرگیز وێنەی مرۆڤانی نەدیتبوو؛ چ جا ئـی جۆرە وێنە ڕەنگدارە قـەشـەنگانە؛ کە خـۆر لە لاپەڕەکـانی کـتـێبـەکـەی دەدا، بـریقـەی دەداوە و شـەوقی لەسـەر ڕوخساریان بەدی دەکرا.

یونا لاپەڕەیەکی ڕاکێشا و گوتی: (بمدێ، با ئەوەیان ببینم.)

زەکەریا گوتی: (نا! هـی خۆمە، من دۆزیمەوە.)

– (له کوێ؟)

– (عەرەبێک دایمێ.)

یونا پاڕایەوە و گـوتی: (توخوا! منیش پاشـان دێڵم تۆش یاری بـەتۆپەکـەم بکەی.) باوکی کـە بۆ بازرگانی سـەردانی بەغدای کردبوو، تۆپێکی تێنسی بۆی کڕیبوو، لە زاخـۆش ئەوە تاکە تۆپ بوو هەبێ و هـەموو کوڕەکان ئیرەییان پێی دەهات.

زەکەریا گوتی: (با بیانگۆڕینەوە، کتێبەکە با بۆ تۆ بێ و تۆپەکەش با بۆ من بێ.)

یونا بەبایەخـەوە گوێی بۆ گرتبـوو، پاشان گوتی: (باشـە، باشە، بێڵـە با یەک نۆبەیەک یاریی پێ بکەم.)

بەڵام لێـرە زەکـەریا پەشیـمـان بووەوە. حـەزی لێ بـوو شـتـێکی هەبایە کـە یونا گەرەکی بێت. هەردەم بەپێچـەوانەوە بـووە و ئەو حـەزی لە شـتـەکانی یونا بووە. باوکی یونـا کـە لە مـووسڵ یان لە بەغـدا دەگـەڕاوە، هەمـوو کـات شـتـێکی تازەی بۆ کـوڕەکـەی پێ بوو؛ جـا یان لـەیسـتـۆکـێک یان کورتەکێک یان کالەیەکی هـەر بۆی دەهێنا. ئێستا نۆرەی زەکەریا هاتووە کەوا بکا یونا ئیرەیی پێ ببـات. زەکـەریا هاواری کـرد: (جـا ئەو تۆپە پیـسـە چیـیـە؟ من کـتـێـبـێکم هـەیە لاپەڕەکـانی دەدرەوشـێـنەوە.) ئیـتـر هـەسـتـایە سـەرپێ بـەرەو کـەناری ڕووبار خـزیە خـوارەوە و لاپەڕەکـانی کتێبەکەش لەگەڵ بادا، هەڵدەدرانەوە.

چونکە ئەم کوڕیژگەیە ئەمجارەیان شـتی لە هی ئەو باشـتری هـەبوو یونا لە تووڕەییـیاندا کولا. پاشـان ئەو ئێـوارەیە وەک مـوعـجـیـزەیەک نووچـەیەکی بیست: زەکـەریا بەبنمـیـچی مـاڵەکـەیان هەڵگەڕاوە و کتێبـەکەی لەوێ لەبن مقەبایەک، لەناو ئەو زەمبیلەدا شاردووەتەوە کە خواردنیان تێدا لە پشـیلە دەپاراست. پاشـان لە دوای سـەعاتێک کە زەکـەریا هات بەسـەری بکاتەوە، کـتـێـبەکـە نەمابوو. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە سەلیم جودۆی سەرسەخت بردبووی.

یونا پێ کـەنی. خۆی بوو بەدیواری حـەوشـەیدا هەڵگەڕا و چووە سـەربانی و دەستی وەک ڕحـەتی لەسـەر دەوی خـۆی دانا و هـاواری لێ کرد و گـوتی: (زەکـەریا کـتـێـبە پرشنگدارەکـەی بزر کـرد! هـەمووتان گوێتان لێ بوو؟)

بەڵام یونـا ویسـتی دڵنیـا بێ کـە پەڕاوەکـە گـوم بووە: خـۆشـە مـقـەبایەکـە هەڵدەیەوە و هیـچی لەژێریـەوە نەبینی. بەغـار لەو بان بۆ ئەو بان بازی هەڵدا تا گـەیشـتـە سـەربانی مـاڵی زەکـەریا. زەمبیلەکە لە قـوژبنێکدا بوو. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە ناو حـەوشـەکەوە، شـتێک لەناو حـەوشـەکە سـەرنجی ڕاکـێـشـا. دیتی سـەبریەی دایکی زەکـەریا بەڕووتوقـووتی ڕێک لەبن سـوولاوکـەکـە ڕاوەسـتابوو. ئافرەتێکی خـەپە بوو. لاقەکانی خـۆی فش کردبووەوە و پەقرەجێک ئاوی بەدەسـتـەوە بوو کە هەڵمی لێ هـەڵدەسـتا. لەسـەر نووکی پەنجـەکانی لێی چووە پێش، چاوی دایێ چۆن دەفرە ئاوە گەرمـەکـەی بەسـەر جـەسـتـە زەبەلاحـەکـەی خۆیدا کـرد. ئاوەکە بەسـەر گۆشـتـە قـاوە ڕەنگە

لۆچاوییەکەیدا هاتە خوارێ. پێشتر هەرگیز ژنێکی ئاوا بەبێ پۆشاکی نەدیتبوو ئەمە یەکەم جاری بوو. ئای لەو دیمە نەنامۆیە! گرێی ئەو پێستە نەرمە ئەو ئۆکۆردیۆنەی وەبیر هێناوە کە جارێکیان میوزیکژەنێک لە شاری نیشانی دابوو. نەیتوانی چاوی لەسەر هەڵگرێ. ئەویش لیفکەیەکی بەشان و مەمکی خۆی داهێنا. قاچەکانی وەک پەرییەکانی ناو زێ ڕاشەقاند کە جارێکیان حەقایەتخوانێک لە شاری بۆی گێڕابوویەوە. یان ئاخۆ ناشێ کە ئەمە خۆی یمید مایا بێت؟

پاشان دەنگێکی گەورە و ترسناک هات: کانزایەک بوو چەماوە. یونا هەستی کرد شتێک لەژێر پێیەکانیدا خزی. سوولاکە ژەنگاوییەکە بوو دەڕما. هەستی بەسووتاوەیەک کرد و شتێک لە چەنەگەی چەقی. جەستەی سەبریەش تا دەهات گەورەتر دەبوو. هێندە زوو بوورایەوە تەنانەت گوێی لە قیژەی ژنەکەش نەبوو.

کە چاوی هەڵێنا، بەلێڵی پیاوێکی پاڵتۆ لەبەری دیت بەدەرزی و داو چەنەگەی دەدوورییەوە. گوێی لێ بوو پیاوەکە بەباوکی گوت: (ئەمە بەختی باش بوو؛ خۆ ئەگەر بەسەر یەکێکی لاوازدا بکەوتبایە ڕەنگبوو بمرێ.) باوکیشی لە گۆشەیەکی ماڵەوە لەبەر ڕووناهیی مۆمێک هەڵتووتا بوو.

باوکی یوناش گوتی: (خوا کوڕەکەی بۆ پاراستم.)

پیاوە بەپاڵتۆیەکە گوتی: (مانگایەک بەقوربانی بوو.) پیاوەکان هەموو پێ کەنین.

یونا لەخۆی پرسی، ئاخۆ ئەمانە لەگەڵ چییاندایە؟ ئیتر لەبەر ئێش و ژانەکەی چاوی خۆی داخست. ئاخۆ لەگەڵ سەبریەی بوو؟ ئاخۆ بەسەر ئەو خاتوونەدا بەربووەتەوە؟ ئاخۆ خەڵکی زاخۆ هەموویان ئەم سەربردەیەیان زانیوە؟

پیاوە ساقۆ سپی لەبەرەکە هەناسەیەکی بێزاریی هەڵکێشا و دوا تەقەڵی لە برینەکە دا. (کاتی پێویستە تا چەناگەی چاک دەبێتەوە. بۆیە شتی وردی بدەیە دا بیجوێ. ماست و وردەنان و قەیماخ بۆی باشن.) خۆ پەنیری سوێرکراوی بەفەڵۆش خراپ نییە بۆی.

پاشان گوتی: (بەکوڕەکەت بێژە بلا دەمێ خۆی بەلای کەم بۆ مانگێک دابخا.) ئیتر هەستا تا بڕوا.

## ٤- گەمەشامیی بۆگەنی

ئەگەر بڵێین یونا بەناز بووە و خۆی بەزل زانیوە، ئەوە خەتای خۆی نەبووە. یونا توانی لە هەموو کەسانی تر خۆی لە کن دایکی پتر خۆشەویست بکا: ژیا. هەر لەبەر ئەم هۆیە ساکارە بوو کە مریەمی دایکی و ڕەخامیمی مێردی فێرە نازیان کرد. ئەو باوەڕەیان لەبەر نا کە ئەو دەتوانێ بفڕێ و ئەوانی تر ناتوانن.

قەبرستانی جوولەکان لە زاخۆ پڕی گڵکۆی بچووکی تازەی بێ کێل بوو. فرە کۆرپە لە زاخۆکێ دەمردن؛ بۆیێ کوردە جوولەکەکان هەڵدەستان ویردی تایبەتییان لەنێو خۆیاندا ڕێک دەخست تا بەرەکەت بکەوێتە ناویانەوە و زاوزێ بکەن. هەندێ لە ئافرەتەکان خەناوکەی زیویان لە مل دەکرد و

نووشتـه و دوعـا و جـادووشـیـان بەخـۆیانەوە دەکرد. هـەندێکیـشـیـان ڕێوڕەسـمی نامـۆیان دەکرد و گـولـلـەیـان دەتـواندەوە یـان کـراسـە مـاریان لـە پـشـتـی خـۆیـان شـەتـەک دەدا. کـەم حـاڵەتێکی واش هـەبـووە دایکان کـوڕپەکـانـیـان بەنرخێکی کـەم بـە ژنێکی خـزمی خـۆیـان فـرۆشـتـووە. ئینجـا ئەو ژنە خزمەش هـەسـتاوە دایکی منداڵەکەی بەکرێ گرتووە هـەتا دایانی منداڵەکەی خۆی بێ و پەروەردەی بکات. ئەمەش فێڵێک بوو لە جنۆکان دەکرا بۆ ئەوەی منداڵەکانیان چەپارەیان لێیان ببێ.

بەڵام وا پێ دەچێ کـە ئەو کۆششـانەی لە کـوردسـتـان بۆ دایکایەتی دەدرا، پتـر لە ئافـرەتانی تر، کاری لـە مریەم کردبێ. لەو ڕۆژەی دایکی لە بەرچاوی مرد، لەلای ئەو بـوون و مردن هـەرگـاڤ شـان بەشـانی یەکتری دەهـاتن.

هـاوینی ١٩٢٨ فرە گەرم بوو، خـەڵکی زاخۆ نوێنەکانی خۆیان بۆ سـەربانان برد. (مریەم بەنازێ) کچێکی سـێ ساڵەی چاوڕەشی قژ خورمـاڕەنگی جوان بوو. کـە وەپیر قیـژە و هـاواری دایکی چووە ئەو ژوورەی ئـەوی لێـی بـوو، کـۆمـەڵە ئافـرەتێکی بینـی بـازنەیان لـەچواردەوری دایکـی کـردبوو، دەپاڕانـەوە نزایان بۆی دەکـرد، پـەرۆی تەریان بـەسـەریدا دێنا. کـە مـریـەم چاوی پێـیـان کـەوت هـەموویانی ناسییەوە و زانی پوورەکانین. ڕفقەی دایکی لە ناوەندیان لەسەر پارچە کەچەیەک لەناو ماڵدا، لوولی دەخـوارد. کاتی بەرۆژووبوونـی تیشـەبێ ئاڤ (نۆی ئاب) بوو، ئەوەش ڕۆژی دڵتەنگییە و تێیدا یادی خاپووركردنی پەرستگەکانی ئۆرۆشەلیمە و پیاوانیش هـەموو لە کەنیشتە بوون.

مـامـانێکیـان منداڵە تازەبووەکـەی کە ناوی یوسـف بوو، لە نێوان لنگی دایکیدا بـەرز کـردەوە و هـەوڵی دا نووشـتـەیەک کە لە ئاوڵـەمەی چێڵ دروست کرابوو، لە قـاچی کۆرپەکە گرێ بدا، پاشـان گـوتـی: (خـوایە هـاوار! ئەم کـوڕە ناودێر بکەی.) پلکەکـانـی ئامـینیـان بۆی کـرد و گـوتیـان: (لە خراپەکاریش بیپارێزی.)

بەڵام ڕیفقـە هـەر خـوێنی  لەبەر ڕۆیی تا هـەناسـەی تەنگ بوو. پارچە کووتاڵە سـپـییـەکـەی ژێری سوور داگەڕا. مامانەکە سەری بەرز کردەوە و داوای بەزەیی لە خوا کرد.

مریەم نزگرەی لێ هـات و گوتی: (دایە؟)

پوورەکانی هـەمـوو هـاتنە تەک یەکتری و پەنایان لە خـوشکەزاکەیان کرد. یەکێکیـان گوتی: (وەرە ئێرە قوربانۆخ، دەستی دایکت بگرە.)

مامانەکە گوتی: (خاوێن نییە، نابێ، لێرە بڕۆ، کچێ، بچۆ دەرەوە! دوعا بکە!)

بەڵام مـریەم نەیتـوانی جووڵە بکا. شـەمـوێڵی برا گـەورەکەی خـۆی لە ژوورێ کـوتا. ئارەقەی پێدا دەهـاتە خوارێ. یەکێک لە یاریی جگجگانێ بانگی کردبووەوە. قۆڵی مریەمی گرت و گوتی: (دایە؟ دایە؟ ئێمە وا لێرەین، دایە ئەمە من و مریەم لێرەین. دەتوانی بمانبینی؟)

کـە سـێبـەری ئێـوارە باڵی بەنـاو ژوورەکەدا کێـشـا، چاوەکـانـی مـریەمـیش سـپی بوون. قـیـژەی خوشکەکـانی گەیشـتـە حـەوشـەی کـەنیشـتـە و ئەو پیاوانەی لەوێ خـەریکی خـواپەرستی بوون کتێبی

شین و گریانیان دەخوێندەوە.

یوسف چەند چرکەیەک بەر لە مردنی دایکی بوو. پێستێکی نەرم و ئاکارێکی جوانی هەبوو، بەباوکی خۆی دەچوو. مریەم وەک دایک ئاگای لە براکەی دەبوو. بەکەوچک گەنمەکوتای لێندراوی لە دەمی دەنا. کە بانگیشی دەکرد پێی دەگوت: (کۆرپە چکۆڵەکەم.)

کە تەمەنی یوسف بوو بەسێ ساڵ، قونێرێک لە نیوچەوانی پەیدا بوو. هەناسەی تەنگ بوو، ئیتر دەستی بەکۆکین کرد. مێناشێی باوکی مریەمی ناچار بوو سەفەرێکی یەک هەفتە بکات بۆ ئەوەی بچێ لەسەر زێ کاریتە لەکەلەکان بار بکات، جا دراوسێیەکیانی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی ئاگای لە یوسف بێت. شموێل نیوەڕوان مریەمی دەبردە ماڵەکە تا لەوێ یاری دەگەڵ یوسفدا بکات دەست بەسەری دابێنێ و دەنگی سەیر بکا حەییا یوسف پێ بکەنێنێ و ئەویش زڕتی بۆ دەکێشا.

مریەم هەندێ جار خەونی بەئەوەوە دەبینی کە باوکی ژنێکی جوانی هێناوە و ئیتر خانەوادەیەکی قشتیلەی وەک جارانیان بۆ دروست بووەتەوە.

شموێل بەخوشکە بچووکەکەی گوت: (زوو دێتەوە، چەند ڕۆژێکی تر دەگەڕێتەوە.)

بەڵام باوکیان لە سەفەرەکەی دوا کەوت و یوسفیش نەخۆشتر بوو. قونێرەکە لە نیوچەوانی پەرتەی کرد و قاچەکانیشی گرتەوە. پاش چەند حەفتەیەک هێندە لەڕ بووبوو پەراسووەکانی ئێسکی ئەژنۆکانی دەرپەڕین و هەر ئێسک و پێست مابووەوە. بەیانییەک کە ژنە دراوسێیەکەیان لانکەکەی جێ هێشت و چوو چای جۆش دا، کوڕەکە مەرگی دەسپارد.

دنیای مریەمی بچکۆڵە وەک ژینی هەندێ لە منداڵە هاوزێیەکانی خۆی سەیر و سۆبەتی تێدا نەبوو. هەندێ بەیانییان لەناو ئارەقەیدا بەئاگا دەهات و دەچوو هەر چواردەوری ماڵەکەیانی دەنۆڕی و دڵنیا دەیبینی هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا بوو. هێزێک کە نەیدەزانی چ بوو دایک و برا گچکەکەی بردبوون. دەترسا نەکا ئەمجارەی باوکی لە دەست بچێ و نەهاتنەوەی بۆ ئەو ماوە دوو و درێژە دڵی خستە قرتوفرت و هەرگاف ترسێکی هەبوو. لە کێوی بێخێری ڕوانی و زەینی بەرزترین لووتکەی شاخەکەی دا و خەیاڵی کرد کە چاوی شەیتان وا لەوێ لەسەر قەڵاتێکی بەفرینی تریسکەداردا سەنگەری لێی گرتووە. لەو بڵندایییەوەڕا مۆرەی لە خەڵکی ناو شاری زاخۆ داوە، کە کاروباری ڕۆژانەیان بەسەر دەبەن. لەو ئاسمانەوەڕا دەتوانێ بەدڵی خۆی قوربانییەکانی خۆی هەڵی بژێرێ. کەس نەبوو بتوانێ هیچ شتێک بکا، جا ناچار هەر دەبوو چاوەڕێی هاتنەوەی بکەن.

چەند ساڵێک لە دوای مردنی دایکی مریەم، باوکی ژنێکی هێنا. زمانی وەک مووس و ئێسقانەکانی ڕوومەتی زەق و چەنەگە قۆرت، سینگ دەرپەڕیو و شانەکانیشی بۆ دواوە چووبوون. هەندێ لە خەڵکی شارەکە وایان دەزانی پۆزی شۆخی لێ دەدا، بەڵام زۆرینەی خەڵکەکە بەشەڕفرۆشیان دادەنا و ئەمەش بۆ ئارابێ ئاسایی بوو. ئارابێ چوار کوڕی تەندروستی لەدوای یەک بوون و ئەمەش وای لێ کرد هێشتا دەعیەی گەورەتر ببێ.

جارێکیان دراوسێیەک لە ملهوڕی خۆی پرسی: (کچکا تە چاوایە؟)

- (ئەز کچکم نینە.)

- (لەگەڵ ئەو کچە مە کەناردت لە ڕیبارێ پۆشاکەکانت بشوا، ئەوەی هەرگاڤ چێشتت بۆ لێ دەنێ.)

- (ئەوە لەگەڵ مێردەکەم هات.)

ئارابێ لەبەر یەک هۆ مریەمی فێری چێشت لێنان کرد: تا خۆی ناچار نەبێ چێشت ئامادە بکا. چەند بتوانێ پتر کاری ناوماڵ بەزڕکچە ملکەچەکەی بکا، هێندە پێی باشتر بوو. دەبوو مریەم تێ بگا کە لە ماڵەکەی ئارابێ میوانە. ناچار بوو باری گرانی هەڵگرێ.

زۆر پاش نیوەڕۆیان مریەم چاوەڕێی زڕبراکانی دەکرد لە قوتابخانەکەی کەنیشتەی زاخۆ دەهاتنەوە.

کە لە دەرگەی ماڵەوە نزیک دەبوونەوە، بەڕیز کتێبەکانیان هەڵدەدایە ناو ماڵە پیسەکەیان و وێکڕا بەگۆرانی دەیانگوت: (یاپراخ، یاپراخ.) ئارابێ لەو دەمانە لە ماڵ دەردەکەوت. جا مریەم ئامانەکانی ڕێک دەخست و کوڕەکانی دادەمەزراند. ئەگەر هەر ڕۆژێک شتیک لە قوتابخانەکەیان فێر بووبوونایە، مریەم، ناچار، بۆیانی ئامادە دەکرد.

تەنانەت کە کچیش بوو لەماڵی باوان،ناندین بۆی هەردەم سەرچاوەی شانازی و دەسەڵات بوو. ناندینەکە خانێک بوو؛ لە ژووری گەورەی ماڵ جودا بوو. بۆیە بەتەواوەتی لەناو ئەو بۆن و بەرامەی گیر کردبوو. سەلماندبووی کە کابانێکی شارەزا و لێهاتوو بوو. یاپراخی ئاوای لێ دەنا کە تامی تەماتە و لیمۆن و سماقی لێ دەهات. شموێل و زڕبراکانی گاڵتەیان بەمریەم دەکرد و پێیان دەگوت کە یاپراخەکانی وەک خۆی بچووک بوون. مریەم گوێی بەم هەڵپەهەڵپە نەدەدا و پەلکە مێوی لوول دەدا تا نیوەی قەوارەی گەڵایەکەی لێ دەماوە بۆ ئەوەی خانەوادەکەی بزانن ئەوانە دەستپێکی ئەو بوون هیی زڕدایک و پوورەکانی نەبوون.

ڕۆژانی هەینی خۆشترین خۆراک ئامادە دەکرا. هێندە جۆرە خواردنیان تێکەڵوپێکەڵی یەکتری دەکرد وەک تاقیگەیەکی شاردراوەی بێزەنتیی لێ دەهات. هەموو ڕۆژانی هەینی لە کوردستانی جوولەکە، هاموستە هەبوو. پشکە گۆشت لەناو ترشێکی تیژی شێلم و کەوەر و چەوەندەر کە بووبوو بەنەریتی پێش چێشتی ڕۆژانی شەمموو، ئامادە دەکرا. مریەم لە نێوان گۆزەی تورشی و تەنوورەکەدا زیندەخەونی دەبینی. کەیفی بەخۆی هات، چونکە زۆر بەپەلە کەوەرەکەی ورد کرد و ڕەگەکانی قرتاند و گەڵا ناسکەکانی لەناو ئاوی سارد نەرم کردنەوە. گۆشتەکەی مانگاشی پشک پشک کرد. کەرەوز و سیرەکەشی تێکەڵ کردن. هەموویانی لە ڕۆن سوور کردەوە. پاشان کفتەی خڕ خڕی لێ دروست کردن. کە شۆرەبەکە بڵقی دا، مریەم یەک یەک کفتەکانی بۆ ناو ترشەکە شۆڕ کردەوە. کە دیتی کفتەکان زەرد هەڵگەڕان، لە خۆشییان مریەم زەردەخەنەی لێ هات.

مریەم بەزڕبراکانی خۆی گوت: (دەبێ ئێوە پێشان پێم بێژن بزانم ئەمڕۆ مامۆستاتان چیی پێ گوتن.)

کوڕێکیان گوتی: (تا تێر نەخۆین نابێ هیچ بکەین.)

شموێڵ خۆی بەسەر کورەبچووکەکەدا لار کردەوە و ویستی ئەم فشەفشە نەهێڵێ و گوتی: (گەرەکتە خوێنت لە دفن بێنم؟ پێی بێژە.)

جا بەخێرایی کوڕەکان بەتێکەڵوپێکەڵی چیرۆکی چاکە و خراپە و پاشا و کۆیلە و شەڕ و گرانی و خواوەندانیان بۆی گێڕاوە.

بەیانییەکی ڕۆژی پێنجشەمە لە بەهارێ بوو، لەمێژ نەبوو مریەم پێی لە دوازدە ساڵی نابوو، کە چووە سەر ڕێبارێ تا پۆشاکی خێزانەکەی بشوات. چونکە بارگەی کۆڵکردنی لە ماڵەوەڕا تا سەر ڕووبار و لەوێشەوەڕا بەبازاڕییەوە تا ماڵێ لە کۆڵی خۆی هەڵدابوو، پشتی ژانی کرد. ئایا بۆ زڕدایکی بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی دەگەڵدا دەکرد؟ ئەگەر باوکی مریەم بۆ بارکردنی کاریتە هەندە لە ماڵەوە دوور نەکەوتبایەوە، دەیتوانی بیپارێزێ. مریەم دەیزانی کە ئارابێ تەنیا لە توڕەبوونی مێردەکەی دەترسا.

خۆشبەختانە، باوەژنی لە دەرەوە بوو، وا پێ دەچوو لە بازاڕ بێ. مریەم هەناسەیەکی ئۆخەیی هەڵکێشا و توورەگەی پۆشاکەکانی لە پشتی خۆی خزاندە خوارەوە و لە حەوشەی دانا. ئینجا خەیاڵێکی بۆ هات. مێزێکی لەبن پێی خۆی دانا تا بگاتە ئەو خەلانەیەی کە ئارابێ گۆزەیێکی پڕ خەنەی لێ هەڵگرتبوو. دەستی گەیاندێ و لەناو دەقی کراسەکەی خۆیدا شاردییەوە و شۆڕ بووەوە بۆ سەر ئەو دەراوە لاچەپەی ژنان تێیدا گەرماویان دەکرد. مریەم سەرپۆشە سپییەکەی لەسەری خۆی کردەوە و شادەنوێژەی بەناو قژە توند کەزیکراوەکەی داهێنا و شانەی کرد و هێنایە خوارەوە تا پەلکەکانی هەموو لێک جودا کردنەوە. ئەو پرچە چرە سوورەی هەتا نێکی هاتە خوارەوە.

سەری لە خۆی سوڕما. بەڵێ، هێشتا وردیلەبوو. ئاخر سینە و سمتی خەریکبوو خڕ دەبوون؛ لێوی پڕتر دیار بوو؛ چەنەگەی تورت بووبوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: (ڕەنگە بچمەوە سەر دایکم.) وەبیری هاتەوە کە دایکی سەری دەشۆری دەستەکانی چەند نەرم و لووس بوون. بەڵام هەرگیز نەیتوانی پتر لە شێوەیەکی نەرمی ڕووی دایکی پتر ئەندێشە بکا. ڕەنگە ئەگەر ببێتە سەرەژن بتوانێ بیدۆزێتەوە.

مریەم گۆزەڵەی خەنەکەی کردەوە و لەپی خۆی پڕ خەنە کرد و بەئاوی ڕووبار گرتییەوە. تپلی خۆی لەناو خەنەکەی نا؛ لووتی خۆی دوور خستەوە دا بۆنی خەنەکە نەکا. پاشان قژی خۆی پێ سواق دا و قامکە چەورەکانی بەنێو یەکتریدا هێنا تا ڕەنگێکی پرتەقاڵییان گرت. خشەخشێک لە سەرەوەی کەندالێوەڕا هات و وای کرد مریەم ڕاپەڕێ. کە ئاوڕی داوە، دیتی کوڕێک گەڕاوە و ڕای کرد. دەبێ تێی ڕامابێ. بەپەلە گۆزەڵەکەی داخستەوە و قژی بەشری هەڵبەستاوە و دەستماڵەکەی بەسەری داداوە. بەڵام کە گەیشتەوە حەوشەی سەیری کرد ئەو گۆزەڵە پڕ خەنەیەی وای دەزانی کە

لەناو پێچەکانی کراسی شاردبوویەوە، نەماوە. ئارابێ لە ژووریّ بوو، لەو جلوبەرگانەی دەڕوانی کە مریەم شووشتبوونی و لەبەر دەرگە فڕێی دابوون.

ئارابێ ئاوڕی دایەوە و گوتی: (کچێ هەی هێڕوهوڕ، ئەوە لە کوێ بووی؟ باوکت ئەو پۆشاکانەی بۆ ئیش دەوێ دەبێ بۆ سبەی ئامادەبن. براشت پەڕۆی پاکی نەماوە. هێشتا هەموو شتێک بەتەڕی هەر لێرەیە. چۆن وێرات بێ ئیزنی من بڕۆی؟)

مریەم گوتی: (چوومە سەر ڕووبارێ تا تۆزێک بحەسێمەوە. هەر ئێستا کۆڵەکە هەڵدێخم.)

- (حەسانەوە؟)

کە سەری هەڵبڕی و سەیری زڕدایکی کرد، ئاکاری ئەو ژنە وەک منداڵێکی منجڕ خۆی نواند. مریەم لە ناکاوێک هەستی کرد ئیفلیج بوو. لە دەرەوەی ماڵەوە جیهانێک هەیە- کتێب و کوڕ و گوڵ و چیا هەنە- بەڵام تاکە پلانێک ئەو ژنە بۆ مریەمی داڕشتبێ کاری ناوماڵ بوو.

ئارابێ گوتی: (ئاوها سەیرم مەکە، چۆن دەوێری ئاوا تەماشام بکەی؟) پاشان زللەیەکی هێندە توندی خێواندە بن گوێی ئەو کچۆڵە بێ کەسە کە کێشی لە کێشی برایەکی نیو تەمەنی خۆی پتر نەدەبوو. مریەم لەگەڵ شەقەکە سووڕا و کەوتە سەر زەوی و کەزییە خەناوییەکەی لەبن سەرپۆشەکەی خزییە دەرەوە.

ئارابێ تەماشایەکی خەلانەکەی کرد و دیتی گۆزەی خەنەکەی لێ نەماوە و قیژاندی: (کچێ هەی هێڕوهوڕ، ئەمە چت لە پرچت کردووە؟ ئەو خەنەیەت لە کوێ بوو؟)

ئیتر ئارابێ وەک گورگ لووراندی و گوتی: (هەی دزە! خۆ خەنە جوانت ناکات. داکتی جوان نەکرد دەتەوێ تۆ جوان بکا. هەستەوە! هەستەوە!)

بەڵام مریەم پێی نەکرا بجوولێتەوە. ئارابێ گوتی: (بزانە، بزانە، چۆن فرمێسک دەڕێژی! دەبێ تۆ لە بری جلوبەرگە شۆردراوەکە بەتەنافەوە هەڵواسین تا هیشک ببیەوە.)

ئارابێ داهاتەوە و قژی مریەمی لەباسکی خڕی خۆی لوول دا. هەر بە پرچی تا حەوشەی لە دوای خۆی ڕای کێشا و بسکی بەگیرەیەک لە تەنافەکە بەستەوە. گوتی: (سەیرکە، پێم گوتی هەڵخستنی کۆڵەکە زەحمەت نییە.)

لەم دەمەدا باوکی مریەم لە دەری قەنتەرەی ماڵەوە بەژووریّ کەوت و چاوی پێ کەوت چۆن کچەکەی نزگرە دەدا و چۆن بەبێ نرخی ڕاوەستێندراوە. میناشێ نرکاندی: (ئارابێ، هەی شێتی جادووگەر.) نینۆکەکانی لە شانی ژنەکەی گیر کرد و بەدیواری دادا و گوتی: (نابێ ئاوا بێ ڕێزم بکەی.)

چەند دراوسێیەک بەهۆی دەمەقاڵێیەکەوە بۆ ناو حەوشەکە هاتن. هەموو جەستەی مریەمی پیس بوو، ڕیسوا کرابوو، بەهەردوو دەستی ڕووی خۆی داپۆشی بوو.

باوکی گوتی: (ئەگەر جارێکی تر دەستت بگەیەنییە منداڵەکانم، شەرت بێ فڕێی کۆڵانانت بدەم.)

ئارابێ گوتی: (وات زانیوە گەنمت چاندووە، بەڵام گەنمەشامی بۆگەنیت بۆ هاتووەتە بەرهەم.)

میناشێ باوڕی نەکرد ئەمە ژنەکەیەتی ئاوا بەڕوویدا ڕاوەستاوە. پشتەدەستێکی لە هێسکی کوڵمە زەقەکەی ژنەکە دا.

پیرەکەکەش گوتی: (بەڵێ، گەنمەشامی گەنیاگە.) خوێنی تفاندەوە. مریەم دیتی وا ڕاستەوخۆ تەماشای دەکا. چاوەکانی وەک چاوی کوندەبۆ لە کچەکەیان دەڕوانی.

**٥- سەرسوڕهێنەرێک**

پاش چەند حەفتەیەک باوەژنی داوای لێ کرد بچێ ئەو کونانە دابخا کە لەبانیدا هەبوون. لەو دەمەش کە بەخۆی و بەدوو پەقرەج قیرەوە هاتە ماڵەوە، باوکی بانگی کرد.

گوتی: (لە تەنیشت خانییان دانێ. با پچین پیاسەیەک بکەین.)

سێ چوار شەقاو ڕۆیشتن کە بەکیژەکەی خۆی گوت: (بەیانی دەتبەمە لای ئەفرایمی مامت و خەزاڵی پوورت.)

ئەویش گوتی: (بەڵێ، باوە.)

لیکاوی خۆی قووت داوە و گوتی: (بۆ؟ من چم کردووە؟)

- (هیچت نەکردووە، کچم.)

- (ئەی بۆ...)

شانی گرت و پێی گوت: (کتوپڕێک هەیە.)

- (ناوی ئیفرایم بەگی سەباغات بیستووە، وا نییە؟) پرسیارێکی ڕەوا بوو. باوکی لە خەزاڵەی خوشکی نزیک نەبوو. پاش ئەوەی کە مێردیشی بەئێفرایمی خمچی کرد، ئیتر هێشتا لە جاران کەمتر ناوی دەهێنا. ئێفرایم پێشتر لە ئەتروش بوو، بەڵام کە ژنە موسڵاوییەکەی مرد، هەستا باری کرد و چوو لە زاخۆ دانیشت.

بەدەنگێکی لەرزۆکەوە، دەتگوت پارچە ئێسقانێکی لەگەرووی گیر بووە، گوتی: (پیاوێکی باشە، یەکێکە لە پیاوە هەرە چاک و خواناسەکانی زاخۆکێ. کوڕەکانیشی پڕ کاسبن. گەورەکەیان خەریکە دەبێتە بازرگانێکی باش. باوکی دەینێرێ لە تورکیاوەڕا هەموو ئەو کوتاڵ و پارچانە دێنێ کە لە دووکانەکەیاندا لەخمی دەنێن. دەبێ لە بازاڕی چاوت بە کوڕە گەورەکەی کەوتبێ؛ ناوی ڕەخامیمە.)

وێنەی خەیاڵی کابرایەکی مانگ-ڕەنگی، سمێڵ باریکی، بەخەیاڵدا گوزەر کرد. بیری کردەوە، ڕەنگە دیتبێتی. بەڵێ، جارێک یا دووان دیتبووی باری دادەگرت. بەڵام خۆ هێندە سەرنجی بۆ خۆی ڕانەدەکێشا.

گوتی: (نازانم.)

باوکی کچەکە گوتی: (ئەویت پێ خۆش دەبێ. ڕەنگە ئەوێ بۆ تۆ لێرە ئاسانتر بێ.)

- (بەڵام...)

بەزمانێکی وشکەوە گوتی: (بەسە، ئەمڕۆ کاری ناومالت هەیە. زڕدایکت دوێنێ پێی نەگوتی بانەکە درزی تێ کەوتووە و بچۆ بەقیڕ سواقی بدە؟)

مریەم هەر ئەوەتا ئێفرایمی دەناسی. بێگومان هەموو کەس سەربردەی ئەو پیرەمێردە شێتە ڕیش خورییەی بیستووە و دەزانێ کە چۆن لەگەڵ فریشتان قسە دەکات. بەڵام هەرگیز نەیویستووە پێیەکیش بخاتە ماڵیەوە. ئایا کوڕەکەشی هیچ شتێکی بەرچاوی تێدا هەیە؟ کچە چەند دەرزەن پسمامی هەبوون. بەڵام خۆ هەرگیز نەباسیان کراوە و نەسەردانیشیان کردوونە.

ئینجا وەک ئەوەی کەر لووشکەی لە هەناوی دابێت، هەناسەی لێ بڕا. بیری کردەوە؛ ئەمە هەموو لەبن سەری باوەژنمە. هەر ئەوە باوکمی قایل کردووە تا ئاوها کچی خۆی لە ماڵ بەدەرنێ. من کارەکەرێکی باشی نەبووم. بۆیە وا دەمنێرێ لەو ماڵەدا بەردەستی بکەم.

نزگرە سینگی گرت. هەرچەندە باوکی چەند هەنگاوێک لە پێشی دەڕۆیشت؛ بەڵام هیی ئەوەی بوو گوێی لە دەنگی کچەکەی ببێ.

بەهەناسەبڕکێیەوە گوتی: (بابە.) پێی هەڵێنا تا بەباوکی بگات، چاوەڕێ بوو ئاوڕی لێ بداتەوە و فرمێسکی ببینێ. سەری خۆی لەقاند، وەک ئەوەی مێشێک گیزەگیزی لەبن گوێی بکا. پاشان لە پەنای ڕێسمەی دەروازەخوارەکەی ماڵەکە بزر بوو.

بەیانی ڕۆژی پاشتر ئەسپێکی سپی چاوەڕێی دەکرد تا بۆ ماڵی سەباغا بەگی ببا. مریەم بە(سودرا) نەخشینەکەی دایکی ڕازاوە و جووتە بوخچەیەکی بێ بەهای هەڵدایە سەر زینی ئەسپەکە و پاشان پێی بەرز کردەوە و لەسەر زینەکە دانیشت؛ ئەسپەکەش پرماندی. مریەم چیی تر تەماشای باوکی نەکرد.

ئەو ڕۆژە کە بەیانی لە خەو ڕابوو، لەبەرخۆیەوە گوتی: (ڕەنگە ئەمە سەرەتایەکی تازە بێ.) ویستی ئەم پوور و مامەخۆشیان بوێ. بیری کردەوە کە ئەسپەکە هێمایەکی چاکە تا خۆی نیشانیان بدا. خۆ ئاسان بوو بەپێ بۆ ماڵی سەباغا بەگ بچێ، چونکە تەنیا چەند هەنگاوێک لە ماڵیان دوور بوو. بەڵام ئەم خزمانە وایان پێ باش بوو بەئەسپ بیبەن تا جوان دیار بێ، ڕەنگە نەشبێتە جوانترین بووکی کوردستان، وەلێ هەر نەبێ بەئەسپ دەیبەن.

گەیشتنەچەند دەرگەیەک لەولاتری کەنیشتە فرە زلەکەی زاخۆ، باوکی یارمەتی دا، دابەزی. دەچووە نێو ئەو ماڵەی کە لە هیی خۆیان گەورەتر بوو، کاتێک بەهەردوو لەپی کراسەکەی خۆی ڕێک خستەوە. کە باوکی دەستی گرت و گەیاندییە کۆسپەی ماڵەکە، کچەکە ڕاچڵەکی. دیتی مێزێکی نەوی لە ناوەڕاستی حەوشەدا ڕازاوەتەوە؛ گەورەترین خوان، کە تا ئێستا چاوی پێی کەوتبێ، لەسەر ئەو مێزەدا ڕێک خرابوو: هەر فەخفوورییەک تا دەگرێ مریشکی سوورکراوە و

گۆشتی بەرخی لەسەر قووچ کرابووەوە؛ لەنگەری تژ خۆراک هەڵمی لێ هەڵدەستا؛ شووتی کووز کرابوو؛ نانی تیری و کولێرەی گەرم هەڵدرابوونەوە. هێندە مام و پوور و خاڵەت و عەمەت و پسمام و دۆتمامی لوێرێ کۆم بووبوون کە هەرگیز پێشتر پێکڤە نەیبینیبوون، خڕیان ژ بۆ وێ دکەنین.

هەر کە ئافرەتەکان چاویان بە کیژۆڵە سێزدە ساڵییەکە کەوت دەستیان بەتلیلیلی لێدان کرت، دەنگی کلیلیلییەکان تا ئەوپەڕی شەقامەکە دەچوو. هەموو وێکڕا گوتیان: (کلیلیلیلی! کلیلیلی، کلیلیلیلیلیی!) لە ناکاوێکڕا ئاپۆڕەکە کەرت بوو و لە ناوەڕاستیاندا پیاوێکی کورتەبالا بەزەردەخەنەیەکی ناسک و بەشالوشەپکی هێندە خەتخەت و بریقەدارەوە لێی هاتە پێشێ، مریەم نەیزانی نە لە قاقای پێکەنین بدا نەهەڵبێ و ئەو ناوە جێ بێڵێ؛ ئەوەی ڕەنگی کۆلکەزێڕینە هەیبوو هەمووی لەو شالوشەپکە مەرەزەدا دەدیترا کە لەبەریدا بوو. وا پێ دەچوو کەسێک لەخمخانەکەی سەباغا بەگی بایەخی پێی دابێ.

بۆ دەمێک چاوی لە کابرایەکە بڕی و پاشان سەری خۆی نەوی کرد و چاوی لەناو ماڵە پیسەکە بڕی. مریەم ناسییەوە، ئەوە ئەو پیاوە ڕوو وەک مانگە؛ سمێڵ قەیتانییە بوو کە لە بازاڕی بینیبووی. پاشان، پیاوێکی بە تەمەنتر لە سەرەوەی مێزەکە ڕوونیشتبوو، ڕدێنێکی پانی هەبوو، بەچاوێکی پڕ لە مەحەببەتەوە سەیری کرد و بۆی ڕابوو.

پێی گوت: (مریەم، من ئێفرایم بەگی گەورەی ئەم ماڵەم. من و باوکت ڕێک کەوتین. بەڵێ ڕێک کەوتین! ئێمەیش پڕ شادمانین، چونکە تۆ دەبیتە بووکی ئەم ماڵەی ئێمە. ئەوەم زانیوە کە تۆ کابانێکی چاک و چەپووکی. ئەمەی وا لەپێش تۆیە.) دەستێکی بۆ ئەو پیاوە نارد کەشالوشەپکە کەسک و سوورەکەی پۆشیبوو و لە قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: (ئەو کەسەیە کە دەبێ شادمان بێ، چونکە تۆ بەدرێژاییی ژیانت خزمەتی دەکەی. ئەوە ڕەخامیمی کوڕە گەورەمە.)

مرۆڤە کورتەبالاکە – کە ڕەنگە لە دە ساڵ پتر لەو گەورەتر بێ، بەلام هێندە لەو بالا بەرزتر نەبوو – کەمێک بۆی چەماوە.

ئینجا ژنەکان دەنگی خۆیانیان هەڵبڕی و ئەو گۆرانییەیان بۆی خوێند کە پێشتر مریەم لە زەماوەندی ئامۆزایەکەی بیستبووی.

بۆچ کیژەکە بەتەنێ

لەبن بەرد خۆی شاردەوە؟

بۆچ کچە شەرم دەکا؟

بۆچ کچە بۆ شاخ دەچی؟

خۆ هەرگیز دادت نادا – خۆت مەشارەوە مەشارەوە کچێ.

بۆچی ئەسرین دەڕێژی و پشتت بەدیوار داوە؟

بۆ خۆت زۆر باشترە لەگەڵ

دایک و باوکی زاوا بچی.

کە مریەم لە ڕاستییەکە گەیشت بێزی بووەوە. ئاخر بۆ ئەوە نەهاتووەتە ئێرە تا ببێتە خزمەتکار، بگرە بەبووکێنی هاتووە.

کە ژنەکان لە گۆرانییەکەیان بوونەوە، ئێفرایم گوتی: (ئۆخەی، بەڵێ! مریەم، لە ماوەی شەش مانگدا تۆ لەگەڵ ئێمە دەژی و پاشان مێرد بەڕەخامیم دەکەی.)

## ٦- کوڕە خمچی

کە ڕەخامیم تازە بووبوو، دایک و باوکی زۆر چاوەڕێیان کرد تا نووشتەیەکیان لە جاجمەکەی درووی. شەوە لێی دابوو. لەمیانی ئەو گەشتە دوورخایەنانەی کە بەسواری هێستر بۆ تورکیا دەیکرد ڕەخامیم لەبەرخۆیەوە دەیگوت؛ ئەگەر شەوە و ئارەی لێ نەدابم، بۆچ من لە هەرسێ برایەکانی ترم کورتتر دەبووم؟ برایەکانی تری بەسەریدا دەشکانەوە. ئیلیاهۆی براشی بەچاو چووبوو، دەنگی هێندە زل بوو، خەڵکی لە دووری یەک کیلۆمەترەوە گوێیان لێی دەبوو. ئیسرائیلی براشی بەهەمان شێوە بەچاو چووبوو ... بۆیە زۆر بیری دەکردەوە. کەس نەیدەتوانی نکووڵی لەم ڕاستییانە بکا. بەڵام ڕەخامیم باوەڕی بەپیشەسازی و بەفێڵ هەبوو. پلانی تایبەتیی بۆ خانەوادەی سەباغا هەبوو. باوەڕی وابوو کە دەیتوانی خێزانەکەی لە دەستکورتی دەرچوێنێ و بیگەیەنێتە ڕیزی ئەو ماڵە جوولەکە هەرە دەوڵەمەند و شکۆمەندانەی کە لە زاخۆکێدا دەژیان. بۆ نموونە پیاوی وەک مۆشێ گابی کە خاوەن زەوی و ئەو کۆگایانەی پێشەوە بوو کە پیاوان لەوێ کەمتر بارگەکانی خۆیانیان نیشان دەدا. ئاقۆبەگ و خۆجە بەگیش هەبوون، ئەوانە هەندە ڕێزیان لێ دەگیرا کە تەنانەت گەڕەکەکانیشیان بە ناوی مەخالیت ئاقۆبەگ و مەخالیت خۆجەبەگ دەناسران.

بنەماڵەکەی سەباغا بێبەها نەبوون. دەکرا بڵێی ناوبانگیان بەڕوحانییەت ڕۆیشتبوو، نەک بەدینداری. ئەو ڕوحانییەتەش ئێفرایم بە خۆی بەو شەونوێژانە بەدەستی هێنابوو کە لە کەنیشتەکەدا دەیکرد. هەندێ شارستان هەبوون وڕێنەی ئەوەیان دەکرد گوایە گوێیان لێی بووە، دەگەڵ فریشتاندا ئاخاوتنی کردووە. هەندێکیش ڕەخامیم کە ئەو باسەی گێڕاوە پێ کەنی - تەنیا سەری خۆیان لە بەرانبەری ئەو ماکەشینانەی ناو کتێبەکانی نزاکاندا دەلەقاندەوە و پرسیاریان دەکرد ئایا ئەو کابرایە لە دوای دەست لە کار هەڵگرتنی پاش ڕۆژێکی پڕ ئیش، بۆچی دەستی خۆی باش نەدەسڕییەوە و خاوێنی نەدەکردەوە. ڕەنگە باوکی تاقە بازرگانێک بووبێ کە کتێبی لە پشتی گوێدرێژەکەی بارکردبێ و ئەم گوند و ئەو گوندی شاخەکانی کوردستانی پێ کردبێ. هاوکارەکەی هەموو کات گلەیی و گازاندەی ئەوەی لێ هەبوو کە کتێبەکان جێی زۆریان دەگرتوو لەبەر کتێبەکان نەیدەتوانی پریاسکەی گرانبەها و پڕ کریار بار بکا.

ئێفرایم دەکشاوە و پەنجەی لە شەریکەکەی هەڵدەتەکاند و پێی دەگوت: (هاوڕێ، تەنیا ئەو جێیە بەتاڵەی ئێمە لەو سەفەرەماندا بەفیرۆی دەدەین ئەو سەرە بەتاڵەیە کە نایەوێ بخوێنێتەوە.)

ڕەخامیم ئەو مەیلی سەربەخۆیی و خۆ پەروەردەکردنەی پەسەند دەکرد کە لە کن باوکیدا هەبوو. بەڵام پێی وا بوو کە دەبێ ڕوحانییەت و فەدیلەت لەگەڵ پراگماتیزمیدا، پارسەنگ بکرێن. بابەتی پەسندکردنی بیر و بۆچوون و ناسنامەی باوک لە کن منداڵەکانیدا ناچەسپێ. ڕەخامیم بەگی سەباغا یان ڕاخامیمی خودانی خمخانە پەسەند بوو وەک ئەوەی بڵێی هیچ تیرەیەکی تر نابێ لەناودا هەبێت. ڕەخامیم، لە قوتابخانە، هەندە باش فێری بیرکاری ماتماتیک بووبوو، تا ئەو کاتەی با چووە لووتی هەموو ژمێریارییەکانی لە خمخانەکە بۆ باوکی بەڕێوە دەبرد. هێندە بەچاکی فێری خوێندنەوە و نووسین بووبوو، هەموو جوولەکەکانی گەڕەکێ دەهاتنە لای تا نامەیان بۆ بنووسێ. ئایا دەشێ کەسێکی ئاوا بەبارگرانی بناسرێ؟

لە زاخۆ ئەگەر پیاو وریای خۆی نەبا ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەسترا. هەر ئەوەندەش ئەستەم بوو تا بەگوێی خەڵکی دەگەیشت، ئیتر مەحاڵ بوو خۆی پێ دەرباز بکرایە و وەک مریشکی ئاوەڕووتی لێ دەهات. زەینی خۆت لەم هەموو ناتۆرە ناخۆشانە بدە کە لە مۆردەخای بکاهێنا نرابوو؛ پێی دەگوترا مۆردەخای یەک چاو؛ ناحۆم جوجو؛ نحۆمی پاشەڵ تەڕ؛ فاعۆ مارتۆ؛ فاعۆی ترکەن.

هێشتا لەمەش خراپتر هەبوو؛ لە هەر هەمووانیش خراپتر شلۆمۆ بوو. شلۆمۆ پێشتر بازرگانێکی خوری فرە ڕێسپ (بەڕێز) بوو. بەجۆڵا دەناسرا. بەڵام ڕۆژێکیان کاتێک کە هەندێ خوری بۆ وشک کردنەوە و لە سەربانی ماڵەکەیانی هەڵدەخست ڕەشەبایەکی توند هەڵی کرد و خورییەکەی لەگەڵ خۆی بۆ شاخ برد. جا پاش ئەم بەندوبالۆرەیە، ئەگەر لە زاخۆ بەیەکێکت بگوتبا کە لە شلۆمۆی جۆڵا دەگەڕێم، ئەو کەسە ڕووی ترش دەبوو. ئاخر ئەو ناوە ئیتر کەس نەیدەزانی کێ بوو. پاشان کە لێت تێ دەگەیشتن، شارستانەکان دەیانگوت: (ئەههها! ئا، ئا، تۆ دەگەڵ شلۆمۆ پۆخاتدایە. شلۆمۆ با.)

ئیتر پیشەی شلۆمۆی هەرگیز وەک جاری جارانی لێ نەهاتەوە.

ڕەخامیم جارێکیان لە سەفەری تورکیا دەگەڕاوە کە ئەو بابەتەی وەبیر هاتەوە و سەری ڕاهەژاند و پێ کەنی و گوتی: (گێلە! خۆی ئاوای بەسەر خۆیدا هێنا.)

لە نەکاوڕایەکەوە دەنگی پیاوێک ڕەخامیمی لەم زیندەخەوانەی وەئاگا هێنا.

– (هۆ! لەگەڵ تۆمە، کوردە! بەتەمای بۆ کوێ بچی؟)

جەندرمە سوارێکی تورک، ڕەختێکی حەمایل کردبوو. لەناو شیوێکەوەڕا بەغار بۆ لای ئەو دەهات.

گومرگ.

ڕەخامیم ددانەکانی خۆی چیڕ کردەوە. ئاخ، ئەوە چۆن لەو سەر سنوورە ئاوا بێ خەم بووە؟ ڕێشمەی هێسترکەی توند کرد. لەسەر کورتانەکەوەڕا بۆ پێشەوە چوو. وەک کوردێکی لادێیی

نەزان، دەوی خۆی بەش کردەوە.

جەندرمەکە گەنجێکی گەنمڕەنگ بوو، قژی بۆ دواوە بەدوو لادا شانەکرابوو؛ پرسی: (بارگەت چییە؟)

ڕەخامیم گوتی: (هیچ نییە گەورەم. تەنیا گوێز و نۆکە.)

– (بەرەو کوێ دەچی؟)

ڕەخامیم باسکی بۆ لای باشوور ڕەوان کرد و گوتی: (زاخۆ.)

– (توورەگەکانت واری بکە.)

جەندرمەکە دەستی خۆی ڕەوانی ناو جەواڵەکان کرد؛ گوێز و نۆکەکە ئاوا بەتوندی ئاخنرابوونە نێو خرارەکانەوە، جەندرمەکە ناچار یەکسەر دەستی خۆی کێشاوە.

جەندرمەکەنەڕاندی: (ئێوەی کوردی دەرۆزەکەر بۆشاییەک بەجێ ناهێلن دەستی تێوە بچێ.)

– (نا، گەورەم.)

لەو دەمی جەندرمەکە لەسەر سنوور، دەستی لێ هەڵشەقاند، ڕەخامیم وەبیری هاتەوە... ڕاست دەکەی، گەورەم. بەڵام خۆ ئەگەر جەندرمەکە نەختێک پتر دەستی خۆی ڕەوان دەکرد دەیزانی چەند پارچەدەسرۆکی ئارمووشی تورکی و دەستەیەک کفنی بەوردی چنراو و جاجمی بەوێنەی ئەتاتورکی لەبنەوە شارابووەوە. خۆ ئەگەر جەندرمەکە داوای لە ڕەخامیم بکردایە تا ڕۆبەکەی لەبەر بکاتەوە ئەو کات بۆی بە دەردەکەوت کەسینگی وەک کفتە لە کەوڵی منک و ڕێوی ئاخنرابوو.

هەر کەسێک بەقاچاخەوە بگیرایە، دەزیندانێ دەکەوت. هەر ئەمەش بوو هۆی ئەوەی کە ئێفرایم کوڕە گەورە سەرشێتەکەی دەقاچاخێ وەگلاندبوو کوڕەکانی تریشی هەر چەندە لەو بالابەرزتر و قۆزتریش بوون، بەڵام دووری ڕاگرتبوون. بەڵێ، هەر ڕۆژ هێندە بەچوستی کارەکانی خۆی ڕادەپەڕاند، تا باوەڕی بەخێزانەکەی هێنابوو کە ئەو لە هەر هەمووان شایستەترە.

کە لە ئاسۆی دوورەوەڕا خانووەنەوییەکانی زاخۆی لێ بەدەرکەوتن، ڕووبار گەمارۆی دابوون، بیری لە ژنە نوێیەکەی خۆی کردەوە. ئەوەشی وەبیر هاتەوە کە منداڵێکی بەڕێوەیە و دەبێ پوولی پتر پەیدا بکا.

## ٧- کچی قامک چکۆڵە

ئەگەر مریەم لە ماڵی باوکی و لە بەردەستی زڕدایکە شێتەکەی وەک کۆیلە دەژیا، بەڵام خۆ لەم ماڵە تازەیەی کە هەرچەندە نارێکە و پتر لە بازاڕ دەچێ، کەس نییە حوکمی بەسەردا بکا. خەزوورانی بازرگان بوون، چەرخی بازاڕی ڕەش بوون و کووتاڵیان خم دەکرد. مریەم هیچ جیاوازییەکی لە نێوان بازاڕ و ماڵەکەیدا بەدی نەدەکرد. خوری و موو داکرابوون بۆ ئەوەی دواتر شانە بکرێن؛ ناوماڵ تژی مریشک و جووجکە بوو. مەعمیل بەدوای مەعمیل سەردانی ماڵەوەیان دەکرد و مەعمەلەی نرخی گوێز و خوری و کەوڵیان دەکرد.

ئەو هەموو میوانانە وایان لێ کرد کە هەست بکا ئەویش لەم بینەوبەردەیەدا بەشێکی گرینگە. دشێکی تاقانەی هەبوو ناوی ڕاحیل بوو؛ ڕاحیلی دشی تاکە کەس بوو پشتیوانیی لێ دەکرد. هەردووکیان هاوزێ بوون. وێکڕا بەخێرهاتنیان لە میوانان دەکرد. هەستیشیان دەکرد پتر لە توانای خۆیان کاری ناوماڵ دەکەن. کە ڕەحیمیم بۆ بازرگانی دەچوو، یان سەفەری مووسڵی دەکرد بۆ ئەوەی مەشقی سەربازی بکا، هەردوو پیرەکە کە وێکڕا لەسەر یەک قالی ڕادەکشان و باسی ئەو نەهامەتییانەیان بۆ یەکتری دەکرد کە ئافرەتێک دەیچێژێ ئەگەر بە تەنیا لە ماڵێک لەگەڵ کوڕگەلێکدا بژی.

شەوێکیان ڕاحێل گوتی: "خۆزگە من مێردێکم بەنسیب بێ کۆمەڵێک خوشکی هەبێ."

مریەم لە حریتەی پێکەنینی دا و بڵێسەی مۆمەکەی پێشیان لەناو چاویدا دەرکەوت؛ گوتی: "بەڵێ، جا بیانکە بەکۆیلە و خۆتیش تا نیوەڕۆ لێی بنوو."

ڕاحێل دەمێک داما و پاشان گوتی: "ڕەنگە شووکردن خۆش بێ." بەم هەموو کار ڕاپەڕاندنە بێ وچانەی ماڵەوە بەبێی پشتیوانی براژنەکەی، دەبێ ڕاحێل دە دوازدە ساڵی تر چاوەڕێ بکا تا مێردێک بکا و ئەو کاتیش پیاوەکەی بێوەمێردێک پازدە ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێ.

وەک ئەوەی یەکەم جار بێ گوێی لەم قسەیە دەبێ، مریەم گوتی: "بەڵێ، هەندێ کاتی خۆشە." مریەم بەشێنەیی ئاشنای شووەکەی بوو. نە لە هەموو گەنجانی هاوزێی خۆی قۆزتر و نە لە هەمووشیان بالابەرزتر بوو. بەلام پیاوێکی ڕشت بوو و هەردەم هەوڵی ئەوەشی دەدا خۆی کارامە بکا. لە شامویلی برای بترازێ کەسێکی هاوتەمەنی خۆی نەبوو هەندەی ئەو باش بێ. هەر کە پیرەکەکانی زاخۆ پێکڕا هەردووکیانیان لەناو کەژاوەدا بینی، یەکسەر ئومێدی کامەرانییان بۆ خواستن و نزای چاکیان بۆ کردن و گوتیان: "خوا حەوت کوڕتان پێ بدا!" چونکە چەند کوڕی پتریان هەبێ هێندە کرێکاری زۆرتریان دەبێ و بازرگانییەکەیان باشتر بەڕێوە دەچێ. مریەم بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە بتوانێ ئەوەی شووەکەی لە هەموو شتێک پتر دەیەوێ ئەوی پێشکێش بکا. دوو ساڵ لە دوای شووکردنی کە تەمەنی بووە پازدە و زگی بوو، لە خۆشییاندا گریا.

لە کزە ڕووناهی ئەو ژوورەی کە بۆ ئەو زەماوەندە دروست کرابوو، ڕەحیمیم باسکی خۆی بەبن باسکی ژنەکەیدا برد و نیوچەوانی بۆ لێوی خۆی هێنا و سەری هەڵبڕی و گوتی: "خوایە! کوڕێکمان پێ بدە. گەورە، تەندروست، بەهێز. کتومت سەباغا بێ."

مریەم لە باوشی مێردەکەی هەستی بەئارامییەکی بێ ئەندازە کرد و دنیا کشومات بوو، لەو دەمی مریەم وا هەستی کرد کە گوێی لە گریانی مەلۆتکەکەیە. نووزەی منداڵەکە دەتگوت بایە لە لووتکەی ئەو شاخە بەفرینانەی ئەوبەری ڕووبارەکەوەڕا شۆڕی خوارێ دەبێتەوە. ئایا ئەمە ئەو کۆرپە هێشتا نەبووەکەی بوو دەیویست خۆی بەباوەشیدا بدا؟ کە ڕەحیمیم لێی گەڕیا بڕوا، چاوەکانی تژی ڕۆندک بووبوون.

له سەحەرێکی بەهاریدا، مریەم هەستی بەدوو شتی ناڕەحەت کرد: دەتگوت بەمشت لە سکی دراوە و لە ناوەوەڕا ژان دەکا؛ دراوسێیە خەپەکەشیان قیژوهۆڕی دەهات.

سەبریە قیژاندی: "وای لە خۆم! خۆ ئەمڕۆ ڕۆژی ساوار کوڵانە! ڕۆژی ساوەر کوڵانە!" سەبریە ئەو پیرەکە بوو کە سەرپەرشتی هەرەوەزی ساوار کوڵانێی دەکرد. مریەم لە خۆی پرسی، بۆ سەبریە هەموو کات هەر بەهاوار قسە دەکا؟

ئەو بایە گەرمەی هەڵی کردبوو، سەبریەی چەقاوەسووی لە قسە نەخست و هەر دەنگی دەهات و دەیگوت: "بەرێ خۆ بدە، هاها! ئەم گەنمەی وا دەیکوڵێنین بەشی گەڕەکێکی جوولەکان دەکا."

مریەم لەبەر خۆیەوە منگاندی: "ئەگەر هیچ بەرماوەیەکت لەبەردا بمێنێتەوە." ئینجا سەیری کرد چۆن زگەکەی لەبن پۆشەکەکانییەوە هەڵی داوە. لەبەر زوو تووڕەبوونیشی نیگەران بوو و ڕەنگی سوور داگەڕا.

بۆ دەربازبوون لە گەرمای هاوین، خەڵکی نوێنەکانیان لە سەربان ڕادەخست و مریەم لەوێ تێ گەیشت سەبریە بۆ ئاوا دەنگی دەهات.

لە بانەوەڕا سەیری خوارەوەی کرد و بینی دوو ژن پێکڕا مەنجەڵێکی بەتاڵیان بە شانەوەیە؛ مەنجەڵە مسە بە زنجیرەکە جوانەگایێکی لە ناودا جێ دەبووەوە. بەئاڵقە بەکۆڵەگە هەڵواسرابوو. هەردووک ژنەکەش بەشان کۆڵەگەکانیان هەڵگرتبوو، وەک ئەوەی بڵێی نیرە لە ملی گا کراوە.

ژنێکیان ئارەقەی ڕەش و شینی لێ دەچۆڕاوە و مرقاندی: "لە ماڵی عەبدولکەریم ئاغامان هێنا."

مریەم ناوەکەی ناسیەوە: عەبدولکەریم پیرەمێردێکە لە بنەماڵەی ئاغای موسڵمانانە، کە لە سەدەیەک پترە، لە کوردستان، حوکمڕانی ئەو ناوچە شاخاوییانەی دەوروبەری زاخۆ دەکات. ئەو حکوومەتەی عێراق کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دروست کرا؛ قشڵەیەکی لە زاخۆ دامەزراند و جووتێک بیرۆکراتی بەغدایی بۆ ئەوێ نارد. بەڵام چونکە قشڵەکە شتێکی بەرچاوی جێبەجێ نەکرد، بۆیە گەورە دەسەڵاتدارانی ناوچەکەی لە هۆزەکانی سندی و گولی و سلێڤانی زوێر کرد.

پیرەکی دووەم کە ئەویش لایەکی مەنجەڵەکەی لەسەر شان بوو، ڕای گەیاند و گوتی: "عەبدولکەریم ئاغا گوتی ئەمە دیاریی منە بۆ جوولەکەکانی خۆم. خوا ئەم دۆستە موسڵمانانەمان بەبەهەشت شاد بکا. بەڵام خۆ داوای کرد بۆ بەیانیی ئێوارە بۆی ببەینەوە."

– "وای! لە خۆمێ!"

– "با بڕۆین."

– "خانمان، کارکردن کاکڵەی ژیانە."

ژنەکانی سەر شەقام خۆیان لە پیسایی نابوو. ئەو دەنگەدەنگەی دەیانکرد ژانی لە مریەمێ دەهێنا.

دەستی لەبەرەخۆی نا، تا توانی لەسەر گازەڵەی پشتێ لێی ڕاکشا، لەو دەم هەستی کرد کەسێک دەستی لەسەر ئەسکوردی دانا.

خەزاڵەی خەسووی بوو؛ پێی گوت: "کێژێ بجووڵێ. دەبێ ئەمڕۆ دانوو بکوڵێنین. کاتی نووستن نییە. بجووڵێ؛ ئەمڕۆ ساواری دەکوڵێنین."

مریەم گەیشتە ناو ئاپۆڕەی ئەو ژنانەی لەسەر ڕێ مەسینەی مسیان بەدەستەوە بوو، بۆ سەر ڕووبارێ دەچوون. مریەم لە پشتیانەوڕا تەماشای کردن؛ هەموویان لە یەکتر دەچوون: گۆزینگ خڕ بوون، مراوی ئاسا دەڕۆیشتن بەڕێوە، جلوبەرگی شەپوشۆڕیان دەبەردا بوو. بەو شلوملییەی خۆی، هیچی لەو ئافرەتە شارستانانە هەڵنەباردبوو. ژان ورگ و پشتی گرتەوە. دەتگوت قامچییە پێی دەکەوێ. بۆ ئەوەی ژانەکە لە بیرە خۆی بباتەوە، وەک قەفێک لە زنجیرێک، خۆی هاتە بەرچاو، خەریکبوو قەفەکانی دوای خۆی ڕادەکێشا و ئەوانەی لە پێشیشیدا دەڕۆیشتن ئەویان بە دوای خۆیاندا دەبرد. جەلەکردنەکە کاری دەکرد، بەڵام هیچ هەست و ویستی تێدا نەبوو. مریەم تا یەک کاتژمێر خۆی بەم بیرۆکەیەوە خەریک کرد تا کراسەکەی لەبەر ئارەقەی بەجەستەیەوە نووسا. بەدەستێکی جەڕەدەنەیەکی بەپەتێکەوە بەملیەوە شۆڕ کردبووەوە. پاش شەش خەترەئاو لە ڕووبارەکە، ژنان گوتیان ئیتر ئاوکێشان بەسە. مەنجەڵەکە تژی بوو.

ڕاحێڵ دەگەڵ ئافرەتەکانی تر گەنمەکەیان پێوا و لەناو ئاوەکەیان کرد. یەکێک ئاگری لە کۆلکەدارەکانی ژێری بەردا. خێرا مەنجەڵە مزە زەبەلاحەکە بلّقی دا. پیرەکەکان بەڕیز بازنەیەکیان لە دەوری پێک هێنا و دەستیان بەهەلهەلەلێدان کرد و بەدڵنیاییەوە تەماشای یەکتریان کرد.

مریەم نزگرەی لێ هات و گوتی: "ڕاحێڵ! ڕاحێڵ! زگم!"

ڕیمای دراوسێیان هەنگاوێک لە مەنجەڵەکە دوور کەوتەوە و ئەنیشکێکی خێوانده کەلەکەی ڕاحێڵی بۆ ئەوەی بسەلمێنێ کە دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، چونکە لە هەموو ئەو مێیینانەی ئەوێ بەتەمەنتر بوو. ریما هاواری کرد: "بە غار با یەکێک بچێ مامان بێنێ." ئیتر یەکسەر ڕووی خۆی لە مەنجەڵەکە کرد و بینی هەڵمێکی بێ ئامانی لێ هەڵدەستا و پێداچوو و گوتی: "مریەم، دانیشە! خۆت نیگەران مەکە؛ ئێمە ئاگامان لە دانوولەکە دەبێ."

لە نیوەڕۆ کچێکی بوو. بەو قاچە درێژانە و پێستەشیر ڕەنگە هەندە جوان بوو مریەم خۆی بۆ نەگیرا؛ هەر تەماشای دەکرد. خرخاڵێکی زەنگوڵی زیوی لە گۆزینکی کۆرپەکە کرد و ئیتر لەگەڵ هەر لینگ کوتانێکی زەنگی لێ دەدا. تا ئەوپەڕ قەشەنگ و بێ دەسەڵات بوو. بەڵام کە لە ڕۆژ لەسەر زەردی، ڕەخامیم هاتەوە ماڵ، ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا.

مریەم گوتی: "توخوا، هەر تەماشایەکی بکە؛ خۆ هیی خۆمانە."

ڕەخامیم بێ ئەوەی بەڕاستی سەیرێکی بکا، وەڵامی داوە: "ئەویش وەک تۆ جوانە." ئیتر ڕوومەتی ژنەکەی خۆی ماچ کرد.

ئەو شەوە هەرسێکیان لە سەربان، لە تەک ساوارە هەڵخراوەکە، پێکرا نووستن. وردە مرواری لە تاقی ئاسمانێ دەدرەوشانەوە. مریەم سەیری ناو چاوەڕەشەکانی کیژەکەی کرد، لێوەکانی کۆرپەکەی بەگۆی مەمکییەوە نا و لە ناکاوڕا لایلایەکی دایکی خۆی وەبیر هاتەوە.

مریەم دەستی بەلایلایە خوێندن کرد:

"کۆرپە خنجیلانەکەم، کۆرپە خنجیلانەکەم،

چەندە نەرم و نیانە.

دەیبەین لەبۆ بازاڕی، مووسڵ قۆجەی شارانە،

لە بۆی دەکڕین مرواری و جلوبەرگی کیژانە،

لووتی هەر دەڵێی گوێزە،

لێوی پەڕە کاغەزە،

تا دوور بێ لە چاووزار،

شەکێک قوربانی دەکەین، لە قاپیی خوای کردگار."

بەدەستە بەتاڵەکەی توند باسکی شووەکەی گرت و هێندە بەسۆزەوە سەیری کرد، بەو ڕادەیەی مێردە وای زانی ڕەنگە بگریێ.

پسکاندی:

– "خۆشەویستەکەم."

– "بەڵێ."

– "دەشێ بەناوی دایکمی بکەین؟"

– "ئارابێ؟ وام زانی ڕقت لێی دەبێتەوە."

– "ئەیرۆ! ئەو نا! دایکی خۆم."

– "قەت گوێم لێت نەبووە باسی بکەی."

– "چاوەکانی تژی ڕۆندک بوون و گوتی: "ڕیفقە، ناوی ڕیفقە بوو."

ڕەخامیم ئەو حەفتەیە چاوی هەر شۆڕ بوو و نەیدەویست بچێتە بازاڕ و بەو ڕێگەیانەدا دەڕۆیشت کە کەمتر خەڵکی پێدا دەڕۆیشتن. بوونی کچ مایەی شەرمەزاری بوو. لەمێژ نەبوو دیتی هەندێک منداڵ گاڵتەیان بەکرپارێکی دەستکورتی دەکرد، چونکە کیژۆڵەیەکی بووبوو. کوڕیژگەکان هاواریان دەکرد: "توخا، توخا، خریەبلیخیەت ئەبوها!" ... "کیژە، کیژە، گوو بەڕیشی باوکی." لە یەکەم حەفتە، مریەم هیچی لەبارەی ئەو جیاوازگەرییەی نەدەزانی کە لە زاخۆدا باو بوو. هەر ڕۆژ پتر بۆی ڕوون دەبووەوە کە چەند کچەکەی پێویستی پێی هەیە. ڕیفقە هەندە بەتوندی مژتی مریەم سەری لەوە سوڕما چۆن مەخلووقێکی هێندە ناسک دەتوانێ هەندە تێنوو بێ. بەڵام لە دوای

هەشت ڕۆژی تەمەنی، کچەکە بچووکتر دیار بوو. گۆی مەمکەکانی مریەمی بۆ دوو ڕۆژ سووورداگەڕان و کە تەماشای کردن بینی پێستەکەی پنتک پنتکی ڕەشی تێ کەوتووە و شەقی بردووە. گوشییانی، بەڵام هیچ شیریان لێ نەهات. لە خۆی پرسی ئایا دەبێ لەکەیەوە بێ کچەکەی ئاوا مەمکە بەتاڵەکانی دەمژی.

کە خەسووەکەی دیتی ڕیفقە برسییە و نییە بیمژێ، گوتی: "لێی کەوە؛ وەسا دبێژن. تەنەهی ئێکێی."

دراوسێیەکان پێشنیازیان کرد بۆ ئەوەی لە چاوی بەد بەدوور بێ با دۆنی مریشک و هەویری کونجی بەکار بێنێ؛ بەڵام هیچیان دادیان نەدا و شیری مریەمیان نەهێناوە. ئێفرایم لە گەڕەکی جوولەکەکان گەڕیا کاشکا ژنێکی شیرمژە بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو ئافرەتانەی پێشتر بەکرێ شیریان دەدا، چەند ساڵ بوو ئیتر منداڵیان نەبووبوو و شیریان نەمابوو.

ناچار خانەوادەکە پەنایان بردە بەر دوا ئومێدیان: لە دوای ئافرەتێکی موسڵمانی شیرمژە لە دەرەوەی گەڕەکی جوولەکان گەڕیان. چاکەکاران لەو گوندانەی دەوروپشتی زاخۆ، پێشتر گەلێک منداڵی جوولەکانیان شیر دەدا، کە گەورەش دەبوون و خواردنیان دەخوارد بۆ خێزانەکانیان دەهێنانەوە. جاری وا هەبوو ئەستەم بوو بزانی متمانە بەکێ دەکەی؛ دوورکەوتنەوەش لە زاخۆ مەترسی هەبوو، بۆیە بیرۆکەکە زۆر لە جوولەکەکانی نیگەران دەکرد.

بەڵام مریەم هیچ چارەی نەبوو: یان دەبوو بۆ چەند مانگێک واز لە منداڵەکەی بێنێ، یان ئەوەتا دەبوو سەیری بکا تا لە بەرچاویدا دەمرێ. ئافرایم بەدێوەرەیەکی جوولەکەی گوت کە پێوەندی دەگەڵ گوندەکانی موسڵمانانەوە هەبوو تا خەبەرەکە لەو گوندانە بڵاو بکاتەوە. ڕۆژی پاشتر ئافرەتێکی ڕوو گرێگرێی چاو کاڵ، منداڵێکی لە باوەش بوو، لە بەردەرگەی ماڵەکەیان پەیدا بوو.

ژنەکە گوتی: "من ناوم جەمرەیە." کراسەکەی لەبەریدا بوو هەموو پینە بوو: کورتەک و قوتک و کراسی لەسەر یەکتری لەبەر کردبوو. لەو دەمی لچکی کراسی ژنەکە لە ناوماڵێدا دەخشا و وەک پارچەیەک ناوماڵەکەی دەسڕییەوە، مریەم و خەسووەکەی بەبێزەوە تەماشایەکی یەکترییان کرد. ئەو هەموو قوماشە لەسەر یەکتری بۆنی شیری ترشایان لێ دەهات.

خەزاڵ چای هێنا و لە ناوەندی حەوشەی دانیشت و پرسی: "تۆ خەڵکی توسانی؟"

جەمرە وەڵامی داوە و گوتی: "ئێمە ڕەوەندین. بەڵام ئەوە چەند مانگێکە، بۆ لەوەڕ، گامێشەکانمان لە توسانی هێشتووەتەوە."

خەزاڵ بۆ ئەوەی نەهێڵێ دایەنەکەتێ بگا، لە عارەبییە شڕەکەی هاتەوە بۆ ئارامی و گوتی: "مریەم، هەستە ڕیفقەی بدەیێ، بزانە مەمکی دەگری."

مریەم بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، مەلۆتکەکەی دا جەمرەی. بەسۆزەوەش تەماشایەکی پیرەکەکەی کرد؛ وەلێ جەمرە هیچی پێوە دیار نەبوو.

جەمرە مەمكێكی لەبن كراسە بۆن ترشاوەكەی دەرهێنا و خستییە ناو دەوی ڕیفقەی. كچەكە توند مژی. بەڵام پاشی یەک دەقیقە، كوڕەكەی جەمرە كە كۆنە كڵاوێكی بەقەیتانی لەسەر بوو و بەرگێكی لە مووی بزنی بەگوێ شەیتانۆكەشی لەبەر بوو، لە كۆرپەكە ڕاما. یەكسەر دایە بەر مشتەكۆڵە و ویستی ڕیفقە لە مەمكی دایكی بكاتەوە. جەمرەش ئەنیشكی دا بەر كوڕەكە و لە ڕیفقەی دوور خستەوە.

كە خەزاڵ چووە ژوورێ تا چای تێ بكاتەوە، مریەم بەدوایدا چوو.

مریەم گوتی: "مامۆژن، دەترسێم."

خەزاڵ پێ كەنی و گوتی: "دەزانم. ژنێكیان بۆ ناردووین بەڕاستی گەنیاگە. بۆنەكی هەندە بۆگەنە دەڵێی لەوەتی دنیا هەیە خۆی نەشووشتووە."

مریەم گوتی: "دەڵێ تازە دایكم...... بەڵام دەڵێی (تەپلەپە)" یە لە گۆڕ قیت بووەتەوە؛ "نابێ بهێڵین ئەمشەو لێرە بمێنێتەوە."

بەیانی ڕۆژی پاشتر، ڕەخامیم مووژەی دوو مانگ و زەمبیلێك بچووكی خورما و توورەگەیەكی كوتاڵی بەدەسەت چندراوی بەجەمرە دا، كە شارستانان بەبۆنەی بوونی نۆبەرەكەیان پێشكێشی ڕەخامیم و مریەمیان كردبوو.

خێزانەكە هەموو وەک ئەوەی مردوو بۆ گۆڕستان ببەن بەدوای جەمرە كەوتن تا گەیاندیانە ڕێباری خابیر. ئەفرایم پێی گوت ڕیفقە تا پاشی دوو مانگی تر بیهێنێتەوە، ئەگەر نا خانەوادەكە دەچێ بەدوایدا دەگەڕێ.

لە قەراخی ڕووبارەكەدا، كەلەكێک چاوەڕێی دەكرد؛ كەلەكەكە لە چەند كوندەیەكی پڕ با پێك هاتبوو و چەند دەستەكێكیش لەسەریان توند كرابوون. كە جەمرە سواری كەلەكەكە بوو، ڕیفقەی بەخەولێكەوتوویی، لەتوورێک نابوو و لە شانی خۆی هەڵدابوو.

كە منداڵەكە لەگەڵ ژنە نەناسراوەكە ل مچاوی بزر بوو، مریەم پێ كەنینی گرت. چەند شەو بوو لەبەر گریانی كۆرپەكەی لە برسان لەبەر ژانی مەمكەكانی، نەدەخەوت؛ هەر بەئاگا بوو. بیری كردەوە:، ئێستا دەتوانم بحەسێمەوە؛ كەسێک هەیە یارمەتیم دەدا؛ مەمكەكانم چاك دەبنەوە؛ ئینجا پاش ماوەیەكی كەم منداڵەكەم بۆ دێتەوە.

وەک ئەو ژنەی كە لە كتێبی كۆڕەو Book of Exodus ناوی هاتووە، مریەمیش كچەكەی خۆی بەزێ دادا و تەسلیمی دەستێكی ئەمینی كرد كاشكا بژی. كە مریەم بەخەیاڵیدا هات ڕیفقە چۆن وەک موسایەكی كچ ڕزگاری دەبێ؛ لە تریقەی پێكەنینی دا. ئیتر بەئەندێشە نیگاری ئەو ڕۆژەی كێشا كە كیژۆڵەكەی بەسەركەوتوویی دەگەڕێتەوە.

مانگێک ڕابرد، بێ ئەوەی جەمرە هیچ هەواڵێكی هەبێ. ئینجا مانگی دووەمیش چوو. دێوەرەكانی زاخۆ بازرگانی هاوینەیان كۆتا هات و لە سەفەریان گەڕانەوە و گەڵای چنار زەرد

هەڵگەڕان. لە دوارۆژی ئاهەنگی سوکوت بوو، کە ئەفرایم لە حەوشەی لەسەر مافووری هەستاوە و پێی خۆی لە زەوی گیر کرد، دەلەرزی.

پیرەمێرد بەسەر منداڵەکانیدا نەڕاندی و گوتی: "ئەم هەموو ئاهەنگ و هەڵپەڕکێیە، هیچ مانایەکی نییە. ئاخر ئێمە پەیمانێکمان لە نێوانێدا دەگەڵ ئەو بەدەوییە گەنیاگەدا هەبوو و ئێستاش کاتی بەسەر چووە."

ئەو هەڵەداوانەی لە دەنگی ئەفرایمیدا هەبوو، کوڕە گەورەکەی نیگەران کرد. ڕەخامیم پێشتر پلانی ئەوەی دانابوو تا لە درەنگی حەفتەی داهاتوو لەگەڵ دەلاڵێکی تورکی لە بازاڕی ڕەشی قوماشدا کۆ ببێتەوە؛ چونکە دەیتوانی ڕەخامیم بۆ ناو بازاڕی سوودگەیێن بازرگانی قالی و بەڕە، ببا. ڕاگیرکردنی ئەو پیاوەی کە تەنیا بەمەبەستی ئەم کۆبوونەوەیە سەفەری ناو چیای دەکرد، ڕەنگبوو ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە و ناوودەنگی ڕەخامیمیش لەناو بازرگانە پێوەندە تورکەکانیدا، بزرنگێنێ. پێی خۆشبوو چەند ڕۆژ سەبر بگرێ ئینجا پاشان بچێ ریفقە بهێنێتەوە. بەڵام نەیدەتوانی پیشەکە پشتگوێ بخا. وا پێ دەچوو نەباوکی نەبرایەکانی، ڕاستی ئەوەیان لا نەبوو کە ئەو کارە زۆرەی تەنیا بۆ خۆی نەدەکرد، بگرە بۆ ئەوان و بۆ شۆرەتی خێزانەکەیش بوو. بەڵام تێ گەیشت کە کاتی ئەوەی نەبوو دەودەوانێیان لەگەڵدا بکا.

ڕەخامیم گوتی: "بابە، خۆ مریەم تازە خەریکە چاک دەبێتەوە. ئایا خاستر نییە پیچەکی تریش چاوەڕێ بین، تا مریەم تەواو چاک دەبێتەوە؛ ئینجا ئەو کچە نەساغە بێنینەوە؟"

ئەفرایم گوتی: "ئەو ڕەوەندە پەیمانەکەی لەگەڵ ئێمەدا شکاند. تۆ یێژی گەرەکتە ببیتە بازرگانێکی نەقۆڵا و کۆگەیەکی قەبە و خانووێکی سێ ژووریت هەبێ. ڕەنگە ڕۆژێک وات لێ بێ. بەڵام ئەگەر وا نەکەی بەرانبەرت ڕێزی قسەی خۆی بگرێ، ئێستا چۆنی تا دەمری هەر دەبێ ئاوا سواری ئەو نێرەکەرەی خۆت بی."

"بابە، من ..."

"بەسە! دەبێ سبەی بچی."

بەیانی ڕۆژی پاشتر، تەنکە بەفرێک شاخەکانی سنووری تورکیای بەستا بوو. ڕەخامیم شاڵوشەپکێکی مەرەزی نوێی دەرهێنا. دەستە دیناڕێکی لەنێو گیرفانی کەڕکەکەی نا و بۆ ماڵی مورداخی پسمامی چوو. مورداخ بەو قژە زەردە بۆ دواوە شانەکراوەی و بەدوو چاوی شینی و بەو سمبێڵە قەیتانییەی سەرنجی گەلەک ژنی زاخۆکێی بۆ خۆی ڕاکێشا بوو و دەشیگوت کە بەسەربازی بەریتانی دەچوو. بەڵام ڕەخامیم بۆ چەند هۆیەکی تر چووبوو: کابرایەکە وەک داربەڕوو وابوو؛ ڕەختێک و بەهێزترین هێستری شارەکەی هەبوو. ڕەخامیم لای وابوو بەئاسانی بۆی وەدەست دێن تا سەفەرە بیست میل دوورەکەی خۆی بۆ توسانی، پێ بکا. توسانی لە ناوچەیەکی پڕ مەترسی خێڵەکیی سەر سنووری نێوان عێراق و تورکیا و سووریا دایە.

پیاوەکان بۆ ماوەی چوار سەعاتەڕێ لە خاکێکی بەستەڵەکدا ڕۆیشتن ئینجا لە کەناری ڕووبارێکدا، کۆمەڵێک کۆخی قوڕیان دیت.

مۆرداخ لە دەری ماڵێکیانی پرسی: "ئەرێ دەزانن لە کوێ جەمرەی ژنی حوسێنی بەدەوی، دەدۆزینەوە؟"

پیرەمێردێک ئاماژەی بۆ لەوەڕگەیەکی ئەودیوی ئاواییەکە کرد و گوتی: "بەدەوییەکان لەورە دەدۆزنەوە. بەڵام خۆ هەندێکیان باریان کرد. ئاخر لێرە وا زستانە. سوپاس بۆ خوا، ئەوانیش گامێشە بۆگەنییەکانیان بۆ باشوور ڕادان."

هەرکە بەسەر گردێک هەڵگەڕان، دیتیان ڕەشماڵێک لەو سەهۆڵبەندانەدا، هەڵ دراوە. مورداخ دەستی بۆ شانی برد و تفەنگەکەی داگرت. بەڵێ، لەوێ بوو.

پەردەی دەری ڕەشماڵەکەیان هەڵداوە و هەوڵیان دا چاوی خۆیان لە تاریکییەکە ڕابێنن. ژنێکیان لە قوژبنێکدا دیت پارچەیەکی بۆری لە قژی گرێ دابوو. لەگەڵ دەنگی پێیان ڕاپەڕی، سەری بەرز کردەوە؛ چاوی لە ڕەنگی چاوشیر بوو؛ پرسی: "کێیە لەوێ؟" سەری دەلەرزی. دەستی لە عاردی کوتا تا پارچە کوتاڵێکی خوری پیسی هەڵگرتەوە. "کێیە لەوێ؟"

ڕەخامیم گوتی: "ئێمەین لە زاخۆوەڕا هاتووین." دەنگی لەوە نەرمتر بوو کە خۆی دەیویست. ڕووی خۆی لە مورداخ کردەوە وەک ئەوەی لێی بپاڕێتەوە تا لە بری ئەو قسە بکا، بەڵام مورداخ تەنیا سەری خۆی بۆ ڕەخامیمی جوولاندەوە تا لە قسەکانیدا بەردەوام بێ. "ئێمە لە جەمرەی ژنی حوسێنی دەگەڕێین."

ژنەکە تف تفێکی کرد دەتگوت ناوکە شووتی دەتفێنێتەوە: "جەمرە ڕۆیشت. ئاخ؛ هەر ئەوەتە ڕۆیشتووە."

ڕەخامیم گوتی: "بۆ کوێ چوو؟"

"نازانم بۆ کوێ. بەڵێ کچە جزلەکەیەکی نەخۆشی لەگەڵدا بوو. ڕەشماڵەکەی لەوبەری ڕەشماڵی ئێمەدا بوو. بەڵام پێش لە مانگی ڕابردوو ئەم لەوەڕەیان بەجێ هێشت."

ڕەخامیم گوتی: "ئەو کیژە کچی من بوو. تکایە، ئەگەر بکرێ یارمەتیمان بدەی..."

ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون. پیرێژنەکە گوتی: "هەرکە جەمرە منداڵەکەی هێنا ئێرە، ڕەقوهیشک بووەوە. یان ڕەنگە پاش مانگێک وای لێ هاتبێ. لە بیرم نەماوە. بەڵام منداڵەکە لەڕولاواز بوو پاشان مرد. خەڵکی ئەمەیان گوت. ئینجا جەمرە ڕای کرد. وتیان لە شەرمەزارییان بوو، هەڵهات."

ڕەخامیم بیری لە ژنەکەی کردەوە و هەستی کرد شتێک لەناو هەناوی پسا. لە ناکاو لەرزی لێ هات و بەمورداخی گوت: دەبێ بچینەوە. سەرمایە و وا خەریکیشە تاریک دادێ."

پیرێژنەکە گوتی: "بەڵێ، بەڵێ، بچنەوە، کوڕەکانم هەر ئێستا دێنەوە و ئەوانیش وەک من باش نینە."

شتێک لە هەناوی مورداخی تەقییەوە. پەلاماری ژنەکەی دا و لە قژە چەورە گنجییە بۆن ترشەڵۆکەکەیەوە گرتی و گوتی: "پیرێژن، درۆمان لەگەڵدا مەکە. جەمرە لە کوێیە؟ یان پێم دبێژی لە کیرێیە، یان ئەوەتا وەک کار سەرێ تەیێ دبڕم."

ژنەکە قیتەوە بوو و گوتی: "نازانم، بەڵێ گوتی بەرەو باشوور دەبێتەوە و بۆ لەوەڕێکی تر دەچێ؛ مێردەکەی لەوێیە. چیی تریش نازانم."

مورداخ دەستێکی لە شانی پسمامەکەی دا و گوتی: "با بچین بیدۆزینەوە." بەرەو دەری خێوەتەکە چوو، کە گوێی لە دەنگی ئافرەتەکە بوو و ڕاوەستا.

ژنە گوتی: "هۆشداریتان پێ دەدەم، لەمە پتر مەگەڕێن. ئەوەی من لە خەڵکی بیستوومە، ئەم دەڤەرە بۆ جوولەکان بێ مەترسی نییە. دەڵێن ئێوە ئێستا وەک جاری جاران دۆستتان لێرە نەماوە."

ئاخۆ هەر ئەوە بوو کە ژنەکە لە مورداخی تووڕە بوو؟ یان ئایا ئەم ژنە شوانە لەو چۆڵەوانییەدا باسی یاخیبوونی عەرەبی لە فەڵەستین، لە دژی داگیرکاری جوولەکە ئەورووپاییەکانی، بیستبوو؟ ڕەخامیم کە خۆی بەپیاوێکی دنیاییش دەزانی، ئەگەر لەبەر ئەم سەفەرەی بەو دواییەی بۆ مووسڵ نەبا و نەچووبایە چایخانەکانی جوولەکەکان لەوێ، گوێی لە هیچ نەدەبوو.

ڕەخامیم گوتی: "مورداخ، دنیا باش نەماوە. خەڵکی لە زاخۆ چ دەڵێن، ئەگەر دوو پیاوی گەورەی خێزانداری وەک ئێمە لەپێناوی گەڕان بەدوای کچێکی بچکۆڵەدا، بکوژرێین؟ کامیان پتر شوورەییە؟ گوێت لەو ژنە نەبوو؟ کیژەکە مردووە، با بگەڕێینەوە."

– "چ جوابێکی باوکت دەدەیەوە، ئەگەر قوڕی بنی دەرنەهێنی؟ ئەگەر کچی من دەبوو......"

ڕەخامیم قسەی پێ بڕی: "بەڵام خۆ هیی تۆ نییە."

لەناو پاوانەکە ڕاوەستابوون. خەریکبوو با هەڵی دەکرد و کڵۆی بەفری بەو لێژاییانەدا پەرت و بڵاو دەکرد. ڕەخامیم دەستی خۆی برد و ئەو گەڵا مێوانەی لەنێو هەگبەی سەر پشتی هێسترەکە دەرهێنا کە مریەم بۆ سەفەرەکەیان بۆیانی دانابوو. وەختبوو بیبەستێ.

ڕەخامیم لەپێکی بۆ ئامۆزایەکەی برد. بەڵام مورداخ پشتی خۆی تێ کرد.

لە زاخۆش ژنەکان تا درەنگانی شەو هەر وەئاگا بوون؛ سێویان دەخوارد و شەربەتی مێوژیشیان دەخواردەوە و بەسۆزەوە چاوەڕێی هاتنەوەی کوڕەکەیان بوون. دەبێ زۆر لە پێشان گەورەتر بێ؟ لە کێ دەچێ؟

خەزاڵ گاڵتەی بەوە دەکرد کە ڕیفقە بەپارچە ئەسفەنجێکی (خارۆتە) لەبەز هەڵکێشراو بسڕنەوە بۆ ئەوەی بۆنی لێ نەیێ. ڕاحێل زلەقەسەڵی لەو فانیلەیە دەردێنا کە بۆ ڕیفقەی چنی بوو تا لە سەرمای زستانی بپارێزێ. مریەم بەشۆخییەکەی دشی پێ کەنی. نەیتوانی لە شوێنێک بسەکنێ. هەر خولەکێ جارێک سەری دەبردە دەرەوە و بەناو تاریکیدا دەیڕوانی، ڕێگە تژی بەفر بوو. ئارامی

لێ برا؛ نەیدەتوانی چیی تر چاوەڕێ بکا تا شـووەکـەی دەگـاتە جێ و کـچـەکـەی لەسـەر پشـتی هێسترەکەی مورداخیدا دەبینێ. نەیدەزانی کێ؛ خوا کردی یان تەحینی کونجی بوو یانیش هەر کات بوو، ئاوسانی لەمـەمکەکانی نەهێشت و نیشتنەوە. نووسـتنی سێ مانگی ڕابردووش شـەنگی وەبەر جـەسـتـەی هێنابووەوە. بەسـەرچوونی منداڵی لەگـەڵ ئارابێ فێـری کردبوو کـە دەبێ منداڵ لەپێناوی حـەسـانەوەی دایکی بەختکاری بدا. بەڵام وا پێ دەچوو ناردنی ڕیفقـە بۆ ئەو جێیـە، لەبۆ حەسـانەوەی دایکی، کارێکی چەوت بووبێ: گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ئارابێ بەپێچەوانە کردی. دایک دەبوو لەپێناوی منداڵی خـۆی، خـۆی بەخت بکا. ئەوە بوو کـە مـریەمی شـازدە سـاڵی لەو ڕۆژییەوە کە مێردەکەی ڕیفقەی لە باوەشی گرت تا ئەو دەمی ڕیفقە شوو بەپیاوێکی باش دەکات و بۆ ماڵی خۆی دەچێ، سوێندی خواردبوو خۆی بۆ بەخت بکا. مریەم یاری بەو بووکۆکە (کالۆتا)یە دەکرد کە لە کۆنە کووتاڵی ماڵەوە لە شێوەی کچێک مانگێک پێشتر بۆ ریفقەی دروست کردبوو، کاتێک کە بیری کردەوە ڕەنگە تەنانەت کچیش بتوانێ پیاوێک بۆ هاوسـەری خـۆی هەڵبـژێرێ. بووکۆکـەکە بۆ ئەوە بوو بەدیاری پێشکێشی ریفقـەی بکا، بۆ ئـەوەی کاتێک کە دایکی لە ماڵەوە نەبێ بتوانێ بۆ خۆی یاری پێ بکا و هەرگیز هەست بەتەنیایی نەکا. لە نزیکی نیوەشـەو مریەم گـوێی لە دەنگەدەنگ بوو لـە حـەوشـەی دەهـات. بووکـۆکـەکـەی فـڕێ دا و، بەهەڵەداوان خـۆی بەحـەوشـەیدا کوتا. هەندێ شـوێنی ئاسمانی زاخـۆ هەوری لێ ڕەویبـووەوە و تریفەی مانگ لێرە و لەوێ لەسـەر بەفری سـەر بانان سـەمـایەکی بێدەنگی دەکرد. جا، ها ئەوەتا لێـرەیە. سـینەی شووەکەی کورژەوە بووبوو، بەناو خۆیدا قۆپا بووەوە وەک سەگی خوێری لێ هاتبوو. دیتی جگە لەو توورەکە بەتاڵەی بۆ هەڵگرتنی خواردنی بردبووی هیچ شتێکی دەناو دەستیدا نەبوو.

دڵی مریەمی خورپەی کرد و پرسی: "لە کوێ؟ کوا لە کوێیە؟ لە کوێ؟"

هەناسەی دەبووە هەڵم کە ڕخامیم لێی نەڕاند: "هەرە ناڤ ماڵ، دێ ڕەق دبی و دێ مری."

ئافرەتەکانی تر بەری دەریان گرت، خەزاڵ بەتووڕەییەوە گوتی: "مریەم، ئەو دی ڕاست داخێڤی. نووکە وەرە ناڤ ماڵ."

مریەم بەگرژی سەیری مێردەکەی کرد و قیژاندی: "نا، لێرە ڕادەوەستم هەتا ڕەخامیم هەمی شتێکم پێ دبێژی، هەمی شتێک."

ڕەخامیم وەک بـەرخۆڵەیەک هاتە پێشـەوە و ویستی دەست لە ڕوومـەتی ژنـەکەی بدا. وەلێ ژنە دەستی لە خۆی دوور خستەوە. پاشان بووراوە و کەوتە ناو ئەو بەفرەی هەتا چۆکان هاتبوو.

# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

## بەشی سێیەم

### ئەوپەڕی ناکۆکی لە ئاکاردا لای تاکی عێراقی

لە سیماکانی ناکۆکیی توند لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا، باوبوون و بڵاوبوونەوەی دیاردەی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە هەڵسوکەوتی تاکی عێراقیدا، وەک:

– ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە.

– هێزی پابەندبوون بەئینتیمای حزبی و دەستەگەراییەوە (ڕێکخراوەیی یا سیاسی یاخۆ خێڵەکی یان تایفی یاخۆ ئاینی یا ناوچەیی...).

### بەرەو خراپی چوون لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە

ڕەنگە زیادەگۆیی نەبێت گەر بڵێین ئەم کاولییە لە ئاکاری تاکی عێراقی و ئاستنزمی لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی هۆکاری هەموو ئەو شکستە نیشتمانییە تراجیدییانە بوون، کە لە واقیعی عێراقیدا ڕوویان دا لەگەڵ ئەو پاشەکشێ بەردەوامانەی ڕوویان دا و ڕوو دەدەن لەسەر ئاستی مادی و ئاکاری و ڕۆشنبیری و بنیاتنان و ژیاری لە سەرتاپای وڵاتدا، کە خەریکە گشت شتێک دەگرێتەوە و دەچێتە ناو هەموو دۆزێکەوە...

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەم وەسفکردنە بەرەهایی مانای نەبوونی پابەندی نییە

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

بەئینتیمای نیشتمانییەوە لای سەرجەم عێراقییەکان، بەڵکو قسەکە لە تێکرای گشتی زۆربە دەگرێتەوە، چونکە بەپاڵ ئەم ئاستنزمییە لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە ئەوا هەڵوێستێلێک هەن عێراقییەکان گرتوویانەتە بەر نموونەی ئەوپەڕی قوربانیدانن لە پێناو ئینتیمای نیشتمانیدا، ئەوەندە بەسە باسی ئەو ڕووداوی خۆکوشتنە پڕ لە دەنگدانەوەیە بکەین، کە ساڵی ١٩٢٩ سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولموحسین ئەلسەعدوون دەستی بۆ برد، کە لە ڕەخنە و ئەو تاوانبارکردنانەی لەسەر بنەمای مەزەندە و بەمەبەستی شکاندن لەلایەن نەیارە سیاسییەکانەوە بەکار دەهێنران بێ هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینە لە ڕۆژنامەکاندا ئاراستەیان کرد، گوایا بەکرێگیراوی ئینگلیزە، ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ ئەو میتۆدە هێرشبەرە عێراقییەی تا ئەمڕۆش باوە لە شکاندن و گومانبارکردن و پەلەقاژەی هەڵەشەیی لە دەرکردنی تۆمەت و بڕیاری یەکلاییکەرەوەی پشتبەستوو بەواتەوات و گومان دژ بەنەیارە سیاسی و کەسێتییەکان، سەعدوونیش پەنای بۆ خۆکوشتن برد تا بێ تاوانییەکەی دەربخات...

لەو وەسیەتنامە پڕ لە خەمبارییەی بەر لە خۆکوشتنەکەی بەچەند خولەکێک بۆ (عەلی)(٣٧)ی کوڕی نووسیبووی، خەم و ژانەکانی خۆی لە بەرابەر ئەو تۆمەتە پووچانە دەربڕیبوو، کە گومان لە نیشتمانپەروەریی ئەو دەکەن...

دوای ئەوەی سەعدوون خۆی کوشت، عێراقییەکان لە بێ تاوانییەکەی دڵنیا بوون و پەیکەرێکیان لە برۆنز بۆ دروست کرد و لە شەقامی بەتاویندا بەرزیان کردەوە، کە ناویان گۆڕی بۆ شەقامی ئەلسەعدوون.

هەرچی نموونە و بەڵگەن لەسەر ئاستنزمیی ئینتیمای نیشتمانی و گۆڕینی بەئینتیمای حزبی و دەستەگەرایی و تایفی و ئاینی و ناوچەیی... هتد، ئەوا زۆر و پڕ لە ئێشن، پێویستە قسەیان لەبارەوە بکەین و ئازایانە و بوێرانە ڕووبەڕوویان ببینەوە، چونکە بابەتێکی مەترسیدار و وێرانکەرە هێشتا ڕەنگدانەوەکانی لەودیو زۆربەی گرفت و تەنگژە و ئەنجامە وێرانکارییەکانەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی لە ناوەخۆ و دەرەوە و لە بوارە جیاجیاکانی وەستاون... ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ژیاری وەستاون... هەر بەخۆیشی لە داهاتوو وەکو لەمپەرێک بە ڕووی هەر گۆڕانێکدا دەوەستێتەوە.

لەو پارادۆکسە پڕ لە سەیروسەمەرانەی وەسیەتنامەکەی سەعدوون بەخۆی و کۆتەڵەکەی، کە وەکو ڕێزێک بۆ نیشتمانپەروەرێتییەکەی دروستیان کرد، دوای ئەوە نموونە و بەڵگەی واقیعین بۆ پابەندنەبوون بە ئینتیمای نیشتمانییەوە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەقی ئەسڵی وەسیەتنامەکەی سەعدوون، لەگەڵ کۆمەڵێک کاغەز و بەڵگەنامەدا ون بوون، کە لە ماڵی تۆفیق ئەلسوێدیدا دەستیان بەسەردا گیرا، لەبەر نزیکیی ئەو دوو پیاوە لە یەکترەوە وەسیەتنامەکە لای ئەو دانرابوو، هەینێ تۆفیق ئەلسوێدی وەکو یەکێک لە پیاوانی سەردەمی پاشایی دەستگیر کرا، دەست بەسەر کتێبخانە و کاغەزەکانیدا گیران وەسیەتنامەکی ئەلسەعدوونیشیان تێدا بوو، تا

ئێستاش چارەنووسی نادیارە، چونکە کەس گرینگیی بەم وەسیەتنامەیە نەدا، کە نیشانەی پڕ بایەخی نیشتمانپەروەرێتی بوو بۆ چەندان سەردەم و کودەتای شۆڕشگێڕی، کە دوای ئەوە ڕوویان دا، ئەمەش بەڵگەی خراپیی گرینگیدانە بەم هەڵوێستە نیشتمانییە.

هەرچی پەیکەرەکەی ئەلسەعدوونە، کە بۆ چەندان ساڵ وەکو سومبولی قوربانیدانی نیشتمانی و قسە و باسی نەوەکان مایەوە... هەندێک لە عێراقییەکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا دوای ئەوەی بەمشاری کارەبایی بڕییان و لە بناغە مەڕمەڕییەکەیان جیا کردەوە، دزییان...

دوای دانوستاندن لەگەڵ چەند کەسێکی خواپێداو لە خێزانی ئەلسەعدوون وەکو لە کاتی خۆیدا وا بڵاو بووەوە، پاش ئەوەی پارەیەکی زۆریان دا پەیکەرەکەیان بۆ گەڕێنرایەوە، بەم شێوەیە کۆتەڵەکە و هێما نیشتمانییەکەیشی سووک و ڕیسوا کران،(٣٨) ئیدی چ پابەندبوونێک بەئینتیمای نیشتمانییەوە دەمێنێت لە بەرابەر ئەوەی بەسەر وەسیەتنامەکە و پەیکەرەکەدا هات.

نموونەی واقیعیی تر سەبارەت بە ڕووەو خراپی چوون لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە، ئەوا لەژێر ئەم دوو ناونیشانە قسەیان لەسەر دەکەین:

١- ڕاپەڕینی شەعبانی/ تاڵان و لەناوبردنی موڵکە نیشتمانییەکان.

٢- عێراقییەکان ساڵی ٢٠٠٣ز وڵاتەکەیان تاڵان و بڕۆ دەکەن.

## ڕاپەڕینی شەعبانی

## تاڵان و لەناوبردنی موڵکە نیشتمانییەکان

بەشداریکردنی هەزاران عێراقی لە کاری خراپ و ناشایستە لە کاتی ڕاپەڕینی بوێرانەی شەعبانیدا، کە ساڵی ١٩٩١ لە پارێزگەکانی باشوورەوە سەری هەڵدا و ناوی ڕاپەڕینی شەعبانییان لێ نا، هەروەها تێوەگلانیان لە کاری تاڵان و بڕۆ و دزی و لەناوبردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان لە فەرمانگەکانی حکومەتدا، وەکو تاپۆ و تۆماری خانووبەرە و ڕەگەزنامە و تاڵانکردنی پارەی بانکەکان و ناردنی هەندێک پارچەی چەکی گەورە لە چەکە براوەکانی سوپا لە سەربازگەکاندا بۆ دەرەوەی عێراق، هەروەها بەتاڵانبردنی شوێنەوارە عێراقییەکانی ناو مۆزەخانەکان و بەقاچاخ دەرکردنیان و فرۆشتنیان لە وڵاتە بیانییەکاندا، ئەم هەڵسوکەوتانە بەهەموو شێوەیەکیانەوە و بێ ئەوەی بچینە ناو کۆڵینەوە لە پاڵنەر و پاساوەکانیان، نیشانەی زەقن لەسەر هاتنە خوارەوەی هەستی ئینتیمای نیشتمانی لە کەسێتیی عێراقیدا، ئەمەش کارێکی مەترسیدارە، کە بەپێداگرییەوە ئاتاجی دانانی بەرنامەیەکی نیشتمانیی هەمەلایەنەیە بۆ سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی کەسێتیی عێراقی.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەوە بڵێین، کە ڕێژیمی پێشوو بەبیردۆزە دەستەگەراییە تۆتالیتارییە

دیکتاتۆرییانەکەیەوە، هۆکاری یاریدەر بوو بۆ گەیشتنی ملیۆنان عێراقی بەو ئاستە لە تووڕەیی و هەڵچوون و هەستی تۆڵەسەندنەوە و ڕق لێبوونەوە، لە سۆنگەی ئەو جەور و ستەم و پەراوێزخستن و جیاکردنەوە تایفییە لە ڕادەبەدەرەی تووشی هاتن.

وێڕای ئەو قوربانییە دلێرانەیە و ڕۆحی شەڕکردنە بەجەرگانەیەی، کە ژمارەیەکی کەم نەبوون لە عێراقییە دڵسۆزەکان لە بەرهەڵستکارانی ڕێژیم لەم ڕاپەڕینە بوێرانەیەدا بۆ نیشتمان و میللەتەکەیان نواندیان، بەڵام دووبارەبوونەوەی لەم شێوە ڕاپەڕینانە لە مێژووی عێراقدا، کە هەردەم بەبزووتنەوەی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە وەسف دەکران، لەگەڵ دووبارەبوونەوە و گەڕانەوەی ڕووداو و هەڵە و ناتەواوی و هەڵسوکەوتی خراپ بۆ دەرکەوتن بەهەمان ڕۆح و هەمان شێوازی تێکدەرانەی خراپ و تایبەتمەند بەتالان و برۆ و دزی و ئاگربەردان لە دەزگە حکوومەتییەکان و وێرانکردنی شوێنە گشتییەکانی دەوڵەت، ئەمانە ئەو بڕوایە پتەوتر دەکەن، کە ناتەواوییەکە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی و لاوازیی هەستکردنە بەئینتیمای نیشتمانی، نەک تەنیا لە سۆنگەی هۆکاری جەور و ستەمەوە، چونکە چەندێک هەژموونی حکوومەت یاخۆ دەسەڵاتی ناوەند لاواز بێت، لە سەرتاپای عێراقدا لەم جۆرە کارانە تەشەنە دەکەن، کە مۆرکی یاخیبوون و لە فەرمان دەرچوونی دەوڵەتیان پێوە دیارە، کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەگەر لە هەموویاندا نەبێت لەسەر ئاستێکی فراوان ڕووداوی تالان و برۆ و ئاگرکەوتنەوە و دزی و پشێوی و وێرانکاریی دەزگە گشتییەکانیان لەگەڵدایە.

هەرسێ سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەم لە عێراقدا یاخیبوون و ڕاپەڕینی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوە، خەریکە هەندێکیان دەقاودەق لەوە دەچن، کە لە ڕاپەڕینی شەعبانی لە خوارووی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا ڕووی دا.(٣٩)

هەروەها ساڵانی بەر لە ڕووخانی ڕێژیم بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٠ز نموونەیلێکی لە ئاکار و هەڵسوکەوتی شەرمهێن لەسەر ئاستی نیشتمانی بەخۆوە بینیوە، کە بەهەزاران عێراقی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا و لە گشت تایفە و نەتەوەکان دەستیان تێدا هەبووە و تێوە گلاون، چونکە ئەو لێشاوی زانیاری و هەواڵەی لە هەزاران عێراقییەوە لەناو عێراقەوە دەگەیشتە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە، پێکهاتبوو لەو نێراوانەی نەدەبڕانەوە لە زانیاری و بەڵگەنامە و نیشاندەرە نیشتمانییەکان و نهێنیی تایبەت بەدەوڵەت، بەدیارکردنی شوێنی بارەگا نهێنییە سەربازییەکان و حەشارگەی چەک، تەنانەت هەندێک نموونە لە چەکی جۆرەکی و سەمپڵ لە مادەی تایبەتی دەلالەتدار و بڕێک فیلم و دیسکی تایبەت بەپرۆگرامی زانستی و سەربازیی نهێنی لەگەڵ دەستنیشانکردنی شوێنی هەڵگرتنیان و ڕێکخستنیان و پێ وتنی ناوی سەرپەرشتیارانی، هەروەها عێراقییەکان لیستی ئاشکراکردنی نوێیان لە ناوی فەرماندە سەربازییەکان، لەگەڵ پلە و ئەرکی سەربازییان دەنارد، کە پێیان دەسپێررا، لەگەڵ ئەو گواستنەوانەی لە ناوی فەرماندەی یەکەکان و شوێنی فەرماندەی لیواکان و تیپە سەربازییەکانی سوپای عێراق و جێگەی فرگە

سەربازییەکان و بنکە ئاسمانییەکان، کە تازە بنیات نراون و جۆرەکانی ئەو ئامێرانە و سیستمی گەیاندن و جۆری ئەو باڵەفڕانەی لە هەر بنکەیەکی ئاسمانی بەکار دەهێنرێن...

ئەم زانیارییانە و زۆری تریش بەبەردەوامی دەگەیشتن، کە مایەی ترس و تۆقین بوون و هەستی ئابڕووچوونیان لای هەر عێراقییەکی نیشتمانپەروەری مەرد دەجووڵاند.

ڕادەی ناتەبایی لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆریی خوێنڕێژدا چەندێک بێت، ناکرێت پاساو بۆ ئەم کارە خراپ و نانیشتمانییانە بهێنینەوە، لە تاڵان و بڕۆ و دزی و ئاگرتێبەردانی بەئەنقەست و وێرانکردنی دەزگە و موڵکە گشتییەکان و فرۆشتنی نهێنییە نیشتمانییەکان بەو لێکدانەوەیەی دەڵێت؛ سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینە مىللییەکان لە جیهاندا هاوکات هەڵسوکەوت و سەرپێچیی لەم جۆرەیان لەگەڵدا بووە.

پاساوی لەم چەشنە هەڵە و کەمتەرخەمییە ناکرێت پابەندی بین. شۆڕش و ڕاپەڕینی میللی لە گەلێک وڵات و لەناو زۆر نەتەوەی تردا، لە سۆنگەی جەور و ستەمی سیاسییەوە ڕوویان داوە، کە حکومەت و ڕێژیمە دیکتاتۆرییە گەندەڵەکان لەو وڵاتانەدا پیادەیان کردوون، لێ کاردانەوەی پێچەوانە لای ئەو گەلانە پتر پابەندی و دیسپلینی نیشتمانیی تێدا بوون لەگەڵ بەتەنگەوەهاتنی پاراستنی موڵک و ماڵی نیشتمانیی گشتی.

هەڵەی لەم بابەتە لە تاڵان و بڕۆ و دزی لە سەرەتای شۆڕشی بەڵشەفی لە ڕووسیادا ڕوویان دا و کۆشکی بەناوبانگی زستانەی تژی لە گەنجینە و شتی دەگمەن و گرانبەها تووشی تاڵانکردن هات، بەڵام تاقە بانگەوازێک لە لینینی ڕابەری شۆڕشەوە وای لە سەرجەم شۆڕشگێڕ و سەرباز و هەژارانی تووڕە لە ڕێژیمی تزاریی ڕووخاو کرد چی براوبوو بیگەڕێننەوە شوێنی خۆیان... تا ئێستاش میللەتی ڕووس شانازی بەم لاپەڕە نیشتمانییەی مێژووە ئاکارییەکەیەوە دەکا، هەروەها شتێکی نیمچە لەمەش لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیدا بەڕابەریی ئیمام خومەینی ڕووی دا، ئێرانییەکان بێ دوودڵی ئەوەی لە کۆشک و مۆزەخانەکاندا بەتاڵان بردبوویان گەڕاندیانەوە، تەنانەت لە ئەفغانستانیش میللەت قایل نەبوون بەفەرهوودکردنی شتەکانی وڵاتەکەیان لە ماوەی دۆخی شەڕ و پشێویی خوێناویدا.

بەپێچەوانەی ئەوەی لە زۆربەی ڕووداوەکانی عێراقدا ڕووی دا، ئەوە بوو تاڵانی و دزییەکان و شوێنەوارەکان بەرەو دەرەوەی وڵات ئاودیو کران و لەوێ لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا فرۆشران و تا نهۆش هەندێکیان بەدەست دەڵاڵ و جامبازە نێودەوڵەتییەکانەوەن.

## عێراقییەکان ساڵی ۲۰۰۳ ز وڵاتەکەی خۆیان تاڵان دەکەن

ئەو هەڵسوکەوتە نانیشتمانییە ئابڕووبەرەی پاش ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری لە ساڵی ۲۰۰۳دا سەدان هەزار عێراقی لە سەرتاپای وڵاتدا بەشدارییان تێدا کرد، لە تاڵان و بڕۆ و کوشتن و دزیی

چەکداری و ئاگر تێبەردان لە گشت شوێنێک، نموونەیەکی زەقە لەسەر قەوارەی ئەو وێرانکاری و ناکۆکییەی کەسێتیی عێراقی و بینای دەروونی و ئاکارییەی بەدەستییەوە دەناڵێنن.

دەتوانین دوای ئەوەی ئەو هەمـوو شـتـانە لە سـاڵی ٢٠٠٣دا ڕوویان دا لە کـاری خـراپ و هەڵوێستی شەرمهێن، کە ئەم هەموو خەڵکە پشکدارییان تێدا کرد، بڵێین گەلی عێراق هەبووەکان (موجودات)ی وڵاتەکەی خۆیان بەتاڵان بردووە، لەناویدا سەربازگەی سوپا نیشتمانییەکەی و جبەخانەی چەک و تەنانەت شتومەکی نەخۆشخانەکان و خەوگەی نەخۆش و کەمئەندامان و خانەی پەککەوتووان و شێتخانەکان، هەروەها سەرجەم دەزگە گشتییە خزمەتگوزارییەکان، وەک: بەندەر و ئاسنەڕێ و تاوەرەکانی گواستنەوەی وزەی کارەبا و کۆگاکانی ئازووقە و بەخێوکردن و کەرەستەی پزیشکی و کۆگای ئامێرە زانستییەکانی سەر بەزانکۆکان و هەبووەکانی مۆزەخانەی نیشتمانی و خانەی کتێب و بەڵگەنامە نیشتمانییەکان و ئامێری پرۆژەکانی ئاودێری و هی تریش.

هەرچی ئەو عێراقییانە بوون، کە خۆیان لەو کارە ئابڕووبەر و ناپاکییانە بەدوور گرت و لەم پشێوی و بەرەڵایی و وێرانکارییانەدا نموونەی ڕاستڕۆیی نیشتمانی بوون، مێژوو هەڵوێستەکانیان بەپیتی ڕۆشن تۆمار دەکات و ئەو هیوایەمان لا دەژێنێتەوە، کە بکرێت ئەو نەخۆشییانەی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا هەن چارەسەر بکرێن، لێ ئەوی مایەی خەمە ئەوەیە ئەمانە زۆربە نەبوون، بگرە کەمینە بوون، ڕەنگە دەسەڵاتیان نەبووبێت و نەیانتوانیبێت بەر بەو شەپۆلی کارە شەرمهێنانەی ڕووی وڵات و نیشتمان زەرد دەکەن، بگرن.

وێڕای ئەوەی ئەم ڕووداوانە پڕ لە ئازار و شۆک بوون، بەڵام ئەو هۆکار و ڕەوشەی خوڵقاندیان هۆکاری ناسراو و دەستنیشان کراون لای ئێمە، بەدرێژایی چەندان سەدە کەڵەکە بوون و لەو سێ ناولێنراوانە دەرناچن، کە لە لاپەڕەکانی پێشووتردا ناومان هێنان، مەبەستمان: شکستی و بێ ئومێدی و بێبەرییە.

ڕەنگە نەتوانین دەسەڵات و ڕژێمی دیکتاتۆریی پێشووی دەسەڵاتدار لە عێراقدا تا ساڵی ٢٠٠٣ز پشتگوێ بخەین، یاخۆ لێی خۆشبین، لە گەیاندنی عێراقییەکان بۆ ئەم دۆخە شەرمهێن و نانیشتمانییە لە هەست و هەڵسوکەوتدا، لە سۆنگەی سیاسەتەکانییەوە لە زەبروزەنگ و توندوتیژیی بێ پاساو و جیاکردنەوەی تایفی و سزادانی دڕندانە و ستەم و پاکتاوی خوێناویی ناماقووڵانە.

وڵات لە ئەنجامی چوونە سەری شێتانەی ڕووداو و ستەمکارییەکان لە نێوان ڕژێمی حزبیی دەستەگەرایی و ئۆپۆزسیۆنی حزبیی دەستەگەرایی لەدەست چوو. یان حزبی دەسەڵاتدار سەردەکەوێت لە سەپاندنی ڕا و ڕێبازە دەستەگەراییەکەی و هەوڵە تەنیاکانی، کە وڵات و نیشتمانی گەیاندە کاولی و وێرانکاری و گۆشەگیریی نیودەوڵەتی، ئیتر یان ئۆپۆزسیۆنی حزبیی دەستەگەرایی سەردەکەوێت لە ڕا و بۆچوون و تەقەلا و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بەسەر

دەسەڵات و پۆستەکاندا، هەر ئەمەش لە دواییدا بەدی هات و ئەمیش هەر بووە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی نیشتمانی و ڕووخانی وڵات و وێرانبوونی نیشتمان و هاتنە کایەی ڕێژیمی قێزەونی بەشبەشۆکێ، بۆیە لە هەردوو دۆخەکەدا نیشتمان ئومێدبڕ و دۆڕاو بوو، بەتایبەت پاش سەرنەکەوتنی هەوڵەکان بۆ دەرچوون لە ڕێژیمی بەشبەشۆکێ و دابەشبوونی دەستەگەرایی.

خەیاڵپڵاوییە لە عێراقییەکی بێبەری و تێکشکاو و بێ هیوا و چەوساوە و برسی و بەتەواوی دوورەپەرێز لە دەسەڵات و سامان و بەبڕیاری دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەرکراو لە عێراق، بخوازین لە پێناوی عێراقدا قوربانی بدا، کە بەهیچ شێوەیەک نە ماف و نە شوێنێکی تێدا هەیە.

## هێزی پابەندبون بەئینتیمای حزبی و دەستەگەرایی

لە بەرابەر ئەو هەڵوێستە شەرمهێن و نەرێنییانەدا، کە پێشتر باسمان کردن و بەهەموویان دەتوانن بەڵگە بن بۆ ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە، هەڵوێستێلی تر لە عێراقییەکانی ترەوە دەبینین بارگاوین بەقوربانیی تاکەکەسیی پڕ لە لەخۆبوردوویی، کە دەگاتە ئاستێکی بڵند لە هەوڵ و بەخشین و بەرخودان و پابەندبوون بەهەڵوێستی حزبی و سیاسی و دەستەگەرایی.

بەدەیان عێراقی لەوانەی لە هەموو سەردەمەکاندا بەرەو قەنارە و مەیدانەکانی لەداردان بران، خۆگرییەکی ئەفسانەیی و ئازایەتییەکی بێ وێنە و سووربوونی دەگمەنیان لە پرەنسیپی حزبی و سیاسی و دەستەگەرایی نواند، کە باوەڕیان پێی هەبوو و پابەند بوون پێوەی و ئەم هەڵوێستە پڕ لە خۆڕاگرییانەش تەنیا لە قوربانیدانی حزبێک، یا باوەڕێک، یان ڕێکخراوێک، یاخۆ قۆناغێک کورت نەبوونەوە (وێڕای هەڵوێستمان، یا بۆچوونمان لە بەرابەریدا)، بگرە لەم پاڵەوانێتییەدا بەدەیان کەسێتیی عێراقی لە هەر بیروباوەڕ و حزب و ڕێکخراوێک و لە گشت سەردەمە سیاسییە یەک لە دوای یەک هاتووەکاندا بەرجەستە بوون، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و نیشانەی ئەوەیە، کە ڕەفتارێکی تاکڕەوانەی ئەرێنییە بەگشتی کەسێتیی عێراقیی پێ دەناسرێتەوە و خوویەکی تایبەت نییە بەتاقە توێژێکەوە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا هەڵوێستی ژمارەیەک سەرکردەی شیوعی ساڵی ١٩٤٩ لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیاری لەداردان بەسەریاندا لە سۆنگەی شیوعیبوونیانەوە، نموونەی ئازایەتی و خۆڕاگری و سووربوون بوون، بێ ئەوەی هیچ ڕەفتارێکی وا بنوێن نیشانەی لاوازی، یا پاشگەزبوونەوە یاخۆ پەشیمانی، یان خۆبەدەستەوەدانیان پێوە دیار بێت، ئەمەش لە کاتی لەداردانی هەریەک لە فەهدی ئەمینداری گشتیی حزبی شیوعیی عێراقی و زەکی بەسیم و حوسێن ئەلشبیبی ئەندامانی بیرۆی سیاسیی حزب.

هەروەها پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەڵوێستی هەندێک لەوانەی ئەم ڕۆژگارە، کە بڕیاری

لەداردانیـان بەسـەردا درا، سووربـوون و خۆڕاگرییـان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مـەرگدا کەمـتر نەبوو، وەکو دۆخـی بەهجـەت ئەلعـەتیـە و سـەعید قـەزاز کاتی لە قەنارەدانیـان و پێداگـرییان لەسـەر قەناعەتیان بێ پەشیمان بوونەوە و سەرشـۆڕی، دوای ئەوە شەپۆلی ئەو عێراقییانەی بەدوادا هات، کـە نەترسـانە و جـوامـێـرانە بۆ بەرگـری لە حـزب و ڕێکخـراوەکـانیـان، بەرەنگاری مـردن و مەترسییەکان بوونەوە.

لێرەدا بواری ئەوە نییە سەرلەبەریان بژمێرین، یاخۆ سـەرجەم ئەو ڕووداوە هاوشێوانە بخـەینە بەرچاو، کـە هـەمـان دەلالـەت و هـەمـان مـانا لەم بارەیەوە دەدەن، بەڵام پێـویسـتـیـی بابەتی بۆ ڕوومـاڵکردنی توێژینـەوەکـەمـان بەنیـشـانە و بەڵگەی واقـیـعی، وامـان لێ دەکات بێلایەنانە ناوی هەندێک لەو عێراقییە جوامێرانە، لە لایەنە جیاجیا و سەردەمە جیاوازەکاندا ببەین.

نازم تەبەقچلیی سوپاسالار و سەرهەنگ ڕەفعەت ئەلحاج سڕی، ئەو دوو ئەفسەرە نەتەوەپەرستە موسڵمـانەی عەبدولکەریم قاسم بەفیت و هاندانی شیوعییەکان لەدار دران، کە بە بەکرێگیراوی داگیرکەر و کۆنەپەرستی تاوانبار کران، بەر لە ئەنجامدانی بڕیاری لە قەنارەدان هەریەکیان و لە ژووری زیندانە تاکەکەسـیـیەکـەی خـۆیدا، سـەرەڕای ئەوەی خـەم و پەژارە دای گـرتبـوون، دوو وەسـیـەتنامـەی بەدەست نووسراویان بۆ خـێزان و منداڵەکـانیـان جێ هـێشت، ، لێ دەکرێت ببنە وانەیەک لە سـووربوون لەسـەر پابەندبوون بەپرەنسـیپ و بەهای بڕوا و ئامـانجی نەتەوەیی و ئیسلامی.

ڕەنگە ئەوی گرینگ بێت لەم دوو وەسیەتنامانە ئەو پێداگری و سووربوون و بەرەنگاربوونەوە و گاڵتەکردنەیە بەمردن و پێوەندبوونە بەئینتیمای نەتەوەیی ئیسلامی، لە نێوان دێرەکاندا تیشکیان دەداوە، ئەمەش لە قۆناخێکی سەختی قۆناخەکانی مێژووی نوێی عێراقدا بوو.

هەروەها سـەرکردەی عێراقی عەبدولکەریم قاسم، لە کاتی پرۆسەی گوللەبارانکردنیدا بەچاوی کراوەوە ڕووبەڕووی لوولەی تفەنگەکان بووەوە، ئەمە بەسـەر عەبدولخالق ئەلسامەڕایی پێشەنگی ناسراوی بەعس و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی حزبی دەسەڵاتداریشدا دەچەسپێت، ئەوانەی بەر لە قـەنارەدانیـان دەمیـان بەلۆکـە و تێپ داخـرا، نەکـو هوتاف بۆ ئەو حزبەیان بکێشن، کـە بڕیاری لەداردانیان بەسەردا دەدات!!

ئاخـۆ مێـژوو ڕووداوێکی تری پڕ لە ناکـۆکیی لەمـە دژێوتری بەخـۆیەوە بینیوە؟ حـزب هەڵیـان دەواسێت، کەچی ئەوان هەر سوورن لەسەر هوتافدان بەسەر حزبدا نەک بەناوی نیشتمانەوە...

هەرچی ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدر و بنت ئەلهودای خوشکێتی، ئەوی بەر لە شـەهیدبوونیان نووسیویانە نیشانەی بەرزی و توانەوەیە لە ئیسلامدا، تا ئەو ڕادەیەی لە چوارچێوەی دووبەرەکیی دنیـایی دەرکردنیان بۆ جیهانی ئاسمانیی بڕوا و قایلبوونی خوایی، لەوەیە کەم لە زیندانییان لە مێژوودا بەر لەداردانیان قسەیان لەگەڵ جەلادەکانیان کردبێت، لە شێوەی ئەو بڕگە تۆقێنەرانەی

ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدر پێش شەهیدبوونی وتوونی (خوێنی من دەسەڵاتدارێتیتان نقوم دەکا و کۆتا بەڕێژیمەکەتان دێنێت)...

هەرچی سووربوون و پێداگریی هەریەک لە عێراقیی شەهید ئیمام عەبدولعەزیز ئەلبەدری و عێراقیی شەهید ئیمام محەمەد سادق ئەلسەدرە لەسەر بەردەوامیی (هەریەکە و بەڕێگەی تایبەتی خۆی) لە موژدەگەیێن بەڕێبازە عەقایدی و هێڵە ئیسلامییە جیهادییەکەی لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت، هەردووکیان دڵنیا بوون ئەگەر لەسەر ئەم هێڵە برۆن ئەوا چارەنووسیان مردنی ناچارییە (هەر واش بوو، دوای ئەوە هەردووکیان کوژران) سووربوونی هەریەکیان لە شوێنی خۆیەوە لە بەردەوامی لەسەر ڕێبازە دەستەگەراییە تایبەتەکەی، نیشانەی یەکلاکەرەوەیە لە هەمبەر هێزی ئیرادە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی بۆ قوربانیدان و بەرگریکردن لە پێناوی دۆزێکی ئیمانی و سیاسی و حزبی و ڕێکخراوەیی کە پابەندن پێوەیان.

هەروەها هەڵوێستێلێکی لە ژمارە نەهاتووی چالاکوانە ئیسلامییە عێراقییەکان، ئەوانەی بەوەستانی پڕ لە شکۆمەندانە و پابەندبوونی چەسپاویان بەحزبەکەیان و سیاسیبوونیان گاڵتەیان بەمردن دەهات.

یەکێک لەوانەی لە شەهید مەهدی حەکیمەوە نزیک بوو، هەینێ لە گیانەڵادا بوو دوای ئەوەی ئەو گوللانەی بەرکەوت، کە ئەو عێراقییانەی ڕێژیمی عێراقی لە بەغداوە بۆ سوودان ناردبوونی تەقاندیان تا لەوێ بیکوژن، گوتی:

بەهێمنی و ئاسوودەیی شایەدمانی دەوتەوە پاش ئەوەی دڵنیا بوو بەخراپی پێکراوە، بەر لەوەی ڕۆحی پاکی لە دەست بدات، بەجوامێرانە و بڕوا و سووربوون و باوەڕێکی بەتین و دەگمەنەوە بەرەوپیری مەرگ چوو.

ئەمانە و چەندانی تریش عێراقین و مەردانە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە، مێژوو لە بەرامبەریاندا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنێت لە پێداگرتنیان لەسەر ئەو قەناعەت و بنەمایانەی تا دوا ساتی ژیانیان نەیانگۆڕین.

بەبەراورد لەگەڵ ئەو وێنانە لە ئاکاری ناپاکی، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا وەسفمان کردن، ئەوا ئەم نموونە کورتکراوانەی هێنامانەوە و لە پێشماندان (وێڕای کەمی و کورتییەکەیان) وێنەی ناکۆک دەدەنە دەستەوە، بەڵکو ئەوپەڕی دژایەتی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیی خاوەن مۆرکی ئیشکالی بەدەستەوە دەدەن.

ئەو کەللەڕەقی و سووربوونەی ئەو عێراقییانەی لە بەرەنگاربوونەوەی مردندا نواندیان، ئەوانەی کە ناوی هەندێکمان هێنان و بواری ناوبردنی هەندێکیانمان نەبوو، لەوانەی هەریەکەیان بڕوای وا بوو خۆی ڕاستترینە لە متمانە و ئینتیما بۆ بیروباوەڕ، کە هەڵی گرتووە سەرەڕای هەمەڕەنگی و دژ وەستانەوەی ئینتیما عەقایدی و حزبی و دەستەگەراییەکانیان، بگرە وا لە توێژەری بێلایەن

دەکات نەک بەرەهەندێکی پڕ لە بیروباوەڕی پاک و بێگەرد لە دەروونی ئەو عێراقییە پاڵەوانانەدا بیر بکاتەوە، بگرە بەرەهەندێکی کەربەلاییانەی بەربادی چەقێنراو لە ناخی تاکی عێراقی و چێنراو لە سروشتی خۆی لە چەندان سەدەوە، دووریش نییە ئەمە لە دەرەوەی درککردنی هۆش و مەودای زەمەندا بێت.

وێڕای ئەو شەهیدە ئازایانەی لە سەردەمە سیاسییە جیاجیاکاندا گیانیان بەخت کرد، بەهەزاران عێراقیی شەرەفمەند هەن خرانە زیندانەوە و ئازار دران و جەستەیان شێوێنرا و نانبڕاو کران و چارەنووسیان وێران بوو و ژیانیان بەهەژاری و نەداری و پێویستی کۆتای هات، لە گشت ڕۆژگارە سیاسییەکانیشدا قوربانیی ستەم و چەوسانەوە و ستەمی بەردەوام بوون، ئەوانە هەموویان وەفادار و بەتەواوی پابەند بوون بەئینتیمای حزبی و ڕێکخراوەیی و دەستەگەرایی و مەزهەبی و عەقایدی.

لێ پرسیارەکە هێشتا خۆی دووبارە دەکاتەوە: کوا پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لە دۆزی هەریەک لەم قوربانییە ئازایانەدا؟ ئەی قەوارەی ئەم پابەندبوونە لە هەر دۆزێکدا چییە؟

خۆ ئەگەر مەبەست ئەوەیە قوربانی لە پێناو حزب، یا ڕێکخراو، یان دەستە، یاخۆ بارستەی سیاسی، یاخۆ مەزهەب، یانیش ئاین، قوربانی بێت لە پێناوی نیشتماندا، یاخۆ پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانی، ئەوا ئەم چەمکە لە ڕووی بۆچوونی زانستی و بابەتییەوە ڕاست نییە و نایەتەوە، چونکە تێکەڵییەکی تێدایە لە نێوان چەمکی ئینتیمای دەستەگەرایی گەلێ جار هاوشان بەتیۆری دەستبەسەردا گرتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی تاکگەرایانە بەسەر حوکم و ئەوی بەدوایدا دێت لە پلان و ئامادەکاری و تەکتیک و لە نێوان چەمکی ئینتیمای نیشتمانیی ئازادی خاڵی لەم تیۆرە و خواست و پاشکۆ و پێداویستییەکانی.

## هۆکارەکانی ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی

## لای تاکی عێراقی

گەر بمانەوێت بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارانە بزانین، کە بوونە شیمانەی ئاستنزمیی ئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی، ئەوا دەتوانین بڵێین: ڕۆژگارەکانی ستەم و چەوسانەوە و بەپەندبردنی ناشیرین، کە دەوڵەت بەتەواوی ماناوە (واتا پاشا و دەسەڵاتدار و سوڵتان و حکوومەت و ڕژێمەکان) لە ماوەی چەندان سەدەوە تاکو ئەمڕۆ دژ بەمرۆڤی عێراقی پیادەی کردن، لە ناخ و ڕۆحیدا دوژمنایەتییەکی بەردەوام و ڕەگداکوتاو و ڕقێکی نەبڕاوە دژ بەچەمکی دەوڵەت و حکوومەت بەهەر ناو و دەلالەتێکەوە بێت چێنراوە، ئەم ڕق و دوژمنایەتییە بوونە بەشێکی جیانەکراوە لە هۆشی کۆمەڵایەتی و لە ئاکاری لەخۆوەی ڕۆژانەی و لە ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکەی، ئەم دوژمنایەتییەش بووە ڕووی شاراوە لە قووڵایی ناهۆشیاری لە هەڵسوکەوتەکانی

تا ڕۆژی ئەمڕۆ، وێڕای گشت ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە عێراقدا ڕوویان داوە.

ئەم کارەش بووە هۆی ڕوودانی تێکەڵی و چوونە ناو یەکییەک لە زەینی تاکی عێراقیدا لە نێوان چەمکی دەوڵەت، یاخۆ دەسەڵات، یاخۆ حکوومەت و لە نێوان چەمکی نیشتمان بەتایبەتی لە ڕۆژگاری تاریکی فەرمانڕەوایی عوسمانیدا، کاتێک نەزانی و نەخوێندەواری لە سەرتاپای کۆمەڵگەی عێراقیدا بڵاو بوونەوە. ئیدی ناو و وشەکان تێهەڵکێشی یەک بوون. هەروەها دەلالەتەکانی لە درککردنی تاکی عێراقی و تێگەیشتنی، تا وای لێ هات نەیدەتوانی جیاوازی بکات لە نێوانیاندا، بۆیە کارەکانی ستەم و چەوسانەوە و بەکارهێنانی هێزی بەزۆر لەلایەن دەوڵەتەوە دژ بەهاووڵاتی لە عێراقدا بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو چەمکی نیشتمانپەروەرییان پەرش و بڵاو کردەوە و بیروباوەڕی ئینتیمای نیشتمانییان لای شێواند، بەتایبەت لە ماوەی ساڵانی سەپاندنی ناڕەوای بەسەربازگرتنی ناچاری لە سەردەمی عوسمانی و بەزۆر ڕەوانەکردنی بەهەزاران لاوی عێراقی بۆ بەرەکانی شەڕ و مەرگ لە وڵاتە چەپەک و دوورەکان لە عێراقەوە و ئەوی لە ترس و ئازار و بیرەوەری پڕ لە خەم بۆیان مایەوە.

ئەم ئاکارە ناڕەوایانە بەشێواز و ڕێگەی خەمهێنەر و کارەساتاوی دووبارە بوونەوە.

ئەگەر نیشتمان لە ڕۆژگاری عوسمانیدا لە عێراق لە بەرچاوی ملیۆنان عێراقیی هەژار و سادە لە جەندرمەدا خۆی بنوێنێت، کە بەمسەر و بەوسەری وڵاتدا جرتوفرتیان بوو بۆ گردکردنەوەی گەنجان و پیاوانی عێراق و بەهێز بەرەو بەرەکانی شەڕ و مردن لە قەوقاز و ئەرمینیا و شوێنە نەزانراوەکانی ئەنەدۆڵ ڕەوانەی دەکردن، ئەگەر نیشتمان لە سەدەی بیستدا خۆی لە ملیۆنان کوردی نەداری سادە و ساویلکەی عێراقیدا بنوێنێت و بەرجەستە بکات، کە باڵەفڕەی شەڕوانی و لیوای سەربازی، هێرشیان دەکردنە سەر و تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند و ماڵ و گوند و پرد و ڕێگەوبانەکانیان دەڕووخاندن و بیر و کانیاوەکانیان کوێر دەکردنەوە.

هەروەها ئەگەر نیشتمان خۆی لە سەدان هەزار لەو عێراقییانە بنوێنێت و بەرجەستە بکات، لە تایفەی شیعەی هەژار و ساویلکە بەلێژنەی ئەمنیی سەر بەدەوڵەت، کە لە عێراق وەدەری نان و لە تاریکیی شەوەزەنگ لە بیاوانی نەزانراودا لەسەر سنوور لەگەڵ ئێراندا بەرەو چارەنووسێکی نادیار فڕێی دان و بەرەوڕووی مردن و ڕیسوایی کردنەوە.

ئەگەر نیشتمان خۆی لە هەموو ئەو کارە بەتۆپزییە دزێوانە بنوێنێت، کە دژ بەملیۆنان عێراقیی هەژاری سادە و ساویلکەی بێ گوناە ئەنجام دران، ئەوا زۆر بەدڵنیاییەوە ئاتاجی فەرهەنگێکی زمانەوانی دەبین، تاکو لە ڕێگەیەوە بۆ کورد و شیعەی عێراقیی بەستەزمان جیاوازییە جۆرایەتییەکان لە ماناکاندا لە نێوان مانای نیشتمان و مانای ڕژێم و مانای دەوڵەت و مانای حکوومەت و مانای دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و مانای دەزگە جێبەجێکارەکان لێک بدەینەوە.

پاشـــان دوای ئـەوە داوای لێ بکـەین تێکـەڵی نەکــات لە نێــوان ئەم مـــانا و دەلالـەتانـەدا و هـەر بەپابەندی بۆ ئینتیمای نیشتمـانی بمێنێتەوە و قـوربانی لە پێناویدا بدات، هەڵبـەت بەدڵنیـاییـیەوە ئەمە خەیاڵپلاوە.

ئەو کار و هەڵسوکەوتانە لە بیرەوەری تاکی عێراقی و هۆشیدا بیرۆکەی ڕقلێبوونەوەی دەوڵەت و حکوومـەتیان چاندووە و لەگەڵیشیدا پابەندی بەچەمکی نیشتمان و ئینتیمای نیشتمانیـان لاواز کردووە.

تەقینەوەی شـەپۆلی تالان و برۆ و ئاگر تێبەردان... هـتد، لەلایەن عێراقییـەکانەوە دژ بەمـوڵکی دەوڵەت و دامـــەزراوەکـــانی لە هەر جـــارێکدا دەســـەڵاتی دەوڵەت لاواز بێت، یاخـــۆ هێـــزە ســەرکـوتکەرەکـەی نائامــادە بێت، ئەگـەر بۆ چەند ســەعــاتێکیش بێت، ئەوە ڕەنگدانەوەی دۆخی شـەڕانگێزی و ڕقی درێژخایەن و متبووە لە ناخی تاکی عێراقی لە ئاست دەوڵەتدا بەهـەمـوو مانا و دەلالەت و نیشانەکانییەوە.

هـەروەهـا داگیـرکـارییـە یەک لە دوای یەکـە بێگانەکـان بۆ ســەر عـێـراق و بەتایبــەت دوای هـەرەسهێنانی فەرمانڕەوایی خەلافەت و گۆڕانی عێراق بۆ ویلایەتێکی سەر بەئێران جارێک و بۆ تورکیای عوسمانی جارێکی تر، ڕەنگە بووبێتە شیمانەی لەدەستدانی چەمکی متمانەی نیشتمانی بۆ عێراق، یاخۆ بەلای کەمەوە شانازیکردن بەئینتیما بۆ وڵاتی عێراق، ئەم چەمکە مانا و مەبەستی (مـدلول) واقیـعیی خۆی لەدەست داوە، چونکە عێراق بووە ویـلایەتێکی پاشکۆ و کەسێکی بیـانیی نەناسراو نەک خەڵکی وڵاتەکە، فەرمانڕەوایی دەکات و بەکەیفی دڵی خۆی بەڕێوەی دەبات.

چەندان سەدە بەسـەر عێراقییەکاندا تێپەڕ بوو، متمانە و ئینتیمای باش و خوازراو دڵسۆزی و ئینتیما بوو بۆ (ئەستانە) پایەتەختی فەرمـانڕەوایی عوسـمانی، کە مـەڵبەندی بڕیاری سوڵتانی بوو، کە پێیان دەگوت فەرمانی سوڵتانی، سەرچاوەی هێزی ڕەها بوو لەسەر گشت ئاستەکاندا، ئا لێرەوە مرۆڤ جا هەر کەسێک بێت (فەرمانڕەوا، یا فەرماندەی سەربازی، یان پیـاوماقووڵ، یاخۆ هـاووڵاتییەکی ئاسایی) هێز و شکۆ و بایەخ و دەسـەڵات و گـەورەیی لە لایەنی مـادی و سیـاسـی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە هەڵدەهێنجێنێت.

بۆیە متمـانە و ئینتیمـا بۆ سـوڵتانی ئەستـانە، واتـا پشـتگیری بۆ دەوڵەتی عـوسـمـانی بناخـەی گشت کـار و بڕیارە زیندووەکان بوو لەسـەر هەموو ئاستەکان نەک متمـانە، یان ئینتیما بۆ شـتێک کە ناوی عێراقە.

ئەم دۆخـە زیاد لە سـێسـەد سـاڵ بەردەوام بوو، لە ١٦٠٠ز ەوە بۆ ١٩١٤ی ز، ئـەمـەش مـاوەیەکی زۆر درێژ و بەس بوو بۆ وێرانکردن و لەبیرکردنی زۆر مانا و چەمک و مەبەست و هێمای پێوەنددار بەنیشتمـانپەروەری و متمانەی نیشتمانی، بۆیە هەستی ئینتیمابوون پاشەکشـەی کرد بۆ کیانێکی بەفەرمی نەبوو و بەواقیعی ناسەربەخۆ، ناوی عێراق بێت.

هەرچی ڕۆژگاری کودەتا سەربازییەکانە لە عێراقدا، ئەوا چوونە پێشی کاری توندوتیژیی خوێناوی و بەکارهێنانی بەردەوامی شێوازەکانی هێزی سەرکوتی دەوڵەت، کە کودەتاکان لە ئاستێکی فراواندا بەکاریان هێنا، ناکۆکییە سیاسی و عەقایدی و ئایدیۆلۆجییەکانی نێوان تاکەکان و حزبەکان و لایەنە سیاسییەکانیان گۆڕی بۆ ململانێی خوێناویی لەناوبردن و بۆ تۆڵەی بەپەندبردنی سەرکردوو لە هەردوو لا بێ وەستان...

میتۆدی دیالۆگی نیشتیمانیی شارستانی نائامادە بوو و گفتوگۆ و ڕێنوێنیکردن کردن و ڕێککەوتن و لێبووردەییی وەستان و لە بری ئەوە لەداردان و گرتیگە و ئەشکەنجەدان و دووزمانیی درۆزنانە و دەستگیرکردن شوێنیان گرتنەوە، ئەمەش وای لە تاکی عێراقی کرد و ناچار بوو پەنا بۆ کۆڵەکەی حزب ببا و لەودیو حزب، یا ڕێکخراوە چەکدارەکەی، یاخۆ تایفە، یان خێڵ، یاخۆ دەستە، یا ئاین، یانیش نەتەوە خۆی مەڵاس بدا و بەرگری لە خۆی و بوونە هەڕەشە لێکراوەکەی بکات، نەک پەنابردن و خۆدانە پاڵ کۆڵەکەی نیشتمان، یاخۆ ئینتیمای نیشتمانی.

سەرەڕای ئەم هۆکارە مێژووییانە، هۆیەکی هاوچەرخی گرینگ و زیندوو هەیە لەودیو خراپیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە لای تاکی عێراقی وەستاوە، ئەویش هەستکردنی واقیعی و قەناعەتی ڕەهایەتی بەگەندەڵیی بەرپرسانی دەوڵەت و بزریی دادپەروەری، یاخۆ یەکسانی لە پراکتیزەکردنی یاساکان لە وڵاتدا، لەگەڵ قەناعەتی بەبوونی بەرباد لە خزمخزمێنە و بەرتیل و گەندەڵی بەهەموو شێوە دزێوەکانییەوە و لە گشت ئاستەکاندا.

لە سەرجەم ئەمانە مەترسیدارتر گەیشتنی تاکی عێراقییە بەقەناعەتێکی جێگیر، کە هەموو ئەوانەی ڕوو دەدەن لە گەندەڵی و تێکدان و تاڵان و بڕۆ و دزی و وێرانکردنی سەرتاپاگیری هێماکانی شەرەف و ڕاست و ڕەوانی و نیشتمانپەروەری، بەئاگەداری و ڕەزامەندیی دەسەڵاتی فەرمی، بەڵکە بەبەشداری و هاندانی بووە، ئەمەش هەڵوێستێکی تۆمەتبارانەی گومان ئامێزە هەردەم پشت بەبەڵگەی واقیعی نابەستێت.

دەیان هەزار چیرۆک و حەکایەت و ڕووداوی پێوەند بەدزین و دزێتی و خزمخزمێنە و ساختەکردن و بەرتیل و دەستدرێژیکردنە سەر مافی گشتی و دەستبردن بۆ دارایی گشتی و هەڵکوتانە سەر سامانی نیشتمانی و ئابووری و دارایی و مێژوویی و کولتووری و ڕۆشنبیری و دووبارەکردنەوەی ناوی بەشداران لەم ئاڵۆزییەی بەرپرسان و نابەرپرسان، چیرۆکێلێکن ڕۆژانە ملیۆنان عێراقی لە سەرتاپای وڵاتدا لەسەر زاریانە و دەیگێڕنەوە، ئەمەش کارێکە مایەی نیگەرانی و تۆقینە.

لای زۆربەی زۆری عێراقییەکان ئەو قەناعەتە خراپ و ئازاردەر و ماڵوێرانی و کەللەڕەقییە دروست بووە و لە هەمان کاتدا سەرجەم بەرپرسانی سەرپەرشتیاری کاروباری وڵات بێ ئاوارتە دز و جەردەن، نە بەتەنگەوەهاتن و نە غیرەتیان هەیە بۆ نیشتمان، تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی

خۆیان دەکەنەوە، ئەم قسە ئازاردەرانە نیشانەی تەواوی بێ باوەڕییە، هەروەها کینە و ڕق دەگەیەنێت، تا وای لێ هات هاوولاتییە عێراقییەکان لە گشت شوێنێک لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی پێوەنددار بەم بابەتەوە لە بەرابەر دەزگەکانی ڕاگەیاندندا بێ شەرم و خۆپارێزی دەیلێنەوە.

جا گەر ئەم بیروڕا و قەناعەتە باو و بڵاوانە لەسەر ئاستێکی فراوان لەنێو عێراقییەکاندا ڕەوا بێت یاخۆ نارەوا، ڕاست بێت یا درۆ، پشت بەبەڵگە ببەستێت، یان نا، ئەوا لە هەموو دۆخەکاندا کارەساتێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی گەورەیە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە و پێویستی بەچارەسەری جیدی و یەکلایی و خێرا هەیە، چونکە تەنیا ئەوە بەسە بۆ وێرانکردنی هەستی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی و پاڵنانی بۆ هەڵوێستی نابەرپرسانە لەوەی لە نیشتمانەکەیدا ڕوو دەدات، مادامەکی لە ئاست سەرجەم بەرپرسانی وڵاتەکەیدا قەناعەت و بڕوای بەناپاککردن و شکاندن هەیە.

سەرچاوە و پەڕاوێزەکان:

(٣٧) وا لێرەدا کۆپلەیەک لە وەسیەتنامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولموحسین ئەلسەعدوون، کە پێش خۆکوشتنەکەی بەچەند خولەکێک نووسیویەتی، دەهێنینەوە:
"چاو و پشتوپەنام کوڕم عەلی:
لەو تاوانەی کردوومە بمبەخشە، چونکە لەم ژیانە وەڕس بووم و بێ تاقەت بووم لێی...
میللەت چاوەڕوانی خزمەتە. ئینگلیزەکانیش ڕازی نین. هیچ پشتم نییە. ئەو عێراقییانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن لاواز و دەستەوستانن و زۆر لە سەربەخۆییەوە دوورن، ئەوان لەوە بێ تواناترن ڕێز لە ئامۆژگارییەکانی کەسێکی بەشەرەفی وەکو من بگرن. بەخاینی نیشتمان و کۆیلەی ئینگلیزم دەزانن. ئەمە چ کارەساتێکی گەورەیە. منێک کە گیان لەسەر دەستم بۆ وڵاتەکەم و لە هەموویان دڵسۆزترم، گشت سووکایەتییەکم قبووڵ کرد و بەرگەی هەموو جۆرە سەرشۆڕییەکم گرت، تەنیا لە پێناو ئەم خاکەی باوک و باپیرانم بەخۆشگوزەرانی تێیدا ژیاون.
کوڕی خۆم دوا مۆچیاریم بۆت ئەوەیە، بەزەییت بەبرا بچووکەکانتدا بێتەوە، کە بەهەتیوی دەمێننەوە و ڕێزی دایکت بگری و بۆ نیشتمانەکەت دڵسۆز بیت...".
ئەم بەشەی وەسیەتنامەکەمان لە کتێبی (عبدالمحسن السعدون، دوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، دكتور لطفي جعفر فرج الله، ص٣٧٥، مكتبة اليقظة العربية، بغداد) وەرگرت.

(٣٨) قسەیەک هەیە دەڵێت؛ ئەو پەیکەرەی گەڕێنراوەتەوە ئەوە نییە کە لە برۆنز دروست کرابوو، بەڵکو یەکێکی ترە و لە فایبەرگلاس دروست کراوە.

(٣٩) دەکرێت سەبارەت بەم بابەتە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی (ستيفن لونكريك، اربعه قرون من تاريخ العراق الحديث) و کتێبەکەی (دكتور علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث).

ژێدەر: باقر یاسین، شخصيه الفرد العراقی، دار اراس للطباعه والنشر، اربيل، ٢٠١٠، ص١٠٠-١١٤.

# نامەیەک
# لەبارەی لێبووردەییەوە

ڤۆڵتێر

بەشی دوازدەیەم

### ئاخۆ لە ئاینی جوولەکەدا دەمارگیری شەریعەتێکی خوایی بوو؟
### ئاخۆ بەردەوام کاری پێ کراوە؟

شەریعەتی خوایی، وەک من بزانم، بەو ڕێنوێنییانە دەگوترێ کە لە خوا خۆیەوە دەرچوون. وای پێ باش بوو، جوو، بەرخێکی کوڵاو بە کاهووەوە بخۆن، داوەتکراوانیش بەپێوە بخۆن و هەریەکەیان دارێکی بەدەستەوە بێ، لە یادی بەجێهێشتنی میسردا، هەروەها فەرمانی دا، بۆ گەورەکردنی کاهینی هەرە گەورە، گوێچکە و دەست و پێی ڕاستی بەخوێن بسڕێت؛ دابگەلێکی سەیرن بەلای ئێمەوە، بەڵام لە سەردەمە کۆنەکاندا باو بوون؛ هەروەها خوا پێی باش بوو، گوناهەکانی خەڵک هەمووی بە خوێنی بەرانی قوربانییەکەوە بڕوات، خواردنی[١] ماسیی بێ پوولەکە، بەراز، کەروێشکە کێوی، ژیشک و کوندەپەپوو... تد.

هەر خۆشی جەژنەکانی دەستنیشان دەکرد، ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکان. هەموو ئەم شتانە کە بەلای نەتەوەکانی ترەوە، بێ بەڵگە بوون و دەکەوتنە بەر حوکمی یاسا دانراوەکان و دابە پێڕەوکراوەکان، لای جوو، شەرعێکی خوایانە بوون، چونکە خوا خۆی فەرمانی پێ دابوون، دروست، وەک چۆن هەموو فەرموودەکانی یەسووعی مەسیح، کوڕی مریەم، کوڕی خوا، بەلای ئێمەی مەسیحییەوە، شەرعێکی خوایین.

نابێ بەشوێن ئەو هۆیانەدا بگەڕێین خوا ئەو ناموسە[*]ی بەمووسای دا گۆڕیی بەناموسێکی

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی

تر، یان بۆچی فەرمانی زیاتر بەمووسا دا وەک لە ئیبراهیم، ئیبراهیم زیاتر لە نووح[٢]. وا دیارە، ویستوویەتی، ڕاسپاردەکانی لەگەڵ سەردەمەکان و گەلاندا بگونجێن، وەک جۆرێک لە نواندنی باوکایەتی؛ بەڵام ئەو نهێنییانە زۆر لەوە قووڵترن، بینایی لێڵی ئێمە پەییان پێ بەرن.

کەواتە، با لە بابەتەکەی خۆمان دەرنەچین و پێش هەر شتێک بزانین، دەمارگیری لای جوو چۆن بووە.

لە سفری (دەرچوون – Exode) و سفری (لاوییەکان – LEVTTICUS) و سفری (ژمارەکان – NUMBERS) و سفری (دووانەی شەریعەتدانان DEUTERONOME)[**]، بێگومان، یاسای توندیان تێدایە تایبەت بەخواپەرستی و سزای توندتریش، زۆر لەوانەی شەرحی تەوراتیان کردووە، سەرکەوتوو نەبوون لە شەرحکردنی نێوان حیکایەتەکانی مووسا و چەند بڕگەیەکی دیاریکراو لە سفری (ئیرمیا) و سفری (عاموس)، هەروەها نێوان حیکایەتەکانی مووسا و وتارە بەناوبانگەکەی قدیس ئیستیفان وەک لە "کارەکانی پێغەمبەران"دا هاتووە. عاموس دەڵێ[٣]: جووەکان لە سارادا مابوونەوە و مۆلۆخ و ڕممانۆ و قەییومیان دەپەرست. ئیرمیا بەڕستەیەک کە چەندوچۆن[٤] هەڵناگرێ دەڵێ: خوا داوای هیچ قوربانییەکی لە باوکانیان نەکرد، کاتێک لە میسر دەرچوون. هەرچی قدیس ئیستیفانیشە لە وتارەکەیدا بۆ جووەکان دەڵێ: "سوپای ئاسمانیان دەپەرست[٥]؛ بەدرێژایی چل ساڵ لەو سارایەدا، قوربانییان پێشکێش نەکرد؛ هەر چەترەکەی خواوەند مۆلۆخ و ئەستێرەی خواوەند ڕممانۆیان هەڵگرتبوو".

ڕەخنەگرانێکی تر، لە پەرستنی ئەو ژمارەیە لە خواوەندی بیانی، گەیشتنە ئەو بڕوایەی، ئەو خواوەندانە لەلایەن مووساوە ڕێگەپێدراو بوون؛ وەک بەڵگەیەکیش لەسەر ئەم بۆچوونەیان، پشت بەم دەستەواژانە دەبەستن کە لە سفری (دووانەی شەریعەتدانان) وەرگیراون[٦]: "کاتێک دەچنە خاکی کەنعان، ئەوە ناکەین کە ئەمڕۆ دەکەین؛ هەر کەسە و بەئارەزووی خۆی ڕەوتار دەکات"[٧].

ئەوەی بڕوای ڕەخنەگران بەم لێکدانەوەیەیان زیاتر دەکات، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی جوو لەو سارایەدا، ئەرکی ئایینییان جێبەجێ کردبێ: هەرگیز ئاهەنگیان نەگێڕاوە بەبۆنەی جەژنی پەڕینەوە "فوسح ـ ڕزگاربوون– Peissah"[٨]، یان جەژنی "پەنجاینە"[٩]ەوە، هیچ باسێکی جەژنی "سایە"[١٠] نەکراوە، نوێژێکی جەماعەتیان نەکردووە، دواجار، خەتەنەشیان نەکردووە کە دوایین بەڵێنی خوایە لەگەڵ ئیبراهیم.

هەروەها، لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی یۆشع[١١]دا، ئەو شەڕوانە ڕووی لە جوو کرد گوتی[١٢]: "ئێوە سەرپشک بن و دەتوانن هەڵبژێرن: یان ئەو خواوەندە دەپەرستن کە لە خزمەتیاندا بوون لە وڵاتی ئاموورییەکان یان ئەو خواوەندانە دەپەرستن کە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووباردا پێیان ڕازی بوون". گەلیش وەڵامی دایەوە: "نا وا نابێ، ئێمە ئەدونای دەپەرستین[١٣]"، یۆشع لە وەڵامدا گوتی: "خۆتان ئەوەتان هەڵبژارد؛ کەواتە، خواوەندە بیانییەکان لەنێو خۆتاندا لابەرن". ئەوەش بەڵگەیە کە جوو لە سەردەمی مووسادا، خواوەندگەلێکی تریان پەرستووە نەک ئەدونای.

لێرەدا ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانەی کە پێیان وایە تەورات لەلایەن مووساوە نەنووسراوە، سوودێکی ئەوتۆی نەماوە؛ ئەو بابەتە زۆری لە بارەوە گوتراوە و شەنوکەوکردنی ڕۆژگارێکی زۆری خایاند؛ ئاخر گەر وای دابنێین، دانە دانەیەکی کەمیشی لە سەردەمی قازییان و قەشەکاندا نووسرابێ، تەورات هەروەک کارێکی خوایانە و ئیلهامدەر دەمێنێتەوە.

بەلای منەوە، هێندە بەسە، کتێبێی پیرۆز بۆمان دەسەلمێنێ کە جوو، ڕۆژگارێکی درێژ، ئازادییەکی چاکیان هەبووە سەرەڕای ئەو سزا توندەی بەسەریاندا سەپێنرا بەهۆی پەرستنی خواوەند ئابیسەوە[١٤]؛ ڕەنگە مووسا، پاش ئەو قەسابخانە بیست و سێ هەزار کەسییەی ئەنجامی دا، سەبارەت بەوەی براکەی پەیکەری گوێرەکە زێڕینەی دانابوو، دەرکی بەوە کردبێ، توندڕەوی هیچ ئەنجامێکی نابێ، بۆیە چاوی پۆشی لە سەرسامی گەلەکەی بەخواوەندە بیانییەکان.

مووسا، خۆی پێ ڕانەگیرا و دواجار لەو شەریعەتە لای دا کە خۆی فێری خەڵکی دەکرد[١٥]، ئاخر لەگەڵ ئەوەی هەموو جۆرە پەیکەرێکی حەرام کردبوو، کەچی ڕێی بەدانانی پەیکەری مارێک دا کە لە مس و زەرد دروست کرابوو. هەروەها ڕێگەدان بەپەیکەری سولەیمانیش، دەرچوونێکی تر بوو لە شەریعەت: ئەو پاشایەی ویستی حەوزی پەیکەرە گەورەکە لەسەر پشتی دوازدە پەیکەری گاگەل دابنرێ، هەروەها پەیکەری فریشتەگەل بخرێتە سەر تابووتی بەڵێننامە[١٦]؛ فریشتەگەلێکی دووسەرە، سەرەبازێک و سەرەگوێرەکەیەک، وا دیارە سەرەگوێرەکەکە، هێندە ناوەستایانە دروست کرابوو، پاش دۆزینەوەی لەنێو پەیکەرەکەدا لەلایەن سەربازانی ڕۆمانەوە، خەڵک گەیشتنە ئەو بڕوایەی، جوو، کەرپەرست بوون.

چەندی کرا، نەتوانرا پەرستنی خواوەندە بیانییەکان حەرام بکرێ. سولەیمان بەوپەڕی ئاسوودەییەوە بتگەلی دەپەرست؛ یەروبعام[١٧]، کە خوا دە بەشە "مەلەکوتی" پێ دابوو، ڕۆژگارێک بۆ ماوەی دوازدە ساڵان کە هاوزەمان پاشا و پاپاش بوو پێکەوە، پەیکەری دوو گوێرەکەی دانابوو؛ لە سەردەمی ڕبعام[١٨]دا، لە شانشینە چکۆلەکەی یەهودادا، پەرستگەگەلێکی خواوەندانی بیانی دروست کران و پەیکەرگەل دانران؛ بەڵام ئاسا پاشای قدیس[١٩]، ئەو پەرستگانەی تێک نەدا[٢٠]؛ هەرچی ئۆریاسی کاهینی گەورەشە، لەنێو پەیکەرەکەدا، تەختێکی سەربڕینی بۆ پاشای سووریا دروست کرد لە جێی تەختی قوربانی[٢١].

بەکورتی و پوختی؛ هەست بەهیچ جۆرە زۆرەملێیەکی ئاینی ناکەین، دەزانم زۆربەی پاشایانی جوو، یەکتریان لەنێو بردووە، دەشزانم بەدەستی یەکتر ڕۆیشتوون، بەڵام هەموو شەڕەکانیان لەسەر بەرژەوەندی بووە، نەک بیروباوەڕ.

بەدڵنیاییەوە، پەیامبەرگەلێک هەن، بەهاوکاریی ئاسمان، تۆڵەیان لە ڕکابەرانیان کردووەتەوە[٢٢]، ئەوە ئەلیاس پێغەمبەر داوای کرد ئاگر لە ئاسمانەوە بێ و کاهینەکانی بەعل بسووتێنێ؛ ئەلیشع[٢٣]، دێوگەلێکی هێنا بۆ گیانی ئەو منداڵانەی پێیان دەگوت "کەچەڵ". بەڵام

ئەمانە موجیزەگەلێکی دەگمەنن، هەڵگەوتەیەکن، زەحمەتە دووبارە ببنەوە.

ڕەنگە هەبێ بەم قسانەمان ڕازی نەبێ و بڵێ: گەلی جوو زۆر نەزان و کێوی بوون، ئاخر دەگوترێ[٢٤]، گوایە مووسا، سەروەختی شەڕی مدیانییەکان[٢٥]، فەرمانی داوە هەموو منداڵە نێرینەکان و دایکانیان بکوژرێن، تالانییەکەش دابەش بکرێ. دەگوترێ، سەرکەوتووان لە سەربازگەی دوژمنانیاندا تالانی زۆریان دەست کەوتووە؛ ٦٧٥٠٠٠ سەرمەڕ، ٧٢٠٠٠ سەرمانگا، ٦١٠٠٠ کەر، ٣٢٠٠٠ پاکیزە. ئەم تالانییانەیان دابەش کردووە و ئەوانی تریان کوشتووە، بگرە چەند موفەسیرێک دەڵێن گوایە سی و دوو پاکیزەی کردووەتە قوربانی بۆ خوا[٢٦].

جوو، مرۆڤیان دەکردە قوربانیی خواوەند؛ بەڵگەش زۆرن؛ یفتاح کچەکەی کردە قوربانی[٢٧]، کوشتنی ئەجاج پاشا[٢٨] کە کاهین سامۆئیل، ئەنجن ئەنجنی کرد. بگرە حزقیال، بۆ ئەوەی ورەی جووان بەرز بکاتەوە، بەڵێنی گۆشتی مرۆڤی پێ دان: "لەمەودوا، ئەسپ و سوارەکەی دەخۆن، خوێنی شازادان دەخۆنەوە". چەندان موفەسیر پێیان وایە، ئەم پێشبینیکردنە، بەسەر جوو خۆیاندا جێبەجێ دەبێ و ئایەتەکانی تریش، بەسەر ئاژەڵە گۆشتخۆرەکاندا جێبەجێ دەبێ. خۆمان ماندوو دەکەین، گەر سەرلەبەری مێژووی ئەم گەلە شەنوکەو بکەین تا تاقە بەڵگەیەکی دەستکراوەیی یان دەست و دڵ باشی، مەردایەتییەک یان چاکەیەک بدۆزینەوە، بەڵام لەنێو ئەم هەورە چڵکنە دوور و درێژەدا، هەموو کات تیشکێکی لێبووردەیی گەردوونی دەدرەوشێتەوە.

یفتاح کە خوا ئیلهامی دابوویە و کچەکەشی لە پێناویدا کردە قوربانی، ڕوو لە عمونییەکان[٢٩] دەکات دەڵێ: "ئاخۆ ئەوەی شموسی خواوەندتان پێی داون، مافی خۆتان نییە؟ کەواتە موڵکایەتیی زەویش بەئێمە ڕەوا ببینن کە خواکەمان پێی داوین". ئەمە دەربڕینێکی روون و وردە، ماناکانیشی دوورمەودان؛ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوا، ڕێگەی داوە بەپەرستنی خواوەند شموس. ئاخر کتێبی پیرۆز ناڵێ: "ئێوە لەو باوەڕەدان کە مافتان هەیە لەو زەوییانەی گوایە خواوەند شموس پێی داون"، بەڵکە ڕاستەوڕاست دەڵێ: "مافتان هەیە".

چیرۆکی میخا و لاوی کە لە هەردوو بەشی حەڤدە و هەژدەی "سفری دادوەران"دا هاتووە، بەڵگەیەکی بنەبڕە لەسەر ئەوەی لێبووردەیی و ئازادیی ئاینی فرەوان لای جوو باو و بالادەست بوون لەو ڕۆژگارەدا، ئاخر دایکی میخا، هاوسەری ئەفرائیم، هەزار و سەد لیرەی زیوی لێ بزر بووبوو؛ کاتێک کوڕەکەی بۆی ژماردەوە، وای بەباش زانی ئەو پارەیە لە پێناو خواوەندا خەرج بکات، ئەوە بوو ڕای سپارد چەندان پەیکەر داتاشرێ و پەرستگەیەکی بچووکیشی دروست کرد. لاوییەک[٣٠]، لە بەرانبەر بژێویی ڕۆژانە و سالانەش دە لیرەی زیو و چاکەت و پاڵتۆیەکدا، بووە مجێوری پەرستگەکە. میخا[٣١] دەیگوت: "لە ئێستەوە، خوا خێر و بەرەکەتی خۆیم بەسەردا دەبارێنێ، چونکە کاهینێکی لاویم هەیە".

وەلێ شەش سەد پیاو لە خێڵی دان، دەیانویست دەست بەسەر یەکێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بگرن تا تێیدا دانیشن، پێویستیان بەکاهینێکی لاوی هەبوو تا خوا کارێک نەکات

پرۆژەکەیان سەرنەگرێ؛ بۆیە روویان لە میخا کرد، چاکەتە پیرۆزەکەی و بتەکانی و کاهینە لاوییەکەیان لێ ستاند، سەرەڕای لۆمەی کاهینەکە و هاوار و قیژەی میخا و دایکی. دواتر، بەسووربوون و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆرەوە، هێرشیان کردە سەر گوندی "لەشم" و وەک دابی خۆیان، ئاگریان تێ بەردا و سەرلەبەری خەڵکەکەیان کوشت. ناوی گوندەکەشیان لە "لەشم"ەوە کردە "دان" وەک سیمبولێکی سەرکەوتن، بتی میخاشیان دانا؛ ئەوەی جێی سەرنجە، یۆنان، نەوەی مووسا، بووە گەورەکاهینی ئەو پەرستگەیەی خوای ئیسرائیل و بتی میخای پێکەوە تێدا دەپەرسترا.

پاش مردنی جەدعوون(٣٢)، عیبرییەکان، ماوەی بیست ساڵ، بەعلی بەیرووتیان پەرست و وازیان لە ئاینی ئەدونای هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردەیەک، فەرمانڕەوایەک یان کاهینێکمان نەبینی دەنگ بەرز بکاتەوە و داوای تۆڵە بکات. ڕاستە تاوانەکەیان زۆر گەورە بوو، من دان بەوەدا دەنێم؛ بەڵام لە کاتێکدا لەو بتپەرستییەدا ئەوها چاوپۆشی دەکرا، ئاخۆ هەق نەبوو هەڵسوکەوت لە تەک جیاوازییەکانی نێو ئاینە ڕاستەقینەکە بەهەمان شێوە بووایە؟!

ئەو نموونەیەی هێندێک کەس دەیهێننەوە وەک بەڵگەیەک لەسەر دەمارگیریی و نالێبووردەیی، ئەوەیە کە خوا دەرهەق فەلەستینییەکان کردی(٣٣): ئاخر پاش ئەوەی ڕێگەی پێ دان لە شەڕێکدا دەست بەسەر تابووتی تەختەکەیدا (تابوت العهد) بگرن، پاشان سزا دران و نەخۆشییەکی لە نێودا بڵاو کردنەوە وەک هەوکردنی مایەسیری وابوو، پەیکەری داجۆنی وردوخاش کرد، کێڵگەکانیانی دووچاری هێرشی جرجگەل کرد. بەڵام دەمی فەلەستینییەکان هەوڵیان دا هێوری بکەنەوە و تابووتەکەیان لەسەر پشتی دوو مانگای شیردەر، گەڕاندەوە، پێنج جرج و پێنج کووپەڵە زێریان پێشکێشی خوا کرد، خوا، حەفتا لە ئیسرائیلییە پێشەنگەکان و پەنجا هەزار خەڵکە ڕەشۆکییەکی لەنێو برد، چونکە تەماشای تابووتی تەختیان کردبوو. لە وەڵامی ئەم قسانەدا دەڵێین: سزای خوا سەبارەت بەبیروباوەڕ، یان پرسێکی ئاینی جێناکۆکی، یاخۆ بتپەرستی نەبوو.

گەر خوا بیویستایە سزای بتپەرستان بدات، تێکڕای ئەو فەلەستینییانەی لەنێو دەبرد کە دەستیان بەسەر تابووتی تەختەکەیدا گرت، ئەوانەش کە داجۆن(٣٤)یان دەپەرست؛ بەڵام، لە بەرانبەردا، پەنجا هەزار و حەفتا کەسی مراند، تەنیا لەبەر ئەوەی تەماشای تابووتی تەختیان کردبوو کە حەرام بوو تەماشای بکەن. هێندەی یاساگەلەکانی ئەوێ ڕۆژێ و داوونەریت و بنەواکانی ژیانی جووان لەم ڕۆژگارە جیاوازن، ئەوەندەش، ڕێباز و ڕێچکەکانی خوا کە سەریان لێ دەرناکرێ، لە ڕێگەکانی ئێمە جیاوازن. دۆم کالمیت(٣٥)ی دانا دەڵێ: "ئەو مامەڵە توندەی دەرهەق ئەو هەموو خەڵکە کرا، زێدەڕۆییی تێدا نەکراوە لە چاوی ئەو کەسانەدا نەبێ کە دەرکی ئەوەیان نەکردووە، خوا، چەند دەیویست گەلەکەی لێی بترسن و ڕێزی بگرن، ئەوانە، تێڕوانین و مەبەستەکانی خوا، تەنیا لەبەر ڕووناکیی کزی عەقڵیاندا هەڵدەسەنگێنن".

کەواتە خوا، سزای خەڵک نادات لەسەر پەرستنی بیانییان، بەڵکە سەبارەت بەتێکدان و

پیسکردنی پەرستنەکەی خۆی، یان سەبارەت بەزۆربڵێی بێ مانا، لاملی، یان یاخیبوون، سزا دەدات. وەک ڕوونیشە، ئەم سزایانە تایبەتن بەخوا لە سیستەمی ئاینی جوولەکەدا. هەر بۆیە، دووبارەی دەکەینەوە کە داوونەریت و ڕۆژگارەکە، هیچ پێوەندییەکی بەڕۆژگار و داوونەریتەکانی ئێمەوە نییە.

چەند سەدەیەک دواتر، کاتێک نعمانی بتپەرست چووە لای ئەلیشع تا لێی بپرسێ؛ ئاخۆ دەکرێ بچێتە لای پاشاکەی[٣٦] لە پەرستگەی ڕمنوون[٣٧] و لەگەڵ ئەودا پەرستیاری بکات. ئەلیشع کە منداڵانی فڕێ دابووە بەر ورچان، وەڵامی دایەوە: "بێ خەم بڕۆ"؟

بگرە لەوەش واوەتر: خوا، فەرمانی بەئیرمیا کرد، گوریس و تەوق و پێوەند[٣٨] لە ملی خۆی بئاڵێنێ، دواتر بینێرێ بۆ پاشایان، موئاب، عموون، ئەدووم، سوور، سیدون و بەنێوی خواوە پێیان بڵێ: "هەموو زەوییەکانتانم داوە بە نەبوخزنەسری پاشای بابل و خزمەتکارم[٣٩]. ئەوە ئێمە لە بەردەم پاشایەکی بتپەرستداین کە وەک خزمەتکار و بەردەستی خوا، پێناسە دەکرێ. تەنانەت ئیرمیا، کە سدقیا[٤٠]ی پاشای جوولەکە فڕێی دایە زیندانەوە، پاش ئەوەی کە لای پاشای بابل[٤١] خۆی بەدەستەوە دا، لێی خۆش بوون، بەنێوی خواوە ڕێنوێنیی ئەو پاشایەی کرد: "ئەگەر خۆت بەدەست سەربازەکانییەوە بدەی، گیانت پارێزراو دەبێ". دواتر، خوا لایەنی پاشایەکی بتپەرست دەگرێ و تابووتی تەختەکەی ڕادەست دەکات، پەنجا هەزار و حەفتا جوو تەنیا لەبەر ئەوە دەمرێنێ کە تەماشای تابووتەکەیان کردووە، پیرۆزی پیرۆزەکان و پاشماوەی پەیکەرەکەی دەداتێ کە ڕۆنانی سەد و هەشت هەزار مسقاڵ زێڕ و ملیۆنێک و حەڤدە هەزار مسقاڵ زیو و دە هەزار درهەمی زێڕ کە شا داوود و فەرماندەکانی لەشکرەکەی بۆ دروستکردنی ماڵی خوایان دابوو، تێ چووبوو؛ کۆی ئەو خەرجییانەش، بێ ژماردنی ئەوەی سولەیمانی حەکیم خەرجی کردبوو، دەکاتە نێزیکەی نۆزدە ملیار و شەست و دوو ملیۆن، بە پارەی ئەمڕۆ. هەرگیز بتپەرستان بەم شێوەیە پاداشت نەکراون. با لە بیرم نەچێ کە ئەو ژمارانە زێدەڕۆییان تێدایە، دوور نییە، بنووسەکەیان هەڵەی کردبێ؛ بەڵام، گەر وای دابنێین، بڕەکە نیوە، چارەک یان هەشتییەکی ئەو پارەیەش بێ، ژمارەکە هەر سەرسوڕهێنەرە، وەک ئەو سامانە لە بنەهاتووەی هیرۆدۆتس دەڵێ بەچاوی خۆم بینیومە لە پەرستگەی ئیفسۆس. هەرچۆنێک بێ، گەنجینەکان هەرچەند گەورە بن، هێشتە لە چاوی خوادا بێ بایەخن؛ ئەو گەنجینەیەی بەپارە ناژمێردرێ ئەو نازناوی "خزمەتکارمە"یە کە خوا بەنەبوخزنەسری دا.

وەنەبێ خوا[٤٢] کەمتر، قورش، کیسرا یان ئەوەی پێی دەڵێین سیرۆس کە ناوی نابوو "سرڕاو"[٤٣] لەگەڵ ئەوەی نەسرڕابوو، خۆش ویستبێ، بەڵکە لە پێڕەوانی ئاینی زەردەشتی بوو؛ ناوی "چاودێر _ شوان"ی لێ نابوو، لەگەڵ ئەوەی بەلای خەڵکەوە ئەتککەر بوو. چەندی خۆشمان ماندوو بکەین، ناوی لەوە مەزنتر لە کتێبی پیرۆزدا نادۆزینەوە.

لە سفری ملاخیدا دەڵێ: "خوا لای هەموو نەتەوەکان مەزنە لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ ڕۆئاوا؛ لە هەموو

جێیەک قوربانیی پاکی پێشکێش دەکرێ". خوا بەتایبەتی چاوی لە خەڵکی بتپەرستی نەینەوایە، وەک جووەکان؛ جارێک هەڕەشەیان لێ دەکا و جارێک لێیان خۆش دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی "مەلەکی سادق"[٤٤] جوو نەبوو، قوربان پێشکێش خوا دەکرد، بلعام[٤٥]ی بتپەرست، پەیامبەر بوو. کەواتە، کتێبی پیرۆز، هەر هێندەمان پێ ناڵێ کە خوا لەگەڵ سەرلەبەری گەلانی دنیادا لێبووردە بووە، بەڵکە چاودێرییەکی باوکانەی دەکردن: کەواتە چۆن دەوێرین دەمارگیر و نالێبووردە بین!

## بەشی سێزدەم

## لێبووردەییی بێ سنووری جوو

کەواتە، نموونە زۆرن لەبارەی لێبووردەیییەوە؛ لە سەردەمی مووسا، یان لە سەردەمی قازی و پاشاکاندا. لەوەش زیاتر[٤٦]: مووسا، چەندان جار دووبارەی دەکاتەوە: "خوا هەقی باوان لە چوار پشتی نەوەکانیان دەکاتەوە". ئەم هەڕەشەیە، بۆ گەلێک زۆر پێویست بوو کە خوا هێشتە نەمریی نەفس و ئازار و پاداشتی دوارۆژی بۆ ئاشکرا نەکردبوو. ئەم ڕاستییانە، نە لە "دە وەسێتنامەکەدا" نە لە شەریعەتەکانی "سفری لاوییەکان" یان سفری دووانەی شەریعەتدانان"دا باس نەکراون. ئەو بیروباوەڕانە، لای فارسەکان، بابلییەکان، میسرییەکان، گریکەکان و خەڵکی دوورگەی کریت، باو بوون، وەلێ بەهیچ شێوەیەک بەشێک نەبوون لە بیروباوەڕی جوولەکە. ئاخر مووسا، ناڵێ "ڕێزی باوک و دایکت بگرە گەر دەتەوێ بەرز بیتەوە بۆ ئاسمان"، بەڵکە دەڵێ "ڕێزی باوک و دایکت بگرە بۆ ئەوەی زۆر بژیت لەسەر زەوی". تەنیا هەڕەشەی ئازاردانی جەستەیی لە جوو دەکات[٤٧]، هەر لە گەڕبوونی بەجەراعەتەوە، تا برینی پیس لە ئەژنۆ و بن پێ، ناپاکیی ژن و مێردان، قەرز وەرگرتنی بەسوو لە بیانی، لە برسا مردن، ناچاربوون بۆ خواردنی ڕۆڵەکانیان؛ بەڵام یەک جاریش پێی نەگوتوون، نەفستان نەمرە و پاش مردن ئازار دەچێژن، یان بەپێچەوانەوە، پاش مردن ئاسوودە دەبن. مادام خوا خۆی گەلەکەی بەڕێوە دەبرد، بۆیە دەمودەست، سزای دەدا یان خەڵاتی دەکرد، سەبارەت بە کارە خراپ یان چاکەکانی. هەموو شت دنیایی بوو، واربرتۆن[٤٨]، سەرچیخ چووبوو لە لێکدانەوەی ئەم ڕاستییەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ، شەریعەتی جوولەکە، ئاسمانی[٤٩] بوو. ئاخر مادام خوا خۆی پاشایان بوو، مادام سەبارەت بە خراپە و چاکە، یەکسەری سزا یان خەڵاتی دەکردن، بۆیە پێویست نەبوو، بیروباوەڕێک دابەزێنێ و بمێنێتەوە بۆ ڕۆژگارێک کەس نەبێ حوکمی پێ بکات. بەڵام ئەوانەی لە نەزانییەوە دەڵێن گوایە، مووسا، باسی نەمریی نەفسی کردووە، ئەوە سەردەمی نوێ لە گرینگترین باشە و جیاوازییەکانی لە سەردەمی کۆن[٥٠] دادەبڕن. ئەوەی چەسپیوە، شەریعەتی مووسا، تەنیا سزای نەوەکان تا چوارەم پشت یان نەوەی لەخۆ گرتبوو. بەڵام لەگەڵ وردیی ئەم شەریعەتەدا، سەرەڕای ئەو وتە ڕاشکاو ڕوونەی خوا کە تا نەوەی چوارەمی ڕۆڵەکان، سزای باوکان دەدات، خزقیال، بێ دوودڵی

پێچەوانەکەی بەجووان ڕادەگەیەنێ، بۆیان دووپات[٥١] دەکاتەوە، گوناهی باوک ناچێتە ئەستۆی کوڕەکەی؛ بگرە واوەتر دەچێ و لە زاری خواوە[٥٢] دەڵێ، "ڕێنوێنیی نەگونجاو"[٥٣]ی پێ داون.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، سفری حزقیال، خراوەتە لیستی ئەو سفرانەی کە وەحی خواین، ڕاستە کڵێسا، وەک قدیس بیرۆنیمۆس باس دەکات، ڕێی نەدەدا ئەوانەی تەمەنیان لە سی ساڵ کەمترە، ئەو شتانە ببینن، نەبادا گەنجان بزانن سفرەکە چۆن چۆنی باسی بەرەڵاییی جووتە خوشک (عوللە و عوللیبە)[٥٤] دەکات لە ئیسحاحی شازدە و بیست و سێدا. پوختەی قسەکە: سفری حزقیال لە هەموو ڕۆژگارێکدا خواردوویەتی، سەرەڕای ئەوەی، بەڕوونی، پێچەوانە و دژبەری ڕێنوێنییەکانی مووسایە.

دواجار[٥٥]، کاتێک جوو، لە ڕۆژگاری دیلێتیدا لە بابل، باوەڕیان بەبیروباوەڕی نەمریی نەفس هێنا، سددووقییەکان[٥٦]، سوور بوون لەسەر ئەوەی، پاش مردن، نە سزا هەیە و نە خەڵات، هەستەکانی مرۆڤ و بیرکردنەوەش لەگەڵ نەمانیدا نامێنن، وەک چۆن مرۆڤ جووڵە و توانای ڕۆیشتن و هەرسکردنی نامێنێ. ئەم گرووپە، بوونی فریشتەکانیشی ڕەت کردەوە، سددووقییەکان، جیاوازترین گرووپی جوو بوون، دووریان، لە دووریی پرۆتستانتەکان لە کاتۆلیکی زیاتر بوو؛ بەڵام قەت لە براکانیان دانەبڕان؛ بگرە گەورەکاهینانی جوو، زۆربەیان لەوان بوون.

هەرچی فریسییەکانە، باوەڕیان بەقەزاوقەدەر[٥٧] و دوناودون (کۆپیبوونەوە – تناسخ)[٥٨] هەبوو. ئەسینییەکان[٥٩]، لەو باوەڕەدا بوون نەفسە چاکەکان، بۆ دوورگەکانی خۆشی[٦٠] و نەفسە خراپەکان، بۆ شوێنێکی وەک ترتارۆس[٦١] دەچن. قوربانیشیان پێشکێش نەدەکرد؛ لە کڵێسایەکی تایبەت بەخۆیاندا گرد دەبوونەوە. بەکورتی، گەر بمانەوێ بەجوانی لە ئاینی جوولەکە ورد بینەوە، سەرمان سوڕ دەمێنێ لەو هەموو لێبووردەیییە لەنێو ناشیرینترین شێوازگەلی کێوێتیدا. ئەمە ڕاستە، بەڵام زۆربەی گەلان بەشتگەلێکی سەیر خۆیان بەڕێوە بردووە. ئافەرین بۆ ئەو شتە سەیرانەی ڕەوتار و ئاکارێکی وا بەرز و جوانی لێ بکەوێتەوە، لە سایەی شەریعەتگەلێکی خوێناویدا.

## بەشی چواردەیەم

## ئاخۆ مەسیح خەڵکی فێری دەمارگیری کرد؟

دەبا بزانین ئەوە مەسیحە یاساگەلێکی خوێناویی داڕشتووە و خەڵکی فێرە دەمارگیری کردووە و فەرمانی داوە گرتیگەگەلی دادگەکانی پشکنین دروست بکرێن و گرووکارانی (جەللادەکانی) کوورەکانی داناوە.

گەر هەڵە نەبم، ئەو بڕگانە لە ئینجیلەکاندا کەمن کە بانگێشتکارانی چەوساندنەوە، ڕەواییی دەمارگیری و زۆرەملێیان لێ هەڵێنجن. لەوانە، ئەم نموونەیەی پەسووع هێناوییەتییەوە کاتێک

خوای ئاسمانانی بەپاشایەک چوواندووە کە میوانانی بانگهێشتنی زەماوەندی کوڕەکەی کردووە. ئەو پاشایە، لە ڕێی خزمەتکارانییەوە، میوانەکانی ئاگەدار کردەوە[٦٢]: "گاگەل و ماڵاتە قەڵەوەکانم بۆ سەر بڕیون، هەموو شتێک ئامادەیە، بفەرموون بۆ زەماوەندەکە". بەڵام هێندێک چوون بۆ گوندەکەیان و گوێیان بەبانگهێشتنەکە نەدا؛ هێندێکی تر، سەرقاڵی بازرگانیی خۆیان بوون، هاوکات، کۆمەڵێکی تر، سووکایەتییان بەخزمەتکارانی پاشا کرد و کوشتیانن. لە بەرانبەردا، پاشا، لەشکرەکەی ناردە سەر پیاوکوژەکان و شارەکەی بەسەریاندا وێران کرد؛ نێردراوەکانی ناردە ڕێگەوبان و دووڕێیانەکان تا ئەو کەسانەی لەو جێیانەن، بانگهێشتیان بکەن بۆ خوانەکە. دەمێک، یەک لەوانە لەسەر سفرەکە دانیشت بێ ئەوەی جلکی شاییی لەبەر کردبێ، باڵبەستیان کرد و لە تاریکییەکەی دەرەوە فڕێیان دا.

وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، ئەم حیکایەتە سیمبوڵێکە، تەنیا و تەنیا باسی خوای ئاسمانان دەکات، بۆیە، کەسێک بۆی نییە ئەوەی لێ فێر بێ، میوانەکەی ئێوارەی قۆڵبەست یان بەند بکات، گوایە جلکێکی شیاوی شاییی لەبەر نەکردووە؛ لە هەموو بارێکدا، مێژوو یەک نموونەشی تێدا نییە باسی پاشایەکمان بۆ بکات سەبارەت بەهۆکارێکی لەو جۆرە، دەستوپێوەندێکی خۆی هەڵواسیبێ. پێ ناچێ، ئیمپراتۆرێک، مریشکەکانی سەربڕیبێ و کوڕگەلەکەی بەردەستی ناردبێ بەشوێن میرانی شانشینەکەیدا تا ئێوارێ میوانی پاشا بن، میرەکان، کوڕەکانیان کوشتبێ. ڕاستت گەرەکە، بانگهێشتنی ئێوارەخوانەکە، ئاماژەیە بۆ ڕزگاربوون؛ هەروەها، کوشتنی نێردراوەکانی پاشا، ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی خەڵک بانگهێشتنی دانایی و چاکەکاری دەکەن.

نموونەیەکی تر[٦٣]، لەبارەی کەسێکەوەیە کە هاوڕێکانی بانگهێشتنی ئێوارەخوانێکی گەورە کرد؛ هەر کاتی سەر سفرە هات؛ خزمەتکارەکەی نارد ئاگەداریان بکاتەوە. یەکێکیان داوای لێبووردنی کرد بەپاساوی ئەوەی دەچێتە تەماشای ئەو پارچە زەوییەی تازە کڕیویەتی: ئەم پاساوەش لە جێی خۆیدا نییە، چونکە کوا خەڵک شەوانان دەچنە تەماشای زەوی. یەکێکی تریان گوتی گوایە تازە پێنج جووت مانگای کڕیوە و ناچارە سەر لە مانگاکانی بدات. قسەی ئەمیشیان نەدەچووە عەقڵەوە، چونکە کەی دوای شێوان کاتی بینینی ماڵاتە. سێیەمیان گوتی ناتوانم بێم، چونکە ئەمڕۆ ژنم گواستووەتەوە، پاساوی ئەمیان قبووڵ کرا. خاوەن خوان هەڵچوو، هەرچی شەل و کوێر هەیە بانگی خوانەکەی کردن، کە بینی هێشتا سەر سفرە جێگەی زۆر ماوە، بەخزمەتکارەکەی گوت: "بڕۆ هەر کەسێکت لەو ڕێگەوبانە و شوێنە پەرژینکراوەکانیش بینی، ناچاری بکە بێتە ژوورەوە".

ڕاستە بەڕاشکاوی پێمان ناڵێن مەبەستی ئەم نموونەیە، خوای ئاسمانانە. ئەوانەش کە دەستەواژەی "ناچاری بکە بێتە ژوورەوە"یان لێک داوەتەوە، زێدەڕۆیییان تێدا کردووە. بەڵام ئاشکراشە کە تاکە خزمەتکارێک ناتوانێ بەتەنیا ئەو هەموو خەڵکە ناچار بکات بێنە سەر سفرەی گەورەکەی؛ ئەمە جگە لەوەی، گەر ئەو خەڵکە بەتۆپزی بهێنرێن، وا بەڕێز و حیشمەتەوە دانانیشن.

دەستەواژەی "ناچاری بکە بێتە ژوورەوە"، بەگوێرەی لێکدەرەوە زۆر ورد و شارەزاکان، هیچ مانایەکی نییە جگە لە: بانگهێشتنیان بکە، داوایان لێ بکە، زۆریان لەگەڵ بڵێ، وایان لێ بکە بێن.

جا تو ئەو خوایە، ئەم پاڕانەوە و ئێوارەخوانە، فڕیان بەچەوساندنەوەوە هەیە؟

گەر لە دووی پیت بەپیتی دەقەکان بین، ناچار دەبین بڵێین، مرۆڤ دەبێ کوێر و گۆج بێ تا لە کڵێسا وەربگیرێ. هەر لەو بارەیەوە مەسیح گوتوویەتی: "هاوڕێ و خزمە دەوڵەمەندەکانتان بانگهێشتنی خوانی ئێواران مەکەن"؛ دەبێ لەم گوتەیە وا تێ بگەین کە مەسیح خواردنی ئێوارانمان لەگەڵ خزم و هاوڕێ خواپێداوەکانماندا لێ قەدەغە دەکات؟

پاش نموونەی خوانەکە، یەسووعی مەسیح دەڵێ[٦٤]: "ئەوەی بێتە لای من و نەتوانێ دەستبەرداری باوکی، دایکی، ژنەکەی، ڕۆڵەکانی، براکانی، خوشکەکانی، بگرە خۆشی، ببێ، ناتوانێ ببێتە قوتابیی من، .. تد. باشە گەر یەکێکتان تاوەرێک دروست بکات، دانانیشێ بزانێ چەندی تێ دەچێ؟. ئاخۆ لە دنیادا، بێ عەقڵێک هەیە، لەم گوتەیە وا تێ بگات، گوایە، داوای بوغزاندنی باوک و دایک دەکات؟ باشە ئاسانتر نییە بەم مانایە لەو ڕستەیە تێ بگەین: هاوسەنگی لە نێوان من و خۆشەویستترین کەستاندا مەکەن؟

کاتێک قدیس مەتیی ئینجیلی دەڵێ[٦٥]: "ئەوەی گوێڕایەڵی کڵێسا نەبێ، وەک بتپەرست و باجگر[*] تەماشای بکەن". ئەم گوتەیە، بەهیچ شێوەیەک، مانای ئەوە نییە کە پێویستە بتپەرستان و باجگرانی پاشا، بچەوسێنینەوە: ئەوانە، نەفرەتلێکراوی ئەو دنیان، ئەمە ڕاستە، بەڵام خۆ خۆیان نادەنە دەست دەسەڵاتی ڕۆژ تا سزایان بدات. ئەوانە، لە هیچ دەسکەوتێک بێبەری نەکراون، بگرە دەسکەوتەکانیان لە هاووڵاتییانی تر زۆر زۆرترە. کە کتێبی پیرۆزیش، پیشەکەیانی، جیا لە هەموو پیشەکانی تر، سەرکۆنە کردووە، حکوومەتان، چاودێرییەکی تایبەتییان دەکەن. باشە، بۆ هێندەی برا بازرگانەکانمان، لەگەڵ برا سەرلێشێواوەکانیشماندا، نەرمونیان نەبین؟

بڕگەیەکی تر لە ئینجیلی مەتی و مورقس، تا دەست هەڵگری، خراپ لێک دراوەتەوە، مەبەستم، ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێ، بەیانییەک، مەسیح برسی بوو، بەداری هەنجیرێکدا هەڵگەڕا، بینی، هەر گەڵایە و بەری نەگرتووە، ئاخر هێشتا کاتی نەهاتبوو: نەفرەتی لە دارهەنجیرەکە کرد، دەمودەست وشک بوو.

ئەم موجیزەیە؛ تەفسیرگەلێکی زۆری بۆ کراوە، وەلێ تەفسیرێکیان زۆر بەکەڵکی ئەوە دێ ڕەوایی بداتە چەوسانەوە؟ ئاخر مەحاڵە، هەنجیر، لە سەرەتای مانگی ئادار/مارسدا، بەر بدات، بۆیە وشک کرا: بڵێی ئەمە ببێتە بیانوو بۆ ئەوەی سەرانسەری ساڵ براکانمان وشک بکەینەوە؟ با ڕێز لە هەموو ئەو بابەت و پرسانەی نێو کتێبی پیرۆز بگرین کە هۆش و زەینمان دەبزوێنن و تووشی کەڵکەڵەمان دەکەن، بەڵام نابێ خراپ بەکاریان بێنین و بەرەو دەمارگیری و دڵڕەقی، بخزێین. عەقڵییەتی چەوسانەوە کە هەموو شت خراپ لێک دەداتەوە، بۆ پاساوێک دەگەڕێ لە ڕووداوی دەرکردنی دەستگێڕەکان لە پەیکەر، هەروەسا، لە ڕووداوی تێکەڵکردنی ئیبلیسگەلێک بە

ڕانە وڵاخێکی گڵاوی دووهەزار سەری، پاش دەرهێنانی لە جەستەی کەسێکی دەست لێ وەشێنراو. بەڵام ئاخۆ وەک ڕۆژی ڕووناک دیار نییە کە ئەم دوو نموونەیە، تەنیا نیشانەیەکن بۆ سزای خوا دەرهەق بەوانەی بەگوێرەی شەریعەتەکەی ناجوولێنەوە؟ ئاخر ماڵی خوا، هەر لەو کاتەوە گڵاو بوو کە حەوشەکەی کرا بەبازاڕ. کاهین و ئەندامانی سنحدرین[٦٦]، بێهوودە هەوڵیان دا، بەبیانووی پێویستیی بەڕێوەچوونی قوربانی، پاساو بۆ ئەو بازرگانییە بێننەوە: ئاخر مافی ئەو خوایەیە کە قوربانیی پێشکێش دەکرێ، ڕێ لەو گڵاوکردنە بگرێ؛ مافی خۆشێتی، سزای هەر کەسێک بدات، ڕەوەماڵاتێک بێنێتە وڵات کە سەرلەبەری ماڵاتەکان، خوا حەرامی کردوون. ڕاستت دەوێ، ئەم دوو نموونەیە، فریان نییە بەسەر چەوساندنەوەوە لەسەرینی بیروباوەڕەوە. ئەگەر عەقڵییەتی دەمارگیری، دەست بەناڵەبارترین پاساوەوە نەگرێ، ئەوها لە ورد و درشتی شتەکاندا، بەدوای بیانگەدا نەدەگەڕا.

جیا لەو نموونانە، سەرلەبەری کردار و گوتاری مەسیح، داوای بەزەیی، دان بەخۆداگرتن و نەرمونیانی دەکەن، وەک چۆن باوک باوەش بۆ کوڕە سەرلێشێواوەکەی دەکاتەوە، وەک ئەو کرێکارەی زۆر درەنگ دەچێتە سەر کارەکەی، بەڵام کرێکەی خۆی وەک هاوکارەکانی وەردەگرێ. مەسیح بەخۆی، پاساوی ڕۆژوونەگرتنی بۆ قوتابییەکانی هێنایەوە، لە هەڵەکاران خۆش بوو، سزای ژنی ناپاک ئەوە بوو کە داوای لێ کرد، دڵسۆزی مێردەکەی بێ. بگرە دڵی مێوانانی زەماوەندەکەی قانا جەلیلی نەشکاند کە ئیستەرمیان دەکرد و مەی زیاتریان دەویست، سەرەڕای ئەوەی مەست بووبوون: ئەوە بوو موجیزەیەکی نواند و ئاوی کردە مەی.

تەنانەت لە یەهودا تووڕە نەبوو کە ناپاکیی لەگەڵ دەکات؛ فەرمانی بەبوترس دا، شمشێرەکەی بە ڕووی کەسدا هەڵنەکێشێ، هەروەها لۆمەی دوو کوڕەکەی زبدی[٦٧] کرد، چونکە، وەک ئیلیا پێغەمبەر، ویستیان ئەو شارە ئاگرباران بکەن کە نەیحەواندنەوە.

دواجار، بووە قوربانی بەغیلی و ئیرەیی پێ بردن. خۆ ئەگەر بوێرین بەراوردێک لە نێوان پیرۆز و گڵاودا بکەین، لە نێوان خوا و مرۆڤدا، دەڵێین، مردنەکەی، لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە، زۆر لە مردنەکەی سوکرات دەچێ. سوکرات، بووە قوربانیی درێژدادڕەکان (سەفسەتاییەکان)، کاهینەکان و گەورەپیاوان؛ یاسادانەری مەسیحییەکانیش بووە قوربانیی کینەی نووسەران، فریسییەکان و کاهینەکان. سوکرات دەیتوانی ژیانی خۆی بپارێزێ، بەڵام ئەوەی نەکرد. مەسیح، بەویستەمەنیی خۆی، گیانی پێشکێشی مردن کرد. سوکراتی فەیلەسووفی گریک، نەک هەر لەوانە خۆش بوو کە بوختانیان پێ کرد و داوەرییان کرد، بەڵکە، ئاواتی خواست، دادوەران، مامەڵەی ڕۆڵەکانی وەک مامەڵەی خۆی بکەن، ئەگەر بەختیان هەبوو و وەک ئەو شایستەی ڕق و کینەی ئەوان بوون. یاسادانەری مەسیحییەکانیش، کە پاژنەی هێندە بەرز بوو باس ناکرێ، لە باوکی پاڕایەوە، لە دوژمنەکانی خۆش بێ.

مەسیح، وا دەردەکەوت کە لە مردن دەترسێ، ئەو ترسەی کە لێی نیشت، گەیشتە ئاستێک

ئارەقەی لەشی لەگەڵ خوێنی تێکەڵ بوو ـ پێشاندانی توندترین و دەگمەنترین نیشانەکانی ترس بوو –، ئەو، ویستی بۆ ئاستی مرۆڤ دابەزێ و لاوازیی جەستەی مرۆڤ پێشان بدا. جەستەی دەلەرزی، وەلێ گیانی خۆڕاگر بوو، جێگیر بوو، فێری کردین، هێزی ڕاستەقینە، مەزنیی ڕاستەقینە، لە خۆگرتندایە لە بن ئازارەکانی ژیاندا. ئەوەی بەترسەوە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە، نیشانەی ئازایەتییەتی.

سوکرات، درێژدادڕەکانی بەنەزانین و نیازخراپی، تۆمەتبار کرد. بەپشتبەستن بەمافە خواییەکانی، مەسیح، نووسەران[٦٨] و فڕیسییەکانی بەدرۆزن، گەوج، کوێر، شەڕانی و مار، تۆمەتبار کرد.

سوکرات، بەوە تۆمەتبار نەکرا کە دەیەوێ میللەتێکی تازە دروست بکات، هەروەها مەسیح، بەوە تۆمەتبار نەکرا، کار بۆ پێکهێنانی میللەتێکی نوێ دەکات[٦٩]. لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، شایەتی درۆی کاهینەکان و ئەندامەکانی تری سنحدرین، بۆ لەنێوبردنی مەسیح بوو. ئاخر، مادام شایەتیی درۆیان دا، مانای وایە، بەوە تۆمەتباریان نەکرد کە بەئاشکرا دژی شەریعەتە. ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە، مەسیح، لە زاینەوە تا مردن، ملکەچی شەریعەتی مووسا بوو. ڕۆژی هەشتەمی لەدایکبوونی، وەک هەر منداڵێکی تر، خەتەنە کرا. کە لە ڕووباری ئوردنیشدا پاکژ (تعمید) کرایەوە، ئەوە دابێکی باوی جووان بوو، بگرە لای تێکڕای گەلانی ڕۆهەڵات. ئاخر، هەموو ئەو پیسییانەی شەریعەت دیاری کردوون، بەپاکژکردنەوە دەڕۆیشتن؛ هەر ئەوهاش، کاهینەکان دیاری دەکران. لە جەژنی لێخۆشبوون (غفران)دا، خەڵک مەلەیان دەکرد، ئەو بتپەرستانەی دەیانویست ببنە جوو، بەئاو پاکژ دەکرانەوە.

مەسیح، پابەندی سەرلەبەری بڕگەکانی شەریعەتی مووسا بوو، شەمووان کاری نەدەکرد، گۆشتە حەرامکراوەکانی نەدەخوارد، هەموو جەژنەکانی دەکردەوە، بگرە پێش مردنی، جەژنی فوسحی کرد.

بەوە تۆمەتبار نەکرا، بیر و بۆچوونی تازە بڵاو دەکاتەوە یان سرووتی ئاینیی نامۆ، پێڕەو دەکات. بەجوویی لەدایک بوو، بەردەوامیش، وەک جوو ژیا.

لە کاتی داوەریکردنیدا، دوو شایەت تۆمەتباریان کرد کە گوتوویەتی[٧٠]: "من دەتوانم، پەیکەرەکەی خوا تێک بدەم و لە ماوەی سێ ڕۆژدا دروستی بکەمەوە". قسەیەکی وا، زەحمەت بوو لە جووگەلێکی پارەپەرستی کەللەڕەقەوە بێتە قبووڵکردن؛ بەڵام ناگاتە ئەوەی خاوەنەکەی بەهەوڵی پێکهێنانی میللەتێکی تازە، تۆمەتبار بکرێ.

سەرۆکی کاهینان لێی پرسی: "سوێندت دەدەم بەخوا، پێمان بڵێ، تۆ مەسیحی کوڕی خوای". بەڵگەنامەکان بۆمان ڕوون ناکەنەوە، ئاخۆ کاهین مەبەستی لە "کوڕی خوا" چی بوو: ئاخر ئەم جۆرە ناوهێنانە، ئەوێ ڕۆژێ بۆ کەسانێکی ناسراو بەڕاستگۆیی بەکار دەهێنرا[٧١]، وەک چۆن ناوی "ئیبن بلیعال" ئاماژە بوو بۆ کەسێکی شەڕانی. ئاخر پێشینانی جوو، هیچ شتێکیان لەبارەی

نهێنیی کوڕی پیرۆزی خواوه نه‌ده‌زانی، واته؛ نهێنیی هاتنی خوا به‌خۆی بۆ دنیای ئێمه.

مه‌سیح، وه‌ڵامی سه‌رۆکی کاهینانی دایه‌وه: "ئه‌وه‌یه که ده‌ڵێی، منیش پێتان ده‌ڵێم: ڕۆژێک به‌چاوی خۆتان ده‌بینن، مرۆڤ له ده‌سته ڕاستی خاوه‌ن تواناداا دانیشتووه، له قووڵاییی ئاسمانه‌وه هاتووه". ئه‌م وه‌ڵامه ئه‌ندامانی سنحدرینی په‌ست کرد و به‌کوفریان ده‌زانی. له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌ندامانی سنحدرین ده‌سه‌ڵاتێکی ئه‌وتۆیان نه‌بوو، مه‌سیحیان له به‌رده‌م والیی ڕۆمانیدا داوه‌ری کرد، به‌درۆ، تۆمه‌تباریان کرد که دنه‌ی ئاشووب و ئاژاوه ده‌دات، هانی خه‌ڵک ده‌دا باج و جزیه نه‌ده‌نه قه‌یسه‌ر، له‌وه‌ش واوه‌تر ده‌ڵێ گوایه پاشای جووانم. که‌واته، به ڕوونی دیاره، مه‌سیح، به‌تاوانگه‌لێک تۆمه‌تبار کرا که تاوانن به‌دژی ده‌وڵه‌ت.

کاتێک والیی ڕۆمانی، بیلاتۆس پنتی، پێی زانی خه‌ڵکی جه‌لیله، ناردی بۆ لای هیرۆدۆسی شازاده‌ی چاره‌کی جه‌لیل. به‌ڵام هیرۆدۆس، هه‌ستی کرد، مه‌حاڵه، مه‌سیح، چاوی له‌وه بووبێ ببێته سه‌رکرده‌ی میلله‌ته‌که و ببێته پاشایان، زۆر به‌ناشیرینی مامه‌ڵه‌ی کرد و ناردییه‌وه بۆ بیلاتۆس، که زۆر ترسنۆکانه حوکمی مردنی به‌سه‌ردا دا بۆ هێورکردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌ڵایه‌ی له‌سه‌ری بوو، به‌تایبه‌ت، پێشتریش جوو، لێی یاخی بووبوون، وه‌ک مێژوونووس، فلاڤیۆس یوسیفۆس، بۆمان ده‌گێڕێته‌وه. بیلاتۆس، نه‌یتوانی به‌و خۆشییه له‌گه‌ڵ جووان‌دا هه‌ڵبکات که والیی فستۆس هه‌ڵی کرد(٧٢).

ئێسته من ده‌پرسم: ئاخۆ ده‌مارگیری، له لێکه‌وته‌وه‌کانی یاسای خواییه، یان پێچه‌وانه‌که‌ی که لێبووردەییه؟ گه‌ر ده‌تانه‌وێ له مه‌سیح بچن، گه‌شمرده (شه‌هید) بن نه‌ک جه‌لاد.

## به‌شی پازده‌م

## شایه‌تیگه‌لێک دژی ده‌مارگیری

- "لاوازیی ئاینییه که له پرسی ئایندا مرۆڤ ئازاد نه‌که‌ین، نه‌هێڵین له هه‌ڵبژاردنی خوایاندا ئازاد بن، مرۆڤێک نییه، خوایه‌ک نییه، حه‌زی له به‌زۆرپه‌رستن بێ".

(به‌رگری، به‌شی بیست و چوار)(٧٣)

- "گه‌ر بۆ داکۆکیکردن له ئاین په‌نا برایه به‌ر توندوتیژی، قه‌شه‌گه‌ل ڕازی نابن".

(قدیس هیلاریۆس، کتێبی یه‌که‌م)(٧٤)

- "گه‌ر ئاینێک به‌زۆر سه‌پێنرا، ئاین نییه: ئاین ده‌بێ به‌خوایشت بێ نه‌ک زۆره‌ملێ، له ئایندا، هیچ پرسێک به‌زۆر نییه".

(لاقتانسیۆس، کتێبی سێیه‌م)(٧٥)

- "کارێک که زۆر خراپ و ناشیرینه، ئه‌وه‌یه؛ به هێز، به‌ڵێدان، به‌زیندانی، بمانه‌وێ که‌سێک ڕاکێشین که به‌عه‌قڵ نه‌مانتوانیوه ڕای کێشین".

(قدیس ئاساناسیۆس، کتێبی یه‌که‌م)

– "هیچ شتێک هێندەی زۆرەملێی پێچەوانەی ئاین نییە".

(قدیس یۆستینۆس، مێژووی گەشمردان، کتێبی پێنجەم)

– "ئەوانە بچەوسێنینەوە کە خوا لێیان خۆش بووە؟".

(قـدیس ئۆگسـتـینۆس ئەوهای دەگـوت بەر لەوەی دەمـارگـیـرییـەکی زۆر بیگرێ لە ئـەنجـامی تێکچوونی لەگەڵ دۆناتییەکاندا)[٧٦]

– "با خۆمان لە هەر پەلاماردانێکی جووان دوور بخەینەوە".

(کۆڕبەندی تووڵەیتڵەی چوارەم، بڕگەی پەنجا و شەش)

– "ڕێنوێنیی خەڵک بکەن، ناچاریان مەکەن".

(نامەیەکی قدیس بێرنار)

– "نیازمان نییە بەپەنابردن بۆ توندوتیژی هەڵەکانمان نەهێڵین".

(نامەی ئەکلیرۆسی فرەنسایی بۆ شا لویسی سێزدەم)

– "هەردەم دژی شێوازە توندەکان بووین".

(کۆمەڵەی گشتیی ئەکلیرۆس، ١١ ئاب/ئۆگستس ١٥٩٠)

– "ئێمە دەزانین، بیروباوەڕ، بەخوایشت دەبێ نەک بەزۆرەملێ".

(فلیشیێ، قەشەی شاری نیم، نامەی ١٩)

– "نابێ تەنانەت پەنا بۆ سووکایەتی پێکردن و دەستەواژەی بریندارکەر بەرین".

(نامەیەکی قەشە دی بلیێ)

– "بەردەوام بیرتان بێ نەخۆشییەکانی نەفس نە بەزۆرەملێ چاک دەبنەوە نە بەتوندوتیژی".

(نامەیەکی کاردینالّ لۆکامۆ، ساڵی ١٦٨٨)

– "لێبووردەییی مەدەنییانە بدەنە هەمووان".

(فینیلۆن، سەرۆکی قەشەکانی کامبریێ، "نامەیەک بۆ دۆقی دەڤەری بۆرگونیای فرەنسایی")

– "پەلاماردانی هەر ئاینێک لە ئاینەکان، مانای وایە، ئەو عـەقڵەی پشت پەلامـاردەرەکە، دوژمنی ڕاستییە".

(دیروا، دوکتۆرێک لە سۆربۆن، کتێبی شەشەم، بەشی چوارەم)

– "ئێمە وای دەبینین کە ناوکرۆکی دادپەروەری و بنەوانی عەقڵی ڕاست و دروست ئەوەیە لەسەر پێڕەوی کڵێسـای کـۆن بڕۆین کـە هەرگیـز پەنای بۆ توندوتیـژی نەبردووە لە پێناو بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ئایندا".

(وریاکردنەوەیەک لە دادگەی باڵای پاریسەوە بۆ شا هینریی دووەم)

– "تاقیکردنەوەکـان فێریان کردین کە توندوتیژی، لە جیـاتیی ئەوەی دەردودوی ڕەگداکوتاوی نەفس چارەسەر بکات، خراپتری دەکات".

(دی تو، "نامەیەک پێشکێش بەشا هینریی چوارەم")

– "ئەوە دڵگەرمییەکی زۆر کێوییانەیە هەر کەسێک پێی وابێ دەتوانێ ئاین لە دڵاندا بچێنێ، یان پێی وابێ دەتوانێ بەزۆرەملێ یەکێک ڕازی بکات".

(ئاملۆ دی لاهۆسیێ، لەبارەی "نامەکانی کاردینال ئوسا"وە)

– "ئاسمـان هێندەی خۆشـویستن وای لێ کردن بگەنە ڕاستی، خێـروبێرێکی مـەزنی پێ دان؛ بەڵام ئاخۆ ئەو ڕۆڵانەی میراتی باوانیان بۆ مایەوە، مافی ئەوەیان هەیە، ئەوانە ببوغزێنن کە لەو خێروبێرە بێبەش بوون".

(مۆنتسکیۆ، "گیانی یاساکان"، بەشی بیست و پێنج)

دەتوانین کـتـێـبـێکی زۆر گەورە لەم گوتانە پێک بێنین. ئەوە مێژووەکـانمـان، گـوتارەکـانمان، ڕێنوێنییەکانمان و نووسراوە ئاکارییەکانمان و کتێبە ئاینییەکانمان، هەر هەموویان لێبووردەیی، بەفەریزەت و ئەرکێکی پیرۆز دادەنێن و کۆکن لەسەر فێرکردنی. بڵێی نەفرەتی قەدەر بێ، بەکردار، تیـۆرییـەک بەدرۆ دەخـەینەوە کـە ڕۆژانە بانگەیـشـتنی بۆ دەکـەین؟ ڕاسـتـت دەوێ، کـاتێک کردارەکانمان دژبەری ئاکارمان دەبن، دەردەکەی ئەوەیە کە پێمان وایە بەرژەوەندیمان لەوەدایە پێچەوانەی قسەکانمان، ڕەوتار بکەین؛ بەڵام بەدڵنیاییـەوە، هیچ بەرژەوەندییەکمان لەوەدا نییە ئەوانە بچەوسێنینەوە کە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە و وایان لێ بکەین ڕقیان لێمان بێ.

کەواتە، دووبارەی دەکەینەوە و دەیڵێینەوە، دەمارگیری، کارێکی بێهوودە و بێ عەقڵییە. بەڵام لەوانەیە یەکێک بڵێ، ئەوانەی بەرژەوەندییان لە تێکدانی ویژدانەکاندایە، مایەپووچ و بێ عەقڵ نین، بەشی داهاتووی ئەم نامەیە، بۆ ئەوانەیە.

پەراوێزەکان:

١– دووانەی شەریعەتدانان (تثنیة الأشتراع)، ئیسحاحی ١٤.

(*) نامـووس: ناوێکی ڕەسـەنی یۆنانییـە مـانای "شـەریعـەت یان یاسـا". نامـووسی مـووسـا، واتە؛ ئەو شەریعەتەی مووسا کە خوا وەحیی پێ داوە. بڕوانە: (فەرهەنگی کتێبی پیرۆز، نامووسی مووسا). (و.ک).

٢– گەر بۆمـان هەبێ هێندێک تێبینیی بەکەڵک لەبارەی تەوراتەوە بخەینە ڕوو، بۆمان هەیە سەرنج لەوە بدەین، ئەوەی دەڵێ خـوا بەڵێننامـەیەکی لەگەڵ نووح و تێکڕای ئاژەڵاندا ئەنجام داوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێی بەنووح دا، هەرچی زیندووە و دەجووڵێ بیخوات؛ هیچی لێ دەرنەکردووە خوێن نەبێ. خوا دەفەرمووێ (سفری پێکهاتن، ئیسحاحی نۆیەم، ٥): "تۆڵە لە تێکڕای ئەو ئاژەڵانە دەکاتەوە کە خوێنی مرۆڤیان ڕشتووە". بەم برگانە و برگەگەلێکی تریشدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، مرۆڤایەتی لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ و ئەوەی تێکڕای مرۆڤە عاقڵەکان لە بارەیەوە کۆکن ئەوەیە؛

ئاژەڵان بڕێک هەستیان هەیە. خوا، بەڵێننامەی لەگەڵ دار و بەردێکی بێ هەست، ئەنجام نەدا، بەڵام بەڵێننامەی لەگەڵ ئاژەڵاندا ئەنجام دا و هەستگەلێک و بیر و هۆشێکی پێوەست بەو هەستانەی پێ دان کە زۆرجاران لە هەستی ئێمە ناسکترە، بۆیە خواردنەوەی خوێنەکەیان لێ حەرام کردووین، چونکە خوێن سەرچاوەی ژیانە، کەواتە، سەرچاوەی هەستەکانیشە. گەر هەموو خوێنی هەر ئاژەڵێک بمژرێ، ئیفلیج دەبێ و توانای هیچ جووڵەیەکی نامێنێ. بۆیە لە نێزیکەی سەد جێی کتێبی پیرۆزدا دەڵێ، نەفس، ئەوەی پێی دەگوترا نەفسی هەستیار، چەقەکەی وا لەنێو خوێندا، ئا ئەم بیرۆکە تا بڵێی سروشتییە، سەرلەبەری گەلان بڕوایان پێیەتی و پێڕەوی دەکەن.

ئەم بیرۆکەیە، بنچینەی ئەو بەزەیییەیە کە پێویستە دەرهەق ئاژەڵان لە دڵماندا بێ. لەنێو ئەو حەوت بنەمایانەی نووحییەکان پابەندین و جووش قبووڵیان کردوون، بنەمای خواردنی ئەندامێکی ئاژەڵە کە هێشتا زیندوو بێ. ئەم بنەمایە، دەری دەخات، مرۆڤگەل هێندە دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون، ئەندامی ئاژەڵیان لێ کردووەتەوە و خواردوویانە و لێ گەڕاون ئاژەڵەکە ئەوها بمێنێتەوە و ئەندامەکانی تریشی یەک بەدوای یەکدا بخۆن. ئەم دابە باوە، لای هێندێک گەلانی کێوی هەر ماوەتەوە، وەک دانیشتوانی دوورگەی خیۆس کە گۆشتی قوربانییان بەکاڵی پێشکێشی باخۆس و مادیۆس دەکرد. ئەو خوایەی ڕێی پێ داوین گۆشتی ئاژەڵان بخۆین، ڕای سپاردووین بڕێک مرۆڤیش بین بەرانبەریان. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لێدانی ئاژەڵان نیشانەی کێوێتییە؛ تەنیا داوونەریتیش وامان لێ دەکات گۆشتی ئەو ئاژەڵەمان بەقوڕگدا بچێ کە بەدەستی خۆمان بەخێومان کردووە. هەموو کات گەلانێکیش هەن، سەربڕینی ئاژەڵان بەگوناە دەزانن؛ ئەو هەستی گوناهبارییە لە نیوەدوورگەی هیندستان تا ئێستا ماوە، هەروەها لایەنگرانی فیساگۆرس، لە ئیتاڵیا و یۆنان، هەرگیز گۆشتیان نەدەخوارد. لە نامەکەیدا بەناونیشانی "دابڕان لە گۆشت"، فیساگۆرس، لۆمەی قوتابییەکەی دەکات کە لە تاو حەزی کێوییانەی، نەیتوانی لە خەڵکەکە دوور بکەوێتەوە.

بەبۆچوونی من، کەس ناوێرێ بڵێ، ئاژەڵان، تەنیا کەرەسەیەکن کە دەستبەرداری ڕووناکیی عەقڵی سروشتی بوون. ئاخر جیاوازی و بگرە دژبەرییەکی زۆر لەو نێوانەدا هەیە بڵێی، خوا هەموو ئەندامەکانی هەستی بەئاژەڵان داوە و لە نێوان ئەوەی بڵێی، خوا ئاژەڵانی لە هەست بێبەری کردووە.

هەروەها، پێم وایە، تەنیا ئەوانەی هەرگیز ئاژەڵانیان نەبینیوە، ناتوانن دەنگە جیاوازەکانیان لێک جودا بکەنەوە؛ ئەو دەنگانەی پێداویستییەکانی خۆیانی پێ دەردەبڕن، ئازاریان، خۆشییان، ترسیان، خۆشەویستییان، تووڕەیی و هەموو هەستەکانی تر؛ زۆر سەیرە لەم بارەدا، ئاژەڵان ئەوها بەجوانی هەستەکانیان دەربڕن کەچی پێشمان دەگوترێ هەستیان نییە.

ئەم تێبینییە، شایانی ئەوەیە دەرگەی تێڕامان لەو عەقڵانە بکاتەوە کە فێرە ناسینی توانا و چاکیی ئەو خولقێنەرە بوون، خولقێنەرێک، ژیان، هەست، هزر و هۆش و زەینی داوە بە بوونەوەرگەلێک و ئەندامەکانی زۆر وەستایانە بۆ داناون. ئێمە نازانین ئەم ئەندامانە چۆن دروست بوون، چۆن پێشڤەچوون، چۆن گوڕی ژیانمان دەدەنێ، بەگوێرەی کام و چ یاساگەلێک هەست و هزر و زەین و ئیرادەمان بەژیانەوە بەستراونەتەوە. بەپێی ئەو نەزانییە چەسپیو و هەمیشەییە کە پێمانەوە لکاوە، دەبینی بەردەوام ئامبازی یەکتر دەبین، ململانێمانە، یەکتر دەچەوسێنینەوە، وەک ئەو گاجووتانەی

شەڕەقۆچ دەکەن، بێ ئەوەی بزانن بۆچی و چۆن ئەو قۆچانەیان پێ دراوە.

(**) چوار سفرن لە سفرەکانی تەورات. بەپێی تەفسیری تەورات؛ سفری (دەرچوون – Exode)، باس لە دەرچوونی عیبرییەکان دەکات لە میسر، ئەو بەڵێننامەیەی بەمووسا درا، چیرۆکی برینی سارای سینا. برگەی سەرەکیی ئەم سفرە جێهێشتنی میسر و بەڵێننامەی پیرۆزە. سفری (لاوییەکان – LEVT-TICUS)، باس لە سرووت و شەریعەتگەلی کاهینەکانی نەوەی لاوی دەکات، واتە؛ پێش هەر شتێک کتێبێکی شەریعەتی سرووتییە کە تێکرای ڕێساکانی خواپەرستی لای ئیسرائیلییەکان لەخۆ دەگرێ. سفری (ژمارە – NUMBERS)، ئەم سفرەش ئامارگەلێک لەبارەی بنەچەکانی گەلی دەستەبژێر و دەقگەلێکی تەشریعی لەخۆ دەگرێ. سفری (دووانەی شەریعەتدانان _ DEUTERONOME)، بریتییە لە دەقە تەشریعییەکانی تەورات. (و.ک).

٣- سفری عاموس (ئیسحاحی پێنجەم، ٢٦٢).

٤- سفری ئیرمیا (ئیسحاحی حەوتەم، ٢٢).

٥- کارەکانی پێغەمبەران (بەشی حەوتەم، ٤٢ _ ٤٣).

٦- دووانەی شەریعەتدانان (ئیسحاحی دوازدەم، ٨٢).

٧- چەندان نووسەر سەرەڕۆییان کردووە و وا لەم برگەیە تێگەیشتوون کە ئیسحاحی پێوەست بەگوێرەکە زێڕینەوە (کە هیچ نییە تەنیا خواوەند ئابیس نەبێ)، خراوەتە سەر سفرەکانی مووسا، هەروەک ژمارەیەک ئیسحاحی تریش.

ئابن- هزرا، یەکەمین کەس بوو وای بۆ بچێ کە دەتوانێ بیسەلمێنێ، پێنج سفرەکەی مووسا، لە سەردەمی پاشاکاندا نووسراون. کۆلنز، ویتندال، شافستبوری و بۆلینگبردگ و زۆری تریش واوەتر چوون و گوتیان، هونەری نووسینی هزرەکان لەسەر سافیلکە، قرمید، قورقوشم یان تەختە، لەو ڕۆژگارەدا، تاکە ڕێگەی نووسین بوو؛ کلدانی و میسرییەکانی سەردەمی مووسا نەیاندەتوانی بەڕێگەیەکی تر بنووسن؛ بۆیە هیچ چار نەبوو، دەبووایە هزرەکان زۆر بەکورتی و پوختی و بەپیتی هیرۆگلیفینی بنووسرانایە، تا لە ڕێی هەڵکۆڵینەوە ناو کرۆکی هزرەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرایەتەوە، نەک حیکایەتگەلێکی دوور و درێژ؛ مەحاڵ بوو کتێبگەلێکی گەورە بنەخشێنی لە سارایەکدا کە ژیان تێیدا جووڵەیەکی بەردەوامی گەرەکە، سارایەک، نە کەسێکی وای لێ بوو جلکی پێ پەیدا بکرێ، نە جلک بدورێ، نە پینەچییەک، ئەمەش، خوای ناچار کرد بۆ ماوەی چل ساڵ موجیزەیەک بنوێنێ (دووانەی شەریعەتدانان، ئیسحاحی هەشتەم، ٥)، تا جلک و پێڵاوی گەلەکەی بپارێزێ. ئەوان دووپاتی دەکەنەوە، قەت ناچێتە عەقڵەوە ئەو ژمارە زۆرەی پیتکۆڵەر دەست کەوتبێ، لە کاتێکدا هونەرگەلێکی زۆر پێویستتر دەست نەکەوتوون، بگرە کەس نەبووە نان بکات؛ خۆ ئەگەر پێیان بڵێین سایەکانی حەسانەوەی خەڵکەکە لە مس و زەرد دروست کرابوون و پایەکانیش لە زیو، پێمان دەڵێن ڕاستە فەرمانی دروستکردنیان لە سارادا درا، وەلێ جێبەجێکردنەکەی دوا کەوت بۆ ڕۆژگاری خۆشگوزەرانی.

دواتر ناچێتە عەقڵیانەوە، ئەو گەلە هەژارە، لە دامێنی هەمان ئەو کێوەی مووسا لێیەوە قسەی لەگەڵ خوا کرد لە کاتێکدا ئاسمان برووسکەی دەکرد و هەور دەیگرماند (سفری دەرچوون، ئیسحاحی

نۆزده، ١٨ _ ١٩)، پەیکەرێکی گوێرەکەی لە زێڕی ساف دروست کردبێ (سفری دەرچوون، ئیسحاحی سی و دوو)، تا بیپەرستێ. ئەوان بەلایانەوە سەیرە، مووسا ئێوارەی ڕۆژی هاتنە خوارەوەی لە کێوەکە هەڵبژاردبێ تا براکەی ڕاسپێرێ پەیکەری گوێرەکە زێڕینەکەی بۆ دروست بکات. ئاخر هاروون چۆن توانی لە ڕۆژێکدا دروستی بکات (سفری دەرچوون، سی و دوو، ٤)؟ دواتر، مووسا، چۆن توانی بیشکێنێ و وردوخاشی بکات (سفری دەرچوون، ئیسحاحی سی و دوو، ٢٠)؟ ئەوان جەخت دەکەنەوە هیچ هونەرمەندێک ناتوانێ بەکەمتر لە سێ مانگ، پەیکەرێکی زێڕین دروست بکات، زانستی کیمیاش کە پێشکەوتووتر و گونجاوترە، ناکارێ ئەو پەیکەرە وا وردوخاش بکات کە قووت بدرێ: بۆیە کارەکەی هاروون و شکاندنەکەی مووسا، دەبێ هەر بە موجیزە ناو ببرێن.

ئەو مرۆڤدۆستی و دڵباشییەی، ئەو ڕەخنەگرانە بەهەڵەدا دەبات، وایان لێ دەکات بڕوا نەکەن، مووسا، فەرمانی سەربڕینی بیست و سێ هەزار کەسی دەرکردبێ (سفری دەرچوون، ئیسحاحی سی و دوو، ٢٨) بۆ ئەوەی لە گوناهە گەورەکان پاک بنەوە؛ ئەوان مەزندە ناکەن ئەو بیست و سێ هەزار پیاوە لێ گەڕابێتن، لاوییەکان، ئەو کارەیان بەسەر بێنن، مەگەر موجیزەیەکی سێیەم ڕووی دابێ. دواجار، پێیان سەیرە، هاروون کە لە هەمووان گوناهبارترە، پاداشت کرابێ سەبارەت بەتاوانێک کە خەڵکی تری بەتوندترین شێوە لەسەر سزا دراوە (سفری دەرچوون، ئیسحاحی سی و سێ، ١٩؛ و سفری لاوییەکان، ئیسحاحی هەشتەم، ٢)، هاروون بکرێتە پاپای مەزن و لەولاشەوە لاشەی بیست و سێ هەزار لە برایانی لەو تەختەدا کەوتبن کە دەیکاتە تەختی قوربانی.

هەروەها گومانیان هەیە لەوەی مووسا فەرمانی دابێ بیست و چوار هەزار کەس سەربڕدرابێتن (سفری ژمارە، ئیسحاحی بیست و پێنج، ٦٢) سەبارەت بەوەی یەکێکیان لەگەڵ ئافرەتێکی مدیانیدا گیراوە. ئاخر چەندان پاشای جوو، لە پێش هەموویانەوە سولەیمان، ژنی بیانییان هێنا، بێ ئەوەی سزا بدرێن، ئەو ڕەخنەگرانە، نەدەچووە عەقڵیانەوە، هاوسەرکاری لەگەڵ کچە مدیانییەک، تاوانێکی یەکجار وا گەورە بێ؛ ئاخر هەرچەندە خێزانی ڕاعوت موئابیێ خەڵکی بەیتلەحم بوون؛ کتێبی پیرۆزیش هەردەم ناوی بە ڕاعوت ئەلموئابیێ دێنێ: لەگەڵ ئەوەشدا، بەقسەی دایکی کرد و چووە نێو جێگەی بوعزەوە، ئەوە بوو شەش ڕبە جۆی لێ وەرگرت و مێردی پێ کرد و بووە نەنکە گەورەی شا داوود. ڕاحاب، هەر تەنیا بیانی نەبوو، بگرە سێکسفرۆشیش بوو؛ تەورات تەنیا یەک نازناوی داوەتێ، بەپێی وەرگێڕانە لاتینییەکەی پێی دەڵێ مێریتریکس MERETRIX واتە؛ [ژنی گشتی (و . ع)] (سفری یوشع، ئیسحاحی حەوتەم، ١٧)؛ لەگەڵ ئەوەشدا مێردی کرد بە سلمونی پاشای یەهودا؛ شا داوود، بەبنەچە دەگەڕێتەوە سەر ئەم سلمونە، بگرە هەیە، ڕاحاب، وەک سیمبولی کڵێسای مەسیحی سەیر دەکات؛ ئەوە بۆچوونی چەندان بابی کڵێسایە، بەتایبەتی ئۆریجانۆس لە وانەکەیدا لەبارەی یوشعەوە.

بەڵام بیتشەبەع، ژنی ئۆریا، کە دواتر مێردی بەداوود کرد و سولەیمانی لێ بوو، ئافرەتێکی حیسی بوو. خۆ ئەگەر زۆرتر بگەڕێینەوە دواوە دەبینین یەهودا، کە باپیرانی گەلی ئیسرائیلە، ژنێکی کەنعانیی هێناوە، بەڵام تامار، ژنی هەردوو کوڕەکەی [مێردی بە ئونانی کوڕی کرد پاش مردنی عیری برای (و . ع)]، بەڕەچەڵەک ئارامی بوو: ئەم ژنە، کە یەهودا زینای لەگەڵدا کرد لە کاتێکدا پێی نەدەشیا (زنا المحارم)، لە نەوەی ئیسرائیلی نەبوو.

بەم شێوەیە دەبێ گەورەمان یەسوعی مەسیح دابەزیبێت و بەلای جووەوە لە بنەماڵەیەکدا بەرجەستە بووبێ کە ڕەچەڵەکەکەیان پێنج ئافرەتی بیانیی تێدایە، هەر بۆیە دوایی دەرکەوت کە نەتەوە بیانییەکان بەشە میراتیان بەردەکەوێ.

حاخام ئابن _ هزرا، یەکەم کەس بوو وێرای بڵێ گوایە پێنج سفرەکە ماوەیەکی زۆر پاش مووسا خۆی نووسراون؛ ئەو پشت بەچەند بڕگەیەک دەبەستێ، لەوانە: "ئەوکات کەنعانی (سفری دروستبوون، ئیسحاحی نۆیەم، ٦) لەو وڵاتەدا هەبوون. هەروەها چیای مۆرِیا (هەواڵەکانی ڕۆژانی دووەم، ئیسحاحی سێیەم، ١٢) چیای خوایان پێ دەگوت. هەرچی جێگەی عوجە، پاشای باشان، لە شاری ڕبەت موئاب بوو. ئەو وڵاتی باشانە پێی دەگوترا، گوندەکانی یائیر، تا ئەمڕۆش ناوی وا ماوەتەوە. هەرگیز پێشتر پێغەمبەرێکی وەک مووسا لە ئیسرائیل دەرنەکەوتبوو. پاشایان هەر سەروەری ئادوم بوون (سفری دروستبوون، ئیسحاحی سی و شەش، ٣١)، پێش ئەوەی کەس بکرێتە پاشای ئیسرائیل".

دیسان ئابن _ هزار دەڵێ گوایە، ئەو بڕگانەی باس لە ڕووداوگەلێک دەکەن کە پاش مووسا ڕوویان داوە، نابێ لەلایەن مووساوە نووسرابن. دەتوانین لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەدا بڵێین، ئەو بڕگانە تەنیا پەراوێزگەلێکن نووسەرەوە و کۆپیکاران پاش ماوەیەکی زۆر خستوویانەتە سەری.

نیوتن، کە دەبێ زۆر بەڕێزەوە ناوی بێنین، بەڵام مادام مرۆڤە دەکرێ هەڵە بکات، لە پێشەکیی باسکردنی دانیێل و قدیس یۆحنادا، هەر پێنج سفرەکەی مووسا و هەردوو سفری یوشع و قازییان، دەخاتە ئۆباڵی نووسەرگەلێکی پاپاکانی دوای مووسا، لەم تێزەیدا، پشت بە ئیسحاحی ٣٦ لە سفری دروستبوون و چوار ئیسحاحی سفری قازییان (١٧، ١٨، ١٩، ٢٠) و هەروەها سامۆئیل، (ئیسحاحی ٨)، هەواڵەکانی ڕۆژان (ئیسحاحی ٢) و سفری ڕاعوت (ئیسحاحی چوارەم)، دەبەستێ. خۆ ڕاستیشە، مادام لە ئیسحاحی ٣٦ی سفری دروستبووندا، ناوی پاشاکان هاتووە، وەک چۆن لە ژمارەیەک ئیسحاحی سفری قازییانیشدا باس کراون، مادام ناوی داوود لە سفری ڕاعوتدا هاتووە، دوور نییە، ئەم سفرانە لە سەردەمی پاشاکاندا نووسرابن. ئەمە، بۆچوونی لاهووتییەکانیشە، لەوانە لۆکلێری بەناوبانگ. بۆچوونێکە، خەڵکێکی کەم کە لە پرسەکان قووڵ دەبنەوە، بەلایانەوە ڕاستە. ئەم جۆرە قووڵبوونەوەیە کە لە خۆتێهەڵقورتاندنەوە نێزیکە، من پێم وایە، ئەرکی مرۆڤ نییە. ڕۆژێک کە زانایان و نەزانان، پاشا و گەدا، پاش ئەم ژیانە ڕاگوزەرە، دەچنە بەردەم پەروەردگار، هەمووان جەخت لە ڕاستگۆیی، مرۆڤدۆستی، بەبەزەیی و دەستکراوەییی خۆی دەکاتەوە؛ کەس خۆی بەزانینی مێژووی نووسینی پێنج سفرەکەی مووساوە بانادات، یان بەجیاکردنەوەی دەقەکە و پەراوێزەکانییەوە، خوا لێمان ناپرسێ لەگەڵ کام بۆچوونەیاندا بووین، یان ئاخۆ کاف و بێمان لێک جودا دەکردەوە، یان یێ و فا، یان دال و ڕێ. خوا، سەبارەت بەکردارەکانمان لێمان دەپرسێتەوە، نەک سەبارەت بەوەی زمانی عیبری دەزانین یان نا. کەواتە، ئێمە، بەتەواوی پابەندی بڕیاری کڵێساین، ئەمەش، ئەرکی سروشتیی هەر باوەڕدارێکە.

لە کۆتاییی ئەم پەراوێزەدا، لە ئاست بڕگەیەکی گرینگی سفری لاوییەکاندا کە پاش پەرستنی گوێرەکە زێڕینە نووسراوە، هەڵوەستەیەک دەکەین. بڕگەکە پەرستنی هەر توکدارێک لە جوو حەرام دەکات: "ئەو بزنانەش کە ڕەوتارگەلێکی پیس و کەمیان لە تەکدا ئەنجام دان". بەڕاستی نازانین، ئەم جۆرە

پەرستنانە، لە میسرەوە؛ وڵاتی ئەفسانە و سیحر، یان نا؛ بەڵام وا دیارە ئەو نەریتەی سیحربازانی لای خۆمان شەمووان پێڕەوی دەکەن، بزنان دەپەرستن، شتی واشیان لە تەکدا دەکەن مرۆڤ بەباسکردنیان ئارەقە دەکا، بۆ جووە کۆنەکان دەگەڕێتەوە: ئاخر ڕاستت دەوێ، ئەوان، لە هێندێک شوێنی ئەورووپا، خەڵکیان فێری سیحر کرد. ئای لەم گەلە! نزمییەکی لەم جۆرە، دەبووایە سزایەک وەک سزای پەرستنی گوێرەکە زێڕینەی هەبووایە، سەرەڕای ئەوەش، شەریعەتدانەر، بەحەرامکردنی وازی لێ هێناون. ئەم هەڵکەوتەیەمان تەنیا بۆ ناساندنی نەتەوەی جوو بوو: ئاخر دەبێ جووتبوون لەگەڵ ئاژەڵاندا باو بووبێ، بۆیە تاکە نەتەوەن کە بەشەریعەت تاوانەکەیان حەرام کردووە، ئەو تاوانەی، هیچ شەریعەتدانەرێکی نەتەوەکانی تر خۆی لە دارەتی نەداوە.

پێ دەچێ، ماندووێتیی زۆر و بەدخۆراکی، کە جوو لە سارا کانی فاران و عورێب و قادش _ برنیعدا دووچاری بووبوون، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتەکانی کوشتوون کە توانای خۆڕاگرتنیان لە پیاوەکانیان کەمتر بووە. جوو، کچیان کەم بوو، هەر بۆیە کە دەستیان بەسەر گوندێک، شارۆکەیەکی دەستەچەپی دەریای مردوو یان دەستەڕاستیدا دەگرت، فەرمانیان پێ دەکرا سەرلەبەری دانیشتوانەکە بکوژن کچە باڵقەکان نەبێ.

عەرەب کە هێشتا لە هێندێک لەو سارایانە دەژین، لەو ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ کاروانەکاندا مۆریان دەکرد، مەرجیان دەستکەوتنی کچی باڵق بوو. وا دیارە گەنجەکانی ئەو وڵاتە بێزەوەرە، هێندە لە سروشتی مرۆڤ لایان دابوو، گەیشتبوونە لاقەکردنی بزن، وەک ئەوەی لەبارەی شوانەکانی دەڤەری کالابریا [لە ئیتالیا (و.ع)]ەوە باسی دەکەن.

ماوەتەوە بزانین ئاخۆ ئەو لاقەکردنانە، زاوزێیان لێ پەیدا بووە یان نا، ئاخۆ ئەو حیکایەتانە ڕاستن گوایە فلانە بوونەوەر و فیسارە شتیان لێ کەوتووەتەوە، وەک؛ ساتور، فاونۆس، سەنتوور، مینۆتۆر؛ مێژوو دەڵێ وایە، بەڵام زانستی سروشتی، هێشتە هیچی لەبارەی ئەم بابەتە ناقۆڵا و ناشیرینەوە دەرنەخستووە.

٨- پەڕینەوە "ڕزگاربوون – فوسح – Peissah": لای جوو، جەژنی پەڕینەوە و دەرچوون و ڕزگاربوونە لە میسر. (و . ع). وشەی "فوسح" بەبنەچە وشەیەکی عیبرانییە ( (Peissah واتە؛ پەڕینەوە: واتە پەڕینەوەی نەوەی ئیسرائیل لە دەریای سوور، لە میسر (خاکی کۆیلایەتی) بۆ فەلەستین (خاکی جێژوان). ئەو ڕۆژە لای جوو، جەژنێکی نەتەوەییە و لەو جەژنەدا بەرخ دەکرێتە قوربانی و دەخورێ. لای مەسیحییەکانیش و عەرەبەکانیش ئەو وشەیە وەک خۆی مایەوە بەهێندێک دەسکارییی کەمەوە. مەسیحییەکانیش بەڕۆژی هەستانەوە، کە پێیان وایە ڕۆژی پەڕینەوەیە لە مردنەوە بۆ ژیان، دەڵێن جەژنی "پەڕینەوە _ فوسح". (و . ک).

٩- پەنجاینە: جەژنێکی جووە، پەنجا ڕۆژ پاش جەژنی "پەڕینەوە _ فوسح"ە، برێتییە لە یادکردنەوەی دابەزینی تەختەکانی شەریعەت بۆ سەر مووسا. (و . ع).

١٠- جەژنی سایە: جەژنێکە جوو لە پێنجەمین ڕۆژی جەژنی "لێخۆشبوون _ غفران"دا دەیگێڕن. سیمبولە بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل سارای سینایان بڕی و سایە و سێبەرێکی خوایی لە تیشکی سووتێنەری ڕۆژ پاراستنی.

١١- یوشع: جێگرەوەی مووسا کە سەرکردایەتیی عیبرانییەکانی کرد بۆ گرتنی وڵاتی کەنعان و جێگیربوونیان لە خاکی جێژوان (ارض المیعاد)، وەک لە سفری ژمارەدا هاتووە. (و . ع).

١٢- سفری یوشع: ئیسحاحی بیست و چوار، ئایەتی ١٥ و دواتر.

١٣- ئەدونای: وشەیەکی عیبرییە بەمانای بەڕێز (گەورە - السید)، لە کتێبی سەردەمی کۆندا، بۆ ناوهێنانی خوای گەورە بەکار هاتووە؛ جوو، ناوی "یەهوە" دەنووسن و بە "ئەدونای" دەیخوێننەوە، بۆ خۆپاراستن لە گوتنی ناوی خوا. (و . ع).

١٤- ئابیس: خواوەندێکە لە خواوەندە کۆنەکانی میسر، شێوەی بە "گا" دەچێ. (و . ع).

١٥- سفری ژمارە: ئیسحاحی بیست و یەک، ٩.

١٦- تابووتی بەڵێننامە: سیپەیەکی تەختەیە، دەگوترێ مووسا تەختەکانی شەریعەتی تێدا هەڵگرتووە کە لە سارای سینا دابەزین. تابووتی بەڵێننامە، سیمبولە بۆ بوونی "یەهوە" لەنێو گەلەکەیدا. سولەیمان، پەیکەرێکی بۆ دروست کرد و لە پیرۆزی پیرۆزەکان هەڵی گرت؛ لە کاتی سووتانی پەیکەرەکەدا (ساڵی ٥٨٧ یان ٥٨٦ پ. ز) لەسەر دەستی نەبوخزنەسر، لابرا. (و . ع).

١٧- یەروبعام: دامەزرێنەری شانشینی ئیسرائیل و یەکەمین پاشای شانشینەکە (٩٣ _ ٩١ پ. ز)، لێکترازانێکی ئاینیی خوڵقاند و دوو سەنتەری پەرستنی لە "دان" و "بێت ئیل" دروست کرد، لە هەریەکێکیشیان پەیکەرێکی گوێرەکە زێڕینەی دانا، تا خەڵکەکە بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. (و . ع).

١٨- ڕبعام: کوڕی سولەیمانی پاشای یەهودا (٩١١ _ ٨٧١ پ . ز).

١٩- ئاسا: سێیەمین پاشای شانشینی یەهودا. (و . ع).

٢٠- سفری پاشایان، کتێبی سێیەم، ئیسحاحی پازدەم، ١٤؛ هەمان سەرچاوە، ئیسحاحی بیست و دوو، ٤٤.

٢١- سفری پاشایان، کتێبی چوارەم، ئیسحاحی شازدەم.

٢٢- هەمان سەرچاوە، کتێبی چوارەم، ئیسحاحی هەژدەم، ٣٨ و ٤٠؛ هەمان سەرچاوە، کتێبی چوارەم، ئیسحاحی دووەم، ٢٤.

٢٣- ئەلیشع: لە پەیامبەرانی جوولەکەیە، قوتابیی (ئەلیاس) پێغەمبەر و جێگرەوەیەتی، ڕۆڵێکی زۆری گێڕا لە دانانی شایەهوا (٨٤٢ _ ٨١٣ پ. ز) لەسەر تەختی ئیسرائیل و دنەی دا بنەچەی ئاحاب کە پەرستنی بەعلی هێنایە نێو ئیسرائیلەوە، لە ڕیشەوە دەربێنێ. (و . ع).

٢٤- سفری ژمارە، ئیسحاحی سی و یەک.

٢٥- مدیان، بەشێک نەبوو لە خاکی جێژوان، بەڵکە بەشێکی بچووک بوو لە وڵاتی ئەدوومییەکان کە عەرەب بەترای پێ دەڵێن؛ لە ڕووباری ئارنوون لە باکورەوە درێژ دەبێتەوە تا ڕووباری زەردی نێو بەردەڵانەکانی کەناری ڕۆهەڵاتی دەریای مردوو؛ ئەمڕۆ خێڵێکی عەرەبی لەوێ نیشتەجێن، درێژییەکەی نێزیکەی هەشت فەرسەخ دەبێ، پانییەکەشی بڕێک لەوە کەمترە.

٢٦- لە سفری ژمارەدا هاتووە، خوا، فەرمانی بەمووسا داوە، سی و دوو نەفس بکاتە قوربانی، موفەسیرەکان وای بۆ دەچن مەبەست؛ سی و دوو پاکیزە بووبێ. (و . ع).

٢٧- گومانی تێدا نییە، بەگوێرەی دەقەکە (سفری قازییان، ئیسحاحی یازدەم، ٣٩)، یفتاح، کچەکەی کردووەتە قوربانی. لەم بارەیەوە دۆم کاڵمت لە "وتارێک لەبارەی نەزرەکەی یفتاحەوە" دەڵێ: "خوا ئەم جۆرە نەزرانەی پێ خۆش نییە؛ بەڵام حەزی لێیە ئەو کەسەی نەزرێک لە خۆی دەگرێ، پابەندی بێ، ئەگەر مەبەستەکە سزادانی نەزرگرەکەش بێ، یان بۆ ڕێگرتن بێ لەوانەی سووکایەتی بەنەزرەکەیان دەکەن گەر لە جێبەجێکردنی نەترسن". قدیس ئۆگستینۆس و زۆربەی بابانی کڵێسا، ئەو کارەی یفتاحیان سەرکۆنە کرد، هەرچەندە لە دەقێکی پیرۆزدا باسی دەکرێ (سفری قازییان، ئیسحاحی بیست و یەک، ٢٩)، دەڵێ "پڕاوپڕ بوو لە گیانی خوا". هەروەها، پۆڵس لە نامەکەیدا بۆ عیبرانییەکان (بەشی یازدەم، ٣٢)، بەیفتاحدا هەڵدەدا و دەیخاتە پلە و پایەی سامۆئیل و داوودەوە.

بەڵام قدیس یێرۆنمیۆس لە نامەکەیدا بۆ یۆلیانۆس دەڵێ: "یفتاح کچەکەی کردە قوربانی لە پێناوی خوادا، بۆیە پۆڵس بەرزی کردەوە بۆ پلە و پایەی قدیسان".

هەموو ئەمانە، بۆچوونگەلێکی دژبەرن کە ئێمە بۆمان نییە بۆچوونی خۆمان لەبارەیانەوە دەربڕین، بگرە، وا چاکترە هەر بۆچوونمان لەبارەیانەوە نەبێ.***.

---

*** لە ئاماژەدان بە پەراوێزەکانی ٢٦ و ٢٧دا پێم وایە، وەرگێڕی عەرەبی یان بڵاڤکارەکە بەهەڵەدا چوون و ئاوەژوو دایانناون، بۆیە لە کوردییەکەدا چاکم کردوونەتەوە. (و . ک).

٢٨- دەکارین کوشتنی ئەجاج پاشا بەقوربانیی ڕاستەقینە دابنێین، ئاخر شائوول، ئەم پاشایەی عەمایقەکانی بە دیل گرت، نیازی هەبوو لێی خۆش بێ، بەڵام کاهین سامۆئیل گوتی بەسەر کەسەوە نەچی، بەیەک قسە پێی گوت (سفری پاشایان، ئیسحاحی پازدەم، ٣٢): "هەمووان لە نێو بەرە، پیاوان، ژنان، منداڵان، بگرە شیرەخۆرەکانیش".

"ئەوە بوو سامۆئیل، بەبەرچاوی خواوە، ئەجاج پاشای ئەنجن ئەنجن کرد".

دۆم کاڵمت دەڵێ: "دڵگەرمیی ئاینی کە سەراپای جەستەی ئەو پەیامبەرەی داگیر کردبوو، وای کرد لەو بۆنەیدا، شمشێر هەڵگرێ، تا تۆڵەی نەمریی خوا بکاتەوە و شائوول بکاتە خەڵووز".

لەو سەرەڕۆییە شوومەدا، نەزرگرێک، کاهینێک و قوربانییەک کۆ بوونەوە؛ کەواتە، دیمەنەکە، دیمەنی پێشکێشکردنی قوربانییە.

هەموو ئەو گەلانەی مێژوویانمان تاوتوێ کردووە، مرۆڤیان کردووەتە قوربانی لە پێناوی خوادا، چینییەکان نەبێ. فلۆترخۆس لە پرسە ڕۆمانییەکاندا (باسی ٨٢) نووسیوویەتی، ڕۆمانەکانیش سەروەختی کۆماری، مرۆڤیان کردووەتە قوربانی.

لەو قسانەی قەیسەر، لەبارەی جێرمەنەکان و دابەکانیانەوە (کتێبی یەکەم، بەشی ٢٤) کردوونی هاتووە دەڵێ؛ جێرمەنەکان ئەو دیلانەیان دەکردە قوربانی کە قەیسەر ڕادەستی کردبوونەوە گەر ئەو پاش سەرکەوتنی ئازادی نەکردنایە.

لە دەقێکی تردا، ئاماژەم پێ داوە، ئەو پێشێلکردنەی شەریعەتی نێونەتەوەیی دەرهەق بەبارمتەکانی قەیسەر ئەنجام دران، ئەو مرۆڤانەی کرانە قوربانی _ کە زۆر بێزەوەر بوو _ بەدەستی ئافرەتان سەر دەبڕان، پیاهەڵدانی تاقیتۆس بەجێرمەنەکاندا لە کتێبی نەریتەکانی جێرمەنەکان و دابەکانیان، بڕێک

بەدرۆ دەخاتەوە، وا دیارە تاقیتۆس لەو دەقەدا زیاتر هەوڵی داوە ڕۆمانەکان داشۆرێ وەک لەوەی بەجێرمەنەکاندا هەڵدا، چونکە شارەزاییی لە جێرمەنەکان نەبوو.

بەم بۆنەیەوە، با لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، تاقیتۆس، داشۆرینی لە ڕاستی بەلاوە لە پێشتر بوو. ئەو هەوڵی دەدا، هەموو شت وا ناشیرین بکات، مرۆڤ بێزی لێ بکاتەوە، بەو کارانەشەوە کە هیچ گرینگییەکیان نەبوو. جا لەبەرئەوەی خەڵکەکە حەزیان لە زەم و ڕیسواکردنی یەکتر بوو، بۆیە هزری تاقیتۆسیان هێندەی شێوازەکەی بەدڵ بوو.

با بگەڕێینەوە سەر قوربانییە مرۆڤەکان، باو و باپیرانمان وەک جێرمەنەکان مرۆڤیان دەکردە قوربانی، ئەوەش، بەرزترین پلەی نەزانییە کە نەفسمانی لێ ڕاهاتووە، گەر بەری بۆ هەڵدەین، بەری کورتبینیمانە. پێشتر گوتمان: دەبێ جوانترین و گرانترین شت پێشکێشی خوا بکەین؛ مادامەکی لە منداڵەکانمان گرانترمان شک نابەین، بۆیە، دەبێ جوانترینیان و چکۆلانەترینیان هەڵبژێرین و بیکەینە قوربانی بۆ خوا.

فیلۆن دەڵێ، خەڵک لە وڵاتی کەنعان هێندێک جار ڕۆڵەکانیان دەکردنە قوربانی، پێش ئەوەی خوا فەرمان بەئیبراهیم بکات کوڕە تاقانەکەی بۆ بکاتە قوربانی، تا باوەڕی تاقی بکاتەوە.

ئۆسابیۆس لە سنکن یەتن [مێژوونووسێکی بەیرووتییە سەدەی یازدەمی پێش زاین ژیاوە (و . ع)]، دەڵێ، فینیقییەکان، لە ڕۆژگارە ناهەموارەکاندا خۆشەویستترین ڕۆڵەی خۆیان دەکردە قوربانی، ئیلۆس، هەمان ئەو ڕۆژگارەی خوا بیروباوەڕی ئیبراهیمی تاقی دەکردەوە، یاهوودی کوڕی کردە قوربانی. زەحمەتە پەی بەلایەنە تاریکەکانی ئەو سەردەمە کۆنانە بەرین؛ بەڵام ئەوەی زۆر بەجوانی دیارە، بەداخەوە، ئەو قوربانییە تۆقێنەرەیە کە نێزیکەی لە هەموو شوێنێک باوی بوو؛ هیچ گەلێک دەستی لێ نەپاراستووە تا شارستانی نەبووە: ئاخر پەروەردەی جوان، مرۆڤدۆستی لەگەڵ خۆی دێنێ.

٢٩- سفری قازییەکان: (ئیسحاحی یازدەم، ٢٤).

٣٠- لاوییەکان: یەکێکە لە دوازدە تیرەکەی (نەوە _ سبط) ئیسرائیل، تێکڕای ئەندامانی خۆیان بۆ خزمەتی سرووتە ئاینییەکان تەرخان کردبوو، ئەم مافەشیان پاش ئەوە وەرگرت کە لە سارادا دوای دەرچوون لە میسر، دڵسۆزییەکی زۆریان لە خواپەرستیدا پێشان دا. پاش گەڕانەوە لە بابل، ئەم تیرەیە، بنەبڕ بوون. (و . ع).

٣١- سفری قازییان (ئیسحاحی حەڤدەم، دوا ئایەت).

٣٢- جەدعوون: یەکێک لە قازییەکانی ئیسرائیل، تیرەکانی؛ منسی، ئەشی، زبولون و نەفتالی کۆ کردەوە بۆ شەڕ مدیانییەکان (سەدەی دوازدە و یازدەی پێش زاین). لە هێرشێکی شەوانەی غافڵگیردا بەسەر مدیانییەکاندا سەرکەوت و لە تۆڵەی براکانیدا، پاشاکانی کوشتن. (و . ع).

٣٣- فەلەستینییەکان: گەلێکی کۆنن و ناوەکەیان بەفەلەستین دراوە، ئێستەش بنەچەیان دیار نییە. وەلێ، لە دەستپێکی سەدەی دوازدەمی پێش زایندا، هاوکار لەگەڵ "گەلانی دەریا"دا بەشدارییان کرد لە پەلاماردانی میسردا. ئەم گەلە، کەناری باشووری وڵاتی کەنعانی داگیر کرد، دواتر، یەکەتییەکی کۆنفیدراڵیان لە پێنج شار پێک هێنا؛ غەزە، عەسقەلان، ئەشدود، عەقرون و جەت. شاداوود، لە سەدەی دەی پێش زایندا، فەلەستینییەکانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، دواتر، فەلەستینییەکان بوونە

ژێردەسـتـەی ئیـمـپـراتۆرەکـانی وڵاتی نێـوان دوو ڕووبارەکـە و سـەرانەیان دەدا. لەگـەڵ ڕۆژگـاردا فەلەستینییەکان خەسڵەتی سامییان وەرگرت و خەسڵەتی تایبەتی خۆیان دۆڕاند. (و . ع).

٣٤- داجۆن: خواوەندی عەمورییەکان، لە ناوچەی نێوەڕاستی فوراتدا بەنێوی داجانەوە، ڕێزی لێ دەنرا؛ پەرستنی بەهەموو ناوچەی فوراتی باشوور، وڵاتی فەلەستینیەکاندا بڵاو بووەوە و بووە خواوەندی مەزنیان. فینیقییەکانیش ڕێزی زۆری ئەم خواوەندەیان دەگرت. (و . ع).

٣٥- دۆم ئەنتوان کـاڵمـیت: راهیـبـێک و مـوفـەسـیـرێکی بەنەدێکتی (١٦٧٢ _ ١٧٥٧)، یەکـێک بوو لە سەرچاوەکانی ڤۆڵتێر لە فەرهەنگە فەلسەفییەکەیدا، هەرچەندە ڕۆژگارێک گاڵتەی پێ دەکرد سەبارەت بەکتێبێکی بەناونیشانی "بینینی گیانەکان و خوێنمژەکان". (و . ع).

٣٦- سفری شایان (کتێبی چوارەم، ئیسحاحی پێنج، ١٨و ١٩).

٣٧- ڕمنوون یان ڕممانۆ: خواوەندێکی سوورییایی، سەردەمی برحددی دووەم (سەدەی نۆیەمی پێش زاین) دەپەرستـرا. مـانـای ناوەکـەی "برووسکەهـاوێژ"، کـەواتە وەک خـواوەند حـددە، نـاوی شـاری برمـانـای لبنانیش لە ناوی ئەمەوە هاتووە، واتە؛ بەیت ڕممانۆ. شارۆکەیەکی سووریاییش هەیە بەهەمـان ناو لە پارێزگەی تەرتووس. (و . ع).

٣٨- ئەوانەی شارەزای نەریتە باوەکانی سەردەمە کۆنەکان نین و شتەکان هەڵناسەنگێنن تا بەچاوی خۆیان نەیبینن، سەریان سوڕ دەمێنێ لەو هەڵسوکەوتە سەیرانە؛ بەڵام دەبێ بیرمان بێ لە میسر، لە بەشێکی فرەوانی ئاسیاشدا، ئەوێ ڕۆژێ، خەڵک بەوێنە، بەسیمبول و بەپیتە هیرۆگلیفینییەکان، بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی.

پەیامبەران، ئەوانەی میسرییەکان و جووان پێیان دەگوتن فاڵچییان، لە دەربڕینی هزریاندا، تەنیا پەنایان بۆ سیمبول و نازناو نەدەبرد، بگرە وێنەی ئەو ڕووداوانەیان دەکێشا کە پێشبینییان دەکردن، هەر بەم شێوەیە، ئیشعیا، یەکەمین چوارگەورە پەیامبەری جووان، تەختێکی گەورەی هێنا (ئیسحاحی هەشتەم) و لێی نووسی "حاش بز" _ واتە؛ خێرا مشووری خۆت بخۆ _ پاش ئەوە لە هاوسەری نێزیک بووەوە، منداڵێکیان بوو ناوی لێ نا مهیر _ شلال _ حاش _ بز: ئەمانەش نازناون بۆ ئەو بەڵایانەی بەسەر جوودا دێن لەسەر دەستی میسرییەکان و ئاشوورییەکان.

ئەم پەیامبەرە دەڵێ (ئیسحاحی حەوتەم، ئایەتەکانی ١٥، ١٦، ١٨، ٢٠): "پێش ئەوەی منداڵ بگاتە تەمەنێک کەرە و هەنگوین بخوات و خێر و شەڕ لێک جودا بکاتەوە، ئەو خاکەی ئێوە لێی بێزارن، لە دەستی هەردوو پاشاکەی ڕزگار دەکرێ، لەو ڕۆژەدا، خوا فیکە لێ دەدا بۆ مێش و مەگەزی جۆگە دوورەکانی میسر و هەنگەکانی خاکی ئاشوور، دێن و لەو چەم و دۆڵ و بەردەڵان و درکەڵان و مێرگانەدا، گرد دەبنەوە، لەو ڕۆژەدا، خوا دەست بەباڵی مووساوە دەگرێ، ڕیشی پاشای ئاشوور پاک پاک دەتاشێ و مووەکانی هەردوو قاچیشی".

ئەم پێشبینییە لەبارەی هەنگ و ڕیش و مووی تاشراوی دووقاچی پاشای ئاشوورەوە، تەنیا ئەو خەڵکانە تێی دەگەن کە ئەو ڕۆژگارە باو بووە پوورەهەنگ بەزوڕنایەک، بەشمشاڵێک کۆ کراونەتەوە، گەورەترین سووکایەتیش بەپیاو، تاشینی ڕیشی و ئەو مووانەش کە پێی دەڵێن مووی قاچ، مووی بەری پیاون، ئەو مووەش، نەدەبا بتاشرێ، مەگەر لەبەر نەخۆشیی پیس نەبووایە وەک، گەڕی. تێکڕای ئەم

وێنانەی بەلای ئێمەوە وێنەگەلێکی سەیرن، هیچ مانایەکیان نییە، ئەوە نەبێ کە خوا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، گەلەکەی لە چەوسانەوە ڕزگار دەکات.

ئیشعیا بۆ خۆی (ئیسحاحی بیست) بەڕووتی دەڕۆیشت تا بەخەڵکەکە بڵێ پاشای ئاشوور لە میسرەوە پەلکێش دەکرێ و ژمارەیەکی زۆریش دیل لە حەبەشەوە لە تەکیدا دەهێنرێ و هەموو ئەوانە شتێک شک نابەن خۆیانی پێ داپۆشن.

حزقیال (ئیسحاحی چوارەم و دواتر)، ئەو قاپە پێستینەیە دەخوا کە پێشکێشی کرابوو: پاشتر، پیسایی لە نانەکەی دەسوێ و بۆ ماوەی سێ سەد و نەوەت ڕۆژ لەسەر لای چەپی و چل ڕۆژ لەسەر لای ڕاستی دەکەوێ، بۆ ئەوەی جوو وریا بکاتەوە لەوەی ڕۆژێک نانیان دەست ناکەوێ، بۆ ئەوەی ساڵانی دیلێتیشیان بۆ دەستنیشان بکات. خۆی بەپێوەند بەستەوە، وەک سیمبولێک بۆ پێوەندکردنی گەل، سەر و ڕیشی تاشی و مووەکانی کرد بە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەوانەی لەنێو شاردا دەمرن، دووەم بۆ ئەوانەی لە دەوروبەری شووورای شار دەمرن، سێیەمیش بۆ ئەوانەی ڕاپێچی بابل دەکرێن.

عوزییای پەیامبەر (ئیسحاحی سێیەم)، لەگەڵ ژنێکی زیناکاردا خەوت کە بە پازدە لیرەی زیو و تەنەکە و نیوێک جۆی کریبوو، پێی گوت: "ڕۆژگارێکی زۆر دادەنیشی، زینا ناکەیت و نابیتە هی هیچ پیاوێک: چونکە نەوەی ئیسرائیل ڕۆژگارێکی زۆر بێ پاشا دەبن، بێ سەرۆک، بێ قوربانی، بێ پەیکەر، بێ جلکێکی پیرۆز". بە تاقە وشەیەک، پەیامبەران، فاڵگرەوەکان و ئەوانەی دەڵێن لە غەیب شارەزان، بەگشتی، هیچ پێشبینی و مەزەندەیەک دەرنابڕن گەر بەسیمبولێک لە سیمبولەکان نەیپێچنەوە.

ئیرمیا، پابەندی نەریتە کۆنەکان بوو کاتێک خۆی بەزنجیر و پێوەند بەستەوە بۆ ئەوەی پێشانی خەڵکەکەی بدات کە ڕۆژێک دەکرێنە کۆیلە. خۆ ئەگەر لەو پرسە ورد بینەوە، دەرک دەکەین، ئەو ڕۆژگارە کۆنە زۆر لە دنیای تازە، جیاواز بووە: ژیانی مەدەنییەت و شەریعەتەکان، شێوازەکانی شەڕ و سرووتە ئاینییەکان، زۆر لە ئێستە جیاوازن. هێندە بەسە دیوانی هۆمیرۆس و کتێبی هێرۆدۆتسی یەکەم بکەینەوە، تا بزانین، سەردەمی ئێمە و سەردەمە کۆنەکان هیچ شتێکیان لێکتر ناچێ، بۆیە دەبێ زۆر وریا بین کاتێک بەراوردی دابەکانمان و دابەکانیان دەکەین.

تەنانەت سروشت وەک پێشان نییە. سیحربازان دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەردا دەشکا، ئێستە وا نەماون. ئەوکات، ماریان ماڵی دەکرد، مردووانیان دەهێنایەوە،.. تد. خوا، بینینی (ڕووئیا) دەنارد و خەڵکەکەش لێکیان دەدایەوە، بەهرەی پێشبینیکردن بڵاو بوو. گۆڕانکاری و ڕەزیلکردن دەبینران، وەک هەڵگەڕانەوەی نەبوخزنەسر بۆ گا، ژنەکەی لوت، بۆ پەیکەرێکی خوێنە، گۆڕانی پێنج شار بەجارێ بۆ دەریاچەی قیر.

هەروەها مرۆڤگەلی جۆراوجۆر هەبوون و نەمان. ڕەفائیم، ئەنیم، نفیلیم و ئەناسیم، لە ڕەگەزی کەتەکان بوون کە ئێستە نەماون. قدیس ئۆگستینۆس لە کتێبی پێنجەمی شاری خوادا دەڵێ، کەڵبەیەکی بەچاوی خۆی بینیوە، سەد هێندەی کەڵبەی ئێمە دەبێ. حزقیال (ئیسحاحی بیست و حەوت، ٢)، باسی جامادییە کورتەبنەکان دەکات کە لە کاتی گەمارۆدانی شاری سووردا شەڕیان کردووە و باڵای هەریەکێکیان لە باڵێک بەرزتر نەبووە. لە سەرجەم ئەم بابەتانەدا، نووسەرە ئاینییەکان و نووسەرە

دنیاییەکان هاوبۆچوونن. تەنانەت نەخۆشییەکان و چارەسەرییەکانی ئێستە و ئەو ڕۆژگارە زۆر لێکتر جیاوازن: ئەوانەی دەستیان لێ دەوەشێنرا، ڕەگی ڕووەکێکیان بەئەڵقەیەکەوە لە بن کەپووی هەڵدەواسی.

دواجار، تێکڕای ئەو دنیا کۆنە، هێندە لە دنیای ئێمە جیاواز بوو، زەحمەتە بکارین بنەوای ڕەوتارێکی لێ هەڵێنجین، خۆ ئەگەر لەو سەردەمانەدا مرۆڤەکان سەبارەت بەئاین یەکتریان چەوساندبێتەوە، مانای وا نییە لەم سەردەمی لێخۆشبوون و خێروبێرەشدا، ئێمە چاویان لێ بکەین.

٣٩- ئیرمیا: (ئیسحاحی بیست و حەوت، ٦).

٤٠- سدقیا: دوایین پاشای یەهودا (٥٩٧ _ ٥٨٦ پ . ز)؛ مەتنیا، ناوی ڕاستەقینەیەتی، بەڵام نەبوخزنەسر گۆڕی بۆ سدقیا، کاتێک خستییە سەر تەختی پاشایەتی لە جێی یەهەیاکینی برازای. سوێندی لاگیریی بۆ نەبوخزنەسری دووەم خوارد، بەڵام کەوتە دنەدانی فەرمانڕەوایانی میسر و وڵاتانی دەوروبەر، لە کلدانییەکان یاخی بوو، نەبوخزنەسری ناچار کرد ئۆرشەلیم گەمارۆ بدات و داگیری بکاتەوە؛ سدقیا، بە دیل گیرا، هەردوو چاویان داخ کرد و ڕاپێچی بابل کرا و فڕێ درایە زیندانەوە. (و . ع).

٤١- ئیرمیا (ئیسحاحی بیست و هەشت، ١٧).

٤٢- ئیشعیا: (هەردوو ئیسحاحی شەست و چوار و شەست و پێنج).

٤٣- سڕینەوە (مسح): سرووتێکی ئاینی جوولەکە و مەسیحیشە، بەگوێرەی ئەو سرووتە، مرۆڤ بەڕۆن دەسڕڕێ، بۆ ئەوەی جێگیر و پیرۆز بکرێ، ناوی مەسیح لێرەوە هاتووە. (و . ع).

٤٤- دابە باوەکان وای کرد مەلەکی سادق (پاشای دادپەروەری) ببێتە پاشای شالیم (ئۆرشەلیم) لە وڵاتی کەنعان لە سەردەمی ئیبرام (ئیبراهیم)دا. کاتێک ئیبراهیم لە شەڕی میلامییەکان بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە، مەلەکی سادق، پیرۆزبایی و دەستخۆشیی لێ کرد و نازناوی "کاهینی ئیل عەلیون" و دەیەکی دەستکەوتەکانی پێ دا. (و . ع).

٤٥- بلعام: پەیامبەرێکی نەهرانی. لە کتێبی سەردەمی کۆندا هاتووە، بلەک، پاشای موئاب، ناردی بۆ نەفرەتکردنی ئەو عیبرانییانەی هاتبوون پەلاماری خاکی موئابییەکان بدەن، بەڵام بلعام، کاتێک خێوەتگەی ئیسرائیلییەکانی بینی، هیچی پێ نەکرا ئەوە نەبێ پیرۆزبایی لە گەلی یەهوە کرد. (و . ع).

٤٦- سفری دەرچوون، (ئیسحاحی بیست، ٥).

٤٧- سفری دووانەی یاسادانان، (ئیسحاحی بیست و هەشت).

٤٨- ولیەم وابرتۆن، (١٦٩٨ _ ١٧٧٩): نووسەر و پیاوێکی ئاینیی ئینگلیزە، کتێبێکی بەناوبانگی هەیە لەبارەی "شەریعەتی خوایانەی مووسا"وە، شارەزای مێژووی میسر بوو، دەگوترێ ئەم، ڕێگەی لە بەردەم شامپۆلیۆندا ئاسان کردووە بۆ کردنەوەی ئەلفابێی هیرۆگلیفینی. (و . ع).

٤٩- برگەیەک لە نامووسی مووسادا هەیە، دەکرێ ئەوەی لێ هەڵێنجێرێ ئاگەداری بیروباوەڕی میسرییەکان بووە کە پێیان وابوو نەفس لەگەڵ جەستە نامرێ؛ ئەم برگە زۆر گرینگە، لە ئیسحاحی هەژدەمی سفری دووانەی یاساداناندا هاتووە: "ڕاوێژ بەو فاڵگرەوانە مەکەن کە پاش وردبوونەوە لە هەورەکان، پێشبینی دەکەن، یان ئەوانەی مار بەخێو دەکەن، یان گیانی فیتۆن دەهێننە قسە، یان غەیب دەخوێننەوە، یان ئەو فاڵگرەوانەی پرسیار لە مردووان دەکەن و ڕاستییان لێ داوا دەکەن".

لەم بڕگەیەدا دەردەکەوێ، مادام فاڵگرەوان هەوڵی هێنانەوەی گیانی مردووان دەدەن، کەواتە بەگوێرەی ئەو سیحرە، نەفسەکان پاش مردنیش دەمێننەوە. بەڵام، لەوانەیە ئەو سیحربازانەی مووسا باسیان دەکات، هیچ نەبن جگە لە کۆمەڵێک فاڵچیی پریمیتیڤ نەبێ، هیچ لەبارەی ئەو شتانەوە نازانن کە باسیان دەکەن. خەڵکان لە خشتە دەبەن کە دەڵێن گوایە مردووان دەهێننە قسە و دەتوانن بەهێزی سیحرەکانیان، مردووان وەک پێش مردنیان لێ بکەنەوە، بێ ئەوەی بپرسن، ئاخۆ ئەم قسە و کردارانەیان ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە نەفسەکان، پاش مردنیش هەر دەمێنن. سیحربازان، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان فەیلەسووف نەبوون، بەڵکە، بەردەوام، تەڵەکەبازگەلێک بوون گەمەیان بەنەزانان کردووە. هەروەها دەتوانین تێبینی بکەین، سەیرە، وشەی فیتۆن لە سفری دووانەدا هاتبێ، ڕۆژگارێکی زۆر پێش ئەوەی عیبرانییەکان، ئەم وشە یۆنانییە بناسن.

ئەو زمانە، کێشەی ئاڵۆزی هەیە: تێکەڵەیەکە لە فینیقی، میسری، سریانی و عەرەبی؛ ئەم تێکەڵەیەش، ئەمڕۆ دەستکارییەکی زۆر کراوە. ئاخر، هەموو کات تەنیا دوو شێوازی کرداری لە زمانی عیبریدا هەبووە: ئێستا و داهاتوو؛ شێوازەکانی تر، لە ڕێی ماناوە دەزانرێ. زۆرجاران، دەنگگەلێکی جیاواز، بەپیتەیلێکی هاوشێوە دەربڕاون؛ یان روونتر بڵێین، ئەو پیتانە دەربڕی دەنگەکان نەبوون، داهێنەرانی خاڵبەندیش، قوڕەکەیان خەستتر کرد. چۆن بۆ هەر شێوازێک بیست مانای جیاواز هەیە؛ تاکە وشەیەکیش دەکرێ چەند مانایەک بدات و پێچەوانەکەشی.

جیا لەو ئاڵۆزییەش، زمانەکە، زۆر وشک و هەژارە: جوو کە لە هونەرگەل بێبەش کراون، چۆن دەتوانن باسی شتێک بکەن کە نایناسن. پوختەکەی: عیبری، لە چاو یۆنانیدا، زمانی جووتیارێکە لە چاو زمانی ئەکادیمییەکدا.

٥٠- سەردەمی تازە: بەشی دووەمی کتێبی پیرۆزە، بەهاتنی مەسیح دەست پێ دەکات کە لە بیست و حەوت سفر پێک دێ، برێتییە لە؛ هەر چوار ئینجیلەکە و کارەکانی پەیامبەران و نامەکانیان. هەرچی سەردەمی کۆنە، بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆزە. بیروباوەڕە ئاینییەکانی گەلی عیبرانی جوو و مێژووی ئەو گەلەیە. لە سی و نۆ سفر پێک دێ: پێنج سفرەکەی بەرایی برێتین لە: دروستبوون، دەرچوون، لاوییەکان، ژمارە، دووانەی یاسادانان؛ ئەم سفرانە باسی مێژووی عیبرانییەکان دەکەن لە سەرەتای دنیاوە، ئەڵبەت شەریعەتی مووساشی تێدایە. دوای ئەوان شەش سفرە مێژووییەکە دێن، ئەوجا پازدە سفرەکەی پێشبینییەکان، دواجار سێزدە سفرە یاساییەکە. (و . ع).

٥١- حزقیال (ئیسحاحی هەژدە، ئایەتی ٢٠).

٥٢- حزقیال (ئیسحاحی بیست، ٢٥).

٥٣- لە کۆتاییدا، هەر بۆچوونی حزقیال سەرکەوت؛ بەڵام گرووپێکی جوو مانەوە کە لەو باوەڕەدا بوون، لە پاڵ باوەڕبوونیان بە ئازارە تاهەتاییەکان، خوا، گوناهی باوکە ستەمکارەکان دەخاتە ئەستۆی ڕۆڵەکانیان: ئێستە ئەو سزایە وا دووچاری نەوەی پاش پەنجامین بووە، جیا لە ئازارە تاهەتاییەکان کە بەدوور نازانرێ. ئێمە دەپرسین، نەوەکانی جوو کە دەستیان لە کوشتنی یەسووعی مەسیحدا نەبووە، چۆن لە ئۆرشەلیم بوون و بەشداریی ئەو تاوانەیان نەکردووە، یان هەر جوویەک لە هەر کوێیەکی دنیادا بێ، چۆن دەکرێ لە دنیادا ڕۆڵەکانیان سزا بدرێ کە وەک باوکیان بێ خەتان؟ ئەم سزا دنیاییە، یان

ڕوونتر بڵێین، ئەم شێوازە جیاوازەی ژیان کە جوو لە گەلانی تر جیا دەکاتەوە و بەسەریاندا دەسەپێنێ، بازرگانی بکەن بێ ئەوەی نیشتمانێکیان هەبێ، هەر سزا نییە، بەبەراورد لەگەڵ ئەو سزا تاهەتاییانەی، بەسەر خۆیانیدا دەدەن گەر لە باوەڕەکەیان هەڵگەڕێنەوە، کە دەتوانن خۆیانی لێ بپارێزن گەر بەڕاستی بگەڕێنەوە سەر بیروباوەڕەکەیان.

٥٤- عولله و عوللیبە: جووتە خوشکێکی سێکسفرۆش بوون لە سفری حزقیالدا باسیان کراوە وەک سیمبولێک بۆ گەندەڵیی شانشینی ئیسرائیل کە ڕادەستی داگیرکەرانی بیانی و بتپەرستی بووبوو. (و.ع).

٥٥- ئەوانەی ویستیان لە سفرگەلی مووسادا، بیروباوەڕی جەهەنەم و بەهەشت بدۆزنەوە، وەک ئەوەی ئێمە مەزەندەیان دەکەین، بەلاڕێدا چوون و سەریان لێ شێوا؛ ئەم هەڵەیەشیان لە مشتومڕێکی ناڕەواوە لەبارەی مانای دەربڕینەکانەوە، سەری هەڵدا؛ لە دەقی لاتینیی تەوراتدا VULGATE وشەی "شیول"ی عیبری کە مانای "بنی بنەوە _ الهاویة"یە، بە "ئینفەرنوم _ INFERNUM" تەرجەمە کراوە، وشەی ئینفەرنومی لاتینیش کە تەرجەمە کراوە بۆ فرەنسی، کراوە بە "ENFER" واتە "دۆزەخ". هێندێک، ئەم لێتێکچوونەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی بڵێن گوایە عیبرانییەکان، هەردوو چمکی "ترتارۆس" (دۆزەخ) و "هادس" (شای دۆزەخ)یان زانیوە، وەک ئەوەی گریکەکان باسیان کردوون، نەتەوەکانی تریش پێش ئەمان ئەو چمکانەیان ناسیوە، بەڵام بەناوگەلێکی جیاوازەوە.

لە ئیسحاحی شازدەی سفری ژمارەدا (ئایەتەکانی ٣١ _ ٣٣) هاتووە، زەوی لەبن پێی قۆرح و داتان و ئەبیرامدا، قڵیشایەوە، خۆیان و خێوەت و ماڵەکانیانی قوت دا و فڕێیانی دا بۆ بنی بنەوەی چاڵەکە: بەدڵنیاییەوە، لەم برگەیەدا، ناوی نەفسی ئەو سێ عیبرانییە و ئازاردانەکانی دۆزەخ و سزای تاهەتایی، نەهاتووە.

بەڕاستی سەیرە، فەرهەنگی ئەنتیلەجێنسی، لە کاتی لێکدانەوەی وشەی دۆزەخدا، بڵێ عیبرانییە کۆنەکان باسی دۆزەخیان کردووە؛ ئەگەر ئەم قسەیەی ئەو فەرهەنگە ڕاست بێ، کەواتە لە نێوان پێنج سفرەکەی مووسادا، دژبەرییەکی بەرچاو هەیە. ئاخر چۆن دەبێ مووسا، لە تاکە برگەیەکدا باسی ئازارەکانی پاش مردنی کردبێ، کەچی لە شەریعەتەکەیدا باسی نەکردبێ؟ ئەوان لەم بۆچوونەدا پشت بەئیسحاحی سی و دووی سفری دووانەی یاسادانان دەبەستن (ئایەتەکانی ٢١ _ ٢٤)، بەڵام بەپچڕپچڕی، ئەمەش دەقی ئیسحاحەکەیە: "بەشتێک کە خواوەند نییە تەحەدایان کردم، بەناڕەوایەکانیان ناڕەحەتیان کردم، منیش بە شتێک کە گەل نییە و بەنەتەوەیەکی نەزان، تەحەدایان دەکەم. ئاگری تووڕەییم هەڵایسا، تا بنی بنەوەی چاڵەکە گڕ دەگرێ و زەوی دەخوا و چیاکان لە بنەوەڕا دەسووتێنێ؛ هەرچی شەڕ و ئافات هەیە بەسەریان دێنم. تیرەکانمیان تێ دەگرم، دەیانبینی وەختە لە برسان بمرن؛ داڵ دەیانخوا دوای ئەوەی لەشیان بەدەنووک کون دەکات؛ دەیانخەمە بەر گۆشتخۆران و مارە ژەهراوییەکان".

ئەرێ هیچ پێوەندییەک لە نێوان ئەم دەستەواژانە و بیرۆکەی دارکارییەکانی جەهەنەمدا هەیە وەک ئەوەی ئێمە تێی گەیشتووین؟ ئەم دەستەواژانە، گەر مانایەک بەدەستەوە بدەن، ئەوەیە، جووە کۆنەکان، هیچیان لەبارەی دۆزەخەکەی ئێمەوە نەزانیوە.

نووسەری ئەو بابەتەی باسی دۆزەخ دەکات، بڕگەیەکیش لە سفری ئەیوب (ئیسحاحی بیست و چوار، ئایەتەکانی ١٥ _ ١٩) دەکاتە پاڵپشتیی بۆچوونەکانی کە دەڵێ: "چاوی زیناکار لە تاریکیشدا دەبینێ، دەڵێ: هیچ چاوێک من نابینێ، دەموچاوی دەپۆشێ؛ تاریکیی ماڵەکانیش دادەپۆشێ. هێندە سووکە سەرئاو دەکەوێ، چ بەختێکی لەسەر زەوی نەماوە؛ بەنێو باخ و ڕەزاندا ناڕوات، لە بەفراوەوە بەرەو قرچەقرچی گەرما؛ تا پەناگۆییان نقومی گوناهانن"، یان "ئەوەی گوناهی گەورە بکات لە بنی بنیشەوە جێگەی نابێتەوە"، یان (بەپێی تەوراتی حەفتایینە) "گوناهەکانیان بەڕوویاندا درایەوە".

هەموو بڕگەکانم بەتەواوی و پیت بەپیت نووسیون، چونکە وا نەبێ، مەحاڵە، بۆچوونێکی دروستمان لە بارەیانەوە هەبێ.

تکاتان لێ دەکەم، ئەو بڕگانە، تەنیا وشەیەکیشی تێدایە ئەوە بگەیەنێ کە مووسا، جووی فێری ئەو بیروباوەڕە دیار و سانایە کردبێ کە باسی پاداشت و سزای پاش مردن دەکات؟

سفری ئەیوب هیچ پێوەندییەکی بەناموسی مووساوە نییە، زیاد لەوەش، ئەیوب جوو نەبوو؛ ئەوە بۆچوونی قدیس یێرنیمۆسە لە پرسە عیبرانییەکانیدا لەبارەی سفری دروستبوونەوە. ئاخر ئەو وشەی "شەیتان"ەی لە سفری ئەیوبدا هاتووە (ئیسحاحی یەکەم، ١، ٦، ١٢)، لای جووان، نەناسراو بوو، لە پێنج سفرەکەی مووساشدا نایدۆزنەوە. جوو، لە وڵاتی کلدانییەکان فێری ئەو ناوە بوون، وەک چۆن ناوی جوبرائیل و ڕۆفائیل لە کاتی بردنیاندا بۆ وڵاتی بابل، لەوێ فێر بوون. کەواتە، ئەیوب، پشتی پێ نابەسترێ.

هەروەها دوا ئیسحاحی سفری ئیشعیایان (ئایەتەکانی ٢٣و٢٤) هێناوە: "خوا دەڵێ: لە مانگێکەوە تا مانگێکی تر، لە شەمووەوە تا شەموو، هەرچی لەشولاری هەبێ دێتە بەردەمم کڕنووش دەبا؛ دەردەچن و لاشەی ئەوانە دەبینن کە لە من یاخی بوون. کرمەکەیان نامرێ، ئاگرەکەیان دانامرکێتەوە، تا چاویان لە ڕەزیلیی لەشەکان تێر دەبێ".

کە لاشەکان لە سەرەنوێلکەکان فڕێ دەدرێن، پێشانی ڕێبواران دەدرێن تا چاویان لێ تێر دەبێ، کرم دەیانخۆن، مانای وا نییە، مووسا، جووی فێری بیروباوەڕی نەمریی نەفس کردووە؛ هەروەها دەستەواژەی "ئاگرەکەیان دانامرکێتەوە"، مانای وا نییە ئەو لاشانەی پێشانی خەڵک دراون، سزای دۆزەخی تاهەتایی دەدرێن.

دوای ئەوە، چۆن پشت بەدەقێکی ئیشعیا دەبەسترێ بۆ ئەوەی بسەلمێنرێ، جوو، لە سەردەمی مووسادا، فێری بیروباوەڕی نەمریی نەفس کراون؟ ئیشعیا، ساڵی ٣٣٨٠، بەگوێرەی ڕۆژمێری عیبرانی، پێشبینییەکانی ڕاگەیاند، کەچی مووسا لە دەوروبەری ساڵانی ٢٥٠٠دا ژیاوە؛ نێوانی هەردووکیان هەشت سەدەیە. ئەمە سووکایەتییە بەهەستی تەندروست، یان هەر گاڵتەیەکە، کاتێک، مرۆڤ دێ ئازادیی شەهیدبوون دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگە کە گوایە نووسراوێکی دیاریکراو، گوزارە لە بیروباوەڕێکی دیاریکراو دەکات، بەگەڕانەوە بۆ چەند وردە شتێکی نووسەرێکی تر کە پاش هەشت سەد ساڵ دوای ئەو هاتووە، لە بنەڕەتیشدا، هەر باسی ئەو بیروباوەڕەی نەکردووە. ئەوەی گومانی تێدا نییە، نەمریی نەفس و پاداشت و سزای پاش مردن، لە سەردەمی تازەدا، ڕاگەیەندرا و بڕیاری لێ درا و تۆمار کرا؛ دیسان، ئەوەی گومانی تێدا نییە، لە هیچ جێیەکی پێنج سفرەکەی

مووسادا، باس نەکراوە. ئارنۆ، [ئەو لاهووتە فەرەنسایییەی (١٦١٢ _ ١٦٩٤) بەرگریی لە جانسینییەکان کرد لە دژی یەسووعییەکان (و . ع)] و نازناوی گەورەی لێ نراوە، لە کاتی بەرگریکردنی لە بۆر – ڕۆیال [بنکەی جانسینییەکان و دێرێک بوو لە قەراخ شاری پاریس (و.ع)]، بەڕوونی و بەدەنگی بەرز وای دەگوت.

ئەگەرچی، لەوێ ڕۆژێوە، جوو، باوەڕیان بەنەمریی نەفس هێنا، وەلێ دەرکیان بەگیانێتیی (ڕۆحانییەتی)، نەفس نەکردبوو؛ لەو باوەڕەدا بوون، وەک زۆربەی نەتەوەکانی تر، نەفس، شتێکی ئازادە، هەواییە، مادەیەکی سووکە و بڕێک لە خەسڵەتەکانی ئەو جەستەیەی هەڵگرتووە کە دەیژێنێ، هەر ئەمەشە ناو نرابوو "تارمایی" مردووان یان گیانەکانیان. هێندێک بابەکانی کڵێسا ئەم بیروباوەڕەیان هەڵگرت. لە بەشی بیست و دووی کتێبی "نەفس"دا ترتۆلیانۆس دەڵێ: "پێناسەی نەفس کە زادەی نەفسی خوایە، نەمرە، مادییە، بەرجەستەیە و لە ناوکرۆکدا ئاسانە".

بەڵام قدیس ئارانیۆس لە بەشی سی و چواری کتێبی دووەمیدا دەڵێ: "نەفسەکان وەک جەستە ڕوو لە نەمانەکان، مادی نین". دیسان دەڵێ: "یەسووعی مەسیح فێری کردووین کە نەفسەکان، وێنەی جەستەکان دەپارێزن". ڕاستییەکەی، ئێمە نازانین یەسووعی مەسیح لە کوێ ئەم بیروباوەڕەی فێر کردین، هەروەها، زەحمەتە لە مانای قسەکەی قدیس ئارانیۆس تێ بگەین.

قدیس هیلاریۆس، لە شەرحکردنی ئینجیلی مەتیدا، شێلگیرانەتر و بابەتییانەتر خۆی لەو دارەتە دەدات: ئەو بەڕوونی پێی وایە کە نەفس ناوکرۆکێکی مادیی هەیە "Corpoream naturae suae substantiam sortiuntur".

قدیس ئەمبرۆزیۆس لە کتێبەکەیدا لەبارەی ئیبراهیمەوە (باسی دووەم، بەشی حەوتەم) وای بۆ دەچێ، مادە، هیچی لێ ناکەوێتەوە، ناوکرۆکی سێکوچکەی پیرۆز نەبێ.

ڕەنگە ڕەخنەی ئەوە لەو نووسەرە بەڕێزانە بگیرێ کە لە فەلسەفەدا دەستکورتن؛ بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لاهووتەکەیان دواجار بەشێکی بەرچاو ڕاستیی تێدا بووە؛ ئاخر لەگەڵ ئەوەی لە سروشتی نادیاری نەفسیان نەزانیوە، کەچی دووپاتیان کردووەتەوە کە نەفس نەمرە و ویستووشیانە مەسیحییانە بێ.

بەڵێ دەزانین نەفس ڕۆحانییە، بەڵام خۆ نازانین ڕۆح چییە. ئێمە گەر هێشتە زۆرمان مابێ مادە بناسین، ئەوە مەحاڵە بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەبارەی نەفسەوە لا گەڵاڵە ببێ. ئێمە زۆر کەم دەرک بەوە دەکەین ئاخۆ هەستەکانمان چییان لەخۆ گرتووە، مەحاڵیشە، خۆمان بزانین، چی لەودیو هەستەکانمانەوەیە، ئێمە بڕێک وشە و دەستەواژە لەم زمانە ئاساییەی خۆمان فڕێ دەدەینە تەنگەبەرەکانی میتافیزیک و تیۆلۆجیاوە، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان، چەند ڕواڵەتیش بێ، لەبارەی شتگەلێکەوە لا دروست ببێ کە لە بەردەم مەزەندەکردن و گوزارەلێکردنیاندا دەستەوەستانین. چەندی یاری بەوشەگەلی جیاجیای وەک ڕۆح و هاوشێوەکانی بکەین، ناگەینە ئەنجامێکی یەکجارەکی دیار، ناگەینە تێگەیشتنێکی ڕوون: ئێمە نازانین چ دەڵێین کاتێک وشەی "ناوکرۆک _ گەوهەر" بەکار دێنین [وشەی ناوکرۆک یان گەوهەر substance لە زمانی فرەنساییدا لە sub واتە؛ ژێر یان بن و stance واتە بوون یان وجوود. (و . ع)]: ئەم وشەیە مانای، ئەوەی لە "بنەوەیە" یان "لە ژێرەوەیە"، کەواتە وریامان

دەکاتەوە کە شتێکە تێی ناگەین: باشە ئەو شتە چییە کە لە ژێرەوەیە؟ خۆ ئەگەر بڵێین ئەوە نهێنییەکانی خوان، کەواتە بەشی ئێمەی تێدا نییە. ئێمە، لەم ژیانە دنیاییەدا، نوقمی تاریکاییەکی قووڵ بووین؛ ئێمە شەڕی یەکتر دەکەین، لەم کۆڵان و ڕاڕەوە تاریکانەدا، کوێرانە، خۆمان پێکدا دەدەین، بێ ئەوەی بەتەواوی بزانین لە پێناوی چیدا شەڕ دەکەین.

گەر بمانەوێ سەر لە هەموو ئەوەی باسمان کرد دەربکەین، هیچ چارمان نییە دەبێ بڵێین، مرۆڤێکی عاقڵ گەر لە هەموو ئەمانە ئەوە هەڵنەئێنجێ کە پێویستە دەرهەق بیر و بۆچوونی ئەوانی تر لێبووردە بین، تا ئەوانیش بەرانبەرمان لێبووردە بن.

ئەم تێبینییانە، سەرلەبەریان، لە نێوەڕۆکی بابەتەکە دوور نین کە برێتییە لەوەی ئاخۆ دەبێ مرۆڤگەل لێبووردە بن بەرانبەر یەکتر. خۆ ئەگەر لەم لایەنەوە و یان لە فیسارە سەردەمدا هەڵەیەک ڕووی دابێ، ئەوە دەری دەخات، مرۆڤ لە هەموو سەردەمەکاندا، ناچار بوون، بەرانبەر یەکتر لێبووردە و نەرمونیان بن.

٥٦- سددووقییەکان: گرووپێکی جوون لە کتێبی سەردەمی تازەدا وەک تایەفەیەکی ڕکابەری فڕیسییەکان ناویان هاتووە. سددووقییەکان، کەمینەیەکی ڕۆشنبیر بوون، هەموویان دەوڵەمەند و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرز بوون. ڕەنگە ناویان لە سادووق، سەرۆکی کاهینەکانی سەردەمی داوود و سولەیمانەوە هاتبێ، هەر ئەو سادووقە، سەرۆکایەتیی کاهینەکانی لە دەستی بنەماڵەکەیدا هێشتەوە تا سەردەمی مەککابییەکان. (و . ع).

٥٧- بیروباوەڕی قەزاوقەدەر لای تێکڕای مرۆڤایەتی، بیروباوەڕێکی تا بڵێی کۆنە. لای هۆمیرۆس زۆر دەنگی دابووەوە. جۆبیتێر، ویستی ژیانی سربدۆنی کوڕی ڕزگار بکات، بەڵام قەدەر حوکمی مردنی بەسەردا دا: جوبیتێر، ملکەچبوون بۆ حوکمەکە زیاتر، هیچی تری لە دەست نەهات. قەدەر، بەلای فەیلەسووفانەوە، برێتی بوو لە ڕیزبەندیی هەر دەبێی هۆکار و ئەنجامگەلی سروشت، یان ئەو ڕیزبەندییەی خوا دەستنیشانی کردووە، ئەم مەزەندەیەیان ڕاستیی زیاتر تێدایە. سەرلەبەری بیروباوەڕی قەزاوقەدەر، لەم دێرە شیعرەی لانایۆس سنیکادا، چڕ بووەتەوە:

"قەدەر ڕێنوێنیی ئەوە دەکات گوێڕایەڵە

ئەوەی لاملیش بکات بەڕاکێشان ڕای دەکێشێ".

Ducunt volentem fata, nolentem trahunt

هەموو کات، کۆدەنگییەک هەبووە کە؛ خوا، گەردوون، بەیاساگەلێکی ئەزەلییانەی گەردوونی و جێگیر، بەڕێوە دەبات: ئا ئەم ڕاستییە، سەرچاوەی ئەو شەڕەقسە و مشتومڕە بەردەوامە بوو لەبارەی ئازادییەوە، ئاخر، کەس نەیتوانی بەوردی پێناسەی ئازادی بکات تا لۆک _ ی دانا هات. لۆک گوتی: ئازادی؛ توانای کردارە، خوا ئەو توانایە دەدا؛ مرۆڤ، کە ئازادانە بەپێی فەرمانە ئەزەلییەکانی خوا، هەڵسوکەوت دەکات، لە تایەیەک لە تایەکانی ماشێنێکی دنیاییی گەورە زیاتر شتێکی تر نییە. مشتومڕ لەبارەی ئازادییەوە زۆر کۆنە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا نەبێ، کەس، کەسی سەبارەت بەو بابەتە، نەچەوساندووەتەوە. چەند گێلێتییە، کەسێکی وەک ئارنۆ یان ساسی [١٦١٣ _ ١٦٨٤، لاهووتییەکی جانسینی و وەرگێڕی کتێبی پیرۆز بۆ زمانی فەرەنسایی. (و . ع)]، یان نیکۆڵ [١٦٢٥ _ ١٦٩٥،

نووسـەرێکی جانسـینی و وانەبێژ بوو لە دێری بۆر _ رۆیال. (و . ع)] و خـەڵکانی تریش کە چراگەلی فرەنسا بوون، شاربەدەر بکرێن یان فڕێ بدرێنە زیندانەکانەوە.

٥٨– دۆناودۆن (تناسخ): چیرۆکی دۆناودۆن (تناسخ)، لە هیندستانەوە گەیشتووەتە ئێمە، هیندستان، ئەفسانەگەلێکی زۆرتری لەوەی باس دەکرێ بۆ ئێمە ناردووە. ئەم بیروباوەڕە، لە کتێبە نایابەکەی پازدەمی ئۆفید "ئاڵوگۆڕەکان"دا شەرح کراوە. بەهەموو دنیادا بڵاو بووەوە، هەردەمیش دژایەتی کراوە. بەڵام هەرگیز کاهینێکی سەردەمە کۆنەکانمان نەبینیوە، فەرمانی بەندکردن یان شاربەدەرکردنی قوتابییەک لە قوتابییەکانی فیساگۆرس بدات.

٥٩– ئەسینییەکان: سێیەمین تایەفەی جوو، لە پاڵ فریسی و سددووقییەکاندا. ئەسینییەکان بەخواپەرستی و لە خواترسان بەناوبانگ بوون، نیشتەجێی دوورەشاران بوون، شێوازی ژیانیان، تا ئاستێک، سۆشیالیزمانە بوو، ماڵ و جلکوبەرگیان هاوبەش بوو، جلکەکانیان سپیی سادە بوو، وەڵامی خراپەیان بەچاکە دەدایەوە، هێندێک نووسەر لەو باوەڕەدان، مەسیح، لەم تایەفەیە بوو کە ئەندامەکانیان بەخۆشۆر ناو دەبران. (و . ع).

٦٠– جووە کۆنەکان، میسرییەکان و گریکەکانی هاوسەردەمیشیان، هیچ کامیان لەو باوەڕەدا نەبوون کە نەفسی مرۆڤ پاش مردنی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. جوو پێیان وابوو، ڕۆژ و مانگ، هەر چەند فەرسەخێک لە سەروو ئێمەوەن، لە یەک بازنەدان، ئاسمان، گومبەتێکی ئەستوور و تۆکمەیە و خۆی لەبەر قورسایی ئەو ئاوەدا دەگرێ کە لە کونەکانییەوە دەبارێ. کۆشکی خواوەندەکان لای یۆنانییە کۆنەکان لەسەر چیای ئۆڵەمپ بوو. بەڵام مەزاری پاڵەوانانی پاش مردن، لە سەردەمی هۆمیرۆسدا، لە دوورگەیەکی پشت زەریاکان بوو، ئەسینییەکان هەمان بیروباوەڕیان هەبوو.

هۆمیرۆس فێری ئەوە بوو، هەر ئەستێرەیەک لە ئەستێرەکانی بەناوی خواوەندێکەوە ناو دەبرد، مرۆڤی زەوی نەیاندەویست خواوەندێک بۆ مانگ دابنێن و دانیشتوانی مانگیش هەروا بوون. جۆنۆن و ئیریس، شوێنی دانیشتنیان نەبوو لە هەوردا نەبێ، کە جێپێی کەسی پێوە نییە. سابیئە، لەو باوەڕەدا بوون، هەر خواوەندێک و ئەستێرەیەکی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەستێرەکە، ڕۆژە، بۆیە نیشتەجێبوون لێی، مەحاڵە، مەگەر بۆ کەسێک نەبێ کە سروشتەکەی لە ئاگرەوە بێ. کەواتە، بێهوودەیە، بپرسین، پێشینان چۆن بیریان لە ئاسمان کردووەتەوە: باشترین وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەوەیە؛ بیریان نەدەکردەوە.

٦١– ترتارۆس: شانشینی دنیای خواروو لای یۆنانییەکان، نەفسەکانیش پاش مردن بۆ ئەوێ دەچن، لاهووتە مەسیحییە پێشەنگەکانیش ئەو دنیایەیان بە: دۆزەخ لێک داوەتەوە. (و . ع).

٦٢– ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و دوو، ئایەتی ٤.

٦٣– ئینجیلی لۆقا، بەشی چواردە.

٦٤– ئینجیلی لۆقا، بەشی چواردە، ئایەتی ٢٦ و دواتر.

٦٥– ئینجیلی مەتی، بەشی هەژدە، ئایەتی ١٧.

(*) باجگر: ئەم وشەیەم بۆ ئەو کەسانە بەکار هێناوە کە باجی پاشایان و سەرانی کۆن و ئاغا و دەرەبەگەکانی سەردەمی نوێ وەردەگرن. وشەکەم لە ناوی کانییەکەوە وەرگرتووە کە دەکەوێتە سەر ئەو کێوەی هەردوو دەڤەری قەرەداغ و سەنگاو (سلێمانی _ کوردستانی عێراق) لێک جودا دەکاتەوە و لە

نێزیکەی سەر ئەو شاخە و نێزیک ڕێگەی گشتی، کانییەکی لێیە، ناوی کانیی باجگرەیە (هێندێک پێی دەڵێن کانیی باجگە). لە دۆستێکی خەڵکی ئەو ناوچەیەم پرسی ئەو پێی وابوو ناوی تەواوی کانییەکە: کانیی باجگرە. ناوەکەش (باجگرە)، هەر دەبێ بەناوی ئەو کەسانەوە بێ کە گونداوگوند گەڕاون باج و خەراج و سەرانەیان لە خەڵکەکە بۆ پاشا، ئاغا و دەرەبەگەکانی سەردەمە جیاجیاکان کۆ کردووەتەوە. (و . ک).

٦٦- سنحدرین: وشەیەکی لە بنەڕەتەوە، گریکییە، مانای کۆمەڵبوون یان دادگە؛ ئەم ناوە لە دادگەی جووان نرا، بەتایبەت دادگەی ئۆرشەلیم. سنحدرین، لە سەرەتای سەردەمی زایندا لە حەفتا و یەک ئەندام پێک دەهات، پۆلیسی تایبەتی خۆی هەبوو، لای ڕۆمانەکان، پاش نەمانی شانشینی، بایەخێکی زۆری پەیدا کرد و بووە دەسەڵاتی نێوەخۆیی، بەڵام نەیدەتوانی بەتەنیا، حوکمی لەداردان بدات. (و . ع).

٦٧- زبدی: باوکی یۆحنا و یەعقووب. (و . ع).

٦٨- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و سێ.

٦٩- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و شەش، ئایەتی ٥٩ .

٧٠- ئینجیلی مەتی، بەشی بیست و شەش، ئایەتی ٦١.

٧١- زۆر قورس بوو، گەر نەڵێین مەحاڵ بوو، جوو، لەوە تێ بگەن، بێ ئەوەی وەحیی تایبەتیان بۆ بێت، ئەو نهێنییەی وەسپ ناکرێ ئەویش؛ بەرجەستەبوونی کوڕی خوایە. واتە؛ خوا بۆ خۆی. سفری دروستبوون (ئیسحاحی شەشەم)، کوڕی مرۆڤە مەزنەکان بەکوڕی خوا وەسپ دەکات؛ هەروەها درەختە بۆنخۆشە گەورەکان لە مەزامیر (ئیسحاحی حەفتا و نۆ، ١١)، بە درەختی خوا ناو براون. سامۆئیلی (سفری پاشایان [هەڵەیە: ڕاستەکەی، سفری سامۆئیلە (و . ع)] یەکەم، ئیسحاحی شازدە، ١٥) دەڵێ ترسێکی خوایی بەنێو گەلدا بڵاو بووەوە، واتە ترسێکی مەزن؛ ڕەشەبای بەهێز، گیانی خوایە، کە شائولیش دەستی لێ وەشێنرا، گیانێکی خراپ بوو لەلایەن خواوە. بەڵام جوو، وا دیارە، وشەکە چۆنە "کوڕی خوا" وەک خۆی لە وشەکە تێ گەیشتوون، بۆیە، ئەو قسەیەی مەسیحیان بە کوفر وەرگرت، ئەوەش، بەڵگەی بێ ئاگایانە لە نهێنیی بەرجەستەبوون، نهێنیی خوا و کوڕی خوا، کە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی ڕەوانەی زەوی کرا.

٧٢- فستۆس: والیی ڕۆمانی سەر جوو، ملی بۆ ئەو داوایەی جوو نەدا کە داوایان کرد، پۆڵسی پەیامبەر سەرکۆنە بکات، ناردی بۆ ڕۆما تا لەوێ وەک هاووڵاتییەکی ڕۆمانی داوەری بکرێ. (و . ع).

٧٣- مەبەست بەرگرییەکەی ترتۆلیانۆسە. (و . ع)

٧٤- لێرەدا مەبەست کتێبەکەیەتی لەبارەی سێکوچکەوە. (و . ع)

٧٥- لەمەدا مەبەست کتێبەکەی ڕێنوێنییە خواییەکانە. (و . ع)

٧٦- دۆناتییەکان: لایەنگرانی دۆناتۆس، قەشەی نۆمیدیا لە تونس (دەوروبەری ٣٥٥ی زاین کۆچی دوایی کردووە)؛ کڵێسا، سەرکۆنەی کردن و بەهەرتووقی حسێبی کردن، چونکە زۆر زێدەڕۆییان کرد و خەسڵەتی مەسیحیشیان لە هەموو ئەوانە سەندەوە کە بەناچاری و لەژێر باری چەوسانەوەدا لە مەسیحیبوون پاشگەز دەبوونەوە، هەرچەندە ئەوانە داوای گەڕانەوەشیان بۆ کڵێسا بکردایە. (و . ع)

# پەڕگیری
# نەخۆشیی بیری ئیسلامییە

ڕۆجێ گارودی

**سەرەتایەک:**

ڕۆجییە گارودی، فەیلەسووف و نووسەری فرەنسایی، لە ساڵی ١٩١٣ لە مارسیلیا لە فرەنسا لەدایک بووە، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە پرۆتستانت، دواتر چووەتە ریزی حزبی شیوعیی فرەنسایی، لە ساڵی ١٩٤٥دا بووەتە ئەندامی پەرلەمان، لە ساڵی ١٩٥٣ دوکتۆرای فەلسەفەی لە زانکۆی سۆربۆرن بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٥٤ دوکتۆرای لە زانستەکاندا لە مۆسکۆ وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ ئەندامییەتیی ئەنجوومەنی پیرانی فرەنسا هەڵبژێردراوە و سەنتەری باس و لێکۆڵینەوە مارکسییەکانی دامەزراند، کە ماوەی ١٠ ساڵ سەرۆکی بوو. هەر لەو ساڵەدا –بەهۆی ڕەخنەگرتنی بەردەوامی لە یەکەتیی سۆڤییەت– لە حزبی شیوعی دەرکرا.

بەهۆی ئەوەی ئەندامی دایەلۆگی مەسیحی–شیوعی بوو لە شەستەکانی ڕابردوودا لە ئاین نێزیک بووەوە، لە حەفتاکاندا هەوڵی دا کاسۆلیکییەت و شیوعییەت پێکەوە گرێ بدا. لە ساڵی ١٩٨٢دا موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و ناوی خۆی گۆڕی بۆ (ڕەجا گارودی).

گارودی ئاماژەی بەوە دا کە ژیاری ڕۆئاوا لەسەر بناخەی تێگەیشتنێکی هەڵە لە مرۆڤ بنیات نراو و ئامانج و واتای لە ژیاندا بزر کردووە، هەمیشە بەدوای پرسیاری "چۆن"دا دەگەڕێ و قەت بە دوای پرسیاری "بۆچی"دا ناگەڕێن بۆ نموونە دەپرسێ: چۆن بچینە سەر مانگ؟ بەڵام قەت ناپرسێ: بۆچی بچینە سەر مانگ؟ ئاخۆ چوونە سەر مانگن کە دەیان ملیا. ب هەر بۆیە بەدوای ئەو واتایەدا دەگەڕا و ڕێی تێ دەچێ، بۆ مرۆڤایەتی گرینگتر و لە پێشترە یان بنبڕکردنی هەژاری

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

و برسیەتی؟ لێرەوە پێشکەوتنێکی گەورە لە ئامرازەکاندا هاتووەتە دی، بەبێ ئەوەی ئامانج و بەها مرۆڤایەتییەکان پێ بەپێی ئەوە پێش بکەون.

گـــارودی رای گــەیاند لە ئاینی ئیـــســـــلامـــدا ئەو واتا ژیانیـــــەی دیوەتەوە، بەڵام دوای موسڵمانبوونیشی هەر پابەند بوو بە بەهاکانی دادگەریی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لە حزبی شیوعی و لە فەلسەفەی مارکسیزمدا باوەڕی پێ هێنابوو و پێی وا بوو ئیسلام لەگەڵ ئەو باهایانەدا گونجاوە و بەباشیش پراکتیکیان دەکات.

دوای موسڵمانبوونی ژمارەیەک کتێبی نووسی لەوانە: (بەڵێنەکانی ئیسلام، ئیسلام ئاینی داهاتووە، ئیسلام و قەیرانی رۆئاوا، گفتوگۆی ژیارەکان، بەرەو شەڕێکی ئاینی).

لە کۆتاکانی نەوەدەکاندا دەنگی ئەوە لە هەندێ لە میدیاکاندا بڵاو بووەوە کە لە ئیسلام پاشگەز بووەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی رەخنەی لە مەرجەعیەتی سوننە (سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامی) و شێوەی نوێژکردن گرت ئاماژەی بەوە دا کە ئەو لە بەهاکانی مارکسییەت پاشگەز نەبووەتەوە. هەندێکی تر پێیان وا بوو ئەوە دەنگۆیە تەنیا هەڵمەتێکی راگەیاندنە کە "زایۆنیزم" بۆ لەکەدارکردن و پەراوێزخستنی ناوبراو دەیدەن بەتایبەت دوای ئەوەی لە کتێبی "ئەفسانەکانی داڕێژەری سیاسەتی ئیسرائیلی"دا گومانی خستە سەر قەبارەی راستەقینەی رووداوی کۆمەڵکوژیی جولەکەکان لەلایەن نازییەکانەوە (هۆلۆکۆست) و بەو هۆیەوە دادگەیی کرا.

گارودی لەم بابەتەدا، کە بەشێکە لە کتێبی "نحو حرب دينية" بەناونیشانی (التطرف الاسلامي مرض الاسلام)، پێی وایە ئیسلام شەریعەت و فیقهە، ئەوەی زیندووە و گۆڕانی بەسەردا نایەت شەریعەتە، کە بریتییە لەو بەها مرۆیی و ئەخلاقییانەی هەموو ئاینەکان هێناویانە و زیاتر لە ٩٥٪ی ئایەتەکانی قورئانیش جەخت لەو بەهایانە دەکەنەوە. هەرچی فیقهە، واتە ئەو یاسایانەی وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی رێک دەخەن و نزیکەی ٢٠٠ ئایەتن لە کۆی ٦ هەزار ئایەتی قورئان، لەوانە سیستەمی سزاکان، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان دەگۆڕێن و مەرج نییە، بۆ نموونە، یاساکانی باری کەسایەتی و سزای دەستبڕینی دز کە قورئان دای ناون لەم سەردەمەیشدا کاریان پێ بکرێ و بە بڕیارێکی ئەبەدی دابنرێن. ئەو پێی وایە خوا بە زمانی ئەو سەردەمە و بە لە بەرچاوگرتنی سروشت و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکانی ئەو قۆناخە مێژووییە ئەو یاسایانەی داناوە و دەکرێ کۆمەڵگەکانی دواتر بە سوودوەرگرتن لە بەها گشتییەکان و ئامانجی دەقەکان، یاسای نوێ و جیاواز لەوانە و گونجاو لەگەڵ سەردەمی نوێدا بۆ خۆیان دابنێن.

گارودی پێی وایە پەڕگیریی ئیسلامی، بە لافلێدانی ئەوەی هەڵگری راستیی رەهایە و هاوکات پێداگیریکردنی لەسەر پابەندبوونی حەرفییانە و دەقاودەق بەو دەقە یاساییانەوە و رەتکردنەوەی نوێکردنەوەی سیستەمە یاساییەکان، نەخۆشییە بۆ ئاین و بزاڤە ئیسلامییەکان.- (عومەر).

***

پەرگیریی ئیسلامیی نەخۆشیی ئیسلامە، هەروەک ئوسوڵییەت (فەندەمێنتاڵیزم) نەخۆشیی گشت ئاینەکانە. ئوسوڵییەت بریتییە لەوەی کەسی ئوسوڵی لافی ئەوە لێ بدات کە ئەو هەڵگری راستیی رەهایە و لێرەشەوە، نەک تەنیا مافی هەیە، بگرە ئەرکی سەرشانیەتی ئەو "راستی"یە بەسەر هەمووان‌دا بسەپێنێ، ئەگەر بە ئاگر و ئاسنیش بووە.

یەکەم ئوسوڵییەت نەزعەی ئیمپریالیزمییانەی رۆئاوایە، کە سەرەتا بۆ پاساودانی پەلامار و داگیرکارییەکانی و لەو روانگەوە کە خۆی بە "گەلی هەڵبژاردەی خوا" دەزانی، بەرفراوانکردنی سەرتاپاگیری ئاینەکەی -کە بە بالاترین ئاینی دنیای دادەنا- کردە بیانوو. دوای پاشەکشەی کڵێساکانیشی، ئەو هەر خۆی بە سەنتەری جیهان و تاکانە خولقێنەری بەهاکان دادەنا و لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمیشەوە دەستی دایە ئەوەی کولتوورە تەکنیکی و بازرگانییەکانی خۆی، کە ناوی مۆدێرنیتەی لێ ناوە، بەسەر دنیادا بسەپێنێ.

هەموو ئوسوڵیاتەکانی تر، لە شۆڕشی کولتووریی چینەوە، تا دەگاتە پەرگیریی ئیسلامی، پەرچەکرداری ئەو ئوسوڵییەتە ئیمپریالیزمییەن، ئەویش لەپێناو خۆپاراستن لە پاشکۆیەتی و رزگارکردنی ناسنامەدا، با ئەو ناسنامەیە لەوپەڕی کۆنی و ئەفسانەییشدا بێ، ئەویش ناسنامەی دژ بە رۆشنبیریی هاوردە و "گەڕانەوە بۆ بنەماکان"ە، بۆ سەردەمێکی زێڕینی دوور، کە لە رابردوودا بووە.

لەو کاتەدا لافلێدانی رۆئاوا بەوەی ئەو تاکانە "کولتوور"ە نەک یەکێک لە کولتوورەکان، بە ئەفسانەی ئیسلاماندن بەرەنگاری دەکرێ، کە سروشتە هەمەلایەنەکەی ئیسلام بە واتای "خۆبەخودا سپاردن"التسلیم لله" لە بیر دەکات و خۆی وەک خاوەنی "راستیی رەها" پێشکێش دەکات.

هەڵەیە پێمان وابێ پەرگیریی ئیسلامی هیچ نییە جگە لە شکڵێکی نوێ و شووم لە هەموو بارودۆخەکاندا و زادەی شکستی پرۆژە نەتەوەیی و ئیشتراکییەکانی جیهانی ئیسلامییە. هەروەک هەڵەیە بیبەستینەوە بە چەند کارتێکەرێکی دەرەکییەوە (کە ئەو کارتێکەرانە گرینگیی خۆیان هەیە لە گۆڕینی ئاراستەی بزاوتەکەدا، بەلام ئەوان سەرچاوەی نین) وەک چاوکردن لە شۆڕشی ئێرانی، یان پارەدارکردنی لەلایەن عەرەبستانی سعوودیەوە.

سەرچاوە قووڵەکانی ئەوەی ئەمڕۆ روو دەدات بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە کاتێ بزاوتی رێنیسانس (بێداربوونەوەی ئیسلام) لەسەر دەستی بیرمەندانی وەک جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٩٧ مردووە) کە لە ساڵی ١٨٨٣دا رووبەڕووبوونەوەیەکی هزریی گەرموگوڕی لەگەڵ ئەرنست رینان هەبووە. یان محەمەد عەبدە (١٩٠٣ مردووە)، ئەنجا رەشید رەزا (١٩٣٥ مردووە)، یان حەسەن بەنا (١٩٤٩ مردووە)، یان محەمەد ئیقبال لە هندستان (١٩٣٨ مردووە)، یان مالک بن نبی (١٩٧٣ مردووە)، یان شێخ بن بادیس (١٩٤٠ مردووە).

پرسی سەرەکی لای ئەم نەوەیە لە بیرمەنداند روون و ئاشکرایە. لەو کاتەوە ئەفغانی سەرقافڵە دەستی بەکارەکەی کردووە گرفتە بنچینەییەکە خراوەتە روو. هەروەها لە هەمان کاتدا لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و شکهەڵاتنی روحی کە لە ئەنجامی تەئویلێکی سەلەفییانەی رۆچوو لە کۆنیدا بۆ یاسارێژیی ئیسلامی هاتە کایە، هەروەک فراوانخوازیی ئیمپریالیزمی رۆئاوایی کە ئەو لێکهەڵوەشانە سیاسی و داتەپینە فیکرییەی خێراتر کرد، خستییە روو.

ئەفغانی رێگەی لێکۆڵینەوە و گەڕانی دەست پێ کرد کە سەدەیەکی تەواو درێژە دەکێشێ و لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی پەرە دەسێنێ:

١- هەموو رێنسانسێکی سیاسی و روحیی ئیسلام پێویست بە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز دەکات، خوێندنەوەیەک ئازاد بێ لە تەفسیراتە وشک و وشکەوەکەرەکانی زانا رەسمییەکان.

٢- ناکرێ گرفتی مۆدێرنێتە لە روانگەی ئایدیۆلۆجیایەکی رۆئاواییەوە، کە بە "نوێ"ی دادەنێن، چارەسەر بکرێ، ئایدیۆلۆجیایەک کە ئامانجە کۆتاکانی مرۆڤ فەرامۆش دەکات و کاری عەقڵ لە گەڕان بە دوای ئامرازە تەکنیکییەکانی هێز و دەوڵەمەندیدا قەتیس دەکات، کە بناخەی نەزعە ئیمپریالییە سەربازی و ئابووری و کولتوورییەکەیەتی.

ئەمەیە پاڵنەری بنچینەیی ئەو ئیلهامە، کە لە ماوەی سەدەیەکدا سەروبنکردن و لادانی زۆری بەخۆوە بینیوە.

هەموو شتێک لە بنەمای بنچینەیی ئیسلامەوە دەست پێ دەکات کە یەکتاپەرستی (توحید)ە، واتە دانانان نەک تەنیا بە تاکانەیی خوادا، بگرە بە تاکانەیی هەموو واقیعێکدا، بە تاکانەییی هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتیشەوە. ئەفغانی دەڵێ "تایبەتمەندیی ئیسلام ئەوەیە ئامانج دەداتە هەموو کردارێک لە دنیایەکدا کە عەقڵانییەتی رۆئاوا لە رێی ئامرازپەرستییەوە بەرەو بێواتایی پەلکێشی دەکات".

یەکتاپەرستی (رێبازی یەکایەتی) پرەنسیپی هەموو بیرێکی رەخنەگرانەیە لە ئیسلامی زیندوودا، تەنانەت لە تۆمەتبارکردنی نەریتەکانیشدا کاتێ تووشی وشکهەڵاتن دێن. ئەفغانی لە وەڵامدانەوەکەیدا بۆ رینان (١٨ ئاداری ١٨٨٣) روونی دەکاتەوە کە چۆن ئیسلام لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی سیازدەیەمی زاینی توانی زانستەکان ببزوێنێ، تا ئەو رادەیەی بوو بە مامۆستای جیهان لە شاخەکانی "بیرینی"یەوە تا دەگاتە شاخەکانی هیمالایا، دوای ئەوە تووشی داتەپین (اخطاط) بوو، ئەویش دوای ئەوەی بیری رەخنەگرانە (ئیجتیهاد)ی تێدا کوژایەوە و دۆگمایی موفەسیرە فەرمییەکانی شەریعەت باڵی بەسەردا کێشا، ئەو دۆگماییەی بۆ ملهوڕەکان زۆر بەنرخە.

بەهەمان گیان محەمەد ئیقبال لە کتێبەکەی "بیناکردنەوەی بیری ئاینی لە ئیسلامدا" ئاماژەی بەوە دا کە "ئیجتیهاد بنەمای جووڵەیە لە ئیسلامدا". ئیقبال دەڵێ "قورئان برێتی نییە لە کۆمەڵێ حوکمی شەرعی.. بگرە ئامانجی ئەوەیە هۆشیارییەکی باڵا لە مرۆڤدا بورووژێنێ لەبارەی پێوەندییەکانی لەگەڵ خوا و گەردووندا.. پێم وایە داواکردنی تەفسیرکردنەوەی حوکمە شەرعییە بنچینەییەکان لەبەر رۆشنایی مەرجە جیاوازەکانی ژیانی نوێدا قسەیەکە پاساوی تەواوی هەیە. قورئان فێرمان دەکات ژیان پرۆسەی خولقاندنێکی بەردەوامە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ هەر نەوەیەک مافی ئەوەی هەیە خۆی کێشە تایبەتەکانی چارەسەر بکا، ئەویش لە رێی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پێشینەکان، نەک ئەو ئەزموونە بکرێتە کۆسپ".

هەڵەی بنچینەیی و باوەکوشتەی داهاتووی ئیسلام بە وردی ئەوەیە ئەم پرەنسیپی جووڵەیە رەت بکرێتەوە، هەر ئەوەیش وای لێ دەکات لە ئاست سازکردنی پرۆژەیەکی ئایندەیی بۆ چارەسەری کێشەکانی سەردەمی خۆی دەستەپاچە بێ.

ئەوەی توێژەران ناویان ناوە "پەرگیریی ئیسلامی"، نەخۆشییەکە لە ئیسلامدا، لەبەرئەوەی شەریعەت، کە برێتییە لەو رێگە ئەخلاقییە ئەبەدییە سەرتاپاگیرەی هەموو پێغەمبەران بەناوی خواوە دەستیان پێ کردووە، لەگەڵ یاسادانان (فیقهـ)دا، کە دەکرێ لە هەر سەردەمێکدا بۆ چارەسەری گرفتەکان لە شەریعەتەوە ئیلهام وەربگرێ، تێکەڵ دەکات.

ئەم نەخۆشییە، بۆ نموونە، لەوەدا دەردەکەوێ کە دەیەوێ سزاکانی سەدەی حەوتەمی زایینی (وەک برینی دەستی دز، یان شەلاقلێدانی زیناکار، فەقیهەکانیش، بەپێچەوانەی ویستی قورئانی پیرۆز و بەناوی لاساییکردنەوەوە، سزای بەردبارانکردن تا مردنیان بۆ زیاد کردووە) جێبەجێ بکا و یاسای مەدەنی و یاسای باری کەسایەتی کە لەگەڵ هەلومەرجە مێژووییەکانی سەدەی حەوتەمدا گونجاو بووە، لە کاروبارەکانی زەواج و تەڵاق و میراتگریی ئەمرۆدا جێبەجێ بکا.

بانگەشەکردن بۆ پیادەکردنی شەریعەت، لەبارێکدا شەریعەتی ئیلاهی، وەک کە قورئان باسی کردووە، لەگەڵ فیقە، واتە ئەو پیادەکردنە بەشەرییانەی لە مێژوودا کراون، تێکەڵ دەکرێ، تا ئێستە پەرگیریی ئیسلامی دەشێوێنێ.

ئەم بزاوتە کە هەقی تەواوی بەدەست بوو لە رەتکردنەوەی داتەپینی رۆئاوا و دووڕوویییەکەی لەوەی لافی "هەق" لێ دەدات و رەتکردنەوەی بۆ هەموو فێڵ و تەڵەکە و پیلانەکانی مەیلی ئیمپریالیزمانە و هاوکاری لەگەڵ "تاکانەیی بازاڕ" کە ئەمەریکا و شوێنکەوتە رۆئاواییەکانی دەیانەوێ بە فەرمانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بیسەپێنن، ئەم بزاوتە خۆی بە "شکستە" دەبینێ کاتێ بابەتەکە پێوەندیی بە هاتووەوە هەبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا، شەریعەتی قورئانی لە توانایدا هەیە ئەو پرەنسیپانە ببەخشێ کە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و گەڕاندا بە دوای دۆزینەوەی ئامرازەکانی نوێخوازییەکی تر جیاواز لە مۆدێرنێتەی رۆئاوا، پێویستن.

قورئان خۆی فێرمان دەکات کە ڕێگەی ئیلاهیی ئەبەدی (شەریعەت) -کە ٥٨٠٠ ئایەتە لە کۆی ٦ هەزار ئایەت- لە ٢٠٠ ئایەتی تایبەت بە حوکمە شەرعییە مێژووییەکان، کە وا بەستەی هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمە بوون، جیا بکەینەوە.

بۆمان نییە ئەو دوو جۆرە بە یەک چاو سەیر بکەین بە پاساوی ئەوەی هەموویان لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون. مێژوویی‌بوونی ئەم یان ئەو حوکم قەت "باڵایی"ی پرەنسیپەکە ڕەت ناکاتەوە. ڕەنگە، بۆ وەڵامدانەوەی دۆخگەلێکی نوێ، ئایەتێک نەسخ بکرێتەوە و ئایەتێکی نوێ لە جێیدا دابنرێ. " مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا.." البقرة/١٠٦

دەکرێ ئەم گۆڕانکارییە لە نوێژدا ڕوو بدا. باشترین نموونەیش گۆڕینی قیبلەیە، ئەو ئاراستەیەی لە کاتی نوێژکردندا ڕووی تێ دەکرێ لە یەکەم مزگەوتدا کە پێغەمبەر لە شاری مەدینە لە ساڵی ٦٢٢دا دروستی کرد. سەرەتا قودس ڕووگەن بوو لە نوێژدا، دواتر قورئانی پیرۆز فەرمانی کرد بە گۆڕینی ڕووگەی موسڵمانان لە قودسەوە بۆ کەعبە و ئەو بابەتەی شی کردەوە. "البقره -٥٠-١٤٢".

لەم ڕووداوەدا و لە پشت ئەو هەموارکردنە مێژووییەوە -کە بۆ پێوەندییە خراپەکانی موسڵمانان لەگەڵ جوولەکەکان دەگەڕێتەوە- واتا و ئاراستەی نوێژ هەمان شتن. مەبەستیش ئەوەیە ئاماژە بە یەکەتیی ئیمانی ئیبراهیمی هەروەها بە یەکەتیی ئوممەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی لە یەک کاتدا، بکا. لە هەردوو بارەکەیشدا ڕووگەکە، قودس بێ یان کەعبەی مەکە، لای ئیبراهیم شوێنی پایەبەرزن.

قورئان خۆی جەخت لەسەر گوێرەیی (نیسبیەت)ی ڕووداو دەکات بەبەراورد لەگەڵ واتادا "لله المشرق والمغرب فاینما" البقره-١٦.

خوا، جیاواز لە هەموو بیروشکی و دەستگرتن بە شکڵیاتەکانەوە، پێمان دەڵێ "لیس البر ان تولوا وجوهکم قبل المشرق والمغرب" البقرة-١٧٧، بگرە بانگمان دەکات بۆ ناواخنیبوونی ئیمان دژ بە تەقسییەتی دروشمگەرا، بۆ ئیمانێک کە لە کردەوەماندا بەرامبەر ئەوانی تر ڕەنگ دەداتەوە "لن تنالوا البر حتی تنفقوا مما تحبون" ال عمران-٩٢.

ئەم مێژووییبوونەی قورئان زیاتر لە هەر شتێک، لە دەقەکانی پێوەست بە ئافرەتاندا دەردەکەوێ.

قورئان بە زمانی خۆیان و بەپێی ئاستی تێگەیشتنیان لەگەڵ گەلاندا دەدوێ، تا لە پەیامەکە تێ بگەن. قورئان لەگەڵ عەرەبەکانی سەدەی حەوتەمدا دەدوێ، واتە قسە لەگەڵ کۆمەڵێکدا دەکات کە سەر بە کولتووری باوکسالارییانەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستە، کولتووری نەوەی عیبرانی، کە باوەڕی بە نزمیی بنچینەیی ئافرەت هەیە. کولتووری مەسیحییەتی قەشە پۆڵسی دوژمنی سەرسەختی ئافرەت. کولتووری پیاوسالارییانەی خێڵەکییانەی نیوە دوورگەی عەرەبی.

جا بۆ ئەوەی پەیامەکە بچێتە نێو زمانی ئەم گەلە و ئەو کولتوورە باوکسالارییەوە کە بۆ ٤ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، پێویست بوو ئەو بەڵگەنەویستە قبووڵ بکرێ کە هەزار ساڵی بەسەردا تێ پەڕیوە، کە سەیرکردنی بالادەستیی پیاوانە بەسەر ژناندا وەک بەڵگەنەویستێک"الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ "النساء-٣٣.

بەپێی ئەو کولتوورە باوکسالارییە دەکرێ ژن تەنیا لەبەر گومانکردنێک لە ئەمانەتی لێی بدرێ (النساء-٣٤). کاتێ پەیامەکە لەو سەردەمەدا و بە زمانی ئەم گەلە و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی دەدوێ، ئەوە ئاساییە کە شایەتیی دوو ئافرەت بەرامبەر شایەتیی پیاوێک حسێب بکرێ (البقرە-٢٨٢)، هەروەها لە کاتی سەرکەوتن لە شەڕەکاندا پیاوانی لایەنی براوە مافی سەرجێییکردنیان بەسەر ژنە دیلەکانەوە هەبێ، هەروەها پیاو بۆی هەبێ لەگەڵ ژنەکەی مامەڵە بکا وەک چۆن مامەڵە لەگەڵ کێڵگەکەیدا دەکات.

لە روانگەی ئەم زمانە و ئەو نەریتەی تایبەتن بە گەلان و کۆمەڵەکانی سەردەمێکی دیاریکراوەوە، قورئان سەرەتا هەوڵ دەدات لە زیانەکانی لاساییکردنەوە کەم بکاتەوە و سنوورداری بکا، بۆیە کوشتنی منداڵان و شوێنکەوتنی کوێرانەی نەریتی زیندەبەچاڵکردنی کچان، کە لای عەرەبەکانی پێش ئیسلام باو بووە، قەدەغە دەکات.

فرەژنی رێی پێ دراوە، بەلام رێک خراوە (النساء-٣)، بەشێوەیەک دەرفەتی پەنا بۆ بردنی زۆر کەم کردووەتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین باشتر سنووربەندیکردنی قورئان بۆ فرەژنی لە سیاقە مێژوویی و لاهوتییەکەیدا دیاری بکەین، جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە لە تەوراتدا فرەژنی بە رەهایی و بەبێ قەیدوشەرت، رێی پێ دراوە. تەورات باسی ژنەکانی داود دەکات، هەروەها باسی ٧٠٠ ژنی سولێمان دەکات جگە لە ٣٠٠ دۆست (محظیە). (الملوک الاول ٢-١-٣). هەروەها لە سەردەمی شارلماندا، دوو سەدە دوای دابەزینی قورئان، هەندێ لە کاهینەکان فرەژن بوون و لە سەردەمی گریگۆری حەوتەمدا(١٠٨٥-١٠٢٠) داوێنپاکی لەسەر کەهەنوت فەرز کران.

ئاخۆ پێویستە باس لە مافی تەلاقدان بکەین کە لە سەردەمی پێغەمبەردا بەژنان درابوو؟

یەکێک لە ژنەکانی پێغەمبەر (ئەمیمەی کچی جون) داوای تەلاقی کرد مافی تەلاقدانی هەبێ، پێغەمبەریش ئەو مافەی پێ دا و خەلاتیشی دایە (البخاری ٣-٦٨) لەکاتێکدا ژن لە رۆئاوا مافی تەلاقی نەدرایە تەنیا لە سەدەی بیستەمدا نەبێ، پرسی خاوەندارییەتی ماڵ و سامانیشی بەهەمان شێوە.

هەروەها لەو رووەوە کە هەموو ئەرکە پێوەندارەکان بە بەخێوکردنی خێزان و ماڵ لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن "دەستەبەری کۆمەلایەتی"، لە ئەستۆی مێردا بووە، ئەوا پشکی نێر لە میراتدا دوو هێندەی پشکی مێ بووە.

هەمـوو ئەو حـوكـمـانە پێوەسـتن بە بارودۆخـێكی مـێژوویی تایبـەتەوە، لەپێناو ئەوەیشـدا ئەو سنوورانەی خـوا بـەو شـێـوەیە دانراون (تلك حـدود الله)(٤-٢)، ئەو سـنوورانەی شـەریعـەت بۆ كۆمەڵگەی پێش ئیسلام دای ناون پێشكەوتنێكی گەورە بوون، لەو كۆمـەڵگەیانەدا ئافرەت، هاوسـەر بووایە یان كچ، مافی میراتگرتنی نەبوو.

ئەو سنوورانە هیچ شـتێكیـان تێدا نییە پاساو بێ بۆ جیاكاریی رەگەزی بەرامبـەر ئافرەت، كە ئەمڕۆ لە زیاتر لە وڵاتیكی ئیسلامیدا باوە. ئەو جیاكارییە زادەی داوونەریتێك لە داوونەریتـەكانی رۆهەڵاتی ناوەڕاستـە، نەک ئیسلام. لە ئیسـلامدا، لە سەردەمی پێغەمبەر و خـەلیفە راشدییـەكاندا، لەگـەڵ ئەوەی دابـەشكردنی كـار و ئەركـەكـان لە بـەرچاو دەگـیـرا ئافـرەتان لە هـیچ چالاكـیـیـەكی كـۆمـەڵایـەتی بێبـەش نـەكرابوون، تـەنانەت لە شـەڕیشـدا ئافـرەتان تەنیـا پەرسـتـار نەبـوون، بگرە شەڕوانیش بوون (البخاری ٥٦-٦٢، ٦٣، ٦٥). ئیدارەی كاریان دەكرد (٤٠-١١)، خـەلیفە عومـەر ژنێكی وەک چاودێر لە شـاری مـەدینەدا دامـەزراندبوو. عـائیـشـەی هاوسـەری پێـغـەمبـەر زانسـتـە ئاینییـەكانی فێری خـەڵک دەكرد. عومـەر هیچ بێزارییـەكی پێشـان نەدا كـاتێ ژنێک وتارەكەی پێ بڕی، بگرە لەسـەر ئەو رەخنە دروستەی لە عومەری گرت سوپاسیشی كرد.

هەمـوو جیـاكـارییـەكان پێـوەندییـان بە مێـژووی وڵات یاخـۆ سـەردەمـێكەوە هەیە. قـورئان ئەو جیاكارییانەی هەڵوەشـاندەوە. قورئان حـەوت جار باسی لەوە كردووە كە جیاوازی تەنیا لە نێوان ئەوانەدا دەكات كە كاری چاكە و كاری خراپە دەكەن، جا پیاو بن یا ئافرەت.

بەم شێوەیە لە پاش هـەمـوو سـەروبنكردنەكانی مێژووەوە ئەم پرەنسیپە ئـەزەلییـە دەچەسپێ كە هەمـوو جیاكارییـەک لە نێوان پیـاو و ئافرەتدا رەت ناكاتەوە، كە بەتـەنیا یەكسـانی و تەواوكاریی هـەردوو رەگـەز ناچەسـپێنێ، بگرە یەكـایەتیی ئـەنتـۆلۆجییـشـیـان دەچەسـپێنێ. لە یەكـەم ئایەتی سوورەتی (النساء) دا هـاتووە "اتقوا ربكم الذي خلكم من نفس واحدة". یەک بوونەوەر، كە مرۆڤە، بەسـەر دوو بەشی یەكسان لە كەرامەتدا دابەش بووە، تەنیا لە ئەركەكانیاندا جیاوازن.

كـاركـردنی دڵسـۆزانە بۆ گیـانی ئیـسـلام بەو شـێـوەیە دەبێ كـە زانایانی سـەدە سـەرەتاكـانی ئیسـلام كردیان، ئەویش كـاتێ بیری خـۆیان خسـتـە كار بۆ تەئویلكردنی دەقە ئاسـمـانییـەكان بەمـەبـەسـتی دۆزینەوەی چارەسـەری ئاینیی پێـویست بۆ رووبەڕووبونـەوەی بارودۆخـە نوێیـەكان. بۆیە ئێـمـە دووپاتی دەكەینەوە: پێویسـتـە ئێـمـە لە دەسـتكەوتە مـێژووییـە راسـتـەوخـۆكـانی ئەو زانایانە، ئەو بنـەما ئەزەلییانە دەربێنین كە بـۆ رووبەڕووبوونەوەی كێشـەكانی ئەمڕۆ یارمـەتیمان دەدەن.

مـێـژوویـیـبـوونی قـورئان هەروەها لەوەیشـەوە هـاتووە كـە دابەزینی پەیامـە ئـەزەلیـیـەكـان ئاراستەیگەلێكی تایبەت كراوە لە ساتێكی مێژوویی تایبەتدا و بەزمانێک كە ئەو گەلە بتوانێ لێی تێ بگات " وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه"(٤-١٤).

دانەرە بەراییەکانی مێژووی ئیسلام کە خەریکی کۆکردنەوەی گوتەکانی پێغەمبەر بوون، زۆر بایەخیان داوە بەوەی لەبارەی هەر ئایەتێکەوە باس لەو سیاقە مێژووییە بکەن هەر ئایەتێکی تێدا دابەزیوە، کە هەندێ جار پێوەندیی بە رووداوگەلێکی سادەی ژیانی پێغەمبەرەوە هەبووە. هەردەم مەبەستی پەیامەکە وەڵامێکی بەرهەست بووە بۆ پرسیارێک، کە لەپێناو کۆمەڵەکەیدا پێغەمبەر لە خۆی کردووە. ئەم مێژووییبوونە هیچ لە بایەخی بەها گەورە و ئەزەلییەکەی پەیامی پێغەمبەر کەم ناکاتەوە. هەموو دەستوەردانێکی خوایی لە کاروباری گرووپە ئاینی و سیاسییەکەدا لە مەکە هەروەها لە مەدینە، بنەمایەکی بۆ کار تێدایە کە بۆ هەموو گەل و سەردەمێک بەکەڵکە، بەڵام لە فۆرمێکدا کە پێوەستە بە هەلومەرجە بەرهەستەکانی ئەو سەردەم و وڵاتەوە.

قورئان کاتێک باس لە مامەڵەکردنی کۆیلە دەکات و بۆ نموونە دەڵێ "ولعبد مؤمن خير من مشرك"البقرة-٢٢١

ئاخۆ ئەم ئایەتە کە لە کۆمەڵگەیەکدا دابەزیوە کۆیلایەتیی تێدا باو بووە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە کۆیلایەتیی تێدا نەماوە بەهای خۆی لەدەست داوە؟ نەخێر. دیارە فۆرمە مێژووییەکەی لە دەست دەدات، بەڵام وەک پرسیارێکی ئەزەلی تەواوی هێزی خۆی دەپارێزێ کە پێمان دەڵێ بەهای مرۆڤ پێوەندیی بە پلە و پایە یان سامانەکەیەوە نییە، بگرە پێوەندیی بە تەقوا و رەوشتبەرزیی ئەوەوە هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە ناکرێ خوێندنەوەی قورئان هەموو کات خوێندنەوەیەکی حەرفی بێ. هەموو جارێ کە بەزمانێکی جۆرایەتی باس لە بنەمایەکی کار و لە هەلومەرجی سەردەمی دابەزینیدا دەکرێ، ئامانج لێدەرهێنان (استنباط) و گەڵاڵەکردنی بنەمایەکی زیندووە لە وشەی مردوو. بە دەربڕینێکی تر لەپێناو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا ناکرێ تەنیا پشت بە لێدەرهێنان ببەسترێ، بگرە دەبێ پشت بە پرەنسیپی پێوانەسازی (قیاس)یش ببەسترێ.

لەم سەردەمەماندا کەس ناتوانێ لە بەرامبەر گرفتە نوێیەکاندا، لە بەرپرسیاریەتیی ئیجتیهادکردن لەپێناو داهێنانی رێگەچارەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم سەردەمە لە روانگە شەریعەتی قورئانییەوە بمانبویرێ.

شەریعەتی ئیسلامی تەواو پێچەوانەی یاسای رۆمانییە: یاسای رۆمانی هەستێکی وا دەدات وەک ئەوەی لە خەیاڵ و ئەبستراکتدا یاسارێژی بکا و لە هەوڵی پێشبینیکردنی کۆمەڵە چوارچێوەیەکی ئەزەلیدایە بۆ ئەو کارانەی لە داهاتوودا روو دەدەن. بەڵام دەقەکانی قورئان کە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامییان لێ دەرهێنراوە، بەپێچەوانەوە، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێ رووداوی راستەقینەی مێژوویدا دەکەن. ئەو دەقانە وەڵامێکی ئیلاهین بۆ دۆخێکی مێژوویی، وەڵامگەلێکی پشتبەستوو بە ئیلهامی خواین. بەڵام گرینگە کە ئێمە لە هەموو ساتێکدا ئامانج و هۆکارە راستەقینەکانی دەقەکان بدۆزینەوە، تا بەسەر دۆخێکی نوێدا جێبەجێی بکەین.

پێغەمبەر لەو کاتەی بەناوی خواوە قسەی دەکرد، دۆخی جوگرافی و مێژوویی ئەو گەلەی

بەتەواوی رەچاو دەکرد کە لەپێناویدا بنەما ئەزەلییەکانی بەشێوەیەکی جۆرایەتی جێبەجێ دەکرد.

کاتێ فەرمان دەکات بە رۆژووگرتن لە بەرەبەیانەوە تا رۆژئاوابوون "حتى يتبين لكم الخيط الاسود من الخيط الابيض من الفجر"، ئەوە روونە گوتەکانی لەو کاتەدا روو بە گەلێکە کە ماوەی رۆژ و شەو تێیدا کەمێک جیاوازییان هەیە، بەڵام لای ئەسکیمۆکان جیاوازیی نێوانی شەو و رۆژ شەش مانگە. کەواتە پێویستە بیر بکەینەوە -وەک لە مەسەلەی کۆیلەکاندا- تا دەقەکە بەشێوەی حەرفی جێبەجێ نەکەین، بگرە پێویستە بەدوای ئامانجەکەدا بگەڕێین تا لە هەلومەرجێکی نوێدا ئایەتەکە جێبەجێ بکەین.

هەمان شت بەنیسبەت کۆمەڵێ ئایەتی تری قورئانیشەوە راستە. خوا بارودۆخ و ئاستی هۆشیاریی ئەو گەلانە لە بەرچاو دەگرێ کە ئەو ئایەتانە لەگەڵیاندا دەدوێن، ئەویش بۆ ئەوەی پەیامەکە بە ناخیاندا شۆڕ ببێتەوە، لەبەرئەوە بەیەکجاری سیستەمە باوەکە هەڵناوەشێنێتەوە، بگرە هەندێ داوونەریتەکانی قبووڵ دەکات ئەگەرچی بەتەواوی داخوازییە رەهاکانی شەریعەتیشدا یەک نەگرێتەوە.

کەواتە ئەرکی ئێمە لە ئاست هەر حوکمێکی شەرعیدا ئەوەیە بپرسین: ئامانج چی بووە کاتێ ئەم فەرمانە دارێژراوە؟ ئەو بارودۆخە مێژووییە چی بووە کە دەرکردنی ئەو فەرمانەی پێویست کردووە؟

زاراوەی "شەریعەت" تەنیا یەک جار لە قورئاندا بەکار هاتووە (١٧-٤٥). لە سێ ئایەتی تردا هەندێ وشەی تر هەن کە لە هەمان چاوگ دروست کراون وەک فەرمانی (شرع) (الشورى-١٣) و ناوی "شرعە" (٤٨-٥).

بەپێی ئایەتی "ثم جعلناك على شريعە من الامر" شەریعەت بە واتای "رێگە" دێ.

ئەم رێگە (شەریعەت)ە لەسەر چی دامەزراوە؟

ئایەتی "شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلاَ تَتَفَرَّقُوا فِيهِ.." الشورى/ ١٣.

کەواتە ئەوە روونە کە:

١- ئەم رێگە (شەریعەت)ە رێگەی خوایە.

٢- ئەو رێگەیە لە نێوان هەموو ئەو گەلانەدا هاوبەشە کە خوا پێغەمبەرەکانی خۆی بە زمانی خۆیان بۆ ناردوون.

بەڵام وەک زانراوە حوکمە شەرعییەکانی تایبەت بە دزی و سزاکەی، حوکمەکانی تایبەت بە دۆخی ئافرەت و زەواج و میرات لە نێوان تەوراتی یەهودی و ئینجیل و قورئاندا جیاوازن.

شەریعەت (یاسای ئیلاهی) ناکرێ هەموو ئەم (فیقە)انە لەخۆ بگرێ. شەریعەت جیاوازییەکی

بنەڕەتی لەگەڵ فیقهدا هەیە لەو ڕووەوە کە لە هەموو ئاینەکاندا هاوبەشە، لە کاتێکدا فیقە لە ئاینێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، ئەویش بەپێی ئەو سەردەم و کۆمەڵگەیەی خوا یەکێک لە پێغەمبەرەکانی بۆ ڕەوانە کردووە.

لە قورئاندا خوا دەفەرمووێ (لکل اجل کتاب) (ولقد بعثنا فی کل امە رسولا) (وان من امة الا خلا فیها نذیر).

ئەگەر جیاوازی نەکرێ لە نێوان پرەنسیپە ئەزەلییەکان لەبارەی پێوەندییەکان لەگەڵ خوادا و هەروەها لەگەڵ ئەو یاسا تایبەتانەی خەڵک لە هەموو سەردەمێکدا لە ڕوانگەی ئەو بنەمایانەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانی تێدا ڕێک دەخەن، ئەوا ئەو وێنەیەی لەبارەی قورئانەوە پێشکێش دەکرێ وەک وێنەیەکی کاریکاتێری دێتە پێش چاو.

ئەم جیاوازیکردنە لە نێوان شەریعەت و لە نێوان ئەو میتۆد و بەرنامانەی کە خوا بەرپرسیاریەتیی پیادەکردنیانی لە بارودۆخە بەرهەستەکانی کۆمەڵگە و سەردەمەکەیدا بە مرۆڤ سپاردووە، وشەی "شەریعەت" جەختی لێ دەکاتەوە، واتە "ڕێگە بەرەو چاوگەکە". ئەوەیش شێوازێکی نایابە بۆ گوزارشتکردن لە ڕێگەی "بەرەو خوا".

دوای ئەوەی قورئان لە هەردوو ئایەتی ٤٤ و ٤٥ی سوورەتی ئەلمائیدەدا باسی لەوە کرد کە هەردوو پەیامی مووسا و مەسیح، تەورات و ئینجیل، نوور و ڕێنیشاندانیان تێدایە "فیها هدی و نور"، دوای ئەوە دەڵێ "لکل جعلنا منکم شرعة و منهاجا"، واتە بۆ هەر یەکێکتان ڕێباز و میتۆدێکمان داناوە.

لە ڕۆشناییی ئەو دوو ئایەتەدا، دەردەکەوێ، کە شەریعەت، ڕێگە و ڕێباز، بەهایەکی هەمەگیری هەیە، چونکە بەشێوەیەکی تایبەت لە نێوان هەموو خاوەن کتێبەکاندا هاوبەشە. شەریعەت ڕێنوێنیمان دەکات بۆ ئامانجە باڵاکان، لە کاتێکدا بەرنامە و میتۆد ئامرازگەلێکن لە هەر قۆناخێکی مێژووییدا ڕێگە بۆ هێنانە ناوەوەی بەها باڵاکان خۆش دەکەن.

لە ڕاستیدا شەریعەت لە هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکەدا ئامادەیە و یەکە. قورئان چەند جارێک باس لەوە دەکات کە موڵک تەنیا بۆ خوایە: "ولله المشرق والمغرب" البقرة-١٦ هەروەها لە (سفر التثنیة)ی تەوراتدا هاتووە "ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی تێیاندایە بۆ خوای پەروەردگاری تۆیە". هەروەها لە عەهدی نوێ (ئینجیل)دا و لە پەیامی یەکەمی قەشە پۆڵسدا بۆ خەڵکی کورنسە (٢٦-١٠) دەڵێ "... چونکە زەوی و ئەوی تێیدایە هیی خوایە".

هەروەها هەمان شتیش لەبارەی "الامر لله وحدة" و "العلم لله وحده" لە هەرسێ کتێبەکەدا هەمان شتە.

ئەرکی سەرشانمانە لە هەر ساتێکدا ئەو ئامرازە مێژووییانە بدۆزینەوە کە زامنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە باڵایانەن، وەک کە قورئان نموونەیەکمان بەنیسبەت کۆمەڵگەی "مەدینە"وە دەداتێ.

ئاشکرایە کە ئەم جیاکارییە قورئانییە – لە نێوان شەریعەت و فیقهدا– هەموو حەرفییەتێک رەت دەکاتەوە و هانمان دەدا بیر لە نموونەکان بکەینەوە، نەک کوێرانە حوکمە مێژووییەکانی قورئان لە هەموو سەردەمێکدا جێبەجێ بکەین.

هەرچی پێداگرتنە لەسەر ئەوەی پێویستە هەر حوکمێک لە قورئاندا هاتووە جێبەجێ بکرێ، ئەوە تێکەڵکردنی شەریعەتە، کە یاسای ئەزەلیی خوایە و جێگیر و رەها و هاوبەشە لە نێوان گشت ئاینەکان و جۆرەکای حیکمەتدا، لەگەڵ ئەو فیقهەی تایبەت بووە بە رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی حەوتەمدا (کە جێبەجێکردنێکی مێژوویی بووە بۆ یاسا ئەزەلییەکە تایبەت بەو وڵات و قۆناخە مێژووییە). دیارە هەردووکیشیان (فیقە و شەریعەت) لە قورئاندا هەن، بەڵام تێکەڵکردنیان و پیادەکردنی کوێرانەیان –لەگەل رەتکردنەوەی ئەو بیرکردنەوەیەی قورئان بێپەروا بانگەشەی بۆ دەکات– وامان لێ دەکات نەتوانین شایەتی بۆ پەیامە زیندووەکە، بۆ قورئانی هەردەم نوێ و زیندوو، بۆ خوای زیندوو بدەین.

یاسای خوایی، شەریعەت، هەموو ئیمانداران کۆ دەکاتەوە، لە کاتێکدا سەپاندنی یاساگەلێکی تایبەت بە نیوەدوورگەی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمدا، بەسەر خەڵکانێکدا لە سەدەی بیستەمدا، کارێکی پەرتکارانەیە کە وێنەیەکی هەڵە و بێزراو بە قورئان دەدات. ئەمە تاوانێکە دەرهەق بە ئیسلام.

ئەو وێنە کاریکاتێرییە شێواوەی شەریعەت کە هەندێ لە رژێمەکان بڵاوی دەکەنەوە و پاڵپشتی لێ دەکەن، زەلکاوی رەشی _خنکاندنی– ئیسلامە. بەلای سەرانی ئەو رژێمانەوە شێواندن و ئاوەژووکردنەوەی شەریعەت، بۆ مانەوەی ئەوان پێویستە. شەریعەت، وەک قورئان پێناسەی دەکات، هەموو گەندەڵکارییەکانی موڵکداری، دەسەڵات و مەعریفە سەرکۆنە و ریسوا دەکات.

ئەگەر موڵک تەنیا بۆ خوا بێ، وەک شەریعەتی قورئانی دەبێژێ، ئەوە سەرمایەکانی دەوڵەمەندەکان تەنیا هیی خۆیان نییە، ئەوان تەنیا سەرکار و هەڵسوڕێنەری ئەو ماڵەن و بۆیان نییە _ بە ئارەزووی خۆیان– لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و سویسرا، یان لە فیردەوسە داراییەکاندا بیخەنە گەڕ، بۆیان نییە لە گازینۆ جیهانییەکاندا بەفیڕۆی بدەن یان کۆشکی لووتبەرزی و فەخفەخە لە ماربیا لە ئیسپانیا یان لە کەناری لازوردیی فرەنسادا پێ بەرز بکەنەوە. بەپێچەوانەوە ئامانجی هەموو حوکمە ئابوورییەکانی قورئان چ ئەوانەی پێوەندییان بە سوو (ربا)وە هەیە، یان ئەو پارەیەی بەبێ کار دێتە دەست، یان زەکات (ئەو پشکەی لە سامان دەبرێ) رێگرتنە لە کەڵەکەبوونی سامان و دەوڵەمەندی لە جەمسەرێکی کۆمەڵگەدا و کەڵەکەبوونی نەهامەتی لە جەمسەرەکەی تردا.

ئەگەر فەرمان (دەسەڵات) تەنیا بۆ خوا بێ، وەک شەریعەتی قورئانی دەڵێ، ئەوە موڵکییەتی رەها و کانتۆنەکانی سەر بەو موڵکییەتە، سەرکۆنە کراون، لەبەرئەوەی لە دابەشکردنی

داهاتەکاندا داهاتە کەسییەکان لەگەڵ پشت پێبەستنەکانی دەوڵەتدا تێکەڵ دەکەن، کۆمەڵێ کاسەلێس بۆ خۆیان دروست دەکەن و دواکەوتووترین ئوسولیاتەکان لە دنیادا پارەدار دەکەن تا ئیسلام بکاتە تلیاکێک بۆ گەلان، کە زەلیلانە باڵادەستیی ئەو قبووڵ دەکات.

ئەگەر زانست تەنیا بۆ خوا بێ، وەک شەریعەتی قورئانی دەڵێ، ئەوا زەنگی مردن بۆ هەموو دۆگمایییەکان و بۆ هەموو لافلێدانەکانی خاوەنداریەتیی راستیی رەها، کە دەرگەی ئیجتیهاد دادەخات لێ دەدرێ. ئەو داخستنە حەنبەلی-یانە بۆ بیرکردنەوەی ئاینی پێچەوانەی ویستی قورئانە کە دەخوازێ هەموو موسڵمانێ بەرپرس بێ و هەموو کات بانگی دەکات بۆ بیرکردنەوە لەو نموونە ئیلاهییانەی پێغەمبەر ئاشکرای کردوون. لە سایەی شەریعەتی قورئانیدا هەموو ئینتیمایەک بۆ لاهوتی دەسەڵاتخوازی تاریکپەرست لەپێناو ملکەچکردنی جەماوەردا ورد و خاش دەبێ.

لە بەرامبەردا، ئەو پڕوپاگەندەیەی هەندێ رژێم بە مزگەوت و ئیمامە وتاربێژەکانیانەوە بە ناڕەوا بەناوی شەریعەتەوە لە سەرانسەری دنیادا بڵاوی دەکەنەوە، برێتییە لە شتە قەدەخەکراوەکان و جۆرەکانی سەرکوتکردن. بڕینی دەستی دز بۆ پاراستنی دەوڵەمەند، تەنانەت ئەو دەوڵەمەندییەی بە خراپترین شێوە بەدەست هاتووە، هێمایە بۆ ئەم جۆرە پیادەکردنەی شەریعەت، کە شێوەیەکە لەگەڵ دەوڵەمەند و بەهێزەکاندا گونجاوە.

جیاکردنەوەی ئایەتی "والسارق والسارقة فاقطعوا ایدیهما.." لە تەواوی سیاقی قورئانی لەبارەی سزادانەوە، وەک سزای بڕینی دەست، لەگەڵ وێنای قورئاندا بۆ "خوا" کە "رەحمان و رەحیم"ە، ناگونجێ. ئەوە لەبیرکردنی ئایەتەکەی دواترە کە دەڵێ "فمن تاب من بعد ظلمە و اصلح فان الله یتوب علیە، ان الله غفور رحیم"، واتە هەر کەس دوای تاوانەکەی تۆبە بکا خوا تۆبەکەی گیرا دەکات.

ئەوە تەنانەت لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەریشدا نەگونجاوە.

نەسائی و ئەبوداود دەگێڕنەوە، عەباد بن شەرحەبیل دەڵێ "لەگەڵ باوک و دایکم هاتمە مەدینە، چوومە نێو کێڵگەیەکی گەنمەوە و هەندێ گوڵەگەنمم لێ کردەوە و دانەکانیم دەرهێنا. خاوەنی کێڵگەکە هات جلەکانمی برد و لێی دام. منیش چوومە لای پێغەمبەر و شکاتم لێی کرد، پێغەمبەر فەرمانی دا بە هێنانی پیاوەکە و لێی پرسی: بۆچی وات کردووە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە "ئەم پیاوە هاتە ناو کێڵگەکەم و گوڵەگەنمەکانی لێ کردەوە و دانەکەی برد". پێغەمبەر گوتی "ئەو نەزان بوو تۆ فێرت نەکرد، برسی بوو تێرت نەکرد؟ جلەکانی بۆ بگێڕەوە" و فەرمانیشی کرد گەنمم بدرێتێ.

یەحیای کوری عەبدوڕەحمانی کوڕی حاتەب گێڕایەوە: کۆیلەکانی حاتەب هوشترێکی هۆزی مازنەیان دزی و سەریان بڕی تا بیخۆن، دانیشیان بەکارەکانیان دانا. عومەریش فەرمانی دا بە هێنانی خاوەنی کۆیلەکە و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و فەرمانی دا بە بڕینی دەستی کۆیلەکان.

دوای ئەوە عومەر بە خۆیدا چووەوە و فەرمانی دا بەهێنانی خاوەنی کۆیلەکان و پێی گوت "من بڕیارم دابوو دەستیان ببڕم، بەڵام بیرم کردەوە و پێم وابوو تۆ برسیت کردوون بۆیە بەناچاری ئەو کارەیان ئەنجام داوە کە خوا قەدەخەی کردووە، بەڵام سوێند بە خوا سزای توندی تۆ دەدەم ". جا لێی پرسی: بەهاکەی چەندە؟ ئەویش گوتی "ئەگەر ٤٠٠ درهەمی بدامایە پێم نەدەفرۆشت". عومەر بە خاوەنی کۆیلەکانی گوت "٨٠٠ درهەمی بدەرێ".

ئەم ڕیوایەتە لە (الموطا)ی ئیمام مالیکدا باس کراوە.

پێویستە ئەم دوو نموونەیە یارمەتیمان بدەن بۆ تێگەیشتن لەوەی بانگەشەی پیادەکردنی شەریعەت بە بڕینی دەستی دز وەک ئەوە وایە لە کۆتاوە دەست پێ بکەیت، یەکەم ئەرکی ئەو کۆمەڵگەیەی لە هەوڵی ئەوەدایە گوێڕایەڵیی شەریعەت بکات ئەوەیە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ دزیکردن هەڵبوەشێنێتەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی هەموو شێوەکانی ستەمی کۆمەڵایەتی و نەهامەتی. جا ئەگەر پیادەکردنی شەریعەت بە سەرکوتکردن دەست پێ بکرێ، ئەوا هەژارترین کەس پێوە دەبن. جا ئەگەر دەستیان بڕا ئەوە ئەستەمە جارێکی تر لە ڕێی کارکردنەوە لە کۆمەڵگەدا جۆش بدرێتەوە.

ئەم زەلیلکردن و بەکۆیلەکردنە بەرۆکی نەدارەکان دەگرێ و ئەوانەی پارە مۆڵ دەدەن وەک بەرزەکی بانان سەلامەت دەردەچن و لە کاری بەدی خۆیان، کە مایەی دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە، بەردەوام دەبن.

کەواتە پێش لە بڵاوکردنەوەی دادگەریی کۆمەڵایەتی هیچ شتیک هێندەی جێبەجێکردنی سزاکان پێچەوانەی گیانی قورئان نییە، قورئان لەبارەی ئەم خاڵەوە زۆر ڕاشکاو دەدوێ و بەتوندی سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات کە هەر خەریکی پارەمۆڵدانن و نزای سزای سەختیان لێ دەکات (جمع مالا وعدده) (١٠٤-٢) (٩-٤٣).

لەو وڵاتەی ئەم حوکمانە بە توندی جێبەجێ دەکرێن شەریعەتی خوا دەگەڕێتەوە، شەریعەتی ڕاستەقینە لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە "ئاتاجی" نامێنێ کە ڕەنگە خەڵک ناچار بە دزیکردن بکا.

هەندێ لە ڕژێمە ئیسلامییەکان بە ملیاران دۆلارەکانیان -کە لە بانکەکانی ئەمەریکادا دایان ناوە- و کاسەلێسەکانیان کە دزەیان کردووەتە نێو گرووپە ئیسلامییەکانی دنیا، بوونەتە دووڕووترین هاوپەیمانی ئەو شتەی پێچەوانە و دوژمنی باوەکوشتەی ئیسلامە، کە "یەکایەتیی بازاڕ"ە.

ئەمڕۆ داماڵینی مۆرکی ئەم جۆرە سیستەمانە لە ئیسلام، یەکێکە لە ئەرکە جەوهەرییەکانی موسڵمانانی دنیا، ئەویش لەپێناو گێڕانەوەی ڕووی ڕاستەقینەی شەریعەتدا. جێبەجێکردنی شەریعەت واتای ئەوەیە ٢٤ سەعاتی ڕۆژ لەگەڵ خوادا بژین کە موڵک و فەرمان و زانست تەنیا بە

دەستی ئەوە. تەنیا بەم شێوەیە موسڵمانەکان دەتوانن لە بەگژاچوونەوەی یەکایەتیی بازاڕدا بەشدار بن و سەرلەنوێ واتایەک و سەدەی ٢١ بە سیمایەکی مرۆیی و خوایی بنیات بنێن.

لە هەموو ئاینەکانی دنیادا ئەم ئومێدە سەرهەڵدەدات. مەسیحییەکان لە مەجمەعی ڤاتیکانی دووەمدا و دواتریش لە کۆنگرەی "میدلان"دا لە ئەمەریکای لاتینی ساڵی ١٩٧٠ ئاسۆیەکی نوێیان بۆ ئیمانەکەیان بەدی کرد. ئیسلام پێویستی بە لاهوتی ئازادی هەیە تا پێوەندییەکانی لەگەڵ سەدەکانی "لاساییکردنەوە"دا بپچڕێنێ. وەک کە مەسیحییەکان پێویستیان پێیەتی تا مۆرکە رۆمانییەکە لە کڵێساکان داماڵن و رێ بگرن لەوەی پاشایەتی و ئیمپراتۆرییەتی بۆ بگەڕێتەوە. هەردوو لا پێویستیان بەوەیە لە ئەفسانەی "گەلە هەڵبژێردراوەکان" رزگار بن کە ئەفسانەیەکی خێڵەکییانە و پاساوی هەموو جۆرە دەست بەسەرداگرتنێکە. بەلای سەرکردە ئەمەریکاییەکان و شوێنکەوتە رۆئاواییەکانەوە، موسڵمانانی باش و موسڵمانانی خراپ هەن: موسڵمانە پیاوباشەکان ئەوانەن خزمەتی سیاسەتەکانیان دەکەن و بەپێی فەرمانەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دەجوڵێنەوە. موسڵمانە پیاوخراپەکانیش ئەوانەن کە فەرمانەکان رەت دەکەنەوە. ئەمە باشترین ئازوقەیە بۆ بەهێزکردنی بزاوتە ئوسوڵییەکان.

ئەگەر بێئابڕوویی سیاسی پێوەری رەفتاری باش بێ، ئەوە شەرەف و کەرامەتی ئینسانی دەخوازن بەرەیەکی رەفز دروست بکرێ لە دژی خراپترین نەفیکردنی مرۆڤ، کە لە یەکایەتیی بازاڕدا بەرجەستەیە. رەنگە ئەم بەرەیە هەندێ جار ببێتە هۆی دۆشدامان بەسەر شێوەیەک لە شێوە دێرینەکانی باوەڕدا.

خەباتکردن لەدژی ئوسوڵییەت خەبات نییە لەپێناو دەمجکردنێکدا کە داوا لە ئەوی تر بکا واز بێنێ لەوەی خودی خۆی بێ، بگرە لەپێناو ئەوەدایە کە بەقووڵی خودی خۆی بێ و بە پشتبەستن بە ئەزموونی تایبەتیی خۆی بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی چەمکی شار و چەمکی ژیاندا بکا کە واتایەکی مرۆیی بە شار و ژیان دەدەن. ئەم واتایە کە یەسوع ناوی ناوە (مەملەکەت) و بەشێوەیەکی بەهێزتر پەیامی پێغەمبەرانی پێشوی لەخۆ گرتووە. هەر ئەوەیشە قورئان ناوی ناوە (شەریعەت) و روونی کردووەتەوە کە ئەوە شەریعەتی ئیبراهیم و هەروەها شەریعەتی یەسوع (مەسیح) یان محەمەدە.

شتێکی بێ ئەقڵانەیە بگوترێ ئیسلام، وەک سەرەتا، دژی زانست و لێبووردەییی ئاینییە.

تەنیا پیشەوەرەکانی سیاسەت، ئەوانەی هیچ لەبارەی کولتووری تایبەتەکەیانەوە نازانن، رەنگە جاڕی ئەوە بدەن کە فەرەنسا نابێتە وڵاتێکی فرەکولتوور، وەک ئەوەی کولتووری عەرەبیی ئیسلامی بەشێک نەبێ لە کولتووری رۆئاواییمان. زۆرجار دەبیستین کەسانێک دەڵێن: ئەم کولتوورە دوو سەرچاوەی هەیە: سەرچاوەی یۆنانی رۆمانی و سەرچاوەی یەهودیی مەسیحی. ئەوەیش لەبیرکردنی رۆڵی کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامییە.

ئەو کەسەی بەراستی زانستی ئەزموونی هێنایە ئەوروپا، راهیبی ئینگلیزی رۆجەر باکۆن بوو. باکۆن لە کتێبەکەیدا "المجموعة الکبری" لە خۆبوردووانە دان بەوەدا دەنێ کە ئەو هەموو شتێک لە قوتابخانەی ئیسلامیی شاری قورتوبە فێر بووە. هەروەها بەبەردەوامی نموونە لە کتێبی (الناظر)ی ئیبنولهەیسەمی میسری دێنێتەوە، کە یەکەمین نموونەی زانستی ئەزموونی پێشکێش کرد: ئەویش گریمانەکردنی گریمانەیەکی ماتماتیکییە، ئەنجا ئامادەکردنی کەرەستەیەکی ئەزموونی بۆ دڵنیابوون لە راستییەکەی یان تانەلێدان و پووچەڵکردنەوەی.

لە هەندێ مەیدانی تریشدا، بەسە بۆمان کتێبی "فی الحب"ی ستندال بخوێنینەوە، کە باس لەوە دەکات خۆشەویستیی راستەقینە تەنیا لەژێر رەشماڵی رەشماڵنشینە رەشپێستەکەدا گوزارشتی لێ دەکرێ. لە کتێبی (طوق الحمامة)ی ئیبن حەزمیشدا لەبارەی خۆشەویستیی ناسک، هەروەها لای ئیبن عەرەبی، گوزارشتێک لە بەیەکگەیشتنی خۆشەویستیی مرۆیی و خۆشەویستیی ئیلاهی دەبینین، کە دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام -وەک ئاسین بالایۆس دەڵێ- بۆ (ئوخرەویاتە ئیسلامییەکە) لە کۆمیدیای ئیلاهیی دانتی.

هەمان شت لەبارەی لێبووردەییشەوە راستە. نالێبووردەیی لە ئیسلامەوە سەرچاوە ناگرێ، بگرە لە لادانەکانییەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ئیسپانیا جوولەکەکان بوونە وەزیر. تەنیا لە ساڵی ١٤٩٢دا، لەگەڵ هەرەسهێنانی غەرناتەدا و لەگەڵ دەرکردنی جوولەکە و عەرەبەکاندا لە ئیسپانیا "پاکتاویی نەژادی" دەستی پێ کرد، کە ئەو کاتە ناوی "خوێنپاکی" لێ نرا.

بێئاگایی لە هەموو ئەمانە سەردەکێشێ بۆ ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی وای کردووە کەشوهەوای فرەنسا تا بێ بواری هەناسەدانی تێدا بەرتەسک ببێتەوە لەو کاتەی خەڵکانێکی ئاسایی کە شوێن داوونەریتی ولاتەکانیان دەکەون، لەگەڵ "ئیرهابی"یەکاندا تێکەڵ دەکات و بەتوندی یەکسان دەکرێن.

لە سیستەمی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەک لە پێوەندییە سیاسییە ناوخۆییەکاندا، چارە نییە دەبێ یەکێک لەم دووانە هەڵبژێرین: دیالۆگ یان شەڕ. نەفرەتی لێ بێ ئەوەی شەڕ هەڵدەبژێرێ.

سەرچاوە: کتێبی "نحو حرب دینیە، جدل العصر"، رۆجیە غارودی. ت: صیاح الجهیم، ط ٢، ١٩٩٧ ل٣٢ - ٤٩

# دنیایەک بەبێ ئیسلام

گراهام فوللەر

چی دەبوو ئەگەر ئیسلام لە بنەڕەتدا نەبووایە؟ بۆ هەندێ کەس، ئەمە بیرۆکەیەکی ئارامیبەگەیێنە: نە پێکدادانی ژیارەکان، نە شەڕە ئاینییەکان، نە تیرۆریستەکان سەریان هەڵنەدەدا. ئاخۆ مەسیحییەت دنیای دەگرتەوە؟ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەبووە مێرگی دیموکراسییەت؟ ئاخۆ ١١ی سێپتەمبەر رووی نەدەدا؟.

لە راستیدا، ئیسلام لە لاپەڕەی مێژوو بسڕەوە، دنیا رێک وەک ئەوە دەبوو کە ئێستە هەیە.

بێنە پێش چاو کە تۆ جیهانێکی بێ ئیسلامت دەوێ. وا دێتە پێش چاو کە ئیسلام لە پشت ژمارەیەکی زۆر لە نائارامییە جیهانییەکانەوەیە: هێرشە خۆکوژییەکان، ئۆتۆمۆبێلە مینرێژکراوەکان، داگیرکردنە سەربازییەکان، خەباتە بەرگریکارییەکان، پشێوییەکان، فەتواکان، جیهادەکان، شەڕە پارتیزانییەکان، دیمەنە ڤیدیۆییە هەڕەشەئامێزەکان و تەنانەت ١١ی سێپتەمبەریش.

بەدڵنیاییەوە بەلای هەندێ لە کۆنەپارێزە نوێیەکانەوە (نیۆکۆنسێرڤەتیڤ) فاشیزمی ئیسلامی ئێستە دوژمنی سەرسەختی ئێمەیە، کە بۆنی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانیی سێیەمی لێوە دێ.

بەڵام کەمێک بوارم بدەن! چی دەبوو ئەگەر شتێک نەبووایە بەناوی "ئیسلام"، کەسێک بەناوی پێغەمبەر محەمەد لە مێژوودا نەبووایە، چیرۆکی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیادا رووی نەدایە؟.

بە لەبەرچاوگرتنی تەرکیزکردنی توندمان لەسەر تیرۆریزم، شەڕ و هەستی بەربڵاوی

.............................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفوور

دژەئەمەریکایی ـکە ئەوانە هەندێ لە پرسە هەرە هەستیارە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژن، گرینگە تێ بگەین سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو قەیرانانە چین؟. ئاخۆ بەڕاستی ئیسلام سەرچاوەی کێشەکەیە، یان ڕێی تێ دەچێ ئەو بەشێک بێ لە هۆکاری قووڵتر، بەڵام کەمتر ڕۆشنەکانەوە؟

تەنیا بۆ وتووێژ، لە دیمەنێکی مێژوویی خەیاڵئامێزدا وێنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشە کە قەت ئیسلام تێیدا سەری هەڵنەداوە. ئاخۆ ئێمە لە زۆر لەو هەڕەشە و مەترسییانەی لە پێشمانن، دوور دەبین؟ ئاخۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستە ئاشتیتر دەبێ؟ سروشتی پێوەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چەندە لە هیی ئێستە جیاواز دەبێ؟ ئاخۆ بەدڵنیاییەوە بەبێ ئیسلام، سیستەمی جیهانی وێنەیەکی زۆر جیاواز لەوەی ئەمڕۆ هەیە پێشکیش دەکات؟

## ئەگەر ئیسلام نەبێ، ئەی چی ؟

لە ڕۆژگارە زۆر بەراییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە، ئیسلام وا دەرکەوتووە کە نۆرمە کولتووری و تەنانەت مەرجەعیەتە سیاسییەکانی شوێنکەوتووانی ڕەنگڕێژ کردووە. لە بارێکی وادا چۆن دەتوانین ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جوێ بکەینەوە؟ وەک دیارە شتەکە وێناکردنی زەحمەت نییە.

با لە ڕەگەزەوە دەست پێ بکەین. بەبێ ئیسلام ڕووی ناوچەکە هێشتا بەئاڵۆزی و قەیراناوی دەمایەوە. گرووپە ئەتنیکییە باڵادەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: عەرەبەکان، فارسەکان، تورکەکان، کوردەکان، جوولەکەکان و تەنانەت بەربەرەکان و پشتۆنەکانیش هەر لە سیاسەتدا بە باڵادەستی دەمانەوە.

فارسەکان بە نموونە وەربگرە: زۆر پێش ئیسلام، چەندان ئیمپراتۆری گەورەی یەک لە دوای یەکی فارسەکان بەرەو دەروازەکانی ئەسینا کشان و ڕکابەری بەردەوامی هەموو ئەوانە بوون کە لە ئەنادۆڵدا نیشتەجێ بوون. گەلە سامییە ڕکابەرەکان بە درێژایی هیلالی خەسیب و هەروەها لە عێراق لەگەڵ فارسەکاندا جەنگان. هەروەها هێزە بەتواناکانی هۆزە عەرەبییە ناکۆکەکان و بازرگانەکان پەلیان دەهاویشت و کۆچیان دەکرد بۆ ناوچە سامییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێش ئیسلام. مەغۆلەکانیش لە سەدەی ١٣یەمدا هێرشیان دەکردە سەر ژیارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکیان دەشکاندن. تورکەکانیش هەڵیان دەکوتایە سەر ئەنادۆڵ و لە بەلقانەوە بۆ ڤیەنا و زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داگیر دەکرد. ئەم ململانێیانە، لەسەر دەسەڵات و خاک و هەژموون و بازرگانی زۆر پێش لە ئیسلام سەریان هەڵدابوو.

هاوکات، کارێکی زۆرەملێیانەیە کە ئاین بە تەواوی لە هاوکێشەکە بکەینە دەرەوە. ئەگەر لە ڕاستیدا ئیسلام قەت دەرنەوکەتایە، وەک پێشتر ئاینی مەسیحییەت، بە مەزهەبە

جۆراوجۆرەکانییەوە، لە زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە باڵادەستی دەمایەوە، وەک ئەو کاتەی تازە ئیسلام هاتبوو. جگە لە هەندێ زەردەشتی و ژمارەیەکی کەم لە جوو، ئاینێکی تری سەرەکی نەبوو.

بەڵام ئاخۆ ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لەسەر ئاینی مەسیحییەت بمایەتەوە، پێوەندییەکی هارمۆنی و تەبای لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەبوو؟ ئەمە زۆر دوورە.

ئێمە گریمانەمان دەکرد کە دنیای ئەوروپای فراوانخوازی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ دۆزینەوەی جێپێیەکی ئابووری و جوگرافی، دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی دراوسێیدا نەدەکێشا. دوای هەموو ئەوانە، شەڕی خاچدارەکان چی بوون جگە لە فراوانخوازیی ڕۆژئاوا بە پاڵنەری پێداویستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان؟. دروشمی مەسیحییەت هیچ نەبوو جگە لە سیمبولێکی کاریگەر، هاوارێکی بەنرکە بۆ پیرۆزکردنی خواستە دنیایی (سیکیولارەکان)ی ئەوروپایەکی بەهێز.

لە ڕاستیدا ئاینی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قەت ژمارەیەکی قورس نەبووە لە کشانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەدرێژایی دنیادا. ڕەنگە ئەوروپا بە دەنگی بڵند باسی لە هێنانی بەها مەسیحییەکان بۆ دانیشتوانی ئەسڵیی ئەو ناوچەیە کردبێ، بەڵام ئامانجی بنەڕەتی دامەزراندنی پێگەیەکی ئیمپریالی بووە وەک سەرچاوەی سامان بۆ شارە ئەوروپاییەکان و بنکەگەلێک بۆ فراوانکردنی پرۆژەی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا.

کەواتە ڕێی تێ ناچێ دانیشتوانە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشوازییان لە شەپۆلی ئۆردووە ئەوروپاییەکان و بازرگانەکانیان، کە بە تۆپە ڕۆژئاواییەکان پاسەوانی دەکران، بکردایە. دەکرا ئیمپریالیزم لەنێو مۆزایکی ئەتنیی ئاڵۆزی ناوچەکەدا بگەشایەتەوە، کە مادەیەکی خاوە بۆ گەمە کۆنەکەی "پەرتکە و زاڵبە".

هەروەها ئەوروپاییەکانیش بەردەوام دەبوون لەسەر سەپاندنی هەمان حوکمڕانە لۆکاڵییەکان، کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بە ئاسانی دەستەمۆ دەکران.

میلی سەعاتەکە ببە پێشەوە تا دەگەیتە سەردەمی پێترۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئاخۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، با مەسیحیش بوونایە، پێشوازییان دەکرد لە دامەزراندنی کۆلۆنیالییە ئەوروپاییەکان لە ناوچەکانیاندا؟ زۆر زەحمەتە. ڕۆژئاوا بەبەردەوامی چەند پێگەیەکی بۆ خنکاندنی ناوچەکە دروست دەکرد وەک کەناڵی سوێس. ئەوە ئیسلام نەبووە وای لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە بە توندی بەرەنگاری پرۆژەی کۆلۆنیالی بکەن، کە توندڕەوانە سنوورەکانی بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندیی حەزە جیۆپۆلیتیکییە ئەوروپاییەکاندا بێ وێنە دەکێشایەوە.

مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لەوەی موسڵمانەکان کردیان پێشوازییان لە

کۆمپانیا نەوتییەکانی وڵاتانی ئیمپریالی رۆئاوا نەدەکرد، کە لەلایەن وەسی و دیپلۆمات و بەکرێگیراوەکانی دەزگا هەواڵگرییەکان و سوپا ئەوروپاییەکانەوە پاڵپشتی دەکران.

سەیری مێژووی دوور و درێژی کاردانەوەی ئەمەریکای لاتینی لە بەرامبەر باڵادەستیی ئەمەریکا بەسەر نەوتەکەیان، ئابوورییەکەیان و سیاسەتیاندا، بکە. رۆهەڵاتی ناوەڕاست مکوڕ دەبوو لەسەر پێکهێنانی بزووتنەوەگەلی نیشتمانی دژە کۆلۆنیالیزم بۆ دەرهێنانی کۆنترۆڵکردنی خاک، بازاڕەکان، سەروەریی و چارەنووسیان لە دەستی بێگانە، رێک وەک خەباتی دژە ئیمپریالیزم لەنێو هندستانی هندۆسی، چینی کۆنفۆشیۆسی، ڤێتنامی بوودی و ئەفریقیا مەسیحی و بتپەرستدا.

هەروەها بەدڵنیاییەوە فرەنساییەکان بەزوویی بەرەو جەزائیری مەسیحی دەکشان، تا دەست بەسەر زەوییە بەپیتەکانیدا بگرن و کۆلۆنییەک دروست بکەن. ئیتاڵیاییەکان، بەهەمان شێوە، قەت رێیان بە مەسیحییەتی ئەسیوبی نەدەدا رێیان لێ بگرن لەوەی ئەو وڵاتە بگۆڕن بۆ کۆلۆنییەک، کە دڵرەقانە حوکمڕانی دەکرا.

بەکورتی، هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی باوەڕ وا بێ کاردانەوەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر ناسۆرییەکانی کۆلۆنیاڵیی ئەوروپایی، زۆر جیاواز دەبوو لەو شێوەیەی لەژێر سایەی ئیسلامدا رووی دا.

بەڵام ئاخۆ رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ ئیسلام دیموکراسیتر دەبوو؟

مێژووی دیکتاتۆریەت لە خودی ئەوروپا لێرەدا دڵنیاکەرەوە نییە. ئیسپانیا و پورتوگال تەنیا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا کۆتاییان بە دیکتاتۆرییەتێکی سەرسەخت هێنا. یۆنان تەنیا چەند دەیەیەکی کەم لەمەوپێش لە دیکتاتۆرییەتی پێوەست بە کڵێسا رزگاری بووە. رووسیای مەسیحی هێشتا لەنێو دارستان رزگاری نەبووە. تا ئەم دواییە نێزیکانە ئەمەریکای لاتین لەژێر باڵی دیکتاتۆریەتدا خنکابوو کە زۆرجار بە دەستخۆشانەی ئەمەریکا و بە هاوبەشی لەگەڵ کڵێسای کاسۆلیکیدا حوکمی دەکرد. زۆربەی وڵاتە ئەفریقاییە مەسیحییەکان زۆر باشتر نەبوون. بۆچی دەبێ رۆهەڵاتی ناوەڕاستی مەسیحی باشتر بووایە؟

با نموونەی فەڵەستین وەرگرین. بەدڵنیاییەوە، ئەوە مەسیحییەکان بوون کە بێشەرمانە و دڵڕەقانە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ جووەکانیان دەچەوساندەوە، کە ئەو شاڵاوی قڕکردنە لە هۆلۆکۆستی نازییەکاندا گەیشتە لووتکە. ئەم نموونە تۆقێنەرانەی دژە سامییەت بەشێوەیەکی ریشەدار لە ناوچە مەسیحییەکانی رۆئاوا و کولتوورەکەیاندا هەبوو.

بەو هۆیەشەوە جووەکان بەدوای وڵاتێکدا دەگەڕان بۆ خۆیان لە دەرەوەی ئەوروپا، دەبوو بزووتنەوەی زایۆنیزمیش سەرهەڵبدات و ئەو پێگەیە لە فەڵەستیندا داوا بکا. هەروەها دەوڵەتە جوولەکە نوێیەکەیش ٧٥٠ هەزار عەرەبی فەڵەستینی ئەسڵیی لە وڵاتی خۆیان بەدەر دەنا تەنانەت ئەگەر مەسیحیش بوونایە، کە لە راستیدا هەندێکیان مەسیحیش بوون. ئاخۆ ئەو عەرەبە

فەڵەستینییە دەربەدەرکراوانە شەڕیان لەپێناو پاراستن یاخۆ گێڕانەوەی خاکەکەیاندا نەدەکرد؟

کێشەی ئیسرائیل – فەلەستین لە جەوهەردا وەک کێشەیەکی نیشتمانی و ئەتنیکی و هەرێمی دەمێنێتەوە و تەنیا لەم دواییەدا دروشمگەلی ئاینی وەبەردا کراوە. لە یادمان نەچێ کە مەسیحییە عەرەبەکان رۆڵێکی سەرەکییان لە سەرهەڵدانی کۆی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەبی لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیوە. دامەزرێنەری ئایدیۆلۆجیی یەکەم حزبی بەعسی عەرەبی، میشێل عەفلەق بوو، کە مەسیحییەکی سووریایی دەرچووی زانکۆی سۆربۆرن بوو.

بەڵام ئاخۆ بەڕاستی مەسیحییەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لانی کەم لە رووی ئاینییەوە بە رۆئاواوە وا بەستە دەبوون و بەوەیش لەو هەمووو ململانێ ئاینییە دوور دەبووین؟ لە راستیدا، دنیای مەسیحی خۆی لە خۆیدا بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیەوە هەر لە سەدە بەراییەکانی دەسەڵاتی مەسیحییەتەوە بەهۆی لادان لە ئاینی باو، یاخۆ هەرتەقەکانەوە (heresies) تووشی لێکترازان بووبوو، کە بوو بە بەردەبازی سەرهەڵدانی نەیاریی سیاسی بۆ دەسەڵاتی کڵێسای رۆمانی یان بێزەنتی. دوور لە یەکگرتنیان لەژێر بەیداخی ئایندا، شەڕە ئاینییەکانی رۆئاوا هەردەم رووپۆشێک بوون بۆ ململانێیەکی ئەتنی، ستراتیجی، سیاسی، ئابووری و کولتووریی قووڵتر لەپێناو باڵادەستیدا.

تەنانەت ئاماژەکردنێک بۆ "رۆهەڵاتی ناوەڕاستی مەسیحی" رقێکی دزێو لە خۆیدا حەشار دەدات. بەبێ ئیسلام، گەلانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوە دەمانەوە کە لە کاتی هاتنی ئیسلامدا لەسەری بوون، کە زۆربەیان پابەند بوون بە مەسیحییەتی ئەرسۆزۆکسی رۆهەڵاتییەوە. بەڵام ئاسانە لە یادی بکەین کە یەکێک لە درێژخایەنترین و توندوتیژترین و دژوارترین ململانێ ئاینییەکانی مێژوو ئەوە بوو کە لە نێوان کڵێسا کاسۆلیکی لە رۆما و مەسیحییە ئۆرسۆزۆکسەکانی رۆهەڵاتدا بوو لە قوستەنتینیە، ئەو رقەی تا ئێستەیش ماوە.

مەسیحییە ئۆرسۆزۆکسەکانی رۆهەڵات قەت لەدەستدانی قوستەنتینیەی مەسیحی لەسەر دەستی خاچپەرستە رۆئاواییەکان لە ساڵی ١٢٠٤دا لە بیر ناکەن و نابەخشن. نێزیکەی ٨٠٠ ساڵ دواتر، لە ١٩٩٩ پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم هەوڵی دا چەند هەنگاوێکی بچووک بۆ سارێژکردنی ئەو برینە بنێ، ئەویش لە یەکەم سەردانی پاپایەکی کاسۆلیکیدا بۆ دنیای ئۆرسۆزۆکسی لە ماوەی هەزار ساڵدا. ئەوە تەنیا سەرەتایەک بوو، بەڵام درزی نێوان رۆهەڵات و رۆئاوا لە رۆهەڵاتێکی مەسیحیدا لەوەی ئێستە هەیە زیاتر دەبوو. یۆنان بە نموونە وەرگرە. پرسی ئۆرسۆزۆکس بزوێنەرێکی بەهێز بووە لە پشت هەستی ناسیونالیستی و دژە رۆئاوایی لەو وڵاتەدا، هەروەها هەستی دژە رۆئاوایی لە سیاسەتی یۆنانیدا، تا دەیەیەک لەمەو پێشیش، هەمان بۆچوون و تێڕوانینی گوماناوی بوو بەرامبەر رۆئاوا کە ئێمە ئەمڕۆ لە زۆر لە سەرکردە ئیسلامییەکانی دەبیستین.

کولتووری کڵێسا ئۆسۆزۆکسی زۆر جیاوازە لە سیستەمی ئەخلاقیی رۆئاوای دوای رۆشنگەری، کە جەخت لەسەر سیکیولاریزم، سەرمایەداری و ئەولەوییەتی تاکەکەس دەکات. (کلێسای ئررسۆزۆکسی) هەڵگری مەترسییە ریشەداکوتاوەکانی خەڵکە لەبارەی رۆئاواوە، کە لە زۆر رووەوە هاوتەریبە لەگەڵ مەترسییە هەنوکەییەکانی موسڵمانەکانەوە: مەترسی لە نێردەکانی مژدەدەرانی بەفەلەکردنی رۆئاوایی، سەیرکردنی ئاین وەک پەناگە و ئامرازی سەرەکیی پاراستنی کۆمەڵگە و کولتوورەکەیان و بەدگومانییان لە بەرامبەر بنیاتی "خراپ" و ئیمپریالیساتانەی رۆئاوا.

لە راستیدا لە رۆهەڵاتێکی ناوەڕاستی مەسیحیی ئۆرسۆزۆکسیدا، مۆسکۆ کاریگەرییەکی تایبەتی دەبێ، تەنانەت ئەمڕۆیش، وەک دواین گەورە سەنتەری ئۆرسۆزۆکسی رۆهەڵاتی. جیهانی ئۆرسۆزۆکسی وەک گۆڕەپانێکی جیۆپۆلیتیکیی بنچینەیی لە ململانەی رۆهەڵات و رۆئاوادا لە شەڕی ساردا دەمایەوە.

سامۆیل هنتنگتۆن، جیهانی ئۆرسۆزۆکسی رۆهەڵاتی لەنێو ژمارەیەک شارستانییەتدا داناوە کە لەگەڵ رۆئاوادا دەکەونە ململانەی کولتوورییەوە.

داگیرکردنی ئەمڕۆی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، لەلایەن عێراقییەکانەوە پێشوازی زیاتری لێ نەدەکرا ئەگەر گەلی عێراق مەسیحی بوونایە. هەروەها لەبەر موسڵمانبوونەکەی نەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەدام حوسێنی رووخاند، کە سەرکردەیەکی فوول ناسیونالیست و سیکیولار بوو. هەروەها ئەو کاتیش گەلانی تری عەرەب یارمەتیی عەرەبەکانی عێراقیان دەدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆستی داگیرکردنیدا.

لە هیچ جێیەک گەلان پێشوازی لە داگیرکاریی بیانی و کوژرانی هاوولاتییانیان لەسەر دەستی سوپای بیانی ناکەن. لە راستیدا ئەو گرووپانەی بەشێوازی جۆراوجۆر لەلایەن ئەو جۆرە هێزە دەرەکییانەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێ، چاو دەگێڕن بۆ دۆزینەوەی ئایدیۆلۆجیایەکی گونجاو تا بەهۆیەوە پاساو و شکۆ بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ هێزی داگیرکەری بیانی بدەن. ئاین یەکێکە لەو ئایدیۆلۆجیایانە.

کەواتە ئەمەیە وێنەی گریمانەیی "دنیا بەبێ ئیسلام"، تێیدا مەسیحییەتی ئۆرسۆزۆکسی رۆهەڵاتی لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بالادەستە، ئەو کلێسایەی لە رووی مێژوویی و سایکۆلۆجییەوە بەلای رۆئاواوە جێگومان و بگرە دژی بووە.

رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە بارێکدا هێشتا بەدەست جیاوازیی ئەتنی و تائیفیی گەورەوە گرفتارە، هەستێکی تۆقێنەری هۆشیاریی مێژوویی و بێزاری دژ بە رۆئاوا هەیە. چەندان جار لەلایەن سوپا ئیمپریالییەکانەوە داگیر کراوە، سامانەکانی تالان کراون، سنوورەکانی لەلایەن رۆئاواوە بەپێی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی داڕێژراونەتەوە، هەروەها ئەو رژێمانەیان تێدا دانراون کە ملکەچی فەرمانەکانی رۆئاوا بوون. ئەوکاتیش فەڵەستین بەردەوام دەسووتا، ئێران گیانێکی نیشتمانیی

بەرزی دەبوو. دەمانبینی فەڵەستینییەکان بەرەنگاری دەسەڵاتی جووەکان دەکەن، چیچانییەکان بەرەنگاری رووسیاییەکان دەکەن، ئێرانییەکان بەرەنگاری بەریتانی و ئەمەریکاییەکان دەکەن، کشمیرییەکان بەرەنگاری هندییەکانیان دەکەن، لە سریلانکا تامیلەکان بەرەنگاری سەنهالییەکان دەکەن، هەروەها ئیگۆر و تبتییەکان بەرەنگاری چینییەکان دەکەن.

رۆهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام مۆدێلێکی مێژوویی شکۆمەندیان دەبوو ـ ئیمپرایۆرییەتی گەورەی بێزەنتی کە زیاتر لە ٢ هەزار ساڵ بەردەوام دەبوو- وەک سیمبولێکی کولتووری و ئاینی سەیری دەکرا. لە زۆر رووەوە دابەشبوونی رۆهەڵات و رۆئاوا درێژەی دەکێشا.

## لەژێر بەیداخی پێغەمبەردا

بەدڵنیاییەوە، شتێکی بێمانایە پێمان وابێ بوونی ئیسلام هیچ کاریگەرییەکی سەربەخۆی لەسەر رۆهەڵاتی ناوەڕاست یان پێوەندییەکانی رۆهەڵات و رۆئاوادا نییە. ئیسلام هێزێکی یەکخستنی کاریگەری لە ناوچەیەکی بەرفراواندا دروست کردووە. وەک بیروباوەڕێکی گەردوونی، شارستانییەتێکی بەرفراوانی دروست کردووە کە هەڵگری چەندان پرەنسیپی گشتیی فەلسەفی، هونەری، کۆمەڵایەتییە، تێڕوانینێک بۆ ژیانی ئەخلاقی، هەستکردن بە دادپەروەری، دادوەری و دەسەڵاتی راساڵە. هەموو ئەوانە لە کولتوورێکی باڵای خاوەن ریشەی قووڵدا.

وەک هێزێکی کولتووری و ئەخلاقی، ئیسلام جیاوازییە ئەتنیەکانی نێوان نەتەوە موسڵمانەکانی لە بۆتە داوە و هانیان دەدات خۆیان وەک بەشێک لە پرۆژەی شارستانیەتی بەرفراوانی ئیسلامی بزانن. تەنیا ئەوە قورساییەکی زۆری پێ دەدات. ئیسلام کاریگەریی لەسەر جیۆپۆلەتیکیش بووە: ئەگەر ئیسلام نەبووایە وڵاتە ئیسلامییەکانی باشووری ئاسیا و باشووری رۆهەڵاتی ئاسیای ئەمڕۆ ـ بەتایبەت پاکستان، بەنگلادیش، مالیزیا و ئەندەنووسیا- لەباتی ئەوە دەبوونە بەشێک لە جیهانی هیندۆسی.

شارستانییەتی ئیسلامی نموونەیەکی هاوبەشی پێشکێش کردووە کە هەموو موسڵمانان دەتوانن بەناوی بەرەنگاریکردنی تاڵانکاریی رۆئاواوە رووی تێ بکەن. تەنانەت ئەگەر ئەو رووتێکردنە نەشیتوانیوە لە تەواوی رێ لە شەپۆلی ئیمپریالیی رۆئاوا بگرێ، بەڵام یادەوەرییەکی کولتوویری لەبارەی چارەنووسی هاوبەشەوە دروست کردووە، کە لەناو نەچووە. ئەوروپاییەکان توانییان ژمارەیەکی زۆر لە گەلانی ئەفەریقیایی، ئاسیایی و ئەمەریکای لاتین پەرت و حوکمڕانی بکەن، کە هەر یەکەیان بە تەنیایی لە بەردەم هێزی رۆئاوادا چۆکیان دادا. بەهۆی نەبوونی هیچ سیمبولێکی ئەتنی یان کولتووریی گشتیدا بۆ بەرەنگاربوونەوە، سەرهەڵدانی بەرەنگارییەکی یەکگرتووی بان-نەتەوەیی لەنێو ئەو گەلانەدا ئەستەم بوو.

لە دنیایەکی بێ ئیسلامدا، ئیمپریالیزمی رۆئاوا زۆر بە ئاسانتر ئەرکی پەرتکردن، داگیرکردن

و باڵکێشـان بەسـەر ڕۆهـەڵاتی نـاوەڕاست و ئاسـیـای جـێـبـەجـێ دەکرد. خـەیاڵگەیەکی هاوبەشی کـولتـووری لەبارەی ملکەچکردن و شکست لە ناوچـەیەکی فـراواندا نەدەبوو. ئەمـــە هۆیـەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئێستە ئەمەریکا کەڵبەکانی خۆی لە جیهانی ئیسلامی گیر دەکات.

ئەمڕۆ هۆکارەکانی پێوەندیکردنی جیهانی و وێنەکانی مانگە دەستکردەکان هۆشیارییەکی زاتی لەنێو موسڵمانەکان و هەستکردن بە گەمارۆدانی ئیمپریالیزمی ڕۆئاوایی بۆ کولتووری گشتیی ئیسلامی دروست کردووە. ئەو گەمارۆیە لەبارەی مۆدێرنێتەوە نییە، بگرە لەبارەی خواستی لەبن نەهاتووی ڕۆئاواوەیە بۆ باڵادەستبوون بەسەر فەزا، سەرچاوەکان و تەنانەت کولتووری جیهانی ئیسلامیدا، ئەویش لە ڕێی هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕۆهەڵاتێکی ناوەڕاستی سەر بە ئەمەریکا.

ناخۆشبەختانە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەزانانە پێی وایە تەنیا ئیسلامە بەربەستە لە نێوان ئەو و چنینەوەی بەرهەمەکەدا.

ئەی چی لەبارەی تیـرۆریزمـەوە بڵـێین، کـە هـەسـتـیـارترین پرسـە کـە ڕۆئاوا ئـەمـڕۆ بێـپـەروا دەیبـەسـتێـتـەوە بە ئیسـلامـەوە؟ ئاخـۆ بەبێ بوونی ئیسـلام ١١ی سێپتـەمبـەر ڕووی دەدا؟ ئەگەر ناسـۆرییـەکانی ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست، کە ریشـەی خـۆیان لەسـەر سـاڵانێک لە تووڕەیی سیاسی و عـاتیـفی دژ بـە سـیـاسـەت و کـردەوەکـانی ئەمـەریکا دامـەزراندووە، لەژێر دروشـمـێکی تردا کۆبووبایەتەوە، ئاخۆ دەکرا ڕووداوەکان زۆر جیاواز بن لەوەی ڕووی داوە؟ جارێکی تر، گرینگە یادمان نەچێ کە چەند بەئاسانی دەتوانرێ ئاین تێوە بگلێنرێ و رابکێشرێتە نێو ململانەکانەوە، تەنانەت لە کاتێکدا دەبێ ناسۆرییە درێژخایەنەکانی تر لەو ڕووەوە لۆمە بکرێن.

١١ی سێپتـەمبـەری ٢٠٠١ سـەرەتای مێژوو نەبوو، بەلای ڕفێنەرەکانی قاعیدەوە، ئیسـلام وەک زەرەبینێکە لە بەردەم تیشکی خۆردا، کە ئەو ناسۆرییە گشتییە هاوبەشە بەربڵاوانە کۆ دەکاتەوە و تەرکیزیان دەکاتە سەر و دەیانکاتە تۆپەڵە تیشکێکی گەورە.

لە تەرکیـزکردنی ڕۆئـاوادا لەسـەر ئەو تیرۆریزمـەی بەناوی ئیـسـلامـەوە دەکرێ، یادەوەرییـەکان کورتن.

گەریلا جـوولـەکـەکان لە فـەڵەسـتین تیرۆریان دژ بە بەریتـانیا بەکار هێنا. تامیلە هندییـەکانی سریلانکا "پڵنەگەکان" هونەری پشـتێنە خـۆکوژییـەکـانیان داهێنا و بۆ مـاوەی زیاتر لە دەیەیەک جیهانیـان بەرەو بەکارهێنانی مینرێژکردنە خۆکوژییـەکان برد، لە نێویاندا تیرۆرکردنی راجیف گـاندی سـەرۆک وەزیرانی هندسـتـان. تیـرۆریسـتـە یۆنانیـیـەکـان کـردەی تیـرۆرکـردنیـان دژ بە بەرپرسانی ئەمەریکایی لە ئەسینا بەکار هێنا.

ڕێکخراوی تیـرۆریسـتـە سیـخـەکان ئەندێرا گـاندیی سـەرۆک وەزیرانی هندسـتـانیـان کوشت و پشـێـوییـان لەو وڵاتەدا نایەوە، بنکەیـەکی لەودیو دەریاکـاندا لـە کـەنەدا دامـەزراند و فـڕۆکـەیـەکی نەفـەرهـەڵگری هندییـان لەسـەر زەریای ئەتڵەسیدا خـسـتـە خـوارەوە. تیرۆریسـتـە مەکدۆنییـەکان لە

کاتی شەڕی جیهانیی یەکەمدا هەموو خەڵکیان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری بەلقاندا تۆقاندبوو.

دەیان لە غافڵکوژییە گەورەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەلایەن ئەنارشیستە ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکانەوە ئەنجام دراون، کە ترسێکی گشتییان بڵاو دەکردەوە.

سوپای کۆماری ئێرلەندی بۆ دەیان ساڵ دڵڕەقانە تیرۆری دژ بە بەریتانیا ئەنجام دەدا، هەروەها گەریلا کۆمۆنیستەکان و تیرۆریستەکانی ڤێتنام هەمان شتیان بەرامبەر ئەمەریکاییەکان کرد، بەهەمان شێوە مەلاوییە کۆمۆنیستەکان لە پەنجاکاندا دژ بە سەربازانی بەریتانیایی ئەنجامیان دا، ئەمە جگە لە هێرشەکانی تیرۆریستە ماوماوەکان دژ بە بەرپرسانی بەریتانیایی لە کینیا. لیستەکە بەردەوامە. پێویستی بە موسڵمان نەبوو تا تیرۆر ئەنجام بدا.

تەنانەت مێژووی ئەم دواییانەی چالاکییە تیرۆریستییەکانیش زۆر جیاواز لەمە نایەنە بەرچاو. بەگوێرەی پۆلیسی ئەوروپایی، لە ساڵی ٢٠٠٦دا ٤٩٨ هێرشی تیرۆریستی لە وڵاتانی یەکەتیی ئەوروپادا روویان داوە. لەوانە ٤٢٤یان لەلایەن گرووپە جوداخوازەکانەوە ئەنجام دراون، ٥٥یان لەلایەن چەپڕەوە تیرۆریستییەکانەوە بووە، ١٨شیان لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی جۆراوجۆرەوە بوون. تەنیا ١ کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئەنجام درابوو. بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، ژمارەیەک هەوڵی گرووپە ئیسلامییەکان، کە لەژێر چاودێریی تونددان، پووچەڵ کرانەوە.

کەواتە ئاخۆ زەحمەتە وێنا بکەیت، کە عەرەبەکان -جا موسڵمان بن یان مەسیحی- لە ئیسرائیل یان داگیرکارییە بەردەوامەکانی ئیمپریالیزم، کودەتاکان، دەستێوەردانەکان، کە هەمان کاری تیرۆریستەکان و شەڕە پارتیزانییەکانیان بەکار دەهێنا، تووڕە بوون؟ لە بری ئەوە دەکرێ پرسیارەکە بەو شێوەیە بێ: بۆچی ئەو رووداوانە زووتر روویان نەدا؟ لە بارێکدا گرووپە رادیکاڵییەکان لەم سەردەمی جیهانگەراییەی ئێمەدا ناسۆرییەکان دەخەنە روو، بۆ دەبێ ئێمە پێشبینی نەکەین کە ململانەکەیان بۆ نێوجەرگەی رۆئاوا بگوێزنەوە؟.

ئەگەر ئیسلام رقی لە مۆدێرنێتەیە بۆچی چاوەڕێی کرد تا ١١ی سێپتەمبەر، تا هێرشەکەی دەست پێ بکا؟ بۆچی بیرمەندانی ئیسلامی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باسیان لە پێویستیی لە ئامێزگرتنی مۆدێرنێتە دەکرد.

پرسی ئوسامە بن لادن لە قۆناخە بەراییەکانیدا بەهیچ شێوەیەک باسی پرسی مۆدێرنێتە نەبوو، ئەو باسی لە فەڵەستین، پۆستاڵی ئەمەریکاییەکان لەسەر خاکی عەرەبستانی سعوودی، ملکەچیی دەسەڵاتدارانی سعوودی بۆ ئەمەریکا و شەڕی خاچپەرستیی نوێی کرد. جێی سەرسوڕمانە کە تەنیا لە کۆتاکانی ساڵی ٢٠٠١ دا بوو کە یەکەمین تووڕەیی موسڵمانانمان بینی دژ بە ئەمەریکای لەسەر خاکی ئەمەریکادا، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر رووداوە کەڵەکە و

مێژووییەکانی ئەم دواییە و سیاسەتی ئەمەریکا. ئەگەر ١١ی سێپتەمبەریش رووی نەدایە رێی تێ دەچوو هەندێ رووداوی تری هاوشێوە روو بدەن.

هەروەها تەنانەت ئەگەر ئیسلام وەک بناخە و بەردەبازێک بۆ بەرگری قەت سەریشی هەڵنەدایە، مارکسیزم ئەو کارەی دەکرد، کە ئایدیۆلۆجیایەک بوو ژمارەیەکی بێشومار تیرۆریست و گەریلا و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نیشتمانی بەرهەم هێناوە.

ئەو ئایدیۆلۆجیایە بزووتنەوەی ئیتای باسک، بزووتنەوەی فارکی کۆڵۆمبیا، "رێگەی درەوشاوە" لە پیرۆ، هەروەها سوپای سووری ئەوروپای پێ گەیاندووە. جۆرج حەبەش دامەزرێنەری بەرەی میلی بۆ رزگارکردنی فەڵەستینی کە رێکخراوێکی ترسناک بوو، پیاوێکی یۆنانیی مەسیحیی ئۆرسۆزۆکس و مارکسی بوو کە لە زانکۆی ئەمەریکایی لە بەیرووت خوێندبووی. لە سەردەمێکدا کە تووڕەییی ناسیونالیزمی عەرەب لەگەڵ توندوتیژیی مارکسیزمدا تێکەڵ بووبوو، زۆر لە مەسیحییە فەڵەستینییەکان پشتیوانییان لە حەبەش دەکرد.

ئەو گەلانەی رووبەڕووی سەرکوتکردنی بیانی دەبنەوە، هەوڵ دەدەن دروشمێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە کە بتوانێ گوڕ و تین و شکۆ بە خەباتەکەیان بدا. خەباتی چینایەتی لەپێناو دادپەروەریدا سەرەتاگەیەکی باشی دەستەبەر کردووە. ناسیونالیزم لەویش باشترە، بەڵام ئاین لەو رووەوە لە هەموو ئەوانە باشتر و کاریگەرترە. هەروەها ئاین لە هەموو جێیەک دەتوانرێ وەک هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزیی نەژاد و نەتەوە بەکار بێ، بەتایبەت کاتێ دوژمنەکە لە ئاینێکی تر بێ. لەم حاڵەتانەدا ئاین لەوە دەکەوێ سەرچاوەی یەکەم بێ بۆ پێکدادان و رووبەڕووبوونەوە، بگرە تەنیا وەک بەردەبازێک رۆڵ دەبینێ.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە تیرۆریزم بە زۆری ئامرازی دەستی لاوازەکانە. ئەو بەڕاستی هێزی بێوێنەی سوپای ئەمەریکای لە عێراق و ئەفغانستان و شوێنانی تردا ریسوا کرد. بەم شێوەیە لە زۆر لە وڵاتە ناموسڵمانەکاندا بنلادن وەک "دووەم چێ گیڤارا" ناو براوە.

## دۆخی دیموکراسییەت بەبێ بوونی ئیسلام

بەڵام ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە: ئاخۆ ئەگەر ئیسلام سەری هەڵنەدایە، ئاشتی لە جیهاندا زیاتر بەرقەرار دەبوو؟

لە بەردەم ئەم گرژییانەی نێوان رۆهەڵات و رۆئاوادا، بێشک ئیسلام رەگەزێی زۆر عاتیفی زیاد کردووە، چینێکی تری بۆ ئاڵۆزییەکان زیاد کردووە. بەڵام ئیسلام هۆکاری ئەو کێشانە نییە.

رەنگە پەرەگرافێک لە قورئاندا بدۆزرێتەوە کە شرۆڤەی ئەوە بکا "بۆچی موسڵمانەکان رقیان لێمانە". بەڵام ئەوە چاو لە سروشتی دیاردەکە دادەخات. چەند بۆ مرۆڤ ئاسانە کە ئیسلام وەک هۆکاری کێشەکە بناسێنێت. ئەوە بەدڵنیاییەوە لە دۆزینەوەی کاریگەریی جێپەنجە نێونەتەوەییە

زەبەلاحەکانی تاکە زلهێزی دنیا زۆر ئاسانترە.

دنیایەکی بێ ئیسلام هیشتا زۆربەی ئەو ململانە درێژخایەن و خوێناوییانە بەخۆوە دەبینێ کە شەڕ و ناسۆرییەکانیان باڵیان بەسەر دیمەنە جیۆپۆلێتیکییەکەدا کێشاوە. ئەگەر ئاینیش نەبووایە، هەموو ئەو گرووپانە هەندێ دروشمیان دەبینییەوە کە لە سایەیدا گوزارشت لە نەتەوایەتی و حەزی سەربەخۆبوونیان بکەن. بەدڵنیاییەوە دەقاودەق هەمان ئەو ڕێڕەوەی نەدەبوو کە ئێستە بەسەریدا ڕۆیشتووە، بەڵام لە جەوهەردا، ململانەی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا بەبەردەوامی بە دەوری پرسە مێژوویی و جیۆپۆلێتیکییە بنەڕەتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەخولێتەوە: نەژادگەرایی، ناسیونالیزم، خەونەکان، چڵێسی، سەرچاوە سروشتییەکان، چینایەتی، دەسکەوتە داراییەکان، دەسەڵات، دەستێوەردانەکان و رقلێبوونی بیانییەکان، پەلاماردەرەکان و ئیمپریالیزمەکان.

لە بارێکدا لەگەڵ ئەو پرسە بێکۆتاییانەدا ڕووبەڕوو بی، چۆن دەکرێ پەنا بۆ هێزی ئاین نەبرێ.

لە یادتان نەچێ، هەموو کارەساتە تۆقێنەرە گەورەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن ڕێژیمە سیکیولارە توندڕەوەکانەوە بووە، لیۆبۆلدی دووەم پاشای بەلجیکا لە کۆنگۆ، هیتلەر، مۆسۆلینی، لینین و ستالین، ماو و پۆڵ پۆت. ئەوە ئەوروپاییەکان بوون کە دوو جار شەڕی جیهانییان دژ بە باقیی جیهان هەڵگیرساندووە–دوو ململانەی جیهانیی وێرانکەر کە وێنەیان لە مێژووی ئیسلامیدا نییە.

ڕەنگە هەندێ کەس ئاواتەخوازی "جیهانێکی بێ ئیسلام" بن، کە –پێیان وایە–ئەو کێشانە لە بنەڕەتدا نەدەبوون. بەڵام لە ڕاستیدا پێ ناچێ ململانەکان، کێبەرکێکان و تەنگژەکانی ئەو جیهانە خەیاڵکراوە زۆر جیاواز بن لەوەی ئەمڕۆ هەیە.

***

* گراهام فوللەر یاریدەدەری پێشووی سەرۆکی دەستەی هەواڵگریی نیشتمانیی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمەریکایە و بەرپرسە لە خەمڵاندنی ستراتیجیی دوورمەودا، ئێستە پرۆفیسۆری مێژووە لە زانکۆی فرێزەر لە ڤانکۆڤەر. دانەری چەندان کتێبە لەبارەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەوانە کتێبی "داهاتووی ئیسلامی سیاسی" کە لە ساڵی ۲۰۰۳ لە خانەی بالگریف ماکمیلان لە نیویۆرک بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: http://www.foreignpolicy.com

بەناونیشانی: A World Without Islam

# قورئان
# پاڵپشتی لە حوکمی "مورتەد" ناکات

محەمەد عابد ئەلجابری

لێدوانەکانی موفتیی میسر بۆ هەندێ لە میدیاکانی ئەمەریکا لەبارەی حوکمی هەڵگەڕاوە لە ئاین (مورتەد) لە ئیسلامدا، مشتومڕێکی لەنێو زانایانی ئەزهەر و ئەوانەی بایەخ بە کاروباری ئاینی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەدەن، دروست کردووە. پێش ١٥ ساڵ بۆچوونی خۆمان لەو رووەوە دەربڕی، هەر کاتێکیش ئەو بابەتە دەوروژێتەوە، دەگەڕێینەوە سەر ئەو هەڵوێستە، دەبینین هەر ئەو هەڵوێستە بۆچوونی راست و دروستە.

ئێمە ئەو بابەتەمان لەسەر دوو ئاست شی کردووەتەوە، ئاستی گشتی و ئاستی تایبەت. جیاکردنەوەی ئەم دوو ئاستە گرینگە بۆ ئەوەی تێکەڵکردن و تەمومژ و مشتومڕی نەزۆک روو نەدەن.

ئاستە گشتییەکە پێوەندیی بە هەڵوێستی بانگەوازی محەمەدییەوە هەیە لە ئازادیی بیروباوەڕ، کە بە ڕوونی لەم ئایەتانەدا دیارە:

* "وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا، أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ"؟ (یونس ٩٩)، واتە: ئەگەر خوا بیویستایە هەموو خەڵک باوەڕیان دەهێنا، ئاخۆ تۆ خەڵک ناچار دەکەیت تا باوەڕدار بن".

* "وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ"(الكهف ٢٩)، واتە: بڵێ ڕاستی لای پەروەردگارتانەوەیە، جا کێ ویستی با باوەڕ بێنێ و کێش ویستی با بێباوەڕ بێ.

* "لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ" " (البقره ٢٥٦). واتە زۆرلێکردن لە دیندا نییە.

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

وەک روونە ئەم ئایەتانە –و چەندان ئایەتی تر– دانیـان بە ئـازادیی بیـروباوەڕی مـرۆڤـدا ناوە و لەوەدا کەس، بە محەمەدیشەوە، بۆی نییە مرۆڤ ناچاری باوەڕهێنان بکا.

ئێستە زۆر لە شەرعناسەکان دەڵێن ئەو ئایەتانە بە ئایەتی شیر (ایە السیف) نەسخ کراونەتەوە، بەڵام بەبڕوای ئێمـە چەمکی نـەسخ و "ئایەتی شـیر" لـە قورئانـدا بوونیـان نییـە. وشـەی نەسخ لە قـورئاندا هـاتووە. مـەبەست لە "نـەسـخکراو" یـان شـەریعـەتە پێشـووەکـانە کـە بە هـاتنی دواین پێغەمبەر نەسخ کراونەتەوە، یان ئەو بەڵگە و موعجیزانەن کە بە هەندێ لە پێغەمبەران دراون وەک داری موسا و موعجیزەکانی عیسا. لەبارەی ئایەتی شیریشەوە شتێکی وا لە قورئاندا نییە، ئەوەی هەیە چەند ئایەتێکن، کـە دوای دەرکرانیـان لەسـەر مـاڵوحـاڵی خۆیـان مۆڵەتی شـەڕکردن لـەگـەڵ بێباوەڕەکانی مەکەدا بە موسڵمانەکان دەدەن.

ئەو شەڕەی موسڵمانەکان بەسەرکردایەتیی پێغەمبەر ئەنجامیان دا شـەڕی بەرگری لە خۆکردن بوو نە هیچـی تر. ئەوە بوو پێغەمبەر رازی بوو بە سـوڵحی حودەیبییە دوای ئەوەی قورەیشییـەکان رێیان نەدا بەمەبەستی عومرەکردن بچێتە مەکە. هەروەها ئەوەیش زانراوە کە فەتحی مەکە لە رێی شـەڕەوە نـەبوو، بگرە پێـشـتر لە رێـی دانوسـتـاندنەوە، کـە عـەباسـی مـامـی سـەرکردایەتـی دەکرد، ئامـادەسازی بۆ کرا و بەو هۆیەشەوە بەبێ شـەڕ چوونە مـەکە و پێغـەمبـەر فـەرمانی دا جـاڕ بدرێ "هـەر کـەس بچێتە مـاڵی ئەبوسوفیان پارێزراوە، هـەر کـەس دەرگـەی مـاڵەکەی دابخـات پارێزراوە و هـەر کەس بچێتە مزگەوتەوە پارێزراوە".

ئەمـە لەبارەی ئازادیی بیروباوەڕ لەسـەر ئاستی گشتی. واتە ئازادیی باوەڕهێنان یان نەهێنان بە ئیسـلام. بەڵام مـەسـەلەی هـەڵگەڕاوە لە دین (مرتد)، واتە ئەوەی باوەڕ بە ئیسـلام دێنێ و دوایی لێی هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوە دەکەوێتە ئاستە تایبەتەکەوە، کە ئەویش دوو ئاستی هەیە: ئاستی تایبەت و ئاستی تایبەتی تایبەت.

لە ئاسـتە تایبـەتەکەدا مـەرجەع ژمـارەیەک ئایەتی قورئانن کـە باس لە سزای ئـەو کەسانـە دەکەن لە ئاینەکە هەڵدەگەڕێنەوە، لەوانە:

– "وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ" (البقرە ١٢٧)، واتە: هـەر کەس لە ئێوە لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە و بە کافری بمرێ، ئەوانە لە دنیا و دوارۆژدا مایەپووچن و بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێننەوە.

– "إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا" (النسـاء ١٣٧). واتە: ئەوانـەی باوەڕیان هێنا و جا کافر بوونەوە، ئەنجا بـاوەڕیان هێنا و جـارێکی تر کـافـر بوونەوە و کوفرەکەیان زیاتریش بوو، خـوا لێیـان خۆش نابێ و رێی راسـتیـان نیشان نادات".

لەم ئایەتانەدا دەبینین سزای هەڵگەڕاوە نەفرەت و تووڕەیی خوا، واتە دۆزەخە و هیچ سزایەکی

دنیایی بۆ دانەنراوە.

ئەمە لە قورئاندا، بەڵام لە فیقهدا، وەک ئاشکرایە سزای هەڵگەڕاوە کوشتنە، لەوەیشدا فەقیهەکان پشت بە حەدیسی "من بدل دینە فاقتلوە" دەبەستن. ئەی چۆن لەم جیاوازییە تێ بگەین؟

سەرەتا با گومان نەخەینە سەر راستیی سەنەدی حەدیسی ناوبراو[١]، چونکە شەڕکردنی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری سدیق لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا رووداوێکی مێژوویی راستەقینەیە، بەڵام پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو مورتەدەی کە جگە لە قەناعەتی تایبەتیی خۆی هیچ پاڵنەرێکی تری لە گۆڕینی ئاینەکەیدا نییە و حوکمی ئەم جۆرە کەسانە، وەک لەو ئایەتانەدا باس کرا، تەنیا سزایەکی قیامەتییە و هیچی تر.

بەڵام ئەو کەسەی بە پاڵنەرێکی دەرەکی هەڵدەگەڕێتەوە، بەدەر لە بواری بیروباوەڕی رووت، ئەوە شتێکی ترە و مەبەستمان لە "تایبەتی تایبەت" ئەم حاڵەتانەیە، چونکە ئەو هەڵگەڕاوانەی ئەبوبەکر وەک سەرۆکی دەوڵەت شەڕی دژیان بەرپا کرد تەنیا چەند کەسێکی دابڕاو نەبوون کە ئاینی خۆیانیان گۆڕیبێ، بگرە خەڵکێک بوون جاڕی یاخیبوونیان لە دەوڵەت دابوو، زەکاتیان نەدەدا بەپاساوی ئەوەی ئەوە تەنیا پابەندییەک بووە بەرامبەر کەسی پێغەمبەر، بگرە زیاد لەوەیش شووڵیان لێ راکێشا و خۆیانیان بۆ پەلاماردانی دەوڵەتەکە ساز دەکرد.

مورتەد بەم واتایە ئەو کەسەیە لە دەوڵەت یاخی دەبێ، جا ئیسلامی بێ یان غەیرە ئیسلامی و وەک شەڕوانە، پیلانگێڕ یان سیخوڕی دوژمن کار دەکات.

کەواتە حوکمی فیقهی ئیسلامی لەبارەی مورتەدەوە، بەم واتایە، لە دژی ئازادیی بیروباوەڕ نییە، بگرە دژی ناپاکیکردن لە نەتەوە و نیشتمان و دەوڵەت و کلک گرێدان لەگەڵ دوژمن، یان بوون بە چەتە یان دوژمنێکی شەڕوان.

لێرەوە تێ دەگەین چۆن شەرعناسەکان حوکمی "شەڕوان"، کە لە دەوڵەت و کۆمەڵگە یاخی دەبێ و چەک بەرز دەکاتەوە و چەتەگەری دەکات، لەگەڵ حوکمی مورتەد پێکەوە دەبەستن، ئەویش چونکە مورتەد لە گوتاری فیقهیی ئیسلامیدا تاقمێکن لە شەڕوانە (محارب) یاخۆ ڕێگرەکان و حوکمەکەی لە زانایەکەوە بۆ زانایەکی تر دەگۆڕێ، ئەویش بەپێی ئەوەی ئاخۆ مورتەدەکە بەڕاستی شەڕوانە یان نا.

مورتەدی شەڕوان بەڕای هەموو زانایان دەکوژرێ، بەڵام لەبارەی حاڵەتی پێش جەنگکردنی جیاوازییان هەیە ئاخۆ لە پێشدا ئیستیتابە (داوالێکردن بە گەڕانەوە) دەکرێ یان بەبێ ئیستیتابە دەکوژرێ، هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن زاناکانی ئیسلام لەو گۆشەیەوە سەیری مورتەدیان نەکردووە کە کەسێکە مومارەسەی ئازادیی بیروباوەڕ دەکات، بگرە لەو گۆشەیەوە سەیریان کردووە کە کەسێکە ناپاکی لە کۆمەڵگە کردووە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لە دژی راپەڕیوە.[٢]

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە شوێنگەی یاسایی مورتەد لە ئیسلامدا بە مەرجەعیەتی

ئازادی (ئازادیی بیروباوەڕ) دیاری ناکرێ، بگرە بە مەرجەعیەتی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین "خیانەتکردن لە نیشتمان" و بەرزکردنەوەی چەک دژ بە کۆمەڵگە و دەوڵەت، دیاری دەکرێ. بەهەمان شێوە ئەوانەی ئەمڕۆ باسی (مافەکانی مرۆڤ) دەکەن، لە پێشیانەوە ئازادیی بیروباوەڕ، ئەوانیش (ئازادیی ناپاکیکردن لە نیشتمان و کۆمەڵگە و ئاین) یان (چەتەگری وماڵبڕینی خەڵک) و (کلک گرێدان لەگەڵ دوژمن)یان بەبەشێک لەو ئازادییانەی مرۆڤ دانەناوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە و پێویستە فیقهی هاوچەرخ لێی بکۆڵێتەوە و قسەی خۆی تێدا بکا، ئەوەیە ئاخۆ ئەو موسڵمانەی بە ویستی تاکانەی خۆی دەچێتە سەر ئاینێکی تر بەبێ ئەوەی نە لە دوور نە لە نێزیک زیان بە کۆمەڵگە و دەوڵەت بگەیەنێ، دەچێتە خانەی ئەو هەڵگەڕانەوەیەی خوێنی حەڵاڵ دەکرێ؟. پێم وایە ئەوەی پێی وایە "بەڵێ"، ناتوانێ هیچ دەقێکی ئاینی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی لەگەڵی نین بهێنێتەوە جگە لەو ئایەتانەی پێشتر هێنانمان کە هەڕەشەی گەورە لە هەڵگەڕاوەکان دەکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سزایەکیان لە دنیادا دانابێ.

ئێمە لێرەدا پشتمان بە قورئان بەست، چونکە ئەو بنچینەی یەکەمە و باقیی بنچینەکانی ترن بە حەدیسیشەوە، پشت بەو دەبەستن و ئەرکی حەدیسەکانی پێغەمبەر روونکردنەوەی ناواخنی قورئانە نەک هێنانی یاسادانانێکی نوێ یان زیادە، وەک خوا روو بە محەمەد دەفەرموێ ""وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ.." (النحل ٤٤).

ئەمانە و چەندان ئایەتی تری هاوشێوە، کە زۆر لە قوتابییانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی سەردەمی ئێمە لەبەریان بوون. ئەو قوتابیانە دەیانزانی حەدیسەکانی پێغەمبەر هەموو یەک پلە نین، بگرە هیی راست (صحیح)، هەروەها هیی هەڵبەستراو (موضوع)یشیان تێدایە و لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەیشدا جۆری تر زۆر هەن.

لەو کاتەوە فێر بووین کە حەدیس چەند پلەیەکی هەیە، ئەوەی (صحیح)ە مەرج نییە هەمان ئەو دەربڕینە بێ کە پێغەمبەر گوتوویەتی، مەگەر ئەوانەی (موتەواتیر)ن، کە زۆر کەمن. حەدیسی مورتەدیش موتەواتیر نییە، بگرە لە حەدیسە تاکەکەسییەکان، واتە (ئاحاد)ە[٣].

ئەوەیش کە ئەم یان ئەو حەدیس بەپێی زاراوەکانی زانایانی حەدیس بە (ڕاست) دادەنرێ، واتای ئەوەیە لە ڕووی سەنەدەوە _نەک ناوەڕۆک- ئەو مەرجانەیان تێدایە کە کۆکەرەوەی حەدیسەکە خۆی دایناون. سەحیحی بوخاری تەنیا لە رووی سەنەدەوە راستە، ئەویش بەپێی ئەو مەرجانەی بوخاری لە وەرگرتنی حەدیسدا بۆ خۆی داناون.سەحیحی موسلیمیش بەهەمان شێوە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە زانراوە کە حەدیس بوارێک بووە بۆ دانان و زیاد و کەمکردن، جا بە مەبەست بووبێ یان بێ مەبەست و دوای نێزیکەی سەدەیەک لە وەفاتی پێغەمبەر دەست بە تۆمارکردنیان کراوە. هەندێ ریوایەت هەن ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە پێغەمبەر نووسینەوەی

گوتەکانی خۆی قەدەخە کردووە، خەلیفەکانی راشیدینیش بەهەمان شێوە، هۆی ئەوەیش ئەوە بووە قسەی پێغەمبەر لەگەڵ دەقی قورئاندا تێکەڵ نەبێ، کە تەنیا قورئان بە ڕەسمی و لەژێر چاودێریی پێغەمبەردا دەنووسرایەوە.

لەبەر ئەمە حەدیس پشتی بە گواستنەوەی دەماودەم، واتە "گێڕانەوە" بەست. ئەوەیش زانراوە کە هەڵاوسان لە حەدیسدا رووی داوە، لە کاتێکدا لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشیدیندا ئەو حەدیسانەی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕدرانەوە ژمارەیان کەم بوو، کەچی لەپڕ بەشێوەیەکی ناسروشتی تووشی هەڵاوسان هات، بەتایبەت لە بارودۆخی ئەو شەڕ و ئاشوبەی لە کۆتاکانی سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا روویان دا و لە کاتی شەڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب و معاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا و دواتر لە نێوان ئەمەوییەکان و نەیارەکانیان و عەباسییەکان و نەیارەکانیاندا تیراوێی کرد، ئەمە جگە لە ململانەی خەواریج و شیعە و ئەو لکانەی لێیان بوونەوە.

لەبەرئەوە قەبارەی حەدیس، کە لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا لە سنووری چەند سەدێکدا بوو، لەکاتی تۆمارکردنیدا، لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، گەیشتە سەدان هەزار. دیارە لە ململانە سیاسی و مەزهەبییەکانیشدا حەدیس تا ئەوپەڕی سنوور بەخراپی قۆزرایەوە.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ رادەی ئەو هەڵاوسانەی حەدیس بخەملێنێ، دەتوانێ سەیری ئەو ژمارە زۆری حەدیس بکا کە دەدرێتە پاڵ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (لە کاتێکدا کاتێ پێغەمبەر مرد تەمەنی ١٨ساڵ بوو) و عەبدولای کوڕی عەباس (کاتێ پێغەمبەر مرد تەمەنی ١٣ ساڵ بوو). هەرچی ئەبوهورەیرەیە کە ژمارەیەکی زۆر حەدیسی دراوەتە پاڵ تەنیا نێزیکەی ٤ ساڵ پێش مردنی پێغەمبەر موسڵمان بووە. ئەبوهورەیرە بەم ناوەوە ناوبانگی دەرکردووە بەشێوەیەک ناوی تری نازانرێ لەگەڵ ئەوەی لە گەورەترین راوییەکانی حەدیسە.

لەگەڵ ئەوەی زانایانی حەدیس زۆرترین وردبینی لە ناوەکاندا دەکەن کەچی نەیانتوانیوە لەسەر ناوی راستەقینەی ئەبوهورەیرە رێک بکەون. ئەوەتا گوتراوە ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەخرە، گوتراوە لە سەردەمی جاهیلیدا ناوی عەبدوشەمس یان عەبدونەهەم یان عەبدوغەنەم بووە و نازناوی "ئیبنو سەودا"ی بووە. گوتراوە پێغەمبەر ناوی نا عەبدولا، یان عەبدوڕەحمان و نازناوی ئەبوهورەیرەی پێ داوە. هەرچی دایکییە ژنێکی رەش بووە و گوتراوە ناوی مەیموونە بووە، هەروەها دەگوترێ جوولەکە بووە و ئەبوزەر لە تورەییدا بە ئەبوهورەیرەی گوتووە "ئەی کوڕی ژنە جولەکەکە، وس بە!". ئەمانە و چەندانی تر کە لە کتێبە زۆر و زەوەندە جێباوەڕەکانی ژینامەدا باس کراون.

مەبەست لێرەدا کەمکردنەوە نییە لە رۆڵی ئەو مەرجەعە گەورانە لە تەفسیر و حەدیسدا، بەڵام ئەوەی دەمانەوێ سەرنجی بۆ رابکێشین، ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو ئەوەی دەردێتە پاڵ ئەوانە و

هاوشێوەکانیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ئەوان لە راستیدا گوتبێتیان، بگرە زۆر لەوەی دەردێتە پاڵیان کاری ئەوانە بوون کە حەدیسەکانیان هەڵبەستوون. هەڵبەستنی حەدیسیش شتێکی زانراوە.

قازی عەیاز بەم شێوەیە دانەرانی حەدیس پۆلبەندی دەکات: "هەندێکیان شتێک بەناوی پێغەمبەرەوە دەڵێن کە ئەسڵەن نەیگوتووە، ئەویش وەک پێڕابواردن و سووکایەتی پێکردن وەک ئەوەی زندیقەکان و هاوشێوەکانیان دەیکەن کە قەت رێزیان بۆ ئاین دانەناوە. یان بەمەبەستی خێرکردن و دینداری دانراون وەک کە نەفامانی خەڵوەتکار دەیانکرد و حەدیسیان بۆ هەڵنان و ترساندن (ترغیب و ترهیب). یان وەک جۆرێک لە ناوبانگ پەیداکردن پەنای بۆ دابرا وەک کە موحەدیسە فاسیقەکان دەیانکرد. یان وەک دەمارگیری و بۆ بەڵگەپەیداکردن حەدیس دادەنرا وەک کە بیدعەچی و دەمارگیرانی مەزهەبەکان دەیانکرد، یان بۆ پاساودانی ئارەزووی ئەهلی دنیا و دۆزینەوەی بیانوو بۆ ئەوەی کردوویانە حەدیس دادەنرا".

بەڵێ، ئەوانەی حەدیسیان کۆ دەکردەوە چەند پێوەر و میتۆدێکیان بۆ هەڵسەنگاندنی گێڕەرەوە (راوی)ەکان و جیاکردنەوەی ئەوانەیان گومانیان لێ ناکرێ و ئەوانەی گومانیان لەسەرە، دانا و لەوەوە میتۆدی (جەرح و تەعدیل) داهێنرا. بەپێی ئەو میتۆدە حەدیسیان بەپێی رادەی جێمتمانەیی راوییەکان و دروستیی زنجیرەکانیان پۆلبەندی کرد، لەگەڵ ئەو تەتەڵەکارییە زانستییەیش لە حەدیسە کۆکراوەکاندا، ئەوەی ئێستە هەیە مایەوە، کە زۆرە، چونکە پرۆسەی دانانی حەدیس کۆنە.

شایانی گوتنە ئەبوبەکری سدیق هاوەڵانی قەدەخە دەکرد لەوەی بەڵگە بە حەدیس بهێننەوە، ئەوە لە کاتێکدا ژمارەی حەدیسەکان لە کەم کەمتر بوون بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی دواتر رووی دا. دەگێڕنەوە "رۆژێک ئەبوبەکر خەڵکی کۆکردەوە و پێی گوتن ئێوە هەندێ قسە لەبارەی پێغەمبەری خواوە دەکەن و لەبارەیانەوە جیاوازیتان تێ دەکەوێ و خەڵکی دوای ئێوە لەو رووەوە جیاوازتر دەبن، بۆیە هیچ لە زاری پێغەمبەرەوە مەگێڕنەوە، هەر کەس لێی پرسین بڵێن، کتێبی خوا لە نێوان ئێمە و ئێوەدایە، حەڵاڵی بە حەلاڵ بزانن و حەرامی بە حەرام بزانن".

هەروەها دەگێڕنەوە خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب کۆمەڵێکی بەرەو عێراق بەڕێ کرد و ئامۆژگاری کردن بەوەی "کەم قسە لەبارەی پێغەمبەری خواوە بکەن".

هەروەها دەگێڕنەوە عومەر سێ کەسی بەند کرد، ئەوانیش ئیبن مەسعوود و ئەبودەردا و ئەبومەسعوودی ئەنساری بوون و پێی گوتن: زۆر لەبارەی پێغەمبەرەوە قسە دەکەن، منیش لەوە قەدەخەم کردن، بەڵام گوێتان نەکرد، بۆیە ئەوە پاداشتەکەتانە".

زۆربەی زاناکان لە کاتێکی سەرەتاوە هەستیان بەمە کرد، بۆیە تەنیا ئەو حەدیسانەیان وەردەگرت کە گومانیان تێدا نەبوو، دەگێڕنەوە ئەبوحەنیفە تەنیا کەمتر لە ٢٠ حەدیسی پەسەند

کردووە.

دوای بیرخستنەوەی ئەم دەستاوێژانە کە لە سەردەمی تۆمارکردنی حەدیسەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو باون، دەڵێین: پێویستە ئەوەی حەدیس دەکاتە بەڵگە لەوەدا زۆر وردبینی بەخەرج بدا، تا بەناوی ئاینەوە بانگەشە بۆ حوکمێک نەکات کە لە دروستیی دڵنیا نییە.

وەک خۆم، هەر لە سەردەمی خوێندنی سەرەتاییەوە بنەمایەکم بۆ خۆم داناوە لە مامەڵەکردنمدا لەگەڵ حەدیس، ئەویش لە دوو کۆڵەکە پێک دێ:

یەکەم: لە یاسادانی ئیسلامیدا ناکرێ بەیەکجاری دەستبەرداری حەدیس ببین، چونکە وەک سەرەتا حەدیس بنچینەی دووەمە و بەناچاری دەبێ بەکار بهێنرێ، بەتایبەت لە بواری عیبادەتەکاندا و لە بواری جێبەجێکردنیشدا بەتایبەتتر.

دووەم: بەڵام لە دەرەوەی بواری عیبادەتەکاندا، کە ئەو بوارەیە دانان و بڕین و زیاد و کەمکردنی حەدیسەکان تێیدا تەشەنەی کردووە، هەر حەدیسێک قورئان پاڵپشتی نەکات دەیخەمە نێو دوو کەوانەوە، نە دانی پێدا دەنێم و نە رەتیشی دەکەمەوە مەگەر دوای دڵنیابوونم. ئەگەر نەمتوانی لێی دڵنیا ببم، لەناو دوو کەوانەکەدا بەجێی دێڵم. ئەگەر بۆم دەرکەوت گومانێکی سیاسیی تێدایە لە ئاستیدا دەوەستم و پشتی پێ نابەستم تا ئەو گومانەم نەڕەوێتەوە.

جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لەسەر حەدیسی مورتەد.

حەدیسی مورتەد جێی متمانە نییە

دەگەڕێینەوە بۆ حەدیسی مورتەد "من بدل دینه فاقتلوه"، بەیادخستنەوەی ئەو بنەمایەی دەیگرینە بەر لەبارەی ئەو حەدیسانەی هەن، کە ناکرێ بەتەواوی دەستبەرداری سوننە ببین چ دەقەکان بێ یان کردەوەکان، چونکە سوننە روونکەرەوەی قورئان و وردکەرەوەی ئەحکامەکانە بەتایبەت لە عیبادەتەکاندا. بەڵام لە دەرەوەی عیبادەتەکاندا پێویستە سەرەتا دڵنیا بین لەوەی ئاخۆ قورئان پاڵپشتی لە راستیی ئەو حەدیسە دەکات؟ چونکە ئەرکی پێغەمبەر ئەوەیە بە قسە و بە کردەوە ئەوە روون بکاتەوە کە لە قورئاندا هەیە، واتە بانگەشەکردن بۆ قورئان و بۆی نییە لای خۆیەوە هیچی بۆ زیاد بکا. هەروەها پێویستە دووەم لەوە دڵنیا بین کە ئەو حەدیسە دوور بووە لە تەوزیفکردنی ئایدیۆلۆجی و سیاسی. لە ڕاستیدا قورئان رەوایی بەو جۆرە تەوزیفکردنە نادات، یەکەم لەبەرئەوەی کتێبی هەموو موسڵمانانە، دووەمیش لەبەرئەوەی قورئان بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەنیا لە بابی ئەحکامە شەرعی و ئەخلاقییەکاندا باس کردووە و بەڕوونی بڕیاریان لەسەر دەدا.

بە بۆچوونی ئێمە حەدیسی مورتەد ئەو مەرجانەی تێدا نەهاتووتە دی:

یەکەم: چونکە قورئان پشتگیری ناکات، قورئان لە قۆناخی مەکەدا بەتوندی سەرکۆنەی هەڵگەڕانەوەی کردووە وەک چۆن بەتوندی هەندێ بابەتی تری وەک دزی و زیناکردنی قەدەغە

کردووه، بەڵام قورئانی مەککی هیچ سزایەکی دنیایی بۆ ئەو بابەتانە دیاری نەکردووە کە سەرکۆنە و قەدەخەی کردوون. ئەمەیش شتێکی ئاساییە لەو قۆناخەدا کە ئیسلام تەنیا بانگەوازێک بوو و هیچ دەسەڵاتێکی مادی بەسەر خەڵکدا نەبوو تا حوکمەکانی جێبەجێ بکا، بەڵام کاتی] دوای کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ مەدینە ئەو دۆخە گۆڕا و دەسەڵاتیان پەیدا کرد، ئایەتەکانی ئەحکام دابەزین، کە دوو جۆرن: هەندێکیان سزای دنیاییان بۆ هەندێ بابەت دیاری کرد کە لە سەردەمی مەکەدا باس نەکرابوون، هەندێکیشیان لە مەکە قورئان قەدەخە و سەرکۆنەی کردبوون ئەنجا لە قۆناخی مەدینەدا سزای دنیایی روون و ئاشکرای بۆ دیاری کردن، بەڵام لێرەدا هەندێ بابەت هەن کە قورئان لە قۆناخی مەکەدا بەتوندی قەدەخە و سەرکۆنەی کردن، کەچی لە قۆناخی مەدینەیشدا هیچ سزایەکی دنیایی بۆ دیاری نەکردن، بگرە تەنیا سزا قیامەتییەکانی هێشتەوە.

وەک نموونە لەسەر ئەوە ئاماژە بە مەسەلەی زینا دەکەین کە قورئانی مەکی بەتوندی سەرکۆنەی کردووە وەک خوا دڵێ " وَلاَ تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً" (الإسراء ٣٢) بەڵام بەبێ دانانی هیچ سزایەکی دنیایی. بەڵام لە قۆناخی مەدەنیدا قورئان سزایەکی دنیایی روونی بۆ داناوە "الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ" (النور ٢)، دزیکردن و دەستدرێژیکردنە سەرماڵی خەڵکیش بەهەمان شێوە قورئانی مەکی سەرکۆنە و حەرامی کردووە، بەڵام تەنیا سزای دوارۆژی بۆ داناون. بەڵام کاتێ سەردەمی مەدەنی هات سزایەکی دنیایی روونی بۆ دانان "وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَ (المائده ٣٨).

بەڵام مورتەد کە خوا لە قورئانی مەکیدا توندترین هەڕەشەی دوارۆژی لێ کردووە و بەڵێنی خەشم و تووڕەیی خوای پێ داوە، وەک لە ئایەتی "مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ" (النحل ١٠٦)، کەچی قورئانی مەدەنیش جگە لە جەختکردنەوە لەسەر هەمان سزای ئوخرەوی، بەتەواوی لە باسکردنی هەر سزایەکی دنیایی بێدەنگ بووە. ئەوەتا لە سوورەتی بەقەرەدا، کە یەکەمین سوورەتە لە مەدینە دابەزیوە هاتووە "وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (البقره ٢١٧)،

هەروەها لە سوورەتی نیسائدا کە لە ناوەڕاستی عەهدی مەیدنەدا دابەزیوە هاتووە : "وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا (النساء ١١٥).

تەنانەت ئەو مورتەدەی دوای هەڵگەڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئاینی ئیسلام و ئەنجا بۆ جاری دووەمیش هەڵدەگەڕێتەوە، لە سزای ئاخیرەت زیاتر هیچ سزایەکی تری بۆ دانەنراوە ە "إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلاً" (النساء ١٣٧). هەروەها لە سوورەتی مائیدەدا کە لە دواین قۆناخەکانی مەدینەدا دابەزیوە، هاتووە ووە "يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَ" (المائده ٥٤). ئایەتی

"لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ" له سوورەتی بەقەرەدا لەم بابەتەدا مەرجەعە.

بەم شێوەیە دەبینین قورئان سزای مورتەد پشتڕاست ناکاتەوە، لەبەرئەوە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەین.

دووەم: ئێمە ئەم گومانانە لەسەر ئەم حەدیسە تۆمار دەکەین: ریوایەتە بەناوبانگەکە ئەوەیە کە بوخاری گێڕاویەتیەوە و دەقەکەی بەم شێوەیە: عەلی کۆمەڵێ زندیقی هێنا و سووتاندنی. ئەوەیش گەیشتەوە ئیبن عەباس و گوتی: ئەگەر من لە جێی ئەو بوومایە نەمدەسووتاندن، چونکە پێغەمبەر دەفەرمووێ : بە سزای خوا سزا مەدەن. بەڵام دەمکوشتن، چونکە پێغەمبەر فەرموویەتی "هەر کەس ئاینی گۆڕی بیکوژن". ئەم ریوایەتە باسی نەکردووە ئەو زندیقانە کێ بوون؟

بەڵام هەندێ ریوایەتی تر هەن لەم بارەیەوە وردەکاریی زیاتریان تێدایە، لەوانە: عەلی هەواڵی پێ گەیشت کە خەڵکێک لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، ئەویش ناردی بە دوایاندا و نانی دانێ. ئەنجا بانگی کردن بۆ ئیسلام و ئەوانیش رەتیان کردەوە. ئەویش چاڵۆکەیەکی هەڵکەند، هێنانی لە گەردنی دان و فڕێیدانە ناوی و دڕک و داڵی بەسەردا کردن و سووتاندنی..". هەروەها وتراوە ئەو رووداوە پێوەندیی بە کۆمەڵێ لە زێدەڕۆکاران (الغلاە)وە هەیە، دەقەکەیشی ئەوەیە: "بە عەلییان گوت کۆمەڵێ لە بەردەرگەی مزگەوتن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تۆ خوایانیت، ئەویش بانگی کردن و پێی گوتان: هاوار بۆتان چی دەڵێن؟ ئەوانیش گوتیان: تۆ خوا و دروستکەر و رۆزیدەری ئێمەیت؟ ئەویش گوتی: منیش بەندەیەکی وەک ئێوەم، وەک ئێوە دەخۆم و دەخۆمەوە، ئەگەر گوێڕایەڵیی خوا بکەم پاداشتم دەداتەوە و ئەگەر سەرپێچی بکەم دەترسم سزام بدا، بۆیە لە خوا بترسن و بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان رەتیان کردەوە. رۆژی دواتر هەواڵیان دایە کە سوورن لەسەر قسەکانیان. بۆ رۆژی سێیەمیش بەردەوام بوون، عەلی پێی گوتن: ئەگەر لەسەر ئەو قسانە بەردەوام بن بە خراپترین شێوە دەتانکوژم، دیسان رەتیان کردەوە. هەر بۆیە عەلی چاڵی ئاگری بۆ هەڵکەندن و وتی ئەگەر پەشیمان نەبنەوە دەتانخەمە ناو ئەو چاڵەوە، هەر رەتیان کردەوە لە قسەی خۆیان پەشیمان ببنەوە، ئەویش فڕێی دانە چاڵەکەوە.

هەواڵی ئەو غولاتانە کە زێدەڕۆییان لە پیرۆزکردنی عەلیدا کرد و گەیاندیانە ئاستی "خوایەتی" لە کتێبە مێژووییەکاندا بەناوبانگە.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ لە ریوایەتەکەی بوخاری، کە بەناوبانگە، بۆنی گومانێکی سیاسی دەکات. لەوەدا گلەیی لە بوخاری ناکرێ مادام ئەرکی ئەو تەنیا زنجیرەی گێڕەرەوەکانی دەقەکە، واتە سەنەدی حەدیسەکەی لە بەرچاو گرتووە. ئەم گومانە لە قسەکەی ئیبن عەباسدا دیارە کە دەڵێ "ئەگەر من بوومایە نەمدەسووتاندن"، کە رەخنەیەکی راشکاوانەیە لە کارەکەی عەلی. ئەو قسەیەی ئیبن عەباس، جا قسەی ئەو بووبێ یان درابێتە پاڵی، برگەیەکی زیادە و هیچ پێویست نییە مەگەر پاڵنەرێکی سیاسی یان مەزهەبی لە پشتەوە بووبێ.

گومانێکی تر لێرەدا هەیە کە پێوەندیی بەیەکێک لە مەرجەکانی گێڕانەوەی حەدیسەوە هەیە، ئەویش باڵقبوونە. کاتێ پێغەمبەر وەفاتی کرد ئیبن عەباس منداڵێک بوو تەمەنی لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ساڵیدا بوو. ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێ ئیبن عەباس ئەو قسەیەی پێغەمبەری لە هاوەڵانی بیستووە نەک لە خودی پێغەمبەر، بەڵام باسی ئەو هاوەڵەی نەکردووە کە دەقەکەی لێ بیستووە. تەنانەت ئەگەر واش دابنێین راستەوخۆ لە پێغەمبەرەوە بیستووە، دیسان ئەو گومانە دەمێنێ کە ئاخۆ لە کاتی بیستنیدا باڵق بووە؟ بەتایبەت کە لە خۆیەوە دەگێڕنەوە وتوێتی "کاتێ پێغەمبەر مرد من تەمەنم دە ساڵان بوو". وەک زانراویشە تەمەنی باڵقبوون لە نێوان ١٧ و ١٨ ساڵاندایە.

حەدیسێک قورئانی شایەتیی راستی بۆ نەدات و چەندان گومان لەسەر راستیی هەبێ، ئاخۆ دەکرێ لەژێر ناویدا گیانی کەسێک بکێشرێ کە خوا قەدەخەی کردووە بە ناهەق بکوژرێ. چ هەقێک لەوەدایە لە کاتێکدا خوا جەخت دەکات لەوەی "زۆرلێکردن لە ئایندا نییە"؟

پەراوێزەکان:

(١) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی حەدیس نەک فەرمووده بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرمووده لەنێو موسڵمانانداندا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ، لە کاتێکدا هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە رووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرموودە، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بەهەموو گوتەیەک بوترێ (حديث). (وەرگێڕ)

(٢) لەو سەردەمەدا ئاین بناخەی دامەزراندنی گرووپەکان بووە و هەڵگەڕانەوە لە ئاین واتای هەڵگەڕانەوە بووە لە تاقمەکەیش. لەو کاتەدا ئیمان زیاتر پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە تا ئەوەی پرۆسەیەکی روحی و ویژدانی بێ، ئەو حاڵەتە ویژدانییە دواتر بە پەروەردە و تەلقین دروست بووە، بۆیە دەبینی بە موسڵمانبوونی سەرۆک هۆزێک هەموو هۆزەکە موسڵمان بوون، یان بەپێچەوانەوە، موسڵمانبوونەکان بە زۆری دەستەجەمعی بوون وەک سورەتی "وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا" {النصر/٢}، ئەوانەی موسڵمان بوون بوونەتە بەشێک لە گرووپە سیاسییە ئاینییەکە، هەر بۆیە گۆڕینی ئاینیش وەک ئامادەسازی بۆ یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە لەو کۆمەڵەیە سەیر کراوە- وەرگێڕ)

(٣) حەدیسەکان لە رووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەک لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە رێی ژمارەیەکی زۆر راوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەک ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان..).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەڵام ئاحاد، کۆی (احد)ە بەواتای یەک، هەواڵی یەک کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەک کەس گێڕاویەتییەوە. لە رووی زاراوەییشەوە، وەک ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ک مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێک لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە راستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەڵام ئاحاد هیی راست و لاوازی تێدایە.

وا باوە حەدیس دەکرێ بە سێ بەشەوە: راست (صحیح)، باش (حسن) و لاواز (ضعیف). بەڵام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش راست و لاواز بوون، بەڵام تەرمەزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێڕ)

***

* سەرچاوە: ماڵپەڕی دوکتۆر محەمەد عابد ئەلجابری aljaberiabed.net

ئەم بابەتە پوختەی سێ وتاری جابرییە، بە ناونیشانەکانی (حکم المرتد في الاسلام)، (الردة بين الخيانة للامة والحق في الخطأ) و (قول في الحديث عموما).

محەمەد عابد جابری بە یەکێک لە بیرمەند و فەیلەسووفە نوێخوازە ناودارەکانی عەرەب لەم سەردەمەدا دادەنرێ و خاوەنی چەندان لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبارەی کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی، دیموکراسییەت، دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسنامە و بەرهەمەکانی مشتومڕی بەرچاویان لە ناوەندی رۆشنبیریی عەرەبی و ئیسلامیدا دروست کردووە، بەتایبەت زنجیرە لێکۆڵینەوەکەی بەناوی رەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبی "نقد العقل العربي"، کە لە سێ بەش پێک دێ بەناوەکانی "پێکهاتنی عەقڵی عەرەبی، بنیاتی عەقڵی عەرەبی و عەقڵی سیاسیی عەرەبی".

ئەمە جگە لە لێکۆڵینەوەکانی لە کەلەپووری فەلسەفی و بیری ئیبن خەلدوون و فەلسەفەی ئیبن روشد و فارابی و فەلسەفەی زانستەکان، لەوانە "خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ کەلەپووری فەلسەفیمان"، "دەمارگیری و دەوڵەت"، "دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی زانستەکان"، "ناسینی قورئانی پیرۆز"، "دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ"، "رۆشنبیران لە شارستانیەتیی عەرەبیدا: میحنەتی ئیبن حەنبەل و کۆستی ئیبن روشد" و "عەقڵی ئەخلاقیی عەرەبی".

جابری لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٧ دبلۆمی خوێندنی باڵای لە فەلسەفەدا وەرگرتووە، لە ١٩٧٠ دوکتۆرای دەوڵەتی لە فەلسەفەدا لە کۆلێجی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانی لە زانکۆی محەمەدی پێنجەم لە ریبات وەرگرتووە و دواتر هەر لەوێ بووەتە مامۆستای فەلسەفە و بیری ئیسلامی. لە ٣ ئایار/مایۆی رابردوو لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# پرۆگرامی خوێندنی سعوودیە کینە لە قوتابخانەکانی بەریتانیا بڵاو دەکاتەوە

كەناڵی بی بی سی

لێکۆڵینەوەیەکی کەناڵی بی بی سی بەریتانی ئاشکرای کرد، کە لە هەندێک قوتابخانەی ئیسلامی کە لە ڕۆژانی کۆتاییی هەفتەدا لە بەریتانیا کار دەکەن، پشت بە کتێبی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی دەبەستن، لەناو ئەو کتێبانەدا بابەتی تێدایە کە دژی گەلی جوولەکەیە (بە خراپ و ناشرینی وەسفی جوولەکەکان دەکات... وەرگێڕ). لەناو ئەم کتێبانەدا کە بۆ منداڵانی تەمەن ١٢ تا ١٣ دانراوە، بابەتی تێدایە کە گەلی جوولەکە بە (بەراز) دەشووبهێنێ و داوا لە منداڵانیش دەکات، کە سیفاتە (گڵاوەکانیان) دیاری بکا. لە هەمان کاتیشدا لەناو ئەم کتێبانەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو کەسانەی کە (هۆمۆسێکسواڵ، هاوتوخمی)ین، لە ئاینی ئیسلامدا سزای کوشتنیان لەسەرە.

جێگەی ئاماژەیە ئەم کتێبانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی سعوودیەوە چاپ کراون، بەڵام سەفیری سعوودی لە لەندەن وتی کە ئەو بابەتانەی باسیان لێوە دەکەن لە بواری خۆی دوور کەوتووەتەوە. بەڵام حکوومەتی بەریتانیا ڕای گەیاندا، کە ئەوان ڕێگە نادەن منداڵانی موسڵمانان لە بەریتانیا، فێری وانەیەک بکرێن کە دژایەتی سامیەت، یان بەگشتی هانی ڕق و کینە دەدا. (ئەم دەستەواژەیە لە سەدەکانی پێشوودا لە ئەوروپا بەکار هێنرا، مەبەست دژایەتیکردن و سووکایەتیکردن بە گەلی جوولەکەیە. چونکە ئەو کات جوولەکەکان بە سامیەکان دادەنران. ڕاسیزمەکانی ئەوروپا جوولەکەیان وەکو گەلێکی بێگانە بە ئەوروپا دادەنا، چونکە ئەوان پێیان وا بوو، کە ڕەگەزی "ئاری" باشترین ڕەگەزی مرۆڤە. ڕەگەزی "سام" یش خراپترین ڕەگەزی مرۆڤە. جێگەی ئاماژەیە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا لە ڕووی یاساییەوە دژایەتیکردن و سووکایەتیکردن بە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا



جوولەکە، وەکو تۆمەتێک سەیر دەکرێ، لە ڕووی سیاسیشەوە، وەکو کەسێکی فاشیزم سەیری ئەو کەسە یان ئەو پارتە سیاسییە دەکرێت... وەگێڕ).

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بەرنامەی (پانۆراما)ی بی بی سی کوردوویەتی، زیاتر لە ٤٠ قوتابخانە و یانەی سعوودی لە بەریتانیا هەن، مەنهەجی خوێندنی سعوودی فێری زیاتر لە ٥ هەزار قوتابی دەکەن. بەپێی یەکێک لەو بابەتانەی کە بۆ خوێندن دانراوە، باسی سزای (دزی) لە ئیسلام دەکات، کە چۆن هەر کەسێک دزی کرد، بەپێی شەریعەتی ئیسلامی، دەبێ دەستی یان قاچی ببڕێتەوە.

سەفارەتی سعوودی لە (لەندەن) دەڵێ: (ئێمە هیچ پێوەندییەکی فەرمیمان بەو قوتابخانە یان یانانەوە نییە، مەنهەجەکانیش هیچ پێوەندی بەئێمەوە نییە). هەرچەندە ئەو بینایەی کە بەرنامەی (پانۆراما) کتێبەکانی خوێندنی دەست کەوت، موڵکی حکوومەتی سعوودیەیە. بەڵام بەڕێوبەری فێرکردن لە قوتابخانە و یانەکانی قوتابییە سعوودیەکان دەڵێ: (ئۆفیسی رۆشنبیری سعوودی، کە بەشێکە لە سەفارەتی سعوودی، بەرپرسی سەرەکی ئەم کۆمەڵە قوتابخانە و یانانەیە).

## دۆزەخ

وەزیری خوێندنی بەریتانی (مایکل جوف) رای گەیاند: (کە مەنهەجی خوێندنی سعوودی لەبارەی جوولەکە و کەسانی (هۆمۆسێکسواڵ، هاوتوخمی) لە بەریتانیا جێگەی نابێتەوە. بە بڕوای من نابێ لەم جۆرە بابەتانە، لە قوتابخانەکانی بەریتانیا بەکار بهێنرێ). هەروەها ڕای گەیاند:

(بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بی بی سی کردوویەتی، پشکنەرەکانی قوتابخانەکان کە سەر بە دەزگای سەرپەرشتیکاری پەروەردەن، لە کاتی لێکۆڵینەوەیەکیان کە بۆ ئەو قوتابخانە و یانانەی کە لە دەرەوەی کاتی خوێندن کار دەکەن. دەرکەوت کە ئەم قوتابخانانە لە کاتی ئێستادا ناچنە ژێر چاودێری و ڕێنوێنیکردنی دەزگای سەرپەرشتیکاری پەروەردەوە. پاشتر وەزیری خوێندنی بەریتانی (مایکل جوف) ئاشکرای کرد: (دەزگای سەرپەرشتیکاری پەروەردە لەم بوارەدا کاری خۆی دەکات، بەم زووانەش ڕێنوێنیی باشم بۆ دەنووسن، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین و گونجاوترین ڕێگابدۆزینەوە، بۆ تۆمارکردن و کاری پشکنینی پەروەردەیی بۆ ئەم جۆرە شێوازانەی پەروەردە و فێرکردن، کە لە داهاتوودا بەشێوەی دەوامی کاتی کار بکەن.)

لەناو یەکێک لەو کتێبانە داوای ئەوە لە منداڵان دەکات کە لیستێک لە سیفاتە گڵاوەکانی جوولەکە بنووسن. کتێبێکی تریان کە بۆ منداڵی بچووکتر دانراوە، پرسیاری ئەوە دەکات ئەگەر یەکێک بمرێت و موسڵمان نەبێ چی لێ بەسەر دێت؟ ئەو وەڵامەی کە لە کتێبەکەشدا نووسراوە برێتییە لە دۆزەخ (واتە ئەو کەسەی مووسڵمان نەبێ، ئەوا کاتێک دەمرێ جێگەی دۆزەخە. وەرگێڕ)



هەر لەو کتێبانەدا ئەوەیان دیاری کردووە کە سزای ئەو کەسانەی کە هۆمۆسێکسواڵ، هاوتوخمی کوشتنە. چەندان بۆچوونی جیاواز لەبارەی چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئەم سزایە باس کراوە: ئاخۆ ئەو کەسە (بەردباران، ڕەجمکردن بەبەرد) یا سووتاندن هەتا مردن، یان لە شوێنێکی بەرزەوە فڕێ بدرێتە خوارەوە.

هەروەها لەم کتێبانەدا کە بۆ منداڵانی ١٤ نووسراوە، هەوڵی شیکردنەوەی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی لەبارەی دزی کردووە، کە لەناویدا نەخشەیەک کێشراوە کە چۆن دەست یان قاچی کەسێکی دز دەبڕیتەوە.

لە وەڵامی ئەم بابەتەدا، سەفارەتی سعوودی لە (لەندەن) نامەیەکیان نووسیوە، ئەوان پێیان وایە، کە ئەو بابەتانەی، هەڵیان بژاردوون لە بابەتی سەرەکی دوورکەوتوونەتەوە، هەروەها ئەو بابەتانەی لە کتێبەکاندا هاتوون، پێوەندییان بە چەند کێشە و ڕووداوێکی مێژوویی هەیە. (واتە ئەوان پێیان وایە، کە کتێبەکان باشن، بەڵام ئەو بابەتانە کە ریپۆرتاژەکە کاری لەسەر کردووە، پێوەندیی بە مەنهەجی گشتیی خوێندنەوە نییە بگرە شتی لاوەکی و مێژوویین. وەرگێڕ)

بەڵام نیل روبنسون کە پسپۆڕی بواری ئیسلامییە، لەم بارەیەوە وتی: (ئەو شێوەیەی کە ئەم بابەتانەی تێدا پێشکێش کراوە، هەڵگری ترسێکی گەورەن). هەروەها رای گەیاند: (لە کاتی ئێستادا پێ دەچێ وەکو بەشێک لە خوێندنی ئیسلامی سەیری بکەیەن، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە ئەمە هیچ ژیرییەک نییە، و من پێم وایە ئەمە کەوتووەتە دەستی هەڵەوە و لە داهاتوودا دەبنە زەخیرە باش بۆ هەستی دژایەتیکردنی رەگەزی سامی (واتە دژایەتیکردنی جوولەکە). جێگەی ئاماژەیە، ئەم بابەتانەی کە لە بەریتانیا بەکار دێ، سێ ساڵ لەمەوپێش بی بی سی لێکۆڵینەوەیەکی کرد، تێیدا ئاشکرای کرد ئەو قوتابخانانەی کە لەلایەن سعوودیەوە پشتگیری دەکرێن و کە لە رۆئاوای لەندەن، کۆمەڵێک بابەتی خوێندن بەکار دەهێنن، کە بەشێوەیەکی خراپ وەسفی جوولەکە و کریستی دەکات. ئەمەش وای لە بەرپرسە دیپلۆماسییە گەورەکان کرد، کە گرەنتی ئەوە بدەن کە ئەم بابەتانە لابرێت.

هەر لەناو بەرنامەی (پانۆرامادا) هاتووە، بە بەڵگە کۆمەڵێک تیۆری توندڕەوانەی ئاشکرا کردووە، کە لە هەندێک قوتابخانەی ئیسلامی تایبەتی، کە بەکاتی دەوامی تەواوەوە کار دەکەن (واتە دەوامیان وەکو دەوامی فەرمی قوتابخانە حکومییەکانە... وەرگێڕ). لەناویاندا کۆمەڵێک نامەی تێدایە کە باس لەوە دەکەن: (منداڵەکانمان کەتوونەتە بەر پەلاماری کولتوورێکەوە، کە بەهەموو شێوەیەک دژی بنەماکانی ئاینی ئیسلامە، بۆیە پێویستە منداڵەکانمان لە بەرامبەر ئەم هێزە خراپانە بپارێزین).

پەرلەمانتار (باری شیرمان)، کە ئەندامی پارتی کرێکارانەو، پێشتر بەرپرسی لیژنەی پەرلەمانی بۆ بواری منداڵان و خوێندن و خێزان بووە، ڕای گەیاند: (سیاسییەکانمان لەبارەی مەسەلەی خوێندنی قوتابخانە ئیسلامییەکان کە جێگەی قسەوباسێکی زۆربوو، خۆیان لە گێلی دا).

هەروەها ڕای گەیاند: (هەندێک قوتابخانەی ئیسلامی زۆر باش هەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەندێک قوتابخانەی ئیسلامیش هەن، کە دەبنە هۆی ئەوەی تووشی دوودڵی و گومانمان بکا، بەتایبەت لەبارەی بەرنامە و ئەخلاقییاتی خوێندن، جۆری ئەو بابەت و ئایدۆلۆجیایە کە پشتی پێ دەبەستن) .

ئوسامە حەسەن، کە پسپۆڕێکی ئیسلامییە و زۆرجاریش وەکو ئیمامی مزگەوت لە رۆئاوای

لەندەن کار دەکات، وتی:

(ئەوە ترسێکی گەورەیە کە گەنجە موسڵمانەکان لە بەریتانیا دوورەپەرێزبن، بەتایبەت ئەو گەنجانەی کە لە پەیمانگە ئیسلامییەکاندا کە نەوەی نوێی مەلاکان پێ دەگەیەنن). پاشتر ڕای گەیاند: (ئەوان "مەبەستی گەنجە موسڵمانەکانی پەیمانگە ئیسلامییەکانە... وەرگێڕ" هیچ جۆرە پێوەندی و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکی تر کە موسڵمان نین نییە، و هیچ جۆرە زانستێکی نوێی جیهانی ڕۆئاوایی فێر نابن، هەر بۆیە زۆر بەئاسانی ئەو دەقانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست نووسراون کاریان تێ دەکات. دیارە ئەو دەقانە لە کاتێکدا نووسراون، کە ئاینی ئیسلام لەلایەن ئاینەکانی ترەوە، دووچاری پەلاماردان بووە. کە تێیدا دەڵێ، هەر کەس باوەڕی بە ئیسلام نەبێ، دوژمنمانن و پێویستە بیانکوژین)

## پاشکۆ

## چەند پەیڤێک لەسەر شانشینی عەرەبستانی سعوودی

لەم چەند ساڵەی دواییدا شانشینی عەرەبستانی سعوودی لە وڵاتێکی سەحراوی و کەم درامەتەوە بۆ دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ناوچەکە گۆڕا. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سامانێکی زۆری نەوت لەو وڵاتەدا. بەڵام سعوودیە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی گەورەی ئابووری و سیاسیی جیاوازی هەیە، پشتبەستن بە نەوت و تێکەڵەکانی، کە سێ یەکی ٣/١ هەموو داهاتی ئەو وڵاتە پێک دەهێنێ، وا دەکات کە هەموو کاتێک ئابووری سعوودی بکەوێتە ژێر باری (بەرزبوونەوە و دابەزینی) نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، لە ڕووی سیاسیشەوە دەسەڵاتدارەکانی سعوودیە لەژێر پڵەپەستۆیەکی زۆری سیاسیی دەرەکی و ناوخۆییدان، بۆ ئەوەی ریفۆرمی سیاسی لەو وڵاتەدا بکەن.

ئەم شانشینە، کە هەڵگری ناوی دامەزرێنەرەکەیەتی (عەبدول عەزیز ئال سعوود) کە توانی ساڵی ١٩٣٢ هەموو ناوچەکانی (نەجد و حیجاز) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ناوی (شانشینی عەرەبستانی سعوودی) لێ بنێ. جێگەی ئاماژەیە مەلیک عەبدول عەزیز نازناوی «شێری نەجد» یان لێ نابوو. ساڵی ١٩٥٣ کۆچی دواییی کرد و لە پاش خۆی منداڵەکانی حوکمی ئەم وڵاتە دەکەن. دیارە شاری (مەکە) کە پێشتر سەر بەهەرێمی حیجاز بوو، شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەد کوڕی عەبدوڵا و هەروەها سەرەتای ئیسلامیش لەم شارەوە دەستی پێ کرد، هەروەها لەم شارەدا مەزهەبی وەهابیش زاڵە. هەموو ساڵێک موسڵمانانی دنیا، بۆ جێبەجێکردنی فەریزەی حەج، سەردانی ئەم شارە دەکەن. هەموو کاتێک بەرژەوەندیی بنەماڵەی ئال سعود لەوەدابووە، کە پارێزگاری لە ئاسایشی ناوچەکە بکەن، هەر بۆیە کاتێک عێراق ساڵی ١٩٩٠ کوێتی داگیر کرد، سعوودیە پێشوازیی لە هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ وڵاتەکەی کرد. لە بەرامبەردا دەسەڵاتدارانی سعودیە، بەهەموو شێوەیەک دژی هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێک بوون، ئەمەش پشتگیری چەند

گرووپێکی توندڕۆی ئیسلامی وەکو ڕێکخراوی قاعیدە کرد، کە سوودیان لەو نارەزایییە جەماوەرییە بینی، کە دژی هاتنی هێزەکانی ئەمەریکان بۆ ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. (دەتوانین ئەمە بەسەرەتای لەدایکبوون و بەهێزبوونی ڕێکخراوی قاعیدە دابنێین... وەرگێڕ)

لە پاش هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، کە زۆربەی ئەو کەسانە سعوودی بوون، دەسەلاتدارانی سعوودی هەوڵیان دا، کە پالانسێک لە نێوان هەنگاو بەرەو بەهێزکردنی هەڵمەتە ئەمنییەکان لەلایەک و پاڵەپەستۆی سیاسی بۆ باشکردنی وەزعی دیموکراسی لەلاکەی تر بدەن. لە ساڵی ٢٠٠٣شدا لە شاری ریازی پایتەخت، لە کردەوەیەکی خۆکوژی و تیرۆریستیدا، کە پێ دەچێ پێوەندییان بە ڕێکخراوی قاعیدەوە بێ، لەم هێرشەدا ٣٥ کەس بوونە قووربانی، کە بەشێکیان خەڵکی بێگانە بوون. لە پاش ئەم ڕووداوانەوە داواکاری بۆ ریفۆرمی سیاسی بەهێزتر دەبێ، لە هەمان کاتیشدا هێرشە تیرۆریستییەکانیش ڕوو لە زیادبوون دەکەن، کە زیاتر ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە بێگانەکانی تێدا دەژین. لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوە چوو، ئەمەش یەکەم جاربوو کە پرۆسێسی دیموکراسی بەڕێوە بچێ. بەلام پارتی سیاسی، و هەروەها ئۆپۆزسیۆن کە لە دەرەوەن قەدەخەیە، و هەر کەسێکیش داوای ریفۆرم بکا، دەخرێتە زیندانەوە. (جێگەی ئاماژەیە لەم هەڵبژاردنەشدا، تەنیا پیاوان مافی دەنگدانیان هەبوو، ژنان بۆیان نەبوو بەشداری پرۆسێسی هەڵبژاردن بکەن... وەرگێر).

**چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی شانشینی سعوودیە:**

ژمارەی دانیشتوان: ٢٦,٢ ملیۆن کەس (بەپێی مەزندەکانی ساڵی ٢٠١٠)

تەمەنی ئاسایی: ٧٢ ساڵ بۆ پیاوان، ٧٦ ساڵ بۆ ژنان

پایتەخت: ریاز (الریاض)

ئاین: ئیسلام

سیستەمی فەرمانڕەوایی: شانشینی

دراوی نیشتمانی: ریاڵ (١ ڕیاڵ، ٣,٧٥ دۆلار)

داهاتی ئاسایی تاک: ١٧ هەزار دۆلار (بەپێی ئاماری بانکی جیهانی. البنك الدولي. ٢٠٠٩)

هەنارده (Export)ی سەرەکی: نەوت و گاز.

**سەرکردایەتی سیاسی:**

شای سعوودیە: مەلیک عەبدوڵا کوڕی عەبدول عەزیز ئال سعوود. یەکێکە لە کوڕەکانی دامەزرێنەری شانشین (مەلیک عەبدول عەزیز ئال سعوود)، پاش مردنی براکەی مەلیک فەهد، لە ئابی ٢٠٠٥ بوو بە مەلیکی شانشینی سعوودی. دیارە پێشتر ساڵی ١٩٨٢ بوو بە جێنشینی مەلیک (ولی عهد)، هەروەها سەرۆکی پاسەوانی نیشتمانی بوو، پێشتریش میری هەرێمی مەکە



مەلیکە یەک لەدوای یەکەکانی سعودییە

بوو. ئێستا مووتعیبی کوڕی بە وەکالەت سەرۆکی پاسەوانی نیشتمانی (دیارە بەهۆی نەخۆشکەوتنی مەلیک عەبدولاوە، کە ناتوانێ زۆر لە کارەکانی بکا... وەرگێر). لە پاش ئەوەی مەلیک فەهد ساڵی ١٩٩٥ تووشی سەکتەی مێشک بوو، مەلیک عەبدولا حاکمی تەواوەتی شانشینی سعوودیە بوو. (جێگەی ئاماژەیە ئەو کاتەی مەلیک فەهد تووشی نەخۆشی بوو، بەتەواوی لە کار کەوت. بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی ناو بنەماڵەی ئال سعوود، نەیانتوانی لای ببەن، چونکە زۆرێک لە بنەماڵەکە دژی ئەوە بوون کە میر عەبدولابکرێتە مەلیک. هەر بۆیە بە پێشنیازی ئەمەریکا، مەلیک فەهد وەکو مەلیک مایەوە، بەڵام دەسەڵاتێکی تەواوەتی درایە مەلیک عەبدولا. وەرگێر).

جێگەی ئاماژەیە مەلیک عەبدولا لەناو مەحافیلە جیهانییەکاندا، بەچاوێکی ڕێزەوە سەیر دەکرێ، زیاتر وەکو کەسێک کە دژی گەندەڵییە، هەروەها کەسێک کە حەز بەریفۆرم دەکات، کە لەگەڵ نەریتی گەلی سعوودیە بگونجێ. هەوڵ دەدا وڵاتەکەی ڕۆڵی سەرەکی لە سیاسەتی عەرەبیدا بگێڕێ، بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٢ پرۆژەیەکی ئاشتییانەی لەبارەی کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل پێشکێش کرد، کە پاشتر بەناوی ئەوە وە ناو لێ نرا. خاڵی سەرەکی ئەم پرۆژەیەش، کشانەوەی تەواوی ئیسرائیل لەو زەوییانەی کە ساڵی ١٩٦٧ گرتوویەتی، لە بەرامبەردا وڵاتە عەرەبییەکان دان بەبوونی ئیسرائیلدا دەنێن. لە کۆبوونەوەی بەیرووتی سەرانی عەرەب، ئەم پرۆژەیە بڕیاری لەسەر درا.

**میدیا**

عەرەبستانی سعوودی باشترین و پێشکەوتوترین دەزگای میدیای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. بەڵام توندترین یاسای ڕۆژنامەوانی هەیە، کە بەهیچ شێوەیەک نابێ بچووکترین ڕەخنە لە حکوومەت یان بنەماڵەی ئال سعوود، یان عەقیدەی ئیسلامی بگرێ. بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ کەمێک پێشکەوتن لە بواری ئازادی بیروڕا و نووسینەوە نرا، هەندێک بابەتی کەم، کە پێشتر بڤە (حەرام) بوون، ڕێگە پێ دران کە باسیان لێوە بکرێ. بەگشتی لە پاش ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەر و ڕووداوە ناوەخۆییەکان، کەمێک میدیای سعوودی پشتی بە (ئازایەتی و سەراحەت) دەبەستێ.

**ڕۆژنامە و ئینتەرنێت**

هەموو ڕۆژنامەکان بەپێی فەرمانی شانشینی مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان هەیە. بەگشتی تەنیا ڕێگە بەو ڕۆژنامانە دەدرێ، کە خاوەنی دیدگایەکی نەتەوەیی عەرەبین، بەڵام لەژێر چاودێریی دەوڵەتدان. حکوومەت خاوەنی تۆڕی ئاژانسی دەنگوباسی سعوودی کە بە "واس" دەناسرێ، ئامانجیش لەم دەزگایە، تەنیا ئەو هەواڵانە بڵاو بکرێتەوە، کە خۆیان ڕێگەیان پێ دەدەن.

گرینگترین ڕۆژنامەکانی عەرەبساتی سعوودی ئەمانەن:

١- الوطن.

٢- الرياض.

٣- الشرق الاوسط.

٤- الجزيرة.

٥- عُكاظ.

عەرەبستانی سعوودی ڕێگە نادات کەناڵی تیڤی و ڕادیۆی تایبەتی دابنرێ، هەرچەندە سعوودیە گەورەترین بازاڕی تیڤی و ڕادیۆکانی عەرەبییە. (جێگەی ئاماژەیە بەشێکی زۆری ئەو کەناڵە تیڤی و ڕادیۆیانە، میرە سعوودیەکان خاوەنیانن وەکو کەناڵی mbc, Rotane. العربية. وەرگێڕ).

بەڵام بەحوکمی شۆڕشی تەکنەلۆجی و بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت، کۆمەڵێک سایتی ئینتەرنێتی زۆری سعوودیە هەن، کە بەپێی هەندێک سەرچاوە، دەگاتە نزیکەی ١٠ هەزار سایتێک.

سەرچاوە:

تحقيق لبي بي سي: مناهج سعودية "تحرظ على الكراهية" في مدارس بريطانيا. www.bbc.arabic.com.22.11.2010

نبذة عن: المملكة العربية السعودية. www.bbc.arabic.com.22.11.2010.

# ئاخۆ میرە پترۆ دۆلارەکانی کەنداو دەتوانن شارستانیی جیهان بکڕن؟

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ماوەیەکی زۆرە چاودێریی باری سیاسی و ئابووری و کولتووری وڵاتانی کەنداوی فارسی دەکەم. ئەوەی لێم ڕوونە ئەم وڵاتانە رۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕۆڵیان لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئابووریی جیهاندا بەهێز دەبێت. دیارە بەشێکی زۆری ئەم دەوڵەتانە لە پاش ساڵانی حەفتای سەدەی پێشو دا بوونەتە دەوڵەتی سەربەخۆ. پێشتر هەموویان لەژێر دەستی بەریتانیادا بوون. لە پاش گرانبوونی نرخی نەوت و دروستبوونی ڕێکخراوی ئۆپیکی جیهانی بۆ نەوت، ناوی ئەم دەوڵەتانە هاتە ناو باسی سیاسی و ئابووریی جیهانەوە. پێشتر کەس ناوی ئیمارات و قەتەر و کوێتی نەبیستبوو، بەڵام نەوت و داهاتە زۆرەکەی، وێنە و ناوێکی تری بەم دەوڵەتانە دا.

## جوگرافیا

بۆ هەموو بابەتێکی سیاسی، ناچارین سەرەتا چاوێک بەجوگرافیادا بخشێنین، دەنا هیچ کاتێک ناتوانین هەنگاوێک بەرەوپێش برۆین. ناوچەی کەنداوی فارسی دەکەوێتە ڕۆهەڵاتی نیمچەدوورگەی عەرەب و باشووری رۆئاوای ئێرانەوە. درێژیی دەگاتە نزیکەی ۱۰۰۰ کم و پانایییەکەشی لە نێوان ۲۰۰ بۆ ۳۰۰ کم دەبێت. ڕووبەری گشتیی دەگاتە نزیکەی ۲۳۵,۰۰۰ کم چوارگۆشە[١]. پلەی گەرما لەم ناوچەیەدا زۆر بەرزە، زۆرجار دەگاتە نزیکەی ٤٥.

لەمبەر و ئەوبەری کەنداوەکەدا، کۆمەڵێک دەوڵەت خۆیان خستووەتە بەرگەرمای ئەم

کەنداوە. ئەو وڵاتانەش بریتین لە (ئێران، عێراق، کوێت، بەحرەین، قەتەر، ئیمارات، عومان، عەرەبستانی سعوودی) بەڵام ئەم باسەی ئێمە پێوەندیی بەعێراق و ئێران نییە، بەڵکە من زیاتر باسی میرنشینە عەرەبییەکانی ئەم ناوچەیە دەکەم.

## داهاتێکی زۆر و خەڵکێکی کەم

لە زۆر وڵاتدا ژمارەی دانیشتوان بەیەکێک لە کێشە گەورەکانی دەژمێرێت، هەموو کاتێک دەوڵەتان چەندان رێوشوێن دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانیان زیاد نەبێت، بۆ نموونە لە چین وا بۆ ماوەی پەنجا ساڵە، حکوومەت یاسای یەک منداڵی بەسەر هەموو چیندا سەپاندووە. دیارە ئەمەش سیاسەتێکی حەکیمانە بوو، دەنا ئێستا ژمارەی دانیشتوانی چین دەگەیشتە ٥ ملیار کەس.

بەڵام لەم ناوچەیەدا پرسەکە زۆر جیاوازە. میرنشینەکانی کەنداوی فارسی، کەمیی ژمارەی دانیشتوانیان، بووەتە کێشە بۆیان. چۆن؟. ئەم وڵاتانە داهاتێکی زۆریان لە سامانی سروشتی (نەوت و گاز) دەست دەکەوێت. ئەم داهاتەش لە چاو دانیشتوانی ئەو وڵاتانە زۆر زۆرە. لە پرۆسەی ئاوەدانی و هەنگاونان بەرەو مۆدێرنیتە، ئەم وڵاتانە هەستیان کرد کە خۆیان بەتەنیا ناتوانن ئەم پرۆژە گەورانە ئەنجام بدەن، ناچار دەبێت پشت بە هێزی کاری بیانی ببەستن. دیارە ئەم دەوڵەتانە چ لە رووی پسپۆڕ و زانا و دوکتۆر،چ لە رووی هێزی کارەوە، زۆر پێویستیان بە کرێکار و پسپۆڕی بیانی بوو. یەکێک لە راوێژکارەکانی مەلیک فەیسەڵی سعوودیە وتی (لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکاندا، لە سعوودیە دوو بۆچوون هەبوون. یەکێکیان دەیوت، ئێمە دەبێت کرێکار و پسپۆڕی بیانی بهێنین تا لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و مۆدێرنیزەکردنی وڵاتدا یارمەتیمان بدەن. گرووپێکی تر پێیان وابوو، نەخێر باشترە ئێمە تەنیا پشت بەخۆمان ببەستین، هیچ کێشە نییە با پرۆسەی ئاوەدانی دوابکەوێت، تا ئەو کاتەی خۆمان کرێکار و پسپۆڕمان دەبێت[٢].
دیارە لە هیچ کاتێکی مێژوویدا وەکو ئەمڕۆ پرسی دانیشتوان قسەی لەسەر نەکراوە. ئەم کێشەیە تەنیا ئەم ناوچەیە ناگرێتەوە، بەڵکە رۆئاوای ئەورووپاش، هەمان کێشەی کەمیی دانیشتوانی هەیە (یان بەواتایەکی تر کەمبوونەوەی دانیشتوان بەهۆی نەبوونی پرۆسەی خێزان دروستکردن و کەمیی منداڵبوون). دۆزینەوەی نەوت و گازی سروشتی، گۆڕانی زۆری بەسەر ئەم وڵاتانە هێنا. ئەم وڵاتانە هەتا نەوتی تێدا نەدۆزرابووەوە، ناویان لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوو، وەلێ کاتێک بۆنە خۆشەکەی نەوت دۆزرایەوە، هەموو جیهان

رێی کـردە ئەم ناوچەیە. گـەر سـەیری ژمارەی دانیـشـتـوانی ئەم نـاوچەیە بکەین، دەبـینین ژمـارەیەکی ئـێجگار زۆری بێگانە لـەم دەوڵەتانەدا دەژین. لە زۆر وڵاتدا ژمـارەی بێگانە زۆر لە دانیـشــتـوانە ڕەســەنەکـە زۆرترە. بۆ نموونە لە قـەتـەر ڕێژەی بێگانـە لەم وڵاتەدا ٨٠٪ی دانیشتوان پێک دەهێنێت. کۆی گشتیی دانیشتوان دەگاتە ١,٦٩٩,٤٣٥ لە بەحرەین کۆی گشـتیی دانیشـتـوانی ١,٤٦,٨١٤، ژمـارەی بێگانە دەگـاتـە ٥١٧,٣٦٨ کـەس[٣]. بەڵام لە کوێت و ئیمـارات ئێجگار ڕێژەکە زۆرترە، بۆ نموونە ئیـمـارات کۆی گشتیی دانیشـتـوانی دەگـاتە ٧ ملیـۆن کـەس[٤] هـەندێک سـەرچـاوە دەڵێن نزیکەی ٨,٢٠٠,٠٠٠ دەبـن. لەم ڕێژە زۆرەدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە پاسپۆرتی ئیماراتییان پێیە دەگاتە ٨٩٢ هـەزار کەس. لە کـوێت ڕێژەی بێگانـە دەگـاتـە ٦٠٪ی دانیـشــتـوانی ئەم وڵاتە. کـۆی گـشــتـیی ژمـارەی دانیشتوانی دەگاتە ٢,٧٥٠ ملیـۆن کەس. دیارە لەم بیست ساڵەی دواییدا ڕێژەی بێگانە وا زۆر بوو. کـاتێک داهـاتێکی زۆری نەوت هـاتە دەسـتیـان، ئەم دەوڵەتانە پێویستیان بە هێـزی کـار هـەبوو، بۆ ئەوەی یارمــەتیـیــان بدات، دیارە ئەو کـات (دەتوانم بڵــێم ئەمــڕۆش) ئەم دەوڵەتـانە لە ڕووی پســپــۆڕ و زانای پزیشکی و ئەندازیار و مــامــۆســتــای زانکۆ و قـوتـابخـانەکـان، هیـچـیـان نەبوو، ناچار ئەم خـەڵکانـەیان هێنا. گـەر سـەیری مێـژووی ئەم دەوڵەتـانە بکەیت، ئـینـجــا بـۆت دەردەکــــەوێت چـەندە نـەوت و داهـاتـە زۆرەکــــەی، چ کـاریگـەرییـەکی گـەورەی بەسـەر ئەم دەوڵەتانەدا کـردووە. بۆ نموونە سـاڵی ١٩٥٠ ژمـارەی دانیشتوانی قەتەر تەنیا ٤٧ هـەزار کەس بووە. پاش دە ساڵی تر واتە ساڵی ١٩٦٠ ژمارەکە دەگـاتە ٥٩ هـەزار کـەس. بەڵام لەگـەڵ دۆزینەوەی نەوت، بازێکی گـەورە بەسـەر ئەم ڕێژەیەدا

دەدرێت. ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیکەی ١,٧٠٠ ملیۆن کەس. بەهەمان شێوەش ئیمارات. ساڵی ١٩٧١ کاتێک ئیمارات بوو بە دەوڵەتی سەربەخۆ و لە دەستی ئینگلیز ڕزگاری بوو (هەرچەندە ئەم دەوڵەتانە یەک چرکە خەباتیان بۆ سەرخۆبوون نەکردووە!) ژمارەی دانیشتوانی ١٨٠ هەزار کەس بووە. کەچی ئێستا سەروو ٨ ملیۆن کەسە. ئەم بازدانە گەورەیەش کاریگەری باش و خراپی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هێناوە. گەر سەیری عەرەبستانی سعوودیش بکەین، ئێستا ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٢٦ ملیۆن کەس، بەڵام ژمارەی بێگانە لەم دەوڵەتەدا دەگاتە نزیکەی ٧ ملیۆن کەس[٥].

بەشی زۆری ئەم بێگانانەش خەڵکانی ئاسیاوی بەتایبەت (هیند، پاکستان، بەنگلادیش، فیلیپین، سریلانکی، ئێرانی) ڕێژەیەکی زۆریان وەکو کرێکاری ڕۆژانە، لەبەر گەرمای ڕۆژ کە زۆرجار دەگاتە نزیکەی ٤٥ پلە، کاری تاقەتپرووکێنیان پێ دەکەن. لە پاش ئەمانیش ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی عەرەبی لە وڵاتانی (میسر، سووریا، ئوردن، عێراق، لبنان) لەم وڵاتانە دەژین. دیارە ڕێژەیەکی کەمی ئەوروپایی و ئەمەریکایی هەیە، بەڵام ئەوان لە ئاستێکی باشی ژیاندا دەژین.

ژمارەی دانیشتوانی قەتەر

| ژمارەی دانیشتوان | ساڵ |
|---|---|
| ١٩٥٠ | ٤٧,٠٠٠ |
| ١٩٦٠ | ٥٩,٠٠٠ |
| ١٩٧٠ | ١١١,٠٠٠ |
| ١٩٧٨ | ٢٠١,٠٠٠ |
| ١٩٨٦ | ٣٦٩,٠٠٠ |
| ١٩٩٦ | ٦٥٨,٠٠٠ |
| ٢٠١٠ | ١,٦٩٩,٤٣٥ |

## گەورەترین خەزێنەی نەوت و گازی جیهان

ئەم ناوچەیە بەگەورەترین خەزێنەی نەوت و گازی جیهان دەژمێرێت. هەندێک شارەزایانی بواری جیۆپۆلیتیک بە (دڵی) جیهانی دەشووبهێنن. بەپێی هەندێک سەرچاوە، سامانی نەوتی خەملێنراو لەم ناوچەیەدا، دەگاتە نزیکەی ١٦٣٥ ملیارد تەن. عەرەبستانی سعوودی

لە ڕووی سامانی نەوتەوە بەگەورەترین و دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان دەژمێرێت. خاوەنی ٣٥,٩ ملیارد تەن. کوێت نزیکەی ١٣,٨ ملیارد تەن. ئیماراتی عەرەبی خاوەنی ١٣,٣ ملیارد تەن نەوتن. لە ڕووی سامانی گازی سروشتیشەوە زۆر دەوڵەمەندن، بەتایبەت وڵاتی قەتەر کە نزیکەی ٣٨١,٠٠٠ ملیارد کۆپیک گازی سروشتیی هەیە، کە دەگاتە لە ١٤٪ یەدەگی گازی سروشتی لە جیهاندا[٦]. ئەم سامانە سروشتییە زۆرەی ئەم دەوڵەتانە، بوو بەهۆی ئەوەی چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی، بایەخێکی زۆریان هەبێت و لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ببنە ژمارەیەکی حیساب بۆکراوی گرینگ.

## گەورەترین داهاتی نیشتمانی و تاک

سیمایەکی گەورەی ئەم دەوڵەتانە ئەوەیە، کە خاوەنی داهاتێکی زۆری نیشتمانین، دیارە ئەمەش بۆ بوونی نەوت و گازێکی زۆر دەگەڕێتەوە. بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، پاش ئەوەی کە نرخی نەوت ئێجگار بەرز بووەوە، زۆرجار نرخی یەک بەرمیل نەوت گەیشتە ١٠٠ دۆلار. کاتێک سەیری ئەو داتا و ژمارانە دەکەیت، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەست ئەم دەوڵەتانە کەوتووە، مرۆڤ تووشی سەرسامبوون دەبێت. بۆ نموونە داهاتی ساڵانەی نیشتمانیی دەوڵەتێکی وەکو ئیمارات گەیشتە نزیکەی ٢٦٠ ملیارد دۆلار[٧] داهاتی تاک دەگاتە نزیکەی ٤٠ هەزار دۆلار. قەتەر داهاتی ساڵانەی نیشتمانیی دەگاتە نزیکەی ٨٣,٩١٠ ملیارد دۆلار. بەرزترین داهاتی تاکی هەیە لە ناوچەکەدا، دەگاتە نزیکەی ٦٨,٨٧٢ هەزار دۆلار. ساڵی ٢٠٠٩ گەشەی ساڵانەی ئابووریی قەتەر، بەرزترین ڕێژەی تۆمار کرد، گەیشتە ١١,٥٪ کە لە چینیش بەهێزتر بوو. وا چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ بگاتە ١٨,٥٪[٨] گەر سەیری کوێتیش بکەین، ئەویش لەسەر هەمان ئاواز دەخوێنێت. داهاتی ساڵانەی نیشتمانیی دەگاتە ١١١,٣٤ ملیارد دۆلار. داهاتی تاکی دەگاتە ٣٣,٦٣٤ هەزار دۆلار[٩] لە کاتێکدا ساڵی ٢٠٠٩ هەموو جیهان تووشی کێشەی ئابووری بوو، کەچی میرنشینەکانی کەنداو زۆرترین قازانجیان کرد. زیاتر لە ٣٨٠ ملیار دۆلاریان لە فرۆشتنی نەوت و گاز دەستکەوت[١٠] بوونی ئەم داهاتە زۆرەی نەوت، وای کردووە کە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵکی ملیۆنێر و ملیاردێر پەیدا ببن. بۆ نموونە تەنیا لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی زیاتر لە ٧٩ هەزار ملیۆنێر هەیە، سامانی هەموویان دەگاتە نزیکەی ٩١ ملیار دۆلار. دیارە بەشێکی زۆریان دەکەونە میرنشینی ئەبوزەبییەوە[١١] بوونی ئەم هەموو ملیۆنێر و ملیاردێرە، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی کولتووری و ئابوورییان لەگەڵ خۆ هێناوە.

## سندووقی نیشتمانی

یەکێک لە سیاسەتە گرینگەکانی ئەم دەوڵەتانە، دروستکردنی سندووقی تایبەتی بانکییە، بۆ ئەو پارە زۆرەی کە لە نەوت و گاز دەستیان دەکەوێت. ئەم دەوڵەتانە پاش ئەوەی بودجەی ساڵانەی خۆیان دادەنێن، ئەو پارەیەی کە لە خۆیان زیادە، ساڵانە دەیخەنە ناو ئەم سندووقەوە، کە بە سندووقی (سیادی) دەناسرێت. ئەم سندووقەش زۆرجار وەکوو کۆمپانیایەکی حکوومەتی، هەوڵی سەرمایەگوزاریی ئەم پارەیە دەکات، بۆ ئەوەی قازانجی زیاتریان دەست بکەوێت. هەروەها زۆرجاریش وەکو کۆمپانیایەکی بازرگانی لە بازاڕ و بۆرسەکانی جیهان کار دەکەن. دیارە ئەم سندووقانە لە زۆر بواری جیاجیادا سەرمایەگوزاری دەکەن (پیشەسازی، گەشتوگوزار، بانک، بۆرسە جیهانییەکان ). هەموو دەوڵەتانی کەنداو جگە لە عەرەبستانی سعوودی، سندووقی سیادییان هەیە. دەوڵەمەندترینیشیان، سندووقی سیادیی ئیماراتییە، کە سەرمایەکەی دەگاتە نزیکەی ٨٠٠ ملیارد دۆلار(١٢) جێگەی ئاماژەیە لە جیهاندا چەندان سندووقی سیادی هەنە لەوانە (سندووقی سیادیی سەنگافوور، نەرویجی، تایوانی، چینی ). سندووقی سیادی ئیماراتی کە بە "المجلس الإستثماري لحكومة أبوظبي ADIA" ناسراوە، دەوڵەمەندترین سندووقی سیادیی جیهانییە.

## لە کڕینی حوشترەوە بۆ کڕینی فیراری و یەخت و باڵەفڕەی بۆینگ

هەتا ماوەیەکی زۆر لە بیاوانی عەرەبیدا سەروەت و سامانی پیاوێکی دەوڵەمەند بەوە دەپێورا، کە خاوەنی چەندە سەرحوشترە. لە بیاوانی عەرەبیدا حوشتر جێگەیەکی تایبەتی هەیە لەناو ئاژەڵەکاندا. دیارە ئەوەش بەحوکمی گرینگیی ئەم گیانلەبەرە، دەتوانێت بەرگەی گەرما و تینوویێتیی زۆر بکات. وەلێ لە پاش دۆزینەوەی نەوت و گاز لە سەحرای عەرەبیدا، حوشتر هەمان ڕۆڵی جارانی نەما. بوونی داهاتێکی زۆری ئابووری، وای کرد کە ئەم میرنشینانە لە ڕووی دەرەکییەوە پۆشاکی خۆیان بگۆڕن. لە ساڵانی هەشتای سەدەی پێشووەوە، میرانی کەنداو لە میدیای ڕۆئاواییدا، وێنەی کەسێکی پارەدار و خۆشگوزەرانی لەخۆ گرت. میدیاکانی ڕۆئاوا پڕیەتی لە هەواڵی کڕین و فرۆشتنی شمەکە زۆرەکانی میرەکانی کەنداو. لە پڕ گوێت لێ دەبێت کە فلانە میری کەنداو هۆتێلێکی گرانبەهای پاریسی کڕی. یان باڵەفڕەیەکی گرانبەهای کڕی. بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەم

هەوالانە زۆر بوون. بۆ نموونە پێش ماوەیەک میرنشینی قەتەر، سەفقەیەکی لەگەڵ یانەی بەرشەلۆنە کرد، کە بریتی بوو لە کڕینی سەرفانیلەی بەرشەلۆنە، بە بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار[١٣] میرنشینی قەتەر لە هەموویان زیاتر بەدوای ناو و شۆرەتدایە. لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک بینا و پڕۆژەی گەورەی لە ئەوروپا بەتایبەت پاریس و لەندەن کردووە. سەرمایەگوزاری قەتەری تەنیا لە بەریتانیا گەیشتە نزیکەی ١٠ ملیارد پاوەندی ئینگلیزی. کۆمەڵێک پڕۆژە و کۆمپانیای گرینگیان لەم وڵاتەدا کڕیوە. بۆ نموونە لە ٢٠٪ پشکی کۆمپانیای تشیلسفیلف یان کڕی. ئەم کۆمپانیایە خاوەنی کۆمەڵێک پڕۆژەی بیناسازییە لە لەندەن. هەروەها کۆمپانیای ئاوی بەریتانیاش بە بڕی ٨ ملیارد پاوەند کڕی. هەر ئەمساڵیش ٨٪ی پشکی بانکی بارکلیزی کڕیوە[١٤] لە هەمووشیان گرینگتر کڕینی بازاڕی هارودز بوو، کە بایی ١,٥ ملیارد پاوەند بوو[١٥] ئەم بازاڕە یەکێکە لە بازاڕە گەورەکانی جیهان. لە ئەڵمانیاش کۆمەڵێک کۆمپانیا و پڕۆژەی گەورەیان کڕیوە، لەوانە بەشێکی زۆری پشکەکانی کۆمپانیای (پۆرشە، فۆلکس ڤاگن. هۆخ تیف)یان کڕیوە[١٦] جگە لە کۆمەڵێک پڕۆژەی تر. لەم چەند ساڵەی دواییشدا کڕینی یانەی مانشستەر سیتی لەلایەن میرەکانی ئیماراتەوە، بوو بەجێگەی باسی میدیاکان. کاتێک سندووقی سیادیی ئیماراتیش تەلاری کۆمپانیای کرایسلەری لە نیویۆرک کڕی، ئەمەریکاییەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو. هەفتەی ڕابردووش یەکێک لە میرەکانی بنەماڵەی ئال سعوود، کۆنترین و گرانترین هۆتێلی شاری پاریسی کڕی. ئەم هۆتێلە پێشتر کۆشکی مەلیکی فرەنسا بووە. ساڵی ١٧٥٨ دروست کراوە ناوی کۆشکی (دی لا کونکورد)، میرێکی بنەماڵەی سعوودی بە بڕی ٢٥٠ ئۆیۆن یۆرۆی کڕی[١٧]. جێگەی ئاماژەیە هاتنی سەرمایەی عەرەبی بۆ ڕۆئاوا، بەگەرمی و خۆشییەوە پێشوازیی لێ ناکرێت، بەڵکە بەپێچەوانەوە ڕۆئاواییەکان زۆر بە ترس و گومانەوە سەیری ئەم سەرمایە عەرەبییە دەکەن. بۆ نموونە پێش چەند ساڵێک لەمەوپێش، ئیمارات دەیویست بەندەرێکی گەورەی کالیفۆرنیا بکڕێت، بەڵام کۆنگرێسی ئەمەریکایی دژی ئەم کارە وەستایەوە و نەیهێشت ئەم کارە سەربگرێت.

### بۆچی میرە عەرەبییەکان لە ڕۆئاوا سەرمایەگوزاری دەکەن؟

ئەم مەسەلەیە نەک لای من بەڵکە لای زۆربەی پسپۆڕانی بواری سیاسی و ئابووری، ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا دەکرێت. وەلێ بەبڕوای من ئەم کۆچی سەرمایەی عەرەبییە بۆ باکور، دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار :

١- هۆکاری ئابووری

ئامانجی بنەڕەتیی هەموو سەرمایەگوزارییەک، دەستکەوتنی زۆرترین قازانجە. دیارە سەرمایەی عەرەبییش بەهەمان شێوە بەدوای دەستکەوتنی قازانجی زۆرەوەیە. هەر بۆیە باڵندەی سەرمایەی خۆی، بەرەو باکور دەفڕێنێت.

٢- هۆکاری سیاسی

ئەم میرنشینانە بەگشتی هیچ کامیان خاوەنی سیستەمێکی دیموکراتی و ئازاد نین، بەڵکە زۆربەیان پێشتر سەرۆک خێڵ بوون و ئینگلیز کردوونی بەحاکمی ئەم ناوچەیە. لەبەرئەوەی هیچ کاتێک پشت بە شەفافیەت و ئازادی نابەستن، هاوولاتیی ئەم ولاتانە نازانن داهاتی دەوڵەتەکەیان چەندە. بەشێکی زۆریان لە ترسی خەڵکی، لە ترسی پلان و کودەتا، ترسیان هەیە سەرمایەکانیان لە ولاتەکەی خۆیاندا دابنێن. بەشێکی زۆری ئەم دەوڵەتانە، هیچ بودجەیەکی شەفاف و داهاتی نەوت بە تەواوی دیار نییە. کەس نازانێت چەندی لەم داهاتە دەست دەکەوێت، یان مەلیک و میرەکان چەندیان لەم داهاتە دەست دەکەوێت.

٣- هۆکاری دەروونی (گرێی خۆبەکەم زانین)

ئەمڕۆ لە پاش ١١ سێپتەمبەرەوە و بەگشتی وێنەی عەرەب لای رۆئاواییەکان، وێنەیەکی نێگەتیڤی هەیە. کەسایەتیی عەرەبی لای بەشێکی زۆری خەڵکی رۆئاوا، بە کەسایەتییەکی ناشارستانی دادەنرێت. دیارە میدیاکانیش تا ڕادەیەکی زۆر رۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی ئەم وێنەیە. بەلام عەرەبەکانیش خۆیان بەشدارن لە نەخشەکێشانی ئەم وێنە ناشرینەی خۆیان. بەبڕوای من ئەم دۆخەی کەسایەتیی عەرەبی بەگشتی و کەنداو بەتایبەتی تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی کردووە، کە زۆرجار هەوڵ دەدات بەرامبەر رۆئاوادا وا هەست بکات کە هیچی پێ نییە یان کەسێکی نابووتە. بەتایبەت میرنشینەکانی کەنداو، دەیانەوێت لە ڕێگەی کڕینی ڤێلا و هۆتێلی گرانبەها و شمەکی دەگمەن، ئەو هەستی خۆبەکەمبوونەیان لە بەرامبەر رۆئاواییەکان نەهێڵن. لەم چەند ساڵەی دواییدا، هەندێک میری کەنداو بەوەشەوە نەوەستاون، خویان داوەتە کڕینی وێنە گرانبەهاکانی جیهان، زۆرجاریش لەگەڵ میرەکانی تر یان دەوڵەمەندەکانی تر، دەکەونە مونافەسە و شەڕی لاوەکییەوە[١٨].

## کۆنترۆڵکردنی میدیای عەرەبی

کۆتایی ساڵی حەفتاکانی سەدەی پێشوو داهاتی گشتیی عێراق زۆر بوو، بەعسییەکان دەستیانکرد بەکڕینی کۆمەڵێک رۆژنامە و کۆواری عەرەبی بەتایبەت لە لبنان و فرەنسا و بەریتانیا. ئەوکات لەوێندەر زۆر کرِوار و رۆژنامەی گەورەی عەرەبی چاپ دەکران. ئامانجی سەرەکیی بەعسیش لەم سیاسەتەیدا، کۆنترۆڵکردنی میدیای عەرەبی و بەکارهێنانی دژی نەیارەکانی بوو. وەلێ پاشان بەحوکمی شەڕی ئێران و عێراق، خەزێنەی بەعس ڕووی لە کزی بوو. وەلێ بەعس ئەم سیاسەتەی بۆ خەلیجییەکان بەجێ هێشت. سەرەتا عەرەبستانی سعوودیە هاتە ناو مەیدانەوە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی کرد بەکڕینی کۆمەڵێک رۆژنامە و کۆواری عەرەبی. گرینگترینیان رۆژنامەی (الحیاة)ی لبنانی بوو. ئەم رۆژنامەیە بەربڵاوترین رۆژنامەی عەرەبی بوو. پاشان لە لەندەن دەردەچوو. پاش ئەمیش رۆژنامەی (الشرق الاوسط) و کۆواری (المجلة) یان دامەزراند. لە پاش ساڵی نەوتەوە، کاتێک مۆدێلی سەتەلایت پەیدا بوو، سعوودیە یەکەمین کەناڵی سەتەلایتی (MBC) لە لەندەن کردەوە. ئەمەش سەرەتای سەتەلایتی عەرەبی بوو. لە پاش سعوودیە دەوڵەتانی قەتەر و ئیماراتیش هاتنە ناو مەیدانی میدیاوە. قەتەر کەناڵی جەزیرەی کردەوە. پاشتر بوو بەیەکێک لە کەناڵە بەهێزەکانی جیهانی عەرەبی. ئەمرۆ ئەم کەناڵە یەکێکە لە دەزگا گەورەکانی جیهانی عەرەبی و جیهان. گەر ئەمرۆ سەیری میدیای عەرەبی بکەین، دەبینین بەگشتی لەژێر دەستی میرەکانی کەنداودان. بۆ نموونە گرینگترین کەناڵی تیڤی عەرەبی ئەمانەن (رۆتانا، ئێم بی سی، عەرەبییە" کە چەند میرێکی سعوودی خاوەنیانن. پاش ئەوان کۆمەڵە کەناڵەکانی جەزیرە، سیاسی و وەرزشی و دۆکۆمێنتی، کە خاوەنەکەی میری قەتەرە.) جگە لەو کۆمەڵە میدیا زۆرەی کە لە بوارەکانی ئاینی و سەلەفیەتدا هەیە، گرینگترینیان کەناڵی (أقرا) کە ئەویش هی عەرەبستانی سعوودییە. . پارادۆکس لەوەدایە بەشێکی زۆری کەناڵە ئاینی و سەلەفییەکان، لەگەڵ کەناڵی گۆرانی و خۆشی و سەما و موزیک، خاوەنەکانیان میرەکانی سعوودیەن.

ئەمرۆ میرەکانی سعوودیە کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری میدیای عەرەبییان کردووە، چ ئەو کەناڵانەی ئیسلامین یان دژەئیسلامین. لەلایەکی تریشەوە دەستیان کردووە بەکڕینی زۆربەی زۆری قەڵەم و رۆژنامەنووسە گەورەکانی عەرەب، بەتایبەت لبنانی و میسری و عێراقی. ئەمرۆ گەر سەیری ئەو کەناڵ و رۆژنامانە بکەیت، بەشێکی زۆری کارمەندەکانیان

خەڵکی لبنان و میسر و عێراقن. هێشتا ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانیوە لە ڕووی پیشەیی و پسپۆڕییەوە، کادیری ئیعلام بۆ خۆیان دروست بکەن.

بەڵام ئاخۆ مەبەستیان لە کۆنترۆڵکردنی ئەم بوارە چییە؟ ئەمەش بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ :

یەکەم : ئەم دەوڵەتانە لە پێش هەموویانەوە عەرەبستانی سعوودی، دەیەوێت کۆنترۆڵی میدیای عەرەبی بکات، تا ڕۆڵی سیاسی و کولتووری خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت.

دووەم : بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیان بگرن، بۆ ئەوەی هیچ کاتێک میدیای عەرەبی لە دژی دەسەڵاتی ئەوان بەکار نەیەت.

دیارە جگە لە میدیا، ئەمڕۆ هەوڵیان داوە کۆنترۆڵی دراما و موزیکی عەرەبییش بکەن. بۆ نموونە ئەمڕۆ بەشێکی زۆری درامای سووریایی و میسرییەکان، لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە بەرهەم دەهێنرێت، کە خاوەنەکانیان خەلیجین. ئەمەش دیسانەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە چۆن داهاتی نەوت دەتوانێت نەک ژیانی ئابووری و سیاسی کۆنترۆڵ بکات، بەڵکە دەتوانێت ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکیش کۆنترۆڵ بکات.

### دروستکردنی شارستانیی نوێ

ئەوەی چاودێریی ناوچەی کەنداو بکات، دەبینیت ماوەی چەند ساڵێکە بەشێکی زۆری ئەم دەوڵەتانە دەستیان کردووە بەپرۆسەیەکی بیناسازیی ئێجگار گەورە و سەیروسەمەر. بەتایبەت دوبەی. ئەمڕۆ دوبەی بووەتە جێگەی باس و هەواڵی جیهان. ئەڵمانییەکان ئەم شارەیان ناوناوە شاری (Superlativ، هەرە بەرز) لەم چەند ساڵەی دواییدا دوبەی کۆمەڵێک پڕۆژەی سەیروسەمەری دروست کردووە، هەر لە دروستکردنی هۆتێلی ٥ ئەستێرەی گەورەی وەکو (بورج عەرەب) تا دروستکردنی دوورگەی دارخورما و جیهان. دروستکردنی بەرزترین تەلاری جیهان (بورج خەلیفە).

ئەم پڕۆژانەش ڕاستە لایەنێکی ئابوورییان هەیە، کە بۆ مەبەستی قازانج دروست کراون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیامێکی کولتووریشیان هەیە. ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی مێژووییەوە تووشی گرێیەکی دەروونی بوون، چونکە هیچ بەشدارییەکی وایان نییە لە مێژووی شارستانیی ناوچەکە و جیهان. بۆ نموونە میسر و عێراق و سووریا، لە چەندان قۆناخی مێژووی ئیسلامی و کۆندا، ڕۆڵیان هەبووە و خاوەنی کۆمەڵێک پێگەی شارستانیی

کۆنن. بەڵام ئەم دەوڵەتانە هیچ سەردەمێک ناویان لەناو کوولەکەی تەڕیشدا نەبووە. پێش ماوەیەک لە کەناڵی دوبەی ڕێکلامی گەشتیاریی بۆ شاری دوبەی دەکرد. لەناو ڕێکلامەکەدا کۆمەڵێک وێنەی سەیرم بینی. سەرەتا ئەهرامی میسری پێشان دا، ئینجا زەقوورە و کۆشکە هەڵواسراوەکەی بابل، پاشان بورجی ئیڤل، لە کۆتاییشدا هۆتێلی بورج عەرەب. لە کۆتایی فیلمەکەدا دەیوت (ئێستا کاتی ئێمەیە!). دیارە هەر دوبەی نییە، بەڵکە هەموویان بەتایبەت قەتەر، ئەویش لەم چەند ساڵەی دواییدا پەتای بینای گەورەی گرتووە. کۆمەڵێک بینای گەورە و هۆتێلی ٥ ئەستێرەی دروست کردووە. دیارە بۆ دروستکردنی ئەم شارستانییە نوێیەش تەنیا پشت بەکرێکار و پسپۆڕی بیانی دەبەستن. کێشەکە لەوەدایە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە، هیچ بەشدارییەکی بەرچاویان لەم پرۆسەیەدا نییە. کاتێک سەیری شارستانیی میسری و یان میزۆپۆتامیا یان ئەوروپایی دەکەیت، خەڵکی ئەم ناوچەیە خۆیان بەدەست و بازووی خۆیان ئەم شارستانییەیان دروست کردووە. بەڵام لێرە وا نییە.

## سازدان و بەستنی فیستیڤاڵ و کۆبوونەوەی جیهانی

سیمایەکی تری ئەم دەوڵەتانە، لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک فیستیڤاڵ و کۆبوونەوەی گەورە لەم وڵاتانەدا ساز کران. بگرە ئەمەش بووەتە بەیەکێک لە سیاسەتەکانیان. بەتایبەت لە هەردوو بواری وەرزش و سیاسەتدا. ئەمڕۆ دوبەی و دەوحە و ئەبوزەبی، دەیانەوێت کێبەرکێی نیویۆرک و پاریس و لەندەن بکەن. ڕۆژانە یان فیستیڤاڵی وەرزشی یان کۆبوونەوەی زانستی و سیاسی دەکرێت. زۆرجار بۆ سازدانی ئەم جۆرە کۆبوونەوانەش پارەی خەیاڵی سەرف دەکەن.

بۆ نموونە پێش چەند ساڵێک لەمەوپێش، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بیل کلینتون، بۆ سازدانی کۆڕێک لە دوبەی، بڕی ٤٠٠ هەزار دۆلاری وەرگرتبوو. ئەمەش بوو بەیەکێک لە هەواڵە گرینگەکانی ئەو کات. ئاخۆ چی وا دەکات لە میری دوبەی، ئەم هەموو پارەیە لەم کۆڕ و میهرەجانانە سەرف بکات؟. ئەم نەخۆشییە تەنیا ئیماراتی نەگرتووەتەوە، بەڵکە قەتەر لەمە زیاتر دەکات. لەم چەند ساڵەی دواییدا قەتەر خۆی لە هەموو مەسەلەیەک هەڵدەقورتێنێت. ئەمەش بووەتە هۆی ناڕەزایی لای دەوڵەتانی تر بەتایبەت میسر و سعوودیە. کێشەی میری قەتەر لەوەدایە، لە ڕووی جەسەدییەوە زۆر گەورە و قەبەیە، بەڵام وڵاتەکەی زۆر بچووکە. هەر بۆیە زۆرجار خۆی دەخاتە ناو مەسەلەی گەورەوە بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا خۆی تێکەڵی کێشەکانی (فەلەستین، لووبنان، سودان، یەمەن)

کردووە. لەدوا کارەکانی ئەم میرە عەرەبییە، سازدانی جامی جیهانیی تۆپی پی ٢٠٢٢. هەرچەندە لەناو جیهاندا نارەزایی زۆر دەربرا، چونکە هیچ کاتێک قەتەر بەشداریی جامی جیهانیی نەکردووە و هیچ کاتێکیش یاریزانێکی باشی بەرهەم نەهێناوە. قەتەر تەنیا دەیەوێت ناو و شۆرەتی خۆی دروست بکات، دەنا باوەڕ ناکەم لە ڕووی ئابوورییەوە هێندە قازانج بکات. چونکە بۆ سازادانی ئەم فیستیڤاڵە گەورەیەی جیهان، پارەیەکی خەیاڵی سەرف دەکەن.

پێ دەچێت سازدانی ئەم کۆبوونەوە و فیستیڤاڵانەش، لە ڕووی ناو و شۆرەتەوە کەمێک خزمەتیان بکات، بەڵام چ لە رووی سیاسی یان ئابووری یان کولتووری، هیچ خزمەتێکی ئەم ناوچەیە ناکات.

## شەڕی نێوان شارستانی و خێڵ

راستە ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی بیناسازی و ئامێری مۆدێرن و تەکنەلۆجیای نوێ، تا ڕادەیەکی ئێجگار باش پلەیەکی باشیان بەدەست هێناوە. بەڵام لە ڕووی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان بخەنە ریزی سیستەمی نوێی جیهانیەوە. ئەمەش نووسەری ناوداری عێراقی عەلی وەردی بە شەڕی نێوان (شارستانی و خێڵ، صراع الحظارة والبداوة) وەسفی دەکات. هێشتاوەکوو سیستەمی خێڵایەتی بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم دەوڵەتانە زاڵە. هێشتا ژنان بۆیان نییە بەبێ مێردەکان یان وەلی ئەمری پێ بنێنە دەرەوەی دەرگەی ماڵەکەی خۆیان بەتایبەت لە عەرەبستانی سعودی. ڕاستە لە دوبەی کۆشکی مۆدێرن و هۆتێلی ٥ ئەستێرە، ریستۆرانتی گەورە هەیە، بەڵام کاتێک کە کچ و کوڕێک یەکتری ماچ بکەن دەبێت سزا بدرێن چونکە ئەمە لەگەڵ یاسای ئیماراتدا نایەتەوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکرێت، ئاخۆ ئەم شەڕەی نێوان شارستانی و عەقڵی خێڵایەتی چەندە بەردەوام دەبێت؟ ئاخۆ ئەم دەوڵەتانە بەڕاستی دەتوانن لەگەڵ ژیانی نوێی مرۆڤایەتیدا تێکەڵ بن؟

## بەرەنجام

ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەم دەوڵەتانە هێشتا قۆناخیکی زۆریان ماوە بۆ ئەوەی بتوانن ببنە هێزێکی جیهانی و شوێنپێی خۆیان بەسەر سیاسەتی ئابووری و سیاسی جیهاندا بسەپێنن. بەڵام لە هەمان حاڵەتیشدا بوونی سەرمایەیەکی زۆری عەرەبی، کە بە ٢

بۆ ۳ هەزار ملیارد دۆلار مەزندە دەکرێت. ئەم سەرمایە زۆرە، بۆچوون و هزری چۆنە بۆ ژیان؟، چۆن دەتوانێت پێگەی خۆی لە جیهاندا بەهێز بکات؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تر، کە پێویستە بە وردی هەوڵی شرۆڤەکردنیان بدەین. بە بڕوای من دەوڵەتەکانی کەنداو ناتوانن لە سنووری عەرەبی و ئیسلامی زیاتر بپەڕێنەوە، چونکە ئەوان هێشتا لە ڕووی فیکری و مۆراڵییەوە زۆر لە پاش شارستانیی ڕۆئاوا و چین و هیندن. ئەمان دەتوانن تەنیا ڕۆڵی تەواوکەر یان خزمەتکاری شارستانییەکانی تر ببینن.


سەرچاوەکان:

1- Der www.Wikipedia.org.DeutschPersische Golf.

2-www.arte.tv.de House of Saud.Geschichte am Mitwoch.08.02.2008.

3- Katar.www.Wikipedia.org.Deutsch

4- Vereinigten Arabischen Emirate.www.Wikipedia.org.Deutsch

5-www.Wikipedia.org.Deutsch 5Saudi arabien.

6-www.Wikipedia.org.Deutsch Der Persische Golf.

7-Vereinigten Arabischen Emirate www.Auswertigeamt.de.

٨- سالانفاق العام يحد من تراجع اقتصادات الخليج. بي بي سي. ١ مارسي ٢٠٠٩

9- www.Wikipedia.org.Deutsch Kuwait, Katar.

١٠- الانفاق العام يحد من تراجع اقتصادات الخليج. بي بي سي. ١ مارس ٢٠٠٩

١١- غياب العمل الخيري في الإمارات رغم الثروات الطائلة. الجزيرة نت. ٢٠١٠/٦/٢٥

١٢- أبوظبي تشتري بناية كرايسلر في نيويورك. بي بي سي. ١٠، يوليو، ٢٠٠٨

١٣- نادي برشلونة يبرم صفقة إعلانات قياسية. بي بي سي. ٢٠١٠/١٢/١٠.

١٤- ،تدوير اموال الغاز القطرية في شراء الاصول البريطانية. سايتي. بي بي سي ٢٠١٠/٥/٩.

١٥- هەمان سەرچاوە.

16-Deutsche Firmen in Katar.WWW.Spiegel.de.9/12/2010NilsViktor- Sorge.

١٧- أحد أعضاء العائلة المالكة السعودية يشتري فندقا فخما في باريس. سايتي.بي بي سي. ٢٣,١٢,٢٠١٠

١٨- صراع خفي بين الأثرياء العرب علي الفن النادر. بي بي سي٢٠١٠/٥/٣١

# ئازادیی ئاینی و هەڵگەڕانەوە
# لە ئاینە ئاسمانییەکاندا

د. مریەم ئایەت ئەحمەد

قسەکردن لەسەر ئازادیی ئاینی، ئەو بوارەمان پێ دەدا لەبارەی ئەم بابەتە قووڵبینەوە بۆ زانینی رووەکانی لێکنزیکی مەعریفی و ئاینی و فەلسەفی و سیاسی، ئەم بابەتە کە پێشتر و تا ئێستەش بیری مرۆڤی سەرقاڵ کردووە، بەهۆی ئەو پێوەندییە بەهێزەیە کە هەیەتی لەگەڵ کەرامەت و ئازادیی تاکەکەس و دانپیانان بەم ئازادییە. چۆن دەکرێ لە سایەی ئاینەکاندا باس لە ئازادی ئاینی بکەین و بەدەر لە بیری ئەوروپایی کە ئەمڕۆ ئەو بیرە تێگەیشتنێکی تایبەتیی بۆ بیری ئازادی ئاینی هەیە. بەجۆرێک ئەو بیرە ئەوروپاییە ئەوەندە گرینگی بە ئاین نادات، تەنیا وەک رووداوێکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانێ. هەر لە سەرەتای شۆڕشی فرەنسا ١٧٨٩ لە رووی سیاسییەوە، بیری رۆئاوایی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێ ئاین لە بواری گشتییدا دوور بخرێتەوە و تەنیا لە بوارە تایبەتییەکاندا بمێنێتەوە، هەروەها ئەو رۆڵانەی تری ئاینیش پشتگوێ بخرێت کە تایبەتن بە دەرەوەی ژیانی تاکەکەسی.

هزری ئەوروپایی هەموو کات هەوڵی داوە دەوڵەت بخاتە پێش کڵێساوە، بەجۆرێک سیستەمی سیاسی کۆنترۆڵی هەموو بوارە گشتییەکانی ژیان بکا. بەم شێوەیە لە چوارچێوەی عەلمانیدا دەزگا ئاینییەکان پەراوێز خراون، بەو هیوایەی ئەم پەراوێزخستنە ببێتە هۆی تێپەڕاندنی ئاین لە رووی زەمەن و شوێنەوە، هەروەها تێپەڕاندنی گشت کەلەپووری کۆنەکان. لە راستیدا هزری رۆئاوایی دوو روانینی بۆ ئازادی گەشە پێ داوە:

یەکەم روانین: لەسەر پێشەکییە نائاینییەکان دامەزراوە و بەرووی ئاینپەروەران و نائاینپەروەراندا کراوەیە، دووەم ئەو روانینەیە کە لەسەر چەمکە ئاینییەکان دادەمەزرێ، ئەو

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

روانینەی پێی وایە دەسەڵاتی خوای مەزن و گەورە بەسەر هەموو شتەکانییەوە. هەروەها روانینی ئاینی دەڵێ مرۆڤ بە سروشتی خۆی توانای ئەوەی هەیە ئەم شتە قبووڵ بکا یان رەتی بکاتەوە، ئەوەش پێوەندیی بە ویژدانی خۆیەوە هەیە، کەواتە ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە بڕیار و هەڵبژاردن و بڕیاردان لە ژیان و چارەنووسی خۆی، ئەم مافە پێویستە و ئێمە ناتوانین رەتی بکەینەوە یان دژی بوەستینەوە، بۆیە ویژدانی مرۆڤ بالادەستترین دەسەڵاتە بۆ مرۆڤ، بەڵام ئەم بەرگریکردنە لە ئازادیی فیکری تەواو باس لە ئازادیی ئاینی ناکات، بگرە بەرگری لە ئازادیی ویژدان دەکات، پاشان باس لە ئازادیی مرۆڤ دەکات وەک هەڵبژاردنێکی مرۆیی راستەقینەی ویژدانی ئازاد. تەنانەت ئەگەر نائاینپەروەران ئەم هەڵبژاردنە بۆ خۆیان رەت دەکەنەوە، بەڵام ئەوان رێزی ئەو چاکە کۆمەڵایەتی و فیکرییە دەگرن کە کەسانی تر هەیانە. ئەوان بڕوایان بە هەڵبژاردنی ئاینی کەسانی تر نییە، بەڵام رێزی ئەو مافەیان دەگرن کە ئاینی خۆیان هەڵبژێرن(٢).

## ئازادیی گەردوونی سروشتی

ئاشکرایە خوا مرۆڤی دروست کرد و دیاردەکانی ژیانی بۆ مەیسەر کرد تا بەردەوام بێ، لەو شتە پێویستانەی کە بۆ ژیانی مرۆڤ لە سەرەتا تا کۆتایی گرینگن یەک شتە ئەو شتەش ئازادییە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەردەوامبوونی مرۆڤ، ئازادیی مرۆڤ پیرۆزە – وەک چۆن ژیانی پیرۆزە– ئەمەش سیفەتێکی سروشتییە کە مرۆڤ لەگەڵیدا لەدایک دەبێ: (هەموو کەسێک بەخۆرسکی لەدایک دەبێ)، مونتمورنسی دی لافال پێی وایە ئازادی بڕیاردانێکی بڕاوە و حەتمییە، لەسەر بناخەی ئەو ئازادییە هەموو بەدواهاتنەکان روو دەدەن، مرۆڤ بە ئازادی بوونی خۆی دروست دەکات، "ئازادی" گشتێکە شی ناکرێتەوە، چوارچێوەی ئازادیش ئەو رووداو و مەبەستانەیە، ئازادیش تەنیا لە هەڵوێستدایە، بەبێ ئەویش هەڵوێست بوونی نابێ، بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە ئازاد بێ، من بەرپرسیارم بەرامبەر بەهەموو شتێک، بەڵام بەرپرسیار نیم بەرامبەر بە بەرپرسیاریەتیم، من بناخە نیم بۆ بوونی خۆم، من ئەم (ئازادی)یەم، بوون بەئامادەیی ئەو ئازادییە هەست بەبوونی خۆی دەکات، ئەوەی لە عەقڵدا ئاشکرای دەکەم ئەوەیە ئازادی(٣). ئازادی بۆ مرۆڤ کردارە، خووە، سروشتە، ئازادی شتێک نییە لە دەرەوە بۆ مرۆڤ دابین بکرێ، شتێکە لەلایەن خوڵقێنەرەوە دەستەبەر دەکرێ.

لە راستیدا لەوە زیاتر ناتوانین بڵێین کە ئازادی راستییەکی پێکهاتەییە لە مرۆڤدا، شتێکی تەشریعی نییە بەخشرابێ، تەشریع هەر تەشریعێک بێ، لەبەر یەک هۆی سەرەکی ئازادی نادات بە مرۆڤ ئەو هۆیەش ئەوەیە کە ئازادی وەک پێکهاتوویەک لە ناخی مرۆڤ ئامادەیە، مرۆڤ بە ئازادی لەدایک بووە، تەشریعاتەکان ئەوەی پێویستە بیکەن، جا چ ئەو تەشریعانە لەلایەن مرۆڤەوە دانرابن یان لەلایەن خواوە نێردرابن، ئەوەیە کە ئەوان رێگە لەوە بگرن ئەم ئازادییە زەوت بکرێ و دەستدرێژی بکرێتە سەری، واتە رێگە لەوە بگیرن کە کەس سنووری کەسی تر نەبەزێنێ و بەبێ

هیچ مافێک رووبەری ئازادی کەسانی تر سنووردار نەکرێ[٤].

فرەیی ئاینی پێویستی بە ئازادی هەیە، ئازادیش دەبێتە هۆی لێبووردەیی، لێرەوە پرسیاری بنەڕەتی دێتە ئاراوە، چەمکی ئازادی دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ سزادان لەسەر ئازادی، چۆن مرۆڤ لە هەڵبژاردنی بڕوادا دەبێ لێبووردەیی بەرامبەر بە دژەکەی هەبێت، چۆن چەمکی ئازادی بەرجەستە دەکات و پابەندی دەکات بە جێبەجێکردنەوە، لە کاتێکدا بڕوای بەوە هەیە کە بەرامبەرەکەی ئەوەی کە ئەو بڕوای پێیەتی حەقە و ئەوەی بەرامبەرەکەی بڕوای پێیەتی بەتاڵە؟ ڕەنگە ئەم پرسیارانە و پرسیاری تریش کەسانێک بیکەن و وەڵامی پێویست بۆ گرفتەکانیان لە ئاینە ئاسمانییەکاندا بدۆزنەوە؟.

چۆن ئاینەکانی جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام مامەڵەیان کردووە لەگەڵ حوکمەکانی هەڵگەڕانەوە و ئازادیبوونی فرەئاینی.

## ئازادیی ئاینی لە ئاینی جوولەکەدا

لەبارەی بابەتی ئازادیی ئاینی و حوکمی هەڵگەڕانەوە ئەم شتانە لە تەورات دا دەبینین:

(ئەگەر براکەت کوڕی دایکت، یان کوڕەکەت یا کچ و ژنەکەت، یان ئەو هاوڕێیەی وەک خۆت وایە بەنهێنی هەڵی خەڵەتاندی و گوتی: با بڕۆین و خوایەکی تر بپەرستین، خوایەک نە تۆ و نە باو و باپیرانت نەتانناسیبێ، خوای گەلێکی تری دەوروبەری تۆ بێت، دوور یان نێزیک لە تۆ، لەمسەری زەوی بێ یان لەوسەری، لێی ڕازی مەبە و مەیبووره، چاوەکانت بەرایی نەیەت بیانبینی، دڵت بۆی نەرم نەبێ، مەیشارەوە، بەڵکو کوشتنێک دەیکوژی تا دەمرێ، لەبەرئەوەی داوای لێ کردی لەگەڵ خوایەک تووشی بەڵات بکا تۆی لە زەوی میسر لە کۆیلایەتی ڕزگار کرد) (سفر التثنية 11.6:13)

هەر لە هەمان ئەلئیسحاح هاتووە: ( ئەو پیاوەی بە زۆرداری کار دەکات، گوێ هەڵناخات بۆ پیاوی خوا و قازی.. ئەو کەسە دەکوژرێ، لە ئیسرائیلدا خراپەکارییەکانی بنبڕ دەکرێ).

ئەگەر ئەو کەسەتان بینی لە خوا و شەریعەتی دوور دەکەوێتەوە، لە ڕێگەی ڕاست دوور دەکەوێتەوە تا خوایەک لە خواکانی گەلانی تر بپەرستێ، خۆر، یان مانگ یان هەر یەکێک لە سەربازەکانی ئاسمان دەپەرستێ: ئەو شتانەش برێتین لە ئەستێره و مانگەکان وەک هەندێ لە گەلانی تر دەیکەن، ئەو شتانەم لێ قەدەخە کردن و هۆشداریم پێ دان. پێم گوتن و بیستتان و لێتان کۆڵییەوە، ئەگەر دەرکەوت ڕاستە ئەو کەسە بۆگەنی لە ئیسرائیل بڵاو دەکاتەوە" ئەگەر ئەو کەسە هەواڵێکی پێ گوتی، بە وردی لێت کۆڵییەوە، دڵنیابووی ئەوەی دەیکا خیانەتە بە خوا دەکات"، ئەگەر لە نێوەندتاندا پیاوێک یان ژنێکتان دۆزییەوە کاری خراپە دەکات و خوایەکی تر دەپەرستێ.. ئەو کەسە خراپە و بۆگەنی لە ئیسرائیل دا بڵاو دەکاتەوە، ئەو ژنە یان ئەو پیاوە ئەو کارە شەڕخوازەی دەرهەق بە باو و باپیرانی ژن و پیاوت کردووە، بەردبارانی بکەن تا دەمرێ و

ئیسرائیل لە شەڕی پاک بکەنەوە" (سفر التثنیە، إصحاح ١٧). ئەگەر لەسەر دەستی پیاوانی دادوەر و بە شایەدی شایەدان گوناهی لەسەر ساغ بووەوە، دەبێ حوکمی لەداردانی بەسەردا بسەپێنرێ، حوکمەکەش لە بەردەرگەی شار و لە بەرچاوی هەمووان دەکرێ تا ببێتە پەند بۆ ئەوانی تر.

"ئەگەر دوو شایەد یان سێ شایەد گەواهی بدەن، ئەوەی کەسی کوشتووە، دەکوژرێ. ئەگەر یەک شایەد گەواهی لەسەر بدا ناکوژرێ. یەکەم جار شایەدان دەست بە کوشتنی دەکەن، پاشان هەموو گەل، ئەو کاتە لە نێوەندانتان شەڕ دەبڕنەوە".

## مەرجەکانی جێبەجێکردنی مەرگ بەسەر هەڵگەڕاوە

### لە تەوراتدا

١- نابێ بەبێ لێپرسینەوە و بە پەلە بڕیاری مەرگی بەسەردا بدەن، بگرە پاش لێکۆڵینەوەی ورد و بەلایەنی کەمەوە بە شایەدی دوو شایەد یان سێ شایەد، نەک بە گوێگرتن لە یەک شایەد، بۆ ئەوەی بەبێ هۆ بەرپرس نەبن بەرامبەر بە خوێنڕشتنی ئەو کەسە.

٢- دەبێ یەکەمین جار شایەدەکان بەردبارانی بکەن، لەبەرئەوەی ئەوان گەواهی کارە خراپەکانی ئەون، ئەگەر بێ تاوان بێ ئەوان بەرپرسیارن بەرانبەر بەخوێنڕشتنی، ئەگەر شایەدییەکەیان راست نەبێ ئەوان هەڵگری گوناهەگەی دەبن، پاش ئەوەی شایەدەکان بەردبارانی دەکەن، ئینجا هەموو خەڵکی ئەو کارە دەکات. رەنگە مەبەست لێرە: نوێنەر و سەرۆکی هۆزەکان بێ. "لە ناوتاندا شەڕ ریشەکێش دەکرێ": لە وەرگێڕانی سالانی حەفتاکاندا هاتووە "لە ناوتان شەڕخواز ریشەکێش دەکرێ": مەبەست لێرە ئەوەیە کە بە رزگاربوونتان لەو مرۆڤە رزگار دەبن لە چەپەڵی، لە فیتنەی هەڵگەڕانەوە و کردەوەکانیشی. کوشتنی هەڵگەڕاوە لە تەوراتدا دەقێکی راشکاوانەیە، هەر هەمان ئەو دەقەیە کە بووەتە بناخەی ئەو فەتوا مێژووییەی کە زانایانی جوولەکە دەریان کرد بۆ حەلالکردنی خوێنی مەسیح، بەو سیفەتەی مەسیح هەڵگەڕاوەتەوە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیار و سزای هەڵگەڕاوان لە شەریعەتی ئاینی جوولەکەدا. سەرەڕای نارەزایی پیاوانی ئاینی و فتوادەران لە جوولەکەدا لەسەر داوا نوێکەی و دەستشتنی بیلاتسی رۆمانی لە خوێنی مەسیح و وازلێهێنانی و بەوەی کە گوتی: (من لە رشتنی خوێنی ئەم کەسە بێ تاوانم)، داوای کرد تاوانبارێکی تر لە جیاتی ئەو لەدار بدەن، بەڵام جوولەکەکان سوور بوون لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی تاوانی هەڵگەڕانەوە دژ بە مەسیح. ئەحبارەکانی جوولەکە بە مەسیحیان گوت تۆ سامریت و لە ناختدا ئەهریمەن هەیە (یوحەنا ٨/٤٨).

قورئان باس لە فتوایەکی هاوشێوەی ئەوە دەکات کە لە میسر دەرهەق بە مووسا دەرچووە سلاوی خوای لێ بێ، بەئاشکرا هاتووە و هیچ شیکردنەوەیەکی ناوێ.

(سوێند بە خوا ئێمە مووسامان ڕەوانە کرد هاوڕێ لەگەڵ چەندان بەڵگە و نیشانەی ئاشکرادا لەگەڵ چەندان پەرجۆ و سەراسیمەی ڕووندا بۆ سەر فیرعەون و هامان و قاروون، بەڵام ئەو ستەمکارانە وتیان: جادووگەرێکی درۆزنە. جا کاتێک هات بۆ لایان و هەموو ڕاستییەکی بۆ سەلماندن بە بەڵگە و پەرجووی ئاشکراوە کە لەلایەن ئێمەوە پێی درابوو، کەچی فیرعەون و داوردەستەکەی فەرمانیان دا و وتیان: ڕۆڵەی نێرینەی هەموو ئەوانە بکوژن کە باوەڕیان هێناوە و لەگەڵ مووسادان، ئافرەت و کچەکانیان بهێڵنەوە بۆ کارەکەری، بەڵام خەیاڵیان خاوە، چونکە پیلان و تەڵەکەی بێ باوەڕان هەر سەری لە سەرگەردانییەوە دەردەچێ. ئینجا فیرعەون گوتی: وازم لێ بێنن با مووسا بکوژم با هەر هاوار لە پەروەردگاری بکا، چونکە بەڕاستی من دەترسم کە دین و ئاینتان بگۆڕێت!، یاخۆ دووبەرەکی و خراپە و شەڕوشۆڕ لە وڵات و سەر زەویدا بەرپا بکا. (سورة غافر ٢٣-٢٦).

فیرعەونی میسر سیمبولی هێز و یاسا و سەرۆکی باڵای سوپا و خاوەنی بەرزترین دەسەڵات، دژایەتیی ئاینەکەی موسای کرد، سەرەڕای پێشکێشکردنی ئەو هەموو بەڵگە و سەلماندنە نەگۆڕە، فیرعەون بە مووسای گوت (ئەی مووسا هاتووی تا بە جادووت لە سەرزەویی خۆمان دەرمان بکەی) (سورەتی تەها ٥٧).

هەروەها حوکمی لەداردان کە بەسەر پێغەمبەر ئیبراهیم دەر کرا کە لە ناو ئاگردا بسووتێنرێ، هەروەها دژ بە پێغەمبەرانی تریش ئەم بڕیارە دەرکرا (وەڵامی نەتەوەکەی تەنیا ئەوە بوو کە گوتی بیکوژن و بیسووتێنن، خوا لە ئاگر رزگاری کرد، ئەوەش نیشانەیەکە بۆ ئەوانەی بڕوایان بە خوایە)٢٤.

سەرەڕای ئەم هەموو حوکمانەی کە دەرهەق بە هەڵگەڕاوەکان بە درێژاییی مێژووی ئایندا لە تەورات هاتووە، هەروەها چەند دەقێکیش دەبینین باس لە هەڵگەڕانەوەی هەندێ لە پێغەمبەرەکان دەکات لەوانە:

هەڵگەڕانەوەی پێغەمبەری خوا هاروون کاتێ لە (سفر الخروج) داوای خواپەرستی دەکات، إصحاح 1:32-6)

هەڵگەڕانەوەی پێغەمبەر سلێمان و پەنابردنی بۆ بتپەرستی: (خوا غەزەبی لە سلێمان گرت لەبەرئەوەی دڵی لە خوای ئیسرائیل کەچ بوو، ئەو خوایەی دوو جار بۆی دەرکەوت، هەروەها پێی گوت هیچ خوایەکی تر نەپەرستێ. ئەوەی جێبەجێ نەکرد کە خوا داوای لێ کرد ) الملوك الاول 11:9-10

هەڵگەڕانەوەی ژنەکەی پێغەمبەر سلێمان "مەقلەی کچی شالووم" پەیکەرێکی بۆ ساریە دروست کرد (الملوک الاول 13:15 و أخبار الايام الثاني 16:15)

هەڵگەڕانەوەی پێغەمبەر جەدعون، قەسابخانە و قوربانیی بۆ غەیری خوا دەکرد، بەنی

ئیسرائیلی تووشی ڕێویلّی دەکرد( قضاة٢٧-٢٤: ٨)
هەڵگەڕانەوەی پێغەمبەر ئاحاز بەوەی کە بتی دەپەرست (ملوك الثاني 2:16-4، هەروەها أخبار الأيام الثاني 2-28:4)
هەڵگەڕانەوەی یەربعامی پێغەمبەر، ئەمیش بتی دەپەرست (الملوک الأول 9:14)
هەڵگەڕانەوەی بەعشا کوڕی یەربعامی پێغەمبەر بتی دەپەرست (الملوک الأول 33-15:34)
هەڵگەڕانەوەی یەفتاح جەلعادی پێغەمبەر، قوربانی پێشکێش بە بتەکان دەکرد (قضاة 30-11:31)
هەڵگەڕانەوەی ئەخاب کوڕی عومری بتی دەپەرست و کڕنووشی بۆ دەبردن (الملوک الأول 31-33: 16).
هەڵگەڕانەوەی پێغەمبەر یەهورام بە پەرستنی گوێرەکە و کڕنووش بۆ بردنی (الملوك الثاني 1:3-25)
هەڵگەڕانەوەی پێغەمبەر ئەمسیا بە بتپەرستنی (أخبار الأيام الثاني 25:14)

## ئازادیی ئاینی و گرفتەکانی هەڵگەڕانەوە

## لە ئاینی مەسیحیدا

ئاشکرایە کە ئاینی مەسیحی لە باوەشی ئیمپراتۆری ڕۆمانی دامەزرا، مێژووی ئەم دامەزراندنەش گۆڕانکاریی زۆر و بیری توندڕەوی لەگەڵ خۆیدا هێنا، داوای چەوساندنەوەی ئاینەکانی تری دەکرد، بەکارهێنانی توندوتیژی و چەوساندنەوە دژ بە ئاینەکانی تر (بەتایبەت لە سەردەمی قەدیس ئوگستین)، بیانووشی بۆ ئەم چەوساندنەوەیە ئەوە بوو کە دەیگوت ناچارکردنی خەڵکی بۆ بوون بەمەسیحی هیچ نەبێ ناچاریان دەکات فێربن، ئەم داوایەشی گەڕانەوە بوو بۆ دەقەکانی ئینجیل، بەتایبەت ئەو دەستەواژەی لە ئەنجیلی لۆقا هاتووە (ئیسحاحی ١٤ عیبارەتی ٢٣) کە دەڵێ: ناچاریان بکەن بێنە نێوەوە.

لەگەڵ هاتنی سەدەی ناوەڕاست یاساکانی چەوساندنەوە و بەجێهێنانەکان توندتر بوو، بۆ نموونە سەدەی ناوەڕاست نموونەیەکە لەو ئازار و چەوساندنەوەی کە گەلانی ئەورووپا پێوەی نالآن، پاش ئەوەی چوونە ژێر دەسەڵاتی تیرۆر و چەوسانەوەی فیکری بەناو مەسیحییەوە، بۆ نموونە پاشا (شارلمان) یاسایەکی دانا بەپێی ئەو یاسایە هەر کەسێک نەبێ بە مەسیحی لەداری بدەن، کاتێ کە هەڵمەتێکی دڵڕەقانەی کردە سەر سەکسۆنی و جێرمانییەکان مەبەستەکەشی ئەوە بوو کە بیانکا بە مەسیحی، هەروەها دادگەکانی پشکنین کە لەو سەردەمەدا کڵێسا دایمەزراندبوو ناو و نازناوێکی خراپ و تۆمارێکی تاریک و ڕەشی هەبوو، هەوڵی سەپاندنی رای کڵێسای دابوو بەسەر خەڵکی بەناوی ئاینەوە، هەروەها سزادانی هەر کەسێک کە هەریەک لەو رایانە رەت دەکاتەوە یان دژایەتی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بڕێکی زۆر شوێنی لەداردانیان دانا و ئاگریان هەڵکرد بۆ

سووتاندنی بەرهەڵستکارانی مەسیحی، ئەوانەی لەو دادگایانە دادگایی کران مەزەندە دەکرێ بە ٣٠٠ هەزار کەس، زیاتر لە ٣٢ هەزار کەسی بەزیندوویی سووتاند، لەناو سووتاوەکان زانای سروشتناس (برۆنۆ) بوو، کڵێسە بەهۆی بڕوا توندڕەوەکانی تۆڵەی لێ کردەوە، برۆنۆ بڕوای بەبوونی چەند جیهانێک هەبوو، کڵێسا بە مەرگ مەحکومی کرد، بەهەمان شێوە زانای سرۆشتناسی بەناوبانگ "گالیلۆ" حوکمی مەرگیان بەسەر دا، لەبەرئەوەی گالیلۆ بڕوای وا بوو زەوی بەدەوری رۆژدا دەسوڕێتەوە.

هەر لەگەڵ هاتنی قوستەنتین ئیمپراتۆری رۆمانی بوو بە ئیمپراتۆرێکی مەسیحی، ئاینی مەسیحی بە ئاگر و ئاسن و ئەشکەنجەدان و سەرکوتکردن سەپێنرا، هەر بەهەمان ئەو درندایەتییەی کە دەوڵەتی رۆمانی پێشتر دژ بە کەمایەتییە مەسیحییەکان ئەنجامی دەدا، ئەو برە مەسیحییە کەمەی کە تازە هەڵگری ئاینی مەسیح بوون و بە خۆشەویستییەوە ئەو ئاینەیان دەپەرست. هەروەها سەرکوتکردن و ئەشکەنجە و لێدان تەنیا ئەوانەی نەگرتەوە کە نەچوونە نێو ئاینی مەسیحییەوە بگرە ئەوانەشی گرتەوە کە مەسیحی بوون، بەڵام سەر بە مەزهەبی دەوڵەت نەبوون، یان لەبارەی بڕوابوون بە سروشتی مەسیح جیاوازیی رایان هەبوو(٥).

ئیمپراتۆر فریدریدی دووەم بڕیارێکی دەر کرد بەپێی ئەو بڕیارە هەموو ئەو مەسیحییانە بسووتێنرێن کە تاوانی ئەوەیان لەسەر ساخ بێتەوە گومڕان و لە ئاینی مەسیحی لایان داوە، جا ئیتر ئەو کەسانە مەسیحی، ئیسلام، جوو بن. هەروەها بڕیارەکە لەلایەن پاپا گریگۆریوسی نۆیەم (ساڵی ١٢٣١) و ئەنوسێنتی چوارەم (ساڵی ١٢٥٢)، پشتگیری کرا و "دیوانی پشکنین"یش لە کۆتاییەکانی سەدەی دوازدەم دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

بەڵام لە نێوەڕاستی سەدەی پازدەم نیشانەکانی لێبووردەیی دەردەکەوێ، وردە وردە دەنگی ئەو لێبووردەییە بەرز دەبووەوە و رووی لە زیادبوون دەکرد، چاکسازی ئاینی مارتن لۆتەر (١٤٨٣-١٥٤٦زاینی) یەکێک بوو لەوانەی ئەم پەیامەی پەرە پێ دا، داواکەی لۆسەر دژ بە پاپا و کڵێسا بوو، لۆتەر دەیگوت "دەبێ لە رێگەی نووسینەوە سەرکەوین بەسەر خوانەناسەکان، نەک لە رێگەی ئاگرەوە"، بە بڕوای لۆسەر پەیدابوونی مەزهەب لەنێو مەسیحیدا کارێکی سروشتییە، لەم بارەیەوە دەڵێ :"هەر دەبێ تیم و مەزهەب دروست بێ، دەبێ وشەی خوا بچێتە مەیدانی شەڕ و خەبات بکا.. رووەکان بەرامبەر یەکتری کۆ ببنەوە و چاویان بە یەکتری بکەوێ... لە کوێدا ناکۆکی و شەڕ هەبێ، دەبێ کەسانێک بمرن و کەسانێ بریندار بن" لێرەدا ئاماژە بە مەزنبوونی چەوساندنەوەی کڵێسانی ئەنجلیکانی دەکات، ئەوانەی لە مەزهەبی خۆیان دەگەڕێنەوە و گیانی دەمارگیری لە رێگەی نووسینەکانیاندا بڵاو دەکەنەوە، بەتایبەت کتێبەکەی نووسەر پارکەر بەناونیشانی "قسە لەسەر سیاسەتی کڵێسا".

پارکەر دەڵێ مەبەستی ئەو لەو کتێبە ئەوە نییە کە " دژەکان" رازی بکا بە باشییەکانی بڕوای ئەنجلیکانی، بگرە مەبەستی ئەو وریاکردنەوەی دەسەڵاتدارانی مەدەنی و روحییە بۆ ئەو ترسەی لە

ئەنجامی بوونی "دژەکاندا" هەیە، لەبەرئەوەی بەپێی بۆچوونەکانی پارکەر ئەو دژانە، ترسناکتر و خراپترین دوژمن"ی هەموو شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵاتن. کتێبەکەی ڕێک لە راگەیاندنی شەڕ دەچوو، راگەیاندنی شەڕ دژی هەموو ئەوانەی لە بڕوادا لەگەڵ کڵێسای ئەنجلیکلانیدا کۆک نەبوون، پارکەر بڕوای وا بوو پاشایەتی بڕیارێکە لەلای خواوە دێت، بۆیە دەیگوت ئەوانەی بەڕێوەبەری کڵێسا و دەوڵەتن ئەوان زیاتر لە هەمووان دەسەڵاتیان باڵاترە لە یاسا و سیاسەتەکان. لەسەر ئەم پرەنسیپە _ واتە دەسەڵاتی رەهای پاشا و ترسناکی دژەکان لەسەر سیستەم- داوای لە زۆرینەی پەرلەمان کرد، پرەنسیپی چەوساندنەوەی کەسانی تر بەتایبەت کاتۆلیکەکان بگرنە بەر. تۆماس ئەدواردز کە یەکێک بوو لە سەرسەختترین دژایەتیکەرانی لێبووردەیی گوتی "کتێبی پیرۆز و گەواهی پیاوانی چاکسازی ئاینی _ وەک باوکی نوێی کڵێسا بوو- لەسەر چەوساندنەوەی جەستەیی کۆکن دژ بە گومڕایی و هەڵگەڕانەوە لە ئاین و زانا ساختەکانی ئاین " کورتەی راکەشی ئەوە بوو کە "لێبووردەیی گەورەترین پلانە و شەیتان دای ناوە".

بەرامبەر بەم دەمارگیرییە توندوتیژە دژ بە "هەڵگەڕاوەکان" هەندێ کتێب پەیدا بوون بۆ بەرگری لێ کردنیان و داواکردنی لێبووردەیی بۆیان، لەو کتێبانە کتێبی ولیەم بێن "ماقوڵیەتی لێبووردەیی ساڵی ١٦٨٧" لەو کتێبەدا هاتووە "روحی مرۆڤ بەدەست شمشێری حاکمەوە نییە" بۆیە نابێ بەهیچ جۆرێک زۆرداری لە بواری بڕوادا بەکار بهێنرێ، بۆیە هێز ناتوانێ خۆی بخاتە جێگەی ئەو پرسانەی پێوەندییان بە عەقڵی مرۆڤەوە هەیە.

رەنگە زۆرداری بتوانێ جۆرێک لە رێککەوتنی دیاردەیی لە کردەی بڕواخوازی و چالاکییە ئاینییەکاندا بهێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەو زۆردارییە _بەپێی بۆچوونی ولیەم بێن _ لە مەسەلەی ئایندا- ریاکارەکان دروست دەکات. سەرەڕای بەریتانیا لە هۆڵەندا و فرەنساش بانگەشە بۆ لێبووردەیی لە هەمان سەردەمدا بە دەنگێکی گەورە بەرز بووەوە، لە ساڵی ١٦٨١ "بییەر بیل: کتێبێکی نووسی بەناونیشانی: "رەخنەی گشتی دژ بە کەلفانیزم" لەو کتێبەدا دەڵێ "ئاشکرایە کە ئاینی حەق هەرچییەک بێ، هیچ مافێکی تایبەتی بۆی نییە ئەو مافەی هەبێ، توندوتیژی لەگەڵ ئاینەکانی تردا بکا، هەروەها هیچ مافێکی نییە کە بڵێ ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدات کرداری پاکیزانەن، ئەوانەی کەسانی تر دەیکەن تاوانن، بە دڵنیاییەوە ئەمە دەستدرێژییە بۆ سەر مافەکانی خوا، کاتێ مرۆڤ بیەوێ زۆر لە ویژدانی بکا"

ئەو پەیامەی جۆن لۆک لە بواری لێبووردەیی وەک کودەتایەکی ناوەکی بوو بەسەر ئەو بۆچوونانەی خۆی کە پێشتر دژ بە لێبووردەیی هەیبوو، دەڵێ ئەوەی بووە هۆی ئەوەی بیری بەرەو ئاراستەی لێبووردەیی بگۆڕێ، سەفەرەکەی بوو کە ساڵی ١٦٤٥ کردی، کاتێ بەریتانیای بەجێ هێشت و رووی کردە شاری "کەلف"ی ئەڵمانی، لەو شارەدا دەبینێ چ لێبووردنێکی ئاینی لە نێوان ئاینەکاندا هەیە، ئەمەش کاریگەریی دەروونی لەسەر هەبوو، لە یەکێک لە نامەکانی بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی باسی ئەوەی بۆ دەکات کە لێرە خەڵکی دەبینێ بە ئازادی ئەرکی ئاینیی خۆیان بەجێ

دێن و یەک تەحەمولی یەکتری دەکەن، لەو نامەیەدا دەنووسێ :هیچ مرۆڤێ نابێ ئەو دەسەڵاتەی هەبێ مرۆڤێکی تر ناچار بکا بڕوا بەو ئاینە بێنێ کە خۆی بڕوای پێیەتی، یان بڕوا بەو ئاینە بێنێ تەنیا بۆ پاراستی روحی خۆی، لەبەرئەوەی ئەمە پرسێکی تاکەکەسییە و پێوەندیی بەهیچ مرۆڤێکی ترەوە نییە. خوا ئەم دەسەڵاتەی بە هیچ مرۆڤێک نەداوە، بەهیچ گرووپێک نەداوە، ناشبێ بەهیچ جۆرێک هیچ مرۆڤێک بیبەخشێ بە مرۆڤەکەی سەرووی خۆیەوە(٦).

دوکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی (وەرگێڕی پەیامەکەی جۆن لۆک لە لاتینییەوە بۆ عەرەبی ١٩٨٧) ئەو سوودەی پێ بەخشین لە داڕشتنەوەی بیرە سەرەکییەکانی ئەو پەیامە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەر دەبێ جیاکاری هەبێ لە نێوان ئەرکی حکومەتی مەدەنی و ئەرکی دەسەڵاتی ئاینی، ئەو سنوورەی نێوانیشیان بە سنوورێکی جێگیر و نەگۆڕ دابنرێ.

٢- چاوەدێریکردنی رۆحی هەر مرۆڤێک، ئەو روحە تەنیا پێوەندیی بەخۆیەوە هەیە، نابێ بسپێردرێ بە هیچ دەسەڵاتێکی مەدەنی یان ئاینی.

٣- لە بواری ئاینیدا هەر کەسێک دەسەڵاتی رەهای بەسەر خودی خۆیەوە هەیە.

٤- ئازادیی ویژدان مافێکی سروشتی هەر مرۆڤێکە.

٥- پەنابردنی پیاوانی ئاینی لە بواری ئاینیدا بۆ دەسەڵاتی مەدەنی ئاشکراکردنی چاوچنۆکییەکانی ئەوانە بۆ دەسەڵات پەیداکردن بەسەر کاروبارەکانی دنیاییدا. نموونەکانی مێژوو لەمەڕ هاوپەیمانی نێوان دەسەڵات و پیاوانی ئاینی هەموو کات لە بەرژەوەندیی ستەمکارییەکانی دەسەڵاتداردا بووە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتدار توانای زیاتر بووە لە کارکردنە سەر پیاوانی ئاینی، نەک بەپێچەوانەوە، کاتێ پیاوانی دەسەڵات روویان کردبێتە زوڵم و زۆرداری، پیاوی ئاینی بەرەو رێگەی راست دەسەڵاتداری رێنوێنی نەکردووە.

٦- دەبێ دەسەڵاتدار لێبووردەیی نەبێ بەرامبەر بەو بۆچوونانەی ناگونجێن لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆیی و لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسا پێویستانەی کە پارێزگاری کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن.

٧- لۆک ئەو گرووپ و مەزهەبە ئاینییانەی لە خانەی لێبووردەیی خۆی کردووەتە دەرەوە، ئەوانەی پشتگیری بۆ دەسەڵاتی بێگانە هەبووە، ئەمەش نەک لەبەر هۆی ئاینی، بگرە لەبەر هۆی سیاسی.

٨- پێویستە ئەو مەزهەبانەی جیاوازن لەوانەی کە لەنێو وڵاتدا سەردەستن بەوە وەسف نەکرێن کە ئەوانە شێوە مەزهەبێکن بۆ دروستکردنی فیتنە و یاخیبوون. ئەگەر لێبووردەیی بەرپا بوو ئەم تاوانبارکردنە هیچ بنەمایەکی نابێ، ئەوانەی هەڵدەستن بە نانەوەی فیتنە و ئاژاوە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەوسانەوەی کە بە دەست مەزهەبی سەردەستەوە پێوەی دەناڵێن. بۆیە هەتا ئەو کاتەی چەوسانەوەیان لەسەر بێ ئەو ئاژاوەیە بەردەوام دەبێ، ئەگەر هاتو

چەوسانەوەکە نەما و لێبووردەیی گرتیانییەوە، ئەوە هۆکارەکانی ناکۆکی نامێنێ کە فیتنە و یاخیبوونی لێ پەیدا دەبێ(٧).

٩- هۆکاری بوونی فیتنە و پیلانگێرانی، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاتداری چەوسێنەر و خۆویست و پشتگیریکردنی بۆ دەست و پێوەندی باشترە، بۆیە تاکەکان مافی خۆیانە هێز بەکار بێنن بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بەرامبەر بە دەسەلاتداری زۆردار.

## ئازادیی ئاینی و سزاکانی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلامدا

ئیسلام بە تەنیا پارێزگاریی لە ئازادیی رادەربڕین نەکردووە، بگرە پارێزگاریی لەوەش کردووە کە تاک مومارەسەی بڕوای تایبەتی و گشتیی خۆی بەرامبەر بە خوا بکا، بۆیە ئیسلام دانی بە ئازادیی ئاینیدا ناوە، بە مومارەسەکردنی لەلایەن هەموانەوە بە جیاوازیی بڕوا ئاینییەکانیانەوە. لەگەڵ مافێکی تایبەتی بۆ بەرگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی ئازادیی ئاینی لەلایەن کەسەکانەوە. لەم رووەوە ئیسلام سزادانی بۆ ئازادی ئاینی نییە، بگرە ئەوەی رەتی دەکاتەوە برێتییە بەئاشکرا هەڵگەڕانەوە لە دین و گوناهکردن و پەرەپێدان و هاندانی هەڵگەڕانەوە، پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵگە و پارێزگاریکردن لە دامەزراوە و یەکەتییەکەی. هەموو کۆمەڵگەیەک لە دنیادا کۆمەڵێک دامەزراوەی هەیە کە رێگە نادات پێشێل بکرێ وەک: ناسنامە و ئینتما و خۆیەتی، هەروەها رێگە بە هیچ کارێک نادات کە ناسنامەی ئەو کۆمەڵە بگۆڕێ، بەبێ هەڵوەستەیەک لە بەردەم بابەتی ئازادیی ئاینی، ناتوانین قسە لەسەر پرسی ئاین و هەڵگەڕانەوە لە ئاین بکەین. ئەمەش مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ، کە بەپێی پێویستییە ویژدانییەکانی خۆی مومارەسەی ئاین و بڕواکانی دەکات. بۆیە پێویستە تا دەکرێ، دوور کەوینەوە لە تێکەڵکاری لە نێوان ئازادیی ئاینی و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی دەسەلاتی مەدەنی، لەسەر هەموان پێویستە رێزیان بۆ ئازادیی ئاینی هەبێ، لەبەرئەوەی هیچ دەسەلاتێکی مرۆڤایەتی نییە بتوانێ جێگەی وێژدانی مرۆڤ بگرێتەوە، کاتێ ئەو ویژدانە مرۆڤییە تەنیا خۆی ئازادیی بڕیاردانی هەبێ لە رێگەی خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانی مافی خوایی و بەپێی ئاینی کەسێتی خۆی. لەم رووەوە خیانەتکردن بە نیشتمان و ئاشکراکردنی نهێنی وڵات بۆ دوژمن مەزنترین تاوانە، کەسیش نەیگوتووە دەبێ ئەو مافە بدرێتە هاونیشتمانی کەی ویستی دڵسۆزی خۆی بۆ وڵاتەکەی خۆی بۆ هەر کەسێک کە بیەوێ بگۆڕێ.

١- بۆ سیستەمی بەها نوێیەکان دەکرێ قورئان نوێنەرایەتیی زەوینەیەکی یاسایی و ئەخلاقی بێ، قورئان کار بۆ ئەوە دەکات رێژیمێک دانێ کە بەهای تێدا بێ، بتوانێ پارێزگاری لە ئازادی بڕوا و ویژدان بکا و رێگە بە فرەیی داهێنەرانەی خوڵقێنەر بدا، رقوقینی جیاوازی بگۆڕێ بۆ نیعمەتی جیاوازی، جیهان پاڵ پێوە بنێ بەرەو ئاسۆیەکی مرۆڤایەتی نوێ، ئەو رووە رەشەی تابلۆی مرۆڤایەتیی رووناک بکاتەوە، خوا دەفەرمووێ: ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو راستییەکان بۆ تۆ دابەزاندووە، راستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و

چاودێرە بەسەر هەموویاندا (کاتێک خاوەنی کتێبەکان لە گاور و جوو گیروگرفتیان دەهێن بۆ لای تۆ) بەو بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی داوەریی لە نێوانیاندا بکە و شوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە و لەو مافە لامەدە کە بۆت رەوانە کراوە، بۆ هەر لایەکیان (موسڵمانان و خاوەنانی کتێب) بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتمان بڕیار داوە خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەک نەتەوە و گەلێکی یەک پارچە، بەڵام (ویستی وایە بەو جیاوازییە) تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی داون، دەی کەواتە زۆر بەپەلە بن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێر و چاکەیەک، دڵنیاش بن کە هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەو کاتە هەواڵی تەواوتان دەداتێ لەبارەی ئەو شتانەی کە کێشەتان لەسەر هەبوو. (المائدة/ ٤٨)، قورئان ئەو مافە بەخۆی نادات شتەکانی تر رەت بکاتەوە.

٢- قورئان هەر سەرپەرشتییەک بەسەر ویژدان رەت دەکاتەوە و هەموو هەوڵێکیش سەرکۆنە دەکات کە ویژدانەکان تاقی بکاتەوە، رای دەگەیەنێ جیهانی بڕوا و بیر دەسەڵاتی مرۆڤیان بەسەرەوە نییە، بڕیاردان لە نێوان ئاینەکان پرسێکی خوایی و دنیای کۆتاییە، ئەوەی کاری لەسەر دەکات دەبێ زانینی هەمەلایەنەی هەبێ، بۆ مرۆڤ نییە وەک خوا دەڵێ: بەڕاستی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش کە بوونەتە جوو، لەگەڵ سائیبەکاندا کە فریشتەپەرست، یان ئەستێرەپەرستن و گاورەکان و ئاگرپەرستان و ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە، بێگومان خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا لە یەکتر جیایان دەکاتەوە و بڕیاری خۆی بەسەریان دەدا، بەڕاستی خوا شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە (ألحج ١٧). ئەم ئایەتە هەموو ئەو بڕوایانە وەبیر دێنێتەوە کە لە کەشوهەوای کولتووری دوورگەی عەرەبی لە سەدەی حەڤدەمدا هەبوون و ئەو هەموو پەیکەرانەی لە ژمارە نەدەهاتن، بۆیە شەڕ هیچ بیانوویەک نەبوو بۆ پرسە ئاینییەکان و شەڕی پیرۆز بوونی نەبوو! قورئان پێی وایە هەموو هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی دڵ و گەڕان بەدووی ئەو نهێنیانەی کە ویژدانەکان هەڵیان گرتووە، کۆمەڵێ هەوڵی دنیایین و لە پشتیانەوە چاوچنۆکیی زەوی و چاوچنۆکیی دنیای ژێرەوە هەیە، هەروەک خوا خۆی لەم ئایەتەدا دەڵێ : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، کاتێک دەردەچن بۆ گەیاندنی ئیسلام و جیهاد لە پێناوی خوادا، وردبین بن و هەموو شتێک روون بکەنەوە، بەو کەسانەش کە سەلامتان لێ دەکەن مەڵێن راست ناکەیت تۆ بڕواخواز نیت، بەو هەڵوێستە مەبەستتان دەسکەوتی ژیانی دنیا بێت (النساء ٩٤).

٣- قورئان پاوانکردنی راستی رەت دەکاتەوە، پێی وایە هەر هەوڵێکی لەم شێوەیە نامەشروعە و ئاماژەیە بە تێنەگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ، تەنیا بەشێوەیەکی رێژەیی نەبێ لە راستییەکان ناگات، سروشتی بیناسازی، کە ناکرێ پێش بکەوێت تەنیا بە بوونی جیاوازی ئەرکی پێویست نەبێ، سروشتی ئاینەکان بەو شێوەیە دابەزیوە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا بگونجێ، جووەکان دەڵێن: گاورەکان لەسەر هیچ بنەما و راستییەک نین، گاورەکانیش دەڵێن: جووەکان لەسەر

هیچ بنـەمـا و راسـتـییـەک نین، لە کـاتێکدا ئەوان کـتـێبی (تەورات و ئەنجـیلیش دەخـوێننەوە) هـەروەهـا ئەوانەش کـە هـیـچ نازانن هـەروا دەڵێن خـوایش لە رۆژی قـیـامـەتدا دادگـایی نێـوانیـان دەکات لەوەی کە ناکۆکی تێیدا (ألبقرة/ ١١٣).

٤- قـورئـان ژیـانی مـرۆڤـایـەتی مـەزن رادەگـرێ، پێـی وایە دەسـتـدرێژیـکردنە سـەر هـەر مـرۆڤێ دەسـتـدرێژییـە بۆ سـەر هـەمـوو مرۆڤ، خـوا دەفەرمـووێ: ئەوەی کـەسێک بە ناحـەق بکوژێت و لە جـیـاتی کـوژراوێـک نەبێ، یان گـوناه و تاوانێکی گـەورەی ئەنجـام نەدابـێ لە زەویدا، ئەوە وەک ئەوە وایە هـەر هـەمـوو خـەڵکی کوشـتبێت (المائدة/٣٢)، هـەروەهـا ڕێگە نادات ژیانی مـرۆڤـایەتی بۆ هـەر هـۆیەک بێت کۆتـایی پێ بهێنرێ، قـورئـان ئەو حاڵەتانەی زۆر بەرتەسـک کـردووەتەوە کـە دەکـرێ روحی مـرۆڤی تێـدا بڕژێنـرێ، خـوا لـەم ئایەتە دەڵێ: دڵنیـاش بن کـە خـوا ئـەوەتان لێ قـەدەغـە ناکـات کـە چاک رەفـتـاری و دادپەروەری بکـەن لەگـەڵ ئەو کـەسـانەدا شـەڕیان دژ نەکردوون و دژایەتی ئاینیان نەکردوون و لە شـوێنەوارتان دەریان نەکـردوون، چونکە بەڕاسـتی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێـ.(الممتحنة/٨)

سـەرەڕای هـەمـوو ئەو ئایـەتانەی کە لە سـەرەوە خـسـتمـانە ڕوو کە تێیدا ئەوە روون دەکەنەوە کە ئازادیی بڕوا و ئاینپەروەری لە ئیسلامدا چییە، بەڵام تا ئەم حاڵەش ئەو گومانە بەدەوری ئەم ئاینە دەسوڕێتـەوە، ئیسلام بەوە تاوانبـار دەکرێ هـەڵگرانی بڕوای تر و مەزهـەبی تر ناچار دەکات ببن بە ئیسلام. ئاشکرایە ئەم ئایەتانە ئاماژە بە ئازادیی مرۆڤ دەکەن لە هـەڵبژاردنی ئەو بڕوایەی خۆیان دەیانـەوێ، هـەروەهـا ئازادە لـەوەی بێـتـە نـاو ئاینی ئیـسـلامـەوە، بەڵام ئەگـەر هـاتوو ئـەو کـەسـە نەیویست ببێتە ئیسلام بۆ پێغەمبـەر نییە بەزۆر بیکا بە ئیسلام. زۆر لە فـەقییـەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ئایەتە بە ئایەتی سـەیف، ئەلنوسخ کراوە (لەبەری گیراوە)، بە بڕوای ئێمـە هـەردوو چەمک "ئەلنوسـخ" و"ئایەتی سـەیف" دوو چەمکن لە قـورئاندا بوونیـان نییـە، بەڵام "ئەلنوسخ" ئەم وشـەیە مـانای وشـەی ئەلەنسووخ دەگەیەنێ وەک لە قورئاندا هـاتووە، ماناکەی یان ئەو شـەرعانەی رابردوو دەگـەیەنێ کـە بە هـاتنی پێـغـەمـبـەر محـەمـەد(د.خ)، دووبارە لـەبەریانەوە گـیـراوە، بەڵام "ئایـەتەکـان"ئـەو پەرجـوانەی خـوا تایبـەتی کـردووە بـە هـەندێ لە پێـغـەمـبـەرەکـانی، کـە لە پێغەمبەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت (عەساکەی موسا، ئایەتەکانی عیسا).. هتد، بەڵام لەبارەی "ئایەتی سـەیف "ئایەتێ نییـە بە ناوی "ئایەتی سـەیف"، بگرە هـەندێ ئایەت هـەیە ڕێگە دەدات، یان داوا دەکات- لەگەڵ موشریکەکانی مەکە شەڕ بکەن، ئەوانەی لەگەڵ موسڵمانەکان شەڕیان دەست پێ کـردبوو، ئیـسـلامـەکـان ناچار بوون لـەبەر هـەڕەشـەکـردن لە ژیانیـان و پاش ئەوەی دەرکـران لەوانەش پێغـەمـبـەر شـەڕ بکەن. ئەو شـەڕەی ئیـسـلامـەکـان بە سـەرۆکـایەتیی مـحـەمـەد دژ بە مـوشـریکەکان هـەڵیـان گـیـرسـاند تـەنیا بـەرگریکردن بوو لە روحی خـۆیان، ئەو شـەڕە بەتەواوی دووربوو لە روحی تۆڵەکـردن لـەلایەن ئیـسـلامـەکـانەوە، ئاشکرایە پێـغـەمـبـەر "پەیمانی ئاشـتی حودەیبییەی " قبـووڵ کرد لـە کاتێکدا قـورەیشییەکان ڕێگەیان پێ نەدا بێتە مەکە بۆ ئەنجامدانی

حەجی عەمرە، هەروەها ئاشکرایە کە ئازادکردنی مەکەش بە شەڕ نەهاتە دی، بگرە بە وتووێژ، کە پێغەمبەر محەمەد(د.خ) دەستپێشکەری بۆ کرد، نەک بەشەڕ ئەویش لە ڕێگەی مارەبڕینی "ئوم حەبیبەی" کچی "ئەبوسوفیان" سەرۆکی ئەو کاتەی کافرەکانی قورەیش. پاشان مامی عەباس ئەو شارەی برد بەڕێوە، کۆتاییەکەی چوونی موسڵمانان بوو بەبێ شەڕ بۆ مەکە، ئەو کاتە پێغەمبەر داوای کرد ئەم بانگەوازە بڵاو بکرێتەوە "ئەوەی بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان پارێزراوە، ئەوەی دەرگەی ماڵەکەی دابخات گیانی پارێزراوە، ئەوەی بچێتە مزگەوت گیانی پارێزراوە".

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئازادی بڕوا، واتە بوون بە موسڵمان لە سەرەتادا، بەڵام مەسەلەی هەڵگەڕانەوە، ئەوەی یەکەم جار دەبێتە ئیسلام پاشان وازی لێ دێنێ بۆ بڕوایەکی تر، ئەمە پرسێکە لە ئاستێکی تایبەتە، ئەگەر لە گۆشەنیگای "ئازادی بە ئیسلامبوون" تەماشای بکەین، ئەم دوو تایبەتمەندییەش دوو ئاستی هەیە: یەکەم: تایبەت. دووەم: تایبەتی تایبەت، بەڵام لەسەر ئاستی تایبەت، پەڕاوێزەکانی کۆمەڵی ئایەتە، وەک خوا دەڵێ: ئەوەی دوای باوەڕهێنان پاشگەز بێتەوە لە خواناسی، جگە لەوانەی کە ناچار دەکرێن وشەی کوفر بێ بەسەر زاریاندا، لە کاتێکدا دڵیان پڕە لە بڕوا، بەڵام ئەو کەسەی دڵی بە کوفر و بێ دینی خۆش کردبێ، ئەوانە رقی خوایان لە سەرە و سزای گەورە و سەخت و دژواریان بۆ هەیە (النحل ١٠٦)، یان دەڵێ : هەرکەس لە ئێوە لە ئاینەکەی پاشگەز بێتەوە و بە کافری بمرێ، تا ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان لە دنیا و قیامەتدا پووچەڵ دەبێت، ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەییی تێدا دەبەنە سەر (البقرە ٢١٧)، یان دەڵێ: بەڕاستی ئەوانەی کە پەیمانی خوا و سوێندەکانیان بەنرخێکی کەم دەفرۆشن ئەوانە لە دوا ڕۆژدا هیچ بەشێکیان نابێ، هەروەها لە رۆژی قیامەتدا خوا نایاندوێنێ و تەماشایان ناکات، خاوێنیان ناکات و سزای پڕ ئێش و ئازاریش بۆیان ئامادەیە (آل عمران ٧٧)، یان دەڵێ: چۆن خوا گەلێک هیدایەت دەدات کە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا، هەڵگەڕانەوە و کافر بوون؟ لە حاڵێکدا شایەتییان دابوو کە ئەم پێغەمبەرە حەقە و چەندان بەڵگە و نیشانەشیان بۆ هاتبوو، خوای گەورەش هیدایەت و ڕێنوێنی ئەو دەستە و تاقمە ستەمکارە ناکات. ئەو ستەمکارانە پاداشت و تۆڵەیان نەفرینی خوا و فریشتە و هەموو خەڵکیان لەسەرە ( آل عمران ٨٦–٨٧)، یان دەڵێ: ئەوەشی دوژمنایەتی پێغەمبەر بکا و لێی جیا بێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی راست و دروستی بۆ روون بووەتەوە و ڕێبازێک بگرێتە بەر کە جیا بێ لە ڕێگە و ڕێبازی ئیمانداران، ئەوە رووی وەردەچەرخێنێ لە ئەو بەرنامە و رووگەیەی کە هەڵی بژاردووە و رووی تێ کردووە لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوە و دەیسوتێنین کە ئەویش سەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە.(النساء ١١٥)، هەروەها دەڵێ: بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و دوایی پاشگەز بوونەتەوە، دووبارە ئیمانیان هێنایەوە و دوایی پاشگەزبوونەوە، لەوە و دوا زیاتر لە بێ ئاینی و کافریدا چوونە خوارێ، هیچ کات لەوانە خۆش نابێت و ڕێنوێنییان ناکات بۆ ڕێبازێکی سوودگەیێن (النساء ١٣٧).

*له هەموو ئەو ئایەتانە دەبینین کە حوکمدان بەسەر کەسی هەڵگەڕاوە بریتییە لە نەفرەتی خوا، تووڕەیی خوا، دۆزەخ... نەک کوشتن، زیاتر لەمەش دەرگەی تۆبەکردن بۆ کەسی هەڵگەڕاوە کراوەیە.* ئەمە لە قورئاندا، بەڵام لە فیقهدا، وەک ئاشکرایە حوکمدان بەسەر کەسی هەڵگەڕاوەدا کوشتنێتی. فەقییەکانیش بۆ ئەم بڕیارە پاڵپشتی قسەکانیان بە فەرموودەکەی پێغەمبەر دەکەن کە دەڵێ: ئەوەی ئاینەکەی گۆڕی بیکوژن. باشە ئێمە چۆن راڤەی ئەم جیاوازییە بکەین لە نێوان ئەو فەرموودەیە و ئەوەی لە قورئاندا هاتووە، گومانی تێدا نییە کە کوشتنی کەسە هەڵگەڕاوەکان لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سەدیق رووداوێکی مێژوویی بووە. بەڵام دەبێ ئەو کەسانە جیا بکەینەوە کە ئاینی خۆیان دەگۆڕن بەبێ هیچ پاڵپێوەنەرێکی دەرەکی لە بڕوابوونی تاکەکەسیی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە و خۆبەخۆ ئەم کارە دەکەن، بەپێی ئایەتەکانی پێشوو ئەم شێوە هەڵگەڕانەوەیە، سزاکەی سزای ئەو دنیایەیە کە خوا بەسەر بەندەی خۆی دەسەپێنێ. بەڵام ئەوانەی کە ئاینی خۆیان لە دەرەوەی بڕوابوونی پەتی بە پاڵپێوەنانی دەرەکی دەگۆڕن، واتە شتێکی تری تاکەکەسی وای لێ دەکات بڕواکەی بگۆڕێت، ئەمەش بە "تایبەتی تایبەت" دەستنیشان کراوە. ئەو هەڵگەڕاوانەی کە خەلیفە ئەبوبەکر وەک سەرۆکی وڵات شەڕی لەگەڵ کردن، تەنیا کۆمەڵێ کەسی ئاسایی نەبوون و ئاینی خۆیان گۆڕیبێ و بەس، بگرە کۆمەڵێ خەڵک بوون یاخیبوونیان دژ بە وڵات راگەیاندبوو، زەکاتیان نەدەدا، بەو بیانووەی ئەو زەکاتە تەنیا ئەرک بووە لەسەریان کە تەنیا بیدەنە پێغەمبەر نەک کەسانی تر، زیاتر لەمەش ئەو هەڵگەڕاوانە خۆیان رێک خست تا هێرش بکەنە سەر وڵات و دەست بەسەر دامەزراوەکانی بگرن.

بەم شێوەیە "هەڵگەڕاوە" مانای دەرچوونە لە دەسەتی دەوڵەت، جا چ ئەو دەوڵەتە ئیسلامی بێ یان نائیسلامی، جا ئیتر ئەو کەسە "شەڕوان"، "کودەتاچی"، "سیخوڕی دوژمن" بێ....

بەم مانایە بڕیاری فیقهە بە کوشتنی کەسی هەڵگەڕاوە لە ئاین دژ بە ئازادی بڕوابوون نییە، بگرە دژ بە خیانەتکردنە لە وڵات، نەتەوە و دەسەڵات، هەروەها دژ بە پیلانداڕشتنە لەگەڵ دوژمنان، یان بوون بە دز و جەردە و شەڕوانی دوژمن. لێرەوە تێ دەگەین کە چۆن زانایەکی ئاینی لە نێوان ئەو حوکمدانەیان پێوەندی دروست دەکەن، حوکمدان بەسەر شەڕوان ئەوەی لە ریزی نیشتمان و کۆمەڵگە دەچێتە دەرەوە و چەک هەڵدەگرێ دژی وڵات و دەبێتە رێگر، لە نێوان ئەو کەسەی لە ئاین هەڵدەگەڕێتەوە. لەبەرئەوەی لە وتاری فیقهەی ئیسلامی ئەوەی "لە ئاین هەڵدەگەڕێتەوە" بە "شەڕوان" یان "چەتە" لە قەڵەم دەدرێت، دادوەریکردنی ئەو کەسانەش لە زانایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، ئاخۆ ئەوان چۆن دەڕواننە ئەو کەسەی لە خوا هەڵدەگەڕێتەوە، ئاخۆ بە شەڕوانی لە قەڵەم دەدەن یان نا. بەپێی رێککەوتنی فەقییەکان هەڵگەڕاوەی شەڕوان دەکوژرێ، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە شەڕ لەگەڵ ئیسلام، فەقییەکان رای جیاوازیان هەیە ئاخۆ تۆبە دەکات، یان بەبێ تۆبەکردن دەکوژرێ. هەموو ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن کە فەقییەکانی ئیسلام تەماشای هەڵگەڕاوەیان کردووە نەک وەک کەسێک کە مومارەسەی ئازادی بیروڕای خۆی دەکات، بگرە وەکو

کەسێک لێیان روانیوە کە خیانەتی لە کۆمەڵگە کردووە و دژ بە کۆمەڵگە دەجەنگێ و جۆرێک لە دەرچوون مومارەسە دەکات. هەن وا دەبینن کە هەڵگەڕانەوە لە سنووری بێباوەڕی و بێ ئاینی دەردەچێ، دەچێتە خانەی دەرچوون لە وڵاتی ئیسلام و بەرپاکردنی پیلان و کودەتا دژی، بۆیە ئەمەش بە خیانەتی مەزن دێتە ژماردن، بەوەی ئەم دەرچوونە جۆرێکە لە بەدرۆخستنەوە و پەرچدانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات و ئەو کەسانەشی بەرپرسی ئیسلامن، لەسەر ئەو بناخەیەی کە کەسی هەڵگەڕاوە ئەوە دەگەیەنێ کە "دڵسۆزی و ئینتمای لە ئیسلامەوە دەگۆڕێ بۆ دوژمن، ئەمە رای سەید قوتب و محەمەد غەزالییە. قەرەزاوی پێی وایە هەڵگەڕانەوە بریتییە لە "گۆڕینی دڵسۆزی، ئاڵشکردنی ناسنامە و گۆڕینی ئینتمایە. کەسی هەڵگەڕاوە ئینتما و دڵسۆزی خۆی دەگۆڕێ لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر لە نیشتمانێکەوە بۆ نیشتمانێکی تر، واتە لە ماڵی ئیسلامەوە بۆ ماڵێکی تر".

بەڵام دوکتۆر سەلیم عەوا پێی وایە سزای مەرگ "سزای بەهێزکردنە، سپێردراوە بە دەسەڵاتێکی تایبەت لە وڵاتی ئیسلامدا، ئەو بڕیار دەدات کە چ سزایەک گونجاوە، ئەگەر ئەو بڕیاری مەرگی سەپاند بەسەر هەڵگەڕاوەدا ناتوانرێ سەرزەنشتی ئەو دەسەڵاتە بکرێ، بۆیە مەبەست لە وشەی "بیکوژن" مانای "رێدانە بە کوشتن بەڵام نەک بە زۆر"، لەسەر هەمان ڕا و بەپێی ئەو بۆچوونە دەردەکەوێ کە بڕیاردان لەسەر کوشتنی کەسی هەڵگەڕاوە جیاوازییەکی بەرفراوانی هەیە، لە رێککنەبوون لەسەر کوشتنەکەی دەست پێ دەکات، پاشان دەگاتە سەر ئەوەی چۆن دەتوانرێ حوکمێک لەسەر بەڵگەیەک بدرێت کە ئەو بەڵگەیە ناکۆکیی فراوان لەسەر تێگەیشتنەکەی هەبێ.

لەسەر هەموو ئەوانەی پێشتر، لێرەدا دەمانەوێ بە کورتی بڵێین باری یاسایی "هەڵگەڕاوە" لە ئیسلامدا لە رێگەی چاووگی "ئازاد" و بیروباوەڕەوە دەستنیشان ناکرێ، بگرە لە رێگەی چاووگی ئەو دەستەواژەیە دەستنیشان دەکرێ کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ "خیانەتکردن لە نیشتمان" و هەڵگیرساندنی شەڕ دژ بە کۆمەڵگە و دەوڵەت. هەر بەهەمان شێوە ئەوانەی ئەمڕۆ باسی "مافی مرۆڤ" دەکەن لە پێشیشیانەوە باسکردنی ئازادی بیروڕا، باس لەم ئازادییە ناکەن "ئازادی خیانەتکردن بە نیشتمان و کۆمەڵگە و ئاین"، هەروەها باسی "ئازادیی چەتەگەری و ڕاوڕووتکردنی خەڵکی "و" ئازادی و پیلانگێڕی لەگەڵ دوژمن" ناکەن. کەواتە ئازادی شتێکە و هەڵگەڕانەوە شتێکی ترە.

ئەوەی پێویستە لەسەر فەقییە هاوچەرخەکان ئەوەیە تەماشایەکی قووڵ بکەن ئاخۆ ئەو کەسەی کە ئیسلامە و ئاینێکی تر هەڵدەبژێرێ وەک هەڵبژاردنێکی تاکەکەسی و لە دوور و نێزیکەوە هیچ زیانێک بە کۆمەڵگە و دەوڵەت ناگەیەنێ، دەچێتە خانەی "هەڵگەڕاوە" و خوێنی حەڵاڵە! پێم وایە

ئەوەی رای وایە کە دەبێ ئەو کەسە بکوژرێ، ناتوانێ هیچ دەقێکی ئاینی بێنێتەوە کە پاڵپشتی بۆچوونەکەی بکا، تەنیا ئەو ئایەتانەی کە پێشتر باسمان کردن، هەموو ئەو ئایەتانەش هەڕەشەی مەزن لە هەڵگەڕاوەکان دەکات، هەڕەشەی ئەو دنیا، بەڵام بەبێ ئەوەی دەقێک بێننەوە باس لە تۆڵە بکا، هەر جۆرە تۆڵەیەک لەم دنیایە.

سەرچاوە:

قضايا اسلامية معاصرة

مجلة متخصصة تعني بالهموم الفكرية للمسلم المعاصر

السنة الثالثة عشرة، العدد ٣٩-٤٠ شتاء- ربيع ٢٠٠٩

مركز دراسات فلسفة الدين- بغداد

١- دوکتۆر ئایەت ئەحمەد، سەرۆکی بەشی بەراوردکاری ئاینەکان و سەرۆکی بەشی گفتوگۆی شارستانییەکانی و شارستانی جیهانی ئیسلامییە لە زانکۆی ئیبن توفەیڵ لە مەغریب

٢- راجع د. صالح عظيمة "التعددية بين الروية و الواقع.. نقد و تصويب" فصلية الجامعة الاسلامية (لندن، الجامعة العالمية للعلوم الإسلامية، السنة٢، العدد٧ ١٤١٦هجري/١٩٩٥م) لا ٢٧٣.

٣- رياض، محمد "الحرية و آراء في جدلية الدلالة" مجلة النبأ (بيروت، المستقبل للتقافة و الإعلام، السنة٧، العدد ٦٢، ١٤٢٢ هيجري/٢٠٠١م) ص١٢.

٤- عبدالجبار، محمد، الديمقراطية بين العلمانية و الإسلام دمشق و بيروت، دار الفكر و دار الفكر المعاصر، ط١، ١٤٢٠هجري/١٩٩٩م ص١٢٦.

٥- حرية المعتقد في الإسلام و القانون، أمير موسى بو خميس، مجلة الكلمة العدد ٤، السنة لاولى، صيف ١٤١٥هجري/١٩٩٤م)

هەروەها بڕوانە توماس ئارنۆلد، الدعوة الى الإسلام: بحث في تأريخ نشر العقيدة الاسلامية، نقلة الى العربية د. حسن إبراهيم حسن و زميلاه.

٦-جۆن لۆک بەردەوام ئەوەی ئاشکرا نەکرد کە پەیامی لێبووردەیی ئەو نوسیویەتی تا ماوەیەکی کەم پێش مردنەکەی بە یەک مانگ لە پەڕاوێزی وەسیەتنامەکەی (ساڵی ١٦٨٩ مرد) ئەمەی ئاشکرا کرد، ئەو پەیامە لە شاری "خاوده"ی هۆڵەندی ساڵی ١٦٨٩ چاپ کرا، ئەو دەقە لە لاتینییەوە کراوە بە ئینگلیزی، ئەم وەرگێڕانە دەنگوباسێکی زۆری هەبوو تا وای لێ هات یەکەمین چاپی لە چەند مانگێدا لە بازاڕ نەما، تا ساڵی ١٦٩٠ دووبارە چاپ کرایەوە.

٧- انظر رسالة في التسامح، مهدي النجار.

# سوودان
## دوایەمین هەنگاو بەرەو ئازادی

کنواپ هۆراند

لە یانوەردا باشووری وڵات دەنگی خۆیان بەرەوە سەربەخۆیی دەدەن. تۆ بڵێی باکور بەم جیابوونەوەیە ڕازی بێت؟ ئاخۆ ناوچە هەژارەکەی وڵات دەتوانێ لە ژیان بەردەوام بێ؟

Renk ڕێنک شارێکە دەکەوێتە باشووری وڵاتەوە (مەبەستی وڵاتی سوودانە. وەرگێر)، شارێک کە بەرگێکی خەماویی پۆشیوە. لەم شارەدا یەک مەتر شەقامی قیرتاو نابینیت، هۆتێلی نییە، سینەمای نییە، لە بەرامبەردا تۆز و لمێکی زۆری هەیە، سەگێکی زۆر لەسەر شەقامەکاندا دەوەڕن، لە پەنادیوارەکاندا خەڵکێکی ئاوارەی زۆر دەبینیت، کە لە ئەسیووپیاوە هەتاوەکو ئێرە ئازاریان چەشتووە. لە هەفتەکانی پێشوودا، شاری ڕێنک ترسناکتر بووە. سەدان کەس شارەکەیان بەجێ

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

هێشتووە، هەزاران کەسیش خەریکی کۆکردنەوەی جانتاکانیانن. لە نێزیک شاریشەوە لە سەربازگەیەکەوە، تانکەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان.

زۆرباشە پێ دەچێ، پاش ماوەیەکی کەم ناوی وڵاتی باشووری سوودان بەرگوێمان بکەوێ.

چەند ڕۆژێکی گرینگ و سەرنجڕاکێش چاوەڕێی سوودان دەکات، گەورەترین وڵاتی ئەفریقیا لە رووی ڕووبەری گشتییەوە (جێگەی ئاماژەیە بەپێی سایتی ڤیکیپێدیای و سایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، ڕووبەری گشتیی سوودان دەگاتە ٢,٥٠٥,٨١٠ م چوارگۆشە، کۆی دانیشتوانی لە نێوان ٣٦ تا ٤٠ ملیۆنە. وەرگێر): لە ٩ی یانوەردا لە باشووری سودان لە ریفراندۆمێکدا بڕیار دەدرێت، ئاخۆ لەگەڵ باکور دەمێنێتەوە یان جیا دەبێتەوە. ئەگەر ئەمە ڕوو بدا، لە کاتی ئێستادا هەموو پێشبینییەکان بەرەو ئەوە دەڕوات، لە جیهاندا وڵاتێکی نوێ لەدایک دەبێ، ئەمەش یەکەمین وڵاتی نوێی ئەفریقیایە، پاش جیابوونەوەی ئەریتیریا لە ئەسیووپیا ساڵی ١٩٩٣.

رێنکیش دەبێتە شارێکی ستراتیجی گرینگ، چونکە هەمووی نیوکاتژمێر لە سنووری ناوەخۆی سوودانەوە دوورە. لەم ماوەیەدا نەک تەنیا ئەفریقیا، بگرە هەموو جیهان سەیری وڵاتی سوودان دەکەن. ئەم وڵاتە نوێیە کە لەدایک دەبێ، ڕووبەری هێندەی وڵاتی فرەنسا دەبێ، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە خاوەنی نەوتێکی زۆر، نێزیکەی ٨٠٪ هەموو نەوتی سوودان دەکەوێتە باشووری سوودانەوە.

بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە، ئاخۆ سەرۆک عومەر حەسەن بەشیر، کە لە ڕۆئاوای وڵات (دارفوور)، خەریکی شەڕێکی خوێناوییە، هەروا بە ئاسانی و بێ کێشە واز لە چارەکێکی وڵاتەکەی دەهێنێ لە دەستی دەربچێ؟ جێگەی ئاماژەیە لای زۆربەی پسپۆڕان پرسیارێک هاتووەتە ئاراوە، ئاخۆ ئەم نەوتەی کە هەیە، بەشی ئەم هەرێمە هەژارە دەکات، بۆ ئەوەی بەردەوامی بەژیانی بدا؟. لە پێش هەموویانەوە پەکین و واشنتۆن زۆر بەوردی چاودێریی وەزعەکە دەکەن. چینییەکان گرینگترین بەکاربەر (کڕیاری) نەوتی باشووری سودانن، بە ڕێژەی ٠٧٪ ی پێداویستیی خۆیان لەم ناوچەیەوە دابین دەکەن. ئەمەریکاییەکانیش بیر لەوە دەکەنەوە، دەکرێ هەمان ئەزموون بۆ وڵاتە فاشیلەکانی تری ئەم ناوچەیە بەکار بهێنن. بەتایبەت ئەوان (ئەمەریکا) کێشەیەکی زۆریان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی کێشەداری وەکو سۆمالیا و کۆماری کۆنگۆی دیموکرات هەیە.

سەرۆک باراک ئۆباما پێشنیازێکی پێشکێش بە عومەر بەشیری فەرمانڕەوای خەرتووم کرد، کە لەو باوەڕدا نیم کەس بتوانێ رەفزی بکاتەوە. پێشنیازەکەش بەم شێوەیەیە:

لابردنی ناوی لە لیستی تیرۆر، کە لە ساڵانی نەوەتەوە سوودان وەکو دەوڵەتێکی تیرۆریستی دانراوە، چونکە سوودان پشتگیری و پێشوازیی لە سەرۆکی قاعیدە ئوسامە بن لادن کردبوو. لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک سزای لەسەر لا دەبەن . بەمەرجێک: باکور ریفراندۆمەکە تێک نەدات.

دیارە جیابوونەوەیەکی ئاشتییانەی باشوور، دەبێتە خاڵێکی پرشنگدار لە مێژووی ئەم وڵاتەدا. وا بۆ ماوەی ٤٠ ساڵە موسڵمانەکانی باکور، لە دژی کریستی و ئەنیمیستەکان (Animist ئەو

ئاینانەی کە باوەڕیان بە خوا نییە، بەڵکە زیاتر سروشت و شتی تر دەپەرستن، وەرگێر) شەڕێکی خوێناوییان پەرپا کرووە. هەموو کاتێک کێشە و گرفتەکانی نێوان خێڵە عەرەبییەکان و خێڵە نیلیەکان (Niloten ئەو خێڵانەی کە عەرەب نین و زیاتر کولتووری ئەفریقیایان هەیە. وەرگێر) باشووری سوودان، ڕۆڵی سەرەکییان لەم شەڕەدا گێڕاوە.

هەردوو بەشەکە (باکور و باشوور) ساڵی ١٩٤٧ پێکەوە گرێ دران، بەبێ ئەوەی لە گەلانی باشوور پرسیارێک بکرێت و هیچ گوێ بۆ چوون و ویستی باشوورییەکان نەگیرا. لەگەڵ سەربەخۆبوونی سوودان لە دەستی داگیرکەری بەریتانی و میسری، ساڵی ١٩٥٦ بڵێسەی ئەم شەڕە دەستی پێ کرد.

تەنیا چەند ساڵێکی کەم نەبێ، بۆ ماوەیەکی زۆر و بەبێ پشوودان، شەڕێکی بەردەوام بەرپا بوو. لە ماوەی ئەم شەڕە چل ساڵییەدا، زیاتر لە دوو ملیۆن کەس بوونە قوربانی. جێگەی ئاماژەیە باشووری سوودان تەنیا لە ڕووی سامانی سروشتییەوە (نەوت و گاز) دەوڵەمەند نییە، بگرە خاوەنی سامانێکی زۆری ئاوییە (بەشێکی زۆری ڕووباری نیل بە باشووری سوودان‌دا تێ دەپەڕێت. وەرگێر)، هەروەها زەوییەکی بەپیتی زۆری کشتوکاڵیی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەڵام ئەم ناوچەیە بە یەکێک لە ناوچە هەژارەکانی جیهان دەژمێردرێت. هەتا ساڵی ٢٠٠٥، هەردوو لا کۆتاییان بەم شەڕە خوێناوییە هێنا و پەیماننامەیەکی ئاشتییانەی مۆر کرد.

دیارە خەرتووم زۆر کەم هەوڵی بۆ یەکبوونی سوودان دا. پایتەخت ڕۆژ بەڕۆژ جوانتر و گەشاوەتر دەبێ، لە بەرامبەردا Juba جوبا، کە گەورەترین میترۆپۆڵی باشوورە، بە خامۆشی و پەراوێزخراوی ماوەتەوە. زانکۆ، نەخۆشخانە، شەقامی قیرتاو، بەگشتی تەنیا لە باکوری وڵات هەیە. چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ریفراندۆمەکە دەست پێ بکا، خەڵکی باشوور بە داهاتوویان زۆر گەشبین و دڵخۆشن. دانگ مادینگ، کە تەمەنی ٤٦ ساڵە، لە زانکۆی قاهیرە زانستی کۆمەڵناسی (سۆسیۆلیۆژی) خوێندووە، پێشتریش لە حکوومەتەکەی هەرێمی باشووردا بۆ ماوەیەکی کەم وەزیر بووە.

(لە باکور بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان نەدەکرد، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕیفراندۆم بکرێت) ئا بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە. ئەو ئێستا لە بیرۆیەکی کارگەیەکی بیرە دادەنیشێ، کە دەکەوێتە ناوچەیەکی بچووکی پیشەسازی باشوور. شەش ساڵی ڕێک، ئەم پیاوە کە دوو مەتر درێژە، لە دژی باکورییەکان خەباتی کردووە. بەڵام پاشتر گوللەیەک بەر ڕانی دەکەوێ و لە خەبات ڕای دەگرێ. شەڕی پارتیزانی، هەموو توێژە سیاسییەکانی باشووری کۆ کردووەتەوە. ماندێگ هەموو ئەفسەرەکان دەناسێت، کەوا پێشبینی دەکرێت ئەمانە (واتە ئەفسەرەکان) ببنە وەزیر یان بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی، کە لە داهاتوودا وڵات بەڕێوە دەبەن. بەڵام پاشتر وتی:

(بەڵام چیی تر شەڕی پارتیزانی دروست نابێتەوە). پاشتر ئاگاداری کردینەوە (ئەگەر بێتو حکوومەتی باکور ئەو ناوچانەی کە نەوتی تێدایە بسووتێنێ، ئەوا کارێکی ئێجگار دەبەنگانە

دەکات، چونکە ئەم جارە، شەڕەکە خەرتوومیش دەگرێتەوە.)

لەم هەفتەیەدا بەبەردەوامی و بێ پشوودان، وەفدی جۆراوجۆر لە جوباوە بەرەو پایتەختی باکور (خەرتووم) بەڕێ کەوتوون، بۆ ئەوەی وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار وەربگرنەوە، کە پێوەندییان بە جیابوونەوە و داهاتووی ئەم بەشە هەیە. چۆن لە داهاتوودا قازانجی سامانی نەوتی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت؟ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو قەرزە زۆرەی وڵات دەکرێ کە دەگاتە نێزیکەی ٣٧ ملیارد دۆلار؟ کێ دەبێ بیداتەوە؟ هەروەها چارەنووسی شاری ئابی Abyei کە سامانێکی سروشتی زۆری تێدایە، دەکەوێتە سنووری نێوان هەردووکیانەوە، هەردوو لا باکور و باشوور خۆیان بە خاوەنی ئەم شارە دەزانن.

دیارە جگە لەمانەش کۆمەڵێک کێشە و گرفتی بچووکی تریان هەیە، بۆ نموونە مافی خێڵە کۆچبەرەکان، کە چەندان ساڵە لە نێوان باکور و باشووردا وەک خێڵی کۆچەری دێن و دەچن. هەروەها چۆنیەتیی هەڵسووکەوت و هاتوچۆی سنووری نێوانیان ڕێک دەخەن. یان بۆ نموونە کارەبای شاری Renk ڕێنک کە تاوەکو ئێستاش هەر لە باکورەوە دێت، دیارە هەرچی پێداویستی و شتی گرینگە هێشتا هەر لە خەرتوومەوە دێت (لێرەدا مەبەستی پێداویستی گرینگی ژیانە، وەکو کارەبا و بەنزین و نەوت. وەرگێر)

خاڵێکی گرینگی تر مەسەلەی چارەنووسی پەناهەندەکانە، کەوا چاوەڕوان دەکرێ، لێشاوێکی زۆری پەناهەندەکان بەڕێوە بێ. وا مەزندە دەکرێ، کە زیاتر لە ٢ ملیۆن پەنابەری باشووری هێشتا لە باکوری وڵات دەژین، زیاد لە سەد هەزاریان بەرەو باشوور کەوتوونەتە ڕێ. هەموو چاوەڕێی دوا ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە دەکەن، بەدڵنیاییەوە باشوور جیا دەبێتەوە و ئەمانیش چیی تر ناتوانن لە باکوردا بمێننەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN وا مەزندە دەکات، کە نێزیکەی ٤٠٠ هەزار کەس ئاوارە ببێت، کە بەشێکیان بەرەو باشوور کەتوونەتە ڕێ. لە هەمان کاتیشدا هەزاران موسڵمان خۆیان کۆ کردووەتەوە و بەرەو باکوور کەتوونەتە ڕێ.

لە ناوەڕاستی شاری جوبا، کە پایتەختی باشوورە، سەعاتێکی دیجیتاڵی گەورەیان هەڵواسیوە، کە کاتژمێر و سانیەکان هەتا (٠٩)ی یانوەر دەژمێردرێت. لە سەروو سەعاتەکەوە و لافیتەیەکی گەورەیان هەڵواسیوە و لێیان نووسیوە:

(دوایەمین هەنگاو بەرەو ئازادی)

دیارە لەم وڵاتە نوێیە چاوەڕوان دەکرێ کە سیاسەتێکی هەژارانە و بێ درامەتانەی حوکمرانی پێڕەو بکا. دیارە باشووری سوودان زۆرترین ڕێژەی مردنی دایکی تێدایە، لە ١٠ ژندا ٩ یان نەخوێندەوارن، لە ٢ کەسدا یەکیان ڕۆژانە بە کەمتر لە ١ دۆلار ژیان دەباتە سەر. پاشان لە هەموو شاری جوبا و باشووری سوودواندا، تەنیا یەک پردی لێیە بۆ ئەوەی خەڵکی لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی رووباری نیل بپەڕنەوە. جێگەی ئاماژەیە رووباری نیل بە درێژاییی ١٢٠٠ کم بە باشووری سووداندا تێ دەپەڕێ. بۆ ٥،٦ ملیۆن کەس تەنیا یەک نەخۆشخانەیان هەیە و ئەمەش

نەخشەی چاوەڕوانکراوی باشووری سوودان

تەنیا لە جوبایە. کە ئەویش لە حاڵەتێکی ئێجگار خراپ و دژواردایە.. جگە لە ئاوی خواردنەوە و بیرە، هیچ شتێکی تر لە باشووردا نایەتە بەرهەمهێنان. (مەبەستی ئەوەیە هیچ کارگەیەکی تێدا نییە، جگە لە کارگەی ئاو و بیرە. وەرگێڕ)

سەرۆکی چاوەڕوانکراوی ئەم دەوڵەتە لە باشووری سوودان، Salva Kiir سالڤا کییر. تەمەنی ٥٩ ساڵە ئەو پێشتر سەرۆکی بزاڤە چەکدارییەکە و خەباتگێڕێکی ئازادیخواز بووە. بەپێچەوانەی رابەری پێش خۆی، جۆن گەرەنگ John Garang، کە ساڵی ٢٠٠٥ بەڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی گیانی لەدەست دا. سالڤا کەمتر خاوەنی کاریسمایە. بەڵام ئەو کەسێکی تاکتیکیی بەتوانایە، دەتوانێ لە کۆتاییدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

ئەو لە ماوەی مانگی پێشوودا توانی، (Worldords، میرەکانی شەڕ، مەبەست لەو کەسانەن کە ژیانیان لەسەر بەردەوامیی شەڕەدایە. ئەم دەستەواژەیە زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێ، کە رۆڵێکی بەرچاویان لە کاتی شەڕی ناوەخۆدا گێڕاوە، وەرگێڕ) بچووک و گەورەکان، هەموویان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. دیارە ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە، هەرچەندە واهەست دەکەم، سالڤا

لە ڕێگەی بەخشینەوەی دەسەلات و کورسی بەم میرانە، ئەم سەرکەوتنەی بەدەست هێنا. ئەو هەڵگری پەیامێکی میانڕەوە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەیەوێ پارێزگاری لە یەکڕیزی ناو سوپای باشووری سوودان SPLA بکا، بۆ ئەوەی لە کاتی ریفراندۆمەکە لە پشتی بمێننەوە و پشتگیری پرۆسەکە بکەن.

تەنیا گرفتی نەوت لەگەڵ باکور بەبێ چارەسەرکردن ماوەتەوە، بەدڵنیاییەکی زۆرەوە پاش (٠٩)ی یانوەر، کێشەیەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. بەشێکی زۆری سەرچاوەی نەوتەکە دەکەوێتە باشوورەوە، بەڵام بۆرییە نەوتییەکان دەکەونە باکورەوە، لەوێوە نەوتەکە بۆ بەندەی پۆرت سوودان دەگوێزرێتەوە و هەر لەوێش پاڵاوگەی لێیە و بە جیهان دەفرۆشرێ. دیارە هەتاوەکو ئێستا داهاتەکە بەشێوەی نیوە بە نیوە دابەش کراوە. بەڵام باشوور دەیەوێ ئەم یاسایە بگۆڕێت و بەشی خۆی زیاتر بکا، چونکە سەرچاوەی نەوتەکە لە باشوورەوە دێت.

پاگان ئاموم کە سکرتێری گشتیی پارتی دەسەلاتدارە لە باشوور و وەزیری تایبەت بۆ جێبەجێکردنی برگەکانی ڕێککەوتنامەکەیە، بەڵام ئەو زۆر گەشبین نییە. ئاموون پێی وتین:

(ئەو شێوە دابەشکردنەی نەوت کە ئێستا هەمانە، بەکەڵکی ئێمە نایەت. خەرتووم هەموو کاتێک ئێمەی چەوساندووەتەوە و فەرامۆشی کردووین، بەڵام ئەمەش دەبێ کۆتایی پێ بێ.)

هێشتا لە نێوان باکور و باشووردا، لە ئەدیس ئەبێبا و لە پێش هەمووشیانەوە لە خەرتووم دانیشتن و گفتوگۆ بەردەوامە. سەرۆکی پێشووی باشووری ئەفریقیا، تابۆ مبێکی هەوڵی ناوبژیوانی و دۆزینەوەی ڕێگەچارە دەدا. هەرچەندە هەر لایە و بەرەو شوێنێکی جیا هەنگاوی خۆی دەنێ.

دیارە هەتاوەکو ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ کێشەی نەوت نەدۆزراوەتەوە. بەرئەنجامێکی تر لەم پرۆسەیەدا کە زۆر بەڕوونی دیارە، ئەویش ئەوەیە:

ئەگەر هاتو باشوور لە (٠٩)ی یانوەردا بڕیاری کۆتاییی خۆی بۆ سەربەخۆبوون دا، ئەوا پێ دەچێ هەر لە سەرەتاوە ئەو خۆشحاڵی و گەشبینییانەی سەرکەوتن، زوو بۆ بەدگومانی و بێ باوەڕی بگۆڕێت. پێش هەموو شتێک دەبێ واز لە دەیان هەزاران شەڕوان بهێنن، هەتاوەکو ئێستاش هیچ وەڵامێکیان پێ نییە، کە ئاخۆ چی لەو هەموو شەڕوانەی پێشوو دەکەن؟. لە هەمان کاتیشدا ئەم وڵاتە بە دەیان هەزار مامۆستا، دوکتۆر و نەخۆشخانەی پێویستە. ئاخۆ ئەم هەموو کەسە شارەزایەی چۆن دەست بکەوێ.

بۆ ئامومی وەزیر یەکەم جار تەنیا سەربەخۆبوون گرینگە. ئامون زۆر گەشبینانە وتی:

(ئێمە هەموومان دەمانەوێ لە باکور جیا ببینەوە و سەربەخۆ بین. ئێمە دەمانەوێ ژیانێکی باشترمان هەبێ. بەدڵنیاییەوە لە یانوەردا دوو دەوڵەتی جیا دەبینین)

سەرچاوە: کۆواری شپیگلی ئەڵمانی ٢٧/١٢/٢٠١٠

# گلۆبالیزم و کێشەکانی
# هەژاری، بێ ئاوی، برسێتی لە جیهاندا

سەنتەری فیدراڵیی ئەڵمانی بۆ فێربوونی زانستە سیاسییەکان

**هەژاری**

لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ٢٠٠٥ ژمارەی ئەو کەسانەی کە بۆ پێداویستیی ماڵەوە، ڕۆژانە تەنیا ١,٢٥ دۆلاریان هەیە، لە ملیارد و نیوێکەوە بۆ ١,٣٧ ملیارد کەس دابەزی. (واتە بە ڕێژەی ٢٧,٧٪ دابەزیوە). بەڵام ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە تەنیا خاوەنی ٢ دۆلار بوون، ژمارەیان لە ساڵی ١٩٨١ دەگەیشتە ٢,٥ ملیارد، لە کۆتاییی ساڵانی نەوەتەکان، ڕێژەکەیان بۆ ٢,٩ ملیارد کەس بەرز بووەوە. بەڵام لە پاش ساڵی ٢٠٠٠ەوە ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە تەنیا ٢ دۆلاریان هەبوو، کەمێک ڕێژەکە هاتەوە خوارەوە تا گەیشتە ٢,٥٦ ملیارد کەس. واتە نزیکە لە هەمان ژمارەی ساڵی ١٩٨١ەوە. جێگەی ئاماژەیە ژمارەی ئەو کەسانەی کە زۆر هەژارن، بەپێی ناوچەکان جیاوازییان هەیە. لە ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ئاسیا و پاسیفیک (زەریای هێمن)، ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە بە کەمتر لە ١,٢٥ دۆلار دەژین، لە ١,٠٧ ملیارد کەس بۆ ٣١٦ ملیۆن کەس دابەزی.

تەنیا لە چین ژمارەی ئەو کەسانەی کە هێڵی ١,٢٥ دۆلاریان بەجێ هێشتووە گەیشتە ٦٢٧ ملیۆن کەس. (واتە بەڕێژەی ٧٥,١٪ هەژاری کەم بووەتەوە). بەڵام لە باشووری ئاسیا، لە پێش هەمووشیانەوە هیندستان ٤٨ ملیۆن کەسی تر هاتنە ریزی خراپترین سنووری هەژارییەوە، (واتە ڕۆژانە بەکەمتر لە ١,٢٥ دۆلار دەژین. وەرگێڕ)، واتە بەڕێژەی ٨,٨ ٪ زیادی کردووە. لە ناوچەی باشووری سەحرای ئەفریقیا، ژمارەکە بۆ ١٧٦ ملیۆن کەس بەرز بووەوە. واتە بەڕێژەی ٨٣٪ زیادی کردووە.

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

بەگشتی ناوچەی رۆهەڵاتی ئاسیا و پاسیفیک، تاکە ناوچەیە لە جیهاندا کە ژمارەی ئەو کەسانەی رۆژانە بە کەمتر لە ٢ دۆلار دەژین، لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ٢٠٠٥ کەم بووەتەوە. (٥٤٩ ملیۆن کەس کەمتر بووەتەوە). چین زۆرترین ژمارەی بەردەکەوێت (٤٩٨ ملیۆن کەس کەمتر بووەتەوە). لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی هەژاران لە جیهاندا کەم نەبووەتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەی هەژاران لە باشووری ئاسیا ٢٩٣ ملیۆن کەس زیادی کردووە (واتە بەڕێژەی ٣٦,٧٪ زیادی کردووە). هەروەها لە ناوچەکانی باشووری سەحرای ئەفریقیاش ٢٦٢ ملیۆن کەس زیاتر بووە (واتە بەڕێژەی ٨٩,١ ٪ زیادی کردووە) هەر بۆیە ژمارەی هەژارانی جیهان زیادی کردووە. ساڵی ٢٠٠٥ بەگشتی لە باشووری ئاسیا و ناوچەی باشووری سەحرای ئەفریقیا، سێ لەسەر چواری خەڵکی لە هەژاریدا دەژیان. لە ناوچەی باشووری سەحرای ئەفریقیا لە دوو کەسدا، یەکێکیان لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژی. لە باشووری ئاسیا کەمێک باشترە تەنیا رێژەی ٤٠٪ی خەڵکی لە هێڵی هەژاریدا دەژین.

لەپەنا هۆکارە ئیکۆلۆجییەکان (واتە ئەو هۆکارانەی کە پێوەندییان بە کەشوهەواوە هەیە وەکو نەبوونی باران بارین و بەرزیی پلەی گەرما. وەرگێڕ)، گەشەسەندنی ئابووری کاریگەری زۆری هەیە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری (بەتایبەت لە چین و هیندستان). بەڵام خەڵکانێکی زۆر، هیچ سوودێک لەم گەشەسەندنە وەرناگرن و، بێ بەشن لە کۆی گشتیی داهاتی نیشتمانی. هەتاوەکو ئەمرۆش، ساڵانە زیاتر لە ٥ ملیۆن منداڵ، پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی ٥ ساڵی دەمرن. دیارە ئەویش بەهۆی برسێتی و بەدخۆراکییەوەیە. لە کاتێکدا ژمارەی برسێتی یان بەدخۆراکی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠ کەم بووەوە، بەڵام لە کۆتاییی نەوەتەکاندا ژمارەی برسێتی لە جیهاندا بەرز بووەوە. ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی ئەو کەسانەی کە برسین و خۆراکی کەم دەخۆن (بەدخۆراکی)، گەیشتە ١,٠٢ ملیارد کەس. لە ساڵی ١٩٧٠ەوە ئەمەش بەرزترین و زۆرترین رێژەی برسێتییە لە جیهاندا.

### نایەکسانی لە داهاتی تاک

بەپێی راپۆرتێکی لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٥ Human Development Report (UNDP) لە زۆربەی وڵاتاندا نایەکسانی لە دابەشکردنی داهاتی تاکدا، روو لە بەرزبوونەوەیە. لەو ٧٣ دەوڵەتەی کە راپۆرتەکە باسی کردوون، لە ٥٣ دەوڵەتیاندا، کە لە ٨٠٪ی دانیشتوانی جیهان پێک دەهێنن، لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا، ئەم دیاردەیە روو لە بەرزبوونەوەیە (مەبەستی نایەکسانی لە داهاتی تاکدا. وەرگێڕ). تەنیا لە ٩ وڵاتدا (کە لە ٤٪ دانیشتوانی جیهان پێک دەهێنن) ئەم دیاردەیە روو لە نزمییە.. ئەمرۆ نایەکسانی لە داهاتی تاکدا چ لەو دەوڵەتانەی کە گەشەی ئابووریی بەرزیان هەیە، یان ئەو دەوڵەتانەی کە گەشەی ئابووریی نزمیان هەیە، روو لە بەرزبوونەوەیە.

### نایەکسانیی داهاتی نیشتمانی لە نێوان دەوڵەتەکاندا

لە پەنا نایەکسانی لە داهاتی تاک لە ناوەخۆی دەوڵەتەکاندا، بەهەمان شێوەش نایەکسانی لە نێوان ناوچە و دەوڵەتەکانیشدا ڕوو لە زیادبوونە. بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٧ یەکەتیی ئەوروپا ٣٠,٩٪ی ئەمەریکا و کەندا١ ,٢٨ی هەموو بەرهەمی جیهانیان World.BIP پێک دەهێنا. لە حاڵەتێکدا هەموو کیشوەری ئەفریقیا تەنیا ٢,٣ ٪ی بەردەکەوت. بەشی ئەمەریکای لاتین و ناوەڕاست و ناوچەی کاریبیک، تەنیا ٤,٤٪ی بەردەکەوت. واتە بەڕێژەی ٢,١ ٪ی کەمی کردووە، چونکە پێشتر زیاتر بوو. لە کیشوەری ئاسیا لە کۆی بەرهەمی جیهان (World.BIP) ژاپۆن و کۆریای باشوور ٩,٨ ٪یان بەردەکەوێت. هەموو دەوڵەتانی تری ئاسیاش ١٣٪ی بەرهەمی جیهانیان بەردەکەوێت. ئەم وڵاتانەی تری ئاسیا، ساڵی ٢٠٠٧، ژمارەی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتانە، ٢٠ جار زیاتر بوو لە ژمارەی دانیشتوانی ژاپۆن و کۆریای باشوور. لەحاڵەتێکدا ئەم وڵاتانە ڕێژەی ٥٣,٦٪ی کۆی دانیشتوانی جیهان پێک دەهێنن، بەڵام کۆریای باشوور و ژاپۆن تەنیا ڕێژەی ٢,٦٪ پێک دەهێنن. لە ڕووی هێزی کڕینەوە (بەکاربەر) جیاوازیی نێوان دەوڵەتان کەمتر دەبێتەوە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی بنەڕەتی. بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٧ ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی ئابوورییەکی خورتن لە پلەی ٧٤٪ بۆ پلەی ٥٨٪ کۆی بەرهەمی جیهان (World. BIP) دابەزین. بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی ئابوورییەکی بێهێز یان لاوازن لە ٢٤,٥٪ بۆ پلەی ٣٩٪ بەرز بووەتەوە. بەم شێوەیەش لە ڕێژەی ١,٥ بۆ ڕێژەی ٣٪ زیادی کردووە. هەرچەندە لەو دەوڵەتانەی کە ئابوورییان باشە، توانیویانە سیستەمێکی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی هەژار دابنێن (مەبەستی سیستەمی بیمەی بێکاری و سۆسیال. وەرگێڕ) بەڵام ئەمانیش لە کێشەی هەژاری بێ بەش نین (نەیانتوانیوە بەسەر کێشەی هەژاریدا زاڵ بن و بنبڕی بکەن. وەرگێڕ).

لەو وڵاتانەی کە ئابوورییان بەهێزە، دیاردەی هەژاری بەوە دەپێورێت کە ئاخۆ ئەو کەسە چەندە دەکەوێتە ژێر سنووری هەژارییەوە (واتە ئەو سنوورەی کە لەو دەوڵەتەدا دانراوە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە هەر دەوڵەتە و دیاردەی هەژاری بەپێی یاسای هەژاریی خۆی دەپێوێت، بۆ نموونە هەژارێکی ئەمەریکایی لەگەڵ هەژارێکی ئەفریقیایی جیاوازییان هەیە. چونکە داهاتی تاک لە ئەمەریکا زۆر لە داهاتی تاک لە ئەفریقیا زۆرترە.

ئەو کەسەی کە پێی دەڵێن هەژار، واتە لە چاو خەڵکی تری وڵاتەکەدا ئەو داهاتەی نییە کە پێداویستییەکانی پێ دابین بکات. وەرگێڕ) . بۆ نموونە لە ئەمەریکا بەپێی ڕاپۆرتی سەنتەری کاری ئەمەریکایی U. S. Bureau of Labor Statisitics ساڵی ٢٠٠٨، ژمارەی هەژارانی ئەمەریکا گەیشتە ٤٠ ملیۆن کەس. لە ئەڵمانیا ساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەی هەژاری گەیشتە ١٥٪ی دانیشتوان (واتە لە ١٥٪ی دانیشتوانی ئەڵمانیا هەژارن. وەرگێڕ)

بەڵام بەپێچەوانەی دەوڵەتە هەژارەکانەوە، دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان، دەتوانن ڕێگە لە دیاردەی هەژاری بگرن، ئەوەش لە ڕێگەی پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا (بۆ نموونە

سیاسەتی بیمەی بێکاری، سیستەمی سۆسیال بۆ هەژاران، یارمەتیدانی منداڵان و کەمئەندامان. وەرگێڕ)

ساڵی ٢٠٠٧ لە ئەڵمانیا ڕێژەی هەژاری و ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی وەردەگرن (جگە لەو ئەوکەسانەی کە بیمەی خانەنشین یان پیری وەردەگرن) گەیشتە ٢٤٪ی دانیشتوان. ئەمەش بەرێژەی ٩٪ زیادی کردووە. لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری چ لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان، یان وڵاتە هەژارەکان، بەشێوەیەکی نایاسایی ژمارەی دەوڵەمەندەکان زیاد دەکات.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی فۆربێس Forbes (کۆوارێکی ئەمەریکاییە، کە تایبەتە بە هەواڵ و ژیانی دەوڵەمەندەکانی جیهان. وەرگێڕ) سامانی ملیاردێرەکان لە جیهاندا، لە سەرەتای ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠١٠ بەرێژەی ٦٠٪ زیادی کردووە، کۆی داهاتیان دەگاتە ٣,٥ بلیۆن دۆلار (١بلیۆن = ١٠٠٠ملیار. وەرگێڕ) ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەروو ملیاردێک دۆلارن، لە ماوەی ٢٥ ساڵی پێشوودا، لە ١٤٠ کەسەوە بۆ ١٠١١ ملیاردێر بەرز بووەتەوە. تەنیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٠ لە جیهاندا ٢١٨ ملیاردێر زیادی کردووە. ژمارەی ملیاردێرەکان پێش کێشە ئابوورییە گەورەکەی جیهان، هێشتا زیاتر بوو. (مەبەستی کێشەی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨. وەرگێڕ). لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ەوە، ژمارەیان گەیشتە ١١٢٥ ملیاردێر، کە ئەمەش زۆرترین ژمارە بوو لە مێژوودا. ساڵی ٢٠١٠ تەنیا داهاتی ئەو ١٠ دەوڵەمەندترین کەسەی جیهان، گەیشتە نزیکەی ٣٤٠ ملیارد دۆلار.

**شیکردنەوەی چەند زاراوەیەک بۆ یارمەتیدانی خوێنەر:**

بەشێوەیەکی سەرەکی جیاوازیی نێوان دەستەواژەی هەژاریی ئاسایی و نزمترین (خراپترین) پلەی هەژاری بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

لە کاتێکدا کە دەڵێین نزمترین «خراپترین» پلەی هەژاری، مەبەستمان ئەوەیە، ئەو کەسە توانای ئەوەی نییە، کە پێداویستییە گرینگەکانی ژیانی دابین بکات(بۆ نموونە نان، ئاو، پۆشاک، دەرمان و تیمار لە کاتی نەخۆشیدا، خەرجی فێربوون و خوێندەواریی خۆی و منداڵەکانی. وەرگێڕ). ئەم دەستەواژەیە ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە ڕۆژانە بۆ کڕینی پێداویستیی ناوماڵیان خاوەنی کەمتر لە ٢ دۆلارن. نائاساییترین شێوەی هەژارییش، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕۆژانە خاوەنی کەمتر لە ١,٢٥ دۆلارن. واتە ڕۆژانە تەنیا توانای کڕینیان دەگاتە خوار ١,٢٥ دۆلار.

بەڵام کاتێک دەڵێین هەژاریی ئاسایی، واتە ئەو کەسانەی کە داهاتیان لە چاو داهاتی کەسانی تردا کەمترە و دەکەونە پلەی هەژارییەوە. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا پلەی هەژاری واتە، ئەو کەسەی کە کەمتر لە ٦٠٪ داهاتی ئاسایی وەردەگرێت. بەم شێوەیە توانای کڕینی شمەک بۆ ناوماڵ و توانای پاشکەوتکردن و ژیانی ئاسایی، جیاوازیی نێوان ئەم خەڵکانە دیاری دەکات.

(لێرەدا مەبەست لەوەیە، کە هەر دەوڵەتە و پلە و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هەژاری، بۆ

نموونه له ئەڵمانیا هەژارێک ناتوانێت هەموو رۆژێک له ریستۆرانت نان بخوات، یان سەیارەکی کەشخە و مۆدێرن لێ بخورێت، یان سەفەری دەرەوەی وڵات بکات. بەڵام پلەی هەژاری له وڵاتی ئێمەدا بەشێوەیەکی تر دەپێورێت، بۆ نموونه هەرکەس نانی شەوی نەبوو ئەوه هەژاره. دەنا خۆ ئێمە دەوڵەمەندەکانیشمان ناتوانن ساڵانه چەندان جار سەفەر بکەن و سەیارەی نوێ بکڕن. له هەموو دەوڵەتێکدا هەژاری و دەوڵەمەندی بەپێی پێداویستییه گرینگەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیه دەپێورێت که مرۆڤ تێیدا دەژی. وەرگێڕ).

نەخشەی ژمارەی هەژارانی جیهان که رۆژانه بەکەمتر له ١,٢٥ دۆلار دەژین. له نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ٢٠٠٥، به ملیۆنان کەس

| | ژمارەی هەژارانی جیهان که رۆژانه بەکەمتر له ١,٢٥ دۆلار دەژین، بەملیۆنان کەس | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٨١ | ١٩٨٧ | ١٩٩٣ | ١٩٩٩ | ٢٠٠٥ |
| وڵاته تازەپێگەیشتووەکان | ١,٩٠٠ | ١,٧٢٣ | ١,٧٩٩ | ١,٦٩٨ | ١,٣٧٤ |

ئەویش بەم شێوەیه دابەش دەکرێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| باشووری ئاسیا | ٥٤٨ | ٥٦٩ | ٥٥٩ | ٥٨٩ | ٥٩٦ |
| هیندستان | ٤٢٠ | ٤٢٨ | ٤٤٤ | ٤٤٧ | ٤٥٦ |
| پاسیڤیک و رۆهەڵاتی ئاسیا | ١,٠٧١ | ٨٢٢ | ٨٤٥ | ٦٣٥ | ٣١٦ |
| چین | ٨٣٥ | ٥٨٦ | ٦٣٣ | ٤٤٧ | ٢٠٨ |
| باشووری سەحرای ئەفریقیا | ٢١٢ | ٢٥٨ | ٣١٧ | ٣٨٣ | ٣٨٨ |
| ئەمەریکای لاتین و کاریبیک | ٤٧ | ٥٧ | ٤٧ | ٥٥ | ٤٥ |
| باکوری ئەفریقیا و رۆهەڵاتی ناوەڕاست | ١٤ | ١٢ | ١٠ | ١٢ | ١١ |
| ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ٧ | ٥ | ٢٠ | ٢٤ | ١٧ |
| وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەبێ وڵاتی چین | ١,٠٦٥ | ١,١٣٧ | ١,١٦٦ | ١,٢٥١ | ١,١٦٦ |

نەخشەی ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە کەمتر لە ١,٢٥ دۆلار دەژین لە چاو دانیشتوانی وڵاتدا

| | ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە بە کەمتر لە ١,٢٥ دۆلار دەژین لە چاو دانیشتوانی وڵاتدا | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٨١ | ١٩٨٧ | ١٩٩٣ | ١٩٩٩ | ٢٠٠٥ |
| وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان | ٥١.٩ | ٤١.٩ | ٣٩.٢ | ٣٣.٧ | ٢٥.٢ |

ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| باشووری ئاسیا | ٥٩.٤ | ٥٤.٢ | ٤٦.٩ | ٤٤.١ | ٤٠.٣ |
| هیندستان | ٥٩.٨ | ٥٣.٦ | ٤٩.٤ | ٤٤.٨ | ٤١.٦ |
| پاسیڤیک و ڕۆهەڵاتی ئاسیا | ٧٧.٧ | ٥٤.٢ | ٥٠.٨ | ٣٥.٥ | ١٦.٨ |
| چین | ٨٤.٠ | ٥٤.٠ | ٥٣.٧ | ٣٥.٦ | ١٥.٩ |
| باشووری سەحرای ئەفریقیا | ٥٣.٤ | ٥٤.٥ | ٥٦.٩ | ٥٨.٤ | ٥٠.٩ |
| ئەمەریکای لاتین و کاریبیک | ١٢.٩ | ١٣.٧ | ١٠.١ | ١٠.٩ | ٨.٢ |
| باکوری ئەفریقیا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست | ٧.٩ | ٥.٧ | ٤.١ | ٤.٢ | ٣.٦ |
| ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ١.٧ | ١.١ | ٤.٣ | ٥.١ | ٣.٧ |

نەخشەی ژمارەی هەژارانی جیهان کە ڕۆژانە بەکەمتر لە ٢ دۆلار دەژین. لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ تا ٢٠٠٥، بە ملیۆنان کەس

| | ژمارەی هەژارانی جیهان کە ڕۆژانە بەکەمتر لە ٢ دۆلار دەژین، بەملیۆنان کەس | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٨١ | ١٩٨٧ | ١٩٩٣ | ١٩٩٩ | ٢٠٠٥ |
| وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان | ٢,٥٤٢ | ٢,٦٤٦ | ٢,٨٢٨ | ٢,٨٧٥ | ٢,٥٦٤ |

ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| باشووری ئاسیا | ٧٩٩ | ٨٨١ | ٩٥٠ | ١,٠٣١ | ١,٠٩٢ |
| هیندستان | ٦٠٩ | ٦٦٩ | ٧٣٥ | ٧٨٣ | ٨٢٨ |
| پاسیڤیک و ڕۆهەڵاتی ئاسیا | ١,٢٧٨ | ١,٢٣٨ | ١,٢٦٢ | ١,١٠٥ | ٧٢٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چین | ٩٧٢ | ٩٠٧ | ٩٢٦ | ٧٧٠ | ٤٧٤ |
| ئەمەریکای لاتین و کاریبیک | ٢٩٤ | ٣٥١ | ٤٢٣ | ٥٠٩ | ٥٥٦ |
| پاسیفیک و رۆهەڵاتی ئاسیا | ٩٠ | ١٠٣ | ٩٦ | ١١١ | ٩٤ |
| باکوری ئەفریقیا و رۆهەڵاتی ناوەڕاست | ٤٦ | ٤٧ | ٤٨ | ٥٢ | ٥١ |
| ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ٣٥ | ٢٥ | ٤٩ | ٦٨ | ٤٢ |
| | | | | | |
| وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەبێ وڵاتی چین | ١,٥٧ | ١,٧٣ | ١,٩٠ | ٢,١٠ | ٢,٠٩ |

نەخشەی ڕێژەی ئەو کەسانەی کە رۆژانە کەمتر لە ٢ دۆلار دەژین
لە چاو دانیشتوانی وڵاتدا

| | ڕێژەی ئەو کەسانەی کە رۆژانە بە کەمتر لە ٢ دۆلار دەژین لە چاو دانیشتوانی وڵاتدا | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٨١ | ١٩٨٧ | ١٩٩٣ | ١٩٩٩ | ٢٠٠٥ |
| وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان | ٦٩.٤ | ٦٤.٣ | ٦١.٦ | ٥٧.١ | ٤٧.٠ |

ئەویش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| باشووری ئاسیا | ٨٦.٥ | ٨٣.٩ | ٧٩.٧ | ٧٧.٢ | ٧٣.٩ |
| هیندستان | ٨٦.٦ | ٨٣.٨ | ٨١.٧ | ٧٨.٤ | ٧٥.٦ |
| پاسیفیک و رۆهەڵاتی ئاسیا | ٩٢.٦ | ٨١.٦ | ٧٥.٨ | ٦١.٨ | ٣٨.٧ |
| چین | ٩٧.٨ | ٨٣.٧ | ٧٨.٦ | ٦١.٤ | ٣٦.٣ |
| باشووری سەحرای ئەفریقیا | ٧٣.٨ | ٧٤.٠ | ٧٥.٩ | ٧٧.٦ | ٧٢.٩ |
| ئەمەریکای لاتین و کاریبیک | ٢٤.٦ | ٢٤.٩ | ٢٠.٧ | ٢١.٨ | ١٧.١ |
| باکوری ئەفریقیا و رۆهەڵاتی ناوەڕاست | ٢٦.٧ | ٢٢.٧ | ١٩.٨ | ١٩.٠ | ١٦.٩ |
| ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ٨.٣ | ٥.٦ | ١٠.٣ | ١٤.٣ | ٨.٩ |

لە ١٣٪ی دانیشتوانی جیهان، کە دەگاتە ٨٨٠ ملیۆن کەس، ساڵی ٢٠٠٨ دەستیان بە ئاوی پاک نەدەگەیشت. هەرچەندە ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی ئەو کەسانە دەگەیشتە ١٧٪ و ساڵی ١٩٩٠ ڕێژەیان دەگەیشتە ٢٣٪ی دانیشتوانی جیهان.

ئەم پێشکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وڵاتی هیند و چین، کە زۆرترین دانیشتوانیان هەیە لە جیهاندا، کۆمەڵێک ریفۆرمی باشیان لە بواری ئاوی پاک و ئاوەڕۆوە کردووە. لە کاتێکدا لە چین لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٨، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ئاوی پاکیان دەست دەکەوت، ٦٧ ٪ وە بۆ ٨٩ ٪ بەرز بووەوە. بەڵام لە وڵاتی هیند لە نێوان هەمان کاتدا (١٩٩٠ تا ٢٠٠٨)، ڕێژەکە لە ٧٢٪ بۆ ٨٨٪ بەرز بووەوە. لە کۆی گشتیی دانیشتوانی جیهان ٥,٩ ملیارد کەس، بۆ گەیشتن بە ئاوی پاکی خواردنەوە، دوو لەسەر سێی ماڵەکان یان کێڵگەکان لە جیهاندا، بەلوعەی ئاو و یان سیستەمی لوولەی ئاوی پاکیان نییە.

تەنیا لەو وڵاتانەی کە ئابووریيان بەهێزە (مەبەست ئەمەریکای باکور و ڕۆژئاوای ئەوروپا و ژاپۆن و کۆریای باشوور و کەنداوی فارسی. وەرگێڕ) بەشێکی زۆری خەڵکی بەئاسانی دەستی بەئاوی پاک دەگات.

لە ساڵی ٢٠٠٨ لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا (جیهانی سێیەم)، لە ١٦٪ی دانیشتوان دەستیان بەئاوی پاک نەدەگەیشت. لە لادێکاندا ئەم ڕێژەیە بەرزترە دەگاتە نزیکەی ٢٤٪ی خەڵکی. هەر لە هەمان ساڵدا (٢٠٠٨) لە ناوچەی باشووری سەحرای ئەفریقیا، لە ٤٠ ٪ی خەڵکی ئەم ناوچەیە ئاوی پاکیان نەبوو. نزیکەی ٣٣٠ ملیۆن کەس لەم ناوچەیەدا، ئاوی پاکی خواردنەوەیان نییە. ساڵی ٢٠٠٨ لە هەندێک دەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا، زۆرینەی خەڵکی دەستیان نەدەگەیشتە ئاووی پاکی خواردنەوە، لە سۆماڵیا ڕێژەکە زیاترە دەگاتە ٧٠٪ی دانیشتوان.

ساڵی ٢٠٠٨ تەنیا ٧٥٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا سیستەمی ئاوەڕۆ و پیساييیان(الصرف الصحي) بەکار دەهێنا، یان دەبووایە لەگەڵ خەڵکی تر لە ماڵێکی تردا سوودیان لە سیستەمی ئاوەڕۆ وەرگرتایە. هەر لە هەمان ساڵدا نزیکەی ٢,٦ ملیارد کەس، کە دەگاتە ٣٩٪ی دانیشتوانی جیهان، بەهیچ شێوەیەک نە سیستەمی فڕێدانی پیسایی (زێراب) و نە سیستەمی ئاوەڕۆیان نەبوو.

لەناوچەی باشووری سەحرای ئەفریقیا و باشووری ئاسیا، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دەستیان بەسیستەمی ئاوەڕۆ و پیسایی ناگات، ٦٩٪ی دانیشتوان پێک دەهێنن. ساڵی ٢٠٠٨ ڕێژەی ٧٢٪ی ئەو کەسانەی کە سیستەمی ئاوەڕۆ و پیسایی نەبوو، دەکەوتە ناو کیشوەری ئاسیاوە، کۆی گشتیی دەگەیشتە نزیکەی ١,٩ ملیارد کەس، لەناو ئەوانیشدا نزیکەی ٨١٥ ملیۆنی دەکەوێتە وڵاتی هیندستانەوە. تەنیا لە وڵاتە ئابوورییە بەهێزەکان (پێشکەوتووەکان)دا، بەشێکی زۆری

خەڵکی بەئاسانی دەستی بەسیستەمی ئاوەڕۆ و پیسایی دەگات، کە دەتوانین بڵێین (٩٩٪ی دانیشتوان).

نەبوونی ئاوی پاک و بەکار نەهێنانی پاکوتەمیزی لە ئاوی خواردنەوەدا، هۆکاری سەرەکین بۆ مردنی منداڵان لە جیهاندا. لە هەر شوێنێکدا ئاوی پاکی خواردنەوە و سیستەمی ئاوەڕۆی باش نەبێت، نەخۆشی بەشێوەیەکی خێرا بڵاو دەبێتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی UNICEF سێیەکی ٣/١ هەموو ئەو منداڵانەی کە پێش ٥ ساڵی دەمرن، لەبەرئەوەیە کە ئاوی پاکی خواردنەوەیان نییە. هەروەها نەبوونی سیستەمی ئاوەڕۆ و پیسایش ڕۆڵی هەیە. وا مەزندە دەکرێت، کە ڕۆژانە ٥ هەزار منداڵ دەمرن، بەهۆی ئەوەی کە ئاوی پاکی خواردنەوەو نەبوونی سیستەمێکی باشی ئاوەڕۆ و پیسایییان نییە.

ئاوی پاکی خواردنەوە تەنیا لە ڕێگەی سەرچاوە سروشتیەکانەوە دابین ناکرێت، بەڵکە لە ڕێگەی داراییەوە دەتوانیت ڕێگەچارەی تر بدۆزیتەوە بۆ نموونە: دروستکردنی بەنداو، پاکژکردنەوەی ئاوەڕۆ (ئەمڕۆ لە ڕێگەی تەکنیکی نوێوە، مرۆڤ دەتوانێت سوود لە ئاوی زێراب و پاشەڕۆی پیسایی وەربگرێت، جارێکی تر لە ڕێگەی فلتەری تایبەتییەوە، ئاوی پاکی لێ دەربهێنێت. دیارە وڵاتانی ئەوروپا و ژاپۆن و تەنانەت چین و کۆریای باشووریش، دەستێکی باڵایان لەم زانستەدا هەیە. وەرگێڕ)، یان بەکارهێنانی مزەخەی گەورەی ئاوی بۆ دەرهێنانی ئاوی سروشتی و چەندان ڕێگەی تر.

(ئەمڕۆ بەشێکی زۆری وڵاتانی کەنداوی فارسی، لە ڕێگەی پاکژکردنەوەی ئاوی دەریاوە لە ڕێگەی کارگەی تایبەتییەوە، ئاوی پاکی خواردنەوەیان دەست دەکەوێت. دیارە ئەم ڕێگەیەش لە رووی ئابوورییەوە زۆری تێ دەچێت. وەرگێر).

نەخشەی ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان کە ئاوی پاکی خواردنەوەیان دەست دەکەوێت
لە جیهاندا. ساڵی ٢٠٠٨

| | ڕێژەی ئەو خەڵکانەی کە ئاوی پاکیان دەست دەکەوێت | | | دانیشتوان بە هەزاران کەس |
|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | وڵات | شار | |
| جیهان | ٩٦ | ٧٨ | ٦١,٦ | ٦,٧٤٩,٨٧٢ |
| وڵاتە پێشکەوتووەکان | ١٠٠ | ٩٨ | ١٠٠ | ١,٠٢٨,٥٢٠ |
| وڵاتانی تازەپێگەیشتوو | ٩٤ | ٧٦ | ٨٤ | ٥,٤٤٤,٥٣٣ |
| ئەمەریکای لاتین و کارییبیک | ٩٧ | ٨٠ | ٨٠٩٣ | ٥٧٦,١٠٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| باکوری ئەفریقیا | ٩٥ | ٨٧ | ٩٢ | ١٦٤,٤٦٦ |
| رۆژئاوای ئاسیا | ٩٦ | ٧٨ | ٩٠ | ٢٠٧,٩٩١ |
| رۆژهەڵاتی ئاسیا | ٩٨ | ٨٢ | ٨٩ | ١,٤١٩,٥٣٢ |
| باشووری ئاسیا | ٩٥ | ٨٣ | ٨٧ | ١,٦٦٨,٧٤٦ |
| باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا | ٩٢ | ٨١ | ٨٦ | ٥٧٥,٦٢٦ |
| باشووری سەحرای ئەفریقیا | ٨٣ | ٤٧ | ٦٠ | ٨٢٢,٤٣٦ |
| زەریاکان | ٩٢ | ٣٧ | ٥٠ | ٩,٦٣٣ |

نەخشەی ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان کە سیستەمی ئاوەڕۆیان دەست دەکەوێت
لە جیهاندا ساڵی ٢٠٠٨

| | ڕێژەی ئەو خەڵکانەی کە سیستەمی ئاوەڕۆیان دەست دەکەوێت | | | دانیشتوان بە هەزاران کەس |
|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ولات | شار | |
| جیهان | ٧٦ | ٤٥ | ٦١ | ٦,٧٤٩,٨٧٢ |
| ولاتە پێشکەوتووەکان | ١٠٠ | ٩٦ | ٩٩ | ١,٠٢٨,٥٢٠ |
| ولاتانی تازەپێگەیشتوو | ٦٨ | ٤٠ | ٥٢ | ٥,٤٤٤,٥٣٣ |
| ئەمەریکای لاتین و کاریبیک | ٨٦ | ٥٥ | ٨٠ | ٥٧٦,١٠٢ |
| باکوری ئەفریقیا | ٩٤ | ٨٣ | ٨٩ | ١٦٤,٤٦٦ |
| رۆژئاوای ئاسیا | ٩٤ | ٦٧ | ٨٥ | ٢٠٧,٩٩١ |
| رۆژهەڵاتی ئاسیا | ٦١ | ٥٣ | ٥٦ | ١,٤١٩,٥٣٢ |
| باشووری ئاسیا | ٥٧ | ٢٦ | ٣٦ | ١,٦٦٨,٧٤٦ |
| باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا | ٧٩ | ٦٠ | ٦٩ | ٥٧٥,٦٢٦ |
| باشووری سەحرای ئەفریقیا | ٤٤ | ٢٤ | ٣١ | ٨٢٢,٤٣٦ |
| زەریاکان | ٨١ | ٤٥ | ٥٣ | ٩,٦٣٣ |

## برسێتی و بەدخۆراکی

دیارە زۆر زەحمەتە کە بڕیار لەسەر ئەوە بدەیت، کە ئاخۆ چەندە دیاردەی گلۆبالیزم، کاریگەری بەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. بۆ زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری لۆکاڵی و کاریگەری بڕیارە هەڵەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی لە وڵاتێکدا. بەڵام ئەوەی کە بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە: هەرچەندە کێشەکە لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراویشدا بێت، بەڵام کێشەکە دەبێتە کێشەیەکی گلۆبال (جیهانی). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کاتێک بمانەوێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، ئەوا تەنیا لە ئاستێکی جیهاندا دەتوانین کێشەکە چارەسەر بکەین. (مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە ئەم کێشەیە بەتەنیا بەدەوڵەتێک چارەسەر ناکرێت، بەڵکە دەبێت هەموو دەوڵەتانی جیهان ڕێگە و چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە، چونکە کێشەکە هەموو جیهان دەگرێتەوە نەک یەک دەوڵەت. وەرگێڕ).

لەکێشەکانی جیهانی ئەمڕۆماندا، برسێتی لە پێش هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە دێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پێکەوە کارکردن لە بواری ئابووری و گەشەپێدان BMZ (ئەم وەزارەتە کاری یارمەتیدان و هاوکاریکردنی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمە. وەرگێڕ). لە هەر ٣,٥ سانیەیەکدا، مرۆڤێک بەهۆکاری برسێتی و بەدخۆراکی دەمرێت. کە دەگاتە سەروو ١٠ ملیۆن کەس لە ساڵێکدا.

دیارە لەم ڕێژەیەدا نیوەی زۆریان منداڵانن، کە هێشتا تەمەنی ٥ساڵانیان تەواو نەکردووە. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی هێندەی بەدەستی برسێتییەوە دەناڵێنێت، هێندە بەدەست نەخۆشیەکانی ئایدز و مەلاریا و سیلەوە گیرۆدە نەبووە.

پاش ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٨٠، ژمارەی بەدخۆراکی لە جیهاندا کەم بووەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە پاش ساڵانی نەوەتەوە ژمارەکە زۆرتر بووەوە. بەپێی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهان Food and Agriculture Organization of the United Nations (FAO)، لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکاندا، ژمارەی بەدخۆراکی (برسێتی) لە جیهاندا گەیشتە ٨٢٥ ملیۆن کەس. پاش دە ساڵی تر (واتە ٢٠٠٥) ژمارەی بەدخۆراکی گەیشتە ٨٧٠ ملیۆن کەس. لە هەمووی خراپتر هەتا ساڵی ٢٠٠٨ نرخی خۆراک لە جیهاندا بەرز بووەوە، ژمارەی

بەدخۆراکیش ڕوو لە زیادبوون بوو. ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەکە گەیشتە ٩٢٠ ملیۆن کەس. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر دەبوو، تا ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی بەدخۆراکی و برسێتی لە جیهاندا گەیشتە ١,٠٢ ملیارد کەس. لە پاش ساڵی ١٩٧٠ەوە ئەمە بەرزترین پلە و زۆرترین ژمارەی برسێتی و بەدخۆراکییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

لەو ١,٠٢ ملیارد کەسە کە برسین، ڕێژەی ٦٣,١٪یان لە ناوچەی ئاسیا و پاسیفیک دەژین، لە ١.٢٦٪ یان لە ناوچەی باشووری سەحرای ئەفریقیادا دەژین، ٥,٢ ٪یان لە کیشوەری ئەمەریکای لاتین و ناوچەی کاریبیک دەژین، لە ١،٤یان لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا دەژین، تەنیا لە ١,٥یان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەژین. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦ بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهان Food and Agriculture Organization of the (United Nations, FAO، نیوەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە برسین لە جیهاندا، لە سێ وڵاتدا دەژین، ئەوانیش برێتین لە : ١- هیندستان (کە ڕێژەی ٢٨،٨٪ برسیی جیهانی لێیە) ٢- وڵاتی چین ( ڕێژەی ١٤,٦٪ دێت) ٣- کۆماری کۆنگۆی دیموکرات (ڕێژەی ٥٪ بەردەکەوێت). لە پاش ئەمانیش ١/٦ برسییەکانی جیهان لەم ٤ وڵاتانە دەژین : ١- بەنگلادیش. ٢- ئەندەنووسیا. ٣- پاکستان ٤- ئەسیوپیا.

هەرچەندە ژمارەی برسییەکان لە جیهاندا زیادی کردووە، بەڵام ڕێژەی برسییەکان لە چاو دانیشتوانی جیهاندا کەمتر بووەتەوە، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوان لە چاو ژمارەی برسییەکان زۆر زیاتر بووە. لەگەڵ ئەوەی ژمارەی برسییەکان لەم ٥ ساڵەی دواییدا زۆر زیادی کردووە، بەهەمان شێوەش ڕێژەی برسی و بەدخۆراکییەکانیش لەناو دانیشتوانی جیهاندا ڕوو لە زیادبوونە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (فاو FAO) ساڵی ٢٠٠٤ ڕێژەی برسییەکان لە ١٣٪ی دانیشتوانی جیهان بوون، بەڵام پاش ٢ ساڵی تر واتە ٢٠٠٦، ئەم ڕێژەیە بۆ ١٥٪ بەرز بووەتەوە.

خەڵکانێکی زۆر لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا (جیهانی سێیەم)، هیچ ڕێگەیەکیان دەست ناکەوێت تا بەباشی خۆراکیان دەست بکەوێت. ڕاستە شمەکە خۆراکییەکانی وەکو (برنج، گەنم، زەڕات) وزەیەکی (energy) باشی تێدایە، بەڵام ئەمانە ناتوانن هەموو ئەو وزە و پێویستییانە دابین بکەن، کە لەشی مرۆڤ پێویستیەتی. هەر بۆیە بەدخۆراکی زۆرجار بە (برسێتیی هێواش) دادەنرێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان (World Health Organization WHO) لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، ١/٣ی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە کێشەی کەم ڤیتامینی و کەمی مادە مەعدەنییەکانی وەکو (ئاسن، یۆد، ڤیتامین A، فافۆن" "Zinc هەیە.

برسێتی و بەدخۆراکی تەنیا لە ئەنجامی کارەساتە سروشتییەکان و شەڕی چەکداری دروست نابێت. ئەو هۆکارانە (مەبەست کارەساتی سروشتی و شەڕی چەکداری. وەرگێڕ) تەنیا ١٠٪ هۆکاری دروستبوونی برسێتین لە جیهاندا. بەڵکە لە حاڵەتێکی زۆردا، کۆمەڵێک فاکتەری گرینگی

تر هەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی کێشەی برسێتی. بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پێکەوە کارکردن لە بواری ئابووری و گەشەپێدان BMZ، فاکتەرە سەرەکییەکانی کێشەی برسێتی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کردووە:

١- هەژاری:

پێش هەموو شتێک برسێتی بەرهەمێک نییە، بەڵکە پێوەندیی بەکێشەی داهاتی تاکەوە هەیە. سیاسەتێکی خراپی ئابووری و سیاسی کە دەبێتە هۆی (بەرزبوونەوەی قەرزداری، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها کەمبوونەوەی سەرمایەگوزاری بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵدا). هەروەها بوونی سیاسەتێکی خراپ لە بوارەکانی، فێربوون، تەندروستی، ژێرخانی ئابووری. ئەمانەش هۆکارن بۆ هەژاری.

٢- سیاسەتی پارێزگاریکردن لە بەروبوومی خۆماڵی

بوونی سیاسەتێکی خراپی بەناو (پارێزگاریکردن لە بەروبوومی کشتوکاڵی)، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەکار دێت. ئەم یارمەتیدانەی حکوومەت وای کردووە، کە لە وڵاتە هەژارەکاندا، بەرهەمی نیشتمانیی کشتوکاڵی نەمێنێت. (لێرەدا مەبەست لەوەیە، ئەو سیاسەتە خراپەی بۆ نموونە ئەوروپا و ئەمەریکا بۆ یارمەتیدانی جووتیارەکانی خۆیان دایدەنێن، تاوەکو بتوانن کێبەرکێی بەرهەمی دەرەکی بکەن. لەم سیاسەتەدا بە ملیاران دۆلار بۆ پشتگیری لە جووتیاران دانراوە. جگە لەوەش ناهێڵرێت، بەرهەمی وڵاتە هەژارەکان بهێنرێتە ناو بازاڕەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا، بەم شێوەیەش بەروبوومی کشتوکاڵی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ناتوانێت بازاڕ بۆ خۆیان بدۆزنەوە و بەرهەمەکانیان بفرۆشن. هەر بۆیە بەشێکی زۆری بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لەناودەچن. وەرگێڕ) ئەم سیاسەتە کە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بەکار دێت، بەتایبەت بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی کە زۆرجار ناهێڵرێت یان ڕێگە لە نرخی ئاسایی و کێبەرکێ دەگرێت ئەویش لە ڕێگەی (کوالیتی بەرهەمەکان، دانانی سنوورێک بۆ هێنانی بەرهەمی بیانی)، بەم شێوەیەش ڕێگە لە هاتنی بەرهەمەکانی وڵاتانی جیهانی

سێیەم دەگرن تا بێنە ناو بازارەکانی خۆیانەوە.

٣- نەبوونی هۆکاری بەهێزکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەکو (ئامێری کشتوکاڵی، یان کێڵگەی دەستکردی کشتوکاڵی، پەینی کیمیاوی)

٤- خراپی لە بەکارهێنانی زەوی و نایەکسانی لە دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا. هەر بۆیە کێشەی 'Land Grabbing دروست دەبێت. (واتە داگیرکردنی زەوی، ئەم کێشەیە زیاتر لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بەتایبەت بەرازیل هەیە، کاتێک کۆمەڵێک جووتیاران پێکەوە زەویی یەکێک لە کۆمپانیایەکی گەورە یان دەوڵەمەندێک داگیر دەکەن... وەرگێڕ)

کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتی وڵاتە پێشکەوتووەکان دێن سەرمایەگوزاری لە وڵاتێکی تازەپێگەیشتوودا دەکات، لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەسەڵاتداری خۆماڵییەوە، زەوییەکی فراوانی کشتوکاڵی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، کە لە ڕێگەی تاپۆیەک یان عەقدێکی حکومەتییەوە، ئەم زەوییانە داگیر دەکات، بۆ ئەوەی لەو زەوییانە ئەو بەرهەمانە بچێنێت کە قازانجی ئابوورییان زۆرە بۆ نموونە ئەو بەرهەمانەی کە وەکو وزە بەکار دێن وەکو (گەنم، سۆیا).

٥- تێکچوونی زەویوزار و پیسبوونی ژینگە

بەروبوومی کشتوکاڵی بەهۆی خراپبوونی زەویی کشتوکاڵی (زیاد لە پێویست بەکارهێنانی زەوی، خراپیی سیستەمی ئاودانی کشتووکاڵی، خراپیی سیستەمی چاندن)، هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی نوێ لەو ناوچانەی کە ئاویان نییە بۆ ئەوەی سەحرا سەوز بکرێت. ساڵانە وا مەزندە دەکرێت ١٢ ملیۆن هێکتار زەوی خراپ دەکرێت یان لەناو دەبرێت.

٦- گۆڕانی ئاووهەوای جیهان

کەمبوونەوەی ڕێژەی بارانبارین لەکاتی وەرزی باراندا، یان دروستبوونی وشکەساڵی. بەتایبەت لەو شوێنانەی کە هێشتا پشت بە کشتوکاڵی تەقلیدی دەبەستن، کاریگەری ئێجگار زۆر لە بەروبوومی کشتوکاڵی دەکات.

٧- بەکارهێنانی زەویی کشتوکاڵی بۆ چاندنی ئەو بەرهەمانەی کە وزەیان لێ دروست دەکرێت.

ئەمە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەویی کشتوکاڵی کەمتر دەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە نرخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بەرز ببێتەوە. (بۆ نموونە لە وڵاتی بەرازیل، زەوییەکی ئێجگار فراوانی کشتوکاڵی، بۆ بەرهەمهێنانی قامیشی شەکر و سۆیا داگیر کراوە، بەڵام ئەم بەرهەمە دەنێرێت بۆ ئەمەریکا بۆ ئەوەی وزەی لێ دروست بکەن... وەرگێڕ)

٨- شەڕی سەربازی

بەتایبەت پەناهەندەکان کێشەی نەبوونی خواردنیان زۆرە. لە پەنا ئەمەشدا، زەوی، هەوا، ئاو، پیس دەبێت و ژێرخانی ئابووریش تێک دەچێت. بوونی (مین، ئەلغام) کە دەبێتە هۆی ئەوەی پاش

چەندان ساڵیش کاریگەری بمێنێتەوەو نەهێڵێت ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵی بکرێت.

٩- کارەساتی سروشتی

وەکو (بورکان، بلەرزە، گەردەلوولی بەهێز، لافاو) ئەمانە دەبنە هۆی تێکچوونی زەویی کشتوکاڵی و کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر و لەناوچوونی بەرهەمی کۆتایی (خەرمان)ی کشتوکاڵی . خاوەن کێڵگە بچووکەکان و جووتیارە کەمدەرامەتەکان، بۆ ماوەیەکی زۆر بەرهەمیان کەم دەبێتەوە. هەروەها زۆرجار کارەساتی سروشتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەی ئابووری دروست بکات، لەوانەیە لە شارەکاندا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی تاک، لە ئەنجامیشدا برسێتیی گشتیی لێ بکەوێتەوە. (بۆ نموونە لە کاتی کارەساتی تسوونامی کە هەموو باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیای گرتەوە، یان کارەساتی لافاو لە هایتی و پاکستان، بوو بەهۆی ئەوەی برسێتی ڕوو بکاتە ئەم ناوچانە... وەرگێڕ)

**تێبینی لەسەر دەستەواژەی (برسێتی و بەدخۆراکی)**

بەپێی بۆچوونی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهان FAO، کاتێک بە مرۆڤێک دەڵێین برسی، واتە ئەو کەسە ئەو خواردنەی کە هەیەتی، کەمترە لەوەی کەبۆ ڕۆژێک پێویستییەتی، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوامی بەژیان و پارێزگاریی جەستەی بکات، تا ڕۆژانە کاری ئاساییی خۆی جێبەجێ بکات. جێگەی ئاماژەیە زۆرجار دەستەواژەی (برسێتی) لەگەڵ دەستەواژەی (بەدخۆراکی) هەمان مەبەست دەگەیەنێت.

سەرچاوە:

Soziale probleme. Globalisierung. www. Bpb.de.

# داهاتووی هێزی ئەمەریکایی(١)
# لە بەرچاوگرتنی باڵادەستی نوشستی

جۆزیف س. نایە جونیەر

کە سەدەی بیست و یەک هات، سەرچاوەکانی دەسەڵات زۆر بە نایەکسانی بەش بووبوو. سەرجەم دانیشتوانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێنج یەکی دانیشتوانی هەموو دنیا پێک دێن، کەچی نێزیکەی چارەکی بەرهەمی ئابووریی هەموو دنیا لەوێ چڕ بووەتەوە و هەر ئەویش نێزیکەی نیوەی خەرجییە سەربازییەکانی لە ئەستۆدایە و نەرمترین سەرچاوە چڕەکانی نەریت و پەروەردەی هەیە. ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام هێشتا پاشەڕۆژی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر مشتومڕێکی گەرمی لەبارەوە دەکرێ. زۆر لە چاودێران قەیرانە دارایییە جیهانییەکەی ٢٠٠٨، بە دەستپێکی لێژبوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەزانن. بۆ نموونە، ئەنجوومەنی هەواڵگری نیشتمانیی پێشبینی ئەوەی کرد کە لە ٢٠٢٥، "وڵاتە یەکگرتووەکان هەر بە هێزێکی زل دەمێنێتەوە، بەڵام باڵادەستی ئەمەریکا فرە پووچ دەبێتەوە."

هێز ئەو توانستەیە کە ئەو بەرئەنجامانە بۆ ئەو کەسە دەهێلێتەوە کە خۆی گەرەکییەتی و ئەو سەرچاوانەی کە ئەم هێزەش وەبەرهەم دێنن فرە لە یەکترییەوە جودان. ئەسپانیا لە سەدەی شازدەم سوودی لە کۆنترۆڵکردنی کۆلۆنیالەکان و لە گرانیی بەهای زێڕ وەرگرت. هۆڵەنداش لە سەدەی حەڤدەمین، قازانجی لە بازرگانی و دارایی وەدەست هێنا و فرەنساش لە سەدەی هەژدەم دەسەڵاتی لە ژمارەی زۆری دانیشتوان و لە سوپایەکانی دەرکێشا و شانشینی یەکگرتووش لە سەدەی نۆزدەمین، هێزی لە پێشکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی و هێزە دەریایییەکەی پەیدا کرد. ئەم سەدەیەش بە گەشەکردنی شۆڕشی بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و جیهانگەرییەوە ناوی دا. بۆ ئەوەی لەو شۆڕشە تێ بگەین هەندێ کۆسپ و تەگەرەی دیار هەیە کە دەبێ لێیان دوور بکەوینەوە.

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

یەکـەم: پێویسـتـە مـرۆ ئاگەدار بێ و بەلێژبوونەوەی داڕێژراو فـریو نەخـوات. دەوڵەتان نە وەک مـرۆڤن چونکە دەگـونجێ داهـاتووی دەوڵەتـان پێشـبـینی بکرێ. دەوڵەتی ڕۆم سێ سـەدە لە دوای ئەوەی هێـزە زلەکـەی خـۆی لە دەسـت دا، هەر مـا و ڕێگەشی نەدا دەوڵەتێکی تر پەیدا ببێ. بەپێی هـەمـوو ئەو پێشـبـینییـە گونجاوانـەی دەکرێن سـەبارەت بەوەی کە لـە چەند دەیە سـاڵی داهـاتوودا، چین یان هیندسـتـان یان برازیل دەست لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەسـتـێنن، مـەترسی گـەورە ڕەنگە لەوانەوە نەبێ، بگرە لـە یاریزانە ناشـارستـان و بێ دەوڵەتانەوە بێ. لـە دنیایەک کـە لەسـەر بناخـەی زانیاری دروست بووە، بڵاوبوونەوەی هێز ڕەنگە لە گواستنەوەکەی خەتەرتر بێ. حیکمەتی تەقلیدی وا دەگـەیەنێ کـە ئەو دەوڵەتەی (یان ئەو یاریزانە بێ دەوڵەتەی)، لەم زەمـانـە پڕ زانیـارییـەدا، بەهێزێکی زەبەلاحەوە ڕێشمەی دەوڵەت بە دەستەوە دەگرێ ڕەنگە هەندێ جاران سەرکەوێ.

ئەمڕۆ هێز بەشـێوەیەک دابەش بـووە کە لە یارییـەکی شـەترنجی سێ لایەنەی ئاوێتە دەکا. لەلای سـەرەوەی تەختـەی شـەترەنجەکەدا، بە زۆری هێزی سـەربازی یـەک جەمسـەری لێیـە و ڕەنگە وڵاتە یەکگرتووەکان تا مـاوەیەکی تریش جەڵەوەکـەی هەر لە دەسـتدا بمێنێ. لە ناوەڕاسـتی تەختـەی شـەترنجـەکەشدا، لە دە سـاڵ پترە، هێزی ئابووری فرە جەمسـەر ماوەتەوە و وڵاتـە یەکگرتووەکان و ئەوروپا و ژاپۆن و چین یاریزانـە گـەورەکـەی ئەم ناوەندە ئـابوورییـەن و هیی تریش هەن خـەریکە بایەخی خۆیان دەبێ. لای خوارەوەی تەختـەکەش، مەیدانی جلیتانێی پێوەندییـە هاوبەشـەکانە. لێرە ئاکتـەری بێ دەوڵەتی وەک ئەو بانکەوانە جـیـاوازانەی کـە بە ئەلیکتـرۆنی پارە دەگـۆزنەوە و تیرۆریسـتیش هەنە کە چەک دێنن و دەبەن و هاکەر "hackers"ەکانیش لەلای خـۆیانەوە هەڕەشـە لە ئاسـایشی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر دەکەن و مـەترسی تری وەک نەخۆشییە درمـەکان و کەشگۆڕیش ڕێگری دەکـەن. لەم لایـەی بنەوەی تەخـتـەکـەدا، هـێـز بە بەرفـرەیی بڵاو بووەتەوە و وای کـردووە حیکمەت لەوەدا نەماوە نە باسی یەک جەمسـەری نە فرە جەمسـەری نە دەسەڵاتی باڵا بکرێ.

دەشێ هەسـتانەوەی چین و هیند ناسـەقامگیری پەیدا بکا، بەڵام ئەمە گرفتێکە پابەندی شـێوەی پەیڕەوکردنەکەیەتی.

سـەبارەت بە سیاسـەتی هەرێمی، لە هـەموو بنەمایەکان گرینگتر ئەوەیە کە ئاسیا لەسـەر ستاژی جیهـانیدا بەردەوام بێ. لە ١٧٥٠ ئاسیا پتر لە نیوەی هـەموو دانیشـتوانی سـەر زەمـینی تێدا دەژیا و پتـر لە نیوەی داهـاتی ئابووریشی هەبوو. لە ١٩٠٠ پـاش شـۆڕشی پیشـەسـازی لە ئەوروپا و لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بەشـی ئـاسیا بۆ پێنج یەکی داهـاتی ئابووریی دنیا دابەزی. لە ٢٠٥٠ ئاسـیـا دەچێتەوە سـەر ڕێگەی جـارانی و بەشـە مێژووییـەکەی خـۆی لە ژمـارەی دانیشـتـوان و لە داهـاتی ئابووریی دنیـادا، وەدەست دێنێتـەوە. ڕەنگە هەسـتـانی چین و هیندسـتـان ناسـەقـامگیـری لێ پەیدا ببێ، بەڵام ئەمە گرفتێکە پێوەندیی بە پێڕەوکردنییەوە هەیە و مێژووش پێشنیـازی ئەوە دەکا چۆن سیاسـەتەکان دەتوانن کار لە بەرئەنجامەکاندا بکەن.

## نشوستیی زاڵبوون؟

کارێکی ڕێکە ئەگەر هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئێستا دەگەڵ ئەوە بەراورد بکەین کە شانشینی یەکگرتوو قەرنێک بەر لە ئێستا هەیبوو و بەو پێیە پێشبینی بکەین کە باڵاهێزی وڵاتە یەکگرتووەکانیش وەک ئەوەی بەریتانیا کز ببێتەوە. کاردانەوەی هەندێ لە ئەمەریکاییەکان لە بەرانبەر دامرکانەوەی هێزسالارییان ماکی سۆزی پێوە دیارە، بەڵام ئەگەر وا مەزەندە بکەین کە وڵاتە یەکگرتووەکان تا هەتایە سەرچاوەکانی وزەی بە دەستەوە دەبێ، ئەمە بە دوورە لە عەقڵ و بەپێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەکانیشە. "لێژبوونەوەی" دنیا دوو لایەنی دووریی تێکەڵی یەکتری دەکا: لێژبوونەوەی مەتڵەق، بە واتەی ڕزی بوون، و لێژبوونەوەی نیسبی، لێرەش سەرچاوەکانی وزەی دەوڵەتەکانی تر گەشە دەکات یان بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر بەکار دەهێنرێ.

پێوەری غلۆربوونەوەی بەریتانی پێوەرێکی فریودەرە. مەملەکەتی موتەحیدە باڵاهێزی دەریایی و ئیمپایەرێکی هەبوو کە خۆری لێ ئاوا نەدەبوو. بەڵام لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی، لەلایەنی ژمارەی چەکدارانی لەشکر و پوختەی داهاتی ناوەخۆ GDPیەوە، وڵاتەکە کەوتە پێیەی چوارەمی زلهێزەکانی دنیا و لە بواری خەرجیی سەربازیشەوە لە پەیژەی سێیەمین کەوتەوە. چونکە هێزی نەتەوەگەری سەری هەڵدا، پاراستنی ئیمپایەرەکە بووە ئەرک و لە سندووقی سەرمایە نەما. ئەگەر هەموو ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکایی تەماشا بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری جوولانەوەیدا، ئازادی پتری لە شانشینی یەکگرتووەوە هەیە. ئەوەشمان با هەر لە یاد بێ کە دراوسێیەکانی شانشینی یەکگرتوو، لەوانە ئەڵمانیا و ڕووسیا، لێی قیت بوونەوە، کەچی وڵاتە یەکگرتووەکان دوو لای بە دوو زۆریای بەرینەوە گیراوە و دراوسێی لاوازیشی هەیە.

لەگەڵ ئەم هەموو جیاوازییانەی کە هەنە، هێشتا ئەمەریکاییەکان لەو باوەڕەدانە کە ڕەنگە تووشی ئەو دابەزینە ببنەوە. ئەو باپیرانەی وڵاتەکەیان دروست کردووە نیگەران بوون لەوەی خۆیان بە کۆماری ڕۆمانی بەراورد بکەن. سەدە و نیوێک بەر لە ئەمڕۆ، چارلز دیکنز دیتی کە: "ئەگەر باوەڕ بە تاکە هاووڵاتییەکان بکرێ دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان هەردەم دڵتەنگ و هەردەم مەیی و هەردەم لە تەنگژەی گەورەدا بێ و ناشێ هەرگیز غیرەز لەمە چیی تر بێ." لە نیو سەدەی ڕابردوودا پاش ئەوەی کە لە ١٩٥٧ یەکەتی سۆڤیەتی سپوتنیکی هەڵدا و پاش ئەو ڕاستکردنەوە ئابوورییانەی سەرۆک ریچەر نیکسن کردی و پاش ئەو هەژانەی لە ١٩٧٠ نەوت تووشی هێنان و لە پاشی داخستنی پیشەسازییەکانی پشتێنەی ژەنگ و کەمهێنانی بودجەی سەردەمی ڕۆنەڵد ڕێیگنەوە باوەڕی لێژکەوتنی ئەمەریکا لە جاران بەهێزتر بوو. دە ساڵ پاشتر ئەمەریکاییەکان هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە وڵاتە یەکگرتووەکان تاکە زلهێزی بێ هاوتا بوو و ئێستاش ئەو دەندانانەی دەکرێن ئەوە نیشان دەدەن کە زۆر هەن دیسان باوەڕیان وایە بەو لێژبوونەیەدا دەڕۆن.

ڕەخنەگران هەموو کات سەرکۆنەی واشنتۆن دەکەن، چونکە نەیتوانیوە کۆنترۆڵی دەوڵەتانی وەکو ئەفغانستان و ئێران بکا، کەچی هەردەم بە مەبەستی گەورەکردنی ئێستایان سوود لە ڕابردووی زێرینیان وەردەگرن. هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو هێزەی پێشان نییە، بەڵام خۆ هەرگیز هەندەش هێزێکی گەورە نەبووە وەک ئەوەی باسی دەکرا. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، وڵاتە یەکگرتووەکان چەکی ناوکی بوو و هێزی ئابووریشی بێ ئەندازەی پەرەی کرد بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانی نەهێڵێ چین "لەدەست بدا" و پێی نەکرا کۆمۆنیزم لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات تەس بکاتەوە و بۆ نەچووە سەری شەڕی کۆریا ببڕێنێتەوە و ڕێژیمی کاسترۆشی پێ لە کیوبا هەڵنەقەنا. ئەو هێزەی لە سەرچاوەدا دەپێورێ بە دەگمەن وا دەبێ وەک ئەو هێزە بێ کە لە دەرکەوتە خواستراوەکانیەوە دەپێورێ و ئەو بازنانەش کە باوەڕیان بە لێژبوونەوە هەیە پتر باری دەروونی بە دیار دەخەن لەوەی کە ڕاستی گۆڕانی سەرچاوەکان ئاشکرا بکەن. بە داخەوە، بە هەڵە تێگەیشتنی نشوستی – لە ناوەوە و لە دەرەوە – دەتوانێ هەڵەی ترسناک لە سیاسەتدا پەیدا بکا.

## چین لە هەڕمێندایە

لە دە ساڵێک پترە زۆرێک هەن چین دەپاڵێون بۆ ئەوەی پارسەنگی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان بدا یان وەپێشیشی بکەوێ. هەندێک بارەکەیان لەگەڵ سەردەمی سەرەتای سەدەی ڕابردوودا بەراورد پێ کرد، هەینێ ئیمپریالیزمی ئەڵمانی مەیدانی لە شانشینی یەکگرتوو دەخواست. تەنانەت کتێبە تازەکەی (مارتن جاک) دایناوە ناوەکەی "کە چین حوکمڕانی دنیا دەکات: کۆتایی جیهانی ڕۆئاوا و پەیدابوونی ڕێچکەڵەیەکی تازەی جیهانی"یە. گۆڵمەن ساکس پێشبینیی کردووە کە ئابووری چین لە ٢٠٢٧ پێش لە ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە.

بەڵام چین هێشتا ڕێگەیەکی دووری لە پێشدایە تا بیبڕێ بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی هێزەکەی

لەگەڵ هی وڵاتە یەکگرتووەکان پارسەنگ بکا و تا ئێستاش فرە ڕێگری لەبەردا هەیە دەبێ لایان دا بۆ ئەوەی بە ڕاستی لە هەرمێن بێ. تەنانەت ئەگەر پوختەی داهاتی ناوەخۆی چین لە دەوروبەری ٢٠٣٠ لە هیی وڵاتە یەکگرتووەکانیش پتر بێ، هێشتاکە ئەو دوو بازاڕە هاوقەبارەیە لەلایەنی داڕشتنیانەوە یەکسان نابن. چین هێشتا گەلەک ناوچەی دواکەوتووی هەیە و خەریکە کێشەی دیموگرافی (دانیشتوانی) تووش دێت، جا هەر لە کێشەی دواکەوتنی سیاسەتی خانەوادەی یەک تاکە منداڵەوە بگرە و هەوراز بەرەوە. داهاتی تاکەکەس per-capita پێوەرێکی گەشەکردنی ئابوورییە. با پوختەی گەشەکردنی داهاتی ناوەخۆی شەش لە سەدی هاووڵاتیی چینی و پوختەی گەشەکردنی داهاتی ناوەخۆی دوو لە سەدی ئەمەریکاییان لە ٢٠٣٠ بخەملێنین، ڕەنگە پوختەی داهاتی ناوەخۆی چین تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە لەگەڵ پوختەی داهاتی ناوەخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک یەکی لێ نەیێت. واتە، ڕەنگە ڕێژەی گەشەکردنی ئابوورییە سەرنجڕاکێشەکەی چین و زۆربوونی ژمارەی هاووڵاتییانی وا لە ئابووری چینی بکەن کە لە قەبارەی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە چەند دەساڵێکدا ڕەت بدا، بەڵام خۆ ئەمە وەک یەکسانبوون نییە.

دەشێ زنجیرە پێشبینییە جودایەکان مرۆ فریو بدەن و ڕێژەی گەشەکردن بەگشتی هێواش ببێتەوە کە ئابووری بە ڕادەی پێشکەوتنی پتر بگات. سیستەمە سیاسییە توندەکەی چین سەلماندوویەتی کە دەتوانێ بەرهەم لە هێزی وڵاتەکەی خۆی پەیدا بکا، بەڵام ئاخۆ میری دەتوانێ تا ماوەیەکی درێژ ئەم دەسەڵاتەی خۆی بهێڵێتەوە یان نا هێشتا لە کن سەرکردە دەرەکی و چینییەکانیش هەر وەک مەیلێک ماوەتەوە. چین وەک هیندستان نییە، چونکە هیند لەسەر بناخەی سیستەمێکی دیموکراتی دروست بوو، بەڵام چین تا ئێستاش ڕێگەیەکی نەدۆزیوەتەوە بتوانێ وەڵامێکی هاوپشککردنی سیاسی (چ جا هیی دیموکراسی) ئاوا بداتەوە کە هاوشانی پوختەی داهاتی ناوەخۆی بێ. ئاخۆ چین دەتوانێ شێوازێک پەیڕەو بکات کە بتوانێ ئیدارەی ئەو چینە ناوەندە لادێییە بدا کە خەریکە فرەوان دەبێ و نایەکسانی لە نێوان هەرێمەکاندا نەهێڵێت و هەژاری گوندنشینەکان ببڕێنێتەوە و نەهێڵێ کەمینە ئیتنییەکان چیی تر بێزاری لە دەسەڵات بکەن؟

## ئەمەریکاییەکان ڕووبەڕووی باوەڕهێنان بە شکستی خۆیان دێن

هەندێک گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە چین دەیەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مل لەبەر ملی وڵاتە یەکگرتووەکان بنێ و شوێنەکەی بگرێتەوە و پاشتریش هەموو دنیا لەژێر دەستی دەربێنێ. با ئەوەش هەڵسەنگاندنێکی وردی ئامانجەکانی ئێستای چینی بێ، (خۆ تەنانەت چینییەکان بە خۆیانیش ناتوانن بزانن بۆچوونی نەوەکانی داهاتوو چۆن دەبێ) بەڵام هێشتا گومان هەیە کە چین ئەو هێزە سەربازییەی هەبێ تا بتوانێ لە ماوەیەکی زوودا وەسا بکا. سەرکردە چینییەکانیش دەبێ کار لەگەڵ کاردانەوەی دەوڵەتانی تر بکەن و بەرهەڵستی ئەو ناقابلییانە بکەن کە لە بەرانبەر

پێـویسـتی چـین بە بازاڕ و سـەرچاوەکـان پـەیدا دەبن. ئەگـەر سـوپای چـین زۆر توند بێ، ڕەنگە دراوسـێکانی هـاوپـەیمانیـیـەک لە بەرانبـەریدا ڕێک بخـەن و ئەمـەش هـەردوو هێـزی ڕەقـەکـار و نەرمەکەشی لاواز دەکات.

تەشـەنەکـردنی هێـزی چین لە ئاسـیـادا ڕووبەڕووی هیند و ژاپۆن دەبێـتـەوە (وڵاتەکـانی تریش سـەربار) و ئەمـەش پشـتـیوانییەکی زۆر لـە هێزەکەی وڵاتە یـەکگرتووەکان دەکا. هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن لەلایەک و لەلایەکەی تریش چاکبوونی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هیند ئەوە دەگـەیەنێ کە چین ناتوانـێ بە ئاسـانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاسیـا وەدەرنێ. جا لەو شـوێنە بەهێـزەیانەوە و لە کاتێکیشـدا کە هێزی چین تـەشـەنە دەکات، دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و هیندسـتـان و ئوسترالیا و ئەوانی تریش ڕێگە لە شیمـانەی کردەی دوژمنکاری چین بگرن، بۆ ئـەم مـەبەسـتـەش دەتوانن چـین پێک بکەن و هەندێ هـاندەریشـی پێ نیـشـان بدەن بـۆ ئەوەی بەگەڵیان بکەوێ و بێ ڕۆڵێکی بەرپرسانە ببینێ.

## کلۆربوون لە ناوەخۆڕا؟

هـەندێک مشـتومڕ لەسـەر ئەوە دەکەن کە گوایە وڵاتە یەکگرتووەکان بە دەست "پەلهاوێژی ئیمپریالی imperial overstretch" یەوە دەناڵێنێ. بەڵام ڕاستییەکان تا ئێستا بە ناو ئەو قاوغەوە ناچن. بگرە بە پێچەوانەوە، خەرجییەکانی بەرگری و کاروباری دەرەوە وەک بەشێکی پوختەی داهاتی ناوەخۆ لە چەند دە سـاڵەی ڕابردوودا کـەم بوونـەتەوە. لەگـەڵ ئـەمـانەشـدا، وڵاتە یەکگرتووەکـان لـەبەر پەلهاوێژی ئیمپریالییەوە نشوستی ناهێنێ بگرە بەهۆی پێ نەگەیشتنی ناوەخۆ domestic un-der-reach وە لێژ دەبێـتـەوە. ڕۆم لە نـاوەوەڕا بۆگـەنی بوو. هـەندێ لە چاودێران تێـبـینیی تاڵ و



تفتیی سیاسەتی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن و پێشبینیش دەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان، بەهۆی ململانێی ناوەخۆی لەسەر نەریت و کولتوور و ڕوخانی دامەزراوە سیاسییەکانی و سستیی ئابوورییەوە، توانستی خۆی لە ڕووداوە جیهانییەکان لە دەست دەدا. ئەم ئەگەرە نابێ پشتگوێ بخرێ، بەڵام لێژییەکان هێندەی ئەوەی بەرچاو تاریکەکان پێشبینی دەکەن، هەندە ڕەوشەن نییە.

هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان _ وەک هەردەم – فرە کێشەی کۆمەڵایەتیی هەیە، بەڵام بە هیچ پێوەرێک پێ ناچێ کە لە پێشانیان خراپتر بن. تەنانەت هەندێ لەو گرفتانەی وەک ڕێژەی تاوان و تەڵاقدان و زگپڕیی هەرزەکاران، خەریکن باش دەبن. هەرچەندە چەندان شەڕی نەریت و کولتووری وەک هاو-توخم-خوازی same-sex marriage و لەبەر چوون، لەو ناوەدا هەر بەردەوامە، بەڵام دەنگەکان ئەوە بەدەر دەخەن کە بەگشتی نەرمی نواندنێک لەم ناوەدا پەیدا بووە. کۆمەڵگەی شارستانیی بەهێزە و کاریگەریی کنیسەش زۆرە و نزیکەی ٤٢٪. شەڕەکانی پێشانی وڵات لەسەر کۆچکردن و کۆیلەگەری و گەشەکردن و نەرمڕۆیی و ماکارتیزمی[٢] و مافە شارستانییەکان پێشان گەلەک لە ئەوەی ئەمڕۆ لە ئارادایە گەرمتر بوو.

دڵەڕاوکێی پتر لەوە دەبێ ئەگەر وڵات بەناوەخۆیدا کورژ ببێتەوە و کۆچکردنیش گەلەک کەم بکاتەوە. بەو ڕێژەیەی کۆچبەرانی ئێستا وەریان دەگرێ، وڵاتە یەکگرتووەکان یەکێکە لەناو ئەو ژمارە کەمەی وڵاتە پێشکەوتووەکان کە ڕەنگە بتوانێ خۆی لە کەمبوونەوەی دانیشتوان دوور بگرێ و بەشی خۆی لە دانیشتوانی سەر زەمین بپارێزێ، بەڵام دەشێ ئەمە بگۆڕێ ئەگەر ترسی بێگانە xenophobiaیان کاردانەوەی تیرۆریستیی سنوورەکانیان داخستن. ڕێژەی سەتی ئەو هاووڵاتییە ئەمەریکاییانەی کە لە هەندەران بوونە، لە سەدەی بیستەم، گەیشتە لووتکە و لە ١٩١٠، ١٤,٧٪ی پێک هێنا. ئەمڕۆ ڕێژەی ئەو دانیشتوانانەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە دەرەوە لەدایک بوونە ١١,٧٪ و بەڵام لە ٢٠٠٩، ٥٠٪ هاووڵاتییانی ئەمەریکایی ویستیان کۆچکردن بۆ وڵاتەکەیان کەم بکرێتەوە و ئەم ڕێژەیەش لە "٢٠٠٨" ٣٩٪ پێک هێنا. پاشەکشەی ئابووریی گرفتەکەی قەبەتر کرد.

هەرچەندە کۆچکردنی فرە خێرا ڕەنگە گرفتی کۆمەڵایەتی بنێتەوە، بەڵام لە ماوەیەکی دوور خایەندا کۆچکردن پشتیوانییەکی باش لە هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا. ئەمڕۆ وڵاتە یەکگرتووەکان سێیەم زۆرترین دانیشتوانی دنیای هەیە: بەڵام ڕەنگە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ پاش ئێستاش هەر لە دوای چین و هینددا بمێنێتەوە و ئەو پلەیەی هەر بمێنێ. خۆ ئەمە هەر تەنیا سوودی بۆ هێزی ئابووری نییە، بەڵام زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان پیر دەبن و تووشی کێشەی خزمەتکردنی نەوەکانی پێشتریان دەبنەوە، بۆیە ڕەنگە کۆچکردن گرفتی ئەنجامی ئەو سیاسەتە ئاسانتر خاو بکاتەوە. جگە لەمەش، پێوەندییەکی توند هەیە لە نێوان ژمارەی ڤیزاکانی H-1B[3] و ژمارەی ئەو پاتنتانەی[٤] کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا تۆمار کراون. لە ١٩٩٨، ئەو ئەندازیارانەی لە چین و لە هیند هاتوونەتە دنیا، چارێکی ئەو پیشەی تەکنیکە بەرزەکانی سیلیکۆن ڤالییان بەڕێوە دەبرد و لە ٢٠٠٥یشەوە دەرکەوت کە یەک لە هەرچوار لە کۆچبەرەکان، بۆ ماوەی پتر لە دە

ساڵ، یارمەتی دامەزراندنی تێکنۆلۆجیای ئەمەریکاییان داوە.

کۆچبەرەکان بەهەمان شێوە گرینگییان بۆ کارە سووکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە. بەبەرزبوونەوەی ژمارەی کۆچبەرانی ئەمەریکایی هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بێن. وڵاتە یەکگرتووەکان مەگناتیسە و زۆر کەس بە خەیاڵ خۆیان بە ئەمەریکایی دەزانن. زۆر لە ئەمەریکاییە سەرکەوتووەکان وەک هاووڵاتییانی وڵاتانی ترن. لە بری ئەوەی هێزی کارە گرانەکان یان کارە سووکەکان کەم بکرێتەوە، با کۆچبەر بێن، چونکە هەردوو جۆرە کارەکە هەموویان بە ئیش دەخەن. کە "لە کوان یو"ی سەنگافوورە گەیشتە ئەو قەناعەتە کە چین ناتوانێ لە سەدەی بیست و یەکەمین پێش لە وڵاتە یەکگرتووەکان بگرێ و ببێتە گەورەترین هێزی سەدەکە، توانای وڵاتە یەکگرتووەکانی ڕەچاو کردووە کە دەتوانێ باشترین و زیرەکترین مرۆ لە هەموو دنیا بۆ خۆی بێنێ و لەناو نەریتێکی فرەچەشنی پڕ لە داهێنان جێیان بکاتەوە. چین دانیشتوانی پترە بۆ ئەوەی لە ناوەخۆیەوە کەسانی پێویست بدۆزێتەوە، بەڵام بەبۆچوونی ئەو، بەڵام چونکە ئەو پێڕەوی سیاسەتی نەریتی چینی Sinocentric دەکات، بۆیە داهێنانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان کەمتر دەکا و ئەمەش بۆ هەموو دنیا دەگونجێ.

لەلایەکی ترەوە ڕەنگە باش نەڕۆیشتنی ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان بەڕێدا زۆر کاریگەر بێ. با لە بیرمان نەچێ کە پێشبینیکردنی تەواوی ئابووری (وەک پێشبینیکردنی سەقا) جێی پشت بەستانێ نییە بەڵام لەو دە ساڵەی دوای قەیرانە داراییەکەی ٢٠٠٨، پێ دەچێ گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە جاران هێواشتر ببێتەوە. سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی International Monetary Fund پێشبینی دەکا کە ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٤ لە دەورووپشتی دوو لە سەتی بێ. ئەمەش لەو ڕێژەیە کەمترە لەوەی کە چەند دەیە ساڵە هەبووە، بەڵام لە دە ساڵی ڕابردوودا هەر لەم ڕێژەیە نزیک بووە.

لە ١٩٨٠کاندا، گەلێ لە چاودێران لەو باوەڕەدا بوون کە ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان تەکانی لەبەردا نەماوە و ئەڵمانیا و ژاپۆن پێشی دەگرنەوە. پێش دەچوو وڵاتەکە بواری پێشبڕکێی لە دەست دابێ. ئیمڕۆش تەنانەت لە دوای ئەو تەنگژە داراییە و پاشی ئەو ماتبوونەی کە هەبوو هێشتا (فۆرەمی ئابووریی جیهانی World Economic Forum) لە بواری پێشبڕکێی ئابووریی جیهانیدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی (لە دوای سویسرا و سوید و سنگافوور) لە خانەی چوارەم دانا. (هەر بۆ بەراوردکردن، چین لە خانەی ٢٧ەمین بوو.) ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان لە زۆر لایەنەوە لە پێشەوەی هەموانە. بۆ نموونە لە بواری تەکنۆلۆجی زانیاری و تەکنۆلۆجیای زیندەگی bio-technology و تێکنۆلۆجیای نانۆ nanotechnology[5] کەس تۆزی ناشکێنێ. لەگەڵ ئەمەشدا کە هەرچەندە گەشبینەکان دەیانەوێ بەڵگەی باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری دروستکردن و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری بەچاو دادەنەوە، بەڵام خۆ ئەویان تاکە سەرچاوەی بە پیتیی وڵاتە یەکگرتووەکان نییە. وڵاتە یەکگرتووەکان چەندان داهێنانی بەرچاوی لە بواری کشتوکاڵیدا هەبووە و کراوەیی بەرانبەر بە جیهانگەریش ئەگەر بەردەوام بێ، هێشتا خێروبێرەکەی پتر دەکات. پسپۆڕانی ئابووری پێشبینی ئەوە دەکەن کە زۆربوونی بەرهەمدانی ئەمەریکایی لە دە ساڵی دێ لە نێوان ١,٥ بۆ ٢,٥ زیاد دەکات.

لە بواری و بەرهەمهێنان لە لێکۆڵینەوە و پێشخستندا، لە ٢٠٠٧، وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێشەوەی هەموو وڵاتانی دنیا بوو و ٣٦٩ بلیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرد و لە دوای ئەو ئاسیا هات کە (٣٣٨ بلیۆن) و ئینجا یەکەتیی ئەوروپا (٢٦٣ بلیۆن)یان بۆی دانابوو. وڵاتە یەکگرتووەکان ٢,٧ ٪ پوختەی داهاتی نەتەوەیی لە لێکۆڵینەوە و گەشەپێداندا خەرج کرد. ئەمەش نزیکەی دوو ئەوەندەیە کە چین داینا (بەڵام نەختێک لەو سێ لە سەتییە کەمترە کە ژاپۆن و کۆریای باشوور خەرجیان کرد.) لە ٢٠٠٧، داهێنەرە ئەمەریکاییەکان نزیکەی ٨٠,٠٠٠ داهێنانی نوێیان تۆمار کرد و پاتنتیان لێی وەرگرت، خۆ ئەمەش لە هەر هەموو جیهان وێکڕا پترە. چەند ڕاپۆرتێک بڵاو بوونەوە کە نیگەرانیی خۆیان لەمەڕ بەرزیی ڕێژەی باجی سەر کۆمپانیاکان و ڕاکردنی سەرمایەی مرۆیی و زۆربوونی ژمارەی پاتنتەکانی ئەوبەر دەریا نیشان دا، وەلێ کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان ٧٠٪ی سەرمایەکانیان لە پیشە ناوەخۆییەکان بەکار دێنن. ڕووپێوێکی ٢٠٠٩ کە چاودێریی دەستپێشخەرییەکانی جیهانی Global Entrepreneurship Monitor لە بواری ئەو هەلانەی کە بۆ دەستپێشخەری هەنە ئەنجامی دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی لە سەرووی وڵاتانی تر دانا، چونکە نەریتی ئیشکردن و چاکیی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و پێوەندیی نزیکی نێوان زانکۆکان و پیشەسازییەکانی و سیاسەتە کراوەکەی کۆچکردنی لەوانی تر پەسندترە.

نیگەرانییەکانی تر سەبارەت بە داهاتووی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان فۆکەس لەسەر کورتێنە deficitی هەژماری ئێستا دەکا (ڕادەی ئێستا ئەوە دیار دەخا کە ئەمەریکاییەکان خەریکە پتر بە بن قەردی بیانییان دەکەون) و قەرزی میریش هەڵدەکشێ. مێژوونووس نیاڵ فێرگەسن دەنووسێ:

"ئیمپایەرەکان بەم شێوەیە لێژ دەبنەوە. لارییەکەیان بە تەقینەوەی قەردەکانیان دەست پێ دەکات."
خۆ بە تەنیا قەرزدانەوەی بانکەکان و بەخچە هاندەرەکەی کینێسی Keynesian قەردی ولاَتە یەککگرتووەکان بە تەنیا نییە، بگرە گرانبوونی نرخی پاراستنی تەندروستی و هەندێ پرۆگرامی وەک متمانەی کۆمەڵایەتی Social Security و بەرزبوونەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە قەردیان پێ دەدرێنەوە، هەموو یان پێکرا بەشی زۆری داهاتەکانی پاشەڕۆژ قووت دەدەن. چاودێریی تر هەنە لەوانە کەمتر هاواریان بەدەمەوەیە. ئەوانە دەڵێن ولاَتە یەککگرتووەکان وەک یۆنانستان نییە.

ئۆفیسی بودجەی کۆنگرێس وا هەژمار دەکا کە سەرکۆی قەردی میریی لە ساڵی ٢٠٢٣ ١٠٠٪ پوختەی داهاتی ناخۆ دادەپۆشێ و زۆر لە ئابووریناسان تووشی دڵەڕاوکێ دەبن کە ڕیادەی قەردی لە ولاَتانی دەوڵەمەند لە ٩٠ لە سەتی ڕەت دەدا. بەڵام لە حوزەیرانی ڕابردووی "The Economist" وای دەستنیشان کرد کە: "ئەمەریکا لە دوو لایەنەوە بەسەر ولاَتانی تردا زاڵە و ئەوانەشن وایان کرد بتوانێ بە شێنەیی ڕووبەڕووی قەردەکانی ببێتەوە: لە بۆندەکانی گەنجینەی ئەمەریکادا زۆرترین یەدەگی پارەی دنیا هەیە و بازاڕەکانیشی لە هەموو بازاڕەکانی تری دنیا، سەرمایەی شلی liquid asset پتر هەیە." لە کاتی قەیرانی داراییشدا، کارەکە بە پێچەوانە بوو و لە بری ئەوەی بەهای دۆلار دابەزێ و متمانەی پێ نەمێنێ، دیتمان بەهای دۆلار بەرز بووەوە و داهاتی بۆندەکانیش کەم بوونەوە. قەیرانێکی نەمانی لە نەکاوڕای متمانە گرفتێکە، بەڵام هەندەی ئەوە ترسناک نییە کە قیمەتی دانەوەی قەردەکان پەیتا پەیتا بەرز ببێتەوە چونکە ئەمەیان ڕەنگە لە ماوەیەکی درێژخایەن کار لە باشی ئابووری بکا.

چونکە گرفتی قەرز گرینگە، توێژینەوەکان وا پێشنیاز دەکەن کە لە ماوەی درێژخایەندا ڕادەی قازانجی ٠,٣٠ ٪ لەسەر هەر زیادەیەکی بەڕێژەی یەک لە سەدی قەردی پوختەی داهاتی ناوەخۆ دابندرێ. تا ڕادەی قازانج پتر بێ، کەرتی تایبەت کەمتر وەبەرهەم دێنێ و گەشەکردن هێواشتر دەبێتەوە. دەشێ ئەم کاریگەرییانە لە ڕێگەی سیاسەتێکی ژیرانەوە کەم بکرێنەوە یان ئەگەر سیاسەتەکە چەوت بێ ئەو گرفتانە تەشەنە بکەن. فرە قەرزاری مانای ئەوە نییە کە ولاَتە یەککگرتووەکان لێژ دەکاتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لە ماوەی دوورخایەندا مەترسی لێ دەکرێ.

لەم سەردەمەی زانیاریدا، هێزێکی پاڵەی باش پەروەردەکراو کلیلەیەکی تری سەرکەوتنی ئابوورییە. هەر بە تەماشاکردنێکی خێرا دەزانین کە ولاَتە یەککگرتووەکان لەم بارەیەوە خۆی باش بەڕێوە بردووە و ولاَتەیەککگرتووەکان دوو ئەوەندەی فرەنسا و ئەڵمانیا و ژاپۆن و شانشینی یەکگرتووی لە پوختەی داهاتی ناوەخۆی بۆ خوێندنی بالاَ تەرخان کردووە. لیستی ٢٠٠٩ی Times Higher Education کە لە لەندن دەردەچێ، لەنێو دە لە باشترین زانکۆیەکانی دنیا شەشیانی لە ولاَتە یەککگرتووەکان دەستنیشان کردووە و توێژینەوەیەکی ٢٠١٠ی زانکۆی شانگهای جیاو تۆنگ ١٧ زانکۆی ولاَتە یەککگرتووەکان لە ڕیزی ٢٠ی یەکەمی زانکۆکانی جیهان باس دەکا _ کەچی هیچ

زانکۆیەکی چینی باس نەکردووە. ئەمەریکاییەکان زۆرینەی پاداشتەکانی نۆبڵیان بردووەتەوە و زۆرترین لێکۆڵینەوەیان لە جۆرناڵە ناودارەکان بڵاو کردووەتەوە _ ژمارەی توێژینەوەکانیان سێ ئەوەندەی چینییەکانە و لە هیی هەموو هاوولاتییانی ولاتانی تریش زۆرترە. ئەم دەستکەوتانە پشتیوانی بەهێزی ئابووریی وڵات و پیشە ئاسانەکانی دەکا.

خوێندنی ئەمەریکایی لە باشترین ئاستدا _ زانکۆی زۆر و باڵاترین سیستەمی خوێندنی ئامادەییی هەیە _ و بەپێی ستانداردی جیهانی کار دەکات. بەڵام خوێندنی ئەمەریکایی لە خراپترین ئاستدا _ لە پێویست پتر قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندیی هەیە و لە ناوچە کەمتر دەوڵەمەنەدەکاندا کۆبووەتەوە _ زۆریش پاش کەوتوونە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تایبەتمەندیی هێزی پاڵە وەک خۆی بە توانا نامێنێ و بەپێی ستانداردە پێویستەکانی ئابوورییەک نابێ کە زانیاری بەڕێوەی دەبا. هیچ بەڵگەیەکی وا نییە قەناعەت بە مرۆڤ بێنێ کە قوتابییانی ئێستا وەک ئەوانی جاران ناخوێنن، بەڵام خوێندنی وڵاتە یەکگرتووەکان خەریکە سالاریی جارانی نامێنێ بەتایبەتیش ئێستا وڵاتانی تر لە جاران باشتر خوێندن بەڕێوە دەبەن. ئەو چاکسازییانەی کە لە سیستەمی خوێندنی وڵاتانی ک-١٢دا کرا دەبێتە پێویست ئەگەر وڵات بیەوێ بگاتە ئاستی ئەو ستانداردانەی بۆ ئەو ئابوورییە پێویستە کە لەسەر بنەمای زانیاری بناخە دەکرێ.

## سیاسەت و داوودەزگاکان

لەگەڵ هەبوونی گرفت و بێ متمانەیی، پێ دەچێ کە بە داڕشتنی سیاسەتی ڕاست وڵاتە ئابووریی یەکگرتووەکان بتوانێ بە بەردەوامی هێزی گران بۆ وڵات وەبەرهەم بێنێ. بەڵام ئەی چ لە دەزگاکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەین؟ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ جێیمس فۆلۆس چەند ساڵی لە چین بەسەر برد و کە هاتەوەش کەمتر نیگەرانی لە ئاستی کارامەیی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان نیشان دا لەوەی کە لە شەختەبەستی سیستەمی سیاسی ئاشکرای کرد. بە بۆچوونی ئەو: "ئەمەریکا هێشتا ئەو هۆیانەی هەیە کە لە ڕێگەیانەوە بتوانێ چارەسەری هەر لاوازییەکی بنیاتگەریی خۆی بکا... واتا تراجیدیای ئەمەریکایی لە سەدەی ٢١ خۆی ئەمانەن: نەریتێکی زیندوو کە بتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە و هزری دنیا بۆ خۆی ڕابکێشێ و سیستەمێکی حوکمڕانی ئەوتۆش کە زۆر لە نوکتە دەچێ." هەرچەندە سیاسەتی ڕێگەی داخراو لە کاتی ڕکوودی ئابووریدا بە خراپ دەبیندرێ، بەڵام ئەستەمە بتوانی جەخت لەوە بکەیتەوە کە بارودۆخی ئەمڕۆ زۆر لە هیی ڕابردوو خراپترە.

گۆڕینی هێز _ سەرچاوەکانی هێز بگۆڕی و بیکەیە ئەو بەرئەنجامانەی دەتەوێ _ کێشەیەکی لە مێژینەیەی وڵاتە یەککگرتووەکانە. دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر بنچینەی بۆچوونی لیبراڵی سەدەی هەژدەمین داڕێژراوە، واتا دەتواندرێ لە ڕێگەی دابەشکردن و پشکنینی بەرژەوتەکان و پارسەنگدانەوەوە دەسەڵات باشتر کۆنترۆڵ بکرێ. لەمیانی سیاسەتی دەرەوەدا،

دەستوور هەموو کات لە سەرۆک و کۆنگرێس دەخوازێ پێشبڕکێی یەکتری بکەن و بزانن کامیان دەتوانێ سیاسەتەکە کۆنترۆڵ بکات. گرووپە ئابووری و ئیتنییە بەهێزەکانی گوشارکردن، خەبات لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەکەن و کۆنگرێسیش بۆ ئەوە تەیار کراوە تا ئاگای لە هەر خوار و خێچییەک هەبێ بۆ ئەوەی ڕاستی بکاتەوە.

کەمبوونی متمانەی خەڵکی بە دەزگاکانی حکوومەت، هۆیەکی تری نیگەرانییە. ناوەندی لێکۆڵینەوەی پیو Pew Research Center، لە ٢٠١٠ دا ڕاپرسییەکی کرد و بۆی دەرکەوت کە ٦١٪ ئەوانەی وەڵامیان داوە بۆچوونیان وابوو کە گلۆرەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو لێژییە و ١٩ش لە سەدی باوەڕیان وابوو کە ئەوەی حکوومەت دەیکات بە زۆری ڕاستە. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە لە ١٩٦٤، سێ چارەکی خەڵکی ئەمەریکایی وەڵامیان وابوو کە متمانە بە حکوومەتی فیدراڵی دەکەن و لەلایان وایە زۆربەی کات کاری دروست ئەنجام دەدا. لەگەڵ زەمان، هەژمارەکە گۆڕا و لە دوای ٩/١١وە بەرز بووەوە و پاشان دیسان غلۆری خوارەوە بووەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکان کە دامەزرا، یەک لە هۆیەکانی ئەوەبوو متمانە بە حکوومەت نەمابوو و دەستوورەکەشی بۆ ئەوە داڕێژرا تا ڕێگە لە دەسەڵاتی ناوەندی بگرێ. بەڵام کە دوور لە کاری ڕۆژانەی حکوومەت، لە ئەمەریکاییەکانیان پرسی ئاخۆ چواچێوەی دەستوورەکەیان چۆنە، هزریان زۆر ئەرێنی بوو. ئەگەر لێشیان بپرسی چاکترین شوێن کوێیە بۆ ئەوەی تێیدا بژی، زۆرینەی ئەمەریکاییەکان لە وەڵامەکانیاندا دەڵێن وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئەگەر لێشیان بپرسی ئاخۆ ئێوە سیستەمە دیموکراتییەکەی حکوومەتی خۆتان پێ پەسندە، نێزیکەی هەموو لە هەموو دەڵێن بەڵێ. ژمارەیەکی کەمن ئەوانەی هەست دەکەن سیستەمەکەیان بۆگەنە و دەبێ بگۆڕدرێ.

هەندێ لایەن هەنە لەو ململانێ و شەڕەقسە و ئەم بەستەڵەکە سیاسییەی هەیە، بێزارن. ئەگەر بە ڕابردوویەکی نێزیک بەراوردی بکەین، دەبینین سیاسەتی حزبی پتر بووەتە جەمسەربازی po-larized، بەڵام خۆ سیاسەتی بێتام شتێکی تازە نییە _ جۆون ئادەمز و ئەلێکزاندەر هامڵتن و تۆمەس جێڤەرسن، سێ شایەدی باشی ئەو سیاسەتەن. بەشێکی گرفتی هەڵسەنگاندنی کەشی سیاسیی ئێستا لەبەر ئەمەیە چونکە ئەو نەوەیەی کە لە کەسادی ئابووری دەرچوو و لە شەڕی دووەمی جیهانی سەرکەوت، لە ڕادەبەدەر متمانەی بە حکوومەتەکەی هەبوو. تەماشایەکی مێژووی دووری وڵاتە یەکگرتووەکان بکەین، دەزانین کە ئەو پشتە زۆر نائاسایی بوو. بەڵگەی زۆری نەمانی متمانە بە حکوومەت لەو ڕاپرسییانەی ئێستا دەکرێن وەدەر دەکەوێ و وەڵامەکانیش فرە هەستەوەرن بەرانبەر بەو شێوەیەی کە پرسیارەکانی پێ دەکرێن. تیژترین لێژبوونەوە پێش چوار دەیە ساڵ لەمڕۆ و لە ڕۆژانی بەڕێوەبەرایەتی جۆونسن و نیکسن بوو.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەمبوونی متمانە بە میری، گرفتی تێدا نییە. ئەگەر گشتی خەڵکی نەیویست باج بدا یان یاسا پێڕەو بکا یان ئەگەر گەنجە هۆشمەند و زیرەکەکان نەیانویست لە

وەزیفەکانی حکوومەت دابمەزرێن، توانستی میری ئیفلیج دەبێ و خەڵکی هێشال پتر قەناعەتی بە حکوومەت نامێنێ. لەمەش ترسناکتر ئەوەیە کە لە کەش و ژینگەی بێ متمانە کەسانی لاسار لەناو کۆمەڵ دەتوانن کاری توندڕۆیی بکەن، وەک ئەوەی لە ١٩٩٥ ئۆفیسێکی میرییان لە ئۆکلاهۆما سیتی وەبەر خومپاران دا. ئەم بەرئەنجامانە دەتوانن هیزی کارە سووکەکان و کارە سەختەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تێکوپێک بدەن.

تا ئێستا پێ ناچێ ئەم ترسانە بەرجەستە بووبن. ڕاژەگوزاری داهاتی ناوەخۆ هیچ ساختەکارییەکی لە باج نەدۆزیوەتەوە. لە زۆر لایەنەوە دەرکەوتووە کە کارمەندانی حکوومەت لە جاران کەمتر گەندەڵن و بانکی جیهانی نمرەیەکی بەرز دەداتە وڵاتە یەکگرتووەکان و لە بواری "کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی"یەوە (لە هەورازە ٩٠٪) دەدا. ئەو فۆرمانەی بە دەستپێشخەری لە ٢٠٠٠ گەڕاونەتەوە لە ٦٧٪ی زیاد کردووە و لە ٢٠١٠ش هێشتا نەختێک باڵاتر بووبوو، ئەمەش وەرچەرخانیی نشوستییەکی ٣٠ ساڵییە. لە دوای ١٩٦٠ەوە تا چوار دەیە ساڵ، ڕێژەی دەنگدان لە ٦٢٪ بۆ ٥٠٪ کەم بووەوە، بەڵام ئەم لێژبوونەوەیە لە ٢٠٠٠ وەستا و تا لە ٢٠٠٨دا گەیشتەوە ٥٨٪. واتە، ڕەوشتی خەڵکی وەک ئەوەی کە ڕاپرسییەکان دەری دەخەن بەشێوەیەکی بنەڕەتی نەگۆڕاوە.

سەبارەت بەوەی کە پێوەندی بە کاریگەریی دامەزراوە ئەمەریکاییەکانەوە هەیە، ئاخۆ ئەو گۆڕانانەی لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا بووە، چەند جیدییە؟ زانای سیاسی ڕۆبێرت پوتنەم تێبینی دەکا کە لە سەدەی ڕابردوودا، بۆندە کۆمەڵایەتییەکان فرە لاواز نەبوینە. بەپێچەوانەوە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان چاک تاقی کراوەتەوە و لەمیانی تێوەگلانی مەدەنییەوە، پڕی هەڵکێش و داکێشە. بەگوێرەی پشکداریەتی پیو بۆ گۆڕینی شارستانی Pew Partnership for Civic Change، سێ چارەکی ئەمەریکاییان هەست دەکەن کە بە کۆمەڵگەی خۆیانەوە لکاون و دەڵێن کە

شێوەی ژیانی ناو کۆمەڵ نایابە یان بەلایەنی کەم، باشە. لە ڕاپرسییەکی تری هەمان گرووپ دەرکەوت کە ١١١ ملیۆن هاووڵاتیی ئەمەریکایی، لە ١٢ مانگدا، دەستپێشخەرییان کردووە بۆ ئەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵی خۆیان چارە بکەن و بەشێوەیەکی ئاساییش ٦٠ ملیۆن ئەم کارە دەکەن. ٤٠٪ گوتیان گرینگترین کار کە توانیبێتیان بیکەن ئەوە بووە کە لەگەڵ هاوکۆمەڵییەکانی خۆیان ئەنجامیان داوە.

لەم ساڵانەی ئێستادا، سیاسییان و پەیمانگە سیاسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوە پتر جەمسەرباز بوونە کە ڕای گشتی پێشنیازی دەکا. دۆخەکەش لە ئەنجامی نشوستیی ئابووریی ئێستا، هێشتا خراپتر بووە. The Economist دەنووسێ: "سیستەمی سیاسی ئەمەریکایی بۆ ئەوە دارێژراوە تا لە تەنگژەی لە ئاستی فیدراڵیدا یاسا دابڕێژێ و ئەمەش ئاسان نییە.... سیستەمە بنەڕەتییەکە بەم شێوەیە کار دەکات: بەڵام خۆ ئەمە بیانوو نییە بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە پشتگوێ بخەین کە چاکسازی لێ نابێ." هەندێ چاکسازی گرینگی وەک گۆڕینی کورسییە براوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران یان گۆڕینی پەیڕەوەکانی ئەنجوومەنی پیران Senate ئەوانەی تایبەتن بە تەگەرێن filibuster هیچ پێویستی بە هەموارکردنی دەستوور ناکا. ئەگەر سیستەمی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان بتوانێ چاکسازیی خۆی بکا یان ئەو گرفتانەی وا لە سەرەوەدا باس کراون هەر بمێنن، خۆ ئەوە ناگەیەنێ کە هێندە بێ دەسەڵات بووبێ وەک ئەوەی ڕەخنەگران، لە شێوەی ڕۆم یان هەر ئیمپایەرێکی تر، هێڵکاری کلۆربوونی ناوەخۆی بۆ ساز دەکەن.

## نشوستی مشتومڕکردن

جا هەر هەڵسەنگاندنێک بۆ هێزی ئەمەریکایی لە چەند دەیە ساڵی دادێ بکرێ، هیچی لێ مسۆگەر نییە، بەڵام شیکردنەوە لەسەر بنەمایە فریودەرەکانی لێژبوونەوە نییە. پێویستە وەبیری ئەوانە بێنینەوە کە باسی نشوستی دەکەن، چۆن لە ١٩٧٠کاندا لە فرە بە بەهێزدانانی یەکەتیی سۆڤیەت و لە ١٩٨٠کانیشدا لە هەڵسەنگاندنی هێزی ژاپۆن بە هەڵەدا چووبوون. بەهەمان بابەت، ئەو تاکجەمسەر خواهانەی دە ساڵ بەر لە ئێستا وایان دەزانی کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێندە بەهێزە و دەتوانێ هەرچی بیەوێ بیکا و ئەوانی تر تەنیا دەبێ وەدووی بکەون، ئەوانیش سەرچیغ چووبوون. ئەمڕۆش هەندێک بە ڕاڵەخۆبوونەوە دەڵێن لە کۆتاییی سەدەی بیست و یەک چین شوێنی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە و دەبێتە سەرپشکی هەموو وڵاتان و هیی تریش هەنە بەهەمان دڵنیاییەوە دەڵێن کە سەدەی بیست و یەک بێگومان سەدەی ئەمەریکاییانە. بەڵام زۆرجاران ڕووداوی پێشبینینەکراو هەموو تەرازووەکان دز دەکات. چونکە هەموو کات پاشەڕۆژەکان چەند ئەگەرێکیان تێدا دەبێ نەک یەک.

ئەوەی پێوەندیی بەهێزی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە چین هەیە، بەزۆری پشت بە گومانەکانی گۆڕینی سیاسی لە چین دەبەستێ. گریمان هیچ جۆرە گۆڕانێکی سیاسیی گەورە لە

چین نابێ، ئەو کات قەبارە و ڕێژەی چاندی ئابووریی چین بەرانبەر وڵاتە یەکگرتووەکان پتر دەبێ. ئەمەش لەلایەنی سەرچاوەکانی هێزەوە، چین لە وڵاتە یەکگرتووەکان نێزیک دەکاتەوە، بەڵام وەک پێویست مەرج نییە بەری لێ بگرێتەوە و ببێتە بەهێزترین دەوڵەت جا با چین تووشی هیچ تەریکبوونەوەیەکی سیاسی گەورەش نەیەت. پێشبینیکردنی سەر بنەمای پوختەی داهاتی ناوەخۆ تەنیا یەک لایەنی بابەتەکەیە. ئەوانە قازانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری سەربازی و وردە ئیشەکان و نشوستییە جیۆپۆلیتیکەکانی چین لە بواری پارسەنگی هێز لە ئاسیادا لە بیر خۆیان دەبەنەوە.

## گێڕانەوەیەکی نوێ

کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی نوێ باسی داهاتووی وڵاتە یەکگرتووەکان بگێڕینەوە. باسی گواستنەوەی هێز لە سەدەی بیست و یەکدا بکەین وەک ئەوەی کە کێشەیەکی تەقلیدی نشوستی دەسەڵات بێ، کارێکی ورد نییە و ڕەنگە ئەنجامی سیاسی خەتەری لێ بکەوێتەوە ئەگەر هانی چین بدا بۆ ئەوەی سیاسەتی ترسناک پێڕەو بکا یان هانی وڵاتە یەکگرتووەکان بدا بۆ ئەوەی بترسێ و ئیتر توندتر لە پێویست کاردانەوەی هەبێ. وڵاتە یەکگرتووەکان دووچاری نشوستییەکی موتڵەق نەهاتووە و شیمانەی زۆر ماقوولیش هەیە کە لە چەند دە ساڵی دادێ، لە هەر تاکە دەوڵەتێک بەهێزتر بمێنێتەوە.

لە هەمان کاتیشدا گومان لەوەدا نییە کە وڵاتی ئێمەش وەک هەموو لایەنەکانی تر _ جا ئەکتەرەکان دەوڵەت بن یان بێ دەوڵەت بن – تووشی گرانبوونی سەرچاوەکانی وزە دەبێتەوە. چونکە جیهانگەری توانستە تەکنۆلۆجییەکان پەر دەکات و تەکنۆلۆجیای زانیاریش ڕێگە بە خەڵکێکی زۆرتر دەدا بۆ ئەوەی پێوەندی بە یەکترییەوە بکەن بۆیە نەریتی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی دنیا کەمتر لەوە باڵادەست دەمێنێ کە لە سەرەتای ئەم سەدەیە هەیبوو. بەڵام هێشتا ئەو ئەگەر لە ئارادا نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکانیش وەک ڕۆم برزێ یان لەلایەنی دەوڵەتێکی وەکو چین سەرکوت بکرێ.

گرفتی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەدەی بیست و یەکەم، گرفتی نشوست هێنات و گلۆربوونەوە نییە، وەلێ گرفتەکەی ئەوەیە دەبێ لەبەر ڕۆشناییی ئەم ڕاستییەدا چ بکا کە تەنانەت گەورەترین وڵاتیش بەبێ یارمەتی ئەوانی تر ناتوانێ بەرئەنجام و دەستکەوتی هەبێ. پتر بوونی تەحەدایەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەخوازن بە قەدەر ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی، هێز لەگەڵ ئەوانی تر بەکار بێنێ. ئەمەش لەلای خۆیەوە پێویستی بەوە هەیە کە باشتر لە هێز تێ بگەین، بزانین چۆن دەگۆڕێ و چۆن ستراتیجی "هێزی زیرەک smart power" بەکار بێنین بەشێوەیەک کە لە چەرخی زانیاریدا بتوانین سوود لە هەردووک سەرچاوەکانی پیشە سووکەکان و پیشە سەختەکان وەربگرین. توانستی وڵات لە پاراستنی هاوپەیمانەتییەکانی خۆی و دروستکردنی تۆڕێک پشت و

پەنایەکی بەهێز بۆ هێزە نەرمەکان و هێزە گرانەکانی پەیدا دەکات.

خودی دەسەڵات نە باشە نە خراپە. دەسەڵات وەک کالۆری ناو خواردن وایە: زۆری کالۆرییەکان هەردەم باش نییە. ئەگەر وڵاتێک کەمتر سەرچاوەی هێزی هەبێ، شیمانەی کەمترە بتوانێ ئەو بەرهەمانەی خۆی دەیەوێ پەیدای بکا. بەڵام هێزی زۆر (مەبەست لێرە سەرچاوەیە) زۆرجار سەلماندوویەتی کە دەبێتە ژانەسەر بۆ خاوەنەکەی ئەگەر بە چاکی بەکاری نەهێنێ. داود لەبەرئەوە جالوتی کوشت، چونکە سەرچاوە زۆرەکانی هێزەکەی بە خراپی بەکار هێنا. بۆ ئەوە باسی هێزی زیرەک لە سەدەی بیست و یەک ناکەین تا زاووزێ بەهێز بکا یان دەسەڵاتی باڵا بپارێزین. بگرە بۆ ئەوە سەرچاوەی پتر بدۆزینەوە و بەشێوەی نوێ بەکاری بێنین و هەموو لایەنەکانی پێ بەر بکەینەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکان وەک گەورەترین هێز گرینگی خۆی لە کاروباری نێونەتەوەیی هەر دەبێ، بەڵام باسکردنی سەدەی ئەمەریکاییەکان و بنچینەیی ئەمەریکایی و لێژبوونەوەی ئەمەریکایی هەموویان پیاو فریو دەدەن ئەگەر بیکەینە ڕێنوێنییەک بۆ ئەو شێوە ستراتیجییەی کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێویست دەبێ. پێ ناچێ لەو چەند دە ساڵەی دێ ئەمەریکا کلۆر بێ، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیجییەکی زیرەک هەیە کە سەرچاوەکانی وزەی نەرم و وزەی سەخت بە یەکەوە ببەستێتەوە _ ئەمەش جەخت لەسەر ئەو هاوپەیمانی و تۆڕانە دەکاتەوە کە بە پیری ئەو تێگەیشتنە تازەی چەرخی زانستیی جیهانییەوە دەچن.


سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- کۆواری کاروباری دەرەوە - بەرگی هەردوو مانگی ١١ و ١٢ ساڵی ٢٠١٠

٢- ماکارتیزم McCarthyism زاراوەیەکە بۆ ئەوە بەکار دێ تا ئەو وەسفەی پێ بکرێ کە تۆمەتی پشتیوانی لێ نەکردن یان کاولکاری، یان خیانەت دروست بکەیت و بیدەیتە پاڵ کەسێکەوە بێ ئەوەی کە بایەخ بە بەڵگەی دیارەوە بدەی.

٣- ڤیزای ئێچ - ١ب چەشنە ڤیزاییکە کۆچ نەکردنە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە پێی یاسای کۆچکردن و ڕەگەزنامەی ژمارە ١٠١ (أ) (١٥) (هـ)وە دەدرێ.

٤- پاتنت patent بەڵگەنامەیەکی تایبەتە، ئەو مافە بە کەسێک دەدا کە داهێنانێکی نوێ دروست بکا یان بیفرۆشێ یان وەبەرهەمی بێنێ و کەسێکی تر ئەو مافەی پێ نادرێ.

٥- تێکنۆلۆجیای نانۆ nanotechnology زانیاریی پێشخستن و دروستکردنی ئەو ئامێرە فرە بچووکانەیە کە زۆر کاریگەرن.

٦- تەگەرێن : filibuster کردەیەکە لە ناو کۆنگرێسدا دەکرێ یان گوتارێکی دوور و درێژە گرووپێکی یاساساز پێشکێشی دەکا بۆ ئەوەی بڕیار یان کاری دانیشتنەکەی لێ دوا بخا.

# قسەوباس لەبارەی نابووتبوونی ئەمەریکاوە

هێندریک تێرنیدن

١- ئەمەریکا سووتا

وەزیری داراییی ئەمەریکا تیمۆسی گایتنەر زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی ترسی نابووتبوونی دەوڵەتی ئەمەریکای ڕاگەیاند. پاشتر وتی، ئەم وڵاتە ڕووبەڕووی " کارەساتێکی ترسناک " دەبێتەوە. پێ دەچێت بۆ یەکەم جار ئەم قسانە وەکو مانۆڕێکی سیاسی لێی تێ بگەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێشانی دەدات، کە لە ڕاستیدا چەندە باری ئەم زلهێزە خراپە. لە نامەیەکدا کە ئاراستەی سیناتۆر و ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکایی کردبوو، وەزیری داراییی ئەمەریکا تیمۆسی گایتنەر هۆشداریی، لە ترسی نابووتبوونی حکومەتی دانێ. جێگەی ئاماژەیە نامەکە برێتی بوو لە چوار لاپەڕە، وە هیچ دەستیشی نەپاراستبوو لە بەکارهێنانی وشەی ڕوون و ئاشکرا. هۆی ئەمەش چییە؟. بەس تەنیا ٣٣٥ ملیارد دۆلار ماوە، بۆ ئەوەی بگەنە سنووری یاسایی بۆ قەرزی گشتی کە دەگاتە ٣ .١٤ بلیۆن دۆلار. پاشان گایتنەر رای گەیاند:

" ئەگەر بێتو قەرزەکان بگەنە ئەو سنوورە، ئەوا ئەو کاتە حکوومەت لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت سووی قەرزەکانی خۆی بدات ".

پاشتر رای گەیاند " ئەگەر بێتو ئێمە نابووت بین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەساتی ئابووری، لەو باوەڕەدام کە لە کێشەی داراییەکەی ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ خراپتر دەبێت ".

جێگەی ئاماژەیە بەپێی یاسا، حکوومەتی ئەمەریکا ناتوانێت قەرزی نوێ بکات، بۆ ئەوەی

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کێشەی قەرزە کۆنەکانی چارەسەر بکات. هەروەک گایتەریش روونی کردەوە : "دیارە گەر قەرزێکی بچووکیش بکەین، ئەوا دیسانەوە کارەسات روو دەدات، چونکە ئەو قەرزە کاریگەریی خۆی بۆ چەند ساڵێکی تر دەمێنێتەوە".

دیارە ئەم مەسەلەیە بەوەندەش تەواو نابێت، وەزیری دارایی دواین کاتی دیاری کردووە: " هەتا ٣١ مارس دەبێت سنووری قەرزاری کاریگەریی نەمێنێت " بەم شێوەیە گایتەر داوا دەکات. بۆ ئەم کارەش پێویستی بەرەزامەندیی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی (کۆنگرێس) دەبێت، جێگەی ئاماژەیە کۆمارییەکان لەم ئەنجوومەنەدا زۆرینەیان هەیە و هەندێک پەرلەمانتار بەتایبەت ئەوانەی کە لە بازنەی کۆنزەرڤاتیفە توندڕۆکانی بزاڤی (Tea-Party) دان، زۆر بێ شەرمانە هەرەشەی گەمارۆدانیان لێ کرد. (مەبەست لەناوبردنی پرۆژەکەیە. وەرگێڕ) .

بەڵام ئاخۆ چی لە پشت ئەم سیناریۆ ترسناکەی وەزیری داراییەوە؟ ئۆپۆزسیۆن چ رۆڵێک دەبینێت؟ و ئەم قسە و باسانەی لەبارەی ترسی نابووتبوونی دەوڵەتی، چ مانایەکی دەبێت بۆ وێنەی ئەمەریکا لە جیهاندا؟

تەنیا یەک دەققە.

٢- ئاخۆ بەڕاستی وەزعی ئەمەریکا چۆنە؟

خراپە. قەرزی حکوومەتی بۆ نزیکەی ١٤ بلیۆن دۆلار بەرز بووەتەوە، واتە لە رێژەی ١٠٠٪ کۆگشتیی بەرهەمی نیشتمانی نزیک بووەتەوە. لە ساڵی پێشوودا کورتی لە بودجەدا گەیشتووەتە نزیکەی ١٠٪ی گەشەی ئابووریی ئەمەریکا. شارەوانی و هەرێمەکان (ولایەتەکان) بەرێژەیەکی زۆر قەرزدارن. ساڵی ٢٠١٠ لە بازارە جیهانییەکاندا، بەساڵی کێشەی (Euro) یۆرۆ ناسرابوو، بەڵام لە راستیدا وەزعی ئەمەریکاش زۆر لە ئەوروپا باشتر نییە. بەڵکە بەپێچەوانەوە خراپترە.

تۆماس شتراوبهار (Thomas Straubhaar) بەڕێوەبەری ئەنستیتوی هامبۆرگ بۆ زانستە ئابوورییەکان دەڵێت:

" کێشەکانی ئەمەریکا، زۆر لە کێشەکانی ناوچەی یۆرۆ (مەبەستی ئەوروپایە. وەرگێڕ) گەورەترن. بازاریی کارکردن باش ناڕوات بەڕێوە، ڕای گشتیی خەڵکی زۆر باش نییە، گەشبینی (ئۆپتیمس،Optimis) کە بۆ ماوەی چەندان ساڵە سیمای ئەمەریکاییەکان بووە، ئێستا لە دەستیان چوو. "

بۆ ئەوەی ئەو کورتهێنانە زۆرەی بودجە کەم بکرێتەوە، حکوومەت کۆمەڵێک پرۆگرامی کەمکردنەوە و پاشەکەوتکردنی گرتووەتە بەر. لە پێش هەمووشیانەوە وەزیری بەرگری رۆبێرت گەیتس ڕای گەیاند، هەتا پێنج ساڵی تر، ساڵانە ٧٨ ملیارد دۆلار لە بودجەی وەزارەتی بەرگری کەم دەکرێتەوە. گایتس ڕای گەیاند (دەبێت بزانین کە هەموو پرۆگرامەکانی وەزارەتی بەرگری



پێویست نین ، دەبێت بزانین هیچ دۆلارێک لە بەرگریدا پیرۆز نەبووە و لە شوێنی خۆی دانەنراوە). ئەوەی جێگەی تێڕامانە کە لە ساڵانی پێشوو لەم جۆرە قسانە بەهیچ شێوەیەک ڕێی تێ نەدەچوو.

٣- چی ڕوو دەدات ئەگەر هاتوو گەیشتە دوایەمین سنووری قەرزدارییەوە؟

گایتەری وەزیری دارایی ڕای گەیاند ئەگەر هاتوو بگەیەنە ئەو سنوورە، ئەوا حکوومەتی ئەمەریکا توانای قەرزدانەوەی نابێت. بەواتایەکی تر : (ئەمەریکا نابووت دەبێت)

ئەمەش سیناریۆیەکی ترسناکە، هەروەک تۆماس شتراوبهار ڕای گەیاند: " ئەمە سیناریۆیەکی بۆش و چرووکانەیە. ئەم وەزعە مانای نابووتبوونی حکوومەت ناگەیەنێت، بەڵکە نەتوانین لە دانەوەی قەرزەکان دەگەیەنێت. بۆ قەرزەکان دەبێت ڕێگەچارەی تر بدۆزنەوە : هەتا ئەو کاتەی ئەمەریکا بتوانێت باج زیاد بکات یان دۆلاری زیاتر چاپ بکات، هیچ نابووتبوونی دەوڵەتی ڕوو نادات."

لە ڕاستیدا وا دەردەکەوێت کە بڕیاری کۆتا درابێت، کە بەهیچ شێوەیەک سنووری قەرزداری حکوومەتی تێ نەپەڕێنرێت. هەروەک خاتوو Stormy-Annika Mildner کە لە ئەنستیتوی ئەمەریکا بۆ زانستە سیاسی و ئابوورییەکان وتی " ئەمە بەهیچ شێوەیەک ریالیست نییە"

گایتنەر بەبیری هێنانەوە کە " زۆرجار پێش ئێستاش کۆنگرێس، ئەگەر هاتبێت و پێویستی کردبێت سنووری قەرزداری بەرز کردووەتەوە ". ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز نووسیبووی لە ساڵی ١٩٦٢وە ئەمە ٧٥ جارە کە شتی وا ڕوو دەدات. تەنیا ئەم ئامارانە ئەوەمان پێ نیشان دەدەن، کە چەندە قەرزداری حکوومەتی لە ئەمەریکا بەشێوەیەکی دراماتیکی گەشەی کردووە. ئەم

قەرزانە بەبەردەوامی زیاتر بوون، بەبێ ئەوەی هیچ کاتێک حکومەتی ئەمەریکایی تووشی Bank-rott

(بانکرۆت، نابووتی) یان ترسی لەناوچوونیان بێت.

٤- بۆچی گایتنەر بەم شێوە ریشەییە هۆشداری دەدات؟

ئەوەی کە زۆر ڕێی تێ دەچێت، کە ئەمەش مانۆڕێکی سیاسی بێت. لە پاش ئەوەی مانگی نۆڤێمبەر هەڵبژاردنی نوێی کۆنگرێس کرا، کۆمارییەکان زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس پێک دەهێنن. بەشێکی زۆری ئەم ئەندام کۆنگرێسانە وەکو پێیان دەڵێن Freshmen (واتە هێشتا تازە هاتوون و گڕ و تین و وزەی کارکردنیان زۆرە. وەرگێڕ). ئەمانە یەکەم جاریانە دێنە ناو کۆنگرێسەوە، لەبەر ئەوە کارکردن لەگەڵیان زەحمەتە. لە پێش هەمووشیانەوە ئەوانەی کە لە بازنەی کۆنزەرفاتیڤە (کۆنەپارێز، محافظین الجدد) توندڕۆکانن و سەر بەگرووپی Tea-Party ین. ئەمانە ژیانی سەرۆک ئۆباما زۆر زەحمەت دەکەن. حکومەت دەبێت باش لەوە تێ بگات و حیسابی بۆ بکات، ئەوانەی کە پێیان دەڵێن Newcomer (ئەوانەی کە تازە بوونەتە ئەندام کۆنگرێس. وەرگێڕ) دەیانەوێت ڕۆڵی خۆیان وەکو دینەمۆی سەرەکیی کۆنگرێس ببینن.

لە دوایین شرۆڤەمان بۆ ئەم سیناریۆ ترسناکەی گایتەر ئەوەیە، کە زۆرترین پاڵەپەستۆی سیاسی بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی لێ نەگیرێت. هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دروشمی : (هیچ کەسێک نایەوێت حکومەت نابووت بێت) و بەم شێوەیەش حکومەت دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی، کە بەبەردەوامی و بەئاسانی پارەی تازەی دەست بکەوێتەوە.

ئابووریناس شتروابهارت وتی:

(ئەو قسانەی کە وەزیری دارایی ئەمەریکا کردی، زیاتر پێوەندیی بەگەمەی سیاسیی ناوەخۆوە هەیە، بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵی نەیارانیەوە و هەتاوەکو قەرزی زیاتر بکەن)

٥- ئامانجی کۆمارییەکان چییە؟

(تیژکردنەوەی دەنگی شمشێرە سیاسییەکان) هەروەک لێکۆڵەری ئەمەریکایی خاتوو میلدەر دەری خست، پاشتر ڕوونی کردەوە: (کۆمارییەکان ناچار دەبن دەنگ بدەن بە پرۆژەکە، بەڵام لە بەرامبەردا داوای پرۆگرامی پاشکەوتکردن و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان لە حکومەت دەکەن).

بەڵام ئابووریناس شتروابهارت پێی وایە ئەم مەسەلەیە (پرۆڤەیەکە بۆ سیاسەتەکانی ئۆباما).

دەبێت زۆربەی سیناتۆرەکان دان بەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەدا بنێن، کە جگە لە بەرزکردنەوەی سنووری قەرزداری، هیچ ئەلتەرناتیڤێکی باشیان لە بەردەستدا نییە. دیارە کۆمارییەکان هەوڵی

جــددی دەدەن، بۆ ئەوەی لـە کــاتی دەنگدانیــان بۆ پرۆژەکــە، زۆرترین دەســتکەوت لـە حکوومــەت بستێنن.

ئەوان (مـەبەسـتی لە کۆمـارییـەکان. وەرگێڕ) لە کـاتی هـەڵمـەتی هـەڵبژاردنەکـاندا داوای ئەوەیان دەکرد، کە دەبێت بودجەی حکوومەت کـەم بکرێتـەوە. بەڵام مـەرج نییـە بودجـەی وەزارەتی بـەرگری کەم بکرێتەوە، هـەروەک بـەو شێوەیەی کە جەنابی وەزیری بەرگری گەیتس کردی.

جێگەی ئامـاژەیە ئەم مەسـەلەیە بەشێوەیەکی زۆر باش لەلایەن کۆمارییەکانەوە بەکار دەهێنرێت ، بۆ ئەوەی هێـرشی توند بکەنە سـەر سـەرۆک ئۆبامـا. سـەرۆکی فـراکسـیۆنی کۆمـارییـەکـان لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا A.Boehner John جۆن بۆینەر وتی :

(ئا لەو کاتەی کە ئەمـەریکا نەتوانێت بـەشێوەیەکی ڕێکوپێک قـەرزەکانی بداتـەوە، ئێمـە ناتوانین بەردەوام بین، بەبێ هـیچ گوێپێدانێک قـەرز بکەین و بەهیچ شێوەیەکەیش ناتوانین پارێزگاری لە چارەنووسی منداڵان و نەوەکانی داهاتوومان بکەین).

٦- ئاخۆ بازاڕەکان هێشتا باوەڕیان بە دۆلار ماوە؟

بازاڕەکـانی بۆرسـە لـە ئەمـەریکا (جـێگەی ئامـاژەیە لە ئەمـەریکادا بەس تەنیا بازاڕی نیـۆرکی نییـە، بەڵکە لە چەند ویلایەتێکی تری ئەمـەریکادا بۆرسـە هەیە. هـەرچـەندە ئەمـانیش بەبۆرسـەی نیۆرکەوە بەستراونەتەوە. وەرگێڕ) بەشێوەیەکی هێمنی پێشوازییان لە هۆشدارییە ترسناکەکەی وەزیری دارایی گایتنەر کرد. لەگەڵ ئەو هەمـوو گرفـتانەی کە لە ڕووی سکتوورێڵـەوە (ژێرخـانی ئابووری) تـووشی ئابووریی ئـەمـەریکا بووە، بەڵام هێـشـتـا باوەڕێکی زۆری بەئابووریی ئەمــەریکا ماوە.

خاتوو Stormy-Annika Mildner وتی:

( هەتاوەکو ئێستاش ئەمەریکا باشترین وڵاتە لە ڕووی سەرمایەگوزارییەوە).

بەڵام ئابووریناس شتروابهار پێی وایە :

(ئەمە یارییـەکی ناوەخۆی ئەمەریکایە، کە دەسـەڵاتی سیاسـی دەخرێتە ژێر پرسـیارەوە، بەڵام لە هـەمان کـاتیشـدا پێوەندییـەکی ئێجگار توندی بەئـابووریی جیهـانی و بازاڕەکانی داراییی (بۆرسـە) جیهانەوە هـەیە. دیارە هیچ کەسێک لەو باوەڕەدا نییە، کە ئەمەریکا توانای قەرزدانەوەی نەبێت)

رۆڵی چین لەم گرفتەدا

لێـرەدا وڵاتی چـین ڕۆڵی گـرینگ دەبینێت : (Stefan Schneider) ســتـێـڤـان شـنایدەر کــە پسپۆڕێکی ئابووریناسە لە بانکی ئەڵمانی Deutsche Bank پێی وایە :

(دیارە کــۆمــاری گــەلی چـین لە پلـەی یەکــەمــدا دێت، کــە خــاوەنی بـەشــێکی زۆری پشـکە

حکوومەتییەکان"الأسهم الخزانة الامريكية"، وە باوەڕیش ناکەم لە داهاتووشدا ئەم وەزعە بگۆڕێت)

دیارە دەبێت ئەوەش ڕوون بکەمەوە، کە چینییەکان لەم دواییەدا هەوڵی ئەوەیان داوە، لە بواری سەرمایەگوزاریدا، پشت تەنیا بەیەک سەرچاوە نەبەستن، بەڵکە چەندان سەرچاوەی جیاواز، لەپێش هەمووشیانەوە چاویان لە ناوچەی یۆرۆیە (مەبەستی ئەورووپای ڕۆئاوایە، ئەو دەوڵەتانەی کە یۆرۆ بووەتە دراوی نیشتمانیان. وەرگێڕ). ستێڤان شنایدەر پێی وایە: ئەمە گۆڕانێکی هێواشی ستراتیجی چینییەکانە. بەڵام چین دەبێت لە داهاتووشدا هەر سەرمایەگوزاری لە بواری "پشکە حکوومەتییەکانی ئەمەریکا" بکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەم وەزعە باشەی ئێستای خۆی بکات و پلەکەی دانەبەزێتە خوارەوە.

بەمانایەکی تر: دەبێت لە داهاتوودا حکوومەتی ئەمەریکا لە ڕووی داراییەوە خۆی بەهێز بکات، بەڵام بەمەرجێک بەهێزی و توانای دۆلار نەخاتە مەترسییەوە. ئابووریناس شتروابهار هۆشداریی ئەوە دەداتە ئەمەریکا :

(پێویستە حکوومەتی ئەمەریکا ئاگەداری ئەو خاڵە گرینگە بێت، کە لە داهاتوودا بۆ ئەوەی کورتیی بودجەی حکوومەتی پڕ بکاتەوە، نابێت بەشێوەیەکی ئێجگار ترسناک قەرز بکات،)

٧- چۆن زلهێزی ئابووریی ئەمەریکا بەردەوام دەبێ؟

زۆربەی پسپۆڕان لەسەر ئەوە کۆکن، لە داهاتوودا چین زلهێزی گەورەی جیهان دەبێت. بەهۆی گەشەی بەردەوامی ئابووریی بەهێزی پەکین، هیچ نەتەوەیەکی ڕۆئاوا ناتوانێت ڕای بگرێت. ئابووریناس شتروابهار پێی وایە :

(ئەمەریکا لە سەدەی ٢١دا ناتوانێت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئابووریی جیهاندا زاڵ بێت، هەروەک لە پێشووتر هەیبوو)

بوونی ڕێژەیەکی زۆری بێکاری، قەرزێکی ئێجگار ترسناکی حکوومەتی، لێدانی ئەو ئایدیایە کە بەخەونی ئەمەریکایی ناسراو بوو، پێویستە ئەمەریکا هەموو ئەم گرفتانەی چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی لە کێبەرکێی جیهانیدا نەخرێتە پەراوێزەوە.

لێکۆڵەری ئەمەریکایی خاتوو Stormy- Annika Mildner لەبارەی وڵاتی بێ سنووری هەلی ژیان (ئەمە دەستەواژەیەکی ئەڵمانەکانە بۆ وڵاتی ئەمەریکا. وەرگێڕ) پێی وایە :

(ئەمەریکا تەنیا کاتێک دەتوانێت پێشەنگی ئابووریی جیهان بێت، کە گرفتە زۆرەکانی ژێرخانی ئابووریی خۆی چارەسەر بکات)

سەرچاوە:

کۆواری شپیگلی ئەڵمانی ٢٠١١/١/٧

# قرغیزستان
# دەوڵەتێکە کەس دەرەقەتی نایەت

ئاریک فولات و کریستیان نیڤ

لەو ماوەیەدا و لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕێکی دژواری خوێناوی لە مانگی یۆنیۆ نزیکەی دوو هەزار کەس لەو وڵاتە بوونە قوربانی، لەو شەڕەدا چەندان تاوانی توندکار و ستەمزۆری رووی دابوو، بۆیەش پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو وڵاتە دەبێتە وڵاتێکی دیموکراسی و دەکرێ ئەو سیستەمەی تێدا پێڕۆ بکرێت؟ خۆر لە ئاسمانی تەختی سلێمانی دەدا، ئەوەش بەردێکی گەورەیە دەکەوێتە ناو سەنتەری شاری ئۆش، ئەوان دەڵێن کەوا حەزرەتی سولێمان لەسەر ئەو تەختە بەردینە دانیشتووە، خۆری رۆژەکە خۆش بوو، لە دوورەوە چیاکانی تیانشات سەری بەفرینی

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

دەبریسکایەوە، لەناو هەموو کوچەکانی ئەو شارە دەنگی مەلابانگدان داواکار بوو خەڵکەکە بۆ نوێژکردن ڕوو لە مزگەوتەکان بکەن، بەوەش دیارە کەوا شاری ئۆش شارێکی نموونەییە. بەڵام رامانەکە وا نییە، بەیانییەکەی زوو تەرمی چوار کیژیان لەناو مزگەوتێک دۆزییەوە، تەرمەکانیان لە مافوورێک لوول درابوون، هەموویان خوێنیان پێوە بوو، تەرمەکانیان پاش سەربڕینیان سووتاندبوون، کیژەکان قرغیزی ئۆش بوون، پاش ئەو ڕووداوە و تەرمی سێزدە کەسی تری کوژراویان لە شارێکی وڵاتی ئۆزبکی نزیک خۆیانەوە هێنایەوە، یەکێک لەوانە دوکتۆرێکی منداڵان بوو، تەرمەکان دەستیان بەسترابوو، ڕوویان شێوێندرابوو، وەک چوار کیژەکانیان لێ کردبوون، ئەو تەرمانە بە ئاوی ڕووباری ئاکبوراوە لە سنوورەوە هاتبوون، ئەوانیش لە ڕەگەزی قرغیزی بوون. پیاو و ژنەکانی نیشتەجێی خێوەتەکانی نزیک ئیدارەی هەرێمایەتیی سپییەکە هێمایەکی گەورەیە بۆ ناساندنی مەسەلەکان، جمیرا ئالیکولوفا، قرغیزییە تەمەن پەنجا و سێ ساڵییەکە ئەو وتی:

(بکوژەکان ئوزبکین).

ڕاستە ئۆزبکییەکان ڕەگەزێکی کەمینەن لە قرغیزستان، بەڵام لە ئۆش زۆرینەن، هەموو بازاڕەکانی شارەکە موڵکی ئەوانە، باخچەکان، ڕێستورانتەکان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان، بۆیەش ئەوان بڕیاردەرن، خەڵکە تووڕەکە دەیانوت ئەوانن کەوا داواکارن قرغیزەکان شارەکە چۆڵ بکەن، دەیانەوێ لەو شارە دەرمان بکەن.

***

بە هەواڵی شەڕی چوار ڕۆژە خوێناوییەکەی مانگی یۆنیۆ شاری خێوەتە گچکەکان بووە هەواڵی سەرەکیی ئۆش بە تێڕوانینی قرغیزییەکان، بەڵام ئەوەی بەنیگای ترەوە بیەوێت ڕاستیی چیرۆکەکە ببیستێت، دەبێ تەنها دوو کیلۆمەتر لەو شوێنە دوور بکەویتەوە تا دەگەیتە گەڕەکی شرک کە گەڕەکێکی ئۆزبکینشینە. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لەو شەڕ و ململانێیەدا ٢٧٠ کەس کوژراون، قرغیز و ئوزبک کەوتبوونە ناو یەک، بەڵام لەو شەڕەدا ژمارەکان لەوە زۆرترە و دەگاتە دوو هەزار کەس، زۆرتریش لە حەفتا و پێنج هەزار کەسیش بەرەو ئۆزبکستان رایان کردبوو، کە جیهان ڕاستیی ڕووداوەکەی ئەو شارەی زانیبوو تووشی شۆک بووبوون.

چ لەو شارە ڕووی دابوو؟ بۆچی بەرپرسەکان ڕاستییەکان ڕوون ناکەنەوە، سەرۆکی شارەوانییەکە، بەڕێوەبەری هەرێمەکە، سەرۆکی پۆلیس، سەرۆکی هەواڵگری، بۆ باس ناکەن، ناڵێن کێ بوو یەکەم تەقەی ئەو ئاژاوەیەی کردبوو، کێ بوو ئەو خەڵکەی بەکوشتن دا؟ بۆچی لە ڕۆژنامەکان ڕاستییەکان باس ناکەن، هیچ نانووسن؟

لەو چەند ساڵەی ئەو شارە هەوار و بنکەی شارستانییەکان بووە، مەڵبەندێکی بازرگانیی ئارام بووە، جەمسەری ڕێگەی حەریری مێژوویی بووە وا پاش ئەو کارەساتە خوێناوییە داماویی دەستی بەسەردا کێشاوە و ترس و دڵەڕاوکێ خەڵکەکەی هەژاندووە. تەمەنی شاری ئۆش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ هەزار ساڵ، ئەو شارە لە شاری ڕۆماش کۆنترە، هەموو کاروانەکانی چین بەو شارەدا

ڕەت بوون، ئەسکەندەری مەزنیش لێرە وەستاوە، وەک دەڵێن لەلای تەختی سلێمان وەستاوە کە بەرەو هیند ڕۆیشتووە.

***

لە مانگی یۆنیۆوە ئەو شارە گۆڕاوە، ئەو شارەی کۆی سەرژمێرییەکەی دەگاتە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس، بەو چوار ڕۆژە شارەکە کاول بوو، هەموو شەقامە سەرەکییەکان خاپوور بوون، وەک شەقامەکەی قرغیزستان ئەو شەقامە هەر خاپوور بووە، باڵەخانەکان بەپێوە نەماون بەشی ڕاستی شارەکە تەخت کراوە، هەموو نووسینگە و ڕێستورانت و قاوەخانەکان نەماون، هەروەها نەخۆشخانە ئیسلامییەکەش رووخێنراوە، بەڵام بەشی چەپی ئەو بەشەی قرغیزییەکانی تێدا دەژیت زیانی بەرنەکەوتووە، شەقامەکە وەک خۆیەتی خاپوور نەبووە.

وا لە خوارەوە بەشێکی چیرۆکەکەتان بۆ دەگێڕینەوە:

ئۆزبکییەکان هێرشیان کردبووە سەر بەشی ناوەخۆی خوێندکارەکانی زانکۆی ئۆش، دەستدرێژییان کردبووە سەر کیژە قرغیزییەکان، قرغیزییەکانیش تۆڵەیان کردوونەتەوە. لە سەربردەی سێیەمدا دەڵێن دەستدرێژی بەهیچ شێوەیەک نەکراوە و شەڕ و کۆمەڵکوژییەکە لە ناکاو و بەبێ هۆ رووی داوە و هیچ بیانوویەک نەبووە. ئیتر ئەو شارە لە هەموو ڕێسا و بەندەکانی یاسا دەردەچێت، شەوانە پیاوانی بەدلە ڕەشی بەبێ دەلیل بەو شارە وەردەبوون، تۆڵەیان دەکردەوە و دەستیان نەپاراستووە، دەڵێن گوایە سێ هەزار کەسی ئۆزبکی گیراون، زۆریشیان بزر بوون، یان بێ سەروشوێن کراون، ئەوانەی لە حکومەتیش پۆستیان هەبووە، یان دەرکراون یان پۆستەکانیان لێ ستانوونەتەوە. ڕووداوەکەی ئۆش تەنیا ڕووداوێکی خوێناویی جەرگبڕی تایبەت بەو شارە نەبووە و بەس، بگرە گەڤێک بوو بۆ هەموو ناوچەکە. کە لە دەسەڵاتی لە بشکیکی پایەتەخت دەگۆڕێت، ئەو ڕووداوانە قەومان، کە لە ئاکامی ناڕەزاییە خوێناوییەکانی مانگی نیسان ڕوویان داوە، دەستدرێژی و شەڕەکانی ڕوویان دا، سەرۆکە گەندەڵەکەیان لادەدەن و قوربان بیگ باقییف بەناچاری بەرەو وڵاتی هیند رادەکات. لە ئاکامی دەستبەکاربوونی حکومەتێکی نوێ و رووخانی ئەو روزا ئوتونبایێف وەزیری دەرەوەی پێشوو کە لە ئۆپۆزسیۆندا بوو، وڵاتەکەی بەهۆی چەند مەراسیمێکەوە بەڕێوە دەبرد، لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە بشلیک خۆپێشاندەرەکان دەڕژێنە سەر شەقامەکان، بۆیەش پۆلیس گازی فرمێسک پرژێن بەکار

دەهێنێ، چەندان کەسیش لە ئەندامانی ئەوانە دەگرن.

***

لەو ڕووداوانە و پاش ئەو گۆڕانە، کۆمارە موسڵمانییە شاخاوییەکەی کە سەرژمێرییەکەی دەگەیشتە نزیکەی پێنج ملیۆن و سێسەد هەزار کەس، بووە ئەو وڵاتەی کۆنترۆڵی زەحمەت بێت. لەبەر دژواریی ڕووداوەکان و لەبەر ستراتیجیەتی ناوچەکە و گرینگیی شارەکانی وەک تور ئەجیر و کورکور، لەبەر گەورەییی کەسایەتییەکانی وەک مومان و ئورسکول هەموو گۆشەیەکی جیهان بوونە جێگەی باس و نیگای هەموو میدیا دیارەکانی ئەو گێتییە. ئەو وڵاتە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەردەوام خاپوور کراوە و هێرشی لەسەر بووە، هەر لە هێرش و پەلامارداەنەکانی جەنگیزخان و چینییەکان هەتا هێرشی ڕووسەکان لە ساڵی ١٨٧٦ و دوایی ستالین کە سنووری کۆمارەکانی ناو یەکەتیی سۆڤیەت لە نێوان قرغیزییەکان و ئۆزبکییەکان ڕاکێشاوە، ئیمڕۆش ئەو وڵاتە بووەتە وڵاتێکی هەژار و بێ سەرمایە، ئەگەرچی ساڵانەش زێڕ و یۆرانیۆمیش ڕەوانەی دەرەوە دەکات، بەڵام داهاتی مانگانەی تاکی وڵاتەکە تەنیا ٨٢ دۆلار دەبێت. ئەو وڵاتەی سەرکردایەتییەکی شیاوی نەبێت دەبێتە وڵات و پێگەی کەسانی لادەر و توندڕۆکان، کەسە توندڕۆیە ڕاکردووەکانی ناو تاجیکستانی هاوسنووریان خۆیان گەیاندووەتە قرغیزستان، چالاکوانەکانی ئاویگوری ناوچەی شینجیانگی چینی ئاڵۆز و بەئاشووبە هاتوونەتە ناو ئەو وڵاتە بۆ ئارامی و بۆ خۆشاردنەوە. قاچاخچییەکانی قرغیزستان سنوورەکەیان کردبووە پێگە و بواری دەربازبوونیان لە ئەفغانستانەوە بەرەو دەرەوە و لە دەڤەری ئۆشەوە.

لە دیدی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان قرغیزستان وڵاتێکی بێهێزی ناوچەکەیە. بەڵام پاوەری دەرەکییەکانی پێویستیان بەو وڵاتە لاوازەش دەبێت، چین چاوی لەو وڵاتە گچکە لاوازەیە تا کەرەستەی خاوی لێوە دەست بکەوێت، مۆسکۆش دەیەوێ ئەو وڵاتە ببێتە بەربەستێک بۆ گرتنی سنوورەکەی بە ڕووی هێزە توندڕۆیە ئیسلامییەکان، ئەمەریکاش لەسەر ئەو وڵاتە بنکەیەکی سەربازیی بۆ شەڕکردنی بزاڤی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە داناوە. بۆیەش وڵاتانی ئەمەریکا و ڕووسەکان و چینییەکان ناخوازن قرغیزییەکان و دەسەڵاتەکەی لاواز بێت، لەناو ئاژاوە و دەردەسەرییەکان بمێنێتەوە. ئەوەی جێگەی ڕامانە کەوا ڕۆژنامەکان ئەو وڵاتەیان بە سویسرای ئاسیای ناوەڕاست ناو ناوە.

## وڵاتێکی ئیلیج

زانای فیزیا و یەکەمین سەرۆکی قرغیزستانی ئاکاییڤ، وەک سەرۆکەکانی کازاخستان و تورکمانستان و ئۆزبکستان پێشتر کۆنە سکرتێری حزبی شیوعی نەبووە، بۆیەش هەموولایەک پاش ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت بیریان لەوە دەکردەوە لەگەڵ سەربازەکانی ئەو لەناو دڵی ئاسیا وڵاتێکی دیموکراسی دروست بکەن. ئەو لەگەڵ پەرلەمانەکەیان هاوتەریب حوکمی دەگێڕا، لە

وڵاتەکەیاندا میدیایەکی ئازاد هەبوو، ڕۆژنامەکان سەربەرست بوون، ئۆپۆزسیۆن دەنگ و دەسەڵاتی هەبوو، لەولاشەوە لە وڵاتانی تری ئاسیای ناوەڕاست بەدەستی پۆڵاینی زۆردارییەوە حوکمیان کردووە، ئەوان وایان دەزانی کەوا بەو سیستەمە نەبێت ناتوانن میللەتەکانیان بەڕێوە بەرن، بەتایبەتی ئەو حکوومەتانەی لە شەو و ڕۆژێکدا لەدایک دەبوون، بەوەش بەناچاری میللەتانی فرەزمان و فرەڕەگەزی تورکیزمان و فارسیزمان لەگەڵ ڕووسییەکان و کۆرییەکان و چینییەکان بەیەکەوە دەژیان. بەڵام ئاکاییڤ کە دەزانێت حوکمەکەی بەو ڕێبازە دەشڵەژێت، بەناچاری دەستوورەکە وەک ویستی تایبەتی خۆی دادەڕێژێتەوە و بوار ساز دەکات ئەندامانی بنەماڵەکەی بتوانن زۆرتر پارەی دەوڵەت ببەن، بۆیەش میللەتە هەژارەکەی باشووری وڵات شۆڕش دەکەن دژ بەباکوری وڵاتەکە، ئەوەش ئاکاییڤ ناچار دەکات دەست لەکار بکێشێتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ واز لە دەسەڵاتی وڵاتە ئاڵۆزەکە دەهێنێت، بەڵام باقییڤ هەمان هەڵەکانی ئەو دووبارە دەکاتەوە، بۆیەش تەنیا پێنج ساڵ لەسەر حوکم دەمێنێتەوە.

پرسیارێک دەکرێت، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ بوارسازە، قرغیزستان ببێتە وڵاتێکی دیموکراسیی پەرلەمانی...؟

کە ڕێژیمی باقییڤ دەڕووخێ، حکوومەتێکی کاتی دەسەڵات دەگرێتە دەست و لە مانگی ئەپریلەوە ئەوە دەگرنە دەست، ئەوانیش بەرنامەی زۆر دادەڕێژن، دەستووری نوێ ساز دەکەن، بەمەرجێک لە نموونەی دەستووری ئەڵمانی نزیک بێت، پاشان بڕیار دەدەن ریفراندۆمێک ساز بکەن، زۆریش قسە لەسەر ئەوە دەکرا کەوا دەسەڵاتی سەرۆک کەم بکرێتەوە و چیی تر دەسەڵاتەکان بەخراپی بەکار نەهێندرێ و گەندەڵییەکانیش بنبڕ بکرێن. دەبووایە پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان هەنگاوی دیموکراسیی زۆر باش لەو لایەنە بچێتە پێشەوە، بەڵام ڕووداو و کوشتارەکانی ئۆش ئەوەی ئیفلیج کرد.

پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ماوە ماوە دەستەیەک لە دەرەبەگەکانی ئەو وڵاتەی وەک خەڵات وەرگرتن و بردنەوەی پێشبڕکێ وەردەگرن، ئەوانە پرۆسەی دیموکراسی چۆن دەبەنە پێشەوە؟ دیارە کەوا چاودێرە سیاسییەکان بڕوایان بەو قسانە نییە، کە دیموکراسییەت لەو وڵاتە پیادە بکرێت، سەبارەت بەوڵاتانی ناوچەکەش وا سنوورەکەی خۆیان باش توند دەکەن، چونکە پەیدابوونی




ولاتێکی دیموکراسی لە قرغیزستان لەسەر شێوازی ئەوروپایی بۆ خودی خۆیانیش مەترسییە. سەرۆکی رووسی دیمتری میدفیدیڤ و سەرۆکی ئەمەریکایی باراک ئۆباماش لەو هەنگاوەی ئەو ولاتە ترسیان هەیە، ئەوان وا دەزانن لە پرۆسەیەکی دیموکراسیی هەڵبژاردندا رەنگە ئیسلامییە ئوسولییەکان هەڵبژاردنەکە ببەنەوە و بەشەرعی بگەنە دەسەڵات، ئەوەش بۆ بەرژەوەندیی ئەوان خراپ دەکەوێتەوە. ئەوان دەڵێن:

(ئەگەر ئەو کاروانە وا بڕوات هەمان کێشەی ئەفغانستانمان بۆ زیندوو دەبێتەوە، کەوا ئێستا وا خەریکین چارەسەری دەکەین).

لە پرێس کۆنفراسێکدا کە لە نێوان سەرۆکی رووسیایی و ئەمەریکایی ساز کرابوو، مەترسیی ئەوەیان راگەیاندبوو کەوا نموونەکەی تاڵیبەکان دەگاتە ئەو ولاتەش، رەنگە لێرەوەش بپەڕێتەوە ناو هەموو ولاتانی ئاسیای ناوەڕاستەوە، دیارە ئەوە رووسیاش دەگرێتەوە. بەڵام سەرۆکی رووسی میدفیدیڤ ئەوە باش دەزانێت ئەگەر سەرکردایەتیی قرغیزی ئازایەتی و لێهاتووییەکی بەجەرگ و پێویست بخەنە کار، ئەوە بێگومان دەتوانن رەوشەکە لەو قاڵبە دەرباز بکەن، وا چاکە دانوستاندن لەگەڵ هەموو رەگەز و نەتەوەکانی ناوچەکە بکرێت. ئاخۆ ئەو ژنەی بووبووە سەرۆکی گواستنەوەی ئەو ولاتە روزا ئوتونبایيڤ ئەوەی پێ دەکرێت؟ ئەگەرچی رۆئاوا پشتیوانیی دەکرد و هانیان دەدا، بەڵام دەسەڵاتی چ دەبێت کە کۆمەڵکوژییەکەی ئۆش رووی دا، دیارە دەستی دەرەکی و شاراوەش لەو مەسەلەیە بوونی هەبووە، هێشتا ناوەکان نەهاتووە، مەسەلەکە وەک خۆی باس نەکراوە، کە

ڕاوێژکارەکان داوایان کردبوو هێزی ئاسایشی دەولی بێتە ناوچەکە بۆ چارەسەرکردنی گرژی و ناکۆکییەکان هەڵوەستەی لەسەر کرابوو.

## گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان

هەردوو منداڵی نووسەرێکی ناودار، ژنە ژوورنالیستێکی بەجەرگ، جێگری حاکمێکی پێشوو، ئەو کەسانە کۆششیان دەکرد، تا بزانن بۆچی ئەو کۆمەڵکوژییە لە ئۆش رووی داوە، ئەوان لە هۆکارەکان دەگەڕان. هەردووکیان (ئالدار تەمەن سی ساڵ، شیرین تەمەن سی و دوو ساڵ) رەنگە ئەوانە لە بشکیک لەدایک بووبن، دیارە منداڵانی باکورن، وەک چۆن شیرین وتی، ئەوان لەگەڵ خەڵکی باشوور پێوەندییەکیان نییە، ئەوە و ئەوان زۆربەی ژیانیان لە دەرەوە و لە رۆئاوا بەسەر بردووە، بۆیەش ئۆش بۆ ئەوان جیهانێکی نامۆیە، بۆیەش گیانبازییەکەی ئەوان جێگەی سەرنجە. لەوێ لەسەر کەلاوەکانی شارە داڕماوەکان کە تێدا چەند ژنێکی قرغیزی بەرهەمی وەک گندۆرە و تەماتەیان بۆ فرۆشتن ریز کردبوو، هەندێک لەوانە شیرین و ئالدرایان دەناسی، بەتایبەتی شیرین.

شیرین قەمیسێکی سپیی گوڵداری گەورەی لەبەردا بوو، قژە جوانە نەرمەکەی بەسەرشانی هاتبوونە خوارەوە، بەوەش رووە چوارگۆشەییەکەی بەنەخشینی دەرکەوتبوون، ئەو کیژە زۆرتر بە باوکی دەچوو، بەپێچەوانەی براکەی کە هیچ ئاکاری لە باوکی نەدەکرد، ئەوانە منداڵی جەنگیز ئیتماتۆڤ بوون، دیارە ئەو نووسەرە پێویست بەناساندن ناکات. لە سەردەمی سۆڤیەتدا ئیتماتۆڤ (باوکی هزریی میللەتی قرغیزی) و (دەنگی ئاسیای ناوەڕاست) بوو. لە سەردەمی ستالین ئەو وەک باجوەرگر و کرێکارێکی گەنجینە و وەک میکانیکار کاری کردبوو، پاشان تەندروستی بەیتەری (ڤێتیرنی) دەخوێنێت، پاشان ئەدەب، ئینجا دەبێتە یەکێک لە ئەدیبە ناسراوەکانی سۆڤیەت، هەردوو کتێبەکەی کەشتییە سپییەکە و جەمیلە وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە هەشتا زمان، شاعیری فرەنسایی لویس ئاراگۆن رۆمانی جەمیلەی ناو نابوو جوانترین چیرۆکی ئەڤین لە هەموو جیهاندا. ئیتماتۆڤ ماوەی شازدە ساڵ سەفیری قرغیزستان بووە لە فرەنسا و وڵاتانی بنلۆکس (بەلجیکا، هۆڵەندا، کۆلسمبۆرگ)، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ منداڵەکانی لەوێ ژیاوە و هەتا مردووە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە برۆکسل بووە.

ئەوان دەیانوت کەوا باوکیان لەو دواییانەدا زۆر لە دەسەڵاتدارەکان تووڕە بووبوو، بۆیەش بڕوای بەوان نەمابوو، لە نووسینەکانیدا رەشبینی دەبینرا، ئەو داواکار بوو ئاینێکی لۆجیکی بێتە ئاراوە و ئەو ئاینەش هەموو مرۆڤایەتی بەرەو هاوسەنگیی ئەخلاقیی بێگەرد ببات.

ئالدار وتی: کە لە ساڵی ١٩٩٠ شەڕێکی خوێناوی لەسەر موڵکیەتی زەویوزار لە قرغیزستان رووی دا، کە تێیدا نزیکەی هەزار کەس کوژران، باوکم یەکسەر خۆی پێ ڕانەگیراوە و سەفەری وڵاتی کردووە و لە بەردەم خەڵکە هەڵچووەکە وەستاوە و ساردی دەکردنەوە، لەو دەمانە، هیچ سیاسەتوانێک جورئەتی ئەوەی نەدەکرد، ئەوەیان غیرەتی دەویست.

ئیتماتۆڤ بڕیاری دابوو، کەوا ئالدار ببێتە میراتگیری ئەو و بەس، ئەو کوڕێکی کەمدوو بوو، چاویلکەیەکی گچکەی لەسەر دەموچاوە وردە خاڵدارەکەی دانابوو، ئێستا دەزگای ئیتماتۆڤی دەولی لە بشکیک بەڕێوە دەبات، لەسەر ئەوەیان ئەو وتی:

ئەوەی باوکمان پێی خۆش بوو بیکات، ئێمە ئەوەمان مەبەستە بیکەین.

کە ڕووداوەکانی مانگی یۆنیۆ لە شاری ئۆش ڕوو دەدەن، هەردوو منداڵەکەی ئیتماتۆڤ یەکسەر دەگەنە بشکیک، بەیەکەوە لەگەڵ هاوڕێیەکانیان خواردن و جلوبەرگ و داوودەرمان کۆ دەکەنەوە، چەندان یارمەتی و کۆمەک دەگەیەننە باڵەفڕگە و شەوەکە تا درەنگ چاوەڕێ دەکەن تا کۆمەکەکە بگەیەننە شارە داماوەکە. ئیمڕۆ هەردووکیان دەگەڕێنەوە شارەکە و لەگەڵ خۆیاندا تیمێکی وێنەگر دەهێنن، وەک ئەوان وتبوویان مەبەستیانە ڕووداو و نەهامەتییەکان تۆمار بکەین کە لە ئۆش ڕوویان داوە، ئەوەش تا لە دواڕۆژدا خەڵکەکە سوود لەو ئەزموونە تاڵە وەربگرن، ئەو کۆمەڵکوژییە دووبارە نەبێتەوە.

## ئەفغانستانێکی تر

ئالدار و شیرین لەناو گەڕەکەکانی قرغیزی و ئۆزبکییەکاندا دەسووڕانەوە، کەسانی وەک ئایگول جولدوباییڤای تەمەن سی و نۆ ساڵیمان بینی، ئەو ژنێکی کورتەباڵای خڕپن بوو، لەناو بازاڕەکەدا پێڵاوفرۆشیی دەکرد، لەسەر خانووە سووتاوەکەی وەستابوو. ئەو خانووە پێش سووتانەکەی یەکێک بوو لە خانووە جوانەکانی گەڕەکەکە کە لە یازدە ژوور پێک هاتبوو، دەروازەکەی بەچەند ستوونێک ڕاگیرابوو. خانووەکە بەئاگرەکە بنمیچەکەی ڕووخابوو، بۆیەش ئەو لەناو حەوشەکەی هاواری دەکرد و دەیوت:

من لە ماوەی کارکردنم بە دە ساڵ نزیکەی ٣٥٠ هەزار دۆلارم پاشەکەوت کردبوو، هەمووی لە بەرچاوانم سووتا، بە یەک سەعات هەموو داهاتەکەم لە بەرچاوی خۆم نەما. ڕۆژی ١٠ی مانگی یۆنیۆ ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی کارەسات و ڕووداوەکان بوو، بە قسەی جولدوباییڤا لە ڕۆژی دووەمی ڕووداوەکان خانووەکەی ئەو سووتاوە، دوو ڕۆژ بوو خانووەکەم دەسووتا، ئاگرکوژێنەوە و پۆلیس نەگەیشتنە سەر ڕووداوەکە، کەسیان یارمەتییان نەداین، بەقسەی ئەو ژنە ئەگەر حکوومەت لەو دەمانە دەستوبرد بووایە، ئەوا من ئەو زیانە زۆرەم پێ نەدەگەیشت، چارەنووسم نەدەگەیشتە ئەو ڕۆژە ڕەشە. لەو ژنەمان پرسی دەزانی کێ بوو ماڵەکەی سووتاندی، چیت لە بیرە، تۆ تاوانکارەکان دەناسیتەوە، ئەویش لە وەڵامدا، (ژنە ماڵ سووتاوەکە) وتی:

تاوانکارەکان ژمارەیان نزیکەی سێ هەزار چەتە و تاوانکاری ئۆزبکی بوون، لەناو شەقامەکاندا بەدەم وتنی (اللە ئەکبر)ەوە هاواریان دەکرد و ئاگر و بڵێسەیان لە دەستدابوو، دیارە کەوا ئەوانە زووتر نەخشەیان بۆ ئەو ڕووداوە کێشابوو، هەموو ژن و منداڵەکانیان زووتر لەو شارەدا دەرپەڕاندبوو، زووتر دەیانزانی چ دەکەن.

عیزەدین زاکیروڤ، پیاوێکی ئۆزبکیی تەمەن چل و نۆ ساڵان بوو، چیرۆکی ئەو جۆرێکی تربوو، زۆر لە گێڕانەوەکەی ژنەکە جیاواز بوو، ئەو وتی، گەنجانی کە تەمەنیان لەژێر هەژدە ساڵیش بوو، قرغیزی لە رۆژی ١١ی مانگی یۆنیۆ دەست بە کلاشینکۆفەوە دوو خانوویان لە گەڕەکی شرک سووتاند، بەقسەی زاکیروڤ بۆ بەیانییەکەی دە خانوو سووتا. ئێمە بەلۆرییەکان بەربەستمان دانا، پێوەندییمان بە پۆلیسەوە کرد، چووینە لای سەرۆکایەتیی شارەوانی، بەلام کەسیان وەلامیان نەبوو. زاکیروڤ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، بەئێمەی وت، کەوا سێ رۆژ پاشان نزیکەی پێنج سەد چەکدار لە باشوور و دوو سەد لە باکورەوە گەیشتنە ئێرە، دەستیان کردە تەقەکردن و هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵەکان و ئەوەی بە کەڵک بوو باریان دەکرد، لۆرییەنیان پڕ دەکرد لە ماڵی تالانی پاشان ئاگریان لە ماڵەکانیش بەردەدا، لە گەڕەکەکەمان دە کەس کوژران، برایەکی منیش گوللەیەک بەر شانی کەوت و بریندار بوو، هەتا ئیمڕۆش سێ کەسی ئۆزبکی بێ سەروشوێنن. زاکیروڤ قەمیس و پانتۆڵێکی شینی لەبەردا بوو، کە لەلایەن خاچی سوورەوە وەری گرتبوون. ماڵی ئەویش بووبووە خۆڵەمێش، هەموو شتەکانی حەوشەکەشی سووتابوو، تاوانکارەکان قاسەی پارەکەشیان شکاندبوو و لەناو حەوشەکە فڕێیان دابوو، ئەو بە پێیەکانی خۆڵەمێشەکەی هەڵدەدایەوە و دەیوت:

من ڕقم لە قرغیزییەکان نابێتەوە، پاش مانگی یۆنیۆ هاوسێیەکەم کەسێکی قرغیزی بوو، دیوار و شوورەمان لە نێواندا نەبوو، لە ناکاو و زۆر خێرا ناکۆکییەکان روویان دا، ناکۆکییەکان نابژیوانی سەربازیی دەویست. من نازانم ئەو شتانە بۆچی روویان دا، ئەو لۆرییەکی باری هەبوو، بەو لۆرییە باری بردبوو بۆ شارەکانی هامبۆرگ و رەیاز و مۆسکۆ، ئەو وتی، کە سەفەرم زۆر کردووە، وام دەزانی من هەموو خەڵکە چاکخوازەکان زۆر باش دەناسم. بەلام ئیمڕۆ وام لێ هاتووە بەپەلە خێزانە حەوت کەسییەکەم دەرباز بکەم، زوو بار بکەم و سەرم هەڵگرم، بەلام هیچ پسوولەمان نەماوە، هەموو سووتان، تا بەڵگەنامەی نوێی دەربکەین دەبێ بەزمانی قرغیزی نووسینەکان بکەین، بەرپرسە قرغیزییەکان ئەوەیان دەوێت، بەلام کێشەکە لەوەدایە کەوا ئۆزبکییەکان زمانی قرغیزی نازانن.

### ئاشتبوونەوە

هەردوو منداڵەکانی ئیتماتۆڤ ڕووداوەکەیان دەنووسییەوە، گێڕانەوەکانی خەڵکەکەیان تۆمار دەکرد، قسەکانی زاکیروڤ، ئەو خوشک و برایە، ئەگەرچی ئەوان منداڵیی خۆیان بەئارامی لە شاری برۆکسل بەرێ کردبوو، بۆیە ئەوەندە لێزان نەبوون، تا بتوانن ئەو وردەکارییە ناڕەواییە بەدکارییە بنووسنەوە، ئەوان یەک راستییان دەزانی، ئەویش:

قرغیزییەکان، لەگەڵ ئۆزبکییەکانی دەڤەرەکە بەیەکەوە قسەیان نەماوە، نێوانیان ئاڵۆزە، ئاسان نییە ئەو دوو نەتەوەیە ئاشت ببنەوە. شولبون جاکوبوڤا دەڵێت:

گرینگ نییە بزانین کێ تاوانکارە و کام نەتەوە دەستدرێژییان کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو وڵاتە دەبێتە ئەفغانستانێکی تر؟

ئەو ژنە پارێزەرە و تەمەنی پەنجا و یەک ساڵە و یەکێکە لەو ژنانەی بەدڵسۆزییەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکات، کۆششکارە مافەکانی مرۆڤ لە قرغیزستان پارێزراو بێت، ڕێکخراوەکەی ناوی (ئادیلت)ە بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژانە خەریکی دۆزینەوەی قوربانییەکانی ئەو کۆمەڵکوژییەیە. ئەو بەردەوام لە دەرگەکانی بنکەی پۆلیس دەدات، سەردانی نووسینگەی بەرپرسەکان دەکات، بەیانییان زوو دەگاتە شوێنە هەستیارەکان، بەڵام دەیەوێ بگاتە نهۆمی ژێرەوەی ژێرزەوینێک کە دەڵێن چەند کەسێکی گیراوی ئۆزبکیی تێدایە، بەپەلە دەگاتە ئەو ژنە ئۆزبکییەی لە نزیک زانکۆ خەریکی فرۆشتنی کەلوپەلەکانی خۆیەتی، خەریک بوو کۆششی دەکرد، سەردانی شاری جەلال ئابادی کردبوو بۆ دۆزینەوەی شاهیدی ڕووداوەکان. جاکوبوڤا لە بەردەم نووسینگەکەی دانیشتبوو، دیاربوو کە ماندوو بوو، جگەرە بەجگەرەوە دەنا، دەیویست بیر و ڕامانەکانی کۆ بکاتەوە، دیمەنەکانی ئەو ڕۆژەی کۆ بکاتەوە، دیارە کەوا کوژراوە ئۆزبکییەکان لە قرغیزییەکان زۆرترن، وەک ئەو وتبووی، بەڵام گیراوەکان زۆرتر ئۆزبکین، ئەو وتی تازە پیاوێکم دیوە کوڕێکی خۆی بەپێنج هەزار دۆلاری ئەمەریکایی فرۆشتبوو، ئەو وتی:

دیارە کەوا لەو دەڤەرە یاسا نەماوە، دەسەڵاتەکە کەوتووەتە بن دەستی گەورەچەکدارەکانی ناوچەکە و ئەوان سەروەرن.

## دوو جیهانی جیاواز

ئەو چوار ڕۆژەی کۆمەڵکوژییەکەی تێدا ئەنجام درا بەقسەی جاکوبوڤا کردەیەکی ڕەمەکیی بێ بەرنامە نەبوو، گەنجانی قرغیزی لەناو کێڵگەکانەوە دابەزیبوونە ناو شەقامەکان، لە گوندە شاخاوییە هەژارەکانەوە هاتبوون، تاڵانی زۆریان دەکرد، لەو ڕۆژانە دوو جیهانی دژ بەیەک دوو ڕەوشتی دوور لەیەک ڕووبەڕوو بووبوونەوە. کە دووکەڵی جگەرەکەی بەبا کرد، جاکوبوڤا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، ئەو وتی:

سیاسەتوان نوێیەکانی بشکیک، لەو چوارە ڕۆژەدا تەماشای ڕووداوەکانیان دەکرد، ڕەنگە زووتر مەبەستیان بووە، ئیتر بەو جۆرە کەمینەکانیان بەرەو ئەو گەمە ڕاکێش دەکرد، سوودیش لەو ڕەوشە وەرگیرابوو پاش لابردنی ڕێژیمەکەی باقییف. بەڵام جاکوبوڤا سوور بوو لەسەر ئەوەی کەوا ڕووداوەکان هەموو نەخشەدار بوون، بۆیەش ئەو بەئێمەی دەوت:

کەسانی نزیک لە سەرۆک ئوتونباییف، کاریان دەکرد دەستوورەکە بەڕێ بکەن، بەبێ ئەوەی پەرلەمان ڕەزامەندیشی لەسەر دەربکات، ئەوەش لەو نزیکانە دەبێتە سەنتەرێکی هێزی نوێ لە وڵاتەکەمان، ئیتر لەو ڕۆژەوە بڕیارەکان ڕاستەوخۆ دەکەوتە بن دەسەڵاتی ئەوان، نەک ئوتونباییف. دیارە کەوا ئەو دەستوورە بەو جۆرە و بەو ناوەڕۆکە دەرباز نەدەبوو، ئەگەر ئەو کۆمەڵکوژییە ڕووی

نەدابووایە، بەکارەساتەکەی ئۆش دەستوورەکە پەسند کرا، چونکە خەڵکەکە شەیدای بەرقەراربوونی ئاشتی بوون، ئاگایان لە پەسندکردنی دەستوور نەمابوو، ئەوەش فێڵێک بوو، دەربازیان کرد.

## مشەخۆرەکان

چ لەسەر ئۆزبەکەکان دەزانین؟ جاکوبوڤا باسی ئەو رێککەوتنەی مانگی ئەپریلی بۆ کردین، تێیدا سەرکردایەتیی نوێی وڵات بەڵێنی بەئۆزبکییەکان دابوو لە پەرلەمان چەند کورسییەکیان بۆ تەرخان بکات، پۆستێکی سەرۆک شارەوانی و پارێزگاری شاری ئۆشیان بداتێ، بەڵام دیارە کەوا لەو رۆژانە ئۆزبکییەکان هیچ پاوەرێکیان نییە. ئەوەی هەستی پێ دەکرێت کەوا لەناو ئۆزبکییەکان بزاڤێکی نیشتمانی سەری هەڵداوە و لە سنوورەکانیش پەڕیوەتەوە و بووەتە مەترسییەک و دەکرێ ناوچەکە شڵۆق بکات، چونکە رەگەزی ئۆزبکییەکان لە ئاسیای ناوەڕواست سەرژمێرییەکەیان دەگاتە چارەگی ناوچەکە، جاکوبوڤا دڵنیایە کەوا وڵاتێک سیستەمی دوور لە مرۆڤایەتی پێڕۆ بکات، هەرگیز ئامادە نییە دیموکراسییەتی پەرلەمانیش پێڕۆ بکات.

جاکابوڤا باش ژنە سەرۆکەکە ئوتونبایێڤ دەناسێت، لەو دەمانەی ئەو لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بووە. لەو رۆژانە ئەو سەرۆکی دیبوو، راپۆرتێکی نووسراوی پێشکێش کردبوو، کە لەو بۆچوونەدا خۆی دەنواند: من بەسەرۆکم وت، ئەو مەرسوومە ئیمزا بکە، چیی تر وڵاتەکە پارچە پارچە مەکە، ئەو لە منی پرسی مەرسوومەکەت چی تێدایە؟ من وتم، کەسە زۆردارەکانی نزیک خۆت دوور بخەوە، بەوەیان کۆمەڵکوژییە بەرنامەرێژییەکان نامێنێت. ئەو لە وەڵامدا وتبووی، رەنگە ئەوانە وردوخاشم بکەن. منیش هۆشیارم کردەوە کەوا ئەوە نموونە و سەروەری ریفراندۆمی دەستوورییە، تۆ سیاسەتی بالادەستی وڵاتیت، بەڵام ئەوانی تر، پەرلەمانیش داینەمەزراندوون.

جاکوبوڤا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، ئەو وتی:

ئەو ژنە دوودڵە، لەرزۆکە هیچی لەوانە جێبەجێ نەکرد. بەڵام ئەو پیاوانەی کە من ئاماژەم پێیان کردبوو، هەموویان لە حکوومەت دوورکەوتنەوە و هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بەڕێوە دەبرد، هەرکەسە بۆ خۆی حزبێکی دانا، لە بەرامبەر دانانی ناوێک لەناو لیستەکانیدا نزیکەی پێنج سەد هەزار دۆلار وەردەگرن. بەقسەی ئەو ژنە گەنجە هەوادارەکانی ئەو حزبە پیاوانی ئەمن بوون، چەکیان بەدەست بوو، ئەوانە بوونە میلیشیا، کەسیش دەرەقەتیان نایەت.

لەگەڵ رۆ ئاوابوون، لەو شارە تەقە گەرم دەبوو، شەوەکەی دەشێواند، هێمنییەکە نەدەما.

ئەگەرچی بشکیک کەوتووەتە دووریی سێ هەزار کیلۆمەتری باشووری مۆسکۆ، بەڵام شارەکە زۆر بە مۆسکۆ دەچێت، ئەو شارەی کە پایەتەختە و بە بەرمیلی شەرابی نیشتمانی تایبەتیان کە پێی دەڵێن کومیس ناسراوە و لە شیری ئەسپ دەیترشێنن و شارەکەش سیمای ئاسایی قرغیزی پێوە دیار نییە.

لەو رۆژانە شـارەکـە بووەتە کـەلاوە، سـەرۆک شـارەوانیـیـەکـەیان کـە پیـاوێکی رێزداریش بوو لەبەرئەوەی دۆسـتی سەرۆکە دەرکراوەکانیـان بوو، لەو پۆسـتە لایدەبەن، بۆیەش شارەکە خزمـەتی نییە و شـەقامـەکانی هـەمـوو کـەند و کۆسپە و پاک ناکرێتەوە، شـەوانەش تاریکسـتان و نارەحـەتە. خـەڵکەکـە جلی تەنکیـان لەبەردا بوو، لەناو شـارەکـە بێ سـەر دەسـوورانەوە، هەندێکم بینی بووکەشووشـەی دروسـتکراوی چینیـیان بۆ منداڵەکـانیـان دەکـڕی، هەندێکیش بەپارەیەکی کـەم یارییـان دەکرد و خۆیان دەخـافـڵاند. ئەو کودەتایە دەروازەی کۆشک سپییـەکـەیان، واتە بارەگـەی حکوومـەتەکـەیانی بەهـەڵواسراوی هێشـتـووەتەوە، لەو رۆژانەش تـابلۆیەکیـان بۆ گـاڵتـەپێکردن بە دیوارە ئاسنە نەخشکراوەکەیەوە هەڵواسیبوو، کە تێدا نووسـرابوو، لە قرغیزسـتان جێگەی جوولەکە پیسـەکان نـابێتـەوە. ئەو قسـەیە و ئەو نووسـینەش سـەربردەی هـەیە، چیرۆکەکەش درێژە، کوڕی کۆنە سـەرۆکەکـەی وڵات کە ناوی مـەکسیمە، دەسـەڵاتی بەسـەر هـەمـوو ئابووریی وڵاتـەکـە دەشکا، لە پەنا حکوومـەتێکی سێـبـەرەوە دەسـتی زۆر دەڕۆیشت، پارە و مـامـەڵەکـانی هەمـوو لەگـەڵ بانکمـانە جـوولەکـەکان بوو، بەڵام پرسـیـارەکـەش ئەوە بوو، ئاخۆ خەتاکەی لە ئەستۆی جوولەکە بووە؟

لەو شـارە و لەناو ئەو مـیللـەتەی ناسنامـەی کـولتـووریان چەندان سـەدە تەمـەنیـەتی ئینجـا ڕەگـەزەکانی وەک کۆرییـەکـان، ئویگوزییـەکـان و ئۆزبکییـەکـان بەرەو لەناوچوون دەچن، هەمـوو ئەوان لە بشکیک سـەرکـوتە دەکرێن، بەکـەسـانی مـشـەخـۆر و پیسکە ناویان دەبن، پێیان دەڵێن مافیا و کیژەکانیان بە یەک سـەندوویچ دەفرۆشن، ئەوانە دوژمنی میللەتەکەن، ئەو میللەتەی مافی چارەی خۆنووسینی داوە.

رۆژنامەی ئالیدی بانگهێشتنی ئەوە دەکات کـەوا ئەو ڕەگەزە کەمینانە کەسانی هەژارن، کۆشش ناکەن پارە پەیدا بکەن، سـاڵانە تەنیا منداڵ دروست دەکـەن، بۆیەش لە رۆژنامەکە نووسرابوو، هـەتا یەک دڵۆپە کەرامـەت لە دەمارەکانمان بگەڕێت، ئێمـە بەردەوام شـەڕی کولتووری دژ بە ئۆزبکییەکان دەکەین. ئورموشیڤ وا دەزانێت ئەو گوتارە نیشانەی ئیفلاسی نەتەوەیەکە، بۆیەش دەیوت:

میللەتانی دراوسێیەکانمان هیوا و بەرنامـەیان هـەیە، دیارە کـەوا کازاخـەکان پیـترۆڵیـان هـەیە و کـار دەکـەن ببنە پاوەرێکی جیـهـانی، ئۆزبکییـەکـانیش خـۆیان بەدەسـەڵاتێکی کـاریگەر دەزانن لە ناوچەکەدا.

بەڵام قرغیزەکان هیچ بەرنامەیان نییە، چییان ماوە شارەکانیان بوونە سـوتماک، کەلاوەن، تەنیا

له سەرۆک زیاد دەکەن، ئێمەی تەنیا شوان و گاوانین، وەڵسات بەخێو دەکەین، لەسەر ئەو گیاوگۆڵە دەژین، ئەگەر ئەوەش نەمێنێت میللەتەکەمان سەرمایەی چییە، ئەوەیە پێناسەی ڕاستەقینەی میللەتی قرغیزی راستەقینە.

ئەو پیاوە کەسێکی رووناکبیرە، تەمەنی شەست ساڵە، لاوازە و چاویلکەی لە چاوانە، لە دەوڵەت پۆستی باڵای هەبووە، جێگری پارێزگاری ئۆش بووە، جێگری وەزیر بووە لە بشکیک، بەڵام لە کۆتایی بڕیار دەدات دەستبەرداری ئەو پۆستانە بێت، روو لە بازرگانیی جگەرەی هاڤانا دەکات، ئەومان بینی لە رێستورانتێکی تورکی لە بشکیک نانی دەخوارد. ئەو دەیوت:

ئێمە میللەتێکی زۆرتر لە پێنج ملیۆن کەسین، هیچمان نییە، هیچی بەسوودمان لەبن دەستدا نییە، نزیکەی نیو ملیۆن کەسمان کۆچیان کرد، ئەندازیارەکان، دوکتۆرە نوێیەکان زاناکانمان بار دەکەن، وڵات چۆڵ دەکەن، بۆیەش ئێمە لەناو تەنگژەیەکی هزریدا دەژین. ئەو وتی، کەسێکی وەک جنگیز ئیتماتۆڤ دەیتوانی ئەو کێشانە چارەسەر بکات، بەڵام ئەو جۆرە کەسانەمان زوو لەناوچوون و نەمان، بزر بوون. دیارە پیاوەکانمان بیر لەوە دەکەنەوە دیموکراسییەت لەو وڵاتە بەرقەرار بکەن.

ئاخۆ ئورموشیڤ بڕوای بەو بیردۆزە هەیە کە زانایانی ئابووریی ئەو ناوچانە بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، ئەوانە دەڵێن، ئەگەر لە وڵاتانی هەژار دیموکراسییەت چەسپا، بێگومان توندوتیژی تێدا گەشە دەکات. دەبێ ئەو پیاوە بڕوای بەو قسەیە هەبێت؟

بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی:

ڕەنگە ئەو بۆچوونە ڕاست بێت.

ئەگەر مەسەلەکە وا ڕاست بێت، کەواتە مەترسییەکانی ڕۆئاوا لە جێگەی خۆیەتی، ئەوان بیانوویان هەیە لەو وڵاتە ترسیان هەبێت، بۆیەش ئورموشیڤ وتی:

بۆ کەسێکی وەک ڕاوێژکاری ئەڵمانی تاقەتی ئەوەی هەبوو بۆ سەیرکردنی فوتبۆڵ بچێتە کیپ تاون، بۆ نەهاتە لامان لەو نەهامەتییەدا بەسەرمان بکاتەوە، سەردانێکی شاری داماوی ئۆشی نەکرد، ئەو شارەی نزیکەی دوو هەزار کەسی تێدا کوژرا. بۆ حکوومەتەکەی نازانێت ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست چەند گرینگە. دیارە ئەگەر مەبەستی بووایە دەیتوانی بۆ ئەو تەگژانەمان چارەسەرێکی پێشنیاز بکردایە. ئەو لەگەڵ قسەکانیدا جگەرەیەکی گچکەی جۆری هابانوی لە دەمدا بوو، کە دەیوت:

نازانن کە قرغیزەکان ئەگەر برسی بوون، چەک دروست دەکەن، موخەدەرات دەچێنن، دەچنە پاڵ کیم یونگ و بەرەو ئەورووپا مل دەنێن، ئەوانە نازانن، بەڵام ئەڵمانەکان بایەخمان پێ نادەن.

له ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی کوێتی وەرگیراوە کە لە ڕۆژی ١٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کراتەوە و دەقەکەش لە دیرشپیگلەوە وەرگیراوە.

### یادی پەنجا ساڵەی کۆتاییهێنان بەکۆڵۆنیالیزم

# دینامیکییەتی مافی چارەی خۆنووسین و یاسای نێودەوڵەتی

عەبدولحوسێن شەعبان

## پێشەکی

ڕەنگە دەرکەوتنی یاسایی بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسین self determination بەسترابێتەوە بەهەڵکشانی بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەخوازە لە ئەوروپا لە قۆناخی یەکەمیدا و دوای هەڵگیرسانی یەکەمین شەڕی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤دا و پاش بەستنی کۆنگرەی ئاشتی، کە بەدوایدا هات و بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسین برەوی هەبوو، بەتایبەت لای گەلان و گرووپە ئیتنییەکان لەپێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا .[١]

دوو هۆکاری سەرەکی پشکدار بوون لە بەرزکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسین:

هۆکاری یەکەم بزووتنەوەی چەپڕەویی سۆشیالیستی و ڕەوتە بنچینەییەکەیشی مارکسیزم بوو، کە لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی دووەم، کە لە ساڵی ١٨٩٦دا لە لەندەن بەسترا بەرجەستە بوو، بڕیارێکی لە هەمبەر مافی چارەی خۆنووسینەوە وەرگرت، هەینێ ڕای گەیاند "... پشتگیریکردنی بۆ مافی تەواوی سەرجەم نەتەوەکان لە ئازادیی بڕیاردانی چارەنووسیاندا"، هەروەها هاوسۆزی خۆی ڕاگەیاند لەگەڵ: "هەر وڵاتێک ئێستاکێ بەدەست دیکتاتۆریی سەربازی و نەتەوەیی و هیی تریش بناڵێنێ" داوای لە:

«کرێکارانی سەرجەم وڵاتان کرد لەلایەنی چینایەتییەوە پێوەست بن بەڕیزەکانی کرێکارانی هۆشیار، لە سەرتاپای جیهاندا، بۆ خەبات لەگەڵیاندا و لەپێناوی تێکشکانی سەرمایەداریی جیهانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی سۆشیالیزمی دیموکراسی».[٢]

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

- بیریار و توێژەرێکی عێراقییە، مامۆستایە لە یاسای نێودەوڵەتی، چەندان دانراوی هەن.
- بەڕێوەبەری سەنتەری بەڵگەنامەیی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و بەڕێوەبەری گشتیی سەنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبی _ ئەورووپاییە.
- ئەم وتارە لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەبۆنەی ڕاگەیاندنی دانی سەربەخۆیی بەولات و گەلە کۆڵۆنی کراوەکان، کە لە ١٣ _ ١٤ی کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ٢٠١٠ لە جەزائیر بەسترا، خوێنراوەتەوە،

لینین مەبەستی لە بیرۆکەی مافی نەتەوەکان لە بڕیاری چارەی خۆنووسیندا ڕوون کردەوە کاتێک ئاماژەی پێ دا، «مەبەستی مافی نەتەوەکانە لە سەربەخۆییدا بەمانا سیاسییەکەی، لە ئازادیی جیابوونەوەی سیاسی لە نەتەوەی ستەمکاری سەردەست» ئەوانەشی ڕەخنەیان

لە بڕگەی نۆ لە بەرنامەی حزبی کرێکارانی سۆشیالیستی دیموکراتی ڕووسی (بەڵشەڤی)

دەگرت، کە جەختی لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکردەوە، بەدووڕوویی سیاسی و تەفرەدانی جەماوەری کرێکار و ئاسانکاری و تێپەڕاندنی سیاسەتی ئیمپریالیزمیان دانا، بەڕوونکردنەوی سێ نموونەی ولاتان لەبارەی مافی نەتەوەکان بۆ چارەی خۆنووسین.

لەلایەنی پراکتیکییەوە بەڵشەڤیکەکان پشتگیریی سەربەخۆیی پۆڵۆنیا و فنلەندا و ئۆکرانیا و لیتوانیایان کرد، لینینیش وەکو مارکسییەکانی تر بڕوایان وا بوو نەتەوەکان یەکێک لە دیمەنەکانی سەردەمی سەرمایەدارین، کە بەنەمانی سەرمایەداری ئەویش نامێنێ، بۆیە هەڵبژاردنی ئەو دامەزراندنی دەولەت _ نەتەوە بوو، کە هەنگاوی زیندوو بوو بۆ گەیشتن بەبنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی.(٣)

ئەو کارەی ئەمڕۆ پێویستی بەخوێندنەوەیەکی نوێیە لەژێر ڕۆشنایی ئەزموونی مێژوویی کەڵەکە بوو، لەبەر ڕووناکیی واقیعدا و دەرهاویشتەکانی لە دیاردە تازەکان، چووەتە ناو یەک و ئاڵۆز بووە.

فەرمانی ئاشتی، کە لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەرچوو بانگەوازی حکوومەتەکانی ئەو ولاتانە و میللەتەکانی کردن، کە لە شەڕدان دەمودەست گفتوگۆی ئاشتیی دادوەرانە و دیموکراسی ساز بدەن، ئەو ئاشتییەی حکوومەتی سۆڤیەتی وای لێک دایەوە، کە:

ئاشتییەکی بێ دانەپاڵ و دەستبەسەرداگرتنی خاکی ئەوانی تر و بەهێز لکاندنی میللەتانی بیانی پێوەی، فەرمانەکە وای دانا شەڕ تاوانێکە دژ بەمرۆڤایەتی، هەروەها دیپلۆماسیی نهێنی و ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانی هەڵوەشاندەوە، لە ناویاندا پەیماننامەی سایکس بیکۆ، کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیای تزاریدا سەبارەت بەولاتە عەرەبییەکان لە ساڵی ١٩١٦دا مۆر کرا.

هەروەها دەسەلاتی بەڵشەڤی بڕیاری مافی چارەی خۆنووسینی دا، ئەمەش لە یەکەم دەستووری سۆڤێتیدا، کە لە ساڵی ١٩١٨دا دەرچوو، بەو پێیەی کۆڵەکەیەکی بناخەییە لە کۆڵەکەی بنەماکانی یاسای دەولەتی نوێ(٤)، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لینین پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی بەسەر ئیمپراتۆریەتی ڕووسیدا پێڕەو کرد، ئەوە بوو لە ١٥ی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی ١٩١٧دا

" جاڕنامەی مافەکانی گەلانی ڕووسیا"ی ڕاگەیاند

The Declaration of rights of peoples of Russia

کە مافی چارەی خۆنووسینی لە خۆ گرتووە، لە نێویدا مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەچاوپۆشین لەو پراکتیزە شێواوانە، هۆکاری شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر گرینگ بوو بۆ لایەنی مافی نەتەوە و میللەتەکان لە دیارکردنی چارەی خۆنووسیندا، نەخاسمە لە خەبات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دژ بەکۆڵۆنیالیزم.

هەرچی هۆکاری دووەمە بۆ بنەمای چارەی خۆنووسین، ئەوا ڕاگەیاندنی چواردە بنەماکانی سەرۆکی ئەمەریکایی ودرۆ ویلسۆن بوو، ئەوە بوو بۆچوونەکانی ڕۆڵێکی گرینگیان لەبارەی چارەی خۆنووسینەوە گێڕا، نەخوازە دوای چوونە ناوەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ شەڕ لە ساڵی ۱۹۱۷دا، ویلسۆن ڕای گەیاند وڵاتە یەکگرتووەکان "بۆ بەرگری لە ئازادی" و پەرەسەندنی ئازادیی گەلان و ناچار نەکردنی هیچ میللەتێک لەژێر سەروەرییەک بەدڵی نەبێ و بەرگری لە ئۆتۆنۆمی self–government چووە شەڕەوە، کە گەشەی سەند بۆ بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسین، ئەمەش لە کاتی گوتارە بەناوبانگەکەیدا لە کۆنگرێس (لە ٨ی کانوونی دووەم/ینایەری ١٩١٨)، ئەو چواردە خاڵەی لە خۆ گرتوون، کە ئاماژەمان پێ کردن، ئەوە بوو مادەی مافی چارەی خۆنووسین لەناو خاڵی سێزدەمیندا بوو، ئەمەش لەمیانەی بانگەوازەکەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی پۆڵۆنی، گەڕایەوە و بەڕاشکاوی لە گوتارەکەیدا لە شوباتی ساڵی ١٩١٨دا جەختی کردەوە و ئاماژەی بەمافی چارەی خۆنووسین دا نەک تەنیا وەکو قسە، بگرە وەکو بنەمایەک پێویستە پیادە بکرێ self- determination is not a mare phrase, it is an imperative principle of action(5)

سەرۆک ویلسۆن هەوڵی دا بڕگەیەکی تایبەت بەبنەمای مافی چارەی خۆنووسین لە ڕۆژگاری کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) لە ساڵی ١٩١٩دا بخاتە ناوییەوە، بەڵام نەیتوانی، چونکە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنیدا ئەم مافە ڕووبەڕووی هەندێک پارێزکردنی مەبەستدار بووەوە بۆ پاراستنی کیانەکانی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەرژەوەندییەکانی.(٦)

بەچاوپۆشین لە هەڵوێستە نەرێنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پاشاندا، پرەنسیپەکانی سەرۆک ویلسۆن یەکێک لەو هۆکارە بناخەییانە بوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ داخوازییەکانی گەلان و نەتەوەکان بۆ مافی خۆی لە چارەی خۆنووسیندا، نەخوازە وڵاتە کۆڵۆنی و پاشکۆکان.

ڕەنگە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین وێڕای پەرەسەندنی گەردوونی، هێشتا ڕووبەڕووی ئاستەنگێلی گەورە ببێتەوە، نەخاسمە لەو دەڤەرانەی تێکەڵەیەک لە دانیشتووان و میللەت و نەتەوە لەخۆ دەگرن، دروستبوونی وڵاتێلی نوێ مایەی ژیانن، پشت دەبەستێ بەچەندان هۆکاری ئابووری و جوگرافی و ستراتیجی، جگە لەمانە زەحمەتی و ڕێگری پراکتیکی هەن، وێڕای بەرژەوەندی و پاساو هێنانەوە، کە لە وڵاتە فرە نەتەوەکاندا لە بەردەم پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسیندا دەوەستنەوە، بەبەهانەی یەکەتیی هەرێمی و پرەنسیپەکانی سەروەری و شتی تر.

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین لە ماوەی درێژبووەوەی نێوان هەر دوو شەڕی جیهانی نزیکتر بوو لە پرەنسیپی ئاکاری، یاخۆ بەهایی، یاخۆ داخوازییەکی سیاسی لە شێوازی یاسایی، بەڵام گەشەسەندنێکی گرینگ ڕێگەی خۆش کرد بۆ وەرگرتنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین تا بخرێتە ناو پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، نەخوازە ئەو ماڵوێرانییەی مرۆڤایەتی لە ماوەی دووەمین شەڕی جیهانیدا دەرگیری بوو، ئەوە بوو پەیماننامەی ئەتڵەسی لە ساڵی ١٩٤١دا دەرچوو لەلایەن سەرۆک ڕۆزفۆڵت و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا چەرچڵ لە یەکێک لە بەندەکانیدا تێبینی کراوە "بنەمای مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان"، لێ ئەم مافە سیفەتە یاساییەکەی وەرنەگرت، تەنیا لە ساڵی ١٩٤٥دا نەبێ دوای ڕاستبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سان فرانسیسکۆ(٧).

پاشان بنەمای مافی چارەی خۆنووسین جێگیر بوو تا ببێتە بناخەیەکی نەگۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا، پاش ڕاستبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی ژمارە ١٥١٤ بەدان پێدانانی پرەنسیپی پاککردنەوەی کۆڵۆنیالیزم، کە لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا دەرچوو و بەبۆنەی یادی پەنجایەمینەوە ئاهەنگ دەگێڕین، ئەو کارەی دەرگەی لە بەردەم پەرەسەندنەکانی دوایی کردەوە و تا ئێستاش کارلێکەکانی بەردەوامن.

## مافی چارەی خۆنووسین دوای نەتەوە یەکگرتووەکان: مشتومڕێکی بەردەوام

دادگەی دادی نێودەوڵەتی کارێکی وای کرد مافی چارەی خۆنووسین لە زۆرێک لە بڕیارەکانیدا ببێتە بناخەیەکی یاسایی بەفەرمان و سەپاو jus cogens، ئەوەش بەپێدانی پێگەیەکی بەرز پێی.

بنەمای مافی چارەی خۆنووسین دوو جار لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، یەکەم، لە مادەی یەکدا هاتووە (بڕگەی دووەم) پێوەند بەئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تێیدا هاتووە: "پێوەندیی دۆستایەتی لە نێوان نەتەوەکاندا لەسەر بناخەی یەکسانی لە مافدا، هەروەها مافی لە بڕیاردانی چارەنووسیدا"، دووەمیش ئەوی لە مادەی پەنجا و پێنجدا هاتووە کاتێک جەخت دەکاتەوە "ئارەزوو لە ئامادەکردنی هۆیەکانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی پێویستن بۆ بەستنی پێوەندیی دروست و دۆستانە لە نێوان نەتەوەکاندا، بنیات نرابێ لەسەر ڕێزی پرەنسیپ، کە ئامانجی یەکسانیی مافە لە نێوان گەلاندا و بۆ هەر یەکیان مافی چارەی خۆنووسین فەراهەم بێ"(٨)، مافی چارەی خۆنووسین جێگەیەکی پڕ بایەخی لە گفتوگۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا داگیر کردووە، لەو دەمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٥٠وە بەشێوەیەکی تایبەت لەمیانەی گفتوگۆکانی سەبارەت بەچارەنووسی ئەو میللەت و هەرێمانەی بەئۆتۆنۆمی بەهرەمەند نەبوونە و سیستەمی ئەمانەتداری (وصایە) دەیانگرێتەوە.(٩)

ڕەنگە بەیاساکردنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین بەڕوونی لە جاڕنامەی جیهانیدا هاتبێ بۆ لەناوبردنی کۆڵۆنیالیزم، کە ئاماژەی پێ درا بەجەختکردنەوە لەسەر:

مافی سەرجەم گەلان لە دیارکردنی چارەنووسیدا، جاڕنامەکەش وای دانا سەرجەم ئەو کارە سەربازییانە، یا ئەو کارە سەرکوتکەرانەی دژ بەگەلە ژێردەستەکان ئەنجام دەدرێن، نایاسایین و دەبێ بوەستێنرێن، تاکو ئەم میللەتانە بەماف و ئازادیی خۆیان لە سەربەخۆییی تەواو و لە ئاشتی بەهرەمەند بن.(١٠)

مخابن جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ The universal declaration of Human Rights کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨دا گرتییە خۆی، هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافی چارەی خۆنووسین تێدا نەبوو، ئەمەش بەناتەواوییەکی گەورە دادەنرێ، هەروەها ئاماژەی بۆ مافی کەمینەکان تێدا نەبوو(١١)، ئەوە بوو پاشان پێیدا گەیشتن جا بەو دوو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە بێ، یاخۆ بەجاڕنامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەسەروەریی هەمیشەیی بەسەر سەرچاوە سروشتییەکانیدا بێ، کە لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢ (خولی حەڤدەمین) دەرچوو، یان جاڕنامەی جیهانی لەبارەی ماف و ئەرکەکانی وڵاتە ئابوورییەکان، ژمارە ٣٢٨١ کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٤دا دەرچوو، یانیش جاڕنامەی مافی کەمینەکان لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢دا دەرچوو، یاخۆ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمبەر مافەیلی گەلە ڕەسەنەکان، کە لە ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٧دا دەرچوو.

بەڵام بنەمای مافی چارەی خۆنووسین بەو کڵپە خەباتی و یاسایی و مرۆییەی هەڵی گرتبوو، خواستی میللەتان و گەلانێکی زۆر بوو، نەخوازە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتیندا، ئەوە بوو بەجاڕنامەی لەناودانی کۆڵۆنیالیزم وەکو ئاماژەمان پێ دا بەرجەستە بوو، هەروەها لەو دوو پەیماننامەیەی لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون:

یەکەمیان لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا (پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بەمافەیلی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری)، کە لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦دا چووە خانەی جێبەجێکردنەوە، مادەی یەکەمی هەردووکیان سەبارەت بەپرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین قسە دەکات، هەروەها ئاماژە بەبابەتی کەمینەکان کراوە، کە مادەی ٢٧ تایبەتە بەوەوە.

لە مادەی یەکەمی هەردوو پەیماننامەکەدا هاتووە:

١- سەرجەم گەلان مافی ئەوەیان هەیە بەخۆیان بڕیار لەسەر چارەی خۆنووسین بدەن، بەپێی ئەم مافە ئازادە لە دیارکردنی پێگە سیاسییەکەی و کۆششکردن بۆ بەجێهێنانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

٢- هەموو گەلان بۆیان هەیە تێکۆشن بەدوای ئامانجە تایبەتییەکانیاندا، مافی بەڕێوەبردنی ئازاد بەسامان و سەرچاوە سروشتییەکانییەوە، بێ زیانگەیاندن بەهیچ پابەندبوونێکی هەڵقوڵاو بەپێی هاوکاریی نێودەوڵەتیی دروست بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و یاسای نێودەوڵەتی. لە هیچ دۆخێکیشدا نابێ هیچ میللەتێک لە هۆیەکانی گوزەرانی تایبەتی خۆی بێبەری بکرێ.

٣- لەسەر وڵاتانی دەورووبەرە لەم پەیمانەدا، بەو دەوڵەتانەشەوە کە بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەیان گرتووەتە خۆ، کە بەئۆتۆنۆمی بەهرەمەند نین و ئەو هەرێمانەش کە ئەمانەتداری دەیانگرێتەوە، کار بکەن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و ڕێزیش لەم مافە بگرن، بەپێی بڕیارەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.[١٢]

شایانی باسە دەقی ڕوون لەبارەی مافی چارەی خۆنووسین، کە لە هەر دوو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکەدا هاتووە، دوو ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتین و بناخەی یاسایی نێودەوڵەتیی نوێیان هەیە. ڕەنگە جیاوازیی فیقهییان لەبارەی دەقەکە و مەودای فراوانییەکە تێدا بێ، جگە لەوەی ئامادەکارییەکان بەکوێ گەیشتوون، کە خوێندنەوە و وردبینیی وا دەکات دەقەکە بەمافێکی گشتگیر دابنرێ، نەخوازە بڕینی دۆخی کۆلۆنیالی لە بڕیاری ١٥١٤ی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ و دوای ئەوەش هاتووە، واتا بەردەوامبوونی ئەرکی مافی چارەی خۆنووسین تا پاش سەردەمی کۆلۆنیالی، نەخاسمە ئەگەر جیهان خاڵی بێ لە کۆلۆنیال، ئەگەر ئەوەی هاتووە سوودی بۆ کۆلۆنییەکان دەبێ، ئەوا گەلانیش دەتوانن تا دوای ئاوابوونی ئەستێرەی کۆلۆنیالی سوودی لێ ببینن!

هەندێکیشیان وای دەبینن پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین تەنیا لەو گەلانەی ملکەچ و داگیرکراون کورت دەبێتەوە،[١٣] هەرچی ئەوانی ترن وای دەبینن، مافێکی گشتگیرە بۆ سەرجەم گەلان بەتێپەڕبوونی قۆناخی کۆلۆنیالی، واتا بەپێچەوانەی دەستەی یەکەم، کە لە داگیرکەردا کورتی دەکاتەوە و نایەوێ درێژ ببێتەوە، نەکو وڵاتە سەربەخۆ خودان سەروەرییەکان بگرێتەوە، یاخۆ لەسەر بەشێک لە میللەت یا نەتەوە، کە گەوهەری بیرۆکەی یەکەتیی نیشتمانیی هەرێمیی دەوڵەتە، ئەمە ئەو ڕایەیە کە هیند دەیڵێ، لە کاتێکدا هۆڵەندا گشتگیریی دەقەکەی گوت و هەر ئەمەش بوو لە دواییدا (لیژنەی مافی مرۆڤ)ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٤دا گرتییە خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ڕاگرتنی هێزەکان پتر لە خوێندنەوەیەک بۆ دەقەکە هەیە، نەخوازە بۆ لایەنی هەژموونی نێودەوڵەتی.

ئەو خوێندنەوەیەی وای دادەنێ دەقەکە گشتگیرە و مافێکە تەنیا بەکۆتایی هاتنی دۆخی باوی کۆلۆنیالی ناوەستێت، خوێندنەوەیەکە لەو هەڵوێستەوە دەردەچێ، کە بەگونجاوی دەزانێت لەگەڵ مادەی یەکەمی هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکە، کە پابەندیی دیارکراو بەسەر وڵاتە ئەندامەکاندا دەسەپێنێ، نەک تەنیا لە ئاست گەلانیدا، بگرە لە ئاست گشت ئەو گەلانەی توانایان نییە، یا ئەوانەی دامالڕاون لە توانای بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئەم خوێندنەوەیەش زیاتر بەدوای یەکدا هاتووە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، دەشێت بەرئەنجامی گرینگ، کە ئەم ڕەوتە پشتی پێ دەبەستێ، ئەوە بێ مافی چارەی خۆنووسین بەمافێکی گشتگیری بێ خەوش دادەنرێ و هیچ شتێکی شاراوەی تێدا نییە.

هەرچی خوێندنەوەی دووەمە، هەندێک لەو وڵاتانەی خاوەن فرەیی نەتەوەیی و ئیتنین مەیلیان

بۆی هەیە، نەخوازە ئەو هێزانەی تێیدا سەروەرن، لە ترسی هەڵوەشانەوە و جیابوونەوە، بەپشت بەستن بەبنەماکانی یەکەتیی هەرێمی و ڕێزگرتنی سەربەخۆیی سیاسی و یەکەتیی خاک و سەروەریی وڵات، وای دەبینێت مافی چارەی خۆنووسین تایبەتە بەمافی دەرەکیی میللەتانی ژێر نیڵەی کۆڵۆنیالیزم، هەرچی مافە لەسەر ئاستی ناوەخۆ، ئەوا دەکرێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتوودا بەشێوازی جیا جیای خودموختاری گوزارشتی لێ بکرێ.

ئەگەر پاساوی تیۆری و یاسایی بۆ ئیشکالییەتی وا هەبن، ئەوا بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕێتەوە، کە بەگەل و کەمینە دادەنێین، ئاخۆ کەمینە توانای سوودبینینی لە بنەمای مافی چارەی خۆنووسیندا هەیە بەدامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی یان نا؟ هەرچەندە دەقەکە بەگشتی سەبارەت بەو دوو پەیماننامە نێودەوڵەتییە هاتووە، لەبەر ئارەزوو نەکردن لە باسکردنی بابەتی کەمینەکان، لێ داواکردنی ماف، کە مافێکی سیاسی و دەستوورییە دەکرێت لە مادەی یەکەمدا چاوساغی پێ بکرێ، لە کاتێکدا مادەی ٢٧ باسی لە مافی ڕۆشنبیریی دیارکراو کردووە، کەچی مافی چارەی خۆنووسین پێوەندە بەکیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش هەندێک لە کەمینەکان لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوەدا دەیانەوێ، کاتێک پێکەوەژیانی هاوبەش دەبێتە شتێکی ئەستەم، نەخوازە لەگەڵ بزریی نواندنی ڕاستەقینەی فرەیی ڕۆشنبیری، ڕەنگە ئەمەم پێ گونجاوتر و وردتر بێت لە زاراوەی کەمینەکان، بەتایبەت هەمەجۆری و هەمەڕەنگیی پرەنسیپی یەکسانی لە نێوان پێکهاتە جیا جیاکاندا مسۆگەر دەکات، بەڵام یەکسانن، هیچ جیاوازییەک لە نێوان زۆربە و کەمینەدا نییە.

پرسیارەکە لەبارەی دیارکردنی ئەوەی داخۆ کەمینە میللەتن، یاخۆ نا؟ هەروەها مافی میللەتان دەکرێ کەمینەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوودی لێ ببینن، پرسیارێکی تا بڵێی گرینگە، دەشێت بەو پێشکەوتنە نوێیانەی یاسای نێودەوڵەتی ناسیونی بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

چەمکی "مافی کەمینەکان" لە دوو دەیە و هەندی ڕابردوودا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەوەش بەو پێوەندییەی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا هەیەتی لەلایەکەوە و لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیدا لەلایەکی ترەوە، ئەوەش بەپێشکەوتنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی international norms مافی کەمینەکان لەچاو ئەوەی لە پاش دووەمین شەڕی جیهانییەوە پێی گەیشتووە، تا دەگاتە قۆناخێکی نوێ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە دوادوایی هەشتاکاندا، ئەوە بوو مافی کەمینەکان لە چوارچێوەی ئەجێندای نێودەوڵەتی و ناوەخۆیی بەخێرایی جووڵا، لە ناویاندا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەنەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، کە جاڕنامەی مافی کەمینەکانی لە ساڵی ١٩٩٢ و جاڕنامەی مافی نەتەوە بنچینەییەکانی لە ساڵی ٢٠٠٧دا دەرکرد Declaration on the rights of indigenous peoples.

توێژەر Will kymlicka لە کتێبی "فەلسەفەی یاسای نێودەوڵەتی"، کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەرچووە، کۆمەڵێک زاراوە سەبارەت بەمافی کەمینەکان دەخاتە ڕوو، وەکو:

Multiculturalism(فرەیی ڕۆشنبیری)، یاخۆ

سیاسەتی The politics of recognition یان citizenship differentiated بەهاوولاتیبوونی جیا، یان دانپێدانان، یا Group rights (مافەکانی گرووپ)، یاخۆ Liberal culturalism لیبرالیزمی ڕۆشنبیری، یان pluralistic integration فرەیی تەواوکاری، لێ زاراوەیliberal multiculturalism لیبرالیزمی فرەیی ڕۆشنبیریی پێ باشترە.(١٤)

## کۆلۆنیالیزم و مافی چارەی خۆنووسین: تێکەڵکردنی چەمکی "کەمینەکان"

وا دیارە مافی چارەی خۆنووسین وەک لە پەیمانەکەدا ناوی هێنراوە پێوەندە بەگەلانەوە، ئەو کارەی گفتوگۆی لە کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ هێنایە کایەوە، کە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تێدا داڕێژرا، بەچەندان شێوە بەکار هێنرا، بۆیە قسەکان جارێک لەبارەی (دەوڵەت)ەوە state بوون و جارێکیش سەبارەت بە (نەتەوە) Nation و سێیەمیش هەمبەر (میللەت) people لەژێر چەمکێکی لێک نێزیکەوە، وەکو لە سیستەمی ئەمانەتداریی نێودەوڵەتییەوە باس کراوە، ئەو کارەی جار بەجار شێوە تێکەڵکردنێکی ورووژاند، ئەوە بوو بەمانا فیقهییەکەی، یاخۆ پراکتیکییەکەی ڕووبەڕووی چەمکەکە بوونەوە.

ڕەنگە ئەوەش پێویستی بەوە بووبێ بەدواداچوون بۆ گەشەسەندنە مێژووییەکە و ڕەوتە یاساییەکە بکرێ، کە بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسین پێیدا تێپەڕیوە، پێویستە لێرەدا هەڵوەستەیەکی جیدی لەسەر بڕیاری لەناوبردنی کۆلۆنیالیزم بکەین، کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، نەخاسمە ئەوا یادی پەنجا ساڵەی تێ دەپەڕێت (١٤ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ٢٠١٠) و هێندەی بەرەمز بوونی ئەم بڕیارە ناسراوە، کە ناوبانگێکی گەورەی بەدەستهێناوە، بەناوی "جاڕنامەی دانی سەربەخۆیی بۆ وڵاتان و میللەتانی داگیرکراو" of The declaration on granting Independence to countries and peoples. دەرچوونی هاوکات بوو لەگەڵ ئەو کەشە ئەرێنییەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا چاویان لێ بوو، بەتایبەت هەینێ ڕاگەیەندرا "سەرجەم میللەتان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە" (کە پاشتر لە هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکەی ساڵی ١٩٦٦، کە تایبەتن بەمافی مرۆڤ هاتووە) هەروەها جەختی کردەوە لەسەر "مافی ئەم گەلانەیە ئازادانە سەنتەری سیاسیی خۆیان دەستنیشان بکەن و ئازادانە کۆشش بکەن بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری".(١٥)

دوای ئەم پێداچوونەوەیە وا دیار دەدات بڕیارەکە مێژووییە، سەرچاوەی تێڕامانە، وێڕای بایەخە یاسایی و سیاسییەکەی، نەخوازە بووەتە سەرەتایەکی بنچینەیی بۆ بڕیار و جاڕنامە نێونەتەوەییەکانی داهاتوو، دوای تەنیا ڕۆژێک واتا لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا بڕیاری ژمارە ١٥٤١ هاتە دەرچوون، کە بەپێی ئەوە گەلاڵەنامەی دیارکراو لە بنەماکان دەستنیشان کراوە بۆ زانینی ناچاری پێشکێشکردنی زانیاری بەپێی مادەی ٧٣ی پەیماننامەکە،

که باس له شوێنکەوتنەکانی بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانە دەکات، کە میللەتەکانی بەبەشی تەواو لە ئۆتۆنۆمی بەهرەمەند نەبوونە (ئەو بنەمایەی دەڵێ بەرژەوەندییەکانی ئەم هەرێمانە لە پێش هەموو شتێکەوەن) ئەوانیش (مەبەست ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکانە) ئەمانەتێکی پیرۆزیان لە ئەستۆدایە، پابەندبوون بەکارکردن بۆ پەرەپێدانی خۆشگوزەرانیی خەڵکی ئەم هەرێمانە تا ئەوپەڕی توانا لە چوارچێوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە.

پێنج بەندی ئەم مادەیە قسەیان لەسەر پەرەپێدانی کاروباری خودموختاری کردووە، بێ ئاماژەکردن بۆ مافی چارەی خۆنووسین، بڕیاری ١٥٤١ ڕاشکاوانە دژ بەکۆڵۆنیالیزم قسەی کردووە، تێیدا دوازدە بنەمای دیار کردووە پێناسەی ئەو هەرێمانە دەکات، کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزم و پێشکەوتنی بەئاراستەی خودموختاری بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی.

جیاوازی لە نێوان بڕیاری ١٥١٤ وای دادەنا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاقە ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی بڕیاری چارەی خۆنووسین بۆ ئەو هەرێمانەی خۆیان بەڕێوە نابەن، لە کاتێکدا بڕیاری دووەم ١٥٤١ ئەوا سەرپشکیان دەکات لە نێوان یەکەتیی ئارەزوومەندانە، یاخۆ پێوەست بوون بەدەوڵەتی سەربەخۆوە، چونکە سەربەخۆیی بەئەنجامێکی سروشتی دادەنێ، کە پێویستە ئەو هەرێمانەی خۆیان بەڕێوە نابەن، یا سەربەخۆ نین بەدەستی بهێنن، ئەمەش پێوەندە بەبنەمای مافی چارەی خۆنووسینی پێوەنددار بەسەربەخۆیی بەشێوەیەکی حەتمی.(١٦)

سەرەڕای ڕێزگرتن لە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین و پێدانی سەربەخۆیی لە بڕیاری ١٥١٤ و ئەو بڕیارەی بەدوایدا هات، کەچی ڕەوتی گشتی لای دەدا بەلای دوورخستنەوەی "کەمینەکان" لە بەهرەمەندبوون بەم مافە، چونکە بەسەر گەلدا پێڕەو دەکرێت، نەک بەسەر کەمینەکاندا، کە ڕەنگە گەل پێک نەهێنن.

واتا مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بەمیللەتی دا نەک بەکەمینە، بگرە بەسەرجەم گەل لە هەرێمدا Territory و گەل خۆی پراکتیزەی ئەم مافە دەکات.

ئەم پرسە نێزیکەی دە ساڵ مشتومڕێکی زۆری لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دەرەوەیدا نایەوە، تاکو بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥ لە ٢٤ی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی ١٩٧٠دا دەرچوو، لەژێر ناوی "جاڕنامەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی پێوەند بەپێوەندییەکانی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان وڵاتەکان بەپێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان"، کە بەجاڕنامەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە ناسرا، کە حەوت بنەمای بنچینەیی لە خۆ گرتووە و گەوهەری بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پێک دەهێنن.(١٧)

لەم بڕیارەدا لە سێ شوێن ئاماژە بەمافی چارەی خۆنووسین کراوە لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر دەست نەبردن بۆ یەکەتیی خاکی وڵات، بەڵام بڕگەی حەوتەمی جاڕنامەکە پێوەند بەمافی چارەی خۆنووسین، مافی سەربەخۆیی بەحکوومەتی نوێنەرایەتی بەستووەتەوە، یەکەتیی هەرێمیشی پێیەوە هەڵواسیوە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر مافی چارەی خۆنووسین.

## دەکرێت جیاکاری لە نێوان دوو چەمکی مافی چارەی خۆنووسیندا بکرێت

یەکەم لەسەر بناخەی هەرێمەکە، مەبەست مافی گەلە لە "دەوڵەت" بەپێکهاتە جیا جیاکانییەوە لە فەرمانڕەواییی خۆی بەدەستی خۆی بێ دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەر بناخەی سیاسی و دەستووری، نەخوازە بۆ میللەتە کۆلۆنی کراوەکان، ئەمەش چەمکی نموونەییە، کە هەردوو پەیمانە نێودەوڵەتییەکەی ئاماژەمان پێ کردن لێوەی وەریان گرتووە، شتێک نییە گەل دیار بکا، تەنیا جێنشینیی هەمیشەیی لە وڵاتێکدا بەچاوپۆشی لە فرە ئیتنی و ڕۆشنبیری، کە پێی دەڵێن مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەرێم.

هەرچی دووەمە لەسەر بناخەی ناسنامەیە، لەمەدا چەمکی گەل واتا "کۆمەڵگەیەکی مرۆیی" تایبەتمەندیی ئیتنی و ڕۆشنبیریی جیای هەیە. بەم ئاوایە مافی گەل لە چارەی خۆنووسیندا ملکەچی ناسنامەی ڕۆشنبیری و ئیتنییە، بەمەش دەڵێن مافی چارەی خۆنووسینی پێوەند بەناسنامە.[١٩]

وا دیارە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین گەشەی سەندووە و کایەی پرسی کۆتایی هێنانی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆییی دەوڵەتی پاشکۆ و کۆلۆنی بڕیوە، ئیتر لایەنی ناوەخۆی چارەی خۆنووسینی گرتووەتەوە، کە گەلان لەلایەنی ماف و ئازادی و پێوەندییەکانی بەدەسەڵاتەوە ئاواتی بۆ دەخوازن. ئەو ڕەوتەی خەریکە فراوان دەبێتەوە، نەخوازە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی بەدەست هێناوە، لە دوایی هاتنی سەردەمی شەڕی سارد لە دوادوایی هەشتاکاندا، ئەوە بوو ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش لە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و چاودێریی ژمارەیەک ڕاپرسیی میللی، کە گەلان لە چوارچێوەی هەمەڕەنگیی ڕۆشنبیریدا مافی چارەی خۆنووسینیان تێدا پراکتیزە کرد، بۆ نموونە هەڵبژاردنی خوارووی ئەفریقا و ئاشتەوایی نیشتمانی لە ئەنگۆلا ساڵی ١٩٩٤، هەروەها ڕاپرسی سەبارەت بابەتی بیابانی خۆراوا و هەڵبژاردنەکان و ڕێککەوتنی ئاشتی بۆ ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلی مۆزەمبیق و "دەستێوەردانی سەربازی" لە هایتی بۆ گەڕاندنەوەی حکوومەتی هەڵبژێرراو و شەرعی، هەروەها هیی تریش.

هەرچی دادگەی دادی نێودەوڵەتییە ژمارەیەک بڕیاری وەرگرت، لەوانە ململانێی پورتوگالی ـ هیندی ساڵی ١٩٥٤ (مافی هاتوچۆ لە هیندەوە تا دەگاتە هەردوو کۆلۆنییە پورتوگالییەکە، سەرەڕای ئەوەی دادگە گفتوگۆی لەسەر پرسی مافی چارەی خۆنووسین کرد، کەچی لەسەری نەڕۆیشت، پێڕەوی بنەمای سەروەری کرد وەکو یەکێک لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی)، هەرچی دۆزی دووەمە، ئەویش: دۆزی کامیرۆنە دژ بەبەریتانیا ١٩٦١

هەرچی دۆزی سێیەمە ئەویش نامیبیایە ساڵی ١٩٧١ (کە ناوی خوارووی ڕۆژئاوای ئەفریقا بوو) لەژێر سیستەمی ئەمانەتداریی نێودەوڵەتی بوو، هەرچەندە مافی چارەی خۆنووسین بەسەر ئەو هەرێمانەی بەهەرمەندن بەئۆتۆنۆمی پێڕەو دەکرێ.[٢٠]

دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ لە ٥ی نیسانی (ئەپریل) ١٩٩١دا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی تایبەت بەزامنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکان لە عێراقدا، هەروەها ڕاگرتنی ئەو سەرکوتەی ناوچە کوردییەکان و شوێنەکانی تری عێراق تووشی هاتن، وەکو لە بڕیارەکەدا هاتووە، بانگەوازێکی نوێ و بارگرانییەکی گەورە بوو بۆ ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش، وێڕای ئەرکەکەی خۆی لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەدەستێوەردان بەمەبەستی مرۆیی، لەناویاندا ئەوی پێوەندیی بەگەلان و نەتەوە ژێردەستەکانەوە هەیە، یاخۆ نەیتوانیوە چارەی خۆنووسین بۆ خۆی دابین بکا.

بڕوام وایە دادگەی دادی نێودەوڵەتی بەبڕیارێک لە ڕێککەوتی ٢٤ی تەمووز (یۆلیۆ)ی ٢٠١٠ سەبارەت بەکۆسۆڤۆ ئەم ئاراستەیە وەردەگرێت، هەینێ ڕایەکی ڕاوێژکارانەی دا کە وتی:

سەربەخۆیی (جیابوونەوەی یەک لایەنە) یاسای نێودەوڵەتی پێشێل ناکات، ئەمەش لەسەر داخوازیی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان، ئەمەش شتێکە دەبێتە واقیع دوای ڕیفراندۆم لە خوارووی سوودان ٢٠١١/١/٩، کە لە کاریگەرییەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان دوور نەبوو.

ڕەنگە ڕاپرسییەکەی سوودان، سەرەڕای بڕیاری دادگەی لاهای دەبێتە پێشهاتێکی یاسایی و دادوەری، دەکرێت لەلایەنی نێودەوڵەتییەوە پشتی پێ ببەسترێ بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆییی یەک لایەنە، ئەگەر دۆخی بابەتی و زاتی وەڵام بەوە بداتەوە، ئەوا یەکەتییی بێ ڕەزامەندیی بەشێک لە دانیشتووانەکەی، گەل، یا پێکهاتەیەکی ڕۆشنبیری، ڕەت دەکرێتەوە و دووریش نییە پێویستیی بەهەڵوەشاندنەوەی پێوەندی بێت.

ئەگەر کۆسۆڤۆ جیابوونەوەی (سەربەخۆیی) یەک لایەنەی لە ساڵی ٢٠٠٨دا ڕاگەیاند و تا ئێستا ٢٩ وڵات دانیان پێدا ناوە، وێڕای بەرهەڵستیی هەریەک لە سربیا و ڕووسیا، لەبەر هۆیەلی نەتەوەیی و ئاینی و جیۆسیاسی، ئەوا تەیمووری ڕۆهەڵات بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش دامەزرا، ئەو کارەی پێویستی بەهەڵوەستەیەکی جیدی هەیە، لە کاتێکدا یادی بڕیاری ١٥١٤ و مەبەستە هزری و سیاسی و یاسایی و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ئاستی وڵاتە فرە نەتەوەکان دەکەینەوە، لەناویاندا عێراقیش، نەخوازە نەگەنە لێکگەیشتن و ڕێککەوتنێلێک بەرژەوەندیی پێکهاتە جۆراوجۆرەکان ببات، ئەو کارەی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین لەسەر بناخەی ناسنامەی ئێتنی دەکاتە سەرپشک، جا ئەگەر بەیەککگرتنەوەی ئارەزوومەندانە بێ و شێوەکەی هەموار بکرێت، تا لەگەڵ بنەمای یەکسانیدا تەبا بێ، یان ڕەوایی لە پێکهێنانی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ (دەوڵەت)، ئەگەر پێکەوە ژیان ئەستەم بوو، بەتایبەت ئەگەر بۆ نموونە ترسان لە شەڕی ناوەخۆیی بەڕێوە بێ.

دووریش نییە ئەوە ئیشکالیەت و کاردانەوەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بورووژێنێ، بەتایبەتیش وڵاتانی دراوسێ، کە گرفتی نەتەوەی کوردیان هەیە، وێڕای گریمانەی پەنابردن بۆ چارەسەری نایاسایی، نەخاسمە ئەگەر هەستی کرد دادگەی نێودەوڵەتی و دادگەی دادی

نێودەوڵەتی پاش پێشهاتی کۆسۆڤۆ، دەداتە پاڵ میللەتە چەوساوە و ناسنامە ناسەرەکییەکان.

بەستنی ئەم کۆنفرانسە ئەکادیمییە، کە وەزارەتی دەرەوەی جەزائیر ڕێکی خستووە، بەئامادەبوونی بیریار و یاساناس و دیپلۆماتکار و ئەکادیمییە بەرزەکان بەرەهەندە سیاسییەکانییەوە، دەکرێت ببێتە ڕووناکییەکی گرینگ لە فیقهی یاسایی پێوەند بەبنەمای مافی چارەی خۆنووسین، کە وێڕای دەرچوونی بڕیاری ١٥١٤ی تایبەت بەلەناوبردنی کۆڵۆنیالیزم، هێشتا بابەتێکی ئێستاکییە و پێویست بەتوێژینەوە و پشکنین دەکات، کە میکانیزمی نێودەوڵەتیی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، نەخوازە پابەندبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپراکتیکە جیا جیاکانییەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: شیا، ریاض شفیق _ حقوق الاقلیات في ضوء القانون الدولي، دار النهار، ط١، بیروت، حزیران (یونیو)، ٢٠١٠، ص٩٥٢ و دواتر.

(٢) ئینتەرناسیۆنالی دووەم لە ١٤ی تەمووز (یۆلیۆ)ی ١٨٨٩دا لە پاریس دامەزرا، دوای مردنی مارکس بەشەش ساڵ، پاش یەکگرتنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئینتەرناسیۆنالی دووەم پتر لە ٢٠ وڵاتی گرتە خۆ، کاتێک ئینتەرناسیۆنالی یەکەم لە ٢٨ی ئەیلوول (سێپتەمبەر)ی ١٨٦٤دا دامەزرا و تا ساڵی ١٨٧٦ لە چالاکی بەردەوام بوو.

بڕوانە: لینین، ف، ا – المختارات، ١٠ مجلدات، المجلد السادس، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٥ – ١٩٧٩، ص٥١–٥٥.

هەروەها بڕوانە: شعبان، عبدالحسین _ القضایا الجدیدة في الصرا ع العربي _ الاسرائیلي، دار الكتبى، بیروت، ١٩٨٧، ص٦٢–٦٣.

(٣) بڕوانە: شیا، ریاض شفیق _ حقوق الاقلیات في ظوء القانون الدولي، دار النهار، ط١، بیروت، حزیران (یونیو)، ٢٠١٠، ص٢٥٧ و ٢٩٦.

(٤) بڕوانە: مجموعة من المؤفین السوفییت، باشراف: بوناماریوف، غرومیكو، خفوستوف _ تاریخ السیاسة الخارجیة للاتحاد السوفیتي، ج١، ١٩١٧ _ ٤٥١٩، موسكو، ١٩٧٥، ص٣٠ و دواتریش.

هەروەها بڕوانە: تونكین، ج، أ _ الصراع الایدیولوجی والقانون الدولی، ترجمە: سرنسكا میلنا عن الروسیە، براغ، ١٩٦٨، ص٧٠–٧١ (بەزمانی چیکی).

(5) H.W. V  Temperley _ History of the peace conference of paris, vol.1., London, Oxford university press, 1920. pp.160-161

(٦) بڕوانە: المصري، شفیق _ الحق في تقریر المصیر في تطورة القانوني، ابحاپ الجامعة الامریكیة في بیروت، ١٩٩٧، ص٣٩.

هەروەها بڕوانە: السید حسین، عدنان _ حق تقریر المصیر، القضیة الارمنیة نموذجا، مركز الدراسات الارمنیة، ١٩٩٨، ص٢١–٤٦.

(٧) بەراوردی بکە: المصري، شفیق، الحق في تقریر المصیر في تطورة القانوني، مصدر سابق، ص٤٠.

بروانە: شیا، ریاض شفیق _ حقوق الاقلیات في ضوء القانون الدولي، دار النهار، ط١، بیروت، حزیران (یونیو)، ٢٠١٠، ص٢٩٩.

(٨) بروانە: شعبان، عبدالحسین _ القضایا الجدیدة في الصراع العربي _ الاسرائیلي، دار الکتبي، بیروت، ١٩٨٧، ص٦١-٦٢.

هەروەها بروانە: نص میثاق الامم المتحدة والنظام الاساسي لمحکمة العدل الدولیة، نیویورك، الامم المتحدة، اذار ١٩٩٥.

(٩) بروانە: شکري، محمد عزیز (الدکتور) _ المدخل الي القانون الدولي العام وفق السلم، دار الفکر، ط٤، دمشق، ١٩٨٠، ص١٨٣.

(١٠) بروانە: شعبان، عبدالحسین _ القضایا الجدیدة في الصراع العربي الاسرائیلي، مصدر سابق، ص٦٢-٦٣.

(١١) بروانە: شعبان، عبدالحسین _ الانسان هو الاصل _ مدخل الي القانون الدولي وحقوق الانسان، مرکز القاهرة، ٢٠٠٢.

هەروەها بروانە: شعبان، عبدالحسین _ محاضرات علي طلبة الدراسات العلیا، جامعة صلاح الدین، اربیل، السنة الدراسیة ١٩٩٩ _ ٢٠٠٠.

هەروەها بەراوردی بکە: میثاق الامم المتحدة والنظام الاساسي لمحکمة العدل الدولیة، مصدر سابق.

(١٢) بەراوردی بکە: نصوص العهدین الدولیین في: البسیوني، محمد شریف، حقوق الانسان، المجلد الاول، الوثائق العالمیە والاقلیمیە.

(١٣) بروانە: شیا، ریاض شفیق _ حقوق الاقلیات في ضوء القانون الدولي، مصدر سابق، ص ٣٠٦.

(١٤) بروانە: سەرچاوەی پێشوو، ل.٣٠٧

هەروەها بروانە:Bessom, Samantha and jasioulas, john- The philosophy of international Law, oxford university, 2010.

(١٥) بروانە: نص قرار الجمعیة العامة للامم المتحدة رقم ١٥١٤ الصادر في کانون الاول (دیسمبر) العام ١٩٦٠ في:

www.UN.org/general assembly resolutions.

(١٦) بروانە: شیا، ریاض شفیق _ حقوق الاقلیات في چوء القانون الدولي، مصدر سابق، ص٣١١.

(١٧) بروانە: شعبان، عبدالحسین _ الصراع الایدیولوجي في العلاقات الدولیة، دار الحوار، اللاذقیة، ١٩٨٥، ص٨٩ و دواتریش.

(١٨) بروانە: المصری، شفیق، مصدر سابق. ص٤٥.

(19) Waldron, Jeremy- the philosophy of international Law, ibid, p 397-400. kymlicka, will, ibid, p 377-378.

(٢٠) بروانە: المناقشات الحیویة التي نقلها الاستاف شیا، ریاض شفیق في کتابة القیم _ حقوق الاقلیات في ضوء القانون الدولي، مصدر سابق، ص٢٩٥-٣١٩.

(٢١) بروانە: شعبان، عبدالحسین _ السیادة ومبدأ التدخل الانساني، محاضرة في جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٠، (صدرت بکراس لاحقا عن الجامعة).

# پێشبینیی ڕەوشی ئابووریی جیهان
# لە ساڵی ٢٠١١دا

هەموو ساڵێک لە دووتوێی پاشکۆیەکی تایبەتیدا پێشبینییەکانی بەشی زانیارییەکانی کۆواری ئیکۆنۆمیست لەبارەی ڕەوشی ئابووریی جیهان، بڵاو دەکرێنەوە. ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، کۆواری ئیکۆنۆمیست ڕەوشی ئابووریی هەموو وڵاتانی جیهانی بە ڕێژە و ئامار و ژمارە و لە ڕێی توێژینەوەی ٥ فاکتەر و پێوەری سەرەکیی ئابوورییەوە پێشبینی کردووە.

ئەو ٥ فاکتەرەیش بریتین لە:

١- گەشەی ئابووری

٢- تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆیی بەپێی نرخەیلی ڕۆژانە و هەروەها نرخی یەکسانیی هێزی کڕین

٣- ڕێژەی هەڵئاوسان

٤- ژمارەی دانیشتوان

٥- ڕێژەی بەشداری تاکەکەس لە تێکڕای بەرهەمی ناوەخۆیی.

بێجگە لەمانە ئیکۆنۆمیست هەموو ساڵێک پێشبینیی ئەوە دەکا کە لەو ساڵەدا، کام یەک لە وڵاتەکانی جیهان لە ڕیزبەندی ١٠ وڵاتی یەکەمی جیهاندایە لە ڕووی خێراترین گەشەی ئابووریدا.

لە پێشبینییەکانی ئەو ساڵەدا، ئەو وڵاتانەی کە خاوەن خێراترین گەشەی ئابوورین، بەشێوەی خوارەوە پۆلێن کراون:

١- قەتەر - ڕێژەی گەشەی ئابووری ١٥,٩٪

٢- غەنا - ڕێژەی گەشەی ئابووری ١٤٪

٣- ئێریتریا - ڕێژەی گەشەی ئابووری ١٠٪

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

٤- ئیتیۆپی - ڕێژەی گەشەی ئابووری ١٠٪
٥- ئۆزبەکستان - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٥,٨٪
٦- چین - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٤,٨٪
٧- هیندستان - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٢,٨٪
٨- ئوگاندا - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٨٪
٩- هاییتی - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٥,٧٪
١٠- لائووس - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٥,٧٪
١١- ڕواندا - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٥,٧٪
١٢- لیبریا - ڕێژەی گەشەی ئابووری ٣,٧٪

لەو پێشبینییەدا هاتووە کە بەشی گەشەسەندووی گازی وڵاتی قەتەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوی وڵاتی قەتەر بۆ دووەمین ساڵی لە دوای یەک لە سەرووی ڕیزبەندی خاوەن خێراترین گەشە ئابوورییەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠١١دا تۆمار بکرێ، بەڵام گرینگترین ڕەهەندی پۆڵێنکردنی ئەمساڵ ئەوەیە کە دەری دەخا کە مەودا و دووری نێوان دوو جەمسەری گەورەی ئابووریی جیهان واتە چین و هیندستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، وا پێ دەچێ کە ئەو دوو وڵاتە کە بە داینەمۆ و هێزی بزوێنەری گەشەسەندنی ئابووریی جیهان ناسراون، لەو ساڵەدا لە ڕووی خێراییی گەشەی ئابوورییەوە لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگتر دەبن. بەو مانایەی کە گەشەی ئابووریی هیندستان لە ساڵی ٢٠١١دا بەرز دەبێتەوە و گەشەی ئابووریی چین دادەبەزێ، بەو پێیەش بێ ئەو دوو وڵاتە لە ڕووی گەشەی ئابوورییەوە لە یەکتر نێزیک دەبنەوە. هۆکاری دابەزینی گەشەی ئابووریی چین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی ئەو وڵاتە چەندان ڕێکار و هەنگاوی بە مەبەستی



دووربوونەوە و خۆپاراستن لە بووژانەوەی لە ڕادەبەدەر و دروستبوونی هەڵئاوسان گرتووەتە بەر. بێجگە لە چین و هیندستان، لەو وڵاتانەی تر کە لە سەرەوە باسکران، گەشەی ئابووری، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەناردەکردنی کەرەستە سەرەتاییەکانی وەکو هایدرۆکاربۆنەکان (لە قەتەر و ئۆزبەکستان و غەنا) و مادە کانزاییەکان (لە ئێریتریا و لائووس و لیبریا) و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان (غەنا و ئێتیۆپی و لائووس) و لاستیک (لیبریا)وە هەیە. لە ساڵی ٢٠١١دا، ئابووریی وڵاتی ڕواندا لە تەنگژەی کەمیی ئاستی خواستی ناوخۆیی لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە لە ساڵی ٢٠١٠دا سەری هەڵدابوو، ڕزگاری دەبێ.

لە وڵاتی ئوگاندا زیادبوونی ئاستی وەبەرهێنانەکان لە بەشەکانی ژێرخانی ئەو وڵاتەدا دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووریی ئەو وڵاتە و هەروەها لە وڵاتی ئێریتریاش، ئەو کارگەیەی کە وڵاتی چین بۆ بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لەو وڵاتەدا دای مەزراندووە، لە ساڵی ٢٠١١دا دەستبەکار دەبێ و گەشەی ئابووری و بووژانەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێ.



بەپێی ئەو پێشبینییە بێ، گەشەی ئابووری ئێران لە ساڵی ٢٠١١دا دەگاتە نێزیکەی ٣,٤٪ و ڕێژەی هەڵئاوسانیش دەگاتە نزیکەی ١٥,١٪.

لەو ساڵەدا گەشەی ئابووریی وڵاتی یۆنان کە لە ساڵی ٢٠١٠دا ناچار بوو، یارمەتیی دارایی لە یەکەتیی ئەورووپا و سندووقی نێودەوڵەتیی دراو وەربگرێ، نێگەتیف دەبێ و ڕێژەکەیشی دەگاتە نێزیکەی ٣,٥ - ٪. بەپێی پێشبینییەکەی گۆواری ئیکۆنۆمیست، لەو ساڵەدا گەشەی ئابووریی وڵاتە پیشەسازیی و پێشکەوتووەکان، ڕێژەیەکی کەم دەبێ. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی ئەڵمانیا بکەین کە خاوەن گەورەترین ئابووریی ئەورووپایە و گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە لە ساڵی ٢٠١١دا، بە ڕێژەی ١,١٪ دەبێ. گەشەی ئابووریی ئینگلتەرا - یش لەو ساڵەدا تەنیا ١,٣٪ دەبێ و ئەو ڕێژەیە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگاتە نێزیکەی ١,٥٪. جێی ئاماژەپێدانە کە لەناو وڵاتە ئاماژەپێکراوەکاندا ڕێژەی ئابووریی عێراق لە ساڵی ٢٠١١دا بە ڕێژەی ٦,٥٪ مەزندە کراوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی دنیای اقتصاد

## هەرێمێکی کێشەدار؟ یان شانسێکی بازاڕ؟
# رۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئابووریی ئەڵمانیا

ژولیانە براخ

لە ١٣ ئۆگستی ٢٠١٠، دەزگەی فیدراڵی بۆ ژمێریاری بڵاوی کردەوە، کە ئابووریی ئەڵمانیا، لە دووەمین چارەکی ساڵی ٢٠١٠دا، بە ڕێژەی ٢,٢٪ گەشەی ئابووریی کردووە. لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، ئابووریی ئەڵمانیا ئەم ڕێژە خێرایەی بەخۆوە نەدیوە. پاش ئەوەی کۆمیسیۆنی ئەوروپایی بۆ کاروباری ئابووری، لە ١٣ سێپتەمبەری ٢٠١٠، ئاشکرای کرد، کە ئابووریی ئەوروپا بەڕێژەی ٣,٤ ٪ گەشەی کردووە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، ئەڵمانیا دەکەوێتە ریزی پێشەوەی ئەوروپا.

### شرۆڤەکردن

هەرچەندە گرینگترین کۆمپانیا بازرگانییەکانی ئەڵمانیا، دەکەونە ناو یەکەتیی ئەوروپا و رێکخراوی OECD (رێکخراوی هاوکاریی بازرگانی و گەشەپێدان، کە لە ٣٣ وڵات پێکهاتووە، کە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمەریکا، مەکسیک، کەنەدا، ژاپۆن، ئوستراليا، نیوزلەندا، ئیسرائیل، باشووری کۆریا، دەگرێتە خۆی. بەواتایەکی تر ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییان باشە. ئەم رێکخراوە لە ساڵی ١٩٦١ دامەزراوە، بنکەی سەرەکیی لە پاریسە. وەرگێڕ)، هێشتا لە دەست کێشە ئابووری و داراییەکە رزگاریان نەبووە، کەچی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان بەردەوام گرێبەستی نوێیان لە دەرەوە (واتە دەرەوەی) دەست دەکەوێت. یەکێک لە گرینگترین هۆکاری ئەم پێشکەوتنە پۆزەتیڤەش، بەزربوونەوەی ڕێژەی ئیکسپۆرت (هەناردەی) ئەڵمانییە، بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییان لاوازە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییە بازرگانی و

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

سەرمایەگوزاریەی ، کە لەگەڵ دراوسێکانی ئەوروپا بەتایبەت ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هەمانە.

* هەمـوو کـاتێک ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست، بەناوچـەیەکی کـێشـەدار، یان سـەرچاوەی وزە ناسـراوە. هەرچەندە ئەم ناوچـەیە لەپاش ئەمـەریکاوە،لەدەرەوەی یەکەتیی ئـەوروپادا، ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست، دووەمین ناوچەی گرینگە بۆ هەناردەی (Export) ئەڵمانی دادەنرێت.
* ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست، لە چاو ناوچەکـانی تری دنیـا ، توانـی زوو خـۆی لـە کـێـشـە ئـابووری و داراییـیەکەی دنیا رزگار بکات. ڕێژەی هێنـانی کاڵا (Import) لەم ناوچەیەدا، زۆر لە ڕێژەی پێش کێشە ئابووری و داراییـیەکەی هاوینی ٢٠٠٨ زیاترە.
* (Made in Germany) لـە ڕۆهـەڵاتـی ناوەڕاســـتـــدا، بـە بـەرهـەمـــێکی بـاش دادەنرێ. بەتـایبـــەت سـەرمـایەگوزاری و پارچەی پیـشـەسـازی (ئەو پارچانەی کـە لە مـەکینە و کـارگەکـان بەکـار دەهێنرێ. وەرگێڕ)، ناوبانگێکی ئێجگار باشیـان هەیە، نەک لەبەر نرخـە باشەکەی، بەڵکە لەبەر چاکی و بەتوانایی بەرهەمەکەی.
* یەکـێک لە داواکـارییـەکـانی کـۆمـاری ئەڵمـانیـایی فـیـدراڵ و یەکـەتیی ئەوروپا، هـەوڵدان بۆ دروسـتکردنی ڕێکخـراوێک بـۆ نۆژەنکردنەوە و مـۆدێرنەکـردن (Innovation) و پێکەوە کـارکـردن، لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی ئەوروپا بە ڕێژەی ٥٠ ملیارد یۆرۆ. لەم پێشنیازەدا، کۆمپانیا بچووک و ناوەڕاستەکانی EU و دەوڵەتانی دروسێی، دەتوانن بەشداری بکەن. یەکێک لەو هەوڵانەش کە تا ئێـــســـتـــا دراوە، پرۆگـــرامـی Mediterranean Innovation & Research Area (MIRA) Programm ئەمـەش یەکـێکە لەو هەوڵانەی کـە بۆ ئەوەی هـەرێمـێکی بازرگـانی لە نێـوان یەکـەتیی ئەوروپا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکرێت.

### زۆرترین هەنارده Exporte تا هێنانی Import ئەڵمانی لەم ناوچەیەدا

لە ســاڵی ٢٠٠٥وە، ڕێژەی هـەنـاردەی ئەڵمـانی بۆ ئەو ولاتانەی کـە لـەناو یەکـەتیی ئەوروپـادا نین، دەگاتە نزیکەی ٤٠٪ی کۆی گشتیی هەناردەی ئەڵمانیا پێک دەهێنێت. ساڵانەش بـەڕێژەیەکی کەم (١-٢) بەرز دەبێـتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەنارده (ئێکسـپـۆرت) بۆ ولاتـانی نا ئەوروپایی، ڕۆڵێکی گرینگی بۆ ئابووریی ئەڵمانی هەیە.

هۆکـاری ئەمـەش لەوەدایە، کـە ولاتانی تازەپێگەیشـتوو یـان ئەوانەی ئابووریـیـان لاوازە، لە چاو ئەمـەریکا و بەشـێک لە ولاتـانی ئەوروپایی، وەکو ئیـسـپـانیـا و یۆنان، باشـتـر توانییـان لە کێـشـە دارایی و ئابـوورییـەکـەی سـاڵی پار ڕزگـاریان بێت. بۆ نموونە لە نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٨ تا ٢٠٠٩، هـەناردەی کالاکانی ئەڵمانیا، بۆ ولاتانی یەکەتیی ئەوروپا EU، بەڕێژەیەکی ترسناک هاتە خوارەوە. کە نزیکەی ٩٠ ملیـارد یورۆ کەمی کرد. لە بەرامبەردا هـەناردەی ئەڵمـانی بۆ ولاتـانی نا ئەوروپایی، گـەر هـەڵسـەنگاندنێک لە نێوان سـاڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بکەین، دەبینین ڕێژەی هـەنارده، ٢٠ ملیـارد یورۆی زیادیکردووە. (واتە پێش ئەوەی کێشە گەورەکەی ئابووری ڕوو بدات. وەرگێڕ). بەڵام ساڵی

٢٠٠٩ بە ڕێژەی ٦٦ ملیارد یۆرۆ کەمی کردووە. ئەمڕۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر باش لە دەستی کێشە ئابوورییەکەی دنیا ڕزگاریان بوو. بگرە زۆر باشتر لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان شەریکە دێرینەکانی ئەڵمانی، کە سەردەمانێکی زۆرە، شوێنی هەناردەی کاڵا و تەکنەلۆجی ئەڵمانی بوون. ئێستا هەناردەی ئەڵمانی بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە، گەیشتووەتەوە ئاستەکەی جارانی واتە پێش کێشەی ئابووریی جیهانیی ساڵی ٢٠٠٨. بگرە زۆر لە ئاستی جاران بەرزتر بووەتەوە.

کۆمپانیاکانی ژێرخانی ئابووری و بیناسازی سوودێکی باشیان لەم ناوچەیە وەرگرتووە، بەتایبەت پاش ئەوەی کە نرخی نەوت لەم چەند ساڵەی دواییدا گەیشتە ئاستێکی زۆر بەرز. لە ناوەراستی ساڵی ٢٠١٠دا، ڕێژەی گشتیی هەناردەی ئەڵمانی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەیشتە نزیکەی ٢٨ ملیارد یۆرۆ. کە نزیکە لە ڕێژەی هەناردەی ئەڵمانی بۆ کۆماری گەلی چین، کە نزیکەی (٣٠ ملیارد یۆرۆ) بوو. یەکسەریش لە پاش ئەمەریکاوە دێن ، چونکە ئەم ساڵ لە چاو پێش کێشە ئابوورییەکەی دنیا، ڕێژەی هەناردە بۆ ئەمەریکا، بەڕێژەی ١,٥ ملیارد یۆرۆ کەمی کرد. بەم شێوەیەش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە پاش ئەمەریکا، بە گرینگترین ناوچە (کە لە دەرەوەی EU) بۆ ئابووریی ئەڵمانیا دەژمێرێ. دیارە ئەم ناوچەیە لە پێش وڵاتانی کۆماری گەلی چین و رووسیای فیدراڵ و ژاپۆن و بەرازیلەوە دێت.

## هەرچەندە تێکەڵاویی جیهانی باش بووە،
## بەڵام هێشتا ئاستی گەشەسەندییان کەمە

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە سەنتەری (GIGA، Germany Institute of Global and Area Studies) لەبارەی (داهێنان و گەشەسەندن)ەوە کردوویەتی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی گەشەسەندنی نموونەییەوە، زۆر لە پاش کۆماری گەلی چین دێت. لە حاڵەتێکدا ئەم وڵاتانە لە ماوەی پێشوودا نەیانتوانی، سوودی باش لە فرۆشتنی وزە سروشتییەکەیان وەربگرن، یان نەیانتوانی سوود لە هێنانی تەکنەلۆجی لەلایەن بێگانەکانەوە بۆ وڵاتەکانیان بکەن. ئەم وڵاتانە نەیانتوانی ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە و ئابوورییەکی بەهێز دروست بکەن. هەتاوەکو ئێستاش نەیانتوانیوە ئەو یەدەکە سروشتییەی کە هەیانە، بەباشی بەکاری بهێنن.

بەبڕوای منیش ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنبوونی ئەو تەکنەلۆجیا و کارگانەی کە بەکاری دەهێنن، هەروەها بۆ نەبوونی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا لێرە بەپێچەوانەی وڵاتانی OECD کەمتر داتای رەسمیی هەیە (مەبەستی ژمێریار، رەسمییە. وەرگێڕ). چەند نموونەیەک لە لێکۆڵینەوەکانمان و پێوەندیی بەردەوامان بەو کۆمپانیایانەی کە لەم ناوچەیەدا کار دەکەن، ئەم تیۆرییەمان دەسەلمێنن. دیارە هەموو گەشەسەندنێکی تەکنەلۆجی، لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی کرێکاران بووە. هەموو کاتێکیش وای کردووە کە بازاڕی کار کەمتر بکرێتەوە و ڕێژەی بێکارییش

زیاتر بێت. لە دواین ساتدا بەرپرسە بیرۆکراتییە عەرەبییەکان، دەستیان کرد، بە پەیڕەوکردنی سیستەمی ئابووریی بازاڕ (واتە سیستەمی سەرمایەداری. وەرگێڕ). لە کاتێکدا زۆر دەمێکە لە ناوچەکانی تر، بەتایبەت لە ئاسیا، ئەم سیستەمە پراکتیزە کراوە. سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ، ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ بێکاران دروست بکەیت. لە هەمان کاتیشدا بۆ کەمکردنەوەی ئەو کارانەی کە بەرهەمهێنەر نین (مەبەستی بوونی مووچەخۆرێکی زۆری حکومەتییە. وەرگێڕ). بەپێی ئەو چاودێرییەی، کە لە ڕووی سیاسی و گەشەسەندنەوە بەگشتی کردوومانە ، دەری دەخات کە ئەم وڵاتانە کە بەڕێژەیەکی کەم کێشەی ئابووریی دنیا کاری تێ کردن، هەوڵێکی جیدی دەدەن بۆ ئەوەی نەخشەیەکی باشی گەشەسەندن (پێشکەوتن) بۆ خۆیان دابڕێژن. وڵاتەکانی ئەم ناوچەیە، لە ڕووی ئاستی بەتوانایی و هەڵسوکەوت لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێ و کە گرینگە بۆ چوونە ناو هێڵی ئابووریی جیهانی و بەشدارییان لە بازرگانیی جیهانیدا، چەند ئاستێکی جیاواز لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا دەبینین. بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە ئاستیان باشە، کە من بەگەشەسەندوو Entwickler ناویان دەبەم وەکو (ئیسرائیل، تورکیا، هەندێکیش ئێران بەتایبەت پاش ئەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشکرا بوو). ئەم وڵاتانە پێشتر لە بواری نۆژەنکردنەوە و مۆدێرنیزەکردن و نەخشەی باشیان بۆ زانست و داهێنان داناوە. هەر بۆیە ئێستا ئەم وڵاتانە لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە لە ریزی پێشەوەن لە ناوچەکەدا . لە حاڵەتی ئێستادا، نیوەی هەناردەی ئەڵمانیا، بۆ ئەم سێ وڵاتە دەچێت. بەم شێوەیەش ئەم وڵاتانە توانیویانە لە ڕووی مونافسە (کێبەرکێی بازرگانییەوە) پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا بەهێز بکەن.







نەخشەی هەناردە Export و هێنان Import ئەڵمانیا

بەشــێکی تری ئەم وڵاتانە کـە گــرووپی دووەم پێک دەهێن، مـن بە (بەکــاربەر، Anwender) ناویان دەبەم. نەیانتـوانیـوە لە ڕووی تەکنەلـۆجیـاوە خـۆیان بەهـێز بکەن. ئەو دەوڵەتانەش دەکرێن بە سێ گرووپەوە. یەکەمیـان بە A دادەنێم برێتین لە (عـەرەبسـتانی سـعوودی، ئیمـارات، بەحرەین، قـەتەر، عومـان). گرووپی B (مـیسـر، تونس، مـەرۆکـۆ، لبنان، ئوردن) ئەم وڵاتانە تێکەڵاوی ئابووریی دنیـا بوون. گرووپی سـێیـەم C، کە لە وڵاتانێک پێک دێن، کـە لە ڕووی جیـهانییـەوە داخـراون، برێتین لە (لیبیـا، عێـراق، جـەزائیر، یەمـەن، سـووریا، ناوچەی فەلـەستینییـەکـان) ئەم وڵاتانە هێشـتا تێکەڵی ئابووریی دنیا نەبوون.

١- گـەر سـەیری گـرووپی A بکەین، ئەم وڵاتانە بەشـێـوەیەکی بـاش تێکەڵی ئابـووریی دنیـا بوون. ئەمـانەش لە ڕووی داراییـیـەوە، دەتوانن دەسـتـیـان بگاتە تەکنەلۆجیـای نوێ و بـەکـاری بهـێنن. دەوڵەتانی کەنداو، زیاتر پشتیان بە هەناردەی نەوت بەسـتووە. هـەر لەم بوارەشدا شـارەزاییـیان پەیدا کـردووە و تـوانیـویشـیـانە تـەکنەلۆجیی نوێ لەم بوارەدا بـەکـار بهـێنن. جێگـەی ئامـاژەیە، هەمــوو توانا و هـێــزی ئەم دەوڵـەتانـە، تەنیــا پشـت بـەدەرهـێنان و بـازرگــانیـی ســامــانـە سـروشتییـەکانیـانە. هـەتاوەکـو ئێسـتاش نـەیانتوانیـوە، خـۆیان ببنە خـاوەنی تەکنەلۆجیـایەکی باش و ئابوورییەکی پتـەو دروست بکەن. هـەر بۆیە ئەمانە بەگشتی پشت بە پسپۆڕ و خـەڵکانی شـارەزای بیانی دەبەسـتن.




نەخشـەی هـەناردەی ئەڵمانی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ملیاران یۆرۆ. ( An-wender، واتە بەکاربەر، کە مەبەستی وڵاتانی عەرەبییە. Entwickler، واتە پێگەیشتوو، کە مەبەستی هـەرسێ وڵاتی ئیسرائیل، ئێران، تورکیایە)

٢- گەر سەیری گرووپی B بکەین، ئەمانە بەحوکمی ئەوەی بازرگانییان کراوەیە و تێکەڵی بازاڕی جیهانی بوون، توانیویشیانە دەستیان بگاتە تەکنەلۆجیای نوێ. بەڵام ئەمانیش هێشتا نەیانتوانیوە لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە پێش بکەون، چونکە ئەم دەوڵەتانە (کفاءة، توانا،ئاست)ی تەواویان نییە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن و پێشیان بخات.

٣- گەر سەیری گرووپی C بکەین کەبە وڵاتانی (پەڕاوێزخراو) وەسف دەکرێن، لە هەموویان وەزعیان خراپترە. ئەم دەوڵەتانە ماوەیەکی کەمە تێکەڵی بازاری جیهانی بوون، لە ڕاستیشدا زۆر لاواز تێکەڵ بوون. بە حوکمی نەبوونی سەرمایەگوزاری و پاڵەپەستۆی دەرەکی، تەنیا ئامێری و کارگەی بەرهەمهێنانی کۆنیان هەیە، بۆ نموونە لە سووریا، بەگشتی کارگەکانیان هی سەردەمی ئەڵمانیای ڕۆهەڵاتن. لە هەمان کاتیشدا خاوەنی ژێرخانێکی باشی ئابووری نین. هەروەها بەشێکیان پشتیان بە ئابووریی سەربازی و شەڕی دەبەست وەکو عێراق، ئەمە و چەند هۆیەکی تریش بوونەتە هۆی ئەم جیاوازییەی نێوان دەوڵەتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات. لە هەمان کاتیشدا ئەم دەوڵەتانە، زیاتر پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتن هەیە، لە هەمووشیان زیاتر باریان گرانترە.




نەخشەی کاڵا گرینگەکانی کە دەچنە ڕۆهەڵاتی ناوین، بە ملیۆنان یۆرۆ

بۆ باشبوون و پێشکەوتنی ناوچەکە، نۆژەنکردنەوە، مۆدێرنیزەکردن و تەکنەلۆجیای نوێ، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. لەم هەرێمەدا زیاتر پێویستیان بەگەشەسەندنە تا هەرێمەکانی تری دنیا، بۆ نموونە چین یان دەوڵەتانی تری ئاسیاوی. وڵاتە عەرەبییەکان لە ڕووی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆجیای نوێ زۆر لە پاش جیهانەوەن، هەر بۆیە لە ساڵانی داهاتوودا، زیاتر پشت بە هەناردە

بیانییەکان دەبەستن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کێ لە داهاتوودا ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە دەکات ؟ هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارەش نەدراوەتەوە و بە کراوەیی ماوەتەوە.

## گواستنەوەی تەکنەلۆجی

## وەکو بواری داهاتووی ئەڵمانیا

کۆمپانیا ئەڵمانییەکان دەتوانن لە بواری گواستنەوەی تەکنەلۆجیدا، ڕۆڵێکی گرینگ ببینن، چونکە ئەو بەرهەمانەی کە لە وڵاتێکی خاوەن تەکنەلۆجیایەکی بەرزی وەکو ئەڵمانیا دروست دەکرێت، لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، پایەیەکی باشیان هەیە. لە کاتێکدا کە بەکاربەر لە هەموو دنیادا بەگشتی بەدوای ئەو کاڵانانەدا دەگەڕێت کە نرخیان کەمە، کە زۆرجار کوالێتیان (کفاءة، توانا، چۆنێتی) خراپە، بەڵام ئەم یاسایە هەموو کاڵایەک ناگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو کاڵایانەی کە سەرمایەگوزارین (مەبەستی بەرهەمی گرانە، وەکو کارگە و ماکینەی گەورە. وەرگێڕ)، بەتایبەت لە کاتی کێشەی ئابووریدا، بۆ سەرمایەگووزاری بەتایبەت لە مەکینەی گەورە و ئالەتی ژێرخانی ئابووری (ئەو مەکینانەی کە لە بواری ڕێگەوبان و پرد و بەنداو بەکار دێت وەکو، شۆفڵ، حەفارە، بلدۆزەر. وەرگێڕ)، کڕیار زیاتر بیر لەوە دەکاتەوە، کە تا چەندە ئەو ماکینەیە بەردەوام دەبێت لە کارکردن و توانای مانەوە و کارکردنی چەندە، واتە چەندە بەرگە دەگرێت و مانەوەی کاڵاکەی بەلاوە گرینگە نەک نرخەکەی. لەم بوارەشەدا بەرهەمی ئەڵمانی لە ناوچەکەدا وەکو بەرهەمێکی باش و بەتوانا و بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێنێتەوە و بەرزترین پلەی تەکنیکی دادەنرێت. بەرهەمە سەرمایەگوزارییەکان (کارگە و مەکینەی گەورە) و پارچە (سلع الوسیطه، ئەو کاڵانەی کە لە دروستکردنی بەرهەمێکدا بەکار دەهێنرێت. وەرگێڕ) ئەڵمانی، لەم ناوچەیەدا ساڵانە نزیکەی ٣٠ ملیارد یۆرۆ دەفرۆشێت.

وەکو هەموو دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو (جیهانی سێیەم)، لە ڕووی ژێرخانی ئابووری، سیستەمی سیاسی و ئابووری، ژینگەیی، ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەڵمانیا جیاوازە. لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری کارگە و ئالەتەکانی تر، بەهۆی خراپیی کارەبا و پلەی بەرزی گەرما، هەروەها بە حوکمی ئەوەی زۆرجار ئەو مەکینانە بۆ ماوەیەکی زیاتر لە کاتی خۆی بەکار دەهێنرێت، بەشێوەیەکی جیاوازتر دروست دەکرێن.

زۆرجار مەکینەیەک وا بەکار دێت، کە بۆ هەتاهەتایە بەرگە بگرێت. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەڵمانیا یان وڵاتانی EU یان وڵاتانی OECD، لەم وڵاتانەدا داتای تەکنەلۆجی و سەرمایەگوزاری بەکار دەهێنرێت، تاکوتەرا وڵاتێک هەبێت ئەم یاسایە پەیڕەو نەکات. لە ڕاستیدا لەم ناوچەیەدا بەهیچ شێوەیەک داتای رەسمیی نییە، بۆ نموونە لەبارەی (تەمەنی مەکینەکە،یان توانای بەرگەگرتن، زانیاریی گشتی، کۆمۆنیکاسیۆنی ئەلکترۆنی) نییە. هەندێک نموونە پێشانی داوە، کە کۆمپانیا بچووکەکان، زۆرجار دەزگەکانی سەرمایەگوزاری (مەبەست کارگە و مەکینەکانە.

وەرگێڕ)، بۆ ئەوەی دووەم، زۆرجار بۆ ئەوەی سێیەمیش بەجێ دەهێڵن. (مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە کارگەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەکار دەهێنرێت. وەرگێڕ).

زۆرجار کە مەکینەکە یان پارچەکانی تێک دەچن، لە ڕێگەی ئەو پارچانە چاک دەکرێنەوە کە خۆیان دروستیان کردووە، ئەمەش لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە زەرەر لە مەکینەکە دەدات. زۆرجار پارچەی ئۆرگینال (ئەسڵی) دەست ناکەوێت، لەبەرئەوەی مەکینەکە زۆر کۆنە، یان ئەو مۆدێلە نەماوە، یان زۆرجار لەبەر بەرزیی نرخەکەی، ناتوانن پارچەی ئۆرگیناڵەکە بکڕن و بۆ مەکینەکە بەکاری بهێنن.

زۆرجار ناچار دەبن، بەرهەمەکان لە ڕووی کفالیتێتی ستاندارەوە بگۆڕێن و پلەکانیان بەشێوەیەکی باشتر دروست بکرێت. بۆ نموونە تەلەفۆنی دەستی بەبێ ئالەتی فۆتۆگرافی، یان لاپتۆپ بەبێ webcam، یان ئامێری پزیشکی، کە توانای بەرگەگرتنی هەڵکشان و دابەزینی کارەبای هەبێت و زەرەر نەگەیەنێتە ئامێرەکە، یان دروستکردنی جادەی قیرتاو، کە بەرگەی ٥٠ پلەی گەرما لە ڕۆژدا و خوار پلەی سفر لە شەودا بگرێت، بەبێ ئەوەی جادەکە تێک بچێت. لەم بوارەدا بەرهەمە ئەڵمانییەکان، چەند سەرکەوتنێکیان بەدەست هێناوە، هەناردەی ئەڵمانییش بۆ ئەم ناوچەیە، لە گەشەسەندنێکی باشدایە. گرینگترین هەناردەی ئەڵمانی شەش جۆرن ئەوانیش ئەمانەن:

(ئۆتۆمۆبێل، مەکینە «بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و بیناسازی»، مەکینەی گەورەی ئاسن، کاڵای کیمیایی و دەرمانسازی، کاڵای ئەلیکترۆنی و حسابی). ئەمانە نەکەوتنە بەر شاڵای کێشە ئابوورییەکەی دنیا، یان کاریگەری ئێجگار کەمی تێ کردن. جگە لەم شەش کاڵایە، چەند کاڵایەکی تریش دەنێردرێتە ناوچەکە، بریتین لە: (بەرهەمە پزیشکییەکان، ئەو کاڵانەی کە پێوەندییان بە ژینگەپارێزییەوە هەیە، ئەو مەکینانەی کە لە وەرشەکان (بۆ نموونە لە ئاسنگەری و دارتاشی بەکاردێت. وەرگێڕ)، ئەو کاڵایانەی کە لە ژێرخانی ئابووری (ڕێگەوبان، بەنداو، دروستکردنی پرد بەکار دێت) یان ئەو کاڵایانەی کە لە دووبارە پاککردنەوەی مەکینەکاندا بەکار دێت.

## ئەو خاڵە گرینگانەی کە بۆ سەرمایەگوزاریی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا پێویستن

هەموو کاتێک لەناو ڕای گشتیی ئەڵمانیادا، بە چاوێکی گومان و ترسەوە بۆ ئەم ناوچەیە دەڕوانرێت. وای کردووە کە بۆچوونێکی نێگەتیڤانە لەبارەی ئەم ناوچەیەوە دروست ببێت. ئەمەش وای کردووە کە هێزی ئابووریی ئەم ناوچەیە باش هەڵنەسەنگێنرێت. تەنیا جیاوازییە کولتوورییەکان ڕێگر نین لە کاری هاوبەشیی نێوان کۆمپانیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا، بگرە دروستکردنی چەند وێنەیەکی وەکو ئەوەی کە ئەم ناوچەیە زیاتر وەکو ناوچەیەکی (شەڕ، تیرۆر، توندڕۆی ئاینی) دابنرێت. ئەمەش وای کردووە کە چەند خاڵێکی پۆزەتیڤی ئەم ناوچەیە

نەبینرێت، وەکو ئەوەی کە ئەم ناوچەیە زیاتر لە خەڵکی گەنج، ئاشتیخواز، تۆلەرانس (متسامح) پێک دێت، کە ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن کەس دەبن. جیاوازیی کولتووری وای کردووە کە زیاتر هەستێکی بێگانەیی و گومان و ترس، لە جیاتیی هاوکاری و کارکردنی هاوبەش دروست بکات. بەڵام بەحوکمی بوونی شارەزایانی بواری ئینتەرکولتورێل و بوونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، بوونی ڕاوێژکاری باش، ئەم هاوکێشەیە هەر وا نامێنتەوە. ئەمانە هەموو دەتوانن خزمەتی بەرژەوەندیی کۆمپانیاکان بکەن و، هاوکاری و کێشەکانی کۆمۆنیکاسیۆن(پێوەندیکردن) چارەسەر بکەن، بەتایبەت ئەمانە دەتوانن، شەریکێکی گونجاو لە ناوچەکەدا پەیدا بکەن و هەوڵی دروستکردنی پێوەندی و کاری هاوبەش بکەن.

بەشێنەیی هەلومەرجی کارکردن و سەرمایەگوزاری بۆ کۆمپانیا ناوەخۆیی و بێگانەکان لەم ناوچەیەدا، لەم چەند ساڵەی دواییدا باشتر بووە. دیارە ئەوەش بە حکومەتیی پشتگیریی حکومی وەکو (پێدانی قەرزی باش و کەمترین سوود)، یان کەمکردنەوەی کاروباری بیرۆکارتی، یان ئاسانکاریکردن بۆ دامەزراندن و دروستکردنی کۆمپانیاکان و باشکردنی بواری هێنان و هەناردە Import,Export یان نەمانی هەندێک گومرگی دەوڵەتی. (هەروەک بانکی نێودەوڵەتی داوا دەکات). لە هەمان کاتیشدا کردنەوەی بازرگانیی دەرەکی، کە بەهۆی بوون بەئەندام لە ڕێکخراوی (بازرگانیی جیهانییەوە)، یان بەهۆی هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەرێمێکی بازرگانی لە نێوان ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و EU، کەبە پرۆژەی EUMeditrranen ناسراوە، کە ئەمەش وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەوروپا و جیهانەوە دەبەستێتەوە.

هەرچەندە کۆمەڵێک ڕەخنە لە پرۆژەی دروستکردنی EUMeditrranen هەیە بۆ دروستکردنی هەرێمێکی بازرگانی لە نێوان دەوڵەتانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، چونکە لە پێش هەموویانەوە ئەم پرۆژەیە بەرهەمە کشتووکاڵییەکان ناگرێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، چەند خاڵێکی گرینگی باش هەن، کە دەبنە هۆی ئەوەی کە سوود بە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لەم ناوچەیەدا بگەیەنن.

بەستنەوەی ئەم ناوچەیە بە یاساکانی یەکەتیی ئەوروپا، ئەمەش پارێزگاری و پشتگیریی کۆمپانیا ئەڵمانی و ئەوروپاییەکان دەکات، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە پێوەندیی بە مافی موڵکداری (مافی داهێنان)ەوە وە هەیە. بە قاچاخی کۆپیکردن، یان دروستکردنی بەرهەم، مەکینە و یان زۆرجار پارچەی پیشەسازیی وەکو ئەوەی لە چین دەکرێت، لەم ناوچەیەدا بەپێی یاسا ڕێگەی پێ نادرێت.

ئەمەش خاڵێکی ئێجگار گرنیگە، بۆ هاندانی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لەم ناوچەیەدا. لە هەمان کاتیشدا گواستنەوەی تەکنەلۆجی لە وڵاتانی یەکەتیی ئەوروپاوە، بۆ وڵاتانی دەریای سپیی ناوەڕاست، نەک وەکو هەوڵی گەشەپێدان و هاوکاریی ستراتیجی درواسێیەتیی تەماشا دەکرێت، بەڵکە لەلایەن یەکەتیی ئەوروپاوە، لە ڕێگەی دەزگەکانی دەوڵەتییەوە ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت.

یەکەتیی ئەورووپا داوا دەکات کە لە نێوان ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣ کە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠ ملیارد یۆرۆ، بۆ جێبەجێکردنی RP7 و کە بۆ باشکردنی منافسە (کێبەرکێی بازرگانی) و سەرمایەگوزاری تەرخان بکرێت. لەم پرۆگرامەدا کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانیش سوودمەند، بەتایبەت ئەوانەی کەلە بوارەکانی تەکنەلۆژی، دارایی، گواستنەوەی تەکنەلۆژیدا کاردەکەن. لە بەندەکانی پرۆگرامی RP7دا، داوا دەکات لە نێوان دەوڵەتەکاندا هاوکاری و پێکەوە کارکردن لە بوارەکانی پیشەسازی و پەیمانگاکان بکرێت.

ئەم داواکارییانە وا دەکات، کە شەریکەکانی ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست، وەکو ئەندامانی یەکەتی ئەوروپا هەمان شانسیان هەبێت، بەو مەرجەی کە یەکەتی و هاوکارییەک لە نێوان دەزگەکانی لێکۆڵینەوە و داهێنان و لەگەڵ کۆمپانیاکانی یەکەتیی و ئەوروپا و دەوڵەتە بەشدارەکان دروست بکرێت. گرنگترین ئەو هەولانەی کە بۆ هاوکاریی ناوچەیی دەکرێن، وەکو بەرنامەی دراوسێکانی یەکەتیی ئەوروپا، یان بەرنامەی یەکەتیی دەریای سپیی ناوەڕاست کە بە MIRA دەناسرێت، مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە پێویستیبوون بە دیالۆگ و و هاوکاری لە بوارەکانی (لێکۆڵینەوە و داهێنان، دارایی، سەرمایەگوزاری) لە نێوان یەکەتیی ئەوروپا و دەوڵەتانی عەرەبی کە لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستن، هەروەها توورکیا و ئیسرائیل، باشتر و بەهێزتر بکرێت. پرۆژەی MIRA کار دەکات بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی دیالۆگ دروست بکات، کە ئامانجی ئەوەیە تا ساڵی ٢٠١١ بنەمایەکی بازرگانی بۆ پێکەوە کارکردن لە نێوان یەکەتیی ئەوروپا و دەوڵەتانی دەریای سپیی ناوەڕاست دروست بکات، کە بوارەکانی لێکۆڵینەوە، ئابووری، ئیداری باشتر بکات. هەروەها بۆ پێکەوە کارکردن لە بوارەکانی گواستنەوەی تەکنەلۆجی و بوارەکانی زانستی و داهێنان و لێکۆڵینەوە، لە نێوان ئەندامانی ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشتر و بەهێزتر بکات. (دیارە یەکێک لە ئامانجەکانی تری ئەم پرۆژەیە، ئاشتی لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل دروست بکات. وەرگێڕ).

چەند دێرێک لەسەر نووسەر:

Dr. Juliane Brach. مامۆستای یاریدەر لە زانکۆی کۆپنهاگن، ئەندامی ئەنستیتوی GIGA

"GIGA Germany Institute of Global and Area Studies" خاتوو ژولیانە بەرپرسی بەشی تیمی لێکۆڵینەوە (دارایی و گەشەسەندن). هەروەها لە بوارەکانی گەشەسەندنی ئابووری و گواستنەوەی تەکنەلۆجیا بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم کار دەکات. جگە لەوەش شارەزایە لە بواری پێوەندییەکانی یەکەتیی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەرچاوە:

Juliane Brach.Problemzone`? Chancenmarkt!. Nahe Osten und deutsche Wirtschaft

www. giga-hamburg.de

# چەند خاڵێکی گرینگ
# لەبارەی ٥٠ ساڵەی ڕزگاربوونی ئەفریقیاوە

ڤێرنەر رووف

بەشی یەکەم:

**کۆلۆنیالیزمی فرەنسی**

لە ١٤ تەمووزی ٢٠١٠دا کە دەکاتە رۆژی نیشتمانیی فرەنسا، سەرۆکی فرەنسایی نیکۆلاس سارکۆزی بەم بۆنەیەوە، سەرانی ١٤ دەوڵەتی ئەفریقیاییی بانگهێشتنی پاریس کرد. ئەم دەوڵەتانە هەموویان پێشتر کۆلۆنیای فرەنسا بوون (واتە پێشتر لە ژێر دەستی فرەنسا بوون). هەموو سەرۆکەکان ژنەکانیشیان لەگەل خۆیان هێنابوون، تەنانەت لۆرانت گباگبۆیش کە سەرۆکی وڵاتی (ساحل العاج) دەعوەت کرابوو. جێگەی ئاماژەیە وڵاتی فرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٢وە هێزێکی سەربازیی ناردە ئەم وڵاتە، کە بە ئۆپەراسیۆنی لیکۆرنە دەناسرێ. فرەنسا لە دژی سەرۆک لۆرانت گباگبۆ پشتگیریی نەیارانی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەیان بە سوپاکەی دا، بەیادی پەنجا ساڵەی (سەربەخۆبوونی ئەفریقیا) لەگەڵ سوپای ١٣ دەوڵەتی تری ئەفریقیاییی، مارشی سەربازیی خۆیان، لە گۆڕەپانی چامپس ئەلیزێ ئەنجام بدەن. جێگەی ئاماژەیە، کە سەرۆک سارکۆزی لەو ماوەیەی پێشوودا زۆر کەوتە بەر هێرشی ڕەخنەوە، بەتایبەت پاش بڵاوبوونەوەی چەند سکانداڵێکی گەندەڵی و دەربرینی چەند بۆچوونێکی راسیزمانە. (کاتێک کە وەزیری ناوەخۆ بوو، لەو کاتەی کە لە گەڕەکە هەژارنشین و بێگانەکاندا خۆپێشاندانی گەورە رووی دا، سارکۆزی وتی "هەموویان بە سەیارەی زبڵفڕێدان پاک دەکەمەوە". لە کۆتاییی مانگی تەمووزی ٢٠١٠ کاتێک لەگەڵ کۆمەڵێک رۆژنامەنووس کۆ بووەوە، تێیدا بەرنامەیەکی سیاسیی نوێی ڕاگەیاند، ئەو فرەنسییانەی کە بە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵڵا

رەگەز فرەنسایی نین و تاوانی زۆریان کردووە، ناسنامەی فرەنسییان لێ دەسێنرێتەوە و لە وڵات دەردەکرێن.). هەر بۆیە سارکۆزی بەکەسێکی راسیزم ناسراوە.

(جێگەی ئاماژەیە سارکۆزی خۆی بەرەگەز فرەنسایی نییە، بەڵکە باوکی خەڵکی هەنگاریا بووە و هاتوون بۆ فرەنسا، وەرگێڕ).

هەر بۆیە سارکۆزی دەیویست لە بەرگێکی (پۆست کۆڵۆنیالیزمی فرەنسایی) خۆی دەربخات و، هەوڵی دەدا کە وێنەیەکی نوێ بە فرەنسا بدات. هێزی سەربازی و فۆلکلۆری ڕەشپێستەکان، دەبێت دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی جوانیان پێشان بدایە و سیگناڵی سوپاسگوزاری بۆ تاوانەکانی فرەنسای مەزن لە کاتی داگیرکردن و پاش داگیرکردنیش بنێرن. لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەوەیە، ئاخۆ کۆکردنەوەی دیکتاتۆرەکان، پێشێلکارانی مافی مرۆڤ، تاوانبارانی شەڕ و (سوپا تایبەتییەکانیان)، دیکۆرێکی باش و گونجاون بۆ ساڵڕۆژی پەلاماردانی قەڵای باستیل لەلایەن خەڵکی پاریسەوە؟!

## ١٩٦٠ ساڵی ئەفریقیا

تەنیا کۆڵۆنیاکانی فرەنسا، کامیرۆن، ساحل العاج، بێنین، نیجەر، مەدەقەشقەر، کۆنگۆی برازافیلا، گابۆن، مۆریتانیا، تشاد، کۆماری ناوەڕاستی ئەفریقیا، مالی، بۆرکینافاسۆ، سینیگال، تۆگۆ، ڕزگاریان نەبوو، بەڵکە کۆڵۆنیاکانی بەریتانیاش نەیجیریا، ئۆگەنداش ساڵی ١٩٦٠ لە دەستی داگیرکەران ڕزگاریان بوو. دیارە وڵاتی غانا یەکەمین وڵاتی ئەفریقیایی بوو، کە ساڵی ١٩٥٧ لە دەستی داگیرکەران ڕزگاری بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٠ دا کۆڵۆنیای پێشووی بەلجیکا کۆنگۆ (کە ئەمڕۆ بە کۆنگۆی دیموکرات دەناسرێت). "جێگەی ئاماژەیە ماوەیەکیش ناوی ئەم وڵاتە زائیر بوو، بەتایبەت پاش کودەتا سەربازیەکەی مۆبۆتۆ سیسکۆ کە لە دژی سەرکردەی شۆڕشگێری کۆنگۆ لۆمۆمبا ئەنجامی دا ". هەر لە هەمان ساڵیشدا وڵاتی سۆماڵیا رزگاری بوو.

کۆی گشتیی ١٨ دەوڵەتی ئەفریقیایی سەربەخۆیان دەستکەوت، هەرلەهەمان ساڵیشدا بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیران. بەگشتی کۆڵۆنیالیزم ڕووی لە نەمان و فەتاون کرد، دیارە مەسەلەی سەربەخۆییبوونی وڵاتی جەزائیر، لە هەموو شەڕێکی سەربەخۆیی لە ئەفریقیا خوێناویترین بوو. بەڵام پاش دوو ساڵی تر، ئەم وڵاتەش سەربەخۆییی خۆی وەدەست هێنا. وەرگرتنی ئەو ١٨ وڵاتە تازە سەربەخۆیە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاش ئەوە دێت، کە لە کۆبوونەوەی گشتیدا دەنگدانی لەسەر کرا. هەموویان بەشێوەیەکی تەواو (حاسم) بوون بەئەندام و مافی دەنگدانیان پێ درا. لە ڕاستیدا سەربەخۆبوونی ئەم وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ١٥١٤ی کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پێشتر دەرکرابوو. جێگەی ئاماژەیە بڕیاری ١٥١٥ لە ١٩٦٠/١٢/١٤ دەرکرا. ئەم بڕیارە یەکێکە لە بڕیارە گرینگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ئاهەنگئامێز و خۆشی و شادی ئەم بڕیارە پەسند کرا.

لەم بڕیارەدا دوو بڕگەی ئێجگار گرینگی تێدایە. یەکەمیان:

لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە

لە بڕیارەکەدا هاتووە:" هەموو گەلێک ئازادە لە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین، گەلان ئازادن لە بڕیاردانی شێوەی حوکمڕانی سیاسی، شێوەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری خۆیان دابنێن).

دووەمین بڕگەی گرینگ:

لەبارەی بەستنەوە و تێکەڵکردنی سنووری کۆڵۆنیاکانی پێشووەوە

(بۆ هەموو ئەو گەلانەی کە هێشتا لەژێر حوکمی (وصایە)دان، کە هێشتا سنوورێکی سەربەخۆیان نییە، هێشتا سەربەخۆ نەبوون، پێویستە یەکسەر ڕێوشوێنی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆیان، بەهیچ شێوەیەک نابێت توندوتیژی لە دژی ئەم گەلانە یان خاکەکەیان بەکار بهێنرێت. نابێت بەهیچ شێوەیەک پەلاماری ئیرادەی ئازادیان بدرێت، نابێت بەهیچ شێوەیەک پەلاماری سنوور و یەکەتیی نیشتمانییان بدرێت، هەر دەوڵەتێکیش ئەم کارە بکا، دژی پرەنسیپی نەتەوە یەکگرتووەکان دەوەستێتەوە.)

بەم شێوەیەش نەک تەنیا مافی سەربەخۆبوونی کۆڵۆنیاکانی پێشوو مسۆگەر کرا، بەڵکە سنووری دەوڵەتیشیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دیاری کرا و پارێزرا. بەڵام ئەمەش هەمان سیناریۆی کۆنفرانسی بەرلین، کۆنگۆی ساڵی ١٨٨٤/٨٥ دووبارە دەکردەوە، ئەو کات هێزە کۆڵۆنیاکان، بەقەڵەم و ڕاستەی خۆیان سنووری ئەفریقیایان دیاری کرد. بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بە ویست و خواستی گەلانی ئەو ناوچانە بدەن. لە ٢٥ مەی ١٩٦٣ کاتێک ڕێکخراوی یەکەتیی ئەفریقیا دامەزرا، ئەو سنوورەی کە دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپایی دایانابوو، کرا بەسنووری ڕەسمیی وڵاتانی ئەفریقیا و کرا بە بەردی بناخەی بەرنامەی ئەو ڕێکخراوە. بەپێی بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە:

دەستـێوەردان و گـۆڕینی ئەم سنوورانە، دەبێتە پێشینەیەکی خراپ، کـە دەبێتـە هۆی ئاژاوە و سووتاندنی هەموو کیشوەری ئەفریقیا. ڕێکخراوی یەکبوونی ئەفریقیا لە ٢٥ مەی ١٩٦٣ دامەزرا. کە لە ٥٣ ئەندام " دەوڵەت "پێکهاتبوو. بەڵام ساڵی ٢٠٠٢ ناوی ئەم ڕێکخراوە گۆڕا بۆ یەکـەتیی ئەفریقیا)

بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی ساڵی ١٩٦٠، گرینگترین سیگنال و باشترین خاڵی بنەڕەتی بوو، بۆ ئەو ناوچانەی کـە هێشتا لەژێر دەستی کـۆڵۆنیاکاندا بوون، وەکـو (ئەنگۆلا، مـۆزەمـبیق، زامـبیـا، زیمبابۆی، ناوچەکانی سەحرای ڕۆئاوا بەتایبەت، نامیبیا، باشووری ئەفریقیا). هەرچەندە بەگشتی ئەم وڵاتانە لەلایەن کۆڵۆنیاوە بەڕێوە نـەدەبـران، بـەڵـکـە لـەلایـەن کـەمینەیەکی ئەوروپایی، حـوکمێکی راسیـزمـانەی دژی زۆرینەی گـەلانی ئەفـریقـیـایی لەو دەوڵەتانەدا دەچەسپاند. لە کاتی دەنگدان بۆ ئەم بڕیارە، ئـەمـەریکا گـەورەترین پشتگیریی ئەم بڕیارەی کرد. دیارە ئـەمـەش زیاتر لـەگـەڵ خـەونی ئەمەریکاییەکـان بۆ ئازادی یەکی



دەگرتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەمەریکاییەکان ئامانجێکی تریان هەبوو. ئەو دەوڵەتانەی کە ژێر دەستـەبوون، بەشێوەیەکی سـەرەکی بەدەوڵەتانی کـۆڵۆنیاکە (داگیرکەرە)وە بەسترا بوون. هەمـوو ئابوورییان بە دەوڵەتە داگیرکـەرەکانەوە بەستـرابووەوە. بەڵام کـاتێک سـەربەخـۆ بوون، بازاڕەکانیان ئازاد کرا و ئەمەریکاش توانی شمەکەکانی بگەیەنێتە ئەم بازاڕە تازانەی دنیاوە.

## کۆڵۆنیاکانی پێشووی فرەنسا

بۆ فرەنسای کۆڵۆنیالیزمی پێشوو ، ناوچەکانی پشتێنی ساحل گرینگی و بایەخێکی ئێجگار گرینگی هەبوو. (پشتێنەی ساحل دەکـەوێتە ناوەڕاستی کـیشـوەری ئەفریقیاوە. لە ڕۆهەڵاتی کـیشـوەری ئەفـریقـیـاوە لە سنووری وڵاتی سـۆمـاڵیـاوە دەست پێ دەکات هـەتا دەگـاتە ڕۆئاوای کیشوەری ئەفریقیا لە سنووری وڵاتی سینیگال کۆتایی دێت. بە درێژایی ٧٥٠٠ کم بە پانیی ١٥٠ کم دەگرێتەوە. لەم سنوورەدا کۆمەڵێک وڵاتی ئەفریقیایی تێدایە " سینیگال، مۆریتانیا، تشاد، مالی، کامیرۆن، سەنتراڵی ئەفریقیا، ئەسیوپیا، سۆماڵیا، بۆرکینافاسۆ، نەیجەر، سوودان، ئەریتیریا."، وەرگێڕ). فرەنسا پێی وابوو کە هەموو ناوچەکانی سەحرا، هەتا دەگاتە سنووری ڕۆئاوای ئەفریقیای فرەنسایی، (زیاتر مەبەستیان وڵاتی جەزائیری ئێستا بوو، وەرگێڕ) هەرێمێکی

ستراتیجی و گرینگن و خاوەنی یەدەگێکی زۆری وزەیە. فەرەنسا لە ڕێگەی ئەو پێوەندییە دۆستانەی کە لەگەڵ سەرکردە نوێکانی ئەم دەوڵەتانە هەیبوو، پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ڕێکخراوێکی ناوچەیی بۆ سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان بەناوی (ڕێکخراوی سامانە سروشتییەکانی سەحرای هاوبەش) دروست بکەن. ئەو دەوڵەتانەی کە سنووریان بەم ناوچەیەوە هەیە، دەتوانن ببن بەئەندامی ئەم ڕێکخراوە. دیارە مەبەستی سەرەکیی فرەنسا لەم ڕێکخراوە ئەوە بوو، کە تەنیا فرەنسا خۆی دەست بەسەر سامانە سروشتییەکانی ئەم وڵاتانە بگرێت لە پێش هەمووشیانەوە (گاز و نەوت). خاڵێکی گرینگی تریش، بۆ ئەوەی شوێن بۆ تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی لەم هەرێمەدا بکات، چونکە ئەو کاتە فرەنسا لە هەرێمی ڕێگانە کە دەکاتە باشووری جەزائیر، تاقیکردنەوەی ئەتۆمی دەکرد.

یەکێکە لە ڕووداوە گاڵتەجاڕییەکانی مێژووی جیهانی ئەوەیە، کە بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیری بەنهێنی لەگەڵ حکوومەتی فرەنسا ڕێک کەوتبوون، کە ئەگەر فرەنساش لە جەزائیر بکشێتەوە، ئەوا بۆ ماوەی پێنج ساڵی تریش مافی ئەوەی هەیە کە ناوچەکانی باشووری جەزائیر، بۆ تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی بەکار بهێنێت. بەبێ گوێدانە زەرەری ژینگەیی و تەندروستیی هاووڵاتییانی جەزائیری. چونکە ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە، کاریگەری کوشندەیان بۆ سەر جەستەی مرۆڤ هەیە. هەر بۆیە فرەنسا هەتا ساڵی ١٩٦٧ لە جەزائیر تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی خۆی دەکرد، بەڵام پاشان تاقیگەکانی گواستەوە بۆ ناوچەی پۆلین زێ (هەرێمێکە دەکەوێتە باشووری ڕۆهەڵاتی زەریای هێمنەوە. لەم ناوچەیەدا فرەنسا کۆمەڵێک دوورگەی داگیر کردووە. زیاتر بۆ تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی ئەم ناوچانە بەکار دەهێنێت، وەرگێڕ). بەڵام بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیری، ئامادە نەبوو کە بەشداریی (ڕێکخراوی سامانە سروشتییەکانی سەحرای هاوبەش) بکات.

هەموو ڕژێمە سیاسییەکانی کە لە پاش سەربەخۆییبوونیان لە دەستی کۆلۆنیالیزمی فرەنسا، هیچ کێشەیان نەبوو لە بەردەوامبوونی ڕۆڵ و دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی فرەنسا لە وڵاتەکانیاندا. بەبێ ئەوەی هیچ بیرکردنەوەیەک یان بەرەنگاربوونەوەیەک، هەموویان بەم بارە ڕازی بوون. بەپێچەوانەی وڵاتانی مەغریب (لە ساڵی ١٩٥٦ هەردوو وڵاتی مەغریب و تونس بەپێی پرۆتۆکۆلێکی یاسایی سەربەخۆییان وەرگرت. ساڵی ١٩٦٢ جەزائیریش سەربەخۆیی وەدەست هێنا)، هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی توند لە شێوەی ڕێکخراوی پیشەیی یان پارتی سیاسی، دژایەتیی ئەم سیاسەتەیان نەکرد. لە ڕاستیشدا لەم وڵاتانەدا هیچ جۆرە بنەمایەکی پیشەسازیی گەورەیان نەبوو، هیچ جۆرە سەندیکایەکی بەهێزبوونی نەبوو. دیارە ئەمەش بەهۆی سیاسەتی داگیرکەرانەی فرەنساوە بوو، ئەم بارەی خوڵقاندبوو. لە ڕووی سیاسەتی خوێندن و پەروەردەشەوە، تەنیا گرووپێکی بچووکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار هەبوون، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کولتووری فرەنساوە بەسترابوونەوە. کە زیاتر بە نوخبەی فرانکۆفۆنی ناسرابوون و لەژێر کاریگەری کولتووری فرەنسیدا بوون، وە ئەمانەش خزمەتێکی زۆری فرەنسایان کرد. بۆ

نموونە شاعیری سینیگالی سێدار سەنگهۆر، کە ئەندامی ئەکادیمیای لۆپۆلدی فرەنسایی بوو، پاش سەربەخۆبوونی سینیگال بوو بەسەرۆکی ئەو وڵاتە. یان فێلیکس هۆفۆت بۆیگنی کە پێشتر لە پاریس دەژیا و بۆ ماوەیەکی کورتیش لە پاریس وەزیر بوو، پاشان بوو بەسەرۆکی (ساحل العاج). یان موختار ولد دادا کە یەکەمین سەرۆکی مۆریتانیا بوو، کچی سەرۆکی فرەنسایی شارل دیگۆل ژنی بوو، وە یەکەمین مۆریتانیایی بوو کە زانکۆی تەواو کردبێت و خاوەنی بڕوانامەی زانکۆی فرەنسایی بوو.

وڵاتی (کۆماری ناوەڕاستی ئەفریقیا) بۆ ماوەیەکی زۆر جێگەی قسە و باسی میدیاکان بوو. لە پاش رزگاربوونی ئەم وڵاتە، ساڵی ١٩٦٠ فرەنسا دەیفد داکۆی کرد بەسەرۆکی ئەم وڵاتە. بەڵام پاش ماوەیەکی تر پوورزاکەی ژان بێدەل بۆکاسۆ بەیارمەتیی فرەنسا ساڵی ١٩٦٦ کودەتای بەسەردا کرد و خۆی بوو بەسەرۆک. بۆکاسا پێشتر لە سوپای فرەنسایی خزمەتی کردووە و پلەی سەرتیپی هەبوو، هەروەها نیشانەی ئازایەتیی فرەنساییی لە شەڕدا پێ دەدرێت، پاشانیش دەکرێتە ئەندامی فەخری شەڕوانە دێرینەکانی فرەنسا. ساڵی ١٩٧٦ بۆکاسا بەشێوەیەکی رەسمی ناوی خۆی بۆ (ئیمپراتۆر بۆکاسا) دەگۆڕێت و ناوی وڵاتەکەش دەکاتە (ئیمپراتۆریەتی ناوەڕاستی ئەفریقیا). بۆکاسا پێوەندییەکی ئێجگار تایبەتی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی فرەنسایی ڤێلەری جیسکار دیستان هەبوو، برێکی زۆر گەوهەری پێشکێش کردبوو. (کە دەچێتە قاڵبی بەرتیلخواردنەوە، وەرگێر). لەلایەکی ترەوە ئەم وڵاتە زۆر گرینگ بوو، چونکە مادەی یۆرانیۆمی بۆ بەرنامەی ئەتۆمیی فرەنسایی دەنارد. بوونی مادەی یۆرانیۆم لەم وڵاتەدا، گرنیگییەکی زۆری بەم پیاوە دا، تەنانەت ئەمەریکاش پشتگیریی لێ دەکرد. رژێمی بۆکاسا، سیمایەکی دڕندانە و دیکتاتۆری و نامرۆڤانەی هەبوو. ئەشکەنجەدانی خەڵکی کە زۆرجار بۆکاسا خۆشی ئامادە دەبوو، کوشتن و لەداردان، کاری رۆژانەی ئەم رژێمە بوو. بۆکاسا یەکێک بوو لە دڕندەترین دیکتاتۆری ئەفریقیا. هەتا خۆشبەختانە لەلایەن یەکێک لە خزمەکانی دەیفد داکۆوە توانی ساڵی ١٩٨٠ (دیارە بە یارمەتیی فرەنسا) کودەتایەکی سەربازی لە دژی ئەنجام بدات و کۆتا بەرژێمە دڕندانەکەی بهێنێت. لە ئاوگادۆگۆی پایەتەختدا، لە دادگەیەکی جەماوەریدا حوکمی لەداردانی بۆکاسا راگەیەنرا. بەڵام بۆکاسا هەڵات بۆ فرەنسا، لە یەکێک لە کۆشکە مەزنەکانی فرەنسا



پێشەوای شۆڕشگێری ئەفریقیایی سانکارا

له ناوچەی لواخ کۆتاییی ژیانی بەسەربرد.

تاکە دەوڵەت کە توانی لەژێر کاریگەری فرەنسایی دەرچێت و، سیستەمێکی ئۆتۆکراتی تایبەت بەخۆی دروست بکات، وڵاتی بۆرکینا فاسۆ بوو. بەڕێبەرایەتیی تۆماس سانکارا، کە پێشتر پلەی (عقید)ی لە سوپادا هەبوو، ساڵی ١٩٨٣ توانی کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدات و خۆی ببێتە سەرۆکی ئەم وڵاتە.

لە سەردەمی ئەم رابەرە ئەفریقییەدا، کۆمەڵێک پرۆژەی گەورە ئەنجام درا. ئەویش زیاتر بە یارمەتیی سەرۆکی غانا جێری راولینگ ، کە هەردووکیان دوو سەرکردەی شۆڕشگێری ئەفریقیایی بوون، باوەریان بە سۆسیالیزم و بیری چەپ هەبوو. لە ڕێگەی پلانێکی حکوومەتییەوە، کە زیاتر لەژێر کاریگەری مۆدێلی کوبی، دەیانویست هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە. سانکارا توانی پلانێکی بەهێزی پێشکەوتن و گەشەپێدان، لە ڕووی ئابووری، پیشەسازی، تەندروستی، خوێندن و پەروەردەوە دابڕێژێت.

لە هەمووشی گرینگتر خەباتێکی مەزنی کرد بۆ ئەوەی ژیانی لادێکان باش بکات، ئەوەش بەدارشتنی سیاسەتی (چاکسازیی زەوی) کە جووتیاران بوون بەخاوەنی زەویی خۆیان. هەروەها لە ڕووی پشتگیریکردن و پارێزگاریکردنی مافەکانی ژن، هەنگاوێکی ئێجگار گەورەی نا. بۆرکینا فاسۆ، یەکەمین دەوڵەتی ئەفریقیا بوو کە خەتەنەکردنی کچانی قەدەخە کرد. هەروەها لە ڕووی خوێندن و هەلی کار و تەندروستییەوە، کۆمەڵێک پرۆژەی باسی بۆ خزمەتی ژنان دارشت. جگە لەمەش سیاسەتێکی ئێجگار شۆڕشگێرانەی دژی گەندەڵی دارشت (بۆ نموونە سەیارە گرانبەهاکەی سەرۆکی پێشووی فرۆشت، هێندە کۆشک و تەلارەکانی سەرۆکایەتیی نەرِازاندەوە، جگە لەوەش داوای لە وەزیرەکان کرد، بە هەرزانترین سەیارە هاتوچۆ بکەن. خۆشی ژیانێکی ئێجگار خاکییانە دەژیا، وەرگێر). جگە لەمەش سیاسەتێکی باشی بۆ دژایەتیکردنی برسێتی دارشت، ئەویش لە ڕێگەی باشکردنی سیستەمی کشتوکاڵی و ئاودێری لەو وڵاتەدا، هەر بۆیە توانی بەسەر گرفتی برسێتی زاڵ بێت. هەروەها ناوی وڵاتەکەی بۆ بۆرکینا فاسۆ گۆڕی (کە مانای وڵاتی خۆڕاگران) دەگەیەنێت. (پێشتر ناوی وڵاتەکە ڤۆلاتای بەرز بوو، وەرگێر).

سانکارا یەکەمین سەرۆک بوو لەو وڵاتانەی کە پێشتر داگیرکراوی فرەنسا بوون، کە دژی کۆڵۆنیالیزم سیاسەتێکی رادیکاڵانەی گرتە بەر. بەڵام لە ١٥ ئۆکتۆبەری ١٩٨٧دا، لەلایەن بلێس کامپۆرەوە کودەتایەکی سەربازی لە دژی ئەنجام درا و، پاشان لەدار درا. دیارە ئەم کودەتایەش لە ڕێگەی یارمەتیی دەزگەی هەواڵگریی فرەنساییەوە ئەنجام درا. بەڵام هەتاوەکو ئەمرۆش سانکارا، بە سیمبۆلی شۆڕشگێری و خەباتی ئەفریقیایی دەژمێرێت و لەناو دڵ و دەروونی خەڵکیدا هێشتا ماوە. (جێگەی ئاماژەیە هەتاوەکوو ئەمرۆش سانکارا نازناوی شێ گیڤارای ئەفریقیایی لێ دەنێن. هەروەک چۆن گیڤاریزم هەیە، لە ئەفریقیا سانکاریزم هەیە. ئەو بە سیمبۆلێکی مەزنی خەباتی دژی کەپیتالیزم و کۆڵۆنیالیزمی جیهانی دەژمێرێت، وەرگێر).

ولاتێکی تر کە جێگەی تێرامانە، کە پێشتر کۆلۆنیای فرەنسی بووە، ئەوەیش ولاتی (غینیا)، کەسالّی ١٩٥٨ سەربەخۆیی وەرگرت. بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد سێکۆ تورێ ، کە خاوەنی ئەزموونێکی سۆسیالیستی و سەندیکالیستی باش بوو. پێشتر ئەندام بوو لە سەندیکای کرێکارانی غینیا، کە بەشێک بوو لە سەندیکای گەورەی فرەنسایی. یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (یەکەتیی دیمۆکراتی ئەفریقیایی) سالّی ١٩٥٦ بوو بەنوێنەری گەلی غینی لە پەرلەمانی فرەنسیدا. سەرۆک شارل دیگۆل پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ سەرۆکایەتی (لە ١٣ مەی ١٩٥٨ سوپای فرەنسایی لە جەزائیر، کودەتایەکیان ئەنجام دا بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون) سالّی ١٩٥٨ سەرۆک دیگۆل، نەخشەپلانێکی سیاسیی بۆ کۆلۆنیاکانی فرەنسا بەناوی (پێکەوەژیانی فرەنسایی) داڕشت. گەلی غینی تاکە گەل بوون، کە دەنگیان بەم پلانەی دیگۆل نەدا. هەر بۆیە پاش ئەم پلانە سالّی ١٩٥٨ سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. ئەحمەد سوکو تورێیش بوو بەیەکەمین سەرۆکی ئەو ولاتە. فرەنسا بەهەموو شێوەیەک بوونی لە غینیا نەما. سوکو زیاتر خۆی لە یەکەتیی سۆڤیەت نزیک کردەوە، دەستی کرد بە دانانی مۆدێلی سۆڤیەتی بۆ ولاتەکەی. بەلاّم بەداخەوە سیاسەتەکانی زیاتر ولاتی بەرەو دیکتاتۆری و خراپیی باری ئابووری و کشتوکالّی برد. تا سالّی ١٩٨٤ کودەتایەکی سەربازیی لە دژی ئەنجام دا و پاشانیش کۆمەلّێک کێشەی سیاسی و نائارامیی بەدوایدا هات. بەداخەوە ئەمە حالّی هەموو ئەفریقیایە.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەم باسە، ڕووداوی زۆرتر هەیە، بەلاّم من لێرەدا پێم باشە وازی لێ بهێنم. بەلاّم ئەوەی گرینگە و بووەتە ڕاستییەکی حاشاهەلّنەگر، فرەنسا لەگەلّ ئەو هەموو دەولّەتانەی کە سالّی ١٩٦٠ سەربەخۆییان وەرگرتووە، کۆمەلّێک بڕیارنامەی سەربازیی بەسەردا سەپاندوون، کە تاوەکو ئێستاش کۆمەلّێک سەربازگەی خۆی لەم ولاتانەدا هێشتووەتە، کە ڕۆلّی سەرەکی لە سەقامگیربوون و ناسەقامگیربوونی ئەم ولاتانە دەگێڕن. هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەفسەرە ئەفریقیاییەکان، لە ئەکادیمیاکانی فرەنسا فێری مەشق و زانستی سەربازی دەکرێن. کەئەمەش وەکو گرەنتییەکی باشە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەرژەوەندی و دەسەلاّتی فرەنسایی لەم ناوچانەدا بکەن. بەم شێوەیەش مەسەلەی (سەربەخۆیی)بوونی ئەم ولاّتانە، بۆ سیستەمی نیوکۆلۆنیالیزم دەگوڕێت. ئەم سیستەمەش بۆ ولاّتانی کۆلۆنیالّ باشترە تا خۆیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکمی ئەم ناوچانە بکەن. لە هەمان کاتیشدا لەلایەن بودجەی ئەو دەولّەتانەش خۆیانەوە مەسرەف دەکرێن. جگە لەوەش خزمەتێکی باشی پیشەسازیی سەربازیی فرەنسایی دەکەن.

### لە فرانس ئەفریک

ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشەی جیاواز پێک هاتووە فرەنسا، ئەفریقیا.. ئەم وشەیە زیاتر ئاماژەیە بۆ وشەی (ئەفریقیای فرانکۆفۆنی). لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیە بۆ سیاسەتی تایبەتی پۆستکۆلۆنیالیزمی فرەنسایی، هەروەها ئاماژەیە بۆ تۆڕێکی (گرووپێک) لە کۆمپانیای گەورە و



نوخبەیەکی سیاسی، لە پێش هەمووشیانەوە کۆمپانیای نەوتی ئێلفی فرەنسایی، کە سکاندالێکی زۆری هەیە. پاش سەربەخۆبوونی گەلانی ئەفریقیایی بەتایبەت پاش رزگاربوونی جەزائیر لە دەستی فرەنسا، سیاسەتی سەربەخۆبوون لە بواری وزەوە (گاز و نەوت)، بوو بەیەکێک لە سیاسەتە گرینگەکانی حکوومەتی فرەنسا. بەتایبەت پاش ئەوەی کە سیاسەتی هێزی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکان، لە جەزائیر و ناوچەی سەحرا و ساحیل رۆڵی نەما. لە پاش کشانەوەی فرەنسا لەم وڵاتانە و سەربەخۆبوونیان، سەرۆکی فرەنسایی شارل دیگۆل پێشنیازی دروستکردنی گرووپی (ئێلف – ئێراپ)ی کرد. ئامانجی سەرەکیش لەم پلانە ئەوە بوو، کە هەموو کۆمپانیاکانی وزە لە فرەنسادا، لەژێر کۆمپانیایەکی وزەی حکوومەتیدا کۆ بکاتەوە، کاری سەرەکیشیان پاراستن و کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکانی (گاز و نەوت)، لە هەرێمەکانی کەنداوی غینیا و کۆلۆنیاکانی پێشووی فرەنسا. ئەم سیاسەتە هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە، کە چەند هاوپەیمانێکی دەسەڵاتداری ئەفریقیایی یارمەتیدەری ئەم سیاسەتەن. فرەنسا دەیویست لە ڕووی وزەوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت نەچێتە ژێر باڵی بێگانەوە، بەتایبەت خۆی لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکایی ڕزگار بکات. ئامانجێکی تری ئەم ساسەتە ئەوەیە، کە فرەنسا نەوتی خۆی دەست دەکەوێت و ئەم نەوتەش بە دۆلاری ئەمەریکایی ناکڕێت. ئەمڕۆ نەوتێکی زۆر لە ناوچەکانی تشاد و کەنارەکانی گابۆن و ساحیل عاج و کامیرۆن و کۆنگۆ، دۆزراوەتەوە.

سیستەمی فرانس ئەفریق زۆر باش دەڕوات. حاکمە چەوسێنەرەکانی ئەفریقیا و دارودەستەکانیان، بەهیچ شێوەیەک گوێ نادەنە ئەوەی، کە چەندە نەوت لە وڵاتەکەیان دەردەهێنرێ یان چی لێ بەسەردێ. (کۆمپانیای ئێلف) هیچ پارەیەک وەکو گەرەنتی یان بەشێک لە قازانج بەم وڵاتانە نادات، بگرە پارەیەکی کەم وەکو بەرتیل ڕەوانەی کۆنتۆی بانکەکانی ئەم حاکمە

چەوسێنەرانە و دارودەستەکەی لە سویسرا دەکات. بەهەمان شێوەش کۆمپانیای وزەی ئەتۆمیی فرەنسایی (ئەرێڤا) لە بەرامبەر ئەو یۆرانیۆمەی کە لە وڵاتی نەیجەر و کۆماری ناوەڕاستی ئەفریقیا دەستی دەکەوێت، پارەیەکی کەم دەداتە حاکمانی ئەو وڵاتە.

کۆمپانیای ئێلف و هاوپەیمانە بازرگانەکانی، پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ پییێخ جوالاومات (١٩٠١-١٩٩١) هەبوو. ئەمیش کوڕی یەکێک لە جەنەراڵەکانە، دیگۆل ساڵی ١٩٤٤ کردی بە بەڕێوەبەری وزە و سامانی سروشتی. پاشان ساڵانی (١٩٥٤/١٩٥٩) بەڕێوەبەری کۆمپانیای کارەبای فرەنسای حکومەتی بوو. ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە بەرنامەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی فرەنسایی. لەپاش دروستکردنی کۆماری ٥ی فرەنسایی، ساڵی ١٩٥٨ دیگۆل کردی بە وەزیری وزەی ئەتۆمی. لە هەمان کاتیشدا بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی گرووپی (ئێلف- ئێراث)، کە پاشان لەگەڵ تێکەڵبوونی کۆمەڵێک کۆمپانیای تر ساڵی ١٩٧٦ ئێلف ئاگوینتێن دروست کرد، پاشتر تەنیا بە گرووپی ئێلف ناسران. پییێخ جوالاومات پێشتر لە بازنەی دەزگای هەواڵگریدا کاری دەکرد، کە دیگۆل لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی دروستی کرد. بەشی زۆری کارمەند و بەرپرسە گەورەکانی ئەم کۆمپانیایە، هەموویان دۆستی ئەو کاتی خۆی بوون.

یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی پییێخ جوالاومات، پیاوێک بوو بەناوی جاک فۆسارت. بەهەمان شێوە، ئەمیش یەکێک بوو لەناو بازنەی دەزگەی هەواڵگریی فرەنسایی، کە دیگۆل پاش شەڕی دووەمی جیهانی دروستی کرد. لە ساڵانی ١٩٦٠ و حەفتاکاندا ناوی (پیاوەکەی ئەفریقیا) ناسرابوو. هەروەکو ناو نرابوو، هەموو سیاسەتی فرەنسا لە ئەفریقیادا، لەژێر دەستی ئەم پیاوەدا بوو. ئەو بەیەکێک لە دۆستە نزیکەکانی دیکتاتۆری کۆنگۆلی مۆبۆتۆ سیسیکۆ، کە یەکێک بوو لە ڕژێمە دیکتاتۆر و نائینسانییەکانی ئەفریقیا. جاک فۆسارت دەستی هەبوو لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧ بایفرا لە نەیجیریا، کە فرەنسا پشتگیریی ئەم هەرێمەی دەکرد لە دژی حکوومەتی ناوەندیی نەیجیریا، چونکە سامانێکی زۆری سروشتی (نەوت و گاز) تێدایە. هەروەها دەستی هەبوو، لە فرۆشتنی چەک بە گرووپە چەکدارەکانی کۆنگۆ کە بۆپ دێنارد سەرکردایەتیی دەکردن. هەندێک پێیان وایە، کە جاک فۆسارت ساڵی ١٩٦٥ دەستی هەبووە لە ڕفاندنی پاشان کوشتنی، کەسایەتیی چەپی مەغریبی (مەهدی بن بەکر).

هەتا دێت ڕۆڵی ئەم کۆمپانیایە زیاتر دەبێت، تا وای لێ هاتووە ببێتە مەلیکی (ئەو وڵاتانەی کە پێشتر داگیرکراوی فرەنسا بوون). بەیارمەتیی فرەنسا، ساڵی ١٩٦٧ عومەر بۆنگۆ بوو بەسەرۆکی وڵاتی گابۆن. کۆمپانیای ئێلف پشتگیریی دێنیس ساسۆ نگویسۆ کرد بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی وڵاتی کۆنگۆ برازاڤیلا ، هەروەها پشتگیریشی لە سەرۆکی کامیرۆن پاوڵ بیا، کە زۆرجار ئەم پیاوە وەکو سێبەری کۆمپانیای ئێلف سەیر دەکرێت. کۆمپانیای ئێلف زیاتر وەکو ئەفسەرێکی سیاسیی فرەنسا وایە لەم کیشوەرەدا . جگە لەوەش کۆمپانیای ئێلف ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا، لە ئاژاوەنانەوە و پاشان شەڕی نێوان وڵاتی تشاد و لیبیا کە لە ساڵانی ٨٠دا ڕووی دا. بەشێکی

زۆری نەوتی تشـاد لە ڕێگەی لوولەوە بەناو سنووری کامـێرۆندا تێ دەپەڕێت بـۆ کەنداوی غـینیـا. لەسـەر نەوتی تشاد، هەرسێ وڵاتی ئەمەریکا، چین، فرەنسا شـەڕێکی گەورەیان لە نێواندا هـەیە. لە حاڵەتێکدا تشاد ئەندامی ئـەو ڕێکخراوە سـەربازییەیە، کە ئەمـەریکا بەناوی، (ئافریکۆم) دروسـتی کردووە. فرەنسـاش پشتگیریی سـەربازیی دیکتاتۆری تشادی دێبـەی ، دەکات. لە سـاڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٩ یەکـەتیی ئەوروپا هـێزێکی سـەربازی بۆ وڵاتی تشـاد بەناوی (ئوفـۆر) نـارد، ئەم هێـزە بەپێی بڕیاری UN و بەشداریی ١٨ دەوڵەتی ئەوروپایی ئەنجام دەدرێت.

سیسـتەمی فرانس ئەفریک کە تژییە لە سکانداڵێکی زۆر، تاوان و کوشتن و کودەتای سـەربازی، بازرگانیی قـاچاخی چەک و تەقەمـەنی، هتد... هـەتاوەکو ئەمڕۆش یەکێکە لە بنەما سـەرەکییـەکانی سیـاسـەتی فـرەنسـا لە ئەفریقیـادا، بگرە یەکێکە لە بەردە بنەڕەتییـەکانی سـتراتیـجیی سـەربازی فـرەنسـا لەم کیـشـوەردا. کـەسێکی تر کە ڕۆڵێکی سـەرەکی لەم سـیسـتـەمەدا دەگـێـڕێت، ژان کریسـتۆف میـتران ، کوڕی سـەرۆکی پێشووی فرەنسـا فـرانسـوا میـتران، کە لە بەشێکی زۆری بازرگـانیی چەک و تەقـەمـەنی بەشداره. لەم بازرگـانیـیـەشـدا وەزیری ناوەخـۆی پێشـوو، چارلس باسکۆ، شەریکی سـەرەکییەتی، هەرچەندە باسکوا، کەسێکی دیگۆلی و ڕاستڕەویشە. هەردووکیان لە تاوانەکانی وەکو (کوشتن، بازرگانیی قاچاخی چەک) لە وڵاتی ئەنگۆلادا تۆمەتبار کراون.

(گـاڵتـەجـاڕییـەکـە لەوەدایە، کـە دایکی ئەم کـوڕە "دانییـێل میـتـران"، هەندێک دەبەنگ لێـیـان کـردوویەنەتە دایکی کـورد. بەشی زۆری ئەو چالاکیـانـەی کە ئەم ژنە دەیکات، بەپارەی کوڕەکـەی دەیکات. هـەرچەندە ئەمەش بۆ جوانکردنی دەموچاوی فرەنسـایە نەک لەبەر مەسـەلەی مرۆڤدۆستی، وەرگێڕ).

## بەشی دووەم

## کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیایی

### چۆن کیشوەرێک بەدواکەوتوویی دەهێڵرێتەوە؟

سیاسـەتی کۆڵۆنیالیـزمی بەریتانیـایی، لەگەڵ سیاسـەتی فرەنسایی تـەواو جیاواز بوو. لە کـاتێکدا فرەنسـا، کۆڵۆنیـاکانی بـە پایەتەخـتی فرەنسـاوە بەسـتبووەوە و لەوێوە حـوکمی کۆڵۆنیـاکانیـان دەکرد، بەڵام بـەریتـانیـا پشتی بەپرەنسـیپی (حـوکمی ناڕاسـتـەخۆ) بەست. گرووپێکی تایبـەتی خەڵکی کۆڵۆنیـاکانی هەڵبژارد و مافی تایبەتی پێ دان، بۆ ئەوەی وەکو دیوارێک لە نێوان بەریتانیا و خـەڵکی ئەو وڵاتانە وابن. ئەم گرووپە تایبەتە لە ڕووی ئیداری و سیاسـی و ئابووری ئیمـتیـازاتی زۆریان وەرگرت. ئەم سیاسـەتە نەگریسـەی بـەریتانیا، لە پاشـان کۆمـەڵێک کێشـەی (ئتنی، ئاینی و مەزهەبـی)، لە کۆڵۆنیـاکانی پێشووی بەریتانیا دروست کرد. هەر لـە هیندستـان و پاکستـان، هەتا دەگاتە ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست و قوبرس و هـەتا کیشوەری ئەفریقیا، ئەم کێشـەیەی بۆ دروست کردن.



(بۆ نموونە لە عێراق ئینگلیز بۆ حوکمڕانیکردن، پشتی بەعەرەبی سوننە بەست کە لە چاو کورد و شیعە، کەمینەیەکی بچووک بوون. لە پاش ئەوەی کە عێراقیشیان بەجێ هشێت. ئەم کێشەیە هەتاوەکو ئەمڕۆ ماوەتەوە. بگرە یەکێک لە هۆکاری ناسەقامگیربوونی وەزعی سیاسیی عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە نەگریسەی ئینگلیز لە عێراق، وەرگێڕ)

باشترین نموونەش بۆ خراپیی ئەم سیاستەی ئینگلیز، وڵاتی نەیجیریایە. دیارە چ شەڕی، بایفرا (١٩٦٧-١٩٧٠) چ ئەو کێشە ناوەخۆییانەی تر، هەموویان پاشماوەی ئەو سیاسەتە نەگریسەی بەریتانیا بوون. لە پاش ڕزگاربوونی، نەیجیریا پشتی بەسیستەمی فیدرالی و دیمۆکراتی بەست. ئەم سیستەمە تا ٦ ساڵی خایاند. بەڵام پاشان گرووپێکی سەربازی کە زۆربەیان کریستی بوون سەر بە زمانی (ئیگبۆ) بوون کودەتایەکی سەربازییان ئەنجام دا. جەنەڕاڵ ئاگویی ئیرۆنیس بوو بەحاکمی وڵات. هە ریەکسەر دەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فیدرالی و دیمۆکراتی. ئەو دەیویست هەموو نەیجیریا یەک بخات و یەک سەنتراڵی هەبێت. تایەفە و نەتەوەکانی تر، ترسیان لە خۆسەپاندنی تایەفەی (ئیگبۆ) هەبوو. هەر بۆیە پاش ٦، مانگی تر، کودەتایەکی سەربازیی تر ڕووی دا کە زیاتر سەر بەتایەفەی (فولانی، هاوسا) بوون. هەر بۆیە بەشێکی زۆری تایەفەی (ئیگبۆ) کە لە باشوور و ڕۆهەڵاتدا دەژیان، بەشێکی زۆری سامانی سروشتی نەیجیریاش (نەوت و گاز) لەم ناوچەیەدایە. ئەوان ئیعلانی جیابوونەوەی خۆیان لە نەیجیریا ڕاگەیاند و ناوی دەوڵەتەکەیان نا. بایفرا. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە شەڕێکی خوێناوی ڕوو بدات، کە بەشەڕی بایفرا ناسراوە. جێگەی ئاماژەیە لەم شەڕەشدا چەند هێزێکی دەرەکی ڕۆڵیان هەبوو، بۆ نموونە فرەنسا پشتگیریی (ئیگبۆ)یان دەکرد. بەڵام پاش ٣ ساڵ سووپای نەیجیری توانی هێزەکانی Igbo لەناوبەرێت و کۆتا بە شەڕەکە بهێنێت.

هەتاوەکو ئەمڕۆش شەڕی نێوان نەتەوە و ئاینەکان، یەکێکە لە نەخۆشییەکانی ئەم وڵاتە. لە کاتێکدا لە باکوری وڵات کە زۆربەیان موسڵمانن، رێکخراوی توندڕۆی ئیسلامی لە گەشەدان، گەرچی لە باشوور و رۆهەڵاتی وڵات، کە زۆربەیان کریستین، رێکخراوە مسیۆنارە کریستییەکان لە گەشەدان. ئەم شەڕ و ڕکەبەرایەی نێوان نەتەوە و ئاینەکان، وای کردووە کە ببێتە هۆی ناسەقامگیر و کودەتای سەربازیی بەردەوام لەم وڵاتەدا. بۆ نەیجیریاش، کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکانی (گاز و نەوت) بەیەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی دەوڵەت دەژمێرێ.

## ئۆگەندا

پاش ئەوەی بەریتانیاییەکان مەلیکی بۆگەندای لەناوبرد (زیاتر لە باشووری وڵات بوو)، ساڵی ١٨٩٤ بەریتانیا ئۆگەندای داگیر کرد و کردی بەبەشێک لە خاکی خۆی. وەلێ پاشان ساڵی ١٩٠٠ رێککەوتنێکیان لەگەڵ بەست و جارێکی تر کردیانەوە بەمەلیک، بەڵام لە خزمەتی ئەواندا کار بکات. هەر بەپێی ئەو رێککەوتنە، بەشێکی خاکی تر خرایە سەر ئەم وڵاتە و مافی تایبەتییان بەخۆیان دا. لە کاتێکدا لە باشووری وڵات، مەلیک خۆی حوکمی دەکرد، بەڵام لە باکوری وڵات، بەریتانیا پشتی بە موسڵمانەکان بەست و کردنی بە فەرمانبەر و لە سوپا و هێزی پۆلیسدا دایمەزراندن. ڕکەبەرایەتی و شەڕی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکان، هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. بەشێکی زۆری خەڵکی هەژار و جووتیارەکان ئەو وڵاتە کاتۆلیک بوون. لە حاڵەتێکدا حاکمەکان و گرووپێکی باش (کە زیاتر خوێندەوار و بازرگانەکان) بوون، پرۆتستان بوون. بەشی زۆری پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەش، لەسەر ئەم دوو گرووپە ریڤاڵە دابەش بوون. لەبەر ئەوە لە ئۆگەندا، هیچ خەبات لە دژی داگیرکەری بێگانە نەبوو، بگرە ئەم دوو گرووپە زیاتر خەریکی شەڕی خۆیان بوون. هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئەم شەڕی تایەفەگەرییە بەردەوامە و بووەتە هۆی ئەوەی کەئەم وڵاتە هەر بەهەژاری و داماوی و گیرۆدەی دەستی شەڕی ناوەخۆیی بێت.

## سۆماڵیا

هیچ کاتێک ئەم وڵاتە یەک نەبووە، بگرە لە کۆمەڵێک عەشیرەتی زۆر پێک هاتووە. لە کاتێکدا کە کۆڵۆنیا زلهێزەکانی ئیتاڵیا، فرەنسا، بەریتانیا شەڕیان بوو لەسەر ئەم وڵاتە و مەسەلەی چۆنیەتیی دابەشکردنی لە نێوانیاندا، جێگەی مشتومڕی گەورە بوو. لە کۆتاییدا بەشێکی کەبە (هەرێمی ئۆگادێن) ناسراوە، خرایە سەر ولاتی ئەسیووپیا. ساڵی ١٩٦٠ بەشەکەی ئیتاڵیا و بەریتانیا کە بە سۆماڵیا ناسراوە، سەربەخۆیی خۆی دەست کەوت. لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر محەمەد سەیاد بەری، ئەم وڵاتە ستراتیجییە، دەمێک خۆی دەخستە ژێر سایەی سۆڤیەت، دەمێک لای ئەمەریکا بوو. لە ساڵی ١٩٩١وە ئەم وڵاتە بەتەواوی هەڵوەشاوەتەوە و هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر یەکی نەگرتەوە.

## کۆنگۆ

کۆنگۆ کە پێشتر کۆلۆنیای بەلجیکایی بوو (پێشتر ناوی کۆماری زائیر بوو. بەڵام ئێستا ناوی بۆ کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ گۆڕاوە). هەتاوەکوو ١٩٦٠/٦/٢٩ کۆلۆنیایەکی تایبەتی مەلیکی بەلجیکا بوو. لە هیچ دەوڵەتێکی داگیرکراو، هێندەی ئێرە چەتەگەری و بەربەرییەت لە دژی گەلە داگیرکراوەکە نەکراوە. (بەلجیکا دڕندەترین شێوەی داگیرکەری ئەوروپیای بووە لە ئەفریقیا، ژن و منداڵیشیان وەکو کۆیلە حیساب کردووە، بەنامرۆڤانەترین شێوە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی ئەم وڵاتە کردووە و سەروەت و سامانیان تاڵان کردوون، وەرگێڕ). نەگبەتیی ئەم وڵاتە لەوەدا بوو، کە سنوورێکی فراوان و سامانێکی زۆری سروشتی هەبوو، لە پێش هەمووشیانەوە لە رۆهەڵاتی وڵات سامانێکی زۆری (گەوهەر، زێڕ، مس، کۆلتان) هەیە. کۆلۆنیالیزمی بەلجیکیای هەموو جۆرە خوێندنێکی لە خەڵکی کۆنگۆلی قەدەخە کردبوو. تەنیا قەشەکان بۆیان هەبوو بخوێنن. یەکەمین سەرۆکی شۆڕشگێڕی کۆنگۆلی , پاتریک لومومبا، کە پێشتر پۆستەچی بوو، لەلایەن میدیای بەلجیکییەوە، بە کۆمۆنیست دادەنرا (زیاتر وەکو جنێو کۆمۆنیستیان بەکار دەهێنا)، لە رۆژی سەربەخۆییبوونی کۆنگۆدا، لە ٣٠ / ٦/ ١٩٦٠، بەبێ ئەوەی هیچ وەرەقەیەکی بەدەستەوە بێت، بەدەنگێکی بەرز و ویقارانەوە، لە بەردەم مەلیکی بەلجیکیای بۆدۆینی یەکەم ، رەخنەی توندی ئاراستەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی بەلجیکیای کرد. لوموبا وتی:

(پیسترین شێوەی کۆیلایەتیی بەهێزی خۆتان بەسەر ئێمەدا سەپاندتان، لەژێر سایەی خراپترین باردا کارتان پێ دەکردین، لە بەرامبەردا پارەیەکتان دەدایىێ، کە بەهیچ شێوەیەک نەماندەتوانی برسێتیی خۆمانی پێ نەهێڵین، یان خۆمان پۆشتە بکەین، یان منداڵەکان کە خۆشەویسترین کەسمان بوون، بتوانین گەورەیان بکەین، ئێمە هەموو جۆرێکی سووکایەتیی، جنێودان، ئەشکەنجەدانمان، لە بەیانی و نیوەڕۆ و شەودا بەدەستی ئێوە بینی، تەنیا لەبەرئەوەی



کە ئێمە ڕەشپێست بووین، ئێمە فێری ئەوە بووین، کە چۆن وڵاتەکەمان لەژێر حوکمی یاسای زۆردارانەی ئێوە پارچە پارچە کرا، کە لە ڕاستیدا ئەو یاسایەی کە بەسەر ئێمەتان سەپاند، تەنیا یاسای بەهێزەکان بوو، ئێمە هیچ کاتێک کۆمەڵکوژییە زۆرەکانی ئێوەمان لە بیر ناچێتەوە،

کــە خــەڵکانێکی زۆری بێ تاوان بوونە قــوربانی، ئەو کــەســانەی کــە ڕژێمی چەوســاندنەوە و کۆیلایەتیی ئێوەیان قبووڵ نەدەکرد).

پێش ئەوەی کۆنگۆ سەربەخۆیی وەربگرێت مۆیس چۆمبە (سیاسییەکی کۆنگۆلی بوو، دۆستی نزیکی بەلجیکا و ئەمەریکا و فەرەنسا بوو لە دژی لومۆبا پێکەوە لەگەڵ جەنەراڵ مۆبۆتو، کودەتایەکی سەربازیان کرد و لومۆبایان کوشت، وەرگێڕ). لەگەڵ حکوومەتی بەلجیکای و دەزگەی هەواڵگری ئەمەریکا، دەیویست ڕۆهەڵاتی کۆنگۆ، کە خاوەنی سامانێکی سروشتیی زۆرە، لە کۆنگۆی جیا بکاتەوە. دیارە ئەم دەیویست لە ڕێگەی بوونی کەمینەیەکی ئەورووپایی و دەزگەی هەواڵگریی فرەنساییەوە، ئەم نەخشەیە جێبەجێ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە ئەفسەرێکی فەرەنسایی بۆب دێنارد کە پێوەندیی بە دەزگەی هەواڵگریی فەرەنساییەوە هەبوو. هەروەها ئەفسەری پێشووی سوپای ئەڵمانیا، سیگفرید مویلەر کە بە مویلەری کۆنگۆ ناسراوە، یارمەتییان دا. جەنەراڵی پێشووی کۆنگۆلی، موبوتۆ سیسیکۆ، بەیارمەتیی وڵاتانی ڕۆئاوا، توانی کودەتایەک بکات و کۆتا بەژیانی لومۆبا بهێنێت. پاشتر لەسەر داوای (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) لێژنەیەک پێک هێنرا بۆ ئەوەی بەدواداچوون لەسەر کوشتنی لومۆبا بکەن (ئەویش بە زۆریی سۆڤیەت ئەم لێژنەیە دروست کرا، وەرگێڕ) هەرچەندە هەتاوەکو ئەمڕۆش شێواز و چۆنێتیی کوشتنەکەی دیار نییە. فەرمییەن وترا، گوایە باڵەفڕە کەوتووەتە خوارێ!.

### نەمانی جیهانی دوو جەمسەری

نەمانی بلۆکی سۆسیالیستی و خواحافیزیکردنی یەکەتیی سۆڤیەت لە سیاسەتی جیهانی، کۆمەڵێک بارگرانی و کێشەی زۆری بۆ (جیهانی سێیەم) بەگشتی و ئەفریقیا بەتایبەتی دروست کرد. هەتا ئەو کاتە، هەردوو زلهێزەکە (سۆڤیەت و ئەمەریکا)، هەر وڵاتێک بۆ ئەوان لە ڕووی (ستراتیجی و بەرژەوەندییان) گرینگ بوو. هەردوو هەوڵیان دەدا ئەو ڕژێمانە بکەنە دۆستی خۆیان، لە ڕووی ئابووری، سەربازی، سیاسی یارمەتییان بدەن. هەردوولا چ یەکەتیی سۆڤیەت و چ ئەمەریکا هیچ گوێیان بە جۆری ئەو ڕژێمانە نەدەدا. زۆر کەم بایەخیان بە ئایدۆلۆجیای سیاسیی ئەو ڕژێمانە دەدا، بەڵکە ئەوەی لایان گرینگ بوو، دۆستایەتی و دڵسۆزییان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەوان. لە پاش ڕووخانی سۆڤیەت، ئەم گەمەیە نەما و هیچ هۆیەکیش نەما بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەو ڕژێمانە بدرێت.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە وڵاتانی (جیهانی سێیەم)، هەوڵێکی باشیان دا بۆ ئەوەی لەژێر دەستی ئەو دوو زلهێزە دەربچن، بۆ نموونە دروستکردنی ڕێکخراوی (وڵاتانی بێلایەن). هەرچەندە ئەم ڕێکخراوەش نەیتوانی ئەو وڵاتانە بپارێزێت و لەژێر کاریگەری ئەو دوو زلهێزە دەریان بهێنێت. بۆ نموونە لە ئەنگۆلا، کوبا بەتەواوی کەوتە یارمەتیدانی ڕژێمە شۆڕشگێڕەکەی ئەو وڵاتە. کە ئەمەش زیاتر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی دەکرد.

یان چەندان جار سوپای مەرۆکی هاتە ناو وڵاتی کۆنگۆ بۆ یارمەتیدانی ڕژێمەکەی سیسیکۆ، کە ئەمەش تەنیا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ڕۆئاوای دەکرد.

## سۆماڵیا

ماوەیەکی زۆر سۆماڵیا لەژێر دەسەڵاتی محەمەد سەیاد بەری دیکتاتۆردا بوو. سەرکەوتوویی ئەم پیاوە لەوەدا بوو، کە دەیتوانی گەمەی خۆی لە نێوان زلهێزەکانی (سۆڤیەت، ئەمەریکا) بکات. ئەو ڕژێمێکی کۆمۆنیستی دانابوو، کە سیاسەتێکی دەوڵەتی بۆ تەندروستی، خوێندن و، ژێرخانی ئابووری دارشت. لە پێش هەمووشیانەوە بەهەموو شێوەیەک بەرگریی لە سنووری دەوڵەتەکەی دەکرد. لە پاش ڕووخانی ڕژێمی محەمەد سەیاد بەری سۆماڵیا هیچ جۆرە سیمایەکی دەوڵەتیی پێوە نەما. ئەم وڵاتە لە هەموو ڕوویەکەوە تووشی ڕووخان بوو. دیارە ئەمڕۆ جگە لە سۆمالیا، چەندان دەوڵەتی تری ئەفریقیایی هەمان دەردیان هەیە. لەوانە: (کۆنگۆ، ساحل العاج، مالی،



نەیجەر، نەیجیریا، تشاد) ئەم دەوڵەتانە بەهیچ شێوەیەک مانای دەوڵەتییان لە دەست داوە. دیارە بۆ دزین و تاڵانکردنی سامانی ئەم وڵاتانە، نەبوونی دەوڵەت و داڕووخانی داوودەزگەکانی، خزمەتێکی زۆریان پێ دەگەیەنێت، بۆ نموونە (نەوت لە دەلتای نەیجیریا، یان لە تشاد، بوونی یۆرانیۆم لە نەیجەر)، زۆرترین قازانجیان دەست دەکەوێت. دیارە سیستەمی فرانس ئەفریق تەنیا وڵاتانی کۆلۆنیای پێشووی فرەنسا ناگرێتەوە، بەڵکە ئەمڕۆ پەلی بۆ وڵاتانی تر هاوێشتووە. بۆ نموونە ئێستا لە نەیجیریا کۆمپانیای (ئێلف) لە شەڕێکی بەردەوامدایە لەگەڵ کۆمپانیای (شێل)ی هۆڵەندایی. نەمان و ڕووخانی دەوڵەتان، سوودێکی زۆری بە کۆمپانیاکانی ڕۆئاوا دەگەیەنێت. بۆ نموونە تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکانی ڕۆهەڵاتی کۆنگۆ، کە ئێستا لەژێر دەستی هەردوو وڵاتی ڕاوەندا و ئۆگەندایە، باشترە تا ئەم ناوچانە بکەوێتە ژێر دەستی داوودەزگەکانی کینشاسای پایەتەختی کۆنگۆوە. ئەمڕۆ جۆزێف کەبیلا، لە ڕێگەی یارمەتیی ڕۆئاواوە بووەتەوە بەسەرۆکی وڵات، یەکێتیی ئەورووپاش چەند هێزێکی سەربازیی بۆ ئەم وڵاتە نارد. هەرچەندە هیچ جۆرە سیمایەکی دیموکراتی بەم ڕژێمەوە دیارنییە. هەرچەندە لە ئەورووپا بەگشتی (ئەڵمانیا بەتایبەت) دەیانەوێت زیاتر هێزەکانیان لەم وڵاتە بمێنێتەوە و ئەم وڵاتە هیچ کاتێک سەقامگیر نەبێت.

## گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردن

هەموو کاتێک لە میدیاکانی رۆئاواوە، باسی مەسەلەی گەندەڵی، بوونی حکوومەتێکی دادپەروەر، بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەفریقیا دەکرێت. بەڵام هیچ کاتێک باسی هۆکاری بنەڕەتیی ئەم کێشانە ناکرێت. لەم سیستەمەدا دوو جۆر بەشداریکردن هەیە: (ئاکتیف) ئەوانەی کە راستەوخۆ بەشدارن، (پاسیف) ئەوانەی کە دیار نین. ئەمە هیچ پێوەندیی بەدروستکردنی دەوڵەتی یاسا، یان دامەزراندنی ستروکتووری دەوڵەتییەوە نییە، بەڵکە ئامانجی سەرەکیی ئەمان، چۆن بتوانن زۆرترین تاڵانی سامانە سروشتییەکانی ئەم کیشوەرە بکەن. هەر ئەم سامانەشی بووەتە نەگبەتی بۆ ئەم کیشوەرە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەوڵەتانی ئەفریقیا، بتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، یان گەلان بەشداریی سیستەمی سیاسی و ئیداریی وڵاتەکەیان بکەن، رێگە لە پرۆسێسی تاڵانکردن و دزین دەگرن. بۆ ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەفریقیا، بوونی کەسانی وەکو (تۆماس سانکارا) لە بۆرکینا فاسۆ، بەشتێکی خراپی دادەنرێت. هەر بۆیە بەشێکی زۆری سەرانی ئەفریقیا، لەگەڵ گەشەپێدان و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان نین. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بۆچی بەهێزترین کۆڵەکەی ئەم دەوڵەتانە، هێزە سەربازییەکانن. کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان لە دەستە. هەر بۆیە هەموو رۆژێک کودەتایەکی سەربازی دەبینن، هەر بۆیە شەڕی تایفەگەری و تاوانی رێکخراوەیی (باندەکانی مافیا) زۆرە، هەر بۆیە کۆمەڵکوژیی زۆر و ئاوارەبوون دەبینن. لای ئەوان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان، سەقامگیربوون یان ناسەقامگیربوون، هەردووکیان یەک دیوی پارەن. سەقامگیربوون مانای دانانی دیکتاتۆرێکە، کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی رۆئاوادا بێت. لە بەرامبەردا ئەویش پارەیەکی زۆر کۆ دەکاتەوە و دەیخاتە ناو یەکێک لە بانکەکانی سویسراوە. دروستکردنی هەر رۆژ نارۆژێک پرۆسێسی (هەڵبژاردن)، درۆیەکی گەورەی رۆئاوایە خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتێنن. (بەتایبەت میدیاکانیان). ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، هیچ کاتێک ئەنجامی راستەقینەی دەنگی خەڵکی دەرناخات. لە حاڵەتێکدا کە هەموو داوودەزگەکانی دەوڵەت لەناوچوون، هیچ بوونێکی دەزگەیەکی یاسایی بەهێز نەبێت، هیچ هێزێکی دەوڵەتی نەبێت. ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەم هەلومەرجەدا، بریتییە لە گاڵتەجاڕییەکی گەورە.

## لە نێوان ڕێگە جیاوازەکانی زلهێزەکاندا

لە کاتێکدا بەریتانیا بەشێوەیەکی گشتی وازی لە کۆلۆنیاکانی پێشووی لە ئەفریقیا هێنا، بەڵام فەرەنسا هێشتا دەستبەرداری ئەم وڵاتانە نابێت. ئەفریقیا بەیەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی فەرەنسایی دەژمێرێت، کە زۆرجار لە رێگەی سەربازیشەوە ئەم سیاسەتانەی دەسەپێنێ. ئەم کیشوەرە بەهۆی ئەوەی خاوەنی سامانێکی سروشتیی زۆرە، بووەتە جێگەیەکی گرینگی ستراتیجیی زلهێزەکانی جیهان.

### چین

چین گرینگییەکی زۆر بە ئەفریقیا دەدات چونکە لە ٦٣٪ی نەوتی لەم کیشوەرەوە دێت. کە بەشێکی زۆری لە وڵاتی سودان دەهێنێت.

### یەکەتیی ئەوروپا

ماوەی چەند ساڵێکە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەوروپا، کە بنکەکەی لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانییە. لە ڕێگەی هێزی دەریاییەوە چاودێریی کەنداوی غینی دەکات، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی گواستنەوە و ناردنی نەوت و گازی وڵاتانی (ئەنگۆلا، نەیجیریا، غینیای ئیستیوائی) بکات. حاڵی حازر یەکەتیی ئەوروپا، دەستی خستووەتە ناو کاروباری وڵاتانی تشاد و کۆماری کۆنگۆی دیمۆکرات. لە ڕووی سەربازییەوە، هێزی خۆیان ناردووەتە ئەم وڵاتانە. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە یەکەتیی ئەوروپا (لە پێش هەمووشیانەوە فرەنسا) دەیانەوێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەم کیشوەرەدا ببینن.

### وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەمەریکییەکانیش، سامانە دەوڵەمەندەکانی ئەفریقیایان دۆزیوەتەوە. لەلایەکەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە ریڤاڵەکەیان مەبەستمان وڵاتی (چین)ە بگرن، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا نفوزی چین لەم کیشوەرەدا زۆری کردووە. لەلایەکی تریشەوە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر سامانە سروشتییەکان بگرێت و کۆنترۆڵی لوولەکانی گواستنەوە و ڕێگەکانی لە ریڤاڵەکەی بگرێت. هەر لە سەردەمی سەرۆکی پێشوودا (بیل کلینتون) سیاسەتی سەرچاوەی جیاوازی هێنانی نەوت داڕێژرا (واتە تەنیا پشت بە یەک وڵات یان یەک ناوچە نەبەسترێت، وەرگێڕ). جێگری وەزیری دەرەوەی پێشوو (والتەر کانشتاینەر) کاتێک لە مانگی شەشی ٢٠٠٢دا سەردانی وڵاتی نەیجیریای کرد، ڕاشکاوانە وتی، پێویستە هەمان تیۆری کارتەر* بۆ ئەفریقیا بەکار بهێنینەوە، نەوتی ئەفریقیا بە یەکێک لە بنەما ستراتیجییە گرینگەکانی خۆمانی دەژمێرین. لە ڕاستیشدا ئەمەریکا نەخشەپلانێکی باشیان داڕشتووە، بۆ ئەوەی نەوتی زیاتر لە ئەفریقیاوە بهێنن. بەپێی ئەو نەخشەیە، دەیانەوێت هەتا ساڵی ٢٠١٣، ڕێژەی هێنانی نەوت لە ئەفریقیا بۆ ئەمەریکا، لە ١٣٪ بگەیننە ٢٥٪. ساڵی ٢٠٠٧ دەتوانین بە لووتکەی کۆتاییی سیاسەتی دابەشکردنەوەی ئەفریقیای دابنێین: لە ٦ فیبرایەری ٢٠٠٧دا سەرۆک جۆرج دبلیو بوش، (فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەفریقیا) دروست کرد.

* (پاش ئەوەی لە تاران دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان گیران. لە ٢٣یانوەری ١٩٨٠ جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا ڕای گەیاند: هەر هێزێکی بێگانە هەوڵ بدات، کۆنترۆڵی ناوچەی کەنداوی فارسی بکات، وەکو هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییە ژیانییەکان (الحیاتیة)ی ئەمەریکا

دادەنرێت. هەر هێرشێکی لەم جۆرە، بەهەموو شێوەیەک وەڵام دەدرێتەوە، بەدڵنیاییيەوە لە ڕووی سەربازیشەوە وەلام دەدرێتەوە)

پاشان ڕای گەیاند: (ئەم فەرماندەیە نوێیە، دەتوانێت ئاسایشمان بەهاوکاریی دۆستە ئەفریقیاییيەکانمان، بپارێزێت و بەهێزتر و بەتواناتری بکات. دەتوانێت هەلی باشتر دروست بکات، بۆ ئەوەی توانای دۆستە ئەفریقیاییيەکانمان باشتر بکات. (فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەفریقیا) یاریدەرێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی هەوڵەکانمان، تا لە ڕووی ئاشتی و ئاسایشەوە بتوانین یارمەتیی گەلانی ئەفریقیا بدەین. بۆ ئەوەی ئامانجە هاوبەشەکانمان، کە بریتییە لە، پێشکەوتن، تەندروستی، پەروەردە، دیمۆکراتی، گەشەسەندنی ئابووری، لە ئەفریقیادا بهێنینە دی. ئەفریقیا بۆ ئەمەریکا لە ڕووی ئابووری و ستراتیجییەوە ئێجگار گرینگە. هەروەها لە ڕووی شەڕ لە دژی تیرۆریستانەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕووی مەشق پێکردنی ئەفریقیاییيەکان، تواناکانیان بەهێز بکەین بۆ ئەوەی، کێشەکان کەم بکرێنەوە، ئاسایش باشتر بکرێت، تیرۆریستان لەناوبەرن، ئەرکی خۆیان لە کێشە ناوچەییيەکاندا باشتر بکەن.)

ئەوەی جێگەی تێرامان و پرسیارە، دەستەواژەی (شەڕ لە دژی تیرۆریستان) لەڕووی جوگرافییەوە تەنیا دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە سامانی سروشتیی زۆری تێدایە یان لوولەی گواستنەوەی نەوتی تێدایە، بۆ نموونە وەکو ناوچەکانی (قەوقاز، ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، دەروازەی دەریای سوور بۆ دەریای هیندی "یەمەن"). لە ئەفریقیاش بیانووی شەڕی دژە تیرۆر، بوونی ڕێکخراوی (قاعیدە لە وڵاتی مەغریب)، کە بەشێکی زۆری وڵاتانی ساحیل دەگرێتەوە. هەر ئەمەش بیانووی سەرەکیی دروستکردنی ڕێکخراوی (فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەفریقیا).

ئەنستیتووی بەرلین بۆ زانست و سیاسەت ، لەبارەی چوونی زلهێزەکان بۆ ئەفریقیا و



سیاسەتی دەرەکیی ئەڵمانیا و دروستکردنی ڕێکخراوی (فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەفریقیا)، لە ڕاپۆرتێکدا ڕای گەیاند:

(بەرزکردنەوەی دورشمی شەڕ لە دژی تیرۆریستان، هۆکاری سەرەکیی دامەزراندنی ڕێکخراوی (فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەفریقیا) نییە. ئەم ڕێکخراوە زیاتر بۆ ئەوە دروست کراوە، وزەی داهاتووی خۆیان بپارێزن، وە ڕۆڵی ئەفریقیا لەم بوارەدا بەشێوەیەک بێت، کە لە خزمەتی خۆیاندا بێت. هەروەها زۆربوونی گرینگیدانی ئەمەریکا بەم کیشوەرە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێکخراوێکی لە شێوەی ناتۆ بۆ ئەم ناوچەیە دروست بکات، کە دەکرێت لە داهاتوودا وەکو ڕیڤاڵێک بۆ (سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی ئەوروپایی) دابنرێت. لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئاخۆ ئەم ڕێکخراوە چەندە کاریگەری بەسەر هەڵوێستی ئەوروپاییەکان بۆ نموونە فرەنساوە دەبێت، بەڵکە ئایا شوێنی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، لەم شێوە کێبەرکێیەدا چۆن دەبێت).

## تێڕوانینی گشتی

بەحوکمی پاشماوەی کاریگەری کۆڵۆنیزاکردن سیۆن (سیاسەتی داگیرکەرانە)کردنی ئەفریقیاوە، ناتوانرێت هەلومەرجی لەدایکبوونی بۆرجوازی نیشتمانی لەدایک بێت، بۆ ئەوەی ببێتە وزەیەکی گەورە، تا بتوانێت گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات. دیارە هەتاوەکو ئەمڕۆش سیمای گشتیی بۆرجوازی ئەفریقیایی، بۆرجوازییەکی کۆمپرادۆرە، کە لەسەر بنەمایەکی ئابووریی مشەخۆر، یان بازرگانیی هێنان و بردن، قازانجی خۆی دەست دەکەوێت. دیارە لە پاش سەربەخۆییبوونی ئەم وڵاتانە، چینێکی بازرگان و خاوەن زەویوزاری گەورە هەبوون، هەروەها چینێکی تا ڕادەیەک بچووکی ڕۆشنبیریش دروست بوو. هەر لەبەر ئەوە هیچ ڕێکخراوێکی کرێکاری، پیشەییی بەهێز نەبوو. لەبەر ئەوە لە پاش سەربەخۆبوون نەتوانرا بزاڤێکی ناسیۆنالیستی ئازادانە لەم وڵاتانەدا دروست ببێت. هەر بۆیە بەباشی نەتوانرا لە چەمکی کۆڵۆنیالیزم ڕزگاریان بێت بەتایبەت کۆڵۆنیاکانی فرەنسا. ئەو ڕۆشنبیرە ئەفریقیانەی کە لەژێرکاریگەری ڕۆشنبیری فرەنساییدا بوون، تەنیا هەوڵیان بۆ شانازیبوون بە ئەفریقیاییبوونی خۆیان دەکرد، بەڵام نەیانتوانی ڕەوتێکی ڕادیکاڵانەی سیاسی، ئابووری یان هەستی سەربەخۆبوون، لە دژی هێزە کۆڵۆنیاکان دروست بکەن.(مەبەستی نووسەر زیاتر ئەوەیە، کە ئەفریقیاییەکان نەیانتوانی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کولتوورییەوە، وابەستەیی خۆیان لە هێزە داگیرکەرەکان بپچڕێنن، وەرگێڕ)

بەهێزترین کۆڵەکەی سەرکەوتن لەم وڵاتانەدا بەگشتی تەنیا هێزە چەکدارەکان (سوپا) بوو. ئەمان تاکە دەزگە بوون کە خاوەنی ستروکتوورێکی باشی ڕێکخستن و هێزن. مەشق پێکردن و فێرکردنی ئەکادیمیا سەربازییەکانی فرەنسا بە ئەفسەر و کارمەندانی سوپاکانی ئەم وڵاتانە، وای کردووە کە دەزگەی سەربازیی ئەم وڵاتانە، پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بەدەسەڵاتداران و

دەزگەکانی فرەنساوە هەبێت. ئەو گەمەیەی کە بەرپرسە سەربازییەکان و کۆلۆنیاکانی پێشوو پێکەوە دەیکەن، هەردوولایان تێیدا براوەن. ئەنجامی ئەم گەمەیەش سیستەمێکی نوێ دروست دەکات، کە بە کۆلۆنیالیزمی نوێ دەناسرێت. کۆمپانیا گەورەکانی رۆئاوا لە پێش هەمووشیانەوە (نەوت، گاز، یۆرانیۆم) قازانجێکی زۆر بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، لە بەرامبەریشدا بەرپرسە ناوەخۆییەکانیش قازانجی خۆیان دەست دەکەوێت.

کێشەکانی ئەفریقیا بەو شێوەیە نییە کە میدیاکانی رۆئاوا باسی لێوە دەکەن، بگرە ڕوویەکی ڕاستەقینانەی تریان هەیە. ئەمڕۆ لە ئەنجامی سیستەمی تالانکردنی ئابووریی ئەفریقیا، کۆمەڵێک بەرەنجامی خراپی لێ کەوتووەتەوە:

سالانە ملیۆنان کەس بەنەخۆشیی مەلاریا، ئایدز، سکچوونی خراپ (کۆمەڵێک نەخۆشیی تر) گیانیان لە دەست دەدەن٨٢٪. خەڵکی ئەفریقیا ئاوی پاکیان بۆ خواردنەوە دەست ناکەوێت. لە کاتی سەربەخۆییبووندا ١٠/١ لە شارەکان دەژیان، ئەمڕ ٢/١ی خەڵکی لە شارەکاندا دەژین. بڕین و سووتاندنی دارستانەکان، خراپیی پیشەسازیی کشتوکاڵی وای کردووە کە توانا و بەرهەمی خۆراکی ئەم وڵاتانە بگاتە ئاستێکی زۆر کەم و ترسناک. لە هەمووی خراپتر گۆڕانی کەشوهەوای جیهان، کاریگەری خراپی تێ کردوون، هەندێک هەرێم هەر بەتەواوەتی چۆڵ کراوە و خەڵکی تێدا نەماوە. کۆچ بۆ شارەکان، هەروەها دەرەوەی وڵاتیش ڕوو لە زیادبوونە. ئەو خەڵکە هەژار و برسییەی کە ڕووی لە بیابانەکان کردووە، بوونەتە قوربانیی دەستی باندەکانی مافیا، قاچاخچی و بازرگانانی مرۆڤ، بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان و چەک و تەقەمەنی، لە هەرێمی (سەحرا) بەناچاری دەچنە ناو ڕێکخراوی قاعیدەی ئیسلامی (قاعیدەی ئیسلامی لە وڵاتی مەغریب)، کە زۆرجار وەکو شەڕوان بۆ شەڕەکانیان بەکاریان دەهێنن.

(فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەفریقیا) و هێرشی سەربازیی ئەوروپا بەناوی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی، هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوەی سیستەمی کۆلۆنیالیزم بەسیمایەکی نوێ.

چەند دێرێک لەسەر نووسەر:

Werner Ruf، مامۆستای زانستە سیاسییە جیهانییەکانە لە زانکۆی کاسل لە وڵاتی ئەڵمانیا. هەروەها ئەندامی ئەنستیتووی ئاشتییە لە بەرلین.

سەرچاوە: لە ڕۆژنامەی یوونگەڤێلتی ئەڵمانییەوە

Werner Ruf. Hintergrund.Schlaglichter auf 50 Jahre Unabhängigkeit in Afrika

www.Jungewelt.de.02.08.2010..

## زیادبوونی بازرگانیی چەک و تەقەمەنی لە جیهاندا

# لە تورکیا، باشووری ئەفریقیا، هیندستان، بەئەڵمانی تەقە دەکرێت

دیتریش ئەلکسەندەر

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەڵمانیا توانی هەناردە (Export)ی چەک و تەقەمەنی دووقات بکات. تورکیا سەرەکیترین کڕیاری چەک و تەکنەلۆجیای ئەڵمانییە. بەڵام وڵاتە لاوازە ئابوورییەکانی وەکو (یۆنان)یش ئەوانیش خۆیان بێبەش ناکەن لەم بازرگانییە. بازرگانی بەچەک و تەقەمەنی لەم چەند ساڵەی دواییدا، دەری دەخات، کە کێبەرکێکە لە جیهاندا بەهێزە و جێگەی دوودڵی نییە.

" گرینگ ئەوەیە بزانیت مەلە بکەیت "  ئەمە یاسایەکی بنەڕەتیی سیاسەتی چەک و تەقەمەنییە، کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ئەڵمانیا نەیارەکانی خستە پاش خۆی.

بێرنهارد مۆلتمان کە لە ئەنستیتوی هێسن بۆ ئاشتی و چارەسەری کێشەکان (HSFK)، کار دەکات. دەڵێت :

" لە ٣٦ دەوڵەت لە جیهاندا، لە کۆی گشتیی هەموو غەواسە (U-Boot)ی نائەتۆمی لە جیهاندا، نیوەیان لە ئەڵمانیا دروست کراون "

لە پێش هەموویانەوە (U-Boot) ئەڵمانی داواکاری (موشتەری)ی زۆری هەیە، بەڵام کەشتیی جۆری HDW کەمتر داوا دەکرێت. هەموو دەفتەری داواکارییەکان، هەتا ساڵی ٢٠١٧ پڕ کراوەتەوە. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە ئابووریشیان لاوازە، بۆ نموونە یۆنان کە تووشی کێشەیەکی ئابووریی گەورە بوو. دەیەوێت لەم بوارەدا هیچ پاشەکەوت نەکات. ئەسینا بڕیاری کۆتاییی داوە، کە غەواسە (U-Boot)ی ئەڵمانی مۆدێل ٢١٤- بکرێت. ساڵی ٢٠٠٩ تورکیا عەقدێکی بازرگانیی مۆر کرد، بۆ کڕینی (٦ U-Boot)ی ئەڵمانی، کە نرخەکانیان دەگاتە ٢ ملیارد

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

یۆرۆ. پاشان مالیزیاش ۲ کەشتیی جەنگیی مۆدێل (Meko200 Fregatten) داوا کردووە.

پیشەسازیی کەرتی کەشتیی جەنگی ئەڵمانیی بەرێژەی ٤٤٪ ی هەموو داواکاری چەک و تەقەمەنیی ئەڵمانی بەردەکەوێت. هەر ئەم کەرتەش هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی بازرگانیی چەک و تەقەمەنیی ئەڵمانیا بووە، کە لە ماوەی ئەم ٥ ساڵەی ڕابردوودا، لە چاو ساڵانی ۲۰۰۰ تا ۲۰۰٤ دووقات زیادی کردووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەنستیتوی ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتیی جیهانی (Stockholm International Peace Research Institute) بەشی ئەڵمانیا لە بازاڕی چەک و تەقەمەنی لە جیهانیدا بەرز بووەتەوە و ڕێژەی ۱۱٪ ی جیهان پێک دەهێنێت.

ئەوەی کە لە ئەڵمانیا زیاتر هەناردەی چەک دەکات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە (کە ڕێژەی ۳۰٪ی هەناردەی جیهانیی چەک و تەقەمەنی جیهانی بەردەکەوێت). پاش ئەویش وڵاتی رووسیا دێت کە ڕێژەی ۲۳٪ هەناردەی جیهانی بەردەکەوێت. موشتەرییەکانی تەکنەلۆجیای چەکی ئەڵمانی، زۆر جیاوازن. تورکیای هاوپەیمانمان لە ناتۆ لە پلەی یەکەم دێت. پاش ئەویش وڵاتی یۆنان پلەی دووەم دێت. ئەم دووانە موشتەریی سەرەکیی ئەڵمانین (جێگەی ئاماژەیە ئەم دوو وڵاتە لە شەڕێکی بەردەوامدان و ناکۆکیی سیاسی و مێژوویی زۆریان هەیە. ئەڵمانیاش ڕۆڵی ئاگرخۆشکەری ئەم شەڕە دەبینێت، چونکە قازانجی باش لەم شەڕە دەکات. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە لە دەستووری ئەڵمانیدا نووسراوە، کە نابێت چەک بەو وڵاتە بفرۆشیت، کە لە شەڕدان. وەرگێڕ). دیارە پاش ئەمانیش باشووری ئەفریقیا دێت، کە پلەی سێیەمی بەردەکەوێت، ئینجا پاکستان، ئیسرائیل، کۆریای باشوور، هیندستان، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو (VAE) ئەمانە هەموویان چەک و تەقەمەنیی ئەڵمانی دەکڕن.

تانکی جەنگی لە کۆی گشتیی هەناردەی چەک و تەقەمەنی ڕێژەی ۲۷٪ پێک دەهێنێت. لەم بوارەشدا بازرگانییەکی گەورە دەکرێت. ٤۰ تانکی جەنگی مۆدێلی Leopard" 2A4-Panzer بۆ باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا، وڵاتی سەنگافوور نێردراوە. لە هەموو جیهاندا چەکی دەستیی (سووک) ئەڵمانی جێگەی بایەخە، بەتایبەتی بۆمبی دەستی (قنبلة الیدویة) سەرچاوەی سەرەکییان ئەڵمانیایە. ئەمڕۆ لە وڵاتی پاکستاندا چەکی G-3-Sturmgewehren (جۆرە ڕەشاشێکی ئەڵمانیایە. وەرگێڕ) کە لەلایەن کۆمپانیای Heckler & Koch- Lizens– دروست دەکرێت، بەکار دەهێنرێت. هەروەها چەکی PSG1 (ئەمیش جۆرە قەناسەیەکی تایبەتی ئەڵمانییە، کە باشترین جۆری قەناسە لە جیهاندا. وەرگێڕ) کە لەلایەن سوپای ئەمەریکاییەوە لە ئەفغانستان بەکار دەهێنرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدایە (بە ئەڵمانی تەقە دەکرێت !).

جێگەی ئاماژەیە هەردوو وڵاتی فرەنسا و بەریتانیا بە پلەی چوارەم و پێنجەمی هەناردەی چەک و تەقەمەنی لە جیهاندا دێن. گەورەترین کڕیاری چەکیش لە جیهاندا، چین پلەی یەکەمی هەیە، پاشان هیندستان، ئینجا کۆریای باشوور، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو VAE، یۆنان دێن.

Paul کە بەڕێوبەری ئەنستیتوی ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتیی جیهانی -Stockholm Inter)

national Peace Research Institute) ڕێگەیان دا:

لە هەندێک شوێنی جیهاندا، هەروەک بڵێیت شەڕی خۆپڕچەکردن دەستی پێ کردووە. کاتێک وڵاتێک دراوسێکەی چەکێکی نوێ بکڕێت، ئەویش ناچارە بچێت چەکێکی نوێتر بکڕێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم دیاردەیەش زیاتر لە ڕۆهەڵاتی ناڤین، باکوری ئەفریقیا، باشووری کیشوەری ئەمەریکا، هەروەها باشوور و باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا دەگرێتەوە. هەندێک وڵات کە لە ڕووی ئابوورییەوە وەزعیان باشە، دەچن چەکی زۆر گرانبەها دەکڕن.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا، حکوومەتی ئەڵمانی، تەنیا بەبڕی ٧٨,٥ ملیارد یۆرۆ چەک و تەقەمەنی بەو وڵاتانە فرۆشراوە، کە دیمۆکرات و دۆستی ئەڵمانیان. پێ دەچێت ناردنی چەک بەوڵاتێکی وەکو پاکستان کەمێک حەساس بێت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم وڵاتە لەلایەن ڕۆئاواوە پشتگیری دەکرێت، بۆ دژایەتیکردنی گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان و بزووتنەوەی تاڵیبان. بەڵام لە هەمان کاتیشدا چەکی ئەڵمانی لە بازاڕی ڕەشدا لە ناوچە عەشایرییەکانی پاکستان بەدەست دەکەوێت. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی چەند ئەفسەرێکی گەندەڵی پاکستانییەوە ئەنجام دەدرێت. بەداخەوە زۆرجار بازرگانی لە بازاڕی ڕەشدا دەشارێتەوە و کەس نایبینێت.

ئاخۆ ئێمە پێویستیمان بەدەزگایەکی توندوتۆڵی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی ئەم بازرگانییە هەیە؟

دیارە لەم بوارەدا یاساکانی یەکەتیی ئەوروپا EU بەتوندترین یاسای دنیا دادەنرێن.

## ئەمەریکا

لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا، تەقلیدییەن زۆر دڵفراوانن، بەتایبەت کاتێک بازرگانییەکە پێوەندیی بەدەوڵەتێکی دۆستیانەوە هەبێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی تەکنیکی سەربازییەوە پشتگیریی بکەن، جگە لەمەش کاتێک کە بازرگانییەکی باشیان دەست بکەوێت. ئەمڕۆ ئەمەریکا چەک دەفرۆشێت بە زیاتر لە ٧٠ وڵات لە جیهاندا. بۆ نموونە لەم ماوەیەدا: ٧٢ باڵەفڕەی شەڕوانییان بە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی فرۆشت، هەر لە هەمان باڵەفڕە، ٤٠ دانەیان بە ئیسرائیل و ٢٥ دانەیان بە کۆریای باشوور فرۆشت.

## رووسیا

بازرگانیی چەک و تەقەمەنی یرووسی، لەلایەن پەرلەمانی رووسییەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. جێگەی ئاماژەیە، بەشێکی زۆری چەکی رووسی دەچێت بۆ وڵاتانی (چین، هیندستان، وڵاتە ئەفریقیاییەکان و ئەمەریکای لاتین). لە ماوەی چاودێریمان بۆ بازرگانیی چەک و تەقەمەنیی رووسیا، لەم چەند ساڵەی دواییدا، ١٢٨ باڵەفڕەی شەڕوانی سوخۆی، بەوڵاتانی هیند، جەزائیر، مالیزیا فرۆشتووە.

مالیزیا بودجەی سەربازیی لە چاو ٥ ساڵی پێشوودا، بەرێژەی ٧٢٢ ٪ جار زیادی کردووە، سەنگافوور ١٤٦٪، ئەندەنووسیاش ٨٤٪ بودجەی سەربازییان زیاد کردووە. حاڵی حازر رووسیا لە ناوچەی دەریای هیندیدا، بە ١٢٦ باڵەفڕەی شەڕوان، کێبەرکێی باڵەفڕە شەڕوانەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا دەکات.

## فرەنسا

فەرەنساش بەرێژەی ٣٠٪ی هەناردەی چەک و تەقەمەنی زیادی کردووە. لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک چەکی قورسی بەوڵاتانی: ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، سەنگافوور، لە پێش هەمووشیانەوە بەرازیل، جگە لە ٥٠ هەلیکۆپتەر کە پێشتر پێی فرۆشتوون و ٤ غەواسە U-Bootی مۆدێرن، هەروەها تەکنەلۆجیای بواری ئەو غەواسانەی U-Boot کە بە وزەی ئەتۆمی کار دەکەن پێ فرۆشتووە.

## بەریتانیا

٧٢ باڵەفڕەی شەڕوان مۆدێلی Typhoonی بەعەرەبستانی سعوودیی فرۆشتووە.

جێگای ئاماژەیە نە لە پاریس وە نە لە لەندەن، هیچ پەرلەمانتارێک نارەزاییی لەبارەی ئەم بازرگانی چەک و تەقەمەنییەوە دەرنەبڕی.

## پاشکۆ

پێم باش بوو لەگەڵ ئەم وتارەدا ناوی ١٠ کۆمپانیا گەورەکەی جیهان، کە لە بواری چەک و تەقەمەنیدا(ئامێری کوشتن، سووتاندن، وێرانکردن) کار دەکەن بنووسم . هەروەها ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین هەناردەی چەک دەکەن، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین کڕیاری ئامێری مەرگن باس بکەم. مەبەستیشمان ئەوەیە کە لەم بوارەدا، زانیاریی زیاتر بەخوێنەر بدەین.

گەورەترین کۆمپانیاکانی چەک و تەقەمەنی لە جیهاندا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٨/ (٢)

سەرچاوە:

1- Dietrich Alexander. tuerkei, Suedafrika, Indien... Man schiesst deutsch.

www.welt.de. 15.03.2010 .ڕۆژنامەی ئەڵمانی

٢- ئەو سەرچاوانەی کە لە پاشکۆکەدا سوودمان لێ بینیون ئەمانەن:

1-Sipri- Studie. BAE-Systems groesster Ruestungskonzern der Welt www. Spiegel. 12.04.2010

# پێوەرەکانی حوکمڕانیی باش

شەهرام شەرەفی

حوکمڕانیی باش، چەمکێکی تازەیە کە لە بەرەنجامی پێوەندی و مامەڵەی نێوان سیاسەت و ئیدارەکردنی کۆمەڵگەدا هاتووەتە کایەوە. لە پرۆسەی حوکمڕانیدا ئامانج، بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەییی سیاسی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەیە. لە زانستی سیاسەتدا بابەتی سەرەکی، هێزی حکوومەتە، بەڵام لە پرسی حوکمڕانیدا بابەتی سەرەکی، باشتر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەپشتیوانی و یارمەتیی هێزی حکوومەتە. حوکمڕانیی لە بنەڕەتدا بۆ دوو دەستەی باش و خراپ پۆلێن دەکرێ کە هەریەکەیان خاوەن کرۆک و پێوەرگەلێکی تایبەتیی خۆیانن.

جۆری حوکمڕانیی باش لە بەرەنجامی کارلێککردن و ئاوێتەبوونی زانستە سیاسییەکان لەگەڵ بەشی بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتەوە دروست بووە. لە پرسی حوکمڕانیی باشدا، هەڵوەستە لەسەر توانا و کارامەییی حکوومەتەکان بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتەکان دەکرێ. هەڵبەت لێرەدا، مەبەست ئەو جۆرە سیاسەتانەیە کە بارودۆخی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو ئاقارێکی باشتر دەبەن. لە پرسی حوکمڕانیدا، تەنیا ئامادەکردن و داڕشتنی سیاسەتەکان گرینگ نییە، بگرە لەوەیش گرینگتر چۆنیەتیی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ڕاست و دروستی ئەو سیاسەتانەیە. لە حوکمڕانیی باشدا، چەمکێک بە ناوی "کۆمەڵگەی بەرزتر" بەکار دەهێنرێ کە مەبەست لێی، هەنگاونان بەرەو ئاراستەی حکوومەتە خۆشگوزەرانەکانە، ئەو حکوومەتانەی کە بتوانن ئاست و قەوارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکێش بە هاووڵاتییانی خۆیانی دەکەن، بەرز بکەنەوە و بەمەیش ڕەزامەندیی هاووڵاتییانی خۆیان وەدەست بهێنن. ئەمڕۆکە، ڕۆڵ و ئەرکی حکوومەتەکان لە گۆڕاندایە و شێواز و فەلسەفەی بەڕێوەبردنی حکوومەتەکان لە فەلسەفەی خوشگوزەرانییەوە بۆ شێوازی "بەڕێوەبردنی نوێ" گۆڕاوە. ئەمڕۆکە چەمکی حوکمڕانیی باش

---

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەبێ حکوومەت مامەڵە و پێوەندییەکی باشی لەگەڵ بازاڕدا هەبێ. لە وڵاتانی وەکو ئەمەریکا ئەو ڕێکارە لە چوارچێوەی "پێوەندیی نێوان حکوومەت و بازاڕی گشتی"دا ڕێک خراوە. حکوومەت لەو وڵاتانەدا بەرپرسە لەوەی کە ڕێگە لە هەڵبەز و دابەزی ئابووریی تێکدەرانە بگرێ. لە دەیەی ٩٠ی زایینی و لە پێناسەی حوکمڕانیی باشدا، چەمکێک بە ناوی "حکومەتی خێرومەند" بەکار دەهێنرا کە ئەو حکوومەتە ئەرکی ئەوە بوو کە گشت توانا و ئیمکانیاتی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر تاکەکانی کۆمەڵدا دابەش بکا. لە ڕاستیدا حوکمڕانیی باش تاوتوێی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەلایەن حکوومەتەکانەوە دەکا. کەوابێ مەبەست لێرەدا هەڵوەستەکردن لەسەر جۆری مامەڵەی حکوومەت لەگەڵ کۆمەڵگە و ئاستی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری حکوومەت لە کۆمەڵگە و هەروەها چۆنیەتیی ڕێکخستن و ئیدارەی ئەو کۆمەڵگەیەیە. ئەمڕۆکە "حکوومەتی خێرومەند" خەریکی بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئابووری و مەعنەوییە و هەروەها دەبێ ڕەوشی گشتیی ئابووری هاوسەنگ بکا. لە ئابووریی ئازادی ئەم سەردەمەدا، سەرهەڵدانی تەنگژەی ئابووری بەدیاردەیەکی ئاساییی لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ حکوومەت بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی خۆی بەپێی پرەنسیپەکانی ئابووریی ئازاد، ئیدارە و حوکمڕانییەکی باش پێڕۆ بکا و هەمدیس دەبێ بۆ بەردەوامبوون و مانەوەی ئابووریی ئازادیش، توانا و بواری کێبەرکێکردن لە بازاڕدا دەستەبەر بکا. بەپێچەوانەوە کایەی ئابووری هەرەس دەهێنێ. کەوابێ لە ئابووریی ئازاددا هەر حکوومەتێک نەتوانێ ئیدارەی سەرمایە و هێزی کار و توانای کێبەرکێکردن لە بازاڕی وڵاتەکەیدا بکا، هەرەس دەهێنێ و یەکە بەیەکەی ئەو پرەنسیپانە بۆ پرۆسەی کامڵبوونی ئابووری شتێکی پێویستن. هەر بۆیەش کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لە کاتی تەنگژە ئابوورییەکاندا دژی یارمەتی و کۆمەکی حکوومەتی بۆ لایەنە هەرەسهاتوو و ئیفلاسبووەکان دەوەستن. لە خاڵی بەرامبەر حوکمڕانیی باشدا، دەستەواژەی " حوکمڕانیی خراپ" هەیە کە بەبۆچوونی هەندێک لە ئابووریناسانی بواری پەرەپێدانی ئابووری، بەفاکتەری سەرەکیی گەشەنەکردن و پێشنەکەوتنی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان هەژمار دەکرێ.

پرۆگرامی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها بانکی جیهانی، چەندان پێوەریان بۆ حوکمڕانیی باش دەستنیشان و پێناسە کردووە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

١- بەشداریکردن:

مەبەست لە بەشداریکردن ئەوەیە کە خەڵک بتوانن لە ڕێی میکانیزم و ڕێوشوێنی گونجاوەوە بەباشترین شێوە بەشداری لە ئیدارەی کۆمەڵگەی خۆیاندا بکەن. ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان و بەشداریی مەدەنیی دامەزراوەیی بەرهەمەندەکانی پێوەری بەشداری هەژمار دەکرێن. لە پێوەری بەشداریدا، خەڵک لە ڕێگەیەکی یاسایی و دامەزراوەییەوە بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی - کۆمەڵایەتیی خۆیاندا دەکەن.

٢- حوکمڕانیی یاسا:

لەو پێوەرەدا مەبەست بوونی یاساگەلێکی دادپەروەرانە و ویژدانییانەیە. واتە یاساگەلێک کە گوزارشت لە بەشداریی دامەزراوییانەی کۆمەڵگە بکا. بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەیش دەبێ دەزگەی دادوەری بێلایەن بێ و خۆی لە هەموو جۆرەکانی گەندەڵییەوە بەدوور بگرێ و هەمدیس دەبێ دەزگە و دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایشیش بەشێوەیەکی بێلایەن پشتیوانی و پاڵپشتی لە دەزگەی قەزا بکەن.

٣- دیوەدەری (شەفافیەت):

لەو پێوەرەدا دەبێ زانیارییەکان بەشێوەیەکی هەرزان و ئاسان و هەروەها بەشێوەیەکی ساکار و شیاو بۆ تێگەیشتنی هەموان بخرێنە بەر دیدی خەڵک و هاووڵاتییانەوە کە ئەمەیش بەیاسا و ڕێسای تایبەتیی خۆی ڕێک دەخرێ.

٤- بەرپرسیارێتی:

واتە دامەزراوە حکوومەتییەکان لە بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵکدا وەڵامدەر و بەرپرس بن و بەشێوەیەکی کرداری و پراکتیکییەوە گرینگی و بایەخ بە پێداویستی و داواکارییەکانی خەڵک بدەن.

٥- دروستکردنی کۆدەنگی:

دەبێ بڕیار و ڕێسا حکوومەتییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی خەڵکەوە ئامادە و هەموار بکرێن و هەمدیس دەبێ حکوومەت خۆی لە بڕیارە بەپەلە و نابەجێ و بێ توێژینەوەکان بەدوور بگرێ و هەروەها دەبێ گوێ لە هەموو ڕا و بۆچوونەکانی لایەنگران و بەرهەڵستکارەکان و بۆچوونە جیاوازەکان بگرێ و لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکاندا سوودیان لێ وەربگرێ تاوەکو بتوانێ کۆدەنگییەکی گشتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵگە فەراهەم بکا. لە پێوەری کۆدەنگیدا ڕاوێژکردن لەگەڵ گرووپ و دەستە لایەنگر و بەرهەڵستکارەکان بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان زۆر گرینگە.

٦- دادپەروەری و ویژدان:

واتە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەرفەتی یەکسان سوودمەند بن و توانا و ئیمکانییاتی کۆمەڵگە بەپێی پرەنسیپی دادپەروەری و شیاوی و لێهاتووییەوە دابەش بکرێن و حکوومەتیش دەبێ کار بۆ توانسازیی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و تواناکانی توێژە کەمدەرامەت و بێدەرەتانەکانی کۆمەڵگە بکا و لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی و پشتیوانیی پێویست بۆ بەتواناکردنی توێژە بێ تواناکانی کۆمەڵگە دابین و دەستەبەر بکا.

٧- کارامەیی و کاریگەری:

واتە حکوومەت دەبێ گرینگی بەپاراستنی ژینگە بدا و چەندان یاسای کاریگەر و بەهێز بۆ

کاراکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و لە هەمان کاتیشدا یاسا و ڕێسای پێویست بۆ پاراستن و گرینگیدان بە بواری ژینگە ئامادە بکا. بوونی یاسا و ڕێسا و دامەزراوەی کارامە لەو بوارەدا بۆ هاتنە دیی ئەو پێوەرە زۆر گرینگە.

٨- وەڵامگۆیی:

لەو پێوەرەدا وەڵامدەر بوون و هەروەها ئەرک و مافەکانی حکوومەت و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگە و هەروەها جۆری پێوەندی و مامەڵەی ئەو سێ لایەنە لەگەڵ یەکتری زۆر گرینگە. بە واتەیەکی تر لەو پێوەرەدا هەرسێ لایەنەکە دەبێ لە بەرامبەر یەکتردا بەرپرس و وەڵامدەر بن و لە چوارچێوەی پێوەندی و مامەڵە لەگەڵ یەکتر ئامانجە بەرزەکانی خوشگوزەرانی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانیان بپێکن. تێڕوانینی بەرتەسک و سنووردار بۆ هەریەکە لەو سێ لایەنە، ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە و لەو پێوەرەدا ئامانجە گشتییەکان لە سەرووی مەبەستە تایبەتی و دەستەییەکاندان و لە ڕاستیدا لەو پێوەرەدا بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵایەتی بە پێش بەرژەوەندییە تاکەکسی و دەستەیی و بازنەییەوە دەخرێ.

## جۆری حوکمڕانیی خراپ

حوکمڕانیی خراپ خاڵی پێچەوانە و دژی پێوەرەکانی حوکمڕانیی باشدایە. بۆ نموونە لە حوکمڕانیی خراپدا، پرەنسیپی بەشداریی دیموکراتیک لە ئارادا نییە و ئەگەر هەیشبێ زۆر لاواز و لەرزۆک و بێهێزە و لە گشت پێوەرەکانی تریشدا دژی حوکمڕانیی باشە.


سەرچاوە و ژێدەرەکان:

١- جامعەشناسی سیاسی معاصر، نوشتەی کیت نش.

٢- نگرش فراپارادایمی بە مدیریت دولتی نوشتە سیدحامد وارث.

٣- تبیین مفهوم خوبی در حکمرانی خوب، نوشتەی سروش دباغ، نشریە مدیریت دولتی، شمارەی٣، پاییز و زمستان ١٣٨٨

٤- تحلیلی بر کیفیت حکمرانی خوب در ایران، نوشتەی سیدمهدی الوانی و محسن علی زادەثانی، فصل نامەی مطالعات مدیریت، شمارە ٥٣، بهار١٣٨٦.

٥- تحلیل رابگە الگوی حکمرانی خوب و فساد اداری، نوشتەی رحمت الە قلی پور، فرهنگ مدیریت ، شمارە ١٠، پاییز ١٣٨٤، ص ١٠٣

٦- حکمرانی خوب و نقش دولت، نوشتە فتاح شریف زادە و رحمت الە قلی پور، نشریە فرهنگ مدیریت، شمارە ٤، زمستان ١٣٨٢،ص ٥

٧- حکمرانی خوب، فصل نامەی رفاە اجتماعی، مقالە سردبیر، شمارە ٢٦، پاییز ١٣٨٦، ص ٥

٨- حکمرانی، ماهنامە گنجینە، شمارە ٨٠، آبان ١٣٨٨

٩- حکمرانی خوب چیست؟، نوشتەی یحیی کمالی، ماهنامە تدبیر، شمارە ٢٠٦، تیر ١٣٨٨، ص ٢٠

١٠- حکمرانی خوب و جامعە رانتیر، نوشتە وجیهە مهری پرگو، ماهنامە حقوق و اقتصاد، شمارە ٦، آبان ١٣٨٨، ص

# دەوڵەتشاری کۆن

موریس باربیە

دەوڵەتشـــاری کـۆنی یۆنـانی یا ڕۆمـی، باشـــترین نمـوونەی دەوڵەتی کـۆنە. تایبـەتمەندیی ئەم دەوڵەتشـارە، تێکچڕانـی دامـەزراوەی سـیاسی و دامـەزراوەی کـۆمـەڵایەتی بوو و چ سـنوورێک لە نێـوان بیـاڤی گشـتی و بیـاڤی تایبـەتدا بـەدی نەدەکرا. داوودەزگـا سـیاسـیـیـەکـان سـەرلەبەری کـۆمـەڵگەیان کـۆنتـرۆڵ کـردبوو. لە ڕاسـتـیـدا کـۆمـەڵگە بەشـێک بـوو لەو داوودەزگـایانـە و هیچ سـەربەخۆیییەکی نەبوو.

دەوڵەت و کۆمەڵگە نەک هەر لێک جودا نەبوون، بەڵکو بەکردەکی بووبوون بە یەک و هەمەکییەکی یەکدەستیان پێک دێنا. هەرچەند لە زمانی یۆنـانیدا وشـەی «پۆلیس» بۆ پێناسـەکردنی دەوڵەتشـار لە ئارادا بـوو. بەڵام وشـەیەک کـە سنووری نێـوان دەوڵەت و کـۆمـەڵگە دیاری بکا بـەدی نەدەکـرا. ئەرستۆ تەنیـا ئاماژە بە دەوڵەتشار (polis) یا جڤاتی سیاسی دەکا و ئەمەش شتێکی سـەیر نییە. چونکە ژیانی سـیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی بەتەواوی تێکەڵ بوون. ئەرکی دەوڵەتشـار ڕێکخسـتنی سـەرجـەم لایەنەکـانی ژیانی ئەندامەکانی بوو و هەروەها هەر چەشنە هەڵسـووڕانێکی ئەندامەکـانی ڕەنگی سـیاسـیی پێوە بوو. مرۆڤ لە ئاسـتی (باژێڕی)*دا قـەتیس کـرابوو و سـەرجـەم هـەبوونی لە ژیانی باژێڕیدا بەرتەسک کرابووەوە.[١]

دەوڵەتشـاری کۆن وەک جڤاتی باژێڕییان پێناسـە دەکرا، واتە ئەوانەی کە توانای ئەوەیان هەیە کە لە دەرکردنی بڕیارگەلی بواری کۆمەڵایەتیدا بەشدار بن[٢]. لە ئەنجامدا، باژێڕی لە جێدا وێڕای وەئەستۆگرتنی ئەرکی خۆی لە شاردا و هەروەها لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەدا کە پابەندی دەکەن و هـەروەهـا بەشـــداریکردن لەو کــاروبارانـەی کـە پێــویسـتن بـۆی، پێناســە دەکــرێ. ئەم چەشنە

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری

بەشداریکردنە لە کاروباری دەوڵەتشاری کۆندا بەشێوەیەکی بنگەهی لە بواری دامەزراوەگەل و هەردوو لایەنی سەربازی و ئۆلییەوە وەدەرکەوت. یەکەم باژێڕی لە کاروباری شار و داوودەزگا جیاجیاکانیدا (پەرلەمان، کۆڕگەلی ڕاوێژکاری و دادگەدا) بەشدار دەبوو و ئەرکەکانی ئەوانی چ وەک خاوەن پلە و پایەیەک چ لە ڕێی دەربڕینی بۆچوونی خۆی لەمەڕ بڕیارگەلی پێویستەوە، دەستەبەر دەکرد. ئەرستۆ کەسێک بەباژێڕی دەزانێ کە ئەرکەکانی قازی یا خاوەن دەسەڵاتەکان ڕادەپەڕێنێ و هەروەها ناوبراو پێی وایە کە ئەندامەتی لە ئەنجوومەنی گشتیدا پۆستێکی نیشتمانییە.[٣]

تێکڕای باژێڕییەکان ڕاستەوخۆ سەرکردایەتیی وڵات دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. لە قۆناخی دووەمدا، باژێڕییان لە ڕێی خزمەتی سەربازییەوە جوێ دەکرانەوە، چونکە دەبوو بەشدارییان کردبا لە بەرەڤانیکردن لە وڵات و شەڕەکانیدا. بۆیە باژێڕی وەک سەربازی ئامادەی خزمەتیش سەیر دەکرا و لەوانەشە دەبا گیانی خۆشی بەخت کردبا. لە ئەسینا و دەوڵەتشارەکانی تری یۆناندا، ماوەی خزمەتی سەربازیی باژێڕی زۆری دەخایاند و لە سپارتادا دەگەیشتە تەمەنی شێستساڵیش، هەروەها باژێڕی دەبوو چالاکانە لە ڕێوڕەسمە ئۆلی و فیستیڤاڵ و بۆنە جۆراوجۆرەکانی (جێژنەکان، بۆنەکان و قوربانیکردنەکان)دا بەشداریی کردبا. ئاین ئەرکێکی تاکەکەسی نەبوو تا تاک سەربەست بێ تێدا. بگرە بەئەرکێکی باژێڕی دادەنرا و بەشێکی تەواوکەر بوو لە ژیانی وڵات. هەر دەوڵەتشارێک بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێ خوای تایبەت و بۆنەی تایبەت بوو کە بەسەر هەمووواندا دەسەپێنران. بۆیە لە ڕووی ئاینییەوە ئازادی بەدی نەدەکرا و باژێڕی بۆی نەبوو بەدڵی خۆی بیروباوەڕێکی تایبەت بۆ خۆی هەڵبژێرێ. بەم جۆرە باژێڕی دەبوو بڕوا بە خواکانی شار بێنێ، ئاینی باو قبووڵ بکا و لە جێژنە ئاینییەکاندا بەشدار بێ و ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ.

باژێڕی لە ڕێی بەشداریی چالاکانەی لە کاروباری دەوڵەتشاردا دەناسرایەوە کە لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە هەڵسووڕاندنی داوودەزگاکاندا و هەروەها پشکداریکردنی لە کاروباری سەربازی و ئاینیدا خۆی دەنواند. باژێڕی تەنانەت لە ڕێی ئەرکەکەیەوە وەک باژێڕییەک خۆی پێناسە دەکرد و بەکردەکی تێیدا تواوبووەوە. لەم دۆخەدا، ڕۆڵەکەی بەچالاکییەکی بەردەوام و نەپساوەوە گرێ درابوو کە پێویستی بەرهەڤبوونی هەرتمی بوو. لەم سۆنگەیەوە، لە زۆربەی دەوڵەتشارەکانی یۆناندا، باژێڕییەکان نە بۆیان هەبوو ئیشی دەستی بکەن و نە بۆشیان هەبوو ئیشێکیان هەبێ، هەروەها زۆرجار باژێڕییەکان نەیاندەتوانی ببنە پێشەوەر یا بازرگان. چونکە ئەم چەشنە ئیشانەیان بەشیاوی باژێڕی نەدەزانی.

باژێڕییەکان لە ئیسپارتدا نەیاندەتوانی کشتوکاڵ بکەن و (هیلوت)ەکان زەوییەکانیان دەچاند. دیارە لە ئەسینای دیموکراتیکدا باژێڕییەکان بۆیان هەبوو ئیشی کشتوکاڵ، پیشەگەری و بازرگانی بکەن. بەڵام وەک نەریتێک بازرگانەکان پتر بیانی بوون. ئەفلاتون و ئەرستۆ، پێیان وابوو

که لە Utopia پێشنیازکراوەکەیاندا، کرێکارانی ئاسایی، پیشەگەران، بازرگانان و جووتیاران مافی بازێڕییان نییە. لە ڕوانگەی ئەمانەوە، بازێڕییەکان، تەنیا بۆیان هەیە ئەو چالاکییانە بکەن کە شیاون بۆیان، واتە سیاسەت و شەڕ. بەم جۆرە لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە بازێڕی بۆی نییە سەنعەتکار بێ. چونکە (...) ئەرکێکی لە سەرشانە کە تەنیا بەسە بۆی. ئەم ئەرکەش پێویستی بەهەوڵ و ماندووبونێکی زۆر و هەروەها پەروەردەیەکی باش هەیە. تا نەزم و ئاسایشی شار دابین بکرێ و بپارێزرێ[٤] لە ڕوانگەی ئەرستۆوەش، بازێڕییەکان نابێ خۆیان بە ئیشی کرێکارانی ئاسایی و بازرگانانەوە خەریک بکەن (چونکە ئەم ژیانە چ ڕێز و بەهایەکی تێدا نییە). هەروەها بازێڕییەکان نابێ خەریکی کشتوکاڵ بن (چونکە بۆ پەروەردەکردنی ئاکار «فەزیلەت» و ڕاپەڕاندنی کاروباری سیاسی پێویست بەکاتە)[٥] بۆ پاساودانی ڕێسایەکی ئەوتۆ کە بازێڕی کەموزۆر بەردەوام خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بازێڕییەتیی خۆی بوو، بۆیە نەدەپەرژایە سەر هەندێ ئیش و کار کە ڕێیان لە ئەرکەکەی دەگرت.

بەڵام، زێدەباری ئەم پاساوە کردەکییانە، دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کە بازێڕی بەتەواوی بەموڵکی شار دادەنرا و تێکڕای کاروبارەکانی تەنانەت زەین و ڕۆحیشی گوێڕایەڵ و لە خزمەتی شاردا بوون. لە ڕاستیدا، دەوڵەتشار دەسەڵاتی سامانی بازێڕییەکانی لە دەستدا بوو و لە کاتی پێویستدا بۆی هەبوو کەڵکی لێ وەربگرێ. هەروەها دەوڵەتشار چاودێریی ژیانی تایبەتی بازێڕییەکانی دەکرد و دەیتوانی کۆمەڵێک ڕێسا لەمەڕ زگوردبوون، زەماوەند، کار، خۆراک، جلوبەرگ، ئەندازەی ردێن و... دابنێ. هەندێک جار منداڵە ناحەزەکان دەبا کوژرابان و ژیانی تاک لە خزمەت قازانجی دەوڵەتشاردا بوو و لەوانە بوو هەر بازێڕییەک بۆ فیداکاری لە پێناوی نیشتماندا بانگ بکرێ. هەروەها دەوڵەتشار بەوردی چاودێریی کاروباری پەروەردەی منداڵانی دەکرد و مامۆستا دیاریکراوەکانی ئەرکەکانیان ڕادەپەڕاند. لە ڕاستیدا دەوڵەتشار سەروماڵی بازێڕی بەهیی خۆی دەزانی و لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەم بوارە بەگوێرەی پێداویستییەکانی خۆی ڕێک بخا.

لە ئەنجامدا، لەم رووەوە هیچ چەشنە ئازادییەکی بە دایبابان نەدەدا. چونکە هەروەک ئەفلاتون دەڵێ، منداڵەکان (بەر لەوەی هیی دایبابان بن، موڵکی شارن)[٦] پەروەردە بە تۆبزی بوو و دەبوو بۆ هەمووان یەکسان بێ. ئەرستۆ لەم بارەیەوە بەڕوونی دەڵێ: (لەو سۆنگەیەوە کە سەرلەبەری شار یەک ئامانجی هەیە، بۆیە ڕوونە کە دەبێ پەروەردەش بێ ئەملا و ئەولا، بۆ هەمووان یەکدەست و یەکسان بێ و ئەرکەکەشی بکەوێتە سەرشانی کۆمەڵگە نەک بە ئەرکێکی تایبەت دابنرێ)[٧] و لەم ڕووەوە پەسنی هەوڵەکانی سپارتا دەدا.

هەرچەند بازێڕی مافی بازێڕییەتیی هەبوو، بەڵام لە هەمبەر شاردا کۆمەڵێک ئەرکیشی لەسەر شان بوو کە دەبوو بەوردی جێبەجێیان بکا. ئەنجامنەدانی ئەم ئەرکانە، بە خەمساردی لە هەمبەر شار دادەنرا و کەمتەرخەمەکان، پاش لەدادگەدان وەک تاوانباران سزایان بۆ دەبڕایەوە کە

جاروبار سزاکەیان قورس بوو. سزاکان بریتی بوون لە بێبەریکردن لە مافی باژێڕییەتی (atime)، لە کیسدانی باژێڕییەتی، دوورخستنەوە (بۆ ماوەی دە ساڵ) و تەنانەت سەپاندنی سزای مەرگ. لە ڕاستیدا تاک لە چاو شاردا بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو و دەبوو بەرژەوەندەکانی بپارێزرێ، ئەگەر بەرژەوەندیی شار پێویستی کردبا، دەبوو باژێڕی دارکاری بکرێ، بێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ و هەروەها دوور بخرێتەوە بێ ئەوەی سووچبار بێ.

لە گۆڕ دەستوداری ئەو دەمی، لە بنڕا وەک توخمێکی پێکهێنەری شار سەیری باژێڕی دەکرا و پێوەندیی باژێڕی بەشارەوە، هەروەک پێوەندیی نێوان بەش و گشت بووە یا وردتر بڵێین هاووڵاتی لە شاردا توابووەوە و خۆی بەهاوسوناشی شار دەزانی؛ لە ڕێگەی شارەوە بۆ شار دەژیا. ناسنامە تاکەکەسییەکەی بە ناسنامەی شارەوە گرێ درابوو و بەرژەوەندە تایبەتەکەی لە هەمبەر بەرژەوەندیی گشتیدا بایەخێکی ئەوتۆ نەبوو. جا بۆیە ئەو باژێڕییانەی کە زۆرتر بەپەرۆشی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بوون تا بەرژەوەندیی گشتی، بەتوندی لۆمە دەکران، هەروەک چۆن، بۆ وێنە (دموستن) دەیکرد. لە ڕاستیدا باژێڕی کە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بەشارەوە بەسترابوو نە ژیانی تایبەتی هەبوو و نە ئازادیی تاکەکەسی. لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە، تاکەکان موڵکی خۆیان نین، بەڵکو سەروماڵیان هیی ماڵباتەکانیانە و تەنانەت زێدەباری ئەمەش، ماڵباتەکان و سامانەکانیان بەموڵکی شار دادەنرێن.[8]

ئەرستۆش بە روونی هەمان ڕوانگە دووپات دەکاتەوە: (نابێ پێمان وابێ کە باژێڕی خودانی خۆیەتی، بەپێچەوانەوە، هەموو شتێک لەو سۆنگەیەوە هیی شارە کە هەرکەس بە بەشێک لە شار دادەنرێ و پەرۆشی و خەمی هەر بەشێک، پەرۆشی و خەمی گشتین)[9] پلوتارک مێژوونووسی ناوداریش لەمەڕ سپارتاوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە تاک موڵکی شارە: (هیچ کەسێک ئازاد نەبوو تا بەویستی خۆی بژیێ، شار وەک ئۆردووگایەک وابوو کە مرۆڤەکان تێیدا جۆرە ژیانێکی قانوونمەندیان دەرباز دەکرد و بەکاروباری گشتییەوە خەریک دەبوون. ئەوان بەتەواوی قەناعەتیان بەوە هێنابوو کە موڵکی خۆیان نین بگرە موڵکی نیشتمانەکەیانن).[10] کەوابوو بیاڤی تایبەت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە بیاڤی گشتی بەدی نەدەکرا. یاخۆ دەکرێ بڵێین، سنوورێک لە نێوان ژیانی تایبەت و ژیانی کۆمەڵایەتی، لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و هەروەها لە نێوان باژێڕی و تاکدا نەبوو.

لە سەدەی نۆزدەمدا (فوستل دوکولانژ) پێی لەسەر ئەو ڕاستییە داگرت و ئەو هەڵەیەی بەوردی ڕاست کردەوە کە زۆرجار لەمەڕ دەوڵەتشارەکانی یۆنانی و ڕۆمی و هەروەها لەبارەی ئازادیی خەڵک لە دەوڵەتشارەکاندا، تێی دەکەوتن. ناوبراو لە فەسڵێکی گرینگ لە کتێبی دەوڵەتشاری کۆن (١٨٦٤) ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە سۆنگەی تۆتالیتاریزمی دەوڵەتشار و زاڵبوونی ڕەهای بەسەر ئەندامەکانیدا، (پێشینیان نامۆ بوون ـ ئازادی).[11]

دیارە کە لە رەوشێکی ئەوتۆدا (ئازادیی تاکەکەسی نەدەکرا هەبێ. باژێڕی لە تێکڕای

دۆخەکاندا و بێ ئەملا و ئەولا گوێڕایەڵی دەوڵەتشار بوو و سەروماڵی هی ئەو بوو.[١٢] (فوستل دوکولانژ) بەڕوونی ئەوە دەسەلمێنێ کە چۆن دەوڵەتشار دەسەلاتی خۆی لە هەموو رووبەکەوە بەسەر ئەندامەکانیدا دەسەپاند و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پێشینیان (خەڵکی دەوڵەتشارەکان) نە لە ئازادیی تایبەت تێ دەگەیشتن و ئازادیی پەروەردە و نە ئازادیی ئایینیان دەناسی.[١٣]

بۆیە لە دەوڵەتشاری کۆندا، مرۆڤ بەتەواوی نامۆ بوو بەئازادیی تاک و (تەنانەت بیریشی بەلایدا نەدەچوو) لە ڕاستیدا فەرقی نەدەکرد فۆرمی حکومەت چ بێ (پاشایەتی، ئاریستوکراتی یا دیموکراسی) لە هیچ کام لەمانەدا ئازادیی تاک جێی نەدەبووەوە: ئەوەی کە ناوی ئازادیی لێ نرابوو لە ڕاستیدا سوودوەرگرتن لە مافی سیاسی، دەنگدان، هەڵبژاردنی کاربەدەستان و هەروەها ڕەخسانی بوار بۆ گەیشتن بە پلە و پایەی گشتی بوو؛ بەلام لەلایەکی ترەوە، مرۆڤ بەکۆیلەی دەوڵەت دادەنرا[١٤] (فوستل دوکولانژ) ناوەڕۆکی تۆتالیتاریستیی دەوڵەتشاری کۆن دەگەڕێنێتەوە بۆ لایەنە پیرۆز و ئایینییەکەی. شەنگستی دەوڵەتشار لەسەر ئاین دانرابوو و پشتی پێی قایم بوو: (ئەم دوو هێزە هاوشان و لێکئالاوە، دەسەلاتێکی کەموزۆر بان مرۆڤییان پێک هێنابوو کە سەروگیانی مرۆڤەکانی کۆت کردبوو).[١٥] دەوڵەتشار خاوەن ئۆتۆریتەیەکی ڕەها و پیرۆز بوو و تاک بەتەواوی گوێڕایەڵی بوو. لە ئەنجامدا گومانکردن لە ئاین ڕاست بەمانای زیانگەیاندن بەشار و کەتنێکی گەورە لێک دەدرایەوە.

هەندێ لە نووسەرانی هاوچەرخیش وێڕای زیادکردنی چەند پەراوێزێک بۆ پێگەی تاک یاخۆ روونتر بڵێین: باژێڕی لە دەوڵەتشاری کۆندا، بۆچوونەکانیان لەم بارەیەوە وەک یەکن. لەوانە (پان. ژ. زیوس) ئاماژە بەو خاڵە دەکا کە لە یۆناندا (سنووری ئازادیی باژێڕی لەلایەن باژێڕیانەوە دیاری دەکرا: (ئازادیی تاکەکەسیی باژێڕی لە هەمبەر یاسای شاردا، کە قازانجی گشتیی دەپاراست و دەربڕی دەسەلاتی دەوڵەت بوو، سەری دەچەماند)[١٦] هەروەها لە ڕۆمیشدا هەرچەند ماف رووبەکی تاکگەراییی پێوە بوو، بەلام بەتوندوتۆڵی بەدەسەلاتی سیاسییەوە گرێ درابوو: (ڕاستە کە گیانێکی تاکگەری بەبەر سەرجەم یاساگەلی ڕۆمادا کرابوو (...) بەلام ئەم مافە تاکگەرییانە نە لە ئۆتۆریتەی دەوڵەت جوێ دەکرانەوە و نە لە هەلومەرجی کۆمەلایەتی)[١٧]

(هانری ڤان ئیفەنێتر)یش هەر وای بۆ دەچوو کە لە ئەسینای دیموکراتێکی سەردەمی پریکلیس، (ئازادی (eleuthenia)، ئەندامەتی لە دەوڵەتشار (politea) بەکردەوە تێکەڵ بووبوون (...) باژێڕی لە ڕێگەی دەوڵەتشاری خۆیەوە، دەبووە خاوەن ماف»[١٨] دیارە ناوبراو ئەم خاڵەش پشتڕاست دەکاتەوە کە لە چەرخی هلنیستیدا سنووری نێوان مافەکانی تاک و مافەکانی باژێڕیدا بەرەبەرە دەرکەوت. بەم ڕەنگە، گەرچی لە دەوڵەتشارە کۆنەکانی بەر لە سەدەی پێنجەمی زایینی هەندێک لە گرووپە کۆمەلایەتییەکان سوودمەند بوون لە مافەکانی تاک، بەلام هێشتا ژیانی گشتی و ژیانی تایبەت لێک جوێ نەکرابوونەوە: (هەرچەند لەناو دەق و بابەتە یاساییەکاندا جۆرە جیاوازییەک لە نێوان دوو بیاڤی گشتی و تایبەتدا هەست پێ دەکرا، بەلام نابێ پێمان وابێ کە ئەم

جیاوازییە لە بیاڤی تایبەتدا، لە کاتی پێویستدا لە هەمبەر دەسەلاتی سیاسیدا، بەرەڤانیی لێ کراوە)[١٩]

٢ـ ململانێی تاک لەگەڵ دەوڵەتشاردا: شۆڕشی سوکرات

بەسەرهاتی سوکرات بەجوانی دەربڕی ناوەڕۆکی دەوڵەتشاری کۆنەو بەرەنگێکی دڵتەزێن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە تاک لە بەرامبەر دەوڵەتشاردا هیچ چەشنە ئۆتۆنۆمییەکی نەبووە. ئەم بەسەرهاتە لەم ڕووەوە پتر دەبێتە مایەی بەرچاوروونی کە موحاکەمەکەی سوکرات، لە ساڵی ٣٩٩ پ.ز، لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە دیموکراسی لە ئەسینادا ساوکە بووبوو. لە ڕاستیدا بۆیە ئەم فەیلەسووفەیان سەرکۆنە دەکرد چونکە تاوانێکی لە هەمبەر ئاینی دەوڵەتشاردا و هەر بەم پێیەش دژی دەوڵەتشار ئەنجام دابوو. لە ڕاستیدا سوکرات بەوە تاوانبار دەکرا کە باوەڕی بەخواکانی دەوڵەتشار نییە و کۆمەڵێک خوای نوێی لێ زیاد کردوون و هەروەها وەک تێکدەری مێشکی لاوان (گوایا ئەوانی لە پەرستنی خواکانی دەوڵەتشار هەڵدەگەڕاندەوە و دەیکردنە باژێڕییەکی نالەبار و دژەنۆرم). لە ڕاستیدا لەبەر ئەم دوو فاکتەرە کە گەلێک مەترسیدار بوون، پاش موحاکەمەیەکی ئاسایی و دیارە بەزۆرینەیەکی لاواز (٢٨١ دەنگ لە کۆی ٥٠٢ دەنگ) سوکراتیان بەمردن مەحکووم کرد.

سوکرات (هەروەک شوێنکەوتووانی واتە ئەفلاتون و زینەفۆن، لێی دەگێڕنەوە) ملی بەتۆمەتی باوەڕنەبوون بەخواکاندا نەکرد. بگرە، بەپێچەوانەوە ڕای گەیاند کە بڕوایەکی قووڵی، پێیان هەیە.[٢٠]

ناوبراو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی، سرووش (وەحی)ی خوای (دلف)ی بەبەڵگە هێنایەوە کە ئەرکێکی پێ سپاردبوو و دەبوو جێبەجێی کردبا. بەم شێوەیە سوکرات وێڕای وەفاداری بەخواکانی ئەسینا، باوەڕیشی بەخوایەکی بیانی هەبوو کە لە خواکانی ئەسینا بەمەزنتری دەزانی. بۆیە لەم سۆنگەیەوە لۆمەیان دەکرد کە باوەڕی بەخوایەکی بیانی هێناوە و داوای دەکرد لە جێی خواکانی شار دابنرێ. کە دیارە ئەمە بەکەتنێکی گەورە دژی شار دادەنرا. لە ڕاستیدا، سوکرات بەم کارەی خۆی، ڕێگەی خۆی لە ڕێگەی خەڵکی ئەسینا جوێ کردەوە و خوایەکی بیانیی کردە سەرچاوەی سرووش بۆ خۆی. ناوبراو پەنای بردبووە بەرخوایەکی تایبەت بەخۆی جیا لە خوا فەرمییەکان کە بەناردنی ڕاسپاردەیەکی کەسانی، ئەرکێکی تایبەتی بەناوبراو سپاردبوو. دەبێ ئەوەش بزانین کە سوکرات نە دەیویست ڕۆڵێکی کۆمەلایەتی بگێڕێ و نە لە هەوڵی ئەنجامدانی چالاکییەکی کۆمەلایەتیشدا بوو. لە ڕاستیدا، ناوبراو وەک کەسێکی جیاواز لە شار دەجوولایەوە و سەلماندنی خوازیاری بوونێکی سەربەخۆ بوو. لەبەرئەوەی کە ئەم دۆخە بەدۆخێکی کەسانی دادەنرا و هەروەها ململانێش بوو لەگەڵ شاردا، بەشار هەرس نەدەکرا.

ئەرکی پێسپێردراو بە سوکراتیش هەر بەهەمان شێوە لێک دەدرایەوە، چونکە لەسەر بنەمای ڕامانێکی تایبەت و کەڵکوەرگرتن لە ئاوەزە ڕەخنەگرانەکەی بوو. فەیلەسووفی ناوبراو

بەپشتبەستن بە سرووشە یەزدانییەکەی، ڕاشکاوانە بە قازییەکانی گوت: (یەزدانێک ئەو ئەرکەی پێ سپاردم کە لە ڕێی فەلسەفەوە و هەروەها بەگەڕانەوە بۆ ناخی خۆم و کەسانی تر بژیم)[٢١] لە ڕاستیدا، سوکرات بەم جۆرە، بڕوای بەپێویستیی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی یەزدان هێنابوو و هێزێکی دەروونی دەیبزواند، دەستی کرد بەبیرکردنەوە و داوەریکردن بەپشبەستن بەهزری خۆی. ئەوجار بۆی دەرکەوت کە داناییی ڕاستەقینە بریتییە لە هەستکردن بە ناوشیاریی خۆ و ناسینی ئاستەنگەکانی بەردەم داناییی خۆ.

ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە زۆربەی باژێڕییەکان کە شانازی بەداناییی خۆیانەوە دەکەن، لە ڕاستیدا بێبەشن لە دانایی: (بە تاقیکردنەوەی بەناوبانگترینیان بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەو یەزدانە، (بۆم دەرکەوت کە بێجگە لە کەسانێکی ڕیزپەڕ، سەرلەبەری خەڵک خەریکن بەلاریدا دەڕۆن، لە کاتێکدا کە کەسانی تر (هەر ئەو ئەوانەی کە زۆرجار بە بۆرە خەڵک دادەنرێن) بەلای منەوە بە ئاوەزترن)[٢٢] سوکرات سەرەتا ڕاستیی ئەم بۆچوونەی خۆی لەمەڕ سیاسەتوانان و پاشان لەمەڕ شاعیران و سەنعەتکاران سەلماند و بەم کارەشی زۆر کەسی کردە دوژمنی خۆی. بێجگە لەم کەسانە، ناوبراو هەروەها بە شک و گومانەوە سەیری نەریتە باو و بەها چەسپاوەکانی دەکرد.

لە ڕاستیدا سوکرات دەستی دایە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتشارێک کە کۆڵەکەکانی لەرزۆک بووبوون و مانەوەی کەوتبووە مەترسییەوە، زێدەباری ئەمە، لەناو لاواندا لایەنگری بۆ خۆی پەیدا کردبوو، کە وەدووی دەکەوتن (تۆمەتی لەخشتەبردنی لاوانیش هەر لەم سۆنگەیەوە بوو). لە ڕاستیدا، لە ڕێی بیرکردنەوەی فەیلەسووفییانە خۆیەوە، واتە ئازادیی هزرکردنەوە و دانانی نیشانەی پرسیار لەسەر هەموو شتێک، داوای مافی ژیانی وەک تاک (لە هەمبەر شاردا ئەگەر پێویستیشی کردبا دژی شار) دەکرد. لە ڕاستیدا، ناوبراو، لە ڕێی هزرە ئازاد و ڕەخنەگرانەکەیەوە، خۆی لە شار جوێ کردەوە و لە چوارچێوەی باژێڕییەکدا قەتیس نەما و بەم جۆرە بووە خودان کەسیەتییەکی سەربەخۆ.

لە ڕوانگەی سوکراتەوە، ئەم ئامانجە، ئامانجێکی ڕەها بوو. چونکە لەلایەکەوە لە دەرەوەی بازنەی شاردا بوو و لەلایەکی ترەوە نەدەکرا وازی لێ بهێنرێ. لە ڕاستیدا سوکرات، بە چ ئاوایەک ئامادە نەبوو واز لە ڕامانی فەلسەفیی خۆی بێنێ. چونکە ئەمە تەنیا بەمانای حاشاکردن لەخۆ و وازهێنان لە گەڕان بەدوای داناییدا بوو. ناوبراو تەنانەت پێشی وابوو کە ئەرکەکەی سوود و قازانجێکی زۆری بۆ شار هەیە و بۆیە دەیگوت: (پێم وایە کە شار تا ئێستا هەلێکی باشتر و لەبارتر لەم جۆش و خرۆشەی منی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە، بۆ هەڵنەکەوتووە)[٢٣]

لایەنی ڕەهای ڕوانگەکەی سوکرات، بە دوو شێوە پشتڕاست کرایەوە: یەکەم بە لە ئامێزگرتنی مەرگ و دووەم گەڕانەوە بۆ فەرمانی یەزدانی. لە ڕاستیدا، سوکرات لەلایەکەوە مەرگی پێی باشتر بوو تا وازهێنان لە ئەرکەکەی. بۆیە لە مردن نەدەترسا، لە کاتێکدا کە کەس نازانێ مەرگ چییە و

ئاخۆ چاکە یا خراپ. بەهەرحاڵ، سوکرات قەد درۆنگ نەبوو لەوەی کە ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە و بەپیری مەرگەوە بچێ تا بایەخ و بەهای بێ هاوتای هزری کەسانی، لە هەمبەر جیهان و شاردا بسەلمێنێ. لەلایەکی ترەوە سوکرات بە پاساوهێنانەوە بۆ تێهەڵڕوانیینەکەی خۆی، پشتی بەیاسای یەزدانی دەبەست. چونکە پەیامێکی ئاسمانی بوو و بەسەر ناوبراویشدا هەروەک کەسانی تر دەسەپێنرا، نەیدەتوانی سەرپێچیی لێ بکا. بەم جۆرە سوکرات بەبانگەوازکردن بۆ ئاسمانیبوونی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکەی، لە ڕاستیدا، لەلایەکەوە پێی لەسەر پیرۆزبوونەکەی داگرت و لەلایەکی ترەوە دژایەتیکردنیشی بەئەستەم زانی. هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە زۆر ڕاشکاوانە بە قازییەکانی وت: (ئەمن پتر گوێڕایەڵی یەزدانم تا بڕیارەکانی ئێوە، کەواتە دڵنیا بن کە تا دوا هەناسەم و بەوپەڕی تواناوە خەریکی ڕامانی فەلسەفی، وشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی هەر کام لە ئێوە دەبەم، کە لەگەڵمدا هاوبیر بێ)[٢٤]

لە ڕاستیدا سوکرات بەم هەڵوێستەی بۆ چەسپاندنی ویستی ئازاد و کەسانیی خۆی و هەروەها دیارکردنی سنوورێک لە نێوان خۆی و بازێرییەکاندا خەباتی دەکرد، ئەمەش ڕاست بەمانای بەرەنگاربوونەوەی یاسا و ڕێساکانی دەوڵەتشار بنکۆڵکردنی بنەماکانی و هەروەها هەڕەشەیەکی جیدیش بوو کە لێی دەکرا.

لە ڕاستیدا باس باسی ململانەی قووڵی نێوان تاک و شار بوو، ململانەیەک کە تاک تێیدا بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی ژیان و بیرکردنەوە خەباتی دەکرد و شاریش ئامادە نەبوو ئەم مافە تێکدەرانەیەی بداتێ. ئەم ڕاستییە پاساوێکی بەهێزە بۆ سەپاندنی حوکمی مەرگ بەسەر سوکراتدا و هەروەها ژار دەرخوارد دانی، واتە سڕینەوەی فیزیکی و هەردەمیی ناوبراو لە شاردا. زێدەباری ئەمانەش دەبێ ئەوەش بزانین کە سەپاندنی بڕیاری مەرگ بەسەر ناوبراودا نەک بە کۆی دەنگ، بگرە بەزۆرینەیەکی لاواز پەسند کرا و ئەمەش بۆ خۆی ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ئەسینای ئەو کاتدا، کەمینەیەکی بەرچاو لەگەڵ ڕوانگەکانی ناوبراودا بوو یا لانی کەم بەشتێکی گونجاو لەباری دەزانی بۆ شار.

سوکرات کە خۆی بەتاوانبار نەدەزانی، لەسەر حوکمە بەسەردا سەپێنراوەکەی نەچوو (لە کاتێکدا کە بەپێی یاسا ڕێگەی پێ درابوو) و داواشی نەکرد کە بکرێ بەدوورخستنەوە. هەروەها ئامادەش نەبوو ڕابکا، سەرەڕای ئەوەی کە دەکرا بەیارمەتیی هەڤاڵەکانی ئەم کارە بکا. زێدەباری ئەمە، جێبەجێکردنی حوکمەکە ـ (خواردنەوەی ژار) پێویستی بەبەشداریی چالاکانەی ناوبراو بوو؛ چونکە وا لە ناوبراو دەکرا کە بەدەستی خۆی ژیانی خۆی بسڕێتەوە. ئەم کارەی سوکرات تەنیا بەڕواڵەت سەیرە، چونکە دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ناوبراو لە مەرگ کە لەوانە بوو چاکە بێ، نەدەترسا: بەتایبەت بەئامێزگرتنەوە بۆ مەرگ، بوونی خۆی وەک تاک لە هەمبەر شاردا سەلماند و ئەمەیشی بەشێوەیەکی بێ بەند و هەڵوەشانەوە هەڵنەگر، ڕاپەڕاند. دیارە پابەندیی ناوبراو بەیاساکانی شارەوە، بەو پێیەی کە بۆ خۆی خستبوونیە ژێر پرسیارەوە، شتێکی سەیرە، بەڵام

دەبێ ئەمە لە سۆنگەی ئەو ڕاستییەوە بزانین کە ناوبراو جگە لەمە ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نەبوو. دیارە کە سوکرات نەیدەتوانی یاسا و ڕێساکانی ئەسینا بگۆڕێ و ئەگەر پەنای وەبەر هەر شارێکی تر بردبا، ئاش هەمان ئاش و کاسە هەمان کاسە بوو، دۆخەکە هەر یەک شت بوو. بۆیە وای بەباش زانی لە ئەسینا بمێنێتەوە و بڕیاری مەرگەکەی قبووڵ بکا، تا بەم جۆرە وەفاداریی خۆی بەخۆی بسەلمێنێ و ئەرکەکەی خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکا. سوکرات بەمەرگی خۆی بوو بە سیمبۆلی تاکێک کە بوونی سەربەخۆ و جیاوازی خۆی لە شار سەلماند و تێدا ژیا. بێگومان ئەم فەیلەسووفە گیانی خۆی لە پێناوی ئەم بەها بەرزەدا دانا. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە مەرگی ناوبراو نیشانەی دۆڕان و دەستەوەستانیی دەوڵەتشار بوو، چونکە توانی بەم هەڵوێستەی خۆی بوونی کێماسییەکی سەرەکی، واتە دەستەوەستانی دەوڵەتشار لە بە فەرمی ناسینی مافی تاک، بسەلمێنێ. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم کەموکورتییە لە ئەسینادا دەرکەوت کە هەرچۆنێک بێ، خاوەنی سیستەمێکی دیموکراتیک بوو و سوکرات تێدا خاوەنی کۆمەڵێک ئیمتیاز بوو. بێگومان ئەم کەموکورتییە بەزیادیشەوە لە دەوڵەتشارەکانی تری یۆناندا و بەگشتی لە دەوڵەتشارە کۆنەکاندا بەدی دەکرا.

(فوستل دوکولانژ)یش، تێهەڵڕوانینەکەی سوکرات هەر بەم شێوەیە لێک دەداتەوە وێڕای ئاماژە بەبنچینەی ئایینی دەوڵەتشاری یۆنانی، لایەنە داهێنەرانە و تەنانەت ناڕەزامەندانەکەی دەسەلمێنێ. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، لە ڕاستیدا سوکرات ترادیسیون و داوونەریتی سەپێنراوی ئایینی ڕەت دەکردەوە و بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی و هەروەها چاکەکاریدا، ویژدانی خۆی دەکردە سەرپشک: «ناوبراو هەقیقەتی بەبانتر لە داوونەریت و هەروەها دادپەروەریی لە سەروو یاساوە دانا، ئەخلاقی لە کۆتی ئاین رزگار کرد و (...) سەلماندی کە پرەنسیپی ئەرک، لە دەروونی مرۆڤەوە هەڵدەقووڵێ. ناوبراو بەم هەڵوێستەی خۆی، ویستبێتی یان نا، لەگەڵ ترادیسیۆن و ڕێساکانی شاردا کەوتە شەڕەوە و ئاینێکی جیاوازی داهێنا»[٢٥].

بەڵام (فوستل دوکولانژ) ئاماژە بەو خاڵە ناکا کە سوکرات کە سەربەخۆیی تاک و ئازادیی بیرکردنەوەکەی ڕاگەیاندووە، کەچی پێیەر هادوو لەم دواییانەدا ڕای گەیاندووە کە (سوکرات بەیەکەم کەس دادەنرێ لە مێژووی فیکریی ڕۆژئاوادا)[٢٦]. ناوبراو پێی وایە بەم هەڵوێستەی سوکرات، لە ڕاستیدا تاک سەربەخۆیی خۆی لە ئاست شار و ململانێ لەگەڵ شاردا چەسپاند: (کاکڵ و گەوهەری موحاکەمەکەی سوکرات ئەوەیە کە خەمی چارەنووسی تاک تاووتێ دەدا بە ململانێ لەگەڵ دەوڵەتشاردا)[٢٧]

بەسەرهاتی سوکرات، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دەوڵەتشاری کۆن دەردەخا و بەڕوونی نیشان دەدا کە ئەم دەوڵەتشارە لە توانایدا نەبوو دان بەئازادیی تاک و بوونی سەربەخۆیدا بنێ. دەوڵەتشاری کۆن (تەنانەت دیموکراتیک) نە جیاوازیی نێوان بواری گشتی و بواری تایبەت و هەروەها نەسنووری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی دەناسی و نە قبووڵیشی دەکرد. بەم جۆرە

پێناسەی دەوڵەتی بەر لە مۆدێرن، واتە جڤاتی باژێڕییان کە تاک تێیدا بوونی سەربەخۆی نییە، بەتەواوی پڕ بەپێستیەتی. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەسینا بەسەپاندنی حوکمی مردن بەسەر سوکراتدا، تەنیا بە داکۆکیکردن لە دین دانەکەوت، بگرە لە ڕاستیشدا مۆدێرنیتەی سیاسیی رەد کردەوە. لە ڕاستیدا دیموکراسیی ئەسینا کەوتە بەرەی دژایەتیکردنی بۆ وەدیهاتنی مۆدێرنیتەی سیاسی و ڕاشکاوانە دژی وەستایەوە و بێگومان جگە لەمە ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نەبوو. دەبێ وەک نموونەیەک، سەیری ئەم ڕوانگەیەی ئەسینا بکەین، چونکە ئەوە دەسەلمێنێ کە بەگشتی دەوڵەتشارە کۆنەکان نامۆ بوون بەمۆدێرنیتەی سیاسی. ئێستاش کاتی ئەوەیە بپرسین ئاخۆ مەسیحیەت لەم ڕووەوە توانی گۆڕانکاری پێک بێنێ؟ ئەمەش پرسیارێکە کە دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

پەراوێزەکان:

1- Cf. société Jean Bodin, Lüdividu face au Pouvoir, 1er Partie, Antiquité, Bruxlles, De Boeck, 1989, 160 p.

2- Claude Mossé, Le citoyen dans la Gréce antique,Paris, Nathan, 1993, 128 p. et Politique et société en Gréce ancienne, Le “modéle” athénien, Paris, Aubier,1995, 244 p.

٣- ئەرستۆ پێی وایە باژێڕی لە ڕێی (بەشداریکردن لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی قازی و کاربەدەستانەوە) پێناسە دەکرێ، یا ڕوونتر بڵێین، باژێڕی کەسێکە کە (هەلی بەشداری لە دەسەڵاتی دادوەری و ڕاوێژکاریی بۆ رەخسابێ (سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن)

Aristote, Politique, liv. III,chap. 1, Paris, Les Belles Lettres, t. II, 1er Partie, 1971, P. 53- 54.

4- Platon, Les lois, liv. VIII, 764 d. Œuvres complétes, Paris, Las Belles Lettres, 1956, t. XII, 1er Partie, p.91.

5- Cf.Politique, liv. VII, chap. 9, op. cit.,t.III 1er partie, 1986, p. 80.

لە ڕوانگەی ئەرستۆوە (مرۆڤ بەسروشتی خۆی گیاندارێکی سیاسییە)، واتە لە شاردا دەژی و تەنیا لە شاردایە بواری پێگەیشتنی بەتەواوی بۆ خۆش دەبێ.

ibid., liv. I, chap. 2,op. cit., t. I, 1968, p. 14.

6- Cf. Les Lois, liv. VII, 804 d, op. cit., p. 35.

7- Cf. politique, liv. VIII, chap. 1,op. cit.,t.  III, 2e partie, 1989, p. 28.

8- Cf. Les Lois, liv. XI, 923 a, op. cit., XII, 2e Partie, 1956, P. 23.

9- Cf. Politique, liv. VIII, chap. 1, op. cit., t.III, 2e Partie, 1989, p. 28 - 29.

١٠- ئەرستۆ هەروەها دەڵێ: (دیارە کە (...) شار لە سەرووی ماڵبات و هەریەک لە ئێمەوەیە، چونکە بەناچاری گشت لە پێشەوەی بەشە (...) کەوابوو ڕوونە کە شار بەشێوەیەکی سروشتی لە گۆڕێدایە و لە سەروو تاکەوەیە)

.ibid., liv. 1, chap. 2, op. cit., t. I, p. 15

11- plutarque, Lycurque, 24, in vies, partis, Les Belles, 1975, t. I, p. 155.

12- La cité antique, Hachette et Cie, 1879, liv. III, chap. 18, p. 265- 269.

13- Ibid, p. 265.

14- Ibid, p. 268.

بەتایبەت (ئازادیی بیرکردنەوە لەمەڕ ئاینی شار بۆ خەڵکی دەوڵەتشارەکان، بەتەواوی شتێکی نامۆ بوو).

15- Ibid, p. 269.

لە ئەنجامدا، لە سەردەمانی کۆندا، هیچیان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ نەدەزانی و ئەمەش شتێکی سەیر نییە. لەم بارەیەوە سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن:

Michel Villey, Le droit et les droits de l'homme, Paris, PUF, 1983, p. 81-104.

16- La cité antique, op. cit., p. 256.

17- Pan J. Zepos, "L'individu face au pouvoir dans le monde antique gréco - romain" in l'individu face au pouvoir, 1er partie Antiquité, op. cit., p. 89.

18- Ibid., p. 91-92.

19- Henri van effenterre, "Les degrés de la liberté dans les cités grecques",in L'individu face au pouvoir,1er partie, Antiquité, op. 97-98.

20- Ibid., p. 102-103.

٢١- بەبۆچوونی ئەفلاتون، سوکرات بەدادوەرەکانی وت: هەرچەند هیچ کام لە بوختان پێکەرانم، بڕوام پێ ناکەن، بەڵام من باوەڕم بەخواکان هەیە (سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن):

Apologie de Socrate, Œuvres complets, paris, Les belles letters, t. I. 1963. p. 265.

هەروەها زێنەفۆن دەڵێ: (سوکرات زۆر دژی ئەوە بوو کە بە لە دیندەرچوو و ستەمکار لە قەڵەم بدرێ) سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

Apologie de Scorate, Œuvres, paris, Garnier-Flammarion, 1967, t. III, p. 265.

22- platon, Apologie de Scorate, op. cit., p. 155.

23- Ibid., p. 146.

24- Ibid., p. 157.

25- Ibid., p. 156-157.

26- La cité antique, op. cit., p. 420.

27- pierre Hadot, Eloge de Scorate, paris, Allia, 1998, p. 39.

28- Ibid., p. 33.

* وشەی (باژێری) بەمانای (شهروند)ی فارسی بەکار هاتووە، وەرگێڕ پێی وایە ئەم وشەیە بۆ پێناسەی دەوڵەتشارە کۆنەکانی یۆنان و ڕۆما لە وشەی هاووڵاتی گونجاوترە.

باربیه، موریس، مدرنیتەی سیاسی/ موریس

باربیه، ترجمەی عبدالوهاب احمدی (تهران) آگه ١٣٨٣

چاپ یکم



# شێوەکار ڕێبوار سەعید

ئامادەکردنی: ئاغالە

ئەو شێوەکارێکی ناسراو و کارایە لە کوردستان و دەرەوە بەبێ وەستان بەبێ وچان بیست و حەوت ساڵە دەبزوێ.

کاک ڕێبوار شێوەکارێکی داهێنەرە بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆژەی هونەری بەشێوەی نوێ و کۆکردنەوەی زۆرترین بیرو ئەندێشەی هونەرمەندان لە پرۆژەیەکدا .

ڕێبوار بە زۆر شێواز کەرەستە دروێنەی کردووە، بە دار و بەرد و ڕەنگ، ئازادیێکی ئەوەندە نوێخوازانە و بەربلاوی بۆخۆی دابینکردووە کە ئەوە بووەتە ئەفراندنی شێوەی نواندن و ماتریالی لەیەکنەچوو.

کارەکانی ئەو پڕن لە فیگەری کورد لەگەڵ باڵندە سەرلێشێواوەکان فیگەرەکانیش هەر بەو شێوەیە گرفتاری ژیان هەژاری چەوسانەوە و نەداری بێکەسی و تەنیایش گیان و ژیانی وا لێ کردوون کۆببنەوە و خۆیان بەسەر یەکدابدەن.

زۆر لە فیگەرەکانی ئەو لە بریندار و کەمئەندام دەچن و فیگرەکانی وا ڕاهێناوە بەو خووەی گرتوویانە کۆماونەتەوە و وەک عەمبال باریان لەسەر شان بێ و لە لاتەنیشتەوە بڕوانن و ئەرکی ژیان لە بنی هێنابن، فیگەرەکانی ناو کارەکانی تەکوینێکی دینامیکیان هەیە و بە هێڵی ڕەش و گەورە هێڵی دەرەوەی فیگەرەکان بنیات ناوە.

کاک ڕێبوار سەرەتای نیگارکێشانی بە ڕەنگی ڕەش بووە و ژیانی ناو پێشمەرگایەتیش بەشێک بووە لەو کەشی کارکردنە کە هۆی خۆی هەیە وەک نەبوونی شوێن و کەرەستەی نیگارکیشان و قوماشی ئامادەکراو بۆ نیگارکێشان هۆکارن بۆ شێوەی کارکردن بە قەڵەم یەک فلچە و کاغەزی بچووک و بابەتی ئەندێشەداری ( تعبیری ) بکێشێ............ هەروەها ژیانی بێهوودە و تەنیا

دیاربوونی ئاسمانی بە ڕۆژ ڕوون و بەشەو تاریک پاڵنەر و وروژێنەری شیعر بووە، کە ناوبراو بە چەندان کیلۆ کاغەز شیعری نووسیوە کە تا ئێستاش کاریگەری شیعر و وشە باڵی بەرنادا. هەر ئەوەشە ڕێبوار زۆر لێهاتووانە دەزانێ مۆتیف بۆ کاری وێژەی بکات وە چەند پرۆژەیەکی شیعر و تابلۆی بەیەکەوە ئەنجام بدا.

فیگەرەکانی لە فیگەری بیکاسۆ دەچن بە تایبەت پۆرترێتەکانی و شێوەی دابەشکردنی کارەکانی بە کەرەستەی جۆراوجۆر بە ڕەنگی چەور بە سیرامیک بەگرافیک بە کۆلاج بەلکاندنی کار بەسەر کارەوە.

هەندێ لە فیگەرەکانی وەک فیگەرەکانی شاگال لە بۆشاییدا دەفڕن. ناوەڕۆک لە کاری ئەو شێوەکارەدا بە کێشی شکڵ و تەکوین وابەستەی یەکن

ئەو نیگارکێشێکی ئەکادیمیی بەهێز نییە بەڵام شێوەکارێکی بەهزری پڕ ئەفراندنە.

لە ساڵانی نەوەتەکان لە بەریتانیا ڕێکخراوی (باڵندە بارانی) دامەزراند لەگەڵ چەندان هونەرمەندی بێگانەدا. کە بیرۆکەکەی لەوە وەرگرتووە لە کاتی کیمیابارانی ناوچەی سەرگەڵو بە سەدان مل و باڵندەی بەستەزمان بەمردوویی دەکەونە خوار. هەروەها ناسراوترین پرۆژەی شێوەکار

(پۆرترێتی پێنج هەزار)ی شەهیدانی هەڵبجە بوو کە لە چەندان شوێنی دنیا نمایشی کردبوو لە ساڵی ٢٠٠٤ هێنایەوە بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و لە پاش چەند ساڵێ لەوێ خەڵکی تووڕە و سوتاندیان لە ١٦-٣-٢٠٠٩، ئەو پرۆژەیە سووتا و لەگەڵ سەدان کاری تری کە لە پرۆژەی (کۆراڵێ لە ڕەنگ) کە ٦٥ شێوەکار تێیدا بەشدار بوون و ئەو کارانەش بوونە قەرەبووت.

کەسایەتی ڕێبوار کەسایەتییەکی ڕاست و ڕەوان و سادەیە و پێوەندی لەگەڵ ئەودا هەستکردنە بەئارامی و بەخشینیی سۆز و ڕۆشنییرییە ئەگەر مانگێ لەگەڵ ڕێبوار بگوزەرێنی و گفت و لفت بگۆڕیتەوە بەشێوەیەک سوود و چێژ و تێگەیشتن وەردەگری کە بەسەدان پەرتوکت خوێندبێتەوە. واتە ئەو شێوەکارێکی ڕۆشنبیر و وەستایە لە کاری خۆی و لە دنیادا.

مەبەستمە بڵێم ڕبوار سەعیدی نیگارکێشێکی سەرکەوتووە لە سەر ئاستی کورد و لەنێو هەندێ کۆمەلی ئەوروپایشدا.



ئەکریلیك لەسەر کانڤاسی ٢٠٠٩ ٤٠×٣٠سم





٢٠١٠ ٢٧×٢١سم



٢٠×٢٠سم ئەکریلیک لەسەر کانڤاسی ٢٠٠٧



ئەكريليك لەسەر كانڤاسی ٢٠٠٩ ١٠٠×٢٥٠سم



ئەکریلیك لەسەر دار



٣٠×٣٠سم ئەکریلیک لەسەر کانڤاسی ٢٠٠٩



٧٠×٥٠سم ئەكريليك ٢٠٠٨



كلای ۲۰۰۸ ۱۵×۳۰سم



کلای ۲۰۰۸ ۱۵×۳۰سم



۱۵×۳۰سم

کلای ۲۰۱۰



بەشێوەیەکی دیجیتال دروست کراوە ٢٠٠٨



بەشێوەیەکی دیجیتاڵ دروست کراوە  ٢٠١٠



بەشێوەیەکی دیجیتال دروست کراوە ٢٠١٠




٢٠٠٧



٢٠١٠

# میتۆلۆجیای زەرڤان
# "ئەفسانەی ئەفراندن"

زۆر کۆن، لە خاکی کوردستاندا خواوەندێکی ئەو سەردەمانە پەرستراوە، ناوی زەرڤان بووە. ئەم باوەڕەی، بەڵگەیەکی زۆری نووسراوی لەبارەوە هەیە، "ئەنزیک"ی نووسەری ئەرمەنیش لەم بارەیەوە نووسیویەتی. لە یەکێک لەو بەڵگە نووسراوانەیدا میتۆلۆجییەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە.

بەر لەوەی هیچ شتێک هەبووبێ، نە ئاسمان و نە گێتی و نە هیچ بوونەوەرێک هەبێ، لە ئاسمان و لە سەر زەویندا شتێک هەبووە ناوی زەرڤان بووە. ئەمە، واتای بەختیاریی چارەنووسی دەگەیاند. ئەو بۆ هاتنە بوونی کوڕێکی بە ناوی ئاهوورامەزدا (هورموز)ەوە، بە درێژاییی هەزار ساڵ قوربانیی داوە.

بەمجۆرە ئەوکوڕەی بە ناوی ئاهورامەزداوە کە دێتە بوون، زەوی و ئاسمان و هەرچییەک هەیە دەئەفرێنێ. دوای هەزار ساڵی قوربانیدان بیری کردەوە و گوتی:

ئەو قوربانییانەی پێشکێشم کردن سوودی چییان دەبێ؟ کوڕی بە ناوی ئاهوورامەزدام دێتە بوون یان بەبێ ئەنجام ئەم قوربانییانەم داوە؟ لەو دەمانەدا کە بیری لەمانە دەکردەوە، ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن کەوتنە ناو زگی دایکیان. زەروان کە بەمەی زانی گوتی: دوو کوڕم لە منداڵدانی دایکیاندان، هەر کامێک لەمانە پێشتر هاتنە بەرچاوم ئەویان دەکەمە شا. ئاهوورامەزدا کە بەم بیرەی باوکی زانی لەگەڵ ئەهریمەن ئاخاوت، گوتی:

زەرڤانی باوکمان بیر دەکاتەوە کە، هەرکامێکمان پێشتر کەوتینە بەرچاوی، ئەومان دەکاتە شا. ئەهریمەن کە بەمەی زانی زگی دایکی هەڵدڕی و هاتە بەردەمی زەرڤانی باوکی. زەرڤان کە ئەوی

..............................................................

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

بینی نەیناسییەوە و پرسیی:

گوتی، تو کێی؟ ئەهریمەن گوتی: من کوڕی تۆم. زەروان پێی گوت: کوڕی من چاکەیەکە بۆنی فەڕی لێ دێ، بەڵام تۆ تاریکییەکی بۆنی بەدکاریت لێ دێ. ئەمانە کە باس دەکران، ئاهوورامەزدا لە کاتی خۆیدا لەدایک بوو و وەک چاکەیەک بۆنی فەڕی لێ دەهات و هاتە بەردەمی زەرڤانی باوکی.

زەرڤان کە ئەوی بینی زانیی ئەمە ئاهوورامەزدای کوڕیەتی. بۆ ئەو قوربانیی داوە. بە کام دەستەی قوربانیی دەدا، هەر بەو دەستەی شووڵێکی هەڵگرت و دایە ئاهوورامەزدا و گوتی: تا ئێستا من بۆ تۆ قوربانیم داوە، لەمەو پاش تۆ دەبێ بۆ من قوربانی پێشکێش بکەیت. زەرڤان کە شووڵی دایە ئاهوورامەزدا ئەهریمەن هات و بە زەرڤانی گوت:

تۆ بەڵێنت نەدا کە هەر کام لە کوڕەکانم پێشتر بێنە پێش چاوم ئەویان دەکەمە شا؟! ئێستا لە بەڵێنی خۆت پاشگەز دەبیتەوە. زەرڤان بە ئەهریمەنی گوت: شاهێتیی نۆ هەزار ساڵەم بە تۆی درۆزن و بەدکار دا، بەڵام ئاهوورامەزدام بەسەر تۆوە کردە فەرمانڕەوا. دوای نۆ هەزار ساڵ ئاهوورامەزدا دەبێتە شا و هەرچییەکی ئارەزوو لێ بێ لە ئەنجامدانیدا ئازاد دەبێ. لەدوای ئەمەوە ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن دەستیان بە ئەفراندنی بوونەوەران کرد. لە کاتێکدا ئاهوورامەزدا هەرچییەکی دروست دەکرد بە ڕەوایی و بەڕاستیی دروست دەکردن. ئەهریمەن چیی دروست دەکرد بەدکار و ناڕەوا بوو.

ئەهریمەن دیتی کە، ئاهوورامەزدا شتەیلی چاک و ڕەوا دروست دەکا و دەئەفرێنێ، بەڵام چاکەکاری، ئەهریمەنی دەخستە ئیرەیی. ئەهریمەن ئەمانەی بە دێوەکانی ڕاگەیاند و گوتی: " ئاهوورامەزدا سەرەڕای ئەنجامدانی ئەم هەموو شتە جوان و چاکانە، ئەگەر ئەمانە لە تاریکیدا بمێننەوە، ئەمانە بە کەڵکی هیچ نایەن. چونکە ئەو نازانی ڕووناکی دروست بکا. ئاهوورامەزدا ئەگەر ئاقڵ بێ لەتەک دایکیدا ڕۆدەنیشێ. ئەهریمەن بۆ ڕوونبوونەوەی ئەمە یەکسەر فەرمانی دا. بەڵام ئەو دێوەی ئەمەی بیست یەکسەر چووە لای ئاهوورامەزدا و هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردەوە.

لەبەرئەوەی ناوی خواوەندی ئەم باوەڕە زەرڤانە، بەم باوەڕە دەگوترێ زەرڤانیزم. لەم باوەڕەدا کە باس لە خواوەند دەکرێ، جارجار بە گەردوون و لە بنەماشدا بە ڕۆژگار دادەنرێ. ناوی ئەم خواوەندە لە بەڵگە نووسراوەکانی دەوڵەتی (نووزی) دا(*) بەرچاو دەکەوێ، کە "حووری "یەکان لە باکوری میسۆپۆتێمیا دایان مەزراندووە، خەڵکانی ناوچەکە کوردن. دواتر لە بەڵگە نووسراوەکانی یۆنانییانیشدا ناوی ئەم خواوەندە بەرچاو دەکەوێ. ئەم خواوەندە بە خواوەندی ڕۆژ و ڕۆژگار دەزانرێ.

وەک لە بەڵگەکانی سەدەی چوارەمدا باس کراوە، لە یەکێک لە نووسینەکانی برۆسۆسدا هاتووە، زەرڤــان بە خــواوەندی بەڕێوەبەری جـیــهـانـی ســەدەی ســێــیــەمی بەرلە زاین دانراوە. بەلای مارعەبباسی نزیبییەوە، ڕووداوە میتۆلۆجییەکان میتۆلۆجییای زەرڤانیان هێناوەتە گۆڕێ و بوونی خواوەندئامێزانەی لەلایەن خـەڵکەوە پەسند کراوە، ئەم خوداوەندە ناوە ناوە بە ڕۆژگار و جار و بارێکیش بە گەردوون لێک دراوەتەوە.

وەکـو دامـاسـکـیـوس (٥٣٣ – ٤٥٣ ی زاین) باسی لێـوە کـردووە، ئەوانەی سـەر بەم بیـروباوەڕە بوون ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بڕوا بەوە دەکەن زەروان خواوەندێکی باش و ئەهریمەن خواوەندێکی بەدکــار بوون، وەک ڕووناکی و تاریکی. لە هەندێک لە بەڵگە نووســراوەکــانیــشــدا زەروان بە خواوەندێکی پیرۆز و ناوەناوەش بە واتەی ناوچە یان شوێن لێک دراوەتەوە.

بەپێی ئەم بڕوایە زەرڤانی خوداوەندی دەستنیشانکەرەوەی بەسەرهاتی مرۆ، کە ئافەریدەیەکی خواییـیـە، لەبابەت پێـوەسـتبـوونیـانەوە بە ئاهوورامـەزدای چاکەوە، یان بە ئەهریمەنی بەدکارەوە هەڵوێسـتی کـاریگەر دەنوێنێ. هەروەها ئەو پیـرۆزییـە سـەرکـیـیـە خـواییـیـانەشی ئەفـراندووە بۆ پێوەندیی گیانیی مرۆیان بە ئاهوورامەزدای چاک و بۆ درێژە پێدانی ئەو پێوەندییە.

لەم بـڕوایەدا کـە ئەوە ڕوون کـراوەتەوە، چاک و خـراپ هەر لـە سـەرەتاوە ڕووبەڕووی یەکـتـری هاتوون، هـێـشـتـا بیـست و چوار خـواوەندی چاکـی زەرڤـانی خـواوەند لە هێلکەدا بـوون، هەر بەو ژمـارەیە ئەهریمەنیش گیـانی بەدکرداری هەبوون، یان ئەفـراندبوونی و هێلکەی ناوبراویان کـون کردووەتـەوە و چوونەتە ناویەوە و بە نیـازی تێکەڵبوون بە بنیـاتی ڕووناک و ورشـەداری خـواوەندە چاکەکـان و بەم جـۆرە لەناو هێلکەدا چاک و خراپ تێکەڵی یەکتری بـوون. ئەمـجـا لێـرەدا، وەکو ئەوەی مـەبـەست لە هێلکە و هێلکەی ڕاسـتـەقـینـەیە، لەم بڕوایەدا هـێلکـەیەکی کـریسـتـاڵیـیـە لە گەردووندا. بەم جـۆرە هێزەکانی چاکە و خراپە، یان هـاودژ، بەرلەوەی هیچ شـتێک لە سـروشـتدا پێک بێ، لە گەردووندا و لە شێوەی گیاندا تەواوێک تێکەڵی ناو یەکتری بوونە.

هـەروەهـا نووسـینێکی ئـەزنیکی نووسـەری ئـەرمـەنی، دەری دەخـا کـە: " ئاهوورامـەزدا ئەهریمەنی برای بانگهـێشتی ئاهەنگێک دەکا، ئەهریمەن دەچێ. بەڵام نان خـواردنی بە مـەرجی پێشبـڕکێی منداڵانەوە پێوەست دەکا. کاتێ کە هەردوو باوک بۆ ئەم پێشبـڕکێیە لە نـاوبژیوانێک دەگەڕان و کـەسـیـان دەست نەدەکـەوت، بۆ ئـەم کـارە، خـۆر (مـیـترای خـواوەند) یان ئەفـراند. لە ئـەنجـامـدا منداڵانی ئەهریمەن لە منداڵانی ئاهوورامەزدایان بردەوە. "

ئەفراندن لە ڕێنوێنییەکانی زەردەشت – دا:

ڕێنوێنیی زەردەشت لەبابەتی ئەفراندنی سروشتەوە، لە بەشە کۆنەکانی گاتادایە، کە لەلایەن خودی زەردەشت خۆیەوە نووسراوە. یەسنای سێیەم کە ناوی سێیەمی لێ نراوە، هۆنراوەیەکە

باسی ئەفراندنی گەردوون، یان سروشت دەکا.

لەم شیعرەدا کە باس لە پێکهێنانی گێتی و گەردوون دەکا. ئەوەش دەردەخا کە ئەم دوو هێزە گیانییەی دژ بە یەکترین بە دژایەتی و شەڕ لەگەڵ یەکتری کردن خوڵقاون. یەک لەم هێزە گیانییانە کە بۆ پێکهێنانی ڕەوایەتی و چاکە و جوانی دەکۆشێ، ئەوی تر ڕێسا تێکدەر و ناڕەواییکەر و بەدکاری و درێوی پێک دەهێنێ.

لە ڕێنوێیی زەردەشتدا، پێکهێنانی هەموو شتێک لەلایەن ئەم هێزە گیانییانەوە، بەم جۆرە باس کراوە: " هەروەها لە خودی خۆیەوە خۆیەوە گشت بوونەوەرانی ئەفراند. بوونەوەرانی هەموو لەسەر شاندا هەڵگرت. بەم جۆرە هەموو شتێک هەروا پتر و گەورەتر بووە و بەرەو جوان بوون چووە، دواتر ئەوانی تری بەپشتی یەکترییانەوە بەستاوە.

دواتر لە سەریەوە ئاسمان و

زەویی لە پێیەکانییەوە هێنایە بوون و

ئاوەکانی لە ئەسرینەکانی و

ڕووەکەکانی لە مووکانی و

ئاگری لە چەمکی خۆیەوە ئەفراند. " کە ئەمە دەڵێ، ئەوەی وەک بنەڕەت لێرە باس کراوە

بە ڕوونی خواوەند خودا خۆی، ئاهوورامەزدایە. بەم واتایە هۆی ئەوەی کورد ناوی "خو – دا = خا – دا "(**)ی لە خوا، ناوە (واتە ئەوەی خۆی داوە، یان خۆی داوییەتی) ڕوون دەبێتەوە. بەم جۆرە ئەوەی لە گەردووندا ئەفرێنراوە، هەر شتێکی بینراو و نەبینراو هیی خوایە، پارچەیلی بینراو یان نەبینراون. مرۆڤیش کە یەکێکی ئەم بوونەوەرانەیە پارچەیەکی خوایە. هاوبەش لەگەڵ هەموو بوونەوەرانی تر، خوا هەر یەکەیانی وەک پارچەیەکی خۆی ئەفراندوون. لەم بنەمایەوە هەموو بوونەوەران و مرۆ، کە پارچەی خوان، پیرۆزن.

دیسان لێرەدا هەموو بوونەوەرانی ئافەریدەی خوا لەسەر تەنی خۆیدا هەڵگرتووە و گەورە بوون و پتر بوونەوەیان دەردەخا. بەم واتایە هۆی ئەوەی کورد بە سروشت دەڵێ " خا – زا " (خۆی زایی، یان لە خۆیەوەی زایاند) ڕوون دەبێتەوە. بەپێی گێڕانەوەیەکی پەهلەوی،.. " خوا کە ڕووناکییەکی هەمیشەییە تەنێکی گەورەی ئەفراندووە کە، پارچەکانی ئەو بووە پارچەکانی جیهان. " ئەمە گوتراوە، کەچی بەڵگەیەکی نووسراوی تر ڕوونی دەکاتەوە کە ئاهوورامەزدای خوا گوتوویەتی: " من گێتیم تەواوێ لە خۆمەوە دروست کردووە. .. ". بەپێی ئەو باسانەی لەو ڕوونکردنەوە شیعرییانەدان، خوا لە پێشدا ئاسمان و دوای ئەوە زەوی و دواتر ئاوەکان و دواتریش ڕووەکەکانی ئەفراندوون.

بەپێی ئەو سەرچاوە نووسراوانەی پێوەندییان بە ڕێنوێنییەکانی زەردەشتەوە هەیە، "

ئاهوورامەزدای خودا کە هەموو شتێک دەزانێ تەنیا بەخۆی لە نهۆمی حەوتەمی ئاسماندا دەژیا، لە فەرمانڕەوایی هەمیشەییدا بە تەنیا بوو. بۆیە بڕیاری دا هەندێک شت کە پێی خۆش دەبێ و کەیفی پێیان دێ بخوڵقێنێ. کە ئاهوورامەزدا بیری لە شێوەی ئەو شتە نوێیانەی دروستیان دەکا، دەکردەوە، ئەوانە لەو شێوەیەدا دروست بوون.

پێشەکی بیری لە میترا، وەک خۆری تیشکدار کردەوە. چونکە ئاهوورامەزدای پرشنگداری تیشکدەری خۆش دەویست. بەم هۆیەشەوە میترای لە گشت ئەو خواوەندانەی دروستی کردبوون پتر خۆش دەویست. لە تەک میترادا " مائۆنها "ی لاواز و تیشک لەرزۆکی ئەفراند، مائۆنها و میترا ڕۆژیان بەش کرد. لەبەرئەوەی تیشکەکانی ئەوەندەی ئەوەی میترا بەهێز نەبوو سەرتای ڕۆژی (کە ئێمەمانان شەوی پێ دەڵێین) گرتە ئەستۆ. بەڵام وەک ئەوەی تیشکەکانی زۆر کز بوون، جاروباریش بەتەواویش دەکوژایەوە.

ئاهوورامەزدا کە بارودۆخەکەی دەبینی، بۆ یارمەتیدانی ئەو، " تیشهترا " و پاڵتۆ بریقەدارەکەی دایێ. بەم ئەستێرە بریقەدارانەی لە پاڵتۆکەیدا بوون بووە خواوەندی ئەستێران. لەسەر ئەمە میتراش تکای لە ئاهوورامەزدا کرد، گوتی:" تۆ برایەکی یاریدەدەرت بە مائۆنها دا، برایەکیش بە من بدە کە، منیش لە تەنیایی ڕزگار بم. " ئاهوورامەزداش " ئاتەر "ی، کە گیانی ئاگرە و خواوەندی برووسکی ئەفراند و داینێ. میترا کە وەک خۆی تیشکپرژێنیی ئەوانی بینی دڵخۆش بوو. دوایی ئاهوورامەزدا، خواوەندی بای بەناوی " ڤاهو "ی خوڵقاند. دواتر ئاویشی خوڵقاند. (لێرەدا ڕیزبەندیی ئاگر و با و ئاو، کراوە.)

ئاهوورامەزدا کە لە نهۆمی حەوتەمی ئاسماندا لەگەڵ ئەم بوونەوەرانەیدا دەژیا، ئەمانە لە خوارەوەی خۆیدا، خۆیشی لەسەرەوە لەسەر زەویدا کە دەیتوانی بیانبینێ، بیری لە ژیانی جیهان کردەوە و بەم جۆرە جیهان خوڵقا. چیاکانی جیهان، تاوێرەکان، دەشتەکان، ئاوەکان و ئاژەڵەکان، لە بیری ئاهوورامەزدا خوڵقان.

ئەم خواوەندانەی ماوەیەکی درێژ لەسەر ڕووی زەویدا ژیان، کە شێوەیان دەچووە سەر ئاهوورامەزدای خوا، ویستیان بوونەوەرانێک کە لە خزمەتی خودی خۆیاندا بن بخوڵقێنن، ئاهوورامەزدا کە لە چۆنیەتیی شێوەی بوونی ئەمانەی پرسی، ئەناهیتای خوداوەند گوتی: " گوتی دەبێ لە ئێمە بچن "، بەڵام " ئەتار "ی خواوەند گوتی: " دەبێ تەواوێک لە ئێمە جودابن و بتوانین لەگەڵیاندا ڕابوێرین ".

ئاهوورامەزدای خوا بە ئاراستەی داواکاریی ئەناهیتا، مرۆی لە شێوەی خواکان و بە ئاراستەی ویستی ئەتاریش گای ئەفراند." لە ماوەیەکی دوور و درێژدا مرۆ زۆر بوون. تا دەهات ڕەگەزی جودای مرۆ پەیدا دەبوون، لە گا – شەوە هەموو ئاژەڵەکان پەیدا بوون.

ئاهوورامەزدا، زیادبوونی مرۆڤانی لە سەرزەویدا و لەبیرکردنەوەی پێوەندییان بە خواوەندانەوە و خزمەتکردنی ئەوانی بینی، کە بنچینەی هۆی دروستکردنیان بوو. بۆ یاریدەدانی مرۆڤێل و پاداشتکردنی ئەوان، خواوەندێک کە ئەوان لە ئاهوورامەزدا نێزیک بکاتەوە، دەبوو لە نێوانی خۆی و خداوەنداندا ببێتە خاوەنی شوێنی خۆی. ئەمەش دەبوو ڕاستییەکان بێ و بۆ هەر کوێیەک بنێرریٔ نابێ سێبەری لێ بێ، تایبەتمەندیی ئەو، دەبێتە خاوێنی.. نزیکبوونەوە لێی و گەیشتن پێی لە توانای ئەوانەدا نییە کە بڕوایان پێی نییە، بەڵام ئەوانەی بڕوایان پێیەتی و ڕووی تێ دەکەن، بۆیان هەیە هەموو کاتێک بە ئاسانی بیگەنێ و لە تەکیاندا دەبێ. ئاهوورامەزدا، کە ئەمەی ئەفراند و ناردییە ناو مرۆڤەیل، مرۆڤان دەستیان بە بەکارهێنانی کرد. بەم جۆرە، ئاهوورامەزدا، بینیی کە مرۆگەل ئەوەی یارمەتییان دەدا و شتێلی جوانیان بۆ دەهێنێ بە خراپیی هەڵی دەسەنگێن و بەکاری دەهێنن.

هەموو ئەو بەدکارییانەی مرۆگەل ئەنجامی دەدەن دەچێتە ژێر زەوییەوە. لەورە، شوێنێک هەیە هەموو بەدکارییەکانی تێدا خڕ دەبێتەوە. هەموو بیرە خراپەکان، هەموو کردەوە خراپەکان، لەوێ کۆ دەبنەوە، هەر لە دروستبوون و پەیدابوونی مرۆڤەوە، ئەوەی زۆر خراپە لەگەڵ هەڵە گەورەکاندا لەوێ کۆبوونەتەوە.

ئەو گیانە بەدە، خواوەندی بەدکارییەی ئەهریمەنی پێ دەڵێن لە کۆمەڵی ئەو بەدکارییانەی لێرە کۆبوونەتەوە پەیدا بووە، ئەهریمەن وای لێ هات خۆی لەو پلەیەی ئاهوورامەزدایە بە هاوتا بزانێ: گوتی: " ئەگەر تۆ لە حەوت نهۆمی سەرزەویدا، لە ئاسمان دەبی، منیش لە حەوت نهۆمی ژێر زەویدا دەبم و هەموو کارەکانت لێ تێکدەدەم. ". بەرامبەر ڕاستییەکانی ئاهوورامەزدای خواوەند ، ئەهریمەن درۆی خوڵقاند، درۆ لە یەکەم ڕوانیندا بە دیمەن جوانە، دیمەنی بۆ مرۆڤان ئەوەند دۆستانە و دڵسۆزانە و ویستراو و باش دەردەکەوێ، ئیدی ڕاستییەکان خۆشەویست نابن. بەم هۆیەوە کە مرۆ هێرش دەبەنە سەر درۆ، هەڵخەڵەتانی خۆیان نابینن، تەنانەت ئەگەر بە هەڵخەڵتانیشیان بزانن، ئەم جارە ئەو شتە درۆیانەش دەبین کە ڕاست نین و.. بڕوا بە ڕاستبوونیان دەکەن. بەم جۆرە ئەهریمەن سێ شتی تر دەدا:

- ئارەزوو،
- ترس،
- درۆ

تەواوێک لە دەمی ئەم ئەفراندنەدا بەپێی باوەڕی مەزدا و ڕێنوێنییەکانی زەردەشت، ئەوەی مەبەست بێ بە ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن ڕابگەیەنرێ چییە؟ پرسیاری کاریگەریی ئەفراندن چی و چین کە بایەخ پەیدا دەکەن؟!. بەپێی ڕێنوێنییەکانی زەردەشت ئەمانە لە سەرەتادا وەکو جمک

خولْقێنراون و تاهەتایە یانیش تا ڕۆژی پەسڵان " قیامەت " یش هەر دەمێنن. ئەمانە وەک جمکەکان، بوونیان لە سەرەتادا یانیش بەپێی باوەڕی زەروانیزم، ئەمانە وەک جمک لە زگی دایکیاندا کە پەیدا بوون، مەبەست ئەوەیە لە گەردووندا لە خۆر بەولاوە هیچی کە نەبووە. مەزدا، کاتێک کە لە خۆردا لە شێوەی تیشکی چاکە و وزەدا بووە، ئەوەی کە وەک بەد هەڵسەنگێنراوە، ئەو بنیاتە مادییەیە کە لە بنیاتی خۆردا بووە. ئەمانە دوای لە خۆرەوە زایینیان " جودابوونەوەیان " ئەو کۆششەی ناو گەردوونیشیان دەست پێ کردووە. بەم واتایە، وەک لە باوەڕی مەزدە و عەلەوێتیشدا هەیە هەموو جۆرە بوونەوەرێکی بینراو و نەبینراو لە گەردووندا یانیش لە ئەفراندندا خوا هەوێنیان بووە.

١– هەموو ئەم بوونەوەر و ئافەریدانە، بەهۆی ئەوەوە هەن کە پارچەی بنیاتی خودی ئەو خۆرەن، واتە ئەو ئاگرەن وا لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، چونکە پارچە، هەموو تایبەتمەندییەکانی تەنە ڕەسەنەکە و چۆنیەتییەکانی لە بنیاتی خۆیدا هەڵدەگرێ. ئەو پارچانەی لە بنیاتی خۆری خواوەند هاتوونەتە بوون، هەموو ئەو چۆنیەتی و تایبەتمەندییە خواوەندییانەی لە خۆرە خواوەندەکەدا هەن، بەخۆوە دەگرن. بەم پێیە لە هەموو شتێکی بینراو و نەبینراودا خوا بوونی هەیە.

٢– دیسانەوە ئەو خۆرەی خوایە، ئاگری نوێ، بە تیشکی پیرۆزی خودی خۆیەوە، کاریگەریی بەسەر هەموو بنیاتە ماددی و گیانییە پێکهاتە و ئەفرێنراوەکانەوە هەیە و چووەتە ناو پێکهاتەشیانەوە. زەردەشت کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە: " لە هەموو شتێکدا ئاگر (خوا) هەیە، لە هەندێکی ئەمانەدا دەشێ ببینرێ، لە هەندێکیاندا هەستی پێ دەکرێ، لە هەندێکیشیاندا بۆ بینین و هەست پێکردن، هەوڵی گۆڕینی بنیاتی ئەوانەی گەرەکە." . بەپێی مەزدە و بڕوا جیاکانی، سەرچاوە فەلسەفییەکانی چەمکی هەموو خواوەندێ کە هەیە، یان هەر شتێک و پارچەیەکی خوایە، ڕوون دەبێتەوە.

پەڕاوێزەکانی وەرگێڕ:

(*) نووزی: یەکێکە لەو شارانەی لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایندا، لە سەردەمی (حووری)یەکاندا بووژاونەتەوە. شوێنەوارەکەی لە نێزیکیی دوازدە میلی خۆراوای باشووری کەرکووکدا، لەلای گوندی " تڕکەڵان " دایە.

(**) پێم وایە ئەو وشەی " خا – دا " یەی بە واتای خوا و " خا – زا " ی کە بۆ سروشت بەکار هێنراوە لەناو دەقەکەدا، سەر بەشێوەی زازاکیی کوردین.

سەرچاوە:

http://www.dengeroj.com/Forum-topic-144.html

# مارسیل پرۆست
# لە نێوان گەڕان و گەڕانەوەدا

سەلاح حەسەن پاڵەوان

## گەڕان

پرۆست ئاشناییيەکی بێ وێنەیی لە مەسەلەی پشکنین و گەڕان بەدوای ئەو دنیا وێڵەدا هەیە کە دەیەوێ بیدۆزێتەوە و ڕووناکی بخاتە سەر. ئەو ساتە وردانەش شی بکاتەوە کەوا لە دوو توێیی یادەوەرییەکاندا بەبێ سۆز کەوتوون، مەبەستی پرۆست لە گەڕاندا مەبەستێکی بێ ئامانج و بێ نیشانە، تێکدان و تێهەڵکێشکردنی ڕووداوەکان نییە، بگرە دەیەوێ زمانێ بێ بۆ ئەو چرپانەی ناگەنە گوێ، نیگایەک بێ بۆ ئەو چاوانەی ناتوانن لە پشتی پێڵووەکانەوە زێدەتر گوزەر بکەن.

پرۆست هەر بەتەنیا ئاشناییی لەگەڵ گەڕەکەکانی پاریس و کەنارەکانی ئەمستردام و گوندە چەپەکانی خوارووی فرەنسا نییە، بگرە زیاتر و زیاتر ئاشنای ڕوحی جێگەکان و ڕوحی زەمەن و دەروونی کەسەکانی نێو ئەو جێگەیانەیە، پرۆست ئاشناییی ناخە نەخۆشەکەی خۆی و ئاشناییی هەموو ئەو چۆلەکانە بوو کە لەسەر درەختەکانی بەردەم کۆشکی نەجیبزادەکاندا راز و نیازیان دەگۆڕییەوە و، ئاشناییی ئەو کۆترە باریکانە بوو کەوا لە باڵکۆنی کۆشکە مەزنەکانەوە دەیانڕوانییە ترووسکاییيەکان. پرۆست لەنێو هەموو شتێکدا دەگەڕا، گەڕۆکێکی راوەستاو بوو، بە ڕوح، ڕوحی نەدەخوێندەوە، دەچووە ناخی ناخەکانەوە، نەک تەنیا لەنێو ئەو حاڵەتانە گەڕانی ساردوسڕی کردبێ. نەخێر گەڕانێکی سایکۆلۆجیانە و پڕ مانا و، ورد و درشتی کردووە، ئازارەکانی هۆنیوەتەوە. بێ وەستان پرسیاری کۆن و نوێی ڕووبەڕوو کردووەتەوە، چاوی لە ئاست ئەو تاریکییانە هەڵهێناوە کە مەترسی بۆ سەر هۆش و ڕوحی هەبووە، هیچ کەسێک وەک و ئەو نەیتوانیوە ئەوەندە لە دەریای نووسیندا ژێرەمەلە بکا و لە نێوان کەشتییە نقوومبووەکاندا بە دووی پاشماوەی زێڕیندا بگەڕێ، ئەم کارە بۆ کەسێکی وەک پرۆست هەروا ئاسان نەبووە و بە ئاسانی

نەچووەتە سەر، بگرە سەرسەختییەک بووە زۆر مەزن. ئەم یاخییەکی شاراوە بوو، لە ناخی خۆی یاخی بوو، لە ناخی ئەو بارودۆخە خێزانییەی کە هەموو کات دەیویست بەدوای خاڵە سستەکانیدا بگەڕێ، یاخی بوو لەو ساتانەی کە ڕوحی بەدەست خەمۆکی و ڕەشبینییەوە دەیناڵاند.

گەڕانی پرۆست بە دوای ئێستێتیکدا بوو، دەیویست ئەو زەمەنانە بشێوێنێ کە ڕوح تێیدا تووشی ونبوون و سەرسوڕمان دەبێ. گەڕانی پرۆست بەدوای توانای خۆڕسک و هێز و زمانی خۆڕسک و ژیانی خۆڕسک بووە.

هەردەم لە بەردەمیا ئامادە بوو، ئاخۆ ژیان زمانی زەمەنە، یاخۆ زەمەن ژیانی زمانە؟ ئەم پرسیارە لە سەرتاسەری بەرهەمەکانیدا دووبارە دەبووەوە، بۆ وەڵامی ئەمەش رووی دەکردە هەمووان، پەیکەرتاش، مۆسیقاژەن، لاو، پیر، ئافرەت، پیاو، ژن، پرۆست هەموو زانینەکانی مرۆیی بەکار دەهێنا بۆ دۆزینەوەی وەڵام، هەرگیز ئامادە نەدەبوو لە دەرەوەی ڕووداوەکان. ئەگەر ئەو لە گوندێکی دابڕاوی وەک کۆمپرا و لە خێزانێکی وەک خێزانی خۆی دەژیا، بەڵام لە ناخەوە. پارچەیەکی ئەم دنیایە بوو لەنێو هەموو دەروونێکدا ساتەکانی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی دەخوێندەوە.. پرۆست بەردەوام دەیپرسی، ژیان لە چ شتێکدایە؟ بێگومان ژیانی ڕاستەقینەی مەبەستە نەک ژیانی ئاسایی. لای مارسیل ژیان شێوەیەکە لە کورتی و پیرۆزی، لە بەرزبوونەوە و دابەزین. نیتشە ئاسا لەنێو خودی مەزنی زەمیندا، مەزنی مرۆڤی دەبینێ، بەڵام پرۆست وەک نیتشە هەرچی ترسناکی ژیان هەیە لە دووتوێی وشەکانیدا بەدی ناکات، ئەو هونەرمەندەی لای نیتشە ناوی (پەیامبەر یان غەیبزان)ە، لای پرۆست شێوەیەکە لە پێداچوونەوە و ڕوانین و گفتوگۆ، ئەو ویژدانەیە کە هەرگیز لەکەدار نابێ... هێز و ژیان لای پرۆست گەڕان و دۆزینەوەیە، نیتشە ئاسا ناڕوانێتە ژیان وەک ئەوەی دوو شتی یەکسان بن(١).

بەڵام لای پرۆست ژیان و هێز دوو بەشی لە یەکتر جودان، زۆربەی لێکۆڵەرەوان لە بواری شیکرنەوەی کارەکانی پرۆست لەسەر ئەوە سوورن کە پرۆست لەسەر پێوەندییەکە لە نێوان سەردەمی خۆی و سەردەمی داهاتوو، پردێکە بەبێ خوێندنەوەی ناتوانێ بەسەریدا تێپەڕێ و بگەیتە ئەمبەری هونەری نوێ و هاوچەرخێتی. دەشبێ ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین کەوا پرۆست ویستوێتی ئێستێتیکوا و خۆشەویستی لە کارەکانیدا بەرجەستەی بکا. میتافۆر Metaphor لای پرۆست جۆرە شێوازگەرییەکی توندوتۆڵ و هاوبەرامبەری هەست جوڵێنەر و پڕ لە ناگەهانییەکانە، کە لەمیانەیدا کەسانی نێو کارەکانی بەچاوی عەقڵ دەبینێ. میتافۆر لای ئەم زاتە بەمانای گەڕان بەدوای ئەو کەسایەتییەی کە بتوانێ ببێ بە زمانێ بۆ پێگەیاندن و باڵا پێکردنی ڕووداوەکان، ئەمەش بە مەبەستی خوڵقاندنی باری شاگەشکەیی لەلای خودی خوێنەر هەروەها ناگەهانییەک لە ڕووبەڕووبوونەوە.

نیشانە لای پرۆست بوونی نییە، هەموو ئەو ئاماژانەی کەوا لەلای پرۆست ئامادەی دیاریکراون و مەوداکانی ئاشکران. دەشزانرێ بەرەو کوێ مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات. لەلای پرۆست و لەنێو خودی

کارەکانی پرۆست ناوچەگەلی بێدەنگی زۆرن، بەڵام نابن بە ناوچەگەلی مەرگ. ئەو بێدەنگییانە لە پشتەوەیان مەبەست خۆی حەشار داوە، ئاماژەن بۆ چەندان مانای جۆربەجۆر، پێوەندییەکانی نێوان ئەو بۆشاییانە لە شیکردنەوەی دال و مەدلوولەکاندا بەزەقی دەردەکەون. هێزی ئەو بێدەنگییانە لە سستییەوە سەرچاوە ناگرێ، بگرە لە هێزەوە دەدوێ و لە هێزیشەوە دێنە پێش.

بۆشاییەکان بێزارکەر نین و چێژ دەدەن، ئەو چێژانە لە هەندێ ساتدا دەگەنە ئاستی کامل و جوانکاری. هەر بۆیەش بارت لە باسی گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا دەڵێ: "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودای پرۆست وەک ڕۆمانێکی یەکبیر و یەکدەست چیی تر ناخوێندرێتەوە".

ئەم هەموو نهێنییە لە ناخی پرۆستدا ئەو ساتانە وەبیر وەرگر دەهێنێتەوە کە شیعرێتی و زمانی ئامادەییی ئەم نووسەرە وای لە ساتەکان کردووە، وەک مرۆڤ ڕووبەڕوو ببنەوە، نەک وەک ساتی بێ گیان و ڕاوەستاو. گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا، گەڕانێکە لەنێو سەدەکانی دروستبوونی ڕوح و هەستەکانی مرۆڤ. ئەم دۆزینەوە پەنهانێکە و لە ئاشکرابوونی کاتەکاندا بەدەردەکەوێ بەبڕوای شپیتزەر ئاڵۆزی ڕستەکان لە گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا بەرئەنجامی ئاڵۆزی ڕوانینەکانی پرۆستە(٢).

بەڵام من ئەم جۆرە بۆچوونەی ئسپیتزەرم پێ ڕاست نییە، پرۆست بەهیچ شێوەیەک لەنێو ڕۆمانەکانیدا ڕستەی ئاڵۆز و نامەفهوومی بەکار نەهێناوە، بگرە ڕستەکانی بریتین لە زمانی ئاسایی و سادە ئەو زمانەی هەموو چین و توێژەکان پێی دەدوێن، ڕستە درێژەکانی پرۆست نیشانەی ئاڵۆزی نین بگرە نیشانەی ئەو میلۆدی و مۆسیقایە کە شێوەی ڕووداوی حاڵەتە سایکۆلۆجییەکان پێویستییانە. هەریەک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بە زمانێکی تایبەت دەهێنێتە قسە. ئەم کارەشی هەم بە مەبەستی دەرخستنی توانای نووسینی و یان بەمەبەستی دەسەڵاتی بەسەر زماندا. زەرگی پرۆست بۆ نێو زمان و زەمەن زەرگی کەسێکە خۆی هەڵداوەتە نێو تیئۆری و لەبارەی فیزیک و کیمیا و بایەلۆجی و. هەموو زانستەکان و مەودا و زەمەنی داوە بە ڕووداو و کەسەکان(٣).

پرۆست لەژێر کاریگەرە جیا جیاکاندا مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکان کردووە، کەسێکی وەک ئەو لە هەموو ڕووداوی نێو ڕۆمانەکانیدا هەموو کات خۆی بەشێکی دانەبڕاوەیە لەنێو کەسایەتییە جۆربەجۆرەکان، کاتێ باسی مرۆڤ دەکات وردە وردە ڕوو دەکاتە دەرگە داخراوەکان، کاتێک ڕوو دەکاتە ئیمەرسۆن... ناوی جۆربەجۆری لێ دەنێ لە "Jean Santeuil" دوو جار لە باڵاترین ئاستی باڵادا ناوی ئیمەرسۆن دەهێنێ(٤). ئەم کابرایە لە نێوان ١٨٠٣-١٨٨٢ ژیاوە و فەیلەسووف و شاعیری ئەمەریکاییە خاوەنی ڕێچکەی مەزهەبی باڵاگەرایییە. بۆچی ئەم ناولێنان و وەبیرهێنانەوە و پیاهەڵدانە؟ بێگومان پرۆست لەو ڕوانگەیەوە دەیڕوانییە ڕووداوەکان کەوا بەشێکی نەپساوەن لە پێکەوەگرێدانی دیاردە مرۆییەکان.. مرۆڤ و جیهان لای ئەم زاتە گەڕانەوەیە بۆ خود، بۆ دەرەوەی پێوەندییەکانی خود ئەو پرسیارەش لەلای خودی ئیمەرسۆن بەدی

دەكات، ئەو پرسیارەش ئەوەیە لە چ جێگەیەک مرۆڤ بۆ پاكی دەگەڕێ؟ ئیمەرسۆن لەم خاڵەدا لەگەڵ پرۆست یەک دەگرێتەوە... ئەو خاڵەش لە بنەمادا خاڵی (خود و مرۆڤ)ە، هەر بۆیەش لەنێو بازنەی باڵاگەییدا هەردووكیان بەیەک/ باڵ / مەزنی/ وەدەست دەهێنن. ALAIN DE BOT-TON لە كتێبە بەناوبانگەكەی كەوا لەبارەی پرۆست نووسیویەتی بە ناونیشانی: "پرۆست چۆن دەتوانێ ژیانت بگۆڕێ" لە چەند بەشێكی ئەم كتێبەدا باسی كاریگەریی پرۆست لەسەر خودی خۆی و خودی دەرەوەی خۆی دەكات. لەو كتێبەدا ئاماژە بەوە دەكات كە پرۆست مرۆڤ لەگەڵ ئەوەدا رادەهێنێ كە بتوانێ بخوێنێتەوە، كاتەكانی خۆی دەستنیشان بكا، چۆن بە سەركەوتوویی ئەركەكانی سەرشانی جێبەجێ بكا و چۆن هەستەكانی دەرببڕێ و هەروەها چۆن بتوانێ هاوڕێیەتی باش بێ... تەنانەت فێری ئەوەشی دەكات كە بە چ شێوەیەک پێڵووەكانی هەڵبێنێ و لە ژیاندا دڵخۆش بێ... ئەمانە و چەندان شێوەی تر لە شێوازی ژیان و بیركردنەوە و فێربوون، مرۆڤ دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ پرۆستدا فێری بێ و بەدی بهێنێ.

هەرچەندە پرۆست زۆربەی ژیانی لەسەر سەرینی نەخۆشی لەدەست دا، هەروەها بەدەست ئەو ئازارانەوە دەینااڵن كەوا مرۆڤی بێ دەسەڵات لە ئاستیاندا خۆی بەدەستەوە دەدا و توانای بەرگری نامێنێ، بەڵام ئەم حاڵەتە لای پرۆست شێوەیەكی ترە بۆ بەرگری و بەردەوامبوون "نووسەری گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا بیری وەهای دەربڕیوە فێرت دەكات كە چۆن بتوانی ژیانت پڕ بێ لە خۆشی..".

لەو كتێبەی Alain de botton چەند لێكۆڵینەوەیەكی سەیر بەدی دەكەین لەبارەی توانا و هێزی پرۆست لە مامەڵەكردن لەگەڵ مرۆڤ بەهەموو بەشەكانییەوە تەنانەت بچووكترین ڕووداو و وردترین چالاكی مرۆڤ. باسی چۆنیەتیی دانیشتنی ئافرەت دەكات لە كاتی دروومان و چنین و كاری دەستی، لەم كارەشەوە ئاماژە بەو ئازارانە دەكات كە ئافرەت لە پشت ئێشە و ڕاوەستانە هەڵەكان و دانیشتنی نادروست، هەروەها لە باسی تەندروستیدا باسی قەڵەوی و لەڕی دەكات: "ئافرەتێكی لەڕ، ئافرەتێكی جوان و زەعیف نییە"(٥).

هەروەها هەر لەو كتێبەدا ئاماژە بەوە دەكات كە پرۆست بۆ ئافرەتانی ئەو سەردەمەی خۆی، ئامۆژگاری گرینگی پێشكێش كردووە بە مەبەستی تێ نەگەیشتن لە ماناكانی ژیان و جوانی و توانا و تەندروستی.

ناوی ئاڵۆز ئاڵۆز لەنێو دەفتەری ئەدرێسەكانیدایە ئەمە ڕستەیەكە لەو كتێبانەی كە تێیدا باس لە ورد درشتی پرۆست دەكات لە تۆماركردنی هەموو ساتە ئاڵۆزەكان و سادەكان نەک بەمەبەستی پڕكردنەوە و ڕەشكرنەوەی ڕووپەڕی كاغەزە سپییەكان، نەخێر، بگرە بە مەبەستی وردبوونەوە لەو كۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی.. بۆ كەسێكی وەک پرۆست لەگەڵ كۆمەڵگە ئەریستۆكراسییەكان ژیابێ و لەگەڵیان ورد و درشتی بەسەر بردبێ جێی سەرنج نییە ئەگەر ناوی پرنسس و دۆک و نەجیبزادەكانی لەنێو دەفتەری ئەدرێسەكانیدا تۆمار كردبێ.

سەردانی زۆربەی ئاهەنگە ئەریستۆکراتەکانی کردووە.. بە قەولی خۆی ڕۆمانەکانی بریتین لە شێوە کۆمەڵایەتییە جیا جیاکان، بێ مەرامیش نەبووە کەوا پرۆست لە هەموو قوژبنی ڕۆمانەکانیدا پەنای بردووەتە بەر ئەو شتە تۆمارکراوانەی کە سەردەم لە دوای سەردەم تۆماری کردوون و لەنێو بیرەوەرییەکانی دەری هێناون.

پرۆست بڕوای وابوو کە خۆشەویستی شتێکی نەمرە، بەڵام ئەو نەمرییە لە خودی خۆی خۆشەویستی ناخەملێ، بگرە خەرمانێکە و سنوورەکانی دروێنەی خۆی دیاری دەکات و لەنێو ناخی مرۆڤدایە نەک لە ناخی خۆشەویستی خۆی. بەڵێ خۆشەویستی سنووری نەبڕاوە بووە، زەمەن لە دوای زەمەن لەگەڵیدا ژیاوە و زۆربەی ژیانی پێوەست بووە بە خۆشەویستییەوە. لە بەشەکانی ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبووندا) لە ڕاستیدا. گەڕان بووە بەدوای زەمەنی خۆشەویستی دەربڕینەکانی پرۆست (لۆڤەر، خۆشەویستی، ئالبیتین) لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەیدا دووبارە و سەدبارە دەبنەوە، نەک بە مەبەستی پڕکردنەوە و تێهەڵکێشکردنی ڕستە و دەستەواژەی نوێ، بگرە بە مەبەستی دەربڕینی ماناکانی ژیان و جوانی و پێوەندی و خۆشەویستی Albertine. بەشێکە لەو عیشقە قووڵەی پرۆشت لە "ئەسیر"دا. بە دوور و درێژی لەسەری دەڕوا و عەشقی خۆی بەو زمانە شی دەکاتەوە کەوا عەشقێکە هەڵهاتن لێی مەحاڵە و خۆ تەسلیمکردن پێی قووڵترین ئازارە. هەموو کات لە خۆی دەپرسێ Albertine چ گیانێکە وا ناتوانێ لێی هەڵبێ لە کاتێکدا خۆی کە باسی دەکات دەڵێ: "لە خەڵوزفرۆشێ دەچێ، دەیەوێ وا پێشان بنوێنێ کاری خەڵوزفرۆشی نییە. کەچی سەرتاپای ڕەشە(٦).

مەبەست لەو خۆشەویستییە ئاڵۆزیە هەڵهاتن لێی کارێکە مەحاڵ هەرچەند خۆمان بمانەوێ وا بنوێنین کەوا یەکتریمان ناوێ، بەڵام شتێکە و شاردنەوەی بۆ نییە.. لەو پێوەندییەدا چەندان مانای زەقی خۆشەویستی هەبوون وەک قووڵی لە پێوەندیدا و ئێرەیی لە دوورکەوتنەوەدا، دەست بەرنەدان و بەردەوام پێکەوەبوون، پرۆست لە خۆشەویستیدا باس لەو حاڵەتانە دەکات کە تێیدا جەستەیەک دەسووتێ و ئەوی بەرامبەر بەپێچەوانەوە باس لەو حاڵەتانە دەکات کە تێیدا خۆی بە شتێک لە ئەو دەزانێ و کەچی نازانێ ئەو لە چ بیرکردنەوەیەکدایە: "بە بیستنی کلۆمدانی دەرگەی ژوورەکەی Albertine ئەگەر کەسێکیشم لەگەڵ بووایە یەکسەر بەجێم دەهێشت و هێشتا نەگەیشتبووە سەر پلیکانەکان وازم لێ نەدەهێنا و هەندێ جار چەند پلیکانێ لەگەڵیا دەچوومە خوارەوە. Albertine لە ڕێڕەوەکەوە بەرەو پیریم دەهات"(٧).

یەکێ لەو مەسەلانەی زۆر بە گرینگی باسی لێوە دەکرێ و لە زۆر جێگەدا پرۆست ئاماژەی بۆ دەکات مەسەلەی پێوەندی نێوان دوو حاڵەتی گرینگە لە عیشقدا ئەویش حاڵەتی ئێرەییە ئەم حاڵەتە کوشندەیە پرۆستی بەشێوەیەک شڵەژاندووە کە ناتوانێ دەستبەرداری بێ حاڵەتێکی کوشندەیە لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەر و لەگەڵ تاکە خۆشەویستی Albertine تووشی جۆرێکی لە نەخۆشی دەروونی کردووە لە "ئەسیر"دا هەست بەهەموو ئەو ناکۆکییانە دەکات کە

تووشی دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ Albertine ... خۆشەویستییەکەی سنووری نییە. لە دەنگ و بۆن و لێکداندا ئامادەن: "کە گوێم لە دەنگی پێیەکانی ئەلبیرتینی دەبوو لەزەتێکی ئاسوودە گەیێنم هەست پێ دەکرد، بەو بیرەی کەوا ئەمشەو بۆ هیچ جێگەیەک ناڕوات...".

ئەوەندەش لەو پێوەندییەدا قووڵ دەبێتەوە، ئیتر هەست دەکات درێژایی ژیانی پێوەستە بەو حاڵەتەوە کە برێتییە لە نێزیکی ئەو پێوەندی لەگەڵ سەرتاپای ڕۆمانی "گەڕان بە دوای زەمەنی ونبوودا" بێبەری نییە لە خۆشەویستی، بەڵام لە پاڵ ئەم حاڵەتە قووڵەدا ئەوەش وەبەرچاو دەکەوێ کە پرۆست خۆشەویستی لە بەشەکانی تری خراپەکاری دانابڕێ، بڕوای وایە هیچ شتێکی پاک بێبەری نییە لە پیسی. "ناڵێین ڕۆژێک نایەت کەوا تەنانەت بەم کچۆڵە درەخشانانە، سیفەتگەلی زۆر دیاریکراو نادەین، بەڵام چیی تر نابنە جێی سەرنجمان.. ئیتر ئەو کاتە هیچ کردنێکیان لەلا نابێ.. گەیشتنیان بۆ نێو دڵمان ئەو دیارییە نییە کە چاوەڕوان دەکرا بگۆڕێ. هەر جارە و بە وێنەگەلێکی نوێ پەرێشانی دەکات"(٨).

تەنانەت لە بەشی ئەسیردا زیاد لە چەندان سیفەتی ئافرەت دەخاتە ڕوو کە دەبنە هۆی ڕووشاندنی ڕووی پاکی خۆشەویستی لەوانەش خیانەت و ئیرەیی و دووڕوویی دووزمانی و درۆ و بەرژەوەندی سەرتاپای ئەو ڕۆمانە برێتییە لە گومان.. گومانی پاڵەوانە کە خۆی لە کەسایەتی پرۆست دەبینێتەوە لەگەڵ Albertine.. گومان لەو کاتەی لە جووڵانەوەی لە هەڵسوکەوتی. سەرەڕای قوربانی پاڵەوان. ئافرەتێکە ئاڵۆز، پڕە لە بەدگومانی و نهێنی، پرۆست لە ڕێی پاڵەوانەوە تەعبیر لەو جووڵە و ڕووداوانە دەکات کە خۆشەویستەکەی بەرەو گومانی دەبات فرانسواز و ئاندریە و شۆڤیرەکانی هەموو برێتین لە زنجیرەیەک هەواڵهێنەر و شایەدی حاڵەتی ڕووداوەکان لە ڕۆمانەکەدا.

هەروەها وشەی درۆ یەکێکە لەو وشانەی زیاتر لە (٩١) جار لە بەبیر هێنانەوەی خۆشەویستی وەفا و ئەمەکداری وشەی درۆمان بەرچاو دەکەوێ ئەم وشە لە هەموو پێوەندییە خۆشەویستییەکاندا پرۆست باسی دەکات. لەگەڵ Albertine ناوی وشەی درۆ زۆر دەهێنێ ئەمەش شێوەیەکە لە بەدگومانی. خۆشویستی لەم بەشەدا ئەوە دەردەخات کە شەڕێکە و دەبێ بەرپا بکرێ لە سەرەتادا پاڵەوان کە خودی پرۆست خۆیەتی نازانێ چ هەڵسوکەوتێ بکا، لەلایەک خۆشەویستی (Albertine) لەنێو ئێسکی دایە، لەلایەکی ترەوە بە گومانە لەوەی ئاخۆ چی بکا و چۆن بەسەر ئەو گومانانە زاڵ بێ، بێگومان هەموو ئەو ڕێگەیانە دەگرێتە بەر کەوا بەرەو چارەسەری دەبات، بەڵام بە گومانە لە ڕێگەچارە، لە کۆتایی پێوەندییەکاندا هەردەم ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەریان بەردەوامی بەو دوودڵییە کە پێوەی دەناڵێ یان بڕیار بە جیابوونەوە بدا. جیابوونەوە چارەیەکە لەوەدا بەدی دەکات کەوا هەموو ئەو سنوورانە بکوژێنێتەوە کەوا لێوەی دەگاتە Albertine لە گفتوگۆیەکی عاشقانەدا لە پاش مشتومڕێکی دوور و درێژ، ئالبرتین ئەو بڕیارەی دا کە لە دوا گفتوگۆی نێوانیاندا. جیابوونەوە هەڵبژێرێ: "لە وەڵامی دوا پرسیارم بە

نیگەرانییەوە وتی: "نازانم بۆ کوێ دەڕۆم، ڕەنگە بۆ توریز بڕۆم، بۆ لای یەکێ لە خزمەکانم"[٩].

ئەم قەسدەش کە بۆ یەکەم جار هێنایە سەر زار پشتمی هێنایە لەرزین، وەک ئەوەی سەرەتایەک بێ بۆ پرۆسەی جیابوونەوەی هەمیشەییمان، ئالبرتین نیگایەکی گێڕا بە ژوورەکە و پیانۆ و مۆبیلەکانی ساتن ئابی. "ناتوانم وا بیر کەمەوە کە ئیتر ئەم شتانە نابینمەوە، نە سبەینێ و نە دوو سبەی، نە هیچ کاتێ... "[١٠].

هەروەها هەر لەسەر درێژەی جودایی و جیابوونەوە دەڕوات، خۆی لەو دنیایە نزیک دەکاتەوە کە تێیدا مەرگ و ئازادی مرۆڤ پێوەستە بەجیابوونەوەوە، لای پرۆست بە مانای ڕیشە هەڵکێشانی مرۆڤ. ئەم جودایییە کەوا لە مرۆڤ دەکات بەهەموو شتێ شادمان بێ کە پێوەستە بەبیری گەڕانەوە، گەڕانەوەی ئەو بۆ لای ئالبرتینی واتە گەڕانەوە بۆ خۆشەویستی بۆ ژیان. بەڵام تەنانەت ئەگەر تەنیا باسی وشەی جودایی بکەین دیسان مەسەلەکە خراپ دەبێ.. " لە ڕاستیدا ئەوەی ڕای دەگەیەنین پێچەوانەی شتێکە کە ئارەزوومان لێیەتی "واتە هەردەم پێکەوەژیان لەگەڵ خۆشەویستەکەت".

بەم جۆرە پرۆست لە ئازاری عەشق و جودایی دەدوێ.. هەروەها ئەو خاڵانەش بە وردی شی دەکاتەوە کە هۆش تێیدا دەبێ بەبەشێک لە مانەوە و بەردەوامی، دەبێ بە بەشێک لە بڕیاردان و دابڕان. دابڕانەکانی پرۆست لەو حاڵەتانەدا دەردەکەوێ کە خۆشەویستەکەی لێی دوورە، بەڵام لە ڕێی ئەوەوە باس لە قەیرانەکانی سەردەمی خۆی دەکات و باس لە ئۆرۆستوکراتییەت و ئازارەکانی سەردەمی خۆی و دۆک و بارک و خانمانی سەردەمی خۆی دەکات، هەر لە ڕێی عەشقەکەیەوە باس لە گەشەکردووترین هونەری مۆسیقای سەردەمی خۆی دەکات. کە نێوی ڤاگنەر و موروڵ و ئامانویل شارییە و ئاهەنگسازی فرەنسی و شوپیار و لوسین کاپە و ئۆپێرا مەزنەکەی ڤاکنەر و مامۆستایانی ئاوازخوێنانی تۆرنبێرگ مەبەستی مێژووی هونەری ئەو سەردەمەیە.

هەرچەندە پرۆست سەردانی ئەو شوێنانەی نەکردبوو کە تایبەت بوو بە هونەرە مەزنەکانەوە... دەربڕینەکانی پرۆست (لۆڤەر، خۆشەویستی، هیندستان) ئەوەندە نەیانتوانی جێی سوود بن، یەکەم جار بەهۆی ئەوەی لە ناکۆکیدا بوو لەگەڵ ئەو شتانەی ئێمە لە بارەی کارەئەکتەرییەوە دەیزانین، هەرگیز سەردانی ئەو مۆزەخانەیەی نەکردبوو کە بەپەرۆش بوو بۆ بینینی"[١١].

کەسێک ئەو هەموو گەشت و گەڕان و زانین و کراوەیی و فێربوونەی تێدا ئامادە بێ، کەسێک سەرتاپای نووسینەکانی مۆزەخانەیەک بێت بۆ هونەر و ئەدەب. ناوی مەزنی وەک دیستۆڤسکی و تۆڵستۆی و بەلزاک و ستاندال و ڤیکتۆر هۆگۆ و نیتشە و ئیمەرسۆن وێنە مەزنەکانی رامبرانت و بیرنارد دینولوئینی و ڤیرمیر و.. هتد لەنێو ڕۆمانەکانیدا جێی کردبێتەوە مانای ئەوە نییە دابڕاوی لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە هونەری دوور خستووەتەوە، هەرچەندە لە زۆر شوێنی کە دێتە سەر باسی هونەر وەک لێکۆڵەرەوەیەک، دەڕوانێتە تابلۆکان، هەندێ جار ئەو حاڵەتە دەروونییانە دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ باری ناخی خۆی بەرجەستە دەبێ، ئەو بەرجەستەبوونە ڕێی لێ ناگیرێ لەوەی تەعبیر لە

هێڵ و ڕەنگەکانی بکات. کاتێ لە (ئەسیردا) وەسفی ئەلبیرتین دەکاتن دەیشوبهێنێ بە تابلۆکانی ڕافائیل، یاخۆ کە باس لەو حاڵەتە ناوازانە دەکات کە ئەلبورتینی دەیگرێتە بەر نموونەی کاریکاتێرەکانی (داڤنشی) دەهێنێتەوە، بەڵێ پرۆست لە ئاگاییەکی بێ وێنەدا بوو لە دووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە هونەردا ڕووبەڕووی دەبنەوە، وێنەی ئەو کەسایەتییانەی لە نووسینەکانیدا زۆر لەوانە دەچوون کەوا لە تابلۆکاندا دەبینرێن.

لێکۆڵەرەوانیش بڕوایان وایە کە ڕۆمانەکەی پرۆست تابلۆیەکی گەورەیە تێیدا هەموو هێڵە مەزنەکان چوون بەیەکدا و لەنێو مەزنی ئەو هێڵانە

دەتوانرێ هەست بەو هێڵە باریکانە بکەین کە لە بەرچاوماندا دێن و بەنێو یەکتریدا دێن...

پرۆست چەند ساڵێک پێش مردنی لە ڕا وەرگرتنێکدا لەبارەی هەشت هونەرمەندی نیگارکێشی فرەنسی کە لە مۆزەخانەی لۆڤەر جێی سەرنجین، داوای بۆچوونیان لێ کرد (ئەو شوێنەی ماوەی ١٥ ساڵ نەچووبووە ناوی) بێگومان لە وەڵامدا ناوی چەند وێنەکێشێکی هێنابوو بەڵام وەڵامەکەی زۆر بە نابەدڵییەوە پێشکێش کردبوو، لەو وێنەکێشانەش ناوی (Chardin)ی هێنابوو، بەتایبەت سیان لە بەرهەمە مەزنەکانی ئەوانیش پۆرترێنی خۆی و ژنەکەی و تابلۆی (ناتویر مۆرتە، ناوی ڕینوار دیلا کراو و ماتیس و میلتسی هێنابوو.

بێگومان نادڵنیایی پرۆست لەو چاوپێکەوتنەکەدا لەوەدا بوو کە لە هەموو تابلۆ و لای هەر هونەرمەندێ دیمەنێک و دیاردەیەک سەرنجی ڕاکێشابوو، وە بەلایەوە گرینگ بوو، بگرە ئەو یادگارییانە بوو کەوا لە پشتی هەر کارێکی هونەریدا خۆیان حەشار دابوو، بێ مەبەستیش ناوی هیچ هونەرمەندێکی بەکار نەدەهێنا.

## گەڕان بە دووی بەسەرهاتدا

گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا بەهەر هەشت بەشەکەیەوە[١٢] بەرهەمی ئەو مرۆڤانەن کە بێ ئارەزوون "ئەم ڕۆمانە ناوی مێژووی بەسەرهاتی درێژترین نائومێدی لێ نرا"[١٣].

... ئەم کارەی کە توێشەبەرەی بەرهەمی تەمەنێکی پڕ لە ئازار بوو، ئەم گەڕانەی تەنیا یاریکردن و گاڵتە پێکردن نەبوو بە زەمەن و تەمەن و مەرگ و ژیان، بگرە دووبارە نووسینەوەی زەمەن بوو، نووسینەوەی مێژووی زەمەن بوو، لەسەر ڕووی ڕستەکانی پرۆست هەست بە لەرینەوەیەک دەکەین دەڵێی مۆسیقاکانی ڤاگنەرە و بەرەو ئەو سیحرە ئەمانبات کە تێیدا دەرک بە شاراوەییئاوازەکان دەکەین پرۆست لە نێوەندی ڕستەکاندا ئەو مروارییانە دەشارێتەوە کە زەمەن پاش زەمەن نوێ دەبنەوە و زیاد دەکەن و ڕەونەق پەیدا دەکەن، خوێنەر هەتا لەو دەریایەی پرۆست قووڵ بێتەوە، نهێنی نوێتر دەدۆزێتەوە.

تایبەتمەندی و هێزی پرۆست لەوەدایە لە هەموو بەشێک و لە هەموو زانستێک و لە هەموو

حەزێک پارچەیەکی داپچڕ بووە و لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی تێهەڵکێشی کردووە. "لە مێژوو، هونەری شێوەکاری، نووسین، گەلا و ئاژەڵناسی و دەرمانسازی و فەلسەفە... "(١٤)

هەموو ئەوانە لە ڕۆمانەکەدا ئامادەن و لەیەک دەگەن و بەزمانی یەکتری ئاشنان، پرۆست ئەوە ئاشکرا دەکات، کە گۆڕانکارییەک لە نەمری ئێمەدا ڕوو دەدا، هەر خۆشی بەرەو نێو ئەو نەمرییە دەڕوا و بەدوای شتە شاراوەکانیدا دەگەڕێ.

پرۆست دەیەوێ لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ئەو نهێنییانەوە ئەوە بڵێ کە نەمری و مەزنی لە ناخی مرۆڤدا لە سەدەکانەوە دووبارە دەبێتەوە و لەبەرئەوەی ناخی مرۆڤ ئەو ناخەیە ناتوانێ لە زەمەن جودا بێتەوە و بۆ زۆر کەس گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا، ئیلهامی داهێنانی مەزن بووە، داهێنانی هونەری و ئیستاتیکی و ئەدەبی مەزن، واتە ئەو ڕاستییە دووبارە دەکاتەوە کە هەر دەقێ بیەوێ و نەیەوێ سەرچاوەیەکە بۆ دەقێکی تر، بەو مانایە نا پرۆست نەیویستووە لەژێر ڕکێفی دەقی خۆی دەرباز بێ. بگرە بەو مانایەی پرۆست لە دەقەکانی پێش خۆیەوە، سەرچاوەی مەزنی بۆ دەقەکانی پاش خۆی دامەزراندووە. پرۆست بە سادەیی دەڕوانێتە ئەو دەقانە، دەقەکانی بۆدلێر یان دیستوڤسکی یا خۆ ڕاسین سەرچاوەیەکن زۆر بە سادەیی خۆیان دەخزێننە نێو باوەشی پێوەندیمانەوە واتە (سادە بە مانای پێوەندی لەگەڵ وەرگردا).

لەو سەردەمەی پرۆستدا و لە تێهەڵکێشکردنی هونەری سەردەمەکەی خۆی و پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بێ هیچ دوودڵییەک دەستی یارمەتی بۆ ئەدەبی دەوڵەمەندی فەرەنسی درێژ دەکات هەر لە بەلزاک و مارکیز دوسوینیە (١٦٢٦-١٦٩٦)، جۆرج ساند و هۆگۆ و... هتد.

هەروەها بە ئەدەب تێ دەپەڕێ و ئاماژەش بە سیاسەتمەداران دەکات و لە زۆربەی بەشەکانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا" چاومان بە کەسایەتی سەربازی و سیاسەتمەداران دەکەوێ، لە بەشی یەکەمی {لای سەوان} باسی "میرونەژی" دەکات ئەم ناوە لە سەدەی شەشەمی میلادی دەورێکی گرینگی هەبووە لە فەرمانڕوایی فەرەنسادا و هەروەها ماریشال مەک ماهون یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ژیانی سیاسی فەرەنسا، ساڵی ١٨٧٣ بووە بە سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی فەرەنسا. هەروەها پرۆست لە بەشی ئەسیردا، ناوی چەندان دۆک و شازادە و دۆشیزەکان دەهێنێ.. دیارە ناوهێنانی ئەمانە لەلای پرۆست بە مەبەستی پێدا هەڵدان و بە ئەستێرەکردنیان نەبووە و ناشیەوێ وەک ڕیپۆرتاژێکی دوور و درێژ لە ئاستیاندا ڕاوەستێ و پرۆست کاتێک باسی ئەو سیاسەتمەدار و کەسە مێژووییانە دەکات، دەیەوێ لە پاڵ گەڕان بەدوای زەمەندا بەدوای مێژووی فەرەنسادا بگەڕێ.. فرانسۆز کەسێکە لەوانەی لە "کومبەرە" وەک ویژدانی ئەو سەردەمە، تراجیدیای شەڕ دەگێڕێتەوە، کاتێک چاوی بە سەربازان دەکەوێ، بەسەر ئەسپەوە بەرەو مەیدانی شەڕ دەڕۆن قوڵپی گریان هەرەسی پێ دەهێنێ. گریان لەو ساتەدا بە مانای وەدیهێنانەوەی تراجیدیای مەرگی کوڕەکەی، بە مانای دژایەتییەک لە نێوان مەرگ و جوانی، ئەو بۆ دژایەتی

دەرخستن لە رووی مەرگدا گریانی فرانسواز وەک دیمەنێ دەهێنێتەوە. هەر کەسێ دەتوانێ بە ئاسانی ئەوەی دەیەوێ بیڵێ لەبارەی مانەوە پاش نابووتبوونی مێشک. بەڵام ئەوەی پرۆست پەی پێ بردبوو ئەمە بوو کەوا هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە توانای مێشک لەگەڵ بەشێک لە مەرگدا هاوبەرامبەرە. کاتێ فەیلەسووفەکان دەیانگوت کەوا مرۆڤ هەموو بیرەوەرییەکانی لە بەردەستدایە، بەڵام توانای وەبیرهێنانەوەیانی لە بەردەست نییە. پرۆست لە خۆی دەپرسێ: بیرەوەرییەک کە نەتوانرێ وەبیر بهێنرێتەوە چییە؟"(١٥).

وەبیر هێنانەوەی گریان و مەرگ و شەڕ لای پرۆست هاوبەرامبەرە لەگەڵ تراجیدیای مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەی بەسەرهات، واتە وەبیرهێنانەوەی ئەو چرکانەی لە ناهۆشمەندی مرۆڤدا ئامادەن. پرۆست دەستی بەسەر هەموو ئەو مرواریانەدا گرتووە کە لە ناخیدا ئامادەن و ناشهێڵێ وا بە ئاسانی لەژێر دەستی ون بن. هەروەک کۆرپەیەک دەڕوانێتە هەموو یاد و بیرەوەرییەکانی خۆی..

لە سەرەتادا وتمان هەموو رووداوەکانی نێو گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا رووداوی مێژوو مەرگ و مرۆڤن.. هەموو بەسەرهاتێ بیرەوەرییەکە، جووڵەی پەلەوەر و شەپۆلی دەریا و هەردوو لایەنەکانی سروشت، لایەنی تێر و زیندوو خەسێنراو و لایەنی برسی و گیانەلا و نەزۆک، مامەڵەی پرۆست لەو چرکە وردانە دەچێ کە وەکو مێروو بەسەر پێدەشتێکی بەریندا رێ دەبڕن، ئارەزوو بۆ خۆیان کۆ دەکەنەوە. ئارەزووەکانی پرۆست لەو کچانە دەچن کەوا هەموو هەڵپەیەک لە ناخ و دەروونی لاوێکی پڕ سۆزدا دەبینەوە، بەسەرهاتی نێو رۆمانەکەی پرۆست زنجیرەیەکە بە دووی یەکدا هاتنی خودی خۆی بە دووی ئەو زەمەنەی لە کومبەرەوە دەیباتە پاریس و لەوێشەوە بە نێو شارەکانی فرەنسا و هۆڵەندا و ئیتاڵیادا دەیگێڕێ. لە سکونییەتی خۆیدا ناوەستێ. سکون لای پرۆست بە مانای مەرگ.

ڕەنگە رامبرایت بە درێژایی تەمەن ئەوەندەی پرۆست بە وێنەکێشانی کەسایەتییەکانیەوە ماندوو بووبێ. سەوان، یاخۆ ئەلبیرتینی یان جیلبێرت یا خاتوو وردون، هەموو بەشێکن لە بەسەرهات و ژیانێکی سەرقاڵ، هەڵهاتن لێیان کارێکە مەحاڵ..

هەڵهاتن پرۆستی فۆرمیلا کردووە و ناشتوانێ لێی هەڵبێ. سبەینێ بەهەمان شێوە، بەردەوام بە دوایەوە و نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکا. ئەمە بە مانای ئادەتکردن نییە بەو ژیانە و بەمانای بوونێک نییە کە کۆنیرۆڵی خۆی لەدەست دابێ و نەتوانێ نیشانەیەک بۆ خۆی دیاری بکا.

ئادەتکردن لە بەسەرهاتەکانی پرۆست بەتەواوی لە فرانسواز دەچێ.. ئەو کەسە لەنێو بەسەرهاتەکانی رۆمانەکەدا، کەسێکە بەتەواوی لە چێشتخانەکەی ماڵی پرۆستدا دەیزانی کاری چییە و بەدوای چیدا دەگەڕێ.

ئەگەر ئادەتکردن شێوەیەک بێ لە مەرگ، شێوەیەک بێ لە تەسلیمبوونی گیان بە هەموو رووداوەکان، ئەگەر جوینەوەی ئەو ساتانە بێ کە بەدوای یەکتریدا دێن و دەچن و، بەردەوام

دووباره دبنەوە، لای پرۆست لەو خانەیە دەرچووە، ئەو لە خانەیە دەرچووبوو کە ناتوانێ بڵێ من لاوم و نوێ دەبمەوە.

بەسەرهاتەکانی زەمەن هەموو کات پچڕاون، واتە زەمەنێکن لە نێوەندا ڕووداوەکان بە کەمال دەگەن. بەڵام لە ژیانی پرۆستدا ئەم پچڕانە بەکەمی دەبینین. ئەم بارەش لەلای پرۆستدا لەو خاڵەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کەوا ورد و درشتی ژیانی پرۆست بە منداڵی و نازی دایک و گرێی ئۆدیب و نەخۆشی هەستیاری و مەرگی ناوەخت پەیژەیەکە لە سەرکەوتنی یەک بەدوای یەک بەرەو ئەو ئامانجانەی کە مەبەستی بووە، گرینگترین سەرەتا دابڕانی بوو لە کومبەرە Combray، دابڕانی لەدایک، دابڕانی لە گیلبیرت Gilberte، دابڕانی لە هەردوو لایەنی سەوان و گرمانت... تراجیدیاترین بەسەرهاتیش تووشبوونی بوو بە عەشقی ئەلبیرتینی و مەرگی دایک و نەخۆشی و... بەسەرهاتێکە لە تەمەنێکی کورتدا ڕوو دەدا، بەسەرهاتێکە ناگاتە سەرەتا و ناشگاتە کۆتایی. ڕۆمانەکەی پرۆست، ڕەنگە بەسەرهاتێ بێ بۆ تەعبیرکردن لە فەلسەفە و بوون و لە ئازار و بەسەرهاتەکانی خۆی.

ئەو بەسەرهاتانە و ئەو هەموو دابڕانە، لە نووسین دای نەدەبڕی بە درێژاییی تەمەنی نووسینی، تەنیا ئەو ساتانە دادەبڕا کە نەخۆشییەکە لێی دەدا بە ناچاری (٤٠) کاتژمێر لە نووسین دوور دەکەوتەوە. بەشەکانی تری ژیانی هەر هەمووی نووسین بووە.

بەسەرهات و کات، دوو زاراوە بوون، لە زۆربەی بەشەکانی ڕۆمانی گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا دەیبینین، هەر هەموو بەشەکانی چیرۆکێکی نەپساوەی مرۆڤێکی نەخۆشە، نەخۆش بە مانای جەستە نەک مێشک و داهێنان.

## سیمبۆلیزمی پرۆست

کەسانێک پەنجەی سیمبۆلیزم بۆ پرۆست درێژ دەکەن، بڕوایان وایە کەوا پرۆست لە دووتوێی کەسایەتییەکانیدا دەیەوێ بەسەرهات و ڕووداوی تر بگێڕێتەوە و تەعبیر لە کەسانی تر بکا، کە باس لە کات دەکات، کاتێکی ترە و واتە چرکە و کاژێر و شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ نییە، بگرە کات بەردەوامی و ڕووداو و ژیان و مەرگ و بەسەرهاتەکانی مێژووە، ئەم سیمبۆلیزمە وای لە مێژوونووسی ئەدەبی R. Galand کردووە کە بڵێ: پرۆست میراتگری سیمبۆلیزمە[١٦].

بەڵام ئەم میراتگەرییە چ شێوەیەکە و بە چ ریتمێ دەچێت بەڕێوە، هەر لەم بارەیەوە نووسەری هۆڵەندی "میندیرت ئیڤیرسی" لە نووسینێکی دوور و درێژ لەبارەی پرۆست ڕای وایە کە سیمبۆلیزمی پرۆست جودایە لە بزووتنەوەی سیمبۆلیزم، پرۆست لەگەڵ سیمبۆلیزمی شاعیرانی هەشتاکان وات ساڵانی١٨٨٠...... جودایە.

پرۆست ویستوویەتی لە دژی واقیعیەتی ئەو سەردەمە ڕاپەڕێ و خۆی نەدا بەدەست بزووتنەوەی باوی ئەو سەردەمە، هەروەها لە[١٧] Ala Recherche Du Temps perdu دەتوانرێ لە دوو شوێنی

تردا، یەکسەر چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی سیمبۆلیزم ببینەوە، هەر ئەو نووسەرە ئاماژە بە نموونەی (Passes) دەکات کە لە دواییشدا ئەم (Passes)ە سەرقاڵمان دەکات. کە لێرەدا لەو کارە هونەرییانە[١٨] Giotto دەدوێ و ستایشی دەکات و لەنێو کارەکانیا سیمبۆلیزمی نەمر دەدۆزێتەوە هەروەها ڕاوەستانە پیرۆزەکەی ڕاستییەکی لە پشتەوەیە و ستایشی دەکات و باسی کارە هونەرییەکەی دەکات، بەوەش دایدەنێ کە مەزنترین پیرۆزی سیمبوڵ لەوێدایە، لەو مەلانە دەچن کەوا خەریکن لەنێو دەچن و بنەبڕ دەبن.

نزیکبوونەوەی زیاتری پرۆست لە تابلۆ و هێڵ و کارە هونەرییەکان نزیکبوونەوەیە لە بارە سایکۆلۆجی و بارەکانی ژیانی هەنەرمەند و ئەو ساتەی داهێنانی مەزن تێکەڵ بەشێوە دەبێ، هەر بۆیە لە "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا" نزیکبوونەوەیەک هەیە لە نێوان هونەرە جۆربەجۆرەکان. لە کاری درامادا باس لە La Berma دەکات و لە شێوەکاریش باس لە Elstir، لە بواری فەرهەنگ و ڕۆشنبیری باس لە Bergotte، لە پەیکەرتاشی Uintenil.

لە تێهەڵکێشکردنی ئەو هەموو هونەرانە، دەیەوێ یەکلایەنییەک بە چالاکی فیکری مرۆڤ بدا. هەروەها ویستوویەتی ئەو سیمبولە یەکگرتووە بدۆزێتەوە کەوا لە هونەرە جیا جیاکاندا ئامادەن... لە هەموو جێگەیەک تایبەتمەندیەتی سیمبولییەکە، بەڵام هەڵسوکەوتەکان و مامەڵەکردنەکە دەگۆڕێت.

## دژایەتی، یان مانەوە

پرۆست چۆن لە کات دەگەیشت، روانینی ئەو بۆ کات تەنیا روانینێکی سەر پێی نەبوو، بگرە بە هەموو مەوداکانەوە دەیڕوانییە کات و لە هەموو جێگەیەکدا جوانیی شوێنی بەدی دەکرد و کاتی تێدا دەدۆزییەوە، لە پێوەندییەکی ئاشکرا کە پرۆست خۆی شی دەکاتەوە: "ڕەنگە بۆنی بەنزینی ئۆتۆمۆبێلێکی تێپەڕ بە لاتا، تایبەتمەندیترین مەرج بێ: نووسەر لە ژوورەکەی خۆیدایە لە پاریس، هەموو پەردەکان داخراون و وەرزی بەهارە، پەرۆشی ئەوەیە لەگەڵ Albertine بێ و لەگەڵیا ئازاد بێ. لەژێر پەنجەرەکانەوە گوێی لە ئۆتۆمۆبیلێ بوو کەوا نزیک دەبووەوە. بۆنی بەنزینی کرد. بەشەوقەوە ئەو بۆنەی هەڵمژی: ئەو بۆنە گەڕاندییەوە بۆ هەرێمی و گەڕاندییەوە بۆ ڕۆژانی تاوستان کە لەوێدا پێکەوە لەگەڵ Albertine بە ئۆتۆمۆبێل زیارەتی کڵێسای جۆراوجۆریان کرد......"[١٩].

بەم جۆرە بۆن لای پرۆست تەنیا ئەو حاڵەتە فسیۆلۆجییەی بۆن نییە، حاڵەتێکی سایکۆلۆجییە، بۆن لەو دیمەنەدا گەڕانەوەیە لەو کاتەوە بۆ کات، لە کاتی ژوورەکەی لە پاریس، بۆ ئەو کاتەی Bal-bec، لە ئێستاوە بۆ ڕابردوویەکی دوور، بۆ ئەو جێگەیەی کەسەکان دەگۆڕین دیمەنەکان دەگۆڕین، یان چاکتر بیڵێین شەوقێکە بۆ ڕەهایی، واتە دەربازبوون لەو ژوورە داخراوە تەنگە، بۆ ڕووبەرێک و مەودایەکی کراوەیی وەک Balbec گەڕانەوە لە تەنیایی ناخی خود، بۆ عەشق و جووتبوون...

لێرەدا لەم هاوکێشەیەدا، کیمیایی نووسین لای پرۆست هاوسەنگکردنی دوو نیشانەیە بە دوو بیرەوەری. بۆن... بە بیرەوەری لەگەڵ ئەلبیرتینی، ژوورەکەی لەگەڵ یادییەکی پڕ کراوە و پڕ مەودا. ئەو بۆنە تەنیا گەردیلە نییە، بۆن زەمەنە، زەمەنی گەڕانەوە بۆ ئەو یادە داخراوانە. بڕوانە "ئەو بۆنی بەنزینە ناخۆشە، لە ڕێی ئەو بیرەوەرییە پڕ توانایە بووە بە چ عەشقێکی بە نرخ" (٢٠).

دژایەتی لەم بەراوردکارییەدا دەردەکەوێ، دژایەتی لە نێوان جوانی و ناشیرینی خۆشی و ناخۆشی و کراوەیی و داخراو، بۆنی ناخۆش پردێکە بۆ پەڕینەوە بەرەو یادگارییەکی جوان و شیرین.

لەلای پرۆست جوانترین نامە لەو حاڵەتەدا دەنووسرێ کە تێیدا چاوەکانت داخەیت و لە کپەیەکی بێ وێنە، تەنیا ئەو هێڵ و خاڵانە ببینی کەوا بە هێمنی بە بەرچاودا دێن و دەچن، دنیایەکی خەیاڵ ئامێزت پێ دەدەن، ئەو بۆنانەش بکەینە هەوێنی ئەو یادگارییە و یادگارییە قووڵەکان.

لە نامەکەیدا بۆ ماریا نۆردنگر... پرۆست دەنووسێ:

سوپاس بۆ ئەو بەلسەمە................

"کەسێ کەوا زۆری حەز لە گوڵە و لە بۆنەکەی دەترسێ"(٢١).

لەم کورتە نامەیەدا دژایەتییەکە لە نێوانی بۆن و ترسە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە دەبێ چ پێوەندییەک ئەم دووانە پێکەوە کۆ بکاتەوە، ئایا ئەمە واقیعێکە و، پێوەستە بە حاڵەتی دەروونییەوە، یان ڕاستییە و بۆن و ئەم دوژمنییە یەکن. ئەمە پرسیارێکە.!! لە واقیع ناچێ چونکە ڕاستیی تێدا شاراوەیە، ترس لە بۆن واتە ترس لە ئەنجامەکانی بۆنە، بۆن شتێک نییە جێگە بێ بدۆزرێتەوە، بگرە بۆن شتێکە ئەخوڵقێ.. بۆنی گوڵ، بۆنی خۆشەویستییە نەک ترس، کاتێک دەبێ بەترس کە نەتوانێ پارێزگاری جوانیی خۆی بکا. هەر بۆ ئەم نموونەیە وتەیەکی نیتشە دەهێنینەوە لەبارەی ڕاستییەوە دەڵێ: "ڕاستی شتێک نییە کە جێگە بێ، بدۆزرێتەوە یاخۆ کەش بکرێت، بگرە ڕاستی شتێکە دەبێ بخولقێنرێ"(٢٢).

هەروەها لە نامەکەیکدا بۆ مەدامستراوس بەڕاستی ئەو حاڵەتە دەروونییانەی خۆی ڕوون دەکاتەوە کەوا لە ساتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ئەستمادا تووشی دەبێ، باس لەو حاڵەتە دەروونییانە دەکات کە شان بەشانی نەخۆشییەکەی دێن و لەگەڵیدا بەردەوامن، لەو ساتانەش تەنیایی و کوشندەیی ژان شان بەشانی دەڕۆن. مەدام ستراوس لەم چرکەدا وەک فەریادڕەسێ ڕووی تێ دەکات، بەبێ ئەو ناتوانێ تەعبیر لەو چرکانە بکا کە تێیدا مێشک دەبێ بەبەشێک لە داهێنان و بەگژدانەچوونەوەی نەخۆشی.. بەڵام ئەو (واتە مەدام ستراوس)، نهێنی ئەو داهێنانەیە. نەخۆشییەکەی مەودایەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دنیایەی کە ڕێگە لە داهێنانی دەگرێ، ئەو نایەوێ خۆی بدا بەدەست ئەو ژیانەی کە پڕ لە نائومێدی و پڕە لە داتەپین هەرەسی بەردەوام. بڕوای ئەو تیئۆرە بوو کە دەیگوت: هیچ شتێک لە دەرەوەی مرۆڤ، لە خۆیەوە جوان نییە و هیچ

شتێک لە دەرەوەی مرۆڤ لە خۆیەوە ناشیرین نییە، ئەو دووانەش لە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ دژەکان دێتە کایەوە، لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەکان، مرۆڤ لای پرۆست کاتێک دەتوانێ جواشکرا بکانی و ناشیرینی خێر و شەڕ دیاری بکا، ئەگەر توانی مێژووی بوونی هونەر و زەمەنی خۆی ئاشکرا بکا. بۆیە بڕوا وایە، هەموو جێگەیەک جوانی هەیە، بەڵام مرۆڤ دەیدۆزێتەوە.

یەکێ لەو دژایەتییانەی کە پرۆست بەردەوام باسی دەکات، دژایەتییە لە نێوان درۆ و ڕاستی، لە بەشەکانی گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا باس لە دیاردەی هەمەلایەنەی درۆ دەکات، باس لە درۆی مێژوویی دەکات کاتێ لەسەر زاری (لیگراندن) ئەو وتووێژە ساختەگەریانە لەبارەی ئەسڵ و نەسەبی خۆی دەگێڕێتەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە {کومبری} لە بناخەوە جێی باو و باپیرانێتی بەڵام کەڵکی نەماوە و خۆی نایەوێ لەو ژیانە بێ کەڵکە بژی.

هەر بۆیە ژیانی خۆی پڕ بوو لە ساختەکاری بۆ ئەوەی وا بنوێنێ نەجیبزادەیە و دەیەوێ بەو جۆرە بژی.

"بەڵێ، لە هەر کوێیە ڕەوە درەختی بریندار، بەڵام نەشکێنراو بەکۆمەڵ و کۆکراوەیی ئامادەبن، کە بەیەک زمان و بەسەرسەختی پڕ دەرد و ناڵە شکایەت لە ئاسمان بکەن، لەو جێگەیانە دۆستم هەن"(٢٣).

ئەمە شێوەیەکە لە لووتبەرزی، یان (سینوبی) کە لە زۆربەی رۆمانەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات، سینوبی بەمانای خۆ بە زلزانین و لووتبەرزی و وا خۆنواندن کە زۆر شارەزا و دانشمەند و بەتوانا. لە بەرامبەریشدا بەشێکی تر هەن، وەک فرانسواز و سەوان و باوکی مارسیل ئەمانیش بەشێکن لە ژیانی ئاسایی و ڕاستەقینە و دوور لە ساختەچێتی. ئەم دژایەتییە بەدرێژایی بەشەکانی ڕۆمانەکەی پرۆست دەبینرێ، درۆ و ڕاستی حاڵەتێکە لە نائاوازەیی لە نێوان جوانی و ناشیرینی، کەسێک وەک ئالبیرتینی بە هەموو توانای جوانی لە بەردەم ئەو حەزە شاراوانەی خۆی درۆ دەکات، درۆی بەردەوام کە (مارسیل)ی تووشی گومان کردبوو، گومان لە وتەکانی لە کات و دەرچوونی، لەو هەموو ساتانەی کە لەگەڵ ئەودا لەژێر یەک سەربانادا پێکەوە دەژیان. ئەم دژایەتییەی نێوان درۆ و ڕاستی گەڕانەوەیەکە بۆ بەگژداچوونەوەی، هارمۆنیای بەدی گومان و یەقین، هەموو شتێ لەلایەن ئالبیرتینەوە بەرامبەر بە پرۆست ئاشکرا بوو بەقەولی ویتگنشتاین: هیچ شتێک پەنهان نەبوو.. یەکێک لەو زاراوانەی کە پرۆست لە سەرتاسەری ڕۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا" بەکاری دەهێنێ (هەڵە)یە. هەڵە بەمانای ئەبجەکتیف، واتە گومانکردن لەوەی دەوترێ یان دەبیسترێ، بڕوای وابوو کە ژمارەیەکی زۆر لەو گوزارشانەی لەبارەی ژیانی کەسایەتییەکان دەوترێ لە تەوەرەی هەڵە و ڕاستیدا دەسووڕێتەوە، ئایا ڕاستە کە مێژووی (کومبری) مێژووی بەسەرهاتی دوو ناوی مەزنە، سوان و دوگرمانت، ئایا هەڵەیە ئەگەر بوترێ هەموو وتەکانی ئالبیرتین ڕاستین و گومانی مارسیل ئەو تەمومژاوییەی دروست کردووە.. ئێمە لێرەدا ئەو ڕاستی و هەڵانە شی ناکەینەوە کەوا لە دووتوێی هەڵسوکەوتی کەسانی نێو ڕۆمانەکەدا

ڕوو دەدەن، بگرە ئەو ڕاستییانە ڕوون دەکەینەوە کە پرۆست بۆ دەربڕینی ناکۆکی و دژایەتییە بنەڕەتییەکان پەنای بردووەتە بەر. مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆست لەگەڵ جیهانی کەسایەتییەکانی سەرچاوەیەکی مێژوویی سۆسیۆلۆجییە. لە هەمان کاتدا شیکردنەوەیەکی دەروونی هەردوو دیوی دیمەنەکانە، دیوی سەرووی باسەکان، (واتە گێڕانەوەی ئاسایی)، دیوی ناخی بەسەرهاتەکان، ئەمەش لەو بابەتانەدا دەتوانرێ بەقووڵی بگەینە ئاستی کاتێک کە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە باشی و پاکی شتێکە لە زەینماندا ئامادەیە و زەین دەیهێنێتە پێش چاوی خۆی، بەڵام وەک لایەنی تر، دەسەڵاتێکی تر هەیە کە بڕوای وایە هیچ شتێک نەمر نییە و ڕەها نییە، ئەوەشی لەلای تۆ بەشە، باشی ئەوە نییە کە هەموو کەس بەیەک چاو لێی بڕوانن. ئێستێتیکی هونەر، لە بەرچاوی هونەرمەندێ، یان کەسێکی هونەردۆست لەو ساتانەدا دەردەکەوێ کە ڕوح بەتەواوی هاوتەبا دەبێ لەگەڵ تابلۆیەک یاخۆ کارێکی مۆسیقا. بەڵام بۆ جەنەڕاڵێ یاخۆ شەڕوانێ داگیرکردنی زەوییەک، پێکانی نیشانەیەک جوانترین هارمۆنیا دەداتە بوونی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەتایبەت لە فرەنسا وەک ڕەوتێکی فەلسەفی تەماشای پێوەندی نێوان کەسایەتی ڕۆمان و هارمۆنیکای بوونی تاکە کەسەکان دەکرا. بۆیە نووسەر پڕ بەتوانای خۆی هەوڵی خوێندنەوەی زەینی خوێنەری دەدا. نەک زەینی خۆی.

"تێگەیشتن لە مرۆڤەکان بەمانای تێگەیشتنە لە فەرهەنگی چەمکەکانی ئەوان"(٢٤).

ئامادەبوونی پرۆست لە زەینی خوێنەر، ئەم ئامادەبوونە واتە بەردەوامبوون لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەروونی مرۆڤ، ناخی کەسایەتییەکان، بۆیەش نەک تەنیا لە ڕووی دەرەوە تەماشای مرۆڤ دەکات، بگرە لە ڕووی ناوەوەش دەیخاتە ژێر میکرۆسکۆبەوە "چوومە قووڵایی خەونەوە، ئەو خەونە لە نهۆمی دووەمی ئاپارتمانێک دەچێ"(٢٥).

ئامادە نییە تەنیا لە ناخی خۆی ئامادەبێ، مێژووی کەسایەتییەکان بێ ڕۆژ و ساڵ و چرکەن، هەر بۆیەش ئەم خەونی نائومێدییە لەبارەی "سوان" دەگێڕێتەوە، لە چەند جێگەیەکدا ناوی سوان دووبارە دەکاتەوە، لای ئەم سوان گەورەترین نموونەی پەیمانەکە دەتوانێ بە مرۆڤی بدا لە ڕێی سوان کەسەکانی تریش خۆیان دەناسنەوە بالبیس و ئەلبیرتینی و گۆرمانیس.

## پرۆست چرکەیەک لە نائومێدی

مەرگی دایک بۆ پرۆست گەورەترین هەرەسی ڕوحی بوو، سەرەتای نائومێدی و ڕووخانی پرۆژەکانی ژیان بوون، نەمانی ئەو دنیا پڕ لە سۆز و ئەوینە کۆژانەوەی تروسکایی ژیانی پرۆست بوو Jeanneی دایک بوو بۆ پرۆست ئەو دەروازەیە بوو کە لێوە دەچووە نێو هەموو جیهانە ئاڵۆز و دڕکاوییەکان. لە سەرەتای بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەی ئاماژە بەڕۆڵی ئەو مەشخەڵە دەکات لە ڕووناککردنەوەی دەروونی تاریکی، باس لە گەشاندنەوەی ئەو پشکۆ دامرکاوانە دەکات کەوا لە دەروونیدا دامرکابوونەوە، ئەم ئافرەتە تەنیا لە بەرچاوی پرۆست ڕەمزێک نەبوو بۆ پێوەندیی جەرگ

و دایکایەتی، خۆی لە بەشی یەکەمی "لایەنی سوان""دا دەڵێ: "کاتێک کە دەچووم بەخەوم، تەنیا شتێک کە مایەی دڵخۆشیم بوو ئەوە بوو کە دایکم بێ و لەنێو نوێنەکەم ماچم بکا"(٢٦).

وا بەستەیی پرۆست کارێکی پڕ سەیروسەمەرە بوو هیچ کەسێ ئەو چاوەڕوانییەی نەبوو کەوا کەسێکی وەک پرۆست ئەو هەموو پەرۆشی و حەسرەتییەی لە خۆشەویستی دایکدا کۆ کردبێتەوە. ئایا ئەمە نەخۆشییەکی دەروونییە کە (فرۆید) ئاماژەی بۆ دەکات، یان حاڵەتێکە لە گەڕانەوەی خود بۆ سەرچاوەی دروستبوون "مەرگی دایک، نەک پرۆستی خستە نێو چاڵێکی قووڵەوە کە وەک باسی لێ دەکات، بگرە تووشی بەلایەکی مەزنی و تاریکی کرد..."... "پرۆست بەگومان بوو لەوەی کە ئەم دایکی خۆی کوشتووە"(٢٧).

ئەو گومانە لەوەوە سەری گرتبوو بەبڕوای ئەو، واتە پرۆست ئەو هەموو ئازارەی کە دایکی بەدەست ئەمەوە دەیچێشت هۆکاری مەرگی بووە. ئەو چرکەی مەرگی دایکە، نائومێدی بۆ پرۆست دروست کرد، لە خێزانی بێ مێژووداStertgevallen ەکان ڕۆڵی گرینگیان لە مێژووی ڕووداوەکان بەنسیب دەبێ، بۆ (پرۆست)یش مەرگی دایکی هەمان ڕۆڵی هەڵهاتنی (محەمەد)ی (درودی خوای لێ بێ) هەبوو بۆ ئیسلامییەکان(٢٨).

یەک هەفتە پاش مەرگی دایک پرۆست تووشی گۆشەگیرییەکی کووشندە بوو سەرتاسەری گۆڕا. ئازایەتی لەدەست دا و هیواکانی مردن، ئەو مەرگەی دایک شێوەیەک بوو لە نائومێدی لە خەمی ئەدەبی، تا مەرگی خۆشی نەیتوانی لە دەستی ڕزگاری بێ...

پرۆست لە مێژووی پێوەندییەکانی لەگەڵ Jeanneی دایک ئەگاداری گەورە و بچووکی دەکردەوە، چرکە و سات و هەنگاو باسکردنی حیسێب و حیسابکاریشی پێ دەوت:

چوارشەمە ١٥ی ئابی ١٩٠٢، سەعات ٧ی ئێوارە دایکی خۆشەویستم "لەگەڵ ڤیبەر، بڕوا بکە لەگەڵ ئەو دەچمە دەرەوە بۆ ناخواردن، بۆیە ئەم نامە کورتەت بۆ دەنووسم"(٢٩).

"دایکی خۆشەویستم لەوێدا هەندێ سەرمام بوو، هەندێ ماندوو بووم، بۆیە ماوەیەک نامەم بۆت نەنووسی. لەبەرئەوەی سەرماکەم بەسەرچوو وا دووبارە نامەیەکی کورتت بۆ دەنووسم..

پێرێ ٣٠٠ فرانکت بۆ ناردم.. پێرێ سانتێکم لێ خەرج نەکرد.."(٣٠).

ئاگەدارکردنەوەی وردەکارییەکانی ژیان بەمانای قووڵبوونەوە و نزیکبوونەوە لە هەڵسوکەوت و ماناکانی یەکتری.

لە ژیانی پرۆست ناخۆشترین چرکە مەرگی دایک بوو، ناخۆشترین دابڕانیش دابڕانی بوو لە شارەکەی، ئەم دابڕانەش بۆ پرۆست وەرگەڕانێکی گەورە بوو لە دنیای وردودرشتی ئەم دەوروبەرەی کە لێی دەژیا، لە کۆمبری هەموو تیمپۆیەکی تایبەتیان هەبوو، هەموو دیمەنەکان بە پرۆست ئاشنا بوون و ئەویش بەدیمەنەکان ئاشنا بوو، بە هەردوو لایەنی سەوان و گرمانت بە خزمەتکار و میواندارییە بەردەوامەکانی و سەوان و سۆزی دەوروبەرەکەی نەیدەویست لەو ڕووبەرە دوور بکەوێتەوە، هەڵپچڕاندنی لە کۆمبری بەمانای ڕەگوڕیشە کردنی بوو، بەمانای مردن.

لەنێو ئاپارتمانەکانی پاریسیش بەو بۆنەی ئەوێ بیری دەکردەوە، بەڵام ئەوەی زیاتریش جێی هەستیاری، تێکشکانی هەست و سۆز و بیرەکانی پرۆست بوون.. دابڕانی بوو لە جیلبیرت Gil-berte، کە مارسیل بۆ یەکەمین جار ئەم کچەی چاو پێ کەوت، بەرەو بێستانی سەرقاڵی گەڕان بوو، ئەم ئافرەتە چاو ڕەشە بەشێکی گەورەی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو" پێک دەهێنێ، بەلای کەمەوە بەشی سەرەکی ئەم ڕۆمانە و کەسایەتییەکانی لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە دەناسرێن.

نائومێدییەکانی مارسیلی لاو گەورەترن لە نائومێدییەکانی مارسیلی نووسەر پاڵەوانی سەرەکی لە ڕۆماندا، هەردەم و هەردەم لە چرکەیەک نائومێدی ژیانی دەگۆڕێ، نائومێدی عاشق لە خیانەتی عەشقەکەی ڕوو دەدا. یان نائومێدی باوک لە بەدی نەهاتنی خەونەکانی وەک باوک کاتێ دەبینێ کچەکەی دووچاری حاڵەتی ناوازەی هاوتووخم بازی دەبێت، وەک لە مامۆستا پیانۆژەنەکەی ناوچەکە کە ناوی (Vinteuil)ە. پرۆست لە عەشقی مۆسیقاکانی Vinteuil، وەک بەشێکی سەرەکی و کەسایەتییەکی گرینگ لە زۆر شوێندا ناوی دەهێنێ.

(مارسیل بەهۆی هەڵئاوسانی سییەوە لەسەر جێگە کەوتووە، دایکی هەروا بەبێ هیچ تێبینییەک نامەیەک بۆ مارسیل دەهێنێ.. کە نامەکەی کردەوە و دەستی بە خوێندنەوەی کرد ، تووشی جۆرە گێژییەک بوو "هەموو شتێکم بینی بۆ ئەوەی ئاماژە بە ئەوەی بکەم وەک کەسێ لەسەر ئەسپێک بەربێتەوە"(٣١).

بۆچی مارسیل ئەم ڕوانینە ڕەشباوە دەخاتە ڕوو؟ وا بۆی دەچێ کە ئالبیرتینی دۆستی دووچاری مەرگ بووە، پاشان دەردەکەوێ کە ئەو هەواڵە، تەنیا هەواڵێکی ساختە بووە و هیچ ڕاستییەکی تێدا نەبووە. نائومێدی پرۆست زەوینەیەکی سایکۆلۆجی نەبوو، بگرە پێوەندیی واقیعییانەی ئەو بوو بە ڕووداوەکانەوە، لە چەندین خاڵی گرنگدا ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ لە نێوەندی پێوەندە کۆمەڵایەتییە جیا جیاکاندا دەتوانێ ئەو خاڵانە دەستنیشان بکا کە لە خۆیەوە نزیکن و دەبن بەهۆی بەهێزکردنی و ئەو خاڵانەش دەستنیشان بکا کە دووچاری هەرەسی دەکەن.

پرۆست لە کۆمەڵگە نەجیبزادەکان بەو خاڵانە سست دەبوو کە دەیبینی، کەسانێک لەنێو پلە بەرزەکانی کۆمەڵگە درۆ دەکەن، بەوەش قەڵس دەبوو، کاتێ کە سینوپیەکانی (واتە ئەوانەی خۆیان دەردەخەن کە زۆر زیرەکن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچیان لەبار نییە) دەبینی بەرامبەر بە کۆمەڵگە باس لە توانای عەقڵی و هێزی تێگەیشتنی خۆیان دەکەن زۆر بەنائومێدییەوە ئەو هەڵوێستانەی شی دەکردەوە و دەیخستە سەر کاغەز.

جاکویس کراوتهۆف لە کتێبی Gezicht op roust، باس لە توانای پرۆست دەکات لە دەربڕینی ئەو بۆچوون و هەستانەی کە لە ناخیدا پەنگ دەخۆنەوە "بۆیە لەبەرئەوەیە پرۆست جڵەوی بۆ بۆچوونەکانی شل کردووە تا (٥٠) لاپەڕەبەردەوام دەبێ"(٣٢).

واتە بۆ تەعبیرکردن لە ئازارێ یان چرکەیەک وەستان لەبەر تابلۆیەک، یان بۆچوون لەبارەی بزەیەک پێکەنین.

## پرۆست و ڕۆهەڵات

لێرە لەم بەشەدا دەمەوێ ئاماژە بەهەندێ لەو چیرۆک و ناو و داستان و ئەفسانانە بکەم کە پرۆست هەندێکی بەشێوەیەکی هۆشمەندانە بەکارهێناوە و هەندێکی تریش کەوتووەتە بەرگوێی ئەویش وەک هێمایەک بۆ دەوڵەمەندکردنی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا" بەکاری هێناوە.

لە نێوان ساڵەکانی (١٨٠٠-١٩٤٠) لەم سەردەمەش سەرەتای گەشەکردنی ئیمپریالیزمی فرەنسی بووە و هەروەها ڕۆژ بەڕۆژ دەسەڵاتی فرەنسا و هێزی فرەنسی لە داگیرکردنی وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیادا بەردەوام بووە.

لەو پێوەندییە سەربازی و سیاسییەدا، دیارە ئەدەبیش دزەی کردووە چ لە ڕێگەی وەرگێڕان و وەرگرتنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی ئەو وڵاتانەی کە هێزە سەربازییە فرەنساییەکان داگیریان کردووە و چ لە ڕێگەی ڕۆهەڵاتناسەکانەوە بووبێ، بەهەرحاڵ دزەکردنی ئەدەبی ڕۆهەڵات بۆ ڕۆئاوا، سوودێکی مەزنی داوەتە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی ڕۆئاوا، نموونەمان لەم بارەیەوە زۆرە، کاریگەریی ئەدەبی فارسی بەسەر (گۆتە)ی ئەڵمانی، یان کاریگەریی فەلسەفی ئەورووپایی و سوود وەرگرتن لە بنەماکانی مێژوویی و شوێنەوارناسی بۆ تێهەڵکێشکردنی لەگەڵ ئەدەبی ئەورووپییدا.

یەکێک لەو کەلەپووورە گرینگەی پرۆست لە ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە "هەزار و یەکشەوە"یە... بەڵام باسکردنی ئەو ئەفسانە مێژووییە بەمەبەستی تێهەڵکێشکردنێکی زێدەڕۆیی نەبووە، بگرە بەخشینی ڕووی جوانکاری بووە بە بنیاتی ڕۆمانەکەی، لە دیمەنێکدا بەم جۆرە ئاماژە بە عەلی بابا و چل دزەکە دەکات و ئاماژەش بەچرای جادوویی دەکات: "... تەنیا پێش قاپێک بوون و وێنەیان لەسەر کێشرابوو، ئامۆژن حەزی دەکرد هەموو جارێ شەرحی ئەو وێنانە بخوێنێتەوە کەوا لە بەردەمیا بوون. عەینەکەکەی هەڵدەگرت و دەستی بە خوێندنەوەی دەکرد: عەلی بابا و چل دز، عەلائەدین و چرای جادوو، بە پێکەنینەوە دەیگوت: زۆر چاکە، زۆر چاکە"(٣٣).

هەروەها تەنیا پەنای نەبردووەتە بەر گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهات و ئەفسانەکانی ڕۆهەڵات بگرە هەندێ لە کەسایەتییە مێژووییەکانیشی ئاخنیوەتە نێو کارەکەی...:

"یەکشەمەیەک، لە باخچەکە کتێبم دەخوێندەوە، سەوان کە بۆ سەردانی خێزانەکەمان هاتبوو، تەنیاییەکەی لێ تێک دام.

"خەریکی خوێندنەوەی چیت، دەکرێ ببینم؟ ئاه، بارگوت؟ کێ پێی وتی ئەم کتێبە بخوێنەرەوە؟

پێم وت: کەوا بلوش پێی وتووم.

ئاه ئەو کوڕەی جارێک لێرە بینیم، هەیکەلی بەتەواوی لە چارەی سوڵتان محەمەدی دووەمی بلینی دەچێ. بەڕاستی زۆر لەو دەکات. بەتەواوی برۆ چەماوەکانی. هەمان ئەوە سەرە خوار و گۆنا کشاوەکانی. ئەگەر ڕیشێکی بزنانە دابنێ بەتەواوی لەو دەچێ. بەهەرحاڵ، زەوقێکی باشە. برگوت

نووسەرێکی سەرنجڕاکێشە"[٣٤]

لەسەر زاری کەسێکی وەک سەوان باسکردن لە ژیانی کەسێکی وەک سوڵتانێکی ئیسلامی و وێنەکێشانێکی هونەرمەندانە برێتییە لەو سەرسەختییەی کە پرۆست، بەکاری هێناوە و بۆ دووبارە گێڕانەوەی مێژووی دوور لە خۆی و لە دەرەوەی جیهانی خۆی، بەشێوەیەکی هونەرمەندانە.

بەکارهێنانی ڕۆهەڵات بەهەمان شێوە کەمتر نەبووە لە بەکارهێنانی رووی مۆدێرنی ڕۆئاوا و ئۆرۆکسترایەتی هونەر و وێنەکێشانی دیمەنی یاخیبوونی دڵ لەو ئازارانەی رووبەڕووی دەبنەوە.

میناتۆرەکانی هونەری ئێرانی دیسان وەک یەکێک لەو بابەتانەیە کە پرۆست پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، بەڵام ئاشکرا نییە کە پرۆست لە چ سەرچاوەیەکەوە، شارەزایی لەگەڵ میناتۆرەکانی ئێران پەیدا کردووە،

ئایا لە ڕێی واقیعەوە یان لەسەر رووی کتێبەکان بینیویەتی.

"کاتێ کە دەمانویست بەرەو لای M برۆین، دەڕۆیشتین، زۆر زوو نا و هەروەها کە دنیا هەور بوو، لەبەرئەوەی پیاسەکەمان زۆر درێژ نەبوو و زۆریش ماندووکەر نەبوو". هەروەک بۆ هەر جێگەیەکی تر بڕۆین، لە دەرگە گەورەکەی ماڵی ئامۆژنمەوە لە Esprit –Sanit دەڕۆیشتینەوە دەرەوە. تفەنگفرۆشەکە سڵاوی لێ دەکردین. نامەکانمان دەخستە پۆستەوە، لەسەر ڕێگەکەمان بەزمانی فرانسواز بە تێودۆرمان دەوت کەوا ڕۆن و قاوەی تەواو بووە، بە جادەی کەناری پەرژینە سپییەکەی باخەکەی سەوان لە شار دەچووینە دەر. پێش گەیشتن بەوێ، لووتمان بە بۆنی عەتری گوڵە یاسەمینەکان تێر دەبوو کە پێشوازی لە نامۆکان دەکرد. لە نێوەندی دڵی سەوز و پاراوی گەڵاکانیەوە، بەپەڕی سپی و وەنەوشەی دەرهاتووەوە تەنانەت لە سێبەردا، لەو هەتاوەی کە خۆیان پێ شتبوو دەدرەوشانەوە.

فزولیانە لەسەر پەرژینەکانەوە سەریان کێشابوو... هەندێکیان نیوە شاراوە لە پشتی ئەو خانووە سەر ئەسفاڵتە بچووکەوە کە ناوی لێ نرابوو خانووی جەنگەڵەوانەکان، لەوێ دەژیا، لەگەڵ منارە پەمەیییەکانیان بەرەو سەرێ هاتبوون"[٣٥].

ئینجا لە پاش ئەم وەسفە جوانەی حاڵەتی سەر دەرهێنانی گوڵە ناسککان دێتە سەر دێرێکی تر دەڵێ: "لە کەناری ئەم لاوانە کە لەو باخی فرەنسییەدا ڕەنگەلی زیندوو پاکی مینیاتۆرەکانی ئێرانی هەیە"[٣٦].

هەر لە جێگایەکی تری ڕۆمان دەگەڕێتەوە سەر باسی کەسایەتییە ئیسلامییەکان وەک ئاماژەکردنێ بە مێژووی ڕۆهەڵات.

"سەوان خۆی بە هاودڵ دەزانێ لەگەڵ سوڵتان محەمەدی دووەم..."[٣٧]

وەک لە چیرۆکی سەوان لەبارەی ئەم پیاوە وا دەردەکەوێ کە سەوان بۆ دەربڕینی ئازاری عەشقەکەی بیر لەو تۆڵەکردنەوەیە دەکاتەوە کە سوڵتان محەمەد بەرامبەر بەیەکێ لە ژنەکانی

نواندی بەوەی بەر چەقۆی دا و کوشتی بۆ ئەوەی "دووبارە زەینی خۆی ئازاد بکا"(٣٨)

پێوەندی پرۆست بە ئەدەب و هونەر و بەسەرهاتی ڕۆهەڵاتەوە لە زۆربەی بەشەکانی تری "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا". لە هەندێ شوێندا دەبینرێ.. پرۆست لە نزیک و دوورەوە ویستوویەتی پێوەندییەکی جوانکارییانە لەگەڵ ڕۆهەڵاتدا دابمەزرێنێ. لە بەشی "لای گرمانت" دیسان ئاماژە بەکاری بنیاتنانی ڕۆهەڵاتی دەکات.. کە بۆ سەفەر دەڕۆی، ئەو سێ چوار وێنەیەی لەگەڵ خۆتدا دەیبەی، جانتاکە پڕ دەکەن: سەوسەن و گوڵاڵە سوورەکان پۆنتەکیڤ و کلێسای ئێرانی تەمگرتوو..."(٣٩)

لە چەند پەرەگرافێکی تردا دووبارە دەگەڕێتەوە سەر بەستنەوەی دیمەنە ڕۆهەڵاتییەکان بەبنیاتی ئێستێتیکی ڕۆمانەکە و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی. ئەم جۆرە دەقئامێزانانەی پرۆست لە سەرچاوەیەکی ڕەخنەیی قووڵەوە سەری هەڵداوە هەر خودی پرۆست خۆی لە باسکردنی زۆربەی بەسەرهاتی ڕۆمانەکەی سوودی لە هێزە ئەفسانەیی و ئاینی و هونەرییەکان بینیوە.

لە چەندان پەرەگرافی نێو بەشەکای ڕۆمانەکەدا، ناوی میسر دەهێنێ لە باسکردنی بەسەرهاتەکانی نێو ئەنجیل و تەورات و هەروەها باسکردنی توانای فیکری سامانی عەقڵی میسرییەکان. ئەمە سەرەڕای ئەو دیمەنە وردانەی دەبنە هەوێنی بەسەرهاتی گەورە. لە باسکردنی ئەفسانەکاندا، سوود لە ئەغریقییەکان وەردەگرێ.

سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بە زمانی هۆڵەندی:


1- PROUST EN HET FIN DE SI CLE DE DECADENTIE OVERWONNEN Meindert Evers Waiburg Pers Zutphen, 1997.

2- SAMVEL BECTE PROUST EEN ESSAY Verta ling: Henry Scheepmaker 1997 Meulenhoof Amsterdam.

3- CGISLAIN DE DIESBACH BIOGRAFIE PROUST Vertaling: Martine Vosmaer Karine van Santen Uitgeverij de bezige by Amsterdam.

4- MARCEL PROUST BRiEUEN 1885-1906 in GEKOZEN Vertaald en van een Nawoord uoorzien door JOYCE an CO Amsterdam.Uitgevery DE Arbei derspes.

5- M. proust De KANT VAN SAWANN Vertaald door C.N.Lijsen 2el. 1986.

6- ALAIN DE BOTTON HOE PROUST JE LEVEN KAN VERANDEREN Vertaald door: Jelle Noorman Amsterdam. ATLAS.1997-22 IP

7.JACQUES KRVITHOFGEZiCHT OP PROUSTS Lnleiding op Marcel Proust En op zoek naar de verlorent d DE Bezig By-1993-102P Amsterdam.

8. L ABC De Proust Large _ Flammarion 1998-Paris, بۆ وێنەکان.

فارسییەکان:
٩- هرمونتیک گزینە جستارها مدرن/ ترجمە بابک احمدی، مهران مهاجر، محمد نبوی، چاپ اول ١٣٧٧- ٤١٦ صفحە نشر مرکز-تهران.
١٠- کتاب تردید _ بابک احمدی، چاپ اول ١٣٧٤-تهران _ نشر مرکز لا ٢٨١
١١- ساختار و تأویل متن- نشانەشناسی و ساختارگرایی جلد أول- چاپ أول ١٣٧٠

پەراوێزەکان:

١- لە لاپەڕە ١٥

PROUST EN HET FEN DE SIECLE DE DECADENTIE OVERWONNEN. MEI NDERT EVERS WAIBURG PERS, ZUTPHEN,1997.

٢- لاپەڕە ١٣٦ ساختار و تأویل متن جلد أول، نشانەشناسی و ساختگرایی بابک احمدی, چاپ اول.
لاپەڕەی ١٤٩

3- PROUST EN HET FIN DE SIECLE DE DECADENTIT OVERW NNEN. MEINDERT EVERS WAIBURG PERS, ZUTPHEN,1997.

٤- لاپەڕە ٢٤ سەرچاوەی پێشوو

٥- لاپەڕە ٢٥

N VERANDEREN VERT: JEIIE NOORMAN. HOE PROUST JE LEVEN KAN DE BOTTON, AIAIA

٦- لاپەڕە ٧٦

8- MARCEL PROUST, DE GEVANGENE VERTALING THERESE CORNIPS 1991 del:2

٧- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٠٧٥

٨- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٤.

٩- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٤١٨.

١٠- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٢٠.

١١- لاپەڕە ١٣

HOE PROUST JE LEVE KAN VERANDEREN Alain DE BOTTON VERT: JEIIE NOORMAN-AMSTRDAM 1997.

١٢- بەشەکانی ڕۆمانی "گەڕان بەدووی زەمەنی ونبوودا" بریتین لە:

بەشی یەکەم: لایەنی سەوان (٣ بەشە)

- کۆمیرای

– عەشقی سەوان
– ناوی جێگەکان: ناو
– بەشی دووەم: لە سایەی سێبەری ئەو کچۆڵە لاوەدا
یەکەم (ڕۆندوم میمی سەوان)
دووەم (ناوی جێگەکان: جێگە)
سێیەم (ناوی جێگەکان: جێگە) بەدوای هاتوودا
بەشی سێیەم لایەنی گویرمانتس
– لایەنی گویرمانتسI
– لایەنی گویرمانتسI I
– بەشی چوارەم: سۆدۆم و گومۆرە
– سۆدۆم و گومۆرەI
– سۆدۆم و گومۆرەI I
– سۆدۆم و گومۆردI I I
بەشی پێنجەم: ئەسیر
بەشی شەشەم: دەست بەسەر
بەشی حەوتەم: زەمەنی دۆزراوە.
١٣- لاپەڕە ١١

BIOGRAFIE PROUST CHISIAIN DE DIESbAch VeRTLING: MARTIN VOSMER KARiNA VAN SANEN 1993 Uitgevery de bez

١٤- لاپەڕە...

PROUST EN HET FiN

١٥- لە بابەتێک لەبارەی پرۆست وەرگیراوە بە قەڵەمی جوڤانی ماکیا.
١٦- لێرەدا مەبەست لەوەیە کە پرۆست تەنیا خۆی ئەو میراتییەی بەرکەوتووە کە سیمبولیزەکان پێڕەویان کردووە.
١٧- ناونیشانی ئەسڵی گەڕان بەدووی زەمەنی ونبوودا.
١٨- هونەرمەندی فرەنسی.
١٩- لاپەڕە ١٨٠

PROUST EN HET FIN DE SI CLE

٢٠- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٨٠.
٢١- لاپەڕە ١٨٧

BRIEVEN 1885-1906 MARCEL PROUST PRIVE-DOMEIN Gekozen. VERTAALD JOYCE en CO. AMSTERDAM-UTGEVERUì

٢٢- کتاب تردید "بابک احمدی" چاپی سێیەم لاپەڕە١٥٠.

٢٣- لاپەڕە ١٨١ DE KANT VAN SAO

٢٤- لاپەڕە ١١ هرمونتیک مدرن "گزینه جستارها" ترجمه بابک احمدی مهران محمد نبوی نشر مرکز چاپ اول ١٣٧٧.

٢٥- لاپەڕە ٧٦

M. PROUST OORRESPOCLARCE del2

٢٦- لاپەڕە ٥٣

M. PROUST DE KANT UAN SWAN-DE BEZIGE BU 2e Dr.Amsrerdam ver: .LijSEN 1987.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٦

٢٨- لاپەڕە ٣٥٦ بەسەرهاتی ژیانی BIOGRAFIE

٢٩- لاپەڕە ١٢٥ نامەکانی BRIEVEN.

٣٠- لاپەڕە ١٠٧ BRIEVEN.

٣١- (٣٢) لاپەڕە ٩٤

JACQUES KRVITHOF GEZICHT OP PROUST Lnleiding op Marcel Proust En op zoek naar de verloren tyd Amsrerdam 1993.

٣٢- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٩٤

٣٣- لاپەڕە ١٠١

DE KANT VAN SWANN

٣٤- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٤٤.

٣٥- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨٥.

٣٦- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨٥.

٣٧- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٢٦.

٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٢٦.

٣٩- لاپەڕە ١٨٥

DE KANT VAN GUERMANT ES I

# من و سێکس

ئیزابیل ئەللیندی

## بەشی یەکەم

ژیانی سێکسی من زوو دەستی پێ کردووە، ئەوەندە زوو بووە رەنگە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە بووبێ، من لەودەمانە لە باخچەی ساوایانی راهیبایەتیدا بووم، کە دەکەوێتە شاری سانتاگۆی شیلی وا دەزانم لەو دەمانەوە پەڕاوێزێکی بەرائەتم لێ دەرکەوتبوو، بەڵام هیچ بیرەوەریی حاڵەتی سێکسی کاتی تەمەنی یەکەمی پێشووی سێکسم لە بیر نەماوە، ئەو ئەزموونەشم لەوە بوو کە بەڕێککەوت بووکەشووشەیەکی گچکەی پلاستیکم مژیبوو.

– ئەوەی لەناو لەشت پەیدا دەبێ گرمۆڵە دەبێ و بەوەش منداڵێکت دەبێ.

دەستەخوشکە خۆشەویستەکەم بەو جۆرە، حاڵەتەکەی بۆ شرۆڤە کردم، دایکی ئەو تازە منداڵێکی تری بووبوو، بەوەش برایەکی بۆ ئەو زیاد کردبوو. من بە دەستەخوشکەکەمم وت، منیش وەک دایکم هەمان نیشانەی ئاوسبوونم هەیە وەک، ژانم زۆرە و تام لێیە و خواردنم پێ ناخورێت و بەردەوام هەست دەکەم دەڕشێمەوە، بۆیە لە پێش راهیبەکەم دانم بەوەدا نابوو کەوا من ئاوسم و راستییەکەم لەلای ئەو درکاندبوو. بەهەناسەسواری و بەترسەوە وتم، من سکم هەیە.! دەستەکانمیان بەستەوە و لە ئاسمانەوە بەرزیان کردمەوە و منیان گەیاندە بەردەم راهیبە گەورەکە (دایکە گەورەکە)، لەو دەمانەوە لە بووکەشووشە و لە فەزوولییەتی خۆمەوە لەو کێشە گەورەیە دەترسام کە نەدەکرا ناویشی ببەم، ئەویش سێکس بوو.

من و کیژە هاوتەمەنەکانم لە چەشەی سێکسی بێبەش بووین، پاش ماوەی چەندساڵێک ئەو راستییە لەلایەن مستر جۆنسونیش دووپات کرایەوە. وا دەزانم تەنیا پیاوەکان دەبوونە قوربانیی

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

ئەو خراپەکارییانە و بەرەو دۆزەخ دەچن و ژمارەیەکیان لە شێوازی ژیانیاندا دەبوونە کەسانی فاونو[١] و پێڕەوی ئەو شێوازەیان دەکرد. مێینەیەک پرسیارێکی رەقی کردبووایە وەڵامەکەش بەئارەزووی ژنە راهیبەکە بەو دوو شێوەیە بوو، لێکدانەوە و شرۆڤە تەقلیدییەکە ئەوە بوو کەوا حاجی لەقلەقەکە لە پاریسەوە دێت، بەڵام شرۆڤە هاوچەرخییەکەش راستی و بنەماکەی لەسەر گوڵ و مێشهەنگوینەکەوە بەرجەستە دەبوو. دایکم ژنێکی مۆدێرن بوو، بەڵام ئەوەی لە سکمدا هەبوو پێوەندیی بە پەڕین و بووکەشووشەکەوە هەیە و ئەوەش سادەترین و روونترین نموونەیە.

لە تەمەنی حەوتساڵیدا و بۆ یەکەم جار منیان بردە داوەتێکی رەبانی، پێش قوربانییەکە دەبووایە من دانپێدانانێک بکەم. لە کڵێساکەدا من لەسەر چۆکان و لە پشت پەردەیەکی مەخمەڵی رەشدا دانیشتم، لەوێ دەبوو هەموو هەڵەکانم بەبیر بێتەوە، بەڵام من ئەو دەمانە هیچم لەو هەڵانە بەبیر نەدەهاتەوە، لەناو تاریکییەکە و لەگەڵ بۆنی سووتانی بخوورەکە لە کڵێساکەدا گوێم لە دەنگێکی تایبەتی دەبوو.

– ئاخۆ تۆ بەدەستەکانت دەستت لە جەستەی خۆت داوە...؟

– بەڵێ باوکە.

– کەی ئەوەت کردووە کیژەکەم...؟

– رۆژانە...

– هەموو رۆژێک! ئەو کردەوەیەت بەرووی خوا تاوانێکی مەزنە. پاکیەتی فەزیلەیەکی گەورەیە و دەبێ هەموو منداڵێک هەستی پێ بکات، دەبێ بەڵێن بدەیت چیی تر ئەو کارە نەکەیت و لەسەر ئەو کارەش بەردەوام نەبیت.

منیش لەوێ بەڵێنم بە گەورەکە دا کەوا من جارێکی تر دەست ناگەیەنمە جەستەم، بەڵام بیرم لەوە نەکردەوە ئەگەر دەست لە جەستەی خۆم نەدەم، چۆن دەموچاوم بشۆرم، چۆن ددانەکانم پاک بکەمەوە.

لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا من لە جیهانی خوارووی لەدایک بووم، بنەماڵەکەم لەسەر هەموو ئاستەکاندا کەسانی پێشکەوتوو و تێگەیشتوو بوون، بەڵام لە هەندێ لایەنیش کاڵفام بوون. من لە ماڵی باپیرەم گەورە بووبووم، لەوێ عادەتێک هەبوو کەوا روحە بزرە سێ قاچەکان لەلایەن داپیرەمەوە ئامادەیی هەبوو، لە ناوماندا دوو پیاوی عازەب دەژیان، هەردووکیان کەمێک سەیر و نامۆ بوون، یەکێکیان بەدوای کێشەی هەژارەکانەوە سەفەری وڵاتی هیندی کرد، ئەو جلی

ڕەشپێستەکانی دەپۆشی، ناوی نۆسەد و نەوەد و نۆ خوای بە زمانی سنسکریتی لەبەربوو.

پیاوەکەی تر کەسێکی خۆشەویست بوو، قژی وەک کارلۆس کاردیل لووس بوو، حەزی بە خوێندنەوە دەکرد، دیارە کەوا ماڵەکەش تەژی کتێب بوو، وەک گوڵ کتێبەکان زۆر و جوان دەبوون و هەرگیز نەدەپووکانەوە، بەو شێوەیە بەرهەمەکانی (مرکیس دی ساد)م خوێندەوە، کەسیش سۆراخی ئەوەی نەدەکرد کەوا من چ جۆرە بابەتێک دەخوێنمەوە، بەڵام ئەو دەقەی من ئەو دەمانە دەمخوێندەوە لەچاو تەمەنی من زۆر باڵا بوون، نووسەرەکە باسی مەسەلەی وای دەکرد لە تێگەیشتنی من دوور بوون، چونکە من لە زۆریان حاڵی نەدەبووم.

من یەکەم کەسم بەڕووتی دیبێت مامە بەستەزمانەکەم بوو، ئەو بەڕووتی لە کۆڵانەکەوە سەیری مانگی دەکرد، لەوێ هەستم بەوە دەکرد کەوا شتێک بەو کلکە گچکەوە نووساوە کە بەئاسانی دەچێتە ناو قووتووی قەڵەمە ڕەنگینەکانم. دەبێ ئەویش شەیدای ئەو شتە بووبێ...؟

## بەشی دووەم

لە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە بۆ ژیان هاتوومەتە پۆلیبیا، دایکم شووی بە پیاوێکی دیپلۆماتی پێشکەوتوخواز کرد و منی لە خوێندنگەیەکی تێکەڵاو دانابوو. لەبەرئەوەی لەگەڵ کوڕان ڕانەهاتبووم ماوەی چەند مانگێک لە خوێندن دوا کەوتم، بەردەوام دەڕۆیشتم و گوێچکەکانم سوور هەڵدەگەڕان، هەر ڕۆژە و بەناوی کوڕێکەوە سەرسام دەبووم، نێرینەکان زۆر ترسناک و هۆڤی بوون، ئەوان بەردەوام لە گۆڕەپانەکە فوتبۆڵیان دەکرد و یەخەی یەکتریان دادەدڕاند، دەستەخوشکەکانم تەمەنی ئەوەیان هەبوو بفامن و ماچەکان لەناو دەفتەرێکی گچکەدا_ بنووسنەوە. دەبووایە بایەخ بە وردەکارییەکان بدەین وەک لە کێ، چۆن... ئەوان توانییان بەشێک لەو ڕازانە بنووسنەوە وەک فلیبی، لە گەرماوەکە، بە زمان. منیش خۆم وا نیشان دەدا کەوا بایەخ بەو مەسەلانە نادەم و خۆم لە گێلی داوە، دەچوومە سەر کەلی داران و دەموت ئەو کوڕە کورتەبنەیە و ئەوەی تریان چەشەی سێکسی سستە و ئەوەی تریان... لە بەشی بایۆلۆجی کە وانەی توێشکاریمان دەخوێند لەوێ سەرەتاییەکانی پەیدابوونی کۆرپەلەیان فێر دەکردین، بەڵام زۆر زەحمەت بوو بابەتەکە تێ بگەین و بەرجەستەیان بکەین، چونکە کەم دایکێکمان بینیبوو مەمک لە زاری منداڵەکەی بنێت و شیری بداتێ. ئێمە هیچ دیمەنێکمان نەدیبوو خۆشی و تامێکمان بداتێ، بۆیەش ناوەڕۆکی مەسەلەکەمان لێ بزر بووبوو، تێ نەگەیشتین بۆچی گەورەکان ئەو ناپەسەندییە دەکەن...؟ ڕەپبوون نهێنییەک بوو تەنیا نێرینەکان دەیانزانی، وەک دەستپەڕی کیژەکان. من تەنها لەناو ئەدەبدا هەستێکم دەدۆزییەوە و چونکە من نەدەچوومە سینەماش، بەڵام گومانم لەوەدا هەبوو کەوا ڕەنگە من لەسەر شاشە گەورەکاندا دیمەنێک و بابەتێکی سێکسی ببینم، لەو دەمانەدا پێوەندیمان بە نێرینەکان تەنیا لە پاڵدان و لەخۆدان و نامەی دەستەخوشکەکانماندا خۆی دەنواند.

یەکێکیان وتی، ئەگەر کوڕێک داوای ماچێکی لێ کردیت، پێی بڵی بەڵێ بەچاوان، بەڵام کوڕەکە

که ماچم دەکەیت، مەرجم هەیە، دەبێ چاوەکانت نەکەیتەوە، ئەگەر کوڕەکە وتی کەواتە من ئێستا ئارەزووی ماچکردنەکەم نییە، تۆش ڕێک پێی بڵێ کەواتە تۆ کوڕێکی گێلیت، دیارە کەوا کوڕەکەش وەڵامت دەداتەوە و دەڵێ نا کیژەکە تۆ گێلیت. ئێمە بەو جۆرە و بەو دانوستانە وەرزی خوێندنەکەمان کۆتاییی دەهات. باڵاترین پلەی ئولفەت لەوەدا بوو کە بنیشتی ناو دەمی یەکترمان دەگۆڕییەوە، یەکێک لە زۆرترین یادەوەرییە بەجۆشەکان ئەوە بوو کە لەگەڵ یەکێک جەستەمان لە یەکتری ئاڵاند و توند یەکترمان لە ئامێز دەگرت، کوڕەکە قژی سووربوو، ئەو سەرنجی زۆر لە کێژەکانی ڕاکێشابوو، ئەو منی ڕاهەژاند و بەپشتی کۆڵانەکەی دادەدام، جارێکیش لە ئاهەنگێکدا داوای لێ کردم سەمای لەگەڵدا بکەم، ئەگەرچی مۆزیکی ڕۆکەکە خەڵکەکەی دەهەژاند، بەڵام بۆ من هیچ کاریگەریی نەبوو، تا ئێستاش جۆشی (نات کینگ کۆلی) و (بینگ کروسبی) دەمانهەژێنێ (ئاه، خوایە! ئەوەیان پێش مێژوو بوو؟) ئەو بەسۆزەوە سەمای دەکرد، هەندێ جاریش (تشیک توو تیشک) کاریگەریی هەبوو، بەڵام من ئەو دەمانە گچکە بووم کە ڕوومەتم دەگەیشتە پشدێنی هەر کوڕێکی ئاسایی. ئەو منی سۆزدار دەکرد، هەستم دەکرد لە سەرووی گیرفانی پانتۆڵەکەی شتێکی ڕەق لە تەنیشتم گیر دەبێ، من نووقرچەیەکم لێ دا و پێم وت ئەو کلیلانەی ناو گیرفانت دەربێنە، چونکە ڕەقە و ئازارم دەدەن، ئەو بەڕاکردن ئاهەنگەکەی جێ هێشت و نەگەڕایەوە، ئێستا زۆر لەلایەنی سروشتی مرۆڤ تێ گەیشتم، تێ گەیشتم ئەوە کلیل نەبوو کە لە تەنیشتم ڕادەچوون، ئێستا تێ گەیشتم ئەوە شتێکی تر بوو.

لە ساڵی ١٩٥٦ بنەماڵەکەم گەڕایەوە لبنان، منیش چوومەوە خوێندنگەی زاهیدەی کیژان، لەوێ هیچ دیاردەیەکی سێکسی نەبوو، چونکە ئینگلیزەکان لەبەر غیرەی واعیزەکان ئەوەیان پشتگوێ خستبوو. ئەو دەمانە بەیروت گەوهەری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوو، لەوێ شێخەکان بەختیار بوون، لقە بازرگانییەکانی بەرگدرووی ژنان و خشڵفرۆشەکان لە ئەوروپا بەرەواجتر بوون. ئۆتۆمۆبێلە گرانبەهاکانی کادیلاک بەهێڵی زێڕینەوە لەناو شەقامەکان لەگەڵ حوشتر و وڵاخدا دەڕۆیشتن، ژنان زۆربوون ئەوانەی پەچەیان بەڕوودا نەبوو، ژمارەیەکی زۆریش لە کیژەکان پانتۆڵیان لەپێ دەکرد، بەڵام هێشتا توندوتیژی بەڕووی کیژاندا هەبوو، هەردوو ڕەگەزی لە یەکتری جیا دەکردەوە، من هەستم دەکرد ڕەوشەکە بۆنی شەهوانییەتی وەک بەرخ پێوەیە. گەرمی نیوەڕۆیان لەگەڵ منارەی مزگەوتەکان بانگی نوێژیان دەدا . ویست و هەواس و موحەڕەم... ئامادە بوو، کیژان بەتەنیا لە ماڵەوە دەرنەدەچوون و گەڕانی ئەوان چاوی لەسەربوو. زڕبابەکەم بۆ پاراستنی خۆیان لە بەدکارەکان داردەستێکی درێژی لە دەستی خوشکەکانم دەنا . لەناو گۆڕەپانی خوێندنگەکەماندا کۆواری هیندی کە کرابوونە فرەنسی لەبەر وێنە ڕەنگاورەنگەکانی ناوی دەستاودەستیان دەکرد، لەوانەی کە زۆر سەیریان دەکرا وێنەی (دی تشترلی) و (بۆکت بۆکس) بوون کە لە ئاهەنگە سوورەکانی کالیکۆلا گیرابوون. باوکم دانەیەک لە ڕۆمانی هەزار و یەک شەوەی لەناو سوانێک هەڵگرتبوو، منیش بەدزی خۆم دەگەیاندە ئەو گەنجینەیە و دەفتەرە بەرگ سوورەکەم دەردەهێنا کە

بەئاوی زێر نووسـرابوو و دەمخـوێندەوە. بە خوێندنەوەی ئەو دەقە دەکەوتمە ناو خەیاڵی قووڵی ئەو جیهانە، لەوێ سـەربردەی حۆرییـەکانم دەبینی، دەمخـوێندەوە و کەوا چۆن پاشـاکان و بەگزادەکان چەند بەسـۆزەوە کـاری سێکسـییان کردووە و پەرۆشـی ڕەحـەتبـوون بوون و هـەرگیـز تێر نەدەبوون، لەوێ هـەستم دەکرد کەوا هـەستی تێرنـەبوون و برسـیـەتیی سێکس چەند زۆر و گەرمە، منیش زۆری نەدەمـا وەک هـەنـار شـەق بەرم، بەڵام من لـە بەیروت لـەناو قـەوارەیەکی داخـراودا دەژیام، کـیـژە نامووسـدارەکان بۆیان نەبوو لەگەڵ کوڕەکان تێکەڵ بن، من کوڕە بازرگانێکی زەرابی هاوڕێم بوو، لە پەنـایەکـدا بە خـواردنەوەی کـۆکـا کـۆلا داوەتی دەکـردم، ئـەو زۆر دەوڵەمـەند بوو، ئۆتۆمـۆبێل و شـوفێری تایبـەتیی خـۆی هەبوو، هەردووکمـان چاوی دایکم و چاوی شـوفێرەکەمـان لەسـەر بوو، هـەردووکیان چاودێریی ئێمەیان دەکرد، بۆیەش هەرگیز ڕێک نەدەکەوت بەتەنیا بین.

## بەشی سێیەم

من سـینگم بەرز نەبـووبووەوە لووس لووس بوو، ئێسـتـا ئەگەر لووس و تەختـیش بێ گرینگ نییـە، بەڵام بۆ من لە سـاڵانی پەنجاکان گرینگ بوو، ئەو لووسـییـە کارەسـات بوو، چونکە مەمک ئـامرازی مێـینەیی بـوو، بەڵام مۆدە ئەوەی بـزر کـرد و پشـدێنێکی نەرم و تـەنوورەی بەباڵی سـۆزداری پەیدا کرد... ئەوەی مەمکی گەورە بووایە دوارۆژی دابین بوو، نموونەکانی وەک (جنی مانسفیلد) و (جینا لو یوبریـخیـدا) و (سـۆفیـا لۆرین) دیار و مـەبەست بـوون. کە کـیـژەکان مـەمکیـان نەکـردبوو، تا سینگیان دەرپەڕێن بە هـەویری پفدراو بەرزیان دەکردەوە، بەڵام ئەو بەرزکردنەوەیەش لە ناکاو فش دەبووەوە و کەسیش گوێی لە پلپە پلپی فشـبـوونەوەکە نەدەبوو، بەوەش داخـوازییـەکە شـەرمـەزاریی لێ دەکـەوتـەوە، یان لەو دەمـانـە هـەردوو سـەڵکە مـەمکە دەسـتکردەکـە لـە یەک لای سـینگ کـۆ دەبوونەوە، یان بەرەو بنباڵی کیژەکە هەڵدەچوون و مەلەیان لەسـەر سینگە ڕەقەکە دەکرد و دوور دەکەوتنەوە.

لە سـاڵی ١٩٥٨ لە پاش تەنگژەکـەی کـەناڵی سـویس نـاکۆکی و ملمـلانێیـەکـانی نێـوان ڕەوتە ئیسلامییـەکان و ئەوانەی بڕوایان بەسـیاسـەتی یەکگرتنەکەی (جەمـال عەبدولناسر) و حکوومـەتە کریسـتـیانییـەکەی لبنان توند و دژوار بوو، سـەرۆکی لبنان (کامیل شـەمـعون) داوای کۆمـەک و هاوکاریی لە سـەرۆکی ئەمەریکایی (ئایزونهاور) کردبوو، بۆیە لە مانگی یولیۆدا پاپۆرە سـەربازییە ئەمـەریکاییـیـەکە_ بەرەو ناوچەکـە جـوولەی تێ کـەوت و لەگەڵ خـۆیدا سـەدان مـارینزیـش لەسـەر فـرۆکـەهەڵگرەکـان بەڕێ کـەوتن، دیارە کـەوا ئەوان پیـاوانی سکرتێـر و بەهـەندام بوون و زۆریش هـەوەسـی سێکسـییـان بەجۆش و گەرم بوو. لەو پێشـهاتە نوییـەش لە لبنان ئەو بنەماڵانەی کیژی عازەبیان هـەبوو، باوکەکان ناچاربوون کیژەکانیان بپارێزن و چاودێرییان بکەن، بۆیەش پێوەندی و دیمانەی ئەو دوو ڕەگەزە زۆر زەحمەتتر بوو. من لە قوتابخـانەوە ڕام دەکرد تا بەخـۆشییـەوە سـەما لەگەڵ سـەربازە ئەمـەریکاییـیەکان بکەم، لەو ئەزمـوونەدا ڕۆڵی مەسـتیم دەبینی، ڕۆکی (ئاند ڕۆل)م

دەکرد، لەبەرئەوەی جەستەم سووک و
گچکەبوو سەربازە مارینزەکان منیان
بەرز دەکردەوە و لە ئاسمانەوە دوو
جار لەسەر سەرە تاشراوەکانیان
دەسووڕامەوە و بەدەست و مەچەکە
بەهێزەکانیانەوە بەرزیان دەکردمەوە و
لەگەڵ نەزمی گۆرانییەکانی (ئەلفیس
بریسلی) هەڵدەپەڕیم، تامی ماچی
یەکەم ئەو دەمانەم هەتا ماوەیەکی زۆر
دوور و درێژ لە دەمدا هەر مابوو.

لەبەر رەوشە ئاڵۆزەکەی ناو لبنان
مێردەکەی دایکم بەناچاری

منداڵەکانی لە لبنان دوور خستەوە، بۆ یەکەم جار لە ماڵی باپیرانم لە شیلی خۆم دیتەوە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بوو کە ئارەزووی ئەوەم دەکرد ببمە راهیبە و خۆم لەوە راهێنا بەتەنیا بمینێمەوە، لەو دەمانە کوڕێک منی هەڵبژارد و بەڕووم پێکەنی، منیش خۆم گەیاندێ و بە پشدێنەکەی خۆم شۆڕ کردەوە و پێنج ساڵ بەرۆکم بەرنەدا و پاش پێنج ساڵ منی وەک هاوسەری خۆی هەڵبژارد. تازە حەبی ئاوسنەبوون لە شیلی پەیدا بووبوو، خەڵکەکەش بەچرپە ناویان دەهێنا، ئەگەر بڵێین سێکس بۆ پیاوانە و رۆمانسیەتیش بەشی ژنانە، دەبێ ئەوان بمانوروژێنن تا ئەزموونی ئەڤینیان پێشکێش بکەین، دەبووایە ئێمەش خۆمان باش رابگرین تا بەپاکیزەیی بگەینە شەوی پەردە، ئەگەرچی من گومانم لە کچێنی زۆربەیان هەبوو، من بەدروستی تێ ناگەم ئەو دوو کوڕەم بە چ شێوەیەک بەسک کەوتووە. ئەوەی چەند ساڵ بوو چاوەڕوان بووم گەیشتمێ، شەپۆلە نوێیەکەی رزگاربوونی ئەمەریکای لاتینی لە ساڵانی شەستەکان گەیشتە گۆشەی ئەو کیشوەرەی کە ئێمەشی تێدا دەژین، هونەری پۆپ و تەنوورەی کورت و مادە بێهۆشکەرەکان و سێکس و بکینی و بیاتلسمانم بینی، ئێمەی ژنان لاسایی (بریجیت باردۆ)مان دەکردەوە ئەو هونەرمەندەی بەقژە پەژمووەدە و لێوە ئەستوور و بلووزەکەی زۆری نەمابوو لەژێر هەژموونی جۆشە سێکسییەکەی هەڵپرووکێت. لە ناکاو مەسەلەکان بەرەواژ بوونە، ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد رووی دا، دەسەڵاتی فرەنسی و ئیتاڵی لە وڵاتەکەماندا کشایەوە و مۆدەی ئینگلیزی واتە جۆرێک لە پیاوی ژنانە پەیدا بوون، منیش لەو دەمانە مەمکەکانم گەورە بووبوون، منیش گەیشتمە رەگەزەکەم و بوومە بەشێک لەوان. لەو دەمانە وەک چۆن باس لە شەوچەرە سوورەکان دەکرا، بەو جۆرەش قسە لەسەر برنوگرافیای سێکسیش دەکرا، ئەگەرچی ئەو رەوشتە هەبوو، بەڵام من هەرگیز هەستم پێی نەکردبوو، وای لێ هات نێربازەکانیش بەتاریکی دەردەکەوتن. ئەگەرچی من تەمەنم گەیشتبووە

بیست و هەشت ساڵ نەمدەزانی ئەوانە چۆن ئەو پرۆسەیە دەکەن، ئێمە سێ و چوار ژن بووین بەدوای پشتیوانیدا دەگەڕاین و ژنان ڕێپێوانیان دەکرد و ئێمەش دروشمەکانمان لە گەسکەکانمان بەستابوو و خۆپێشاندانمان دەکرد، بەڵام کەسمان شوێن نەکەوت و بەشەرمەوە گەڕاینەوە ماڵەکانمان. لەو ساڵانەدا بزاڤی هیبیزم گەشەی کردبوو، منیش بەجلوبەرگی باڵدار و بەمورووەوە دەگەڕام و جلەکانم بە نەخشەکاری هیندی دەڕازاندەوە، پاش ئەوەی شەش جار دووکەڵی مریجوانام تاقی کردەوە هەستم کرد ئەو دووکەڵە هیچ سوودی نییە و نافرێم. لەبەرئەوەی من درەنگ شووم کرد بۆیە لە خۆشەویستی و ئاشتییەکە درەنگ پێ ڕاگەیشتم.

یەکەمین ریپۆرتاژم لە کۆوارێک بڵاو کردەوە، ئەوەش لەسەر خوانێکی دیاری سیاسەتمەدارێکدا شەرمەزارییەکی نایەوە، یەکێک لەوێ لەو بابەتە گاڵتەجاڕەی منی پرسی کە زووتر بڵاوم کردبووەوە ئاخۆ من بەنیاز نیم بابەتی مەعقول بنووسم و بڵاویان بکەمەوە، لەو دەمانە ئەو هزرەم بەبیردا هات کە لە وەڵامدا بڵێم:

بەڵی بەنیازم بابەتێک لەسەر ژنێکی دوایێنپیس بنووسم. کە من ئەو قسەیەم کرد کەشەکە ئارام و بێدەنگ بوو، سەر خوانەکە هێمن بوو، هەموو گوێیان لە قسەکەم بوو، بۆیەش خەڵکەکە زۆرتر روویان لە خواردنی سەر مێزەکە کرد و بابەتێکی تریان لەو مەجلیسەدا نەکردەوە، لە کاتی قاوەخواردنەوە ژنی خاوەن ماڵەکە کە تەمەنی سی و هەشت ساڵ بوو، ژنە- بەژن زراڤەکە کە لە دەزگایەکی حکوومەت کاری دەکرد و بە بەدلە شانیلەکەیەوە هەڵوێستی خۆی بۆم دەربڕی، منیش سوێندم بۆی خوارد نهێنییەکەی نەدرکێنم و ناسنامەکەی بپارێزم، بۆیە بۆ بەیانی ریکۆردەرەکەم لەگەڵ خۆم بۆ تۆمارکردن بردە دەزگاکە و بۆ نووسینەوەی خیانەتەکەی ئەو بەشکۆوە مێوانی بووم.

ئەو سەربردەی خیانەتەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، کە کاتی دەستبەتاڵبوونەکانی پاش نیوەڕۆیەکانی بەو جۆرە بەسەربردووە و دەیگوت کەوا سێکس پرۆسەیەکی باشە بۆ کات بەسەربردن و بۆ خۆشی جەستە و ڕێزیشی زۆر هەیە، چونکە پیاوان لە کۆتاییدا کەسانی ژنانی نین، دیارە ئەوە شێوە قسەیە زۆر لەو ژنانە دەگرێتەوە کە خیانەت دەکەن و مێردەکانیشیان بەهەمان شێواز خیانەت لەوان دەکەن، ڕەنگە یەکێک لەو پیاوانە مێردی ئەو ژنە بێ، ئەو لەو دەمانەی قسەکانی دەکرد ژنێکی سۆزدار نەبوو، یان هەستیشی بەهەڵە نەدەکرد، ئەو لەگەڵ دوو دەستەخوشکی خۆی شوقەیەکیان هەبوو، بەیەکەوە شوقەکەیان بەکار هێناوە و ئەوانیش وەک ئەو سەربەرستن. لە ئاکامی پرۆسەیەکی بیرکاری سادە بۆم روون دەبێتەوە کەوا پیاوەکان لەگەڵ ژنەکاندا هاوبەشن ئەگەر نا ئەو ژنانە لەگەڵ کێ رادەبوێرن، چونکە ئاشکرایە کەوا کەسێک یان دەستەیەکی خۆبەختکەریان لە ناودا نییە. دیارە کەوا ئەو خۆشییەی ژنان لەو پرۆسەیەدا دەستیان دەکەوێ لە ئاکامی گوناح و بیانوویەکی قبووڵ بۆ ژنان قبووڵ نییە. بەرپرسانی کۆوارەکەمان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دیمانەیە دوودڵ نەبوون، چونکە ئێمە سەربردەی ژنانی داماوی سەر کورسیی بەستراو و خاوەن دۆستی بێئومێدمان بۆ ئینتەرڤیووەکان دەدۆزییەوە. بە بڵاوبوونەوەی ئەو دیمانانە سەدان نامەی پشتیوانی و سەرسامی گەیشتبووە کۆوارەکەمان و هەمووش پیرۆزباییان

راگەیاندبوو، ژنە بەڕێوەبەرە ترساوەکەشم داوای لێ کردم دیمانە لەگەڵ ژنانی پاک و دڵسۆزیش ساز بکەم، من لەو دەمانەوە بەدوای یەک ژنی دڵسۆز، بەبیانووی باش و گونجاودا دەگەڕێم.

## بەشی چوارەم

ئەو ژنانەی لەو سەردەمەدا لە تەمەنی مندا بوون لە دنیادا رووبەڕووی رەوشێکی ئاڵۆز و پڕ لە ئاشوبە هاتبوونەوە، بابەتمان لەسەر پێوەندییە سێکسییەکان بەرچاو دەکەوت، کتێبەکانی بزاڤی ژنانی ئەمەریکام دەخوێندەوە، بەڵام نەدەکرا بڕوا و مەسەلە چەسپیوەکانی ناخمان بگۆڕین، پیاوەکان هێشتا سوور بوون لەسەر ئەوەی کیژی پاکیزەیان دەوێت، نەیاندەویست دەستگیرانەکانیان گەمەی سێکسییان کردبێت، دەستی یەکەمیان دەویست و هاوسەریان وەک دڵسۆز و هاوڕێی رەها دەویست، دیارە ئەوانیش بە ئاسانی ئەو جۆرە ئافرەتانەیان دەست نەکەوت، بۆیەش لەناو خێزانەکان قەیران و نارەحەتی پەیدا بوو، زۆریش لە هاوڕێیەکانم لە پێوەندییەکانیاندا شکستیان دەخوارد، دیارە کەوا لە شیلی دیاردەی جیابوونەوەش نییە، بۆیە زۆر لە خەڵکەکە بەبێ هیچ پرۆسەی بیروکراتی جیا دەبوونەوە و هاوسەرگیرییان دەکردەوە. هاوسەرگیرییەکەی من نموونە بوو، من زۆرتر خەریکی کارەکانی خۆم بووم، لە ماڵەوەش وەک ژنێکی کابانی ماڵەوە هەڵسوکەوتم دەکرد و خەریکی ماڵ و منداڵەکانم بووم، وەک ژنێکی کابانیش دەجولامەوە. کارەکانم لە کۆوارەکەمان و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکە بە جۆرێک بوو هیچ بوار نەبوو کاری تر بکەم و نەدەپرژامە سەر کاری تر، وەک ئەوەی لە شێوەی گۆرانیبێژێک خۆم دەگۆڕی و پەڕی رەنگاورەنگم لە پشتەوەی خۆم گیر دەکرد و شووشەیەکی زمرودم لە ناوکم قایم دەکرد.

لەو کاتەوەی کە دیکتاتۆر بینوتشت لە ساڵی ١٩٧٥ هاتە سەر حوکم، ئێمە بەخێزانەوە ئەو دەسەڵاتەمان قبووڵ نەبووە و لە شیلی بارمان کردووە، لە فەنزویلا ئەو وڵاتە گەرمە،_ هەستم کرد سێکس لەوێ زۆر گەشەی کردووە و هەوەس و شەهوەت بەبێ پەردە و شاردنەوە زۆر دیار و ئاشکرایە، لەسەر کەنارەکان کوڕەکان بە سمێڵ و بیکینەکانیانەوە دەسووڕانەوە و ئەوەی شانازییان پێوە دەکرد و ئەوەی هەیانبوو دەریان دەهێنا. ژنە زۆر جوانەکانی ئەو جیهانە پێشبڕکێی جوانییان دەبردەوە و بە شەقامەکاندا دەگەڕان و لەسەر سەدای مۆزیکی ناخی شاراوەیان شەڕیان بە خەڵکی دەفرۆشت.

لە سەرەتای هەشتاکاندا بۆمان نەبوو فیلمێک ببینین، تەنیا بۆمان هەبوو فیلمەکانی والت دیزنی سەیر بکەین کە دوو دەستەی بەیەک گرێدراوی تێدا نەبوو، هەتا لە بەڵگەنامەکانیش ئەو دیمەنانەمان نەدەبینی، وەک چۆن ئەمیبا و بەترەیقەکانیش بەیەکەوە دەبوون، لەگەڵ دایکم چووینە فیلمی ئیمپراتۆرییەتی ماناکان و ئەوەش کاریگەریی نەبوو. ئەو کتێبانەی زڕبابەکەم بۆ نەوەکانی دەیکڕین بەسادەیی باسی شێوەیەک لە ئیروتیکیان دەکرد، ئەوانە ورووژاندنی زیاتریان لەو کتێبانە تێدا بوو کە لە کوشکەکان دەکڕدران. دەبووایە ئێمەش بڕیک زانیاریمان هەبووایە تا بزانین وەڵامی پرسیاری منداڵەکان بدەینەوە. دایە بیدوفیلیا[٢] چییە...؟ بەسادەیی دەردەکەوتن کە وەک لاستیکە

تەندروستییەکان پف دەکران یان وەک میزڵدانێک لە ئاهەنگی لەدایکبوون هەڵدەواسران.

کە من ژووری کورە هەرزەکارەکەم رێک دەخست، لەبەرئەوەی خۆم ئەزموونی درێژم لەو مەسەلانەدا هەبوو، بۆیە کتێبە بەرگگراوەکانم سەیر دەکرد، تەماشای ناو لاپەڕەکانم دەکرد، ئەو مندالانە بەناوی کتێبەکانی فوتبۆڵ جۆرەها کتێبیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕییەوە. کە زانیم دوو دۆست بە پارچە سینگی گۆشتی ماسی سەلمون خۆیان رەحەت دەکەن، لەو دەمانە بیرم لەوە کردەوە تازە ئەو شتە فێربووم کە زووتر نەمدەزانی و کەوا من چەند ساڵە چێشت ئامادە دەکەم و لەو ماسییە جۆرەها خواردەمەنی دروست دەکەم و ئەوەم نەزانیبوو! من و مێردەکەم ئەوەندە ساڵە لە کێندەرێ بووین...؟ چیمان بینی چیمان هەبوو هەتا لە ژووری نووستنەکەمان ئاوێنەیەکمان بە بنمیچەکەمان هەڵنەواسی، بۆیەش بڕیارم دا ئێمەش لەگەڵ ئەو سەردەمە بژین، بەڵام کەی! کە شەوانە لەبەر ژانی پشتمان و جومگە بەمەرهەمەکانمان بەئاگا دەهاتین، ئەوەش لە جیاتی ماسییە سەلمونەکان بوو لە خاڵەکانی ج(٣).

کە پاولای کیژم خوێندنی ئامادەییی تەواو کرد، لە بەشێکی سێکس لە لقی دەروونناسیی پسپۆڕی وەرگیرا، من لەو سەرکێشییە هوشیارم کردەوە، چونکە ئێمە لە سویسرا ناژین تا خەڵکەکە لە هەڵوێست و بۆچوونەکانمان حاڵی بن و بتوانین لە بابەتەکانمان سەرپشک و ئازادبین، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر بەرنامەی خوێندنەکەی. پاولای کیژم دەستگیرانەکەی خەڵکی دوورگەی سیسلیای ئیتاڵیا بوو، ئەو ئارەزووی بوو لەسەر شێواز و بڕوای کاسۆلیک هاوسەرگیری بکەن و بەیەکەوە منداڵ دروست بکەن، بەڵام کیژەکەم بڕوای وا بوو خۆی لەسەر هەویرشێلان مەشق و پرۆڤە بکا. کیژەکەم وا دیاربوو وەک پاکیزەکەی موریو(٤) هەموو کەسێک هەڵخەڵەتێنێت، ئەو جوان بوو، قژی درێژ و دوو چاوی گەورەی نازداری پێوەبوو، کەس هزری ئەوەی نەدەکرد کەوا کیژەکەی من ئەوەندە لە کاروبارەکانی سێکس پسپۆڕ و لێزان بێ. من لە هۆڵەندا بووم، لە ناوەڕاستی وانەکانمدا بووم کە پاولا پێوە کردم و داوای هێنانی بڕێک کەرەستەی لێ کردم، منیش بەناچاری و بەبێ ئەوەی هیچ شەرم بکەم و لیستی بابەتەکانم بەدەستەوە بوو لە بۆکتیگەکاندا بۆ کڕینی داواکانی ئەو دەگەڕام، لە هەمووش شەرمەزارتر ئەوە بوو من لە گومرگی کراکاس چەند کەرەستەی پلاستیکیم لێ گیرابوو، ئەو شتەم لێ گیرا کە لە مۆزێک دەچوو، نەمدەزانی چۆنیان بۆ شرۆڤە بکەم، کەوا ئەو مۆزە پلاستیکییە بۆ خۆم نییە و من بۆ کیژەکەم کڕیومە، لەو حاڵەتەدا زۆر شەرمەزار بووم.

پاولای کیژم جانتاکەی تەژی ئەو شتانە بوو، جۆرەها گەمەی بورنرگرافی هەبوو، بۆیە کورە سیسلیاییەکە شێت و هار بووبوو، دیاربوو کوڕەکە بەرگەی ئەو رەوشتەی کیژەکەی منی نەدەگرت، ئەو دەمانەی خەریکی خوێندن بوو لە ماڵەوە بەزۆری و بەبەردەوامی سەیری فیلمە سێکسییەکانی دەکرد، دەمزانی سەیری ئەو فیلمانەی دەکرد کە چۆن ژن خۆی بە نێرەکەرێک رەحەت دەکات، چۆن سێ کیژۆڵەی ناسک لەگەڵ پیرەمێردێک گەمەی سێکسی دەکەن، ئەو جۆرە فیلمە سەیروسەمەرانەی سەیر دەکرد.

کەسانی سەیر مێوانمان دەبوون پیاوانی ژنانی، ئەوانەی لاسایی ژنان دەکەنەوە، ئەو کوڕانەی پیاویان سواری خۆیان دەکرد، لەلای ئێمە چایان دەخواردەوە، نێربازەکان، جیفییەکان[٥] و ئاونانیستییەکان[٦] و کیژە پاکیزەکەم موریوش ئاسا شیرنەمەنی پێشکێش دەکردن و خزمەتی خوانەکانی ئەوانی دەکرد. لەو دەمانە زانیم کە چۆن دوکتۆرە نەشتەرگەرەکان پیاوێک بەچەند پارچە ریخۆڵەیەک دەکەنە ژن و مێینە. من چەند ساڵ چاوەڕوان بووم و کیژەکەم منداڵێکی نەبوو، نەوەی خۆم نەبینی. جۆرەها شتی نوێم کڕی منیش پێلاوی نووکباریکی بەرزم لە پێ کرد و جۆرەها مەرەهەمم پەیدا کرد و ناوی چەندان شێوەی پیرۆزی سێکسی هیندییەکانم لەبەر کرد. کە فێربووم سەگەکەم لە وێنەگرتن راهێنا نەخۆشیی سیدا (ئایدز) پەیدا بوو و ئازادییە سێکسییەکان و بەرەڵاییەکان بەرەو دۆزەخ رۆیشتن، لە ماوەی یەک ساڵدا زۆر شت گۆڕا. کوڕەکەم پارچە قژە کەسکەکەی سەری بڕی، هەر چواردە گوارەکەی گوێیەکانیشی لابرد و تێ گەیشت ژیان بەبێ هاوسەر بێ سوودە و ژن و مێرد بەیەکەوە جوانن. پاولای کیژم وازی لە سێکسوکۆلۆجیا هێنا و رووی لە فەلسەفەی ئیدراک کرد و هەویری ئەوەی دەشێلا دەستگیرانێکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ئیسراحەت بکا، بەڵێ بەراستی وای لێ هات و زۆریش گۆڕا، شووی کرد، بەڵام زۆری نەخایاند مەرگ راپێچی کرد و گووم بوو، بەڵام ئەوەشیان چیرۆکێکی ترە. من بۆ نەوەکانی سبەینێم چەندان ورچە گەمەم کڕی و سینگە ماسی سەلمۆنیشم خوارد و ئێستاش خەریکی پەروەردی گوڵەکانی خۆمم و مێشیش پەروەردە دەکەم.

پەراوێزەکان:

١- فاونیو: لە میتولۆجیای رۆمانیدا ئەو روحانەیە کە لە دارستان و کێڵگەکاندا لە شێوەی گیانداری قۆچدار و پێچکە بزن بوونیان هەیە.

٢- پێدۆفیلیا: سۆزێکی سێکسییە کەسانی تەمەن گەورە بەرەو منداڵان رادەکێشێت، جا نێر بن یان مێینە.

٣- ئەرنست جرفینبرگ خاڵێکی لەناو دیواری مناڵدان دەستنیشان کردووە کە لەناو ئەندامی مێینەدا زۆرترین هەستی سێکسی هەیە و لەبەر ناوەکەی ئەو خاڵە کە بە یەکەم پیتی ج ناوی ئەو کراوە.

٤- رەنگە ئەو ناوە ئاماژەیەک بێت بە هونەرمەندی ئیسپانی برتولومی ئاستیبان موریو (١٦٨٢- ١٦٧١) کە تابلۆکانی سادەییان پێوە دیاربوو، زۆریش کاریگەریی ئاینی پێوە بوو، زۆربەیان سەبارەت بە مریەمی پاکیزە بوون.

٥- جۆرە کەسانێکی نەخۆشن، کاری سێکسی لەسەر مردوو و لاشەکان دەکەن.

٦- لە کولتووری ئێمەدا لە کرداری دەستپەڕ نزیکە.

دەقە عەرەبییەکەی لە کۆواری (افق الثقافه)ی مانگی - ئادار ٢٠٠٦ وەرگیراوە.

http://clubcultura.com/clubliteratura/clubescritores/allende/inicio.htm

ئیزابیل ئەللیندی ژنە رۆماننووسێکی شیلیی ئەمەریکای لاتنییە و لە ساڵی ١٩٤٢ لەدایک بووە و ساڵانە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب دەستنیشان دەکرێ، نووسینەکانی واقیعییەتی سیحریی تێدایە و ژنێکی چالاکە لە بوارەکانی مافی ژنان و رزگاری.

# هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی زەکەریا تامر



زەکەریا تامر

### ژنان و پیاوان

پاشا و وەزیر بەرگی گەداییان پۆشی و لە خۆرکەوتنەوە هەتا خۆرئاوا، بە شەقام و کۆڵانەکاندا سووڕانەوە. بە لاپڕەسەنییەوە، بەو خەڵکەدا هەڵیان دەڕوانی. کاتێ پاشا شەکەت بوو، گەڕایەوە کۆشک. وەزیریش بەگورگەلۆقە شوێنی کەوتبوو. دوای ئەوەی پاشا ماندووی حەساویەوە، لە وەزیری پرسی:

«داخۆ لە کاتی گەڕانەوەدا ئەوەی من دیم تۆش هەر بینیت؟»

وەزیر وتی: «ئەوەی چاوی پاشا دەتوانێ بیبینێ وەزیر ئەگەر دە جووت چاویشی پێوە بێت هێشتا هەر ناتوانێ بیبینێ!»

پاشا وتی: «من کەسێکم نەدیت زەردەخەنە لەسەر لێوی بێ، یان پێ بکەنێ!»

وەزیر وتی: «خواوەند ڕۆژی بۆ کار و فەرمان داناوە، جوان نییە بۆ عەبدی خوا، سەرپێچی ئارەزووی خواوەند بکا و کاتی کار و فەرمان بە گاڵتە و مەزاق بەسەر بەرێ!»

..............................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەدفەریق حەسەن

پاشا وتی: «کەوابێ کەی ئەو خەڵکە زەردەخەنە دەیانگرێ و پێدەکەنن؟»

وەزیر وتی: «هیچ پاساوێکیان بۆ زەردەخەنە و پێکەنین بەدەستەوە نییە. زەردەخەنە و پێکەنین پێویستیان بە ڕەنج و کۆشش هەیە. باشتر وایە ئەو ڕەنجە پاشەکەوت بکەن و لەپێناوی وڵات و پاشادا خەرجی بکەن.»

پادشا وتی: «تەنانەت منداڵانیش.. نەمدی منداڵێک بزەی لەسەر لێو بێ.»

وەزیر وتی: «ئاخر ئێشتا کاتی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکانە.»

پاشا وتی: «ئەوەی بەجارێک ئەوقی کردووم ئەوەیە، لەو گەشتەدا تاقە ژنێکیشم نەدی. تەنیا پیاو و منداڵم دی. بەڕاست ژنەکان لە کوێن؟»

وەزیر وتی: «جا ژن چ ئیشێکی بەڕێگەوبان هەیە؟.. ژن بۆ ئەوە خەلق بووە لە ماڵدا بژی.. جلک بشوات. ماڵ خاوێن بکاتەوە. چێشت لێ بنێ.. منداڵ پەروەردە بکا. چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی بێ لە سەرکار و دڵخۆشی بکا.. کاتێک پاشام ژنێک لە ڕێگە نابینێت بەڵگەی ئەوەیە بنەما ڕەسەنەکان سەلامەتن. کۆمەڵگەکەمان سەلامەتە. ئەوە بارودۆخێکە هەموو دڵسۆزێک ئاواتی بۆ دەخوازێت بەرقەرار بێ. بەڵام بەردەوام نابێ! زەمانێکی گەندەڵی وەها دێتە پێشێ، ژنان یاخیبوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن. لە ماڵ دێنەدەر. وەک پیاوان پۆشاک دەپۆشن. وەک پیاوان کار دەکەن. لە پیاوانیش زێتر ماف وەردەگرن!»

پاشا وتی: «تۆ هەڵەی. ئەوەی لە داهاتوودا ڕوو دەدات، تەنیا پەروەردگاری ئەم گەردوونە دەیزانێ. بەشەر لێی بێ ئاگایە.»

وەزیر وتی: «ئەوەی دەماودەم کفر بگێڕێتەوە بەکافر حساب ناکرێ. من تەنیا قسەی ئەو کتێبانە دەگێڕمەوە، کە باشترین زانا ڕۆیان ناون.»

پاشا زەردەخەنە گرتی، وتی: «ئادەی سەبارەت پێشبینییەکانی پاشەڕۆژ قسەم بۆبکە.»

وەزیر وتی: «لە داهاتوودا پاشایەکی تەوار نامۆی ئەوتۆ پەیدا دەبێ، قینی لە گۆشتی مەڕ و مامر و ماسییە و حەزی لە گۆشتی ژنانە. هەر ڕۆژی ژنێک دێنێت و بۆ ژەمی شێوان دەیخوات. ڕۆژێک ژنێک دێنێت ئارەزووی لە گۆشتی پیاو دەبێت. لە بری ئەوەی پادشا ژنەکە بخوات، ئەو پاشا دەخوات.»

پادشا وتی: «ئەوە پاشایەکی هەڵەشەیە. ئەگەر بەڕاستی پاشا بێت، حساب بۆ هەموو کارێکی کوتوپڕ دەکات، فەرمان دەدا، ددانی دوابەژنی وڵاتەکە دەربێنن!»

وەزیر بەسەرسامییەوە هاواری کرد: «ئەمە فەرمایشتێکی مێژووییە. پاشایەک ئەگەر بەتەنگ تەختی خۆی و بەختیاریی گەلەکەیەوە بێ، ئەوا ددانی میللەتەکەی دەردەهێنێ و تەنیا خۆی بەخاوەن ددان دەمێنێتەوە.»

پاشا پێکەنی، ددانەکانی وەک ئەو کەڵبانەی لەسەر قەپاڵ گرتن لە گەردن ڕاهاتبوون دەیاننواند.

ئەمجا له وەزیری خۆی پرسی: «له داهاتوودا چیی تریش ڕوو دەدات؟»

وەزیر وتی: «هیوادارم ئەوەی دەیڵێم درۆیەکی پەتی بێ. یەکێکیان پێشبینی کردووە، گوایە وڵاتەکەمان دوای هەزار ساڵی تر دووچاری کارەساتێکی سەرتاپاگیر دێ. هیچ بوارێک له بوارەکانی ژیان له چنگی ڕزگاری نابێ. بەڕادەیەک، ئەم نیشتمانە ئاوەدانەمان دەبێتە کاولترین وڵاتی دنیا!»

پاشا وتی: «ئەو کارەساتە چییە؟»

وەزیر وتی: «خۆت دەزانی گەورەم، پیشەسازی چنین بەنێوبانگترین پیشەسازیی وڵاتەکەمانە. دەستا کارگەکان له بەرهەمهێنان دەکەون. بازاڕەکان پڕ دەبن له قوماشەکۆن. چونکە بازاڕ نامێنێ!»

پاشا وتی: «ئەمەیان پێشبینییەکی پووچە. خەڵکی هەردەم پێویستییان بەپۆشاک دەبێ. پۆشاکیش له قوماش دروست دەکرێ. قوماشیش له کارگەی چنین بەرهەم دێ.»

وەزیر وتی: «ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە، ژنان، کە گەورەترین کڕیاری جلوبەرگن، جۆرە بەرگێک دەپۆشن، لەبری چەند مەترێک پێویستییان بە چەند بستێک قوماش دەبێ!»

پاشا وتی: «وتت کارەساتەکە سەرتاپاگیرە.. بەڵام کارگەکانی چنین تەنیا بەشێکی کارەساتەکەن و هەمووی نین.»

وەزیر وتی: « ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە، کاتێک ژنان له ڕێگەوبان بەو جلکە ئابڕووبەرانەیانەوە دەردەکەون، ئیدی پیاوان ئەقڵ و هۆشیان نامێنێ و واز له کار و فەرمان دێنن. هەموو کارێکیان دەبێتە هەڵڕوانین بەباڵای ژناندا و کوناوکون دوایان دەکەون، وەک چۆن گەلەگورگ دوای مەڕ دەکەون!»

پاشا نەختێک بیری کردەوە، ئەمجا به وەزیری وت: «ئەوەی له داهاتووی دووردا ڕوو بدا، بۆی هەیە له داهاتووی نزیکیشدا ڕوو بدات و ئێمەش ببینین. بۆیە دانا ئەو کەسەیە هەر له ئێستاوە خۆی دەپارێزێت و حسابی بۆ دەکات.»

ئیدی ئەوە بوو، بەفەرمانی شاهانە خانووەکان له شێوەی زینداندا بنیاتنران. چارشێوی ڕەش کەوتە بازاڕەوە و دنیای پڕ کرد، بەو حسابەی گوایە ڕێگەیەکە بەرەو بەهەشت.

سەرچاوە: زکریا تامر، نداء نوح. ط١، لندن، ریاض الریس للکتب والنشر، ١٩٩٤ ص/٢١٦ ــ ٢١٨.

## کۆڕی ئەدیبان

کامل گەیلانی، لەو چایخانەیە دانیشتبوو، کە مردووەکان کردبوویان بەشوێنی کۆبوونەوەی خۆیان. ئەو بیری لەو ساڵانە دەکردەوە، کە وەک هاونیشتمانییەکی عەرەب، لەسەر زەمین ژیاوە.. لەوە دڵنیا بوو، کە بەدرێژاییی تەمەنی خۆی کاری چاکەی کردووە و ژیانی هەورێکی پڕ باران بووە. درەختێک

بووە چوار وەرزە بەردابووە.. زەردەخەنەی لەخۆڕازیبوون کەوتە سەر لێوی. لەو دەمەدا گوێی بە دەنگێکی گڕ زرنگایەوە.. پێی دەوت: «ماوە هەیە لەگەڵت دانیشم؟»

لای لە خاوەن دەنگەکە کردەوە. دیتی پیاوێکی ڕوخسار نامۆیە. بە ڕواڵەتیدا هەم لاو بوو هەم پیر. پێی گوت: «سەرچاوم، فەرموو دانیشە.»

پیاوەکە لەسەر کورسییەک دانیشت. کامل گەیلانی هەوڵی دا بزانێ پێشتر لە کوێ دیوێتی.. پیاوەکە پێی وت: «چاوەکانت ماندوو مەکە. واشمەزانە زەینکوێریت. تۆ نامناسیت. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێوبانێک منت نەدیوە. بەڵام من دەتناسم.. تۆ کامیل گەیلانیت. ئەو نووسەرە پێشەنگەی هەستی بە گرینگیی نووسین بۆ منداڵان کرد. بەشێکی زۆر لە توانای خۆی بۆ تەرخان کرد. تۆ توانیت ئەوەندەیان پێشکێش بکەیت، ببێتە بناخە بۆ نامەخانەیەک، کە پڕبێت لە بابەتی بەکەڵکی فەرهەنگی و کاتبەسەربردن.. منیش ناوم ' امل دنقل' ە.. شاعیرێکم بڕوام بەو ئاگرە هەیە، کە بت و خاوەن بتەکان دەسووتێنێ. شیعرم بۆ بێدارکردنەوەی نووستووەکان دەنووسی. بەڵام بەرلەوەی ئاواتم بێتەدی، نەخۆشی دای ڕزاندم. ئەوەی ئازارم دەدا ئەوەیە ژمارەی نووستووەکان کەم نەبوونەتەوە، بگرە ڕوو لە زیادییە.»

کامل گەیلانی: «خۆت سەرکۆنە مەکە. وشە هەرچەندە نیازی خێریشی هەبێ هەر وشەیە و هیچی تر. بێدارکردنەوەی نووستووەکان پێویستیی بە گرمەی تۆپە. وشەیش توانای تۆپی نییە.»

ئەمەل دەنقل: «بەرلەوەی بتدوێنم، بە چاودێریکردنت خۆشحاڵ بووم. هەستم کرد تەواو بەختیار بووی. جا لەبەرئەوەی لەم ڕۆژگارەدا، بەختیارەکان کەمایەتین و گریاوەکان زۆرینەن، دەکرێ بزانم چی وای لێ کردووی بەختیار بیت؟»

کامیل گەیلانی: «هۆیەکەی نهێنی نییە. من ڕەخنەگرانە بیرم لە ژیان دەکردەوە. دیتم ژیانێکی زڕ نەبوو.»

ئەمەل دەنقل: «ئەمە ڕایەکی دروستە. وەک زانراوە، لە سەرەتای تەمەنی ئەدەبیتاندا گرینگیتان بە کەلەپووری عەرەب داوە.»

کامیل گەیلانی: «چونکە بڕوام وا بوو، شارەزایی پەیداکردن لە شکۆمەندییەکانی ڕابردوو، یارمەتیمان دەدات لەلایەنە خراپەکانی ئەمڕۆ ڕزگارمان ببێ.»

ئەمەل دەنقل: « بەڵام لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام نەبووی. بەڵکو گواستتەوە سەر گرینگیدان بە ئەدەبی زارۆکان. بەرهەمێکی زۆر و هەمەڕەنگت پێشکێش کردن.»

کامیل گەیلانی: «بۆیە بۆ منداڵانم نووسی، چونکە هەستم کرد، ڕابردوو تەنیا ڕابووردووە و ناگەڕێتەوە. دەبێ زۆرترین گرینگیی بە ئێستا بدرێ. بنیاتنانی ئێستایش لە منداڵانەوە دەست پێ دەکات. لە بەرهەمەکانمدا، بیرۆکەی وەهام پێشکێش بەمنداڵان کردووە، بەشداریی لە پەروەردەکردنیاندا بکا. تا لە داهاتوودا هەم سەرکەوتوو، هەم خاوەنی ڕەوشتی جوان بن.»

ئەمەل دەنقل: «بەڵام ئەو سەرکێشییە دەکەم و ڕاستیت پێ دەڵێم، کە ڕەنگە بتانڕەنجێنێ. کتێبەکانت پشتگوێ خراون و بێزراون. ئەو بیرۆکانەی بڕوات پێیان هەبوو، بەکەڵکی منداڵانی بنیاتنەری داهاتوو نایەن. ئەگەر بەکەڵکیش بێن، لەیادکراون و دوژمنایەتی دەکرێن. منداڵانی ئێستا، ئەوانەی ئەوسا نین. نەخشەکانی گەندەڵکردن و شێواندنیان، بەردەوام سەرکەوتن بەدەست دێنن. بەرد بەبەردی خۆی، ئەگەر بەچەکوشی پۆڵا چەکوشکاریت تێدا کرد، ورد و خاش دەبێت.»

کامیل گەیلانی: «بە دڵنیاییەوە تۆ یەکێکی لەو ڕەشبینانەی، کە لە حەقیقەتی ژیانیمرۆڤایەتی بێ ئاگان!»

ئەمەل دەنقل: «ئەگەر بڕوات بەقسەکانم نییە، دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ دنیای زیندووان و بە چاوی خۆت ببینی چی ڕوو دەدات. جا ئەوسا لە ڕاستگۆییم دڵنیا دەبیت.»

کاتێک کامیل گەیلانی لە قوتابخانەیەک نێزیک بووەوە، گوێی لە هاتوهاوارێکی خۆش بوو، کە لە ناخی منداڵانێکەوە هەڵدەقوڵا. ئەوان سەرگەرمی یاری و مەزاق بوون. گەشایەوە و بڕوای زێتری پەیدا کرد و تێگەیشت، کە ئەوەی ئەمەل دەنقل وتی قسەیەکی ڕووتی بێ بناخە بوو. دوای چەند هەناسەیەک، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە خۆی دیتەوە. کۆمەڵێک قوتابیی ژیکەڵە دەوریان دا. گەورەترینیان لە دە ساڵانی تێ نەدەپەڕاند.

کامیل گەیلانی بەمنداڵانی وت: «دەخوازم هەندێک پرسیارتان لێ بکەم.»

منداڵان دەنگیان لێ هەڵبڕی. دەیانپرسی: «ئاخۆ تۆ پۆلیسی؟.. لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن کار دەکەیت؟ ڕۆژنامەنووسی و دەتەوێت ڕاپۆرتێکی وێنەدار لەمەڕ قوتابخانەکەمان بنووسی؟»

منداڵێکیان، کە بۆنی دوژمنکاری و بەرەنگاریی لێوە دەهات، وتی: «من لە بریی هاوڕێکانم وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە. فەرموو بەئارەزووی خۆت بپرسە!»

کامیل گەیلانی: «دەخوازی لە داهاتوو ببیت بەچی؟»

منداڵ: «دوو ئاواتم هەن. ئەوی ڕاستی بێت، سەرسامم نازانم کامیان هەڵبژێرم؟»

کامیل گەیلانی: «ئاواتی یەکەمت چییە؟»

منداڵ: «دەمەوێ ببمە دزێکی نێودەوڵەتی، ڕۆژانە ڕۆژنامەکان لەسەرم بنووسن و پۆلیسی دنیا بەدوامەوە بن!»

کامیل گەیلانی: «دزیکردن شوورەیییە!»

منداڵ: «پیرەمێرد نەبوویتایە نەتدەوت دزیکردن شوورەیییە! ئەوەی دزی نەکات دەبەنگە و نازانێت چۆن لەگەڵ حەقیقەتەکانی ژیاندا مامەڵە بکا!»

کامیل گەیلانی: «ئاواتی دووەمت چییە؟»

منداڵ: «ببمە فڕۆکەوان.»

کامیل گەیلانی: «ئەمەیان ئاواتێکی مەزنە. دیارە بۆیە دەتەوێ ببیتە فڕۆکەوان تاکو دژی

دوژمنان بجەنگیت و ئاسمانی نیشتمان بپارێزیت!»

منداڵ: «نەخێر. ئامانجی یەکەمم ئەوەیە، لەو بەرزاییەوە تف لە دنیا بکەم!»

کامیل گەیلانی: «ئەی کێت خۆش دەوێت؟»

منداڵ: «نەجوا فوئاد، نادیە جوندی، عادیل ئیمام و دورەید لەحام!»

کامیل گەیلانی: «بێگومان، دایک و باوک و قوتابخانە و نەتەوە و نیشتمانەکەشت خۆش دەوێت.»

منداڵ: «ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ من باسی ئاسمانت بۆ دەکەم و تۆیش باسی ڕیسمانم بۆ دەکەیت؟»

کامیل گەیلانی: «ئەدی ئەو قارەمانە عەرەبەی ڕێزی دەگریت و بە پێشەنگی خۆتی دەزانی کێیە؟»

منداڵ: «ئارسین لۆبین و جێمس بۆند!»

کامیل گەیلانی: «ئەگەر کوێرێکت دی بەرێگەیەکی پڕ لە چاڵ و کۆسپدا دەڕۆیی، چی دەکەیت؟»

منداڵ: «بەتوندی دەستی دەگرم و دەیبەمە لێواری چاڵێک، پاڵێکی پێوە دەنێم تاکو بکەوێتە ناوی!»

کامیل گەیلانی: «ئەدی ڕات لەسەر درۆ چییە؟»

منداڵ: «گرینگترین چەکێکە، کە زانایان دایان هێنابێت. ئەوەی بەکاری بهێنێت سەردەکەوێ. ئەوەیشی بەکاری نەهێنێت، دووچاری نشوستی دێت و پەشیمان دەبێتەوە!»

کامیل گەیلانی: «ئەدی ڕات لەسەر دووڕووەکان چییە؟»

منداڵ: «زیرەکترین کەس خۆیانن!»

کامیل گەیلانی: «ئارەزووی کتێب خوێندنەوەت هەیە؟»

منداڵ: «جا بۆچی بخوێنمەوە؟ من بەبێ خوێندنەوەش کەسێکی ڕۆشنبیرم!»

کامیل گەیلانی: «داخۆ ئەم وەڵامانە تەنیا ڕای خۆتن، یان گوزارشت لە ڕای برادەرەکانیشت دەکەن؟»

منداڵان دەنگیان هەڵبڕی و ڕایان گەیاند، کە بەگەرمی لەگەڵ هەموو وەڵامەکانی برادەرەکەیانن.

کامیل گەیلانی بە زەبوونییەوە چاوی تێبڕین. ئەمجا وەک تۆقیو، بەڕاکردن قوتابخانەکەی جێ هێشت. بە پەلە لەم نامەخانەوە خۆی بەو نامەخانەدا کرد. دەستی بە کۆکردنەوەی هەموو کتێبەکانی کرد، کە کاتی خۆی بۆ منداڵانی نووسیبوون. ئەمجا بەناخێکی تووڕە و تینووی تۆڵەوە، هەموویانی سووتاند. بەمەیش ئاهێکی تێگەڕا.

بەڵام ئەم بەوەی نەزانی، کە دوای ئەوەی ڕۆیشت، منداڵان سەبارەت بە کەسیەتیی ئەو زۆریان قسە کرد و پێیان وابوو فەرمانبەرێکە و لەلایەن دەوڵەتەوە، بۆ مەبەستێک نێردراوە و ڕاسپێردراوە.

بۆیە بە گاڵتەجارییەوە قاقا پێکەنین و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد: خۆ دەربازکردن لە زەبروزەنگی دوژمنێک، کە نازانێ بەزەیی بەری چ دارێکە، لێمان دەخوازێت فریوی بدەین و بیخەڵەتێنین، تاکو وا بزانێت گوایە ئامانجەکانی هاتوونەتە دی.

سەرچاوە: زكريا تامر، نداء نوح، ط١، لندن، رياض الريس للكتب والنشر، ١٩٩٤، ص/ ١٦١ مم ١٦٦.

* امل دنقل: شاعیرێکی شۆڕشگێڕی وڵاتی میسرە. هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە پێشبینی شکستی ساڵی ١٩٦٧ی کردبوو. بەتوندیی دژی سەردانەکەی (سادات) بۆ وڵاتی ئیسرائیل وەستایەوە و دژی ڕێککەوتن بوو. ئەم هەڵوێستەی لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا بەسەردێری (لا تصالح) بەدیار دەکەوێ. ئەو دەمە قسەیەک لەنێو ڕووناکبیرانی میسردا باوبوو، دەڵێ: (کاتێک شەو باڵ بەسەر قاهیرەدا دەکێشێ، ئیدی ئەو شارە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سەرباز و ئەمەل دەنقلەوە.) بەتەمەنێکی کورتەوە بە نەخۆشی سەری نایەوە. لە دیوانەکانی:

اقوال جديدة عن حرب البسوس

البكاء بين يدي زرقاء اليمامة

## وڵاتی بێ نووسەر

پاشا تەوا تووڕەبوو. ویستی پیشبخواتەوە. بەڵام تووڕەیی لە چاوەکانییەوە سەریکرد. مۆن و دڵڕەق دەینواند. بەدەنگێک، کە هەوڵێکی زۆری لەگەڵدا دا تاکو ئاسایی بێت، بە وەزیری وت: «ئاخۆ تۆ لەوە دڵنیای هەرچی لە شانشیندا ڕوو دەدات بۆت گێڕاومەتەوە؟»

وەزیر وتی: «من تەنانەت شەڕی نێوان ژن و مێرد و دڵدارەکانیشم نەپەڕاندووە. دەنگوباسی تەڵاق و هۆیەکانیشیم لەلا باس کردوویت.»

پاشا وتی: «تۆ ئەوەی بێبایەخ بێت بۆم دەگێڕیتەوە. بەڵام ئەوەی گرینگ و مەترسیدار بێت لێمی دەشاریتەوە!»

وەزیر وتی: «ئەگەر پادشا فەرمانی زیندانیکردنی هەتاهەتایی بۆ دەربکردمایە، هێشتا حاڵم لەم حاڵەی، کە ئێستا تێیدام باشتر بوو!»

پاشا وتی: «ئەم بەیانییە یەکێک لە ژنەکانم پێی وتم، گوایە شاعیرێک، بە شیعرێک دایشۆریوم. ئێستا شیعرەکە بەسەر زاری خەڵکەوەیە و شەوانە وەک نوکتە بەدەم پێکەنینەوە هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە. ئەم هەواڵە ڕاستە یان درۆیە؟»

وەزیر وتی: «ئەو شاعیرە سەرسەرییە ئێستا لە زینداندا ناڵەناڵ و داد و فیغانێتی و کەس بە دەنگیەوە ناچێت. زیندانیش جێی دەبێ هەتا بە شیعرێکی پیاهەڵدان لەو شیعرە داشۆرینە پاشگەز نەبێتەوە!»

پاشا وتی: «کەواتە هەواڵەکە ڕاستە!»

وەزیر سەری دانەواند و وتی: «هەواڵەکە ڕاستە!»

پاشا وتی: «ئەی بۆچی ئاگەدارت نەکردووم؟»

وەزیر وتی: «چونکە پەیڕەوم لە کاردا ئەوەیە، کارە گرینگەکان لەلای خاوەن شکۆ باس بکەم و بە شتی بێبایەخەوە خەریکی نەکەم!»

پاشا وتی: «بەڵام ئەمە حاڵێکە تەحمول ناکرێت. هەیە دامان دەشۆرێت تاکو دەمی چەور بکەین بۆ ئەوەی دەمکوت بێت. ئەگەر نەیدەیتێ لە داشۆریندا بەردەوام دەبێت، بگرە پێی لێ هەڵدەبڕێت. ئەویشی، کە پیاماندا هەڵدەدا و پەسندمان دەدا، ئەویش هەر داوای پارە دەکات و هەقدەستی پیاهەڵدانەکەی دەوێت. ئەگەر دەمی چەور نەکەین ئەوا لێمان هەڵدەگەڕێتەوە.» پاشا بێدەنگ بوو. لەفیکران ڕۆچوو. ئەمجا بەوەزیری وت: «ڕاوچییەکان لە دەریا و ڕووبارەکاندا ماسی ڕاو دەکەن. چ پێویستییان بەشیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «ڕاوچییەکان ئەوەی مەبەستیان بێ، نان و گۆشت و ژنە.»

پاشا وتی: «جووتیار زەوییەکانیان دەکێڵن، تۆو دەوەشێنن، ئاو دەدەن و سەرەوکاریی مەزراکانیان دەکەن. ئاخۆ پێویستییان بە شیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «جووتیار هەردەم چاویان بڕیوەتە هەور. ئەوەی نیگەرانیان بکا بێبارانییە!»

پاشا وتی: «کرێکار کۆشک و خانووبەرە دروست دەکەن. ڕێگە و شەقام ڕادەکێشن. ئاخۆ هیچ پێویستییەکیان بە شیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «کرێکار هەموو کات خەیاڵیان هابەلای ئەوەوە بەزووترین کات خۆر ئاوا ببێت و کرێی زێتر وەربگرن!»

پاشا وتی: «بازرگانان دەکڕن و دەفرۆشن. ئیدی چ پێویستییەکیان بەشیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «وەک چۆن چرپاکەم دەناسم، ئاوایش بازرگانەکان دەناسم. مادام دەکڕن و دەفرۆشن و قازانج دەکەن ئیدی لە هیچیان کەم نییە!»

پاشا وتی: «مادام خەڵک شیعریان بەلاوە گرینگ نییە. ئیدی بۆچی یاسایەک دەرنەچێت شیعر هۆنینەوە قەدەخە بکا؟»

وەزیر زەردەخەنەی هاتێ و بە پاشای وت: «داخۆ گەورەم ماوەم پێ دەدات دوو قسان بکەم؟»

پاشا وتی: «قسان بکە. کێ دەمی گرتووی؟»

وەزیر وتی: «ئەگەر بڕیاری وەهاش بدرێت هێشتا هەر وەک پێویست سوودی نابێت. چونکە شیعر وەک دەردی بێ دەرمان وەهایە، ئەوەی تووشی بوو چاکبوونەوەی نییە و هەر دەبێ شیعر بڵێ. شاعیر وەک قەلەڕەشە. قەلەڕەش بۆ ئەوە خەڵق بووە بغاقێنێ. شاعیریش بۆ شیعر وتن. ئەم بڕیارە ئەگەر دەریش بچێت، تەنیا پرۆپووچەکانیان دەترسێنێ و پەیڕەوی دەکەن. بەڵام شاعیرانی تر، هیچ شتێک نییە لە شیعر نووسینیان بخات. لە زیانەکانی ئەم بڕیارەش ئەوەیە، پڕوپاگەندەی

دوژمنکارانە لە دژی وڵاتەکەمان بڵاو دەبێتەوە، گوایە ئێمە دژی شیعر و ئەدەب و ئازادیی بیرین. دوژمنەکانمان ئەم بڕیارە بەهەل دەزانن بۆ شێواندنی ناوداوی شانشینەکەمان لەنێو دەوڵەتاندا!»
پاشا وتی: «کەواتە مافی هاونیشتمانیەتی لە شاعیران دەسێنینەوە، لە وڵات قاویان دەدەین!»

وەزیر وتی: «بەتەنیا شاعیر قاونادەین. بگرە هەموو قەڵەم بەدەستەکان قاودەدەین. چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و ڕەخنەگرانیش دەردەکەین. پێویستە گرینگییەکی تایبەت بە قاودانی ڕەخنەگران بدرێت. چونکە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی چکی کرد، کە ئەوان فێری ڕەخنەلێگرتنی بوون، بادەدەنەوە سەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیشەوە لادەکەنەوە بەلای ڕەخنەی سیاسیدا!»

پاشا وتی: «ئەوەی قەڵەم بەدەست بێت و وشەیەکی نووسیبێ قاوی دەدەین!»

وەزیر وتی: «جا بۆچی دەریان پەڕێنین؟.. ئەگەر دەرمان پەڕاندن، ئەوا لە ڕووی مەعنەوییەوە سوودمەند دەبین، بەڵام لە ڕووی مادییەوە بە زیان دەشکێتەوە.»

پاشا وتی: «تێ ناگەم. چۆن لە ڕووی مادییەوە سوودیان لێ وەردەگرین. لە کاتێکدا ئەوانە خراپترین و بێ چاوڕووترین دەرۆزەکەرن؟»

وەزیر وتی: «وڵاتی کاڵفام و تەپۆی وا هەن پێویستییان بەم نموونانە هەیە. بەردەوام ڕای دەگەیەنن، کە ئەوان ئامادەن بۆ ڕاگرتنیان. ئێمەش بەنرخێکی هەرزان بۆیان دەنێرین!»

پاشا بەخۆشی و سەرسووڕمانەوە وتی: «لەو ڕۆژەوە لەدایک بووم تاکو نهۆ، ئەمە مەزنترین پێشنیازی بەکەڵکە گوێم لێ دەبێ!»

پێشنیازی وەزیر جێبەجێ کرا. شانشین لە ئەدیبان چۆڵ کرا. ئاکام هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕووی نەدا. ئەوەندە هەبوو، گیای بەهار ڕەنگی پەڕی.. ڕەنگە سەوزە پاراوەکەی خۆی ون کرد.

سەرچاوە: نداء نوح، ص/٣٢٩ ـ ٣٣٣

## پاشا بە وەزیری وت

پاشای سوێرقسە بە وەزیرە پیرە گوێڕایەڵەکەی خۆی وت: «من هەموو ئەو مەرجانەم تێدایە ببمە بەختەوەرترین پیاوی سەرزەوی!»

وەزیر وتی: «بگرە بەختەوەرترین پاشا و کەس خۆتی. خوا لە چاوی بەد بتپارێزێ!»

پاشا وتی: «ئەوەندەم پارە هەیە شارێکی پێ دروست بکەم، خانووەکانی لە زێڕ بن!»

وەزیر وتی: «پەنا بەو خوایەی بە ئارەزووی خۆی بەشی کەسانێک دەدات و کەسانی تریش بێبەش دەکات.»

پاشا وتی: «شاژنێکی جوانیشم هەیە خۆشی دەوێم!»

وەزیر وتی: «بۆچی ئافرەت هەیە بتبینێ و خۆشی نەوێی؟»

پاشا وتی: «وەزیرێکی ئاقڵ و داناشم هەیە، ئامۆژگاریم دەکات. لەپێناومدا خۆی بەخت دەکات!»

وەزیر وتی: «ئەوەی ڕێزی لێ دەنێی و بەدانا وەسپی دەدەی، هێشتتا لە دنیای دانایيدا هەنگاوی یەکەمی نەناوە!»

پاشا وتی: «میرغەزەبێکم هەیە، سەری دوژمنانم دەپەڕێنێت.»

وەزیر وتی: «ناحەزانت هەر ئەو ڕۆژە مردن، کە بیریان لە دوژمنایەتیت کردەوە.»

پاشا وتی: «فەرماندەیەکی سوپام هەیە کۆشکەکانم دەپارێزێت.»

وەزیر وتی: «خوا بکا کۆشکەکانت زۆر و دوژمنانت کەم بن!»

پادشا وتی: «بەڕێوەبەری پۆلیسیشم هەیە، بەرلەوەی دز دزییەکەی بکا دەیگرێت.»

وەزیر وتی: «پێویستە پەرە بەتواناکانی خۆی بدات، تا بتوانێ بەر لەوەی دزەکە لەدایک ببێت بیگرێ.»

پاشا وتی: «هەرچی بۆ بەختیاریی مرۆڤ پێویست بێت هەمە، کەچی هێشتا بە تەواوی بەختیار نیم!»

وەزیر بە پاشای وت: «لە دنیادا هەموو شتێک پەیدا دەکرێت بێجگە لە بەختیاری. بەختیاری ئەو گوڵە یاخییەیە، کە لە باخچەکانی دڵدا نەبێ گەشە ناکات. دڵیش ئەو منداڵە سەرچڵە ئەتوار سەیرەیە!»

پاشا وتی: «من دەزانم چی دەتوانێت بەتەواوی بەختەوەرم بکا!»

وەزیر وتی: «منیش کوڵەمانگ بەڕۆژوو دەبم و شوکری خوا دەکەم بۆ ئەوەی کەرەمی هەتا سەربێت.»

پاشا وتی: «من لە ئەدیبم کەمە. ئەدیبێک نووسینەکانی بۆ شانشینەکەم تەرخان کردبێت، تاکو بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە کەلەپوور. پێی بوترێ ئەدیبی دەرباری پاشا!»

وەزیر وتی: «جا ئاسانە. ئەدیبە بەناوبانگەکان، لەبەر دەرگەنەکەتدا وەک مێش و کوللە و تۆز دەیکەن بە شان شانێن. کێت دەوێ؟ موتەنەببی، تەوحیدی، مەعەڕی، جاحظ؟ ئەگەر ئارەزووشت لە نووسەری بیانی بێ، ئەوا باشترین ئەدیب بە هەرزانترین نرخ لە دەرەوە دێنین، هەروەک چۆن ئۆتۆمۆبیل و فڕۆکە و گەنم و گۆشت و کەرێ و برنج و میوە و سەوزە دەهێنین!»

پاشا وتی: «من ئەدیبێکی ناسراو و بەناوبانگم ناوێت. ئەوە درۆزنە، هەرچەندە خۆی بە دڵسۆز و گوێ لەمست پیشان بدات هەر بەلووتبەرزی و لەخۆبایی دەمێنێتەوە»

وەزیر وتی: «کەس تاقەتی ئەدیبی لووتبەرز و لەخۆبایی نییە!»

پاشا وتی: «هەموو خاوەن بەهرەیەک لووتبەرز و لەخۆبایین و دڵسۆزییان تەنیا بۆ بەهرەکەی خۆیان هەیە. هەستی وەها دەنوێنن، وەک یەکێک بن لە ئەفرێنەران.. ئەدیب ئەگەر هەستی کرد

خەڵک خۆشیان دەوێت، ئیدی ئەو خۆشەویستییە بە هیچ شتێک ناگۆڕنەوە. من ئەدیبێکی منداڵکاری نەناسراوم پێویستە؛ تاکو بەئارەزووی خۆم پەروەردەی بکەم. دڵسۆزم بێت. کوێرانە گوێڕایەڵم بێ. هەموو هەناسەیەک هەست بەوە بکا تەنیا من سەرکردە و سەرگەورەم!»

وەزیر وتی: «بەڵام منداڵکار هەر بە منداڵی نامێنێتەوە. گەورە دەبێت و دەبێتە خاوەن فیز!»

پاشا وتی: «ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت کەسێک بەرز بکاتەوە، دەتوانێ نزمیشی بکاتەوە. ئەوەی لەباریدا بێت خەڵک دەوڵەمەند بکا، هەژاریشیان دەکات!»

وەزیر وا خۆی نیشان دا گوایە بەقووڵی لەفیکران ڕۆچووە. ئەمجا بە پاشای وت: «هەبوو نەبوو، سەردەمی زوو، پیاوێک هەبوو ژنێک و کوڕیژگەیەکی هەبوو. ئەوەی لێی تێکدابوو ژنە نالەبارەکەی بوو، کە سەری لە شەڕ و دەردیسەری دەخورا. پیاوەکە چەندی قین لە ژنەکەی بوو ئەوەندەیش کوورەکەی خۆش دەویست. نەیتوانی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە تا لە دەست ژنەکەی ڕزگاری بێت. ڕۆژێک لە ڕۆژان، بێچووە کەمتیارێکی ڕاو کرد و هێنایەوە ماڵ. زۆر بەدەوریدا هات و خزمەتی کرد. بەو هیوایەی، کە گەورە بوو ژنەکەی بخوات. کەمتیار گەورە بوو. پیاوەیش هەستی کرد ڕۆژی ڕزگاریی نێزیک بووەتەوە. بەڵام کەمتیارم کەمتیار ژنەی نەخوارد، چونکە گۆشتەکەی جیڕ بوو. بگرە منداڵە گۆشت ناسکەکەی خوارد!»

پاشا وتی: «ئەگەر حیکایەتەکەت نەختێک درێژتر بووایە، بەبێ حەبی خەو دەنووستم!»

وەزیر وتی: «لێگەڕی با حیکایەتێکی تری کورتت لەسەر ئەدیبە گزگلەکان بۆ بگێڕمەوە!»

پاشا بە وەزیری وت: «پێویست بە حیکایەتی تر ناکات. کارەکەم یەکلایی کردەوە. بە نهێنی، کارگەیەکم بۆ بەرهەمهێنانی ئەدیبی گوێڕایەڵ دامەزراندووە. دوای چەند هەفتەیەک بەرهەمی دەکەوێتە بازاڕەکانەوە.»

پاشا بەگاڵتەی نەبوو. کارگەکە چالاکانە کاری دەکرد. ئەدیبی پووچ و ملکەچی خاوەن دەسەڵاتەکان، پەلاماری شار و گوندی گۆی زەوییان دا. هەر خۆشیان لە هەموو کات و شوێنێکدا بالادەستن. ئەدیبە خاوەن بەهرەکانیش ناچاری دوورەپەرێزی و بێدەنگی و خۆکوژی بوون. یان ناچاری تەحەددا و بەگژداچوونەوە بوون. بەڵام هەتا لە شەڕێکدا سەردەکەون، لە سەداندا دەیدۆڕێنن.

سەرچاوە: نداء نوح. لاپەڕە، ٢٩٨/ ٢٩٢

## تاقیکردنەوە

پاشا بە ڕووی گرژەوە سەرنجی وەزیری دا و پێی گوت: «دەزانی تەواو لە قسەکانت جاڕس بووم. هەر پرسیارێکم لێکردی بەرلەوەی لێو هەڵبێنیتەوە وەڵامەکەی دەزانم!»

وەزیر: «بەڵێنت پێ دەدەم مرۆڤێکی نوێ بم، وەک ئا ئەم ساتەوەختە لەدایک بووبم. شەرت بێت

لەمەولا وەڵامی وەهات بدەمەوە سەرسوڕهێن بێت و باوەڕ نەکەیت ئەوە منم قسان دەکەم!»

پادشا: «تاقیکردنەوەیەکی قورست دەکەم. ئەگەر دەرنەچووی واوەیلا بەحاڵت!»

وەزیر: «ئەگەر دەرنەچووم پێم خۆشە سەرم بپەڕێنی!»

پاشا: «یەکەم پرسیاری ئەم تاقیکردنەوەیە ئاوایە: چی بکەم تا دەستەڵاتم چەسپاو بێت و هیچ مەترسییەک نەتوانێت هەڕەشەی لێ بکا؟»

وەزیر: «مەترسییەکان زۆر و جۆراوجۆرن. بەڵام خراپترینیان ئەوەیە، کە لە هاووڵاتییەک دەوەشێتەوە دووڕوویی و ماستاو و فێڵ و درۆ نازانێت. بەکوێر دەڵێت: تۆ کوێریش و کەڕیشی!»

پاشا: «ئەمەیان وەڵامێکی نامۆیە و چاوەڕوانم نەدەکرد!»

وەزیر زەردەخەنە گرتی و بەپاشای وت: «سوپاس بۆ خوا، لە تاقیکردنەوەی سەروەرماندا سەرکەوتنم بەدەست هێنا!»

پاشا بەلاقرتییەوە گوتی: «وا پێ دەچێ پێشنیازم بۆ بکەیت، هەر هاووڵاتییەک پیاوچاک و پاک و ڕاستگۆ بوو ڕاپێچی زیندانی کەم!»

وەزیر: «نانا.. ناکرێ پێشنیازی وەهاتان بخەمە بەردەست.»

پاشا: «بۆچی؟»

وەزیر: «چونکە بۆ ڕاپەڕاندنی پێویست بەوە دەکات ژمارەیەکی زۆر زیندان دروست بکەین. ئێ زیندان دروستکردنیش پارەیەکی زۆری گەرەکە. ئەم پارە زۆرەیش لە خەزێنەی پاشای سەروەرمان دەردەچێ.»

پاشا: «ئەی کەواتە چ پێشنیازێکت هەیە؟»

وەزیر: «پێشنیازەکەم ئاڵۆز نییە. بگرە زۆر بەسانایی جێبەجێ دەبێت و لە ئەنجامی دڵنیام و مەبەستیش دەپێکێ!»

پاشا: «تا ئێستا لەولایەنەوە سەرکەوتووی، کە توانیوتە بموروژێنی. درەنگە قسە بکە و پێشنیازەکەت ڕوون بکەرەوە.»

وەزیر: «گەورەم خاوەنشکۆ، ئەو پلە و پایانەی گرینگ و خەتەرناکن، بەکەسانی پروپووچ و دووڕوو، ساختەچی و خۆهەڵکێشیان بسپێرە!»

پاشا بە بێزارییەوە وتی: «ئەم پێشنیازە سەخیفە بێبایەخە چییە؟.. دەتەوێ دەوڵەتەکەم بڕووخێنی؟»

وەزیر بەشانازی و بڕوابەخۆبوونەوە وتی: «پێشنیازەکەم ڕووخێنەر نییە. مەبەستیش تەنیا پاراستنی دەسەڵاتی ئێوەیە. هەر ئەوەیش دەتوانێ بەسەر ئەو مەترسییانەدا زاڵمان بکا، کە لەخەڵکی ڕەسەن دەوەشێنەوە. مرۆڤگەلی هیچوپووچ و دووڕوو ئەگەر لەسەر کورسیی گرینگ

دانیشتن، تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانەدا مامەڵە دەکەن، کە وەک خۆیانن. ڕێزی ئەوانەیان لەلایە، کە لە خۆیان پڕوپووچترن و لە خۆیان زێتر ملکەچ و دەستماچکەرن. لەو حاڵەدا خەڵکە ڕەسەنەکە خۆیان بە تەنیاباڵ و چەوساوە و بێزراو دەبیننەوە. جا ئەوسا یان تا ئەوپەڕی دنیا هەڵدێن. یان لەسەرخۆ و بێدەنگ جەستەیان دەپووکێتەوە و وردە وردە دەمرن. یاخۆ خۆیان دەکوژن. بەهەموو بارێکدا، خاوەن شکۆی پاشام پارێزراو و سەرکەوتوو دەبێ. ئیدی هیچ مەترسییەکیش هەڕەشە لە دەسەڵاتی ناکات!»

پاشا ماوەیەکی باش بیری کردەوە. ئەمجا ڕووی دەمی لە وەزیر کرد: «پێشنازەکەت بێتام و دڵڕەقانە و تاڵە. بەڵام گونجاوە و پڕبەپێستێتی. هەوڵ دەدەم دەستبەجێ ڕای پەڕێنم!»

وەزیر خۆشحاڵ بوو. بەڵام خۆشحاڵییەکەی چەند هەناسەیەکی خایاند. چونکە پاشا بەدەنگێکی گڕ و بە ویقارەوە، بە وەزیری ڕاگەیاند، کە لەم ساتەوەختەوە لە وەزیری خراوە. وەزیر ساکا و بە پاشای وت: «چ گوناهێکم کردووە، تا ئەم سزا قورسە نارەوایە بدرێم؟»

پاشا وتی: «من سزات نادەم. بگرە پێشنیازەکەی خۆت جێبەجێ دەکەم. مادام ئەم پێشنیازە دروست و زیرەکانەیەت درکاند، کە لە مەترسی دەمپارێزێت و دەسەڵاتم پایەدار دەکات، ئەمە خۆی بەڵگەیە، کە تۆ پیاوێکی پڕوپووچ نیت. کەواتە شایانی هیچ پلە و پایەیەکی گرینگ نیت!»

هەر کەوەزیر گوێی لە قسەکانی پاشا بوو. بە زەوق و کەیفێکی ڕاستینەوە، دایە قاقای پێکەنین. پاشا سەری لەم ئاکارەی سوڕما. پرسی: «سەیرە، من لە وەزیری دەرم کردووی، کەچی تۆ پێ دەکەنی.!»

وەزیر: «بۆچی لە خۆشییاندا پێنەکەنم؟.. لە کاتێکدا پێشنیازەکەم جێبەجێ دەکەیت و هەموو مرۆڤێکی ڕەسەن دەچەوسێنیتەوە. کەواتە منیش دڵنیام دەگەڕێمەوە سەر پلە و پایەی خۆم. بەڵکو پۆستێکی تری وەهایشم پێدەسپێری زۆر کەس ئێرەییم پێ ببەن. ئەگەر من پڕوپووچیش نەبم ئەوا ئاکارەکانی ترم وەهام لێ دەکەن شیاوی پۆستێک بم، گەلێک لە پۆستی وەزیر گرینگتر!»

پاشا بە لاپڕەسەنییەوە پرسی: «ئاکارەکانی ترت کامانەن؟»

وەزیری لەسەرکار لابراو وەڵامی نەدایەوە. بەڵکو بەبروابەخۆبوونەوە قاقای پێکەنینی لێ بەرزبووەوە. چونکە پڕوجووچ و سوکوسەلیم و غەدارەکانیش خوایەکیان هەیە بیانپارێزێت و هەرچیش بخوازن پێیان دەدا.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە/٣٠٦ ــ ٣٠٩

## شووتی

مەلا نەسرەدین سێوێکی لەسەر مێزە تەختەییەکە دانا و بەپەنجەیەکی باریک و درێژ ئاماژەی بۆ کرد و لە قوتابییە بچکۆلەکانی پرسی: «چی دەبینن؟»

قوتابییان بە چاوی برسییەوە بۆیان ڕوانی و هاواریان کرد: «سێو.»

بەڵام قوتابییەک، لە تووڕەییدا ڕووی سوور هەڵگەڕا و وتی: «نەخێر ئەوە سێو نییە، بگرە شووتییە!»

مەلا نەسردین لێی پرسی: «کێ پێی وتی ئەوە شووتییە و سێو نییە؟»

قوتابییەکە وتی: «باوکی وەزیرم پێی وتم!»

مەلا ساکا.. قوتابییەکانیش هاواریان لێ هەڵسا و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە سێوە و شووتی نییە. بەڵام کوڕە وەزیر هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە شووتییە.

مەلا بە قوتابییەکانی وت: «پیویست بە ناکۆکی ناکات. هەمووتان ڕاست دەڵێن. ئەم میوەیە دوو ناوی هەیە. زستانان پێی دەوترێت سێو، هاوینانیش پێی دەوترێت شووتی.»

## خۆر

مەلا بەردەوام شانازیی بەزیرەکی و دانایی خۆیەوە دەکرد. ڕۆژێکیان هەژارێک هاتە لای، دادوبێدادی ئەوەی هەبوو خۆر ناکەوێتە ماڵەکەی.

مەلا پێی وت: «تەنیا خۆر لەم کارە بەرپرسە. نامەیەکی بۆ بنێرە، داوای لێ بکە باسەردانی ماڵەکەت بکا.»

پیاوە هەژارەکە وتی: «ئەوا نامەیشم بۆ نووسی. کێ هەیە بیگەیەنێتە خۆر؟»

مەلا وتی: «ئەوانە دەیگەیێنن، کە خۆر دەگاتە ماڵەکانیان!»

هەژارەکە وتی: «جا تۆ دڵنیای لەوەی نامەکەم دەگەیەننە خۆر؟»

مەلا وتی: «ئەی گوایە بۆچی نایگەیەننە خۆر؟»

پیاوە هەژارەکە وتی: «لەوانەیە لەوە بترسن، ئەگەر خۆر ماڵی ئێمەی ڕووناک کردەوە، ئیدی جارێکی تر ڕێی نەکەوێتەوە ماڵی ئەوان!»

مەلا بێدەنگ بوو. لەو ڕۆژەوە وازی لە شانازیکردن بەزیرەکی و دانایی خۆیەوە هێنا.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە ٣٥٠

## پاشای ڕاوەستاو

کاتێک برسێتی و بێدادی باڵی ڕەشیان بەسەر وڵاتەکەدا کێشا، ئیدی خەڵکەکە پەتی ئۆقرەیان پسا. مەلا ئامۆژگاریی کردن دادوبێدادی خۆیان ببەنە لای پاشاکەیان. ئەوانیش چوونە دەربار و باسی باری نالەباری خۆیانیان بۆ کرد و بەتووڕەییەوە دەنگیان هەڵبڕی:

«هەموو برسیمانە.»

«پەتا بێ ئەمانە و نوژدار قاتییە.»

«منداڵەکانمان بێ قوتابخانەن.»

«ڕۆژنامەکانمان باسی کوێرەوەرییەکانمان ناکەن.»

«زیندانەکان زۆرن، لە پەستا ژمارەیان زیاد دەکات.»

«دز ڕێزلێنراوە و دزی لێکراو سزا دەدرێ.»

پاشا هاتە قسەو بەدەنگێکی گڕەوە بە خەڵکەکەی وت: «خوا بەو سەراوردەوە شایەتە، من بێئاگا و کەمتەرخەم نیم. ماوەیەک لەمەوبەر دەنگوباسی ئەو کارە ڕەهاتەی وا ڕۆژانە تووشتان دێت، گەیشتە لام. بەوەیش دڵتەنگ و نیگەران بووم و خەوم لێ زڕا. هەموو سەرگەورەیەک لە دەستوپێوەندەکەی بەرپرسە. ئەوا بڕیام دا، ئەو کورسییەی، کە لە سەری دانیشتووم بەجێی نەهێڵم تا نەخشەیەکی وەها دادەڕێژم دەرامەتتان چاکتر بکا. بەڵام ئەوەندە هەیە تاکو ئێستا هیچی وەهام بەخەیاڵدا نەهاتووە!»

لاوێکی زاربەگلەیی، بەتووڕەییەوە بە پاشای وت: «ئەی بۆچی ئەوەت بەخەیاڵدا نەهات کورسییەکەت چۆڵ بکەیت؟» پاشا تووڕە بوو. شمشێری گارد و سەرباز و هاوکارانیشی تووڕە بوون. مەلا نەسرەدین هەڵیدایە و بە پەنجەیش ئاماژەی بۆ لاوە سەرکێشەکە کرد: «بیبەخشە گەورەم، لاوێکی نەفامە. نازانێت ئەوەی دەیەوێت چۆن چۆنی دەری بڕێت. فێری ئەوە نەبووە گفتوگۆ لەگەڵ پاشایاندا بکا. ئەو ویستی بڵێ: «ئەو خەڵکە لێقەوماوە، کڵۆڵی خۆیان بیر دەچێتەوە ئەگەر بێتو پاشای خۆیان ببینن لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵبسێت و بەپێوە ڕابوەستێت!»

پاشا هاودەردیی لەگەڵ دەستوپێوەند دەربڕی و ئارەزووەکەیانی بەجێ گەیاند. چەند هەناسەیەک بەپێوە وەستا. خەڵکەکە چاویان ڕۆشن بووەوە و بەدیتنی شادبوون، کاتێک لەشولارە پرەکەی و دەستە جلکەکەیان بینی، کە بەتاڵی زێڕ چنرابوو. بەو ڕەنگەی تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی ئەو خەڵکە برسییە دەچوو.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە ٣٥١ ـ ٣٥٢

## ئەی ئەو کەسەی گوێت لە نزایە

پیرمحەمەد جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد. ئەو دەبووایە لە کاتی خۆیدا و بەر لەوەی هەموو شتێک لە بەین بچێ بگاتە دێ. ئەسپ هەڵی دایە چوڕناڵە، بەهەموو وزەیەکییەوە، ئاوزەنگیتەقێن بەنێو دەشتێکی بەریندا، کە لەوەدا بوو خۆری بەسەردا هەڵبێ و سەرانسەری ڕۆشن بکاتەوە غاری دەدا. کاتێک محەمەد لە گوند نێزیک بووەوە، دیتی دووکەڵێکی ڕەش لە خانووەکان بەرز دەبێتەوە. بەبێزارییەوە بەخۆی وت: «هەموو شتێک لەبەین چوو!» سوار پیادە بوو. لغاوی ئەسپەکەی لە قەدی درەختێک ئاڵاند و بەڕاکردن گەیشتە گوند. ماڵەکان دەسووتان. ژنان فیزاحیان لێ بەرز بووەوە.

منداڵەکـانیش بەجـۆرێکی وەها هەڵدەبەزینـەوە، پێ دەچوو بەکـەیف بن و لە هەوای خـۆیانـدابن. پیاوان حەپەسـاوانە هـاواریان دەکرد و نەیاندەزانی چی بکەن. پیـاوێک هاواری لە مـحـەمـەد کـرد: «خۆ چاوت تێوە بوو پیرمحەمەد چ کارەساتێکمان بەسەردا هات؟»

محەمەد پێیوت: «هەرچی خوا لە چارەی نەنووسیبین ڕوو نادات.»

پیـاوێکی تر بە مـحـەمــەدی وت: «پیر سـەرنج بدە. ڕەنجی هەمـوو تەمـەنمان بـەبا چوو، وەک هـەر نەیشبووبێت.»

مـحـەمــەد پێی وت: «کـەس دەسـەڵاتی کاری خـوای نیـیـە. گـرینگ ئەوەیە خـۆت و خـێزانەکـەت سەلامەت بن.»

مـحـەمــەد سـەرنجی ژنە گریاوەکـانی دا. زۆر پەشـیـمـان بوو.. ئەگـەر ئەو بەر لە نـوێژی بەیانی و دوای نوێژ دەم بـەنزا، لە خـواوەند نەپاڕایەتـەوە تاکـو ئاگر لە گـوندەکە بـەربدات بۆ ئەوەی سـزای خەڵکە گەندەڵ و گەندەڵکارەکان بدا، ئەمـە ڕووی نەدەدا، کە ڕوویدا. بەڵام لەم ساتەوەختەدا خەڵکی گوندەکەی وەک هەژار و جێگەی سـۆز و بەزەیی هاتنە پێش چاو. خۆر لەگوند هەڵات، لە کـاتێکدا خـانووەکـانی و مـزگەوتـەکەیشـی دەسووتان. بـەڵام ماڵی فـاسـقـترین ئافرەتێک، کە ژنی پووچـترین پیاوی گوند بوو، بێ زیان بوو. محـەمەد بە جووتێک چاوی ئەبڵەقەوە سەیری ئاسمـانی کرد. ئەمجا مێزەرەکەی داگرت. دیتی مێزەری تاین وەک بنی مەنجەڵ ڕەش داگەڕاوە.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە/ ١٢٥ ــ ١٢٦

## خێڵەکان

داوامـان لە شەو کرد هەروا بە ئەنگوستەچاوی بمێنێتەوە. بەسەر لمدا بەرەو خێوەتەکانیـان کشـاین. لەسـەر ئەوە ڕێککەوتبـووین تا ئەو کـاتـەی شـمـشـێرەکانمان بـەخـوێنیـان ڕەنگ دەکـەین فـزەمـان لێوە نەیەت. بەڵام یەکێکی لەخۆباییمان پەتی پسـاند و نەعرەتەیەکی دوور و درێژی لێ دا.. ئیدی ژنەکانیان بەدەم لەرزی تۆقـینەوە، لە خێـوەتەکانیـان دەرپەڕین. وەک بیانەوێت ببنـە جـەسـتـەیەک، کـۆبوونەوە و خـۆیـان پێکەوە نـووسـانـد. بـەگـوێی یەکـدا چپـاندیان. ئەمــجـا خــۆیان ڕووت کـردەوە.. ڕووتوقـووت بەرەوڕووی شـمـشێرەکانمان وەسـتـان و وتیان: «ئابڕووچوون لە مردن باشـترە!» کاتێک خۆمـان کوتایە دەوارەکـانیـانەوە، دیمان پیـاوەکـانیـان لـە پرخـەی خـەودان. لە بـەرچاومـاندا وەک مـردوو دەیانـنواند. سـەرمانبڕین و لە ڕەشماڵەکانیان دەرهـاتین. جلکی ئافرەتەکانیانمان بەتاڵان هێنا و شەکەت و ماندوو گـەڕاینەوە بۆ خێڵەکـەی خۆمـان.. خـەومـان دەهات. هـەرچەند بـەرگریمان کرد بێـهوودە بوو. خـەو، خپ ئێمەی بەزەویدا دا و چاومـان نووقـاند و چووینە شیرین خـەوەوە.. پیاوانی خێڵێکی تر دایان بەسـەر ڕەشماڵەکانماندا و سەریان بڕین. ژنەکانیشمان نەیانتوانی ڕزگارمان کەن.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە، ٢٩

## حەوت وەسیّتەکە

قوتابییەک بە مەلا نەسرەدینی مامۆستای خۆی وت: «زۆرم لەسەر دە وەسیّتەکە بیستووە بەڵام سەرم لیّیان دەرناچیّت و نازانم کامانەن؟»

مەلا وتی: «بۆچی دەپرسی؟»

قوتابی وتی: «ئەی تۆ هەردەم هانم نادەی؟ ئەوە نییە هەموو کات دەڵیّی شویّن زانست کەون ئەگەر لە وڵاتی چینیش بیّت؟»

مەلا وتی: «لە زەمانی کۆندا ئامۆژگارییەکان دە بوون. پاشان هەندیّک گۆڕانکارییان بەسەردا هات و تەنیا حەوت ئامۆژگاری کۆکرانەوە.»

قوتابی وتی: «ئامۆژگاریی یەکەم چییە؟»

مەلا وتی: «ئەگەر ڕۆژیّک ناچار کرای ببیتە پیاوکوژ یان کوژراو، دوودڵ مەبە و مەترسێ. بە زیندوویی بەنەفرەت بکریّیت و سووکایەتیت پیّ بکریّ دەها باشترە تا ئەوەی بە مردوویی بتلاویّننەوە و ببیتە جیّگەی بەزەیی و سۆز!»

قوتابی وتی: « ئەی دووەم ئامۆژگاری چییە؟»

مەلا وتی: «بۆ ئەوەی نەبیتە دز و گۆشتت بجوون، یان دزی لیّکراو و گاڵتەی ئەوەت پیّ بکەن غافلگیر کراوی. خاوەنی هیچ شتیّکی ئەوتۆ مەبە، کە شایانی دزین بیّ!»

قوتابی پرسی: «ئەی ئامۆژگاریی سیّیەم چییە؟»

مەلا وتی: «شەو و ڕۆژ، پایز و زستان هاوین و بەهار بیّدەنگ بە. لەگەڵ کەسدا مەدوێ، لەگەڵ خۆتا بدوێ، ئەویش بەچپە. تاوانی شیّتبوون چاکترە لە تاوانی تری سەر بەفەتارەتدەر!»

قوتابی پرسی: «ئەی چوارەم ئامۆژگاریی چییە؟»

مەلا وتی: «درۆ شەڕیّکە لیّدەرچوونی نییە. شەڕەکان هەندیّک جاران شەڕ و بەڵای گەورەترت لە کۆڵ دەکەنەوە!»

قوتابی وتی: «ئەی ئامۆژگاریی پیّنجەم؟»

مەلا وتی: «گەمژە بە، ئەگەر گەمژەیی بتوانێ لە شەوی بیّکۆتایی ڕزگارت بکا!»

قوتابی وتی: «ئەدی شەشەم ئامۆژگاریی چییە؟»

مەلا وتی: «هەر کاتیّک تووشی کەسیّکی پڕوپووچی فشەکەر هاتیت، بەمەزن و شکۆدار بۆی بڕوانە. دڵنیا بە ئەو ڕۆژە دیّت دەبیّتە سەرگەورەت و دەست بەسەر کاروبارتا دەگریّت!»

قوتابی پرسی: «ئەی ئامۆژگاریی حەوتەم و دوا ئامۆژگاریی چییە؟»

مەلا وتی: «زیندوو بووی یان مردوو؛ ڕەخنە لە خزمەتکاری سوڵتان مەگرە.. ئەوانە ئەگەر هاتو

ئازارت دان، لێت بێدەنگ نابن. ئەگەر خراپەت لەگەڵدا کردن، چەندیش بچووک بێت لە بیریان ناچێتەوە.. لێبووردن و بەخشین نازانن!» قوتابییەکە، بە هەر حەوت ئامۆژگارییەکە سەرسام بوو. بڕوای وا بوو سوودیان هەیە. پەیمانی بەمەلا دا، کە گوێڕایەڵیان بێ. بەڵام لە پاشاندا بەناچاری لە پەیمانەکەی ژیوان بووەوە. مەلایش لە پێش گۆڕی قوتابییەکەی سوێندی خوارد، ئەو بێت و جارێکی تر سەر بەو قوتابخانەیەدا نەکاتەوە.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە، ٣٤٣ ـ ٣٤٤

## خۆری بێزراو

زاناکە، بە ئەنگوستی هێمای بۆ ئەو قەفەزە کرد، کە مشکێکی تێدا بەندبوو. بە قوتابییەکانی چواردەوریشی وت: «ئەم مشکە برسییە، بۆ چەند ڕۆژێک دەچێت هیچی نەخواردووە. وای لێ هاتووە ئامادەیە هەرچییەکی بدەیتێ بیخوات.»

زاناکە هەندێک ناوکە فستقی بۆ هەڵدا. مشکەکە پەلاماری فستقی دا و بە تاسوقەوە خواردی.

دوای چەند ڕۆژێک، جارێکی تر لە پێش قەفەزەکەدا وەستا و بە قوتابییەکانی وت: «ئێستا مشکەکە وەک جاری پێشوو برسییە. بەڵام ئەمڕۆ خواردنێکی جیاوازی دەدەمێ.»

زاناکە، پیسترین شتێک، کە لە سەرەنگوێلکدا پەیدا بکرێت ئەوەی دایە. مشکەکەش وەک هار خواردی. دوای چەند ڕۆژێکی تر، زاناکە دیسان قوتابییەکانی بردەوە بۆ لای قەفەزی مشکەکە. بە ویقار و شکۆوە وتی: «ئەمڕۆ تاقیکردنەوەیەکی زانستیی دەگمەن لەگۆڕێیە. سەرنجی بدەن و لە واتاکانی تێ بگەن. ئێستا مشکەکە، لە هەموو کاتێک برسیترە!»

زاناکە فستقی لە قەفەزەکەدا بۆ دانا. لە پاڵ فستقەکەدا بڕێک پەینیشی بۆ ڕۆ کرد، کە بۆگەنێکی پیسی لێوە دەهات. مشکەکە یەکسەر و بێ دوودڵی بەرەو پەینەکە چوو. بە تاسوقەوە خواردی و ئاوڕیشی لە فستقەکە نەدایەوە.

سەرچاوە: نداء نوح، لاپەڕە ١٦٩ ـ ١٧٠

# مافیا
# دەوڵەتی سامان و خوێن

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

بەشی سێیەم

## مافیا سوورەکە

شارەزایانی تاوانە سیستەمدارەکانی جیهان قسەیەک هەیە دەیڵێنەوە، ئەویش ئەوەیە:

مافیای ئیتاڵی هەر ئەوەندەیە کە بە کورێکی مافیای رووسی بناسرێ. ئەوەش ئاماژەیە کەوا مافیای رووسی یەکێکە لە بەهێزترین و بەدەسەڵاتترین تۆڕەکانی تاوانە سیستەمدارەکان، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە سەردەمی رووسیای قەیسەری، یان لەسەر دەستی کۆچبەرە رووسەکانی ئەوروپا دامەزراوە، کە وڵاتەکە بە زەبری توندی دەزگاکانی سۆڤیەتیش پیادە دەکرا، ئەوانە دەستیان هەبووە، لەو رۆژانەش ئازایانە چالاکییان کردووە. کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سیستەمی یەکەتیی سۆڤیەت دەرووخێ، چەتەکانیان زیاتر دەست دەکەنەوە و ئازادانەتر دەست بەکار دەبن، دەڵێن ژمارەی چەتەگەرییەکانی مافیای لەناو کۆنە یەکەتیی سۆڤیەت دەگەیشتە حەوت هەزار و پێنج سەد دەستە، لەوانە ٥١٠ دەستەیان باڵادەست بوون و پێوەندییان بە تۆڕەکانی لۆکالی و جیهانییەوە هەبووە. کە سنوورەکانی نێوان یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەکەوێتە سەرپشت، یان کە سنوورەکانی ناو ئەوروپای رۆژئاوا ئاسان دەبێ، چالاکییەکانی مافیای رووسی دەگاتە هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا و ئیسرائیلیش.

## چیرۆکەکانی سەرەتاکە

لە سییەکانی سەدەی رابردوو وشەی مافیا لە وڵاتی رووسیا بیستراوە، لە هەڵمەتەکانی دژایەتیکردنی سەرۆکی پێشووتری سۆڤیەت جۆزیف ستالین و لە ئاکامی رەوشە ئاڵۆزەکانی

کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەکە بوار ساز دەبێ تۆڕەکانی مافیا چەکەرە بکا، چونکە هەر لەو دەمانەش بوو کە بازاڕی رەش پەیدا دەبێ. بەڵام هەندێ کەسانی شارەزا لەو بوارەدا دەڵێن مێژووی سەرهەڵدانی تۆڕەکانی مافیا لە رووسیا بۆ سەردەمی زووتر دەگەڕێتەوە، بەڵام دیارە و شاراوە نییە کەوا مافیا لە سەردەمی حوکمی میخائیل گورباتشۆف زۆر بەهێز بوون، ئەو دەمانەش بووە کە یەکەتیی سۆڤیەت لەسەر لێواری رووخاندا بووە، بەڵام وشەی مافیا هەر وشەیەکی ترسناک و ترسهێنەر بووە، چونکە پێوەندییان بە چالاکییە خوێناوی و تۆقێنەرەکان هەبووە و دەسەڵاتیان بە سەر کلیلەکانی هەموو ئابوورییە زیندوو و هەستیارەکانی وڵاتەکە هەبووە، ئەوە و لەگەڵ سیاسەتمەدارەکانیش ناویان هاتووە، کە لەناو وڵات و لە دەرەوەی وڵاتیش کاریان لەگەڵ مافیا کردووە، هەندێ جاریش موخابەراتی سۆڤیەتی کە بە ناوی کی جی بی و دەزگاکانی تر پێوەندییان هەبووە. لەبەر بوونی چەندان دەستەی تری مافیا لەو وڵاتە، وەک چەتەکانی قەوقازیی وەک شیشانییەکان و جۆرجییەکان، کە هەمان رێبازی توندکار و سیستەمداریان هەبووە، وەک مافیای سیسلیای ئیتاڵی، بۆیە مافیا رووسییەکە پێناسەکەیان زۆر روون نییە.

ئەوەی دەزانرێت کەوا مافیای رووسی بەهێز و بە چالاکی و بە گەنجییەوە ناسراون، بەتایبەتی لەو دەمانە کە تازە سیستەمی یەکەتیی سۆڤیەت رووخابوو، یەکێک لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی دەرکەوتنی مافیای رووسی کە بەمافیای سوور دەناسرێن، ئەو میراتە بووە کە لە سەردەمی شیوعییەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، کە چەندان ساڵ وڵاتەکەیان بە زەبری چەکوش و سەندانەکە بەڕێوە دەبرد. مافیای رووسی مەشقکراو بووبووە رێکخراوێکی نیمچە سەربازی و ئەندامەکانی پسپۆڕ و لێزان بوون لە پەیداکردنی پارە بەهەموو شێوەیەک. ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە سەد هەتا پەنجا هەزار کەسی چالاک، زۆربەیان لە کۆمارەکانی سۆڤیەت و ئیسرائیل و هەنگاریا و ئەسپانیا و کەنەدا و ئینگلتەرا و ئەمەریکا و بەلجیکا و لە شارەکانی بەرلین و دوسلودورف بەردەوام بوونیان هەبووە.

لە سەردەمی سەرۆکی سۆڤیەتی لیونید برژەنییفەوە مافیای رووسی لە ئەمەریکا بوونیان هەبووە، زۆربەیان ئەو کەسانە بوون کە لە گرتووخانەکانی کی بی جی ئازاد کرابوون، بەتایبەتی گیراوە کۆنەکانی گرتووخانەی (فولاژ)، ئەوان بە بیانووی ئەوەی لە وڵاتەکەیان گیرا بوون و دەچەوسێنرانەوە سەفەریان دەکرد، بە کۆمەڵ دەچوونە ئەمەریکا، ئیتر بەو شێوەیە چەتە و دەستەکانی مافیای رووسی سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، توانیبوویان بگەنە ناو تۆڕەکانی پیاوانی کار و بزنسمانە ئەمەریکاییەکان و مەیدانە سیاسییەکان و کارمەندانی بانکەکان و یانە وەرزشییەکان، بەو شێوەیە کەوتبوونە چالاکیی زۆرەوە بەبێ ئەوەی کەس هەتا سەدەی بیست و یەک جورئەت بکا ناویان بهێنێت. لە پاش رووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی ئەوان دەست دەگرن بە سەر سیستەمی بانکی جیهانی و پارە سپیکردنەوە و هەتا ئەوەی کارەکانیان دەگاتە ناو گەڕەکی

وول ستریتی دراو له نیویۆرک. یەکێک لە ئەندامەکانی مافیای رووسی کە نازناوی تەرەزانی بۆ خۆی دانابوو، وتبووی من توانیبووم فرۆکەی کۆپتەری رووسی بفرۆشمە بازرگانەکانی موخەدەرات لە کۆلۆمبیا، دیارە ئەوەش پاش رووخانی یەکەتیی سۆڤیەت بووە، هەر ئەو کەسە ویستبووی چوار غەواسەی رووسی لەگەڵ دەستەی تەواوی کاپتنەکەی بفرۆشێتە دەستەیەکی بازرگانی موخەدەرات، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەمەریکایی هەستیان پێ کردبوو، بۆیە دەگیرێت.

لەو ساڵانەی دوایی دەستەکانی مافیای رووسی توانیبوویان بگەنە فەرەنسا و کەنداوەکانی لازوردی، دیارە کە رووسەکان کۆشکی نایاب لە خوارووی فەرەنسا بە پارەی زۆر دەکڕن، بۆیەش گومانیان لێ دەکەن، هەر ئەو گەشتیارە رووسییانەش دەیانویست لە دەڤەری سینا و ناوچەکانی نێزیک لەو نیمچەدوورگەیە مۆڵک بکڕن، لەوێ گومان دەکەن کەوا ئەو گەشتیارانە دەستیان لەگەڵ ئیسرائیلییەکان هەبێ، بەوەش مەبەستیانە دەسەڵات لەو ناوچەیە، ناوچەی سەر سنووری نێوانی میسر و ئیسرائیل بگرنە دەست و ناوچەکە بەو شێوەیە کۆنترۆڵ بکەن.

## ژاپۆنییەکە

کەس نازانێ بۆچی نازناوی (ژاپۆنی) یان (یوبونتشیک) وەک چۆن بەزمانی رووسی وشەکە دەگوترێت، لە کەسایەتیی فیاتشیسلاف ئیڤانکۆڤ نراوە. دیارە کەوا لە نەریتی ناو گرووپەکانی مافیا ئەوە باو بووە کەوا باوکە روحییەکەیان حەزی کردووە و مەبەستی بووە ناوێکی تری هەبووبێت بەو ناوەش بانگی بکەن، بۆیەش ئیڤانکۆڤ نازناوی (ژاپۆنی)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، دیارە ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کەوا ئەو چاوەکانی گۆشەی تەسک بوون، واتە شێوەی چاوەکانی، لە چاوی لە تاکی ئاسیایی کردووە، بەڵام ناوی دووەمی (یوبونتشیک) نازناوی سەرکردەیەکی دیاری بەدکاری رووسی بووە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم ناوبانگی زۆری لە ئەنجامدانی تاوانی گەورە و خوێناوی هەبووە، بۆیە ئەویش حەزی کردووە ئەو نازناوە کۆنە زیندوو بکاتەوە، کە لەو کەسەوە سەرەتای شانە یەکەمەکانی مافیای رووسی سەری هەڵداوە. کە رووسەکان بە سەرکردەی زۆر بەدەسەڵات و پایەداریان ناو بردووە. ئیڤانکۆڤ بە کەس و پیاوی سەردەمی نەوەدەکان ناویان بردووە، ئەمەریکاییەکان بە رەمزی مافیای رووسییان ناسیوە. ئەو لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، چووەتە ناو شانەکانی تاوانکارەکان و رووخانی حوکمی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٩١ دیوە، لە گرتووخانەی فولاژی ناسراو گیراوە و لەسەر تاوانە گەورەکان سزای لە سێدارەدانیشی لەسەر بووە، بەپێی بڕیارێکی حکوومەتە نوێیەکە لێبووردنی بۆ دەرچووە. کە لە گرتووخانە دەرچووە بەشداریی کوشتنی چەندان ژوورنالیست و پیاوانی پۆلیسی کردووە، بۆیە سەرکردایەتیی مافیای رووسی لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تری تاوانباری ناودار و دەستڕەش کە سەدان کەس دەبوون، بڕیار دەدات رەوانەی ئەمەریکای بکەن، ئەوانەش بە سەرکردایەتیی عەقیدێکی پێشووی کی بی جی رەوانە دەکرێن. لەبەر ئازایی و لێهاتوویی ئیڤانکوف دەبێتە سەرکردەی

هەموو چەتەکانی مافیای جوولەکە رووسییەکان لە ئەمەریکا، کە کۆچبەرە سۆڤیەتییەکانی تێدا بوو. کە سەرپەرشتی زۆر لە چالاکییەکانی مافیای دەکرد، دادگەی فیدرالی ئەمەریکایی هەتا ساڵی ٢٠٠٥ سزای زیندانی بۆ دەبڕێتەوە، بەڵام ئەو لەناو زیندانەوە ڕێنوێنیی پیاوەکانی کردووە، لە رووسیاشەوە سەرپەرشتیی دەستەکانی خۆی کردووە. وەکالەتی (ئیف بی ئای)ی ئەمەریکایی بۆ بەدواچوونی ئەو دۆسیەیەکی تەواوی ساز کردبوو، چونکە باشی دەزانی کەوا ئەو سەرکردەیەکی مافیای هەرە ترسناکە لەناو ئەمەریکا، لەسەر داوای دادگەی رووسی، ئەمەریکا لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٤ رەوانەی رووسیای دەکاتەوە، چونکە ئەو لەوێ و پێش دەرچوونی لە رووسیا بە کوشتنی دوو کەسی تورک لە رێستورانتی فیدان لەناو شاری مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٩٢ تاوانبار کرابوو. کە ئەو دەگاتە دەست دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ ناکرێ تاوانەکەی لەسەر ساخ بکرێتەوە، چونکە شاهیدەکانی لە لێدوانەکانیان پەشیمان دەبنەوە، بەوەش بەڵگەیەکی دیاری لەسەر نابێتە ماڵ.

بەپێی سەرچاوەکان شەڕەکانی مافیا بەو شێوەیە سەری هەڵداوە، لە شارەکانی رووسیا چەندان چالاکیی کوشتن و تەقینەوە و یەکلاکردنەوەی کۆنە حیساباتەکان رووی داوە، کە زانراوە ئەو کەسەی بەناوی ژاپۆنی دەناسرا دەستی لەو بەدکارییانەدا هەبوو، دەگیرێت و دەخرێتە کونجی زیندانەوە، بەوەش ئەو دەبێتە سەرکردەی هەموو چەتەکانی مافیا هەتا ئەودەمانەی دەمرێت کەس دەرەقەتی نایەت، پاش ئەوەی لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا لەناو رێستوانتێک لە مۆسکۆ تووشی شەڕەتەقەیەک دەبێ، کە دەیەوێ لە رۆژی ٢٨ی مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٩ لەو رێستورانتە دەربچێ، هەرچەند دوکتۆرەکان بە چەندان نەشتەرگەری دەیانەوێ لە مردن دەربازی بکەن، بەڵام سوودی نابێ، بەو برینانەوە گیانی بۆ یەکجاری دەردەچێ. کە دەزاندرێت ژاپۆنیی سەرکردەی مافیاکەیان بریندارە، بەڵام هێشتا نەمردبوو، لە رۆژنامەی (کومسومولسکایا پراڤدا)دا نووسرابوو، کەوا لیستێک بە ناوی سی و پێنج سەرکردەی مافیای جۆرجی ناویان هاتووە بۆ تۆڵەکردنەوەی ژاپۆنی سەرکردەیان، بکوژرێن. مافیای جۆرجیاش یەکێک بوو لە بەهێزترین مافیای سیستەمداری رووسیا، کە لە بن دەستی سەرکردەکەیان دەرچووبوون، لە چەندان رووبەڕووبونەوەشدا شەڕی مەزنیان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ نەیارەکانیان کردووە، بەڵام هێدی هێدی دەسەڵات و پاوەرییان لاواز دەبێ.

سەرکردەی مافیای رووسیی ژاپۆنی لەسەر داوا و وەسیەتی خۆی لەگەڵ دابینکردنی هەموو جۆرەکانی ئەمنی و سەلامەتی ئامادەبووان تەرمەکەی لە تەنیشت دایکییەوە لە گۆڕستانی (ڤاگانکۆڤ) لە ناوەڕاستی مۆسکۆی پایتەختدا دەنێژن، کە تێیدا چەندان سەرکردە و کەسایەتیی دیاری رووسی لەوێ نێژراون، لەوانە سیاسەتمەدارەکان، ئەدیبەکان و هونەرمەندە ناسراوەکان. لەو مەراسیمەدا گەورە سەرکردەکانی مافیای هەموو جیهان ئامادەی ناشتنەکە بوون، لەوێش رووسیا بۆی نەکرا، هەڕەشەکانی بۆ سەر ئەوان جێبەجێ بکا، بۆیە بۆنەکە ئاسایی بەڕێوە چوو،

بەبێ ئەوەی چاوی ئەمنی رووس کەسیان بگرێت و بدۆزێتەوە، بگرە دووریش لە چاودێریی ئەوان هەموو لایەک بۆنەکەیان بەسازی بەڕێ کرد.

چۆن مۆسکۆ گەورە پیاوەکانی بەڕێ کردووە، بەو شێوەیە سەرکردەی مافیاکان بە خاک سپێردرا و تەواوی ڕێوڕەسمەکەش لەلایەن چەندان ئیستگەی تەلەڤزیۆنییەوە وێنەی دەگیرا، بۆنەکەش بە سەلامەتی و بەبێ کێشە بەڕێوە چوو، کە تێیدا کەسایەتیی دیاری بزنسمان و گەورە پیاوانی تاوانکارییە سیستەمدارەکان و دەزگاکانی ئاسایش و سیاسەتمەدارن و نوێنەری چەندان حزبیش ئامادەی مەراسیمەکە بوون. پاش کوژرانەکەی ژاپۆنی سەرکردەکانی تری مافیاکە دەیانگوت، ئەو بووە قوربانی یەکلاکردنەوەی کۆنە حیساباتەکانی لەگەڵ دەستەیەک لە دڵسۆز و نەیارەکانی، چونکە ئەو داوای بەشی خۆی لە داهاتی قومارخانە و پیشەسازیی پترۆڵ و بازرگانیکردنی کۆمپیوتەر دەکرد. لەبەرئەوەی ژاپۆنی سیاسەتێکی وای پێڕەو دەکرد، کەوا کەس بەرژەوەندییەکانی زەرەرمەند نەبێت، بۆیە ماوەیەکی زۆر وەک سەرکردەیەکی بەئەزموون و تەمەندرێژ لەو کار و لەو چالاکییانە دەمێنێتەوە، زۆریش ناکۆکی و کێشە ئاڵۆزەکانی لایەنەکانی چارەسەر کردووە، لێهاتوو بوو لەوەی بتوانێت چەندان میدیاکار و تەکنیکی نوێ بخاتە ژێر فەرمانڕەواییی خۆیەوە، هەروەها ڕەچاوی بەرژەوەندیی لایەنەکانی نەدەکرد کە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەت خۆش و ساز کردبوو، بۆیەش لەو تووڕە بووبوون ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکاری کوشتنەکەی بووبێ.

ژاپۆنی دەستی بەسەر هەموو بۆندەکاندا گرتبوو، بۆیە بە مردنی ئەو پلانی یەکتری کوشتن و لەناوبردن دەستی پێ کردبوو، هەموو لایەکیان ترسی ئەوەیان هەبوو ناکۆکییەکان و هەڵمەتی کوشتنەکان هەموو ناوچەکە بگرێتەوە.

بەپێی زانیاریی لایەنە ئاگەدارەکان ژمارەی باندە مافیاکانی رووسیا دەگەیشتە ٤٠٠ باند و سەرکردایەتی، لەوانە ژمارەی چەتەکانی کە زۆربەیان لە جۆرجیا بوون، دەگەیشتە دە هەزار کەس، کە زێدی زۆربەی لە سەرکردە مەزنەکانی مافیا بووە، هەر ئەو سەرچاوانە ئەوەیان زانیوە کەوا مافیای رووسی پێوەندیی بە چل ڕێکخراوی تاوانکاریی سیستەمدار هەبووە. بەپێی دانپێدانانی سەرۆکی دەستەی ئیدارەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و تاوانە سیستەمدارەکانی سەر بەوەزارەتی ناوەخۆی رووسی، کە ناوی ئەلکسندر یلین بووە، ئەو چەتانە لە زۆربەی ناوچەکانی رووسی یەکگرتوو ئەکتیڤ و زەبر بەدەست بوون، کە لە ناوچەکانی نێزیک مۆسکۆ و ناو شارەکە دامەزرابوون.

## نەخسەی مافیای رووسی لە ساڵی ٢٠١٠

ئەوانەی وەک گەشتیار و مێوان سەردانی پایتەختی مۆسکۆیان کردووە، دەزانن نەخشەیەکی ڕانەگەیەندراوی مۆسکۆ هەیە، کە شارەکەی کردووەتە چەندان کەرت و ناوچە. کە تێیدا مافیا

چالاكییەكانی تێدا ئەنجام دەدەن. دیارە بەرپرسەكان رایان گەیاندووە كەوا بە دادگە ناتوانن چەتەكانی مافیا بنبڕ بكەن، بەپێی راپۆرتەكانی میدیا و لێدوانە رەسمییەكان دیارە كەوا دەسەڵاتیان بەسەریاندا ناشكێت. یەكێك لە ناودارترین دەستەكانی چەتەگەریی دەستەی (سونتسوڤا) بوو، كە مێژووی دەستبەكاربوونیان دەگەڕێتەوە سەردەمی ئیڤانكوڤی یان ژاپۆنی، كە بنچینەكانی پێش ئەوەی لە گرتووخانە ئازاد بكرێ دارشتبوو، واتە پاش كۆتایی هاتنی سەردەمی سۆڤیەتی، یان بەماوەیەكی كەم لە دەرچوونی لە زیندان. سونتسوڤا گەڕەكێكە لە باشووری مۆسكۆ، ئەوەی شیاوی باسە، ئەوانە بەو گەڕەكەوە دەناسران، وای لێ هات ئەوان لە گەڕەكەكە ناسراوتر بوون، ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر دە ناوچەی مۆسكۆدا هەبوو، ئەندامە كارا و دەستە چالاكە مەشقكراوەكان ژمارەیان دەگەیشتە نێزیكەی هەزار كەس. دەستەكە پسپۆڕ بوون لە مەیدانی مولك و عەقارات، بەڵام پاشان دەستیان دەگەیشتە هەموو بوارەكانی تری ژیان و كۆمەڵگەكە، هەموو دەزگاكان و كۆمپانیاكان مانگانە و پێشوەخت سەرانەیان داوە، بەوەش خۆیان پاراستووە هەتا لە دەستدرێژی حكومەتیش خۆیان بەو پارەدانە بە مافیا دەپاراست. پارەی داهاتی بازرگانیكردن بە مادە بێهۆشكەرەكان دەبووایە سپی بكرێنەوە، بۆیەش لەوە و لە كارەكانی بەڕێوەبردنی مێوانسازیی هوتێلەكان و پرۆسەی كۆكردنەوەی زبڵ و خاشاك كە قازانجی زۆر بوو، ئەوان ئەو جۆرە كارانەیان كردووە.

دابەشبوونی تۆڕەكانی مافیا لە رووسیا شێوە و شوێن كارەكانیان سیستەمی نەتەوەیی وەرگرتووە، بۆیەش لە تەنیشت دەستەكانی سونتسوڤا، چەندان بنەماڵەی تری مافیا لەسەر بنچینەی نەتەوەیی هەبوون، وەك مافیای ئازەربێجانی و مافیای جۆرجی و چەندان جۆری تریش. سەنتەری مۆسكۆ كەوتبووە بن دەست و كۆنترۆڵی مافیای جۆرجی، كە باپیرە حەسەن و یان (ئەصلان ئوسویان) بەڕێوەیان دەبرد كە نێزیكەی سێ هەزار چەتە و ئەندام لەژێر دەستی ئەوان كاركەر بوون، مەڵبەندی سەرەكییان لە شاری سوتشی سەر كەنارەكانی دەریای رەش بوو، دیارە ئەو شوێنەش لە زێدی سەرۆكەكەیانەوە نێزیك بووە. دەستەكەی باپیرە حەسەن لە بوارەكانی كاری پترۆڵ و مێوانسازی و بازاڕی و ساڵۆنەكانی قوومار و بانك و بازرگانی بە جۆرەها كانزا و كڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێل و لەگەڵ ئەو ئیشانە پارەشیان سپی كردووەتەوە.

باپیرە حەسەن دۆستایەتی و هاوپەیمانییەتیی لەگەڵ ئیڤانكوف (ژاپۆنییەكە) بە چەندان بۆند هەبوو، هەردوو لاش رێزی ناوچەی سنووورداری یەكترییان دەگرت، بەیەكەوە رقی ئەستووریان لە كۆنە دوژمنەكەیان تاریل ئونیاتی كە بە (تارو)ی جۆرجی ناسرابوو هەبوو، كە سەركردایەتیی مافیای تەبلیسی دەكرد، دەڵێن ئەویش دەستی هەبوو لە لەناوبردنی پیاوە ژاپۆنییەكە، چونكە لە سەدەی رابردوو شەڕی خوێناوی لە نێوان چەتەكانی هەردوو بنەماڵە سونتسوڤا و تبلیسی هەبووە، زۆریان لە یەكتری كوشتبوو، بۆیە رەنگە تەبلیسی لەو كوشتنەدا دەستی هەبووبێ. مافیاكانی تەبلیسی دەسەڵاتیان بەسەر دەڤەرەكانی ناوەڕاستی شاری مۆسكۆدا هەبوو، كە

ژمارەیان دەگەیشتە نێزیکەی سێ هەزار کەس، سەرکردە تاروش لە بارەگاکەی خۆیەوە لە وڵاتی ئەسپانیاوە سەرپەرشتی وردی دەکردن، زۆریش خۆی لە چاوی پۆلیسی ئیسپانی دوور رادەگرت، چونکە ئەوان بەوردی چاودێریی هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی ئەویان دەکرد، ئەو لەوێش بایەخی بە یانەکانی قوومار دەدا، سەرپەرشتیی کەرتی بانکەکان و بوارەکانی عەقارات و موخەدەرات و سپیکردنەوەی پارەی دەکرد.

لە بەشی خوارووی مۆسکۆش لەلایەن چەتەکانی مافیای سلاڤییەوە کۆنترۆڵ کرابوو، کە ئەندامەکانی سەر بە ڕەگەزی سلاڤی بوون، بەڵام سەرکردایەتییەکەیان لە ئەمەریکا دەژیان، کاری ئۆتۆمۆبێلی دزراو و ئاودیوکردنی کاڵای قاچاخیان دەکرد. ئەوانە لە هەموو بوار و بازاڕەکانیان پێوەندییان بە دەستەکەی باپیرە حەسەن گەرم و بەسوود بووە، بە دڵسۆزییەوە هاوکاریی یەکترییان کردووە.

لە بەشی باکوری پایتەختیشەوە، بەدروستی لە دەڤەری (ئیسماعیلوڤا) لەوێ بازرگانیی نهێنی زۆر بوو، بۆیەش مافیای ئەو ناوچەیەش دەستیان لەسەر بازرگانییەکان دانابوو، سەرکردەی ئەوانیش کەسێک بەناوی (ئاکسین یان ئاکسینوڤ) بوو، کە نیوەی تەمەنی لە گرتووخانەکان بەسەربردبوو، بەڵام بەردەوام سەرپەرشتیی نێزیکەی هەزار کەسی چەتەی کردووە، بارەگاکەشی لەناو مۆسکۆ بوو، پێوەندیشی بە باپیرە حەسەن و ژاپۆنییەکە باش بوو، بەتایبەتی پێش کوشتنی ژاپۆنییەکە.

چەتەکانی ئازەرییەکان دەسەڵاتیان بەسەر بازاڕی میوە و سەوزەی مۆسکۆ هەبوو، سەرکردەکانیان پێوانەی توندیان دانابوو، کەسیش بۆی نەبوو لەو پێوانەیە لا بدا، ئەوانیش چەند دەستەیەک بوون، کە کەسێکی ئازەری سەرکردایەتیی دەکردن، ئەویش چەند کەسێکی راسپاردبوو سەرپەرشتی کەرتەکانی بکا.

لەگەڵ ئەو دەستە و بنەماڵە گەورانەی ناو رووسیا دەستەی گچکەش هەبوو، لەو ساڵانەی دوایی گەشەیان کردبوو، لەوانە دەستەکەی (جولیانوڤسکایا) کە سەرکردەکەیان ناوی (پاشا) بوو، کە ئەندامەکانیان جانتای دەستی و مۆبایل و وردەواڵەیان دەفڕاند، بەڵام لەناو بازاڕەکانیش چەند پرۆژەیەکی گچکەیان بەڕێوە دەبرد. دەزگەکانی ئاسایشی رووسی لە کردەوەی دەستەکانی مافیا زۆر نیگەران نەبوو، چونکە مافیاکان کەم رەوشەکەیان دەشێواند، بەڵام کە مافیای چینی لە سەرەتای ئەو سەدەیە پەیدا بوو، حکومەتیان سەرقاڵ کردبوو، چونکە بەوە دەناسران کەوا بە نەرمی و لەسەرخۆ کاریان دەکرد، زۆریش لێهاتوو بوون لە خۆشاردنەوە و دەربازبوون، لەوەش زیرەک بوون کە زوو زوو کارەکتەرەکانیان دەگۆڕی، ئەوانە لە قاچاخی کاڵای پێویستی رۆژانە و دەزگا و ئامێرەکان، لە داودەرمان و لە بازاڕەکان دەستیان هەبوو، بۆیەش دەسکەوتیان زۆر بوو.

## یاکوزای ژاپۆن

یاکوزا دەستەواژەیەکە لە ژاپۆن بە ڕێکخراوە بەدکار و تاوانکارەکان دەگوترێ، ناوەکەش بۆ وشەیەکی کۆن دەگەڕێتەوە، کە کارتی کوتشینەی یاریکردن بووە، کە بە ناوی (هانافودا) دەناسرا، ئەوەی کارتی ژمارە هەشت و نۆ و سێی بەرکەوتبووایە کە بە زمانی ژاپۆنی (ها نا فودا)یە دەدۆڕا، لە سەدەی حەڤدەوە ئەو نازناوە بەر کەسانی لات و پەرتەوازە و لاسار کەوتووە. لەو دەمانە دەستەیەک بەناوی (کابوکی مونو) واتە (کەسە شێتەکان) لە دەستەی (هاتاموتو یاکو) جیا بووبوونەوە، کە نێزیکەی نیو ملیۆن کەسانی ساموورای بێکار تێدا کۆ بووبوونەوە، لەو دەمانە و لە پاش شەڕەکە و لە سەردەمی ئاشتی ئەوانە بێ کار مابوونەوە، کە کرابوونە (رونین، واتە شەڕوانە بێ سەرکردەکان) ئەوانەش هەموو بووبوونە ڕێگر و جەردە و گوندەکانیان تالان دەکرد، ڕێگەیان لە خەڵک دەگرت، سەرخۆش و قوومارچییەکانیان رووت دەکردەوە. بەڵام پیاوانی یاکوزا نکۆڵی لەوە دەکەن کە لەناو عەبایەکی رونین دەرچووبن، ئەوان خۆیان لە (ماشی یاکو، واتە خزمەتکارەکانی شار) بە نێزیک دەزانن، کە چەکیان هەڵگرتبوو گوندەکانیان بپارێزن، کە کەسانی نووسەر و پیاوانی بازاڕ و ڕێستورانت و پیشەوەرەکان و شەڕوانە داماوەکان بوون. بەڵام زۆری نەخایاند ماشی یاکوییەکان بوونە پیاوانی میللی لە بەرچاوی گوندییەکان، چونکە وەک رۆبن هودیان دەکرد، وەک ئەفسانەکەی دزە شەریفەکەیان دەکرد، تا ئیمڕۆش یاکوزا خۆی بە پاڵەوانی میللی دەرچوو لە چوارچیوەکانی یاسا دەزانێ.

ئەندامانی ئەو گرووپانە لەگەڵ خواردنەوەی ئاوی برنج چەندان سرووتی سەیر و ئاڵۆزیان هەیە، سوێند بۆ یەکتری دەخۆن، پەیمان دەدەنە یەکتری، لەگەڵ یەکتری پێوەندیی زۆر پتەویان هەیە، ڕێنوێنییەکانیان زۆر توندکارە، کە هەڵە دەکەن پەنجەیەکیان دەبڕنەوە، ئەگەر کارەکە بۆ ناوبانگی عەشیرەتەکەیان بەدکارانە بێت، بەو سرووتە دەڵێن، (یوبیتسوما)، کە مانای شەرم و بێدەسەڵاتە، کەواتە ئەو پەنجەیە دەرەقەتی هەڵگرتنی شیری نییە، ئەگەر کەسەکە بەردەوام بوو لەسەر لاسارییەکانی پەنجەیەکی تری دەبڕن. کوتانی شوێنێکی جەستەش لەلای ئەوان جۆرێکە لە سزادان، بە کردنی هەر هەڵەیەک بازنەیەکی رەش لەسەر باسکی دەکەن، ئەگەر ئەندامێکیان هەڵەیەک بکا، بەڵام ئەو کوتانە پاشان دەبێتە هاندەر بۆ تاقیکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی ئەو، چونکە رەنگی رەش لە کوتاندا چەندان سەعاتی ویستووە. یەکێک لە پرەنسیپە دیارەکانی ئەو گرووپە ئەوەیە کەوا ئەوان حورمەتی ژن و منداڵانی ئەندامانی تر پێشێل ناکەن، ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ناوماڵەکانیان حەرام و تاوانبار کردووە، هەروەها ناکرێ ئەوانە فەرمانەکانی سەروویان جێبەجێ نەکەن، یان دەست لە کاری بازرگانی مادە بێ هۆشکەرەکان وەربدەن، یان سامانی بنەماڵەکەیان بدزن، یان خۆیان تەسلیم بە پۆلیس و دادگە بکەن. ماوە ماوە ئەو ڕێکخستنە دەبێتە هەیکەلێکی زۆر ورد و بە دیسپلین، بەڵام یاکوزا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم لەو پرەنسیپانە لایان دابوو، زۆریان سامانەکانیان بە کاری ناڕەوا سەرف کردووە و ئیشیان پێ

کردووه، ئیدارەی تۆڕەکانی سۆزانییەکانیان کردووه، موخەدەراتیان ئاودیو کردووه، چەکیان کڕیوه و فرۆشتووه، فێڵیان کردووه، پارەکانیان لە وڵاتانی خوارووی ڕۆهەڵاتی ئاسیا و فلیپین سپی کردووەتەوه، لەگەڵ هاوپەیمانە بەهێزەکانیش کۆنتاکیان کردووه تا کەس دەرەقەتیان نەیەت. ژاپۆنی نوێی ئەوانەی بۆ توندکردنی دەسەڵاتەکەی بەکار هێناوه، ئەگەرچی لە ماوەی سییەکانی سەدەی رابردوو ئەوانەی لەگەڵ دەستەیەکی لە کەسانی نەتەوەپەرست، لەوانە سەرۆک وەزیرانەکە و ژمارەیەک لە دەستەوپێوەندەکانی لەسێدارە دابوو. پاش ئەوەی ئەمەریکا سوپاکەی ژاپۆن دەشکێنێ، دەزانێ کەوا مافیای ژاپۆنی یاکوزا لەناو وڵاتدا دەسەڵاتیان چەند بەهێزە، لە بنەوە دەسەڵاتی کاریگەرییان هەیە، ئەوانەی چالاکییەکانیان بۆ ئەنجام دەدەن، یان بڵێن ئەندامەکانیان بە قەد ژمارەی پۆلیسی ژاپۆنی دەبێ، ئەمەریکاییەکان ئەوەیان باش دەزانی، چونکە هەمان دیاردەش لە ئەمەریکادا بوونی هەبوو، ئەگەرچی ئەوان لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە پێگە و دەسەڵاتیان هەبووه، بەڵام لە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی زۆر گەشە دەکەن.

لە کۆتاییی پەنجاکان لە ژاپۆن تۆڕەکانی ئەو چەتانە ساز بووبوون، لە سەرووی هەرەمەکەیان سەرۆکەکەیان بە ناوی (ئاویابون) وەک سەرۆک عەشیرەت و باوکە روحییەکە دادەنیشت، لە بەردەستی ئەو کەسێک بەناوی (سایکو کومون) واتە راوێژکارەکە دیار دەکەوت، ئەویش کارەکانی بە رێنوێنیی و کاردەستی ژمارەیەک لە پارێزەران و ژمێریار و سکرتێری مێینە رادەپەڕێنێ، لەبن دەستی ئەویش کەسێکە بەناوی (ئالواکاجاشیرا)یە، ئەو کەسی دووەمە لە دەسەڵاتدارەکە، ئەو نێوانی ئەو کارانە دەکات، بۆ وەرگرتنی پارە و سەرانە کە فەرمانەکەی لەلایەن ئاویابونەوە دەردەچن.

کەسێکی تریان هەبووە بەناوی (شاتی جاشیرا) ئەوان پلەیا لەو بەرزتر بوو، بەڵام دەسەڵاتی کەمتر بوو، لە خوار ئەوانەوه، براکان، سەرکردەکان، یان بنەماڵەکان دەهات کە لە هەموو بنەماڵەیەک بنەماڵە و دەستەی گچکەتری لێ جیا دەبووەوه، گچکە بەدەسەڵات و بەسنوور کە تەنیا دەستی دەگەیشتە تەنیا ئەو سنوورەی بۆیان دانابوو، هەموویان کۆششکار بوون بەرگری بکەن ئەگەر بنەماڵەیەک دەستدرێژیی کرد، یان بیەوێت بخزێتە ناو بنەماڵەیەکی تریان. هەیکەلەکەیان بەو شێوەیە دابەزییە خوارەوه، تا دەگەیشتە دەستە و گرووپی گچکە، پێیان دەوتن، منداڵەکان، یان کوڕەکان، دەکرا هەر کوڕێک لەوانە دەستەیەکی هەبێ، ئەوانە دەسکەوتەکانیان رەوانەی دەستەکانی سەرووی خۆیان دەکرد، ئیتر بەو جۆرە سامانەکە دەگەیشتە لای سەرۆکە گەورەکەیان.

ژمارەی بنەماڵەکان بەو شێوەیە زۆر دەکات تا دەگاتە هەزارەها کەس، لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری ژاپۆنی لە پەنجاکان و لە شەستەکان ئەوانە زۆرتر دەبن، بۆیەش شێوەکاری تەقلیدیی خۆیان دەگۆڕن، دروشمە کۆنەکان، سزاکان کە وەک شەڕە دژوارە خوێناوییەکان دڕەندەییان پێوە دیاربوو، ئیتر یاکوزا بەو بەرگە خۆیان دەپۆشن، کە ئێستا دەسەڵاتدارانی ژاپۆن پێیان دەڵێن بوریوکودان.

***

له ساڵی ١٩٦٠ یاکوزا ١٨٤ هەزار ئەندام و کارکەریان هەبوو، کە لەسەر چەندان دەستە دابەشبووبوون و لەناو شەقامەکانی شارەکانی ژاپۆن دەسووڕانەوە، بەپێی ئامارێکی پۆلیسی ژاپۆنی کە مەرجیش نییە رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی بێت، ژمارەیان دەگەیشتە سەد و پەنجا هەزار کەس، کە لەناو دوو هەزار عەشیرەتی گەورە (کومی) کاریان دەکرد. بەڵام هەموو لایەک وشەی عەشیرەتیان پێ خۆش نەبوو، بۆیە حەزیان دەکرد پێیان بڵێن بنەماڵە لە جیاتی وشەی عەشیرەت، چونکە ئەوەیان باشتر بوو، ئەندامەکان لەناو یەک کۆ دەکاتەوە و پێوەندییەکان کەمتر دەکات، کە لەسەر بنچینەی باوکایەتی و رێزگرتن و گوێڕایەڵی سەرچاوەی دەگرت. هەموو پیاوەکانی یاکوزا ئەوەیان باش دەزانی نەدەکرا رووبەڕووی کەسانی سادە ببنەوە، واتە دەستدرێژی نەکەنە سەر (کاتاگی)، ئەگەر پێشێلی یاساکانی یاکوزای گشتیان نەکردبێت. پیاوانی یاکوزا مامەڵە بەهەموو جۆرەکانی موخەدەراتەوە دەکەن، قازانجی زۆریشی دەخەنە سەر و بازرگانی چەکیش دەکەن، کە لە ژاپۆن پلەکەی لە ئاستی قەدەغە و حەرامکراو بوو، بۆ پاراستن و چاودێریش لە خاوەن کۆگا و کۆمپانیاکان لە بنەماڵەکەی خۆیانەوە پارەش وەردەگرن، ئەوان دەسەڵاتیان لەسەر قومارخانە و پێشبڕکێیەکان و یانەکانی سپۆرتی سوموش هەبوو، ئەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش وەک ئوستورالیا و نیویۆرک و لاس فیگاس و شارەکانی تری ئەمەریکاش کار دەکەن، ئەوان یەکەمین جار لە ئەمەریکا و لە دەرەوە لە شاری هاوای نیشتەجێ بوون. لەگەڵ ئەو هەموو کار و چالاکییە ناڕەوایانە ئەندامانی یاکوزا کۆششیان دەکرد کارەکانیان بەرگی یاسایی و رەسمی پێ بپۆشن، گوایە ئەوان چالاکییەکانیان لەناو قەوارەی کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە خێر و چاکخوازەکانە و بەرنامەکەیان مەبەستی سوودی گشتییە هەیە، کە پشتیوانی مادی و رێکخستنی فیستیڤاڵە لۆکاڵییەکانی ژاپۆن لە ئەستۆ دەگرن. پۆلیس ناوی زۆربەی زۆری سەرکردەکانی مافیا دەزانێ، ئەوانەی هەڵسوێنستیان بەرەسمی لەسەر بوارە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرگریکردن لە ئارامی گەڕەکەکان هەیە، ئەوانەی دژی دز و پیاوخراپەکان دەستیان گەرمە و بواری بەدکارەکانیان نادەن کە لەلایەن پیاوانی (بوسوزوکو) دەکرێن، کە دەستەیەک گەنجی سەرکەشن شەیدای سواربوونی ماتۆرسکیلن، زۆریش بە نارەحەتی سواری دەبن، لە کۆتاییدا هاتبوونە ناو یەکێک لە بنەماڵەکانی یاکوزا، کە زۆرتر و چڕتر کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

ئەندامانی یاکوزا بەرەسمی لە شەقامە سەرەکییەکان نووسینگە و مەڵبەندیان لە شارەکانی ژاپۆن هەیە، بەبێ پەردە و شاردنەوە ناویان بە تابلۆکانی ناسینەوە هەیە، لەبەر دەرگەی باڵەخانەکان بەئاشکرا هەڵواسراوە و بە باشی دەرکەوتووە، ئەوانە ئازادانەش کۆبوونەوە گشتییەکانیان دەکەن. بەڵام ئەو دیاردانە پاش ساڵی ١٩٩١ کەم بووەتەوە، چونکە یاسای رووبەڕووبوونەوە لە چەتەکان و بەدکارییەکان، ئەوانیشی گرتووەتەوە. دەستەیەکی بێ سەرمایە و بەبێ مووچە ناویان لە خۆیان نابوو (مەڵبەندی نیشتمانی بۆ بنبڕکردنی بریوکودان) ئامادەییان ساز کردبوو کەوا یارمەتی و پشتیوانی ئەو کۆمپانیا و لایەنانە بەخۆرایی دەکەن، کە یاکوزا

هەڕەشەیان لێ دەكات و ئامادەن داواكانیان ڕەچاو بكرێن و پشتیوانییان بۆ دەستەبەر دەكەن. بەڵام هێشتا لایەنە یاساییەكان لەو ئاراستەوە لاواز و دەستكورتن، چونكە دەرخستنی تاوانەكانی یاكوزا كۆمەڵگەكەی هوشیار كردەوە كەوا بەدكارییەكانیان رادەبەدەر ناویست و نەگریسە، بۆیەش ئەوان تا نەناسرێنەوە نەشتەرگەریی جوانكارییان ئەنجام داوە و ئاكاریان گۆڕیوە و نەناسرێنەوە، دیارە زۆریش شانازی بە ئازایەتی و دەستگەرمییەكەی جارانیان ناكەن، بۆیە ڕوویان نەماوە بناسرێنەوە. بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە كەوا دەستەكانی یاكوزا نەماون، یان قەڵاچۆكراون، هەتا ئێستا مەزەندەی ئەوە دەكرێت كەوا زۆرتر لە هەشتا و پێنج هەزار ئەندامیان هەبێت، ساڵانەش ڕەنگە بیست و یەک ملیۆن دۆلاریشیان دەست بكەوێ.

## تریادی چین

چەمكی مافیای چین بەندە بەو داوونەریتەی كە بە (تشاینا تاون)ەوە ناسراوە، واتە گەڕەكە چینییەكە، ئەوان بگەیشتبووانە هەر هەوارێک لە هەموو شارێک تا داوونەرتەكانیان بپارێزن و لەناو كۆمەڵگە نوێیەكە نەتوێنەوە، زوو گەڕەكێكیان بۆ خۆیان دروست دەكرد، بەوەش هەموو ڕەسەنایەتیی خۆیان پارێزگاری لێ دەكرد، بەوەش لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەكەیان دوور دەكەوتنەوە، دوور لە دەستی سەرۆک عەشیرەت و بنەماڵەكە، ئەوان لە كۆنەوە پرەنسیپێكی چەسپاویان هەیە و لەسەر ئەو قسەیە دەڕۆن كە وتوویانە:

(من لەناو كێڵگەكاندا نەمام دەچێنم، بەوەش نان پەیدا دەكەم، من بەدەستی خۆم بیر لێ دەدەم، ئاویش دەردەهێنم، بۆیەش هیچ بایەخ بۆ كەسایەتی و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریش دانانێم).

چینییەكان لە كۆنەوە وەک كولتوور شارەزا و لێزان بوون لە جۆرەكانی شەڕ و دەستكردەنەكان، بە چەندان جۆرە شەڕ ناسراون، یان بڵێین لەوانەوە ئەو جۆرانە پەیدا بووە، وەک (كۆن فۆ، فو شو، فین تشون، جیت كون)، ئەوانەش ئاكارەكانی دەستە چەتەگەرییە چینییەكان بووە، هەر چینییەكان پێڕەوی شێوازی (شوژیندو) ی ڕوحی بوونە، بەوەش خۆیان لە پرۆسەكانی ڕاگرتنی نەفس لەبەر ڕەوشی ئاو و هەوا و زەمینەی بە ئازار مەشق پێ كردووە، بەوەش هێزیان لە ناخی خاكەوە وەرگرتووە، لەسەر ڕەژووی بە پۆلوو و وەستانی بەر بارانی بەلێزمە و ئاوی سارد و خۆهەڵواسین بە شوێنە ئەستەمەكان مەشقیان كردووە، بەو مەشقانە لە ئازایەتی ڕادەهاتن، ترسیان دەشكا، لە هێزی توندكاری سروشت فێر دەبوون، ئەو مەشق و بەرنامانەش لە كتێبە كۆنەكان وەرگیراوە و سوودیان بینیوە، كتێبە كۆنەكانیان كە تەمەنیان سەرووی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە ئەو وانانەی تێدابوو، لەوانە كتێبی (هونەری شەڕ)ی فەیلەسووفی چینی سون تزی، كە تێیدا جەختی لەوە كردووە كەوا ژمارەیەكی كەم دەتوانن بەرگەی هێزی گەورە و زۆردار بگرن ئەگەر وزە و دەسەڵات لە ناخی شاراوەی خاكەوە وەربگرن، واتە لە بەرچاوان نەبن، ئەگەر خۆتان لە بەرامبەر هێز و دوژمنی نابەرامبەر دزییەوە، ئەوە بە خراپە ناكەوێتەوە، بگرە هەڵوێستێكە لە ئەنجامی

ڕەوشی گونجاوی ماندووکردنی سوپای هێرشبەری دوژمن، ئازایەتی لەوە خۆی دەنوونێت، کەوا هێرشەکان بشکێنیت و هێرشی لە ناکاویش رابگریت.

بزاڤە نهێنییە چەکدارەکان لەو مێژوو و لەو فەلسەفەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەوانە دەستەکانی (تاریاد و تونگ)، ئەوانە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمەوە وەک ڕێکخراوی نهێنیی سوارەکانی داکۆکیکەر و بەرەڤان لە منشوریا شەڕیان کردووە، پاشان ڕۆڵیان گۆڕاوە و کەسە هەڵاتووە دەرکراوەکانیان لەلایەن ئیمپراتۆرەوە پاراستووە. لەو دەمانە کردەی سێگۆشە چینییەکە، تاریاد لەلایەن ژمارەیەک لە راهیبی بوزی پەیدابوو، ئەوان بەنهێنی کاریان دەکرد، سومبلەکەشیان سێگۆشەیەک بوو لە سەرەکانی هێمای ئاسمان و خاک و مرۆڤ بوون، لەسەر دەستی ئەوانەوە ئەو سێگۆشەیە پەیدابوو، ئینجا لە سەرانسەری ولات بڵاو دەبێتەوە، دەگاتە هەموو گۆشەیەکی ئەو وڵاتە بەرینە، کە مەبەستی ئاینی و نیشتمانییان هەبووە، بەڵام پاشان ئاراستە و بەرنامەکەیان بەرەو تاوان و بەدکاریی دەبەن، وەک چۆن لە دوورگەی سیسلیا رووی دا. ئەو دەستە چەتەگەرییە چینییە دەگەنە ئەمەریکا، لەوێشەوە لە ئاسیا و لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکا و ئوستراليا رەگ دادەکوتن و تا لەو جیهانە بەرینەدا ژمارەی ئەندامەکانیان دەگاتە نێزیکەی یەک ملیۆن چەکداری زەبربەدەستی ترسناک. کە ئەمەریکاییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم مامەڵەیان لەگەڵ کۆچبەرە چینییەکان بەدکارانە و نادروست بووە، بەشێوەیەکی نادروست و دوور لە رەوشتی مرۆییانە، ئەوەیان هانی چینییە کۆچبەرەکانی داوە مافیای چینی لە ئەمەریکا گەشە بکا. شێوازەکانی چەوسانەوەی چینییەکان زۆر بوون، لەوانە کە کۆنگرێسی ئەمەریکایی لە ساڵی ١٨٩٢ بەناوی (یاسای پەڕەوایزکردنی چینییەکان) دەرکردبوو، کە تێدا هاتبوو، کەوا هیچ کەسێکی بەڕەچەڵەک چینی بۆی نییە رەگەزنامەی ئەمەریکایی وەربگرێت، بەو یاسا نوێیە چینییەکانی ناو ئەمەریکایان خستبووە خوار هاووڵاتییە رەش و هیندییەکانیش، دیارە ئەوەش چینییەکانی زۆر تووڕە کردبوو، هەر بۆیە ئاراستەیان بەرەو تاوان و بەدکاری کردبوو. ئەگەرچی سیاسەتی ئەمەریکایی لە سییەکانی سەدەی رابردوو پشتیوانیشی لە حکومەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی شیانگ کای تشیک دژ بە ئیمپراتۆرییەتی ژاپۆن دەکرد، حزبی شیوعیشی بە سەرۆکایەتی ماوتسی تونگ بەهێز دەکرد، بەڵام یاسا کۆنەکەی کۆنگرەی ئەمەریکایی بۆ نەدانی رەگەزنامە بە چینییەکان هەتا ساڵی ١٩٤٣ کاری پێ کراوە و لە سەردەمی حوکمی رۆزفلت هەڵوەشاوەتەوە.

وەک چۆن ئیتاڵییەکان سەرەتا هاتوونەتە ئەمەریکا، هاووڵاتییە کۆنەکان، رەفتاریان لەگەڵدا کردوون، چینییەکانی ناو ئەمەریکاش پێشوازییان لە چینییە نوێیە کۆچبەرەکان کردووە، خواردنیان بۆ ساز کردوون، شوێنی مانەوەیان نیشان داون، کاریان بۆ دۆزیونەتەوە، بۆیەش ئەمەریکاییەکان ئەوەیان بە جۆرێک لە هەستی نیشتمانی یان بنەماڵەیی زانیوە، بەڵام چینییەکان ئەو پێشوازییەیان بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستیان بە پیرۆزکردنی بنەماڵەیی یان داوونەریتی

چینی خۆیان نەکردووە. لەگەڵ ئەو تێکەڵبوونە و لە ڕەوشە نوێیەکانی ڕۆژگارا دەستەیەکی نوێی نهێنی لەسەر شێوازی کوزانوسترای ئیتاڵی ئەمەریکایی ساز دەبێ، لە زۆر سەرچاوە و کارنامەش لەوان نێزیک دەبن، ئەوانەش واتە ڕێکخراوە نهێنییە چینییەکە لەگەڵ جووتیارەکانی چاندنی ئەفیونی جارانی وڵاتی خۆیان ئاشنایەتی دەکەن، کە (ئال کابونی چینییەکە) کە ناوی (دو) بوو سەرۆکایەتیی دەکرد، ئەو هەرگیز لەناو شارەکاندا بە تەنیا نەدەگەڕا، بەردەوام چەند کەسێک بۆ پاراستنی گیانی پاسەوانیەتییان کردووە، دیارە ئەوەشی بۆیە کردووە، چونکە سەرۆکایەتیی تۆڕێکی ژنە سۆزانییەکان و بازرگانەکانی کوکایینی کردووە، هەروەها لەگەڵ ئەو چالاکییانەش بانکێکیشی هەبووە و سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی قەڵاچۆکردنی ئەفیونی دەکرد کە لە شنگهایەوە سەرپەرشتیی دەکرد، لە نێوان ئەو شارە و ئەمەریکا هاتوچووی دەکرد، لەو دەمانەش پێوەندی باشی بەرژەوەندیی نێوان دو و ئاتیان فیوری پەیدا دەبێ کە سەرۆکایەتیی پۆلیسی لەو کۆلۆنییە فەرەنسییە لە چین دەکرد، ئەو پۆلیسە لە وڵاتی جەزائیر لەدایک بووبوو، بە ڕەچەڵەکیش دەگەڕایەوە سەر دوورگەی کورسیکا.

فیوری یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی یەکەتییە کورسیکییە نهێنییەکە، کە دەستەیەکی تاوانکاری تایبەت بوون بە سۆزانییەکان و موخەدەرات لە نێوان شاری شنگهای و مرسیلیای خوارووی فەرەنسا، ئەوانیش تاقە دەستی بازرگانی ئەفیونی فەرەنسی بوون، دیارە پێش (فرێنش کونیکشن) بوونیان هەبوو، کە زۆر ناودار بوون. لە کۆلۆنییە فەرەنسییە چینییەکە ڕووناکبیرەکان کار دەکەن، تۆڕەکانی بەدکاریی نێوان مافیای چینی و پیاوە چەتەکانی کۆرسیکایی شەرمەزار بکەن، بۆیەش حکوومەتی فەرەنسی دەست بە چاکسازی دەکات، زۆریان دوور دەخاتەوە لەوانە فیوری و کونسلە گشتییەکەش. هاوکات ئەو ڕێکخراواە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕەسمیی چینی ئەو دەمانە لە حکوومەتەکەی شیانگ کای شیکی سەرۆک وەزیرانی چینی نیشتمانی پتەو و ئەکتیڤ دەکات. پێوەندییەکەیان باش بوو تا ڕادەی ئەوەی حکوومەت، (دو) یان (مەلیکەکەی ئەفیون) بە پلەی جەنەراڵ لە سوپای نیشتیمانی دادەمەزرێنێت، سەرۆک وەزیران لە بەرامبەر دژایەتی و ڕووخاندنی شیوعییەکان چاو لە هەموو چالاکییە بەدکارییەکانی دەپۆشێت، چونکە پیاوەکانی لەو پرۆسەیەدا زۆر هاوکاریی دەکەن.

کە ژاپۆن لە شەڕی دووەمی جیهانی دەشکێ، بەربەرەکانی نێوان هێزەکانی شیانگ کای شیکی نیشتمانی پشتیوانکراو لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکرا لەگەڵ هێزەکانی ماوتسی تونگی شیوعی گەرم دەبێ، کە تێدا ماوتسی تونگ بە پشتیوانی زۆرینەی چینییەکان سەردەکەوێت، سەرکەوتنی ئەوان دەبێتە یەکەم پێگە بۆ ڕووخان و شکانی مافیا، چونکە تێیدا چەندان سەرکردەیان لەدار دران، لەوانە (دو) بەرەو (فۆن کۆنگ) ڕادەکات، لە ئاکامی زۆر بەکارهێنانی موخەدەرات لەوێ لە ساڵی ١٩٥٣ دەمرێ. بە مردنی ئەو چالاکییەکانی دەستە مافیوزییە چینییەکان لاواز و سست دەبێت، کە لە تایوان و هۆنگ کۆنگ نوایەکیان دەست دەکەوێ، بەڵام لە

هەوارە تازەکانیان دەبووژێنەوە و دەگەنەوە ناو بازنەی چالاکییەکانی مافیا و کارەکانیان، بەوەش ئەوان دەبنە یەکێک لە دەستە مافیایە بەهێزەکانی سەر خاکی ئەمەریکا. ئەوە و ئەوان دووبارە دەستیان دەگاتەوە ناو خاکی چین، لەو دە ساڵەی رابردوو رێژەی تاوانەکان لە ئەنجامی زۆربوونی بێکاری زۆر دەبێ، لەوانە کوشتن و پەلامارداني ژنان و رێگەگرتن و فڕاندن و چەندان کردەوەی بەدکارانەی تری نایاسایی.

ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان مەزندەیان دەکرد کەوا ژمارەی ئەو جووتیارانەی لە گوندەکانەوە هاتبوونە شارەکان و کاریان دەست کەوتبوو، پاشان بێکار مابوونەوە دەگەیشتە نێزیکەی ١٠٪ کە دەیکردە دوو جار بەقەد ئەو ژمارە رەسمییەی لەسەر کرێکارە بێکارەکان ئاشکرا کرابوو، دیارە کەوا ئەوانەش بووبوونە ناوکی سەرەکیی دەستەکانی بەدکاری و تاوانەکان، کە بەزۆربوونی رێژەی بێکاریی و هەژاری زیاد دەکەن، یان بڵێین کە ئاستی دەوڵەمەندی و هەژاریی خەڵکەکە، نێوانیان زۆر بەرین دەبێ. ئاشکرایە و هەموو لایەک ئەوە دەزانن کەوا دەسەڵاتدارانی چین توندکارن لەسەر لادەران و لەسەر ئەوانەی یاساکان پێشێل دەکەن، لە تشونگتشینگی رۆژئاوای چین دادگەی گەورەیان کردەوە بۆ سی و یەک کەس، لەوانەی دەستیان لە تاوانە سیستەمدارەکانی ئەو رێکخراوانە هەبوو لەگەڵ چواردە دەستەی مافیای بوارەکانی کوشتن و دزی و رفاندن و بەکارهێنانی کانزاکانی خەڵووزی ناشەرعی سزا درابوون.

لە ئیتاڵیاش لەو ساڵەدا دژایەتیی توندی تۆڕەکانی مافیایان کردووە، کە لانکەی سەرهەڵدانی مافیا بووە، کە تێیدا زۆرتر لە هەزار لە پیاوانی پۆلیسی دارایی لە هەرێمی توسکانا هەڵیان دەکووتایە سەر بنکەکانی رێکخراوە چینییەکان، کە لە هەشت هەرێمدا چالاکانە کاریان دەکرد، لەوانە: لە یوسکانا، لومباردیا، بییمونتی، فینیتو، ئیملیا رومانیا، لاتسیو، کامبانیا، لەگەڵ دوورگەی سیسلیاش، پۆلیس لەو هەڵمەتەدا دەیان کەسی چینی و ئیتاڵی هاوکاریی ئەوانی گرتبوو، کە بوارساز دەکەن چینییەکان بەشێوەی ناشەرعی بێنە ناو ئەو هەرێمانەی ئیتاڵیاوە، تا لە کارگەکان کاری لاساییکردنەوەی کالای چینییان پێ بکەن، لەگەڵ ئەو کارانەش بەناچاری کاری وەک سۆزانی و دزی و شتی تریان پێ دەکردن، هەر لەو هەڵمەتەدا سامانی ٧٣ کۆمپانیا و ٨٠ یەکەی عەقاری و ١٦٦ ئۆتۆمۆبێلی گرانیان گرتبوو. چیرۆک و سەربردەی مافیاکانی وڵاتانی ئاسیا زۆرن، کە لە چین و لە ژاپۆن بنکەیان هەبووە و پێشەنگی ئەو کارانە بوون، بۆیەش لە وڵاتانی تری ئاسیا وەک هیند و ڤیتنام و سەنگافوورەش بەهەموو شێوازەکانەوە کار دەکەن، هەمووشی بۆ پەیداکردنی سامان و دەسەڵات بووە.

## کۆلۆمبیا و مەکسیک و کوبا جەمسەری بەدکاریی لاتینین

ئەمەریکا بەناوی شەڕی دژی تیرۆر بەرەیەکی فراوانی شەڕی هەیە، بەڵام بەنهێنی و بەبێ ئەوەی کەس دەرکی بکات، لەسەر سنووری وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی شەڕی دژ بە کارتلەکانی موخەدەرات دەکات. کارتل دەستەواژەیەکە لە وشەی کارتای لاتینییەوە هاتووە، واتە پەیمان یان

پەیمانی دەست بەسەرداگرتن، کە لە نێوان دەزگا هاوپیشەکان دەکرێت بۆ سازکردنی بەرنامەی هاوشێوە و هاوکار و کەمکردنەوەی ئەستەنگ و تەنگژەکان، دیارە ئەوەیان گەورەپیاوانی بازرگانی موخەدەراتی کۆلۆمبی و مەکسیکی جەختی لەسەر دەکەن، کە هاوپەیمانی لەگەڵ مافیای ئەمەریکایی باکور دەکەن، ئەوە و لەگەڵ مافیاکانی ئاسیایی و ئەوروپاش کار دەکەن رەچاوی ئەو پەیمانە دەکەن، کە ساڵانە ملیارەها دۆلار دەستکەوتیان لە چالاکییە ماڵوێرانکەرییەکاندا هەیە وەک بازرگانیکردن بە ژنان، بە منداڵان، بە خواردنی وادە تێ پەڕیو. دیارە کەوا هاوێرکردنی ژیانی رۆژانە لەگەڵ چالاکییەکانی بازرگانیکردن بە موخەدەرات زۆر زەحمەتە، چونکە مافیای کۆلۆمبی بەئاسانی گەیشتووەتە ناو دەزگاکانی حکوومەت بەتایبەتی دەزگا ئەکتیڤەکان، زۆر لە وەزیرەکان، لە سیاسەتمەدارە گەورەکان پەرلەمانتارەکان، بۆیەش ئەوان بەئاسانی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ناوچانە هەیە کە دارەکانی کوکایینی تێدایە، دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاویی دوورەدەست، بۆیەش دەسەڵاتداران بەئاسانی پاوەریان ناگاتە ئەو مەڵبەندانە، بەناچاریش ئەو گرووپانە هەموو خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوولاتییانی ئەو دەڤەرە دەستەبەر دەکەن، وەک پێوەندییەکانی گەیاندن و هاتوچوو. کۆلۆمبیا لە پاش بەرازیل و ئەرجەنتین و ڤەنزوێلا چوارەم گەورە وڵاتی ئەمەریکای باشوورە کە سەرژمێرییەکەی دەگاتە نێزیکەی چل و پێنج ملیۆن کەس.

پاشای کۆکایین لە کۆلۆمبیا کەسێکە بەناوی (بابلۆ ئوسکوبار)، کە تەواوی دوورگەکە بهماس دەکرێت بەرهەمی کۆکایین زیاد دەکات، بەشێوەیەک کێڵگەکان هەموو دوورگەکە دەگرێتەوە و بەرهەمی دەگاتە دەیان هەزار تۆن، بەوەش بازاڕەکانی ئەمەریکا و هەموو وڵاتانی ئەوروپا پڕ دەکات، کە چاندن و هەناردەکە زۆر دەکات و نرخەکەش کەم دەکاتەوە، کە هەرگیز لەو نرخە هەرزانەی بەخۆیەوە نەدیبوو، چونکە بە ئاسمان و بە دەریا و وشکایەتی ئەو مادەیە بەرەو دەرەوە هەنارده دەکرێ، بە بەلەمی خێراش لەو دوورگەیە دەگاتە ئەمەریکای باکور. ئاسکوبار کار و بواری ئیشکردن بۆ ژمارەیەکی زۆری کۆلۆمبی دەدۆزێتەوە و بواری کاریان بۆ ساز دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا چەندان خانوو و نەخۆشخانە و قوتابخانە و کڵێسا و مەڵبەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، لەبەرئەوەی ئەو کەسێکی ئیمانداری کریستیانیش بوو، بۆیە هەموو کڵێساکانی ئەویان لا پیرۆزبوو. کۆواری فوربس لە ریزبەندی پیاوە دەوڵەمەندەکانی جیهان ژمارەی حەوتەمی بۆ دانابوو، چونکە سەرمایەکەی دەگەیشتە نێزیکەی چوار ملیار دۆلار، دەیانگوت بۆ گەرمکردنەوەی کیژەکەی و بۆ چێشتلێنان دوو ملیۆن دۆلاری سووتاندووە، کە لەبەر راونانی پۆلیس خۆیان لە ئەشکەوتێک حەشاردابوو. دەڵێن بە حکوومەتی کۆلۆمبیی وتبوو، من هەموو قەرزەکانتان دەدەمەوە، ئەگەر وازم لێ بهێنن و ئازادم بکەن، ئەو پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی نیکاراگوا و چەندان دوورگەی کاریبی هەبووە، لەگەڵ جەنەراڵ نوریێگا لە پەنەما و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پایەدارانی ئەفسەرانی سوپای کوبی پەیمان و دۆستایەتیی هەبووە. لە ئەنجامی چالاکییەکانی ئەو و رۆژانەی کارەکانی لە ساڵی ١٩٨٥ەوە وڵاتەکەیان لە رەوشێکی نائارام و شەڕی بەردەوام ژیاوە، لەو ساڵە و تەنیا لە شاری مدیین نێزیکەی هەزار و حەوت سەد تاوانی کوشتن رووی داوە، لە ساڵی ١٩٨٦

زۆرتر لە سێ هەزار و پێنج سەد کەس کوژراوە، کەواتە ڕۆژانە دەکاتە دە کەس. لە ساڵی ١٩٩٠ چەتەکانی مدین، ئەوانەی سەر بە ئاسکوبار بوون، توانییان سێ کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆڵۆمبیا لە کۆی شەش کاندید بکوژن، دیارە ئەوەش هەموو ئاراستەکانی سیاسەتی وڵاتی گۆڕیبوو، ئاسکوبار بە پشتیوانی ئەمەریکا پاش چەندان کاری فێڵبازی و چاودێری وردی بە کامیرای زۆر هەستیارەوە کوژرا، کە تەرمەکەیان بەڕێ دەکرد لە سەربانی ماڵە هەژارەکان بە گریانەوە وەستابوون و ئامادەی بەڕێکردنی تەرمەکەی بوون، لەولاشەوە چەندان بنەماڵەی پۆلیس و سەربازەکان بوونە قوربانی کردەوەکانی ئەو. هەر لەو شارە کە یاریزانی تیمی وڵاتەکەیان لە موندیالی ساڵی ١٩٩٤ لە ئەمەریکا دەدۆڕێن، بە گەڕانەوەی گۆڵچییەکەیان، ئەندریس ئاسکوبار دەکوژن، چونکە بە گۆڵکردن لە تۆڕەکەی ئەو تیمەکەیان لە موندیال دەرچووە، بەو تاوانە مافیا زیانێکی زۆری بەردەکەوێ، چونکە وتبوویان ئەوان گۆڵچییەکەیان کوشتووە. مێژووی مادە بێهۆشکەرەکان لە کۆڵۆمبیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەم، هیندییە سوورەکان بە چاندنی ئەو ڕووەکە ڕاهاتبوون، چونکە ئەوان فێربووبوون کەوا بە مژینی گەڵای کۆکایین وزەیان زۆرتر دەبێ، بەرهەمیان زۆرتر دەبێ، بۆیە ئەو گیایەیان چاندووە و بەکاریان هێناوە و بایەخیان پێ داوە، پاشان لەناو عەشیرەتەکانی کۆڵۆمبیا بڵاو دەبێتەوە. کە هێز و دەسەڵاتی تۆڕەکانی مافیا دەکەونە رکابەرایەتیی حکومەت، کە هێز و دەسەڵاتی میدیا و ئابووری و سەربازییان شان لە شانی حکومەت دەدات، حکومەت لە ساڵی ١٩٨٥ دەکەوێتە خۆ و بەر لە چاندنی ئەو نەمامە زیانگەیێنە دەگرێت و بەئاشکرا شەڕ دژ بە مافیا ڕادەگەیەنێ. دیارە ئەو شەڕکردنە بە پاڵپەستۆی ئەمەریکا بووە، چونکە ئەوان ترسی زۆربوونی موخەدەرات و پارە سەرفکردن تەنگی پێیان هەڵچنیبوو، ئەوە و کاریگەریی خراپی زۆریان لەسەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان دانابوو. کارتلی مافیای کۆڵۆمبیایی زۆربوون لە هەموویان ناودارتر دەستەی مدلین و کالی بوو، هەروەها چەندان دەستە و گرووپی تاوانکاریی بەدکاری تریش لە وڵاتانی ئەمەریکای باشووری وەک پۆلیڤیا و پیرۆ ئەکتیڤ بوون، بەوەش ئەوانە ڕووبەڕووی ڕێکخراوە سیستەمدارەکانی تاوانکاری ئەمەریکایی و ئیتاڵی دەوەستان، کۆشش دەکەن، شێوازی کارکردنیان دەگۆڕن تا بتوانن بەرنامەکانیان لەسەر دەستەکانیان لەسەر بنچینەیەکی دەسەڵاتداری لۆکاڵییەوە بێتە خوارەوە و لێپرسراوییەتییەکان دابەش بکەن، تا ڕاستەوخۆش لەگەڵ دەزگاکانی جێبەجێکاری یاسا ڕووبەڕوو نەبنەوە، کارەکانیان بەو شێوەیە دابەش کردبوو:

١- بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. ٢- بەرهەمهێنانی پیشەسازی. ٣- پرۆسەی داکردن و گواستنەوە و دابەشکردن. ٤- مامەڵە دراوییەکان و سپیکردنی پارە و بەکارخستنی پارەکان لە چەندان پرۆژەی بە دەستکەوت.

بە کارکردن و بە بەرنامەڕێژی باشی کارەکانیان سەرمایەکانی زیاد دەکات و ساڵانە دەگاتە نێزیکەی هەشت ملیار دۆلار لە بازاڕی کۆکایینی جیهانی.

# ڕێنوێنیی فێڵبازەکان بۆ دانوستاندن

ئەلێکساندەر گێیسلەر

ئەلێکسەندەر گێیسلەر لە شارۆکەیەکی بچووکی نێزیک (بۆرن ماوس) لە "لەندەن" ی پایتەختی شانشینی بەریتانیا لەدایک بووە. ئەو شوفێری پاس و کەسێکی بێ هیوا بووە. ئەگەر ئەو بە کەسێکی سەرکەوتوو دابنرێ لە کارەکەی، ئەوا ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە کاتەکانی خۆی بە دانوستان بەسەر بردووە لە شەقامە تەسکەکانی "دۆرسێک" لەسەر کۆمەڵێک پاس کە ژمارەیان (١٣) پاس بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، قەدەر وای کرد کە دانوستانە ئاڵۆزەکانی ئێستا بوون بەبەشێک لە یاسا نێودەوڵەتییەکان وەکو ئەندازیاری چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەو بەردەوام باوەڕی وابوو کە خێزانەکەی پاڵپشتی ئامانجەکانی ئەو دەکەن لە ژیانیدا، ئەو خۆی لە بێ هیواییەکی زۆر دەدۆزییەوە کە لەودیوی دانوستانەکان بوون. هەرچۆنێک بێ، خۆشەویستیی ئەو بۆ ژیان لە چەند شتێک دۆزییەوە، کە ئەوانیش پێک هاتبوون لە پاسێکی هەرە کۆنی ڕەنگ سەوز کە پێی دەگوترا (فلافی) و پشیلەیەکی خۆلەمێشی بە ناوی (مۆدلێس) و کچەکانی بە ناوی (ستێفانی) و (ئۆلیڤیا) و یەکێک لەو (١١) یاریزانەی کە یانەی (بۆرۆن ماوس)ی تۆپی پێیان پێک هێنا و لەگەڵ هاوسەرە بەوەفاکەی بە ناوی (جۆنا).

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەشدار شێخ بزێنی

## پێشەکی

فێڵکردن لە دانوستاندن شتێکی پێکەنینیاوی و هەزەلی و بێ توندوتیژییە و تەنانەت دانوستکاری بەتواناش هەندێ جار ڕووبەرووی فێڵکردن دەبێتەوە لە دانوستاندا و جا بۆ ئەوەی پێش بەو جۆرە فێڵانە بگرین دەبێ لە سەرەتادا شارەزاییەکی تەواوت لەبارەیەوە هەبێ بەو شێوەیەی کە باسی دەکەین. خاڵی یەکەم، تۆ دەبێ پێشخانێکی باشت هەبێ لەسەر ئەو بابەتەی کە دانوستانی لەسەر دەکەی، ئاخۆ تۆ دانوستان لەسەر فرۆشتنی ژێر دەریایەک دەکەی یان سنووره نێودەوڵەتییەکان جیا دەکەیتەوە بەبێ هەبوونی هیچ زانیارییەک؟ بێگومان تۆ کاتێکت پێویستە بۆ ئەوەی بگەیت بەو ئاستەی کە بتوانی لە سروشتی فێڵکردن بگەیت. خاڵی دووەم، کە زۆر گرینگە بزانیت کە چۆن خۆت وەکو دانوستکارێکی بەتوانا نیشان دەدەی. هەرچۆنێک بێ، گەیشتن بەو ئاستە پێویستە مۆرکی کەسێکی تر لە خۆت بەدی بکەیت کە پاشخانێکی زۆری هەیە لە بواری دانوستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، گەیشتن بەئاستە پێویستی بە مەشقی گفتۆگۆی زۆر هەیە لەو بارەیەوە. بوونی توانا لە قسەکردن بەشێوەیەکی خێرا دەتگەیەنێتە ئەو ئاستیی پسپۆری لە دانوستاندا. خاڵی سێیەم، فێڵکردن پێک دێت لەو شتەی کە خۆت پەی پێ دەبەی لە ڕووی داواکاری و پێشکێشکردنەوە. لەو کاتەی کە تۆ پەی بەو شێوازە دەبەی، ئەوا باشترە بەشێوەیەکی هێمنانە رەفتار بکەیت. هەرچۆنێک بێت دانوستکار دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرێت، کاتێک کە قۆناخەکە گەیشتە قۆناخی هێرشکردن، ئەوا بێگومان بەرامبەرەکەت بەهەمان شێوە رەفتار دەکات کە تۆ دەیکەیت. لێرەدا نموونەی درۆکردن بەشێوازێکی راستی لە دانوستان دەردەخات: دوو دانوستکار بەخۆشییەوە فێڵ بە یەکتر دەفرۆشن. لە کاتێکدا تۆ وا دەزانی کە کەشی دانوستانەکە بەتەواوی بە فێڵکردن دەورە دراوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شەرمێکی گەورەیە و تۆش دەزانی کە چۆن پاداشتیان دەدەیتەوە.

### ئامادەکارییەکان

دوو دەستەواژەی زۆر گرینگ هەن کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن لە ئامادەکاری دانوستاندا.

فاکتەرە سەرەکییەکان کە شێوازی دانوستانی دانوستکارەکانی پێ نەخشە دەکێشرێت ئەوانەی خوارەوەن.

١- نرخی کات

٢- نرخی دانوستکارەکان.

دانوستکارەکان وەکو داهێنەر لە بەرچاو دەگیرێن، ئەگەرچی ئەوان هونەرمەندیشن. وەکو دەرکەوتووە دانوستکارەکان زۆر بەکەمی گرینگی بە ئامادەکاری دانوستان دەدەن. لە راستیدا، هەندێکیان هەر هیچ ئامادەکارییەک ناکەن ئەگەرچی پێویستە بکرێت. قسەکردن و زمان پاراوی

پێویستە بۆ هەر فیلێکی پێشبینیکراو. "دانوستکارەکان زۆربەیان گرینگی بە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بابەتە دانوستکاریەکە نادەن کە ئەوانیش لە نێوان خوێندنەوەی بابەت و پلان و ستراتیجییەتە بۆ بابەتەکە." هەر چۆنێک بێ، ئەم جۆرە کردارە لە دانوستاندا وا لە گرووپە دانوستکارەکان دەکات کە نەزانن سەبارەت بەچی مامەڵە دەکەن، بەڵام ئەوە دەزانن کە هەریەکەیان پلانێکی ئاڵۆزی لە بەردەستدایە بۆ سەرکەوتن کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاکامی باشی لێ دەکەوێتەوە.

**پاراستنی نهێنیی ناونیشان:**

لە دانوستاندا مەترسی زۆر هەن کە کەوتنی کتوپڕی لێ دەکەوێتەوە بۆیە دانوستکار نابێ خاڵی لاواز لە لیستەکەی تۆمار بکا بەرلەوەی جێگەی نووستنەکەی بەجێ بهێڵێت. ئەگەر هەر یەکێک بزانێ کە تۆ چی لەبەر دەکەی بۆ ڕۆژی دانوستانەکەت ئەوا لەوانەیە زۆر بەخراپ بەسەرتدا بشکێتەوە.

**ڕەچاوکردنی خواردنی پێشکێشکراو:**

پڕژاندنی هەستەکان بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداری دانوستاندنەکان دەکەن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێڕوانینەکان. لەو نێوەندەدا ئەو گرینگە کە تۆ هەڵەکان لەدەست نەدەیت یان خراپی بکەیت و یانیش بیخەیتە بەردەم بەرامبەرەکەت. لە هەموو جۆرە دانوستانێکدا پێویستە تێڕوانینی تیژ بدرێت بە بابەتی دانوستانەکە لە ماوەی ٢٠ دەقیقەدا. دانوستکار پێویستە لە ماوەی ٢٠دەقیقەدا ڕەچاوی خواستەکان بکا و ئەوانی تریش لە شوێنی خۆی بەجێ بهێڵرێت. هەرچۆنێک بێ، دانیشتنە دانوستکارییەکان پێویستە بەژەمێکی بەیانیانی گەورە لە کافتریایەک دەست پێ بکا. لەگەڵ ئەوەشدا، دانوستکار پێویستە داوای سەلاتەی پەنیری بزن و بوتڵێکی ئاوی کانزایی بکا. هەروەها بۆ کۆنفرانسێکی یەک سەعاتی لە ئێوارەیەکی سێشەمەدا، دانوستکار پێویستی بە قۆرییەک چا و سێ پارچە کێکی "گاری بۆڵدی" هەیە.

**پشکنینی شوێنەکە:**

تەنیا سێ خاڵی سەرەکی هەن کە پێویستە بزانرێت سەبارەت بە پشکنینی شوێنەکە:

١- هەڵکەوتنی شوێنەکە گرینگ نییە، چونکە دەتوانی بدۆزیتەوە بە تێپەڕبوونی کات.

٢- لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانەیە بۆ تێگەیشتن لە مانای ڕاکردن. دانان و ڕێکخستنی دۆلاب بەشێوەیەکی مەبەستدار ڕەنگدانەوەی جوانی نابێ. بەهەمان شێوە ئەگەر هاتو ئەو شوێنە ئۆفیسی خۆت بوو، ئەوا بەهەمان شێوە تۆش بە جوانی دەرناکەویت کاتێک کە بەجێی دەهێڵی.

٣- شتێکی زۆر گرینگە لە ڕاستی مەبەستی ئەو کەسانە بگەیت کە دەڵێن "ئەمە ژووری خۆمە. خێرابە سەبارەت بەم چەمکە بێ مانایە، ئەگەر چی تۆ بە تەواوی لە مەبەستی ئەوان دڵنیا

نیت. ئەمە ئامۆژگارییە بەڵام زۆرگرینگ نییە کە بیگۆڕیت. تۆ ڕادێیت لەگەڵ ئەو جۆرە تیۆرییە درێژانە بەشێوەیەکی باش وەکو گەیشتنێکی ناوازە وەکو " پارەنەدانێکی پەی نەبراو " کە یەکانگیرە لەگەڵ لیستی پارەدان بەشێوەیەکی جوان.

هەرچۆنێک بێ، پرسیارکردن سەبارەت بە مانای "خاوەنداری پارەنەدانەکە" زۆر بە جوانی دەرناکەوێ، لەبەر ئەمە ئەو جۆرە پرسیارانە کەشێکی نەخوازراو دەدات بە کەسی پرسیارکەر. ئەگەر هاتوو تووشی بارێک هاتی بۆ سەلماندن و روونکردنەوە لەبارەی ستراتیجییەتی پرسیارکردنەکە بۆ ئەوەی لە کوێ بڕیارەکانت دەدەیت، ئەوا وەڵامەکەی بشارەوە و پەرژینی بکە بەشێوەیەکی مەجازی بۆ ئەوەی شوێنی خۆت دیاری بکەیت وەکو دانووستکارێکی دەقکراو. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەواژەی "خاوەنداری پارەنەدانەکە" بەشێوەیەکی گشتی لە هەریەکە لە ڕێنوێنییەکانی دانوستان دەرناکەون کە ئەمە بەشێکێتی.

**پلانی وێناکردنەکانت:**

وێناکردن هەموو شتێک نییە، بەڵام ئەگەر هاتو تۆ هیچ شتێکت بۆ جێگرتنەوەی پێ نەبوو، ئەوا لەم نێوەندەدا وێناکردن هەموو شتێکە. تۆ دەتوانی بەجۆرێک بیر لە بابەتێک بکەیتەوە ئەگەر هاتوو هیچ پێشخانێکت لەبارەیەوە نەبوو، ئەوە مانای وایە کە هیچ خاڵێک نییە بۆ دوورخستنەوە لە بوون بە پسپۆڕ. ئەمە پرۆپۆزەڵێکی لۆجیکییە کە سەنگێکی بچووکت پێ دەدا. دانوستکاری پسپۆڕ ئەو دانوستکارەیە کە هەرگیز ناگیرێت.. ڕاستییەکە ئەوەیە کە تۆ هەڵبژاردنت لە بەردەمدایە کە بەجۆرێک دەتوانی بەشێوەیەکی پسپۆڕییانە یان نەزانی ڕەفتار لەگەڵ بابەتەکەدا بکەیت. ئەگەر هاتو گومانت هەبوو، ئەوا سەیری ئەوانی تر بکە بەجۆرێک خۆت بەدوور بگرە لە زانینی هەموو شتێک یان کەمتر بە لە خۆ بەخوازانین. دەستپێکی باش بەدەست دێت، ئەگە هاتو توانیت کەشێکی ئارام دروست بکەیت. ئەگەر هاتو بارە زۆر خوازراو بوو بۆ ئەو شتە، ئەوا هەر هیچ نەبێ بکۆکە و هەڵبستە بۆ ئەوەی گرژی دەموچاوت لابەریت و متمانە بەخۆت بکەیت و لەبەرئەوە متمانە بەخۆبوون کلیلی هەموو شتێکە. هەرچۆنێک بێ، بەرامبەرەکانت لە دەرەوە هەوڵ دەدەن کە هەڵسەنگاندنت بۆ بکەن و بڕیارت لەسەر بدەن ئاخۆ تۆ دانوستکارێکی زیرەک و شارەزا بوویت یان دانوستکارێکی بێ ئەزموون بوویت. ئەگەر هاتو ویستت فێڵ بکەیت ئەوا دەبێ ئەزموونێکی باشت لە فێڵکردن لە دانوستاندا هەبێ.

**ووردبوونەوە لە بەرامبەرەکەت:**

ئەگەر هاتوو توانیت هەڵسەنگاندێکی گشتگیر سەبارەت بە بەرامبەرەکەت بکەیت پێش دەستپێکردنی دانوستان و ئەوا کارێکی زۆر باشە، ئەگەر نا ئەو کارە بکە لەو کاتەی کە ڕووبەڕوویان دەبییەوە. لەو کاتەی کە بەرامبەرەکەت هەڵت دەسەنگێنێ، ئەوا تۆش دەبێ وەکو ئەوان هەڵسەنگاندن بکەیت. ئەگەر ویستت ئۆتۆمۆبێلێک لە کەسێکی تر بکڕییەوە، ئەوا دەبێ

بیرکردنەوەیەکی روونت هەبێ کەچی پێشنیاز دەکەیت. هەروەها، ئەگەر هاتو ویستت خاوەکەت بفرۆشی ئەوا دەبێ هەڵسەنگاندنی باشی بۆ بکەیت.

**زانینی بابەت:**

هەبوونی زانیاری سەبارەت بە بابەتی دانوستانەکە شتێکی باشە. لەلایەکی تر زۆربەی دانوستکارەکان لە هەموو شێوازەکاندا خۆیان بە دوور دەگرن لە هەڵسەنگاندنی زیاتری بنەما سەرەکییەکانی راستیی بابەتەکان، کە لەوانەیە کپکردن یان شێواندنی راستی بابەتەکەی لێ بکەوێتەوە. پیاهەڵدانی تیژبڕانە وا لە دانوستکار دەکات کەوا لێکۆڵینەوەی بابەتەکەی سنووردار بکا و لە دەوری یەک خاڵی سەرەکی بابەتەکە بخولێتەوە و وایان لێ دەکات کە تێڕوانینەکانیان لە دەوری یەک پرسیار بێ، ئاخۆ ئەمە شتێکی گرینگە؟ چەمکی بەها شتێکی زۆر ئاڵۆزە کە لێڵاویترە بە بەراورد لە تێگەیشتنی دانوستان، بۆ نموونە دوو خانوو لەوانەیە هەمان بەهایان هەبێ ئەوەش لەبەر هەڵکەوتنی شوێنەکانیان، بەڵام بەداخەوە تۆ ناتوانیت بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە مامەڵە بکەیت بەبێ زانینی بەهای پێکهاتەکە. بۆ خراپترکردنی بابەتەکان، بەها پێویستە جیا بکریتەوە لە بەهاکانی تردا. هەرچۆنێک بێ، دانوستکار پێویستە رەچاوی شتە بێ بەهاکان بکا کە ئاماژەی پێ کراوە لە هەڵسەنگاندن و بنیاتنانی بەهاکان لەسەر بنەمای گریمانە، بۆیە ئەو فێڵە پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە بە مەبەستی جیاکردنەوەی شتە بە بەهاکان و شتە بێ بەهاکان.

**نرخدانان بۆ هەڵسەنگاندنەکانت:**

دانوستکار پێویستە ئەو شتانە دەسنیشان بکا و هەڵیان سەنگێنێ کە دەبنە مایەی رەخنەگرتن لە پلاندانانەکەی دا." دانووستکار زۆر سوودمەند دەبێت ئەگەر توانی هەندێک لەو شتانە پێشکێشیان بکا کە هیچی تێ ناچێ بەڵام، نرخیان دەبێ بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هاوکارەکانیان." باشترین نموونە بۆ بایەخی ئەو بەها دانانە ئەویش "کاتە". هەرچۆنێک بێ، لێزانی و توانایی لە خێراییی گەیاندنی بەشێک لە مامەڵەکان ئەوا بێ شک ئەو کارە نرخی خۆی دەبێ، ئەگەرچی لە بنەرەتدا وا زانراوە ئەنجامدانی کار بەشێوەیەکی لەسەرخۆ ئاکامی باشی دەبێ. دانوستکار دەبێ بەجۆرێک مامەڵە لەسەر شتە جیاوازەکان بکا لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەو شتانە هەندێکی لەژێر دەستیدایە ئەوانی تر لە کۆنترۆڵی ئەو بەدەرن چونکە ئەو تێڕوانینە کارەکانت بۆ ئاسان دەکات بۆیە دەبێ هەوڵ بدەیت کە جارێ دانوستان لەسەر ئەو شتانە بکەیت کە لەژێر کۆنترۆڵی تۆ دان بۆیە تۆ دەتوانیت ئەو بوارە ناو بنێت بە شتی "کۆنترۆڵکراو "، ئەگەرچی ئەو دەستەواژەیە پر بە پێستی خۆی نییە، بەڵام ئەمە شتێکی خوازراوە کە تۆ ناتوانیت بە هەڵە چنینی بۆ بکەیت. شتێکی زۆر سەیرە کە دانوستکاری وا هەن کە مامەڵە لەسەر هەندێ شتی ناوماڵ دەکەن کە موڵکی ئەوان نین لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان ناتوانن ئیش بکەن و پارە پەیدا بکەن و خزمەت پێشکێش بکەن. هەرچۆنێک بێ، تۆ دەتوانی جۆرەها بەڵێن بدەیت و بڵێت "رۆژ لە نیوەی

شەو هەڵدێت، بەڵام ئەوانە فێڵ و تەڵەکەن ".

**هزری کۆتاییهێنانی دانوستان:**

شتێکی زۆر باشە ئەگەر هاتو هزری وێناکردنت هەبێ بۆ چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە دانوستاندن. بۆ ئەو کارە پرسیار لە خۆت بکە، چۆن دانوستان کۆتاییی پێ دێت؟ ئاخۆ چۆن دەردەکەوێ؟ ئاخۆ وەکو خواردنەوەی ڤۆدگا یان تۆنیک دەبێ؟ بەڵام شتی تر هەن کە پێویستە بە پلەی یەک ڕەچاوی بکەین بۆ نموونە:

* پلەی زۆرترین: هەموو ئەو شتانەی کە تۆ حەزی لێ دەکەیت، ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت بێ هیوا بوو لە ڕێگەپێدانی.

* پلەی کەمترین : تۆ پێویستە لە کۆتاییدا چی بکەیت ئەگەر هاتو دانوستانەکە سەری گرت و گەیشتیت بەوەی کە دەتویست.

* ئاستی تەواوەتی: پارچە زەوییەکی بچووک کەوتووەتە نێوان سەروو کە دانوستکارە بەتواناکان تێیدا دەژین.

ناوانی "ئاستی تەواوەتی" زۆر گرینگە لە بەرئەوەی زۆربەی دانوستانەکان لەو کاتەی دەکەونە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو شتی هەستیار و پاشان دانوستانەکانیان کۆتایی پێ دەهێنن بە گەیشتن بە ئاستێکی تەواو، بەڵام نەک هەمووی. لە ڕاستیدا، بۆ هەموو بەشێکی گۆڕاو لە هەموو شتە گواستراوەکان ئەوا "ئاستێکی تەواو" هەیە. هەرچۆنێک بێ، دیاریکردنی سەرچاوەی گۆڕانەکە تەنیا بەس نییە لە دانوستانەکەدا، بەڵام تۆ پێویستە پێناسەی "پلەی گەیشتنەکە" بکەی لە هەر بارێکی گۆڕان دایە، بۆ نموونە بەر لە پێگوتنی بۆریچییەک لەبارەی گرتنی کونی بۆڕییەک، ئەوا دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە مانگی داهاتوو لە پێش پێگوتنی بۆریچییەک سەبارەت بە گرتنی کونی بۆڕییەک، ئەوە دەبێ تۆ ئەوە لە بەرچاو بگریت کەوا مانگی داهاتوو کاتی کەوتن نییە لەو کاتەی دەگەیت بە پلەی پێگەیشتن.

پێویستە هەموو بەشەکان لە بەرچاو بگیرێن. شیاوترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە ڕاستی لە دانوستاندا ئەوا بەم شێوەیە دەبێ:

"دانانی پلانی دانوستان و دانوستکاران لەسەر بنەمای پلانی ستراتیجیی خۆت". بۆ ئەو مەبەستە، دوو هۆکار هەن کە تۆ دەبێ زۆرینەکان لە یەکتر جیا بکەیتەوە.

١- تۆ هەرگیز گۆێت لێ نەبووە

٢- تۆ گوێت لێ بووە، بەڵام نەتخستووەتە بواری پلاندانانەوە.

هەر فێڵێک کە دەکەوێتە سەر یەکێک لەو خاڵانەی سەرەوە، ئەوا دەبێ هێڵێکی فەلسەفی لە خۆ بگرێت (لە هەر یەکێک لەو هێڵانەی کە وشەی فەلسەفیی لە خۆ گرتووە) بۆ نموونە " فەلسەفەی من

ئەوەیە کە دەبێ هزرێکی کراوەم هەبێ".

**بوونی بیرێکی کراوە:**

دانوستکار دەتوانێ پلان دابڕێژێت لەبارەی چۆنیەتیی گەیشتن بە کۆتاییهێنان بە دانوستان. لە هەمان کاتدا، ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت هەمان بیرۆکەی تۆی هەبوو، ئەوا تۆ هەلێکی سادەی ترت هەیە بۆ ئەو بوارە، ئەویش بە جوولانی سەر بۆ بەمەبەستی خزاندنی ئەو بۆ بارێکی تەمومژاوی و ناجێگیری لە تێگەیشتندا.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر هاتو تۆ هیچ شتێکت نەبوو لەوەی کە دەتەوێ بە دەستی بێنی، ئەوا تۆ دەتوانی بە تەنیا رای بگەیەنی کەوا خاوەن هزرێکی کراوەی. بەم شێوەیە تۆ دەتوانی مەبەستەکەت بگەیەنی. ئەم جۆرە رەفتارە وا دەکات کە تۆ پشت بە بەهرەکانت ببەستی لە کاتی سەلماندن یان چەسپاندنیان. ئەگەر هاتو ئەم جۆرە بەهرانەت نەبێ ئەوا تۆ بەردەوام لە ئاوابووندا دەبی.

**نووسینەوەی تێبینییەکان:**

هەموو دانووستکارێک دەزانێ دەستەواژەی "تێگەیشتن راستییە" چییە و هەندێکی تریش ماناکەی دەزانن. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کاریگەرە بە هێنانی تێبینییەکان بۆ ژووری دانوستان. ئەو تێبینییانەی کە لە بەردەستدان مەرج نییە ببن بە شتێگی کاریگەر لە ژێر دەستی دانوستکاردا. ئەوانە هەندێک مەفهوم دەدەن بۆ ئامادەکردنی هەندێ شت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار گەورەکردنەوەی شتەکان بۆ دوو هێندەی خۆی دەتوانرێ دەربڕینی باش بنێتەوە.

هەرچۆنێک بێ، ئەمە زۆر گرینگە کاتێک هەر جۆرە نووسراوێک بەدەستەوە دەگریت پێویست ناکات تەماشایان بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ بەتەواوی ئامادەی یان ماوتە، بەڵام ئەمە ئەوەندە گرینگ نییە لەوەی تۆ وا دیار بیت کە ئامادەکراویت. لە هەموو بوارەکاندا چاوێک بەتێبینییەکانیدا بخشێنەوە وەکو ئەوەی تەرکیز لە دەست بدەیت و چاوت لە سەر مێزەکە لابەریت. ئەو جۆرە رەفتارە وەکو کەسێکی نەشارەزا و خراپ و ماندوو لە بەرامبەرەکەت نیشان دەدات و بەرامبەرەکەشت نووکی قەڵەمەکەی تیژ دەکاتەوە.

## سەرەتا

دانوستکاری فێڵباز بەجۆرێک دڵخۆش دەبن ئەگەر هاتو زانییان کە دانوستانەکە هیچ بنەمایەکی پێشبینیکراوی نییە. زۆربەی دانوستکارەکان لەوانەیە بەمە دڵخۆش بن، بەڵام کەمێکیان نەبێ کە زانیاریی تەواویان لەو بارەیەوە هەیە. هەرچۆنێک بێ، ئەو جۆرە پێشبینیکردنە بە فاکتەرێکی باش هەژمار کرێت بۆ وێناکردنی تەواوی ستراتیجییەتی دانوستانەکە لە داهاتوودا. هەروەها ئەو وێناکردنە دەتوانرێ یارمەتی دانوستکار بدا بۆ ئەوەی بزانێ کەی دانوستانەکە دەست پێ دەکات

و چ روو دەدا لە داهاتوودا. لەو کاتەی کە بابەتی دانوستاندنەکە فۆرمی جیا جیا بەخۆیانەوە دەبینن ئەوا دانوستکار تێ دەگات کە چی کراوە لە سەدەکانی رابردوودا. ئەگەر هاتوو دانوستکار لە یەکێک لەو بەهرانە بەدەربێ یان پلانی ئەوتۆی نەبێ ئەوا لە دواییدا لە هۆکاری کەوتنەکەی دەگات دانوستکار دەبێ تاکتیکی جۆراوجۆر بێنێتە ناو کایەی بڕیاردانەکانی بۆ ئەوەی وا لە دانوستکار بکا ببێت بە کەسێکی لێزان و شارەزا. ئەگەر هاتو کەشەکە بەم جۆرە بۆت گونجا ئەوا هەوڵ مەدە کە باڵ بگریت، چونکە ئەو جۆرە قسانە بەرگێکی خراپ بۆ پسپۆڕی دروست دەکات.

**نیشاندان:**

دانوستکاری تازەپێگەیشتوو لەوانەیە کەمێک سەری سوڕ بمێنێ لەوەی دەبێ چەند کات بەسەر ببات پێش ئەوەی شتە مانادارەکان دەست پێ بکەن. ئەو جۆرە هەڵوێستە بە جوانییەکی سادە بەسەریدا دەشکێتەوە.

١- نیشاندانی سەرەتایی:

بۆ وەرگرتنی هەڵوێست ئێستاش درەنگ نەکەوتووە. ئەگەر هاتو هەڵوێستەکانت جێی خۆیان نەگرت یان ڕێگرییان لێ کرا (ئەوا پاشی هەموو ئەو ڕێگرییانە ئەوا بە تاوانێکی ئاینی هەژمار ناکرێ). باشترین جۆری وەرگرتنی هەڵوێستی زوو لە بەرگریکردنێکی مانادار خۆی دەدۆزیتەوە، بەڵام دانوستکاری فێڵباز هەڵوێستی کورت وەردەگرن بۆ بەرگریکردنێکی بێ مانا.

٢- ئەجندای دانوستاندن:

ئەگەر هاتو یەکێک ناوەڕۆکی دانوستانەکەی خۆی پێشکێش کرد ئەگەرچی ئەو کەسە تۆش بیت، ئەوا چی دەکەیت ئەگەر هاتو ناوەڕۆکەکەی بەخراپە دەرکەوت، ئەگەرچی ناوەڕۆکی دانوستان خۆی لەخۆیدا چالاکییەکی باشە. لە کاتێکدا بەشێوەیەکی یەکسان وەلانانی ئەجێندای دانوستان چ لەلایەن دانوستکاری بەهرەمەند یان فێڵباز شتێکی حسێب بۆ نەکراوە.. ئەگەر چی تۆ دەتوانیت بگەی بە مەشقکردنێکی مانادار یان هەستکردنێکی زوو پێش دەستپێکردنی دانوستان بەشێوەیەک کە زانیارییەکی باشت هەیە سەبارەت بەبابەتی دانوستاندنەکە ئەگەرچی بابەتەکە هەرچییەک بێ.

"بەمەبەستی پاراستنی ئەو پێکهاتەیە، ئەوا ئێمە دەتوانین کات بەرهەم بهێنین". بەکارنەهێنانی کات بەشێوەیەکی جوان سەبارەت بە پێکهاتە شێوازی دانوستانەکە، ئەوا وا لە دانوستکارە فێلبازەکە دەکات کە درێژە بە کۆبوونەوەکە بدا و بەرەو ئاقارێکی تری ببات. هەروەها، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لەوانەیە ببێ بە پیشەیەک لەلایەن گرووپە دانوستکارەکان. ئەگەر هاتو دانووستکاران چاودێری کرا لەلایەن بەرپرسەکانیانەوە، ئەوا دەتوانێ ئەو حاڵەتەیان پێ بڵێ لەسەر بنەمای هونەری کۆبوونەوە. لەگەڵ ئەوشدا، ئەگەر هاتوو دانوستکار دەستی کرد

بەنووسینەوەی ناوەڕۆکی بابەتی دانوستکارییەکە کە بەشێوەیەک کارەکە رەخنەگرانە بوو، ئەوا دەبێ پاڵپشتی بێ شوماری کەسانی تر بەدەست بهێنێ.

٣- بنیاتنانی پێگەی هێز:

زۆربەی دانوستکارە سادەکان دەبنە قوربانیی دەستی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتێکی تەواویان نییە لە بەجێهێنانی بڕیارەکان. ئەو کەسانەی کە شتەکان زیاتر لە قەوارەی خۆیان گەورەتر دەکەن، ئەوا فێڵ و تەڵەکەکانیان دەگۆڕن لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر کە بەجۆرێک بەرەو ئاقارێکی هەڵەیاندا دەبەن. هەرچۆنێک بێ، تۆ بەر لەوەی رێگە بە خۆت بدەیت بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی رەها، ئەوا بۆ تۆ زۆر باش دەبێت ئەگەر بێتو دامەزراو بیت، لەبەرئەوە ئەوەی بەرامبەرت دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی بەئاسانی بگرێت. هەرچۆنێک بێ، باشترین کەس ئەوەیە کە دانوستانی لەگەڵدا بکەیت ئەوەیش پیاوە (یان دەتوانرێ ئافرەتیش بێت) لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کەسانە پارە و دەسەڵاتیان هەیە.

٤- هونەری قسەکردن:

جیاوازی نێوان شێوازی قسەکردنی فەرمی و هەرەمەکی پشت دەبەستێ بە دەقی نووسراوەکە. هەرچۆنێک بێ، لە بازنەی دانوستاندا شتێکی باش دەبێ ئەگەر بێتو خاسیەتەکانی قسەکردنی هەرەمەکی بە کەسی دانوستکار تێپەڕ ببێ وەکو شێوازی قسەکردنی فەرمی. ئەم شێوازە جۆرێکە لە نیشاندانی رێزگرتنی بەرامبەر، کەوا لە کەسی دانوستکار دەکات بۆ ئەوەی بێتەوە سەر مێزی دانوستاندن. هەرچۆنێک بێ، لە هەندێ حاڵەتی ناوازەی دانوستاندا کەسی دانوستکار دەیەوێت خۆی لە هەندێ جۆری گفتوگۆکردن لابدا، بۆ نموونە تۆ دەتەوێ وا لە کۆمەڵێک کەسی مەشق پێکراو بکەیت کەوا نەبوونی راهێنانی شێوازی ئاخاوتن هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەی شتە لە دەستچووەکان بۆیە لەو حاڵەتە باشتر وایە بەشێوازێکی نافەرمی دانوستان بکرێ.

هونەری قسەکردنی تەواو وشەیەکە پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە لە نووسینەکاندا و هەروەها چەکێکیشە بۆ نیشانەگرتن لە هەر خاڵێک کە تێی ناگەیت. لەگەڵ ئەوەشدا، من دەمەوێت ئامۆژگاری بە دانانی حاڵەتی هەڵبژاردن بۆ ئەو وشانەی کە بەشێوەیەکی زۆر ژیرانە دابەش بوون بەسەر دوو ماناداد. هەندێک لەو وشانە بەشێوەیەکی مەبەستدار بەکار هاتوون بەشێوەیەکی جوان ماناکان دەبڕن بەسەر هەموو شتەکاندا، بۆیە من دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم کە هەر شێوازێک کە قسەی پێ دەکەیت ئەوا دەزانرێت ئاخۆ هونەری قسەکردنەکە رەوانبێژییە یان سیمانتیکییە. لەگەڵ ئەوەشدا، دانوستکاری فێڵباز لەزەت دەبینێ لە بەکارهێنانی زاراوەی رەوانبێژی و سیمانتیک لە دانوستانیدا بەبێ ئەوەی مانای هەر یەکێکیان بە تەواوەتی بزانێ.

٥- لابردنی وشەی لاتینی:

لاتین میوانێکی ئێسکسووکە لە هەموو دانوستانەکاندا، وەکو ئەوەی کە گوتراوە کە کەشی

دانوستانەکە زۆر بەنرختر دەبێت ئەگەر هاتو قاوە و باستری لەگەڵ پێشکێش بکرێت، هەرچەندە لەوانەیە کەسانێک هەبن بڵێن قاوەی کاپاچینیۆی ئیتاڵی هەرگیز ناگونجێ لەگەڵ خۆخی گەرمی دانیمارکی. هەروەها قسەیەکی تر هەیە کە دەڵێ "Caveat Emptor"، واتە (لێ گەرێ با کڕیار وشیار بیت) کە لەوانەیە رێگریی لێ بکرێت لە کرینی هەموو لاتینە باشەکان کە هەموویان باشن. دانوستکاری فێڵباز پێویستە ئەو شتانە بدرکێنێ بەبێ هیچ دوودڵییەک، ئەگەرچی بزانێ کە بنچینەی راستەقینەی لاتین بەئاسانی دەست دەکەوێت. لە راستیدا بنچینەی لاتینی راستەقینە لە سروشتدا بە ئاسانی دەست ناکەوێ لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەتەوێت هەر هیچ نەبێ دانەیەکیانت دەست بکەوێ، بەلام تۆ پێویستە هەندێکیان کۆ بکەیتەوە. هەروەها، ئێمە هانی دانوستکارەکان دەدەین بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "Res Ipsa Loquitor and Quad Erat Demonstratum"، کە مانای" بە ئازادی دەربڕینی هەر سەرنجێک کە تۆ حەزی پێ دەکەیت". ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ بەکارهێنانی "Aha, gotcha"بە مانای"گرتن یان دۆزینەوەی شتێ دێت، بەلام لێرە هیچ مانا نادات.

٦- تۆمارکردنی خاڵ:

دانوستان نرخی نابێ وەکو یاریی تێنس بەبێ تۆمارکردنی خاڵ، بەلام لەڕاستیدا دانوستاندن لەوانەیە جیاواز بێ لەگەڵ تێنس. هەرچۆنێک بێت، تێنس پێویستی بە بەهرە و خێرایی زۆر هەیە، بۆیە کەمی توانا مانای وایە تۆ بێ پاڵپشت دەمێنییەوە بۆیە دەبێ شۆرتی کورت لەبەر بکەیت. لە هەمان کاتدا، بوونی شارەزایی گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە دانوستاندا، بۆیە هەبوونی متمانەیەکی بەهێز کاریگەری زۆری دەبێ بەجۆرێک وا لە بەرامبەرەکەت دەگەیەنێ کەوا تۆ بەئاسانی نابەزیت، بۆیە ئەمە تەواو پێچەوانەی یاری تێنسە کە داوات لێ ناکات شۆرتی کورت لەبەر بکەیت. ئەگەر هاتو ئەو شتە رووی دا، ئەوا دڵنیا بە کە دانوستانەکە شتێکی ماتریاڵی و پچڕ پچڕ بووە.

٧- رەفتاری دڵسۆزانە:

تۆ دەتوانی بڕوا بە خۆت بهێنی کە بەرامبەرەکەت بە دڵسۆزییەوە رەفتار دەکات بەجۆرێک دەیەوێت بگەنە رێککەوتنێک سەبارەت بەدەستەواژە هەستیارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ دەتوانی ئەو باوەڕە ئەدا بکەی کە کەروێشکە ماڵییەکەت "ئەندرۆ" روحی " Joan of Arc." کە (پاڵەوانێک و قەدیسێکی فرەنسییە) بەپێچەوانەوە، تۆ دەتوانی بوار بە خۆت بدەیت بۆ ماوەیەک دوور بیت لە رەشبینی بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت ببینی بەشێوەیەکی رێک هەڵسوکەوت دەکات بەبێ هیچ سانسۆرێک، چونکە ئەوە یارمەتیت دەدا بۆ ئەوەی زیاتر دامەزراو بیت.

٨- سوتاندنی ئاگەدارکردنەوە سەرەتاییەکان:

شتێکی زۆر باشە ئەگەر هاتو دانوستکار توانی ئەو شەپۆلە سەرەتاییە نەرێنییانە لە هزری

خـۆی بسـڕێتـەوە سـەبارەت بـە هـەڵوێسـتی بەرامـبـەرەکـەی. هەرچۆنێک بێ، ئەم هـەڵوێسـتـە بەشێوەیەکی باش دادەنرێ لە سـەرەتادا. بەشێوەیەکی گشتی نیشـانەی ئاگەدارییە نەرێنییەکان پێک دێت لە شـەپۆلی کورت و نادیار بۆ نموونە :چ جـۆرە رێگەیەکە بۆ دەسـتپێکردنی کۆبوونەوە؟ ئەگەر بێتو دانوستکار بگات بەم ئاستە ئەوا دەبێتە کەسێکی نادڵسۆز کە ئێمە ناتوانین متمانەی پێ بکەین.

بەشێوەیەکی تر "من زۆر لێی بێ هیوام"

هەرچۆنێک بێ، دانوستکار دەبێ خۆی بەدوور بگرێت لە شەپۆلە ئاگەدارکراوە سەرەتاییەکان و دەرخستنیان یان خراپکردنیان لـە هەموو بوارێکدا. بیـهێنە بەرچاوی خـۆت دەبێ چەند باج بدەیت لە ئەنجامی بە هەڵە لێکدانەوەی هەستە سەرەتاییەکان بەرامبەر هەڵسوکەوتی کەسانی بەرامبەر.

٩- بوون بە کەسێکی ناوزڕاو:

شـتـێکی یەکـجـار قورسـە کـە بیـر لەوە بکـەیتـەوە کـە ببـیت بـەکـەسـێکی ناوزڕاو لە سـۆنگەی دانوسـتکاریدا لەبـەر چەند هۆیەکی سـەرەکی لەگـەڵ ئەوەشـدا تۆ نابێ نیگەران بیت سـەبارەت بە بوون بە دانوستکارێکی ناوزڕاو لە دانوسـتاندا. دانوستکار پێویستە ببێت بە ناوزڕاو بەمەبەستی دڵنیـابوون نەک تۆڵەسـەندنەوە. دانوسـتکار دەبێ هەوڵ بدا خـۆ لە ریسکەکـان بدا کـە ئەوەش ناوزڕاندن نییـە، لە هەمان کاتیشـدا، شتێکی ناشـرینش نییە، بەڵام شـتێکی ئاگەدارکەرەوەش نییە کـە خـواسـتی کـاریگەربوونی هـەبێت. ئەگـەر تۆ بانگی بەرامـبـەرەکـەت بکەیت لەسـەر بنـەمـای "ئازارێکی ژەهراوی لە دانوستانەکانی مۆسۆلۆنی "، ئەوا ئەو کات بەرامبەرەکەت نەرمی دەنوێنی و پیات هەڵدەدا.

١٠- سەرنجڕاکێشان:

ئەگەر توانیت بۆ مـاوەی زیاتر لە دوو چرکە سـەرەنجی دەورووبەرەکەت بۆ خۆی رابکێشێت بەبێ بچڕان و سڵکردنەوەیەک، ئەوا ئەو کات دەتوانی شـانازی بە خۆتەوە بکـەیت (باشـتر دەبیت ئەگـەر بچیت شـتێک بخـۆیتـەوە) لـەو ژوورەکـەی خـۆت. ئەوە بابەتێکە کە دانوسـتکار دەتوانێ بەتەواوەتی سوودی لێ ببینێت. ئەو سیمینارانەی کە پێشکێشی دەکەیت بۆ ئەوەیە کە توانا و کۆنترۆڵی خۆتی تێدا بدۆزیتـەوە. گرینگترین شت کە تۆ پێویستـە لە سـەرنجڕاکێشانی ئەوانی تر بزانیت، ئەوەیە چۆن بەرپەرچ دەدەیتـەوە، بەڵام بـەشـێـوەیەکی گـشـتی تۆ ئەو شـتـە نازانیت. سـەرەنجـڕاکـێشـان شـتێکی بێ زیانە و بە تەواویش هـێنانەدیشی بێ مانایە و باشـترین شتیشـە کە وەڵا نراوە. ئەگـەر تۆ بتـەوێ وەڵام بدەیتـەوە، ئەوا هەوڵ بدە بڵێ "داوای لێـبـووردن دەکـەم"، بـەڵام تۆ رێگە بـە خـۆت دەدەیت هەموو کاتێک ئەوە دووبارە بکەیتەوە؟

**فێربوون:**

خاڵێک هەیە کە دانوستکار دەبێ دەستی پێ بگات لەو کاتەی هەموو ئەو نواندن و خۆنیشاندان و قسانە کۆتاییيان پێ دێت. ئەگەر هاتو وەکو هەموو دانوستکارەکانی تر ئەوەت بەدەست هێنا، ئەوا بە توانایی و لێهاتوویی تۆ نیشان دەدات، پاشان لەو خاڵەوە بەرەو دواوە رێ دەکەی. تۆ لەوانەیە هیچ زانیارییەکت نەبێ سەبارەت بە لە کاتی گەیشتن بەو کاتەی کە نابێ چیی تر خۆ نواندنی تێدا نەکرێت، ئەوە کێشە نییە ئەگەر کەمێکیش درێژەت بەو یارییە دا. هەرچۆنێک بێت، ئەو حاڵەتە وەکو هەموو حاڵەتەکانی تری ژیان وەکو ئەوە وایە کە تۆ لە شوێنێکی هەڵەی وەستانی تاکسی وەستا بیت یان هەندێ جار بەرپرسەکەت خۆشی لێت نایە و تۆش بەمە دەزانیت.

١- دۆزینەوەی سەرچاوەی شتەکان:

دانوستکارەکان بە پەرۆشەوەن بۆ ئەوەی لە مانای تەواوی بابەتی دانوستکاریەکە تێ بگەن، بۆ ئەوەی وێنەیەک بۆ بابەتەکە لە هزری خۆی دروست بکا. هەرچۆنێک بێ، لە ئەنجامی ئەو گرینگیدانەی بۆ دۆزینەوەی شتە شاراوەکان، ئەوا لەوانەیە بەرامبەرەکەت شتانێکت پێ بڵێ کە تۆ دەرکت پێ نەکردبێت. لەم قۆناخەدا دانوستکار پێویستە بە تەواوەتی هەڵوەستە لەسەر خودی بابەتەکە بکا و ئاماژە بەو شتانە بدا کە لەگەڵیدا پەیدا دەبن.

٢- گوێگرتن:

بواری دانوستان هەر لە ئێستاوە سەرەداوی زۆر دەداتە دانوستکار لەبارەی بەهرەی گفتۆکردندا. لەو کاتەی دانوستکار دڵنیا دەبێ لەبارەی تەکنیکی بیرکردنەوە، ئەوا ئەو دەتوانێ ئەو بەهرەیە بە نموونە بهێنێتەوە بۆ فێربوونی هونەری گوێگرتن. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ دەتوانی ئاماژە بەو شتانە بکەیت کە بەرامبەرەکەت کەمتر بایەخی پێ دەدەن و گوێی لێ دەگرن، بەڵام تۆ دەتوانی بە هەست و چاو و گوێ و تەنانەت بە دڵیش گۆێیان لێ بگریت. ئەو شێوازی بەرز قسەکردنە رۆڵی خۆی دەبینێ لە هەندێ یاریدا وەکو یاری گۆڵف و تێنس.

٣- خوێندنەوە:

لەو کاتەی تۆ دەبیت بە گوێگرێکی بە توانا بۆ هەموو بوارەکان، ئەوا ئەو کات بوارەکە فەراهەم دەبێ بۆ خوێندنەوە. هەرچۆنێک بێ، ئاماژەکردن بە خوێندنەوەی بابەتە سەرەکییەکان شتێکی ترسناکە، بەڵام لەو شوێنەی کە دەتوانی ئاماژەی پێ بکەیت بەبێ هیچ ترس و دوودڵییەک، ئەوا مانای وایە کە تۆ " خاوەنی ژوورەکەیت".

٤- نووسینی تێبینییەکان:

دانوستکار لەوانەیە چاوپۆشی لێ بکرێت لە بیرکردنەوەدا، بۆیە پێویستە تێبینییەکانی بەهەند وەربگیرێ. ئەم ئاکارە هەردوو لایەنی راست و چەوت لە خۆ دەگرێت. هەرچۆنێک بێت، دانوستکار

پێویستە تێبینییەکان بەهەند وەربگرێ، بەڵام پێویستە ڕەچاوی یاساکانی وەرگرتنی تێبینییەکانیش بکا بەم شێوەیەی ئێستا: "تێبینییەکان لەگەڵ خۆت بهێنە، بەڵام لەگەڵ خۆتی هەڵمەگرە". ئەم بەشە زۆر دەگمەنە لە دانوستاندا، ئەگەریش هەبێ ئەوا نووسینەوەی کۆپییەکی تێبینییەکانە لەسەر کاغەز. لە هەمان کاتدا، هەوڵ بدە سرەنجێکی تەواو بدە بۆ وەرگرتنی تێبینی لەسەر هەموو بابەتەکە بەجۆرێک بە تەواوی هەڵوێستە بکە لەسەر بابەتی دانوستاندنەکە بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامانجی دانوستانە کە بهێنییە دی.

لەلایەکی تر، هێڵکاری و وردبوونەوە و بیرکردنەوە لە دانوستاندا شتێکی پێویستە، کە بەجۆرێک کاریگەری دەبێ لەسەر ئاسوودە بوون و کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوەکە. لەگەڵ ئەمەشدا، هێڵکارییەکان پێویستە کۆ بکرێنەوە لە کۆتاییی دانوستاندا. کارتۆنی بەرامبەرەکەت وەکو کەفی سەر ئاو بڵقە دەکەن و هەروەها سەرنجی تانەداری گرینگ دەدەن کە پێوستە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت و پشتگوێ نەخرێن لە دانوستاندا. هەرچۆنێک بێ، دانوستکار دەبێ ئاگەداری ئەوە بێ نەکەوێتە داوی ئەو دانوستکارە کچە پارێزەری کە میواندارییی دانوستانەکە دەکەن لە نێوان ئەو هەموو پیاوە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەمەبەستی کەشفکردنی دەستیان. ئەو کچە گەنجانە هەڵدەستن بە دانانی یارەیدەدەری کچی تر لە نێوان کەسانی دانوستکاردا. هەرچۆنێک بێ، شتی کەمکراوە لەگەڵ پاشخانی ئەو جۆرە کچە پێشکێشکارانە بەڵام ئەوانە زیاتر مەبەستیانە بیری دانوستکار بۆ لایەکی تر ببەن. ئەو کچە پێشکێشکارانە ڕۆژانێک سەرکەوتوون لە کارەکەیاندا بە وەرگرتنی وێنەیەکی ئەو دانوستکارانە کە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە دوای تەواوبوونی کارەکانیان. ئەو شتەش کە ئەو پێشکێشکارانە بەدەستی دەهێنن تەنیا وێنەیە، نەک وشە ئەمەش وەکو ئەو گوللە وایە کە لە نێوان دوو دڕکدا دەڕوێ.

٥- پێشکێشکردنی وانەیەک:

تۆ دەبێ خۆت بدۆزییەوە لە دانوستاندا لەو شوێنەی کە دەتەوێت سەبارەت بە بەڵێننامەیەکی گەورە قسە بکەیت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی خۆئامادەکردنت یان سروشتی قسە چنینت. لەگەڵ ئەوەشدا، دانووستکار دەتوانێت سەرەنجی دەروبەر بۆ خۆی رابکێشێ بە پێشکێشکردنی وانەیەک.. لە هەمان کاتدا، ئەو جۆرە سەرەنجڕاکێشانە لە سەرەتاوە نیشان مەدە، چونکە هەشتا لە سەدەی ئەوانەی کە تۆ لە سەرەتای دانوستان ئاماژەی پێ دەکەیت ئەوا لە دەست دەچن لە کۆتاییی دانوستاندا. لێرەدا بەهرەی دانوستان ئەوەیە کە کەی و چۆن وتەکانت لە جێگەی خۆیان دادەنێی، کە ئەمەشیان زۆر بەکەمی بەباشە لەلای دانوستکار دەردەکەوێ. دانوستکار دەتوانێ زۆر بەکورتی بە سەر ئەو پرسیارە قورسانە زاڵ بێ، ئەگەر هاتو وانەیەکی تێروتەسەلی پێشکێش کرد، چونکە بە وانەکەی نیشانی دەدات کە پرسیارەکە وەڵامێکی روونی نییە. هەر کەسێک سەردانی ژووری داهات بکا ئەوە هەست بەو حاڵەتە دەکات. یاریزانی زۆرانباز هەندێ جار پێویستە دان بە دۆڕاندنەکەی بنێت ئەگەر هاتو بەشێکی کەمیشی کەوتە سەر زەوی. هەروەها تۆش ناتوانیت پێش

له دانوستکارێک بگریت، ئەگەر هاتو بەهرەیەکی باشی هەبوو لە بواری دانوستاندا لەبەرئەوەی ئەو بە هێمنی گوێ لە یەک بەیەکی ووشەکانت دەگرێت لە وانەکەتدا، پاشان بەم شێوەیە وەڵامی تۆ دەداتەوە" من لەگەڵ هەموو ئەو شتانەم کە ئاماژەت پێ کرد بۆیە ئەگەر من لە شوێنی تۆ بام ئەوا ئاماژەم بەهەمان شت دەدا جا لەبەرئەوەیە من ئەو پێشنیازەم بۆ هێنایەوە.........".

٦- ئاوەکان قوڕاوی بکەن:

هەردوو لایەنی دانوستکار پێویستە پرۆسەی دانوستکاریەکە بەشێوەیەکی روون کۆتایی پێ بهێنن. ئەوە مانای ئەوەیە (ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت خەریک بوو بێتە سەر بیرۆکەکەی تۆ) ئەوا مانای وایە ئەو لە بابەتەکەی تۆ دەگات و دەستخۆشیت لێ دەکات و هەروەها ئەو دەشزانێ کە چی گرینگە بۆ تۆ لەبەرئەوەیە ئەو خوازیاری ئەوە دەکات کە پرسیاری قورس بکات. بۆ ئەو مەبەستە، تۆ لەوانەیە بڕیار بدەیت کە کاتی ئەوە هاتووە کە هەندێک لەو بەشە نادیارانە لە بابەتەکەت بخەیتە روو، ئەگەر هاتو ئەمەت کرد، ئەوە مانای ئەوەیە کە "ئاوەکانت قوڕاوی" کرد و بۆیە دانوستکار پێویستە ستراتیجییەتی نوێ بگرێتە بەر بۆ ئەو حاڵەتە.

**بە هەڵەداچوون:**

لەگەڵ ئەوەی دانوستانەکان جۆرێک لە تێکهەڵکێشیان لە رووی شێوازیان لەگەڵ یەکدا هەیە و زۆربەشیان نیانە، بەڵام تۆ دەتوانی هەست بەو حاڵەتە بکەیت لە سەروبەندی بەرەو پێشچوونی رووداوەکان. هەرچۆنێک بێ، ئاوازی لەیەکچوونەکە لەوانەیە بگۆڕێت و بەجۆرێک کە هەستی کارکردنی پێوە دیاربێ یاخۆ سرنجی تر لە خۆ بگرێت. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو لێکچوون و تێکهەڵکێشییە لەوانەیە جۆرێک لە تووڕەبوونی پێوە دیار بێ یان لەوانەشەکە وەکو قۆرییەکی چا خۆش بێ.

**بەدیهێنانی ئامانج:**

دانوستکار دەبێ لە هەندێ بواردا هەندێ شت بڵێ، ئەگەرچی دانوستکارەکە کەسێکی هێمن و لەسەرخۆش بێ بە بەڵام ئەمە کارێکی گرانە بۆ قسە لەسەرکردن لە دانوستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، دانوستکار دەبێ سوپاسگوزار بێ کە گوێگرتن زۆر بەنرخترە لە قسەکردن. هەروەها تۆ دەبێ ئەمە لە بەرچاو بگریت کە زانیاری بازرگانییان پێوە دەکرێت لە بری ئەوەی وەلا بنرێن. ئەگەر هاتوو دەستت کرد بە وتووێژکردن ئەوا دەبێ ئەوانە لە خۆت بگریت لە کاتی دانوستاندا.

أ- دەستپێکی خۆش و بنیاتنانێکی دۆستانە (بۆ هەردووکیشیان سەرپشک بە).

ب- بەخشینی بەهاکان ( ئەگەر هاتو لە هەر شوێنێک بوویت، ئاماژەی باش بدە بۆ هەر شتێک کە تیشکی دەخەیە سەر).

ج- بەجۆرێک پرسیار بکە کە سەرەتا و کۆتاییەکەی دیاربێ.

هەرچۆنێک بێ، هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو ڕێنوێنییانەی سەرەوە بکە لە کاتی وردبوونەوەت لەسەر بەدیهێنانی ئامانجی دانوستاندنەکە. لە کاتی دانوستاندا زۆر قورسە ئاماژە بە بنچینەی پێکهاتەی دانوستان بکرێ بۆ بەدیهێنانی ئامانج یان بەخششەکان، بەڵام خۆشبەختانە کەس ئەم پرسیارەت لێ ناکات. یەک شت کە دەبێ لە بیرت بێ ئەویش ئەوەیە لەو کاتەی کە ئامانجەکان دێتە دی، ئەوا دەبێ بە تەواوی خۆت بۆ ئەو کارە ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی ببیت بە "فرۆکەوانی خۆت" بە پێدانی سرنجێکی تەواو.

١- خستنەرووی ئامانج:

دانوستکار ناتوانێ بە تەواوی بە ئامانجەکانی بگات تاکو بە تەواوی ئاماژەی پێ نەکات و نەیانخاتە روو. لە هەمان کاتدا، دانوستکار دەبێ هەوڵی ئەوە بدا کە ئامانجەکان رەنگرێژ بکا، وەکو ئەوەی کە "بەتەواوەتی بیانناسیتەوە" هەروەها، دانوستکار دەبێ بەڕوونی ئامانجەکانی بخاتە روو لە رێگەی پرۆگرام دانەرێکی کۆمپیوتەری، چونکە لەو حاڵەتەدا ئامانجەکان روونتر دەردەکەون وەکو ئەوەی خۆت دەتەوێ". بەهای ئامانج زۆر بەئاسانی دەتوانرێ دیاری بکرێن، بەڵام زۆر قورسن بۆ بەدەستهێنانیان وەکو ئەوەی کە خۆت دەتەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، تەوەری بەهای ئامانج ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە بیر لە بنیاتنانی سوود و قازانجەکەی نەکەیتەوە. لە تەوەرەی قسەکانماندا، راستییەکە ئەوەیە:

"نرخ تەنیا ئامانجە، ئەگەر ئێوە بەتەواوەتی نەتانەوێ بیهێننە دی".

٢- زاڵبوون بەسەر ئامانج:

هونەری زاڵبوون بەسەر ئامانج نیوەی کاری دانوستانە، نیوەکەی تر پێک دێت لە ئەداکردن و نیشاندان و شێوازی دانیشتن. لە ئاستێکی سادەدا(ئەو جۆرە شتانە لەوانەیە زیاتر بەدی بکرێت لە هەڵسوکەوت و مەبەستی دانوستکارێکی فێلباز. هەروەها، خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دانوستکار سەرەنجی تەواو بدا و دڵنیا بێ لە راستییەکان. ئەو شێوازی جێبەجێکردنە لەوانەیە دڵخۆشکەر بێ بۆ ئەوەی مەبەستی دانوستکارێکی فێڵباز بخەیتە لاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دانوستکاری فێلباز سێ جۆر ستراتیجی لێ بەدی دەکرێت لە دانوستانکردنیدا کە بەشێوەیەک لە وشەی "پەڕینەوە" خۆیان دەبیننەوە.

أ- خۆ پەڕاندنەوەی کۆن:

ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت بەردەوام بوو لەسەر پرسیارکردن لەسەر ئەو خاڵەی کە تۆ زانیارییەکی باشت لەسەر نییە، ئەوا لەو حاڵەتە چۆن رەفتار لەگەڵ ئەو بوارە دەکەیت، ئاخۆ بۆ دوا جار وەلاوەی دەنێی و تێی دەپەڕێنێ. ئەگەر هاتو هەستت کرد کە لەوە زیاترت پێیە، ئەوا لەو حاڵەتە شانازی بە خۆت بکە و بڵێ "من پێشتر درکم بەو شتە نەکردووە، کە تۆ باسی دەکەیت، بۆیە ئەو چیی تر دووبارەی ناکاتەوە".

ب- خۆ پەڕاندنەوەی نوێ:

ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت خاڵێکی تری خستە ڕوو کە بەلاتەوە نوێ بوو، ئەوا تۆ دەبێ ئەو خاڵە وەلا بنێی و وەکو ئەوەی هەڵی بگریت بۆ کاتێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگەیەکی تری نوێ هەیە بۆ ناونانی ئەو حاڵەتە ئەویش پێی دەڵێن "بەدیهێنانی ڕێسای تازە".

ج- خۆپەڕاندنەوەکانی تر:

ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت بەردەوام بوو لە خۆپیاهەڵدان و قسەی زیاتر، ئەوا تۆ لەو کاتە بێدەنگی هەڵبژێرە، چونکە بەو حاڵەتە دەڵێن "خودخزمەتکردن" (لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە شتێکی خرابوو)، پاشان خۆت ساز و ئامادە بکە سەبارەت بە شتگوێخستنی خولیا کۆنەکان وەکو ئەوەی کە " تۆ ئاماژەیان پێ دەکەی و تۆش بیت"، چونکە هیچ وەڵامێک بۆ ئەم شتە نییە.

٣- دانپێنان بە شتە کەمبایەخەکان:

بە مەبەستی پێدانی ئاسایشی مامەڵەکان ئەوا بزانە کە چ گرینگە و دانیش بنێ بە شتە کەمبایەخەکان. ئەوا بەشێوەیەک یارمەتیت دەدا بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لە یەکتری. دانوستکاری باش ئەوەیە کە هەڵوەستە لەسەر شتەکان دەکات و جیایان دەکاتەوە لە ڕووی خراپی و باشییەوە بەهەموو توانایەکی. لە بەرامبەریشدا، زۆربەی دانوستکارە فێڵبازەکان دەکەونە داوی سەرنجدانیان بەڕووی ئەو شتانەی کە زۆر گرینگ نین. لەگەڵ ئەوەشدا، هۆکاری زۆر هەن بۆ ئەوەی تۆ خۆت بناسیت بەوەی کە بۆ تۆ ئەو کارە ناکەیت، بەڵام ئەوانی تر دەیکەن.

أ- بە بۆچوونی بەرامبەرەکەت، ئەو خاڵە کەمبایەخ نییە.

ب- لە بنچینەدا پراکتیزەکردنی ئەو شتانە باش نین.

ج- بەرامبەرەکە ئەو جۆرە پراکتیزەکردنە بە خراپ لێک دەدەنەوە، کە دەتوانی هەندێک بالآنسی پێ وەرگریت.

٤- گرینگی هەنگاوی لابەلا:

لە ڕاستیدا، دوو ڕێگە هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامانجە گرینگەکان، ئەوانیش بڕواهێنان کە ئامانج لەوێ نییە یانیش مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.

أ- بڕواهێنان کە ئامانج لەوێ نییە:

توانستی ئەو جۆرە ستراتیجییە پشت دەبەستێ بە لێهاتوویی بەرامبەرەکەت (کە ئەمە گۆڕانێکی جوانە، لەو کاتەی ستراتیجییەکانت پشت بە خۆت دەبەستن). هەرچۆنێک بێ، ئەگەر هاتوو بەرامبەرەکەت لەو جۆرە کەسانە بوو کە بەشێوەی ڕیمۆت کوتنرۆڵ هەڵدەبوون و ئەوا ئامانجە ماترياڵەکانیش بەشێوەیەکی تر دەگۆڕێن، لەم نێوەندەدا، تۆ هەلی زیاترت دەبێ بەقووڵکردنەوەی ئاراستەی قسەکانت سەبارەت بە شتە ماترياليیەکان کە وەکو کارگە

کشتوکاڵییەکان سادەن. هەروەها رەخساندنی هەڵیک بۆ ئەوەی بەیەکەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەت بچنە دەرەوە بۆ خواردنەوەی قاوەیەکی کاپاچینی، ئەگەرچی لە ئامانجەکەت سەرکەوتوو نەبووی بەلام هەر هیچ نەبێ هەلی ئەوەت دەبێ کە قاوەیەکی لەگەڵ بخۆیەوە و هەوایەکی پاکیش هەڵ بمژیت لە دەرەوە.

ب- مامەڵە لەگەڵ کردن:

دانوستان لەسەر ئەو شتانە بکە کە بەئاسانی بۆت بەدەست دێن زیاتر لەوەی کە قورسی بۆ بەدەست دێن. دانوستان لەسەر ئەو شتانە لەوانەیە بەهۆی رەنگدانەوەی شتەکە خۆی بێ وەکو دانوستکارێکی تازە کە دانوستان لەسەر هەر شتێک کە دەیکات، بەلام بەردەوام پاڵپشتییەکانی لەژێر دەستیدایە. هەروەها، رێگەی دانوستانکردن لەسەر ئەو جۆرە شتانە پێویستی بە پرسیارکردنی زۆر هەیە.گرینگترین شت ئەوەیە کە تۆ پرسیارەکانت بەشێوەیەک بکەی کە سەرەتا و کۆتاییەکانی دیاربێ بە جۆرێک کە تەنیا بە "بەڵێیەک" یان " نەخێرێک" کۆتاییان پێ نەیەت، بۆ نموونە ئەو پرسیارانەی کە بە "چی، لە بەرچی، لە کوێ، چۆن یان کەی" دەست پێ دەکەن. هەرچۆنێک بێ، ئەو جۆرە پرسیارانە بکە بە پیشە لە هەموو جۆرە دانوستانێکدا. ئەگەر گونجا، هەوڵ بدە ئەو جۆرە پرسیارانە ببەستەوە لەگەڵ خواستی بەرامبەرەکەت بۆ نموونە:

"لەبەرچی ئەوە لای تۆ گرینگە؟"

"چۆن هەستی پێ دەکەیت؟"

"شتە گرینگەکان لەلای تۆ چین؟"

لە پاشان، ئەگەر بە جادووش بێ ئەوا ئامانجەکە دەبێتە راستی.ئەگەر هاتو تۆ ئەو شتانەت بەدەست هێنا ئەوا چیی تر پێویست ناکات ببیت بە دانوستکارێکی زۆربلێ، بەپێچەوانەوە دەبیت بە دانوستکارێکی گران و سەنگین. ئەو جۆرە پسپۆرییە پێویستی بە هەفتەیەک راهێنان هەیە. لەو کاتەی کە تۆ هەست بە ماندووبوون دەکەیت ئەوا شتە بێ بەهاکان بە هەدەر دەچن و لێت دوور دەکەونەوە لەو کاتە تۆ تێدەگەیت کە شتە بێ نرخەکان بە ئاسانی لە دەست دەچن و تۆش لە ئامانجەکانت نێزیکتر دەبییەوە لە کۆتایدا تۆ هەست بە تروسکاییەکی روون دەکەی لە کۆتایی ئەو رێگە دوورەی کە بڕیوتە. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ ئەو کات تێ دەگەی کەوا لەسەر رێگەی راستی و یان هێشتا لە مەشقکردن دای.

**هەڵکردن لەگەڵ ساتە ناخۆشەکان:**

تۆ لە هەموو کاتێکدا ناتوانیت بۆ هەموو کەسێک ساز و ئامادە بیت، هەرچۆنێک بێ، هەر وردبوونەوەیەکی لە ناکاو بۆ دابەشکردنی لێکدانەوەکانت بۆ پارچەی بچووک یان ئەو شتەی کە دەتەوێ بەشداری پێ بکەیت ئەوا دەکەوێتە خانەی خەو لێکەوتن. لەگەڵ ئەوەشدا باشترین شت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو ساتە ناخۆشانە بکەیت ئەویش ئەوەیە کە وەلایان بنێیت و لە بیر بکەیت،

بەڵام ئامادە بە بۆ ئەوانەی خوارەوە:-

١- هەڵوەستەکردنی درێژ:

لە کاتی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕووبەڕووبونەوەکان، لەو کاتەی کە تۆ هیچ شتێکت بۆ گوتن پێ نییە لەوانەیە ئەو بارە وا بکا بەکەسێکی تازە دانوستکار لێک بدرێتەوە. هەرچۆنێک بێ، هیچ شتێک نییە بە تەواوەتی بێتە پێشت لە دانوستاندا. لەم بارەدا هەڵوەستەکردن لەسەر بابەتەکە رۆڵی خۆی دەبینێت. دانوستکارە پسپۆڕەکان ئەم هەڵوەستەکردنە بەکار دەهێنن وەکو شتێکی کاریگەر. لێرەدا، تۆ ناتوانیت ئەوە بکەیت چونکە تۆ بە تەواوەتی نازانیت ئەوان چی دەڵێن. لە دواییدا، ئەو هەڵوەستەکردنە کاریگەریی خۆی بەجێ دەهێڵێت لەسەر شێوازی دانوستانەکانت لە ئاکامی پراکتیکی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ. لە هەمان کاتدا، ئەو شێوازەی کە تۆ دەیگرییە بەر "ئاسایشێکی هێمنت" پێ دەدا. لە دانوستاندا ئەگەر هاتو شتێکی ترسناک ڕووی دا، ئەوا باشترین شت ئەوەیە کە تۆ بەرپەرچدانەوەت بۆ شتەکان نەبێ. ئەو هەڵوەستەکردنە دەبێتە چەکێک بەشانی دانوستکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەرەکەت لە دانوستاندا.

٢- دووکەڵی چەکەکان:

خواستی هەموو پارێزەرێک ئەوەیە کە بەڵگەی مانادار بدۆزێتەوە لە ناوەڕاستی دانیشتیی دادگەییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جۆرە سانشانە زۆر بەکەمی ڕوو دەدەن، بەڵام ئەگەر هاتو ئەو شتانە ڕوویان دا، ئەوا وا لە پارێزەرەکە دەکات کە کۆنترۆڵی هەموو ژووری دادگاییکردنەکە بکا، لەلایەکی تر ئەو دەستەواژەیە پۆ بەپێستە بۆ کاری دانوستاندن. هەندێ جار کەشفبوونی زانیارییەکی کەم وا دەکات کە دانوستکار ڕێچکەی خۆی وەربگرێ لە مامەڵەی دانوستکاریدا. هەندێ جار وا ڕێک دەکەوێ کە ئەو ئۆتۆمۆبێلەی کە لێی دەخوڕی دزراو بێت یاخۆ ئەو شوێنەی کە تۆ چاوپێکەوتنی لێ دەکەیت لەوانەیە داوای دیالێکتی گالیکتی تەواوت لێ بکا. هەرچۆنێک بێ، نەگبەتی پێشکەوتن ئەوەیە کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن بە دووکەڵی چەکەکان نەناسراوە، بەڵام هیچ کامیان هێندەی دووکەڵی دەمانچە ئازارگەیێن نین، ئەگەرچی لە ڕاستیدا ئەوانە هەر هەموویان وەکو یەکن. ئەو جۆرە دووکەڵانە لە ناکاو بەرز دەبنەوە بەبێ هیچ ئاگەدارکردنەوەیەکی پێشینە بەمەبەستی ڕێگرتنیان. ئەگەر هاتوو بەرامبەرەکەت ئەم جۆرە شێوازەی (دووکەڵی چەک)ی بەکار هێنا، ئەوا ئامانجی دانوستانەکە دەبێ بە سووتەمەنی بۆ گڕگرتنی ڕەوشەکە و لە دواییدا ئامانجەکەت سەرلەبەری هەڵدەوەشێتەوە ئەمەش جۆرێک لە بێهیوابوون دەدا.

٣- تۆقاندن:

زۆر ئەستەمە بۆ دانوستکار کە بە جوانیبیر لە هەموو لایەنی دانوستانەکە بکاتەوە بەتایبەتی لەو کاتەی کە دانوستکار لەژێر پاڵەپەستۆدایە. لەم نێوەندەدا ئەمە ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە بۆ دانوستکارەکان هەوڵ دەدەن یەکتر بترسێنن. دانوستکاری بەهرەمەند هەرگیز بیر لە ترساندن

ناکـاتەوە و هـەرگـیـز ئـەو شـێـوازە بە پێـویست نازانـیّ، وەکو ئەوەی لـە سـەمـاکـردندا دەیبـینین لە دانوسـتـانـیـشـدا داوا لە دوو لایـەن دەکـرێ بەمـەبەسـتی برەودان بـە تێگەشـتنەکـان و رێزگـرتنی گـۆڕانـکارییـەکـان. ئەگـەر هـاتو قـاچەکانت تێک ئالاّ لە سـەمـاکـردندا، ئـەوا دەسـتبـەجێ تەخـتـەی شـانۆکە جێ بهـێڵە. بەهەمـان شـێـوە ئەو دیاردەیە نـامـۆ نییـە لە نێـوان دانوسـتکارەکان خـۆیاندا ئەویش بەم شێوەیە " تووڕە مـەبە، بەڵکو ئەو شتە بە دەست بهێنە کە خۆت حـەزت لێیەتی"، بەڵام وا دابنێ کە تووڕە بوویت، لە چ شـتێک تووڕە دەبیت؟. هـەوڵ مەدە خـۆت رابگریت. هـەرچۆنێک بێ، ئەو تووڕەبوونە کـاتییە و ناتوانیت بەرامبـەرەکەتی پێ بگۆڕیت، بەڵام تۆ دەبیت بە تەواوەتـی جیـا بیت، ئەگەر هـاتو بەرامبـەرەکەت کەمێک پێکەنی بەتووڕەبوونەکەی تۆ. بەڵام لە بەرامبـەردا بەهـای چاکی ئەو خـۆگرتنەت لە بەرامـبـەر ئەو هـەسـت و سـۆزە لـە ناکـاوەی کـە بۆت دێت لە رادەبەدەرە و هـەژمـار ناکرێ.

٤- لە دەستدانی پێگە:

وەکو چۆن شتەکان پەرشوبڵاو دەبن تۆش لەوانەیە هـەست بەجۆرێک لە پاڵەپەستۆ بکەیت لەلایەن دانوستکارە بەرامبەرەکەت، ئەمـەش لەبەرئەوەیە کە پیشـەی دانـوستان هـەر وایە. دانوسـتـان مـانـای پێشبڕکێکردنە بۆ گەیشتن بە بەرزترین پێگە. ئەو دانوستکارەی کە دەگاتە شوێنی یەکەم بەجۆرێک رەفـتار دەکات کـە کـەس شوێنپێی لەق نەکات. لەگەڵ ئەوەشـدا، بە تێپـەڕبوونی کـات لایەنەکەی تر لەوە دەگات کە ئەو پێشبڕکێ ئەسپ سوارییە کەم تا زۆر کۆتاییی پێ دێت و یەکێکیش پلەی یەکەم بەدەست دەهـێنێ. ئەوە جـۆرە پێـشکەوتنێکی خـراپە کـە ئـاسـتـەمـە پێـشی لێ بگـیرێت بۆ ئەوەی بزانیت کـە چ شـتێکی خـراپ لێرە دەگوزەرێت بۆیە بـاشـتـر وایە کـە ئەو پێشـبـڕکێیـە بۆ مـاوەیەکی کـاتی رابگـیرێت یان بەجـۆرێکی تر رەوشـەکـە بگۆڕێت. هـەرچۆنێک بێ لە هـەمـوو بوارەکـاندا ئەوە کێشەکە هـەر زیاد دەکات لەبەر ئەم خالانەی خوارەوە:

أ- تۆ رێگە بە خۆت دەدەیت بۆ ئەوەی دەنگت پێ بدرێت بۆ بینینی رۆڵی دانوستکار

ب- تۆ وا دەکەیت کە شتێک لە گوێی بەرازدا بخوێنیت.

هـەر کـاتێک دانوسـتکار تووشی ئەم حـاڵەتە بوو، ئەوا دەبێ جـۆرێک وشە بـەکار بهێنیت لە کـاتی دانوستاندا لەبەر هـەندێ هـۆکاری سـەرەکی. لە سیمینارەکەتدا وتراوە دەبێ چەند پێیەک لەژێر ئاو بیت و هـەروەهـا تۆ دەبیت هـەندێ رێوشـوێن هـەڵبگریت بۆ ئەوەی "کەشـتییەکەت نقووم نەبیت" بەڵام لە پێـشدا تۆ دەبێ زۆر بە چاکی بیبـەسـتـیـیـەوە. بۆ ئـەوەی ئەو هـەوڵەت سـەر بگرێت ئەوا دەبێ لە پێشدا ئەو جۆرە شتانە بڵێی:

"من زۆر هـەست بە ئاسوودەیی ناکەم لەم شوێنەی کە لەگەڵی دەڕۆم"

"من دڵنیا نیم لە کوێ هـاتی"

"من ئەو کەسە نیم کە ئێوە تێم گەیشتوون"

ئەو شتانەی سەرەوە بە "هێزی وەستێنەر" ناسراون. هەرچۆنێک بێ، لەو کاتەی کە دانوستکارێکی تەڵەکەباز دەزانێ کە پێگەکەی زۆر دوورە لە ریزەکانی یەکەم لەم پێشبڕکێیەدا، ئەو کات تێ دەگات کە دەبێ چی بکا بۆ ئەوەی بگاتە ریزەکانی سەرەوە. لەلایەکی تر، فێڵی وەدەرنانی "رۆڵی دەستاودەستکردن" بۆ ئەوەی بڕوا بە بەرامبەرەکەت بهێنی کە دان بە شۆێنەکەت بنێ "ئەگەرچی ئەو شتە سوودێکی ئەوتۆی نابێ لە بری ئەو ناوەی کە هەڵی گرتووە". لەلایەکی تر، خاڵی دەستپێکردنەکە تا ئێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە، بیری لێ بکەوە، هەستی پێ بکە و بەڵام هیچ مەڵێ، چونکە ئەوە شتێکی نامۆیە. لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەو شوێنەی خۆت و کۆنترۆڵکردنی بەرامبەرەکەت ئەوە دەبێ گرینگی بەیەک شت بدەیت ئەویش پەیرەویکرنی دادپەروەرییە لە شوێنی خۆت. دانوستکاری تەڵەکەباز بەردەوام لە جێ گۆڕکێدایە، بۆ ئەوەی رۆڵ بە دەست بهێنی لە هەر سیناریۆیەکی بڕیار لەسەر نەدراو بۆ هەر لایەنێک، ئەوا دەبێ بەم شێوەیە بێ:

| سیناریۆ | شۆێنی ئاسایی | گۆڕینی شوێن وەکو |
|---|---|---|
| فرۆشتن | تۆ دەتەوێت بیکڕیت؟ | بروام پێ بێنە بۆچی دەبێ ئەو شتەت پێ بفرۆشم |
| نرخ | دەتەوێت زیاتر بدەیت؟ | بۆچی دەبێ ئەو شتەت پێ بفرۆشم بەم نرخە؟ |
| کار | ئاخۆ تۆ من دەگریت بۆ کارکردن؟ | بۆچی دەبێ لێرە کار بکەم؟ |

تۆ دەبێ شانازی بەو ستراتیجییە بکەیت، ئەگەرچی نەتوانی بە تەواوەتی ئەدای بکەیت، بەڵام بەس هەولی لەگەڵ بدە بەشێوەیەک یەکانگیر دەبێ لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە دەتەوێ لە داهاتوودا بێتە دی لەم بوارە. هەروەها، تۆ دەبێ شانازی بەخۆتەوە بکەیت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەت لەنێو هاوڕێکانتدا. هەروەها دەبێ دەوری نیو ڕاهێنەریش ببینی. ئەوەی سەرەوە بەشێکی نیوەیە بۆ ئەوەی بگەیت بە پێگەی مەبەست. هەرچۆنێک بێ، بڕیاردانت زۆر گرینگترە لە ژوورەکەی خۆت. هەروەها ئەوە شتێکی یەکلانەکەرەوەیە کە چ لایەنێک خاوەنی بڕیارەکانن.

**رێگەدان بە یارییەکانی بیرکردنەوە:**

لەوانەیە شتێکی لەنگ بێ ئەگەر هاتو دانوستکارێکی فێڵباز هەوڵی دا کە هەموو شتیک بزانێت کە لە بیری دانووستکارە بەرامبەرەکەی دایە تەنانەت ئەوانەی کە پێگەی زۆر گرینگیان هەیە. ئەم حاڵەتە وەکو ئەوە وایە کەسێک شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە یارییەک و یارییەکەش بەبێ هیچ ترسێک ئەنجام بدا بەبێ ئەنجامدانی هیچ مەشقێک.

١- بیرکردنەوە:

لە بیرت بێ: گرینگترین شت کە بەدەستی بهێنی زانینی چۆنیەتیی بیرکردنەوەی خۆتە. بۆ ئەو مەبەستە بیرکردنەوە لە کاتی دانوستاندا گرینگترین شتە کە بیکەیت. ئەو بیرکردنەوەیە وا دەکات

که کەسێکی هێمن و وردبین بێت. دانوستکاری تازەپێگەیشتوو بەجۆرێک ئاسوودە دەبێ بەزانینی هەموو پێشهات و لایەنەکانی دانوستانەکە بەجۆرێک کە لایەنی بەرامبەر نەتوانی رەخنەی لێ بگرێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەگەر هاتو تۆ ئاماژەت بەوە کرد کە مەبەستت وایە کە بیر لە بوارێکی وا دەکەیتەوە (بەبێ دیاریکردنی ماوەی بیرکردنەوەکە)، ئەوا لەوانەیە بەرامبەرەکەت زانیاریی باشتر پێشکێش بکا یان لەوانەیە ئەدای پێشکێشکردنەکەی باشتر بێ. هەروەها، خاڵێکی گرینگتر لە بیرکردنەوە ئەوەیە کە تۆ بوارت دەبێ بۆ ئەوەی بیرۆکەت هەبێ. ئەگەر هاتو تۆ بەم بیرۆکەیە بەشداریت کرد لەگەڵ بەرامبەرەکەت ئەوا ئەم بیرۆکەیە بە شتێک دێتە ژماردن لە دەرەوەی بازنەی بیرکردنەوەی خۆت. ئەمەشیان زۆر گرینگە بۆ تۆ بەتایبەتی ئەگەر هاتو بیرۆکەکە بووە مایەی سەرکەوتنت لە کۆتاییی دانوستانەکەدا.

٢- هەڵسەنگاندنی پێگەی بەرامبەرەکەت:

ئەمە گوتراوە، دانوستکاری بەهرەمەند ئەوەیە کە حەوسەڵەی باشی هەبێ بۆ گوێگرتن لە بەرامبەرەکەی و توانای لێکدانەوەی وتەی بەرامبەرەکەی هەبێ بۆ ئەوەی سوودمەند بێ لە دیاریکردنی پێگەی بەرامبەرەکەی. ئەو دانوستکارانەی کە دەتوانن پەی بەو شتە ببەن، ئەوا لە داهاتوودا توانای باشیان دەبێ لە تەکنیکی گفتوگۆکردندا. لە داواییدا، ئەو بەهرەیە وا لە دانوستکار دەکات کە چیی تر نیگەران نەبێ سەبارەت بە تەکنیکی گفتوگۆکردن. ئەوە یارمەتیت دەدات ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت بۆ چەند جارێک شتێکی دووبارە کردەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو شتە راست نییە. بۆ نموونە: ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت شتێکی راگەیاند لە نێوان دوو رووداودا وەکو "من دەتوانم پیاسە بکەم لە هەموو کاتێک"، بەڵام ئەو شتەش هەیە لە دوای شەوە تاریک و درێژەکان و لێرەدا تۆ دەتوانی وای لێک بدەیتەوە کە تۆ رووبەڕووی جۆرێک لەلاری بوون لە قسەکانی ئەودا بوویتەتەوە سەبارەت بەهێنانەوەی نموونەکەی.

جارێک دانوستکارێکی شارەزا تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتیی وشەی "نەخێر"، ئەو بە جوانی شیکردنەوە بۆ وشەکە دەکات و دەڵێ وشەی "نەخێر" مانای "لەوانەیە" یان " بەڵێ" دەگەیەنێ. لەلایەکی ترەوە، ئەو زیاتر تیشکی دەخاتە سەر دەڵێ شتەکی گونجاوە ئەگەر وا پەی ببەی کە وشەی "نەخێر" مانای "نەخێر" دەگەیەنێ ئەگەر هاتو بۆ حەڤدە جار دووبارە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کاتەی تۆ بە پەرۆشەوە گوێ بۆ بەرامبەرەکەت دەگریت، ئەوا پێویستە هەوڵ بدەیت هەڵسەنگاندنەکانت دڵسۆزانە بێ. لەوەش زیاتر، بەرامبەرەکەت لەو کاتە هەڵسەنگاندن بۆ باری کەسیەتیت دەکات، بۆیە دەبێ ئەو شتە لە بەرچاو بگریت، ئەویش دڵسۆزیتە لە هەموو شتێک، ئەگەر نەتوانیت بە دڵسۆزی رەفتار لەگەڵ رەوشەکە بکەی ئەوا مانای وایە کە تۆ بارەکە ئاڵۆزتر دەکەیت.

٣- هەڵسەنگاندنی خۆت:

وەکو کارێکی دانوستکارانە، تۆ دەبێ بزانیت چۆن شتەکان دەگوزەرێن، لەگەڵ ئەوەشدا کەمێک هەستی زانینی شتەکان بخەرە لایەکەوە. ئامانجی رەقبوونەوە لە دانوستاندن ئەوە نییە کە خۆت نیگەران بکەیت سەبارەت چۆن شتەکان جێبەجێ دەکەیت. لێرەدا، نیگەرانییەک سەبارەت بەشێوازەکان و ستراتیجی لە جێبەجێکردنی شتەکان پەیدا دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ پێویستە تێگەیشتنێکی قووڵت هەبێ سەبارەت بەو تەکنیکانە. لەلایەکی تر، دەبێ ئەوە بزانیت ئەگەر هاتو تۆ هەستت کرد کەوا شتەکان بەئاراستەی باش دەڕۆن، ئەوا لەو باوەڕەدا بە کە ئەوە کاریگەریی ئەو تەکنیکە سەرکەوتووەیە، ئەگەرچی تۆ خەفە کرابوویت لەلایەن بەرامبەرەکەتەوە.

٤- تۆنێکی بەرز و زمانی جەستە:

هەڵسەنگاندنی نیشانەکانی وشە دەرنەبڕین یەکێکە لە چەکە هەرە گرینگەکان کە دانوستکاری پێشکەوتوو هەڵی دەگرێ لە کاتی دانوستاندا. ئەو کەسانەی کە پراکتیزەی ئەو هونەرە دەکەن و لە پێوانەی سەداکان دەزانن، ئەوا چ گونجاوییەک دەبینن لەم ئاڵوگۆرییانەی کە زۆر بەکەمی دەربڕینی تێدایە. بەشێوەیەکە گشتی پێوانەی سەدەکان زیاتر بەدی دەکرێ لە گفتوگۆ نامۆکان و کە هیچ لایەنێک ئامادە نین ڕازی بن و دان بە ئەوی تردا بنێن. هەرچۆنێک بێ، دانوستکار پێویستە بەرێژەی ٦٢٪ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لێت دەپرسن. ئەو کارە نادیارە وا لە دانوستکار دەکات کە بە قووڵی سەرنج بداتە زمانی جەستەی بەرامبەرەکەت. ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت بە برۆکانی ئاراستەی کەنار ئاوەکانی خواری نەرویج کرد، ئەوا مانای وایە کە یارییەکە کۆتایی پێ هات، بەڵام ئەگەر هاتو گلێنە چاوەکانی بۆ دواوە برد و کوێچەکەکانی ڕاکێشا و دەنگێکی دەرهێنان کە لە هیی تراکتۆر نەدەچوو ئەوا مانای وایە تۆ دەبێ یەکسەر بچیتەوە بۆ ماڵەوە.

هەرچۆنێک بێ، فێربوونی هونەری زمانی جەستە، ئەمە وا لە بەرامبەرەکەت دەکات کە جۆرەها ڕێگە بگرێ٤٤٧ بۆ پەردەپۆشکردن لە کاتی دانوستاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەتێپەربوونی کات، تۆ دەتوانی فەرهەنگێک بنیات بنێی سەبارەت بە چۆنیەتیی خوێندنەوەی جەستە و زمانی کەسانی تر. هەروەها، ئەمە وا دەکات کە جۆرێک لە ڕەفتاری بێ مانا پەسند بکەیت لەپێناو گەیشتن بە هەندێ شتی شاراوە لە بەرامبەرەکەت.

٥- بەکارهێنانی پرۆگرامی زمانەوانی :

دانوستکار پێویستە بەتەواوەتی تەکنیکی پرۆگرامی زمانەوانی هزری بەکار بهێنێ کە بەزۆری بە (N.L.P.) ناو دەبرێ، ئەگەرچی دانوستکارێکی لێهاتووش بێ. هەندێک لە شارەزایانی پرۆگرامی زمانەوانی تەنیا بە شتێکی مۆدێرنی زمان ناوی دەبەن بۆ دەربڕینی وشە. هەرچۆنێک بێ، تۆ وەکو کەسێکی بەشداربوو کە خواستت هەبێ بۆ زانینی نهێنیی کەسانی تر، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا لەگەڵ ئەو کەسانە هەژمار ناکرێ. لەلایەکی تر، ڕێسای زانینی پرۆگرامی زمانەوانی ئەوەیە کە هەموو کەس دەکەونە داوی یەکێک لەم سێ بەشانەی خوارەوە: وردبینی، تیژبینی یان هەست پێکردن. ئەمە وا دەکات کە دەبێ تۆ یەکێک لەو خەسڵەتانەت تێدابێ، بەڵام خۆشبەختانە تۆ کار لەسەر هیچ کام لەم شتانەی سەرەوە ناکەیت. بیرۆکەی شتەکان ئەوەیە کە تۆ ئەو شتانە بدۆزییەوە یان هەستیان پێ بکەیت لە بەرامبەرەکەت و پاشان لە خۆتی دوور بخەیتەوە. لە بەرامبەردا، ئەو تەکنیکە وا دەکات کە چۆن وشەکان بدۆزییەوە و بەیەکیان ببەستییەوە لەگەڵ وتەی هاوکارەکانت. ئەمەش بەم شێوەیە دەبێ:

لەگەڵ کەسانی وردبین : بلێ "من گوێم لێیە کە چی دەڵێی"

لەگەڵ کەسانی تیژڕەو: بلێ "من دەزانم تۆ لە کوێوە هاتوویت"

لەگەڵ کەسانی هەستەوەر: بڵێ "من هەستی پێ دەکەم کە چۆن بیر دەکەیەوە"

ئەگەر بێتو، دانوستکار ئەو جۆرە دەستەواژانە بەکار بهێنێ، ئەوە شتێکی زۆر باش دەکات. لەلایەکی تر، پرۆگرامی زمانەوانی بەمانایەکی سادەتر دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە کە هاوکارەکانت ئاماژەیان پێ کردووە وەکو ئەو فرۆشیارەی کە چۆن گفتوگۆ لەگەڵ کریارِ دەکات لە کاتە ئاڵۆزەکاندا. بۆ نموونە کڕیار دەڵێ:

"دەزانی چی، ئێستا من زۆر سەرقاڵم، بەڵام تۆ دەتوانی ئەو شتەم پێ بڵێی لە هەفتەی داهاتوودا"

بەڵام فرۆشیار بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:

"ئەگەر تۆ بەڕاستی سەرقاڵی، ئەوا من ئەو شتەت پێ دەدەم لە هەفتەی داهاتوودا"

لێرەدا، تۆ دەبێت هەست بەمە بکەیت کە کریارەکە دەزانێ ئەو قسەیە دووبارەکردنەوەی قسەکانی ئەو بوو بەشێوەیەکی نەرێنییانە لەلایەن فرۆشیارەکەدا، بەڵام بەپێچەوانەوە فرۆشیار وای دادەنێ کە کەسێک بەزمانی ئەو قسە دەکات.

٦- تیژبینی:

چەمکی تیژبینی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی یارییەکانی بیرکردنەوە کە پێویستە لێرە ئاماژەی پێ بدەین. ئەگەرچی بابەتەکە ئەوە ناهێنێ، بەڵام تۆ دەتوانی قسە لەسەر تیژبینی بکەیت لە نێوان هاوڕێکانت. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرۆکەکە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی تۆ بەپەرۆشەوە گوێ بۆ بەرامبەرەکەت دەگریت و تێبینی لە شێوازی قسەکردن و خوێندنەوەی زمانی جەستە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی کە زۆر دووبارەیان دەکاتەوە، بەڵام تۆ دەبێ هەست لە ناخت بگریت بۆ ئەوەی بزانیت چ لەوێ دەگوزەرێت بۆ تێبینیکردنی شتی جیاوازتر بۆ ئەوەی لە شۆێن ئە شتانەی دەیابنێی کە لە ناختدا هەن.

هەرچۆنێک بێ، لە جیهانی وەرزشدا یاریزان نارەزایی دەردەبڕێ سەبارەت بەم جۆرە هەست نەکردنە لە پێش هەر پێشبڕکێیەک، بۆ نموونە یاریزانە راکەرەکان چاویان لەوەیە کە لە پاڵەوانەتییەکە ببەنەوە، یاریزانانی گۆڵف چاویان لەوەیە کە چۆن تۆپەکە بخەنە ناو کونەکەوە، بەهەمان شێوە یاریزانانی تۆپی پێ چاویان لەوەیە کە چۆن تۆپەکە بدەن لە تۆڕەکە.

**نرخدانان:**

دانانی نرخ یان بەها بە بەشێکی مانادار هەژمار دەکرێ لە دانوستاندا. ئەگەر هاتو هەموو ئەو شتانەی کە پێوەستن بە دانوستاندن باش بن، ئەوا لەم بارەیەوە دانوستکار کارەکانی بەباشی دەچێتە پێش بەبێ رووبەڕووبوونەوەی هیچ گرفتێک لە بەئەنجام گەیاندیان. لە ڕاستیدا، ئەگەر هاتو بارەکە گونجابوو بۆ کارەکە، ئەوا تۆ دەتوانی هەموو ئەو هەنگاوانە بە ئاسانی ببڕیت کە خۆت دەتەوێ.

هەرچۆنێک بێ، ئێمە دەبێت لێرە ئاماژەی پێ بکەین کە هەندێ جار دانوستکاران دەکەونە گفتوگۆ بەبێ دانانی هیچ نرخێک، ئەگەرچی ئەمە باش نییە، بەڵام هەندێ جار روو دەدەن لە نێوان دوو لایەندا، لە بری ئەوەی کە نرخ بۆ پێگە و شوێنی یەکتر دابنێن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لایەن ئەم کارە دەکەن بەبێ دانانی هیچ ئامادەکارییەکی تۆکمە بۆ ئەو دانوستاندنە. زۆربەی ئەوانەی کە بەشداری لە دانوستانەکان دەکەن لە سیاسەتوانەکانن، لەلایەکی تر، دانوستاندن دەبەسترێ بە مەبەستێک بۆ بەدواچوونی هەندێ خاڵی ناو کاری بەرنامەکە.

١- خواستی بێ مانا:

باشترین کات بۆ بەستنی پرۆتۆکۆڵ ئەو کاتەیە کە پێش ئەوەی لایەنە دانوستکارەکان ئاماژە بەلایەنە چاکەکانی خۆیان بکەن. هەرچۆنێک بێ، لایەنە دانوستکارەکان پێویستە لە سەرەتا داخوازییەکانیان بهێننە سەر مێزی گفتوگۆکردن، هەروەها گونجاوترین رێگە بۆ دانوستانێکی فرمێسک هەڵڕشتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک رێزگرتنە. لە هەموو بوارەکاندا دانوستکار دەبێت قسە لە ڕوو و راست بێ.

٢- پێشنیازکردنی سەرەتایی لە دانوستاندا:

پێشنیازکردنی بابەتی بچووک بۆ کردنەوەی دەروازەی دانوونستاندن بۆ یەکەم جار بە ترادسیۆنێکی تۆکمە هەژمار دەکرێ، ئەگەر هاتو شتەکە هەرچییەک بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، کە تۆ بۆ یەکەم جار بابەتێک دەوروژێنی، ئەوا بێگومان ئەو شتە وەڵامدانەوەی دەبێ، بۆیە هەر لەو خاڵەوە یارییەکە دەست پێ دەکات. هەر دەستپێکردنێکی لاواز دەبێتە هۆی لێکترازانی بابەتی دانوستانەکە، بۆ ئەو مەبەستە ئەو جۆرە دەستپێکردنە هۆکاری باشن بۆ ئەوەی دانوستکار بەرێکوپێکی دانوستان نەکات. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لە دانوستاندا، دانوستکار گرینگی

دانوستـانەکـەی لە دەست دەدات و ئەمـەش وا دەکـات کـە زۆر بەکـەمی ڕێز نیـشـان بدا. لە رووی پێکهاتەی بابەتی دانوستکارییەکەت، ئەوا لەوانەیە دەستپێکردنە لاوازەکەت جێگەی خۆی بگرێت لە دانوستاندا. هـەرچۆنێک بێ، وەک ئەوەی کە تێبینیمان لێوەی کردووە دوور لە هەموو هـەستێکی سـۆزداری لە هەندێ شـوێندا جـۆرێک بێ ڕێزی لـە دانوسـتـاندا نیـشـان دەدرێ. وەکـو ڕێنوێنیی گشتی، هەندێ جار دانوستکاری بێ ڕێز حەز بەبێ ڕێزی دەکات لە دانوستاندا.

٣- بەڵێنەکان و گەفەکان:

وەکو ئەوەی دانوسـتکاران بـەشـێـوەیەکی بێ لایەنە دانوسـتـاندن دەکـەن، ئـەوە لەوانەیە مـاندووت بکا بۆ نرخدانان بۆ دانوسـتـانەکـە لە سـەر بنـەمـای بابەت و سـوودی دانوسـتـانەکە. ئەگـەر هـاتو بەرامـبـەرەکـەت وا دیار کـەوت کە جۆرێک بێڕێزی نیشـان دەدا، ئەوە لەوانـەیـە وا لە تۆ بکا کـە ئەو شـتـەی پـێ نیـشـان بـدەی بەشـێـوەیەکی تر. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕێگەی زۆر هـەن بۆ وەڵامـدانەی بەرامـبـەرەکەت بەشێوەیەکی لۆجیکییانە کە ئەمەش وا دەکات کە ڕەفتاری بگۆڕێ، بەڵام سـەرەرای ئەمانەش هـەندێک دانوستکاری تەڵەکەباز هەن کە خۆیان لە بوارەکە دەدزنەوە بەشێوەیەکی نادیار. لەم بوارانەدا و باشترین شت ئەوەیە بە بەرامبەرەکەت بگوترێ کە چیی تر درێژە بەم بابەتە نەدات و کێشەکان بخاتە لایەکەوە. هەموو گەفکردنەکان پرسیارێکن وەکو ئەو پلانەی خوارەوە:

| کەم | زۆر |
|---|---|
| لایەنی تر هـەن کە سوودی لێ دەبینن | خێرا بە، ئەگەر نا بەکەسێکی تری دەفرۆشم. |
| من دڵنیا نیم لەوەی کە ئێوە دەتانەوێت | واژووی دەکەی یان جێی بێڵم! |
| من بێ هیوا بووم. | من دەزانم لە کوێ دەژی. |

بەشێوەیەکی تـر، بنەمـای یاسـاکە ئەوەیە کە تۆ نـابێ گەف لە هیچ شـتێک بکـەیت، ئەگـەر هـاتو خۆت تەواو ئامادە نەکردبێ بۆ گەفکردن. هـەرچۆنێک بێ، دانوستکاری ئاست خواروو و مامناوەند تا رادەیەک ئەمە بەهەند وەردەگرن، بەڵام دانوستکـاری ئاست بەرز دەتوانێ هـەردووکیـان بەیەکەوە بخاتە لاوە.

٤- هەڵخەڵەتاندن:

دەسـتـەواژەیەکی باش نییە بۆ ئـاماژەپێکردن کە دانوسـتـانەکانی نێوان دوو لایەن بەرێوە دەچێ لەسـەر بنەمـای باوەڕ نەبوون بەیەکتری و ونبـوونی پراکتیزەکردنی گەمەی دانوستـان و هـەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خـاڵی لاوازی بەرامـبـەر، ئەگـەر ئەمانەش هـەبێ ئەوا زۆر بەکـەمی دێتـە ئەنجام. ونبـوونی تەواوی فـێـڵکردن یان هـەر هـیچ نەبێ ونبـوونی نـاتەواوی تەڵەکـەبازی لەوانـەیە ببـێـتـە هـۆی تووڕەکردنی دانـوسـتکاری پێشکەوتوو لە دانوسـتـاندا. هـەرچۆنێک بێ، دانوسـتـان بە ناتەواو یان

بەشێوەیەکی کۆنخواز هەژمار دەکرێ، ئەگەر هاتو بە لایەنی کەم یەکێک لە خەسڵەتە نهێنییەکانی دانوستاندنی تێدا نەبێ. پرسیار لێرە ئەوەیە چۆن ئەو کارە بکەین. تەکنیکی هەڵخەڵەتاندن وەکو ئەو تەکنیکەیە کە لە نرخدانان کارت پێ دەبێت. تۆ پێویستە هاوسەنگی بکەیت لە نێوان بێدەنگی و بەرزی قسەکردن لە دانوستاندا، بۆ نموونە لە حاڵەتی دڵنیابوون لە گونجاوی وتەکانی بەرامبەردا، ئەوا پێویستە بێدەنگ بیت، بەڵام لەلایەکی ترەوە، لە کاتی سەرسوڕمان و حەپەسان لە وتەکانی بەرامبەر، ئەوا پێویستە قۆڵی لێ هەڵماڵیت و کۆنترۆڵی بکەیت. لە دواوە دابنیشە و چاو بخە سەری و بە ڕوونی قسە بکە و دەموچاوت سادە نیشان بدە و ئەگەر هاتو بەرامبەرەکەت کەمێک گەڕاوە دواوە، ئەوا دەتوانی وای نیشان بدەی کە زۆر شتت کردووە.

هەروەها، تەکنیکی دوو هێندەی هەڵخەڵەتاندن یەک شتن، بەڵام بەداخەوە شانسی سەرگرتنی هەڵخەڵەتاندنی بەرامبەرەکەت زۆر کەم بووەتەوە. چیرۆکی راستەقینەی دانوستکاری هەڵخەڵەتێن وەکو ئەوە وایە کە دوو لایەن لە دووکانێکی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوازە و ئەنتیک مامەڵە لەسەر خوێدانێکی ڤیکتۆری شێوە یاسەمینی بکەن، کە ئەمە شتێکی بێ مانایە مامەڵەکردن لەسەر شتێک کە ماوەیەکی زۆرە لە دووکانێک ماوەتەوە و تۆزی زۆری لەسەر نیشتووە، لەلایەکی ترەوە خاوەن دووکانەکە دەست دەکات بە پیاهەڵدانی شتەکە و کە لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵام کڕیارەکە گرەوی لەسەر کڕینی قۆرییەکی بیبەر کردووە لە سەر شێوەی ناپلیۆن. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەو کڕیارە خوێدانە شێوە یاسەمینیەکە ئاماژە و مامەڵەی لەسەرکراوە لەلایەن دانوستکارەکانەوە وەکو " بەهای مارەبڕین". کڕیارەکە بە راستی ئاماژە بۆ خوێدانە یاسەمینییەکە دەکات وەکو شتێکی کەم و بێ بایەخ لەبەرئەوەی بەم شێوەیە سەرنجڕاکێش نییە کە ئەوان دەیانبینێ.

لەو گەمەی هەڵخەڵەتێنەدا، خاوەن دووکانەکە تێ دەگات کە تەنیا ئەو کەسە سوودمەند دەبێ، کە مامەڵە لەسەر قۆرییە بیبەرییەکە دەکات لەم مامەڵەیەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، کڕیاری تەواو ئەوەیە کە مامەڵە لەسەر کرینی گۆزە دەکات و ئامادەشە لەو نرخە زیاتر بدا (ئەمە کارێکی گران نییە) لەبەرئەوەی فێڵی تێدا نییە. بەکارهێنانی فێڵ یان تەڵەکەی هەڵخەلەتاندن سوودمەندە لە دانوستاندا لە کاتی پرسیارکردنی سەیر سەیر، بۆ نموونە و ئەگەر هاتو تۆ پرسیارت کرد سەبارەت بەوەی کە "چ دەزانی لەبارەی درێژبوونەوەی (پیرۆدینامیک) (زانستی گۆڕینی وزە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر) لە بواری بەرهەمهێناندا؟" بۆیە ئەمانەی خوارەوە پێویستە بەشێک بن لە وەڵامەکانت.

* "ئەوان زۆر باشن."

* "هەموو شتەکانی ئەوێ زانراون."

* "بەسە، ئێمە پێویست ناکات ئەوەندەی تر لە سەری بڕۆین."

## کۆتایی

دانوستاندن وەکو هەموو بابەتەکانی تر بەردەوامی هەیە لەسەر بنەمای پێکهاتەی بابەتەکە وەکو یاری ماراسۆن و پرۆسەی هاوسەرکاری، کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە کە بەردەوامیی هەیە کۆتاییی نییە.

**هەزمکردنی گەمارۆ لە دانوستاندا:**

ئاراستەکردنی راستییەکان بەشێکە لە دەرکەوتەکان، دانوستاندنی مانادار ئەوەیە کە دانوستکاری سەرکەوتوو هەوڵ دەدا کە ئاماژە بە ئاراستەی راستییەکان بکا وەکو: "ئەوەی کە من دەمەوێ لەمە زیاترە" ئەو جۆرە دەربڕینانە مانای تەواو دەدەن. قسەکردنی روون و ئاشکرا لە دانوستاندا مانای ئەوەیە بۆنی ئیشکردن دێت لە هەوا.

١- بەڕێوبردنی دانوستان:

وەکو دانوستکار وەکو ئەوەی شتێک گەرم بێ هەڵبچێت، تەنانەت شارەزاترین دانوستکاریش هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی دانوستانەکە بەڕێوە ببات لە یەک کاتدا. سەرەتای بەڕێوبردنی هەر دانوستاندنێک بە سانایی دەست پێ دەکات وەکو ئەوەی کە بەشێنەیی چا و قاوە و ئاوی کانزایی پێشکێش دەکرێ لەم جۆرە رووداوانە. لێرەدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە دانوستکار بتوانێ هاوسەنگی بەڕێوبردنی دانوستانەکە بپارێزی وەکو کۆتایی پێهێنانی هەر دانوستانێکی بازرگانی بە کۆمەڵێک لێکدانەوەی قووڵ و دوودڵییەوە. ئەو حاڵەتە دەتوانرێ بە حاڵەتێکی قورس لێک بدرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو دانوستکار پاشخانێکی ئەوتۆی نەبێت سەبارەت بە مانای تەواوی پاراستنی هاوسەنگی. بەمانایەکی تر ئەوە بە مانای " مانەوەی سەرنجدانی قووڵ " دەگەیەنێ یان بەمانایەکی تر "مانەوەی هاوسەنگی بەڵام " دانوستکاران حەز دەکەن دەستەواژەی مانەوەی هاوسەنگی" بەکار بهێنن کە مانای پرۆفشناڵەتی دەگەیەنێ.

٢- سەرنجدان:

دانوستکاری شارەزا بەبێ هیچ گومانێک حەز دەکات خۆی بسەلمێنێ بۆ ئەوەی بەرامبەری ناچار بکا کە گوێی لێ بگرێ. لە پاشاندا، تۆ سەرت سوڕدەمێنێ کە چۆن بەشداربووان سەرنجی جیاواز جیاواز دەردەبڕن. زۆر لە دانوستکاران پێیان وایە کە دانوستاندن لە رێگەی تەلەفۆنەوە بە تەواوەتی ئامانجی خۆی ناپێکێ بگرە جۆرێک لە ئاستەنگی بەدوای خۆی دەهێنێ. کۆنفراس ئاگەداری جیهان دەکاتەوە لە ئاستەنگی و ناخۆشییەکان بەهۆی ئەو جۆرە کارانەوە بەشێوەیەکی جوان ئەگەر بێتو ساتی جیهانییەکان لەگەڵی برۆن. لەوانەیە کات بەیانییەکی زوو بێ لە یابان و دانوستکار ژاپۆنییەکە لەوانەیە خەریکی هەڵگیرساندنی فێنکەرەوەی ئۆفیسەکەی بێ و بەجۆرێک تەواو ئامادە بێ بۆ بەسەربردنی رۆژێکی پڕ ئیش، بەڵام چی ڕوو دەدات ئەگەر هاتو هاوکارە

دانوستکارەکەی لە ماڵەکەی خۆی بێ لە کۆنفێنتەری لە ئینگلتەرا و کاتژمێر ١١:٣٠ شەوە، لەوانەیە هەر ئێستا یانەکانی شەوانە داخرابن! لەم بارەدا باشترین شت ئەوەیە کە تۆ هیوای ئەوە بخوازیت کە دانوستکارە ئینگلیزەکە بتوانێ درێژە بە کاری دانوستان بدا لە کاتی بەیانییەکەی. هەرچۆنێک بێ، بارەکە باشتر دەبێ، ئەگەر نەتوانرا دەنگەکە بەتەواوی لەگەڵ هەرسکردنی شەرابەکە ببەسترێتەوە بۆ بەیانییەکەی.

٣- لەدەستدانی خواست بۆ ژیان:

خواستی دانوستکار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە مامەڵەکاندا بۆ ماوەی سەدەیەک دەشاردرێتەوە وەکو شاردنەوەی چوکلاتە لە چاکەتدا لەو ماوەیەدا، ئەمەش لەبەرئەوەی دانوستکاری بەرامبەر توانای ئەوەی دەبێ بۆ شاردنەوەی چەندەها شت لە بەرامبەر ئەوەی تردا، چونکە هەڵسوکەوتی دانوستکاری بەرامبەر نابێتە پێوەرێک بۆ زانینی سەرەنجی بەرامبەر. بۆ نموونە:

* هەفتەی رابردوو گێڵگەکە وەکو خۆی لێ هاتەوە.

* ئەستێرە ناودارەکە گەواهی دا لە زیندان لە مەکسیکۆ.

* هێرشبەری تیمی درێل ژنێک بوو ناوی" بێت"ی بوو.

بەڵام شتێک هەیە کە دانوستکاری پێشکەوتووش ناتوانێ بیشارێتەوە ئەویش سۆزدارییە. هەرچۆنێک بێ، دانوستکارێکی بێزاربوو لە ژیان لەوانەیە هەوڵی ئەوە بدا کە سەرنج بدا و خۆی بەشێوەیەکی تر نیشان بدا و دوورەپەرێز بێ، بەڵام ناتوانێ ئەو هەستەی لێ بەدیار دەکەوێ وەکو پەڵەی ئاو لەسەر کاغەز. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدەستهێنانی شت باشترین هاندەرە. لەو حاڵەتانەدا هەر بەڵێنێک بێتە پێشکێشکردن ئەوا دەبێتە مایەی رەتکردنەوەی بەڵێنەکە و گەڕانەوە بۆ ماڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەلی ئەوە دەبێ کە ئەو بەڵێنە رەتکراوەی کە تۆ پێش چەند کاتژمێرێک پێشکێشت کرد، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەبێتە شتێکی باش لەلات، بۆ نموونە:

کاتژمێر: ١١:٣٠ بەیانی

پێشکەشکار: ئێمە دەمانەوێ ٥٣ میل بەرەو سنووری "چاد" بەڕێ بکەوین و بگەین بە هەرێمێکی نوێ کە پێی دەگوترێ "هارۆلد".

وەرگر: بەبێ هیچ پرسیارێک، ئێمە نامانەوێ لە چادی گەورە نزیک ببنەوە.

کاتژمێر:٤:٤٥ ی ئێوارە

وەرگر: باشە، ئێوە دەتوانن نێزیک ببنەوە، بەڵام نابێ زیاتر بێ لە ٥ میل.

کاتژمێر:٧:٣٠ بەیانی

وەرگر: ئێوە دەتوانن بێنە ناو چاد وەکو ئەوەی خۆتان دەتانەوێ، بەڵام نابێ ناوی وڵاتێک بهێنن بە ناوی "هارۆلد".

کاتژمێر: ١١:٣٠ بەیانی
وەرگر: باشە، بەسە، ئەگەر بێتو هەموو شتەکان وەک خۆی بەباشی بڕوات، ئەوا ئێمە ڕازین لەگەڵ "هارۆڵد" بژین. دواترین پاسەکە پاش ١٠ دەقیقەی تر دێت....... ئاخۆ گەیشتنە ئێرە؟

٤- هەلی کۆتایی:

شتێک نییە بە ناوی "هەلی کۆتایی"، بەڵام نابی لەسەر یەک شت هەڵوەستە بکەیت و بەرامبەرەکەت هەست بە ساردبوونەوە بکا لە بەرامبەرتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگەیەکی گونجاوتر ئەوەیە کە تۆ مەبەستی خۆت بگەیەنی بۆ کۆتایی پێهێنانی دانوستاندنەکە ئەویش "نادانوستان" یان "کۆتاییی کۆتایی"، بەڵام نەک یەک جار گوتن بۆ هەموو جارێک، لەبەرئەوەی ئەو شێوازە زۆرە و هیچ بۆشاییەکی تێدا نا هێڵێتەوە. وەکو هەموو شتێک لە دانوستانداو دانوستکار دەبێ وشەکان وەلاوە بنێ و سەرنج بداتە شتەگرینگەکان، بەتایبەتی کاتێک دانوستکار دەڵێ گوێ بگرە یان ڕوونکردنەوە دەدات. هەرچۆنێک بێ، هەلی کۆتایی دەبێ سەرنج بداتە سەر ئەو شتانەی کە بەرامبەرەکەت ناویان دەبات لە ڕێگەی پرسیارەکانتەوە. گرینگترین شت ئەوەیە پرسیارەکانت دەبێت ئەو شتانە لە خۆ بگرێ:

"چ شتێکی تر ماوە کە ئێمە دەبێ قسەی لەسەر بکەین؟"

"ووردەکاری مەدەیە، بەڵام هێما بە شتەکە بکە...... بۆ ئەوەی واژووی لەسەر بکەی"

ئەگەر هاتوو زانیت کە سوودمەند دەبیت بەئامادەبوونی کەسێکی شارەزا یان گوێگر، ئەوا لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژەی پێ بکەیت کە ئەوە وەکو "تاقیکردنەوەی" شمەک بوو.

**گەیشتن بە ڕێکەوتننامە:**

دانوستکار دەتوانێ بە شپرزەیی ببینرێ ئەگەر هاتو هیچ زانیارییەکی نەبوو سەبارەت بەوەی کە بەرامبەرەکەی چۆن بیر دەکاتەوە. ئەگەر هاتو تووشی ئەم بارە بوویت، کە نابێ وا بێ، ئەوا هەوڵ بدە کە ئەم شتانە بخەیتە بەرچاوی خۆت، بۆ نموونە وای نیشان بدە کە لە ڕووی بەرامبەرەکەت وەکو گوێدرێژی کە ئاوازی "ئوکە لێ لی" دەژەنی، بە واتای ئەو کە بەرامبەرەکەت جۆرێک سەری لێ شێواوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوە سوودی دەبێ، بەڵام زۆر نا. ئەوەی کە یارمەتیت دەدات لەم بارەیەوە ئەوا وەرگرتنی هێمایە لە بەرامبەرکەت.

١- ناسینەوەی وەرگرتنی هێماکان:

سەرنجدان بۆ وەگرتنی هێماکان دەکرێ بکرێ بە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ بەرامبەرەکەت ئەویش بەوردبوونەوە لە هەر پرسیارێکی بەرامبەرەکەت "ئەگەر هاتو وەڵامی ڕاستی داوە". ئەم هەنگاوە بە تەواوەتی دانوستکارەکان دڵخۆش دەکات. ئەو هەنگاوە هەر ئەوە

ناگەیەنێ کە دەبێتە سەرەداوێک بۆ ئەوەی بزانیت بەرامبەرەکەت چۆن بیر دەکاتەوە (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی بەهادارە بۆ دانوستکارەکە خۆی" بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی بەرامبەرەکەت بیرکردنەوەی باشن کە دەکرێ کاریان لە سەر بکرێ.

٢- چاو دانان:

وەکو دانوستکارێک دەتوانی خۆت کۆنترۆڵ بکەیت، ئەگەر هاتو هیچ شتێکت دەست نەکەوت لە بەرامبەرەکەت، کە لەوانەیە ئەو بارە دووبارە ببێتەوە لە زۆربەی کاتەکاندا. هەندێ جار تۆ لەوانەیە تووشی کەوتن یان هەڵە ببیت لە دانوستانە درێژەکاندا. ئەم جۆرە حاڵەتانە بە ئاسایی ڕوو دەدەن کە بەجۆرێک هێزی ئەوەت پێ دەدات کە بەرامبەرەکەت بگری لەو کاتەی کە چاو دادەگری. هەست و دەربرینەکان بە دیار دەکەون بە داخستن و کراوەی چاوی دانوستکار. هەرچۆنێک بێ، ئەوەی کە یەکەم جار چاو دادەنێ، ئەوا ڕەوتی دانوستانەکە لە بەرژەوەندیی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە هەر کاتێک کە بەرامبەرەکەت چاو دادەنێ، ئەوا تۆ دەتوانی بەشێوەیەکی ژیرانە کارەکانت بەرەو پێش بەریت.

٣- دەستەوەستاندن:

دانوستکار زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هەموو جۆرە سیناریۆیەک، بەجۆرێک دەبێ بەسەریاندا زاڵ بیت بەوەی کە لە تواناتدایە. گرینگترین بار ئەو کاتەیە کە بەرامبەرەکەت زۆرترین هەلت پێ دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کاتەوە بەرامبەرەکەت هەڵدەستێ بە گەورەکردنی شتەکان لەم جۆرە هەل ڕەخساندنەدا کە ئەمەش لەو کاتانە هەستی پێ دەکرێ کە بەرامبەرەکەت دوودڵە لە قسەکانیدا. هەرچۆنێک بێ، دەستەواژە بۆ ئەم حاڵەتە زۆر سنووردارە بۆیە باشترین دەستەواژە ئەوەیە کە تۆ بڵێی "من وام لێی کرد کە دەستەوەستان بێ".

٤- بەجێهێشتنی پارە لەسەر مێز:

چۆنیەتی قسەکردن بۆ دڵنیاکردنی دانوستکار (لە نێوان ئەوانەی کە لەگەڵتن، پرۆسەی دانوستاندن بە "دابەشکردنی پارچەکان". ئەوە مانای وایە کە هەموو کەسێک شتێک دەبات و هیچ بەجێ نامێنێ. بەشێوەیەکی تر دەتوانین ئەو بارە بە "یاری هیچ" ناو بەرین، واتا ئەوەی بەدەستی دەهێنی یەکسانە بەوەی کە لە دەستی دەدەیت. لەو کاتەوەی کە ڕێگەی سێیەم پەسەند کراوە بۆ دەربڕینی هەستی خۆت بەرامبەر هەمان بابەت، ئەوا تۆ سەرپشکی بۆ قسەکردن لەسەر شتە گرینگەکان وەکو بەجێ نەهێشتنی پارە لەسەر مێز.

هەرچۆنێک بێ، جاری وا هەیە کە دەخرێیتە ژێر پاڵەپەستۆ بۆ دەست هەڵگرتن لە ستراتیجییەکەی خۆی. هەندێ جار دانوستکار هەندێ حاڵەتی بێ مانای تووش دەبێ کە باشتر وایە هەندێک پارە لەسەر مێزەکە بەجێ بهێڵێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەجێهێشتنی پارە لەسەر مێز مانایەک دەدا بە بوارەکە ئەگەر هاتو حاڵەتەکە "یاری هیچ" بوو. لە ڕاستیدا، ئەمە کارێکی ڕەوایە

بۆ ئەو جۆرە بوارانەدا لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە کارێکی نێودەوڵەتییە. بەشێوەیەکی تەواو لەبەرچی تۆ دەتەوێ پارە لەسەر مێز بەجێ بهێڵی کە ئەوە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکی زەقە، بەڵام کەس ئەم پرسیارە ناکات.

٥- دانوستاندن:

لە روانگەی زیرەکیی تەقلیدی، دانوستان زۆر کاریگەر دەبێ لەو کاتەی کە دانوستانەکە لەسەر بناخەی بەها و بنەما بنیات دەنێ بە مەبەستی دروستکردنی پێگەیەک. ئەو بارە گونجاوە لە روانگەی تیۆرییەوە. هەروەها، زیرەکیی تەقلیدی کەمتر قسە لەسەر وازهێنانی بەها و بنەما و تەنانەت شوێنەکانیش دەکات، ئەمە لەبەرئەوەیە دانوستاندن شتێکی تیۆری نییە، بگرە شتێکی پراکتیکییە. بەشێوەیەکی تر پێویستە دانوستان لە پراکتیکدا هەبێ.

٦- کۆتاییهێنان:

ئەوانەی کە ناوەڕۆکی بابەتەکان دەفرۆشن، ئەوا دانوستان دەکەن لەسەر چەمکی "کۆتاییهێنان"، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە دانوستکارەکان خۆشحاڵ نابن بە دانوستانەکە بگرە خۆشحاڵ دەبن بە فرۆشتن. کۆتاییهێنان شتێکی گرینگە بۆ بەڕێکردنی خەڵک. ئەمەش وایان لێ دەکات کە لەسەر ئەو رەوشە بمێننەوە کە هیچ شتێک نەدەن لەسەر ئەو شتانەی کە دەیکەن. هەروەها، دەتوانرێ خەڵکانی وا هەبن کە چالاکی دانوستاندن وەکو خەڵاتکردنی خۆی ببینێ. هەروەها، ئەو جۆرە کەسانە بەشداری دانوستان دەکەن لە سەرەتاوە تاکو کۆتاییی دانوستانەکە، کە هەندێ جار ئاراستەیەک یان کۆتاییەکی دیاری نییە. لێرەدا ئێمە بەو جۆرە کەسانە دەڵێین ئیتاڵی.

هەموو دانونستکارەکان بە جۆرێک تووشی ئاستەنگی ئەو جۆرە پیاوفرۆشانە دەبنەوە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن کۆتایی بەو حاڵەتە بهێنین. لێرەدا، دوو رێگەی سەرەکی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە دانوستان کە بەشێوەیەک دەبێ زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی بڵێی "ئەوا من کەیسەکەم دادەخەم" و یەکێک نیم لەوانە. هەرچۆنێک بێ، لە هەموو حاڵەتەکاندا، ئەوا تۆ بێ هیوایانە تێوە دەگلێی سەبارەت بە چۆنیەتیی کۆتاییهێنان بە دانوستانەکەت، لێرە با بەتەنیا جێت بهێڵین سەبارەت بە کۆتاییهێنانی دانوستانەکەت. لە هەمان کاتدا، ئەم دوو خاڵەی خوارەوە رێگەی کۆتاییهێنان بە دانوستاندن:

١- چۆنیەتیی کارنامەکە:

بەر لە دۆزینەوەی ستراتیجییەتی کارکردنی بەرامبەرەکەت، یەکەم هەنگاو دەبێ هەڵوەستە بکەیت لەسەر ئامانجی ئەو ئاڵوگۆڕییە بزانیت کە لە دانوستاندا دەیکەیت، ئەوا پێی دەڵێن "چۆنیەتیی کارنامەکە" بۆ نموونە:

پ/ ئاخۆ ئەمە سەوز دەبێت

و/ ئەگەر هاتو سەوز بوو دانەیەکم لێ دەکڕی؟

٢- رازیبوون بە کارنامە:

پەیمان ببەستە لەگەڵ باشترین بەڵێندەر کە لەژێر دەستتە و سواری تەکسی ببە.

٧- پیاسەی لایەک بکە:

پیاسەکردن مانای کۆتاییی دانوستانەکە ناگەیەنێ، بگرە ئەوە بە بەشێکی سەرەکیی دانوستانەکە دادەنرێت، ئەگەرچی تۆ مامەڵە یان دانوستان لەسەر کڕینی کەرێک بکەیت لە مەراکیش یان دانوستان لەگەڵ سەرۆکی یانەیەکی تۆپی پێ بکەیت بۆ کڕینی یاریزانێک (کە لەوانەیە ئەویش بگۆڕێ ببێت بە کەر). لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ دەتوانیت هەر پیاسەی خۆت بکەیت و زیاتر لەوەش تۆ دەتوانی ئو پیاسەکردنە چەند جارێک دووبارە بکەیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هاتو هەر شتێکی ناکاو رووی دا لە پیاسەکردندا و هاوکارەکەشت هەستی پێ نەکرد، ئەوا ئەو کات دەزانی کەوا شتێک فێر بوویت کە بەهایەکی زۆری هەیە. هەرچۆنێک بێ، یەک شت هەیە کە دەبێ بیزانیت لە پیاسەکردن، ئەویش ئەوەیە کە تۆ هەموو کات دەتوانی بگەڕێیەوە، هەموو کات، چونکە مەرج نییە هەموو دانوستانەکان بە بەڵێننامە کۆتاییی پێ بێ لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک بۆ ئەمە نییە. ئەگەر هاتو هەستت بە هەڵە کرد و ئەوا لەوانەیە هەڵە بێ، بۆیە ئەو کارە مەکە و پەند وەربگرە لەسەر ئەو چیرۆکەی خوارەوە:

جارێک منداڵێکی بچووک لە خوا دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی پایسکلێکی نوێی بۆ بێ لە جەژنی سەری ساڵدا و بەڵێنی ئەوەشی دا کە لە پاداشتی ئەو شتە ببێتە کەسێکی باش. لەو کاتەی کە پایسکلی بۆ نەهات، منداڵەکە نارەزاییی دەربڕی لەوەی کە خوا گوێی بۆ نەگرتووە و پاشان هەر خۆی گوتی نا ئەو شتە وا نییە، خوا گوێی لە داواکارییەکەی گرت، بەڵام وەڵامەکەی "نەخێر" بوو.

لە دانوستاندا تۆ هەموو شتێکی.

تۆ دەتوانی بڵێی "نا".

٨- بڕیاردان:

ئامانجی سەرەتایی تۆ لە دانوستانکردندا، وێناکردنی هەر شتێکە کە ئێستا لەو قۆناخە بزرە، یەک شت پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت لە چوارچێوەی دانوستاندا ئەویش: باشترین بەڵێننامەی بەردەستت چییە؟ هەرچۆنێک بێ، تۆ دەتوانی بڕیار بدەیت لەژێر چوارچێوەی ئەو بەڵێننامەی کە دانوستانی لەسەر دەکەیت. بەداخەوە ئەو قۆناخە دەتوانرێت بە سەختترین قۆناخ ناو ببرێ. کاتی ئازایەتی بەسەرچوو کە بەجۆرێک دەتوانرێ ئیشی لەسەر بکرێتەوە ئەگەر هاتو تۆ سەرکەوتوو نەبویت لە بەدەستهێنانی ئامانج. لەم بارەدا خاسیەتەکان داوای بڕیاری یەکلاکەرەوە دەکەن. ئەگەر هاتو تۆ پێویستت بە تێگەیشتنی ئەو حاڵەتە گرینگە هەبوو ئەوا وای دابنێ "ئەو شتەی کە لەناو دڵتە، ئەوا دەیزانی".

تۆ خاوەنی بڕیاریت.

لەبەرکردنی بەڵێننامە:

زۆربەی دانوستکارە تازە پێگەیشتووەکان ئەرکەکانیان بە باشی تێپەر ناکەن لە دانوستاندا لەبەر نەبوونی کۆتاییەکی روون و ئاشکرا لە دانوستانەکانیاندا. دەست گوشینێک یان چەپڵەلێدانێک لە دواوە دەتوانرێ بکرێ بە هێمایەک بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێک، بەڵام ئەم چەپڵەلێدانە مانای رێککەوتنێکی نووسراوی تەواو ناگەیەنێ، تەنانەت هەندێ جار لە ئاڵوگۆڕکردنی شت بە پارە ئەوا شیمانەی هەندێک ئاستەنگی و مەترسی لێ دەکرێت لە بەردەم دانوستکارەکە. وای دابنێ کە هاوکارەکەت بەڵێنی داوە بۆ ناردنی هەموو سەر بزنەکان لەسەر بنەمای ئەو بڕە پارەی کە لە سەری رێک کەوتوون:

أ- ئەو لەوانەیە هیچ بزنێکی نەبێ.

ب- ئەو لەوانەیە بەهای هەموو بزنەکانی کردبێتە ناوی ژنەکەیەوە.

ج- شیمانە دەکرێت ئەو شوێنەی کە بڕیار وایە بزنەکانی لێ وەربگریت دروست نەبێ و تۆ لەوانەیە لە کێڵگەیەک چاوەڕێ بکەیت و بزنەکانیشت لە ماڵەکەت قەنەفەکانت بخۆن.

شێوازەکانی دانوستاندن:

لە زۆربەی چالاکییەکانی ژیان لە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەوە تاکو سەماکردن و شێواز بەشتێکی دانسقە دێتە هەژمارکردن. ئەم شێوازە شتێکی ئێجگار دروستە لە دانوستاندا. دانوستکاری نوێ تەنیا شت کە هەیبێ ئەویش شێوازی دانوستانە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو دانوستکارێک پێویستی بەشێوازی دانوستان هەیە. هەرچۆنێک بێ، شێوازی زۆر هەن بۆ دانوستاندن بۆیە ئێمە لێرە هەڵبژاردنمان دانەناوە لەوەتەی دانوستکارە ماستاوچییەکان هەڵساون بەبەکارهێنانی لە یەکێک زیاتر لە دانوستانەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جۆرە دابەشکردنە بۆ هەڵبژاردنی شێوازەکان پاڵ بە دانوستکارەکانە دەنێت بۆ ئەوەی شێواز یا ستایل بگرنە بەر لە دانوستانەکانیاندا. تۆ پێویستە بڕیار بدەیت کە چۆن لە بەرامبەرەکەت بڕوانی یان شیمانەی چی لێ دەکەیت وەکو بەشێک لە ئامادەکاری بۆ دانوستاندن. هەرچۆنێک بێ، ئەمە یارمەتی ئەوەت دەدات کە بزانی بەرامبەرەکەت هاوکارتە یان دژتە. بەم شێوەیە تۆ دەتوانیت نەگۆڕێت جیا لە بابەتی ئەو کتێبەی دەستەواژەکانی بەکار هاتووە بۆ گۆڕان.

هەرچۆنێک بێ، تێڕوانینی تۆ (وەکو شتێکی گرینگ کە بەکار دێت) بۆ لایەنەکانی تر پێشت دەبەستێ لەسەر ئەو شێوازەی کە خۆت گرتووتتە بەر.

| شێوازی دانوستاندنت | تۆ لایەنەکانی تر ئاوا دەبینی |
|---|---|
| * شەڕکەر، پیشبڕکێکەر | دژە وەستان |

* هاوکار، خۆبەخش | هاوکار
* سەرەتایی، تازە پێگەییشتوو | پێگەییشتوو
* دیندار | رووحانی

١- ماراسۆن راکەرەکە:

ئەگەر هاتو سەرپشکی بکرێت لە نێوان هێز و بەهرە، هەموو کات هێز براوە دەبێ. رێگەی زۆر هەن بۆ نیشاندانی هێز لە دانوستاندا، بەڵام رێگەی کەم هەن بۆ نیشاندانی بەهرە.

٢- گوندە شێتەکە:

باشترین شت کە بیزانیت ئەوەیە "هەرگیز دانوستان لەگەڵ کەسانی کەمئەقل مەکە، بەگوێرەی تێڕەوانییەکان تۆ ناتوانی تێی بگەیەنی تۆ چیت و کامەیت". بە داخەوە ئەگەر هاتو تۆ بوویت بە دانوستکار و گفتوگۆت لەگەڵ شێتێک کرد بۆ یەکەم جار ئەوا دەبێ بە بەشێک لە تۆ. دانوستکارە شارەزاکان ئامۆژگاری ئەوە دەکەن کە شێوازی خۆکەرکردن بگرنە بەر لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە لە دانوستاندا. هەرچۆنێک بێ، ئەو جۆرە ئامۆژگارییانە لەوانەیە رێگە بە بەرامبەرەکەت بدا کە کۆنترۆڵی دانوستانەکە بکا. بەشێوەیەکی گشتی کە ئەقڵی خاسیەتەکی کاریگەری نییە لە دانوستاندا. ئەگەر هاتوو بەرامبەرەکەت هەر نووسراوێکی پێشکێش کرد بۆ واژووکردن، ئەوا یەکەمین شت ئەوەیە کە لێبکۆڵییەوە بۆ ئەوەی بزانی نووسراوەکە دروستە یان ساختەیە. لێرەدا، رێگەیەکی تەواو روون نییە بۆ ئەو کارە، بەڵام دەبێ باشترین هەوڵی خۆتی بۆ بدەیت. هەرچۆنێک بێ، بەرامبەرەکەت لەوانەیە بەشتێکی هەڵە تێ بگات ئەگەر بێتو داوای لێ بکەیت کە ناوی خۆی بە دارێک بنووسێ لەسەر لم.

لەلایەکی ترەوە، هەوڵ مەدە کە خۆت بە زیرەک نیشان بدەیت، چونکە تۆ تەنیا شتەکان تێکەڵ بەیەک دەکەیت. دانوستکاری زیرەک ئەوەیە بۆ جارێک ئەو لێکدانەوانەی خوارەوە دەکات" ئەگەر هاتو شتەکە گوێیەکانی درێژ و شۆڕ و کلکێکی توکنی هەبوو و بازبازێنی دەکرد ئەوا ئەو شتە کەروێشکە" هەندێ جار شتەکان وا دەردەچن کە وەکو دەردەکەون و تەنانەت ئەگەر هاتو شتەکە لە جیهانی دانوستانیش بێ.

٣- کڕیاری نائاگا:

لەو کاتەی شێتی کەمێک بەهای دەبێ، ئەوا نەزانین پێویستە بەتەواوی رێزی لێ بگیرێ. شوێنی بێ ئاگا بە باشترین جێگە هەژمار دەکرێ بۆ ئەوەی دانوستکارە فێڵبازەکان دەست بە پیشەکانیان بکەن. لێرەدا سێ جۆرە زانیاری هەیە کە بنیات نراون لەسەر بنەمای تەڵەکەبازی و ماستاوچێتی، کە هەمووشیان یاساین:

أ- شاردنەوەی توانایی:

ئەو جۆرە ستراتیجییە، ئەگەرچی تۆ ناتەوێت بەئاشکرا ئاماژە بە تواناکانت بکرێ، ئەوا شتێکی زۆر باوە وەکو شتێکی ناخۆش لە نێوان دانوستکارەکان. ئەم جۆرە ستراتیجییە جۆرێکە لە تەڵەکەیەکی سادە کە بەشێوەیەک پشت بە ئەگەرەکان دەبەستێ کە بە جۆرێک بەرامبەرەکەت زانیارییەکی ئەوتۆی نییە سەبارەت بەو پرسیارە قورسانەی کە تۆ دەیکەیت.

ب- کڕیارە نەناسراوەکە:

ئەو ستراتیجییە جۆرێکی تری تەڵەکەبازی قبوولکراوە کە لە هەموو بوارەکاندا تۆ نابێ بیکێشییەوە. بەشێوەیەکی تر تۆ نابێ هەوڵی بەکارهێنانی ئەو فێڵە بدەی، لەبەرئەوەی فێڵەکە زۆر سادە و ئاسانە وەکو ئەم فێڵەی خوارەوە:

* یەکەم جار، کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر ئەو بابەتەی کە دەتەوێ دانوستانی لەسەر بکەیت.

* دووەم هەنگاو، هەڵگرتنی بابەتەکە لەلای خۆت و پاشان بەشداری پێکردنی بەرامبەرەکەت لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە بە دەرخستنی زانیارییەکانی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ دانوستکارێک بەرگری نەکات.

* سێیەم هەنگاو، بە پەرۆش گوێگرتن بۆ ئەوەی وا لە بەرامبەرەکەت بکەیت کە دەستەوەستان بێت لە بەرامبەرت. ئەو جۆرە فێڵە ڕێگەت پێ دەدات کە یاری بکەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێ بیکەیت.

ئەم جۆرە تەکنیکە پارمەتیت دەدا بۆ چاندنی تۆوی بڕوا لەلایەن بەرامبەرکەتەوە. ئەگەر هاتو لە بەرامبەرت دۆڕا یان کەوت ئەوا تۆ بە باشی تێ دەگەی لە هۆکاری کەوتنەکەی، لە بەرامبەردا ئەو هەرگیز نازانی کە تۆ هۆکاری کەوتنەکەی دەزانی. هەندێ جار هەڵگرتنی هەنگاوێک ڕێگە باشترە لە ڕێڕەوەی ڕێگەکە. ئەوەی خوارەوە نموونەیەکە بۆ ئەو کەیسەی سەرەوە. توانای ئەندازیارێک لەسەر ئەوانەی تر " من دەزانم، بەڵام بەرامبەرەکەم ئەو راستییە نازانێ " ئەو جۆرە حاڵەتانە بە ساتی بەدەستهێنانی دەسکەوتی گەورە ناو دەبرێن، هەر کاتێک دانوستکارێکی فێڵباز ئەوەی زانی، ئەوا دانوستانەکە بەجێ دەهێڵێ و بزە دەکات و پێ دەکەنێ لە پاداشتی زانینی ئەو زانیارییە.

ج- دانانی زانین بە نەزان:

ئەو جۆرە ستراتیجییە بەشێکە لە ڕاستی، بۆیە نابێ بە فێڵ لە قەڵەم بدرێ. ئەوە شتێکی باشە بۆ بەرامبەرەکەتی دەردەخەیت سەبارەت بەئامادەنەبوونی یان کەمی زانیاری، بەڵام خاڵێکی تر ئەوەیە کە تۆ ئەو شتە بڵێت و لە پاشان بەرامبەرەکەت ئەو شتە بقۆزێتەوە بۆ فرۆشتنی تۆ سەبارەت بە هەرچی بابەتێک کە هەیە. وەکو ئەوەی کە ئەو شتە بنیات دەنێت، ئەو دانوستکارەی کە ڕۆڵی "کڕیار" دەبینێت لە بەرامبەر ئەو دانوستکارەی کە ڕۆڵی "زاری کردن" دەگێڕێ لە دواییدا

دەبێتە خاوەن بڕیاری خۆی. ئەو هێلانە کە دەبێ بە گرینگ وەربگیرێن ئەوانەن:

* "تۆ دەبێ لە نەزانینم ببووری"

* "من خۆشحاڵم کە ئەو شتانەت بۆ من شی کردەوە."

* "من ئامادەم بۆ ڕاز کردن."

٤- پێوەندیی دامەزرێنەرەکە:

مەبەست لە پێوەندی بنیاتنەرە، دروستکردنی پێوەندیی تۆکمە و درێژە. ئەگەر هاتو تۆ ئەم جۆرە شێوازەت هەڵبژارد، ئەوا بنیاتنانی پێوەندیی دەبێ بەبەشێک لە خواستەکانت و پاشان هەوڵ دەدەیت بۆ بۆ دۆزینەوەی بەهاکان و دروستکردنی پێوەندییە هاوبەشەکان. لە هەمان کاتدا، لەوانەیە ببیت بە کەسێکی پیاهەڵدەر لەپێناو گەیشتن بە بەرژەوەندی کە ئەمەش باش نییە. هەرچۆنێک بێ، شێوازی پێوەندیی بنیاتنەر لە دانوستاندا یەکێکە لە هەرە شێوازە خراپەکانی دانوستان ئەگەر بێتو لەگەڵ ئەوانی تردا بەراوردی بکەیت.

٥- شێوازی هاوکاری:

ئەوە شێوازێکی زۆر ترسناکە. پراکتیزەکردنی ئەم شێوازە لە دانوستاندا وات لێ دەکات کە کار لەگەڵ هاوکارەکەت بکەیت، ئەو کاتەش ڕێگە بەخۆت نادەی کە ناوی بەریت بە بەرامبەرەکەت یان دانوستکارە دژەکەت. بیرۆکە خراپەکە لێرە ئەوەیە کە تۆ هەوڵ دەدەی کەسێک بدۆزییەوە کە هاوڕابێ لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان. ئەگەر بێتو تۆ لە کەسە هەرە بەتواناکان بیت و هاوکارەکەشت یەکێک بوو لە دانوستکارە بەتواناکان یان پاشخانێکی باشی هەبوو لە فێڵکردن، ئەوا ئێوە بە ئاسانی دەگەن بە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ ئەو شتانە هەمووی بە خراپە دەشکێنەوە بەسەرتدا، لەبەرئەوەی بەڕۆڵی خۆت ئەو بوارەت دروست کرد.

هەرچۆنێک بێ، دەستەواژەیەک بەکار بێنە لە شێوازی هاوکاری وەکو گوتنی ئەو شتانە "ئیش لەگەڵ من بکە"، " لێگەڕێ با بەیەکەوە چارەسەری ئەمە بدۆزینەوە"، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تۆ دەبێ شتێک لە بیر نەکەیت لە جیهانی دانوستاندا نەکەی هەموو شتەکان وەکو خۆی وەربگری.

٦-شێوازی جوانی:

لە جیهانی دانوستاندا وەکو ئەوەی لە ژیان دەبینرێ، جوانی بەرەو داهاتوویەکی قووڵت دەبات، کە ئەمەش جۆرێکە لە جێگرەوەی زیرەکی، ئەگەرچی لەسەر یەک ڕێڕەو نارۆن، بەڵام لەگەڵ هەموو شتێک لەگەڵ هاوشانی یەکترین. لەو کاتەی کە دەیکەی بەشێوازێک لە دانوستاندا، ئەوا جوانی هەڵدەستێ بە گێڕانی ڕۆڵی خۆی وەکو بەدەم هاتنێکی گەرم و ڕوونی تۆنی دەنگ و کراوەیی زمانی جەستە. ئەو شێوازە دانوستانە وا لە بەرامبەرەکەت دەکات کە هەست بە نەرمی نواندن بکا لە

بەرامبەرتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دانوستکارانەی کە ئەو شێوازە پێڕەو دەکەن هەست بەخۆشی دەکەن، بەڵام بەهیچیان رازی نین. ئەو شێوازە جۆرێک لە گوێگرتنێکی پەرۆش لە خۆ دەگرێت و پێشوازی لە هەموو بیرۆکەیەک و پێشنیازێکیش دەکات. دەستەواژەیەکی کورت بۆ باسکردنی ئەو بابەتە ئەوەیە "بەڵی ئەوان بۆ مردن".

٧- شێوازی بڕوا پێهێنان:

ڕۆڵی بڕوا پێهێنان و دڵنیاکردنەوە دەتوانرێ ببێت بەهۆکارێک بۆ دەربڕینی هەست بەشێوەیەکی ئازادانە، وەکو ئەوەی سەرۆکایەتیی پێشبڕکێیەکی پایسکلسواری بکەیت کە پێویستی بەهێز و بڕوا بەخۆبوون و هاوسەنگی و هەندێک یاسا هەیە. بێگومان ترسێکی زۆر لە بەگەیشتنی هەیە. تۆ دەبێ لەم حاڵەتە خۆت بەراورد بکەی ئەگەر هاتو سەرنەکەوتی، ئەوا یارمەتی بەرامبەرەکەت دەدەیت یان پێشبرکێیەکە تەواو دەکەیت بەماندووبوونێکی زۆر و بێ ئەنجام. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتادا هیچکام لەم ڕووداوانەی سەرەوە زەنگی ئاگادارکەرەوەت بۆ لێ نادەن. ساتە گەورەکانی پێشبرکێی بەلەم شێتییەکی بێدەنگ بەدوای خۆی دەهێنێ کە ئەویش کەوتن و وەرگەڕانە لە هەموو ڕۆژێکی ژیانی دانوستکاریدا، بەڵام دەبێ وای نیشان بدەی کە ئەو کارانەی تۆ دەیکەیت یان کردووتە هەمووی تەواوە لە هەموو کاتەکاندا. پاشان وەکو نموونەی پێشبڕکێی پاسکیلەکە بگەڕێوە لای پاسکیلەکەت و دەست بە پەیدان لێدان بکە. دانوستکاری بڕواپێهێنەر کەسێکی نامۆیە و بۆ گومانکردن و سۆزدار نییە بۆ نموونە "تۆ ناتوانی دڵنیا بیت لێی" یان " ڕاستت بکاتەوە ئەگەر هاتو هەڵە بووم". بە پەرۆش بۆ دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ هەموو شتێک کە تۆ دەیڵێی. لە داوی ئەو هەموو شتە تۆ تەنیا دانوستان دەکەی، نەک هەڵسەنگاندێک بۆ قەبارەی کونی بەرگی ئۆزۆن.

٨- ڕێگە بردنەوە-بردنەوەکە:

ئەمە شێوازە ئێجگار ئاسانە، بەجۆرێک پێویستی بە تێگەیشتنێکی سەرەکی هەیە لە بیروڕای بەرامبەرەکەت و مامەڵەکردنێک هەیە بۆ ڕازیکردنی هەر کەسێک کە دانوستانی لەگەڵ دەکەیت و بەجێت دەهێڵێ. ئەگەر هاتو هەلت بۆ ڕێک کەوت بۆ ئەوەی شانازی بە شتە ناوازەکانت بکەیت (هەندێ شت کە تۆ بە ئاشکرا هەوڵی کردنی دەدەی)، ئەوا ئاماژەیان پێ بدە و وەکو باسکردنی تەکنیکی "یارمەتی هەژاران" هەروەها، تۆ لەوانەیە ببیت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٩- شێوازی بەجێهێنانی براوە و دۆڕاو:

ئەو تەکنیکە دەتوانرێ بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بدرێت:

"من هەموو شتێکم دەوێت. هەروەها منیش هەموو شتێکم دەوێ کە دەتەوێ، بەبێ ئاماژەکردن بە بەهای شتە داواکراوەکە بۆ خۆت."، هەرچۆنێک بێ گەیشتن بە دەستەواژەی " هەموو شتێکم پێ

بده" له کاردانەوەی ستراتیجییەتی خۆت ئاگەدارت دەکاتەوە لە دەرەوە، کە ئەمەش پێویستی بە ئەمانەی خوارەوە هەیە:

* هەوڵ بدە ئەو شتە بدۆزەوە کە پێشتر هەتبووە.
* خواستت هەبێ لەسەر هەموو ئەو شتانە.
* هەرگیز نارەزایی دەرمەبڕە.

شتێکی زۆر باشە ئەگەر هاتو لە دەرەوە بە بەرامبەرەکەتی نیشان بدەیت کە تۆ پراکتیکی بردنەوە و دۆڕاندنت کردووە. دانوستکاری فێڵباز وا راهاتووە کە قاپێک پسکویت لە ناوەراستی مێزی دانوستانەکە دابنێ. وەکو هاوکارێکی ئەو کاتێک کە دانوستکارە فێڵبازەکە دادەنیشێت و قاپە کێکەکە بۆ لای خۆی رادەکێشێت و دووری دەخاتەوە لەوانی تر، لێرەدا مەبەستەکە ئاشکرایە و ئەویش ئەوەیە: من کۆنترۆڵی خۆم لێرە کردووە و هەر دیارییەکیش بێت لە ئێوەی دوور دەخەمەوە".

١٠- شێوازی شەرکەرە بۆکسێنەرەکان:

بەشێوەیەکی گشتی شێوازی دۆران بردنەوە بە جوانی ئامانجەکانی دەپێکێ، لەو کاتەی کە شێوازێک لە بەردەستدایە، ئەوا هەندێ جار بەم شێوازە دەگوترێت شێوازی "مستەکۆڵێنە". وێنەکان ئەوە نیشان دەدەن کە شەرکەرکانی سەر شەقام لەشێکی گەورەیان هەیە کە خوێناوییە، بەڵام سڵ ناکەنەوە و حەز دەکەن مست بوەشێنن (هیچی تر نا) هەتا بەرامبەرەکەیان دەست هەڵدەگرێ و دەکشێتەوە. پێکەنین و قسە لە خۆیان دوور دەخەنەوە. ئەگەر هاتو ویستت ئەو شێوازە بڵاو بکەیتەوە، ئەو هیچ خاڵێکی دەستپێکی نییە لەگەڵ جوانیی هەڵسوکەوتکردن. هەرچۆنێک بێ، ئەو شێوازە هیچ تەنیا سەر لە بەرامبەرەکەت دەشێوێنێ و لەو کاتەی کە پرسیارت لێ دەکات لە بارەی کاتی تەواو و تۆش وەڵامی دەدەیتەوە بە پرسیارکردن سەبارەت بە خێزانەکەی.

١١- کتێبە داخراوەکە:

تۆ نەخوێندرایتەوە وەکو هەر کتێبێکی داخراو. هیچ بەڵگەیەک نییە کە بدرێت سەبارەت بەو شتانەی کە دەیڵێی (زۆر نییە)، چۆن جل لە بەر دەکەی (شاراوەیە) یان چۆن بەرپەچی شتەکان دەدەیتەوە. بەرامبەرەکەت هیچ زانیارییەکی نییە سەبارەت بەوەی کە بیر لە چی دەکەیەوە و لە کاتێکدا، ئەگەر هەشبێت ئەوا زۆر کەمە. ئەو بارە سوودی زۆرت پێ دەگەیەنێ. هەروەها، بەرامبەرەکەت گیر دەخوات سەبارەت بەوەی کە نازانێ چ شێوازێک یان کەسایەتییەکت بۆ دابنێ. ئەگەر هاتو نەتزانی چی بکەی لە هەنگاوی دواتر، ئەوا خۆت سەخلەت مەکە و لەبەرئەوەی بەرامبەرەکەت بەمە نازانێ.

١٢- مەڕ لە پێستی مەڕدا:

جیاوازییەکی گەورە هەیە لە ئیشی نووسراوە فەرمییە جیاکانی مەرجی دانوستاندن وەکو

ئەوەی لە نێوان:

* گورگ لە پێستی مەڕدا

* مەڕ لە پێستی گورگدا

* گورگ لە پێستی گورگدا

* مەڕ لە پێستی مەڕدا،

بەکارهێنانی هەر یەک لەم دەستەواژانەی سەرەوە کاریگەریی دەبێ لەسەر ستراتیجییەت و نیمچە ستراتیجیی گونجاندنی هەریەک لەم بەشانە، لەگەڵ جێهێشتنی شێواندنێکی ئێجگار گەورە لە بەکارهێنانی دەستەواژەکە. بەداخەوە دانوستکارە تازەپێگەیشتووەکان لەم بەهرەیە بێ بەشن. ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەو خاڵەمان لە بیر بێ لەو کاتەی کە دەتەوێ شتێک بکڕین یان بفرۆشین بەبێ ئەوەی بزانین ئێمە چ جۆرە ئاژەڵێکین یان بەرامبەرەکەمان لەوانەیە چ جۆرێک بێ. هەرچۆنێک بێ، ئەو بابەتە زۆرتر لەوە هەڵدەگرێت وەکو خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا، بەهرەی پانکردنەوە دەبێ بدرێت بۆ هەبوونی پێگەیەکی بنکە فراوان. بەهرەی پانکردنەوە وا باشترە بەکار بێ تەنیا لە پیاهەڵداندا. مەڕ لە پێستی مەڕ هەر مەڕە لەو کاتەی کەس وا بڵێ یان بیکات. تۆ دەتوانی شتی زۆر بدۆزییەوە ئەگەر بێتو بڕیارت دا لەسەر ئەمانەی خوارەوە:

١- بەرامبەرەکەت، ئەو کەسەیە کە پێت وایە لە دەرەوە بیت و گیا بخوات، ئەگەرچی وا زانراوە کە کەمتر لە هەموو ئەو شتانە دەزانێ کە تۆ کردووتە، بەڵام کەمتر نییە لەوەی کە چۆن دانوستان بکا.

٢- تۆ دەتوانی بەنزمی دەست پێ بکەیت و هەروەها هیچ مامەڵەیەکی دەستپێک نییە کە خراپ بێت کە ئەمەش شتەکان ئاڵۆزتر دەکات لەوەی کە چاکی بکا. بەم بۆنەیەوە تۆ دەتوانی ئاماژە بە دەسپێکیکی نزم و خراپ بکەیت وەکو پێشکێشکردنی "تۆپی نزم".

٣- ئەگەر هاتو هیچ مەڕێک نەیتوانی مامەڵەت لەگەڵ بکا، ئەوا تۆ دەتوانی مامەڵە لەگەڵ خۆتدا بکەیت.

١٣- پسپۆڕی مەشق پێ نەکراو:

کەمی تۆێژینەوە بەهرە و تێگەیشتن هەرگیز دانابڕێن لە گەشتی دوور و درێژی رادەربرینی دانوستکار، ئەگەر هاتو پێویست بوو ئاماژەی پێ بکرێت نەک راوەستانی پانکردنەوە و خستنە سەر لە دانوستاندا. هەرچۆنێک بێ، ئەو تەکنیکە زۆر سادەیە. بەدرێژی و لەسەرخۆ قسە بکە هەتا دەتوانی. وتەکانت کۆتایی پێ بێنە بە ناساندنی بابەتێکی نوێ بە دۆزینەوەی بیرۆکەیەک کە خزمەت بە بابەتەکەی پێشوو بکا.

هەرچۆنێک بێ، ئەم جۆرە درێژەپێدانە پێویستە جیا بکرێتەوە لە دیاردە نامۆکانی پسپۆڕێکی مەشق پێ نەکراو کە تەنیا تێکەڵی لە قسەکانی ناکات بەبێ دۆزینەوەی هیچ پرەنسیپێک (کە

بێگومـان وەردەگیرێت)، هەروەهـا ئەو بەدوای پەرژینێک دەگەڕێت بۆ برەودان بە قسەکانی بەوەی کـە لـە سـەرچاوەیەکی بەرزی وەک خـۆی هاتووە. ئەوانەی کـە هەوڵی بەکـارهێنانی ئەو جـۆرە دەستەواژە بێ بنەمایانە دەدەن ئەوا ئەو شتانە دەڵێن:

"بڕاوم پێ بکە، ئەوە چالاکی منە"

"من هیچ شتێک ناڵێم، ئەگەر راست نەبێ"

"من وانەم لەسەر ئەو بابەتە پێشکێش کردووە، وا بزانم دەزانم کە قسە لەسەر چی دەکەم".

١٤- تۆماری لانەبراو:

سـادەترین رێگە بۆ شـیـمانەکـردنی پێگەکان (لە جـیـاتی بەهاکـان) ئەویش دووبارەکـردنەوەی شـتەکـانە وەکو بەکارهێنانی منداڵەکان لە شـەڕی جـیابوونەوەی خێزان بەوەی "مـن خـانووەکەم دەوێت".

ئەوە "تۆمـاری لانەبراو" کە رێگەیەکە بۆ دانوستـانکردن، کە ئەم تەکنیکە تەنیـا لە سێ شت پێک دێت بۆ گـوتن و دووبارەکـردنەوە. ئـەو تەکنیکە کـاری پێ دەکـرێت بەبێ هیچ بەهـایەک لەبەرئەوەی هاوکارەکانت بەم شێوەیەن:

أ- هاوکـارەکـانت لـە کـۆتاییـدا تووشـی سـەرسـوڕمـان دەبن بەوەی کـە تۆ هیـچ نەشـێـوای بە پێشکێشکردنی وتەکانت.

ب- پەرۆشیت بۆ ژیان لەدەست داوە.

دووبارەکردنەوەی شـتـە دەسـتنیشـانکراوەکان باش نییـە بۆ ئەوەی ببن بە شـتێک کە بشێن بۆ دووبارەکـردنەوە لەگەڵ ئەوەشـدا مـانای تـەواو نادات بەدەسـتـەوە. هەرچۆنێک بێ، ئەو شـتـەی کـە دووبارەی دەکەیتەوە دەبێ نرخی هەبێت لەسەر شـوێنی بەکارهێنانەکەی، نموونەکان بەم شێوەیە دەبن:

"پێویستە هەمووومان پشوومان فراوان بێ بەرامبەر ئەوانی تر"

"پێویستە هەندێک ببیەخشن و هەندێکی تر هەڵی بگرن".

" پێویستە هەموومان ئاگەدار بین لە دەربڕینەکاندا".

"رەوشت دەبێ بە بەرزی ببینرێت لە دانوستاندا"

١٥- لاسایکەرەوە:

کـێشـەی سـەرەکیی دانوسـتکار ئەوەیە کـە هەندێ جـار هاوکـارەکەت جـۆرێک لە جـۆرەکـانی شێوازی دانوستـان بەکار دەهـێنێ، کە تۆ نیتە، بەڵام لەوانەیە شـتی ترت هەبێ وەکو کـاتژمێرێکی گرانبـەهای دەسـتی یاخۆ دوو رووەمـەتی بەرز یان بەجێهێشـتنی ناوێکی لە کـارەکەی پێشـووت لە "بۆب دیلان". ئەمـانـەی سـەرەوە خـواسـتن بۆ هەبوون، بەڵام نـاتوانن جـێگەی نەبوونی شـێـوازێکی

دانوستاندن بگرنەوە. هەرچۆنێک بێ، ناهاوسەنگییەکان ئاسانن بۆ چارەسەرکردن. تۆ دەتوانی بەشێوەیەکی سادە لاسایی بەرامبەرەکەت بکەیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە نابێ بەجۆرێک لە شێوازی دانوستاندن (ئەگەرچی، گرتنەبەری ئەو شێوازە نابێتە هۆکارێک بۆ وەلانانی ستراتیجی)، بەڵام کاریگەریی باشی دەبێ لە پێکانی ئامانجەکەی.

١٦- تایۆسیزم:

جوانی فەلسەفەی تایۆست ئەوەیە کە فەلسەفەی رۆژهەڵاتی بەستووەتەوە جیهانی کارکردنی تازە. ئەگەر هاتو توانیت ئەو فەلسەفەیە بڵێ لە جۆرێک لە دانپیانان، ئەوا بەرامبەرەکەت لە شوێن خۆی دەتوێتەوە.

هەستی تایۆست بەم شێوەیەیە:

"ئەوەیە چییە ئەوەیە"

نەزەرییەی مامەڵە بەم شێوەیە:

"پرۆسە ماناداررەکان شوێنی خۆیان دەگرن لە هزردا بۆ دڵنیاکردنی لایەنەکەی تر"

ئەو شتانە بە یەکەوە بگونجێنە و ئەوانەت دەست دەکەوێ:

"دڵنیام بکەرەوە و پێم بڵێ ئەوە چییە"

شتێکی ئاساییە بۆ بەدەستهێنانی هەڵسوکەوتی تایۆست، بەڵام هەموو کەس ناتوانێ ئەوە بکا کە تۆ لاتە. هەرچۆنێک بێ، ئەوە بەس نییە تۆ هەڵسوکەوتی تایۆست بە دەست بێنیت و بەس، بگرە تۆ دەبێ هەمووان لەمە ئاگەدار بکەیتەوە (لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە شتێکی ناتایۆستانەیە کە دەیکەی).

| رەفتارت | چۆن بڵاوی دەکەیتەوە |
|---|---|
| تۆ ئامادەی بۆ دڵنیاکردنەوە. | تۆ ئاماژە بەم شتە بکە لە دەرەوە بە هێمنی. |
| تۆ شتەکان بەمەنتق دەبینی | ئاماژەی پێ بکە بەشێوەیەکی جوان. |
| تۆ هزرێکی کراوەت هەیە | ئاماژەی پێ بدە لەو کاتەی گۆشەگیری. |
| تۆ باشیت لە وەرگرتنی شتە دەرکییەکان بە سینگێکی فراوان. | ئاماژەی پێ بدە لە کاریگەریی رووخان. |

بەر لەوەی بڵێی" تاو تێ چینگ" (کە لەوانەیە نەیڵێ) تۆ بڕیارەکە بەدەست دەهێنی.

**سیناریۆی دانوستان:**

ژماردنی سیناریۆی دانوستاندن بەکێشەیەکی گەورە هەژمار ناکرێت لەبەرئەوەی لە هەموو

شوێنێک هەیە، بەڵام فێڵەکە ئەوەیە کە چۆن دەیناسییەوە و پاشان سەرکەوتوو بیت لە دامرکانەوەی شەڕەکە.

١- رووبەڕوو:

بەرامبەرەکەت لەوانەیە یان لەوانە نییە ڕووبەڕووت ببێتەوە و وەکو ئەوەی ئەو نەیەوێت گوێت لێ بگرێت. هەرچۆنێک بێ، ڕێگەی زۆر هەن بۆ گۆڕینی بارەکە، بەڵام گشتگیرترین ڕێگە ئەوەیە کە بەرامبەرەکەت رووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام گوێت لێ ناگرێ. هەموو ئەو ڕێگەیانە ناسراون بۆ جۆرەکانی دانوستاندن. هەرچۆنێک بێ، بەجێهێشتنی پەیامێکی دەنگی جۆرێکە لە دانوستاندن، ئەمە وەکو ئەوە وایە کە سێ ڕۆژ بەسەربەریت لە خێمە بۆ دانوستان لەگەڵ سەرکردەی جیاواز جیاواز لە رۆهەڵاتی ناوەڕاست. لەلایەکی تر، بەجێهێشتنی کورتەنامەیەکی دەنگی هیچ پۆستێکی هەوایی ناوێت.

٢- ریمۆت:

بیرۆکەی ریمۆت پێویست ناکات بە قووڵی وەربگیرێت. ئەگەر ویستت دانوستان بکەیت ئەوا بەشێوەیەکی گشتی بەدەسپێکی خاڵێک لێک دەدرێتەوە. هەرچۆنێک بێ، ئامادە نەبوونت لە دانوستاندا خۆی لە خۆیدا پەیامێکە کە کاریگەریی قورسترە لەسەر شتە دەرەکییەکان ئەگەر خۆت بەڕاستی لەوێ ئامادە نەبوویت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پەیامە تەکنیکێکی روون و ئاشکرایە کە تۆ پێویستە بەرگریی لێ بکەیت.

٣- کڕین و فرۆشتن:

کڕین بەهونەرێکی ئاڵۆز هەژمار دەکرێ، ئەگەرچی زۆربەی دانوستکارەکان خێزانی بێ مەشقیان هەیە کە بەسروشتی خۆیان ئەو شتە دەکەن. هەر کەسێک کە ناسنامەی کارەکەی وشەی "کڕیار" ی تێدابوو، ئەوا پێت دەڵێت کەوا "کڕین" یەکێکە لە کارە هەرە ئاستەمەکان بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز دادەنرێت. بۆ نموونە: کڕیارێکی پرۆفیشناڵ چۆن لە چۆنیەتیی ریزکردنی بانگهێشتی کۆمپانیاکان دەزانێت؟ لە کاتی هاتنە ناوەوەی ئەو جۆرە بابەتانە، ئەوا دانوستکاری پانکەرەوە ئامادەیە دەستێکی تێدا هەبێ بۆ گفتۆگۆکردنی بابەتەکە و ئەگەرچی ناوەڕۆکی بابەتەکە راست بێ (یان قسە هەڵبگرێت) کەمتر ئەنجامی هەبێ. لەمیانەی باسەکەمان سەبارەت بە کڕین و فرۆشتندا تەنیا یەک بابەت هەبێ بۆ گفتوگۆکردن ئەویش ئەوەیە "هیچ شتێک نییە وەکو کڕین، ئەویش تەنیا بڕیاردانە بۆ کڕین".

٤- لە کارکردندا:

جیهانی کارکردن پێک دێت لە زنجیرەیەک دانوستانی رۆژانە کە ئاستی جیاواز جیاواز لەخۆ دەگرێت، جگە لەو دانوستانانەی کە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵەکان دەکات کە هیچ ئاستێک لەخۆ

ناگرن. سەرجەم مامەڵەکان کە ناسراون بە جیاوازیی نێوان کۆمپانیا کە دانوستکاری تایبەت بەخۆیان هەیە لەگەڵ دەستە یەکگرتووەکان کە دانوستکارەکانیان هاوبەشن بۆیە دەستە یەکگرتووەکان بەبەردەوامی دەیبەنەوە بەسەر دەستە یەکگرتووەکان.

٥- چارەسەری کێشەکان:

بەبەردەوامی ساز و ئامادە بە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بابەتێکی دانوستاندن کە لەوانەیە لە توانای تۆ بەدەربێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە وەکو دانوستکار بتوانی چارەسەری دەرهاوێشتەکانی بکەیت و کە لە پڕێکا دەبێ بەشتێکی ناوازە. لەو جۆرە بارودۆخانەدا هەندێ جار ئەنجامەکان پێچەوانە دەبنەوە لەوەی کە تۆ شیمانەت لێ دەکرد، هەرچۆنێک بێ، تۆ دەستنیشان کراوی بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەنجامێکی "شیرین" یان "باشترین"، بەڵام ناوهێنان و پیاهەڵدان لەوانەیە کەمێک ئاڵۆز بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ دەبێ، وای دابنێی کە شارەزایی و کارامەیی شتێکە کە تۆ پێویستیت بە یارمەتی دەرەکی نییە. لێکۆڵینەوە و ناوبژیوان و سزا نموونەی ئەو جۆرە کاریگەرییە دەرەکییانەن کە تۆ پێویستە هەوڵی بۆ بدەی بۆ ئەوەی نەیان هێڵیت. ئەو جۆرە کەسانە بە بکوژ یان ڕاوکەر دادەنرێن، ئەگەر بێتو ڕێگرییان لێ نەکەیت ئەوا پێویستە چارەسەر بکرێن بەچاودێریکردنی ورد.

ئەگەر هەر کەسێک پێشبینیی ئەوەی کرد کە ئەو ئاژانسە پێویستی بەیارمەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانیان، ئەوا تۆ پێویستە هەوڵ بدەی کە کۆتاییی پێ بهێنی. لەم بوارانەدا تۆ وای تێ ڕابمێنە کە پاشخانی تواناکانت زۆر زیاترە لەو بوارەدا. لەگەڵ ئەوەشدا و هیچ بۆشاییەک مەهێڵەوە بۆ دزەکردنی کاریگەرییە دەرەکییەکان بۆ سەر بیرۆکەی تۆ، ئەو شتە هەیە، بەڵام ئەوە ئیشی تۆیە کە ڕێگریی لێ بکەیت.

٦- ناوبژیکەر:

شتێکی بریندارکەر نییە ئەگەر بێتو جیاوازیی نێوان ناوبژیکەر و سزادەر بزانیت، ئەگەرچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوانە یارمەتیدەر نین. باشترین چارەسەر ئەوەیە کە ڕوونکردنەوە سەبارەت بەم دوو شتە بدەیت بۆ ئەوانەی کە نایزانن، هەرچۆنێک بێ، جیا لە سزادەر و دادوەر و ناوبژیکەر بڕیار لەسەر کێشەکان نادات، بگرە ئەو یارمەتی لایەنەکان دەدات بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار لەسەر کێشەکان بدەن. پلاندانەر باشترین وشەیە کە دەبێ ئاماژەی پێ بدرێ بە مەبەستی زیادکردنی هەلەکان. ئەگەر ویستت دانوستان لەگەڵ ناوبژیکەر بکەیت، ئەوا چەند ڕێنوێنییەکی سەلامەت هەیە کە دەبێ بگیرییە بەر.

١- بەهێز و چاونەترس بە: هەرچییەک کە ئەوان دەیانەوێ پێت بڵێن یان پێت بفرۆشن یان قسەت لەگەڵ بکەن لە پێگەی خۆت بمێنەوە و بوەستە. لەوە بگە کە هەندێ شت دەدرێت کە لە بەرژەوەندی تۆدا نییە و ناوبژیکەر تووڕەیی خۆی بە بەرامبەرەکەت دەردەکا.

٢- بەرێزێکی بەردەوام بە: ناوبژیکەر هەموو نیشانەیەکی بێرێزی دەبینێ لە برەودان بە کارەکەی.

٣- کەسێکی ئارامگر بە: زۆربەی ناوبژیکەرەکان ڕۆژێکیان پێ دەچێ و هەندێکیشیان ڕۆژێکی تەواویان دەوێت. هەرچەندە چوار کاتژمێری یەکەم زۆر سەرنجڕاکێش دەبێ، بەڵام چوار کاتژمێرەکەی تر تاکتیکی و ئاڵۆز دەبێ. تۆ پێویستە ئاگاداری بیت.

٧- وەکیلەکان:

ئەگەر تۆ بتەوێت شەرەفی دانوستاندن بدەیت بە کەسێکی تر بە پارە، ئەوا خوێندنەوەی بەیاننامەکە بە سوێندخواردنی جێگرەکە دەست پێ دەکات کە بەم شێوەیە "من لە بری تۆ دانوستان دەکەم وەکو پارەی خۆم". لەگەڵ ئەوەشدا، جێگرەکان بەتەواوەتی ئەم بەڵێنانە دەدەن:

* پێش شەڕکردن: ئەگەر هاتو تۆ سەرکەوتنت بەدەست نەهێنا لە ناسینەوەی شیمانەی بەڕێوبردنی گەورە و گرینگ و ئەوا بەجۆرێک هەست بکە کە ژیانی جێگریەتیت لە چەند کاتژمێرێک تێپەر ناکات. دانوستان لەگەڵ بنەما و یەکەکانی خۆت بکە بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی رەها، هەروەها بەجۆرێک رەفتار بکە کە شیمانەی ئەوانی تر کەم بێ بۆ بەرەو پێشچوونت.

* دوای مردن: دووبارە دانوستان لەگەڵ خودی پرەنسیپەکانت بکە.

٨- دانوستانی بە کۆمەڵی لایەنەکان:

دانوستانی بەکۆمەڵی لایەنەکان شوێنێکی گونجاو و سەلامەت دەستنیشان دەکات بۆ دانوستکارە جووتەکان. وای دابنێ کە تۆ یەکێکیت لەوان کە دانوستان دەکەیت لەسەر بابەتێکی ئاڵۆز. وای دابنێ کە ئەوانی تر باشتر لە بابەتەکە گەیشتوون و پاشخانێکی باشیان هەیە سەبارەت بە دانوستاندن. وای دابنێ کە ئەوانی تر دەتوانن ئامانجەکان بپێکن و خاڵ بە دەست دێن. ئەو شتانە پاڵنەرن بۆت، بەڵام ئەوەت لە بیر بێ کە ئەوانی تر ناتوانن هیچ هەنگاوێک بۆ پێشەوە بهاوێن بەبێ بوونی تۆ. هێمن بەرەوە و بزە بکە و هەستی رازی نەبوونت بۆ کەشەکە نیشان بدە هەموو هەشت بۆ دە چرکەیەک. لە کاتێکدا کەسێک پێت دەڵێ کە چی روو دەدات و تۆش وای دابنێ کە ئەوان دەزانن. ئەگەر هاتو زانیت کە حەز بە کەشی دانوستانەکە ناکەیت، ئەوا دەنگ هەڵبڕە و ناڕەزاییت نیشان بدە سەبارەت بە کەشەکە و بگەڕێوە ماڵ.

لەو کاتەی کە دانوستانێکی بە کۆمەڵی لایەنەکان بەم شێوە رەقە کۆتایی دێت کە هەمووان تێیدا هاوبەشن، ئەوا تۆ دەبێ زیاتر تووڕە و رەق و ئەستوور بیت. ئاخۆ ناڕەزاییەکانت بەشێوەیەکی جوان هاوشان دەبێ بۆ باسکردنی دەرهاوێشتەکان. ئێمە پێشنیاز دەکەین " ئەوە پردێکی ئیجگار دوور بوو" یان هاوکێشەیەکی سەردەمییانەتر "هەڵکەنراوە". ئێمە خەریکە بێ هیوا دەبین " دانوستانەکە بە ناخۆشی کۆتایی هات" لەبەرئەوەی ئەو بەباش دانانە سەرەتایەکە بۆ گلەییکردن کە پێویستە بە هەموو رێگەکان رێگری لێ بکرێت و قەدەخە بکرێت.

٩- دانوستانی نێودەوڵەتی:

هەرگیز لەگەڵ ئەڵمانەکان دانوستان مەکە، ئەگەر هاتو ماندوو و شەکەت بووی.

١٠- سواڵکردن:

بێگومان سواڵکردن جۆرێکە لە سیناریۆی دانوستان و ئەگەرچی زۆر بەکەمی ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دانپیانانەکان ئەوە دەردەخەن کە سواڵکەر یەکەم جار دێت داوای هەندێ پارە دەکات بۆ کوپێک چای! بەگوێرەی ئەوە تۆ دێت کەمێک پارسە دادەنێی و سواڵکەرەکە بەشێوەیەکی دیکنیسیانی دەڵێت (گاود بلێس یۆ، گوف) "خوا بتپارێزی، گەنجە"، تۆ لە بەرامبەردا هیچ ناڵێ. ئەوە هەموو فاکتەرەکانی دانوستاندنێکی سەرکەوتوون. هەرچۆنێک بێ، سواڵکەرەکە هەندێک زانیاریت پێ رادەیەگەینێ بۆ داواکردنی شتێک لەسەر بنەمای پرسیار، تۆش لە هزری خۆت وێنات کردووە کە چەندت داناوە بۆ ئەوەی پێ بدەی. ئەو مامەڵەیە جۆرێکە لە دانوستاندن کە هەردوو لایەن پێو رازین. لە راستیدا، سواڵکەرەکە کوپێک چای دەست دەکەوێ نەک تۆ، بەڵام لە بەرامبەردا تۆ چاکەیەک و مووچرکێکی گەرمی لێبووردنی خۆیەتیت لە سواڵکەرەکە دەست دەکەوێ.

١١- قەرزکردن:

قەرزکردن بەماڵەیەکی دەستاودەستی یەکجار ئاڵۆز هەژمار دەکرێت بە بەراوردکردن لەگەڵ سواڵکردن. ئەمە شتێکی نامۆیە لەبەرئەوەی لێکچوونەکانی نێوان سواڵکردن و قەرزکردن زۆر لە یەکتر دەچن. ئەوە جۆرێکە لە گفتوگۆیەکی کورت کە تۆ دەست پان دەکەیەوە بۆ هەندێک شتی بە نرخ کە جارێکی تر نایبینییەوە. تەنیا مووچرکە گەرمەکە بزر دەبێ.

١٢- گەفکردن:

لایەنە سەرەتاییەکانی گەفکردن لە سیناریۆی دانوستاندن ئەوەیە کە زۆر درێژە ناکێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆ شتێکی باش دەکەیت کە کات بە فیرۆ نادەی لەگەڵ کۆمەڵێک ستراتیجیی ئاڵۆز. لێرەدا تۆ پێویستە هەوڵی ئەوە بدەیت کە ئامانجەکانت بێنە دی بەکەمترین ماوە. واژووکردن لەسەر دانوستانی سەرکەوتوو بە هۆی گەفکردن مانای ئەوەیە کە تۆ هێشتا پارەی پاست نییە بۆ ئەوەی پێی بگەڕێیەوە ماڵ بەبێ شەرمەزاری. ئەگەر هاتو تا ئێستاش مانات هەیە بۆ پێگوتنی کات، ئەوا ئەوەی تۆ بەباشی دێتە ئەنجام.

سیناریۆی گەفکردن تیشک دەخاتە سەر تەکنیکێکی تر بۆ زیاتر بە پرۆفیشناڵکردنی دانوستانەکە. ئەگەر هاتو تۆ دەرهاوێشتەی دانوستانەکەت بەدڵ بوو ئەوا هەرگیز مەڵێ "پاشان". لە کۆتاییی گەفکردنەکەت تۆ نابێ ئەمە دەربخەیت بۆ نموونە :شتێکی خۆشە کە تۆ حەزت لە مۆسیقا نییە یان لەوانەیە تۆ (iPod) واتا "ئامێری مۆسیقا" لێدانەکەمت دزی بێ.

١٣- ژووان:

پرۆسەی ژووان دانان وەکو پرۆسەی دانوستان نییە، ئەگەرچی یەکە. هەموو پێکهاتە دیارەکانی لەوێن: کڕین و فرۆشتن و خواردنی گران و بەڵام پێکهاتە کەم دیارەکانیش ئەوانەن گوێگرتن و وەرگێڕان و هەڵخەڵەتاندنێکی بێشەرمانە. لە پاشان پرۆسەی داخستن دێت. داخستنی بابەتی هەستیار و ئاڵوز لە باشترین کاتەکان. هەرچۆنێک بێ، پرسیارکردن سەبارەت بە داخستن پێویست ناکات قسەی لەسەر بکرێت لەو نووسینەی سەبارەت بە ژووان.

١٤- خێزان:

شتێکی ئاساییە ئەگەر بێتو لە پێگەی سیناریۆی دانوستاندن سەرکەوتوو نەبیت، بەڵام ئاسانترە کە بڕوا بەخۆت بهێنی لەوەی کە تۆ دانوستان دەکەیت لەو کاتەی کە هەر کەسێکی شێت بتبینێ کە تۆ ئەمە ناکەیت. بۆ نموونە زۆربەی پیاوەکان حەز دەکەن وێنای ئەوە بکەن کە ئەوان دانوستان لەگەڵ ژنەکانیان دەکەن لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی جوان، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان ڕێنوێنییان وەرگرتووە.

١٥- منداڵ و شێوازەکانی تری تۆقاندن:

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە تۆ ناتوانیت دانوستان لەگەڵ منداڵ یان کامیرای ترافیک بکەیت، لەبەر هۆکاری جیا جیا. یەکێک لەوان پێنەگەیشتن، ڕەق ئەستوور، نائاسایی، لە کاتێکدا ئەوەی تر تەنیا منداڵێکە. دانوستاندن پرۆسەیەکی دوولایەنەیە بەجۆرێک داوا لە دوو لایەن دەکات کە توانای دەستپێکردنی دانوستان بکا، لە پاشان خواستی بردنەوە دەست پێ دەکات و یارمەتیشت دەدات بۆ ئەوەی هەندێ شت هەبێ مامەڵەی لەسەر بکەی. هەرچۆنێک بێ، مەرجی سەرکەوتنی مامەڵەی دانوستان شتێکی دوولایەنەیە. لێرەدا، ئێمە قسە لەسەر پەتاتەی سووركراوەی فەرەنسی ناکەین لە شوێنی کارکردن زیاتر لە هەر شتێکی تر و جگە لە بواری منداڵان نەبێ. پاراستنی تیۆری مامەڵەکردن بەبێ هەبوونی توانای پراکتیزەکردن ئەوە جۆرێکە لە هەڵەی گەشتیاری کلاسیک، کە بەجۆرێک حسابات لای بەرامبەرەکەت ئاڵۆز دەکات. لە هەر دانوستانیکدا، ئەگەر هاتو هاوکارەکەت کەسێکی هەرزەکار و تازەپێگەیشتوو بوو، ئەوا دەتوانی شیمانەی ئەوە بکەیت کە هەموو ئەو شتانە بەدەست بهێنی کە تۆ بەڵێنت لەسەر داون و هەر چی نەبێت٣٠ ٪ زیاتر. لە بەرامبەردا هەرزەکارەکە هەر نەتیا ئەوە نییە کە لە بەشێک لە مامەڵەکانی پاشگەز دەبێتەوە، بگرە نکوولی لەسەر ئەو شتانە دەکات کە بەڵینی لەسەر دابوون و هەوڵی فێڵکردن دەدات کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی هەڵەیە.

١٦- شتە مردووەکان:

تۆ شیمانەی هێزێکی پتەو دەکەی بۆ بەردەوامی دانوستان لەگەڵ شتە مردووەکان وەکو دانوستکارێک. شیمانەی ئەو شتە دەکەی بە ڕوویەکی خۆشەوە لە کاتێکدا توێژینەوە زانستییەکان

ئەوەیان دامەزراندووە کە دەتوانن شتە مردووەکان بهێنە جووڵە لەو کاتەی گەفیا یان سانسۆریان دەخەیتە سەر بە مەبەستێک. زمانی فێڵ و خراپ بەرپەرچی دەبێ، بەڵام کەس حەز بەگۆڕینی ناکات. ئامادە بە بۆ ڕێنیشاندانی زیاتر ستراتیجیەتی پێوانەکراوی دانوستاندن. بۆ ئامۆژگاری باشترین ڕێگە بۆ گواستنەوەی سەرنجەکانت هەوڵدانێکی هێمنانەیە لەگەڵ ئامێرەکە. هۆکارەکانی شکستهێنان لەگەڵ ئامێرەکە ئاماژە پێ بکە ئەگەر هاتو هەوڵەکەت سەری نەگرت. ئێستا بارەکە گونجاوە بۆ لێدانی شتەکە بەشتێکی ئاسایی.

١٧- نانی نیوەڕۆیان:

نانی نیوەڕۆیان شتێکی ناوازەیە ئەگەر بێتو هەموو کەسێک بتوانرێت بکرێت، بۆ نموونە ئەمە وەکو ئەوە نییە کە بتوانرێت "دالی لامە" بکرێت و بڵێ "ئەگەر ئەمە ئامادەکارییەکی گرینگ بوو بێت، ئەوا دانوستکاری بە توانا هەن کە دەتوانن شانسی گەڕانەوەی شۆێنە پیرۆزەکەی بۆ بگەڕێننەوە.

پڕۆژەکە دەتوانرێت ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە وەکو ئەوەی هەر خزمەتکارێکی چێشتخانە دەتوانرێت بکرێت. هەرچۆنێک بێت، دانوستاندن لەگەڵ خزمەتکاری چێشتخانە شتێکی ئاسانە بەوەی کە تۆ پارەکە بە کاش دەدەیت لە بەرامبەر ژەمە خواردنیکی نیوەڕۆی بەتام. شتێک کە هەرگیز لە بیر ناکرێت ئەویش گرنیگیدانە بە ژەمە خواردنێکی نیوەڕۆ لەگەڵ دانوستکارەکان.

دوای مردن:

پانکەرەوەکان بەهەموو ئاستێک پێویستە هەلێک لە دوای مردن وەربگرن. هەرچۆنێک بێت، مێژووی دانوستاند شتی زیاترمان بۆ دەردەخەن. ئەوە کاری تۆیە وەکو پسپۆڕێکی مێژوو بۆ دڵنیاکردنەوەی دانانی تۆمارەکان وەکو ئەوەی کە خۆت دەتەوێ. لە هەموو ئەو پێشهاتانەی کە دێنە پێش، شکستهێنانی جێبەجێکردن دەتوانرێ ببێت بە فێڵێکی قبوڵکردن. تەنانەت هەندێک لە دەستکەوتی دانوستکارە سەرکەوتووەکان لە چەند ئاستێک دەگەڕێنەوە بۆ رابردوو وەکو ئەوەی لە چیرۆکی ئەو دانوستکارە دەوڵەمەندەی کە لە ژووری پلە یەکی ئەستێرەی ئەورووپی دانیشتبوون لە پاریس. ئەوان لایەنی گەشتێکی تری سەرکەوتوویان نیشان دا بە روحی رەنگدانەوەیەکی شەریفانە کە (ئێمە زۆر بە بێزراوی پەیمان پێ بردووە) و لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێک بەوەی تری وت (هەر هیچ نەبێ ئێمە بە شەریفانە هەرەسمان هێنا). لەگەڵ ئەوەشدا، هۆکارەکانی تۆ بۆ ئەداکردنی دوای مردن جیاواز دەبێ و پشت دەبەستێت بە دەرهاوێشتەی دانوستاندنەکە.

١- دادپەروەری:

کێشەیەکی سەرەکی لەگەڵ دانوستان یەکسانکردنی دەرهاوێشتەی کەسانی ترە. وەکو ئەوەی کە بەدەستییەوە نیگەرانین، بەڵام ئەوا خۆی لە خویدا ڕێگەیەکی گەورەی دانوستانە، کە پڕچەکت دەکات لە وەڵامدانەوە وەکو "من ناتوانم یەکسانی ئەو......". هەرچۆنێک بێت، ئەو کەسەی کە

پێویستە یەکسانی لە بڕیارەکانی بکا لەوانەیە خاوەن کار، بەرپرس یان خێزان بێ. هەروەها لە تیۆرییەوە تۆ دەبێ یەکسانی لەگەڵ خۆتدا بکەیت، بەڵام ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە نەریتیانە دەبێ بنبڕ بکرێت.

تەکتیکی سەرەکی لە دانوستاندا بە تەواوەتی ئەو بێ هیواییە بێ ئەندازە و مامەڵە سەخاوەتەی لایەنێکی دانوستکار نییە کە پێی دەگەن. پێویست دەکات ئەو بارە وا بەخراپی بڕوات، هەرچۆنێک بێ، تاکتیکی باش لە دانوستان ئەوەیە کە رووەکە ئەرێنی نیشان بدەیت بە دەرهاویشتەی دانوستان، کە لەوانەیە شتێکی ئێجگار ناخۆش بێ. بۆ نموونە: ئەگەر هاتو داوات لێ کرا بۆ روونکردنەوە سەبارەت بە شازن لەبەرچی زەوی کۆنت" Duchy of Cornwall "دا بەدەستەوە و گۆڕیتەوە بە سێتەکی مەقلی، هەرچۆنێک بێ، ئەوەندە بەس نییە کە بڵێی "ئەوە بیرۆکەیەکی باش بوو بۆ ئەو کات".

٢- لێدوانە بەرگریکارەکان:

دانوستکاری پێگەیشتوو ستراتیجییەکی دەبێ کە بە دواداچوونی دانوستانی لە دەست بێت لەگەڵ ئەوانەی کە بەرپرسیارەتییان لە دەستە. ئەو شتانەی خوارەوە لەوانەیە یارمەتیدەر بێ:

"من پاڵەپەستۆم خستنە سەر هەتاکو توانیم."

"من نەمویست بەڵێنەکە خراپ ببێت."

"ئامانجی سەرەکی من ئەوە بوو کە پێوەندییەکی باش بەدی بێ."

"ئەگەر هەستت کرد کە ئەوە خراپە، پێویست ناکات یەکەم هەنگاویان ببینی."

٣- ئاهەنگگێڕان:

دەربڕینەکان لە ئەمەریکا "خراپ" دەبن، بە واتای دانوستکار تووڕە دەبێ لە دانوستانەکە. لە بەریتانیا بەمانای "شێت " بوون دێت. ئێستا کاتی ئەوەیە خۆت بەرز رابگریت و پەسەندی بکەیت. ئەوەت لە یاد نەچێت کە پێشتر لە هەموو قۆناخەکان "خواحافیزی" یان دەگوت. ئەوەی دوای ئەو بۆ مانەوەی هەفتەکە بوو. لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانەی و چ جۆرە دانوستانێک دەکەی وچۆن کۆتایی بە دانوستان دەهێنی و ئەنجامەکەی چی دەبێت گرینگ نییە، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە رێگەیەک بدۆزییەوە بۆ ئاهەنگگێڕان. ئەگەر هاتو ئەنجامی دانوستانەکەت بەدڵ نەبوو، بۆیە بڵێ ئەوە کۆستەکی گەورە بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ، تۆ دەتوانی خۆشی دەربڕی بەکۆتایی دانوستانەکە. راستییەکەی ئەوەیە و دانوستانەکە تەواو بوو و ئەنجامەکەشی دڵخۆشکەر بوو.

ئەگەر هاتو ئیلهامت بۆ هات، ئەوا لە فرۆکەخانە راوەستە و کاغەزی زۆر بەدەستەوە بگرە وەکو "نیڤیل چامبەرلاین". ئەگەر هاتو هەر دڵخۆش نەبووی بە ئەنجامەکە و رەشبینی دایگرتی، ئەوا رێگەیەک بدۆزەوە بۆ خۆشی دەربڕین بۆ ماوەیەک، ئەگەر نا لە پارکێک دابنیشە چا بخۆوە.

# پێڕست


ئاوگوست ستریندبێرگ ئاگرە گەورەکەی سوێد. فەرهاد شاکەلی ..... 3

مێژووی حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستان. محەمەد عەلی قەرەداغی ..... 14

سەربەخۆییی کوردستان و فراوانبوونی ڕووسیا لە. لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد ..... 43

لە مێژووی ئەلفەبێی کوردی. لە کرمانجییەوە: هۆشی خەیرەدین مراد ..... 48

لەبارەی بەهەشتی باوکمەوە کوردستان. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ..... 52

کەسێتیی تاکی عێراقی. باقر یاسین. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 91

نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە. ڤۆڵتێر. لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی ..... 105

پەڕگیری نەخۆشیی بیری ئیسلامییە. ڕۆجێ گارودی. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 138

دنیایەک بەبێ ئیسلام. گراهام فوللەر. لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 154

قورئان پاڵپشتی لە حوکمی "مورتەد" ناکات. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 165

پرۆگرامی خوێندنی سعوودیە... لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدولڵا ..... 176

ئاخۆ میرە پترۆ دۆلارەکانی کەنداو دەتوانن شارستانیی جیهان بکڕن؟. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 184

ئازادیی ئاینی و هەڵگەڕانەوە لە ئاینە ئاسمانییەکاندا.. لە عەرەبییەوە: سەڵاح حەسەن ..... 197

سوودان دوایەمین هەنگاو بەرەو ئازادی. کنواپ هۆراند. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدولڵا ..... 213

گلۆبالیزم و کێشەکانی هەژاری، بێ ئاوی، برسێتی لە جیهاندا. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 219

داهاتووی هێزی ئەمەریکایی لە بەرچاوگرتنی باڵادەستی نوشستی. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ..... 234

قسەوباس لەبارەی نابووتبوونی ئەمەریکاوە. هێندریک تێرنیدن. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 250

قرغیزستان دەوڵەتێکە کەس دەرەقەتی نایەت. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 256

یادی پەنجا ساڵەی کۆتاییهێنان بەکۆلۆنیالیزم.. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 269

پێشبینیی ڕەوشی ئابووریی جیهان لە ساڵی ٢٠١١دا. لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ..... 282

هەرێمێکی کێشەدار؟ یان شانسێکی بازاڕ! ژولیانە براخ. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 285

چەند خاڵێکی گرینگ لەبارەی ٥٠ ساڵەی ڕزگاربوونی ئەفریقیاوە. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵڵا ..... 295

زیادبوونی بازرگانیی چەک و تەقەمەنی لە جیهاندا.. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 316

پێوەرەکانی حوکمڕانیی باش. شەهرام شەرەفی. لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ..... 320

دەوڵەتشاری کۆن. موریس باربیە. لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری ..... 324

شێوەکار ڕێبوار سەعید. ئامادەکردنی: ئاغاله ........ 335

میتۆلۆجیای زەرڤان "ئەفسانەی ئەفراندن". له تورکییەوه: ئەحمەد تاقانه ........ 353

مارسیل پرۆست له نێوان گەڕان و گەڕانەوەدا. سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 360

من و سێکس. ئیزابیل ئەللیندی. له عەرەبییەوه: شێرزاد هەینی ........ 383

هەڵبژاردەیەک له چیرۆکەکانی زەکەریا تامر. له عەرەبییەوه: محەمەدفەریق حەسەن ........ 393

مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ........ 411

ڕێنوێنیی فێڵبازەکان بۆ دانوستاندن. له ئینگلیزییەوه: بەشدار شێخ بزێنی ........ 427